# کوردستانی ئێران

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی رزگارییخوازی نەتەوەیی گەلی کورد( ١٩٣٩-١٩٧٩ )

نووسینی : د. یاسین سەردەشتیی

چاپی دووەم/ زێدەکراو

ناوی کتێب : کوردستانی ئێران. لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی رزگارییخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد ( ١٩٣٩-١٩٧٩ )

نووسین و هەموو ئەرکی چاپکردنی : د.یاسین سەردەشتیی

تیراژ : ٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن : ( ٥١٠ )ی ساڵی ( ٢٠٠٢ )

شوێنی چاپ : چاپخانەی ( سیما ) ، سلێمانی، چاپی دووەم، ٢٠١١

نرخ: ١٠٠٠٠ دینار

# پێشکەشە بە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردو ڕزگاریی کوردستان

**بەتایبەت:**

- پێشەوای نەمر قازیی محەمەد
- ڕابەری ئازاو خۆڕاگر عەزیز یوسفی
- فەرماندەی قارەمان ئەنوەر مەجید سوڵتان
- هاوبیری تێکۆشەر ئازاد مستەفا

# پێڕست


| | |
|---|---|
| سوپاس و پێزانین. | ٩ |
| لیستی کورتکراوەکان | ١١ |
| پێشەکیی و شیکردنەوەی سەرچاوەکان . | ١٣ |
| دەروازە. | ٢٧-٦٠ |
| یەکەم: کورتەیەك لە جوگرافیای کوردستانی ئێران . | ٢٧ |
| دووەم : تێڕوانینێکی مێژوویی لە تێکۆشانی کوردەکانی ئێران لە پێناوی ئازادی ومافی نەتەوایەتیدا پێش هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانیی . | ٣١ |
| بەشـــی یەکـــــەم: کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییـدا (١٩٣٩- ١٩٤٥). | ٦١-٢٢٠ |
| باسی یەکەم : سەرنجێکی گشتی بارودۆخی ئێران لە پەراوێزی هەڵگیرساندی جەنگدا. | ٦١-٧٤ |
| باسی دووەم : کوردستانی ئێران لە سەرو بەندی ڕووداوەکان خەرمانانەدا . | ٧٥-٨٨ |
| باسی سێیەم : راپەرینە چەکدارەکانی کوردستانی لە سەرەتای حوکمی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوییدا . | ٨٩-١٢٥ |
| یەکەم : راپەڕینی کودەکانی بانە . | ٩٠ |
| دووەم : راپەڕینی کوردەکانی ورمێ. | ١٠٧ |
| باسی چوارەم : بەرەو خراپتر بوونی ڕەوشتەگشێیەکەی کوردستانی ئێران و راپەڕینی ناوچەی هەرامان و مەریوان لە کۆتایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانێییدا. | ١٢٦-١٥٤ |
| یەکەم : خراپتر بوونی ڕەوشی گشتیییەکەی کوردستانی ئێران لە دوا ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا . | ١٢٦ |
| دوەم : راپەڕینی کوردەکانی هەرامان و مەریوان . | ١٣٨ |
| باسی پێنجەم : بوژانەوەی کاری ڕێکخراویی‌و دامەزراندنی کۆمەڵە و پارتە سیاسییەکان کوردییەکان لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا . | ١٥٥-٢٢٠ |
| یەکەم : سەرەنجێکی مێژوویی لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێش دامەزراندی کۆمەڵەی ( ژ. ك ) . | ١٥٥ |
| دووەم: کۆمەڵەی ( ژ. ك ) . | ١٨١ |

| | |
|---|---|
| سێیەم : حیزبی دیموکراتی کوردستان. | ٢٠٤ |
| بەشی دووەم: کۆماری میللیی کوردستان ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦-١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦. | ٣٧٤-٢٢١ |
| باسی یەکەم : دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان و بەرچاوترین دەستکەوتەکانی . | ٢٦٥-٢٢١ |
| باسی دووەم: کۆماری میللیی کوردستان لە گێژەنگی هەڵویست و سیاسەتی هەرێمی و دەوڵەتیدا . | ٣٠٠-٢٦٦ |
| باسی سێیەم : کۆماری میللیی کوردستان لە نێوان بەرداشی گفتوگۆ و شەڕپێفرۆشتنەکانی لەشکری شاهەنشاهییدا. | ٣٣٦-٣٠١ |
| یەکەم: کێشەی کورد و شوێنی لە پرۆسەی ئاشتییانەی مەسەلەی ئازەربایجان لە لایەن حکومەتەکەی قەووام ئەلسەڵتەنەدا. | ٣٠١ |
| دووەم: کۆماری میللیی کوردستان و شەڕپێفرۆشتنەکانی لەشکری شاهەنشاهیی . | ٣١٨ |
| باسی چوارەم : هەرەسی کۆماری میللیی کوردستان و گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهیی. | ٣٧٤-٣٣٧ |
| بەشی سێیەم: جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە نێوان ڕووخاندنی کۆمار و چەسپاندنی دیکتاتۆریی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لە ئێران ١٩٤٧- ١٩٧٥. | ٥٣٢-٣٧٥ |
| باسی یەکەم : کوردستانی ئێران لە نێوان ڕووخاندنی کۆمارو کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣دا . | ٤٣٠-٣٧٥ |
| یەکەم : هەل ومەرجی گشتی ئێران دەستپێکردنەوەی چالاکی سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستان ١٩٤٧-١٩٥٠. | ٣٧٥ |
| دووەم: کوردستانی ئێران لە دەورانی حاکمییەتی موسەددیق دا ١٩٥١ ـ ١٩٥٣. | ٣٩٧ |
| ا. ڕا پەڕینی جوتیارانی بۆکان . | ٤١٨ |
| ب. پێشوازی لە ڤیستیڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهان و پێکدادانی خەڵك و ژاندارم لە شاری مەهاباد . | ٤٢٤ |
| ج. دەنگدانی کوردستان دژی شاهەنشاو هەڵوەشاندنەوەی خولی هەژدەهەمی | ٤٢٦ |

| | |
|---|---|
| مەجلیس . | |
| باسی دووەم : کوردستانی ئێران لە دوای کودەتای ئابەوە تا پەلاماری یەکەمی ساواك ١٩٥٣-١٩٥٩. | ٤٣٠-٤٨٠ |
| یەکەم: سەرنجێك لە هەل و مەرجی گشتی ئێران پاش کودەتا . | ٤٣٠ |
| دووەم: حکومەتی کودەتا و بارودۆخی سیاسیی کوردستانی ئێران . | ٤٤١ |
| سێیەم: هێرشی لەشکری شاهنشاهی بۆ سەر جوانرۆییەکان | ٤٥٢ |
| چوارەم : بارودۆخی کوردستانی ئێران لە بەر رۆشنایی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە عێراقدا | ٤٦١ |
| باسی سێیەم: سەرنجێك لەبارودۆخی گشتی کوردستانی ئێران لە سایەی ڕژێمی دیکتاتۆری محەمەد ڕەزا پەهلەوییدا . | ٤٨١-٥٠٩ |
| یەکەم: هەڵوێستی کوردەکانی ئێران لە هەمبەر پەرەسەندنی جووڵانەوەی رزگارییخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا . | ٤٨١ |
| دووەم : بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی کوردستانی ئێران لەسایەی دیکتاتۆریی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوییدا. | ٤٩٩ |
| باسی چوارەم : جووڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە کوردستانی ئێران. | ٥١٠-٥٣٢ |
| بەشی چوارەم: کوردستانی ئێران لە دوادەیەی حوکمی ڕژێمی شاهەنشاهیی تا هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی. | ٥٣٣-٦٨٩ |
| باسی یەکەم : سەرنجێکی گشتی لە هەل و مەرجی کوردستانی ئێران و جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٩- ١٩٧٥دا. | ٥٣٣-٥٥١ |
| باسی دووەم: گەلی کورد وڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی لە ئێران. | ٥٥٢-٥٧٨ |
| باسی سێیەم: گەلی کوردو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لەئێران. | ٥٧٩-٦٤٨ |
| یەکەم: چەسپاندنی شۆڕش یا هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی تیۆکراتیی لەئێران. | ٥٧٩ |
| دووەم: بوژاندنەوەی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە کوردستانی ئێران . | ٥٩٠ |

| | |
|---|---|
| أ- ڕێكخراوه كوردستانییەكان | ٥٩٤ |
| ١- ح.د.ك.ا | ٥٩٤ |
| ٢- كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران ( سازكا ) | ٦٠١ |
| ب- كەسایەتییە ئاینییە سیاسییە سەربەخۆكانی كوردستانی ئێران. | ٦٠٧ |
| ١- مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی. | ٦٠٧ |
| ٢- عەللامە ئەحمەدی موفتی زادە. | ٦١١ |
| ج- ڕێكخراوە ئێرانییە سەرانسەرییەكان لە كوردستان. | ٦١٤ |
| ١- سازمانی چریكە فیداییەكانی خەڵكی ئێران ( سچفخا ). | ٦١٥ |
| ٢. ڕێكخراوی پەیكار . | ٦١٧ |
| ٣. حیزبی توودەی ئێران. | ٦١٨ |
| سێیەم: هەڵوێستی ڕژێمی كۆماری ئیسلامیی لە هەمبەر مافی خودموختاربی گەلی كورد لە ئێران . | ٦٢٥ |
| ا- پیلانی سنه یا نەورۆزی خوێناوی. | ٦٣٣ |
| ب- پیلانی نەغەده و نوێ بوونەوەی دوژمنایەتی كوردو عەجەم . | ٦٣٨ |
| ج- هاندانی ئاغاو موڵكدارەكانیكوردو تێكدانی یەكێتی ڕیزەكانی گەل. | ٦٤٢ |
| د- پیلانی مەریوان . | ٦٤٤ |
| باسی چوارەم: لەشكركێشی كۆماری ئیسلامیی بۆ سەر كوردستانی ئێران و هەڵگیرساندنی شەڕی سێ مانگە. | ٦٤٩-٦٨٩ |
| دەرئەنجام. | ٦٩٠ |
| نەخشەكان . | ٧٠١ |
| پاشكۆ | ٧٠٥ |
| بیبیلیۆگرافیا | ٧٢٤ |

## سوپاسو پێزانین

سەرەتا بە ئەرکی سەر شانمی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی تێکڕای ئەو مامۆستاو دۆست و هاوڕێ بەڕێزانە بکەم کە لە نووسینی ئەم نامەیەدا هاوکارییان کردووم ، بە جۆرێك گەر دڵسۆزیی ئەو ئازیزانە نەبایە ستەم بوو ئەم نامەیە وەك هەیە رووناکی دیبا ، لە پێش هەموانەوە دەبێت سوپاسێکی تایبەت ئاڕاستەی مامۆستای خۆشەویست و سەر پەرشتیکارم ( دکتۆر أحمد عوسمان ئەبوبکر ) بکرێت کـــــــە بە دیدو بۆچوونە زانستییەکانی بە درێژایی قۆناغەکانی نووسینی ئەم نامەیە ڕێنمایی کردووم و هاندەرو پاڵپشتێکی مەزنم بوو بۆ تەواو کردنی ئەم ئەرکە ، لەراستییدا هەر تێبینیی و سەرنجە وردەکانی ئەو بەڕێزە بوو کە ڕێگایان لە بەردەم تەخت کردم و توانیم ئەم نامەیە لە کاتی دیاری کراودا پێش کەش بکەم ، هەر بۆیە چاکەی ئەو بەڕێزەم هەرگیز لە یاد ناچێت و هیوای تەمەن درێژیی و تەندروستیی بەردەوامی بۆ دەکەم..

دواتر بە پێویستی دەزانم بە گەرمی سوپاسی گشت ئەو مامۆستا بەڕێزانە بکەم کە لە قۆناغی ئامادەکارییدا وانەیان پێ ووتووم یاخود لە دیدە زانستییەکانیان بەهرەمەند بووم ، بە تایبەتی دکتۆر دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس ، دکتۆرە فوزیە صابر و دکتۆر عبدالفتاح بۆتانی وە هیوادارم هەمیشە لە خزمەت زانست و زانیارییدا بن

هـــەر لێرەدا ناتوانم سوپاس و ڕێزی خۆم بۆ تێکۆشەران و ئەندامانی ( ح . د . ك . ا ) دەرنەبڕم ، ئەوانەی لە زۆر ڕووەوە کارئاسانییان بۆ ئەرکەکەم کردووە و سەرنجی پڕ بایەخیان لەمەڕ بابەتی لێکۆڵینەوە کە نیشاندام ، بە تایبەتی : کاك جەلیل گادانی ، کاك حوسێنی مەدەنی ، شاهۆی حەسەنپوور ، جگە لە کاك حەسەنی حاتەمی و خێزانە بەڕێزەکەی ( ئێران خانم ) کە هیچ کاتێك ناتوانم چاکەو پیاوەتیی و میواندۆستییان بە قەڵەم دەربڕم و هەرگیزم لە یادم ناچن .

جێگای خۆیەتی بە گەرمیی سوپاسی ئەو بەڕێزانەش بکەم کە سەرچاوەی مێژوویی پێویستیان خستۆتە بـــەردەستم و لـەو ڕووەوە گـەلێکیان هاوکارییی کـردووم ، بـە تایبەتی بەڕێزان مامۆستا ڕەفیق صالح ، مامۆستا سەردار محمد ، کاکە شازین هێرش ، کاك عەلی تەتەر نێرۆیی ، هەروەها سوپاسی کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی ئاداب لە زانکـۆی دهـۆك ، کتێبخانـەی گۆڤـاری مـەتین ، کتێبخانـەی گـشتیی و شـوێنەوار لـە

**شـــــــاری سلێمانی دەکەم کە پێمەوە ماندوو بوون و سەرچاوەی پێویستیان دەخستمە بەر دەست.**

**لە کۆتاییدا سوپاسێکی بێ پایانی هاوسەرە ئازیزو بنەماڵە خۆشەویستەکەم دەکەم کە لە ڕووی دەروونییەوە پاڵپشتێکی گەورەم بوون و بە درێژایی سێ ساڵی ئامادەکردنی ئەم نامەیە و بەو پەڕی دڵسۆزیی و لە خۆبوردووییەوە یارو یاوەرم بوون ، ئومێد دەکەم بتوانم لە ئایندەدا پاداشتێکی کەمی ئەو چاکە و دڵسۆزییەیان بدەمەوە . لەگەڵ هیوای بەختەوەریی و سەر فرازیی بۆ گشت لایەك ...**

**د. یاسین سەردەشتیی**

# لیستی کورتکراوە بەکارهێنراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە :

بۆ سەرچاوە کوردیەکان

س.پ =سەرچاوەی پێشوو

ه.س = هەمان سەرچاوە

ل = لاپەڕە

ل ل = لاپەڕەکان

ز =زاینی

ه = هەتاوی

ب.م=بێ مێژووی چاپکردن

ب.ج=بێ جێگای چاپکردن ] بۆسەرچاوە فارسیەکانیش هەر وایە

ش= شمسی بۆ سەرچاوە فارسیەکان .

-------------

**بۆ سەرچاوە عەرەبییەکان**

ص= صفحة

ص ص=صفحات بۆ سەرچاوە فارسییەکانیش هەر وایە

ب.ت= بدون تأريخ الطبع

ب. م= بدون مكان الطبع

م.م.و= المركز الوطني للوثائق

د.ك.و = دار الكتب والوثائق

-------------------

**بۆ سەرچاوە ئنگلیزیەکان**

Op. Cit =opere cit to =سەرچاوەی پێشوو

Ibid = هەمان سەرچاوە

p = page = لاپەڕە

pp = pages = لاپەڕەکان

vol= volume = بەش

Fo = foreing office =وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا

PRO =public Record office = بەڕێوەبەرایەتیی دکۆمێنتی نیشتمانی لەندەن

NA =National Archives = ئەرشیفی نیشتمانی (واشنتۆن دی .سی)

DSDF =Department of states Decimal file =فایلی ڕێکخراوی سەرۆکایەتی دەوڵەت

## پێشەکیی و شیکردنەوەی سەرچاوەکان

ئاشکرایە کە لێکۆڵینەوە لە جووڵانەوەی رزگارییخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە نێوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٧٩) دا کە چوارچێوەی کاتیی نامە ئەکادیمییەکەمانە گرنگییەکی تایبەت و بایەخی زۆری هەیە لە مێژووی هاوچەرخی کورد دا ، چونکە کوردستانی ئێران‌و جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی لەم قۆناغەدا ڕووداوی مەزن‌و گۆڕانکاریی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینیوە ، ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی کاریگەرییی راستەوخۆیان لە ڕەوتی سەرجەم بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردەوارییی لەو پارچەیەی کوردستاندا جێهێڵاوە و لەسەر پارچەکانی دیکەش بێ کاریگەر نەبوون ، لەو بڕوایەشدا بووین کە پێویستە ئەو ڕووداوانە بەشێوەیەکی زانستیی و بابەتییانە لێیان بکۆڵرێتەوەو هەوڵ بدرێت بە پشت بەستن بەسەرچاوە رەسەن و دکۆمێنتە مێژووییەکان و خوێندنەوە و بەرابەرکردنی تێڕوانینە هەمەلایەن و دژبەیەکەکان راستیی ڕووداوەکان هەڵبهێنجرێن و بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە دابڕێژرێنەوە . ئەو رووداوانەی کە بەڕای ئێمەو لەبەر زۆر هۆ تووشی لێڵیی و ئاشکرانەکردن یاخود شێوان و هەڵگێڕانەوە هاتوون ، بە جۆرێك لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی وا پێویستی بە وردبینییەکی زۆر و بە دواداگەڕانی سەرچاوەی هەمەلایەنە دەبێت و نابێت وەك کارێکی ئاسان لێی بڕوانرێت . هەر بۆیە ئەم بابەتەم بۆ نووسینی نامەی (دکتۆرا)کەم هەڵبژارد.

شایەنی باسە نامەکە لە پێشەکیی و دەروازەیەك وچوار بەش و دەرئەنجام پێکهاتووە کە بە پەیوەست و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت .

دەروازە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە ، هەوڵدراوە لە یەکەمیاندا شانۆی ڕووداوەکانی لێکۆڵینەوەکە کە کوردستانی ئێرانە لە ڕووی جوگرافییەوە دیاری بکرێت و سەرنجێك لە دابەشکردنی ئیداریی و ئاو و هەواو سنوور و تۆبۆگرافیاکەی ئەو هەرێمە بخرێتە بەرچاو ، تەوەرەی دووەمیش تێڕوانینێکی مێژووییە لە تێکۆشانی کوردەکانی ئێران دژی حکومەتە داگیرکەر و ستەمکارە یەك بەدوایەکەکانی ئێران لە دوا چارەکی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانیی ، ئەو قۆناغە مێژوویەی تێیدا کێشەی نەتەوایەتیی کورد لە ئێراندا هاتە ئاراو بناغەی جووڵانەوەی کوردی لە کوردستانی ئێراندا تێدا داڕێژرا ، ئەو جووڵانەوەی بنەماکانی لە ساڵانی نێوان هەردوو

جەنگ و پاش هاتنە سەر کاری ڕەزا شای پەهلەوییی لە ئێران سەقامگیر تر بوو لە سۆنگەی ئازادیخوازانە و پێشکەوتووخوازانەی سروشتەکەیەوە هەر لە سەرەتا بە دوو ئاراستە دەڕۆیی . یەکێکیان ئاراستەیەکی خودییە کە ئامانجی کۆتایی هێنانە بە ستەمی نەتەوایەتیی و بەدیهێنانی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردە ، ئەوی دیکەش هاوسەنگەرییەتی لەگەڵ جووڵانەوەی دیموکراتخوازانەی سەرانسەریی ئێرانی لە دژی ئیستبدادی ڕژێمی شاهەنشاهیی و دیکتاتۆریی دەسەڵاتی ناوەندیی .

بەشی یەکەمی نامەکەش لە ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا (١٩٣٩-١٩٧٩) دەکۆڵێتەوە ، دیارە ساڵی ١٩٣٩کە دەستپێکی مێژویی نامەکەیە لەسەر ئەو بنەمای دانراوەکە لەم ساڵەدا ئاگری جەنگی دووەمی جیهانیی هەڵگیرسا ، ئەو ئاگرەی زۆری نەبرد کوردستانی ئێرانیشی گرتەوە کاتێك هێزە هاوپەیمانەکان لە ئابی ١٩٤١ دا خۆیان کرد بە ئێراندا ، بەوەش گۆڕانکارییەکی چاوەڕوان نەکراو بەسەر ناوچەکەدا هات و ڕووداوەکان بە شێوەیەکی فرە خێرا تێدەپەڕین کە دیارترینیان ڕوخاندنی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزا شاو هەڵوەشاندنی ئەرتەشی شاهەنشاهیی و چەکدار بوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بوو کە ئەو دەم لە سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتیی و عەشیرەتییدا و لە بارودۆخێکی ناهەمواردا ژیانیان دەگوزەران . جگە لەوە باس لە ڕاپەڕینە چەکدارەکانی هەرێمی بانەو ورمێی کوردستانی ئێران دژی پاشماوەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتی ناوەندییی لەسەرەتای حوکمی محمد رەزا شادا کراوە ، ئەو ڕاپەڕینانەی سەرەتایەك بوو بۆ بوژانەوەی جووڵانەوەی کوردایەتیی لەوپارچەیەی کوردستاندا لەسەرەتای ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا .

هەر لەم بەشەدا ئاماژە بە هەلومەرجی ئابووریی وفەرهەنگیی و تەندروستیی گەلی کورد لە ئێران لە دوا ساڵەکانی جەنگدا کراوە و لەو لەشکرکێشییەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بەسەرکردایەتییی (سەرتیپ هوشمند افشار ) کۆڵراوەتەوە کە بە مەبەستی چەکداماڵین و سەرپێدانەواندنی عەشیرەتە کوردەکان کرایە سەر ناوچەی هەورامان و مەریوان ،ئەو عەشیرەتانەی کە دژی ئەو لەشکرکێشییە ڕاپەڕین و بەرگرییەکەیان لەلایەن ئەرتەشی شاهەنشاهییەوە بە توندترین شێوە سەرکوتکرا .

دوا باسی بەشی یەکەم بۆ بوژانەوەی کاری ڕێکخراوەیی و دامەزراندنی کۆمەڵە وپارتە سیاسییە کوردییەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا تەرخان کراوە ، ئەو ڕێکخراوانەی لە ناوچەی موکریاندا هەلومەرجی لەدایکبوون و کارکردنیان بۆ ڕەخسا و وەرچەرخانێکی مێژووییان لە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێراندا بەرپا کرد و ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەکەیان گرتە دەست، بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ح.د.ك.ا) کە تا نزیکەی ٣٠ساڵیش وەك حیزبێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی تاقانە ئەو ئەرکە مەزن و ئاڵۆزەی لە ئەستۆدابووە ،هەر بۆیە جێگەی خۆیەتی بوترێت کە مێژووی جووڵانەوەی کوردایەتیی لە ئێراندا بەشێوەیەکی توندو تۆڵ پەیوەستە بە مێژووی (ح.د.ك.ا)ەوە ، ئەو ڕاستییەی بە ئاشکرا لە نێوەڕۆکی ئەم نامەیەدا ڕەنگی داوەتەوە .

جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەتەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهانیی پێی نایە قۆناغێکی نوێ وە ،گەشەکردنی هۆشی نەتەوایەتیی و هەڵچوونی شەپۆلی دیموکراتیی وەك ئاکامێکی ڕووداوەکانی جەنگ و لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندیی و توندو تیژبوونی ململانێی زلهێزەکانی وەك شوورەوی و ئەمەریکا لەسەر ئایندەی بەرژەوەندییەکانیان لە ئێران ، ئەوانە تێکرا هانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتیان دا ئەو بۆشاییە سیاسیی و بەڕێوەبەرایەتییەی هەرێمەکەیان بە دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا کە بە کۆماری مەهاباد ناسراوە پڕبکەنەوەو هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانیان بنێن .

لەڕاستییدا کۆماری مەهاباد دەستکەوتێکی مەزنی نەتەوەیی گەلی کوردە کە توانی لە ماوەیەکی کەمی دەسەڵاتیدا هەنگاوی گەورە لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا بنێت ، ئەو کۆمارەی دەستکەوتەکانی لەلایەن چینی فەرمانڕەوای ئێران و دەوڵەتە هەرێمییەکانی ناوچەکەو زلهێزە بەرژەوەندییدارەکانی وەك ئەمەریکا و بەریتانیا لە ئێران قووت نەدەچوو ، ئەوانەی هەریەکەو بە چەشنێك کەوتنە دژایەتی ئەو ئەزموونە نەتەوەییەی گەلی کورد و پاش کەمتر لە ساڵێك کردیانە چرۆی وەریو ، ئاشکرایە ڕووسیای شورەویی کە لە سەرەتادا سووکە لایەنگرییەکی لە ڕێبەرانی کۆماری مەهاباد کرد پاش ئەوە فشارێکی نێودەوڵەتیی زۆری کرایە سەر هێزەکانی لە ئێران بردە دەرەوە

و پەیوەندی بە کێشەکەوە نەما ، مەسەلەیەکی وا کە زەمینەیەکی لەباری بۆ قەووام ئەلسەڵتەنە خۆشکرد کە دوای پیادەکردنی ژمارەیەك تاکتیکی دژ بەیەکی شەڕو ئاشتی هەردوو دەسەڵاتە میللییەکەی ئازەربایجان و مەهاباد بنکۆڵ بکات و هەلومەرجی هێرش کردنە سەریان بڕەخسێنێت ، بە چەشنێك هەر لەو شوێنەی کۆماری تێدا ڕاگەیەندرا سەرانی کوردی وەك قازیی محمد و هاوەڵانی هەڵواسێت . تێکڕای ئەو ڕووداوانەی کە بابەتی لێکۆڵینەوەی بەشی دووەمی ئەم نامەیەن .

بەشی سێیەمی نامەکەش تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لە نێوان ڕووخاندنی کۆمار مەهاباد و ساڵی ١٩٧٥دا ، ئەو قۆناغە مێژوویە ئاڵۆزەی کە تێیدا ئاڵ و گۆڕی گەورە بە سەر سەراپای بوارەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی لە ئێران هاتووە ، سەرەتا لاوە ئازادیخوازەکانی کورد دووبارە خۆیان ڕێکخستەوەو ئەمجارە بە شێوەیەکی چالاکانەتر لە جووڵانەوەی دیموکراتخوازانەی نیشتمانیی ئێرانییدا بەشدارییان کرد ، گەلی کورد هەر لە سەرەتاوە پشتیوانییەکی گەورەی دکتۆر موسەددەقیان کرد و ئەو هەنگاوانەیان پیرۆز کرد کە لەلایەن ناوبراوەوە دژی دەربار و نفوزی ئیمپریالیزم لە ئێراندا نرا ، لەوەش زیاتر ئەم بەشە لەمەڕ ئەو ڕووداونەی ئێران ئاخاوتووەکە پاش کودەتای ١٩ی ئاب و گەڕانەوەی شاهەنشا بۆ ئێران قەوماون ،کە دیارترینیان ئەو لەشکرکێشییەیە کە ئەرتەشی شاهەنشاهیی بۆ سەر عەشیرەتی نیشتمانپەروەری جوانڕۆیی ئەنجامیدان ، ئەو لەشکرکێشییەی لەلایەن دۆستەکانی ئێران لە پەیمانی بەغدا و لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە پشتگیری کراو سەرکوتکردنی بێ بەزەییانەی ئازادیخوازانی جوانڕۆیی دەنگدانەوەیەکی ناوچەیی و جیهانییی هەبوو .

هەروەها لەم بەشەدا هەوڵدراوە باس لە بارودۆخی کوردستانی ئێران لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی کە لەم قۆناغەدا خۆی لە شۆڕشی چەکدارانەی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ بە ڕابەری پارتی و بارزانی دەبینێتەوە بکرێت و بەشداری ڕاستەقینەی کوردی ئێران لەو شۆڕشەدا بخرێتە بەرچاو .

لە کۆتایی ئەم بەشەدا سەرنجێکی مێژوویی لەبارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردەواریی لەسایەی دیکتاتۆریی محمد ڕەزا پەهلەوی خراوەتە بەرچاو و هەوڵدراوە ئاکامە نەرێییەکانی سیاسەتی ڕیفۆرمی زەوی و مۆدێرنیزمە ڕواڵەتییەکەی

ناوبراو لەسەر کوردستانی ئێران وەدیار بخرێت، ئەو سیاسەتانەی لەسایەی ستەمی نەتەوایەتیی و داچۆرینی ئابووریی کوردستاندا دەچوون بەڕێوە و سەرچاوەی زیاتر شێواندن و ئاڵۆزاندنی و ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردەواریی و بێزاریی ڕق و کینەی تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی میلیتاریزەکراوی ئێران بوو .

لە هەلومەرجێکی واداو لەگەڵ پەرەسەندنی بیرۆکەی خەباتی چەکداریی و پارتیزانی لە ئێران و جیهانیی سێیەم دژی ڕژێمە وابەستەکانی ئیمپریالیزم ، کۆمیتەیەك لە لاوە مارسسیستەکانی ح.د.ك بە نێوی (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان) دامەزرا، ئەو کۆمیتەیەی جووڵانەوەیەکی چەکدارانەیان لە کوردستانی ئێراندا بە ڕووی ڕژێمی شاهەنشاهییی و دام ودەزگا سەرکوتکەرەکانی لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨دا تەقاندەوە ، جووڵانەوەیەکی بەو چەشنە کە دواباسی بەشی سێیەمی بۆ تەرخانکراوە .

سەبارەت بە دوا بەشی نامەکەش لێکۆڵەر هەوڵیداوە وێنەیەکی مێژوویی لە ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران و جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی لە دەساڵەی کۆتایی حوکمی محمد ڕەزا شادا تا هاتنە سەر کاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران بخاتە بەرچاو ، هەروەها بە کورتی باس لە فاکتەرەکانی ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهییی کراوە کە گرنگترینیان هێشتنەوەو چارەسەرنەکردنی کێشەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران و گرتنە بەری سیاسەتێکی خوێناوییە بەرامبەریان ، بەتایبەتی گەلی کورد کە بە ئومێدی لە گۆڕانی دیکتاتۆریی و هاتنە سەر کاری ڕژێمی دیموکراتیی لە ئێران کە ڕێز لە خواستە نەتەوایەتییەکانیان بگرێت، بەشدارییەکی چالاکانەی شۆڕشی گەلانی ئێرانیان کرد لە ساڵی ١٩٧٨و سەرەتای ساڵی ١٩٧٩داو قوربانییەکی زۆریان لە ڕێگای سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەو ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهییی لە ئێران بەخشی .

هەر لەم بەشەی دواییدا باس لە سروشتی باڵی ئایینی توندڕەوی شۆڕشی ئێران کراوە ، ئەو باڵەی کەبە هۆی چەند فاکتەرێکەوە هەل و مەرجی گەیشتنە دەسەڵاتی بۆ ڕەخساو هەوڵیدا لە ڕێگەی بانگەشەی دمەزراندنی ڕژێمێکی تیۆکراتیی شیعەگەریی لە ئێراندا دەستکەوتەکانی شۆڕش پاوان بکات ، ئەو ڕژێمەی  کە ناوی (کۆماری ئیسلامیی) لێ نراو سەبارەت بە مامەڵە کردنی لەگەڵ نەتەوە غەیرە فارسەکانی وڵاتدا هەمان ڕێبازی ڕژێمی پێشووی گرتە بەرو بە زبردەستییەکی بێ وێنە لەگەڵیاندا

**جوولاّیەوە ، بەتایبەتی لەگەلّ گەلی کورد دا کە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهییی، جوولاّنەوە نەتەوایەتییەکەی بوژایەوەو جگە لە ح.د.ك.ا کە پاش گەڕانەوەی سەرکردەکانیان لە ئاوارەیی نفوز و دەسەلاّت بە خێرایی پەرەی گرت ، ڕێکخراوی دیکەی وەك (کۆمەڵە) و کەسایەتی ئایینی و نەتەوەیی وەك ( شێخ عیزەدینی حوسەینی ) یش بۆ بدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێران کەوتنە تێکۆشان ، ئەو تێکۆشانەی لەلایەن باڵی ئاینی توندڕەوەوە بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە دادەنرا، هەر بۆیە سەرەتا بەنانەوەی پیلان و ئاژاوەی مەزهەبیی و نەتەوەیی و چینایەتیی و پاشتر لە ڕێگای ناردنی پاسدارانی خومەینی بۆ کوردستان کەوتنە دژایەتی ئەو ڕێکخراوانەو بەوەش زەمینەی پەلاماریێکی سەرتاسەرییان بۆ سەر کوردستانی ئێران فەراهەمکرد ، ئەو لەشکرکێشییەی بەشەڕی سیٚ مانگە ناوی دەبرێت .**

**لە دوا باسی بەشی چوارەمدا باس لە شەڕی سیٚ مانگە کراوە کە لەسەرەتادا بەقازانجی سوپای پاسداران و لەشکری ئێرانی کەوتەوەو شارەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە داگیرکرانەوە ، ئەو هێزانەی لە زۆر شوێن کوشتاری بە کۆمەڵیان لە خەڵکی بێدیفاعی کورد کرد ، هەروەها باس لەو گورزانە کراوە کە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە سرەوێندراوەتە پاسداران و لەشکری ئێرانیی پەلاماردەر، ئەو ڕاپەڕینانەی کۆمەلاّنی خەڵکی شارەکانی وەك مەهاباد و سنەش خراونەتە بەرچاو کە دژی دەسەلاّتدارانی ڕژێمی نویٚ و دەزگا سەرکوتکەرەکانی لەو قۆناغەدا تەقینەوە، مەسەلەیەکی وا کە بووە شکستخواردنی لەشکرکێشییەکەو خومەینی ناچار کرد پەیامێك بۆ ئاشتی وچارەسەر کردنی کێشەکە لە ڕێگای گفتوگۆوە بلاّوبکاتەوە . ئەو پەیامەی وێڕای کەم و کورتی زۆری لەلایەن گەلی کورد و ڕێکخراوە نەتەوەییەکان و هێزەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانەوە پێشوازی لێکرا، ئەو هێزانەی دەستەیەکیان بە نێو دەستەی (نوێنەرایەتی گەلی کورد ) پێکهێناو بە ئومێدی بەدەستهێنانی خودموختاریی و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە ئێراندا چوونە سەر مێزی گفتوگۆ . بەم جۆرە کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە دێت، چونکە دوای ساڵی ١٩٧٩ قۆناغێکی دی لە ێژووی ئێران و جوولاّنەوە نەتەوایەتییەکەی دەستپێدەکات کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیە .**

**شایەنی باسە لەو بڕوایەوە بە پێویستی و گرنگی بە کوردییکردنی خوێندنی بالاّ لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بڕیارمان دا لێکۆڵینەوەکەمان بە زمانی کوردیی بنووسین ، بەوەش ئەم نامەیەی بەردەست دەبێت بە یەکەمین نامەی( دکتۆرا ) کە لە بەشی مێژوودا بە زمانی کوردیی پێشکەش بکرێت ، هەنگاوێکی بەم چەشنە کە بە داخەوە دەبووایە زۆر پێشتر نرابا ، چونکە زمانی کوردیی بۆ نووسینی بابەتێکی مێژوویی ئەکادیمی ئەگەر لە زمانە بێگانەکان دەوڵەمەندتر نەبێت ، ناکرێت بە کەمتریش دابنرێت .**

**دیارە لە هەر کوێ بێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکێکی ئەکادیمیی و کارێکی بەم چەشنە کۆمەڵێك ئاستەنگ دێنە پێش لێکۆڵەر، کە بەشێکی زۆر ئەو ئاستەنگانەش سەرەڕێگای لە نوسەری ئەم نامەیە گرتووە ،لە راستیدا لێرەدا ناخوازم ئەو گرفتە مادیی و نەفسیی و مەعنەوییانە بێنمە بەرچاو کە لەبەر زۆر هۆ و چەند ساڵە ولاّتەکەمانی پێوە گیرۆدەیە و توێژی ڕۆشنبیران یەکەمین کەسانێکن کە باجەکەی دەدەن ، مەسەلەیەکی وا کە خەفەتنامەیەکی سەربەخۆی دەوێت و لەم پێشەکییەدا شوێنی نابێتەوە ، بەڵکو دەمەوێت ئاماژە بەو کەموکورتییانە بدەم کە بەرۆکی هەر قوتابییەکی خوێندنی بالاّ ، بەتایبەتی (دکتورا ) دەگرێت ، ئەویش تەرخان نەبوونی تەواوەتییانە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەیان و نەتوانینی گەشتی زانستییانە ، و هەژاریی کتێبخانەکانی زانکۆ و کۆلێژەکانە بە سەرچاوەی پێویست و سوودنەبینین لە شێوازی نوێیە بۆ نووسینی نامەکانیان ، تێکڕای ئەوانەی کەبەشێکی سەرەکیی ئەو کەموکورتییانەن و چارەسەر کردنیشیان زۆر پێویستە .**

**بە هەر حاڵ ئەم نامەیەی بەردەست بە پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی رەسەن و بە چەند زمانی جیاواز نووسراو هاتۆتە بەرهەم، کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە راڤە بکرێت :**

**١**

**-بەڵگەنامەکان :**

بێگومان سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامەکان بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی گرنگی وبایەخی خۆی هەیە ، بەتایبەتییی بۆ بابەتێکی ئاڵۆزو ڕەهەند هەمەلایەنەی وەك جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران هەر بۆیە وێڕای دەستکورتیش هەوڵێکی زۆر درا ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بەکارهێنانی ژمارەیەك بەڵگەنامەی بەنرخ بەهرەمەند بێت کە هەندێك لەوانە بڵاونەکراوەن و تا ئیستا لە ئەرشیفی لایەنەکانیدا پارێزراون وەك : بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا /Fo.PRO، ئەرشیفی نیشتمانیی حکومەتی ئەمەریکا / DSDF.NA یاخود بەڵگەنامەکانی حکومەی عێراقیی ، هێندێکی دیکەکەشیان چ بە شێوەی کتێب یاخود وەك بەیاننامەو ئۆرگانە حیزبییەکان بڵاوکراونەتەوە .

راستییەك کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە تێکرای بەڵگەنامەکان لەگەڵ ئەوەی کە نرخێکی مێژوویی گەورەیان هەیە ، بەڵام بەرجەستەی دیدو بۆچوونی لایەنەکانیان دەکەن و ڕووداوەکانیان لەو ڕوانگەیەوە راگواستووە کە ناکرێت هەروا بیٚ وردبوونەوەو بەراوردکردنیان لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکانی دیکەدا نێوەرۆکەکەیان بە ڕاستییەکی ڕەها تەماشا بکرێت ، بەتایبەتی ئەو بەڵگەنامانەی حکومەتی ئێرانیی دەستکەنەی کردوون و لە دووتوێی چەند بەرگێکدا بەناوی : ( اسناد لانەی جاسوسی و چپ در ایران ) لەسەر کوردستانی ئێران و جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی بڵاوی کردونەتەوە ، کە یەکەمیان بەشێك لە بەڵگەنامەکانی سەفارەتی ئەمەریکایە لە تاران و دووەمیشیان چەند بەڵگەنامەیەکی هەڵبژاردەی دەزگای جاسوسیی ساواکە کە زۆر هەواڵی تێدا بە هەڵە ڕگوێزراون ، هەر بۆیە لێکۆڵەر چەندی بۆ کراوە بە ورياييەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەدا کردووە لەگەڵ سەرچاوەکانی تردا بەراوردی کردوون .

**٢-سەرچاوە کوردییەکان :**

ئەم سەرچاوانە دەتوانرێت لە ڕووی وەرگرتنی زانیارییە مێژووییەکانەوە بە بڕبڕەی پشتی لێکۆڵینەوەکە دابنرێت ، بەتایبەتی کە هێندێك لەوانە یادداشتن و جگە لەوەی خاوەنەکانیان سازدەری ڕووداوەکان بون و بۆ خۆیان تێیدا ژیاون‌و دیتوویانە ،

ژمارەیەك لە بەڵگەنامەی نایابیشیان پێوە پەیوەستە لەوانە یادداشتەکانی :کەریمی حیسامی ، غەنی بلوریان ، سەعید کاوە ، فاتح رسول ، عقید بەکر حەوێزی و میرزا محمد أمین مەنگوری .. هتد، ئەو یادداشتانەی لەگەڵ بەنرخیی مێژوویان لە کەم و کورتی بەدەر نین ، بەتایبەت کە هێندێك لەوانە لە ڕووی لاوازیی سەرنجی مێژووییانەوە یاخود بۆ چەسپاندنی بیرو بۆچوونە سیاسییەکانیان یان بۆ بەرگریی لە هەڵوێستیکی ڕابردوویان و خۆزەقکردنەوە و شکاندنی بەرامبەریان کەوتوونەتە هەڵەوەو هەموو کات جەرگی راستییان نەپێکاوە ، مەسەلەیەکی وا کە ئەرکی لێکۆڵەر لە هەڵهێنجانی راستیی رووداوەکاندا گرانتر دەکەن .

هەر لە سەرچاوە کوردییەکاندا کتێبە حیزبییەکانی وەك : چل ساڵ خەباتی د. قاسملو ، ٥٠ساڵ خەباتەکەی جەلیل گادانی وکتێبی نیو سەدە تێکۆشانی عبداللە ی حسن زادە ، گەلێك سوودیان لێ بینراوە ، چونکە ئەو کتێبانە هەوڵێکی باشن بۆ نووسینەوەی مێژووی ح.د.ك.ا ئەو مێژووەی وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا بەشێکی سەرەکییی میژووی جووڵانەوە کوردایەتیی لە کوردستانی ئێران پێکدەهێنێت و تەواو ئاوێتەی یەکترن .

شایانی باسە کتێبەکانی : حکومەتی کوردستانی نەوشیروان مستەفا ، و کوردستان و کوردی د. قاسملو ، و کۆماری میللیی مەهابادی محمود ملا عزەت و ئەو بابەتە زانستییانەی کە ژیگالیناو حسن حاتمی لە گۆڤارە کوردییەکاندا بلاْویانکردۆتەوە لەو سەرچاوە مێژووییە بەنرخانەن کە لێکۆڵەر لە زۆر ڕووەو بۆ نووسینی ئەم نامەیە سوودی لێ وەرگرتوون .

**٣- سەرچاوە فارسییەکان :**

بەسەرچاوەی بنەڕەتی لەنوسینی ئەم نامەیەدا دادەنرێن ، چ سەبارەت بە ڕاگواستن و شیکردنەوەی رووداوەکانی ئێران یاخود ئاخاوتن لە کێشەی کورد و رووداوەکانی کوردستان سوودی زۆریان لێ وەرگیراوە ، ئەوانیش دەکرێت بکرێنە چەند بەشێکەوە بەشێکیان یادداشتن و نوسەرەکانیان پیاوی دەوڵەتی شاهەنشاهیین و وە بەشێکن لە فەرمانڕەوایی ئێران وەك : علی دهقان ، حسن ارفع ، احمد زنگنە ، کسروی ،عیسی

پژمان ، حسين فردوست و حميد رچا جلالى  پور ، نووسينى ئەوانە بەرجەستەی دید و بۆچونى فەرميى دەوڵەتى ناوەنديى دەكات و بە گشتى بەرامبەر گەلى كورد و جووڵانەوە نەتەوايەتييەكەی دوژمنانەن ، ئەوانە جگە لەوەی لە  كتێبەكانياندا ئازاديخوازانى كورد بە ئەشرار و خائن و جووڵانەوەی نەتەوەيى كورد بە پيلانێكى دەرەكيى و بێگانە لە قەڵەم دەدەن ، هەرگيز باسيان لە نێوەرۆكى كێشەی كورد و سياسەتى داگيركەرانەو ستەمى نەتەوايەتيى دەسەڵاتى ناوەنديى دژ بە كورد و كوردستان نەكردووە و ئەو قەسابخانانەيان فەرامۆش كردووە كە خۆيان يان هاوبيرەكايان دژى ئازاديخوازانى كورد ئەنجاميانداوە .

لەم ڕووەوە ياداشتى كەسانى وەك : على أصغر احسانى ، حسن البرزى ، ابوالحسن تفرشيان ،احسان تەبەرى و نورالدين كيانورى .. هتد بەكارهاتوون ، ئەوانەی كەسايەتى ئۆپۆزسيۆن و دژ بە شاهەنشاهيى بوون و بە ئاشكرا وەك دهقان وهاوشێوەكانى كورديان نەكوتيوە ، بەڵام باس نەكردنى ڕەوايەتى كێشەی نەتەوايەتيى كورد لە ئێراندا و ئاماژەنەكردن بۆ ئەو راستييەی كە پرۆسەی بەستنەوەی پارچەيەكى كوردستان بە دەوڵەتى ئێرانەوە پرۆسەيەكى داگيركەرانەيەو سياسەتى تواندنەوەی گەلى كورد لە بۆتەی فارسدا جگە لەهەوڵێكى ڕەگەزپەرستانە ناكرێت ناوێكى ديكەی لێ بنرێت، تێكڕای ئەوانە لەلايەن نووسەرە ئێرانييەكانەوە فەرامۆش كراون بەمانەشەوە، ئەوەش بێگومان لەسۆنگەی لووتبەرزيى ناسيوناليستيى و كەوتنەژێر كاريگەرييى ڕاگەياندنەكانى دەوڵەت و چينى فەرمانڕەوای ئێرانە سەبارەت بەكوردو كێشەكەی لەئێراندا.

هەروەها لێكۆڵينەوەكە سوودی لەبەرهەمەكانى چەند ئەكاديمييەكى وەك : حميد أحمدى ، مجتبى برزويى ، ايرج افشار سيستانى بينيوە كەئەوانيش هەر لەديدێكى ئێرانيانەی دژ بەكوردەوە هەڵقوڵاون ، ديارە لەئێرانى ئێستادا ئەوەندە دكۆمێنتى دەوڵەتى شاهەنشاهيى دەستدەكەوێت كە بەئاسانيى ئەو بارە ناهەموارەی ئابووريى و كۆمەڵايەتيى و فەرهەنگيى و تەندروستييە خراپەی كۆمەڵگای كوردەوارييمان لەسايەی حوكمى محەمەد ڕەزادا بۆ ڕوون دەكاتەوەو واقيعى سياسەتى تواندنەوەو سەركوتى ڕژێمى شاهەنشاهييمان دژ بەگەلى كورد لەئێراندا پێشان بدات

کەبەداخەوە ئەو نوسەرانە خۆیان لێ گێل کردووەو بەشێوەیەکی ڕووکەشانە مەسەلەکەیان خستۆتە بەرباس، بەجۆرێك ئەو بۆچوونە لامان دروست دەکات کەئامانجێکی سیاسی ڕووت لە پشت نوسینی کتێبەکانی ئەو نوسەرانەوە هەبێت.

ئەو کتێبە فارسیانەی کە راشکاوانە ئاماژەیان بەو راستییانە داوەو نامەکەیان دەوڵەمەند کردووە بریتین لە کتێبەکانی: حسین مدنی ، حمید مؤمنی ، محمد علی سولتانی، سید محمد صمدی ، رحمان حسین زادە و بابەتە بڵاوکراوەکانی عبدالعزیز مولودی و کورش مدرسی ، ئەوانەی یان کەسایەتی ئازادییخواز و ئۆپۆزسیۆنن و لەباسکردنی راستییەکان باکیان نییە ، یان کوردن و وەك ئەرکێکی نەتەوەیی‌و بەزەیی هاتنەوە بەمێژوودا قەڵەمەکانیان خستۆتە گەڕ .

شایەنی باسە، ژمارەیەکیش لەو سەرچاوانە بەکارهاتوون کە نووسەرەکانیان ڕۆژئاواییین‌و بەرهەمەکانیان بۆ زمانی فارسیی وەرگێردراوە، وەك بەرهەمەکانی: پیتر ئاوری، گازیۆرسکی، نیکی کدی.. هتد ، ئەو بەرهەمانەی وێڕای ئەوە زانیاری گەلێك وردیان لەمەڕ سیاسەتی نیوخۆو دەرەوەی ئێران تێدایە ، بەڵام داڕشتنەوەیان بە جۆرێکە کە نەیانتوانیووە هەموو کات وێنە راستەقینە مێژووییەکەی رووداوەکان ڕاگوێزن ، بۆنمونە پیتر ئاوری کە پسپۆڕێکی ئەمریکاییە لەمێژووی ئێراندا لەژێر کاریگەریی سیاسەتی دەوڵەتەکەی و دکۆمێنت و سەرچاوە مێژووییانەی ئەمریکا لەسەر ئێران ، جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەساڵانی جەنگ و دوایی جەنگی دووەمی جیهانیی، بەدەستی شورەویی دەزانێت ، ڕۆڵی ئەمریکاو دەزگای (CIA) لەڕووخاندنی حکومەتەکەی موسەددەق و ژیاندنەوەی دیکتاتۆریی لەئێراندا فەرامۆش دەکات، بەجۆشێکی زۆرەوە باس لەسیاسەتی ڕیفۆرمی زەوی محەمەد ڕەزا و شۆڕشە سپییەکەی دەکات و ئاوڕێك لە ئاکامە نەرێیییەکانی لەسەر کۆمەڵگای ئێرانی ناداتەوە..هتد ، مەسەلەیەکی وا کە لێکۆڵەر لەکاتی راگواستنی زانیاری لەو سەرچاوانەوە لەبەرچاوی گرتوون.

هەرلێرەدا پێویستە بوترێت کە لێکۆڵینەوەکە سوودێکی زۆری لەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە فارسییانە دیتوە کەسەردەمانێك لەتاراندا بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: اتلاعات ، کیهان ، جمهوری اسلامی کە زمانحاڵی چینی فەرمانڕەوای ئێرانن و بەرجەستەی دیدە کانی

دەسەڵاتی ناوەندیی دەکەن ،هێندێکی دیکەشیان وەك" رهبر ، مردم ،ایران ما، باختر رۆژنامەی ئازادن یان بڵاوکراوی هێزە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییەکانن ،لەنێو ئەوانەی دواییدا (هەفتەنامەی کوهستان) جێگایەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو هەفتەنامەیەی کەبڵاوکراوەیەکی ئێرانچیی بێلایەن بووەو لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٧دا زیاتر لە (٨٠)ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە ، کوهستان سەرنووسەرەکەی د.اسماعیل أردلانی بووە و خۆی بۆ راگواستنی هەواڵەکانی کوردستانی ئێران و لەقاودانی ئاکارە دزێوەکانی فەرماندە سەربازیی و کارمەندە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەزگا بیرۆکراتییەکەی ڕژێمی شاهەنشاهیی لەو هەرێمەدا تەرخان کردووە . بڵاوکراوەیەکی وا کەبەدرێژایی ساڵانی دەرچوونی وەك سەرچاوەیەکی تاقانە بەدووررودرێژی ئازارو ناسۆرەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بەگوێی ڕای گشتی ئێرانیی و فەرمانڕەوایانی تاراندا داوەو لەسەر ئەو هەڵوێستەی چەند جارێك ڕێگای بڵاوکرانەوەی لێگیراوەو هەواڵنێرەکانی توشی گرتن وزیندانییکردن هاتوون، لەراستییدا لێکۆڵەر لەنوسینی نامەکەیدا گەلێك سوودی لەبەکارهێنانی ئەم هەفتەنامەیە کردووە ، بەتایبەتی لەباسی چوارەمی بەشی یەکەمدا گەلێك دووبارە بۆتەوە ، مەسەلەیەکی وا کە ناکرێت بە دیاردەیەکی نەرێیی لێکبدرێتەوە.

**٤- سەرچاوە عەرەبییەکان:**

نامەکە سوودی لەبەکارهێنانی ژمارەیەك لەو سەرچاوانە دیتووە کە بەزمانی عەرەبی نوسراون یاخود بۆ ئەو زمانە وەرگێڕدراون کە هێندێك لەوانە لەپەرەسەندنی سیاسەتەکانی نێوخۆ ودەرەوەی ئێران دەئاخفن وەك کتێبەکانی: د.امال السبکی، روح الله رەمەزانی ، عبدالهادی کریم سلمان ، د.محمد وصفی أبومغلی..هتد. ئەوانەی جارجارەو لەگۆشەی کتێبەکانیاندا ئاوڕێکیان لەرووداوەکانی کورستانی ئێران داوەتەوەو کورتە سەرنجیان دەربڕیوە کە زۆر کات کورتیان هێناوە، هێندێکی تریشیان راستەوخۆ لەمێژووی کوردو جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی دەکۆڵنەوە وەك کتێبەکانی : کریم حیسامی ، د.سعد ناجی جواد، زنار سلوپی ، ولید حمدی، جمال نبز..هتد. شایەنی باسە کتێبەکەی (ولیام ایگلتن) کەلەسەر کۆماری مەهابادەو لەلایەن جرجیس فتح الله پاریزەرەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەو سەرچاوە دانسقانە

دەژمێردرێت کە لێکۆڵینەوەکە پشتی پێ بەستووە، ئەو سەرچاوەیەی وێڕای  نرخی مێژوویی لەکەم و کورتی بەدەرنییە، چونکە نووسەرەکەی جگە لەوەی کە کارمەندێکی ئەمریکی بووە لەئێران ، سەرچاوەی ڕاگواستنی هەواڵەکانیشی بریتییە لە دکۆمێنتەکانی وڵاتەکەی و ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی حکومەتی ئێرانیی کە هەردوولایان دیدێکی تاك لایەنەیان لەمەسەلەکان هەیە.

شایەنی باسە دوو کتێبەکەی : ڤاسیلیڤ و جورج کیرك کە لە سیاسەتی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکۆڵنەوەو وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبیی لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە ، جگە لە بیرەوەرییەکانی خودی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی کەلەلایەن ناوەندیی لێکۆڵینەوەی کەنداوی عەرەبییەوە لە زانکۆی بەسرە کراوەتە عەرەبیی .

دیارە ئەو نامە زانکۆییانەی کە لەزانکۆکانی عێراقدا پێشکەشکراون و لەم نامەیەدا بەکارهاتوون دەچنە خانەی سەرچاوە عەرەبییەکانەوە ، ئەو نامانەی کە نێوەڕۆکەکەیان باس لەسیاسەتی نێوخۆی ئێران و پەیوەندیی ئەو وڵاتە لەگەڵ زلهێزەکاندا دەکات و لەبەشێکی بەنرخی سەرچاوە مێژووییەکان و بەڵگەنامەکان بەهرەمەندن.

**٥- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

هەروەها بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن وزیاتر تیشك خستنەسەر ئەو بابەتانەی لەدووتوێی ئەم نامەیەدان ، لێکۆڵەر هەوڵیداوە سوود لە هێندێك لەو سەرچاوانە ببینێت کەبەزمانی ئینگلیزیی نوسراون، کە هێندێك لەوانە بۆ لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی زلهێزەکان لەنێوچەکەدا تەرخان کراون و هەشیانە ڕاستەوخۆ لە کێشەی کورد و ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکەی دەکۆڵنەوە ، لەوانە کتێبەکەی : (Borhanadin .Y) بەیەکێك لە بەنرخترین و دانسقەترین لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەڕەهەندی نێو دەوڵەتی کێشەی کورد لەنێوان ساڵانی (١٩٤١ –١٩٤٧) دادەنرێت کە زۆر بابەتییانە مەسەلەکانی شیکردۆتەوەو زانستییانە ڕاستیی ڕووداوەکانی دەرخستووە، هەروەهاکتێبەکەی (Entessar)کە بەشی دووەمی ڕاستەوخۆ لەکێشەی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران دەکۆڵێتەوە جگە لەو کتێبەی کە ژمارەیەك لە لێکۆڵەران و لە نێو ئەوانیشدا د.قاسملو پێشتر بەزمانی فەڕەنسی

بڵاویان کردۆتەوەو لەساڵی ١٩٨٠دا لەژێر ناونیشانی ( People without Acountry:The kurds and Kurdistan)دا لەلایەن (Michael)ناوێکەوە کراوەتە ئینگلیزیی . ئەو کتێبەی جگەلەوەی د.قاسملو بابەتێکی ئەکادیمیانەی تێدا لەسەر کوردی ئێران بڵاوی کردۆتەوە ، وتارەکەی (Roosevelt) یشیان تێدا چاپکردۆتەوە کە پێشتر لە ساڵی ١٩٤٧دا لەسەر کۆماری مەهابادو لەگۆڤاری ( Middle East Journal)دا بڵاویکردۆتەوە ، کە تێکڕا بۆ لێکۆڵینەوەکە بەسوود بوون .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو راستییە بکرێت کەلێکۆڵەر لەبەر چەند هۆکاری جیاواز نەیتوانیوە سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت کە بەزمانی ڕووسیی یان فەڕەنسیی و زمانە ڕۆژئاواییەکانی دی لەسەر نێوەرۆکی ئەم بابەتە زانیارییان تێدایە، ئەویش لەپلەی یەکەمدا بۆ دەستنەکەوتنیان و دواتر بۆ ئاشنانەبوونی لێکۆڵەر بەو زمانە دەگەڕێتەوە کە بەپێچەوانەوە ئەوەندەی تر بابەتەکەی پێ دەوڵەمەندتر دەبوو.

لەکۆتایی ئەم پێشەکییەدا جارێکی دی سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەم کەلە بەجێهێنانی ئەرکەکەمدا هاوکارم بوون و نامەکەشم بەو شێوەی کەهەیە، دیارە بێکەم و کورتیی نییە، دەخەمە بەردەست لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن بەو ئومێدەی لەسەرنج و دیدە زانستییەکانیان بەهرەمەند بێت و شوێنی شایستەی خۆی لای ئەو بەڕێزانە وەرگرێت ، لەگەڵ هیوای سەرفرازیی و بەختەوەریی بۆ هەمووان..

یاسین سەردەشتیی

# دەروازە

## باسی یەکەم : کورتەیەك لەجوگرافیای کوردستانی ئێران

ئاشکرایە هەر توێژەرێك باس لەجوگرافیای کوردستان یان بەشێك لەبەشەکانی بکات ئەستەمە رووبەرووی مەسەلەی نەبوونی زانیارییەکی وردو دژبەیەکی سەرچاوە جیاوازەکان، بەتایبەتیی سەبارەت بەدیاریکردنی سنوورەکەیو رووپێوی خاکەکەیو ژمارەی دانیشتوانەکەی نەبێتەوە، ئەمەش زیاتر بۆ دووهۆی سەرەکیی دەگەرێتەوە، یەکەمیان پارچەکردنی کوردستان لەنێوان چەند دەوڵەتی جیاواز کە بەگشتییی نە دان بەبوونی خاکی کوردستاندا دەنێنو نە بەفەرمیی سنوورێکیان بۆ دەستنیشان کردوەو نەبڕواشیان پێیەتی، بەڵکو کوردستان بەبەشێك لەخاكو نەتەوەی کوردیش بەبەشێك لەنەتەوەکانی خۆیان دادەنێن، نە خۆیان، نە رێگەشیان داوە بەکەسانی بێلایەن بەشێوەیەکی زانستییو بابەتییانە ئیش لەمەسەلەکەدا بکەن، دووەمیان ئەو گۆڕانەی بەدرێژایی مێژوو بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا هاتووە لەئەنجامی هێرشو پەلاماری حکومەتە ناوەندییەکانی دەوربەریو سیاسەتی فراوانخوازیو فشار خستنە سەر دانیشتوانی کوردو پاڵپێوەنانیان بەرەو چیاکانو قووتدانی ناوچەکانیان، بەجۆرێك زۆر ناوچە کە پێشتر دانیشتوانەکەی کورد بوون، ئێستا تاكو تەرا کوردی تێدا دەبینرێت، ئەو گۆڕانەی تائێستاش لەزۆربەی پارچەکانی کوردستاندا بەئێرانیشەوە بەردەوامەو لەسایەی سیاسەتی ناسیونالستیی بەرزەفری تەنگەتیلەی چینی دەسەلاتداری نەتەوەی سەر دەستەوە کە هەڕەشەیەکی خەتەرناك لەسەر خاکی نەتەوەییو ئایندەی کۆمەڵگای کوردەواریی دروستدەکاتو بەرەو قەتیسمانی دەبات لەگۆشەیەکی بەرتەسکدا،ئەگەر بەتەواویی لەجوگرافیای بێبەش نەکات.

هەرچۆنێك بێت بەپشتبەستن بەسەرچاوە جوگرافییو مێژووییە جیاوازەکان دەتوانین بڵێین، کوردستانی ئێران ناوچەیەکی بەرینو فراوان دەگرێتەوە، دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی ٣١-٤٠ی باکوورو هێڵی درێژی ٤٤-٤٨ی رۆژهەڵات، رووپێوەکەی بەنزیکەی ١٢٥٠٠٠کم٢ مەزەندە دەکرێت واتە ٨٪ رووپێوی خاکی ئێرانو ٢٧٪ی تێکڕای سەرزەمینی کوردستان دەگرێتەوە[١]، هەر لەرێژگەی ئاوی گوندی پهناورەوە کەدەڕژێتە ئاوی ئاراسەوە

---

([١]) قاسملو ، عبدالرحمن، کوردستانو کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیو ئابوری، وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ب.ج،١٩٧٣،ل٢٦.

دەستپێدەکات‌و لەگەڵ رووباری ئاراسدا لەپاڵ چیای ئاراراتەوە بەرەو خوار دەکشێت تا باشووری دەریاچەی ورمێ بەپانتایی ٥٠کم‌و درێژی زیاتر لە ٣٠٠کم، لەوێرا پانتاییەکی فراوانتر دەبێت‌و بەرەو خوار دەکشێت، ناوچەی سنەو کرماشان دەبڕێت هەتا لوڕستان‌و ناوچەی بەختیاریی.[١] پێوانەی درێژی لەباکوورەوە بۆ باشوور نزیکەی ٩٠٠کم‌و رادەی ناوەنجیی پانتایی لەناوچەکانی سنەو کرماشان نزیکەی ٣٠٠کم دەبێت، لەرۆژئاواوە مەرزەکانی نێوان ئێران‌و تورکیا، ئێران‌و عێراق، لەباکووریشەوە مەرزی ئازەربایجانی شورەویی پێشوو دیاری دەکەن[٢]، لەناوخۆی ئێرانیشدا، کوردستان دراوسێی ئوستانەکانی ئازەربایجانی رۆژهەڵات، زنجان، همدان‌و خوزستانە[٣]، دەتوانرێت کوردستانی ئێران

---

(١) لەراستیدا درێژبوونەوەی کوردستانی ئێران بۆ ناوچەکانی بەختیاری و لوڕەکان و بە ستنەویان بە خاکی نەتەوەیی کوردەوە جێگەی مشتومڕە, گەلێك هەن بە پشتبەستن بە سەرچاوە مێژوویی‌و بەڵگە زمانەوانیی‌و جوگرافییەکان، لوڕو بەختیارییەکان بە کورد دەزانن‌و ناوچەکەشیان بە بەشێکی دانەپچڕاو لە کوردستان دادەنێن. هەشن پێیان وایە کە لە پڕۆسەی پێکهێنانی نەتەوەیی کورددا بە هۆی هۆکاری مەزهەبیی و جوگرافیی‌و سیاسییەکان بە تایبەتی پێکنەهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیی‌و لاوازکردنی خەسڵەتە نەتەوەییەکانی لەلایەن حکومەتی ناوەندیی ئێرانەوەو ئەو ئەستەنگانە لە بەردەم پەرەی سەندنی بوارەکانی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییدا دروستیکردن, لوڕو بەختیارییەکان وەك گروپێکی ڕەگەزیی سەربەخۆی نەمەییوو دابڕاوو دوورەپەرێز لە برا کوردەکانیان ماونەتەوە. هەربۆیە کاتێك لە کوردستانی ئێران دەئاخڤن، نە لوڕستان وەك پارچەیەك لە کوردستان و نەلوڕیش بە کورد لە قەڵەمدەدەن , ئێمە پێمان وایە مەسەلەی کوردبوونی لوڕەکان لە ئایندەدا پشت بە تواناو ڕادەی سەرکەوتنی جووڵانەوەی ڕزگارییخوازیی کورد دەبەستێت لە بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی‌و دیارییکردنی قەوارەی‌نەتەوەیی‌و دواتر هەوڵی بۆ ڕاکێشانی ئەو گروپە نەمەییوانەی کە بە مێژووو زمان‌و جوگرافیا لە کوردەوە نزیکن تا لە دراوسێکانیان. چونکە وەك ئاشکرایە هەر کاتێك ئەم جووڵانەوەیە لە ئێران لە دەستکەوتێکی نەتەوەیی نزیکدەبێتەوە زۆر لە لوڕەکان باس لە کوردبوونی خۆیان دەکەن‌و دوای کرمانج, لوڕ بەمەزنترین تایەفەی کورد لە قەڵەم دەدەن. بڕوانە: قاسملو , هـ . س , ل ٢٧ــ ٢٨ .

کورد, جلال الدين شافعی , جوغرافیای تأريخی کوردستان, چاپی یەکەم , ئینتشاراتی ن و القلم , چاپخانەی بهرام, تهران ,١٣٧٨ی هەتاوی, ل ٣٦ــ ٣٧ " مدنی, حسین, تحلیلی فشرده أز دینامیزم و شیوەهای مبارزاتی درکردستان ئێران, بی جاه , آذر ماه ١٣٦٩ ش " کوهستان , نامەهفتگی , سال دوم , تهران , ٢٣ أردیبهشت ١٣٢٥.

(٢) Ghassemlou A.D , "Kurdistan in Iran" in: people with out a country : kurds and kurdstan , zeed press, London ,1980, P. 107.

(٣) دیارییکردنی سنووری کوردستانی ئێران لە ناوخۆی ئێراندا کارێکی گرانە , چونکە هەندێك ناوچە جاران کوردنشین بووە کوردی تێدا نەماوە , هەندێك ناوچەی کوردنشینیش درێژبوونەتەوە بۆ هەرێمەکانی تری وەك

لەباكوورەو بۆ باشوور بەسەر پێنج هەرێمدا دابەش بكرێت كەهەریەكەیان چەند شارو ناوچەی جیاواز دەگرێتەوەی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. هەرێمی ورمێ: ورمێ، ماكو، خوی، سلماس، دیلمان، قتور، سۆما، پۆلدەشت، تەرگەوەڕ، مەرگەوەرو برادۆستو چەند ناوچەی دی دەگرێتەوە.

٢. هەرێمی موكریان: سابلاغ (مەهابادی ئێستا)، شنۆ، میاندواو، بۆكان، لاجان، نەغەدە، هەوشار، سڵدوس، سەردەشت، تیكانتەپەو هەندێك شوێنی دی دەگرێتەوە.

٣. هەرێمی ئەردەڵان: سنە، سەقز، بانە، سەرشێو، تیلەكو، خورخورە، حەسەن ئاوا، مەریوانو هەورامانی لهۆن دەگرێتەوە.

٤. هەرێمی كرماشان: كرماشان، كنگاوەر، هەرسین، سەحنە، كەرەند، بێلوار، قەسری شیرین، بایرەوەند، جوانرۆ، رەوانسەر، ماهی دەشت، گەیلان، نەفت شاەو كامیاران دەگرێتەوە.

٥. ناوچەی لوڕستانو چوارمەحاڵی بەختیاری: سەیمەرە، بروجەرد، خورەم ئاوا، مەلایەر، نەهاوەندو توسیركان دەگرێتەوەو بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە تا كۆتایی چیایی زاگرۆسو زێدی عەشیرەتەكانی لەكو زەندو لوڕی بچوك [١] ، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١) .

تۆبۆگرافیای كوردستانی ئێران بەگشتیی چیاییەو دوو زنجیرە كێوی مەزنی لەخۆ گرتووە، یەكەمیان لەئاراراتەوە دەستپێدەكات و بەرەو باشوور شۆڕدەبێتەوە تا دەگاتە ناوچەی بانە، بەدرێژایی ئەم زنجیرەیە دۆڵی قوڵو فراوان یا تەنگەبەر هەیە كەرێگای هاتووچۆی نێوان كوردستانی ئێرانو عێراقو توركیا فەراهەم دەكات، زنجیرەی دووەمیان زاگرۆسە كە لەمەریوانو نەوسوودەوە نزیك بەسنووری ئێران – عێراق دەستپێدەكات بەرەو باشووریو رۆژهەڵات بۆ ناو ئێران درێژ دەبێتەوە[٢].

ئاووهەوای كوردستانی ئێران كوێستانییەو كاریگەرییی بای رۆژئاوای لەسەرە، كەمام ناوەندییو شێدارو باراناوییەو، هەروەها بای شەماڵو بای باشوور، كە بەبای زریانیش ناو دەهێنرێت. بەرزایی لەرووی دەریاوە ١٠٠٠–١٥٠٠ مەترە، ئەمەش كار لە جیاوازی

---

ئازەربایجانی خۆرهەڵات , زنجان و هەمەدان . بڕوانە : غەفور , عەبدوڵلا , جوگرافیای كوردستان , چاپی دووەم , هەولێر , ٢٠٠٠ . ل ٢٥٧ـ ٢٦٢.

(١) زەند, كەریم, كورتەی جوگرافیای كوردستان, چاپخانەی ئەزمەڕ, سلێمانی ,٢٠٠٠ , ل ١٩ـ ٢٠.

(٢) مدنی, س.پ, ص ١٧.

ئاووهەوای هەرێمەکانی دەکات بەچەشنێك ناوچەکانی باکوور زستانێکی سەختو درێژخایەنو هاوینێکی مام ناوەندیی هەیە، ناوچەکانی ناوەندییش ئاووهەوای میدترانەو بەشی باشووریشی دەشتاییو ووشك نیوە سەحرایی و گەرمە. ڕێژەی بارانی ساڵانە لەناوچە دەشتاییەکان دەگاتە ٤٠٠ ملل، بەڵام ناوەندیی باران لە دوڵو مێرگدا بۆ ٢٠٠٠-٣٠٠٠ ملل دەڕوات،جیاوازی نێوان بەرزترین پلەی گەرمای هاوینو نزمترین سەرمای زستان خۆ دەدات لە ٧٠ تا٨٠ پلەی سەدی[١].

لەچاو ناوچەکانی دی ئێراندا کانیاوی کوردستان کەمتر وشك دەکەن، چونکە چەند رووبارێکی تێدایە وەك رووبارەوکانی قزڵ ئووزون (سفیدرود)، زێی بچووك، جەغەتوو، کەڵۆی، تەتەهو. گۆلی ورمێ کەسنووری باکووری کوردستانی ئێران دیاریدەکات رووبەرەکەی ٦٠٠٠کم٢یە[٢]، گولی (زرێبار)یش کەدەکەوێتە مەریوانەوە گرنگی خۆی هەیە، هەروەها چوار بەنداوی گرنگ لەکوردستاندا هەن بەناوی قشلاق لەسنە، سارو قامیش لەبۆکان، نوروزلو لەمیاندواوو بەنداوی مهاباد کەجگە لەدابینکردنی ئاوی خواردنەوە، نزیکەی ٨٠ هەزار هکتار زەوی کشتوکاڵی پێ ئاو دەدرێتو تێکڕا ٩٪ گەنجینەی ئاوی ئێران پێکدەهێنێت[٣].

کوردستانی ئێران لێڕەوارو جەنگەڵو دەشتی زۆرن، لەبەر ئەوە بۆ ئاژەڵداریو کشتوکاڵ گرنگیەکی تایبەتی هەیە، پتر لەچوار ملیۆن هکتار دارستان ناوچەکانی گۆڵی ورمێ تاکو لوڕستان دادەپۆشێت، دارستانی چڕنین، چونکە لەبەر بێ سووتەمەنی دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان دار دەسووتێنن، ئەوەش کارێکی خراپی کردۆتە سەر ئەو سامانە سروشتییە[٤].

کوردستانی ئێران لەسامانی ژێر زەویدا دەوڵەمەندە، نەوت لەکرماشانو شائاباد، زیو لەماکۆ، زێڕ لەباشووری کرماشان، کبریت لەسنەو ئاسنو جیوەشو چەندەها کانزای تری هەیە[٥]، ئەمەش فاکتەرێکی باشە بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی پتەو لەو ناوچەیەدا لەلایەن هەر لایەکەوە بە نیازێکی پاكو بەرنامەیەکی زانستییانە کاری بۆ بکات.

---

(١) Ghassemlou, op.cit.P.107

(٢) Ibid.p.107

(٣) مدنی، س. پ. ص١٨.

(٤) Ghassemlou, op.cit.P.107

(٥) قاسملو، س.پ، ص١٨-١٩.

## باسی دووەم: تێڕوانینێکی مێژوویی لەتێکۆشانی کوردەکانی ئێران لە پێناوی ئازادیو مافی نەتەوایەتیدا پێش هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانیی

یەکێك لەئاکامە گرنگەکانی شەری چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤ز دابەشکردنی کوردستان بوو لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی سووننی کەدەسەڵاتی خۆی بەسەر مەزنترین بەشی باکوورو ناوەندا سەپاند، هەروەها دەوڵەتی سەفەویی شیعە کە دەسەڵاتی بەسەر بەشی کوردستانی ئێراندا مایەوە، ئەو بەشەی لەو کاتەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی فارسدا (ئێرانی ئێستا) لەقاڵبدراو دوای سەفەوییەکانیش کەوتە ژێر نفوزو بندەستی حکومەتە شاهەنشاهییە یەك بەدوایەکەکانی ئێرانو تانوکەش دۆخی سیاسیی خۆی نەگۆڕیوە. لەساڵی ١٦٣٩داو بەپێی رێکەوتنامەی (زەهاب)، هەردوو دەوڵەت لایەکیان لەکێشە سنوورییەکانیان کردەوە دانیان بەیەکترداناو شێوەکی فەرمییان بەدابەشکردنەکە بەخشی، ئەو سنوورەی کە لەبەری ئێرانەوە تائێستا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بۆیە هەندێك وا دەبینن کەدەتوانرێت ئەم مێژووە بەسەرەتای داهێنانی چەمکی (کوردستانی ئێران یاخود کوردەکانی ئێران) بدرێتە قەڵەم[1].

گەلی کورد لەکوردستانی بندەستی ئێران بەدرێژایی چاخی نوێ، جگە لەماوەیەکی کەم نەبێت[2]، لەژێر فشارو ستەمی حکومەتە ناوەندییە یەك لەدوا یەکەکانی ئێراندا بووە، سەفەوییەکان (١٥٠٢-١٧٣٦)، نادرشای ئەفشار (١٧٣٦-١٧٤٧)، قاجارییەکان (١٧٩٦-١٩٢٥)، ئەمانە هەموویان بێ جیاوازییو لەسۆنگەی پێکهاتەی مەزهەبییو شێوازی حوکمی رەهاو ململانێیان لەگەڵ ئەودیو سنووردا، سیاسەتێکی خوێناوییو

---

(1) اعضاء اللجنة الاستشارية في وزارة الخارجية، دراسة حول امريكا والغرب والقضية الكوردية في العراق وتركيا وايران، ب. م.، ب. ت، ص ٥٠.

(2) ئەو ماوەیەی حوکمی کەریم خانی زەند (١٧٦٠-١٧٧٩) کەکوردێکی لەکی سەر بەعەشیرەتی زەندیی نیشتەجێی باشووری کوردستانی ئێرانە. کەریم خان لەبەر خواپەرستییو سروشتی باوکسالاریی، خۆی بەشاهەنشای ئێران نەناساند، بەڵکو پێی وابوو دەسەڵاتدار نوێنەرو خزمەتکاری خەڵکە، هەر بۆیە ناوی خۆی نا (وکیل الرعایا). شایەنی باسە، هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە یەکدەگرنەوە کەقۆناغی حوکمی کەریم خان، قۆناغی ئاسایشو دادپەروەرییو چاوپۆشینە بەجۆرێك لەمێژووی ئێرانی نوێدا بێ هاوتابووە. بڕوانە:
سمنان، پناهی، کریمخان زند، نیکوترین زمامدار ایران، نشرندا،چاپ صنوبر، تهران،١٣٧٥ش.

سەرکوتکەرانەیان گرتۆتەبەر بەمەبەستی مل پێ کەچکردنی گەلی کوردو هەڵسوراندنیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ناوەند[١]، جێی سەرنجە هەر وێرای دڕیی و سیاسەتی توندوتیژیی ئەو حکومەتانە، گەلی کورد چەندی بۆ کرابێت بەرپەرچی داونەتەوەو ئامادەباشیی بەرگریی و هەڵسوڕانی هەبووە تا سەربەخۆیی ناوخۆیی خۆی بپارێزێت بەتەواویی دەستبەرداری ئازادیی نەبێت، ئەو ئازادییە ناوخۆییەی لەسایەی میرنشینە کوردییە خۆجێیەکانی وەك (موکریان، ئەردەلان، برادۆست و لوڕستان) هتد، دەستەبەربوو تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم درێژەی کێشا[٢]، هەتا حکومەتی قاجاریی لەرێی هێزو پەلاماری سەربازییانە توانی کۆتایی بەم سەربەخۆییە بهێنێت و میرنشینەکان کوێر بکاتەوەو دامو دەستگاکانیان تێك و پێکدا، ئەو دامو دەستگایانەی لەقۆناغێکی مێژوویی دوورودرێژدا پێگەیشتبوون کەهەندێکیان بۆ سەدە ناوەنجییەکان دەگەڕایەوە.

بەمجۆرە حکومەتی قاجاری ئەو بەشەی کوردستانی بەدەسەلاتی ناوەندەوە لەتاران گرێداو کۆتایی بەدەسەلاتی شەرعی میرە کوردەکان و توێژاڵێکی بالای هەرەمی کۆمەڵگای کوردەواری هێنا، دەسەلاتی سیاسیی و حوکمی کوردستان کەوتە دەست (ئەوبێگانانەی بەفارسی قسەدەکەن) هەروەك لەدەستنووسی (تأریخ خسرو بنی اردلان)دا هاتووە کەدانراوی ئەو سەردەمەیە[٣].

پرۆسەی بەستنەوەی کوردستان بەتارانەوە بێ بەرگریی و کاردانەوە نەچووەسەر، شاراوەنییە لەزۆربەی ناوچەکان بەتایبەتیی هەورامان، راپەڕینی درێژخایەن بەرووی دەسەلاتدارانی حکومەتی ئێراندا تەقینەوە، ئەو راپەڕینانەی دامرکاندنەوەیان لەلایەن ناوەندەوە سانا نەبوو. لەراستییدا سەختیی و سروشتی چیایی هەندێك لەم ناوچانە تاڕادەیەکی زۆر لەبەرژەوەندی راپەڕیوەکاندا بوون. هەر بۆیە ناوچەی هەورامان لەم بارەیەوە پیلان و هەوڵەکانی حکومەتیان پوچەڵ کردەوەو تا قۆناغێکی درەنگتر لەدۆخێکی نیمچە سەربەخۆییدا مانەوە[٤].

---

(١) امین، صالح محمد، کوردو عەجەم، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی یەکەم، ١٩٩٢.

(٢) میرنشینی ئەردەلان تاساڵی ١٨٦٥ز سەربەخۆیی خۆی راگرت.

(٣) وەرگیراوەلە: احمد، کمال مظهر، دراسات في تأريخ ایران الحدیث والمعاصر، بغداد، ١٩٨٥،ص ٢٣٦.

(٤) المدرس، ملاء عبدالکریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، بغداد، ١٩٨٣،ل٨١-٨٢.

پێویسته ئەوەشمان لەلا ئاشکرابێت کە ئۆپەراسیۆنی رووخاندنی میرنشینە کوردییە خۆجێییەکان هاوکاتی قۆناغێك بوو کەتێیدا کۆمەڵی کوردەواریی تازە بەتازە لەئەنجامی بەستنەوەو تێکەڵاوبوونی ئابووریی کوردستان بەئابووریی جیهانیی سەرمایەدارییەوە لەدوای فراوان بوونی پرۆسەی (هەناردەو هاوردە)ی بازرگانیی دەوڵەتی قاجارەوە، ئاشنایی لەگەڵ جۆرێکی نوێی بەرهەمهێناندا پەیدا کردبوو، گەشەسەندنی بازرگانیی و هەنگاونان بەرەو مانیفاکتۆرەو درزبردنی پەیوەندییە سوننەتییەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتیی و لاوازبوونی ئابووریی لادێ و حاڵەتی خۆژێنیی و دەرکەوتنی ئابووریی و بازاڕو مامەڵە بە دراوو کەڵەکەبوونی لای دەوڵەمەندانی کورد، ئەوانەی داهاتەکانیان لەئاکامی ساغکردنەوەی زێدەبەرهەمە کشتوکاڵیی و ئاژەڵییەکانیان لەبازاڕەکانی ناوخۆو دەرەوەدا روو لەزیاد بوون بوو. هەربۆیە سەپاندنی دەسەڵاتی بێگانەو تێکدانی داموودەستگا خۆجێیەکان و سڕینەوەی رۆڵی توێژاڵێکی باڵای هەرەمی کۆمەڵگای کوردەواریی لەرووی سیاسیی و ئابوورییەوە گورزێکی توندی سرەواندە رەوتی ئەو گۆران و گەشەسەندنەی کۆمەڵ و تووشی شێواندن و سستیەکی درێژخایەنی کردو کاریگەرییەکی خراپی کردە سەر دواکەوتنی کشتوکاڵ و پاشەکشەی پیشەسازیی دەستکردو نەخەملینی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان و لاوازییان، بەجۆرێك سنووری چینایەتییان نەمەیت[1].

ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دییەوە سەپاندنی دەسەڵاتێکی بێگانە بەسەر گەلی کورددا، هۆکاری هاتنە سەر شانۆی شێوازێکی تری ستەم بوو، سەرباری ستەمی مەزهەبیی و ئابووریی، ئەویش ستەمی میلليی یاخود نەتەوایەتییە کەخۆی لەداگیرکردنی کوردستان و بێبەشکردنی گەلی کورد لەهەر مافێکی سیاسیی و ئیداریی و فەرهەنگیی دەدیتەوە بێ ئەوەی بەشدارییەکیان هەبێت لەدیاریکردنی ئەو بڕیارانەی چارەنووسی ئەوکات و ئایندەیانی دیاری دەکرد، ئەمجۆرە ستەمەی کە راستەوخۆ گەلی کوردی دژی دەسەڵاتی بێگانەی خۆسەپێنەر هاندەدا. ئەمەو وێڕای توندوتیژبوونی کێشەو ململانێی نەتەوایەتیی گەلانی ناوچەکەو پیرەپەککەوتە بوونی ئیمپراتۆرییەتە دەرەبەگایەتییە

---

([1]) قاسملو، س.پ، ل١٢٦ـ١٢٨.

تیوکراتییه زۆردارەکان وەك دیاردەیەکی جیهانگیریی دونیای هاوچەرخ، دوای ئەو زنجیرە گۆڕانکارییە ئابووریی و سیاسییانەی لەسەر شانۆی ئەوروپا هاتنەدی، بەتایبەتیی دوای شۆڕشی پیشەسازیی و پێکهاتنی دەوڵەتە ناسیونالە نوێیەکان، ئەو گۆڕانکارییانەی کەبێ کاریگەریی لەسەر گەلی کوردو دەرکەوتنی هۆشی نەتەوایەتییان تێنەپەڕی[1].

حکومەتی ئێرانیش کەلەرێگای هێزە سەرکوتکەرەکانیەوە دەسەلاتو دامودەستگاکانی لەکوردستان دەپاراست، وەلامی نارەزاییەکانی خەلکی بەشەبەیخونی سەربازیی و غافلکوژیی سەردارانی کورد دەدایەوەو ئەم شێوازە مامەلەیەی بەپێوەرێك دادەنا بۆ پێوانەی کارامەیی و لێهاتوویی لێپرسراوەکانی لەکوردستان کەلەئەدەبیاتی حکومەتدا شانازیی پێوە دەکراو بەناوی (لطائف الحیل، کمندی تدبیر، تدبیرات صائبە، وسائل ورسائل)و چەندەها زاراوەی بریقەداری تر ناودەبرا. هەر بۆیە کورتە سەرنجێك لەمێژوویی دەسەلاتی ئێرانیی سەپێنراو لەکوردستاندا بەسە تا ناوی ژمارەیەکی زۆر لە گەورە پیاوانی کوردمان بەرچاو بکەوێت کە لەلایەن لێپرسراوەکانی حکومەتەوە تیرۆر کراون، کەناودارترینیان: باپیر ئاغای مەنگوڕ، ئیسماعیل ئاغای شوکاك باپیری سمکۆ، حەسەن سولتان هەورامی یە[2].

---

([1]) ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج و سەرسورمانە هەلوێستی زۆربەی نووسەرە فارسەکانە سەبارەت بەدەرکەوتنی هۆشی نەتەوایەتیی گەلانی نەفارسی ناوچەکە بەگشتیی و گەلی کورد بەتایبەتیی، ئەم نووسەرانە بێئەوەی تێروانینێکی زانستییانە لەسەر نەتەوەو نەتەوایەتیی پێشکەش بکەن کاتێك باس لەهۆشی نەتەوەیی کوردو مافی نەتەوەویی کورد دەکرێت یەکسەر بە نوکەقەلەمێك و بەبەراوردکردنی یەك دوو وشە لەزمانی کوردیی و فارسیی کورد دەکەنە فارس. ئینجا باس لەیەکێتیی خاکی ئێران و نەژادی ئاریایی پاکی کوردو دەولەمەندیی فەرهەنگی فارس و برایەتیی ئیسلامیی و هاونیشتمانیی دەکەن. خۆکە دێتە سەرباسی جولانەوەکانی کوردو تێکۆشانی بەرچاوی ئازادییخوازانەی نەتەوەی گەلی کورد لەمێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێراندا، زۆر بەئاگاییەوە خۆیانی لێدەدزنەوەو تەنیا قسەیان ئەوەیە دەولەت لاوازبووەو بێگانە هاندەر بووەو ئەشراری ناوخۆش سوودیان وەرگرتووە، لەم نێوەدا تەنیا تێکستی مێژوونوسێکی وەك (کسروی) وەردەگرین کەدەلێت (( خراپترین تۆوی ناکۆکیی و دووبەرەکیی کە بێگانە لەرۆژهەلات چاندیان ئارەزووی سەربەخۆیی بوو.. دوای ئەوەی قسەی ئەوروپییەکانیش چوو بەگوێی کوردەکاندا، ئیتر لەوساوە زۆر حەز بەسەربەخۆیی دەکەن)). بڕوانە:

کسروي، احمد، تأریخ هیجده ساله اذربایجان، چاپ هشتم، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٣ش، ص٨٣.

([2]) بڕوانە: امین،س.پ، ل ل٢٤-٥١.

**ئەو سیاسەتە توندوتیژەی حکومەتی ناوەندیی و پێداگرتنی لەسەر تالانی کوردستان لەرێی سەپاندنی باج و پیتاك و سەرانەی جۆراو جۆر، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی شەپۆلی نارەزایی جەماوەریی کورد بەگشت چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانییەوە، زەحمەتکێشانی کورد چ لەشار یاخود لەلادێ، بەدەست لێپرسراوانی ئێرانییەوە داڕووتابوون، سەردارو سەرۆك عەشیرەتەکانیش لەدەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەند بێزار بوون، چونکە لەلایەن حکومەتەوە بەچاوی گومانەوە تەماشا دەکران و بەرژەوەندییان لێدەدراو سنووری جووڵانەوەیان لێ بەرتەسك کرابووەوە[1]، هەر بۆیە زەمینەی تەقینەوە بەرووی دەزگا سەرکووتکەرەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لەکوردستان لەبارو ئامادەباشییەکی کەم وێنە هەبوو بۆ جووڵانەوە بەمەبەستی ڕاماڵینی هێزەکانی حکومەت لەناوچەکەدا. ئەو ئامادەباشییەی لەهەلێکی گونجاو دەگەڕا تا لەسەر ئاستی ڕووداوەکان دەرکەوێت.**

**لەساڵی ١٨٨٠زدا ئەم هەلە بۆ گەلی کورد رەخسا کاتێك شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی، ئاڵای ڕاپەڕینی بەرزکردەوە، ئەو ڕاپەڕینەی بەخاڵێکی وەرچەرخان لەجووڵانەوەی رزگارییخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دادەنرێت لەدواچارەکی سەدەی نۆزدەهەمداو دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی یەکگرتوو و بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی کوردیی پێشکەوتووی بەرزکردەوە[2]، گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بەگەرمیی لەم ڕاپەڕینەدا بەشداربوون، عەشیرەتەکانی ناوچەکانی ورمێ و مەهاباد بەشێکی سەرەکیی هێزەکانی شێخێیان پێکدەهێنا، هەروەك کونسوڵی رووس لەتەبرێز**

---

**([1]) لەراستییدا مەزهەب لەم مەسەلەیەدا رۆڵی دەبینی، ئەگەر کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیی لە سۆنگەی مەزهەبیانەوە مەیلێکیان لەگەڵ ناوەندەوە هەبووایە, ئەوا کوردەکانی ئێران کە زۆربەیان سوننیی مەزهەبن ئەو پەیوەستەشیان نەبوو, بنەماڵەی قاجاریش کە خۆیان بە میراتگری سەفەوییە شیعە توندرەوەکان دەزانی، نەك هەر لە سۆنگەی دژایەتییکردنی مەزهەبیەوە بەڵکو لە ترسی کێشەو ململانێ چەند ساڵەی سیاسیی و سەربازیی لەگەڵ عوسمانییە سوننەکاندا کە زۆر جار لە ڕێگەی کوردەوە گرەوی لێدەبردنەوە, بە توندیی دژی دەسەڵات پەیداکردنی سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردبوو لە ئێراندا. هەر بەم راستییەش لەم دیاردەیە دەگەین لە کاتێکدا دەوڵەتی عوسمانیی کوردەکانی بە لای خۆیدا ڕادەکێشاو چەکداری دەکردن و بۆ فراوانخوازیی لە دەرەوەو پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ سوودی لێ وەردەگرتن, دەوڵەتی قاجاریی زوو زوو هێزی بۆ پەلاماری عەشیرەتە کوردەکان ئامادە دەکردو بەرەیەکی جەنگی لە کوردستاندا بۆ خۆی کردبۆوە. بڕوانە:هەمان سەرچاوە.**

**([2]) جلیلی جلیل, ڕاپەڕینی کوردەکانی ساڵی ١٨٨٠, وەرگێڕانی: د. کاوس قەفتان, بەغداد,١٩٨٧.**

روونی دەكاتەوە (تووڕەیی‌و بێزاریی لەناو هەموو ریزەكانی كوردی ئێراندا دەبینرا، ئەوانەی لەلایەن كاربەدەستانی حكومەتەوە بەتووندترین شێوە دەچەوسێنرانەوە.. هەر بۆیە دژی حكومەتی ئێران هاتوونەتە مەیدان‌و ((وەك رزگاركەرێك تەماشای شێخ دەكەن))[1].

هەروەك ئاشكرایە حكومەتی ئێران بەهاوكاریی‌و پاڵپشتیی هەندێ هێزی ناوچەیی‌و مەزن ئەم راپەڕینەی بەتوندی سەركوتكرد بەجۆرێك قوربانییەكانی كورد گەیشتنە نزیكەی ١٠٠ هەزار كەس، هێندەی تریش لەترسی تۆڵەی كاربەدەستان شارو گوندەكانیان جێهێشت‌و پەرتەوازەی چیاو چۆڵ بوون، هەر ئەو كات حكومەت زیاتر لە ٢٠٠ گوندی كوردستانی خاپوور كرد[2] هەمزە ئاغای مەنگوڕیش رابەری كوردەكانی ئێران كشایەوە ناوچە سەختەكان‌و ماوەیەكی زیاتر بەشێوازی (لێدەو هەڵێ) بەرگری درێژەپێدا تاوەكو لەلایەن كاربەدەستانەوە بەفێڵ‌و سوێندی درۆ كێشرایە مەهابادو تیرۆركرا[3].

حكومەتی ئێران، دوای سەركوتكردنی راپەڕینی ١٨٨٠ چاوی بەسیاسەتە هەڵەكانی سەبارەت بەكوردستان نەخشاندەوە، بەڵكو فشاری كاربەدەستان چەندی تر پەرەیسەند بەتایبەتیی لەرووی سەپاندنی باج‌وسەرانەی نوێترو گرانتر. ئەوسیاسەتە چەوتەی لەنێوان ساڵەكانی (١٨٨٦-١٨٨٨) گەیشتە لوتكە، ئاكامەكەشی لەدایكبوونی راپەڕینیكی نوێ بوو لەكوردستان، كەهەر زوو ناوچەیەكی فراوانی گرتەوە لەورمێ وە تا سەردەشت لەژێر سەركردایەتیی (بەدر بەگ‌و حەسۆ بەگی)ی جووتە كوڕی (حەسەن بەگ)ی سەرۆكی عەشیرەتی دەشت، ئەو حەسەن بەگەی پێشتر لەناو زیندانەكانی ئێراندا گیانی لەدەستدابوو. حكومەتی ئێران لەم كاتەدا كەهێزێكی پۆشتەو ئامادەی وای بەدەستەوە نەبوو راپەڕینەكە تێكبشكێنێت، بۆیە بەناچاریی ملی بۆ هەندێك لەداواكاری

---

([1]) جليلي جليل و اخرون، الحركة الكوردية فی العصر الحديث،ترجمة:عبدی حاجی، الطبعة الاولى،دار الرازي، بيروت، ١٩٩٢،ص٣٥.

([2]) سنندجی، ميرزا شكرالله، تحفه ناصري، مقابلة و تصحيح از د. حشمت الله طبيبي،چاپ اول، انشارات امير كبير، تهران، ١٣٦٦ش، ص٥٣١.

([3]) سيستانی، ايرج افشار، نگاهی به اذربايجان غربی، جلد دوم، چاپ اول، تهران، ١٣٩٦ش، ص٧١٧-٧٢٢.

راپەڕیوەکان دانەواندو بڕیارێکی دەرکرد (جیهانسۆز میرزا)ی حاکمی ورمیٚو (عیزەتوڵلاخان)ی حاکمی سەردەشتی لەکارخست[1].

پەرەسەندنی رەوشی شۆرشگێڕیی لەئێران لەسەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا، بەخێرایی لەسەر رووداوەکانی کوردستان رەنگی دایەوە، ناهەمواریی بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواریی لەسایەی ستەمی هەمەلایەنەی مەزهەبیی و نەتەوەیی و چینایەتییەوە هاندەرێکی سەرەکیی بوو کەگەلی کورد لەئێران ئامادەی بەشداریی هەر بزاڤێکی نوێخوازو شۆرشگێڕانە بێت شەقڵی رژێمی دواکەوتوویی قاجاری ئۆتۆکرات بگۆڕێت و فشاری حکومەتی ناوەندیی لەسەر کەمکاتەوەو هیچ نەبیٚ سەربەخۆیی نێوخۆیی دەستکەوێتەوە. هەر بۆیە گەلی کورد لەئێران بەشداریی بزاڤی مەشرووتەخوازییان (١٩٠٥-١٩١١ز) کردو قوربانییان بۆ سەرکەوتنیدا، ئەو بزاڤەی ئامانجی سنووردارکردنی دەسەڵاتی رەهای شاهەکانی قاجارو کۆتایهێنانی بەزوڵم و زۆری بیٚ لێپرسینەوەی کاربەدەستان بوو، ئەمەو جگە لەپێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانیی کە ریفۆرمی بوارە جیاکانی کۆمەڵگا بگرێتە ئەستۆو دژی ورووژم و دەستێوەردانی وڵاتە بیانییە سەرمایەدارەکان لە کاروباری ناوەخۆو دەرەوەی ئێران بووەستێت[2].

هەر لەهاوینی ساڵی ١٩٠٥دا بارودۆخی کوردستان شڵەقا لەئەنجامی تیرۆرکردنی جافەر ئاغای سەرۆك عەشیرەتی شکاك لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە لەشاری تەورێز. جافەر ئاغا سیمبولی قارەمانیی و بەرگریی کوردەکانی ئێران بووەو بە رابەری هەژاران و جوتیاران دەناسرا. هەر بۆیە ئەم رووداوە، شکاکەکان و زۆربەی عەشیرەتەکانی باکووری کوردستانی لەدەوڵەت راپەڕاند، لەناوچەکانی خۆی و ماکۆ نزیکەی ٣٠ هەزار جەنگاوەری کورد لەژێر سەرکردایەتیی (عیزەتوڵلا خان) چوونە ریزی مەشرووتەخوازانەوە. شارەکانی ورمیٚ، سابلاغ و سەلماس هاوکارییەکی زۆر مەشرووتەخوازانیان کرد. لەزۆربەی شارەکانی تری کوردستانیش هێزەکانی حکومەت

---

(1) خالفين، ن. أ، الصراع على كردستان. المسألة الكردية في العلاقات الدولية خلال القرن التاسع عشر، ترجمة: الدكتور أحمد عثمان ابوبكر، بغداد، ١٩٦٩، ص١٧.

(2) ايوانوف م.س, انقلاب مشروطه ايران, ترجمة: كاظم انصاري, انشارات بابك, تهران, ١٣٥٤ش.

**راماڵران‌و دەستگا سەرکوتکەرەکان پێچرانەوەو لەوشوێنانە کۆمیتەی شۆرشگێڕ (انجمن) پێکهاتن. ئەرکی ئەو کۆمیتانە پاراستنی دەستکەوتەکانی مەشرووتەو وەستان دژی گەڕانەوەی دەستگا سەرکوتکەرەکان‌و بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکان بوو، ئەو کۆمیتانەی بوونە فێرگەی سیاسەت‌و یەکەم نموونەی راستەقینەی بەشدارییکردنی جەماوەری شارەکانی کوردستانن لەبەڕێوەبردنی شارەکانیاندا[1].**

**گرنگترین کۆمیتەکانی کوردستان بریتییبوون لەکۆمیتەکانی شارەکانی سەقز، کرماشان، سنە،بۆکان‌و کۆمیتەی سابلاغ کەلەلایەن یەکێك لەکەسایەتییە ناودارەکانی شارەکەوە کە (قازیی فەتاح)ە، رابەرایەتی دەکرا، شایەنی باسە کۆمیتەی شاری سەقز کەپەیوەندییەکی پتەوی بەکۆمیتەی شاری تەورێزەوە هەبوو لەرووی داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردەوە لەکۆمیتەکانی دی چالاك تر بوو[2].**

**بەپێی وتەی (لازاریف)، هەر دوای سەرهەڵدانی بزاڤی مەشرووتەخوازیی، کۆمەڵێك لەسەرۆك‌و گەورە پیاوانی کورد مەزبەتەیەکیان بەناوی (دەستووری کوردی) پێشکەشی شای ئێران کرد، بەڵام بیٚ هیچ وەڵامێك تێپەڕی[3].**

**شایەنی باسە هەندێك لەعەشیرەتە کوردەکان رۆڵی بەرچاویان لەبزاڤەکەدا بینی، بەتایبەتیی عەشیرەتەکانی بەگزادە، کەلهوڕ، بەختیاری‌و عەشیرەتەکانی گەروس‌و ناوچەکانی نێوان زنجان‌و هەمەدان، هەروەها لەریزەکانیدا کەسایەتیی کوردیی واهەڵکەوتوون کەپێشڕەویی چارەنووسسازی هێزەکانی مەشرووتەخوازیی بوون، بۆ نموونە (یار موحەمەد خانی کرماشانیی‌و حوسێن خانی کوردیی) ئەو دوو رابەرە مەشرووتەخوازە کاتێك ئاڵای مەشرووتەخوازییان لەکرماشان بەرزکردەوە (کۆتایی ساڵی ١٩١١) بزاڤەکە لەناوچەکانی دی ئێران تێکشکابوو[4].**

---

**([1]) سەردەشتی. یاسین خالد، گەلی کوردو بزاڤی مەشروتە خوازی لە ئێران (١٩٠٥-١٩١١ز) پێداچونەوەو پێشکەشکردنی: دکتۆردلێر ئیسماعیل شاوەیس، کوردستان، ١٩٩٩. ل ل٣٣-٤٠.**

**([2]) قاسملو, س.پ, ل ٥١, احمد, س. پ, ل ٢٤١.**

**([3]) جلیلی جلیل و اخرون, س.پ, ل٥٩.**

**([4]) سەردەشتی, س. پ, ل ل ٣٩-٤١.**

هەرچۆنێك بێت، بەشدارییکردنی گەلی کورد لەبزاڤی مەشرووتەخوازییداو ئەو شێوازو هۆکارو هاندەرانەی پێی بەدیهات. بەئاوێتەبوونی لەگەڵ داواکارییە نەتەوەیی و تایبەتیەکانی گەلی کورد، بەڵگەی سروشتی ئازادیخوازانەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردمان دەداتە دەست، جگە لەوەی ئەو راستییەمان بۆ روونده‌کاتەوە کەپەیوەندییەکی تووندوتۆڵ لەنێوان جووڵانەوەکەو خەباتی دیموکراتخوازیی سەرتاسەریی ئێرانییدا هەیە، چونکە هەر گۆڕانێکی دیموکراتییانە لەناوەند بەقازانجێکی مەزن بۆ تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لەئێران دەگەڕێتەوەو قۆناغێك لەبەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان نزیکی دەکاتەوە.

هەر لەم ماوەیەدا بوو کە کەسایەتیی ناودارو رۆشنبیری سیاسییی کورد (عەبدولرەزاق بەدرخان) هاتە باکووری کوردستانی ئێران و لەسەرەتای بەهاری ۱۹۱۱ دا گەشتێکی بەناوچەکانی خۆی و ماکۆو قوتوردا کردو چاوی بەهەندێك لەسەرۆك عەشیرەت و پیاوماقوڵانی کورد کەوت و داوای هاوکاریی لێکردن بۆ بەدیهێنانی بەرنامەکەی کەخۆی لەپێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەرووسەکان دەبینییەوە. [(١)] بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵەیەکی سیاسییی و رۆشنبیریی لەژێر ناوی (جیهاندانی) لەسەرەتای ساڵی ۱۹۱۳دا بەیارمەتی (سمکۆ) سەرۆك عەشیرەتی ناوداری شکاك دامەزراند. ئەم کۆمەڵەیە خوێندنگایەکی لەشاری خوی لە ۲۱ی تشرینی یەکەمی ۱۹۱۳دا کردەوە، کە بۆ یەکەم جار منداڵانی کورد تیایدا دەیانتوانی بەزمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن. هەر بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێك گێڕدرا کەتیایدا عەبدولرەزاق و سمکۆ وتاریان پێشکەش کردو بەگەرمی سوپاسی هاوکاریی رووسیایان کرد. ئەم هەوڵانەی سمکۆو عەبدولرەزاق تارادەیەك رۆڵیان لەقووڵ بوونەوەی هۆشی نەتەوەیی و گەشەی رۆشنبیریی کوردی نوێدا هەبوو [(٢)].

لەگەڵ هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی یەکەمیی جیهانیی (١٩١٤-١٩١٨)، کوردستانی ئێران بەهۆی گرنگی شوێنی ستراتیجیی و سەربازیی و لۆجستییەوە، بووە مەیدانی شەڕو تەراتێن و پێکهەڵپرژانی هێزە شەڕکەرەکان و زیاتر لەجارێك لەنێوان ئەو

---

(١) جليلي جليل, نهضة الاكراد الثقافية و القومية, ترجمة بافى نازى و د. ولاتو, دارالكاتب,بيروت،١٩٨٦، ص٦٨.

(٢) هـ. س, ص٧٦.

**هێزە داگیرکەرانەدا ئەم دەستو ئەو دەستی پێکرا، هەرلایەو لەهەوڵی ڕاکێشانی گەلی کورد بوو بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی[1]. بەڵام لەم مەیدانەدا عوسمانییەکان و ئەڵەمانەکانی هاوپەیمانیان زیاتر گرەویان بردەوە. هەرچی گەلی کوردیشە نەیدەتوانی دورەپەرێز لەئاگری ئەو شەڕە بمێنێتەوە کەسەرتاپای ناوچەکەی گرتبۆوە، هەروەك ئاشکرایە لەسەرەتادا عوسمانییەکان پێشڕەوییان کردو زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان داگیر کرد، بەهاندانی ئەوان لەشاری کرماشان حکومەتێك بەناوی (حکومەتی نیشتمانیی) پێکهات کە (نیزام ئەلسەڵتەنە)ی حاکمی لورستانیان کردە سەرۆکی، ئەم حکومەتە پەیوەندیی لەگەڵ ئازادییخوازەکانی تاراندا هەبوو، ئامانجیشی ڕزگارکردنی ئێران لەداگیرکردنی سوپای ڕووسیی و بەریتانیی و لابردنی حکومەتی قاجاریی بوو[2].**

**شایەنی باسە مانەوەی عوسمانییەکان لەناوچەکە زۆری نەخایاند کاتێك ڕووسەکان لەسەرەتای کانوونی دووەمی ١٩١٥وە هێرشێکی پێچەوانەیان دەستپێکردو سوپای عوسمانییان ڕاماڵی و بەرەوشارەکانی کوردستان کشان. لەماوەیەکی کەمدا ورمێ، خوی، سابلاغ، شنۆ، بانەو سنەیان داگیرکرد، لەشوباتی ١٩١٦دا چوونە شاری کرماشانەوە، سوپای ڕووس لەم هێرشانەدا کوشتارێکی زۆری لەخەڵکی بێدیفاعی ناوچەکە کرد کە تاماوەیەکی زۆریش لەبیری خەڵکەکەدا نەسڕابوونەوە.[3] سوپای عوسمانییش تا لەکوردستاندا بوون لەم ڕووەوە کەمتەرخەمییان نەکرد، هەر بۆیە خەڵکی کوردستان زۆرجار بەناچاریی و لەپێناو بەرگری لەگیان و ماڵیان پەنایان دەبردە بەر هێزی چەکدارو بانگەشەی دژایەتیکردنی هێزی داگیرکەرو مل دانەنەواندنیان بۆ ئارەزووەکانیان دەدا، ئەمەش ڕقی هێزە داگیرکەرەکانی هەڵئەساندو ئەوەندەی دی دڕی ئەکردن. دیارە هەر**

---

(1) احمد. كمال مظهر , كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى, ترجمة: محمد الملا عبدالكريم. بغداد, الطبعة الثانية, ١٩٨٤.

(2) سیستانی, س. پ, جلد اول, ل٤٥٧.

(3) ئەم توندوتیژییە بە ڕادەیەك بوو. چەند ساڵیش دوای کۆتایی هاتنی جەنگ باوکانی کورد هەر بیانگوتبا( روس هات) کام منداڵەیان لاسارو هارو هاج بووایە، خێرا خۆی دەخزاندە باوەشی دایکیەوەو لە ترسان خەوی لێدەکەوت. بڕوانە: متی, دانیال, رویدادهای اورمیه و کردستان شمالی – دیسامبر ١٩١٧ تا ژوئیه ١٩١٨ در ارشیو های نظامی فرانسه, مطالعات کردی –مجله, شماره١, دی ١٣٦٢. ص٣٤.

لەبەر ئەم هۆیە بوو (ئیبراهیم بەگ)ی سەرکردە هێزەکانی عوسمانیی هەستا بەلەداردانی ژمارەیەك لەپیاوە ناسراوەکانی کوردی وەك: شێخ بابا سەعید غوس ئابادی لەسابلاغ، سەیفەدین خانی سەقزی، موحەممەد حسێن خانی موکری‌و محەمەد خانی بانە[١].

هەروەها کاتێك سوپای رووس گەڕانەوە ناوچەکەو بەو رەقییە مامەڵەیان لەگەڵ گەلی کورد کرد، ژمارەیەك لەپیاو ماقوڵانی کوردو عەشیرەتەکانی کوردستان بەرەنگاریان بوونەوە، قازیی فەتاح لەسابلاغ لەسەر هەڵوێستی دژ بەڕووس لەدار درا[٢]، کۆنفدراسیۆنی عەشیرەتەکانی (بلباس) سەرەتا لەژێر رابەرایەتی (حاجی مەلا عەبدوڵلا پشدەری)و دواتر (کوێخا رەسووڵ حەوێزی) بەتوندیی دژی هێرشی رووسەکان لەخانە بەرگریان کردو زەرەرێکی زۆریان گەیاندنێ. [٣] دوای گرتنی کرماشانیش لەلایەن رووسەوە عەشیرەتی (لەك پیرەوەند) لەپەلامارێکیدا بۆسەر هێزەکانی رووس نزیکەی ٣٥٠ سەربازیان لێ خستن، عەشیرەتەکانی دی ناوچەکە وەك (داود خانی، کەلهورو سنجاوی) لەژێر سەرکردایەتیی (حسێن قولی خان)دا کۆبوونەوەو بۆ بەرگری لەناوچەکانیان بەرسنگی هێزەکانی رووسیان گرت[٤].

هەرچۆنێك بێت، کوردستانی ئێران لەئەنجامی ئاگری شەڕو کاولکاریی هێزە شەرکەرەکان تووشی وێرانییەکی کەموێنە هات‌و زیانێکی زۆری گەیشتێ، هەروەك (پژمان) دەڵێت: (هەر لەماکۆوە هەتا لورستان بووە کەلاوە))[٥]، برسێتیی‌و قات‌و قریی‌و تیاچوونی هێزێکی مادیی‌و مرۆیی مەزن ئەنجامێکی خراپی جەنگەکە بوو، بەڵام دەشکرێت بووترێت کە رووداوەکانی جەنگ تاڕادەیەکی باش کاریان کردە سەر هەژاندنی بیر نەتەوایەتی‌و فراوان بوونی هۆشی سیاسییی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتییی دوای هێور بوونەوەی بارودۆخەکە چالاکیەکی باش لەنێو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی کوردو سەرۆك عەشیرەتەکاندا دەبینرا، بۆنموونە: لەدوا ساڵەکانی

---

(١) توکلی، محمد رئوف، کردستان، جغرافیا وتأریخ بانه، چاپ دوم، ١٣٦٣ ش، ص ١٧٤.

(٢) احمد، کردستان في سنوات...، ص٢٠٣.

(٣) محمد، محمود احمد، مێژووی بلباس لەکۆنەوە تائەمرۆ، بەرگی یەکەم، سلێمانی ،١٩٨٩، ل١١٠.

(٤) وردی، محمد توفیق، الاکراد الفیلیون في التأریخ، القسم الاول، مطبعة اللواء، ب.ت، ص٣٦-٣٧.

(٥) پژمان، عیسی، کردها و کردستان، جلد دوم، سیاسی، انتشارات ژن، پاریس، شهر یورماه، ١٣٣١ش،ص٨٢.

جەنگدا (سەید تەهای شەمزینی) کورەزای شێخ عوبەیدوڵلای نەهریی بەیارمەتی سمکۆ لەباکووری کوردستانی ئێران کۆمەڵەی (ئیستخلاصی کوردستان)یان بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دامەزراند، جگە لەمە سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد لەناوچەکانی ئەردەڵان و کرماشان کەوتبوونە جموجۆڵ و چالاکانە تر بەشداریی ڕووداوەکانیان دەکرد، بەتایبەتیی لەو دەمەی ڕووسەکان گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی کەپێویستە سیاسەتێکی نەرم و گونجاوتر بەرامبەر کوردەکان بگێڕێتەبەرو حیسابێك بۆ ئاوات و خواستە نەتەوایەتییەکانیان بکرێت[1].

کێشەی نەتەوایەتیی کورد ڕاستەوخۆ دوای کۆتایهاتنی جەنگ و پاشەکشەی ئایدۆلۆژیی عوسمانییزم لەئەنجامی دۆڕاندنی دەوڵەتی عوسمانیی و تەسلیم بوونی بەپێی پەیمانی مۆدرۆس لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨داو لەبەریەك هەڵوەشاندنی ئیمپراتۆرییەکە، وەك مەسەلەیەکی سیاسییی بەرچاو لەسەر شانۆی ڕووداوەکان خۆی سەپاند، نەتەوەخوازەکانی کوردیش وەك نەتەوەخوازەکانی گەلانی دی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتنە خۆو هەوڵیاندا پەیوەندی بە هێزە سەرکەوتووەکانی جەنگەوە بکەن، تا بەڵێنەکانیان لەمەڕ نەتەوە بندەستەکانی ناو ئیمپراتۆریی عوسمانیی بەجێ بگەیەنن و لەکاتی داڕشتنەوەی جوگرافیای سیاسییی ناوچەکە مافیان لەبەرچاو بگیرێت و ئەوانیش وەك میلەتانی تری ناوچەکە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان پێکبهێنن[2].

ڕاستە کە قورسایی ئەم هەوڵ و تەقەڵایە زیاتر لەبەشی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیی هەڵوەشاوبوو بەحوکمی هەندێك فاکتەری خۆیی و بابەتیی، بەڵام کوردەکانی ئێرانیش دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتبوون و ڕۆڵی تەماشاکەریان نەدەدیت، بەتایبەتیی لەم وەختە ئاڵۆزەدا کەکێشەی کورد لەنێو کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا بیروڕای جیاوازی لەبارەوە پێشکەش دەکرا، حکومەتی ئێران لەجیاتی ئەوەی بەرنامەیەکی نوێی سەبارەت بەمامەڵە کردن لەگەڵ کوردەکانی بندەستی خۆی هەبێت کەلانی کەمی مافە

---

(1) لازاریف، م.س، کێشەی کورد(١٨٧٦-١٩١٧)، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٨٩،ل٥٦.

(2) صابر، سروە اسعد، کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی الی نهایة مشکلة الموصل(١٩١٤-١٩٢٦). دراسة تأریخیة وثائقیة، رسالة ماجستیر مقدمة الی کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین،١٩٩٩.

نەتەوایەتییەکانیان بۆ دابین بکاتو ستەمی مەزهەبیان لەسەر لابەرێت، کەچی کەوتبووە چالاکی دبلۆماسیی تا ئامانجە فراوانخوازییەکانی لەسەر حسابی کێشەی کورد چنگ بخات. کورتەی باس دپلۆماسیەتی لاوازو هەڵپەرستی ئێران دەیویست بەپاڵپشتی بەریتانیا، کوردستانی باکوورو ناوەندیی ژێر دەسەڵاتی کۆنی عوسمانیی قووت بدات بەو بیانووەی گوایە کوردستان پارچەیەکە لەئێرانو کوردیش ئێرانینو دەتوانن زیاتر لەسایەی حکومەتی ئێرانییدا بحەوێنەوە، ئەو هەوڵەی کەلەلایەن بەریتایناوە پشتگیری لیٚ نەکرا ،چونکە جگە لەچاوتێبرینی خودی بەریتانیاو ململانیٚ هەرێمیی و نێودەوڵەتیی لەسەر ناوچەکە، بەریتانیا پێی وابوو کەحکومەتی ئێران بەفەرمیی لایەنێکی جەنگ نەبووە، لەوەش زیاتر بەریتانییەکان لەو باوەڕەدا بوون کەحکومەتی ئێران لەئاستی بەڕێوەبردنی کوردستانەکەی بندەستی خۆیدا نییە چ جای ئەوەی کوردستانی عوسمانییش بگرێتە خۆی[1].

لەلایەکی تریشەوە، رووداوەکانی تری جیهانییو ناوچەییو هەرێمیی، وەك شۆرشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەرو بڵاوکردنەوەی چواردە بەندەکەی سەرۆك ویڵسن کەئاماژە بۆ مافی نەتەوایەتیی گەلانی بندەست دەکات، هەروەها بەندەکانی پەیمانی سیڤەر لەمەڕ مافی نەتەوەیی گەلی کوردو چالاکییو تەقەلاکانی شێخ مەحموود لەکوردستانی باشوور، ئەمانەو راپەڕینە شۆرشگێڕەکانی تری ئێران لەگەیلانو مازندەرانو ئازەربایجان دژی حکومەتی ناوەندیی، هەموویان بەڕادەی جیاواز کاریگەریی تایبەتییان لەهاندانو جۆشدانی خەباتی نەتەوایەتیی لەکوردستانی ئێراندا هەبوو. بەتایبەتیی دوای ئەوەی لەکوردستانی ئێران بەتایبەت بەشی باکووری، بۆشاییەکی سیاسییو سەربازییو ئیداریی پێکهاتبوو. لەئەنجامی کشانەوەی سوپای رووس بەهۆی شۆرشی ئۆکتۆبەرو چۆڵکردنی سوپای عوسمانیی بەهۆی شکستی لەجەنگداو نەبوونی هێزێکی رێكو پێکی حکومەتی ناوەندیی ئێران لەناوچەکەدا. ئەم بۆشاییە دەرفەتێکی باشی رەخساند بۆ جووڵانەوەو کاری سیاسییو چەسپاندنی دەسەڵاتی سەردارانو سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد بەسەر ناوچەکانیاندا، ئەوانەی

---

[1] سەردەشتی، یاسین، کێشەی کوردو بیٚ هودەیی دیپلۆماسیەتی ئێرانی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، گۆڤاری رێبازی خوێندکاران، ژمارە ٣٣، سلێمانی،ساڵی ٢٠٠٠، ل٤١_٤٦.

ئامادەبوون بەتوندییی دژی هەر هەوڵێکی گەڕانەوەی دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ ناوچەکە بوەستنەوە.

هەر راستەوخۆ دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، کاتێك هێزەکانی حکومەتی ئێران گەڕانەوە شاری سابلاغ لەگەڵ گروپێك لەکوردەکانی شار کەلەساڵانی جەنگدا لەژێر کارتێکردنی ئەفسەرەکانی رووسیی لایەنگری حیزبی سۆسیال دیموکراتی رووسیەدا، خۆیان بە (بەلشەفیك) زانیوە، پەلاماری یەکیاندا، ئەم گروپە لەلایەن (حەمە هەتیو) کەکوردێکی سابڵاغی بوو رابەرایەتی دەکرا، دوای هەڵگیرسانی شەڕێکی قورسو کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لەهەردوولا حەمە هەتیو لەپشت سەربازخانەی شارەوە دەکەوێتە گەمارۆی هێزەکانی دەوڵەتیی و پاش شەڕێکی قارەمانانە کوژراوە[1].

لەناوچەی سنەش (عەبباس خان سەردار رەشید کوری موحەممەد خان) کەیەکێك بوو لەکورەزاکانی (ئەمانوڵڵاخان)ی دوا میری میرنشینی لەناچووی ئەردەڵان دژی حکومەتی ناوەندیی راپەڕیو بەهاوکاریی سەرۆك عەشیرەتە ناودارەکانی ناوچەکە وەك (حسێن خان، جافەر سوڵتان، مەحموود خانی کانی سانانو مەحموودی خانی دزلی) دەسەڵاتی خۆی لەناوچەکانی نێوان کرماشان، سنەو رەوانسەردا چەسپاند، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە (شەریف ئەلدەولە) کرا بەحاکمی سنە، ئەم پیاوە سەرەتا بەسوێندی درۆو قسەی لووس لەشوباتی ١٩٢٠ سەردار رەشیدی خستەداوو بەدەست بەسەری رەوانەی زیندانەکانی تارانی کرد. دواتر بەتوندیی دژی لایەنگرانی وەستاو پەرتەوازەی کردن[2].

لەناوچەی سەقزیش کاتێك کۆنسوڵی بەریتانی لەتەمووزی ١٩١٨زدا گەشتێکی بەناوچەکەدا کرد، سەردارانی عەشیرەتی موکری پێشوازیان لێکردو پێشنیازی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیان لەژێر چاودێریی بەریتانیادا خستە بەردەم[3].

---

(1) بلوریان، غەنی، ئاڵەکۆك: بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم، ١٩٧٧، ل١٤.

(2) سردشتي، ياسين، سردار رشيد.. ذلك الثائر العنيد من شرق كوردستان، مەتین، مجلة سياسية ثقافية شهرية تصدرها الفرع الاول الحزب الديمقراطي الكوردستان، العدد٨١، تشرين الاول١٩٩٨،ص ١٠٨-١١٧.

(3) هـ. س ، ل١١٠-١١١.

بەرچاوترین جووڵانەوەی ڕزگارییخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییی خۆی لە تێکۆشان و خەباتی سمکۆی شکاك (١٩١٩-١٩٣٠) دەبینێتەوە کە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بوو، سمکۆ کە کەسایەتیەکی ناودار و جەنگاوەرێکی لێهاتووبوو، خاوەنی پێشینەیەکی درێژی چالاکیی نەتەوەیی و دژایەتییکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی بوو، سمکۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانیی باش دەناسین. هەر لە بنەماڵەی خۆی ئیسماعیل ئاغای باپیرە گەورە و جافەر ئاغای براگەورەی، بە پیلانی کاربەدەستانی حکومەت لە نێوبرابوون. هەر بۆیە ئاگری تۆڵە و خەباتی نەتەوەیی لە جووڵانەوەکەیدا تێکەڵ بەیەك ببوون بە جۆرێك هیچ دەرفەتێکی لە کیس خۆی نەدەدا تاکو زەبری توند لە کاربەدەستانی حکومەت بوەشێنێت. لەلایەکی ترەوە ئاشنایی و پەیوەندیی بەتینی لەگەڵ ڕابەرانی نەتەوەیی پارچەکانی تری کوردستان وەك (شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، عەبدولرەزاق بەدرخان، سەید تەها شەمزینی، شێخ مەحموودی بەرزنجی، خالد بەگی جوبرانلی) ئاسۆی بیری نەتەوەیی فراوانتر کردبوو، کە زۆر جار باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی مەزنی دەکرد[١].

بەهەرحاڵ هەر دوای شکستی هەوڵێکی حکومەتی ئێران بۆ تیرۆرکردنی سمکۆ لە نیسانی١٩١٩دا، ئەم رابەرە ڕاپەڕینی سەرتاسەرییی دژی حکومەتی ناوەندیی ڕاگەیاند. دوای ئەوەی لە زنجیرەیەك شەڕو پێکداداندا هێزەکانی حکومەتی تەفروتوناکرد، ناوچەیەکی فراوانی ڕزگار کرد، هەر لە گۆمی ورمێ تاسنووری تورکیا و لەوێوە بەرەو خوار هەتا شارەکانی سابڵاغ و سەقز و بانە، عەشیرەتەکانی ناوچەکە چونە ڕیزی ڕاپەڕینەکە و هێزی چەکداریی گەیشتە ١٠٠٠٠جەنگاوەر. هەروەها سمکۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی کوردیی لەناوچەکەدا دامەزراند و شاری ورمەێی کردە ناوەند، لەگەڵ ئەو دەستکورتییەی کە دەسەڵاتەکەی تێدا بوو، ڕۆژنامەیەکی بەناوی (ڕۆژکرد شەوعجم)

---

(١) لەئایاری ١٩١٩دا سمکۆ سەید تەهای ئەمزینی نارده بەغدا تا لەگەڵ ئینگلیزەکاندا وتووێژ لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵیی لەهەرێمەکانی کوردستانی ئێران و تورکیادا بکات کەلەژێر چاودێریی بەریتانیادا بێت. بڕوانە: المس بيل، فصول في تأريخ العراق القريب، ترجمة د. جعفر الخياط، بغداد١٩٧١،ص٢١٣.

وەك ئۆرگانێكی حكومەتەكەی بلأودەكردەوە، ئەو ڕۆژنامەیەی دواتر ناوەكەی گۆڕا بۆ (ڕۆژ كرد) و دواتر بۆ(كرد) [1].

لەوەش زیاتر سمكۆ بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەواییەكانی پەیوەندیدبلۆماسیی بە توركەكان و ئینگلیزەكان و دواتریش بە رووسە بەلشەفییەكانەوە كرد[2].

سمكۆ لەنامەیەكیدا كەبەبۆنەی سەركەوتنی بەسەر هێزەكانی ئێرانیدا لەشەڕی میاندواودا كە ناردوویەتی بۆ (زەفەر ئەلدەولە)سەركردەی گشتییی هێزەكانی قەوزاقی ئێران لە ٣١ی مایسی١٩٢٢دا، دوای ئەوەی باسی ئەو زەرەر و زیانانە دەكات كەلە هێزەكانی حكومەتی داون و ئۆباڵەكەی ئەخاتە ئەستۆی دەسەلأتی ناوەندییەوە ، ڕووی قسەی دەكاتە زەفەر ئەلدەولە و دەڵێت (( پێویستە راستییەك بزانی ئەویش ئەوەیە كەمیلەتان هەن چارەكی قەوارەی گەلی كوردیان نییە ولەلایەن حكومەتە مەزنەكانەوە مافیان دراوەتێ ......لە ڕاستییدا ئەگەر ئەم میلەتە مەزنە مافە كانی خۆی لە حكومەتی ئێران وەرنەگرێت مردن لە باتی ژیان هەڵدەبژێرێت ، جا حكومەت بمانداتێ یا نەمانداتێ ئێمە كارێك دەكەین كوردستان سەربەخۆ بەڕێوەبچێت...))[3].

شایانی باسە راپەڕینەكانی كوردستان و جووڵانەوە شۆڕشگێڕییەكانی تری ئێران كاریگەرییی زۆری كردە سەر رەوتی ئایندەی ڕووداوەكان و لاوازكردنی دەسەلأتی قاجارییەكان ،ئەو دەسەلأتەی هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ڕوو لە نابووتیی

---

(1) هەر لەم قۆناغەدا هەندێك لەرۆشنبیرو ئەدیبانی كورد بۆ وەدیارخستنی هەلومەرجی نالەباری كوردستانو لەقاودانی هەڵسوكەوتی لێپرسراوانی حكومەتی ئێران، لەشاری سنە رۆژنامەیەكیان بەزمانی فارسیی بەناونیشانی (نامە كردستان) بلأو كردەووە، ئەم رۆژنامەیە بەهەوڵو كۆششی (میرزا غولام عەلی هۆشمەندی كرماشانی) كەرۆشنبیرێكی كورد بووە لەدەرەوە گەڕابووەوە كوردستان، دەرچووە، سەرنووسەرەكەی ئەدیبی ناسراوی كورد (موحەممەد جەوهەری سەعید دیوان) بوو سەروتاری ژمارەی یەكەمی لەلایەن مێژوونووسو زانای بەناوبانگی كورد (ئاغای ئایەتوڵلا مەردۆخ) نووسراوە. شایەنی باسە ئەم رۆژنامەیە هەر تاقە ژمارەیەكی لێدەرچووە، كاربەدەستانی ئێران، چاپخانەكەیان داخستو ئاغای كرماشانیشیان لەناوچەكە دەرپەڕاند، بڕوانە:

سەردەشتی، یاسین، رۆژنامە (نامە كردستان) قوربانیی ستەمو چەوسانەوەی كاربەدەستانی ئێران، مەتین، ژمارە ٩٩، نیسان٢٠٠٠، ل٣٥-٣٨.

(2) بۆ زیاتر: حسن، یاسین خالد، كردستان الشرقیة، دراسة في الحركة التحررية القومية بين الحربين العالميتين (١٩١٨-١٩٣٩)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، تموز ١٩٩٥،ص ٦٦-١٤٣.

(3) حمدي، وليد، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية: دراستة تأريخية وثائقية، لندن، ١٩٩٠،ص٣٩٣.

**بوو. ئاژاوەی سیاسییی ، گەندەڵیی ئیداریی ، بەرەڵڵایی‌و بەرتیلخۆریی سەراپای وڵات و دام ودەزگاکانی حکومەتی قاجاریی تەنیبوو، شای قاجار تەنها کاری بەخشینەوەی نازناوی قەبە قەبەی وەك (مفخم الملك، موکەرەم ئەلسەڵتەنە و موعەززەم ئەلدەولە) بوو بە سەر لێپرسراوەکای هەرێمەکان بەرامبەر پەڵە زەوییەك یان باغێك بێ ئەوەی لە دەسەڵاتیان و ڕەفتاریان لە گەڵ خەڵکی بپرسێتەوە[1]، ئەم دۆخەی هەلێکی گونجاوی بۆ (ڕەزاخان)کەسەرهەنگێکی هێزەکانی قەوزاق بوو، ڕەخساند تا لەشوباتی ١٩٢١ دا سەرکەوتووانە کودەتایەکی سەربازیی بە ئەنجام بگەیەنێت. لێرە بەدواوە، ڕەزاخان هەموو هەوڵێك بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجاریی و سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەویی خۆی و دابینکردنی کورسی پاشایەتیی ئێرانیی بوو، ئەوەشی بۆ هاتەدی کاتێك لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ دا خۆی کردە سەرۆك وەزیران و دواتر لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥دا لە ڕێگای مەجلیسەوە کە دەسەندەی خۆی بوون (ئەحمەد شای قاجار) ی دوا شای بنەماڵەی قاجاری لابردو تاجی پاشایەتیی نایە سەر بە ناوی ڕەزاشای پەهلەوییی[2]، بەم شێوەیە قۆناغێکی تر لە مێژووی ئێران دەستیپێکرد کە لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا بە دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشاهیی ناودەبرێت.**

**ئاشکرایە ڕەزاشا هەر لە سەرەتاوە سێ مەسەلەی لا گرنگ بوو: چەسپاندنی دەسەڵاتێکی ڕەها ، پێکهێنانی سەنترالیزمی دەوڵەتیی ، نوێگەریی لە هەندێ بواری کۆمەڵگا بە چاولێکەریی تورکیا، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش پشتی بە سێ پایە دەبەست کە بە سەرچاوەی بنەڕەتیی دەسەڵاتەکەی دەزانین :سوپایەکی نوێ و دەستگایەکی سەرکوتکەری ناوخۆی ئامادە ، بیرۆکراتییی نوێی دەوڵەتیی ، پاڵپشتی دەربار[3]، هەر لێرەدا پێویستە قامك لە سە ر ڕاستییەك دابنرێت ئەویش ئەوەیە ڕەزاشا کە کەسایەتییەکی سەربازی توندوتیژو بە دەستوەشاندن لە جووڵانەوە**

---

[1] مولودی، عبدالعزیز، تحلیل برجنبش سیاسی- اجتماعی کردهای ایران درقرن بیستم، مجله زریبار، فرهنگی ادبی، اجتماعی، سال چهارم شماره٨-٩ بهار ١٣٧٩،ص٥٧.

[2] اوری، پیتر، تأریخ معاصر ایران، ترجمه: محمد رفیعی مهر ابادی، جلد اول، چاپ چهارم انتشارات عطائی، تهران،١٣٧٧ش،ص٥٠٧-٥٠٩.

[3] مولودی، س.پ، ل٥٧.

شۆڕشگێڕیەکانی ئێران و هەوڵە سەربەخۆخوازەکانی گەلانی وەك ئازەر و کورد تاجی پاشایەتیی مسۆگەر کرد، خاوەنی دیدو بۆچونێکی واقعبینانە و پشوویەکی درێژی نەبوو کە پێویستن بۆ گۆرینی ڕەوشە دواکەوتووەکەی ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتێکی مۆدێرن و جێکردنەوەی ئاکارە رۆژئاواییەکان تیایدا. شایەنی باسە دامەزراندنی حکومەتێکی لیبراڵ، چەسپاندنی دیموکراسیو فرە مینبەری، داهێنانی ناسنامەیەکی نیشتمانی لەبەرژەوەندی هەمووان، یەکسانی، بەشدارییکردنی سیاسیی، دابەشکردنی بەرژەوەندییە مادییەکانو دادی کۆمەڵایەتی، ئەمانە هەمووی مەرجی گرنگی هاتنەدی دەوڵەتی مۆدێرنن کەرەزا شا هەر بڕوای پێیان نەبوو.

لەراستییدا رەزاشا سوپاو هێزی سەرکوتکەری بەداری ئەفسوناویی دەزانی بۆ چەسپاندنی مۆدێرنکردنی ئێران، ئەو کە بڕوایەکی قووڵی بەباڵادەستیی رەگەزی فارس هەبوو، هەروەها چینی بۆرجوای نیمچە پێگەیشتووو، موڵکدارە نیمچە دەرەبەگەکانو ئەریستۆکراتی فارس بەڕابەرو نوێنەری خۆیان دانابوو. ئەو راستییەی پشتگوێ خستبوو کە فەرهەنگو ناسنامەی ئێرانیی بەرهەمی تێکەڵەی چەندەها فەرهەنگی نەتەوەو گروپی رەگەزیی جۆراو جۆرە کە بەدرێژایی مێژوو لەناوچەیەکی فراوانو نزیك بەیەك نیشتەجێن، رەزاشا بە سەپاندنو زەقکردنەوەی ناسنامەی تاك نەتەوەی فارس دەیویست ئێرانێکی پلوراڵ کەچەند نەتەوەو رەگەزو زمانو ئاینو ئاینزای جیاوازی لەخۆ گرتووە، بەکورد، تورك، عەرەب، ئازەر، تورکمان، بلوچ،وە کەهەمیشە تێکڕای ژمارەیان لەنەتەوەی فارس زیاترەو زۆر بەیان ئیمتیدادیان هەیە بۆ بەشەکانی دیکە لەدەوڵەتی دراوسێدا، بەزەبری ئاگرو ئاسن بکاتە یەك نەتەوە[1]، بەواتایەکی تر رەزاشا ئامانجی بنیاتنانی دەوڵەتێکی فارسی تۆتالیتێر بوو کەلەرێی زەبرو زەنگەوە نەتەوە نەفارسەکان لەبۆتەی نەتەوەی سەردەستی فارسدا بتوێنێتەوە[2].

---

(1) دکتۆر (سعد ناجی) گەلی فارس لە ئێراندا بە کەمینە دادەنێت لەچاو نەتەوە نەفارسەکاندا، ئەو نەتەوانەی بەلای ئەوەوە رێژەیان دەگاتە ٦٠٪ی کۆی دانیشتوانی وڵات، بڕوانە:

جواد، سعد ناجی، الحركة القومية الكردية في ايران،مركز دراسات العالم الثالث، جامعة بغداد،١٩٨٩،ل٤٨.

(2) السبكي، امال، تأريخ ايران السياسي بين ثورتين (١٩٠٦-١٩٧٩)، سلسلة عالم المعرفة، ٢٥٠، الكويت، ١٩٩٩، ص٥٩.

یەکێك لەگۆڤارەکانی تاران بێ پەردە ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیەداوە کەدەڵێت: ((پێویستە لەسەر هەموو ئەوانەی مێژووی ئێران‌و زمانی فارسیی‌و ئاینیان لا بەرزو مەزنە باش بزانن کەبەلاوازبوون‌و کەمکردنەوەی دەوڵەتی ئێران زۆر زەرەرمەند دەبن، هەتا هاوڵاتیان بەپلەی یەکەم خۆ بەئێرانیی نەزانن، خۆ بە تورك، عەرەب، کوردو لوڕ بزانن، رووخان‌و مەترسیی هەڕەشە لەئێران دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە خۆمان لەزمانە ناوچەییەکان‌و هەست وسۆزی عەشایریی‌و هەرێمیی رزگار بکەین‌و دانیشتووانی ئێران بکەینە یەك میلەت))[1]، بەواتا ئەگەر کوردێك خۆ بەکورد بزانێ‌و بەکوردیی قسە بکات ئەوا ئێرانیەکی باش نییەو مەترسیی رووخان لەسەر ئێران دروستدەکات. خۆ هەر بۆ ئەوەی ناسنامەی ئێرانیی وەرگبرێت، دەبێت بەفارسیی بئاخفێت‌و خۆ بەکوردیش نەزانێت. ئەمەیە لۆژیکی ناسیونالیزمیی تەنگەتیلەی نەتەوەی سەردەستی شاهەنشاهیی‌و بەرنامەی مۆدێرنیزمی شۆڤێنیزمی بەرزەفڕی فارسە کە خۆی بە ئێرانییەکی رەسەنتر لەنەتەوەکانی دی دەسەپێنێ، بەجۆرێك ئێرانییبوون لەلای جگە لەفارسبوون مانایەکی تری نییە، تەواوی خاکی ئێران بەخاکی فارس دەزانێ‌و جگە لە خۆی هیچ نەتەوەیەکی دی قبووڵ نییە، دژی یەکسانیی‌و دابەشکردنی دەسەڵات‌و مامەڵەکردنە لەگەڵ نەتەوەکانی دی ئێران، بەجۆرێك لانی کەمی داواکردنی مافەکانیان بەجوداخوازیی‌و پەرتبوونی خاکی پیرۆزی ئێران‌و گێرەشێوێنیی‌و یاخییبوون‌و بێگانەپەرستیی دەداتە قەڵەم‌و بێ سێ‌ودوو فەتوای سەرپانکردنەوەی لایەنگرانی بۆ دەدات.

هەر بۆیە گەلی کورد لەکوردستانی ئێران دامەزراندنی رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی بەخاڵێکی تری وەرچەرخاندنی نەرێیی‌و قۆناغی دیکتاتۆرییی بیست ساڵەی رەزاشاهیی بەسەردەمێکی تاریك لەمێژووی خۆی دەداتە قەڵەم. چونکە نەك هەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی‌و ئابووریی‌و سیاسییی‌و فەرهەنگیی لەسەر لانەچوو، بەڵکو تەواوی خەسڵەتە نەتەوایەتیەکانی بەخاکیشەوە کەوتە بەر هەڕەشەی سڕینەوەو

---

(1) وەرگیراوە لە: السعودي، محمد عبدالغني، ايران. دراسة في جذور الصراع، بغداد، ب. ت، ص٧-٨.

تواندنەوەو لەناوچوون، بەمەش کێشەکەی هێندەی دی قووڵترو ڕەهەندەکانی ڕوونترو فاکتەرە پێکهێنەرەکانی ئاشکرا تربوون.

لەم نێوەدا، نووسەرانی فارسی وەك (حمیدی احمدی) هەن کەنازانستییانە سەراپای کێشەی کورد لەئێراندا هەڵدەسەنگێنن‌و جووڵانەوەی ئازادییخوازانەی گەلی کورد بەتەنیا بۆ هەڵوێستی نەرێیی توێژی هەڵبژاردەی کۆمەڵگای کوردەواریی لەمەڕ هەوڵە مۆدێرنیەتەکانی ڕەزاشا دەگێڕینەوەو دەیانەوێت ئەو دیدە بسەلمێننە گوایە ئەم توێژە هەڵبژاردەیە بەسوود وەرگرتن لە بەسیاسییکردنی جیاوازی مەزهەبیی‌و زمانی ئاخاوتن لەئێراندا خواستویەتی کۆسپ بخاتە سەر ڕێگای مۆدێرنیزم‌و بەوەش مەوقعیەتی سوننەتیی خۆی بپارێزێت. هەروەها احمدی دەڵێت گوایە هەوڵی دژایەتیکردنی دەسەلاتی ناوەندیی‌و قوڵکردنەوەی بەسیاسییکردنی جیاوازییە زمانیی‌و فەرهەنگیی کەمینەکان لەلایەن ئەو توێژەوە، بەهەموو شێوەیەکی مادیی‌و فیکریی‌و سیاسییی لەلایەن هێزە نێو دەوڵەتییەکانەوە پشتگیریی کراوە، ئەم دیدە هەڵەیەی کەتەنیا لایەنێکی تەسك‌و تاکلایەنەی مەسەلەکە دەبینێت‌و فاکتەرە پێکهێنەرەکانی کێشەی کوردو بنەما فیکریی‌و مادییەکانی بیری نەتەوایەتیی کورد لەبەرچاو ناگرێت‌و پێی وایە مۆدێرنیزم لەولاتێکدا بەهاڕینی تێکڕای نەتەوە کەمینەکان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەی بالا واتە (مۆدێرفاشیزم) دێتەدی[1].

لەراستییدا، کورتە سەرنجێك لەپەیوەندی ئێران‌و زلهێزەکان لەمێژووی نوێدا لنگەوقووچی دیدو بۆچوونەکانی کەسانی وەك احمدی دەخەنە ڕوو، چونکە وەك ئاشکرایە دەسەلاتی ناوەندیی لەئێراندا زۆر کەم توانیویەتی بێ پشتگیریی تەواوو بێ ئەم لاوئەولای زلهێزێکی جیهانیی، یەکێتی خاکی ئێران بپارێزێت‌و بەرامبەر جووڵانەوەی ئازادییخوازانەی نەتەوە نەفارسەکان خۆڕاگربێت، دیارە لەم بارەیەوە پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی ڕەزاشاو ئینگلیزەکان‌و دواتر پشتبەستنی ڕژێمی پەهلەویی بەئەڵەمانیای نازییی، هەروەها شوێنی ئێران لەپاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لەکەنداو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە کە پاشتر باسی

---

(1) احمدی، حمیدی، قومیت‌و قومیت گرایی در ایران، نشرنی، تهران، ۱۳۷۸ش،ص۲۲.

**لێوە دەکرێت، هەموو ئەمانە دیدەکانی ناوبراو و هاوبیرەکانی لەمەڕ ناساندنی کێشەی کورد لەئێران بەدژی مۆدێرنیزمو بەدەستی بێگانە پووچەڵ دەکاتەوە.**

**بەهەرحاڵ ڕەزاشای پەهلەویی هەر لەسەرەتاوە توانی لەڕێگای هێزەوە لەماوەیەکی کەمدا هەموو جووڵانەوەکانی کوردستان سەرکوت بکاتو سەر بەعەشیرەتە کوردییەکان دانەوێنێتو رابەرو سەرکردەکانیان وەك (عەمەر خانی شکاك، سەردار رەشید، قەدەم خێر) هتد وەك بارمەتە بەدەستبەسەری رەوانەی زیندانەکانی ناوخۆی ئێران لەتارانو خۆراسانو شیراز بکات[1]، هەندێکیانیشی بۆ دەرەوەی وڵات دوورخستەوە کە زۆربەیان هەر فەوتانو نەگەڕانەوە[2]، ئەوانەی چنگ سوپای شاهەنشایش نەکەوتن وەك: جافەرسان، حەمە رەشید خانی بانەو مەحموود خانی دزڵی.. هتد، ئاوارەی دەوڵەتە دراوسێکان بوونو سەرگەردان بوون[3].**

**گەورەترین سەرکەوتن کە رەزاشا سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان زۆر شانازییی پێوەدەکرد تیرۆری سمکۆو پۆلێك لەسەرۆك عەشیرەتە هاوپەیمانەکانی بوو(خورشیدی ئاغای هەرکی، موحەمەد ئاغای گەردی، مەروان ئاغای گەردی، عەبدوڵلا ئاغای هەرکی) لەتەموزی ۱۹۳۰دا، دوای ئەوەی بۆ گفتوگۆو دانوستاندن لەسەرچارەسەرکردنی کێشەی کورد لەئێران بانگرابوونە شاری شنۆ[4]، هەر راستەوخۆ دوای ئەم رووداوە (عەلی دەشتی) کەباوەڕپێکراوی رەزاشا بوو لەناومەجلیسی ئێرانیدا بەرزە پێ راست بۆوەو**

---

**([1]) السبکی بە پشتبەستن بە دکۆمێنتەکانی حکومەتی ئەمەریکاو بێ وردبوونەوە لەم بارەیەوە نوسیویە: ((ئەم سەرۆك عەشیرەتانە لەشوێنی زۆر خۆشدا دادەنرانو ژیانیان بەگاڵتەو گەپەوە دەگوزەراند)) قسەیەکی واکە دوورە لەراستییەوە. بۆنموونە عیسی پژمان لەباسی سەردار رەشید دا دەڵێت: "بەحوکمی کارەکەم دەمتوانی لەنزیکەوە چاوم بەسەردا بکەوێت کەلەژوورێکی پشت شارەوانی تارانەوە خەمناکو بێ کەس فڕێ درابوو، زۆرم بەزەیی پێداهاتەوەو داوام لەبەرپرسان کرد شوێنێکی باشترو مانگانەیەکی زیاتری پێ بدەن.. بۆماوەی پێنج ساڵ لەو ژوورەدا مایەوە تا بێکەس مردو کەس پێی نەزانێ تالاشەکەی بۆگەنی کرد" بڕوانە:**

**السبکی، س.پ، ل۱۵۷" پژمان، س.پ، جلدسوم، ل ٦٦.**

**([2]) ژمارەیەك لەو سەرۆکە کوردانە بۆ ناوچەی (سملا) لەهیندستان دوورخرانەوە. بڕوانە:**

**حمدی، س.پ، ل٤٠٢.**

**([3]) حسن، س.پ، ل ل١٥٢-١٥٨.**

**([4]) ه.س، ل١٣٤-١٣٧.**

**وتی: ((لەئێراندا کێشەیەك بەناوی  کێشەی کوردەوە نییە، کوردەکان لەئێراندا وەك کەمینەی نەتەوەیی مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت))[1].**

**حکومەتی پەهلەویی لەساڵی ١٩٢٨دا بڕیارێکی بەمەبەستی یەکخستنی رووخساری گەلانی ئێران دەرکرد ئەویش قەدەغەکردنی پۆشینی جل‌وبەرگی میللیی و لەبری لەبەرکردنی تەپلەو دوولینگی پەهلەویی بوو، سەپاندنی ئەو بڕیارەو ئەو شێوەو شێوازەی پێی جێبەجێکرا لەکوردستاندا رەهەندێکی ترو مەبەستێکی تری گرتەخۆ کەدوور لەریفۆرمی کۆمەڵایەتیی خۆی دەنواند، بەڵکو خۆی لەلێدانی رووخساری کوردانەی خەڵکی کوردستان دەبینیەوە، ئەمەش روویەکی تری چەوسانەوەی نەتەوایەتیی دەهێنایە گۆڕیّو رەنگەکەشی تۆخ دەکردەوە[2].**

**هەر بۆیە کاردانەوەی خەڵکی کوردستان دژی ئەو بڕیارە لەناوچەکانی دی ئێران توندوتیژتر بوو کەخۆی لە راپەڕینی عەشریەتەکانی نێوان مەهابادو سەردەشت دەبینێتەوە لەژێر رابەرایەتی (مەلا خەلیلی مەنگوڕ) لەساڵی ١٩٢٨دا[3]، ئەو راپەڕینەی ساڵێکی خایاندو بەتوندترین شێوە لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە سەرکوتکرا، شایەنی باسە هێزی هەوایی ئێرانی بۆیەکەمجار لەقڕکردنی خێزانەکانی مەنگوڕدا خرایەگەڕ کەبەشی زۆریان ناچار بوون ناوچەکانیان جێبهێڵن‌و روو لەناوچە سەختە سنوورییەکان بکەن[4].**

---

**(1) احمد، دراسات في تأريخ ايران...، ص٢٥٣.**

**(2) حیسامی لەم بارەیەوە نوسیویە:" لەسەردەمی حکومەتی رەشی رەزاشادا جلی کوردیو پێچ وشەدا لەتریاك قاچاخ تر بوو، ژاندارم شاقەڵی مەلایان بریبوو، پێچو شەدەیان سووتاند بوون، نیفەکی خەڵکیان بڕیبوو، هەزاران کورد بەتاوانی جلی کوردی لەحەپسخانەی عەجەماندا بوون" بڕوانە:**

**حیسامی، کەریمی، لەبیرەوەرییەکانم، لەمنداڵییەوە تاساڵی ١٩٥٧، سوید، ١٩٨٦،ل٥٥.**

**(3) بۆزیاتر:**

**افخمی، ابراهیم، قیام ملا خلیل ورد فرمان رضا خان،چاپ اول، انتشارات محمدی، تابستان ١٣٦٨ش.**

**(4) بلوریان دەڵێت ئەم راپەرینە رەزاشای ناچار کردووە چاوپۆشی لەجێبەجێکردنی بڕیارەکە لەناوچە گوندنشینەکاندا بکاتو تەنیا لەشارەکاندا بیسەپێنێت، هەروەها دەڵێت ساڵی ١٣٠٧ش/١٩٢٨ ئێستاش لەمەهابادو ناوچەی مەنگوران بەساڵی مەلا خەلیل دەناسرێو هەر منداڵێك لەو ساڵەدا لەمەهاباد لەدایك بووە، ناوی خەلیل یان لەسەرداناوە، بڕوانە: بلوریان، س.پ،ل١٨.**

لەبواری بەرنامەی بەفارسکردنی جوگرافیای کوردستانی ئێران ڕژێمی پەهلەویی هەستا بەگۆڕینی ناوی ژمارەیەکی زۆر گوندو شارو رووبارو چیاکانی کوردستانو ناوی فارسی لەسەردانان، بۆ نموونە: شاری ورمیٚ کرایە (ڕەزائیە) سەلماس بۆ (شاهپور)، خانە بۆ (پیرانشهر) سابلاغ بۆ (مهاباد)و چۆمی چەغە توو بۆ (زێرین ڕوود)و هتد.[1]
هەروەها دوای ئەوەی حکومەتی پەهلەویی لەساڵی ١٩٣٥ بەفەرمیی ناوی ئێرانی ناساند، هەستا بەدابەشکردنێکی نوێی هەرێمەکانی وڵات بیٚ لەبەرچاو گرتنی قازانجی نەتەوەکانی ئێرانو حکومەتی پەهلەویی کوردستانی بەسەر چوار ئوستاندا دابەشکرد کە (ئازەربایجانی خۆرئاوا، کوردستان، کرمانشاه، ئیلام)ە، لەم دابەشکردنەدا ڕژێمی شاهنشاهیی پەهلەویی دوو ئامانجی هەبوو.

١. دەیویست لەلایەکەوە پێشانی بدات کە سەرزەمینی کوردو کۆمەڵی نیشتەجێی کوردەکانی ئێران بەپێی نەخشەی جوگرافیای ئێران لەچوارچێوەی ئوستانی کوردستان (سنەو دەوروبەری) زیاتر تێناپەڕێت.

٢. بەبەستنەوەی بەشێك لەباکووری کوردستانی ئێران بەناوچەی ئازەربایجانەوە، دەیویست ئاگری دووبەرەکیی میللیی نێوان کوردو ئازەر خۆش بکاو بەسوودوەرگرتن لەسیاسەتی ئاژاوەگێڕیی، فەرمانڕەوایی ئایندە بۆ میلەتی فارس بەناوی میلەتی باڵادەستو فەرمانڕەوا بچەسپێنێت.[2]

حکومەتی ڕەزاشا بەرنامەیەکی داڕێژراو درێژخایەنی پیادە دەکرد بۆ لەنێوبردنی شوێنەواری مێژوویی و فەرهەنگیی و نەتەوەیی گەلی کورد، شێواندنی مێژوویی کۆنو نویٚ، قەدەغەکردنی نووسینو ئاخافتن بەزمانی کوردیی لە قوتابخانەو دامودەستگا فەرمییەکانی حکومەتداو ناچارکردنی کورد بۆ بەکارهێنانی زمانی فارسیی کە بەنەرێیی کاریکردە سەر پرۆسەی پێشکەوتنو گەشەکردنی زمانو ئەدەبو فەرهەنگی کوردیی و نزیکەی بەتەواویی لەو قۆناغەدا پەکیخست.[3]

---

[1] احمد، دراسات فى تأريخ ایران.. ص٢٥٦"السبکی، س.پ، ل٩٤.

[2] مدنی، س.پ، ل١٦.

[3] قاسملو، عبدالرحمن، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، کورتەیەك لەمێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم ،ب.ج،١٩٨٨ ،ل٢٣. هەروەها دوای داخستنی دەرگای زۆربەی حوجرەو

دیاردەیەکی تری نوێی دیکتاتۆریی ڕەزاشا لەکوردستانی ئێراندا مەسەلەی سەربازگیرییی بوو، ئەو مەسەلەیە خەڵکی بە تەواویی لێ دڕدۆنگ بوونو ئامادەنەبوون کوڕەکانیان بنێرنە ریزی سوپایەکەوە کەوەك شمشێری دیموکلیس هەمیشە بەسەریانەوە بووو سەرچاوەی کوێرەوەرییان بوو، جگە لەوەی ڕۆڵەکانی کورد کە وڵاتەکەیان کوێستانییە دوای بەسەربازگرتنیان ڕەوانەی ناوچە دوورو سەحرایی‌و گەرمەکانی ناوەراستو باشووری ئێران دەکران، جگە لەوەی بەئاسانی چاویان بەکەس‌وکار نەدەکەوتەوە، زۆربەیان تووشی نەخۆشی درێژخایەن دەبوون کەهەڕەشەی مەرگی لێدەکردن، بێ لەوەی ئەو پارەیەی پێیان دەدرا بەشی بەڕێوەبردنی ژیانی نەدەکردن. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان کەسەربازگیرییان ناو نابوو (ئیجباریی)و گۆرانی گاڵتەجاریشیان بەسەردا هەڵدابوو[1]و بەئاسانی ملیان بۆ ئیجباریی نەدەداو ڕوویان لەشاخ دەکردو بەقاچاغیی دەژیان. هەندێ جاریش خەڵکی ناوچەیەك بەتەواویی دژی

---

خوێندنگا ئاینییەکان کەتیایدا فەقێ جگە لە زانستی ئاینی چەشەی ئەدەبو شیعری شاعیرە گەورەکانی کورد دەبوون، خوێندنگای فەرمیی دەوڵەتی کە بەژمارە کەمو بەبەرنامە بۆ بەفارسییکردنی کورد دامەزرا بوو، نەك هەر خزمەتێکی وای پێ نەکرا بەڵکو بووە مۆتەکەی ڕۆحی منداڵانی کورد. هێمن لە(تاریكو روون) دا دەڵێت:

"من لەژیانمدا ڕۆژی ڕەش‌و تاڵم زۆر دیون، بەڵام ڕۆژی ڕەشترو تاڵترم لەوڕۆژە نەدیوە کەچوومە مەدرەسە.. کەڕۆژی هەوەڵ چوومە سەر کلاس تۆقیمو وەختا بوو شێت بم.. مامۆستاکەم کەخۆی کورد بووو دوایەش تێ گەیشتم فارسی باش نازانێ، بەفارسی تێی راخوریم هیچی لێ تێ نەگەیشتم.. تا فێری فارسی ببووم دووسێ جار بیرازی کردم".بڕوانە: هێمن، تاریكو روون، گوڵبژێرێك لەشیعرەکانی هێمن، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ژمارە٥٥،ل١٠.

[1] بلوریان دیمەنێکی شێوازی سەربازگیریی لەشاری مەهاباد دەگێڕێتەوە: ((ئەوکات مەهاباد قشڵەی سەربازی نەبوو، ئیجبارییەکانیان لەمزگەوتی(هەباس ئاغا) کۆدەکردەوە. خەڵك فرە بەپەرۆش‌و نیگەران بوون، لایان وابوو ڕۆڵەکانیان کەچوون بۆ سەربازی ئیتر ناگەڕێنەوە. جا بۆیە ڕۆژانە لەبەر دەرگای مزگەوت حەشرێك بوو کەس نەیبیینیبێ لەو هەنگامەیەدا گابۆری دایكو خوشکان دەگەیشتە ئاسمان، هەر کەسەربازە هەڵبژێردراوەکانیان بەسواری (لۆری) ڕەوانەی ورمێ دەکرد، گریانو لەخۆدان دەگەیشتە ئەوپەری خۆی)). هەر بۆیە خەڵکی کوردستان ناهەقیان نەبوو کە بەگۆرانی دەیانگوت:

کوڕم گەورە کرد بەقەندی شاری — ڕەزا شا بردی لەبۆ ئیجباریی
یاخودا ڕەزاشا تەختت وەرگەڕێ — ئیجباریی کوردی دەبا بۆ شەڕێ

بلوریان، س.پ، ل١٣"قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٢٥.

**ئەو هێزە دەوڵەتییانە دەوەستانەوە کە بۆ سەربازگیریی دەیاندا بەسەریاندا، ڕاپەڕینی ناوچەی سۆیسنایەتیی سەردەشت بە رابەرایەتی (عەمەر ئاغا) نموونەی ئەم ڕاستییەیە، ئەم راپەڕینە بەتوندیی لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە سەرکوتکرا[(١)].**

**دوا راپەڕینی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دژی رژێمی رەزاشا راپەڕینەکەی ناوچەی ئاگریداغی بچووك بوو (١٩٣٠-١٩٣١) کەعەشیرەتەکانی جەلالی دێنەمۆی بوون لەژێر رابەرایەتی (بیرهو)و (فەرزەندە)، ئەم راپەڕینە پەیوەندی بەشۆرشی ئاگریداغی ئیحسان نوری پاشاوە هەبووە کەلەتورکیا بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ هەڵگیرسا بوو، بەڵام کاتێك شۆرشەکە لە ١٠ ئەیلولی ١٩٣٠ لەئەنجامی هاوکاریی هێزە سنوورییەکانی ئێرانیی و تورکیی شکستیخوارد، شۆرشگێڕەکان پاشەکشەیان کرد بۆ ئاگریداغی بچووك لەسنووری ئێراندا، هێزە سنوورییەکانی ئێران خوازیاری چەککردنی شۆرشگێرەکان بوون، بەڵام ئەوان ملیان نەداو بەگژیاندا چوونەوە. بەمجۆرە ئاگری راپەڕین هەڵگیرسا، حکومەتی ئێران هێزێکی ٧٠٠٠ کەسی لەژێر سەرکردایەتیی (سەرهەنگ نەخجەوان)دا ناردەسەر راپەڕیوەکان‌و دوای تیرۆرکردنی رابەرانی، پەرتەوازەی کردن. هەر لەم کاتەدا رژێم عەشیرەتی جەلالی چەك کردو بەدەردی عەشیرەتەکانی (گەڵباخی• و پیران)ی بردن واتە لەناوچەکانی خۆیانیای هەڵکەندن‌و**

---

**(١) قاسملو، ه.س، ل٢٤.**

**• گەڵباخییەکان لە تایفەکانی:گاملی ، مورادگۆرانی، چۆخەرەشی، کاك سەوەندی، قەمەری، وەرمزیار پێکدێن کە دەچنەوە سەر عەباس ئاغای گەڵباغی خەڵکی گوندی( گەڵباغی سەرووی ) سەر بە هەورامانە ، رژێمی رەزاشا پەهلەویی پێش ئەوەی لەشکر بنێرێتە سەریان توانی بە ناوی گفتوگۆ و رێکەوتنەوە ژمارەیەك لە گەورەپیاوانی ئەم خێڵە لەناوبەرێت . دواتر لەشکری شاهەنشاهیی پەلامارێکی سەرتاسەریی لە چوار قۆڵەوە بە فەرماندەیی :سەروان ئیلهامی، سەرگورد هەیبەت، سەروان ئەشرەف ، سەروان نازمی‌و نایب تەقی خانی پەروانە ، لە ناوەڕاستی زستانی ساڵی ١٩٣٦دا کردە سەر گوندەکانی : ئاڵولاخ، کۆسەمەڕ، کەسنەزان ، ئیبراهیم ئاوا ، کەڵەکان و هەردوو گیزملی خوارووو و ژوورو ، لە ئاکامدا بەشێکی گەڵباغییەکان بەو زستانە ساردە روویان لە چیاکان کردو بەرەو سنووری باشووری کوردستان هاتن . ئەو بەشەشی کە کەوتە دەستی لەشکری شاهەنشاهیی کرانە دوو بەش، بەشێکیان گوێزرانەوە بۆ شاری سنەو لە مزگەوتەکانی هاجەرە خاتوون‌و رەشید قەڵابەگیان زیندانیی کران کە تیمسار نەخجەوان سەرپەرشتیی دەکرد، ئەوانەی دیکەش لە خراپترین بارودۆخدا کۆچاندیانن بۆ بێجاڕو زنجان . بۆ زیاتر :خالیدی ئەحمەدی ، بەسەرهاتی فەرمانڕەوای گەڵواخیەکان ، پێداچوونەوەو رێك‌و پێك کردنی : حەسەن گۆران ، سنە ، ٢٧٠٤ کوردیی.**

لەخراپترین بارودۆخدا بۆ ناوچە دووردەستەکانی شیرازو کرمانیان دوورخستنەوە بەجۆرێك بەشێکی مەزنی خۆیانو مەڕو ماڵاتیان لەناووچوون.[1]

لەم بارەیەوە قازیی محەمەد وتوویەتیٚ: " کی بی نەی بیست بی کە بە چ نامەردییەکی قشونی رضاخانی پەهلەوی چۆن دەوەختیك دا کە ئاراراتی گەرمی شەڕی لە گەڵ تورکان بون چە ناپیاوانە و ناجەوانمەردانە وە نێو ژن و منداڵی کوردان کەوتن( نعوذ باللە ) چیان بەسەر هینان وە چییان لیٚ کردن جەلالی چۆن هەمو بارکران و دەگەڵ هەزاران ماڵی کوردی لای وان هەر یەکە بۆ نقطە ییکی ئیرانی بران ئەلئانیش بەشی زۆریان کەس نەیزانی چییان لیٚ هات و چۆن تەلەف بون .ئەو دەردەی دایان بە گەلباغییان کە بە زستان باریانکردن صەدها منداليان دەبەفری دا قڕبون و پیاوان دەست و پێیان سەرما بردی و گەیەندرانە شارانی هەرە دووری ئێرانیٚ و بە ئەشەدی عەزاب بەشی زۆریان تەلەف بو هەتکی ناموسی و بیٚ عیفەتییەکی کە دەوهەموکارانەدا بەسەر کوردان هات شەرمی دەکەم شەرحی بدەم و تا ئەورۆ بەشەر نەیکردوە. کاری ئەمنییان چی لیٚ بڵێم سەرتاسەری ئێرانیٚ دۆست و دوژمن شاهیدی فەجایع و جنایات و هەتکی ناموسی وانە حەتتا تە عەروچیان بە پیاوان دەکرد،شەهرەبانی و نەظمیە یان صەد لە ئەمنیە خراپتر. عەدلیە مەرکەزی تالاٚن و بڕۆ و روتانەوەی خەڵکی بون" [2]

حسێن فردوست، کە بەرپرسی یەکەمی دەفتەری دەرباری شاهەنشاهیی پەهلەوییە ،لەو بارەیەوە نووسیویە:"لە سەروبەندی رووداوەکانی کوردستاندا، (ئەمیر ئەحمەدی) کە بووە سەرکردەی گشتی هێزەکانی شیمال غەربی ئێران، ناوبانگێکی گەورەی بەدەستهێنا بەوەی ژمارەیەکی زۆری سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردی هەڵخەڵەتاند وهات بەڵێنی درۆینەی پێدان ،نامەی لەسەر پشتی قورئان بۆ نووسین کە حکومەت دەست لەکاروباری ناوخۆیان وەرنادات و ئیرادەی شاهەنشاهییان بەسەردا ناسەپێنێت.بەهەرحاڵ ،راپەڕینی کوردان پاش چوار ساڵ لە رشتنی خوێنێکی زۆر کۆتایی هات .ئەمیرئەحمەدی بەسەرکەوتوویی گەڕاوە تاران و نازناوی فاتح غەربی لێنرا.پلە سەربازییەکەشی بەرزکرایەوە بۆ (سوپەهبود) .بەلاٚم پاشتر لەلایەن شاهەنشاوە پشتگوێخراو لە

---

[1] حسن، س.پ، ل ل١٧٤-١٧٨.

[2] کوردستان ن ژمارە ٥٠، ١٩٤٦/٥/٢٧.

پۆستەکەی لابرا و پۆستێکی لاوەکییان پێبەخشی...دیارە ئەمیرئەحمەدی ئەودەمە پێویستییەکی بە پۆست نەمابوو،چونکە ئەوەندەی پارەو سامان و زێر لە کوردستان کۆکردبوونەوە و بەو سامانە پێنج سەد موڵکی لە خانوو و ئاپارتمان لە شەقامی (حەسەن ئاباد) پێ کڕیبوو.[١]

ڕەزاشا دەمێك بوو درکی بەو ڕاستییە کردبوو کەجووڵانەوەی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران بەشێکە لەجووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی سەرتاسەریی کوردستان، هەر بۆیە چەندی بۆ کرابێت هەوڵی نزیکبوونەوەو هاریکارییکردنی لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی پارچەکانی تری کوردستاندا داوەو دەستی لەتێکۆشەرە کوردەکانیان وەشاندووە،[٢] ئەو هاوکارییەی لە ٨ی تەمووزی ١٩٣٧دا بەبەستنی پاکتی (سەعد ئاباد) گەیشتە لوتکە. شایەنی باسە، ئەم پاکتە کەبەپاڵپشتیی بەریتانیا هاتەدی کارێکی بێوێنە بوو لەمێژووی دبلۆماسیەتی وڵاتانی بەشداردا (ئێران، تورکیا، عێراق، ئەفغانستان) ئامانجی جگە لەیەکالاکردنەوەی کێشە سنوورییەکانو هاوکاریی ئابووریو دان بەکترنان، یەکخستنی تواناکان بوو بۆ پاراستنی ڕژێمە دەسەندەخۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەجووڵانەوەی شۆڕشگێڕییەکانی ناوچەکەو لەنێوانیاندا خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، ئەو ئامانجەی کە بەندی حەوتەمی پەیمانەکە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ دەکات.[٣]

---

[1] ارتشبد حسين فردوست , ظهور وسقوط سلطنت پهلوی , جلد أول چاپ دوم , تهران , ١٣٧٠ش، ص ٧٧-٧٨.

[2] حکومەتی ئێران لەم قۆناغەدا هاوکارییەکی زۆری حکومەتەکانی تورکیاو عێراقی کردووە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد لەم وڵاتەدا بەتایبەت ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودو شۆڕشی ئاگریداغی تورکیاو هەنگاوی هاوبەشی لەگەڵ هاویشتوون بۆکۆتایی پێهێنانیان، هەر لەساڵی ١٩٢٨دا، پۆلیسی نهێنیی ئێرانیی لیستێکی بەناوی ئەندامانی (کۆمەڵەی زەردەشت)ی کوردستانی عێراق کەکۆمەڵەیەکی نەتەوەییو لەشاری سلێمانیدا دامەزرابوو، پێشکەش بەدەسەڵاتدارانی عێراقی کردوو ئاکامەکەی تیاچوونو دورخستنەوەی ئەندامانو هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە بوو. بڕوانە: نەبەز جمال، بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری (قەومیەتی)، ڕۆژهەڵاتیو نەبیری (ناسیونالیزم)و ڕۆژئاواییە، بڵاوکراوەی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لەئەوروپا، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٤،ل١٢٥.

[3] بەندی حەوتی پاکتەکە دەڵێت: ((هەریەك لەلایەنە بەشداربووەکانی پایەبڵند بەڵێنی ئەوە دەدەن، هەریەکەو لەسنوری خۆیدا ڕێگە نەدەن بەپێکهێنانی باندی چەکداری یاخود کۆمەڵەو هەر شتێکی تر ئامانجی ڕووخاندنی دامو دەستگا دامەزراوەکان بێت، یان کارێکی وا بکات ئاسایشی گشتیو هێمنی بەشێکی وڵاتەکەی تر بخاتە

بەمجۆرە ڕەزاشا دەسەڵاتێکی بیرۆکراتیی لە کوردستانی ئێران چەسپاند کە کارمەندانی دوو نەتەوەی فارس‌و ئازەر هەڵبژاردن، ئەم دەسەڵاتەش بەهۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی لەگەڵ هێزە داپڵۆسێنەرەکانی نێوخۆ وەك: (ژاندارم، شەهرەبانی، گومرگ، ستادی ئەرتەش، روکنی دوو، ئینتزاماتی عەشائری) دەپارێزران‌و دەسەڵاتێکی بێ لێپرسینەوەیان هەبوو.[١]

شایانی باسە سیاسەتی فەرق‌وجودایی حکومەتی پەهلەویی تەنها لە بواری ڕێگرتن لە مافی سیاسیی و قووتدانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و چەسپاندنی دەسەڵاتێکی ڕەهای بیرۆکرات لە کوردستاندا قەتیس نەما ، بە ڵکو سەرەپای بوارەکانی تری کۆمەڵگای کوردەواریی گرتەوە کە خۆی لە دادۆشینی کوردستان و پەراوێزکردن و پشتگوێخستن و دوورەپەرێزکردنی لە پرۆسەکانی ئابووریی ، تەندروستیی، ڕۆشنبیریی، خزمەتگوزاریی‌و ئاوەدانکردنەوە دەبینیەوە[٢]، ئەو پرۆسانە کە ڕەزاشا خۆی پێوە بادەدا و زیاترینی لە ناوچە فارسنشینەکانی ناوەند و باکوور ئەنجام دەدان تا ستراکتۆری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی سەردەست لە سەر حیسابی پوکانەوە و لاواز کردنی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەتایبەتیی کورد بەهێز و پتەو بکات و هەلومەرجی کوێربوونەوەی ئەم نەتەوانە و وابەستەییان بە ناوەندەوە بکاتە حەتمیەتێکی مێژوویی.

هەر بۆیە لەقۆناغی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشاهیدا جگە لەچەند ڕێگایەکی سەربازی هەوڵی دامەزراندنی ڕێگای نوێ‌و چاکردنی ڕێگا کۆنەکان نەدراوە، زۆربەی شارەکانی کوردستان لەبەر نەبوونی ڕێگای باش بەزەحمەت پێوەندییان پێکەوە دەکرد کەلە هەندێ وەرزی وەك زستاندا بەتەواویی دەپچڕا، گوندەکانیش لەم ڕووەوە کەلەلابوون ئەمەش گورزێکی گەورەی لەئابووری لادێ وەشاندو بازاڕی شارەکانی لەگەشەکردنێکی سروشتی بێ بەشکرد. جگە لەمە دەوڵەت لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی

---

مەترسیەوە)). بڕوانە: زیباری، محمد صالح، میثاق سعد اباد ١٩٣٧ واثره علي الكورد، مە تين، العدد ١٠٢، تموز٢٠٠٠، ص٩٣.

[1] فردوست، حسین، س پ ،ل ٧٧-٧٨.

[2] Entessar,N.(1992),Kurdish Ethnonationa lism,(Boulder,London,Lynne Rienner Publishers,P.140.

**ئینحصارەوە (دائرە انحصار) دەستی بەسەر گرنگترین بەرهەمی کشتوکاڵیو سەرچاوەی دەرامەتیخەڵکی گوندەکاندا گرت کەتوتنو دانەوێڵەو پەموو بوو، بەپارەیەکی هەرزان لەدەست دەردەهێنان.[1]**

**سەبارەت بەیاسای زەوی کە رەزاشا لە ساڵی١٩٢٨دا دەریکرد، نەبووە هۆی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانو پەیوەندییەکانی موڵکایەتیی، بەڵکو بووە هۆی چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتی موڵکدارەکانو مانەوەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان.[2]**

**لەلایەکی ترەوە رێگرتن لەسەرمایەگوزاریی لەکوردستانو دانەمەزراندنی کارگەو ئەنجامنەدانی پرۆسە پیشەسازییەکانو کۆنترۆڵکردنی چالاکی بازرگانییو بایەخنەدان بەکردنەوەی خوێندنگاو نەخۆشخانەو باقی تری پرۆسە خزمەتگوزارییە پێویستەکان، کۆمەڵگای کوردەواریی لەقەیرانێکی راستەقینەدا خزاندبوو.[3] برسێتیی، دەستکورتیی، نەخۆشیی، نەخوێندەواریی، نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییو سیاسییو دواکەوتوویی دیاردە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی بوون، ئەو دواکەوتووییەی کە لە نەبوونی کەرەسەی خاوو هەژاریی سروشتییو نەبوونی دەستی کارو هێزی مرۆییەوە نەبوو، بەڵکو ئەنجامی هەلومەرجی وابەستەییو ئاکامی سیاسەتی فشارو سەرکوتی ناسیونالستی حاکم بوو لەکوردستاندا، کە لەجیاتی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی ناوچەکە، خەریکی بنیاتنانی ئۆردوگاو زیندانو قەڵاو پۆستی ژاندارمو میلیتاریزەکردنی ناوچەکە بوو.[4]**

**بەم شێوەیە لەکۆتایی سییەکانی سەدەی رابردوودا حکومەتی ئێران دەسەڵاتێکی بەهێزو رەهای لەتەواوی کوردستانی ئێراندا چەسپاندبوو، دەرفەتێکی بۆ جووڵانەوەی نەتەوەییو چالاکی ئازادیخوازانەی کورد نەهێشتبۆوە. ئەو جووڵانەوەیەی کە تاکو هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانیی، گرنگترین دیاردەکانی ئەوە بوو لەژێر**

---

[1] **کوهستان، ٢٢ بهمن ماه ١٣٢٤.**

[2] **احمد، دراسات فی تأریخ ایران.. ل٢٥٤"السبکی،س.پ، ل٧٥.**

[3] Entessar,Op.cit.P.140.

[4] **کوهستان، ٢٢ بهمن ماه ١٣٢٤.**

ڕێبەرایەتیی سەرانی عەشایرو پیاوانی ئاینیدا بوون کەچینی دەسەڵاتدارو خاوەن توانای فۆرماسیۆنی ئەو دەمی کۆمەڵگای کوردەواریی بوون، جووتیارانی کوردیش کە بەتوندیی لەژێر چەوسانەوەی دەوڵەتی ناوەندیی و فەرمانڕەوایانی ناوچەکەدا بوون شانبەشانی رابەرانیان بەشداریی جووڵانەوەکەیان دەکردو سووتەمەنی راپەڕینەکان بوون، ئەو راپەڕینانەی زیاتر ناوچەکیان دەگرتەوەو لە ڕووی سەربازیی و سیاسییەوە ڕێکخراو نەبوون و ئامانجی هاوبەش و دروشمی یەکگرتوویان بەرز نەدەکردەوەو هەر بەکوشتنی رابەر یان دەستگیرکردنی خێرا بڵاوەی پێدەکرا، کێشەی عەشیرەتەکان و ململانێی رژێمی دەرەبەگایەتیی هێندەی تر جووڵانەوەکەی لاواز دەکرد کەهەندێ جار وا ڕێکەوتووە راپەڕینێك پێش ئەوەی لەگەڵ سوپای دوژمندا بەشەڕ بێت بەهۆی شەری ناوخۆوە توانای بەرەنگاری نەماوە. دیاردەیەکی وا کەحکومەتی ئێران بەهەموو شێوەیەك هەوڵی قووڵکردنەوەی دەدا، سەبارەت بەرۆڵی شارەکانیش بەهۆی کەمیی دانیشتووان و لاوازیی مەوقعییەتی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی چین و توێژە مام ناوەندییەکان نەیدەتوانی ببێتە پێشەنگی جووڵانەوەکە، بەڵکو بەدوایدا ملی دەنا.

لەم هۆکارە ناوخۆییانە، نەبوونی هاوکاریی و پاڵپشتیی دەرەوە،دوژمنایەتیی تەواوی هێزە نێوچەییەکان و هەڵوێستی نەرێیی زۆربەی هێزە مەزنەکان بەشورەوییشەوە[1] پەرداختیی و دڕیی ئەرتەشی شاهنشاهیی،[2] لاوازیی جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی وڵات و ئاوڕنەدانەوەی ئازادییخوازانی ئێرانیی لە رەوشەکەی کوردستان، تێکڕا هۆکاری گرنگی شکستی راپەڕینەکانی کوردو جووڵانەوەی نەتەوەییەکەی کوردستانی ئێران بوو لەم قۆناغە مێژووییەدا.

[1] مەنتك، کامەران، کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، ١٨٩٠–١٩٣٢،چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠، ل٢٦١–١٧٩“ بیکس. ن. ملاحظات درباره روابط شوروی و کردها، ترجمه. خ.خبات ، انتشارات مرکزی (حدکا)١٣٦٢ش.

[2] مامەڵەی سوپاو دەستگاکانی حکومەتی ئێرانی لەگەڵ گەلی کورد وەك مامەڵەی هەر هێزێکی داگیرکەری کۆلۆنیالست بوو بەرامبەر کۆلۆنییەکەی و بگرە خراپتریش، پیتر اوری دەڵێت: ((داستانی سامناکت سەبارەت بەو ئەفسەرە ئێرانییانە گوێ لێدەبێت کەبەسەربڕینی لوڕەکان و کوردەکان سەری خۆیان گەرم دەکەن)).
اوری، جلد دوم، چاپ سوم، تهران، نوروز ١٣٧٧ش،ص٦٢.

# بەشی یەکەم :کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا ( ١٩٣٩ ـ ١٩٤٥ )

## باسی یەکەم: سەرنجێکی گشتییی لەبارودۆخی ئێران لە پەراوێزی هەڵگیرساندنی جەنگدا

سەرەتا بۆ ئەوەی بتوانین وێنەیەکی روون سەبارەت بەهەلومەرجو رووداوە مێژووییەکانی کوردستانی ئێران لەساڵانی جەنگدا بنەخشێنین، پێویستە ئاگاداری بارودۆخی گشتییو کاریگەرێتیی هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگ لەسەر پەرەسەندنی رووداوەکانی سەرتاسەریی ئێران بین، ئەو رووداوانەی کە زۆر بەخێرایی تێدەپەڕینو رۆڵی کاریگەریان لەدیاریکردنی رەوشی ئابووریی‌و سیاسیی وڵات یاری دەکردو قۆناغێکی مێژوویی نوێیان بۆ هێنایە ئارا.

لەراستییدا، هەرچەندە حکومەتی ئێران بەفەرمیی لە٤ی ئەیلولی ١٩٣٩دا، بێلایەنیی خۆی لەهەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانیی راگەیاند، کەچی ئەم هەڵوێستە نەبووە رێگر لەبەردەم پاراستنی خاکو سەروەریی ئێران لەهەمبەر هەڕەشەو ئاگری لایەنەکانی جەنگ، بەتایبەتیی هاوپەیمانەکان، چونکە پەرەسەندنی رووداوەکانی جەنگو تێوەگلانی یەکێتیی شورەویی لەشەڕدا دوای ئەوەی ئەڵەمانیای نازیی پشتی کردە (پاکتی پەلامارنەدانی یەکتر) کەلە ٢٣ی ئابی ١٩٣٩ لەگەڵ مۆسکۆدا مۆریان کردبوو، ولە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١دا لەسێ لاوە پەلامارێکی سەربازیی بەرفراوانی کردە سەر خاکی شورەویی‌و بەرەو قوڵایی پێشڕەویی کرد،. لەزۆر رووەوە بایەخی شوێنی جیوپۆلتیکیی ئێرانو رۆڵی لەیەکالاکردنەوەی مەسەلە ئایندەییەکانی جەنگدا زیاد کرد[1]، لەکاتێکدا کەرژێمی رەزا پەهلەویی ئامادە نەبوو بێتە ژێر باری داواکارییەکانی

---

([1]) الصمد، رياض، العلاقات الدولية في القرن العشرين، الطبعة الأولى، الجزء الثاني لفترة ما بعد الحرب العالمية الثانية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٣، ص٣٦.

شورەویی‌و حکومەتی بەریتانیا سەبارەت بەسنووردارکردنی ژمارەی ئەڵەمانەکان‌و سڕکردنی چالاکییەکانی ستوونی پێنجەم‌و دەزگا جاسووسییەکانی ئەڵەمانیای نازیی لەئێران[١]، هەروەها بڕینی ئەو پەیوەندییە سیاسیی‌و دپلۆماسیی‌و ئابوورییەو بەهێزەی کەوڵاتەکەی لەگەڵ بەرەی میحوەردا بەتایبەت ئەڵەمانیادا هەیبوو[٢].ئەم سیاسەتەی ڕەزاشا کە هاوپەیمانەکان بەهەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیان لەسەر بەرژەوەندییە سەربازیی‌و ستراتیژیی‌و سیاسیی‌و نەوتییەکانیادا دادەناو بەردەوامبوونی خەونەکانی هیتلەریان دەهێنایەدی، هەر بۆیە بەداڕشتنی پلانی داگیرکردنی ئێران خۆیان لەو مەترسییە ڕزگار کرد، جگە لەوەی کۆریدۆرێکی گونجاویان بۆ گەیاندنی یارمەتییە پێویستەکانی جەنگ بۆ رووسیای شورەویی دابین کرد[٣].

لەبەرەبەیانی رۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی بەرامبەر ٢٥ی ئابی ١٩٤١ زاینی هێزەکانی شورەویی لەباکوورەوەو هێزەکانی بەریتانیا لەباشوورو باشووری خۆرئاواوە هاتنە خاکی ئێرانەوە، ئەرتەشی شاهەنشاهیی کەبەدرێژایی حوکمی ڕەزاشا لانی زۆری بودجەی وڵاتی هەڵدەلوشی[٤] نەك هەر بەرەنگارییەکی ئەوتۆوی پێنەکرا بەڵکو

---

([١]) گرنگترین جاسووسەکانی ئەڵمانیا لە ئێران بریتیبوون لە (ڤۆن رادنوفش، رومن کاموتا، فرانس مایر، گوستاف بوهر، هینرخ کلینکر) بڕوانە:

رمضاني، روح الله، سياسة ايران الخارجية (١٩٤١-١٩٧٣). دراسة في السياسة الخارجية للدول السائرة نحو التحديث، منشورات مركز دراسات الخليج العربي، شعبة الدراسات الفارسية، ترجمة: علي حسين فياض وعبدالمجيد حميد جودي، ١٩٨٤، ص٥٠.

([٢]) ڕەزا شا لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا زیاتر پشتی بەئەڵەمانیای نازیی دەبەست‌و دەرگای وڵاتی بۆ واڵاکردبوون، تا بەشدارییەکی تەواوی پرۆسەی مۆدێرینزمەکەی بکەن، ئەو سیاسەتی ناوی لیٚ نرابوو (موازنه منفی)، جگە لەوە ڕەزاشا دڵی بەکەسایەتیی هێتلەردا چوو بوو، زۆر خاڵی لێکچوون لەنێوان هەردووکیاندا هەبوو، هەردووکیان لەباوەشی دەزگای سەربازییەوە پیٚ گەیبوون، هەردووکیان بڕوایان بەتاکڕەوی فراوانخوازیی‌و باڵادەستیی ڕەگەزیی وحوکمی عەسکەرتاریی هەبوو. هەروەها بانگەوازی ئاریچێتی‌و دژایەتیی بەلشەفییکش دووخاڵی تری لێکچوونیان بوو. گازیورسکی، مارك. ج، سیاست خارجی امریکا و شا، بنای دولت دست نشانده در ایران، ترجمه فریدون فاطمي، چاپ اول، نشر مرکز، تهران، ١٣٧١ش،ص٨١.

([٣]) Charchill.W, the second warld war. The Grand alliance Voulme111,Boston, Houghton Mifflin Company, 1959, P423.

([٤]) ڕێژەی پارەی تەرخانکراوو بۆ ئەرتەشی‌شاهەنشاهی نزیکەی ١/٣ ی بوودجەی گشتی ساڵانە بوو، بڕوانە:
H.Katouzian, the political economy of moderen Iran despoatism and pseud-modernism, Newyork, 1949, P169-175.

لەزووترین کاتدا لێکهەڵوەشاو بە ئەفسەرو سەربازو ئەمیرەکانی جەنگەوە بێ چاوەڕوانی فەرمانێکی سەرەوە ئاشبەتاڵیان کرد، بەمجۆرە قۆناغی داگیرکردنی هێزە هاوپەیمانەکان لەئێراندا دەستی پێکرد کەهەتا ساڵی ١٩٤٦ی خایاندو تیایدا ئێران بۆ ٣ ناوچەی دەسەڵات دابەشکرا: ناوچەی نفوزی شورەویی لە باکوور، ناوچەی نفوزی بەریتانیی لە باشوور، ناوچەی بێلایەن کەلەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی ئێرانییدا مایەوە کە تارانی پایتەختو شارەکانی مەشهەدو ئەسفەهانیشی دەگرتەوە[١].

شایەنی باسە رووداوەکانی خەرمانان چەند ئاکامێکی گرنگو لەناکاوی لێکەوتەوە کەهەڵوەشاندنەوەی ئەرتەشو لێخرانی رەزاشاو دورخستنەوەی لەئێران دووانی گرنگ بوون، ئەم دووانەش کاریگەریی خۆیان لەسەر تەواوی رووداوەکان بەجێهێڵاو زۆر لەجەمسەرەکانی هاوکێشەکانیان گۆڕی کەگرنگترینیان کۆتایهێنانی حاڵەتی بێلایەنیی ئێرانە لەجەنگداو دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسیی بوو بەهەموو قەیرانە جۆراو جۆرەکانیەوە.

هەر لەرۆژی لێخرانی رەزاشا کە١٦ ئەیلولی ١٩٤١ە، محەمەدی کوڕی کەهێشتا ٢٢ ساڵی تەواو نەکردبوو، تاجی پاشایەتییان لەسەرنا، ناوبراو لەبەرامبەر مەجلیسدا سوێندی خوارد بۆ سەربەخۆیی وڵات تێبکۆشێتو مافەکانی میلەت بپارێزێتو پابەندی یاساو دەستوراتەکانی وڵات بێت[٢]، هەروەها شاهەنشای لاو فەرمانی لێخۆشبوونی گشتیی دەرکرد، بەوەش ژمارەیەکی زۆر لەزیندانە سیاسییەکان ئازاد بوونو دوورخراوەکان گەڕانەوە وڵات، ژیانی پارتایەتیی دەستی پێکردەوە[٣]، ئەو سیاسەتکارە

---

([١]) Lenczowski,G,Russia and the west in Iran, 1918-1948. A study in big power Rivalry, Ithaca press, Newyork, 1949, PP.169-175.

([٢]) اوری، س. پ، ل١٩٢.

([٣]) گرتگترین پارتەکانی ئەم قۆناغە بریتییە لە (حزب تودە/ پارتی جەماوەر)، (حزب ایران) (حزب ارادە ملی/ پارتی خواستی میللی)، (حزب پان ایرانیسم)، (حزب عدالت)، (حزب زحمتکشان)، (حزب سۆسیالیزم ملی کارگران)، (حزب اریا)، (حزب نیروی سوم/ پارتی هێزی سێهەم)، (حزب ذولفقار) و (دواتر (حزب دموکرات ایران) بۆ زیاتر:

**ناسراوانە پێشتر ڕەزاشا لەبازاڕی سیاسەتدا دەرپەڕاندبوون وەك: مصدق، سیدضیاء الدین طباطبائي، احمد قوامو پیشەوەری لەجاران بەگوڕتر کەوتنەوە کاروچالاکی سیاسیی، جگە لەبڵاوکردنەوەو چاپکردنی ڕۆژنامەو گۆڤاری جۆراو جۆر[1] وهاتنەوە مەیدانی ڕێکخراوە پیشەییەکان کەدیاردە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم قۆناغەن.**

**پێویستە بوترێت، یەکێك لەدیاردە ناڵەبارەکانی ئەم قۆناغە ئەو قەیرانە ئابورییە بوو کە ئێرانی پێوە گیرۆدە ببوو، ئێران نەیدەتوانی دوورەپەرێز بووەستێت لەو گرفتە ئابورییانە کەجەنگی دووەمی جیهانیی بەدیاریی لەگەڵ خۆیدا بۆ ناوچەکەی هێنابوو، بگرە باری ئێران لەم ڕووەوە لەزۆر وڵاتانی تری ناوچەکە گرانتر بوو، برسێتیی، شاردنەوەی کەلو پەلو پێویستیەکانی ژیان، هەڵاوسانی ئابووریی، بەرتیلخۆریی، بازاڕی ڕەشو یاریکردن بە نرخ لەلایەن توێژێکی مشەخۆری تازەپیاکەوتەدا، ڕووخسارە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران بوون. ئەم بارودۆخە ناهەموارەش ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ بەردەوام بوونی جەنگدا خراپتر دەبوون، بۆ نموونە خەرجی ژیان لە ساڵی ١٩٤٣دالەچاو ساڵی ١٩٣٩دا ٦٩٪زیادی کردو دواتر بۆ ٧٥٧٪ لەساڵی ١٩٤٤دا بەرز بۆوە، سەبارەت بەهەڵاوسانی دراویش لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٢دا ڕێژەی پارەی بەکارهێنراو بۆ (٣/٥)ملیار ریالو دواساڵی جەنگ بۆ (٧/٦)ملیار ریال بەرز بۆوە، پەکی گەنجینەی دەوڵەتی لەساڵی ١٩٤٣دا گەیشتە ٨ ملیۆن دۆلار، قەرزی ناوخۆی دەوڵەتییش لەکانوونی یەکەمی ١٩٤٤دا گەیشتە (٤/٥) ملیار ریال کە ئەو دەمە بڕێکی خەیاڵیی بوو[2].**

---

**زبیح، سپهر، تاریخ جنبش کمونیستی در ایران، ترجمه: محمد رفیعی مهر ابادی، مؤسسه مطبوعاتی عطائی، تهران، ١٣٥٩ش" سنجابی ،محمود تربتی، قربانیان واحزاب سیاسی ایران، چاپ اول، انتشارات اسیا، چاپخانەی علمی، بتهران، ١٣٧٥ش.**

**(١) ژمارەی ئەو ڕۆژنامانەی لەنێوان ساڵی ١٩٤١-١٩٤٧دا لە ئێران بڵاوبوونەتەوە بریتییەلە ٤٦٤ ڕۆژنامە کە بە ناونیشانی جۆراوجۆر دەرچووە، لەوانە ٤٣٣ یان بە زمانی فارسییو ئەویتر بە زمانی دی بڵاوبوونەتەوە.**

**سلسلەی پهلویو نیروهای مذهبی به روایت تاریخ کمبریج، ترجمه: عباس مخبر، ویراستار: مرتضی اسعدی، چاپ صهبا، چاپ دوم، تهران، بهار ١٣٧٢ش، ص٦٢.**

**(٢) سلمان، عبدالهادي کریم، ایران في سنوات الحرب العالمیة الثانیة، مرکز دراسات الخلیج العربي، البصرة، ١٩٨٦، ص١٠٧-١١٠" اوری، س. پ، ل٢١١-٢١٩.**

شایەنی باسە راستەوخۆ دوای رووداوەکانی خەرمانان / ئابی ١٩٤١، ئێران لەڕووی ئابورییەوە مەزنترین قەیرانی بەخۆوە بینی کەبە(قەیرانی نان) دەناسرێت، ئەو قەیرانەی لەئەنجامی کەمی دانەوێڵەو بازرگانییکردنی حکومەت بەدانەوێڵەی هەڵگیراوی گەنجینەکانو فرۆشتنی لەبازاڕی رەشدا، و دەستبەسەراگرتنی هێزە داگیرکەرەکان بەسەر بڕی زۆری گەنمدا قەوما. بەچەشنێك ئاسەوارەکەی تارانی پایتەختی هەژاند، کاتێك ژمارەیەك لەخوێندکاران خۆپێشاندانێکی هێمنانەیان سازداو بەرەو کۆشکی مەجلیس بەرێکەوتن، کە گەیشتنە ئەوێ لەحەوشێ دا (بهارستان صحنه مجلس) بەستنشین بوون تا سەرنجی نوێنەرانو حکومەت بۆ ئەو گرانییو بێ نانییە رابکێشن، پاسەوانانی مەجلیس پەلاماریاندانو ژمارەیەکیان لێکوشتنو هەندێکیشیان بریندار کرد. ئەم رووداوە لە مێژووی ئێراندا بە رووداوی ١٧ی ئازەری ١٣٢١/کانونیدووەمی ١٩٤٢ دەناسرێت. [1] بێگومان ئەگەر ئەمە ڕەوشی پایتەخت بووبێت هەرێمە دوورە دەستەکان هەر باس ناکرێت . بەمجۆرە ناڕەزایی خەڵکی لەو بارودۆخە دژوارە رۆژ بە رۆژ بەرەوسەر دەچوو، هەرێمێکی دەوڵەمەندی وەك ئازەربایجانیش لەم قاتوقڕییە بێبەش نەبوو، هەر بۆیە لە وێش ناڕەزایی خەڵك بە شێوەیەکی جەماوەریی لە ٨تیرماه ٢٧/١٣٢٢تەموزی ١٩٤٣ تەقییەوە. ڕۆژنامەی (فریاد) لە ژێر سەر دێری (رخداد بیستم تیر در تبریز/ ڕووداوی بیستەمی تیر لە تەورێز) نووسیویە:

((... برسێتیی هانی مرۆ دەدا پەلامار بدات، سکی برسیی بۆخۆ هەڵسوون لە شیر و سەرەنێزە باکی نییە، ئەمە یاسایەکی سروشتیی نەگۆڕە کە بۆ جاری دووەم لە ٨ تیرماه ١٣٢٢ لە ئاسۆی تەورێزدا ئاشکرا دەبێت ،... خەڵکی برسیی لە سێ چوار گەرەکی شارەوە ڕژاونەتە سەر شەقامی گشتیی و لە دەوری بەرێوەبەرایەتیی شار کۆبوونەتەوە ، ژن و منداڵ ، لاو و پیر ، کوێرو برسیی.. هاوارە ئێمە برسییمانە، نانمان دەوێت ، ناخوازین بمرین، هاواری نانمان دەوێت ئاسمانی پڕدەکرد..ئاپۆرای خەڵکەکە تا دەهات

---

(1) دهقان، علی، سرزمین سردشت، رضائیه اوضاع طبیعي سیاسي اقتصادی فرهنگی اجتماعی تاریخی، چاپ اول، انتشارات ابن سینا، ص٦٨٨.

فراوانتر دەبوو، هاواریان دەکرد :نە چیتمان دەدەنێ ، نە قەند ، چاومان لە نانە وشکەکەیە ئەویشمان نادەنێ))[1] .

هەروەها بڵاوبوونەوەی چەندەها نەخۆشی کوشندە بووە سەرباری برسێتیی و نەبوونیی ، بە تایبەتی نەخۆشیی( مەلاریا، تیفۆ، سورێژە) کە ڕۆژانە سەدان کەسی دەخستە چاڵ، بێ ئەوەی هەوڵێك بۆ قەڵاچۆکردن بدرێت ، ئا لەم وەختە دژوارەدا حکومەتی ئێران بڕیارێکی لە بەرژەوەندیی بازرگانانی شەڕ دەرکرد ئەویش بڕیاری چاوپۆشین لەهەناردنە دەرەوەی بەرووبوومی خۆراکییە کە زیانێکی زۆری گەیاندە چینە نەدارەکان و خەڵکانی زەحمەتکێشی ئێران[2].

لێرەدا پێویستە قامك لەسەر راستییەك دابنرێت کەئەوەیە، وێڕای لێخرانی رەزاشاو کۆتایهێنان بەو قۆناغەی پێی دەوترێت دەورانی بیست ساڵەی دیکتاتۆریی و گەڕانەوە بۆ یاسای بنەڕەتیی لەحوکمی وڵاتداو ئەو ئازادییە ڕێژەییەی لەپایتەختو گۆڕانی وەزارەتەکان هاتەدی. سروشتی حکومەتی ئێران گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتو دیموکراسیی نەگەشەی کردو نەچەسپاش، بگرە لەجیاتی دیموکراسیی، بەرەڵایی باڵی بەسەر حکومەتو دامودەزگاکانیدا کێشاو دەوڵەت نەك هەر ئاسەوارە دزێوەکانی سەردەمی رەزاشای نەگۆڕی، بەڵکو گرفتەکان بەجۆرێك قووڵ بوونەوە بێ هیوایی و رەشبینیەکی مەزنی لەنێو خەڵکدا پێکهێنابوو. ئەمەش بێگومان دەرەنجامی کۆمەڵێك فاکتەر بوون گرنگترینیان: سروشتی پێکهاتەی دەوڵەتی ئێران کەرەزاشا لەسەر بنەمای دیکتاتۆریی دایمەزراندو دەوڵەتو پاشایەتیی و ناسیونالیستی فارسی کردبووە یەکەیەکی ئایدۆلۆژیی، بناغەیەکی پتەوی لەناوەند بۆ دارشتبوو، بەجۆرێك دەرفەتێکیان بۆ دیموکراسیی و بەشداریی سیاسیی و کاری ئازاد نەهێشتبووەوە. کاتێکیش هێزە

---

(1) فریاد، تهران، ٢٢ تیرماه ١٣٢٢ش.

(2) (هویدا) لە بیرەوەرییەکانیدا بەمجۆرە باس لە ئابووریی داڕووخاوی هەرێمەکانی ئێران دەکات ((دەرفەتم بۆ هەڵکەوت بارودۆخی نالەباری گوندو ئازاری جوتیاران ببینم، کاتێك دوای تەواوکردنی خوێندن گەڕامەوە ئێران.. هەرگیز ناتوانم ئەوە لەیاد بکەم کە دوای پازدە ساڵ دوورە وڵاتیی گەڕامەوە نوقمی نەگبەتیی کوێرەوەریی بووم، برسێتیی و گرانیی سەراپای وڵاتی گرتبووە، بەرتیلخۆریی تەشەنەی کردبوو، لەسەر شەقامەکان سواڵکەر دەرۆزەیان دەکرد.. وام هەستدەکرد گەڕاومەتەوە سەدە کۆنەکان)).بڕوانە:

هویدا، فریدون، سقوط الشاه محمد رضا بهلوي، منشورات مركز دراسات الخليج العربي، البصرة، ١٩٧٩، ص٤٦.

هاوپەیمانەکان لەخەرمانان هاتنە ئێرانەوە ئەم پێکهاتەیەیان قبووڵ بوو، هەر بۆیە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەش بۆشاییەکی هێزی سەرتاسەریی لەئێراندا پێکنەهات‌و هێزە هاوپەیمانەکان دوای سوکە گۆڕانێك کەوتنە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی‌و لەناوچەکانی خۆشیان بەدڵسۆزیی کاریان بۆ چەسپاندنی هێمنی دەکردو یەکێتیی خاکی ئێران‌و سەربەخۆیی وڵاتیان زۆر لا مەبەست بوو، بەڵام ئەمە رێگای ئەوەی لێنەدەگرتن لەرێگای دارو دەستەکانیانەوەو بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەستبخەنە ناوکاروباری دەوڵەتەوە، بەتایبەتیی بەریتانیا کەلەترسی ئایندەی ئێران‌و چاوتێبڕینی شورەویی بێ پەروا بۆ خۆگرتنەوەی دەوڵەتی ناوەندیی تێدەکۆشاو تاڕادەیەکی باش گرەوی بردبۆوە بەهۆی باڵادەستیی چین‌و توێژە کۆنە پارێزەکانی نەتەوەی سەردەست کە بەحوکمی شوێنی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییان لەوڵاتدا زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسیان وەبەردەکەوت‌و رۆڵی مەزنیان لەئاراستەکردنی رووداوەکان دەبینی[1].

هەروەها لێرەدا ناتوانرێت نیازخراپیی شاهەنشای لاو لەبیر بکرێت، ئەو شایەی بەڕواڵەت وەك تەماشاچیی خۆی دەنواند، بەڵام ژێر بەژێر بۆ هەلێك دەگەڕا سەر لەنوێ دیکتاتۆریی ببوژێنێتەوەو خەونی بەرۆژانی باوکییەوە دەدیت. هەربۆیە چەندی بۆ بکرایە هەوڵی ژیاندنەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی‌و دەستگا سەرکوتکەرەکانی دەداو دەستی پێدا دەهێنانەوە. جێگای سەرسورمان نییە کاتێك گەنجینەی دەوڵەت پەکیی بوو، گەلانی ئێران لەبرسان زووقەیان دەهات، شاهەنشای لاو ژمارەی سوپای ئێرانی لە ١٠٠ هەزارەوە بۆ ١٥٠ هەزار زیاد کرد چونکە پێی وانەبوو شاهەنشا دەبێت وەك شایەکی شەترەنج وابێت بەڵکو ((شا ئەو شایەیە کەبتوانێت چالاکانە هێزە چەکدارەکان رابەرایەتیی بکات‌و رۆڵێکی ناوەندیی لەم وڵاتەدا ببینێت))[2].

لەدوای رووداوەکانی خەرمانانەوە تا دوا ساڵی جەنگی دووەمی جیهانیی نۆ وەزارەت هاتوونەتە سەرکار، تێکڕا لەچارەسەرکردنی قەیرانە ئابووریی‌و سیاسییەکەی

---

[1] اوری، س. پ، ل٢٠١.

[2] احمد، ابراهيم خليل ومراد، خليل علي، ايران وتركيا، دراسة في تاريخ الحديث والمعاصر، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الموصل، ص١٦٧.

ولاتدا کورتیان هێنا، هەرچی وەزارەتەکانیساڵەکانی دوایینی جەنگە (مرتضی قلی بیات ، ابراهیم حکیمی، محسن صدر، حکیمی دوبارە) کە دهقان بە (زودگذر/زوو تێپەڕ) ناویان دەبات[1]، تێکڕا لەکەسانی راستڕەو پێکدەهاتن‌و رۆڵی خراپیان لەدەمکوتکردنی دیموکراتخوازان دیت. هەرپێش ئەوەی ساڵی ١٩٤٤ تەواو بێت حکومەتی ئێران کەوتە لێدانی رێکخراوە دیموکراسییەکان‌و قەدەغەکردنی خۆپێشاندان‌و کۆڕو کۆبوونەوەو جەماوەرییەکان، لەزۆربەی شارەکانیشدا حکومەتی سەربازیی راگەیەندرا[2].

سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی مەجلیسیش، جگە لەوەی زۆربەی هەرێمەکان لەناوەندەوە نوێنەریان بۆ دادەنرا، بەشێکی زۆری دانیشتووانی وڵات لەدەنگدان بێبەش کرابوون. هەروەها یارییکردن بەدەنگەکان‌و هەندێك جاریش دەنگوەرگرتن بەزۆر رووخسارە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنەکان بوون. شایەنی باسە لەرۆژی ٢٥ی شوباتی ١٩٤٥زدا مەجلیسی نویٔ دەورەی چواردەهەم لەلایەن محەمەد رەزاشاوە کرایەوە کە (١٢٦) کورسی لەخۆ گرتبوو بەمجۆرەی لای خوارەوە دابەش ببوو:

(( ٧٠ کورسی بۆ موڵکدارەکانی زەوی، ١٣ کورسی بازرگانەکان، ١٢ کورسی پیاوانی ئاین، ٢ کورسی خاوەن کارگەکان، ٩ کورسی رۆژنامەنووسان، ٦ کورسی پارێزەران، چەندی ماوە بەسەر بازرگانانی شەڕو پیاوانی سەر بەدەرباری شاهەنشاهییدا دابەش کرابوون))[3].

سەبارەت بەماڧ نەتەوە نەفارسەکانی ناو ئێرانیش حکومەتی ئێران هەنگاوێکی نەنا ئاسەواری سیاسەتی شۆڤێنستی بیست ساڵەی رەزاشایان لەسەر کەمکاتەوە. بەرنامەیەکی واش نە پێشکەشکراو نە جێبەجێکرا هەنگاو بۆلابردنی ستەمی نەتەوایەتیی لە ئێراندا هەڵبگرێت، ئەوانەی کاروباری دەوڵەتیان بەدەستەوەبوو لەگەڵ ئەو گۆڕانە مەزنەی کە ڕاگەیاندنی جەنگی دووەم هێنایە گۆڕیٔ لە خەباتی دژی فاشیزم‌و

---

([1]) دهقان، س. پ، ل٦٨٢.

([2]) سلمان، س. پ، ل٩٥.

([3]) لەم دەورەیەدا: ئاغای حبیب الله محیط بە نوێنەری سەقزو بانەو فرج الله خانی اصف، ناصر قلی اردلان و عبدالحمید سنندجی بە نوێنەری ئوستانی سنەو ابو اللقاسم صدر قازی بە نوێنەری مەهاباد دانراون:
صمدی، سید محمد، نگاهی به تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو مهاباد، چاپ میلاد، چاپ اول، ١٣٧٧ش. ص٢١٢.

چەسپاندنی مافی میلەتانی ژێردەستە و ئازادیی و دیموکراتیی، کە بە فەرمییش لە پەیمانی ئەتلانتیك لە ١٤ی‌ئابی١٩٤١دا ڕەنگی دابووەوە، جگە لە مامەڵەو بیری ڕەزاشا بیرو شێوازێکی تریان بۆ مامەڵە لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا بەدەستەوە نەبوو. تەنانەت یاساکانی ئەنجومەنی هەرێمەکان ( انجمنهای ایالتی ولایتی ) کە لە بەندەکانی ٩٠-٩٣ی یاسای بنەڕەتیدا هاتبوون[١] و جێبەجێکردنیان کەمێك باری سەرشانی ئەم نەتەوانەی سوك دەکرد هەر ئاوڕی لێ‌نەدرایەوە. جگە لەوەی، دەوڵەت بەبیانووی بوونی هێزی بێگانە لەئێراندا خۆی لە ئەرکە سەرەکییەکانی لە هەرێمی ئەو نەتەوانە دزیبۆوە و بەڕێوەبردنی بەدەستگای سەربازیی و هێزە سەرکوتکەرەکانی نێوخۆ سپاردبوو.

هەربۆیە سەرلەنوێ زەمینەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی لەلایەن ئەو نەتەوانەی کە بەهۆی بەهێزیی فاکتەرە پێکهێنەرەکانیانەوە هێشتا ڕۆحی نەتەوایەتییان جۆشی دەدا و ڕەزاشا فریای هاڕینیان نەکەوتبوو، سەری هەڵدایەوە، کە لەم نێوەدا کورد[٢] و ئازەر پێشەنگی خەباتی نەتەوایەتیی و ئازادییخوازی نەتەوە نەفارسەکانی ئێران بوون.

---

(١) لە یاسای بنەڕەتیی سەردەمی شاهەنشاهییدا کە لە ربیع الثاني ١٣٢٥ قەمەری دانراوە بەمجۆرە بەندەکانی ئەنجومەنەکانی ئیالەتیی‌و ولایەتیی دیارییکراوە:

پایەی نەوەتەم: لەتەواوی مەملەکەتی مەحروسەدا، ئەنجومەنەکانی ئیالەتیی‌و ویلایەتیی بەپێی بەرنامەی تایبەت ڕێکدەخرێن و یاسا بنەڕەتیەکانی ئەم ئەنجومەنانە بەم جۆرەیە:

پایەی نەوەت و یەکەم: ئەندامانی ئەنجومەنەکانی ئیلایەتیی‌و ویلایەتیی لەلایەن دانیشتوانەوە بێ دەسکاریی هەڵدەبژێرین، هاوجووت لەگەڵ بەرنامەی ئەنجومەنەکانی ئیالەتیی‌و ویلایەتیی.

پایەی نەوەت و دووەم: ئەنجومەنەکانی ئیلایەتیی‌و ویلایەتیی (دەسەڵاتی تەواویان سەبارەت بەهەر چاکسازییەك هەیە کە لە بەرژەوەندیی گشتییدا بێت، بە لەبەرچاوگرتنی سنوری یاسا بڕیاردراوەکان.

پایەی نەوەت و سێیەم: دانانی شێوەی خەرجیی‌و دەستکەوتی ئیالات و ویلایەتەکان لەلایەن ئەنجومەنەکانی ئیالەتیی‌و ولایەتیی چاپ و بڵاودەکرێتەوە. کوهستان، ١٠دی ماە ١٣٢٤.

(٢) (حمید رضا جلائی پور) ئەم جیاوازییە بۆ بەهێزیی هاوبەستەگی کوردەکان‌و تۆپۆگرافیای ناوچەکەیان‌و ئیمتدادی کوردستان بۆ ئەودیوی سنوورو لاوازیی هەمیشەیی دەسەڵاتی ناوەندیی لە کوردستان دەگەڕێتەوە: بڕوانە:

جلائی پور، حمید رضا، کردستان، علل تداوم و بحران ان پس از انقلاب اسلامی، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، چاپ اول، تهران، ١٣٧٢ش.

لەکاتێکدا بەشێکی هەلومەرجە خۆیی و بابەتییەکان لە قازانجیان دەسوڕا وەك لەدواتردا باسیان لێوەدەکەین.

لێرەدا، جێی خۆیەتی ئاوڕێکیش لەپەرەسەندنی پەیوەندییەکانی حکومەتی ئێران بە هێزە داگیرکەرەکانی شورەویی و بەریتانیاوە بدرێتەوە، ئەو هێزانەی هەر لە سەرەتاوە مانەوەی دەسەلاَتی ناوەندیی و پەرتنەبوونی خاکی ئێرانیان بە قازانجی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیان دەزانی، هەربۆیە هەوڵیاندا ئێران بکەن بەهاوپەیمانێکی خۆیان و هەموو ئاواتەکانی بەرەی فاشیزم سەبارەت بە ئێران لەگۆڕنێن. ئەم هەنگاوەش لە ڕێگای بەستنی پەیمانی (اتحاد سی گانە/یەکێتی سێ لایەنە)نرا کەلە ٢٩ی‌کانونی دووەمی ١٩٤٢دا لەلایەن (ئێران،شورەویی و بەریتانیاوە)مۆرکرا، پەیمانەکە ٩مادە و ٣پاشکۆی لە خۆ گرتبوو و تیایدا: هەردوودەوڵەتی شورەویی و بەریتانیا پەیمانی ڕێزگرتنی یەکێتی خاك و سەربەخۆیی ئێرانیان دا و ئامادەییان دەربڕی لەگەڵ حکومەتی ئێران ڕاوێژ بکەن لەسەر هەر مەسەلەیەك پەیوەندیی پێوەهەبێت، جگە لەئامادەییان بۆ بەرگرییکردن لە ئێران دژی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکیی لەلایەن ئەڵەمانیاوە یان هەر هێزێکی ترەوەبێت، هەروەها پێشکەشکردنی یارمەتیی و هاوکاریی بۆ چاککردنی ئابووریی ئێران و دەرهێنانی لەو قەیرانە ئابوورییەی بەهۆی جەنگ و حاڵەتی داگیرکردنەوە تووشی بووە، بەندی پێنجەمی پەیمانەکە بەڵێنی شورەویی و بەریتانیایە بۆ دەرکردنی هێزەکانیان لەئێران بەجۆرێك لە شەش مانگ  دوای کۆتایی هێنانی شەڕ لەگەڵ ئەڵەمانەکان و هاوبەشەکانیان تێپەڕنەکات. شایانی باسە ئەم پەیمانە ئەو مافەی دایە هێزە داگیرکەرەکان بنکەی سەربازیی زەمینی و دەریایی و ئاسمانییان لە ئێراندا هەبێت، بێئەوەی کار لەژیانی ئاسایی هاوڵاَتییان بکات و ببێتە ڕێگر لەبەردەم چەسپاندنی یاسای حکومەتی ناوەندیی و کاری دام ودەزگاکانی.

ئێرانیش بەرامبەر بەوە بڕیاریدا هاوکاریی تەواوی هێزە هاوپەیمانەکان بکات بۆ گواستنەوەی پێویستییەکانی جەنگ بەناو خاکەکەیدا، سەبارەت بە سیاسەتی دەریشەوەی کارێك نەکات لەگەڵ ناوەرۆکی پەیمانەکەدا پێچەوانە بێت، ئەرکی سوپای

ئێرانیش تەنیا پاراستنی ئاسایشی ناوخۆو چەسپاندنی یاسا بێتو لەبەرەکانی جەنگی دەرەوەی ئێراندا بەکار نەهێنرێت[1].

لەراستییدا ئێران بەمۆرکردنی ئەم پەیمانە سەرکەوتنێکی دپلۆماسییانە مەزنی چنگ کەوت. چونکە جگە لەوەی حاڵەتی دوژمنایەتیی و داگیرکاریی بۆ بووە دۆستایەتیی و هاوکاریی، هەردوودەوڵەتی شورەویی و بەریتانیا بەفەرمیی سەربەخۆیی و یەکێتیی خاکی ئێرانیان سەلماندوو ماوەیان بۆ مانەوەی هێزەکانیان لەئێران دیارییکرد، جگە لەوە سوپای داگیرکەر بووە پاڵپشتی دەسەڵاتی ناوەندیی لەتاران دژی هەڕەشەی دەرەکیی و، هەر هەڕەشەیەکی ناوەخۆ، ئەو حاڵەتەی کەم هاوتایە لەمێژووی هێرشە داگیرکارییەکانداو دەسەڵاتی ناوەندیی لەسەر لێواری مەرگەوە خستەوە سەر پێ.

شایەنی باسە حکومەتی ئێران کە ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ ئەو دوو هێزەدا هەبوو، گومانێکی زۆریشی لەهەڵوێستو راستگۆیی رووسیای شورەویی هەبوو دەیویست بەنزیکبوونەوە لەهێزێکی سێیەمو راکێشانی بۆ ناو بازنەی ململانێ کە زیاتر لەچارەنووسی خۆی دڵنیابێتو فشاری ئەو دووزلهێزەی لەسەر کەمبێتەوە، هەر بۆیە ئەو سیاسەتەی گرتەبەر کەپێی دەگوترێت (سیاست موازنه منفی/ هاوسەنگی نەرێیی) سیاسەتێك کەپێشتر رەزاشا لەگەڵ ئەڵەمانیای نازییدا پراکتیزەی کردبوو، هێزە نوێیەکەشی بریتی بوو لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەبەهاتنە ریزی هاوپەیمانەکانەوە لەکۆتایی ساڵی ١٩٤١دا وەك زلهێزێکی خاوەن توانای سەربازیی و ئابووریی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیی خۆی سەپاند.

لەراستییدا حکومەتی وەختی ئەمەریکاش تێڕوانینو دیدی تایبەتی خۆی لەسەر ئێران هەبوو، کە کاریگەرییی راستەوخۆیان لەسەر بەرژەوەندی سەربازیی و سیاسیی و ئابووریی و ستراتیژییەکانی دەکرد. هەربۆیە زۆر بە وردیی بایەخی بە ڕەوشەکەی ئێرانداو بە خێرایی هاتەمەیدان[1].

---

(1) ولبر، دونالد، ایران ماضیها وحاضرها، ترجمة: عبدالمنعم حسنين، القاهرة، ١٩٥٨، ص١٢٢" اوری، س. پ، ل٢٠٧-٢٠٨.

(1) السبکی، س.پ ، ل١٣٢-١٣٤.

وەك هەنگاوی یەکەم حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێزێکی (٣٠) هەزار سەربازیی ناردە ئێران بە ناوی (رابەرایەتی کەنداوی فارس / persian Gulf command)، دواتر دوو لیژنەی سەربازیی نارد یەکێکیان لە ژێر سەرکردایەتیی (ژەنەراڵ رادلی/C.S Ridly) کە ئەرکی گەیاندنی بەشی زۆری یارمەتییەکانی گرتبووە ئەستۆ ، جگە لەوەی پسپۆڕێکی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٤ بە ناوی (میلسپو) ناردە ئێران تا پلانی گونجاو بۆ ئابووریی تەپیوی ئێران بدۆزێتەوە.[1]

لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٣دا کاتێك نیشانەی لاوازیی ئەڵەمانیای نازیی و سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان لە ئاسۆ دەرکەوت ، هاوپەیمانەکان هەلومەرجی بەستنی کۆنگرەیەکیان لە تاران پێك هێنا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان، ئەم کۆنگرەیە بە ناوی (کۆنگرەی سێ مەزنەکە) ناودەبرێت کە لە ٢٨ تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ تا ١ی کانونی یەکەمی خایاندو ناودارترین کەسایەتیی جیهان(ستالین، رۆزفلت و چێرچل) ئامادەی بوون، لەم کۆنگرەیەشدا مەسەلەی بە تەنگەوە هاتنی سەربەخۆیی سیاسیی و یەکێتیی خاکی ئێران دووپاتکرایەوە و جەخت لەسەر پێشکەشکردنی هاوکاریی ئابووریی و کشانەوەی هێزە هاوپەیمانەکان لە شەش مانگ پاش جەنگ لە ئێران کراو ناوی (پردی سەرکەوتنیان ) لە ئێران نا.[2] هەروەها پاش کۆنگرە ستالین بە مەبەستی ڕەوینەوەی ترسی حکومەتی ئێران وخۆنزیك کردنەوە[3]سەردانی کۆشکی محەمەد رەزاشای کردو چاوی بە شاهەنشای لاو کەوت، ئەو چاوپێکەوتنەی دواتر لای محەمەد ڕەزاشا بووە خۆشترین یادگاریی لە بیرەوەرییەکانی.[4].

---

[1] میلسیون، مأموریت امریکائی ها در ایران، ترجمه: حسین ابو ترابیان، انتشارات پیام، تهران، ١٣٧٢ش،ص١٦.

[2] وابر، س. پ، ل١٢٣" الصمدس. پ، ل٤٦-٤٨.

[3] ستالین پێشتریش واتە لە تشرینی دووەمی ١٩٤١دا ئاماژەی بەوەدا کە یەکێتیی شورەویی ئامانجە ئیمپریالیستەکان رەتدەکاتەوە، هەروەها وتی: ((نە ئێستاو نە لە ئایندەشدا ئامانجمان لە جەنگ داگیرکردنی وڵاتێکی تر نییە، ناشمانەوێت دەسەڵاتی خۆمان بەسەر هیچ گەلێکدا بسەپێنین چ لە ئەوروپا، یاخود لە ئاسیا، بە ئێرانیشەوە)). سابیلیە، ادور، ایران مستودع البارود، ترجمە: عزالدین محمود السراج، دار الشؤون الثقافیة، بغداد ١٩٨٣، ص٢٢٧.

[4] فرودست، س. پ، ل١٢٩.

راستييەك هەيە پێويستە لێرەدا ئاماژەی بۆبكرێت كە ئەوەيە، وێڕای جياوازيی بەرژەوەنديی دژبەيەكی شێوازی كار و ناكۆكيی ئايدۆلۆژيای نێوان هێزەهاوپەيمانەكان لە ئێران و خانەگومانيان لە يەكتر ، هەڕەشەی نازييزم گشتييانی لە سەنگەرێكدا كۆكردبۆوەو جۆرە هەڵوێستێكی يەكگرتوويان هەبوو سەبارەت بە مەسەلە گرنگەكانی جەنگ و ئێران، بە تايبەتی پاراستنی هێمنيی و ئاسايشی ناوخۆ و هاوكارييكردنی دەسەڵاتی ناوەنديی بۆ ڕاگرتنی وەزعەكەو توندوتيژنەبوونی قەيرانەكانی ناوخۆ، لە گەڵ ڕەوينەوەی ترس لە نازييزم درزێكی گەورە كەوتە ئەو هەڵوێستە يەكگرتووەو ناكۆكييەكان بە خێرايی خۆيان بەسەر پەيوەنديەكان سەپاند،هەريەك لەو هێزانە كە ديدێكی لەوی تر جياوازيان هەبوو بەرامبەر مەسەلەكانی ناو ئێران و هەمووشيان لە پەيجوی بەديهێنانی بەرژەوەندييە ستراتيژيی و سياسييەكانی خۆيان هەڵدەسوڕان. ئەوەش كاريگەرييەكی ڕاستەوخۆ و قووڵی دەكردە سەر ڕەوشە لەرزۆكەكەی ئێران‌و قەيرانەكانی تا ڕادەی تەقينەوە دەبرد.

ناكۆكيی هاوپەيمانەكان لە ئێران، لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٤ ەوە زياتر ئاڵۆز بوو.كاتێك نوێنەرايەتيی هاوبەشی كۆمپانيای (رويال دوتش شيل) ی بەريتانيی و (ستاندر ئۆيل)و(سنكلەر) ی ئەمەريكايی بە نيازی ماڧ سوود وەرگرتن لە دەرهێنانی نەوتی بلوجستان و هەنديٚ ناوچەی تری ئێران لە گەڵ دەسەڵاتدارنی تاراندا كەوتنە گفتوگۆو ڕوويەكی خۆشيان پێشاندرا. [١] لەودەمەدا حكومەتی شورەويی ئاگاداری ئەم كەين‌وبەينە بوو، يەكسەر وەفدێكی ناردە تاران بە سەرۆكايەتيی (سيرجی كافترا زادە) جێگری كۆميساری كاروباری دەرەوەی شورەويی لە ئەيلولی ١٩٤٤دا داوای وەرگرتنی ماڧ دەرهێنانی نەوتی باكووری ئێرانيان كرد[٢]، بەڵام حكومەتی موحەمەد ساعيد بە

---

[١]Lenczowski, op, cit, pp216-218.

[٢] شورەويی هەر دوای هاتنەناوەوەی بۆ خاكی ئێران بە بيرەوەرييەك لە ٣٠ی ئابی ١٩٤١دا داوای وەرگرتنی مافی دەرهێنانی نەوتی (كوێرخوريان)ی لە كەنارەكانی باشووری دەريای خەزەر لە حكومەتی ئێرانی كردووە، بەڵام سەرەتا مەسەلەكەيان بە جديی وەرنەگرتبوو، (جورج. ف. كينان)ی راپەڕێنەری كاروباری ئەمەريكيی لە مۆسكۆ مەسەلەكەی وادەبينی كە ئامانجی شورەويی لە ئێران نەوت نييە وەك نەوت، بەڵكو شورەويی لەوە دەترسێت باكوری ئێران ببێتە بنكەيەك بۆ هێزە دژەكان لە ئايندەدا، هەربۆيە ئاسايشی شورەويی وادەخوازێت دەرفەت نەداتە هيچ زلهێزێكی تر لە باكووری ئێران شوێنپیٚ دابنێت.

هاندانی ئینگلیز و ئەمەریکاییەکان بڕیارێکی لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ دەرکرد تیایدا مەسەلەی گفتو گۆکردنی لە سەر بەخشینی ماڧ دەرهێنانی نەوت بۆ دوای جەنگ و دەرچوونی هێزە هاوپەیمانەکان لە ئێران دواخست، مەجلیسیش بڕیارێکی دەرکرد کە هیچ ماڧێکی بەوجۆرە بێ دەنگدانی مەجلیس نابێت بدرێت و هەر سەرۆك وەزیرانێکیش کارێکی وابکات تووشی لێپرسینەوە دەبێت.[١]

بەمجۆرە ئەم ناکۆکییە ئێران و بەریتانیا و ئەمەریکای خستە بەرەیەك و یەکێتی شورەوییشی بە تەنێ لە بەرەیەکدا جێهێشت، ئەو شووڕەوییەی خاڵە لاوازەکانی دەوڵەتی ئێرانی باش دەناسین و ئامادەش نەبوو هەروا بە ئاسانیی پشت لە هەموو قازانج و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا بکات. هەر بۆیە پەیوەندییەکانی شورەویی و ئێران بە خێرایی دوای ئەم بڕیارە بەرەو خراپیی ڕۆیشتن، ئەو خراپییەی لە سەر ڕەوشی ناوخۆی ئێران بێ کاریگەریی تێنەپەڕی.

---

کرمانی، حسین کوهی، از شهریور ١٣٢٠ تا فاجعه اذربایجان و زنجان، جلدی دوم، تهران، ١٣٢٩ی شەمسی.، رمضاني، س.پ، ل١٢٥-١٢٦.

[1] ولبر، س. پ، ل١٢٤ .، سلمان، س.پ، ل١٠٠-١٠١.

## باسی دووەم : ڕۆژهەلاتی کوردستان لەسەرو بەندی ڕووداوەکانی خەرماناندا

ئاشکرایە لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانیی لەئەیلولی ١٩٣٩دا، گەلی کورد لە ئێران بەسەر چوار ئوستانی ڕۆژئاوادا دابەش و نیشتەجێ بوون کە: ئازەربایجانی خۆرئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام بوو. (علاوالدین سجادی) ژمارەی کوردەکانی ئێرانی بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٣٩ بە ٣،٩١٠٠٠٠ کەس دیاریکردووە کە ٢٣٪ی تێکڕای دانیشتوانی ئەو دەمی ئێرانی پێکدەهێنا کە بریتیبوو لە(١٧) ملیۆن کەس.[١] شایەنی باسە١٠٪ی دانیشتووانی کوردستانی ئێران لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانییدا لەشارەکاندا دەژیان. لەڕووی پێکهاتەی ئاینییشەوە ٩٨٪ی دانیشتووانی موسڵمان و ٢٪ لە مەسیحی و جوو پێکدەهاتن.[٢]

کوردەکانی ئێران لەڕووی مەزهەبییەوە بەسەر دوو ئاینزای سوونەو شیعەدا دابەش دەکرێن. زۆرینەی سووننە بەرێژەی ٧٥٪ و کەمینەی شیعە بەرێژەی ٢٥٪ە. لەم بارەیەوە (گوتام) سوننیی بوونی زۆرینەی کورد بەفاکتەرێکی جیاکەرەوە لە (نەتەوایەتیی ئێرانیی) لەقەڵەمدەدات، بەڵام بوونی کوردی شیعەش لەناوچەی کرماشان و باشووری کوردستانی ئێران بەخاڵێکی لاواز لەرێگای پێکهێنانی بەرەیەکی کوردیی یەکگرتوو دژی دەسەلاتی ئێرانیی دادەنێت، بەرەیەك کەلەسەر بنەمایەکی مەزهەبیی دامەزرابێت.[٣] هەروەها د.عبدالرحمن قاسملوش بەڕاشکاوی ئاماژەی بە ڕۆڵی نەرێیی مەزهەبی شیعە لەسەر هۆشی نەتەوایەتیی کوردەکانی باشووری کوردستانی ئێران داوە کاتێك دەڵێت: (( لەگەڵ ئەوەی ناوچەی کرماشان لەباری ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە زیاتر پێشکەوتووە، جووڵانەوەی نەتەوایەتی لەمەهاباد زۆر بەهێزترە، چونکە کوردەکانی مەهاباد سونین و کوردی کرماشان وەك فارسەکان شیعەن)).[٤]

---

[١] سجادی، علاءالدین، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٧٢ ، ل٧٦ _ ٧٧.

[٢] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل ١٤.

[٣] گوتام، ريتشارد دبليو، القومية في ايران، ترجمة: فاضل الخفاجي، مراجعة: الدكتور علي محمد المياح، بغداد، ١٩٧٨،ل١٠٨.

[٤] قاسملو، کوردستان و کورد، ل٣٠٤.

سەبارەت بەڕێبازە سۆفیگەرییەکانیش ڕێبازەکانی (نەقشبەندیی و قادریی) وەك دوو ڕێبازی سۆفیگەریی لەکوردستانی ئێراندا بەر بڵاوبوون و هەر تەریقەتەو پەیڕەو و لایەنگرانی خۆی هەبوون. شێخی تەریقەتەکان لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا زەوی‌وزارێکی بەرین و بەربڵاویان هەبووە. شێخەکانی نەهریی، بنەماڵەی شێخی بورهان، شێخەکانی تەوێڵەو دووڕووەو سەیدەکانی ناوچەی کرماشان، ئەمانە جگە لەوەی خاوەنی دەیەها گوند بوون، خانەقای تایبەتییشیان هەبوو کەبەکۆمەکی مریدان و مەنسوبانیان بەڕێوەدەچوو، بەشێکی زۆر لەوانە بەناوی ئاین و قازانجی گشتییەوە ڕۆڵی نەرێییان لەخاوکردنەوەی خەباتی چینایەتیی جووتیاراندا هەبووە.[1]

ژیانی عەشیرەتیی دیاردەی سەرەکیی و باڵادەستی کۆمەڵگابوو کەنەك تەنیا لەگوندەکاندا، بەڵکو کاریگەرییان بەسەر زۆربەی شارەکانیشەوە دیاربوو. ئەو عەشیرەتانەی وێڕای فشاری حکومەتی ڕەزاشاو هەوڵەکانی بۆ ملکەچکردنیان، لەکوێستانە دووردەست و ناوچە سەختەکاندا پێکهاتەو ڕەوشت و شێوازی ژیانی خۆیان پاراستبوو. گرنگترینیان بریتیبوون لە: جەلالی، شکاك، میلان، هەرکی، مەنگوڕ، زەرزا، بەکگزادە، مامەش، تیلەکۆ، گڵباغی، دیبوکری، حەیدەری، بهرامبێگی، فیچ الله بیگی، سنجابی و کەلهوڕ بوون، بەشی زۆریان لەگوندەکاندا نیشتەجێبوون و هەندێکیشیان نیمچەکۆچەرانە گەرمیان و کوێستانی خۆیان دەکرد و مەڕو ماڵاتیان دەبردە هەواران و هۆبەدار بوون. شایەنی باسە هەریەکە لەم عەشیرەتانە بەسەر پێکهاتەی گچکەتری وەك: تایفە، بەرە، تیرەو بنەماڵە دابەش دەبوون و ڕۆڵی مەزنیان لەژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کوردەوارییدا دەدیت.[2]

پەیوەندییە نیمچە دەرەبەگایەتییەکان پەیوەندی زاڵی بەرهەمهێنان بوو، سەرخانی فیودالیی و ئەرباب – ڕەعیەتیی بەتەواوی مانایەوە لەم قۆناغە مێژووییەدا سەرانسەری کوردستانی ئێرانی تەنیبوو. چالاکی ئابووریی سەرەکیی لەسەر وەرزێری ڕاوەستابوو

[1] هـ.س، ل١٥٦-١٥٧.

[2] بۆ زیاتر: جواد پور، محمد، مجموعه اطلاعات درباره ایران و ایرانیان، چاپ اول، انتشارات شرق، تهران، اسفندماه ١٣٦٣ش.

که بەشی سەرەکیی بەرهەمی ئاژەڵداریی و دواتر بەرهەمی کشتوکاڵییە، ئەو بەرهەمەی دانەوێڵەو توتنەوانی دووپایەی سەرەکییان پێکدەهێنا.[1]

ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی گوندەکان بەپێی موڵکایەتیی زەوی و ژمارەی ئاژەڵ، لەچەند دەستەو توێژی جیاواز پێکدەهات کەموڵکدارە مەزن و مەڕدارە گەورەکان توێژاڵێکی باڵای هەرەمەکەو جوتیارە بێ زەوی و ئاژەڵدارە بچووکەکانیش بنکەکەیان پێکدەهێنا. کەسانێکی زۆریش هەبوون کەلەهەموو ئامرازێکی بەرهەمهێنان بێبەش بوون و وەك کرێکارێکی کشتوکاڵیی (فەعلەیی) هەڵدەسووڕان. ئەمانە هەژارترین توێژی لادێکانی کوردستان بوون.[2] ڕێژەی دابەشکردنی تێکڕای زەویە کشتوکاڵییەکانیش کە بڕەکەی (١/٢٠٠/٠٠٠) هیکتارە، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: ٧٨٪ی بەدەست موڵکدارە مەزنەکانەوە بوو، ٨٪یشی لەدەست جووتیارە زەویدارەکاندا بوون کە ٢٣٪یان کەمتر لەهیکتارێك زەوییان بەردەکەوت، شایەنی باسە ٥٦٪ی زەوییەکان بەدەست ١٪ی دانیشتووانی لادێ بوون، جووتیارە بێ زەوییەکانیش ٦٠٪ی خێزانە جووتیارەکانی کوردستانیان پێکدەهێنا.[3] ئەو توێژەی تێکڕا زیاتر ٨٠٪ی دانیشتووانی لادێیان پێکدەهێناو ژیانێکی کولەمەرگیان بەسەردەبردو سەرباری فشارو توندوتیژیی و ستەمی دەستگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی ڕەزاپەهلەویی، ئەنجامدانی ئەرکە دەرەبەگایەتییەکانیشیان لەئەستۆ بوو، هەر لەهاوبەشکردنی دەرەبەگ لە خەلەو خەرماندا تا بێگاریی جۆراوجۆرو پێشکەشکردنی پیتاکەکانی وەك تەپاڵانە، مریشکانە، پووشانە، هێلکانە، گوریسانە، سەرخۆشانەو سورانە..هتد. ئەمەو جگە لەبەزمی سووخۆرەکان کەجووتیاری هەژاریان دەخستە داوێکەوە ڕزگاربوونی ئەستەم بوو، ئەم هەلومەرجە ژیانی جووتیارانی کوردستانی کردبووە دۆزەخێکی بێوێنەو بەتەواویی بەزەوییەوەی بەستبوونەوە، لەبرسێتی و هەژاریی و نەخۆشیی و نەزانییدا کڕوسابوون.[4]

---

[1] قاسملو، کوردستان و کورد، ل١٠٨.

[2] هـ.س، ل١٩٧–٢٠٠.

[3] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل١٦.

[4] کوهستان، ١٠ تیرماه ١٣٢٥.

(حیسامی) لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: (( باری ئابووریو کۆمەڵایەتی لەکوردستان لەسەروبەندی حکومەتی رەشی رەزاشادا لەڕادەبەدەر شپرزەو کەلەلا بوو، بێجگە لەفشارو زوڵمو زۆری ژاندارمی دەوڵەتی بێکاریو هەژاریو لەدێهاتی کوردستان پشتی خەڵکی شکاندبوو، ئامرازی کەلو پەلی جوت لەئامورۆگاسن تیٚ نەدەپەڕی، بەبرەوترین حاسڵو بەربووی وەرزیرو رەشایی گوندی توتن بوو، پتر لەهەشت – نۆ مانگ بەخاوو خێزانەوە پێیەوە خەریك دەبوون ئاخرییەکەی یاوەبەر باران دەکەوت یا لەدوخانیە بەنومرە ٢و٣ دەنووسراوە یا دەکرا بەجهەندەمی دەعەمباری دەوڵەتی دەکرا، پاش ئەو هەموو کوێرەوەرییەو بێنەو بەرە ئەگەر لەدەست ژاندارمو کارناسی قەبلاندانو قولە مەعموری دوخانیە رزگار بووبایە دەکەوتە دەست ئاغا، ئیتر کابرای توتنچی نەیدەزانی توتنەکەی چەندی گرتۆتەوەو چی بۆ ماوەتەوە، دەبوایە دەست بگرێتەوە ئەگەر ئاغا ویژدانی هەبوو شتێکی دایە باشەو دەنا دەبوایە لەشار خۆ لە دوکاندارو قەرزخواز بدزێتەوەو بەلارە ملیٚ بڕواتەوە)) .[١]

سەبارەت بەشارەکانی کوردستانیش وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، راستەوخۆ شوێنێکیان لەمەسەلەی پرۆگرامی پەرەپێدانو ئەو مۆدێرنیزمە نەبوو کە رەزا شا لەناوچە فارسنشینەکان کاری بۆ دەکرد، بۆیە بەشێکی زۆری ئەم شارانە لەرووی ئابوورییەوە لاوازو چینی مام ناوەندییان کزۆڵو بێبەش لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکان مابوونەوە. بەڵام پێویستە ئەو راستییە لەبیر نەکرێت، کە لەئەنجامی هەوڵەکانی رژێمی پەهلەویی بۆ سوود وەرگرتن لەکوردستان وەك بازاڕێکی داخراوو بۆ ساغکردنەوەی کەلو پەلەکانی ناوەندو لەقازانجی بۆرجوای نەتەوەی دەسەڵاتدار، دواتر بەکارهێنانی هەندێك لەکوردەکان لەخوارترین پلەی دەستگا بەرێوەبەرایەتییە بیرۆکراتییەکەی لەشارەکان، هەروەها داگیرکردنی لەوەڕگاکانی عەشیرەتە نیمچە کۆچەرەکانو سنوور لێبەستنیانو ناچارکردنی نیشتەجیٚ کردنی هەندێکیان، دواتر رووکردنە شاری جووتیارە بیٚ زەویو کرێکارە وەرزێرییەکانی لادیٚ بەتەواویی یاخود لەهەندیٚ وەرزی ساڵدا کە وەك حەماڵو کرێکاریو خانووبەرەو چەرچییو زەحمەتکێشی شار دەگوزەران. ئەمانە تێکڕا

[١] حیسامی، س.پ، ل٨٣.

ناڕاستەوخۆ سوکە گۆڕانێکیان بەسەر شارەکانی کوردستاندا هێنابوو بەجۆرێك لەرووی ژمارەی دانیشتووانیشەوە وەك پێشوو نەمابوون، ئاشکرایە شاری کرماشان لەم قۆناغەدا ٩٠٠٠٠ دانیشتووانی لەخۆ گرتبوو، سنە ٦٠٠٠٠ سەقز ٣٥٠٠٠ مهاباد ٢٠٠٠٠ سەنقەر ١٢٠٠٠٠ بەو شێوەیە.[١]

بارودۆخی کوردستانی ئێران کەلەوپەڕی خراپیدا بوو بە هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانیی زیاتر پەشێوا، گەرچی حکومەتی رەزاشا بێلایەنیی خۆی بەفەرمیی لەجەنگدا راگەیاند بەڵام هیواو ئومێدێکی زۆری لەسەر سەرکەوتنی ئەڵەمانیای نازیی هەڵچنیبوو، هەر بۆیە کەوتە هەموو کارئاسانییەك بۆ ئەڵەمانەکانی ناو ئێران و جاسووسە نازییەکان بە ئارەزووی خۆیان بەدرێژایی و پانیی وڵاتدا دەخولانەوە.[٢] لەسەر ئاستی راگەیاندنیش دەستگاکانی حکومەتی رەزاشا بەئاشکرا پروپاگندەیان بۆ سەرکەوتنەکانی فاشیزم دەکردو سەرتاپای رۆژنامەو بڵاوکراوەکانیش جنێو بە رووسیاو بەلشەفیك بوو.[٣] ئەم بەزمە بەخەستیی کوردستانیشی گرتبۆوە، حکومەتی ئێران بۆ یەکەمجار دەستگایەکی رادیۆییان هێنابووە شاری مەهاباد بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی بیری نازییەتو ئەو بەرنامەیان بەدەنگی بڵند پەخش دەکرد کەستوونی پێنجەمی نازیی لەئێراندا بەناوی رادیۆی (بەرلن) بەزمانی فارسی لەلایەن (شارۆخ) ناوێکەوە دایان مەزراندبوو.[٤] کاربەدەستانی ئێرانیی، لایەنگرانی خۆیان و خەڵکی سادەیان لەم بەرنامەیە

---

[١] کوهستان، ٢١ خردادماه ١٣٢٤.

[٢] بۆ زیاتر: الاحبابی، نصیف جاسم، العلاقات بین ایران والمانیا النازیە ١٩٣٣-١٩٤٥، رسالە ماجستیر غیر منشورە، کلیە الاداب، جامعە بغداد، ١٩٨٩.

[٣] بەلشەفییزم (Bolshevism) بەلایەنەکانی تیۆریی و پراکتیکی کۆمۆنیزمی شورەویی دەوترێت کەلەئەنجامی زاڵبوونی بیروڕای زۆرینەی پارتی کاری سۆشیال دیموکراتیی رووسیی بە رابەرایەتیی فلادیمیر ئیلتش لینین بەسەر کەمینەدا سەبارەت بەمەسەلەکانی گەشەکردنی سەرمایەداریی وشۆرش لەرووسیاو گەیاندنی پارتی پرۆلیتاریا بۆ دەسەڵات بەهاوکاریی توێژەکانی تری وەك جوتیاران لەنزیکترین دەرفەتدا سەقامگیربوو. ئەم زاراوەیە زۆر جاریش بەپارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی شورەویی دووترا، بڕوانە: روبرت جیوفرو ادوار، الیستر، القاموس الحدیث للتحلیل السیاسی، ترجمة: سمیر عبدالرحیم الچلبی، الطبعة الاولی ، لبنان، بیروت، الدار العربیە للموسوعات، ١٩٩٩،ص٤٧-٤٨.

[٤] هێمن، س.پ، ل١٧.

کۆکردەوەو چەپڵەیان بۆ سەرکەوتنەکانی سوپای نازیی پیّ لیّدەدان‌و تیّکڕا سلاّواتیان لەدیاری هیتلەر دەدا کەبەقەولی عەجەمان: هیّتلەر نەبوو.. حەیدەر بوو.[1]

لەلایەکی ترەوە فشاری حکومەتی ناوەندیی‌و دەستگا سەرکوتکەرەکانی بۆ سەر خەڵکی کوردستان بەهەڵگیرساندنی جەنگ چەند بەرابەر بوو، لەشکرەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی کەبە تەواوی کوردستانیان میلیتاریزە کردبوو حاڵەتی ئامادەییان وەرگرت. لەشکری ٤ بەسەرکردایەتیی سەرلەشکر موعینی، لەشکری ٥ی بەسەرکردایەتیی سەرلەشکر مقدم، لەشکری ١٢ بەسەرکردایەتیی سەرتیپ پوریا، جگە لەبەشێکی لەشکری٦ کە بەسەرکردایەتیی سەرلەشکر شابەختی لەباشووری کوردستان مۆڵیان خواردبوو. ئەوانە لەخۆڕا کەوتبوونە ویّزەی عەشیرەتەکانی کوردو گەڕیان پیّدەکردن‌و تالاّنیان دەکردن. تاوانەکانی سەرلەشکر مقدم‌و سەرهەنگ وەزیری دەرهەق بە خەڵکی کوردستان تاماوەیەکی درێژیش دوای لیّخرانی رەزاشا لەبیر خەڵك نەدەچوونەوە.[2]

دەسەلاّتی ناوەندیی بەپیّی ئەزموونەکانی پیّشووی لەوەدەترسا سەرۆك‌و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد سوود لەهەر دەرفەتیّك ببینن‌و ئاژاوەو سەر ئیّشەی لەکوردستان بۆ سازکەن. هەر بۆیە ژمارەیەکی لەدوورخراوەکان‌و لەزیندانکراوەکان کوشت[3]و کەوتە رەشبگیریی ئەوانەشی کەجیّگای گومان بوون لەکوردستاندا. حیسامی دەڵیّت: ((ساڵی ١٣١٩ (١٩٤٠ _ل) بوو حکومەتی رەشی رەزاخان لەکوردستان دەستی کرد بەڕاونان‌و گرتن‌و دوورخستنەوەی خەڵك، لەسەرانسەری کوردستاندا ئەو کەسانەی تۆزێك نیوبانگیان هەبایەو ناسراوبان یا ژیانیان خۆشبایە دەیانگرتن‌و بۆشیرازو شارەکانی دیکەی خواروی ئیّران دووریان دەخستنەوە، رژیّمی رەزاخان قاچاخچییەتی کردبووە بیانووی گرتنی خەڵك، بەلاّم لەراستییدا بەهۆی هاتووچۆی خەڵکەوە بۆ کوردستانی

---

[1] حیسامی، س.پ، ل٦٥.

[2] کوهستان، ٩ مهر ماه ١٣٢٤.

[3] سید تەهای شەمزینی نەوەی شیّخ عوبەیدوڵلای نەهری‌و هاوکاری سمکۆ یەکیّك بوو لەوانەی ساڵی ١٩٣٩ لەتاران دەرمان خوارد کراوو لەئارامگای (ابن بابویە) تاران ناشتیان، بڕوانە: ایغلتن، ولیم، جمهوریة مهاباد، جمهوري ١٩٤٦ الکردیة، ترجمة، جرجیس فتح الله، الطبعة الثانیة، اربیل،١٩٩٩، ص٤٢.، گادانی، جەلیل، ٥٠ ساڵ خەبات، کورتە میّژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیّران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەریّمی کوردستان، ب. م، ل١٩.

گەرمێن هەستی نەتەوایەتی دەهات گەشەی دەکردو حکومەتی رەزاشای خستبووە مەترسییەوە. پێش ئەوەی ئەم هەستە تەشەنە بکاو ببێتە هێز، دەستیان کرد بەگرتن‌و دوورخستنەوەی کوردەکان، ژاندارمێکی جوجەخۆری بێ هەمووشت بەدەسەڵاتێکی تەواوەوە کرابوو بەمەعموری گرتن‌و ئەشکەنجەو ئازارو رووتاندنەوەی خەڵك‌و لەکوردستان ئاگری کردبووە. چەند ساڵ پاش ئەو کارەساتە جنایەت‌و تاوانی (بوربور) لەسەر زارو زمانان بوو لەبیر خەڵك نەدەچووەوە)).[1]

لەلایەکی دییەوە حکومەتی ناوەندیی بۆ رێگرتن لەئەگەری دروستبوونی هەر گرفتێکی ئابووریی لەناوەندو بەمەبەستی دابینکردنی خۆراکی ئەرتەش‌و دەستگا بیرۆکراتییەکەی لەتاران کەوتە تاڵانکردنی گەنجینەکانی دانەوێڵە لەشارەکانی کوردستان‌و گواستنەوەی بۆ ناوەند ئەم ئەرکەشی سپاردە بەرێوەبەرایەتیی دانەوێڵەو نان (اداره غلەو نان)بەکۆمەکیی فەرماندەیی لەشکر ڕایانپەڕاند دوای ئەوەی زۆربەی موڵکدارەکانیان لەزندان توند کرد، جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی حکومەت لەوەختێکدا بوو کەتازە خەلەو خەرمانی جوتیاران پێگەیبوو.

ئەمەش بۆ خۆی قەیرانێکی دانەوێڵەی لەکوردستاندا لێ کەوتەوە کە زۆر پێش ئەو قەیرانە بوو کەدواتر سەرتاسەریی ئێرانی گرتەوە. (عباس أزاد پور) کەرۆژنامەنووسێکی کوردە لەژێر سەردێڕی (درپیرامون غلەو نان/ سەبارەت دانەوێڵەو نان) دەڵێت: ((باشم لەبیرە کەلەساڵی ١٣١٩ /١٩٤٠/ل) موڵکدارێك بەسەر چەند ماڵێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی سەرفترەبدا، چەندی حەولدا گەنمی وەگیر نەکەوت، ناچار بەنیسك سەری خۆی قەبلاند))[2]، جا ئەگەر موڵکدار گەنمی دەست نەکەوتبێ ئەبێ وەرزێر چۆن حاڵێکی بووبێ!!

دروستبوونی قەیرانی دانەوێڵە لەکوردستان برسێتیی‌و گرانییەکی گەورەی لێکەوتەوەو ئاسەوارێکی خراپی کردە سەر ژیانی رۆژانەی خەڵکی، بەشێوەیەك لەهەندێك شوێن نارەزایی جەماوەریی سەریانهەڵدا، (چیائی) لەیاداشتەکانیدا باس لەراپەڕینی خەڵکی (خوانسارو خەمین)ی ناوچەی کرماشان دەکات کەلەبەر بێ گەنمی‌و بێ نانی

---

(1) حیسامی، س.پ، ل٥٩.

(2) کوهستان، ١٩ اذرماه ١٣٢٥.

پەلاماری بێڵو خاکەنازەکانیان داوەو روویان کردۆتە بەرێوەبەرایەتی دارایی و شارەوانی و گەمارۆیان داون بۆ روخاندنیان. [1]

لەم کاتەدا چەندە فشاری دەسەڵاتدارانی تاران لەسەر خەڵکی کوردستان پەرەی دەگرت ئەوەندەش ئەگەری پەلاماردانی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە وتێوەگلاننی لەئاگری جەنگەوە زیادی دەکرد، خەڵك کەبەتەواویی لەستەمی هەمەلایەنەی حوکمی رەزاپەهلەویی وەرەس ببوون، تاڕادەیەکی زۆریش لەئەگەری تێوەگلانی وڵات لەشەڕدا دەترسان. چونکە جگە لەپرۆپاگەندە خەست و خۆڵەکانی دەوڵەت لەمەڕ دڕندەیی و دەستنەپارێزی لەشکری سوور، دیمەنی کوشت و کوشتارگاکانی روس لەخەڵکی بێدیفاعی کوردستان لەساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا لەبیری پیرە پیاوان و پیرەژنانی کورددا نەسڕابوونەوە، ئەوانەی بەچەشنێك لەبێبەزەیی و تاڵانچێتیی رووسەکان ئەدوان و تامەولامەیان پیٚ ئەدا بەجارێك خەڵکیان تۆقاندبوو. [2]

کوردستانی ئێران کەلەرووی جوگرافیی وسنوورییەوە هەمیشە گرنگیی تایبەتیی خۆی هەبووە، بەهەڵگیرساندنی ئاگری جەنگ و تێوەگلانی یەکێتی شورەویی هێندەی تر بایەخی زیاد بوو، شایەنی باسە پلانەکانی ئەڵەمانیای نازیی بۆ دەست بەسەراگرتنی بیرە نەوتەکانی باکۆو قەفقاس و خەونەکانی هێتلەر بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی وزە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کشان بەرەو کەنداوی فارس و هەڕەشەکردنە سەر دەسەڵاتی بەریتانیا لەم ناوچەیەدا. [3] هەروەها سرت وخورتی جاسووسە نازییەکان لەئێرانداو ئەگەری پەلاماری بیرە نەوتەکانی باشوورو ناوچەی کرماشان، ئەمانە تێکڕا بایەخی شوێنی ستراتیژیی و سەربازیی کوردستانیان بەرزکردەوە، هەربۆیە ئەمجارەش کوردستانی ئێران لەئاگری جەنگێکی تری جیهانیی دوورەپەرێز نەماوەو شوێنێکی

---

(1) ضیایي، شێخ رئوف، یاداشتهای از کردستان، خاطرات شیخ رئوف ضیائي، بەکوشش عمر فاروقی، ب. چ، ب.ت ص١١٧-١١٨

(2) هێمن، س.پ، ل ١٧.

(3) ئاشکرایە کەبیرە نەوتەکانی کوردستان و هەڵوێستی دوژمنانەی گەلی کورد لە دەسەڵاتی ئینگلیز بەتایبەتیی لەعێراق تارادەیەکی زۆر سەرنجی ئەڵەمانیای نازییان راکێشابوو، ئەوانەی هەوڵیاندا سوود لەم فاکتەرە دژی بەریتانیا ببین، بەڵام شکستیان خوارد، بڕوانە: موللر، گوتفرد، في الشرق الملتهب . مهمة خطرة في کردستان ١٩٤٣، ترجمة: المهندس یونس عبدالعزیز، دهوك، ١٩٩٥.

تایبەتی لەپلانی هێزە هاوپەیمانەکاندا هەبوو، کاتێ لە ٢٥ی ئابی ١٩٤١دا، هاتنە ناو ئێرانەوە.

سەرەتا هێزەکانی بەریتانیا لەخانەقینی باشووری کوردستانی عێراقەوە کە ٨٠ میل لەبەغداوە دورە، خۆیانکرد بەئێرانداو تاشاری کرماشان نەوەستانەوە.[1] دوای ئەوەی قەسری شیرن‌و گەیلان‌و شائابادی باشووریان کۆنترۆڵ کرد بێئەوەی بەرگرییەك بێتەرێیان، جا چ لەلایەن لەشکری شاهەنشاهییەوە یاخود لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە، ئەوانەی سوودیان لەلاوازی ورەبەردانی ئەفسەران‌و سەربازانی ئەرتەش کردو هەڵیانکوتایە سەریان‌و دەستێکیان بەخۆیان‌و موڵگاکانیاندا هێنا.

راپۆرتێکی کۆنسوڵخانەی عێراقیی لەشاری کرماشان بەمجۆرە باس لەچارەنووسی ئەفسەران‌و سەربازانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی دەکات: ((بەشێکی سەربازانی سوپای ئێرانیی شکستخواردوو لەکرماشان چەکەکانی خۆیان بەعەشیرەتە کوردییەکانی ئێران فرۆشتۆتەوە.. هەندێکیشیان چەك‌و بەرگە سەربازییەکانیان لەگوندەکانی دەوروبەر حەشاردا، ژمارەیەکی زۆریش لەئەفسەران بەرگە سەربازییەکانیان فرێ داو بەرگی ئاساییان کردە بەرو لەماڵەکانیان خزان، هەندێکی دیکەشیان لەترسی سزاو تۆڵەی پیاوانی عەشیرەتەکان بەجلکی ژنانەوە تێیان تەقاند)).[2]

لەباکووریشەوە هێزەکانی شورەویی دوای ئەوەی هاتنە ئێرانەوە بەرەو ئازەربایجانی خۆرئاوا کشان‌و لەماوەیەکی کەمدا چوونە ورمێ‌و لەگەڵ ئەو هێزانەدا یەکیانگرتەوە کە لە ئاراسەوە هاتبوونەخوارێ بەجۆرێك تاسنووری ئێران _ تورکیا لەلایەن سوپای سوورەوە کۆنترۆڵ کرا.[3] شایەنی باسە هێزە ئاسمانییەکانی شورەویی لەناوچە کوردنشینەکان بەزمانی کوردیی بەیاننامەیان بۆ خەڵکی بەردابۆوەو ورەیان بەرزکردبوونەوەو لە خەبات دژی فاشییزم‌و رووداوەکانی جەنگ ئاگاداریان کردبوون. (هێمن)ی شاعیر لە (تاریك‌و

---

([1]) رمضاني، س.پ، ل٤٧–٤٨.

([2]) د.ك.و الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٧٣٦،الوثيقة ٥، في ايلول ١٩٤١.نقلا عن: البكاء ، طاهر خلف، التطورات الداخلية في ايـران ١٩٤١-١٩٥١، رسالة دكتورا غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٩٠،ص٥٤.

([3]) سیستانی، س.پ، بەرگی یەکەم، ل٤٥٨.

روون)دا بەمجۆرە رووداوەکە دەگێڕێتەوە: ((لەمانگی خەرمانانی ١٣٢٠ /١٩٤١ ڕۆژێکی چووبوومە سەر خەرمانان، کرێکارەکانمان خەریکی مالووسك زرینگاندنەوەو باڵەکەو بوون و منیش لەکنیان دانیشتبووم و ئەسپەکەم وەسەر گوێزر کردبووە.. لەپڕ دوو فرۆکەی رەشی زەلام پەیدابوون، ئێمە تاوێستا فرۆکەی ئەوەندە زلمان بەئاسمانەوە نەدی بوو، هەموو دەستیان لەکار هەڵگرت و تەماشای فرۆکەکانیان دەکرد. دیمان فرۆکەکان نیزیك بوونەوەو نەوی بوون و کاغەزیان بەردانەوە، هەموویان رایان کرد بزانن چییە؟ ژنێك لەپێش هەمووواندا گەرأوەو کاغەزێکی دامیٚ و گوتی هابەقوربانت دەبم بیخوێنەوەو بزانە چیەیەو چی تێدا نووسراوە؟

بڕوا بکەن وەختا بوو لەخۆشیاندا باڵ بگرم، ئەو کاغەزە بەیاننامەیێك بوو کە بەزمانی کوردی نووسرابوو،چۆن ئەوە خەونە، یا راستیەیە؟ دەوڵەتێکی گەورەی وەك یەکێتی سۆوێتی بەزمانی کوردی بەیاننامە بڵاودەکاتەوە؟)).[1]

سەبارەت بەچارەنووسی لەشکری شاهەنشاهییش لەم ناوچانە لەشوێنەکانی دی باشتر نەبوون ئەوانەی هەر ئەوەندە لەشکری سوور بەئاستەم چاوی سووری پیشاندان بیٚ سیٚودوو بڵاوەیان لێکرد. هێمن لەم بارەیەوە دەڵێت(( بەیانی دوو فرۆکە هاتن و چەند نارنجۆکیان بە شاردادا (مەبەستی مەهابادە . ل) ئەرتەشی شاهەشناهی، ئەوئەرتەشەی لەکوشتنی میلەتی ئێراندا لاسای مەغۆل و نازیی دەکردەوە، تاوێکی بەربەرەکانی نەکردو پێش ئەوەی لەشکری سور بگاتە مەهاباد چەکی فریٚ داو وەك تۆوی هەرزن بڵاوبۆوە.. تفەنگی بڕنۆیان ئەدا بەنانێك، ئەویش ئەوی ئازایان، دەنا ئەوی ترسەنۆك بەرتیلی دەدا تفەنگەکەی لیٚ وەرگرن)).[2]

لەشکری سوور کەپێش هاتنیان بۆ ناوچەکە زراوی خەڵکیان لیٚ تۆقیبوو، کاتێك گەیشتن دیمەنێکی تەواو جیاوازیان خستە بەرچاوی خەڵك کەنەك لەسوپای داگیرکەر نەدەچوون بەڵکو وەك هێزێکی رزگارکەریش تەماشادەکران، (هەژار موکریانی) لەبیرەوەرییەکانیدا بەمجۆرە باس لەڕەفتاری سەربازانی شورەویی لەکوردستاندا دەکات: ((... بەڵام ئەمجارە لەحوکمی کۆمۆنیستی دا هاتبونە ئێران بیری خەڵکیان گۆڕی. بەر

---

(١) هێمن، س.پ، ل١٧.

(٢) هـ. س، ل١٩.

لەهەرشت چونە هەر شارێك دەرگای زیندانیان کردەوەو زیندانی سیاسیی و ئاساییان هەموو بەرەڵلاکردن.. چەکداری روس زوڵمیان لەکەس نەدەکرد، هەمو کەس خۆشی دەویستن، خۆنەخۆازا ئێمەی نیشتمان پەرست کەروسمان بەفریشتەی ئازادی کوردستان دەزانی[1]. بەقەد گلێنەی چاومان رێزمان لێدەگرتن."[2]

ئەم خۆشرەفتارییەی لەشکری سوور تەنیا لەکوردستاندا نەبوو، بەڵکو لەسەرتاسەری ناوچە داگیرکراوەکانی تری ئێراندا بوو[3] کەبەراستی ناوبانگی شورەویی لەناو خەڵکیدا بەرزکردەوە. رۆژنامەی (باختر امروز) دوای سێ ساڵ لەرووداوەکانی خەرمانان لەژێر سەردێڕی (ڕفتار قشون شوروی/ ئاکاری سوپای شورەویی) نووسیویە((سوپاکەتان بەشێوازێکی رێك وپێك و خۆشەویستانە، بێ ریاوشەرەفمەندانە لەهەموو شوێنێك رەفتاری کردووە، لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا هەرگیز پەیمانی دۆستایەتیی و راستیی لەئەستۆگرتنی نەشکاندووە، ئەو پرەنسیپە سەربەرزانەو بەڕەوشتانەی نواندوتانە بەچاکیی کاریگەریی لەوڵاتمان کردووەو ئەتوانن بەپرەنسیپی بەرزو توانای بێ وێنەو گیانی بڵندی سەربازەکانتان شانازیی بکەن))[4].

هەرچۆنێك بێت ڕووداوەکانی خەرمانان سەبارەت بە کوردستانی ئێران چەند ئاکامێکی گرنگ و چاوەڕواننەکراوی لێکەوتەوە کە کاریگەرییەکی راستەوخۆیان لەسەر

---

([1]) هەژار لەهۆنراوەی (عەقڵو بەخت) کەئەو دەمی هۆنییوێتەوە دەڵێت:

چ فرۆکێك موجەسەمەی شادی	کێی تێدابوو؟ فریشتەی ئازادی

بەبڵاوکردنی دووپەڕ ئاگاهی	بووبڵاو ئەرتەشی شەهەنشاهی

شا کەشێر بوو لەراوی مسکیندا	دیم کەمشکە لەژێر ستالین دا

عبدالقادر دەباغی، راپەرینی (کۆمەڵە)ی ژێ کاف، وەڵامێك بەنامیلکەی (ژ – کاف) چ بوو؟ ئینتشارات و تەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب.م ، ل١٩.

[2] هەژار (عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی )، چێشتی مجێور ، ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی چاپ : خانی شەرەفکەندی ، چاپی یەکەم ، پاریس ، ١٩٩٧، ل ٦٥.

[3] (سیستانی) بەپێچەوانەی زۆربەی سەرچاوە بێلایەنەکان و بەپشتبەستن بەنووسینەکانی پیاوانی حکومەتی شاهەنشاهیی بەخراپە باسی رەفتاری لەشکری رووس دەکات لەئێرانداو لەباسی هاتنە ناوەوەی سوپای رووس بۆ ورمێ دەڵێت:" رۆژی ٧ی شەهریوە/١٣٢٠/١٩٤١ هێزەکانی شورەویی هاتنە ورمێ و هەرکەسیان دیتبا دەیانکوشت"، بڕوانە: سیستانی ، س.پ، ل٤٥٩.

[4] باختر امروز، تهران، ٦ ابان ١٣٢٢.

بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریی بەجێهێلاً، ئەو ئەنجامانەی کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:

١-هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی و پەرت و بڵاوبوونی لەشکرەکانی کوردستان، ئەو هێزەی بە درێژایی ساڵانی دیکتاتۆریی ڕەزاشا سەرچاوەی نەهامەتییەکانی گەلی کورد و ئامرازی سەرەکیی پاراستنی دەسەڵاتی ناوەندیی و دام ودەزگا بەڕێوەبەرایەتیی و سەرکوتکەرەکانی ناوخۆ بوو لە ناوچە کوردنشینەکان. بەمەش هەلومەرجێکی ئاوەلاً لە زۆربەی ئەو ناوچانە پێکهاتن. بەجۆرێك زەمینەی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی و سیاسیی و نەتەوەیی ڕەخساندەوە.

٢- لەئەنجامی دەستپێداهێنانی دانیشتووانی کوردستان بە مۆڵگاکانی ئەرتەش و دەزگا سەربازییە سنووریەکان و چەککردنی ئەفسەران و سەربازانی هەڵاتوو، چەکێکی زۆر دەست خەڵکی کەوتن کەژمارەیان خوی لە ١٥-٢٠هەزار تفەنگی بڕنۆ و بڕێکی زۆر لە فیشەك و تەنانەت ژمارەیەك رەشاش و تۆپ و خومپارەش بوو.[1] بەمەش زۆرینەی خەڵکی کوردستان چەکدار بوونەوە و خۆیان لە مەوقعیەتێکی بە هێزدا دەبینیەوە.

٣- بەربوون و ڕاکردنی ژمارەیەکی زۆر لەو سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتییە ناودارانەی کە لەسەر هەڵوێستی کوردایەتییان یان وەك بارمتە بۆ مل پێکەچکردنی عەشیرەتەکانیان زیندانی کرابوون و بۆ ناوچە دووردەستەکانیان دوورخستبوونەوە لە دەورانی ڕەزاشادا، ئەمانە هەر بەگەیشتنەوەیان بۆ کوردستان نفوز و دەسەڵاتیان لە چاو جاراندا چەند بەرامبەر زیادی کرد و لەلایەن خەڵکەوە بە چاوی ڕێز و ستایشەوە تەماشادەکران، هەربۆیە زووبەزوو خەڵکیان لە دەور کۆ بۆوە و رابەرایەتی جەماوەریان گرتەوەدەست، بەمەش نەك هەر هەوڵ و تەقەلای چەند ساڵەی ڕەزاشا بەفیڕۆ چوو بەڵکو ئاکامەکەشی بە نەرێیی گەڕایەوە. چونکە زۆربەی ئەمانە کە تاڵیی زیندان و ئەشکەنجەی ڕژێمی پەهلەوییان چێشتبوو، ڕقێکی ئەستووریان دژی دەسەڵاتی ناوەندیی لەلا دروست ببوو، هەربۆیە کاتێك گەڕانەوە دەست لە ئەژنۆ لە کوردستاندا دانەنیشتن.

---

[1] کوهستان، ١٥ فرودين، ١٣٢٤.

٤- چۆڵکردنی پاسگا سنوورییەکان کە ڕەزاشا لەترسی تێکەڵاونەبوونی کوردەکانی ئێران و عێراق بایەخێکی زۆری پێدەدان، بووە هۆی ئاسانبوونی هاتوچۆ لە نێوان هەردوولادا، ئەمەش بێکاریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران تێنەپەڕیی، بەتایبەت ئەگەر بزانین ژمارەیەك لە سەرۆکە کوردە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی ئێران وەك پەنابەر لە کوردستانی عێراق دەژیان و بەمەش هەلی گەڕانەوەیان بۆ هەڵکەوت[1]، هەروەها ئەم هاتوچۆیە زەمینەی بۆ بیروڕا گۆڕینەوەی ئازادیخوازانی هەردووبەشی کوردستان ڕەخساند و کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران، هێمن سەبارەت بەم ڕاستییە دەڵێت: ((ئێمە ئەو پۆلە لاوەی لە زەمانی پەهلەوییەوە یەکترمان گرتبوو و دۆستانە پێکەوە کارمان دەکرد، مەیدانمان بۆ ئاوەڵابوو و چالاکیی خۆمان پەرەپێ دا. دەمان ناردە عێراق ڕۆژنامەو گۆواری کوردیان بۆدەهێناین و دەمانخوێندەوە...دڵشادی ڕەسوڵی لە عێراق هاتبۆوە و ئەو ئیملای کوردیی لە ئێمە باشتر بوو و خەتیشی خۆشتر بوو و زۆریشی شیعری بێکەس و پیرەمێرد و ئەحمەد موختاری جاف و حەمدی لەبەربوون و بە خەت بلاوی دەکردنەوە. گۆڤاری گەلاوێژ ڕۆڵێکی باشی یاریکرد و لاوەکانمان فێری کوردیی خوێندنەوەبوون)).[2] ئەمە و جگە لە بازارگەرمیی سەرسنوورەکان کەلە هەندێ مەڵبەندی کوردستانی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر باری ئابووریی بووژاندەوە و نرخی بەروبوومی کشتوکاڵیی و ئاژەڵیی برەوپێدا.[3]

٥- لێخستنی ڕەزاشاو و دوورخستنەوەی بۆ دورگەی مۆریس و دواتر بۆ باشووری ئەفەریقا، پڕوپاگەندەی بەربلاوی هێزەهاوپەیمانەکان لەمەڕ چەسپاندنی دنیایەکی دیموکراتیی و لە گۆڕنانی زۆرداریی نەتەوەیی و فاشییزم کە بە ڕاگەیاندنی ئەتلانتیك لە ٢٤ ئەیلولی ١٩٤١دا گەیاندیە پۆپە، ئەو پەیمانەی پێی لەسەر بەدیهێنانی گشت ئازادییەکان و

---

([1]) زیرۆبەگی هەرکیو حەمە ڕەشیدخانی بانە دووکەسایەتیی ناودار بوون لەوانە کە ڕۆڵی مەزنیان لەڕووداوەکانی دوای خەرمانانداندا دیت، وەك لەمەودوا باساین لێوە دەکرێت.

([2]) هێمن، س.پ، ل١٩.

([3]) لەشکری سوور لەئازەربایجانو باکوری کوردستانی ئێران پێویستە خۆراکییەکانی خۆی لە ناوچەکە دەکڕی، جگە لەوەی بەشێکی زۆریشی دانەوێڵەو ڕەشەولاخو مەڕو بزن دەبردن بۆ بەرەکانی شەڕ کەبڕێکی لەکوردستانی گەرمێنەوە دەچووە ئەو دیو بێ ئەوەی دەسەلاتدارانی عێراقو کاربەدەستانی ئینگلیز ڕێگرییەکی ئەوتۆ بکەن.
Roosvelt, Archi, Jar: the Kurdish Repablic of Mahabad, in: people without A country ,Kurds and Kurdistan, London, zeedpress , 1980 ,p. 107- 108.

**مافی چارەی خۆنووسینی میلەتانی جیهان و رزگارکردنی نەتەوە زۆرلێکراوەکان دادەگرت، گەشەسەندنی بزاڤی دیموکراتخوازیی و دژە فاشییزمی سەرتاسەریی لە ئێراندا بە ڕابەرایەتی حیزبی تودە[1] تێکڕا ڕۆڵێکی مەزنیان لە هەژاندنی کۆمەڵگای کوردەواریی و پەرەسەندنی هۆشی سیاسیی و نەتەوایەتیی و ئازادیخوازیی گەلی کوردستاندا هەبوو ئاکامێکی ڕووداوەکانی خەرمانان بوون.**

**٦- دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بەسەر سێ هەرێمی دەسەلاّتی جیاوازدا، کەهەر لە باشووری کرماشانەوە تاسنەو هێڵی سەقز-بانە -سەردەشت لەژێر دەسەلاّت و نفوزی هێزەکانی ئینگلیزدا بوون، لە باکووری شاری مەهابادیشەوە واتە هێڵی شنۆ -میاندواو بەرەو ئازربایجان تاسنووری شورەویی لە ژێر دەسەلاّت و سەرپەرشتی لەشکری سووردا بوو، ناوچەی لەمپەری نێوان ئەم دوو هەرێمە کە شاری مەهاباد گرنگترین شارەکانی و چەقەکەی بوو، بەناو لە ژێرنفوزی دەسەلاّتی ناوەندییدا مابۆوە. ئەم دابەشکردنە بۆ سێ ناوچەی شورەویی، بێلایەن و ئینگلیزیی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رەوتی رووداوەکان جێدەهێشت بەجۆرێك هەر ناوچەیەك تایبەتمەندیەکی جیاوازی خۆی هەبوو کە پشتی دەبەست بەسیاسەتی هێزی خاوەن نفوز و بەرژەوەندییەکانی لەو هەرێمە، ئەوەش شوێن پەنجەی لەسەر دیاریکردن و ئاراستەی هەڵوێست و کاردانەوەی گەلی کورد بەرامبەر ئەو ڕووداوە ناوچەیی و سەرتاسەرییەکان دادەنا بە جۆرێك وەك دەبوو هاوجووت نەدەبوون.**

---

**(١) حیزبی تودە کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤١ دا لە لایەن ژمارەیەك ڕۆشنبیرانی مارکسیی و رابەرانی سەندیکایی وەك (رەزا روستە , أبو قاسم أسدی , أیرج أسکندری , دکتور محمد بهرامی, مرتضی یزدی , رضا رادمنیش , بیشەوەری, سلطان زادە) ە دامەزرێندرا مەزنترین حیزبی سیاسی جەماوەری بوو لەم قۆناغەی مێژووی ئێرانداکە زۆربەی ئەندامانی لە کرێکاران‌و خوێندکاران‌و جووتیاران‌و توێژە مامناوەندییەکانی کۆمەڵگای ئێرانی پێکدەهات. ئامانجەکانی ئەم حیزبە لەم قۆناغەدا چەسپاندنی دیموکراتییە لیبرالییەکان , پتەوکردنی سەربەخۆیی سیاسیی‌و ئابووریی ئێران, دانانی یاسای کارو گرانتی کۆمەلاّیەتیی, پاکسازیی دەستگاکانی حکومەت لە فاشستخوازەکان و پتەوکردنی پەیوەندیی لەگەڵ بەرەی دیموکراتیك بوو. رۆژنامەکانی (مردم/ خەڵك , سیاست,رهبر,) زمانحاڵی حیزب بوو, لە زۆربەی شارەکانی ئێران لق‌و پێگەی جەماوەریی هەبووە , ئەم حیزبە بە هۆی نەبوونی هەڵویستی شۆرشگێرانەیان لە بەرامبەر کێشەی نەتەوەکان بەتایبەت کێشەی کورد , هەروەها بە هۆی ئەو پەیوەندییە وابەستەییەی کە بە شورەوییەوە هەیانبوو , پێگەیەکی جەماوەریی ئەوتۆی لە کوردستاندا نەبووەو هەمیشە بە چاوی گومانەوە لە لایەن خەڵکەوە تەماشا کراوە , بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لە باشووری کوردستان بە تایبەتیی شاری کرماشان ئەندام‌و لایەنگری زۆریان هەبووەو لە شوێنەکانی تریش تاك و تەرا خەڵکیان لە گەڵدا بوو کە هەندێکیان تا پلەی سەرکردایەتییش گەیشتن. بۆ زیاتر: تربتی , س.پ, ل٣٢٠**

## باسی سێیەم: ڕاپەڕینە چەکدارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەرەتای حوکمی محەمەد ڕەزاشا پەهلەوییدا

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد یەکێك لەئاکامە سەرەکییەکانی ڕووداوەکانی خەرمانان لەرۆژهەڵاتی کوردستان دا هەرەسی لەشکرەکانی شاهەنشاهیی و چەکداربوونی خەڵکی کوردستان بەتایبەتیی عەشیرەتەکان بوو، ئەوەش بۆشاییەکی گەورەی دەسەڵاتی ناوەندیی لەناوچە کوردنشینەکاندا لێکەوتەوە، بەجۆرێك پاشماوەی دەزگا بەرێوەبەرایەتییەکانی حکومەتی ئێران لەشارەوانیی، فەرمانداریی و تەنانەت ژاندارمەرییش بێ بوونی ئەرتەش دەستیان بەسەر کاروباری ناوچەکەدا نەدەرۆیشت. پێکهاتنی هەلومەرجێکی بەم چەشنە زەمینەی ئازادیی هاتوچۆی سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردی رەخساند، ئەوانەی بەمافی خۆیان دەزانی بێ هیچ پەیوەندییەك بەناوەندەوە ناوچەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن، خۆ ئەوانەی کەلەسەردەمی دیکتاتۆریی رەزاشادا گیرابوون یادوورخرابوونەوە هەر بەگەڕانەوەیان بۆ کوردستان ڕاستەوخۆ هەڵوێستێکی دژ بەدەسەڵاتی ناوەندییان پێشاندا، هەندێکیان داوای گەڕاندنەوەی زەوی و زارە لێزەوتکراوەکانیان لەحکومەت دەکردەوەو داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان و سزادانی ئەوکاربەدەستانەیان دەکرد کەساڵانی دوورو درێژی دیکتاتۆریی رەزاشا خراپەیان دەرهەق بەرۆڵەکانی عەشیرەتەکانیان کردووە.[1]

هێندێکی تریشیان کەئازارچێشتووی ستەمی نەتەوەیی دەسەڵاتی ناوەندیی بوون و ئاگاداریی و پێشینەیەکیان لەجووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورددا هەبوو، خوازیاری ئەوە بوون زیاتر لەسەرۆك عەشیرەتێك خۆبهاوێنەوە سەر شانۆی ڕووداوەکان و سوود لەو بۆشایی دەسەڵات و رق و قینەی خەڵکی کوردستان و عەشیرەتەکان دژی حکومەتی ئێرانی وەرگرن و ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە تابەیەکجاریی پاشماوەکانی حکومەتی ناوەندیی لەناوچەکانیان وەدەرنێن و دەسەڵاتێکی کوردیی خۆجێ بکەنە دیفاکتۆ، ئەوەی زیاتر هاندەری ئەم مەسەلەیەش بوو، هەڵوێستی نەرێیی حکومەتی ئێران و ڕژێمی موحەمەد

---

(1) ایغلتن, س.پ, ل٣٥.

ڕەزا پەهلەویی بوو لەمەڕ ئاوڕنەدانەوەیان لەکێشەی نەتەوە نەفارسەکانی ناو ئێرانو نەبوونی بەرنامەیەك بۆ کەمکردنەوەی ئاسەواری دزێوی سیاسەتی شۆڤێنیی چەند ساڵەی ڕەزاشاو پێداگرتن لەسەر هەمان ڕێبازو پیادەکردنی هەمان شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا.[1]

هەر بۆیە کوردستانی ئێران لەدوای ڕووداوەکانی خەرمانانو لەسەرەتای حوکمی موحەممەد ڕەزا پەهلەوییدا زنجیرەیەك ڕاپەڕینی چەکداری دژی دەسەڵاتی ناوەندیی حکومەتی ئێران بەخۆیەوە بینی کە لەیەك کاتو یەك هەرێمو لەژێر سەرکردایەتییەکی یەکگرتوودا نەبوون، بەڵام ئامانجی هەموویان ڕزگاربوون لەچەوساندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندییو دەرکردنی پاشماوەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی ئێران بوو. گرنگترینی ئەم ڕاپەڕینانە ڕاپەڕینی کوردەکانی بانەو ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێیە، ئەم دوو ڕاپەڕینە لەدوو مەڵبەندی نفوزی دەسەڵاتی هێزە هاوپەیمانەکاندا سەریان هەڵدا، یەکەمیان لەمەڵبەندی نفوزی هێزەکانی بەریتانیاو دووەمیان لەمەڵبەندی نفوزی هێزەکانی شورەوییدا قەومان. کەهەردووکیان کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانو ئێران هەبوو، بگرە جێ پەنجەشیان لەسەر پەیوەندی زلهێزەکان لەناوچەکەدا بەجێهێشت وەك لێرە بەدووا باسیان لێوە دەکەین.

## یەکەم: ڕاپەڕینی کوردەکانی بانە:

بانە ناوچەیەکی لێرەوارو کوێستانو ساردەسێرە، لەرۆخی دەریاوە ١٥٢٥م بەرزە، لەلای باکوورەوە بە بەرزاییەکانی گەورگی سەقزو مەهاباد، لەباشوورەوە بەگەلی شلێر لەکوردستانی عێراق. لە ڕۆژهەڵاتەوە بەناوچەی سەرشیوی سەقزو لە ڕۆژئاواوە بەناوچەی (سیوەیل)و (ئالان)ی کوردستانی عێراق بەستراوەتەوە. لەشاری سەقزەوە ٥٥کم دوورەو ٢٠ کم لەسنووری عێراقو ٦٠کم لەشاری سەردەشتەوەو هەڵکەوتووە، چیاکانی (ئاربابا) لەباشوورو (بابۆسو جنێرە) لە ڕۆژهەڵاتەوە شارۆچکەی بانە یان

---

[1] البکاء , س.پ, ل١٣٥.

لەئامێز گرتووەو لوتکە بەرزەکانی (سورکێو، حەوتەوانە، کەلی خان و ڕەشەقەڵات، بەسەریدا دەڕوانن، شارستانی بانە بەشێکە لەئوستانی کوردستان و ڕووپێوەکەی ١٣٤٧کم٢ یە.[١]

ئەم ناوچەیە ڕاستەوخۆ لە دوای هاتنی هێزە هاوپەیمانەکانەوە بووە مەڵبەندی ڕاپەڕینیکی گەورە دژی دامودەستگاکانی حکومەتی ئێران بەرابەرایەتیی کەسایەتی ناودار (حەمە ڕەشید خان)[٢]، حەمەرەشید کە ڕابردوویەکی دووردرێژی لەدژایەتییکردنی حکومەتی ئێران و ئەرتەشی شاهەنشاهیی لەسالآنی نێوان هەردوو جەنگی جیهانییدا هەبوو[٣]، هەروەها لەژێر فشاری دیکتاتۆرییەتی پەهلەوییدا دەستی لەموڵکی ناوچەکانی بانە هەڵگرتبوو لەسنووری عێراق دەژیا، لەوێش پۆلیسی نهێنیی ئێرانیی وازیان لێنەدەهێناو بەهەڕەشەیان دەزانی، هەر بۆیە بەڕاپۆرتەکانیان دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقیان لێ تیژدەکرد بەجۆرێك ماوەیەکی زۆری بەزیندان و دوورخراوەیی لەشارەکانی موصڵ و کەرکوکی عێراقدا بردەسەر تا شەوی ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٣٩ بەهاوکاریی و کۆمەڵەی برایەتی[٤] لە شار سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێك

---

(١) خالیدی ,موحسین, ڕوانینێك بۆ کوردستان . (بانە),گۆڤاری سروە, ساڵی دوانزەهەم , خاکە لێوە١٣٧٥ هـ ,ل٥٠" کورد, س.پ,ل١٠٤.

(٢) حەمە ڕەشید خانی کوری قادرخانی عەبدوڵلا بەگی بارام بەگە لەبەگزادەکانی شاری بانەن لەساڵی ١٨٩٨ز لەگوندی (شیوە گوێزان)ی ناوچەی شلێر لەدایکبووە، دوای مردنی باوکی ساڵی ١٩٢٥ بووە گەورەی بنەماڵەکەیان و موڵکێکی زۆریان لەنێوان بانەو پێنجوینی کوردستانی عێراقدا هەبوو. وەك میرزا مەنگوڕی دەڵێت:" کەسێکی زۆر لێ هاتوو ازاو لەشەڕ زانەو فەرماندەیەکی زۆر چاك بوو بەپیلان بوە بێ ئەوەی کەلەهیچ مدرەسەیەکی عسکری فنی تخطیط و نەخشەسازی وەرگرتبێ لەزۆر پیلانی عسکریدا پێش پیلانی ئەفسەرەکانی ئێرانی دەکەوتەوە)) بڕوانە: مەنگوڕی، میرزا محمد امین، بەسەرهاتی سیاسی کورد. لە١٩١٤ وەهەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەمی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٩٤،١٨٨.

(٣) حسن، س.پ، ل١٥٦–١٥٨.

(٤) کۆمەڵەی برایەتی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بوو لەسلێمانی ساڵی ١٩٣٨ دامەزرا، ئەندامە ناودارەکانی بریتیببوون لە: شێخ لەتیفی حەفید، حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا، شێخ لەتیفی دانساز، ئیسماعیل شاوەیس، سعید ناکام و دکتۆر نۆری فتوحی و میرزا ئەمین مەنگوڕی بوو، بڕوانە: زەند، کەریم، کۆمەڵەی برایەتی، ژین ـ گۆڤار، ژمارە ٨٥، ١ژ٤ی ئەیلولی ١٩٧٢.

لەهاوەڵانیا زیندانیان شکاندو پۆلیسەکانیان چەك کردوو خۆیان گەیاندووە سنووری عێراق ئێرانو لێیان داکوتا.[1]

هەر لەگەڵ پەلاماردانی ئێرانو هاتنە ناوەوەی هێزەکانی شورەویی‌و ئینگلیز بۆ کوردستان، هێزەکانی شورەویی گەیشتنە بانەو دواتر بەرەو شاری سنە گەڕانەوەو لەوێشەوە بەرەو باکوور ناوچەکەیان بۆ هێزەکانی بەریتانیا بەجێهێشت[2]، حەمە رەشید خان ئەم دەرفەتەی لەدەست نەداو بە ٧٠ چەکدارەوە سنووریان بەزاندو هەڵیانکوتایە سەر شاری "بانە" دوای دووشەو دووڕۆژی شەڕو پێکدادان لەگەڵ پادگاکانی شاردا لەئەیلولی ١٩٤١دا بانەیان گرتو زیاتر لە ٧ هەزار چەكو کەرەستەی جەنگی کەوتە دەست.[3]

بەبەدیهێنانی ئەم سەرکەوتنە ژمارەیەکی زۆر لە بەگزادەکانی بانەو سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکە وەك: عەبدوڵڵا بەگی سەرحەدی، موحەممەد رەشید بەگی بلەکێ، قادرخانی ئارمردە، عەلی ئاغا جوانمەردی سەرۆك عەشیرەتی گەورك، رەسوڵ ئاغا، ئەحمەد خانی فاروقی، ئەحمەد ئاغای حاجی بایز ئاغا، عەبدوڵلاخانی شەهیدی، لەدەوری حەمە رەشیدخان کۆبوونەوەو لەماوەیەکی کەمدا ناوچەکانی مەریوان، سەردەشت، نەوسوود، پاوەو سەقزیش لەدەسەڵاتی ناوەندیی پاك کرانەوە.[4] بەم

---

([1]) مەنگوڕی، س.پ، ل١٨٩–١٩٠.

([2]) ارفع، حسن، کردها،یك بروسی تاریخی سیاسی، ترجمە ازمتن انگلیزی، لندن، ١٩٦٦،ل٦٨.

([3]) مەنگوڕی، س.پ، ل١٩٠.

([4]) (د.حامد محمود) بەهەڵە نوسیویەتی گوایە حەمە رەشید مەهابادیشی گرتووە، لەم نوسینەشیدا پشتی بە(ادگار اوبالانس/Edgar oballance)، تێکستە ئینگلیزیەکەی بەستووە، ئێمە کە وەرگێڕاوە فارسییەکەی ئوبالناسمان لەبەردەستە کاتێك ئاماژە بۆ حەمە رەشید خان دەکات باسی گرتنی مەهابادی نەکردووە، لەراستیدا حەمە رەشید خەیاڵی گرتنی مەهابادیشی لەسەردا بوو بەڵام عەشیرەتەکانی ناوچەکەی وەك مامش، دیبوکری، مەنگوڕ، پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێنەکرد، بڕوانە: عیسی، حامد محمود، المشکلة الکوردیة في الشرق الاوسط منذ بدایتها حتي سنة ١٩٩١، کلیة التربیة . پور سعید، جامعة قناة السویس، مکتبة مدبولي، ١٩٩٢" ابالانس، ادگار، جنبش کردها، ترجمة اسماعیل فتاح قاضي، مؤسسة انتشارات نگاه، تهران، ١٣٧٧ش، ص٤٩" خالیدی، س.پ، ل٥٠.

شێوەیە یەکەم ڕاپەڕینی چەکداریی کورد دژی دەسەڵاتی ناوەند لەکوردستانی ئێران لەساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی دەستیپێکرد.[١]

حکومەتی ئێران بڕیاریدا لەرێگای هێزەوە کۆنترۆڵی مەسەلەکە بکات. بۆ ئەمەش داوای لەفەرماندەی گشتیی هێزەکانی رۆژئاوا جەنەراڵ مقدم کرد ڕووبەڕووی ڕاپەڕیوەکان بێتەوەو سەرکوتیان بکات، جەنەرال مقدم هێزێکی پێکهێنا لەسێ گوردان[٢] پیادەو ژمارەیەك زرێپۆش‌و تانك بەپاڵپشتیی هەندێك لەسەرۆك عەشیرەتە دەوڵەتخوازەکانی وەك (عەلی خانی حەبیبی‌و عەلی خانی حەمەوەیسی)و چەکدارەکانیان لەعەشسیرەتی تیلەکۆ، گەڵباغی‌و مەندمی، ئەم هێزە لەژێر سەرکردایەتیی سەرهەنگ (ئیبراهیم ئەرفەع)دا بەرەو سەقز کەوتەرێ، سەرەتا توانیان سەقز لەراپەڕیوەکان بسێننەوە، ئینجا بێ وەستان بەرەو بانە کشان.[٣]

حەمە رەشیدخان کەهێزەکانی نزیکەی ٢٠٠٠ کەس دەبوون‌و لەچوار قۆڵەوە لەدەرەوەی بانە دایمەزراندبوون رێگەیان لەهێزەکانی ئێران گرت‌و نەیانهێت پێشڕەویی بکەن.[٤] لە ٢ تشرینی یەکەمی ١٩٤١دا کەوتنە هێرشێکی پێچەوانەو سوپای ئێرانیان گەمارۆدا، ڕاپەڕیوەکان کە پردە تەختەکەی سەر چۆمی (کەمەتو) یان سووتاندبوو رێگەی پاشەکشەیان لەهێزەکانی حکومەت بڕی‌و لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردنە سەر بەجۆرێك هێزەکەیان شڕو وڕکرد[٥]، سەرهەنگ ئەرفەع کەبەرێکەوت لەکوشتن رزگاری بوو سوودی لەتاریکایی شەو وەرگرت‌و بەپێ هەڵات بەرەو دیواندەرە، سوپای ئێران کوژراوو

---

(١) د.ك.و، الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٧٤٦، التسلسل٣١١، الوثيقة ١٨، ص٥٩. وەرگیراوە لە: العاني، سميرة عبدالرزاق، العلاقات الايرانية ـــــ البريطانية (١٩٣٩-١٩٥١)، (رسالة دكتورا غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٩٧، ص١٦٤.

(٢) گورد لەزمانی فارسیدا بەپاڵەوان‌و ئازا دێت، بەڵام وەك زاراوەیەکی سەربازیی گوردان یەکەیەکی سەربازییە لە٣ گروهان پێکدێت، هەر گروهانێکیش لە ١٤٠-١٧٠ سەرباز پێکدێت، بەم پێیە ٣ گوردان، نزیکەی ١٥٠٠ سەرباز دەکات، بڕوانە: عميد، حسن، فرهنگ عميد، جلد دوم، انتشارات كبير، تهران، ١٣٧٧ش. ص١٦٨٣،١٦٧١.

(٣) ارفع، س.پ، ل٦٩.

(٤) مەنگوڕی، س.پ، ل١٩٢"خالیدی، س.پ، ل٥٠.

(٥) (کورد) لەم بارەیەوە پشتی بەنوسراوێکی سەرهەنگ ابراهيم ارفع بەستووە کەساڵی ١٩٤١/١٣٢٠ بەدەستخەتی خۆی دەربارەی روداوەکانی بانەو کوردستان نوسیوویەتی، بڕوانە: کورد، س.پ، ل٤٢٩-٤٣٠.

بریندارو دیلێکی زۆری هەبوو، ژمارەیەك چەك‌و تەقەمەنیی زۆریش کەوتنە دەست ڕاپەڕیوەکان کەلەوانە دوو توپی چیایی بوو[1]، بەپێی ڕاپۆرتێکی دپلۆماسیی عێراقیی، هێزەکانی ئێران لەم شەڕەدا زیانێکی زۆریان وێ کەوتووە کەجگە لەدەستدانی پێنج زریپۆش‌و پێنچ تانك ژمارەیەکی زۆریش ئوتومبیلی بارونەفەر هەڵگریان لێگیراوە.[2]

شکستی هێزەکانی ئێران‌و گێڕانەوەی سەقز لەلایەن ڕاپەڕیوەکانەوە ئەوەندەی دی ناوبانگی حەمەڕەشید خان‌و لایەنگرانی لەناوچەکەدا زیاد کرد. هەروەك هەژار موکریانی دەڵێت: ((بەیتی حەمە ڕەشیدخان گوند بەگوندو ماڵ بەماڵ دەگەڕا))[3]، ئەوەش زیاتر هانیدا پێ لەسەر دەرکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی لەناوچەکانی دەوروبەر دابگرێت‌و دەسەڵاتێکی کوردیی خۆجێ لەجیاتی دام‌و دەزگاکانی حکومەتی ئێران دابمەزرێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵیدا متمانەو بڕوای عەشیرەتە دژەکانی‌و دەوڵەتخواکان بۆ خۆی رابکێشێت بیانخاتە سەنگەری دژ بەحکومەتەوە. وەك سەرچاوە مێژووییەکان باسی لێوە دەکەن عەشیرەتەکانی مەریوان‌و هەورامان تەنانەت عەشیرەتی تیلەکۆو سەرکردەکەشیان (عەلی خانی حەبیبی) کەدوژمنی سەرسەختی حەمە ڕەشید خان بوو دوای ئەم سەکەوتنە بەڵێنی هاوکاریی خان‌و پشتبەردانی دەسەڵاتی ناوەندییان دابوویێ [4]، هەر بۆیە هێزەکانی حەمە ڕەشید خان لەم قۆناغەدا زۆر زیادی کردبوو کەهەندێك سەرچاوە بە (١٢٠٠٠) هەزار چەکداری لەقەڵەم دەدەن.[5]

هەر لەم سەروبەندەدا بوو حەمە ڕەشید بەنیازی بەدەستهێنانی پاڵپشتی دەرەکی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەدوولاوە پەیوەندی بەحکومەتی بەریتانیاوە کرد، یەکێکیان لەرێگای پێشکەشکردنی بیرەوەرییەك بۆ سەر کردەی هێزەکانی بەریتانیی لەسنە[6] ئەوی تریشیان لەرێگای ناردنی نوێنەرێك بۆ سەفارەتی بەریتانیی لەبەغداد لەئۆکتۆبەری ١٩٤١دا. حەمە ڕەشید داوای لەحکومەتی بەریتانیی کردبوو دان بەسەربەخۆیی

---

(١) مەنگوڕی، س.پ، ل١٩٢.

(٢) وەرگیراوە لە:البکاو، س.پ، ل١٣٦.

(٣) هەژار، س.پ، ل٦٦.

(٤) کورد ، س.پ، ل٤٣٢.

(٥) مەنگوڕی، س پ ل١٩٥.

(٦) البکاء ، س پ ، ل١٣٧.

کوردستاندا بنێت‌و هاوکاریی کوردەکان بکات تا دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن‌و لەستەم‌و چەوساندنەوەی کاربەدەستانی ئێرانیی رزگاریان بێت.[1]

پێش ئەوەی وەڵامی کاربەدەستانی بەریتانیی سەبارەت بەم داواکارییانەی حەمە رەشیدخان بزانین پێویستە ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کە راپەڕینەکەی بانە دەکەوتە مەڵبەندی نفوزی هێزەکانی بەریتانیاوە، هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیاش لەمەڕ ئێران‌و ناوچەکە بەگشتیی‌و کێشەی کوردو راپەڕینە چەکدارییەکانی کوردستانی ئێران‌و ململانێی دەسەڵاتی عەشیرەتە کوردەکان‌و دەسەڵاتی ناوەندیی بەتایبەتیی، دەبوونە بەردی بناغەی سیاسەتی بەریتانیی لەهەمبەر مەسەلەکان‌و بڕیاری لێبڕاویشیان لەسەر هەر جووڵانەوەیەك دەدا کەلە مەڵبەندی نفوزی بەریتانیا دژی دەسەڵاتی ناوەندیی بقەومێت، هەر بۆیە لێرەدا جێگای خۆیەتی، سەرنجێك لەدیدو هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا سەبارەت بەکێشەی کوردو پەیوەندی بەدەسەڵاتی ناوەندییەوە بدەین‌و کاریگەرییتی چۆنێتی ئەم پەیوەندییەش لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەناوچەکەدا بزانین.

ئاشکرایە حکومەتی بەریتانیا نەك هەر زۆرباش ئاگاداری کێشەی نەتەوەیی کوردو ئەو زوڵم‌و زۆرەبێ سنوورە بوو کەلەلایەن دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە بەرامبەر گەلی کورد دەکران، بەڵکو وەك هێزێکی داگیرکەرو بڕیاردەری سەرەکیی جوگرافیای سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییدا ئۆباڵی مەزنی ئەو بارە تراژیدییەی نەتەوەی کورد تێ کەوتبوو لەئەستۆ بوو[2]، دوای هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی دووەم‌و چوونە ناوەوەی هێزەکانی بەریتانیی بۆ ئێران‌و رووخاندنی رژێمی رەزاشا حکومەتی بەریتانیا راستەخۆ لەگەڵ زۆر مەسەلەی ناوخۆی ئێراندا رووبەڕووبۆوە کەیەکێك لەوانە مەسەلەی دەرکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی‌و چەکداربوونی عەشیرەتە کوردییەکان‌و زیادبوونی بایەخی شوێنی سیاسیی‌و سەربازیی‌و

---

(1) From the British Embassy in Baghdad to the British legation in Tehran. Fo 317l27244,persia ,October , 1941.PRO.

(2) مەنتك، س پ ، ل ل ١٦٤-١٨٨.

سەرکردەکانیان، هەروەها سەرهەڵدانی چالاکییە نەتەوایەتییەکانی کورد بوون لەکوردستانی ئێران.

سیاسەتی حکومەتی بەریتانیی لەبەر ڕۆشنایی پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییە ساتییەکانی لەدژی فاشییزمو ئایندەیەکی لەدژی کۆمنیزم لەناوچەکەدا گەڵاڵە دەکرا. سەبارەت بەئێران، هەر لەسەرەتای چوونەناوەوەی هێزە هاوپەیمانەکانەوە بەریتانیا هێمنییو پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکانو یەکێتیی خاکی ئێران بەبنەمای پاراستنی بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی خۆی لەناوچەکەدا دەزانی. سەبارەت بەدەسەڵاتی ناوەندییش لەکوردستانی ئێران، سیاسەتی بەریتانیا بەتوندیی پێی لەسەر بەهێزکردنەوەی ئەم دەسەڵاتە دادەگرتو هەموو جووڵانەوەیەکی بۆ لاوازکردنی ئەم دەسەڵاتە بەدژی بەرژەوەندییەکانی خۆی دادەنا.[1]

بەپێی فەرمانی کۆنسوڵی بەریتانیی لەتاران، نابێت بەهیچ شێوەیەك لەلایەن ئەو لێپرسراوە بەریتانییانەی لەکوردستانی ئێراندا هەن سیاسەتێکی وابگیرێتەبەر بۆنی هاندانی کوردەکانی لێ بێتو بێتە هۆی لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندییو پێویستە پێ لەسەر بوونی ئێرانێکی بەهێزدا بگیرێت، چونکە ئێرانێکی بەو جۆرە وەك دەوڵەتێکی تامپۆنی لەنێوان شورەوییو کەنداو و عێراقدا لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی بەریتانیایە، هەروەها هەر بزاڤێکی سەربەخۆخوازیی کوردیی، کاریگەریی نەرێیی بۆ سەر هەرێمەکانی دی ئێران، بەتایبەتیی خوزستانی پڕ نەوت دەبێت، جگە لەوەی بزاڤێکی وا ئەگەری هاوکاریی کوردەکانی ئێرانو عێراق پێکدەهێنێتو مەترسیی لەسەر حکومەتی ناوەندیی لەبەغدا دروست دەکات کە ئاکامەکەی لەدەستچوونی بیرە نەوتەکانی کەرکوکە. خۆ تورکیاش کەخاوەنی زۆرترین بەشی کوردستانەو زەندەقی لەهەر جووڵانەوەیەکی سەربەخۆخوازی کورد دەچێتو لە ڕۆژێکی وەك ئەمرۆدا کە لەدووریانی مانەوە لەحاڵەتی بێلایەنیی یاخۆ هاویشتنە باوەشی ئەڵمانیادا ڕاوەستاوە، هەڵوێستی

---

[1] السبکی بێ پشتبەستن بەهیچ سەرچاوەو بەڵگەنامەیەك دەڵێت گوایە بەریتانیا پاش لابردنی ڕەزاشا لەئێران، کەوتۆتە چەکدارکردنی کوردو لوڕو ئەرمەنەکان، ئەمەش لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکانو سیاسەتی بەریتانیا پێچەوانەیە بڕوانە: السبکی، س.پ، ل١٥٧.

ئاشکراو دیاره، هەربۆیە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دەخوازێت لەکێشەی نێوان کوردو دەسەڵاتی ناوەندییدا پێویستە پشتی حکومەتی ئێران بگیرێت.[1]

هەروەها لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤١دا نوێنەرانی حکومەتی بەریتانیا لەئێران بەمەبەستی دارشتنی سیاسەتو هەڵوێستێکی لێبڕاو بۆ رووبەرووبوونەوەی راپەڕینەکەی کوردستانو بارە ئاڵۆزەکەو لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندیی، کۆبوونەوەیەکیان لەکۆنسوڵخانەی بەریتانیی لەتاران بەست کەتیایدا جگە لەستاف کۆنسوڵخانە، سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیی لەعێراق، سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیی لەئێرانو جێگری سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا لەهیندستانو ئامادەی بوون.

لەم کۆبوونەوەیەدا مەسەلەی پشتگیریی حکومەتی ئێرانو بەهێزکردنەوەی کرایە مەسەلەیە کی ستراتیژیی سەبارەت بە حکومەتی بەریتانیاوە چونکە([2]):

١- دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز دەتوانێت راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ عەشیرەتەکاندا بکاتو جڵەویان بگرێت.

٢- لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی لەدوای داگیرکردنی ئێرانو رووخاندنی رژێمی رەزاشا لەبەرژەوەندی حکومەتی بەریتانیادا نییە، هەر بۆیە لەپێناوی مانەوەی لە ئێراندا ئەم دەسەڵاتە پێویستە بەهێز بکرێتەوە.

٣- پێویستە بەریتانیا خۆی لەکێشمەکێشی عەشیرەتەکان دورەپەرێز بگرێت.

٤- بەدەستهێنانی پشتگیریی عەشیرەتەکان لەلایەن بەریتانیاوە دژی هەر هەڕەشەیەکی ئەڵەمانیای نازییو هاوپەیمانەکانی لەناوچەکە جێی بایەخە.

شایەنی باسە، بڕیارەکانی کۆبوونەوەکە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیی لە لەندەن بەرز کرایەوەو لەوێشەوە رەزامەندیی لەسەرکراو کرایە بەرنامە. بەمشێوەیە سیاسەتی بەریتانیا سەبارەت بە هاوکارییکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی دژی جووڵانەوەکانی

---

[1] From the British legation in Tehran to the British Embassy in cairo, F.O, 371/27244,persia,8december 1941,PRO.
[2] Borhanedin A, yassin, Vision or Reality: the Kurds in the policy of the Great power: 1941-1947,Lund University prees,Sweden, 1995,p.77.

کوردستان‌و هەر چالاکییەکی نەتەوایەتیی کوردیی لەکوردستانی ئێران داڕێژراو لەپراکتیکیشدا هەنگاوی مەزنی بۆ هاوێژرا.[1]

وەك هەنگاوی یەکەم وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (ئەنتۆنی ئیدن ANTONY EDEN) داوای لەکونسۆلی بەریتانیی لەتاران کرد بەوردیی چاودێریی ڕووداوەکانی کوردستان بکات‌و لەژێرەوە حکومەتی ئێرانی لیٚ ئاگادار بکاتەوەو داوای لێبکات کارێك نەکات بارودۆخەکە لەوە ئاڵۆزتر بێت، هەوڵیش بدات جیاجیا پەیوەندیی بەسەرۆکە کوردەکانەوە بکات‌و بەبەخشینی هەندێك دەسەڵات بیانلاوێنێتەوە بەلای خۆیدا رایانکێشێت، جگە لەوە ئیدن داوای لەکونسول کرد پلانێك بۆ رۆژی مەبادا داریٚژێت. تا ئەگەر هاتوو مەسەلەکە لەداهاتوودا زیاتر ئاڵۆزا، بەریتانیا بتوانێت بەپێی ئەو پلانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی هەنگاو هەڵبێنێت .[2]

بەهەر حاڵ حەمە رەشید خانی بانە کە ئاگای ئەم کەین‌و بەینە نەبوو، ئەوەندەی وەڵام لە حکومەتی بەریتانیا وەرگرتبوو کە ئەوان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، هاوکاریی ناکەن وپێیان باشە مەسەلەکە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندییدا یەکلاٚبکرێتەوەو کۆتایی بەراپەڕینەکە بێت.[3] هەربۆیە بیٚ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی بەریتانیا، هێزەکانی خڕکردەوەو لە٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٤١دا پەلاماری دیواندەرەی‌دا کە شوێنێکی ستراتیژیی بوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی ریٚگای سنە – کرماشان ناوەندیی هێزەکانی بەریتانیا. ئەم هێرشەی حەمە رەشیدخان خراپ شکستیخوارد لەئەنجامی هەڵوێستی نەرێیی حکومەتی بەریتانیا[4] و بەرگری هێزە ئێرانییەکان‌و خیانەتی سەرۆك عەشیرەتی (تیلەکوە) کەپەیمانەکەی شکاندو ژێربەژێر هەواڵی بەسوپای دوژمن دەگەیاندو لەپشتە پەلاماری راپەڕیوەکانیاندا، هەروەها لێرەدا نابێت دووری ١٥٥کم ی دیواندەرە لەبانەوە

---

([1]) هەر لەم کاتەدا هێزەکانی بەریتانیا لەکرماشان ئۆردوگا سەربازییە ئێرانییەکانیان بۆ سوپای ئێرانی چۆل کردو خۆیان (سایلۆ) ی‌کرماشانیان کردە ئۆردوگا، هەروەها لە شاری سنە هەموو کار ئاسانییەکیان بۆ گەڕانەوەی لەشکری ئێرانی کرد، بڕوانە: العانی، س.پ، ل١١٦.

([2])حمدي، س.پ، ل٤٠١.

([3]) Borhanedin A,yassin,op. Cit,p8 z1.

([4]) دێشنەر، گوینتەر، کورد: گەلی لەخشتە براوی غەدر لیٚ کراو، گۆڕینی لەئەڵەمانییەوە بۆ عەرەبی: عبدالسلام بەرواری، گۆڕینی بۆ کوردی حمە کەریم عارف، هەولێر،١٩٩٩،ل١٢٠.

کەمەڵبەندی راپەڕیوەکانە لەبیربکرێت، هەروەها تۆبۆگرافیای ناوچەی دیواندەرەکە تەختانەو تواناى جەنگی سوارەکانی حەمە رەشیدخانی کەم دەکردەوە کەپشتیان بەشێوازی (لێدەو هەڵێ)و جووڵانەوەی خێراوچەکی سوك دەبەست لەپەلاماردانداوەك (ارفع) بەتەوسەوە نووسیویە: ((جەنگاوەرانی عەشیرەتی ئەو سەبرو حەوسەڵەو پێداویستییە لۆجیستییەیان نییە کە ئەم هێرشە چڕو پڕانە بەئەنجام بگەیەنن)).[1]

لەم کاتەدا حکومەتی ئێران بەهاوکاریی هێزەکانی بەریتانیا دەستێکی بەهێزە سەربازەکانیدا هێناو سەرهەنگ ئەفەرعی گواستەوە بۆ سەرکوتکردنی خێڵەکانی (داریوەند)[2] لەکرماشانو (سەرتیپ ئەمین) کەحاکمی سەربازیی شاری سنە بوو کرا بەفەرماندەی لەشکری کوردستانو پلەی سەربازیی بەرزکرایەوە بۆ سەرلەشکر، سەرلەشکر ئەمین کەپێشتر لەبۆسەیەکی خێڵەکانی مەریواندا دەستبەسەر کرابوو، ئەفسەرانی ئینگلیزیی بۆی تێکەوتبوونو رزگاریان کردبوو[3]، هەستا بەکۆکردنەوەی هێزێکی گەورەو خستیە ژێر سەرکردایەتیی سەرهەنگ زاگرۆسەوە و ئەرکی گرتنەوەی شاری سەقزی پێ سپاردن. سەرەتا هێزە هەواییەکانی حکومەتی ئێرانی لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٤١ بەخەستی شاری سەقزیان بۆردومان کرد، حەمە رەشیدخان هێزەکانی لەشار بردنە دەرەوەو ٢٠ میل دوری خستنەوە[4]، هێزە ئێرانییەکە کەچەکدارەکانی عەشیرەتی تیلەکۆ بەسەرکردایەتیی (عەلی خانی حەبیبی)و چەکدارەکانی (عەزیزوڵلا خانی مەسعودی وەزیری) یان لەگەڵدا بوو دوای دوو رۆژ بڕینی رێگای ساردو بەفرین لە٥ی شوباتی ١٩٤٢ خۆیان کرد بەسەقزدا، شایەنی باسە هەندێك لەلایەنگرانی حەمە

---

([1]) ارفع، س.پ، ل٧٠.

([2])خێڵەکانی داریوەند لەکانوونی دووەمی ١٩٤٢ دژی دەسەڵاتی ناوەندیی لەناوچەی کرماشان راپەرینو هێزەکانی حکومەتیان گەمارۆدا، لەشکری ١٢ی کرماشان پەلاماری راپەڕینەکەیداو ٣٤ کەسی لەراپەریوەکان کوشتو ١٥٠شی لێ بەدیل گرتنو ویستیان هەلیان واسن، وەزیری بەریتانی لەتاران داوای لەتاران کرد کارێکی وانەکات چونکە بەکوشتنی ئەم دیلانە زیاتر رقو کینەی کورد کڵپە دەستێنێ، بۆیە واچاکە ئەمانە بەربدرێن، حکومەتی ئێران ئەو پێشنیارەی قبوڵ کردو بۆ پاراستنی هێمنی ناوچەکە رۆژی ٢٨ی کانونی دووەمی ١٩٤٢ (علی اعظمی زنگنە)ناسراو بە (امیرکل) کرد بەحاکمی گشتیی هەرێمی پێنجی کرماشان کەلەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێکرا، بڕوانە: العاني س.پ، ل١٦٦.

([3]) ارفع، س.پ، ل٧٠.

([4]) حمدی ، س.پ، ل٤٠٨.

رەشیدخان وەك (ئەحمەد خانی فارووقی، موحەممەد ئەمین مورتەزایی) كەبەفێڵ پەیوەندییان بەلەشكری دەوڵەتییەوە كردبوو چوون بەپێشوازی سوپای ئێرانییەوەو لەماڵەكاندا نیشتەجێیان كردن[1] حەمە رەشید خان كە ئاگای لەجووڵانەوەكانی لەشكر بوو هێزێكی گەورەی لەشەوی ١٠ی شوباتی ١٩٤٢دا كۆكردەوەو بەیانی لەناوكادا خۆی كرد بەسەقزدا، (سەرلەشكرئەمین) یش كەپێشتر ئەم هەواڵەی زانیبوو بەهێزێكەوە خۆی گەیاند بووە سەقز سەنگەربەندیان لێدا[2].

(میرزا محمد امین مەنگوڕی) كەخۆی لەگەڵ هێزەكەی حەمە رەشیدخاندا بووە بەم چەشنە باس لەم پەلاماری راپەڕیوەكان دەكات ((هەتا ئێستا لەمێژووی كوردا شەڕێكی وا بەهەڵمەتو قارەمانانە رووی نەداوە، لەشكری دەوڵەتی بەهێزی عەشائرەوە تخمین ئەكرا بە ١٥٠٠ نەفەر لەناو ماڵانو سەختومانی حكومەتیو قەراغی شار سەنگەربەندیان كردبووە هەرچی پیێ وێستییێكی بەرگری بوو عجمەكان بەكاریان هێنابوو.. هاژەی تفەنگو رەشاشو دەمانچە ئەو شارەی كردبوو بەنمونەیەكی معرەكەو كارزاری كوردایەتی دەنگی شیرانە رۆڵەكانی كورد جەرگی سەربازەكانی ئێرانی بڕی بو گورانی قەتارو ئەڵاوەیسیو لاوەكەو بەستەی پێشكەوتن بۆ پێشەوەی لاوانو گەنجان بەراستی پیاوی ترسەنوكیشی ئەكرد بەلێدەرو نەترس جا بەم تەووژموسامە ٨ سعات شەڕ لەناو شاری سقزدا خایاندی، بەم پێیە شاری (ستالینگراد) یسەقز بۆجاری سەهەم گیرایەوە)).[3]

لەراستییدا، ئەم شەرە شكستێكی زۆر گەورەبوو بۆ حكومەتی ئێرانو ئەرتەش، چونكە هێزەكە سەروبەری تیاچوو، سەرلەشكر ئەمینی بەدەستی ئەحمەدخانی فاررووقی كوژرا، عەلی خانی حەبیبی بەدەستی موحەممەد ئەمین خانی برای حەمە رەشیدخان

---

([1]) كورد، س.پ، ل٤٣٢-٤٣٣.

([2]) هەندێك مێژووی تشرینی یەكەمی ١٩٤٤ یان بەهەڵە بۆ رووداوی ئەم شەڕە داناوە بڕوانە:

البكاء، س.پ، ل٣٧ .، صابر، فوزية، صفحات عن نضال الكورد في ايران، متين، العدد٨٦، ازارى ١٩٩٩،ص١٠٨.

([3]) مەنگوڕی، س.پ، ل١٩٢-١٩٣.

**کوژرا[١]، ئەفسەران‌و سەربازانی ئێرانی نزیکەی ٣٠٠ کوژراویان داو ئەوانەشی نەکوژران بەدیلی کەوتنە دەست راپەڕیوەکان.[٢]**

**نوێنەرانی حکومەتی بەریتانیا لەئێران کە بەچاوی گومانەوە سەیری راپەڕینی کوردەکانی بانەیان دەکرد بەرامبەر بەم سەرکەوتنەو شکستی هێزەکانی ئێرانیی لەکوردستان دوڕدۆنگ بوون، دەترسان راپەڕینەکە بەجۆرێکی وا تەشەنە بکات، ناوچەکانی سنەو کرماشانیش بگرێتەوە. لەلایەکی ترەوە ئاسەواری راپەڕینەکە لەسەر ناوەند زۆر گران کەوتەوەو بووە فاکتەرێکی رووخاندنی دەوڵەتی (محمد علی فروغی) لە٢٨ی شوباتی ١٩٤١دا[٣]، لەبەرئەوەش کە بەریتانیا لە ٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٤١ پەیمانی (یەکێتی سێ لایەنە)ی لەگەڵ ئێران مۆرکردبوو وەك لەباسی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا. بەپێی ئەم پەیمانەش بەریتانیا کارکردنی بۆ یەکێتیی خاکی ئێران‌و سەربەخۆیی وڵات‌و چەسپاندنی هێمنیی‌و ئاسایشی لەئەستۆ گرتبوو. هەر بۆیە لەهەموو روویەکەوە سەرکەوتنی راپەڕینەکەی بەزیانی ئێران‌و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانی‌و دەیویست هەر چۆنێك بێت کۆتایی پێ بهێنێت.**

**لەبەر ئەوە لێپرسراوانی حکومەتی بەریتانیی لەئێران کەوتنە هاندانی حکومەتی نوێ کە (عەلی سوهەیلی)بوو بۆ بەکارهێنانی تاکتیکێکی نوێ بەمەبەستی گێڕانەوەی هێمنیی‌و ئاسایشی ناوچەکان[٤]، ئەویش بەسەلماندنی لانی کەمی داواکاریی راپەڕیوەکان‌و رازیکردنیان تا حکومەتی ئێران لەقەیرانە ئابووریی‌و سیاسییەکانی ئاهێکی پێدادێتەوەو دەستێکیش بەهێزەکانیدا دەهێنێتەوەو ئەوسا لەهەلومەرجێکی گونجاوتردا دەتوانرێت کاری پێویست ئەنجامبدرێت.**

---

**(١) کورد، س.پ، ل٤٣٣-٤٣٤.**

**(٢) هێندێك سەرچاوە ژمارەی دیلەکان بە ١٥٠٠ کەس لەقەڵەم دەدەن، بڕوانە: مەنگوڕی ، س.پ، ل١٩٤.**

**(٣) رمضاني، س.پ، ل٧٠.**

**(٤) العاني، س.پ، ل١٦٦، شایەنی باسە ئەم کابرایە واتە فلتشر لەو راپۆرتانەی بەرزی دەکردنەوە زۆر بەخراپیی باسی حەمە رەشید خانی دەکرد، لەراپۆرتێکیدا کەلەمایسی ١٩٤٢دا بەرزی کردۆتەوەی پێی دەڵێت (( کابرایەکی رێگرو بێ شەرەف‌و بێ بیرورایە...)) بڕوانە البکاء ، س.پ، ل١٣٦.**

(مێجەر فلتچر/ Fletcher) کەراوێژکاری سیاسیی هێزەکانی بەریتانیا بوو لە کرماشان خۆی گەیاندە سەقز تاسەرۆکاریی دانوستاندنی نێوان راپەڕیوە کوردەکانی بانەو نوێنەرانی حکومەتی ئێران بکات.[1] سەبارەت بە حەمەرەشید خانیش کەلەشکرێکی عەشایری زۆری لەدەور کۆبببۆوە شەڕوشۆڕ ماندووی کردبوون‌و بەڕێوەبردنیان لەرووی مادییەوە ئەرکێکی گران بوو، بەتایبەتیی ئەوەشی درك پێکردبوو کەهێزەکانی بەریتانیی رێگای پێشڕەویی بەرەو ناوچەکانی تر نادەن‌و پشتگیریی سوپای ئێران دەکەن. جا لەبەرئەوە هەرچەندە پێشتر بەریتانییەکانی ئاگادار کردبۆوە کە دانیشتن لەگەڵ حکومەتی ئێراندا ئەنجامێکی نابێت[2]، بەڵام ئەمجارە بەناچاری نوێنەری خۆی رەوانەی سەقز کرد تا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتدا بکەونە گفتوگۆ کەئاکامەکەی بەمۆرکردنی رێکەوتنامەیەك لەئایاری ١٩٤٢دا لەنێوان هەردوولادا کۆتایی هات، بەپێی ئەم رێکەوتنامەیە: هیچ هێزێکی ئێرانیی لەناوچەی (بانە – سەردەشت)دا دانانرێت، بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردیی بەسەرۆکایەتی حەمەرەشید خان لەبانە دابمەزرێت کەهەموو دەزگاکانی لە: دوخانیات، شارەوانیی، پۆلیس‌و خەرج‌و صەرف لەلایەن ئەو کەسانەوە ببرێن بەرێوە کە حەمەرەشید خان هەڵیان دەبژێرێت جگە لەبلاوکردنەوەی لێخۆشبوونی گشتیی بۆ ئەوانەی دژی دەوڵەت هەر کارێکیان ئەنجامداوە، هەروەها مانگانە بڕی ٢٥ هەزار تومان[3]، لەلایەن حکومەتەوە بدرێتە ئەم بەرێوەبەرایەتییە بەمەرجێك موچەی فەرمانبەرانی دەزگاکان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەدرێت و چ یارمەتیەك لەخواردن‌و پێویستی بۆ شارەکانی ئێران تەرخان دەکرێت بۆ ئەم ناوچەیەش رەوانە بکرێت.[4]

---

(1) (رزم ارا) کە ئەو دەمە سەرۆکی ستادی ئەرتەش بوو، بۆشاردنەوەی لاوازیی سەربازیی ئێران دەیگوت کەسەرۆك وەزیران واتە سوهەیلی، دژی ئەوە بوو لەسنە بەولاوە بچین دەنا سوپای ئێران لەتوانایدا بوو پەلاماری کوردستان بدات) بڕوانە: گذشتە چراغ راە ایندااست، تأریخ ایران در فاصلە دوکودتا، نشر جامی، چاپ دوم، چاپخانە گلشن، تابستان ١٣٦٢ش.

(2) حمدی، س.پ، ل٤٠٢.

(3) گذشتە بڕی ئەو پارەیە بە (١٣٠٠٠٠) ریال دادەنێت، واتە ١٣ هەزار تومان، بڕوانە:
گذشتە جراغ راە ایندااست، ل١٨٦.

(4) رمضاني، س.پ، ل٧٠.

بەمجۆرە حکومەتی ئێران دوای زەرەروزیانێکی زۆرو بەکۆمەکیی و پشتیوانی بەریتانیا توانی بەبەخشینی شێوە خودموختارییەك بەراپەڕیوەکان هێمنیی و ئارامییەکی کاتی بۆ ئەم ناوچەیەی کوردستانی ئێران بگێڕدرێتەوەو بەرێوەبەرایەتییەکەی بانە تا پایزی ساڵی ١٩٤٤ز بەردەوام بوو، حکومەتی ئێرانی سودێکی گەورەی لەم رێکەوتنە بینی، بەتایبەتیی دوای ئەوەی لەم ماوەیەدا بەپاڵپشتی هێزە هاوپەیمانەکان (بەریتانیا و ئەمەریکا) توانی خۆی لەقەیرانە ئابووریی و سیاسییە خنکێنەرەکان دەرباز بکات و دام و دەستگا سەرکوتکەرەکانی نویێ بکاتەوەو ئەوەندەیان بەهێز بکات کە بەئاسانی هەر جووڵانەوەیەکی ناوخۆ دژ بەناوەند داپڵۆسێت، هەروەها پەرەسەندنی نفوزی شورەویی لەئازەربایجان و بەهێزبوونی جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە ناوچەی موکریان زیاتر سەرنجی حکومەتی بەریتانیای راکێشا سەبارەت بەهەڕەشەی مانەوەی بەرێوەبەرایەتیەکەی بانە، بەتایبەتیی لەکاتێکدا حەمەرەشید خانی بانە دەیویست بۆ فراوانکردنی مەودای بەرێوەبەرایەتیەکەی لەسەر دووپەت یاری بکات و ناوچەی مەریوان کە مەڵبەندێکی جیاکەرەوەیە لەنێوان بەرێوەبەرایەتیەکەی و هێڵی سنە - کرماشان کۆنترۆڵ بکات. ئەم ویستەی حەمەرەشید خان کە حکومەتی بەریتانیا بۆی قووت نەدەچوو، هەر بۆیە دوای ئەوەی حەمەرەشید هێرشی کردە سەر مەریوان و گرتی[1]، حکومەتی بەریتانیا پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ حکومەتی ئێران دەربڕی تا بەرێوەبەرایەتییەکە هەڵبوەشێنرێتەوەو سزای ئەم خانە چاو نەترسە بدرێت و خۆیان بەتەواویی لەم هەڕەشەیە رزگار بکەن، ئەم ئەرکەش خرایە سەرشانی بێبەزەییترین ئەفسەری ئێرانی کە (سەرتیپ هۆشمند افشار)ە دوای ئەوەی کرا بەفەرماندەی لەشکری کوردستان.

حەمەرەشید خان، کە ئاگاداری خۆکۆکردنەوەی حکومەتی ئێران و نیازی خراپی لێپرسراوانی بەریتانیی بوو، نامەیەکی بۆ کونسوڵی بەریتانیی لەتەورێز ناردو هەڕەشەی ئەوەی لێکردن ئەگەر رێگریی لەکارێکی وانەکەن ناچارە داوای هاوکاریی لەیەکێتیی

---

(1) اغای اصف لەمەجلیسدا مەسەلەکەی وا باسکردووە کە لەسەر موڵك ماڵ بووەو چونکە ژمارەیەك موڵکدار لەترسی مەحموودخانی کانی سانانی پەنایان بۆ بردوەو ئەویش حەمە ئەمین خانی برای ناردووەو پەلاماری مەریوانی داوە، بڕوانە: کوهستان، ٧ اسفند ١٣٢٣.

شورەویی و لەشکری سوور بکات[1]، بەڵام هەر زوو بەریتانیا بریاری لێبڕاوی خۆی لەچۆنێتی یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە دابوو. شورەوییش ئەو کاتە هیچ ئامادەییەکی نەبوو لەبەر خاتری حەمەرەشید خان پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بجووڵێتەوەو بەگژ حکومەتی ئێراندا بچێت. ئەم فاکتەرانە چارەنووسی بەرێوەبەرایەتییەکی بانەو حەمەرەشیدیان دیارییکرد، بەتایبەتیی لەکاتێکدا هێزەکانی دەوڵەتیی جگە لەوەی بەتەواویی پێویستیەکانیانەوە ئامادە بوون ژمارەیەکی زۆری چەکدارەکانی عەشیرەتە داخدارەکانی گەڵباغیی و تیلەکۆیی و مەنمیی و چەکدارەکانی محمود خانی کانی سانانی لەگەڵدا بوو کە ژمارەیەیان لە ١٠ هەزار کەس تێدەپەڕی.[2]

سەرەتا هێزەکانی حکومەتی ئێران توانیان مەریوان بگرنەوەو لەشکری خانی لێ دەرپەڕێنن، ئەو پەلامارانەشی کە حەمەرەشید رۆژی ٤و ١١و١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ کردنیە سەر هێزەکانی ئێران لە (کانی سەلکە)ی ناوچەی سەقز نەیتوانی رێگا لە پێشڕەویی سوپای ئێران بگرێ[3]، هەربۆیە کاتێ بینی هێزەکان بەرەو بانە دەکشێن بەخێرایی خۆی گەیاندەوە بانەو بۆ ئەوەی هیچ دەستکەوتێك بە عەشیرەتە دەوڵەتخوازەکان نەبڕێت و سوپاش لەپێشڕەویی خۆی بگێڕێتەوە بریاری سووتاندنی شاری بانەیدا[4]دوای ئەوەی خەڵکەکەی لێهێنایە دەرەوە کە ژمارەیان دەهەزار ماڵ بوو[5] ئەم تاکتیکە هەڵەو سەرەرۆیەی حەمە رەشید خان ئامانجی نەپێکا. هەر بۆیە ناچار بوو لەژێر فشاری هێزەکانی دەوڵەتی بکشێتەوە ناو خاکی کوردستانی عێراق و خۆی

---

([1]) العاني، س.پ، ل١٦٦.

([2]) مەنگوڕی، س.پ، ل٢٠١.

([3])کوهستان، ٧ اسفند ١٣٢٣.

([4]) سیاسەتی (زەوی سوتاندن) تاکتیکێکی جەنگی کلاسیکییە، بەڵام سەبارەت بەسوتاندنی بانە زەرەرەکەی زۆر تر بوو چ قازانجێکی واشی لێنەکەوتەوەو بوو بە بیانوویەك تا زیاتر دەوڵەت دژی حەمەرەشید خان پڕوپاگەندە بکات، (ئاغای فهیمی) وەزیری مشاویر لەبەرامبەر مەجلیسدا دژی حەمە رەشیدخان ووتی ((ئەم ئەحمەقە بیری لەوە نەکردبۆوە کەچۆن کارێکی کردووە، تۆ کەدەتەوێت هەڵبێیت راکەو بڕۆ، خەڵکی بێ چارە بێ خانووکردن، سووتاندنی ماڵ و حاڵەکانیان، تازە چ سوودێ بەتۆ دەبەخشێت کەنەجەنگت کردو نەدەعوا)) بڕوانە: هـ. س.

([5]) گذشته چراغ راه ایندا‌ست، ل١٨٧.

تەسلیمی هێزەکانی عێراق بکات، ئەوانیش گرتیان و بۆ (کەرکوك) یان دورخستنەوە[1] و هێزەکانی ئێران بەشەڕو کوشتار گەڕانەوە هەموو ئەو شوێنانە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣ ساڵ لێی دەرکرابوو.

ئاغای (فرج الله اصف) نوێنەری ئوستانی کوردستان لەخولی سیازدەهەمی مەجلیسی شورای ئێرانیی، لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی مەجلیسدا دژی ئەو کوشت و کوشتارەی کە ئەرتەشی شاهەنشاهیی بەسەرکردایەتیی سەتیپ ئەفشار لەکوردستان ئەنجامیاندا رایگەیاند:((زلکردنی رووداوەکە لەلایەن لەشکری کوردستان و ئەفسەرەکانییەوە تەنیا بۆ ئەوەیە ئابڕووی تکاوی خۆیان بشارنەوەو ئەو نەنگییە لەخۆداماڵن کەلە خەرمانانەدا بەپاشەڵیان بڕا.. بۆیە داواکارم لەدەوڵەت کۆمسیۆنێك لەمرۆڤی پاك و شارەزا پێکبهێنێت و رەوانەی کوردستانیان بکات تا بەچاوی خۆیان باری ناهەمواری فەرهەنگ و تەندروستی ناوچەکە ببینن و مامەڵەی ئەو ئەفسەرە پارە پەرست و خوانەناسانە لەگەڵ خەڵکی بزانن، هەروەها بۆ ئەوەی لێپرسراوانی ئەو کوشت و کوشتارەی کوردستان وەك گای بەڵەك پێشانی خەڵکی بدەن و سزا بدرێن)).[2]

دوای نمایشکردنی ئەو رووداوە مێژووییانە سەبارەت بەراپەڕینی کوردەکانی بانە دەتوانرێت چەند دەرئەنجامێك بەدەست بخرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- راپەڕینی کوردەکانی بانە یەکەم راپەڕینی چەکداریی کوردییە دژی پاشماوەی دام و دەزگاکانی دەسەلاتی ناوەندیی لەکوردستانی ئێران لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانییدا، ئەو دەزگایانەی بەدرێژایی زیاتر لەدە ساڵی دیکتاتۆریی رەزاشاو بەپاڵپشتی ئەرتەشی شاهەنشاهیی دەرەتانی هەر جووڵانەوەیەکی دژ بەناوەند و بەرهەڵستکارانەی خەڵکی کوردستانیان بڕی بوو.

٢-ئەم راپەڕینە توانی لەماوەیەکی کەمدا ناوچەیەکی فراوان بگرێتەوەو دەسەڵاتی ناوەندیی لە بانە، سەردەشت، مەریوان، نەوسود، پاوەو سەقز، دەرپەڕاند.

---

[1] ایغلتن، س.پ، ل٤٩، شایەنی باسە عیسی بەهەڵەو بەپشتبەستن بە ابالانس ساڵی ١٩٤٢ی کردۆتە ساڵی هەڵاتنی حەمەرەشیدخان بۆ عێراق، بڕوانە : عیسی، س.پ، ل٣٩٧" ابالانس، س.پ، ل٤٩.

[2] کوهستان، ١٧سفند ١٣٢٣.

٣- هەموو هەوڵەكانی حكومەتی ئێران بۆ سەركوتكردنی راپەڕینەكە بەشكست كۆتایی دەهات لەم بوارەدا زیانێكی مادیی و مرۆیی گەورە بەهێزەكانی سوپا گەیشتن كەخراپترینیان شەڕی سێیەمی سەقزو كوشتنی سەر لەشكر ئەمین بوو.

٤- سەركردەی راپەڕین كەحەمەرەشید خانی بانە بوو پەیوەندیی بەهێزێكی مەزنی وەك حكومەتی بەریتانیا كردو داوای هاوكاریی و پاڵپشتیی لێكردن بۆ رزگاركردنی كورد لەستەم و چەوسانەوەی چینی دەسەڵاتداری ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردیی سەربەخۆ.

٥- حكومەتی بەریتانیا نەك هەر هاوكارییەكی پێشكەشی راپەڕیوەكان نەكرد بەڵكو رێگەی ئەوەشی لێگرتن بەرەو ناوچەكانی تری وەك دیواندەرەو سنە بكشێن، چونكە سیاسەتی بەریتانیا لەسۆنگەی پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژیەكانی لەناوچەكە ئەو هەڵوێستەی پێ گرتەبەر كە لە كێشەی نێوان كوردو دەسەڵاتی ناوەندییدا پشتگیریی دەسەڵاتی ناوەندیی بكات و بۆ بەهێزكردنەوەی پایگاكانی حكومەتی ئێران لەكوردستان تێبكۆشێت.

٦- حكومەتی ئێران دوای ئەوەی بەهێز نەیتوانی هێمنیی و ئارامیی بۆ ناوچەكە بگێڕێتەوە، بەسەردانەواندنەوە بۆ راپەڕیوان و بەخشینی شێوە خودموختارییەك بۆ ناوچەكانی (بانە-سەردەشت) ئەم كارەی ئەنجامدا، ئەمەش هەنگاوێكی تاكتیكیی حكومەتی ئێران بوو وەك لەدواییدا بەئاشكرا دەركەوت.

٧- راپەڕینی كوردەكانی بانە لەبەر پێكهاتەی عەشیرەتیی و تێوەگلانی لەشەڕی ناوخۆو بەرەڵایی ریزەكانی و شێوازی كاركردنی كلاسیكیی، نەیتوانی ببێتە جووڵانەوەیەكی رزگارییخوازی نەتەوەی كە زۆربەی چین و توێژەكانی كۆمەڵ لەدەوری بەرنامەكانی خۆی كۆبكاتەوەو بەرەو سەركەوتنی یەكجارەكیی نەتەوەیی رابەرایەتیان بكات. هەر بۆیە دوای بێ هیوایی راپەڕینەكە لەهاوكاریی بەریتانیا ناچاربوو بەدەستكەوتێكی كاتیی رازی بێت كەدوایی بەئاسانیی لێی وەرگیرایەوە.

٨- راپەڕینی كوردەكانی بانە ئاسەواری خۆیان لەسەر رووداوە كوردستانیی و ئێرانییەكان بەجێهێشت. لەكوردستاندا زەمینەی بەرهەڵستكارانەی دژ بەحكومەتی ئێران

ڕەخساندەوەو دەستکەوتە کاتییەکەشی لەلایەن زۆربەی سەرۆك عەشیرەتەکانی دی کوردەوە بەشێوەیەکی نموونەیی چاو لێدەکرا.[1]

لەسەر ئاستی ئێرانیش بووە فاکتەرێکی ڕووخاندنی کابینەی محمد علی فروغی و پتر قووڵ بوونەوەی قەیرانەکانی جگە لەوەی لەسەر ئاستی دەوڵەتە مەزنەکانیش سەرنجی بۆ خراپیی پەیوەندییەکانی کوردو دەسەڵاتی ناوەندیی ڕاکێشاو لەکێشەی کورد لەئێراندا ئاگاداری کردنەوە.

٩-ڕاپەڕینەکە ئەزموونێك بوو بۆ قاڵ بوونەوەی سەربازییو بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی سەرکردەکانی بۆ ئەوەی لەڕووداوەکانی داهاتوودا ڕۆڵی گرنگترو مەزنتر ببینن، بەتایبەتیی دوای ئەوەی زەمینەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران لەساڵانی جەنگدا ڕەخسایەوەو بەکۆتایی هاتنی جەنگیش هەستایە سەر پێ.

## دووەم: ڕا پەڕینی کوردەکانی ورمێ

هەرێمی ورمێ بریتییە لەهەرێمی باکووری کوردستانی ئێران کە لەدەریاچەی ورمێ وە دەستپێدەکاتو بەرەو باکوور تا ڕووباری ئاراس درێژدەبێتەوەو لەڕۆژئاواشەوە هەتا چیاکانی ئاگرێ دەکشێت. ناوەندیی ئەم هەرێمە شاری ورمێ یە کە لەسەردەمی دیکتاتۆریی ڕەزاشادا وەك بەشێك لەبەرنامەی بەفارسکردنی جوگرافیای کوردستان ناوەکەی گۆڕرا بۆ ڕەزائییە. ئەم هەرێمە چەند شارو ناوچەی گرنگی وەك : ماکۆ، خوی،

---

[1] هەر لەوکاتەی حەمەرەشید خان لەگەڵ حکومەتی ئێرانی دانوستاندنی دەکرد، سەرۆك عەشیرەتێکی ناوچەی کرماشان کەناوی (کەریم بەگ)ە پەیوەندیی بەسەرلەشکر (شابەختی) فەرمانەدەی هێزەکانی ئێران لە کرماشان کردو پێی ڕاگەیاند:

١. ڕێگا نادەن کاربەدەستانی ئێران لەکوردستاندابن.

٢. دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانو پۆستی ژاندارمەری لەلایەن کوردەکانەوەی بەڕێوەببرێت.

٣. خوێندنگا لەناوچەکەدا دابمەزرێت کەلەپاڵ زمانی فارسیی، زمانی کوردییش بخوێندرێت.

٤. کوردیش وەك فارس مافی ئەوەی هەبێت خۆ بۆ ئەندامەتی مەجلیس هەڵبژێرێت.

٥. پرۆژەی ڕێگای نوێ دابمەزرێتو هەوڵی ڕێخستنی بازاڕو بەروبومی ناوچەکە بدرێت. بڕوانە:
Borhanedin A.yassin, op,cit,p97.

سەلماس، قوتوورو مەرگەوەڕو تەرگەوەڕی لەخۆ گرتووە، هەروەها وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە لەسەردەمی دەسەڵاتدارییەتی ڕەزاشادا جوگرافیای کوردستان دابڕدابڕ کرا، هەرێمی ورمێ ناوچەی موکریانیشی خرایە سەر، کە شارەکانی: مەهاباد، سەردەشت، بۆکان، شنۆ، نەغەدەو میاندواو و دەوروبەری دەگرتەوەو کرایە یەك پارێزگا بەناوی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کەشاری ڕەزائییە بووە ناوەندیی بەڕێوەبەرایەتییەکەی.[1]

ناوچەی ورمێ تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە کە تاڕادەیەکی زۆر لەهەرێمەکانی دی کوردستانی ئێرانی جیا دەکاتەوە، ئەویش تێکەڵاوبوونێتی لەگەڵ ناوچە ئازەرنشینەکان و گیرۆدەبوونێتی بەو ناکۆکیی و کێشە مەزهەبیی و نەتەوەییە مێژووییەی نێوان دووگەلی کوردو ئازەر کەبە کێشەی کوردو عەجەم دەناسرێت [2]، ئەم کێشەیە کە ناوەرۆکەکەی لەسەر زەویی و چەسپاندنی حاکمییەت و مەوقعییەتی ئابووریی و کۆمەڵایەتییە، لەئەنجامی سیاسەتی چەوتیی چینەکاربەدەستەکان و دەسەڵاتدارانی ئێران بەمەبەستی خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکیی و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان زیاتر قووڵ ببووەوە، حکومەتی ناوەندیی بەردەوام ئاسانکاریی و بۆ بەئازەری کردنی ناوچە کوردنشینەکان دەکردو پاڵپشتی موڵکدارە عەجەمەکانی دەکرد تا زەویی و زاری کوردەکان زەوت بکەن و لەناوچە دەشتایی و بەپیتەکان هەڵیانکەنن و بەرەو چیاکان پاڵیاننێن. لەلایەکی ترەوە بەهۆی هاومەزهەبی ئازەرو فارس، حکومەتی ناوەندیی لەرووی ئابووریی و بەشدارییکردنی دەسەڵاتەوە باوەشی بۆ بەشێکی زۆری دەرەبەگ و ئەریستۆکراتی لادێ و بۆرجوای بازرگانی عەجەمەکان کردبووەوە لەسەر حیسابی کوردەکان ڕۆژ بەڕۆژ مەوقعییەتی ئابوری کۆمەڵایەتییان بەهێزتر دەکرد تا لە هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی کوردو دەسەلاتی ناوەندییدا وەك ئامرازو لەمپەرێك دژی گەلی کورد بەکاریان بهینێت، خەڵکە ڕەشۆکەکەی عەجەمیش بەهۆی وابەستەییان بەچینە دەسەڵاتدارو موڵکدارە دەوڵەت پەرستەکانەوە لەلایەك، هەروەها بەهۆی کاریگەرییتی مەزهەبیی و سوننی بوونی کورد لەلایەکی ترەوە زۆر جار بێ دەستکەوتێکی ئەوتۆ لەکێشکەدا بەقازانجی دەسەڵاتی ناوەندیی هەڵدەسوڕان، ئەوەش زیاتر هەستی

[1] مدنی، س.پ، ل١٦.

[2] بۆ زیاتر: امین، س.پ.

کوردەکانی ناوچەکەی دەورووژاند و مەسەلەکەی دەشڵەقاند بە شێوەیەك هەندێ جار تووشی سەرەڕۆیی‌و زیادەڕۆیی دەکردن و عەجەمیان بە گشتیی وەك دوژمنێکی سەرسەختی خۆیان دادەنا.[١] ئەوەی ئەم دیدەی زیاتر دەچەسپاند ئەو سیاسەتە بوو کە دەسەڵاتی ناوەندیی لەم هەرێمەی گرتبووەبەر ، ئەویش دانانی زۆربەی لێپرسراوو ئەندامان و کاربەدەستانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەت بوو لە عەجەمەکان، بەم شێوەیە گەلی کورد لەم ناوچەیە لە کێشەیەکی بەردەوامدا لەگەڵ حکومەت و عەجەمەکانی سەر بە دەوڵەتدا دەژیان.[٢] دوای ڕووداوەکانی خەرمانان، هەرێمی وورمێ کەوتە ژێر نفوزی سوپای شورەویی یەوە، لە زۆربەی شارەکانی ئەم هەرێمە ئەفسەری سیاسیی شورەویی کە زۆربەیان تورکی ئازەربایجانیی شورەویی بوون کرانە بەرپرسی ئاسایش. ڕاستە لەشکری شاهەنشاهیی لەم ناوچەیە بڵاوەی پێکرابوو، بەڵام دەستگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی و پۆستەکانی ژاندرمیان هێشتا لێ مابووکە بۆ چاوترساندنی خەڵکی و هەلوەرگرتن لەو دەرفەتەی وڵاتی تێکەوتبوو زۆر لە جاران خراپتر کەوتبوونەبەکارهێنانی توند و تیژی و چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەی خەڵکی ، هەر بۆیە لە هەل ومەرجێکی وا ناسکدا و لەگەڵ گەڕاندنەوەی نفوزی سەرۆك عەشیرەتەکان و گەورە پیاوانی کورد بۆ ناوچەکە ئاسایی بوو کە پێکهەڵپژان لە نێوان هەردوولادا دروستبێت‌و پۆستەکانی ژاندارم‌و دەستگاکانی تری دەسەڵاتی ناوەندیی کە

---

([١]) هەر دوای ڕووداوەکانی خەرمانان دێرە شیعرێك کەوتبووە سەر زاری خوێندەوارانی کورد لەهەرێمەکە دەڵێت:

"زەمانی شادی‌و عەیشە لەغوصەو دەردو غەم هەڵدە ئەگەر مەردی کوڕی کوردی لەئاثاری عەجەم هەڵدە."

ڕۆژنامەی (کیوان)ی چاپی ورمێ لەوەڵامی ئەم شیعرەدا وتارێکی توندی لەسەر کورد نوسیبوو کەلەلایەن هەندێك ڕۆشنبیرانی ئەو وەختەدا وەڵام درایەوەو جۆرە شەڕە دەنوکێکی دروستکردبوو، لەنێوان کوردو عەجەمدا، هەروەها هەندێك لەئاغاکانی کوردی ناوچەکە کەدەرفەتیان بۆ هەڵدەکەوت پەلاماری گوندە عەجەم نشینەکانیان دەداو تاڵانیان دەکردن، (حیسامی) دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ((هەمزە سوارە ئاغایەکی بەزیپك‌و ئازاو زاڵمی مامشان بوو، هەر لەو کاتەشدا خۆی بەکوردی وڵات پارێز دەزانی، بەڵام دێهاتی جوفری ورمێشی هەموو تاڵان کردبوو)).

حیسامی، س.پ، ل٨٧–٨٨.

([٢]) (ایغلتن) دەڵێت" لەو کاتەدا هیوای ئازادیی کورد لەپاکژترین‌و ڕوونترین شێوازی خۆیدا لەکێوەکانی ڕۆژئاوای ڕەزائییەوە خۆی دەنواند، ئازادییەك تێکەڵ بوو بەپەلاماردان‌و ڕێگرتن‌و هێرشکردنە سەر گوندنشینەکان‌و گومرگ وەرگرتنیش" بڕوانە: ایغلتن ، س.پ ، ل٣٥.

سیمبوڵی چەوسانەوەو ستەمی سەردەمی ڕەزاشاهیی بوون بکەونە بەر پەلامارو هێرشی کورد.

ئاشکرایە هەر دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە ئەوەندەی نەخایاند کەسەرۆکی بەناوبانگی عەشیرەتی شکاك "عەمەرخانی شەریفی" کە ایغلتن بەلێهاتوویی دیپلۆماسیی‌و دووربینی ناوی دەباو پێشتر لەسەر هەڵوێستی کوردانەو هاوکاریی سمکۆی شکاك خرابووە زیندانی (قەسری قەجەر)ەوە،[1] ئازاد بووو گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی‌و دەسەلاٌتی فراوان کردو هێزێکی چەکداریی ٢٠ هەزار کەسی کۆکردەوەو کەوتە پەلاماردانی پۆستەکانی ژاندارم‌و کۆنترۆڵی ناوچەی نێوان شائاواو ماکۆی کردو سەربەخۆیی خۆی لەتاران ڕاگەیاند. عەمەرخان کە عەشیرەتەکانی دی ناوچەکەی وەك جەلالی‌و میلانی لەدەور کۆکردەوە، ئالاٌیەکی تایبەتیشی بەرزکردەوەو کەتەختەکەی سەوزو ناوەڕاستەکەی دوو خەنجەری کوردی ڕاست‌و چەپ‌و لەگۆشەیەکی سەرەوەشیدا سێ ئەستێرەی سپی نەخشێنرابوون.[2]

(دهقان) کەتێکڕای ڕاپەڕینەکانی کورد بەچەتەگەریی‌و ڕاپەڕیوانیش بە (ماجراجو، مفسدەجو، وطن فروش‌و اشرار) ناو دەبات، هێرشی عەمەرخانی شکاك بۆ سەر دەزگا دەوڵەتییەکان‌و ژاندارم‌و بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە ((دوای هاتنە ناوەوەی سوپای بێگانەو لێکهەڵوەشانی لەشکرو ڕاکردنی ئەفسەران‌و بەدیلگرتنی هەندێکیان، لەڕەزائییەش وێنەی شوێنەکانی تری وڵات ئاسایش‌و ئارامیی بیست ساڵە بەئاژاوەو گێرەشێوێنی شوێنی گیرایەوە، هەندێك لە سەرۆکە کوردە دەسەلاٌتخوازەکانی دەوروبەری ڕەزائییە کەلەسەردەمی سەڵتەنەتی ڕەزاشادا گوێڕایەڵی دەوڵەت بوون‌و هەندێکی تریان وەك (عومەر خانی شکاك) کەلەبەر تاوانە کۆنەکانی کەلەدەورانی یاخی بوونی سمکۆدا ئەنجامی دابوو، ساڵانێك بوو خرابووە زیندانی قەسری قەجەرەوە لەتاران، دوای شەهریوەری ١٣٢٠ (ئابی ١٩٤١ – ل) ئازاد بوون، دووبارە هەندێك لەوانە لەژێر

---

(1) ه. س، ل٣٩.

(2) البكاء، س.پ، ل١٣٨.

**کاریگەریی پڕوپاگندەی بێگانەو ئەفسەرانی سوپای داگیرکەردا کەوتنە بەدرەفتاریو پەلامارو تاڵانکردنی گوندەکانی شار)).[1]**

**سەرلەشکر (ئەحمەد زەنگنە) کە ئەو دەمە ئەفسەرێکی سەربازیی لەشکری چواری رەزائییە بووە، لەیادداشتەکانیدا بەتوندیی هێرش دەکاتە سەر عەمەرخانی شکاکو هەندێك سەرۆکی کوردی تری وەك: رەشید بەگی جیهانگیری، زیرۆ بەگی هەرکی[2] و تەها هەرکی بەتاڵانچییو نۆکەری بێگانەیان ناو ئەبا کەپەلاماری دەزگای ژاندارمەی دەروازەی شاپوورو بنکەی پۆلیسی ٣ی شەقامی داریوشی ورمێ یان داوە.[3]**

**ئەم دوو نووسەرە ئێرانییە کەیەکێکیان کاربەدەستێکی مەدەنییو ئەوی تریان ئەفسەرێکی سەربازیی ئەرتەش بووە، بەهیچ جۆرێك باسی خراپیی سیاسەتی حکومەتیان بەرامبەر بە کوردی ئەم هەرێمەو باسی داواکارییەکانی راپەڕیوەکان ناکەن، جگە لەوەی رەزاشا بە (کبیر)و دەورانی دیکتاتۆریی بەئاسایشی بیست ساڵەو کوردیش بەئەشرارو راپەڕینەکەیان بەفیکی بێگانە لەقەڵەم دەدەن، ئەم دوو نووسەرە کە دواتر لەسەر دەستی هێزە دیموکراتخوازەکانی ناوچەکە یەخسیرکران، مەبەستیان لەبێگانە، یەکێتی شورەوییە، بێئەوەی تاکە بەڵگەیەکی مێژوویی پشتگیری ئەم تۆمەت هەڵبەستنەیان بکات.**

**بەهەر حاڵ یەکێك لەو راپۆرتانەی کە بۆ یەکەمجار لەلایەن کۆنسوڵخانەی تازەدامەزراوی ئەمەریکایی لەتەبرێزی پایتەختی ئازەربایجانی رۆژهەڵات بەرزکراوەتەوە، راپۆرتی کونسوڵی ئەمەریکی (کانیهوڵم/ Kuniholm)ە کەباسی هەلومەرجی ئاڵۆزی ورمێی تیادا کردووە. بەپێی ئەم راپۆرتە راپەڕیوەکان پەلاماری ٨٠٠**

---

(١) دهقان، س.پ، ل٦٦٨-٦٦٩.

(٢) زیرۆبەگی هەرکی یەکێك بوو لە سەردەستە چەکدارەکانو دەستەڕاستی سمکۆی شکاك، دوای ترۆرکردنی سەرۆکەکەی لەلایەن رەزاشاوە، رایکردە عێراق. لەساڵی ١٩٤١دا گەڕایەوە ناوچەکەو لەدۆڵی (باراندوز) دەسەڵاتێکی بۆ خۆی پێکهێنا، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەفسەرە سیاسییە شورەوییەکاندا هەبوو لەناوچەکە، ئەم کابرایە چۆنی بۆ بلوایە دەستی لە لەشکری ئێرانیو دەزگاکانی ژاندارمو دەوەشاندو لەناو سەرۆك عەشیرەتەکانی کورددا ناوبانگێکی زۆری هەبوو..Roosvelt,op.cit,p151

(٣) زنگنه، سر لشکر احمد، خاطرات در مأموریت من در اذربابایجان از (شهریور ١٣٢٠ تا دی ماه ١٣٢٥)چاپ دوم، انتشارات شرق، ص٣٥-٣٦.

ژاندارمی ئێرانییان لەگوندەکانی دەرەوەی ورمێ داوە، هەروەها داوایان لەحکومەت کردووە سەربەخۆیی ناوخۆییان بۆ مسۆگەر بکات چونکە ئەوان خۆیان بەکۆمەڵێکی نیمچە سەربەخۆ دەزانن، هەروەها بەپێچەوانەوە هەڕەشەی پەلاماری هەموو پۆستەکانی ژاندارمیان لەناوچەکەدا کردووە(١).

حکومەتی ئێرانی نە هێزێکی سەربازیی ئەوتۆی لەناوچەکەدا لەبەردەستدابوو تا راپەڕینەکە سەرکوت بکاتو نە سیاسەتێکی پراگماتییانەو گونجاویشی گرتەبەر تا لەگەڵ راپەڕیواندا بسازێو لانی کەمیی داواکارییەکانیان بۆ بهێنێتەدی. هەربۆیە، رۆژ لەدوای رۆژ راپەڕیوەکان هێرشی خۆیان بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حکومەت فراوانتر دەکردو گەمارۆی شارەکانیان توندتر دەکرد، بەرادەیەك لەسەرەتایساڵی ١٩٤٢دا شاری ورمێ ی پایتەختی هەرێمەکەیان خستە ژێر گەمارۆو پەلامارەوە.

لەراپۆرتێکی نوێنەرایەتیی حکومەتی عێراقیی، لەتاران باسی بارودۆخی شاری ورمێ بەمجۆرە هاتووە :((کونسوڵخانەکەمان لەشاری تەبرێز ئاگاداری کردینەوە کەحاڵەتی ئاسایش لەشاری رەزائییە تائێستا جێی سەرنجە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێرانیی ناتوانن کۆنترۆڵی کاروباری شارەکە بکەنو تائێستا چەند حاڵەتی پەلامار روویانداوە)).(٢)

کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لەتەبرێز لەراپۆرتێکیدا هۆی پشێویی شاری ورمێ بەمجۆرە باسدەکات : ((لەگەڵ سەردانی سەرهەنگ هاشمی بۆ رەزائییە رووداوەکان دەستیان پێکرد، ئەو سەرهەنگە فەرمانێکی دەرکرد بۆ کوردەکان لەناو شاردا نابێ چەك هەڵبگرنو داوای لەژاندارمەکانی کرد کە لەناو شیعەکانی دانیشتووی ئەوێدا هەڵیدەبژاردنو چەکداری دەکردن کە بەزوویی فەرمانەکانی جێبەجێبکەن، ئەم پیاوە بێ دیسپلینانە بەکوشتنی یەکەمین کوردێکی کەویستیان چەکی بکەن دەستپێکرد.

---

(١) السبکی، س.پ، ل١٦٦.

(٢) وەرگیراوە لە : سلمان، س.پ ،ل١١١.

زنجیرەیەك رووداوی بەدوا یەكدا وایان لەكورد كردبوو كەوا بزانن ئەفسەرانی فارس هەوڵی گێڕانەوەی دەسەڵاتی زۆردارانە ئەدەن بۆ ناوچەكە)).[1]

لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٢دا كونسوڵخانەی بەریتانیی لەتاران هەندێك زانیاریی لەكونسوڵی توركیاوە لەورمێ بەدەست گەیشتووە لەمەڕ دامەزراندنی حیزبێك بەناوی (ئازادی) لەلایەن كوردو ئەرمەن‌و ئاسوورییەكانەوە، بەپێی ئەم زانیارییە ئەم حیزبە بیرخەرەوەییەكی ئاراستەی حكومەتی ناوەندیی كردووە تیایدا داوا لەكاربەدەستانی ئێرانیی دەكات شاری ورمێ چۆڵ كەن.[2] پێدەچێت ئەو حیزبەی باسی لێوە كراوە (حیزبی ئازادیخوای كورد) بێت كە (عەزیز زەندی) دوای داگیركردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەكانەوە لەموكریان دایمەزراند وەك دواتر لەسەری دەئاخفین.

هەر چۆنێك بێت جموجۆڵەكانی كوردەكانی شاری ورمێ‌و هەوڵەكانی سەرهەنگ هاشمی بۆ بەخشینەوەی چەك بەسەر عەجەمەكان‌و پێداگرتنی لەسەر چەككردنی كوردەكان‌و بڵاوكردنەوەی پروپاگەندەی درۆو چاووراوكردن قەیرانەكەی بەرەو تەقاندنەوە برد[3]، ئاغایانی عەشیرەتەكانی هەركی‌و شكاك لەمزگەوتی سوننی شار كۆبوونەوەو باسی پێكهێنانی حكومەت‌و یەكێتی كوردیان دەكرد[4]، لە ٢٨ی نیسانی ١٩٤٢دا كوردەكانی شار خۆپێشاندانێكیان سازداو هێڵی تەلەگرافیان قرتاندو چەند ژاندارمێكیشیان كوشت[5].

لەدەرەوەی شاریش عەشیرەتەكانی ناوچەكە ژمارەیەك دەستەی چەكداریان رێكخستبوو لەژێر رابەرایەتیی سەركردەكاینان وەك: زیرۆبەگ، رەشید بەگ‌و عەمەر

---

([1]) وەرگیراوە لە:ئەمین ,نەوشیروان مستەفا, حكومەتی كوردستان رێبەندانی ١٣٢٤–سەرماوەزی ١٣٢٥. كورد لە گەمەی سۆڤێتی دا, چاپی دووە , هەولێر, ١٩٩٣,ل ٥٢.

([2])From the British Legation in Tehran to the Foring Office , Jan q. – 1942, Fo , 371/ 31388, persia ,1942,PRO.

([3]) ژیگالینا, ئولگاریڤانوڤا , باری سیاسی كوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٤٢– ١٩٤٥ دا , وەرگێرانی : كامەرانی قادر شۆرش, ڕووناكبیری–گۆڤار , ژمارە ١, ستۆكهۆڵم, مارتی ١٩٩٢, ل١٠١.

([4]) حیسامی,س.پ, ل٧٢.

([5]) كۆچێرا , كریس , مێژووی كورد لەسەدەی ٢٠–١٩ دا , وەرگێرانی:محمد ریانی,چاپی هەوەڵ, چاپخانەی كارون, تاران, بەهاری ١٣٦٩ی هەتاوی , ل٢٥٧.

ئاغا، ئابلۆقەیان خستە سەر شار. لەراستییدا، دۆخەکە ئەوەندە بۆ حکومەتی ئێران دژوار بوو کەحاکمی شار (امیر ابراهیمی) هەڵاتبوو بۆ تەبریز، عەجەمەکانی دەوڵەتیش هێدی هێدی شاریان چۆڵ دەکردو پەیتا پەیتا داوای هاتنی لەشکرو یارمەتیان لەناوەند دەکرد تا لە (دڕندەیی) کوردەکان بیانپارێزن.[1] دهقان دەربارەی هەڵوێستی ئێران دەڵێت :((هەڵبەتە لەو کاتەدا دەفعی ئەشراری کورد بەلای حکومەتی ئێرانەوە کارێکی زۆر سەخت نەبوو، گرفت لەوەدا بوو دەسەڵاتدارانی سیاسییو فەرماندەکانی سوپای شورەویی کەناوچەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوایان داگیرکردبوو، رێگەیان نەدەدا هێزی دەوڵەتیی بنێررێتە ئازەربایجان. ئاشکرایە ئەشراریش لەم مەسەلەیە ئاگاداربوون بۆیە رۆژ لەدوای رۆژ چاونەترس ترو بێمنەت تر دەبوون))[2].

(عەلی سوهەیلی) سەرۆك وەزیرانی ئێرانی لەو دەمەدا لەتارانەوە تەلەگرافێکی بۆ کارمەندانی دەوڵەتو خەڵکی رەزائییە ناردووە کە ئەمە وەرگێڕدراوی دەقەکەیەتی: ((بێ ئەندازە، لەهەڵگیرساندنی ئەم رووداوانە دڵگرانمو هەر کارێك پێویستبوو ئەنجامدرا، تەلەگرافم لەگەڵ ئاغای (فەهیمی . فهیم الملك حاکمی گشتیی ئازەربایجانی رۆژهەڵات لەتەبریز – ل)کردوەو داوام لێکردووە کە خۆی بەرەو رەزائییە حەرەکەت بکاتو کەسێکی شیاو بەفەرماندار لەشوێنی ئاغای (امیر ابراهیمی) دابنێت، لەگەڵ عەمەر ئاغاش تەلەگراف کراوەو لەگەڵ رووسەکانیش خەریکی چاوپێکەوتنین)).[3]

حکومەتی ئێران لەلایەکی ترەوە ژاوەژاوێکی راگەیاندنی دەستپێکردبوو، هەموو رووداوەکانی بەدەستی لێپرسراوەکانی شورەویی لەئازەربایجان دەناساندو داوای لەنوێنەرو دپلۆماتەکانی ئینگلیزو ئەمەریکاییەکان لەئێران دەکرد فشار بخەنە سەر شورەویی تا لە مەسەلەی چەککردنی راپەڕیوەکانو گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ ناوچەکە هاوکاریی حکومەتی ئێران بکات.[4]

---

(1) ژیگالینا, س.پ, ل١٠٢.

(2) دهقان , س.پ, ل٦٦٩.

(3) هـ. س, ل٦٧٠.

(4) هـ.س ، ل٦٧٠–٦٧١.

شایەنی باسە، دپلۆماتەکانی ئینگلیزو ئەمەریکاو تورکیا لەئێران زۆر بەوردیی چاودێریی ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ یان دەکردو لەم ڕووەوە بەرەیەکی هاوبەشیان پێکهێنابوو تا فشار بخەنە سەر شورەویی بۆ ئەوەی داواکارییەکانی تاران جێبەجێبکاتو چیدی لەوە زیاتر ڕاپەڕین درێژە نەخایەنێت، چونکە بەڕای ئەوان مەسەلەکە زۆر لەوە مەترسیدارترە کە شورەویی دەیبینێت، مەسەلەکە هەڕەشەیەکە بۆ بەرژەوەندییەکانی هەمووان و تەنیا لەبەرژەوەندی بەرەی فاشییزمدا دەبێت.[1]

هەر زوو لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٤١دا ئەنتۆنی ئیدن Antony Eden وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بە (ئیڤان مایسکی Evan Maisk) کونسوڵی شورەویی لە بەریتانیا ڕاگەیاند هەر دەستێوەردانێك لەکاروباری ناوخۆی ئێران و هەر لایەنگرییەك لەبزاڤە جیاخوازەکان لەباکووری ئێران لەلایەن ڕووسەوە شتێکی قبووڵ نەکراوە[2]، هەروەها ئیدن لەبەرواری ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٤٢ بەبۆنەی ڕووداوەکانی کوردستان و ڕاپەڕینی ورمێ وە بیرەوەرییەکی داوە بەکونسوڵی شورەویی لەلەندەن بڕوانە پەیوەستی ژمارە (١).

سەبارەت بەهەڵوێستی حکومەتی ئەمەریکاش، ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ هەلێکی گونجاوی بۆ دپلۆماسییەتی ئەمەریکی ڕەخساند تا بەناوی پاراستنی بەژرەوەندیی هاوپەیمانەکان دژی فاشییزم، بێتە مەیدان و ڕۆڵی دادوەرێکی فێڵباز ببینێت، بەچەشنێك سەرەتایەکی سەرکەوتوو بێت بۆ جێ خۆشکردنی ئەم دپلۆماسییەتەو کارکردنی بۆ بەهێزکردن و پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لەئێران. شایەنی باسە، لەم بوارەدا جگە لەتوانای سیاسیی و دپلۆماسیی ئەمەریکا، فاکتەرەکانی ئەمەریکاییبوونی بڕی زۆری ئەو یارمەتییانەی لەڕێگەی ئێرانەوە بەشورەویی دەدران، هەروەها شێوازی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ئێران لەم قۆناغەدا کەپێی دەگوترا (سیاست موازنە منفی) واتە پشت بەستن بەزلهێزێکی سێهەمی وەك ئەمەریکا بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگیی و مامەڵەکردن لەگەڵ دوو زلهێزەکەی تر کەشورەویی و

---

[1] Borhanedin,op.cit,p90-91.

[2] رمضاني، س. پ، ل١١١.

بەریتانیایە،[1] ئەمانە تێکڕای ئەگەری سەرکەوتنی دبلۆماسیی ئەمەریکیی لەئێران لەبارتر دەکرد. خۆلێرەدا ناشکرێ ئەوە لەیادبکرێت کەلەسەر ئاستی رای گشتیی ئێرانیش‌و تەنانەت لای زۆربەی رۆشنبیرانی ناوچەکە، تا ئەو کاتە ناوەرۆکی سیاسەتی ئەمریکایان سەرەبات بەرژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بۆ روون نەبوو، کە وای کردبوو زیاتر وەك کۆترێکی ئاشتی بێتە بەرچاو.

هەڵوێستی حکومەتی ئەمەریکا لەهەمبەر راپەڕینی کوردەکانی ورمێ هەڵوێستێك بوو کە دەکرا هەر ئەو کات گەلی کورد ناوەرۆکی راستەقینەی سیاسەتی ئەمەریکا بەدرێژایی قۆناغی جەنگی سارد بەرامبەر کێشەی نەتەوەیی کورد بزانیبا، چونکە ئەمەریکییەکان پێیان وابوو کە راپەڕینەکە بەئارەزووی شورەویی هەڵگیرساوەو ئامانج لێی بەلشەفەکردنی ئازەربایجانی ئێرانییە. کانیهوڵم، کونسوڵی ئەمەریکیی لەتەبرێز رای وابوو کەشورەوییەکان خۆیان لەئاسەواری ئەم راپەڕینە گێلکردووەو حکومەتی ئێران پێویستە هێزەکانی بنێرێت‌و سەرکوتی راپەڕینەکە بکات. هەروەها دوای ئەوەی کونسوڵ چاوی بەمحەمەد رەزاشا کەوت، شا داوای لێکرد کەوڵاتە یەکگرتووەکان هەوڵ بدات فشار بخاتە سەر شورەویی تا رێگە لەناردنی هێزەکانی ئێرانیی بۆ سەرکوتکردنی راپەریوەکان نەگرێت.[2]

سەیرتر ئەوەیە نەك تەنها دپلۆماتە ئینگلیزو ئەمەریکیی‌و تورکەکان‌و راگەیاندنی حکومەتی ئێران رووداوەکانی ورمێ یان بەدەستی شورەویی دەزانی، بەڵکو نازییەکان‌و جاسووسەکانیان لەئێران بەمەبەستی قۆزتنەوەی مەسەلەکان وایان بڵاودەکردەوە کەشورەویی بزوێنەری سەرەکیی شۆڕشی کوردەکانی ورمێیەو لەم رێگایەوە خوازیاری داگیرکردنی ئێرانە.[3]

لەراستییدا، بەڵگەیەکی ئەوتۆ بەدەستەوە نییە لێکۆڵەر بڕیاری ئەوە بدات کە راپەڕینی کوردەکانی ورمێ بەدەستی شورەویی رابووبێت، چونکە راپەڕینەکە

---

([1]) جواد، خالد موسى، العلاقات الامريكية الايرانية ١٩٦٨-١٩٨٨، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، اذار ١٩٩٠، ص١٠.

([2]) السبكى، س.پ، ل١٦٦.

([3]) هـ.س ، ل١٦٩

خزمەتێکی راستەوخۆی بەرژەوەندییەکانی شورەویی لەناوچەکەدا نەدەکرد، هەموو قسەیەك کە ئەو لایەنو دپلۆماتانەی شورەوییان پێ تاوانبار دەکردو دووپاتیان دەکردەوە تەنیا ئەوەبوو کەچۆن هێزەکانی لەشکری سوور کەژمارەیان لەناوچەکەدا نزیکەی ٢٠ هەزارێك دەبێت رێ بەعەشیرەتە کوردەکان دەدات بەئازادیی چەك هەڵگرنو چۆنە کۆتایی بەراپەڕینی ٣ هەزار کورد ناهێنێت؟ دواتریش بۆچی سوپای شورەویی رێگا نادات هێزەکانی سوپای ئێران بەمەبەستی سەرکوتکردنو گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بچێتەوە ورمێ؟[1]

لێرەدا پێویستە بزانرێت کە رووسیای شورەویی خاوەنی پلانو ستراتیژێکی تایبەت سەبارەت بەکێشەی کوردو جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد نەبووە کاتی هاتنە ناوەوەیان بۆ خاکی ئێرانو دەست بەسەراگرتنیان بۆ بەشی باکووری کوردستان، بەڵکو بەپێی رووداوەکانو بەگوێرەی رۆژ مامەڵەیان لەگەڵ مەسەلەکاندا دەکرد، بەدرێژایی ساڵانی جەنگ قازانجی ستراتیژی سیاسییو سوپایی شورەویی لەوەدا بوو نەك بە تەنها مەڵبەندەکانی ئێران بەڵکو تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئارامو هێمن بێتو پشێویی ئەو شاڕێگەیە نەگرێتەوە کە هاوکارییو یارمەتییە سەربازییەکانی هاوپەیمانەکانی ئینگلیزو ئەمەریکای دەگەیەنێتە دەست، تابتوانێت هەموو هەوڵێکی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەی نازییزم تەرخان بکاتو دڵی دراوسێکانیو هاوپەیمانەکانی لەم بارەیەوە راگرێت.[2]

سیاسەتی شورەویی لەو بەشەی کوردستانی ژێر نفوزی خۆیان سیاسەتێکی پراگماتیی بوو، دوور بوو لەتێڕوانینێکی ئایدۆلۆژیی، لەو راستییەوە هەڵقوڵابوو کەپێویستە شورەویی دوژمنایەتیی سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد نەکاتو نەیانکاتە دوژمن لەخۆی، چونکە لەو دەمەدا عەشیرەتەکان فاکتەرێکی سیاسییو کۆمەڵایەتیی بوون نەك بەتەنیا سەبارەت بەسیاسەتی ناوخۆی ئێران، بەڵکو لەسەر پەیوەندیی نێوان زلهێزەکانیش لەناوچەکەدا بایەخو کاریگەریی خۆیان هەبوو.

---

([1]) هـ.س، ل١٦٨.

([2]) ئەمین، س.پ، ل٢٤١– ٢٤٢ .، بلوریان، س.پ، ل٢٤.

هەربۆیە شورەویی بۆ پاراستنی هێمنیی و بەرێوەچوونی کاروبارەکانی لەناوچەکەو سڕینەوەی ئەو وێنەیەی کە کورد لەسالآنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لەسەر رووس وەریانگرتبوو، هەروەها ئەو پروپاگەندانەی کە دەسەڵاتدارانی ناوەندیی و دوژمنانی کۆمۆنیزم دەیاندا بەگوێی خەڵکی کوردستاندا. هەوڵیدەدا خۆی نەکاتە لایەن لەکێشەی نێوان کوردو دەوڵەتی ناوەندییدا.[1] جگەلەوە پێی باش بوو کورد لەو ناوچەیەدا ئەو نیمچە ئازادییەی بپارێزن کەلەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەش بەدی هاتبوو، چونکە بەڕای شورەویی هەر فشارێکی دەسەڵاتی ناوەندیی و دەزگا سەرکوتکەرەکانی. هەر هەوڵدانێك بۆ گەڕاندنەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی لەو کاتەدا دەبوونە رووبەرووبوونەوەی زیاترو ئەمەش دەبووە مایەی ئاژەوەو خولقاندنی نائارامیی لەو دۆخە ناسکەدا.

کەواتە سیاسەتی شورەوییش لەپاراستنی ئاسایش و هێورکردنەوەی قەیرانەکان لەناوچەکە سەرچاوەی دەگرت. بەڵام بەو شێوازەی شورەویی پیێ باشە، واتە باشکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکان و رێگرتن لەفشاری دەسەڵاتی ناوەندیی لەسەریان و پێکهێنانی جۆرەها هاوسەنگەییەك لەنێوان لایەنەکانی هاوکێشەکە، نەك بەو شێوەیەی حکومەتی ئێران خوازیاری بوو، وتورك و ئەمەریکاو بەریتانیاش لایەنگری بوون، واتە سیاسەتی گەڕاندنەوەی لەشکرو پەلامارو سەرکوتکردنی عەشیرەتەکان کەلەو ناوچەیەدا ئەگەر کرابا گۆبەندی گەورەتری بەدوادا دەهات.[2]

هەر بۆیە ئەو سیاسەتەی شورەویی بەرامبەر عەشیرەتە کوردەکان ئەوە ناگەیەنێت کەشورەویی هاندەری هەستی نەتەوەیی و گیانی سەربەخۆخوازی گەلی کورد بووبێت لەناوچەکەو بەڵێنی هاوکاریی پێدابن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و جیابوونەوە لەئێران. چونکە کارێکی بەمجۆرە نەك هەر ئەیخستە سەنگەری رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، بەڵکو تەواوی دۆستەکانی دی ئەو دەمەی لەئینگلیزو ئەمەریکاو تورکیا لیێ دەووروژاند. ئەمەش لەو قۆناغەدا بەهیچ جۆرێك لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی شورەوییدا نەبوو، بەتایبەتیی ئەگەر بزانین هێشتا شورەویی لەژێر هەڕەشەی هێزە

---

(1) ایغلتن، س.پ، ل٣٥.

(2) Borhanedin,op.cit,p84-85.

پەلاماردەرەکانی ئەڵەمانیای نازییدا بوو. هەروەها پێویستییەکی زۆری بەو یارمەتییانە بوو کەلەرێگای ئێران و لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەدەستی دەگەیشتن. شایەنی باسە شورەویی تێکڕای فاکتەرە رێگرەکانی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی لەم قۆناغەدا چ ناوخۆیی، یاخود دەرەکیی، باش دەزانین، لەبەرئەوە هەنگاونانی بۆ مەسەلەیەکی وا نەك هەر ناواقیعییانە بوو، بەڵکو جۆرێکیش بوو لەسەرەڕۆیی کەئاکامەی لێڵ و نادیار بوو.

لەبەر ئەوە شورەویی بەڵگەی زۆر بوو وەڵامی ئەو لایەنانە بداتەوە کەپەنجەی تاوانبارکردنیان بۆ لێپرسراوانی رووسیا لەناوچەکە درێژ دەکردو بەسەرچاوەی ئاژاوەو راپەڕینەکەیان دەدایە قەڵەم. حکومەتی شورەویی ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە ئەو لێپرسراوانە نەك هەر هانی کوردەکانیان نەداوە کەئاژاوە لەناوچەکەدا بنێتەوەو دژی حکومەتی ئێرانی راپەرن، بەڵکو هەندێك جاریش بەقازانجی حکومەتی ئێران دەخالەتیان کردووە. بۆ نمونە هێزەکانی شورەویی گەمارۆیان لەسەر هێزێکی ئێرانی لابردووە کەلەلایەن کوردەکانەوە گەمارۆ درابوون. هەروەها شورەویی هەندێك ناوچەی کوردنشینی ناچار کردووە کەچاو لەبوونی پۆستەکانی ژاندارمی ئێرانیی بپۆشن لەکاتێکدا ئەوان دەیانەوێت دەریانپەڕێنن، جگە لەوە هەوڵی زۆری داوە ئاشتی لەنێوان کوردو حکومەتی ئێرانیدا بچەسپێنێت، هەروەها مەسەلەی رێگرتنی شورەویی لەناردنی هێزی سەربازیی بۆ سەرکوتکردنی راپەڕیوەکان مەسەلەیەکە لەپێناوی فراوان نەبوونی قەیرانەکەو زیاتر پەرەنەسەندنێتی، چونکە ئەوە هەلومەرجی پێکهێڵپرژانی نێوان کوردو حکومەت زیاتر دەکات و لەلایەکی دیشەوە لەوانەیە مەسەلەکە سنووری تورکیاش بگرێتەوەو تورکیش بۆ رێگرتن لەم مەسەلەیە سوپای خۆیان رەوانەی ئەودیو سنوور بکەن.[1]

لەکۆتاییدا حکومەتی شورەویی هیوای خواست مەسەلەکە بەئاشتیی و هێمنیی چارەسەر بکرێت، هەر بۆیە لەهەل و مەرجێکی وادا کەراپەڕیوەکان کۆنترۆڵی بەشی زۆری هەرێمەکەیان کردبوو، گەمارۆی سەر ورمێشیان توندتر کردبوو، لە٣٠ی نیسانی ١٩٤٢دا

---

([1]) السبکی، س پ ، ل ١٦٨.

**کونسوڵی شورەویی لەتەبریزو فەرماندەی لەشکری سوور لەناوچەی ئازەربایجان بەفرۆکە لەشاری ورمێ نیشتنەوە بۆ سەرۆکاریی دانوستاندن لەنێوان حکومەتو سەرانی کوردە راپەڕیوەکاندا.[1] لەو دانیشتنەدا کەلەگوندی (عەسکەر ئاوا)ی نزیک شاری خوی لەنێوان هەردوولادا پێکهات، دوازدە نوێنەری کورد ئامادە بوون کە ناودارترینیان نوری بەگی هەرکیو کامیل بەگی هەرکی بوون. کونسوڵی شورەویی داوای لەکونسوڵی ئەمەریکیی لەتەبریز کرد کەئامادەی دانیشتنەکە بێت، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرا بەبوونی کونسوڵی ئەمەریکیی لەدانیشتنەکەدا نابینرێت[2]، نوێنەرانی کورد ئەم داواکارییانەیان پێشکەش بەحکومەتی ئێران کرد:**

**((١. پۆستی ژاندارم لەناوچە کوردنشینەکانی نێوان خویو مەهاباد نەمێنێ.**

**٢. رێگا بدرێتە کوردەکان چەك هەڵگرن.**

**٣. ئەو (١٢٠٠) تفەنگەی دەڵێن بەسەر فارسە لادێیەکانی مەڵبەندی رەزائییەدا دابەشکراوە کۆبکرێتەوە.[3]**

**٤. لەهەر دائیرەیەکی حکومەتدا لەرەزائییە نوێنەرێکی کورد هەبێت.**

**٥. کوردەکان لەکاروباری نەتەوەییاندا ئازادبن.**

**٦. حکومەتی ئێران قوتابخانە لەکوردستاندا بکاتەوە کەبەزمانی کوردیی تیایدا بخوێندرێت.**

**٧. ئەو زەوییانەی زەوتکراون بدرێتەوە دەست خاوەنە کوردە راستەقینەکانیان.**

**٨. ئەو بیست کوردەی ئێستا لەزینداندان ئازاد بکرێن)).[4]**

---

(١) کۆچیرا، س.پ، ل٢٥٣.

(٢) Borhenadin, op. Cit, P. 89

(٣) ئەم بەندە کەدەقە ئینگلیزییەکەی بریتییە لە:

3-1.200 rifles allegad to hav been given to persian villagers in rezaieh district to be with drawn.

لەکتێبی (حکومەتی کوردستان)دا بەم شێوەیە وەرگێڕراوە: " ئەو ١٢٠٠ تفەنگەی دەستی بەسەرداگیراوە بەسەر لادێییەکانی مەڵبەندی رەزائییەدابەش بکرێ" بڕوانە: ئەمین، س.پ، ل٥٢-٥٣.

(٤) Borhanedin,op.cit,p89.

ئاشکرایە ئەم داواکارییانەی سەرەوە کوردانە فۆرمەڵە کراون و خاڵێکی وایان تێدا نابینرێت دەستکەوتێك بۆ شورەویی بێنێتەدی، جگە لەوەی کەچۆنێتی دارشتنی داواکارییەکان ئەوە دەگەیەنێت کەنوێنەرانی کورد خاوەنی هۆشی سیاسیی و نەتەوەیی بوون و داواکارییەکانیان بەرژەوندی کەسێك یان عەشیرەتێك یان شارو گوندێك ناگرێتەوە، ئەمەش ئەو راستییە دەدا بەدەستەوە کەنوێنەرانی کورد جگە لەسەرۆك عەشیرەتەکان کەمەودای بیریان لەخۆیان و عەشیرەتەکانیان تێناپەڕێت، کەسانی خوێندەوارو شارەزاو سەر لەسیاسەت دەرچووشیان لەناودا بووە، چونکە خاڵی (١،٤،٥،٦) داواکاری سیاسیی نەتەوەیین و دەتوانرێت بەبنەمای ماف (خودموختاریی) حیساب بکرێت، راستییەکی وا ئەگەر بەرجەستەی شتێك بکات ئەوە تەنیا بەرجەستەی ناوەرۆکی ئازادییخوازی و رەتکردنەوەی ستەمی میللیی و ناوەرۆکی دژ بەدیکتاتۆریی راپەڕینی کوردەکانی ورمێ دەکات.

ئاغای (مهدی اردلان) لەژێر سەردێری (طبقه حاکمه و اوضاع فعلی کشور/ چینی دەسەڵاتدارو رەوشی راستەقینەی وڵات)دا نووسیویە: ((پێویستە رووداوەکانی ئازەربایجان بەجیا لەوە بناسرێ کەهەندێك بەدەستی بێگانەو دەستخستنە ناوەوەی وڵاتانی دراوسێی دەزانن، بەڵکو ئەم مەسەلەیە ئاکامی قەیرانێکی ناوخۆیە.. چینی دەسەڵاتدارانی ئەمرۆ هەمان پیاوانی رەزاشاهین کەلەبەرگێکی نوێدا حوکمی ئەم میلەتە ستەمدیدەیە دەکەن.. ئەم چینە دانەوێڵە دزە  سیاسەتیان کردۆتە بازرگانیی و بۆ سوودی تایبەتی خۆیان کەوتوونەتە تاوان ئەنجامدان، خەیانەت، دزیی، بەرتیلخۆریی و چی خراپە دەیکەن، میلەتی داماویش جگە لەبرسێتی، هەژاریی و کەمدەستیی ژیانێکی تریان نییە)).(1)

بەهەر حاڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێران لەمەڕ داواکاری نوێنەرە کوردەکان هەڵوێستێکی دیارییکراویان پێشان نەدا، ئەوانە لەکۆبوونەوەکەدا وایان دەردەخست کە ئەوان هاتوون لەسەر مەسەلەی چەککردنی عەشیرەتە کوردەکان گفتوگۆو بکەن و ئەو

(1) کوهستان، ١٢ اذر ١٣٢٤.

**داواكارییانەی كورد لەدەسەڵاتی ئەواندا نییە، بەڵكو ئەوە تەنیا ناوەندە كە دەتوانێت بڕیار لەسەر مەسەلەیەكی وابدات,[1]**

**حكومەتی ئێران گوێی خۆی لەداواكارییەكانی كورد دەخەواند، كەوتە ئاژەوە نانەوەو هانی عەجەمو فارسە نیشتەجێكانی ئەم هەرێمەی دژی كورد دەدا، لەسەر ئاستی دپلۆماسییش زووزوو پەیوەندی بەئەمەریكاو ئینگلیزەوە دەكرد تا زیاتر فشار بخەنە سەر شورەویی و بەوە رازی بكەن هەڵوێست دژی راپەڕیوەكان وەربگرێت.**

**كۆنسوڵی ئێرانی لەشورەویی پەیوەندی بە (ستالین)ەوە كرد لەمۆسكۆ و داوای هاوكاریی بۆ سەركوتكردنی راپەڕیوەكان لێكرد، هەروەها محەمەد رەزاشا پەیوەندیی بەكونسوڵی ئەمەریكی كرد لەتاران و هیوای خواست كەئەمەریكا لەچارەسەركردنی ئەم قەیرانە پشتی ئێران بگرێت[2].**

**لەم بێنەو بەرەیەدا شورەویی لەژێر فشاری دپلۆماسیی ئینگلیزو ئەمەریكا لەلایەك و دوای ئەوەی هەستی كرد سنووری راپەڕین رۆژلەدوای رۆژ فراوانتر دەبێت و ئەگەری ئەوەی هەیە نازییەكان[3] بۆ خۆیانی بقۆزنەوەو سەرئەنجام لەتوانای كۆنترۆڵكردنی شورەوییدا نەمێنێت لەلایەكی دیەوە، رەزامەندی خۆی دەربڕی بۆ هاوكاریی حكومەتی**

---

(1) Borhanedin,op.cit,p89. دەر بارەی چەككردنی عەشیرەتە كوردەكانی ئێران، ئەفسەری ئێرانی (فردۆست) لەیاداشتەكانیدا دەڵێت ((كوردەكان زۆر هۆگری چەكن، ئەوانە چەكەكانیان بەقوڵایی (٢-٣) مەتر لەخاكدا دەشارنەوەو تەنیا خۆیان جێگەكەی دەزانن، ژاندارمەری كە فەرمانی بۆ چەككردنی عەشیرەتە كوردەكان دەركردووە تەنیا دەتوانن دوای دەردەسەرییەكی زۆر لەكوردێك كە (٣-٤) پارچە چەكی شاردۆتەوە هەر پارچەیەكی لێ بستێنن كە ئەویش ژەنگهەڵهاتوو بێسوودە.. هەر بۆیە مەسەلەی چەككردنی عەشیرەتەكان شتێكی بێمانا بوو، چەك هەموو كاتێك لەنێو عەشیرەتەكاندا زۆربووە)) بڕوانە: فردۆست، س.پ، ل ١٧٠.

(2) السبكی، س.پ، ل١٧٠.

(3) هەندێك توێژەر بەپشتبەستن بەسەرچاوە شورەوییەكان باس لەدەستی نازییەكان دەكەن لەرووداوەكانی ورمێدا، ئەو نازییانەی كەحیزبی (ملیون ایران) یان هەڵدەسوراندو نفوزێكی زۆریان لەناو كاربەدەستانی مەدەنیی و سەربازیی ئێرانیدا هەبووە لەناوەند، ئێمە لەتێكڕای توێژینەوەكەماندا لەسەر راپەڕینەكە بەڵگەیەكی وامان نەكەوتۆتە بەردەست دیدێكی بەمچەشنە بسەلمێنێت. جگە لەوەی سەركردەكانی راپەڕین و پەیوەندییان بەشورەوییەوە خراپ نەبووەو داواكارییەكانیشان سروشتێكی دژە فاشیستانەی هەبوو، بڕوانە: سلمان، س.پ، ل٨٥-٨٦.

ئێران و گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ ورمێ، (مۆڵۆتۆف) کۆمیساری کۆمارەکانی شورەویی بۆ خۆی ئامادەیی شورەویی بۆ مەسەلەیەکی ئاوا ڕاگەیاند.[1]

دوا بەدوای ئەوە (ئەمانوڵڵا جیهانبانی) وەزیری جەنگی ئێران و هەندێ لێپرسراوی تری ئێرانی چوونە ئازەربایجان و لەگەڵ لێپرسراوی شورەوییدا پلانی گونجاوی کۆتایهێنانی ڕاپەڕینیان داڕشت.

هەر سێ ڕۆژ دوای گەیشتنی لێپرسراوانی ئێران بۆ تەورێز، چەند هەنگاوێکی هاوبەشی شورەویی– ئێرانیی بەمەبەستی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ ورمێ نرا. شورەویی ڕەزامەندییان بۆدامەزراندنی بیست و یەك پۆستی پۆلیس دەبڕی کەلەنێوان شاری ورمێ و خوی دابنرێت کەلەهەر یەك لەم پۆستانەدا ٢٠ سەربازی شورەویی و ٣ – ٤ ژاندارمی ئێرانیی تێدابێت، هەروەها لە ٢٥ی ئایاری ١٩٤٢دا ڕێگەیاندا بە ٥٠٠ سەربازی ئێرانی و دواتر بە ١٥٠٠ی دی کەبێنە ناوچەکەوە دابمەزرێن.[2]

ئەم هەنگاوە هاوبەشانەی شورەویی – ئێرانیی تاڕادەیەك تاوی ڕاپەڕینیان کزکردو ئەگەری بەدیهێنانی ئامانجەکانیان سڕکرد، چونکە بەگژداچوونەوەی سوپای زلهێزێك، سەرەرای بەشێکی ئەرتەشی شاهەنشاهیی کارێکی ئاسان نەبوو. بەمجۆرە ئێران ڕێگای هاوکاریی و دەست لەدەستنانی سوپای بێگانەی پێ باشتر بوو لەمەسەلەی بەدیهێنانی لانی کەمی داواکارییەکانی ڕاپەڕیوە کوردەکان.

هەر لەم ماوەیەدا ستالین لەمۆسکۆ چاوی بەکونسوڵی ئێران کەوت و نیازپاکیی شورەویی و بەردەوامی هاوڕێیەتیی و باشبوونی پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەتی ڕاگەیاند، عەلی سوهەیلی سەرۆك وەزیرانیش لەتاران باشبوونی پەیوەندییەکانی ئێران و شورەویی دووپاتکردەوەو هەڵوێستی شورەویی لەیارمەتیدانی ئێرانی بەرز نرخاند.[3]

گەڕانەوەی سوپای ئێرانیی بۆناو ورمێ و دامەزراندنەوەی پۆستەکانی ژاندارم لەناوچەکە دەسەڵاتی ناوەندییان لەهەرێمەکەدا نەچەسپاند. چینی فەرمانڕەوا لەجیاتی

---

([1]) السبکی، س.پ، ل١٦٩.

([2]) ایغلتن، س.پ، ل٣٧ .، اوبالانس، س.پ، ل٤٥.

([3]) السبکی، س.پ، ل١٧٠.

چاککردنی بارودۆخی ئاڵۆزی ناوچەکەو باشکردنی گوزەرانی خەڵکیی و ئاوڕدانەوە لەخواستە نەتەوەییەکانیان، هەمان ئاکاری پێشوویان گرتەوەبەرەو کەوتنەوە پەنابردنەبەر ترساندن و تۆقاندن، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەدرێژایی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیی، ئارامیی باڵ نەکێشێ بەسەر ئەم هەرێمەداو ناو بەناو پێکهەڵپژان لەنێوان عەشیرەتە کوردەکان و سوپاو هێزەکانی ژاندارمدا رووبدات[1]، تا ساڵی ١٩٤٥ کاتێك تەواوی ئازەربایجان لەبندەستی دەوڵەت دەرهات و کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزە دیموکراتەکان.

دهقان لەژێر ناونیشانی (بارودۆخی رەزائییە لەساڵی ١٩٤٣دا) نووسیویە ((لەساڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣ . ل) بارودۆخی رۆژئاوای ئازەربایجان لەجاران باشتر نەبوو، بگرە خراپتری لێهات، هەرچەندە (أمين الملك) بەناوی حاکمی شارەوە نیشتەجێ بوو، بەڵام کارێکی لەدەست نەدەهات.. لەم بارەیەدا چەند جارێك کوردە یاخییەکان پەلاماری ئاواییەکانی دەرەوەی شاریان دەداو گەمارۆی شاری رەزائییەیان دەداو مەترسیان دروست دەکرد.. خەڵکی گومانلێکراوو فیتنەبازی شارو کەمینەکان لەسایەی هێزە داگیرکەرەکان کەوتبوونە چالاکی ترسناك و بەئاشکرا هێرشیان دەکردە سەر دەوڵەتی ناوەندیی و هەریەکەی بەچەشنێك لەهەوڵی ئاژاوەنانەوەو تێکدانی شار بوون و خەڵکیان دەورووژاند.. کەسانی وریاو دووربین دەیانزانی کە لەئایندەی ئەم ناوچەیەدا رووداوی لەناکاو بەڕێوەیەو ئەشرار لەرێگەی جیاجیاوە خەریکی زەمینە سازکردنن تاخواستە ئەهریمەنییەکانیان لەکاتی شیاودا بهێننەدی)).[2]

بەم شێوەیە راپەڕینی کوردەکانی ورمێ لەم قۆناغەدا بەهۆی نەبوونی سەرکردایەتییەکی سیاسیی لێهاتوو خاوەن پرۆگرام و تاکتیکی روون و دیاریکراوەوە[3]،

---

([1]) کوشتنی سەرهەنگ (هیدایە تولڵای ماڤ) لەبۆسەیەکی رەشید بەگی هەرکیدا لەهاوینی ١٩٤٥ لەگوندی (گجین)، هەروەها شەڕی بەرزاییەکانی (کێوی یەهودان) کە ٨کم لەباکووری ورمێیە، نموونەی ئەم راستییەن، بڕوانە: دهقان، س.پ، ل٧٠١ .، زنگنە، س.پ، ل٤٥-٤٦.

([2]) دهقان، هـ.س ، ل٦٧٦.

([3]) راستە وەك بەڵگەنامەکان ئاماژەی بۆ دەکەن حیزبی ئازادی کوردستان هاندەری راپەڕینەکە بووەو دەستی تێدا هەبووە، بەڵام ئەم حیزبە وەك باسی لێوە دەکەین جگە لەوەی لەرووی سیاسیی و رێخستەوە لاواز بووەو بنکەیەکی جەماوەریشی نەبووە، شورەوییەکانیش بەچاوی گومانەوە سەیریان کردووە، چونکە سەربەخۆیان نەبووە بەجۆرێك

بەهۆی نەبوونی یەکێتیی نێوان سەرۆك عەشیرەتە ئازادییخوازە ڕاپەڕیوەکان، ئەوانەی هەریەکەی لەهەوڵی چەسپاندنی نفوزی عەشیرەتیی خۆیاندا بوونو گەورە پیاوو دەسەڵاتدارێکی کوردی خاوەن نفوزی وانەبوو گشت چینو توێژەکان لەسایەی خۆیدا کۆبکاتەوە، جگە لەهەڵوێستی نەرێیی زلهێزەکان بەشورەوییشەوە کەدژی پێکهێنانی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی کوردی سەربەخۆ بوو لە ناوچەکەی ژێر نفوزی خۆیداو ڕێگەی بۆ سوپای ئێرانو هێزە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی خۆشکرد بگەڕێنەوە ناوچەکەو ورمێ کە ناوەندی هەرێمەکەیە لە کەوتنەدەست ڕاپەڕیوەکان بپارێزن. ئەمانە هەمووی ڕۆڵی خۆیان بینی لەپاشەکشەی ڕاپەڕینەکەی ورمێو توانایەکی مادییو مرۆیی مەزن بێ هوودە بەفیرۆ چوو.

بەهەر حاڵ ئەو سەرۆکە کوردانەی بەشداریی ئەم ڕاپەڕینەیان کردو نووسەرە ئێرانییەکان بەئەشرارو نیشتمانفرۆشیان لەقەڵەم دەدەن. لەداهاتوویەکی نزیكو لەگەڵ کۆتایهاتنی جەنگدا، لەگەڵ ئەوەی کەجووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێو پێشکەوتووترەوە، ئەوانە ڕۆڵێکی گەورەتریان یاریکردوو لەئاستێکی نەتەوەیی بەرزتر تێکۆشانیان دەستپێکرد.

حکومەتی ئێرانیش کەگشت داواکاریی ڕاپەڕیوەکانیان لەبەردانی زیندانییەکانو ئازادیی نەتەوەیی کوردو بەشدارییان لەبەڕێوەبردنو کردنەوەی خوێندنگا بەزمانی کوردیی ڕەتکردەوەو بەهێنانەوەی هێزی سەرکوتکەرو دەست لەدەستنانی لەشکری سوور دەسەڵاتی گێڕایەوە ناوچەکە، نەیتوانی جگە لەئاسایشێکی لەقو ئارامییەکی رووکەش شتێکی دی دەستکەوێت، چونکە بەمانەوەی فاکتەرەکانی ڕاپەڕین نەك هەر نەیتوانی ڕێگە لەپێکهەڵپژانی کوردو هێزەکانی حکومەت بگرێت، بەڵکو گیانی دژایەتیی ناوەند بەچەشنێك قووڵدەبوونەوە کەبەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕا بۆی بلوێت تێیدا بەتین تر لە پێشوو بتەقێتەوە.

---

هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کەرووسەکان ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە پووکانەوەی ئەم حیزبەدا، ئەمانە ڕۆڵی گرنگیان گێرا کەحیزبی ئازادی نەتوانێت ڕابەری ڕاپەرینەکە بگرێتە دەستو خێڵەکانو جووڵانەوەکانیان بخاتە قاڵبێکی سیاسیی – نەتەوەیی، بڕوانە: کۆچیرا، س.پ، ل٢٥٧.

# باسی چوارەم: بەرەو خراپتربوونی رەوشە گشتییەکەی رۆژهەلاتی کوردستان و راپەڕینی ناوچەی هەورامان و مەریوان لەکۆتایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا

## یەکەم: خراپتر بوونی رەوشی گشتیی رۆژهەلاتی کوردستان لەدوا ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا

پێشتر لەباسی یەکەمی ئەم فەسڵەدا سەبارەت بەهەلومەرجی گشتیی ئێران و پەرەسەندنی رووداوە سیاسییەکانی ناوخۆی وڵات ئاماژەمان بۆ ئەو راستییە کرد کە ئەو ئازادییە رێژەییە دوای لێخرانی رەزا پەهلەویی لەئێراندا هاتەدی، هەر زوو پێشی لێگیراو رێگەی ئەوەی لێبەسترا گەشە بکات و بەرێك وپێکیی هەنگاوبنێت و بەجۆرێك ئاسەوارە نەرێییەکانی رژێمی رابردوو بسڕێتەوەو کەمێك باری سەرشانی گەلانی ئێران سووك بکات. هەروەها ئاماژەشمان بەگەندەڵیی ئیداریی و پاشاگەردانیی سیاسیی و قووڵبوونەوەی قەیرانە ئابورییەکانی وڵات کرد، کەسەرچاوەی خولقاندنی نائارامییەکی گەورە بوون و بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی ئێرانیان لەتەنگەژەیەکی سەختدا هێشتەوە. ئەمە جگە لەبەدینەهێنانی بەڵێنەکانی موحەممەد رەزاشا سەبارەت بەچەسپاندنی دیموکراسیی و رێزگرتنی یاسای بنەڕەتیی و بەردەوامبوونی لەسەر هەمان سیاسەتی باوکی بەرامبەر نەتەوە نەفارسەکانی ئێران و پشتگوێخستنی خواستەکانیان و رێگرتن لەگەشەکردنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی فەرهەنگییان و دادۆشینیان لەبەرژەوەندیی ناوەندو چینی دەسەڵاتداری مشەخۆری نەتەوەی سەردەستدا. ئەم بارەش هۆکاری ئەوە بوو کوردستانی ئێران لەدوا ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا لە هەموو ڕوویەکەوە، نمونەیەکی زەقی سیاسەتی جیاخوازیی ڕەگەزیی ناوەند و قوربانی گەندەڵیی و داوەشاویی دەزگا بەڕێوبەرایەتییەکانی حکومەتی ئێران بێت، بە چەشنێك ڕق و بێزارییەکی زۆر و ڕەشبینییەکی مەزنی لە ناو زۆرینەی چین و توێژەکانی گەلی کورد دژی دەسەڵاتی ناەندیی خولقاندبوو.

لەراستییدا بە درێژایی ساڵانی جەنگ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بازارێکی گەرمی بۆ گیرفانپڕکردنی لێپرسراوە دەزگا مەدەنیی و سەربازییەکانی حکومەتی ناوەندیی پێکهێنابوو، ئەوانەی بە ئارەزووی خۆیان و بۆ بەژەوندیی تایبەتیی خۆیان بێ لێپرسینەوە هەڵدەسوران. بۆ نموونە لە لایەکەوە کارمەندانی حکومەت ئەو بڕە شەکر و چاو قوماشەیان نەدەدا بە خەڵکی کە بەشێك بوو لە بەرنامەی هاوکاریی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ ئیران . هەر ئەو کاتەش هانی ژمارەیەك بازرگانیان دەدا کە لە گەڵ خۆیان شەریك بوون تا ئازووقەو کەل‌و پەلە پێویستییە خۆراکییەکانی بازاڕ کۆبکەنەوەو بیشارنەوە و یاری بە نرخ بکەن بە چەشنێك زۆرترین قازانجیان دەستکەوێت.[1] ئەم ڕەفتارەش بۆخۆی هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی شمەك‌و قاتیيبوونی بوو بەجۆرێك کەم کەس دەیانتوانی مامەڵەی بکەن، لە هەلومەرجێکی واشدا کەوتنەوەی گرانیی و برسێتیی شتێکی ئاسایی و چاوەڕوان کراوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٣دا بێنانی و برسێتیی لە شاری کرماشان بە جارێك خەڵکی پەرێشانکرد، شەقامەکانی شار پڕببوون لە ژن‌و پیاوی سواڵکەری ڕووت و قووت، کە ڕۆژانە (١٠ــ ١٥) کەسیان لە برسا دەمردن. لە بەهاری ساڵی ١٩٤٠دا لەم شارەدا کیلۆی ڕۆن لە ٢٢٠ ڕیاڵەوە بۆ ٢٦٠ ڕیاڵ سەرکەوتبوو،[2] ئەم نرخە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤دا لە کرماشان و دەوروبەری گەیشتە ٤٠٠ ڕیاڵ کە لەو ڕۆژەدا نرخێکی خەیاڵی بوو. شایەنی باسە لەم ڕووەوە ڕەوشی شارەکانی دی کوردستان لە کرماشان باشتر نەبوون، لە ئایاری ساڵی ١٩٤٤دا خەڵکی سەقز تەلەگرافێکیان بۆ حکومەت ناردووە و ناڕەزاییان لە بەرزبوونەوەی نرخی گۆشت و نان و کەوتنەوەی برسێتی لەشارەکەیان دەربڕیوە.[3]

دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لەکوردستان لەجیاتی ئەوەی بەپەلە هەنگاو بۆ چاککردنی قەیرانە ئابورییەکە بنێن، بەهۆی دەرکردنی چەند بڕیارێکی نابەجێ زیاتر گرفتەکەیان قووڵ کردەوەو لەگرێژنەیان دەرکرد، بۆ نمونە: لەسەنقەر بەڕێوەبەرایەتیی دانەوێڵەو نان باجی سەرشانی موڵکدارەکانیان بەرز کردەوەو

[1] کوهستان، ٢٤ اردیبهشت ١٣٢٤ ، ١٢ اذر ١٣٢٤.

([2]) کۆچێرا، س.پ، ل٢٦١.

([3]) کوهستان، ١٢ اژر ١٣٢٤ .، ٢٤ اردیبهشت ١٣٢٤.

بڕیارێکیان دەرکرد کەتیایدا خۆیان لەکڕینی بەرهەمی جۆ پاراستو نرخێکی زۆر کەمیان بۆ کڕینی گەنم دانا، کەهەر تەنەی ٢٠٠ تومان بوو. لەشارستانی (ئەسفەندئاواش) کەسەر بەئوستانی کوردستانەو چەند کیلۆمەترێك لەشاری سنەوە دوورە، بەڕێوەبەرایەتیی دانەوێڵەو نان بڕیاری ئەوەیاندا کەجووتیارانی ناوچەکە پێویستە بەرهەمەکانیان بەرن بۆ ئوستانی هەمەدانو لەوێڕا تەسلیمی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بکەن، ئەم بڕیارەش ناڕەزاییەکی گەورەی لەناو جووتیارانی ناوچەکە خولقاند، ئەوانەی پێیان سەیر بوو بۆچی ١٢٠٠ کیلۆمەتر بەخۆڕایی ببڕنو لەهەمەدان سەرگەردان بن. [١] لەشاری سەقزیش بەڕێوەبەرایەتیی دانەوێڵەو نان نرخی کڕینی فەرمیی دەوڵەتی ئاشکرا نەکرد کە ٢٦٠ تومان بووو راستەوخۆش گەنمیان لەجووتیاران نەدەکڕی، بەڵکو بەنرخێکی هەرزان واتە هەر پووتێك[٢] گەنم بە٢٢ ریالو لەڕێگای بازرگانەکانی شەڕەوە دانەوێڵەی ناوچەکەیان کۆدەکردەوەو دوایی خۆیان پووتی بە ٤٢ ریال دەیانقەبڵاند، بەمجۆرە پارەیەکی زۆریان لەم ڕێیەوە بلۆف لێداو زیانێکی زۆریان بەجووتیارانی زەحمەتکێش گەیاند.[٣]

سەبارەت بە بەرهەمی توتنیش، بەڕێوەبەرایەتیی توتن وسیگار لەساڵی ١٩٤٥دا بڕیارێکی دەرکرد کە ٢٥٪ نرخی کڕینی توتنی دابەزاند، بەوەش گورزێکی گەورەی لەم بەرهەمە تەکنیکییەی کوردستان وەشاندو تووتن کارەکانی شپرزە کردو بازاڕی وەستاند. لەناوچەی شنۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو توتنی لەتوتنەوانەکان وەرنەدەگرتو داوای لێدەکردن بچنە مەهابادو لەوێ تەسلیمی بکەن، لەمەهابادیش کاتێك ئەو بەڕێوەبەرایەتیە توتنی دەقەبڵاند، پارەی نەدەدا بەخاوەنەکەی، بەڵکو حەواڵەی بۆ دەکردنو داوای لێدەکردن بچنە تاران پارەکەی وەرگرن. خۆ ئەگەر یەکێکیش لەوانە توانیبای بچێتە تاران ئەوا لەوێ دوای هەزار ئەمسەرو ئەوسەر پێیان دەگوت:((تاتوتنتان نەگاتە ئێرە ناتوانین پوڵت بدەینێ!!))[٤]، لەبانەش توتنەواکانیان رەوانەی سەقز

---

([١]) هـ.س، ٢٥ تیرماە ١٣٢٤ ، ١٩ اذر ١٣٢٤.

([٢]) هەرتەنێك ٦٠ پووتە، واتە پووتێك نزیکەی ١٦/٧١ کغم ە.

([٣]) کوهستان، ٣٠ مهر ماە ١٣٢٤.

([٤]) هـ.س، ٣٦ ابانماە ١٣٢٥ ، ١٧ دی ١٣٢٤

دەکردن‌و لەوێش پێیان دەگوتن پارەمان نییە بتاندەینێ، ئەم چاوو راوەی بەڕێوەبەرایەتیی توتن ناڕەزاییەکی زۆری لەناو بنەماڵە توتنەوانەکاندا دروستکردبوو. لەشنۆ ١٢٠٠ بنەماڵە بەتەلەگراف دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز کردەووە، لەبانەش بەهەمان شێوە تەلەگرافیان بۆ دەوڵەت، مەجلیس‌و وەزارەتی دارایی ناردو ئاشکرایانکرد کە زۆرینەی خەڵکی بانەو دەوروبەری کەپێشتر بەتوتنکارییەوە خەریکبوون واخەریکە بەتەواویی واز لەچاندنی ئەم بەرهەمە دەهێنن.[1]

هەفتەنامەی کوهستان لەژێر ناونیشانی (توتون هم بلای عجیبی شد/ توتنیش بۆتە بەڵایەکی گەورە) نووسیویەتی ((ئەمساڵ (ساڵی ١٩٤٥- ل) مەسەلەی توتن بۆتە بەڵایەکی گەورە بەسەر شانی خەڵکی کوردستانەوە، لەسنە چەند کەسێکیان داناوە بەگۆترەو بەئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێن‌و سەری خەڵکی دەقەبڵێنن، لەسەقز هەندێك بازرگانیان گرتووە لەسەر سەوداو مامەڵەی توتن، لەمەهاباد توتن وەردەگرن‌و حەواڵە دەدەنە خاوەنەکەی پێی دەڵێن بڕۆرە تارانێ لەوێ پارەکەت وەرگرە، دەوڵەت کەئێستا بایی ٦ ملیۆن تومان توتنی لەمەهاباد کڕیوە، تەنها پارەی ملیۆنێك‌و سێ سەد هەزار ١٣٠٠٠٠٠ی بەخاوەنەکانی داوەو ئەوانی دی حەواڵەی داونەتێ کە بچنە تاران، ئەو ٦٠ نەفەرەی بەم دواییە لەکوردستانەوە چوونەتە تاران بەدەستی خاڵی گەڕاونەتەوەو پێیان راگەیاندوون کەتا توتن نەگاتە ئێرە (واتە تاران - ل)هیچ پارەیەکتان نادرێتێ)).[2]

لەلایەکی دیەوە، نەبوونی کۆمپانیایەکی کشتوکاڵیی، نەبوونی کۆمپانیای گواستنەوەو، گوێنەدان بەچاککردنەوەی رێگاوبان‌و پردە داڕووخاوەکان کەلەئەنجامی سیلاوی بەفرو بارانی زۆری زستان‌و وێران ببوون، کاریگەریی خراپیان لەسەر هات‌و چۆو گواستنەوە جێهێشتبوو، بەچەشنێکی وا پەیوەندیی گوندەکانی بە شارەکانی کوردستان‌و پەیوەندیی کوردستانی بە ئوستانەکانی دی ئێرانییەوە زۆر دژوار بوو. لەساڵی ١٩٤٥ رێگای سنە - هەمەدان‌و سنە - کرماشان هاتووچۆی پێدا نەدەکرا، تەنانەت ناوچەکانی رۆژئاوای کرماشان بەهۆی رووخاندنی پردە گەورەگەی کە قەسری

---

([1]) ه.س ١٦ مهر ١٣٢٤، ٣٠ مهر ١٣٢٤.

([2]) ه.س، ٣ی دی ١٣٢٤.

شیرین بەگەیلانەوە دەبەستێتەوە، بەتەواویی لەناوەندکەی کە شاری کرماشانە، دابڕابوون.(١)

ئەم داڕمانە ئابورییەی کوردستانی ئێران بەشێکی زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی نابووت کردبوو، بەتایبەتیی چینی جووتیارانی لادێ و زەحمەتکێشانی شار، هەر بۆیە لەکاتێکدا لقی کرماشانی حیزبی تودە لەرۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١ی ئایاری ١٩٤٥ بانگەوازی خۆپێشاندانی کرد بەبۆنەی جەژنی کرێکارانی جیهانیییەوە، ژمارەیەکی زۆری زەحمەتکێشان و کرێکارانی کورد رژانە سەر شەقامەکانی کرماشان و دژی کۆنەپەرستان و دەسەلاتی ناوەندیی دروشمیاندا. ئەم خۆپێشاندانەش دیاردەیەکی کەموێنەو نۆبەرەی خەباتی چینایەتیی مۆدێرن و دیموکراتییخوازی سەرتاسەریی ئێران بوو لەکوردستان.(٢)

بۆ زانینی وێنەیەکیش لەژیانی جووتیارانی کورد لەم قۆناغەدا بەسەرنجێك لەو چەند دێڕەی کوهستان لەژێر ناونیشانی (توجهی بدهات لازم ارست/ پێویستە ئاوڕێك لەگوندەکان بدرێتەوە) نالەباری ژیانی جووتیارانی کوردمان بۆ دەردەکەوێت، نووسەر دەڵێت: :((ئەگەر سەردانی ماڵە جوتیارێکی کورد بکەین لەگوندێکدا چی دەبینین؟ ماڵ کاول، گەوڕ وێران، کەندو بێ نان، لەدەستچوونی بەشێکی زۆری ئاژەڵەکانیان، هەندێك لەو جووتیارانە گاجووتەکانیشیان لەبەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لەدەستداوەو ئێستا لەدالغەی ئەوەدان داخۆ ساڵی داهاتوو زەوییەکانیان بەچی و چۆن بکێڵن؟)).(٣)

ئەگەر لەرووی تەندروستییشەوە سەرنجێکی کوردستانی ئێران بدەین، دەبینین کە بەتەواوەتی لەم قۆناغەدا لەلایەن دەسەلاتی ناوەندییەوە پشتگوێخرابوو، زۆربەی شارو گوندەکانی کوردستان بێ یەکەی تەندروستیی و خەستەخانە مابوونەوە، خۆ ئەگەر لەشارێکیش خەستەخانەیەك هەبووبێ ئەوە بێ نوژدارو دەرمان و پێویستییە تەندروستییەکان جێهێڵرابوو. لەزۆر شوێنیش نەخۆشییەکانی وەك (مەلاریا، تیفۆئیدو ئاوڵە) بڵاو دەبوونەوەو بەپۆل خەڵکیان قڕ دەکرد. لە ٢٧ی شوباتی ١٩٤٣دا نەخۆشیی

---

(١) ه.س، ٢٤ اردیبهشت ١٣٢٤" ١ ، تیرماه ١٣٢٥.

(٢) ه.س، ٢٤ اردیبهشت ١٣٢٤.

(٣) ه. س ، ١٦اردیبهشت ١٣٢٥.

تیفۆ لەشاری کرماشان بڵاوبووەوەو بەڕێوەبەرێتیی تەندروستیی شار نەك هەر کارێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم بەڵایە نەکرد، بەڵکو دەرگای خەستەخانە شڕەکەی شاریشی داخست بەبیانووی ئەوەی نەوەکا نوژدارو پەرستارەکانیش بەو دەردە گرفتار بن.[1]

لەشارۆچکەی سەنقەر کەژمارەی دانیشتووانی بەتەنیا ١٢ هەزار کەس‌و بەگوندەکانی دەوروبەرییەوە نزیکەی ٨٠ هەزار کەس بوو، نە نوژدارو نە نەخۆشخانەی هەبوو، تەنیا پیاوێکی لێ بوو بەناوی (ئاغای دکتر زادە) کەخۆی لەخەڵکی کردبووە دکتۆرو دەیڕوتاندنەوە، ئەویش دوای ئەوەی چەند کەسێکی کوشت‌و زانرا فڕی بە دکتۆرییەوە نییە، تێیتەقاندو کەس چاوی پێی نەکەوتەوە.[2]

ئوستانی کوردستان کەلەم قۆناغەدا ژمارەی دانیشتووانی نزیکە خۆی لەنیوملیۆن کەس دەدا، تەنیا نەخۆشخانەیەکی شڕی بێ نوژدارو دەرمانخانەی هەبوو، باری تەندروستیی لەشاری سنەی ناوەندی ئەم ئوستانە لەڕادەبەدەر خراپ بوو، لەناوەندی شاردا پاشەڕۆی زیاتر هەزار ئاودەستخانەی ماڵان‌و تەپاڵەی ئاژەڵان کەڵەکە ببوون کەسەرچاوەی جۆرەها نەخۆشیی‌و مەڵبەندی چەندەها میکرۆبی جیاوازییان پێکهێنابوو. خەڵکی سنە چەندەها جار هاواریان لەدەسەڵاتداران دەکرد ئاوڕێك لەشارەکەیان بدرێتەوەو کۆمسیۆنێك لەناوەندەوە بنێرێت تا لەوبارە ناهەموارە تەندروستییەی شارەکەیانی تێ کەوتووە بکۆڵێتەوە.[3]

شاری مەهابادیش کەناوەندی هەرێمی موکریان بوو، لەڕووی ژمارەی دانیشتووانیشەوە شتێکی لەئوستانی کوردستان کەمتر نەبوو. نە بەڕێوەبەرایەتییەکی تەندروستیی تێدا بوو نە (شێرو خورشید/ واتە خەستەخانە ـ ل)، نەخۆش لەم هەرێمەدا بەهۆی حەکیمی سوونەتیی‌و دەرمانی گژوگیاو زۆرجاریش دوعاو نووشتەو پەڕۆی سەوزی مەزاری شێخەکان چارەسەر دەکرا، لێرەدا هەرگیز نابێت ڕۆڵی ئەو نوژدارە مسیۆنێرە بیانییانە لەبیرکەین کەلەناوچەکەدا بوون‌و بۆ هەر مەبەستێك بێت خزمەتی

---

([1]) کۆچێرا، س.پ، ل٢٦١.

([2]) کوهستان، ٢١ خرداد ١٣٢٤.

([3]) ه.س، ١٠ دی ١٣٢٤.

زۆری خەڵکەکەیان کردووە.وەك: دکتۆر شارل، دکتۆر ڤاسوم ، دکتۆر میلەر، دکتۆر یوناپانو مس داڵ خانم.[1]

ئەگەر لەبارەی ئاستی فەرهەنگو پەروەردەیی کوردستانی ئێرانیشەوە لەم قۆناغە بئاخفێن، ئەوا هەروەك بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریی تراژیدیایەکمان بەرچاو دەکەوێت. جگە لەمانەوەی قەدەغەکردنی خوێندن بەزمانی کوردیی، دەسەڵاتی ناوەندیی فەرقو جیاوازییەکی گەورەی لەنێوان کوردستانو ناوچەکانی تری ئێراندا سەبارەت بەبەرنامەی فێرکردن دەکرد، ئەوەش جگە لەهێشتنەوەی گەلی کورد لەتاریکی دواکەوتوویی و نەزانیی و نەخوێندەواریی و رێگرتن لەهۆشیاریی کۆمەڵگای کوردەواریی مەبەستێکی تری نەدەپێکا، هەربۆیە جێی سەرسوڕان نییە رێژەی نەخوێندەواریی لەم قۆناغەدا لەشاری کرماشان کەمەزنترینو پێشکەوتووترین شاری کوردستانە ٨٠٪ بێت، ساڵی ١٩٤٠ لەم شارەدا لەکۆی ٤١٣٥٧ ژن تەنیا ٤٣٩١و، لەکۆی ٤٧٢٦٥ پیاو تەنها ١٢٣٤٧ یان خوێندەوار بوون، واتە شاری کرماشان کە ٨٨٦٢٢ کەسی تیادا ژیاوە تەنیا ١٦٨٣٨ کەسیان خوێندەوار بوون، ئەمەش بۆ خۆی کارەساتێك بوو.

شارەکانی تری وەك سەقز، بانە، سەردەشت، بیجار لەساڵی ١٩٤٤دا تاقە خوێندنگایەکی ناوەندییشیان تیادا نەبوو، شاری سەقز کە ساڵی١٩٤٤ ژمارەی دانیشتووانی خۆی لە (٣٥٠٠٠) کەس دەدا لەتەنگەژیەکی فەرهەنگییدا دەژیا، ساڵی خوێندن خەریك بوو تەواو دەبوو کەچی هێشتا کتێبی خوێندنی قۆناغی یەکەمو دووەمی سەرەتایی لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگەوە نەنێردرابوو، ژمارەی خوێندکارانی سەرەتایی ئەم شارە لە٥٠٠ کەسەوە بۆ ١٢٧ کەس دابەزیبوو، ئەو پارەیەی نێردرابوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی تەلاری خوێندنگا ناوەندییەکە لەلایەن بەرپرسانی فەرهەنگی سەقزەوە وەك گەزۆو مازوو خورا، خوێندنگا سەرەتاییەکەش لەبەر پەڕپووتیی لایەکی رووخابوو، کەبووە هۆی داخستنی سێ پۆلی خوێندنگاکە.[2]

---

(1) مس داڵ خانم ژنێکی ئەمەریکیی دانیشتووی نەرویژ بوو، لەگەڵ گروپێکی مسیۆنێریی مەسیحیی لەمەهاباد گیرسابووەوە لەوێ شووی بەپیاوێکی کوردی مەهاباد کرد بەناوی (حوسێنی حەبیبی) وەك نوژدارێکی منداڵان و مامانی ژنان خزمەتێکی گەورەی خەڵکی مەهاباد کردووە، بڕوانە: ایغلتن، س.پ، ل٦٣" بلوریان، س.پ، ل٤٢.
(2) کوهستان, ٩ مهرماه ١٣٢٤" ٢٤ أردیبهشت ١٣٢٤.

خەڵکی سەردەشت کە تەلەگرافیان بۆ حکومەت و وەزارەتی فەرهەنگ بەرزکردبووەوە لەژێر ناونیشانی (ماهم بفرهنگ نیازمندیم / ئێمەش حەزمان لە خوێندەواریە) باسی ئەوە دەکەن کە لەبەرنەبونی خوێندنگا لە شارەکەیان زۆربەی منداڵەکانیان بێکار لە جادەو کۆڵاناندا دەسورێنەوە و هەندێکیشیان بونەتە شاگردی پینەچیی، داواکارن حکومەت روویەکی رەحمەتیان تێبکات و چەند خوێندنگایەکیان بۆ بنیات بنێت.[1]

لە تەواوی هەرێمی موکریاندا، تاقە خوێندنگایەکی ناوەندیی و ١٤ خوێندنگای سەرەتایی پێنج پۆلیو چوارپۆلی هەبوو . ژمارەی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی فەرهەنگ لە ساڵی ١٩٤٤ بە بەڕێوەبەرو مامۆستاو کارمەندو خزمەتکارانەوە ٧١ کەس بوون. بودجەی تەرخان کراوی خوێندن لەم ساڵەدا تەنها ٤١٢٠ تومان بوو. ئەمەش بۆ شارستانێکی وەك مهابادو ناوچەی موکریان جێگایەکی نەدەگرت و لە ئاستی پێویستیدا نەبوو.[2]

شاری سنەش لەڕووی خوێندن و پەروەردەوە لەشارەکانی دی کوردستان چاکتر نەبوو گەر خراپتر نەبێت . دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی ناوەندیی لەوشارەدا بەئارەزووی خۆیان دەستیان لەکاروباری خوێندن وەردەداو کارمەندی نەزانو پاشەڵ پیسیان دەکردنە پەروەردەکەری منداڵانی کوردو خۆیان لەمرۆڤی پاكو رۆشنبیر دەپاراست. ئوستانێکی پانو پۆڕی واکە درێژییەکەی ٥٠٠ کمو پانتاییەکەی ٢٢٠ کم بوو تەنها دوو خوێندنگای ناوەندیی هەبوو، یەکێکی کوڕانەی شەش پۆلی، ئەوی دی کچانەی سێ پۆلی، جگە لەدوو خوێندنگای سەرەتایی چوار پۆلی تێکەڵاوو سەرەتاییەکی شەش پۆلی میللی بەناوی (اتحاد/ یەکگرتن) کەپرۆگرامی خوێندیان لەسەر رێبازێکی شۆڤێنستانەو دوور لەواقیعو پێویستییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی داندرابوون.[3]

عباس ازاد پور، لەژێر ناونیشانی (فرهنگ درکردستان)دا، بەدرێژایی باس لەرەوشی ناهەمواری فەرهەنگیی کوردستان دەکاتو رەخنەی زۆری لەشێوازی بەڕێوەچوونی کاروباری خوێندنگاکان گرتووە کەبەشی زۆریان چۆڵو پێویستییەکانیان بۆ دابین

---

([1]) ه.س, ٢٨ابان١٣٢٤.

([2]) ه.س, ٢٣ مهرماه١٣٢٤.

([3]) ه.س, ٢٧ فروردین ١٣٢٤، ٩ مهرما١٣٢٤.

نەكراوەو منداڵان روویان تیٚ ناكەن. ازاد پور كاتێك دێتە سەر رەوشی فەرهەنگیی ئوستانی كوردستان دەڵێت: (( پیاو لەبەراوردكردنی ئوستانی كوردستان لەگەڵ ئوستانەكانی تردا سەری سوڕدەمێنێت، لەكاتێكدا ئەوانە هەموو خاوەنی ناوەندیی تەواوو دانشەران، شاری سنە تەنیا دوو كۆنە تەلاری مەعاریفی لیٚیە، تەلاری خوێندنگا ناوەندییە نویٚ كە پێش ئەوەی تەوا وبێت لەساڵی ١٣٢١ هـ (١٩٤٢ز.ل) كراوەتە گەنجینەی دانەوێڵەی هێزەكانی سوپا، چەندە شتێكی باش بووە وەزارەتی فەرهەنگ بەناوی یەكسانییو دادپەروەرییو نێوان هاولاَتیانی ئێران چەند پارچە زەوییەكی كڕیبایە لەكوردستانو چەند خوێندنگایەكی ناوەندیی لەسەر ئاوەدانكردبایە بۆ ئەوەی ئەو خوێندكارانەی لەساڵی ١٣١٦وە (١٩٣٧ - ل) خوێندنی سەرەتاییان تەواو كردووە، دەرفەتی خوێندنی ناوەندییان بۆ هەڵكەوتبا، چەندە شتێكی باشە خوێندنگاكانی كوردستان بەناوی مەزنانی كوردەوە ناونرابان، بۆ نمونە چ دەبێت گەر ناوەندیی كچانی سنە بەناوی (مەستورەی) شاعیرەوە ناو بنرێت. ))[1]

ناوچەی عیلامو لوڕستانیش لەبارودۆخێكی فەرهەنگیی زۆر خراپدا بوون، (ئاغای دیركوند لرستانی) لەوتارێكیدا لەژێر ناونیشانی (لرستان در چ حال است / لوڕستان لەچ حاڵێكدایە) دوای ئەوەی باس لە كوردبوونی لوڕ دەكاتو پێشینەی مێژووییان دادەبەزێنێت، دێتە سەر باسی فەرهەنگ لەو ناوچە فراوانەداو دەڵێت: ((بڕوا ناكەم ئەگەر لەنێوان نیو ملیۆن نەفەر لوڕدا بگەڕێیت چەند خوێندەوارێكت دەست كەوێت، تا ئێستا ئەم ناوچەیە ناوەندییەكی تیادا نەكراوەتەوەو و خەڵكەی لەتەواوی نەزانییو نەخوێندەوارییدا دەژین))[2].

ئەم رەوشە خراپەی ئابوورییو تەندروستییو فەرهەنگییەی كوردستانی ئێران كە ئەنجامی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی چینی دەسەلاَتداری ناوەندو ئاكاری گیرفانپڕكەرانەی لێپرسراوانی ئێرانیی بوون لەناوچە كوردنشینەكان رقو بێزاریی رۆڵەكانی كوردیی دژی حكومەتی تاران جۆشدەدا، ئەوانەی لەڕێگای شكایەتو تەلەگرافو نووسینەكانیانەوە بەئاشكرا ئاماژەیان بۆ خراپیی سیاسەتی ناوەندو

---

(1) هـ.س, ٢٥ تیرماه ١٣٢٤.

(2) هـ.س, ٢٣ اردیبهشت ١٣٢٥.

گەندەڵیی دەزگاکانی لەکوردستان دەداو داوای چارەی گونجاویان لێدەکردن. تەنانەت هەندێك لەرۆشنبیرانی کورد کە بێ ئومێد بوون لەهەر ئاوڕدانەوەیەکی باشی دەسەڵاتی ناوەندیی، لەنووسینەکانیاندا بەئاشکرا هانی خەڵکیان دەدا راپەڕن‌و چیدی بەو ژیانە نامرۆڤانەیە لەسایەی حکومەتی ناوەندییدا رازی نەبن.

رۆژنامەنووسی کورد (ناصر توانا) لەژێر ناونیشانی (تذکری چند/ چەند بیرخستنەوەیەك) نووسیویەتی:

((کوردستان پێویستە مالیات بدات بەڵام لەنیعمەتی فەرهەنگ‌و تەندروستیی زۆر پێویستی تر بێ بەشە، هەموو ئوستانەکانی تر ئەلەتریك‌و قیرتاوکردنی شەقامەکان‌و باخی گشتیی‌و هەموو رووخسارە مەدەنییەکانی تریان دەوێت‌و هەیانە، کەچی لەکوردستان پێویستە بۆ رووناکردنەوەی کۆڵان‌و ماڵەکانی لەفتیلە نەوتییەکانی سەدەکانی ناوەراست سوود وەرگرێت، رێبواران لەرۆژێکی باران بارینێکی کەمدا پێویستە لەکوردستان شەرواڵەکانیان تا ناوقەد بێنن‌و بەناو قوڕولیتەدا دوعا بۆ باڵای دەسەڵاتداران بکەن نەباخوا نەکردە بە یاخیی‌و گێرەشێوێنیی تاوانبار بکرێن.. رۆژنامە کە لەناوەند چاپ دەکرێت‌و لەهەموو شوێنێك بڵاو دەکرێتەوە.[1] تەنیا لەکوردستاندا نەبێت سانسۆر دەکرێت‌و نوێنەرەکانیان راوەدوو دەنرێن[2]و لەزیندانەکان توونددەکرێن.. دادپەروەری شتێکی باشە، ئایا پاداشتی میلەتیکی هەژارو گوێڕایەڵی وەك

---

([1]) ئاشکرایە لەم ماوەیەدا ڕۆژنامەکانی تاران (٢٥) ڕۆژێکیان دەخایاند تا دەگەیشتنە شاری سنە, واتە خەڵکی کوردستان پاش مانگێك لە ڕووداوەکانی ناوەند ئاگادار دەبوون, جگە لەوەی لە هەندێك شاری وەکو سەردەشت خەڵکی بێ مۆڵەتی فەرماندەی پادگان ماڤ ڕۆژنامە خوێندنەوەیان نەبوو بڕوانە:هـ.س,١٥ مرداد ١٣٢٤.

([2]) محمد سعید حافدی لە ڕۆژنامەی (صوت الاحرار) ی لوبنانیەوە بابەتێکی وەرگێراوە لە ژێر ناوی (تأریخچە نگارش بزبان کردی/ کورتە مێژوویەکی بڵاوکراوە بەزمانی کوردیی) کە بە قەڵەمی قەشە(م. لورانس) نووسراوە، تیایدا باس لەوەرگرتنی ئیمتیازی رۆژنامەیەك بە زمانی کوردیی لە ژێرناوی (زاگرۆس)دا دەکات کە لە شاری سنە وەرگیراوە, بەڵام هێشتا هیچ ژمارەیەکی لێدەرنەچووە , هەروەها حسن قزڵجی لە ژمارە ٢١ی کوهستاندا وتارێکی لە سەربابەتەکەی محمد سعید نوسیووەو دەڵێت: (( ئەوە تازە بۆ یەکەم جارە ئیمتیازو ئیجازەی رۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە ناوی (زاگرۆس) بە زمانی کوردیی لە سنە وەرگیراوە کە شتێکی چاوەڕواننەکراوە , بەڵام پێش ئەوەی تەنیا ژمارەیەکی لێدەربچێت , ڕێگا لە بڵاوکردنەوەی گیرا ,زیاتر لەوەش کەس ماڤ بەشدارییکردنی ڕۆژنامەی کوردیی نییەو کارێکی وا بە تاوانێکی نەبەخشراو دادەنرێت. )) بڕوانە : هـ.س, ٢٥ تیرماه١٣٢٤، ٢٨ مرداد ١٣٢٤.

کورد ئەوەیە کەچۆن ئەمەریکاییەکان لەگەڵ ڕەشپێستو سورپێستەکانو، بەریتانییەکانیش لەگەڵ خەڵکی هیندستاندا ڕەفتاریان کردووە ئا بەوجۆرەش دەوڵەتی ناوەندیی لەگەڵ کوردا مامەڵە بکات، ئایا دوای ڕژاندی ئەو هەموو خوێنە لەپێناوی ئازادیو دیموکراسییدا وەختی ئەوە نەهاتووە دەستی تاوان لەقوڕگی دانیشتووانی ئەم ناوچەیەی ئێران بەربدرێت)).[1]

(هۆشنگ سهرابی)ش لەژێر ناونیشانی (پیام بەراد مردان کرد/ پەیام بۆ جوامێرانی کورد) بەدرێژی باسی ستەمی میللییو سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەسەڵاتی ناوەندیی بەرامبەر بەگەلی کورد لەسەردەمی ڕەزاشا پەهلەوییدا دەکاتو باسی ئەو هیوایە دەکات کەخەڵکی دوای ڕووداوەکانی خەرمانان لەسەر گۆڕانکارییە ڕواڵەتییەکانی ناوەند هەڵیانچنیبوو، دوایی دەڵێت:

((ڕژێمی دیکتاتۆریی لەکۆتایدا سەرنگون بوو، بەرواڵەت ئازادیی بیروبۆچوونو ئازادیی قەڵەمو بڵاوکردنەوە ڕاگەیەندرا، بیٚ وەستان پارتەکان، کۆمەڵەکان، گروپە جۆراو جۆرەکان، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەژمارەی ڕۆژەکانی ساڵێکی هەتاویی بڵاوبوونەوە، ڕۆژنامەنووسان بەهەموو جۆرێك کاریان بۆ چەسپاندنی ئەم ئازادییە ڕواڵەتییە دەکردو چیان دەزانیو دەیانبیست دەیانهێنایە سەر لاپەرەی ڕۆژنامەکانیان، گەرچی ئەمانە لەم دیموکراسییە فریودەرە سوودێکی وایان نەبرد بەڵکو زیاتر لەپێشوو کەوتنە نێوان مەنگەنەی ئیستیبدادەوە، فەرماندەکانی لەشکر، پارێزگارەکان، کارمەندەکانی تری دەوڵەتییو لێپرسراوە ئیدارییەکان بۆ ئەوەی زیاتر لەجاران نفوزو دەسەڵاتو گەورەیی خۆیان بەسەر جووتیارانو گوندنشینانی کوردستاندا بسەپێنن، جگە لەزندانو تاڵانکردن، کەوتنە سانسۆرکردنی ڕۆژنامەو پۆستەکانیشو بەدڕاندەترین شێوە لەمافە بنەرەتییەکانی کەمەشرووتییەت پێی بەخشیبون نائومێدیان کردن... بەو خەیاڵەی کورد بیٚ ئاگاو گوێڕایەڵە کەوتوونەتە پۆپەی بێدادیی بەرامبەریانو لەئەنجامدانی هەر کارێکی پوچو ناڕەوا دژ بەکورد نەپرینگاونەتەوەو کەمترین ڕێزو حورمەتیان بۆ کەسایەتیی کورد دانەناوە..

---

[1] هـ.س، ١٣دی ١٣٢٤.

**دەسا تۆ ئەی وەرزێڕێك كەبەدرێژایی ڕۆژگاری ساڵ لەكێڵگە سەوزەكەتدا كار دەكەیتو ئارەقە دەڕێژیتو خۆرەتاو ڕووی بێ گەردو پاكتی سووتاندووە، هۆشیار بنەوە، ڕاپەڕن، بەخۆتانا بێنەوە و هیمەت بكەن ، بە ئیرادەی پۆڵایین و دەنگی بڵند داوای مافی خوراوتان بكەن ... دژی دێوو درنجی بێ شاخ و كلك خەبات بكەن، بزانن لەسەر زەمینی باوو باپیرانتان مافی ژیانتان هەیە ، ئەركی سەرشانتانە دژی گەندەڵیی و نەزانیی و خەرافات ڕاوەستن . ڕۆژانی زۆرو ستەم و كەڵەگایی لەخەرمانی ١٣٢٠ (ئابی ١٩٤١) بۆ هەتاهەتایە لەناوچوو. تاكەی خوێنی خۆخواردنەوە و ئەشكەنجەكێشان، تاكەی لەزیندانە تاریكو چاڵە ڕەشەكانی حكومەتدا ترنجان[1]، تاكەی بەرەوپەتی سێدارە ڕاكێشان . بەكورتی تاكەی دەست لەئەژنۆ بەرنەدان سەرشۆركردن بۆ ستەم بێ مروەتی كردن )).[2]**

**عباس ئازاد پور، لەوتارێكی دا بەناونیشانی (دعوت به اصلاح است نه هدايت به انقلاب / بانگەشە بۆ چاكسازییە نەك ڕێگای شۆڕش نیشاندان ، نووسیویە (( لێپرسراوانێك كە دەنێرێنە كوردستان بەبیری سەدەی هەژدە پەروەردەكراون و بە نوێترین مۆدیلی پۆشاكی پاریسی داپۆشراون، بە شێوەی ئاغاو ڕەنجبەر مامەڵە لەگەل خەڵكی دەكەن ،.... باشە ڕاستە وڵاتێكی وەك كوردستان لەسەنتەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا كە لانكی شارستانیەتی كۆنەو لە ڕووی سروشتیی و هەرێمیی و بەرهەمەوە باشترین هەلی بۆ ڕەخسابێت، ئابەم چەشنە كاولو وێرانە بێت ، قبوڵمە ئەمڕۆ كوردستانی ئێران لەچاو ناوچەكانی دەورو بەریا ١٥٠ ساڵ و تەنانەت لە كوردستانی عێراقیش ١٠٠ ساڵێك پاشكەوتووترە ، بەلاَم ئەم پاشكەوتووە ئۆباڵی بەئەستۆی كێیە؟**

---

**(1) عباس ازاد پورلە ژێرناونیشانی (زندان شهربانی كردستان/ گرتووخانەی شارەبانی كوردستان) دەڵێت: ((گرتووخانەكەی شارەوانی گەوڕە كۆنەكەی (ناظم الشريعة)یەكە تەنها (١٠) كەسی تێدا جێگە دەبێتەوە كەچی زیاتر لە ١٠٠ كەسی تێدا ئاخنراوە, پیس و ئەسپێیاوی , بۆگەنی ئاودەستەكانی خەڵك كاس دەكات , تاریك, هیچ مەرجێكە تەندروستیی تێدا نییە , گرتووخانەكانی تاران و شیراز لە چاویا كۆشك و تەلارن, شەرم نییە شوێنێك (٥٠) ساڵ پێشتر وولاَخی تێدا بەسترابێتەوە ئێستا بكرێتە شوێنی كەسانێك كە زۆربەیان لەو تۆمەتانەی بۆیان هەڵبەستراوە بێ تاوانن)) ه. س, ٣٠ مهر ١٣٢٤.**

**(2) ه.س, ١٣ فروردين ١٣٢٤.**

ئۆباڵی به تەنیا له ئەستۆی چینی دەسەڵاتداره که بچووکترین هەنگاویان بۆ چاکسازیی لەکوردستاندا نەناوەو بەیانوی جۆراو جۆر خۆیان لەکاره خزمەتگوزارییەکان دەدزنەوە، ئەمانه تەنیا و تەنیا لەهەوڵی بەتاڵانبردنی دەیەها هەزار تەن دانەوێڵەمانن، میوەو توتنمانن.. بمرێ ئەم ژیانه پڕ مەرگەساته، نابووتبێت ئەم سیستەمه گەندەڵه کۆمەڵایەتییه)).[1]

## دووەم: را پەڕینی کوردەکانی هەورامان و مەریوان

وەك رووداوه مێژووییەکان دەریدەخەن، بانگەوازی رۆشنبیرانی کوردو تەلەگرافەکانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان لەمەڕ پیادەکردنی ریفۆرم و کورتکردنی دەستی لێپرسراوه مەدەنیی و سەربازییه ئێرانییەکان لەسەریان و بەدیهێنانی دیموکراسیی لەناوچه کوردنشینەکان، نەك هەر لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوه ئاوڕێکی جیدیی لێنەدرایەوەو پشتگوێخرا، بەڵکو دەسەڵاتدارانی تاران هەر هەلێکی گونجاویان دەقۆزتەوه تادەزگا سەرکوتکەرەکانیان لەو ناوچه کوردنشینانەی دەستیان پیادادەگا بەهێزتر بکەن، بەجۆرێك هێشتا جەنگی دووەمی جیهانیی کۆتایی نەهاتبوو که لەناوەندو باشووری کوردستانی ئێراندا (مەڵبەندی نفوزی ئینگلیزیی کەدەزگا سەربازییەکانی ئێرانی تێدا دەسەڵاتدار بوو) حکومەتی سەربازی حوکمفرما بوو، دەستی لەگشت کاروبارەکانی ژیانی خەڵکی وەردەداو دەرفەتێکی بۆ ئازادییەك نەهێشتبووەوە. لێپرسراوانی سەربازیی و بەکرێگیراوەکانیان تاوانی وایان ئەنجام دەدا رۆژانی رەزاشایان وەبیر خەڵکەکه دەهێنایەوە. تاڵان و بڕۆکانی (سەرگورد کشاورزی) لەگوندی (لك زی) سەقز، تاوانەکانی سەرۆکی شارەوانی سەقز (ئاغای راستگار) و پیاوه بەکرێگیراوەکانی وەك (قاله مۆدو ئەنوەری پادو)دەرهەق بەخەڵکی ئەوشاره کەس لێ نەدەپرسیینەوە، بەجۆرێك کار گەیشته رادەیەك فەرماندەیەکی وەك (سرهنگ جوانشیر) فەرماندەی پادگانی سەردەشت بەهاوکاریی چەند سەردەسته چەتەیەکی چەکداری وەك (حسن

---

[1] دیاره ئازاد پوور لەترسی گرتن و تەشقەڵه پێکردنی کاربەدەستان ئەم ناونیشانەی داناوه دەنا "بمرێ و نابووتبێت سیستەمی کۆمەڵایەتیی " دەنگێکی شۆڕشگێرانەیه تا ریفۆرمستانه. ه.س, ٢٨فرداد ١٣٢٤.

اسماعیل نژادی) بەشەو هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵە سەردەشتییانو کچەکانیان دەفڕاندنو بەقاچاخچییە عێراقییەکانیان دەفرۆشتنەوە بە ٨٠–١٠٠ دیناری عێراقی.[١]

لەلایەکی ترەوە دەسەلاتی ناوەندیی کەمەترسییەکی زۆری لەمەسەلەی چەکداربوونی عەشیرەتە کوردەکانو بلاوبوونەوەی نفوزی سەرۆکەکانی هەبوو، دەیویست سوود لە دەرفەتی بوونی هێزە هاوپەیمانەکان لەئێرانو سیاسەتیان بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ وەرگرێت تاوەکو پێش ئەوەی جەنگو کۆتای بێت چەکو چۆڵی کوردستان کۆبکاتەوەو حکومەتی سەربازیی بچەسپێنێت.

(عباس تەباتەبائی) فەرمانداری شائاوا لەباشووری کوردستان نامەیەکی نهێنیی لەم قۆناغەدا بۆ وەزارەتی ناوخۆ ناردووە کەدواتر رۆژنامەی (رهبر) بلاوی کردۆتەوە، تیایدا باسی بارودۆخی خێڵەکانی کرماشانو پێویستیی چەککردنیان لەلایەن دەسەلاتی ناوەندییەوە دەکاتو دەڵێت: ((هەموو خێڵە کوردەکانی پاوەندپور، کەلهوڕ، سنجابی، گوران، وەڵەدبێگی، قوبادی، باباخانیو قلیخانی) وتایەفە بچوکەکانی تر، هەر لەکرماشانەوە تا خوسرەوی، تەنانەت زۆربەی رەعییەتی گوندو شارۆچکەکانیش بەچەکی جیاواز بەتایبەتیی برنۆ چەکدارنو رۆژبەرۆژ ژمارەیان لەزیادبووندان لەڕاستییدا ئەوەی ئاسایشی ناوچەکەی پاراستووە تەنها سیاسەتی زیرەکانەی لێپرسراوە سیاسییەکانی هێزە هاوپەیمانەکانەو بوونی چەند یەکەیەکی چەکدارییانە لەدەوروبەری کرماشانو کەرەند تا خوسرەوی، کە بەبەردەوامی نیشتەجێن یاخود لەهاتو چۆدان.

هەر کاتێ خوداکردی ئاگری جەنگ خامۆشو ئاشتیی گشتیی بەرقەراربوو سوپای هاوپەیمانەکان ئێران بەجێبهێڵن، ئەوکاتە سەرەتای کێشمەکێشو شۆرشێکی ناوخۆ لەم ناوچانەدا بەرپا دەبێتو ئەم عەشیرەتە چەکدارە نائارامانە دەبنە سەرچاوەی زەحمەتو مەشەققەت.

بەندە وەك کارمەندو لێپرسراوێکی ئەم ناوچەیە لەڕووی هەستو سۆزمو پەیوەندییم بە وڵاتەوە بەئەرکی خۆمی دەزانم بیگەیێنمە مەقامی وەزارەت ئالەم وەختە ناسکەدا

---

(١) ه.س,٢١خرداد ١٣٢٤، ٣ أردیبهشت ١٣٢٤، ٢٢ مرداد ١١٣٢٤.

کەهێزە هاوپەیمانەکان ئاسایشی ئەم ناوەیان پاراستووە، بەهۆی گرنگیی و بایەخی ئاسایشیی ناوچەکە وەك شارێگەی گواستنەوەی کەل و پەلە جەنگییە پێویستییەکانی خۆیان و دژی هەر شۆرش و نائارامییەك رادەوەستن، پێیتان رادەگەینم کەهەوڵدەین سوود لەم فرسەتە وەرگرین و سیاسەتی دەرەوەمان لەگەڵ چەککردنیاندا بگونجێنن، تا لە ئایندەدا بیٚ خەرجکردنی پارەو پولێکی زۆرو لەشکرکێشیی و زیان لێکەوتن ئارامیی ناوچەکە بەشێوەیەکی راستەقینە بپارێزین.)). [١]

لەراستییدا، حکومەتەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا پاڵپشت و هاندەرێکی سەرەکیی ئەم بۆچوونانەو چۆنێتی پیادەکردنی بوون لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە، چونکە چەسپاندنی دەسەڵاتی سەربازیی لەم شوێنە گرنگانەدا تەواوی بەرژەوەندییە ستراتیژیی و نەوتەییەکانی دەپاراستن و مەوقعییەتێکی بەهێزتری بەخۆیان و ئێرانی هاوپەیمانیان دەدا بەرامبەر قەوماندنی هەر رووداوێکی ئایندەیی چاوەڕوانەکراو لەباکووری کوردستانی ئێران، کەلەژێر کاریگەریی نفوزی شورەوییدا بوو. لەلایەکی ترەوە، هەوڵە ئامادەییەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ پەلاماردانی کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ ئەو هێرشە بەرفراوانەی کەحکومەتی تاران دژی رێخراوە دیموکراتخوازەکانی ناوەند دەستیپێکردبوو، بەجۆرێك بڕیارەکانی حکومەت بۆ قەدەغەکردنی خۆپێشاندانەکان و مانگرتن و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان و سەرکوتکردنی ئازادیخوازانی زۆربەی شارەکانی ئێران و راگەیاندنی حکومەتی سەربازیی تیایدا زیاتر هانی دەسەڵاتدارانی ئێران و فەرماندە سەربازییەکانیدا پرۆسەی پەلاماردانی عەشیرەتە چەکدارەکانی باشوورو ناوەندیی کوردستان بخەنە خانەی جێبەجێکردنەوە. ئەو جێبەجێکردنەی کەلەهەموو ناوچەکاندا بەئاسانی بۆ سوپای ئێران نەچووە سەر، چونکە لەهەندێك مەڵبەند عەشیرەتە کوردەکان بەتوندیی بەگژ هێزە پەلاماردەرە ئێرانییەکاندا چوونەوەو قەیرانێکی گەورەیان بۆ سوپای ئێرانی لەکوردستاندا دروستکردو جەنگێکی راستەقینەیان بەروویدا تەقاندەوە، ئەم مەڵبەندانەش بریتی بوون لە ناوچەکانی خۆرئاوای ئوستانی کوردستان بەتایبەتیی ناوچەکانی هەورامان و مەریوان.

---

(١) رهبر، ٧ خرداد ١٣٢٤.

سەرەتا سەرلەشکر (حسن ارفع) سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران، بەیاننامەیەکی لە ٢٨ی شوباتی ١٩٤٥دا بۆ چەککردنی عەشیرەتە کوردەکانو موڵکدارەکانی ئوستانی کوردستان بڵاوکردەوەو ئەرکی ئەنجامدانی کارەکەی سپارد بەلەشکری ٤ی کوردستان کەفەرماندەکەی سەرتیپ هۆشمند ئەفشار بوو. لەشکری ٤ بەتەواویی هێزەکانییەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم فەرمانە کەوتەکار، بەچەشنێك لەگەڵ چەککردنی عەشیرەتەکاندا ماڵو سامانیشیان تاڵان دەکرانو ماڵاتەکانیان زەوت دەکرانو دەیانبردنە شارەکانی وەك زنجانو تەبرێزو بۆ قازانجی خۆیان دەیانفرۆشتن، بەم چەشنە دوای دوومانگ لەهەڵمەتی یەکەمی لەشکری ٤ ژمارەیەکی زۆری عەشیرەتەکانی نێوان سنەو سەقز چەککرانو بەشێکی سەرۆکەکانیشیان بەرەو زیندانەکان راپێچکران. ستادی ئەرتەش بڵاوی کردەوە کە لەم هەڵمەتە سەرکەوتووەدا توانراوە ٤١٦ تفەنگی جۆری ٥ تیرو٢٣٨ پارچە چەکی جۆراوجۆری تر کۆبکرێنەوەو لەشکری ٤ لەئەنجامدانی ئەرکەکەی بەردەوام دەبێت[1]، سەرتیپ ئەفشاریش لە ١١ی نیسان ١٩٤٥دا لەلایەن وەزارەتی جەنگەوە بانگکرایە تارانو لەوێ مەدالیای ئازایەتیی پێدا هەڵواسراو دوای خەڵاتکردنو تاووتوێکردنی مەسەلە بایەخدارەکانی هەڵمەتەکە، رەوانەی کوردستان کرایەوە تا گرنگترین بەشی ئۆپەراسیۆنەکە، کە چەککردنی عەشیرەتە کوردەکانی ناوچە سەختەکانی هەورامانو مەریوانە بەئەنجام بگەیەنێت.[2]

پێویستە بوترێت کەهەرێمی هەورامانو مەریوان[3] لەزۆر رووی سەربازیی و شوێنی ستراتیژیی و سنوورییەوە بایەخی تایبەتیی خۆی هەبوو، ئەم هەرێمە کە دەکەوێتە رۆژئاوای ئوستانی کوردستانەوە لەدوولاوە ناوچەیەکی جیاکەرەوەی گرنگ پێکدەهێنێت، چونکە وەك دەزانرێت ئەم هەرێمە لەلایەکەوە ناوچەی سنە لە کوردستانی

---

([1]) کوهستان ,١٧ اردیبهشت ١٣٢٤، ٢٤ اردیبهشت١٣٢٤، ٣١ اردیبهشت١٣٢٤.

([2]) ه.س, ٨ مرداد١٣٢٤.

([3]) ناوچەی مەریوان لە باکورەوە بەدەرەی شلێری کوردستانی عێراق , لە باشوورەوە بە ناوچەی پاوە , لە خۆرهەڵاتەوە بە ناوچەی سنەو لە خۆرئاواوە بە کوردستانی عێراقەوە بەستراوە, رووپێوی کۆنی (٣٨٢٨کم٢) و ناوەندەکەی شاری مەریوانە کە ٣ کم لە گۆلی (زرێوارە) وە دوورە و (١٢٧٣) مەتر لەرووی دەریاوە بڵندە , ناوچەیەکی سەخت و لێرەوار و کوێستانە, بڕوانە: کورد, س. پ, ل ل ٩٢٧-٩٢٨.

عێراق جیا دەکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە ناوەندە لەنێوان هەرێمی موکریان‌و مەڵبەندی کرماشاندا، تۆبۆگرافیای ناوچەکەش کە سەخت‌و چیاییە، لەرووی بەرگرییەوە ئەوەندەی تر بایەخە سەربازییەکەی زیاتر دەکرد.

هەربۆیە سەرەڕای ملنەدانی عەشیرەتەکانی ئەم هەرێمە بۆ چەککردنیان، ستادی ئەرتەش‌و راوێژکارە ئەمەریکیی‌و بەریتانییەکان زۆریان مەبەست بوو بەتەواویی ناوچەکە لەچەك داماڵن‌و بیکەنە پشتی جەبهەیەکی توندوتۆڵ بۆ سەربازگەکانی سەقزو بانەو سەدەشت لەهەر رووبەڕووبوونەوەو جووڵانەوەیەکدا ئایندە لەناوچەی نفوزی شورەوییدا سەرهەڵبدات، هەر لەبەر ئەوە لەشکری ٤ی کوردستان بەتەواویی ئامادەیی‌و پاڵپشتیی هێزە هەواییەکانی ئێرانییەوە کەوتە ئەنجامدانی پلانەکانی‌و هەر لەسەرەتاوە بریاری سەرکوتکردنی هەر جۆرە ملنەدان‌و ناڕەزاییەتیەکی عەشیرەتە کوردەکانی هەرێمەکەی دا.

سەرۆك عەشیرەتەکانی هەورامان کاتێك لەنیازی لەشکرو سەرتیپ ئەفشار حاڵییبوون، هەوڵیاندا لەڕێگای پەیوەندییکردن بەتارانەوە رێگریی لەهەڵگیرساندنی ئاگری شەرو کوشتار بکەن‌و رای گشتیی بۆ بارودۆخی ناهەمواری خێزانەکانیان رابکێشن کەلەترسی فشارو تالآنی لەشکر چوونەتە ناوچە سەختە کوێستانەکان‌و ژمارەیەکی زۆریان لێ مردووە.

لەناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٤٥دا (حەسەن خانی رەزاو) سەرۆك عەشیرەتی رەزاو تایەفەی حەسەن سوڵتانی لەگەڵ (عەزیز خان زادە مەحموود دزڵی) سەرۆك عەشیرەتی هەورامان، تەلەگرافێکیان رەوانەی مەجلیس، حکومەت‌و وەزارەتی جەنگ کردووە لەژێر ناونیشانی ((سرتیپ هوشمند افشار ازما چە میخواهد/ سەرتیپ هوشمند ئەفشار چی لێمان گەرەکە))و تیایدا هاتووە:

((لەم سالآنەی دواییدا چاوەڕێمان دەکرد دەوڵەت لەرابردوو ئەزموون وەرگرێت‌و بەشێوەیەکی راستەقینە بنچینەکانی دیموکراسیی بگرێتە خۆو کاری پێ بکات، بەڵام بەداخەوە رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان‌و شێوازی مامەڵەی سەرتیپ هۆشمەند ئەفشاری دیکتاتۆر لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بەرەزامەندیی دەوڵەت ئەنجامدراوە، هەموو گەشبینییەکەمانی گۆری بۆ رەشبینیی‌و بێ هیوایی، ئەفشار کەلەم دواییەدا لەتاران

گەڕاوەتەوە کوردستان لەکن چەند کەسانێکی نزیك بەخۆی فەرموویەتی (دەبێت دادگای لەشکری کوردستان بکەمە قەسابخانە، بەراستیی جێی داخو پەژارەیە بۆ میلەتێك کەسانی وەك ئەفشار ببنە رابەرىو حوکمی بکەن)).[1]

سەرتیپ ئەفشار کە لەتارانەوە فەرمانی تەواوی وەرگرتبوو، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا بەتوندیی هێرشی کردبووە سەر حەسەن خانی رەزاو و بەدزو تالانچیی ناوی بردووە، هەروەها پەروەندەیەکی ۱۹ تۆمەتی بۆسازدابوو کەزۆربەیان سەرانەسەندنو دەستبەسەرداگرتنی موڵكو ماڵی خەڵکی بوون، ئەفشار بەیاننامەکەی بەم پەرەگرافەی خوارەوە کۆتایی هێنابوو: ((لەبەر ئەوەی ئامۆژگاریی فەرماندەکانی پێشوو وئەو داواکارییانەی ۱۵ مانگە بۆ رەوانە دەکرێت هیچ سوودێکی ئەوتۆی نەبەخشیو کارێکی لەسەرناوبراو (واتە حەسەن خان ـ ل) بەجێنەهێشت، بۆیە لەشکر لەوە زیاتر ناتوانێت چاوپۆشی لەرێگرو پیاوخراپ بکاتو فەرمانیان وەرگرتووە بەرەو هەورامان بچنو ئەم ناوچەیەی کوردستان لەم جۆرە پیاو خراپانە پاك بکەنەوەو ئاسایشو موڵكو ماڵی عەشیرەتەکانو خەڵکەکە بپارێزن.))[2]

سەرۆك عەشیرەتەکانی هەورامانیش لەوەڵامی ئەو راگەیاندنی جەنگەی لەشکری ٤دا، لە بەرواری ۳۰ حوزەیرانی ۱۹٤٥ تەلەگرافێکیان بۆ حکومەت، مەجلیس، وەزارەتی جەنگ بەرز کردەوە کەئەمە وەرگێڕراوی دەقەکەیەتی:

((لەگەڵ ئەوەی جارەهای جارە بەدبەختیی خۆمانو نیازی شوومو گلاوی سەرتیپ هۆشمەند ئەفشارمان گەیاندۆتە ئەولیای ئموور، بۆ بەدبەختیی لەجیاتی بەهاوارمانەوە بێنو ستەمی سەرشانمان لابەرن، فەرمانی براکوژییان دەرکردووەو لەرێگای هێزەوە دەستیان داوەتە دامەزراندنی قەسابخانەیەك، لەکاتێکدا خەڵکی ئەم ناوچەیە بەمافی خۆیانی دەزانن پەنا بۆ یاسا بەرن، بۆیە داواتان لێدەکەین لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە

---

([1]) کوهستان ، ۲۸خرداد ،١٣٢٤.

([2]) ه.س، ۱۸ تیر ، ١٣٢٤.

رەوانەی کوردستان بکرێت تا لەرووداوەکان بکۆڵنەوەو پەردە لەرووی راستییەکان هەڵماڵرێتو کۆتایی بە بەدبەختیمان بهێنرێت))[1].

لەراستییدا، چەند جارێکی تر سەرۆك عەشیرتەکانی هەورامان ناوەندییان لەو تاوانانە ئاگادار کردۆتەوە کەسەر لەشکری ٤و هێزەکانی بەرامبەر خەڵکی بێدیفاعی ناوچەکەیان کردووەو داوای پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەیان کردووە بێئەوەی ئاوڕێکیان لێبدرێتەوە.

بەپێی ئەو بەیاننامەیەی سەرۆکایەتیی ستادی ئەرتەش لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٤٥دا بڵاویکردەوە، سەرەتا ستونێك لەهێزە ئێرانییەکان بەهەموو پێویستیەکانییەوە لەسنەوە بەرەو هەورامان لەبەرواری ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٤٥دا کەوتەرێ، ئەم هێزە ماوەیەك بەسەرکوتکردنی عەشیرەتەکانی نێوان سنەو هەوراماندا خەریك بوو رێگەی بۆ خۆی پاکدەکردەوەو پادگانی بەهێزی لەو شوێنانەی دادەمەزراند. دواتر لە١٢ی تەمووزی ١٩٤٥دا لەگەڵ عەشیرەتەکانی هەوراماندا پێکداهەڵپرژانو هێزەکانی ئێرانیی توانیویانە بەرزاییەکانی (نیگڵ، دانە، کەشو رەشنەش) لەدەست عەشیرەتەکان دەربهێننو بەرەو چیای (کەرەمەیانە) پاشەکشەیان پێ بکەن، ئەو کێوە بەرزەی کەبەسەر ئاوایی رەزاودا دەڕوانێت. هێزەکانی لەشکری ٤ی کوردستان دوای سێ رۆژ واتە لە١٥ی تەمووزی ١٩٤٥ پەلاماری چیای کەرەمەیانەیان داوەو ناوچەکەیان لەدەست (ئەشرار) پاككردۆتەوەو ٣٥ کەسیان لێ کوشتوونو راویان ناون بەرەو کێوەکانی سنوور، (شەهیدەکانی) لەشکریش تەنیا ٦ نەفەر بوون.

بەپێی ئەم بەیاننامەیە لەکاتی شەڕی لەشکرو عەشیرەتەکانی هەوراماندا، ناوچەی مەریوانیش راپەڕیونو عەشیرەتەکانی لەژێر سەرکردایەتیی مەحموودخانی کانی سانان کە پلەی سەرهەنگی دووەمی ئیفتیخاری ژاندارمەریی هەبوو، لەبەرەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٨ی تەمووزی ١٩٤٥ لەپشتەوە پەلاماری قەرارگای گوردانی سەربەخۆی مەریوانیان داوە، بەڵام نەیانتوانیوە لەبەر بەرگریی قارەمانی گوردان کەدووشەهیدو ١٢ بریندارینان داوە ئامانجەکانیان بەدەستبهێننو بەشاخو کێوەکانی

---

([1]) هـ.س.

دەوروبەریدا وەك تۆی هەرزن بڵاو بوون. سەرکردایەتیی ستادی ئەرتەش لەکۆتایی بەیاننامەکەیدا نووسیویەتی: (( ئاشکرایە بەردەوام بوونی ئەوچەشنە دۆخەی (ملوك الطوایفی)و خودسەرییە لەناوچەیەکی مەرزیی و پڕبایەخی بەم شێوەیەی وڵاتی ئێراندا بەهیچ جۆرێك قابیلی قبووڵ نییە، هەربۆیە لەلایەن ستادی ئەرتەشەوە دەستوری تەواو دراوە بۆ سەرکوتکردن و لەڕەگەوە دەرکێشانی ئەشرارو موتەجاسرو چەککردنیان لەناوچەکەدا، هێزی زیاتریش نێردراوە تا گەرچی زووترە کۆتایی بەم ئاژاوەو بەرەڵڵاییە بهێنن و ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکە بگێڕنەوە.))[1].

لەهەمان کاتدا لەشکری ٤ کوردستانیش بەیاننامەیەکی بە هەمان ناوەرۆکی بەیاننامەی ستادی ئەرتەش بڵاوکردەوەو تیایدا بەتوندیی هێرشی کردۆتە سەر حەسەن خانی رەزاو ، تەنیا جیاوازییەك لەنێوان ئەم دوو بەیاننامەیەدا، ئەوەی ستادی ئەرتەش مێژووی ١٥ی تەمووزی داناوە بۆ پەلامارو گرتنی چیای کەرەمەیانە لەلایەن هێزە ئێرانییەکانەوە، بەڵام ئەوەکەی لەشکری ٤ی کوردستان ١٣ی تەمووزی داناوە، دیارە ئەم دوو رۆژ فەرقە ئەوکاتەیە کەپێویست دەکات هەواڵێکی تێدا لەکوردستانەوە بگاتە تاران![2]

سەرۆکی روکنی٢ی ستادی ئەرتەشیش لەرۆژنامەی (اطلاعات)ی فەرمییدا لەژێر ناونیشانی(تفصیل وقائع کردستان/ درێژەی رووداوەکانی کوردستان) باسی لە رووداوەکانی هێرش و پەلاماردانەکەی لەشکری کوردستان کردووەو بەتوندیی هێرشی کردۆتە سەر سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردو بەسەرچاوەی ئاژاوەیان دەداتە قەڵەم، دواتر باسی ئەو هاوکارییە سەربازییە دەکات کەوەزارەتی جەنگ لەتارانەوە ناردوویەتی بۆ کوردستان، هەروەها هەوڵەکانی هێزەکانی کرماشان بۆ کۆنترۆڵکردنی رێگای نێوان سنەو مەریوان کەلەژێر هەڕەشەی راپەڕیوەکاندا بووە. سەرۆکی روکنی ٢ لەکۆتایی قسەکانیدا دەڵێت: ((لەم ئاژاوەو یاخیبوونەدا ئەشراری عێراقیی لەپاڵ ئەشراری کوردستاندا دژی هێزە ئێرانییەکان بەشدارییان کردووە، تەنانەت یەکێك لەو ئەشرارە

---

([1]) هـ.س, ٨ مرداد ،١٣٢٤.

([2]) کوهستان ،٨مرداد ،١٣٢٤

عێراقییانە گوللەی پێ کەوتووەو کوژراوەو بە جلەکانی خۆیەوە لەگردێك شاردویانەتەوە))[1].

بەگشتیی، دەتوانرێت ناوەڕۆکی ئەو بەیاننامەو ئاخاوتنانەی لێپرسراوانی سەربازیی ئێرانیی سەبارەت بەڕووداوەکانی هەورامانو مەریوان بڵاویان دەکردەوە، لەم چەند خاڵەی خوارەوە کۆبکەینەوە:

١ـ تاوانبارکردنی سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردو پێشاندانیان بە ئەشرار، موتەجاسیر، دز، تالانچییو خائن، و سەپاندنی ئۆباڵی پەلاماردانەکە بەئەستۆی ئەواندا.

٢ـ باسکردنی پەلاماردانەکانی لشکری ٤ی کوردستانو گێڕانەوەی وەك قارەمانێتییو پاڵەوانێتیی بەسەر هێزێکی بێگانەداو ناونانی کوژراوەکانی سوپا بەشەهیدی ڕێگای سەربەرزیی ئێران.

٣ـ داپۆشینی ئەو کەمەڵکوژییەی کەهێزە ئێرانییەکان لەخەڵکی بێدیفاعی ناوچەکەیان کردووەو شاردنەوەی لەرای گشتیی ئێرانیی.

٤ـ تاوانبارکردنی مەحموودخانی کانی سانانی بەخیانەت لەئێرانو بەوەی پەلاماری گوردانی سوپای ئێرانی لەپشتەوە.

٥ـ تاوانبارکردنی عێراقو ئاماژە بۆ کردنی بەشداربوونی کوردەکانی گەرمێن لەپاڵ ڕاپەڕیوەکاندا دژی لەشکری ئێران. سەرۆکی روکنی ٢ ووتی: ((زۆربەی ئەو عەشیرتە کوردە ئاژاوە گێڕانە دەچنە عێراقو حکومەتی عێراق وەك پەنابەرێکی سیاسیی دەیان حەوێنێتەوەو نایانداتەوە بەئێران.. ڕەزاوییەکانیش هەر پشتیان بەمەقایمە))[2].

٦ـ دانپێدانان بەوەی لەشکری ٤ی کوردستان بەتەنیا نەیتوانیوە مەسەلەکە کۆتایی بهێنێتو لەتارانو کرماشانەوە بەفریای گەیوون.

بەبەراوردکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی ستادی ئەرتەشو لەشکری چوار لەگەڵ ئەو هەواڵو بڵاوکراوانەی کە هەندێك کەسانی بێلایەنو ژمارەیەك ڕۆشنبیرانی کوردی نیشتمانپەروەرو هەندێك لەڕۆژنامەکانی ناوەند لەسەر ڕووداوەکان بڵاویانکردۆتەوە،

---

([1])اطلاعات ,تهران , ٦ مرداد ،١٣٢٤.

([2]) هـ.س.

هەروەها بەبەراوردکردنیان لەگەڵ ئەو تەلەگرافانەی لەکوردستانەوە بەرزکراونەتەوە بۆ پشتگیری خەڵکی ستەملێکراوی هەورامان، دواتر تەلەگرافی سەرۆك عەشیرەتەکانی هەورامان خۆیان، بەڕوونیی دەردەکەوێت ناوەرۆکی بەیاننامەکان تاڕادەیەکی زۆر ناراستیی مێژووییان پێوە دیارەو لەلایەن ستادی ئەرتەش و لەشکری ٤ەوە بۆچاوبەست هەڵبەسراون.

مێژوونووسی ناسراوو کەسایەتی ئاینیی بەناوبانگی کورد (شێخ موحەممەد مەردۆخی کوردستانیی) لەنامەیەکیدا کەئاراستەی حکومەتی (محسن صدر)و نمایندەکانی مەجلیسی شورای ئێرانیی کردووە، دوای ئەوەی ئۆباڵی کوشتارەکانی کوردستانی خستۆتە ئەستۆی ژمارەیەك لەکارمەندو فەرماندە چاوبرسیی و خۆپەرستە ئێرانییەکان، بەتوندیی رەخنەی لەهەردوو بەیاننامەکەی ستادی ئەرتەش و لەشکری ٤و ژمارەیەك لەرۆژنامە فەرمییەکانی ناوەند گرتووە کە کوردیان بە ئەشرارو سەربازەکانی ئێرانیشیان بەموجاهید ناوبردوون، کوژراوەکانی کوردیان بەتەلەفات و ئەوی سوپایان بەشەهید لەقەڵەم داوە، لەکاتێکدا هەردوو بران و پەیڕەوی خوداو پێغەمبەرێك و کتێبێکن و تەنیا جیاوازیان ئەوەیە کورد داوای ئارامیی و ئاسایش و چەسپاندنی مەشرووتییەت و بنچینەکانی دیموکراسیی دەکات، مەردۆخی نامەکەی بەم پەرەگرافەی خوارەوە کۆتایی پێدێنێت: ((هەموو کەس دەزانێت کەلەو بەردە مەڕمەڕەی بەبۆنەی بنیاتنانی مزگەوتی (دارا الاحسان)ەوە دانراوە ناوی حەسەن خانی رەزاو و مەحموودخانی کانی سانانی وەك دوو فیداکارو خزمەتگوزاری دەوڵەت هاتووە، هەموو رۆژێکی هەینی کەخەڵکی شار بۆ نوێژی جومعە سەر لەم مزگەوتە دەدەن بەچاوی خۆیان ئەم بەردە دەبینن، ئێستا چ قەوماوە وا بەجارێ ئەم دوو فیداکارە ببنە ئەشرارو خائن؟! ئەوەی روون و ئاشکرایە تەنها ئەوەندەیە، هەر کاتێك عەشیرەتەکانی کورد ئامادە نەبن ببنە ئامرازی دەستی دەوڵەت یەکسەر بەئەشرار دەناسرێن و بەهەڕەشە لەسەر دەوڵەت دادەنرێن.)).[1]

---

(1) کوهستان , ١٥مرداد ،١٣٢٤.

ئاغای (جعفر حیدری ) لەژێر ناونیشانی (سرتیپ هۆشمند افشار دیکتاتور کردستان) وتارێکی بڵاوکردۆتەوە ، دوای ئەوەی بەتوندیی رەخنەی لەقەسابخانەکەی سرتیپ ئەفشار گرتووە لە کوردستان و رووی دەمی کردۆتە سەرۆك وەزیرانی ئێران و دەڵێت: ((بەڕاستیی جەنابی سەرۆك وەزیران زۆر سەیرە بەڕێزتان لەجیاتی ئەوەی فەرمانی کوشتن وپەلامارو براکوژیی دەرکەن چاکترنەبوو لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە بنێرن و راستییەکان دەرخەن ،ئەوە بۆ دوومانگ دەچێت کوردەکانی هەورامان و مەریوان بەتەلەگراف داواتان لێدەکەن ، ئایە باشتر نەبوو فەرمانی دامەزراندنی خوێندنگاو پەروەردەکردنی منداڵانی کورد لەجیاتی براکوژیی دەربکەن، خۆ جەنابتان زۆرباش دەزانن کە پارەی دامەزراندنی چەند خوێندنگایەك زۆر کەمترە لە یەك لە هەزاری مەسرەفی ئەو لەشکرکێشیی و کوشتوبڕەی تێدەچێ کە لەناوچەکە بەرپابووە ،ئەگەر بەڕێزتان دوولایەنی گرنگ واتە فەرهەنگو تەندروستیی لەناو ئێمەی کورددا برەو پێ بدەن و لێپرسراوی پاك و نیشتیمانپەروەر لەخۆمان دابنێن کە یاسا بچەسپێنن و یەکسانیی و دادپەروەریی لەکوردستاندا بەرقەراربکەن ،من گرێنتیتان دەدەمێ ئەو هەموو کەسایەتییە فیداکارانەی سەرتیپ هۆشمەندی ئەفشار بەدزو خائین ناویان دەبات و سەدجار لەو شارستانییترو نیشتمانپەرستترن هیچ پێویستیەکیان بەهێزی سەربازیی نییە تا خزمەتی دەوڵەت و میلەت بکەن، کوردستان ئەمرۆ پێویستیی بەخوێندنگاو تەندروستیی و یاسایە، نەك تۆپ و تەیارەو سەربازی سەرکوتکەر)).[١]

ژمارەیەکیش لەبازرگانان و موڵکدارە نیشتمانپەروەرو رۆشنبیرە ئازادییخوازەکانی شاری مەهاباد کەژمارەیان لە ٤٠ کەس زیاترە، نامەیەکیان لەژێر ناونیشانی (ازادی است یا دکتاتۆری) بۆ سەرۆك وەزیرانی ئێرانیی، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی جەنگ، وەزارەتی دادو ستادی ئەرتەش نووسیوە بەبۆنەی لەشکرکێشییەکەی هەورامان و مەریوان کەئەمە وەرگێڕاوی دەقەکەیەتی:

((دوای رژاندنی خوێنی ٥٠ ملیۆن کەس لاوو جوانانی ئازاو قارەمانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، جەنگ لەئەوروپا کۆتاییهات، زۆرداران و دیکتاتۆران نابووت بوون،

---

([١]) کوهستان ،١٠ دی ،١٣٢٤ .

خۆرەتاوی بەختەوەریی و ئازادیی لەئاسۆ دەرکەوت. گەرچی جەنگ قەڵای فاشیستەکان و دیکتاتۆرەکانی رمان، کەچی ئێمەی کورد لەدەستی مامۆستایانی فاشییزم رزگارمان نەبووەو بەئارەزووی خۆیان لەناوچەکانی کوردستان تەراتێنیانەو خەڵکی دەهاژوون، بێ خەبەرن لەوەی ئازادیی و دیموکراسیی سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوەو چیدی رێگا بەزۆرداران وفاشیستان نادرێتەوە بگەڕێنەوە سەر شانۆو باڵادەستیی خۆیان بسەپێنن، دیارە بەدبەختی گەلی کوردە واجاریکی تر لەئێرانی ئێمەدا بەپیلان و فیتنەبازیی، لێپرسراوە فاشیستەکانی پێشوویان ناردۆتە ناوچەکانی کوردستان و خەریکی قڕکردنی پاکترین ئێرانیی نەژادن (واتە کورد - ل) کەمێژوو شاهیدی پیاوەتیی و جوامێریی و ئازایەتییانە، بۆنمونە: سەرتیپ هۆشمەند ئەفشار لەهەڵپەی بەرزکردنەوەی پلەو پایەی خۆیدا سەر لەنوێ ئاگری جەنگی لەکوردستان هەڵگیرساندووەو بەخۆرایی خوێنی لاوانی کورد دەرێژێت، هەر بۆیە میلەتی کورد داوای لەکارخستنی ئەم کابرایە دەکات و چاوەرێیە دەوڵەت ریشەی دیکتاتۆریی لەکوردستان هەڵکەنێت و چیدی چاو لەتاوانەکانی ئەفشار نەپۆشێت و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان لەبێدادیی و دیکتاتۆریی رزگاریان بێت)).[1]

ئاغای هوشنگ سهرابیش لەوتارێکیدا بەناونیشانی (مرگ در راه ازادی/ مردن لەرێگای ئازادییدا) نووسیویەتی: ((بەئاشکرا پێویستە بە فەرماندەکانی ئەرتەش و تەواوی کارمەندانی دەوڵەت و لێپرسراوان لەکوردستاندا بگوترێت: کوشتاری چەندین ملیۆن جوان وپیر، ژن و منداڵ، رۆشنبیرو پیشەوەرو کاسبکار لەپێناوی ئازادیی و بەناوی ئازادییەوە بووە، تا ئەو کاتەی ئاسەواری وێرانییەکانی ستالینگرادو بەرلین و لەندەن بمێنێ و لەبیرمابێ، تا ئەو کاتەی گۆڕستانی جەنگاوەرانی سباستۆپۆل و عەلەمەین لەبەرچاو بێ، وشەی ئازادیی هەرگیز لەچاو ون نابێ، دواتر بێ عەقڵیی و کەم دەماغییە کە بە زۆر و هەڕەشە دژایەتیی موقەدەساتی کۆمەڵێکی گوێڕایەڵ و ئازاو دلاوەری وەکو کورد بکرێت، ئەنجامدەرانی ئەم تاوان وکارە ناڕەوایانەی کوردستان

---

([1]) هـ.س. ٢٢ مرداد ١٣٢٤.

پێویستە ئاگادار بن  کە زۆرو کەڵەگایی و سەرەڕۆیی ئەنجامی خراپتری لێدەکەوێتەوە و بە هەموو هێزمان هاوار دەکەین و دەڵێین یا مەرگ یا ئازادیی)).[1]

سەرۆك عەشیرەتەکانی هەورامانیش کە ئەم جارە ناوی مەحموودخانی کانیسانانیشیان دەگەڵدا هاتووە، تەلەگرافێکیان بۆ ناوەند ناردووە و باسی تاوانەکانی سەرتیپ ئەفشاریان کردووە و گوتوویانە: ((تا وەختی نووسینی ئەم بڵاوکراوەیە سەرتیپ هوشمەند ئەفشار (٣٥) جووتیاری بەناوی ئەشرار تیرەباران کردووە، لە جێگایەکی تر کۆمەڵێك خەریکی دروێنەکردن بوون و تۆپباران کراون  و زۆریان لیٚ کوژراوە ، داوای ناردنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەکەین)).[2]

ئەم نووسین و تەلەگرافانەی خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیرانی کورد تاڕادەیەك مەسەلەکەی لە ناوەند زەقکردەوە و ڕۆژنامە و گۆڤارە دیموکراتیخوازەکان و نەیارەکانی حکومەت قۆزتیانەوە، ئەوانەی بە خراپیی باسی فەرماندەکانی لەشکری کوردستان و داوای  وەستاندنی لەشکرکێشییان دەکرد، ڕۆژنامەی (رهبر) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران نووسیویەتی (( لەئەنجامی کردەوەی کەسانی ئاگرخۆشکەر و کۆنەپەرست و سەرکردایەتیی نابەجێی ژەنەراڵ (هۆشمەند ئەفشار) جارێکی تر ئاگری ئاژاوە و نائارامیی کوردستانی تەنییوەتەوە، بە گوێرەی هەواڵی گەیشتوو لە گوندی (ڕەزاو)[3] تیپێکی سوپای دەوڵەتیی گەمارۆ دراوە و زیانێکی زۆری لێکەوتووە، بە جۆرێك لەتارانەوە بەتالوکە سەربازی دی بۆ ئەویٚ ڕەوانەکراون ، ستادی گشتیی، پەیوەندیی لەگەڵ یەکە سوپاییەکانی ناوچەی نائارامدا پچراوە.))[4]

هەروەها ڕۆژنامەی (رستاخیز ایران/ ژیانەوەی ئێران) فەرمانی پەلامارو ناردنی سوپای بۆ کوردستان بە مەبەستی  " دەوڵەمەند کردنی ژەنەراڵەکان و بەتاڵ کردنەوەی

---

(1) هـ.س. ٢ مهر ١٣٢٤.

(2) هـ.س، ٨ مرداد ١٣٢٤.

(3) گوندی ناوەندی دێکۆی ڕەزاوە, لە٤٤کم باشووری خۆرهەڵاتی مەریوانەوە و لە قەراخ چۆمی ( ئەویهەنگ)دایە , کوێستانی و ئارانە, دەغڵ و توتنو ئاژەڵداری  هەیە , بڕوانە کورد, س.پ, ل ل ٩٦٤-٩٦٦.

(4) وەرگیراوە لە :ژیگالینا. س.پ , ل ١٠٩.

گەنجینەی دەوڵەت و ورووژاندنی خێڵە کوردەکان " لێکدایەوە[1]. وەك ڕووداوەکان دەریدەخەن هێزەکانی لەشکری ٤ی کوردستان ئاگری جەنگێکیان هەڵگیرساندووە وا بە ئاسانی بۆیان نەدەکوژاوە، چونکە ئۆپەراسیۆنی چەککردنی عەشیرەتە کوردەکانی هەورامان بووە هاندەری ڕاپەڕینی عەشیرەتەکانی مەریوان دژی هێزە ئێرانییەکانی ناوچەکە، ئەمەش پێچەوانەی چاوەڕوانکردنی فەرماندەکانی لەشکر بوو، هێزەکانی مەحموودخانی کانیسانان سوودیان لە سەختیی ناوچەی مەریوان کرد و چەند جارێك پەلاماری بنکەو بارەگاکانی هێزە ئێرانییەکانیاندا، بە تایبەتیی، ئەو دوو هێرشەی کرایە سەر پادگانی مەریوان و پادگانی قژاکان زیانی گەورەیان پێگەیاندن و ورەی سەربازەکانی هێنایەخوار. لەگەڵ هێندەش، لەشکری ٤ی کوردستان بە تەواوی چەك وهێزەکانییەوە لە شەڕ گلابوون، وێڕای ئەوەی هێزە ئاسمانییەکانیەکانی حکومەتی ئێرانیی هێرشی بەردەوامی ئەکردە سەر خێزانە بێدیفاعەکانی عەشیرەتەکانی هەورامان، دواتر ناردنی هێز و پاڵپشتی لە تاران و کرماشان بۆ بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکەدا. سەرەڕای هەموو ئەمانە، سوپای ئێرانیی نەیتوانی گوندی دزڵێ ناوەندی ڕاپەڕینەکەی هەورامان بگرێت ، جگە لەوە زۆربەی دۆڵ و دەربەندە سەختەکان لە دەستی عەشیرەتە ڕاپەڕیوەکاندا مابوونەوە.[2]

لەبەر شکستی سەرتیپ هوشمەند ئەفشار لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکەی لە کاتی دیاریکراودا، هەروەها دوای شێواندنی ناوبانگی و ڕیسواکردنی تاوانەکانی لەلایەن ڕۆژنامە ئازادیخوازەکانی تارانەوە، ستادی ئەرتەش بە بڕیارێك ئەفشاری لە فەرماندەیی لەشکری کوردستان لابردو (سەرتیپ همایۆنی) کردە فەرماندە، پاشان لە تارانەوە سەرلەشکر (جهانبانی) ناردە کوردستان تا هەرچی زووترە کۆتایی بە مەسەلەی هەورامان و مەریوان بهێنن، ئەو مەسەلەیەی ببوە قەیرانێکی ڕاستەقینەو فاکتەرێکی بەشداربووی ڕووخاندنی حکومەتەکەی (صدر) بوولە کۆتاییی حوزەیرانی١٩٤٥دا.[3]

---

([1]) لە: هـ.س، ل ١٠٩.

([2]) کوهستان، ١٠ دی ١٣٢٤.

([3]) هـ.س، ٣٠ مهرماه ١٣٢٤.

سەرلەشکر جیهانبانی کاتێك گەیشتە کوردستان بە دوو ئاراستە کەوتەکار ، لە لایەك لەگەڵ سەرتیپ هومایۆنی کەوتنەوە ڕێکخستنەوەی  سوپاو دانانی پلانی سەربازیی گونجاو، لە لایەکی تریشەوە ئاشکرایکرد کە خوازیاری گفتوگۆو چاوپێکەوتنی سەرۆك عەشیرەتەکانەو  دەیەوێت لەو ڕێگایەوە کۆتایی بەو شەڕوکوشتارە بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمسیۆنێکی پێکهێنا لە چەند کەسایەتییەکی خۆجێی دەوڵەتخواز بە سەرۆکایەتیی پاسیار ئاصف وزیری و ئەندامێتیی وکیل السلطان عبدالعلی سنندجی، حاجی أمیر أردەلان ،علی أشرف وزیری و سرهنگ پیشداد فەرماندەی هەنگی سوارەی پەهلەویی. ئەم کۆمسیۆنە بڕیار بوو لە گوندی (بارام ئاوا) ی نزیك دزلیّ چاویان بە سەرۆك عەشیرەتەکانی هەورامان بکەوێت و لە گەڵیاندا کۆببنەوە و گویّ لە داواکاریەکانیان بگرن.

لە کاتێکدا سەرۆك عەشیرتەکانی کورد هیوایەکی زۆریان بەو گفتوگۆیە هەڵچنی بوو خۆیان ئامادە دەکرد بەرەو بارام ئاوا بەڕێکەون، هێزە ئێرانییەکان خۆیان لەئابڵوقە ڕزگارکردو هەندێك شوێنی گرنگی وەك بەرزاییەکانی (سەروئاواو دووڕوو)یان کەوتە دەست، سەرۆکە کوردەکان کە بریتییبوون لە(حەسەن خانی ڕەزاو، محمود خانی دزڵیّ، مەحموودخانی کانی سانانی، محمد شریف ئەڵمانە، عەبدوڵڵا قەڵاچی، محەمەد کانی سانانی، موزەفەر ڕەزاوی، محەمەد عەلی تەفلی، محەمەد ڕەزا بەگ، مەحموود کەراوایی)و زۆری تر لەگەورەپیاوانی هەورامان، لەبارام ئاوا لەگەڵ کۆمسیۆنی ناوبراو کۆبوونەوە، کۆمسیۆن بیّ ئەوەی گویّ لەداواکارییەکانی ئەو سەرۆکە کوردانە بگرێت، پێی ڕاگەیاندن کەپێویستە تەواوی چەکەکانیان تەسلیمی حکومەت بکەنو پابەندی (حسن سلوك) بن، هێزەکانی ئێران کەهەلیان بۆ ڕەخساو لەپادگانی (گاشێخان) لەنێوان مەریوانو هەوراماندا دایانکوتاو چاوەڕێی ئاکامەکانی گفتوگۆو فەرمانی سرتیپ هامیۆنی بوون. کۆمسیۆن بەسەرۆکە کوردەکانی ڕاگەیاند کەقۆناغی دووەمی گفتوگۆ پێویستە لەدزلی بێت، بەمەرجێك فەرماندەی لەشکری کوردستان بەهێزێکی ئێرانییەوە

لەویٚ ئامادەبن، ئەم داواکارییە لەلایەن سەرۆکە کوردەکانەوە رەتکرایەوە، هەر بۆیە هێزە ئێرانییەکان بۆ هەلێکی گونجاو دەگەڕان پەلاماربەن و ئەم هەلەشیان زوو کەوتە دەست.[1]

دوای ئەوەی سەرۆکە کوردەکان لەگفتوگۆ هیچیان پێنەبڕا، گەڕانەوە دزلی تا لەناوخۆیاندا راوێژ لەسەر هەلومەرجە ناسکەکە بکەن. چەند سەرۆکێکی وەك (محەمەد عەلی تەفلی و محەمەد شەریف ئەڵمانە) رازییبوون بەوەی چەکەکانیان بدەن بەدەستەوە بەمەرجیٚ حکومەت لێخۆشبوونی گشتییان بۆ دەربکات، مەحموودخانی دزلیٚ، مەحموودخانی کانی سانانی، حەسەن خانی رەزاو دژی خۆبەدەستەوەدان بوون ولەگەڵ بەرگریدابوون.

سەرلەشکر جهانبانی لەم دەرفەتەی باشتر نەدۆزییەوە، بەتایبەتیی کە وەرزی پایز دەستی پێکردبوو، ناوچە سەختەکانی هەورامانیش رۆژ بەرۆژ ساردتر دەبوون و سەربازی ئێرانیش لەهەل و مەرجی سەرمای زستاندا نەجەنگی پێدەکراو نەپەلامار، هەر بۆیە جهانبانی فەرمانی بەهێزە زەمینیی و ئاسمانییەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهییدا پەلامارێکی سەتاسەریی دزلیٚ بدەن و کام شوێنەی گرنگە کۆنترۆڵی کەن. تۆپەکانی ئێران زۆر بەخەستیی گوندی دزلیان بۆمبباران کرد، ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی لەگەڵ خۆبەدەستەوەداندابوون خۆیان تەسلیم کرد، ئەوانی دیش کەتوانای بەرگرییان نەمابوو فریای خێزانەکانیان کەوتن و ئاودیوی سنوور بوون.[2] محمودخانی دزلی دوای ماوەیەك گرتنی لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە لە هەڵەبجە گیانی سپارد. مەحموودخانی کانی

---

([1]) هـ.س، ١٠ دی ١٣٢٤.

([2]) وێرانکردنـی گونـدی دزلـی بـەو شـێوەیە سـۆزی شـاعیرانی ئـەو دەمـەی جولاٚنـدووەو بەشـیعر کارەسـاتەکەیان هۆنیوەتەوەو، لەیەکێك لەو شیعرانەدا بەناوی (شەڕە!!) هاتووە.

بیستوتە لەئێرانی قوا جەمع کراو — جبهەی شڕی دایر بوە حملە بەڕەزاوە؟
سەرباز غریب هاتووە بیچارە لەڕیٚی دوور — بۆ کوشتنی لاوانی وطن نقشە کشاوە
هورامی همو صاحب منداڵ و عیالن — بۆچیان دەکوژن، چەبوە، چەرا بۆ چەکراوە؟
خاکیٚ نیە اطفالی صغیر بیکەنە سەردا — هرچی کە دەچن خوینی براو بابە رژاوە
برلن بۆ مگر گرتنی أم قریە خرابە — وا کوتنە جولاٚنەوە بم تیپ و سپاوە
نارنجك و خمیارە و هم توپ مسلسل — بم تانك لەکیوانو طیارە لەسماوە؟
قصابی ملت نەبو شایستە دولت — معلومە بە اغفالی عدو أمر دراوە

بڕوانە: هـ.س، ١٥ مرداد ١٣٢٤.

سانانیش کەحکومەت بۆ کوشتنەکەی پاداشتی دانابوو ناوی لیٚ نابوو (روباه صفت/ ریٚوی سیفەت)، دووچاری نەخۆشییەکی سەخت بوو لەکوردستانی عیٚراق، نەخۆشییەکەی زۆری بۆ هیٚناو ناچار سوودی لەفەرمانی لیٚخۆشبوون کردو گەڕاوە ئیٚران‌و بەرەو تاران کەوتەڕیٚ بەڵام بەمردوویی لاشەکەیان گەڕانەوە بۆ کوردستان، خیٚزانە ئاوارەو پەراگەندەکانی کوردستانی عیٚراقیش ئەرکی گەڕانەوەیان سپیٚردرا بە پاسیار ئاصف وەزیری‌و وردە وردە گەڕانەوە شویٚنەکانی خۆیان.[1]

بەم چەشنە دوای ئەنجامدانی تاوانیٚکی زۆرو زەرەرو زیانیٚکی مادیی‌و مرۆیی مەزن ئۆپەراسیۆنی چەککردنی عەشیرەتە کوردەکانی هەورامان‌و مەریوان لەلایەن لەشکری ٤ی کوردستانەوە کۆتایی هات، هیٚزە ئیٚرانییەکانی گاشیٚخان‌و دزڵیش دوای ئەنجامدانی کارەکەیان یەکیانگرتەوەو بۆ بەهیٚزکردنی پادگاکانی ناوچەی سەقزو سەردەشت بەریٚکەوتن.[2]

"ژیگالینا" کە راپەڕینی کوردەکانی هەورامان‌و مەریوان بە بەشیٚك لەبزووتنەوەی دیموکراسیی سەرتاسەریی ئیٚرانیی دژی حکومەتی تاران‌و تیرۆری سوپا دەداتە قەڵەم، پیٚیوایە کە راپەڕینەکە هەرچەندە ناوچەگەریی بووە، بەڵام زۆرینەی عەشیرەتەکان‌و چین‌و تویٚژە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەی لەخۆگرتبوو، بەهۆی رابەرایەتییە عەشیرەتییەکەشییەوە نەیتوانیووە خۆی لەگۆشەگیریی رزگاربکات‌و ببیٚتە راپەڕینیکی سەرتاسەریی لەکوردستان دژی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی ناوخۆ.[3]

---

([1]) هـ. س، ١٠دی ١٣٢٤، ٢٨ ئابان ماه ١٣٢٤. شایەنی باسە مەحمودخانی کانی سانان لەبەرواری ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ چووە تاران و بۆ ماوەیەك لەماڵی پاسیار ئ‌ەصف وەزیری حەسایەوە، دواتر لە ئاسایشگای پۆستی چووە ژیٚر چاودیٚری پزیشکەوە تا لەبەرواری ٢٧ی بەفرانبار بەرامبەر ١٨ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ واتە چوار رۆژ پیٚش راگەیاندنی کۆماری کوردستان، لە تاران گیانی سپارد. بڕوانە: هـ. س، ١ بهمن ١٣٢٤.

([2]) هـ. س، ١٠دی ١٣٢٤.

([3]) ژیگالینا بیٚ هیچ بەڵگەو سەرچاوەیەك دەڵیٚت کە باڵی چەپی کۆمەڵی ژ. ك ریٚبەرایەتی راپەڕینەکەیان کردووە، ئیٚمە ئەوەندەی گەڕاین زانیارییەکی وامان چنگ نەکەوتووە ئەو بۆچوونەی ژیگالینا بسەلمیٚنیٚت، بەتایبەتیی وەك دواتر باس لیٚوە دەکەین کۆمەڵی ژ. ك بڕوای بە عەشیرەتەکان و سەرکەوتنی راپەڕینە چەکدارییەکانیان نەبووە چ جای ریٚبەرایەتی کردنیان !! بڕوانە: ژیگالینا، باری سیاسی کوردستانی ئیٚران، ل ١١٠ .

# باسی پێنجەم: بوژانەوەی کاری ڕێکخراوەیی و دامەزراندنی کۆمەڵەو پارتە سیاسییە کوردییەکان لەساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا

## یەکەم: سەرنجێکی مێژوویی لەکۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێش دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ك).

ئاشکرایە کە ڕێکخراو گروپێکی کۆمەڵایەتیی خاوەن سنووری جیاکەرەوەیە، بیرێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوەو لەپێناوی تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوو لەرێی کاری هاوبەشی لایەنگرانییەوە دادەمەزرێت، کەهەر یەکەیان بەپێی سروشتی باوەڕو ئامانجو زەمینەی کارکردنییەوە خاوەنی: شێوازی ئەندامەتیی، پێکهاتەی هەرەمیی، جۆری ڕێکخستنو کارکردن، چۆنیەتیی بڕیاروەرگرتنو ڕێبەرایەتیی تایبەتیی خۆیانو لەرێکخراوێکی دی پێ جیادەکرێنەوە. هەر بۆیە کاتێك دەڵێن ڕێکخراوێکی سیاسیی، مەبەستمان گروپێکە لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسییدا دادەمەزرێت، کە خاوەنی بەرنامەی تایبەتەو لەهەموو پێویستییەکانی دابەشکردنی ئەرك و کاری ڕێکخراودا بەهرەمەندە.[1]

خۆ ئەگەر لەبەر تیشکی ئەم پێناسەیەی سەرەوە ئاوڕێکی مێژوویی لەرۆژهەلاتی کوردستان بدرێتەوە، ئەوا دەتوانرێت بوترێت کەدیاردەی پێکهێنانی ڕێکخراوو کاری ڕێکخراو لەم بەشەی کوردستاندا تا ماوەیەکی درەنگ دواکەوتووە .دوای دەرکەوتنیشی لاوازو ساکار بووە، بەجۆرێك لەئاستی بەجێهێنانی ئەرکە سەرەکییەکانی نەبووە کەخۆی لەراکێشانی جەماوەرو ڕێکخستنیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان ببینێتەوە، هەر بۆیە کاریگەریی ڕاستەوخۆشی لەسەر ژیانی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی ناوچەکە بەجێنەهێشتووە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆ دووهۆی سەرەکیی دەگەڕێتەوە: یەکەمیان لاوازیی ڕیشەو پایەکانی بنکەی کۆمەڵایەتیی کاری ڕێکخراو کەپەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەدواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و فەرهەنگیی و

---

([1]) روبرت و ادوارد، س. پ، ل٢٩١-٢٩٢.

لاوازیی هۆشیاریی سیاسیی و نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردەواریی و نەبوونی توێژێکی تۆکمەی رۆشنبیران و چینی مام ناوەندیی و شۆڕشگێڕەکانی شار (بۆرجواو ووردە بۆرجواو کرێکاران و زەحمەتکێشان) بەرامبەر پەیوەندییە زاڵەکانی رژێمی ئەرباب – رەعییەتیی و سەرخانی بالادەستی بیری (دەرەبەگایەتیی ، ئاینیی ، خێڵایەتیی)وە هەیە کە جگە لەرێکخراوە سەرەتاییە عەشیرەتییەکە پەی بە شێوازێکی تری رێکخستن نابات تا ئامانجە سیاسییەکانی خۆی پێ بەدیبهێنێت. هەر بۆیە هێندێك نووسەر جووڵانەوەی کوردایەتیی کە لایەن ئاغاو سەردارانی کوردەوە رێبەرایەتیی کراوە بەکوردایەتیی نارێکخراو ناودەبەن. [1]

فاکتەری دووەمیش بریتییە لەسەپاندنی رژێمێکی دیکتاتۆریی بەسەر گەلی کورد، کەجگە لەهەوڵدان بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەی سەردەست و گرتن و راوەدونانی ئازادیخوازانی کوردو لێدانی بنەما ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی، سەرەتاییترین هەنگاوی بۆ بەدیهێنانی دیاردەو ئاکارەکانی ژیانی هاوچەرخ لەکوردستاندا نەناوە. هەر بۆیە دوای رووخاندنی رژێمی رەزاشا پەهلەوییش هێشتا ماوەیەکی دەویست خەڵکی کوردستان تێیدا بەخۆیاندا بێنەوەو توێژە کۆمەڵایەتییەکەی دینەمۆی کاری رێکخراو بگەنە ئەوئاستەی رێکخراوێکی سیاسیی کوردیی دابمەزرێنن، رێکخراوێك رۆڵی راستەقینە لە ئاراستەکردنی سیاسیی جەماوەری کوردستاندا ببینێت و وەرچەرخاندنە چۆنایەتییەکە لەشانۆی سیاسیی و جووڵانەوەی کوردایەتیدا بهێنێتەدی.

سەرەتای ئاشنابوونی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بەکاری رێکخراوەیی و سیاسیی هاوچەرخ بۆ قۆناغی جووڵانەوەی مەشرووتەخوازیی ئێرانی (١٩٠٥–١٩١١)دا دەگەڕێتەوە، کەتیایدا جەماوەری شارەکانی کوردستانی وەك مەهاباد، سەقز، کرماشان و بۆکان دوای دەرکردنی داموەدەزگاکانی حکومەتی ئێران، کۆمیتەی شۆڕشگێڕیان دامەزراند کە لەنوێنەرو کاندیداکانی خەڵك پێکدەهاتن و ئەرکیان پاراستنی دەستکەوتەکانی مەشرووتەخوازیی و یەکەمین نموونەی راستەقینەی بەشدارییکردنی جەماوەر بوو لەبەڕێوەبردنی شارەکانیان هەروەك لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کردووە. دواتر

---

[1] حەسەنپوور،ئەمیر، سێ ڕچکە و سێ ڕێبازی کوردایەتی , گۆڤاری مامۆستای کورد, ژمارە(٨)،زستانی ١٩٨٩–١٩٩٠.

دامەزراندنی کۆمەڵەی (جیهاندانی)و (ئیستیخلاصی کوردستان) لەپێش‌و دواساڵی جەنگی یەکەمی جیهانیی لەلایەن عەبدولرەزاق بەدرخان‌و سەید تەهای شەمزینییەوە، بەهاوکاریی رابەری نەتەوەیی "سمکۆی شکاک" هەلێکی گونجاویان بۆ نەرەخسا تا پەرە بەچالاکییە سیاسیی‌و رۆشنبیرییەکانیان بدەن ئەو ئامانجەی کە لەپێناویدا دامەزرابوون کەسەربەخۆیی کوردستانە بهێننەدی.

کاتێك رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوییش جێگای حکومەتی قاجاریی لەئێران گرتەوە، کوردستان لەتاریکییەکی ناهەموارو لەسایەی دەسەڵاتێکی سەربازیی‌و بیرۆکراتیی رەگەزپەرستییدا بوارێکی بۆ ئازادیی‌و کاری رێکخراوەیی نەمابووەوە. بەدرێژایی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی رەزاشا، جگە لەرێکخراوێکی بچووك نەبێت کەلەساڵی ١٩٢٧و لەشاری مەهاباد پێکهاتبوو بەمەبەستی پەیوەندییکردن لەگەڵ (کۆمەڵەی خۆیبوون)و شۆرشی ئاگری داغی کوردستانی تورکیا (١٩٢٧ –١٩٣٠)[1] هەولێکی تر لەم بوارەدا بەرچاو ناکەوێ، ئەم رێکخراوە بەپێی دکۆمینتێکی حکومەتی عێراقیی بەناوی (کۆمەڵەی خێرخوازانی کورد)ەوە دامەزراوە کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشاوەو لقی لە زۆربەرەی شارەکانی کوردستانی ئێران وەك ورمێ، سنە، سەقزو بانە داو تەنانەت تارانی پایتەختیش دامەزراندووە، ژمارەی ئەندامانی خۆی داوە لە ٢٠٠٠٠ کەس کەگرنگترینیان (عمر خانی شکاك، سیف القضاة ، حاجی بابە شێخ، علی ئاغای دیبوکری‌و کوێخا رەحیمی شێخی بورهان) بوون.[2] حسامیش لەیەکێك لەکتێبەکانیدا باسی ئەم رێکخراوەی کردووەو (قازیی محەمەد، شێخ ئەحمەدی سریلاوا، کاکە حەمەی بۆکان،مەلا صادق قزڵجی‌و مەلا ئەحمەدی فەوزی) بەئەندام ناوبردوون.[3]

---

[1] بۆ زیاتر: ئالاکۆم , ڕۆهات , خۆیبوون و شۆرشی ئاگری , شوکور مستەفا کردوویە بە کوردی ,چاپی یەکەم ,هەولێر, ٢٠٠٠.

([2]) دائرة السجلات العامة, القسم الثاني , وزارة الطيران ,أكس / أم ٤٥٨٣, من ضابط الخدمات الخاصة في السيلمانية الى الهيئة أستخبارات المقر الجوي في بغداد , ٦ تشرين الثاني ,١٩٢٧. وەرگیراوە لە : بوتانی , عبدالفتاح علی, من وثائق الحركة القومية الكوردية التحررية , متين, العدد ٩٤,دهوك، تشرين الثاني ١٩٩٩, ص٩٨-٩٩.

([3]) حسامی کریم , قافلة من الشهداء كردستان ايران, ترجمه :نزار محمود, بلا مكان , ١٩٧٣ , ص ١٣-١٤ .

هەروەها لەسەرەتای هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانییدا، ژمارەیەك لەرۆشنبیران‌و کاسبکارانی شاری مەهاباد لەبیری ئەوەدا بوون رێکخراوێکی سیاسیی ئازادیخوازانە پێکبهێنن‌و دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتیی‌و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە رەزاشا تێبکۆشن، بەڵام هەرزوو لەلایەن دەزگا جاسووسییەکانی حکومەت‌و روکنی ٢ەوە هەوڵەکەیان پوچەڵ کرایەوەو ژمارەیەکیان لێگیراو هەندێکیشیان لیّ دوورخرایەوە وەك (حاجی خوسرەوی، حوسێنی زیڕەنگەران، حەمەدی مولودی، مەحموود مەحموودیان‌و حسێن لبادی) کەتا رووخاندنی رەزاشا نەگەڕانەوە کوردستان. (١)

بەداگیرکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە لەئابی ١٩٤١داو دوای هەڵوەشانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی‌و لێخستنی رەزاشا، هەلومەرجێکی ئاوەڵا‌و تەواو جیاواز لەکوردستانی ئێراندا بە تایبەتیی مەڵبەندی موکریان‌و شاری مەهابادی ناوەندیی هاتە گۆڕیّ، ئەم هەرێمە کە لەنێوان مەڵبەندی دەسەڵاتی رووس‌و ئینگلیزدا بوو، نە هێزە سەربازییەکانی ئینگلیزو ئەمەریکای لێبوون‌و نە لەشکری سووریشی لیّ جێگیربوو، لەلایەکی دیەوە خەڵکەکەی دەرفەتیان لەرووداوەکانی خەرمانان وەرگرت، پەلاماری دام‌و دەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندییان دان‌و نابووتیان کردن، تەنانەت دواتریش کە فەرمانداری‌و شارەوانی لەمەهاباد لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە دامەزرایەوە وەك پێویست دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکەکەدا نەدەڕۆیشت، وەك بلوریان دەڵێت: ((کاتێك پاسەوانەکان بۆ کڕینی پێداویستییەکانیان لەشارەوانی دەهاتنەدەر، کڵاوەکانیان هەڵدەگرت‌و لەجیاتی دەسماڵێکیان لەسەری خۆیان دەئاڵاندو بەکڵاوی پاسەوانییەوە نەدەهاتنە نێو خەڵك)). (٢)

لەلایەکی ترەوە پەرەسەندنی شەپۆلی دیموکراتخوازی‌و دژایەتی کردنی فاشییزم، بڵاوبوونەوەی هزری ئازادیخوازی‌و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان‌و دامەزراندنی جیهانێکی بیّ کۆلۆنیالیزم‌و چەوساندنەوە لەسەرانسەری ئێراندا، بەتایبەتیی لەناوچەی نفوزی شورەویی کە موکریانیش لەژێر کاریگەرێتیدا بوو، راستەوخۆ هیوایەکی نوێیان خستە بەردەم گەلی کوردو هۆشیاریی سیاسییان بەرزدەکردەوە، بەتایبەتیی لەم کاتەدا

---

(١) بلوریان , س.پ, ل١٧, گادانی , س.پ,ل ١٩.

(٢) بلوریان، هـ. س، ل ٢٥ .

که لەناوەند جارێکی دی ڕێکخراوو پارتو یانە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان هاتنەوەسەر شانۆی سیاسیی و ڕۆژنامەو گۆڤارو بەرنامەی گروپە سیاسییە جیاوازەکان دەستیان بەبڵاوبوونەوە کرد.[1]

لێرەدا ناکرێت ڕۆڵی گرنگو سەرەکیی شەپۆلی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی دیموکراتخوازانەی کوردستانی عێراقو تێکۆشانی ڕێکخراوە سیاسیی و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی ئەم پارچەیەی کوردستان کەشاری سلێمانی سەنتەرەکەی بوو، لەسەر هاندانو پەسەرەندنی هۆشی نەتەوایەتیی لەمەڵبەندی موکریاندا لەبیربکرێت، چونکە بەدروست بوونی ئەو بۆشاییە سیاسییە لەم مەڵبەندەدا سنوور بەشێوەیەك ئاوەڵابوو کەهاتوچۆ لەنێوان هەردوولادا لەئاستێکی کەموێنەدا بەڕێوەدەچوو کە زۆری نەبرد ئاکامی بەرداری لەسەر پەرەسەندن کاری ڕێکخراوەیی لێکەوتەوە.[2]

ئەوەی زیاتر ببووە کەمۆڵەی ئاوێتەکردنی فاکتەرە هەمەجۆرەکان، هەلومەرجی هێمنو ئارامی مەڵبەندی موکریانو شاری مەهاباد بوو،[3] ئەو شارەی کەلەم قۆناغەدا شوێنی نیشتەجێبوونی توێژێکی باشی بازرگانانو کاسبکاران بوو کەپەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ ناوچە گوندنشینەکانو عەشیرەتەکانی هەرێمەکەدا هەبوو، ئەو توێژەی کە بە پەرەسەندنی جووڵانەوەی بازرگانیی لەنێوان شارەکانی ئازەربایجانی شورەویی، تەبرێز، شاری سلێمانی لەکوردستانی عێراقو تەنانەت سنووری تورکیاش ڕۆڵی ئابووریی و مەوقعییەتی کۆمەڵایەتییان پتەوتر دەبوو و سەریان دەخورا ڕابەرایەتی

---

[1] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٢٧.

[2] هێندێك نووسەری ئێرانیی لەم بارەیەوە بێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە سیاسیی و ئابوورییەکەی کوردستانی ئێرانو واقیعی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی زیاد لە پێویست پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرن بە جۆرێك شوێنێك بۆ سەربەخۆیی ئەو جووڵاندنەوەیە لە نێو کوردەکانی ئێراندا ناهێڵنەوە کە ئەوەش بەرجەستەی ڕاستییە مێژووییەکان ناکات, بڕوانە : برزویی,مجتبی,أوچاع سیاسی کردستان أز١٢٥٨ تا ١٣٢٥ه.ش, چاپ أول , نشر فکرنو, تهران, ١٣٧٨, ص٢٨٥.

[3] شاری مەهاباد دەکەوێتە باشووری دەریاچەی وورمێ وە , پێشتر ناوەکەی (سابلاغ) بووە کە ناوێکی تورکییە بە مانای (کانی سارد) دێت, بەڵام لەسەردەمی ڕەزا شادا ناوەکەی کرا بە مەهابادو ژمارەی دانیشتووانی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا (١٤-١٦) هەزار کەس دەبوو, ئەم شارە پێشینەو شوێنێکی تایبەتیی لە جووڵانەوەی کوردایەتیی و ئازادییخوازانە هەیە. بڕوانە: ایغلتن, س,پ, ل٥٢-٥٨.، Entessar, op.cit, P. 16

**سیاسیی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بگرنە دەست و لەم بوارەدا بۆڕی سەرۆك عەشیرەتەکان و موڵکدارەکان بدەنەوەو لەپەراوێزیان بهاوێن، شایەنی باسە ئەم ئارامییە مەڵبەندەکەشی تیادا دەژیا لەدوو فاکتەرەوە سەرچاوەی گرتبوو: یەکەمیان سیاسەتی شورەویی بوو کەهەوڵی پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکەی دەدا لەرێگای دۆستایەتی کردنی گەلی کوردو پێ داگرتنی لەسەر نەگەڕانەوەی ئەرتەش بۆ ناوچەکە دا.[1] دووەمیش لێهاتووی و دڵسۆزی گەورە پیاوانی شاری مەهاباد بوو، ئەمانە لەترسی پەلاماری تالآنخوازانەی عەشیرەتە چەکدارەکانی دەوروبەری شار وەك بەشێك لەپاشماوەکانی رۆژانی کێشەی (کۆچەرو نیشتەجێکان) هەڵسان بەپێکهێنانی دەستەی چەکدارو ئێشکچی کە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی شەوو رۆژی شاریان گرتە ئەستۆو ئامادەبوون بەرپەرچی هەر رووداوێکی وابدەنەوە هێمنی شارەکە تێکبدات، ئەم هەنگاوانەش لەژێرچاودێری و رێنمایی کەسایەتی رێزدارو خۆشەویستی شار (محەمەد قازیی) کەدواتر بە (پێشەوا قازیی محەمەد)[2] شۆرەتی دەرکرد چوو بەڕێوە، بەچەشنێك مەڵبەندی موکریان،**

---

[1] لە تشرینی دووەمی ١٩٤١دا دەسەڵاتدارانی شورەویی هەیئەتێکیان لە گەورەپیاوانی کوردی هەرێمی موکریان بۆ باکۆ بانگکردن, ئەم هەیئەتە لە ٣٠ کەس پێکهات کە زۆربەیان سەرۆك عەشیرەت و مڵکدارو پیاوی ئاینیی بوون کە لە سەرووی هەمووانەوە قازیی محمد بوو , ئەمانە نوێنەری حیزبێکی سیاسیی یاخود جووڵانەوەی نەتەوەیی نەبوون و گەشتەکەیان تەنیا بۆ بەیەکتر ئاشنا بوون بوو, پێش گەڕانەوەش چاویان بە( جعفر باقرۆف) سەرۆك کۆماری ئازەربایجانی شورەوی کەوتبوو بێ هیچ خواست و باسێکی سیاسیی بەدیارییەوە گەڕابوونەوە کوردستان، ئەم گەشتە بووە سەرچاوەی ترس و ناڕەزایی کۆنسوڵی بەریتانیی لەتاران و لە٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤١دا حکومەتی شورەویی لێ ئاگادار کردەوە، بڕوانە:قاسملو، چل ساڵ خەبات ،ل٥٠.، حمدی، س.پ، ل٤٠٥.، بلوریان، س.پ، ل٢٤.

[2] قازیی محەمەد (١٩٠٠–١٩٤٧) کوڕی قازیی عەلی کوڕی قازیی ابو القاسمەو لەبنەماڵەیەکی ناوداری هەرێمی موکریانە، لەمنداڵییەوە لەسەر دەستی باوکی زانستە ئاینییەکانی خوێندووە، جگە لەزمانی کوردیی، زمانی فارسیی و عەرەبیی بەباشیی زانیووەو دواتریش خۆی فێری زمانی تورکیی و ئینگلیزیی و رووسیی کردووە، مرۆڤێکی ئەدەب دۆست و میهرەبان و لەسەرخۆو رووناکبیر بووە، لەساڵی ١٩٢٦ەوە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی فێرکردن و پەروەردەی مەهاباد بووەو بێ موچە دڵسۆزانە ئەرکی خۆی راپەراندووە، دوای مردنی باوکی لەساڵی ١٩٣١ بۆتە قازیی شەرعی مەهابادو تاکۆتایی جەنگ لەم شوێنەدا خزمەتی کردووە، ماڵەکەی هەمیشە پەناگای لێقەوماوان و بێنەوایان بووە.

سەجادی، عەلائەدین، شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عێراق، بەغدا، ١٩٥٩، ل ١٧٤" جلائی پور، حمید رضا، قاضی محمد، کردستان درسالهای ١٣٢٠ تا١٣٢٤، چاپ اول، تهران، ١٣٦٩.

بەتایبەتیی شاری مەهاباد دیاردەیەکی نموونەیی ئاسایش‌و ئارامی بوو بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی. لەم بارەیەوە بلوریان نووسیویە: ((خەڵکی مەهاباد قەت بەتەمەنی خۆیان رۆژگاری ئاوا ئازادو خۆشیان نەدیتبوو، کورد گوتەنی گورگ‌و مەڕ بەیەکەوە ئاویان دەخواردەوە، هەرچەندە هەموو کەس چەکی هەبوو، بەڵام بەدەگمەن رووداوی تاڵ‌و ناخۆش رووی‌دەداو لەراستییدا رێگاوبانی شارو گوندەکان قەت وەك ئەو پێنج ساڵەی کەمەڵبەندی موکریان ئازاد کرابوو ئاوا ئارام‌و ئەمین نەبوو)).[1]

بەم جۆرە لەمەڵبەندی موکریاندا زەمینەی بوژاندنەوەی کاری رێکخراوەیی‌و پارتایەتیی رەخسا، کەهەروەك باوە سەرەتا بەبیروڕا گۆرینەوەو گەرمبوونی کۆڕی رۆشنبیران‌و لاوانی وڵاتپارێز دەستپێدەکات، وەك هەژار موکریانی دەڵێت: ((نازانم چۆناو چۆن بوکە چەند کەسێکی تریش ببونە ئاودەنگیمان‌و شەریکی بیرکردنەوەمان بون (واتە بیری ئازادیی کوردو رزگاریی کوردستان – ل)، لە سابلاغ حوسێنی زێرەنگەران.. عەزیز کاکەغا کەئەفەسرێکی پۆلیس بوو، مینەی شەرەفی، عەبدولڕەحمانی کەیانی، لەلادیٚ کاکەرەحمانی حاجی بایز ئاغا، مەلا رەحمانی حاجی مەلا عەزیزی کەندی،و رەنگە هی تریش کەلەبیرم نەماون، واتە حیزبێك بوین بیٚ بەرنامەو تەنزیم.)) [2]

ئاشکرایە، "حزبی ئازادی کوردستان" بەیەکەمین رێکخراوی دیموکراتیی پێشکەوتووخوازی نیشتمانیی لە کوردستانی ئێران دادەنرێت، کە لەقۆناغێکی مێژوویی چارەنووسسازدا واتە کۆتایی سییەکان‌و سەرەتای دەیەی چوارەمی سەدەی بیستەمدا ڕۆڵی گرنگ‌و بەرچاوی لە ڕووداوەکاندا بینیوە، بەشێوەیەك بۆ ئازادیی کوردستان تێکۆشاوەو گۆمی مەنگی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کوردی لەو پارچەیەی کوردستاندا شڵەقاندوە کە زەمینەخۆشکەری هەڵسانەوەی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردەکانی ئێران بووە، ئەو جووڵانەوەیەی بوژانەوەیەکی مەزنی بەخۆوەدیت‌و لەناوەڕاستی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا بەخێرایی بەرەوپێش هەنگاوی نا.

---

[1] بلوریان، س.پ، ل٢٧.

[2] هەژار، س.پ، ل٥٤.

**كاتێك باس لەدامەزراندنی حیزبی ئازادی كوردستان[1]دەكرێت، دەبێت بزانرێت كەسەرچاوە مێژوویییەكانو زۆربەی ئەوانەی قسەیان لەسەر جووڵانەوەی نەتەوەیی كورد لەكوردستانی ئێراندا كردووە، سەبارەت بەدیاریكردنی مێژووی ئەم ڕێكخراوە كۆك نین، ئەوەش ئاساییە چونكە لەولایەنەوە دكۆمێنتی مێژوویی بڕواپێكراو لەبەردەستدانەبووە.**

**شایەنی باسە، بەشێكی سەرچاوەكان مێژووی دامەزراندنی حیزبی ئازادی بۆ سەرەتای چلەكان دەگێڕنەوە، (هێمن موكریانی) شاعیر كە هاودەمی ڕووداوەكان بووە،كاتێك باس لەهەوڵەكانی(حیزبی تودەی ئێران) بۆ دامەزراندنی لقی خۆی لەكوردستاندا دەكات، ئنجا دێتە سەرباسی بوونی ڕێكخراوێك لەكوردستاندا بەناوی حیزبی ئازادی، ئەوەش ئاشكرایەكە حیزبی (تودە/گەل)ی ئێران لەتشرینی یەكەمی١٩٤١دا لەلایەن گروپێك لەڕۆشنبیرانی لاوی ماركسیی لەتاران دامەزراوە.[2]**

**هەروەها (هەژار)ی شاعیر كە لەبیرەوەرییەكانیدا خۆی بەشایەتحاڵی دامەزراندنی ئەو حیزبە لەقەڵەم دەدات، بەجۆرێك قسە لەمێژووی دامەزراندنەكە دەكات كەپاش هاتنی لەشكری سووری شورەویی بۆ باكووری ئێرانو پچڕاندنی شیرازەی دەوڵەتی ڕەزاشا بووە، واتە دەوروبەری ئابی ساڵی ١٩٤١.[3]**

**لەراستییدا، سەرەتاو مێژووی دامەزراندنی حزبی ئازادی ئەوەندە تەماویی و لێڵ بووە، بەجۆرێك شارەزایەكی مێژووی كوردی وەك عەلائەدین سەجادی خستۆتە هەڵەیەكی زەقەوە، كاتێك ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات كە ئەو حزبە لەسەر داروپەردوی (كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان/ژێكاف)و لەئەنجامی پەرتبوونی ئەو كۆمەڵەیەوە**

---

[1]– شایەنی باسە ئەم ڕێكخراوە لە سەرچاوەكاندا بەناوی جیاواز هاتووە،وەك:(كۆمەڵی ئازادیخوازانی كورد، كۆمەڵەی ئازادیخوازی كوردستان، حزبی ئازادیخوای كوردستان، حزبی ئازادیخوازی كورد، حزبی ئازادیخوای كورد) هاتووە، ئێمە (حزبی ئازادی كوردستان)مان لەتێكڕای ئەوانە پێڕاسترە چونكە لە مەرامنامەكەی حزبدا ناوی بەم شێوەیە هاتووە، وەك دواتر ئاماژەی بۆ دەكەین.

[2] – هێمن: تاریكو ڕوون . گوڵبژێرێك لە شیعرەكانی هێمن، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی پێشەوا،ل.٢

[3] – هەژار(عەبدوڕڕەحمان شەرەفكەندی): چێشتی مجێور، ئامادەكردنو سەرپەرشتی كردنی-چاپ: خانی شەرەفكەندی، چاپی یەكەم،پاریس،١٩٩٧،ل٥٧.

دامەزراوە، ئەو کۆمەڵەیەی کەزۆربەی مێژوونوسان لەسەر بەرواری دامەزراندنی کۆکن کە١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٢ە.[1]

دیارە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کەخودی نوسەری ئەم بابەتەش پێشتر لەم ڕووەوە هەڵەی هێندێك لەو مێژوونووسانەی پێش خۆی دووبارە کردۆتەوەو دوای وەپێشخستنی چەند ئەگەرێك سەرەتای چلەکانی کردۆتە مێژووی دامەزراندنی ئەوحیزبە.[2] بەڵام پاش وردوبوونەوە لەو سەرچاوانەی کەزانیاریی و بەڵگەی تازەیان لەم بارەیەوە خستۆتە بەردەست، لێکۆڵەر دەتوانێت مێژوویەکی ڕاستتر لەوەی باسیلێکراوە بۆ دامەزراندنی حزبی ئازادی بسەلمێنێت، دیارە لێرەدا دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین کەقۆناغەکانی ژیانی ئەو حیزبە بۆخۆی هۆکارێکن لەبەردەم دروستبوونی ئەم ناکۆکییەدا، چونکە وەك سەرچاوەکان دەیسەلمێنن حزبی ئازادی لەدوو قۆناغی جیاوازدا ژیاوە، کەیەکەمیان لەکۆتایی سییەکان و ترۆپکی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ڕەزاشایە، دووەمیشیان لەگەڵ داگیرکردنی ئێرانە لەلایەن هێزەهاوپەیمانەکان لە٢٥یئابی١٩٤١و ڕووخاندنی حکومەتی ڕەزاشاو هەڵوەشاندنەوەی لەشکری شاهەنشاهییە.

لەراستییدا ڕەوشی کوردستانی ئێران لەسەرەتای دامەزراندن و قۆناغی یەکەمی حیزبی ئازادی کوردستاندا لەژێر باڵی ڕەشی ڕژێمی میلیتاریستیی ڕەزاپەهلەویی تابڵێی خراپ و نالەباربوو ، بەڵام ئەوەی کەهەمیشە وای کرد کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراندا جیاوازی هەبێت، ئەو شەپۆلە ئازادییخوازی و نەتەوەییە بوو کەلەودیو سنووری دەستکردەوە، واتە خەباتی پەرەگرتووی نەتەوەیی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەتایبەتی کوردستانی باشوور / عێراق، کەپشکۆی کوردایەتیی لەکوردستانی ئێراندا دەبووژاندەوە، بەتایبەتی پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموودی حەفید لەکوردستانی باشووردا، قۆناغێکی نوێ لەکاری

[1] – عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کوردو کوردو دۆماری عێراق ، بەغدا،١٩٥٩،ل٢٧٥–٢٧٦.
[2] – بڕوانە: چاپی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە مێژووییە کە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە.

ڕێکخراوەیی‌و سیاسیی‌و دروستکردنی کۆمەڵەو پارتە کوردییەکان دەستیپێکردبوو، مەسەلەیەکی وا کە کاریگەرییی خۆی لەسەر ڕەخساندنی زەمینە بۆ دامەزراندنی حزبی ئازادی کوردستان هەبوو.

لەو هەلومەرجە سەختەدا، کۆمەڵێك لاوی بەهەست‌و تێگەیشتووی شاری مەهابادی ناوەندی هەرێمی موکریان، بەپێی داب‌ونەریتی ئەوکاتی شەوانی مانگی ڕەمەزانی کوردستان، ئێواران پێکەوە کۆبوونەتەوە، بەدەم خوێندنەوەی هۆنراوەی نەتەوەیی هۆنەرانی کوردو قسەکردن لەسەر باس‌و خواسی سیاسیی‌و ناڕەزایی دەربڕین لەسیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان‌و تاوانەکانیان، هەوێنی فیکری دامەزراندنی حزبی ئازادی کوردستانیان لەلادروست بووە، ئەوەی کەلەو دەمەدا بۆخۆی هەنگاو بیرێکی بوێرانە بووە.

بۆ یەکەمین مێژووی دامەزراندنی حزبی ئازادی کوردستان، دەکرێت ئەو دکۆمێنیتە بکرێتە بنەما، کە پاشتر هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە٢٨ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٤دا پێشکەشی(مۆڵۆتوف)ی وەزیری کاروباری دەرەوەی شورەویی کردووەو بێئەوەی ناوی حزبی ئازادی بهێنێ، مێژووو خەباتی ئەوحزبەی بەبەشێك لەمێژوو وخەباتی خۆی حسێب کردووە، ئەوەش تاڕادەیەك ئاسایی دێتەبەرچاو گەر زانیمان ژێکاف لەسەر داروپەردووی حزبی ئازادی دامەزراوە، بەپێی ئەودکۆمێنتە دەتوانین مێژووی دامەزراندنی حزبی ئازادی کوردستان بۆ حوزەیرانی ساڵی١٩٣٨بگێڕێتەوە،[1] بەڵام ڕاگەیاندنی ئەوحزبە تاڕادەیەك درەنگ کەوتووەو لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٩دا ڕاگەیەندراوە، وەك لەمەرامنامەی حزبی ناوبراودا هاتووە.[2]

سەبارەت بەدامەزرێنەرانی حزبی ئازادی کوردستان، بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەیەکی مێژووی کەناوی دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوەی تێداهاتبێت‌و لەئەنجامی نهێنیی کاروهەڵسوڕانی پڕمەترسیی ئەوقۆناغە، تائێستا بەڕوونیی ناوی تێکڕای بناغەدانەران‌و

---

[1] – بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە بەزمانی تورکیی ئازەربایجانی،بڕوانە: {حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، هەولێر،٢٠٠٤،ل٢٥٠}.

[2] – اسناد احزاب سیاسی ایران (١٣٢٠–١٣٣٠)ش، به کوشش: بهروز طیرانی،تهران،١٣٧٦،ص٢٥–٣٠.

دامەزرێنەرانی ئەوحزبە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا نەخراوەتە بەرچاو، بەڵام بەگشتیی ناوی بەشێك لەوانە دەرکەوتووە کەتێکڕایان لاوی مەهابادیی بوون وەك: حوسێنی زێڕەنگەران، کەریمی یاهو، مەحموود مەحموودیان، حوسێنی لبادی، غەفوری مەحموودیان، محەمەدی ڕاتبی، حوسێنی میکایلی، محەمەدی نانەوا زادە، ئەمانە بەسەرۆکایەتیی ڕوناکبیری مەهابادی "عەزیزوڵڵای زەندی[1]" کەبە (عەزیز ئەڵەمانی)یاخود(دکتۆر عەزیز زەندی)ش ناودەبرێت، کەسەجادی گوتەنی ((هەتا بڵێیت بەکارو گورجوگۆڵ بوو لەوڕۆژەدا بۆ ئیشی کوردایەتیی))[2]، یان وەك هەژار موکریانی دەڵێت((پیاوێکی زۆر زاناو دەم پاراوبوو))[3] حزبی ئازادی کوردستانیان دامەزراند.

شایەنی باسە، قۆناغی یەکەمی دامەزراندنی حزبی ئازادی کوردستان کە کەمتر لە ساڵێکی خایاند، لەئاکامی توندوتیژیی ڕژێمی ڕەزاشاو سیاسەتی ڕاوەدوونانی ئازادییخوازانی کورد لەکوردستانی ئێران لەلایەك و بەهۆی خۆپارێزیی کارکردنی ئەندامان و ڕێبەرانی حزب لەلایەکی دیەوە، بەقۆناغێکی ئاڵۆزو لاواز لەژیانی ئەوڕێکخراوەدا دادەنرێت، چ لەڕووی نەبوونی مەرامنامەو بەرنامەی گشتگیر، یاخود سەبارەت بەئەنجامدانی چالاکی و پەیوەندی کردن بەجەماوەرو کاریگەرییی لەسەر ڕەوتی سیاسیی سەردەم و ڕەوشی کوردستانی ئێران، کەلەراستییدا سەرچاوەکان لەو ڕووەوە شتێکی وایان بۆجێنەهێشتووین، چونکە ئەرشیفەکانی دەزگای پۆلیسی نهێنیی ئێرانیی سەبارەت بەکوردستان تانوکە بەتەواویی ئاشکرا نەکراون و زانیارییەکان بەشاراوەیی ماونەتەوە.

---

1 – عەزیز زەندی(١٨٩٨–١٩٧٢) ناسراو بە عەزیز ئەڵەمانی لەدایکبووی گوندی(قالوێی زەندان)ی ناوچەی مەهابادە، وەك فەقێیەك لەنێو مزگەوتدا فێری خوێندەواریی بووە،ساڵی ١٩٣٩ لەگەڵ چەند گەڕیدەیەکی مسیۆنێردا چۆتە وڵاتی ئەڵەمان، لەساڵی ١٩٤١دا گەڕاوەتەوە شاری مەهابادو لەبەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی سجیل کاری کردووە،پاش هەڵوەشانەوەی حزبەکەی چۆتە تەبرێزو پاشتر بەرەو تاران ملی ناوەو وەك پارێزەر کاری کردووە، بەنەخۆشیی شێرچەنجە کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی (بەهەشتی زەهرا) بەخاك سپێردراوە. یەکێك لەبەرهەمەکانی کتێبی(ارشاد المذنبین/ڕێنوێنی گوناهباران)ە کە لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی و تائێستاش کۆپیەکی لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکایە.

2 – عەلائەدین سەجادی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.

3 – هەژار: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

دیاره ئەوەندە هەیە بەپێی چەند هەواڵێك كە لەگۆشەی هەندێك بیرەوەریی، یاخود چەند دكۆمێنتێكی مێژوویی بڵاوكراونەتەوە، حزبی ئازادی كوردستان سەرەتا لەنێو شاری مەهابادا ئەندامو چالاكیی هەبووەو هەڵسوڕانێكی دیاریكراوی بووە، یەكێك لەچالاكییەكانی بڵاوكردنەوەی بەیاننامەیەكی دەستنووسی بووە كەجگە لەخۆڕاگەیاندن، تێیدا داواله جەماوەری كورد كرابوو كەبەهانای ئەولاوانەوە بچن كەبۆ كوردستانێكی سەربەخۆ تێدەكۆشن،[1] مەسەلەیەكی وا كەدەزگا سەركوتكەرەكانی حكومەتی ئێرانی هۆشیار كردەوەو هانیدان بۆ ڕاوی ئازادییخوازانی كورد قۆڵی لێ هەڵماڵن.

هەروەها حزبی ئازادی كوردستان بەمەبەستی پتەوكردنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ نیشتمانپەوەرانی كورد لەعێراقو وەدەستهێنانی كۆمەكو هاوكاریی، لەمانگی ئایاری ساڵی١٩٣٩دا ئەندامێكی خۆی ناردبووە ناوچە سنوورییەكانی ئێران – عێراقو لەوێ لەگەڵ چەند كوردێكی كوردستانی باشوور كۆبونەوەو سەبارەت بەهاوكاری دوولایەنەو خەبات لەپێناو ئازادی كوردستاندا گفتوگۆ كرابوو،[2] ئەوكۆبونەوەیەی كەبڕیارەكانی بەدەست دەزگا سیخوڕییەكانی عێراق گەیشتبووەوە، حكومەتی پاشایەتیی عێراق كە ڕۆژئاواگەراو هاوپەیمانو وابەستەی دەوڵەتی ئیستعماریی بەریتانیا بوو، هەرلە سۆنگەی ئەوەشەوە بۆپاراستنی خۆییو بەرژەوەندیی هاوپەیمانەكانی لەپاكتی(سەعد ئاباد)دا ئەندام بوو، ئەو پاكتەی كەلە٨ی تەمووزی ساڵی ١٩٣٧دا لەنێوان وڵاتانی ئێران،عێراق،توركیاو ئەفغانستان بەسترا، وبەندی حەوتەمی بەئاشكرا دژایەتی ئەو وڵاتانەی لەحاست جووڵانەوەی ئازادییخوازانی گەلی كورددا دەخستە ڕوو.[3]

لێرەوە حكومەتی عێراق ڕژێمی ڕەزاشای پەهلەویی لەبڕیارەكانی كۆبوونەوەكەی سەرسنوورو مەترسیەكانی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەردوولا ئاگادار كردەوە، حكومەتی ئێرانیش هەوڵیدا لەڕێگای دەزگا سیخوڕییەكانیەوە بەوردیی چاودێریی

---

[1] – غەنی بلوریان: ئاڵەكۆك . بەسەرهاتەكانی سیاسی ژیانم،ستۆكهۆڵم،١٩٩٧،ل١٧.

[2] – هۆشەنگ تۆفیق: ئاوڕدانەوەیەك لە حیزب ئازادیخوازی كوردستان، (ئاڵای ئازادی) – ئۆرگانی حیزبی زەحمەتكێشانی كوردستان، ژمارە(٥٩)،١٩٩٥/١٢/٣.

[3] – بۆ زیاتر: محمد صالح الزيباري:ميثاق سعد آباد١٩٣٧ وأثره على الكورد،(متين)،العدد(١٠٢)،تموز٢٠٠٠،ص٩٣.

چالاكیی و هەڵسوكەوتی ئەندامەكانی حزبی ئازادی كوردستان بكات و ئەو ئەركەشی سپاردە لێپرسراوی بەشی پاراستنی لەشكری ئێران لە مەهابادو سەرۆكی بانكی میللیی لەوشارەدا كەبەرنامەی وردیان بۆداڕشت،[1] هەربۆیە پاش ماوەیەكی كەم دەزگا سەركوتكەرەكانی ڕژێمی پەهلەویی لەمەهاباد، پەلاماری لەناكاوی كردە سەرئەندامان و ڕێبەرانی حزبی ئازادی كوردستان و پەرتەوازەی كردن، (حاجی خوسرەوی)یەكێك بووە لەئەندامەكانی حیزبی ئازادی كەدەستبەسەركراو ئەشكەنجەش دراوە، هەروەها حوسێنی زێڕەنگەران و موحەمەدی ڕاتبی لەشاری مەهاباد بۆناوچە دووردەستە فارسنشینەكانی ئێران دوورخراونەتەوە،[2] لەراستییدا، حوسێنی زێڕەنگەران كەئەو دەمەكارمەندبوو لەئیدارەی مالییەی شاری مەهاباد لەهەوڵی ئەوەدابووكە بەهۆی دۆستەكانییەوە كەناڵێك بۆ پەیوەندیكردن بدۆزێتەوە لەنێوان حزبی ئازادی كوردستان و یەكێتی شورەویی بێئەوەی لەهەوڵەكەیدا سەركەوتووبێت.[3]

دامەزرێنەری حزبەكە عەزیز زەندی بوو، پاش ئەوپەلامارە ناچاربوو ئێران جێبهێڵێت و بچێتە ئەڵەمان و تاكو ڕووخاندنی دكتاتۆریی ڕەزاشا ئاوارەبێت، بەوەش پەردە لەسەر قۆناغی یەكەمی تێكۆشانی حزبی ئازادی كوردستان دادەدرێتەوە.

## ڕوخاندنی ڕژێمی ڕەزاشا لە ئێران و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی حزبی ئازادی كوردستان:

ئاشكرایە لەئەنجامی پەرەسەندن و توندوتۆڵ بوونی پەیوەندییەكانی ڕژێمی ڕەزاشای پەهلەویی و دەوڵەتی ئەڵەمانیای نازیی، ئێران لەسەرەتای جەنگی دووەمی جیهانییدا ببووە بنكەیەكی ستونی نازییەكان بۆ دژایەتیكردنی بەرژەوەندییە سەربازیی، سیاسیی، ستراتیژیی و نەتەوەییەكانی وڵاتانی هاوپەیمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جگە لەوەی پاش هێرشی بەربڵاوی نازیی بۆ سەر خاكی یەكێتی شورەویی و پاشەكشەی سوپای

[1] – حامید گەوهەری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[2] – غەنی بلوریان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

[3] – حامید گەوهەری: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

سوورله (١٢ی حوزەیرانی ١٩٤١)دا، هاوپەیمانان گەیشتنە ئەوبڕوایەی کەجگە لەئێران وڵاتێکی دیکەی بەو چەشنە نابیننەوە کەبتوانن پێویستیو هاوکارییەکانی جەنگی لێوە ڕەوانەی بەرەی لاوازی شورەویی بکەن، ئەوەش لەوکاتەدا تەنیا بەداگیرکردنی ئێرانو لابردنی ڕەزاشا دیکتاتۆری دۆستی فاشییزم مسۆگەر دەبوو، هەربۆیە هاوپەیمانان لە٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٤١دا خۆیان بەئێراندا کرد.(١)

لەراستییدا، وەك ئاماژەی بۆکراوە، داگیرکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەخاڵێکی وەرچەرخانو سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی لەناکاو لەو وڵاتەدا دادەنرێت، کەگرنگترین دەرهاویشتەکانی هەڵوەشاندنەوەی لەشکری شاهەنشاهییو لێخرانی ڕەزاشاو دوورخستنەوەی لەوڵاتو بوژانەوەی ژیانی پارتایەتییو ئازادیی ڕۆژنامەنوسییو هەڵچوونی شەپۆلی دیموکراتخوازییو دژایەتیی فاشییزم بوو.

هەلومەرجێکی وا کاریگەرییی خۆیان لەسەر ڕووداوەکانی قۆناغە مێژووییەکە جێهێڵا کە بەڕوونی لەسەر کوردستانی ئێرانو بوژانەوەی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی ڕەنگی دایەوە. شایەنی باسە، ڕۆڵەکانی گەلی کورد هەر بەبیستنی هەواڵی هاتنە ناوەوەی سوپای هاوپەیمانەکان، هەڵیان کوتایە سەر بنکەو بارەگاکانی لەشکری شاهەنشاهییو باقی دیکەی دامو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمو چەکەکانیان لێ داماڵین، ژمارەیەکی زۆر لەکوردە ئازادییخوازە زیندانکراوەکان، سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرە دوورخراوەکان، دەرفەتیان قۆستەوەو گەڕانەوە شارو ناوچەکانی خۆیان. لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندیی لەکوردستانی ئێران بۆشاییەکی بەڕێوەبەرایەتیی، سەربازیی تێدا دروستکردبوو کە زەمینەی بۆ بوژانەوەی گیانی نەتەوایەتییو گەڕانەوەی نفوزو دەسەڵاتی سیاسییو کۆمەڵایەتییو چەکداریی سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد ڕەخساندەوە.

لەبارودۆخێکی بەوچەشنە، پاش گەڕانەوەی ئەندامە دوورخراوەکانی حزبی ئازادی کوردستان و عەزیز زەندی سەرۆکیان لەتاراوگە، سەرلەنوێ زەمینەی دامەزراندنەوەی

[1] – بۆ زیاتر: آوری ،س پ ، ل ١٤٧–١٥٠.

ئەو حزبە لەکوردستانی ئێراندا دامەزرایەوەو بەگیانێکی نوێوە دەستی بەتێکۆشان کرد.

سەبارەت بەمەرامنامەی حزبی ئازادی کوردستان کەپێشتر بەکوردیی لەهیچ نووسراو و کتێبێکی مێژووییدا ئاماژەی پێنەدراوە، دکۆمێنتێکی مێژوویی هەیە کە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی جەنگی ئێرانییەو بەئیمزای(ابراهیم زند)ی وەزیری جەنگی ئێرانیی ئاراستەی (علی سهیلی)سەرۆك وەزیرانی ئێران کردووە لەشوباتی ساڵی ١٩٤٣دا، ئەم ڕاپۆرتە کەدەقی مەرامنامەی حزبی ئازادی کوردستانی بەفارسیی گرتۆتە خۆ، بۆ یەکەم جار لەلایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە وەرگێردراوەتە سەرزمانی کوردیی‌و بڵاوکراوەتەوە.[1]

مەرامنامەکە لەپێشەکیەك‌و ٢٨خاڵ پێکهاتووە کەزۆر چڕوپڕو دەوڵەمەندە، وەك لەمەرامنامەکەدا دیارە حزبی ئازادی کوردستان ڕێکخراوێکی دیموکراتخوازی ئەنتی فاشییستیی پێشکەوتووخوازی کوردستانیی ڕیفۆرمیست بووە، نە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالستیی تۆخ، نە چەپێکی ڕادیکاڵ بووە، بڕوای بەکوردستانێکی ئازادی فرەنەتەوەو فرەزمان‌و کەلتوور بووە کە تەواوی نەتەوەکانی وەك کورد، ئەرمەن، ئاسوری..هتد لە کاروباری نەتەوەیی، ڕۆشنبیریی‌و ئاینییاندا، لەسایەی سیستمێکی کۆماریی سێکیولاردا ئازادبن.

شایەنی باسە، حزبی ئازادی کوردستان لەمەرامنامەکەیدا مەسەلەکانی: گێڕانەوەی سنووری مێژوویی کوردستان بەهەرێمی لوڕستانیشەوە، یەکگرتن‌و ڕێکەوتنی بێجیاوازی هاوڵاتیانی کوردستانی لەکوردو ئەرمەن‌و ئاسورو تورکەکان، گەڕانەوەی کوردە ئاوارەو عەشیرەتە کوردییە دوورخراوەکان، هەڵوەشانەوەی یاسا دیکتاتۆرییەکان، بەفەرمییکردن‌و گەشەپێدانی زمانی کوردیی‌و تێکڕای زمانی گەلە غەیرە کوردەکانی کوردستان، دامەزراندنی خوێندنگاو چاپکردنی گۆڤارو ڕۆژنامە بەو زمانانە لەتێکڕای بوارەکانی ژیاندا، دابینکردنی ئازادیی بێ قەیدوشەرت‌و پەرەپێدانی

---

[1] – بڕوانە: دکتۆر یاسین سەردەشتی: سەبارەت بە حزبی ئازادی کوردستان،(بەدرخان) ـ مانگنامەیەکی هونەری ڕۆژنامەوانی گشتی ئازادە، ژمارە(٣٩،٣٨)،سلێمانی،١١/٢٢و٢٠٠٣/١٢/٢٢.

ئازادییە تاکەکەسیی و گشتیی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕێزگرتن لەمافی میللەتە بچوکەکانی کوردستان و گیانی میللیانی کردۆتە ئامانجی سەرەکییی خۆی.

سەبارەت بە هەڵوێستی دیموکراتخوازیی و ئەنتی فاشییستانەی حزبی ئازادی ،لەخاڵەکانی مەرامنامەکەدا مەسەلەکانی: ئامادەکردنی تاك تاکی میللەت بەمەبەستی خەبات دژی بەرەی فاشییستی، تێکۆشانی توند دژی دیکتاتۆریی و فاشییستیی، بەستنی پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتە دیموکراتەکان و بەرەی دیموکراتیی بەمەرجی دانپیانان بەمافەکان و ئازادییەکانی گەلی کوردستاندا، چەسپێنراون و جەختیان لەسەرکراوەتەوە.

هەر لەوڕووەوە، حزبی ئازادی کوردستان لەبەیانامەیەکدا پێشوازی هاتنە ناوەوەی سوپای هاوپەیمانەکانیان بۆئێران کردو ستایشی لەشکری سووریان کردبوو، وەك لەیەکێك لەدکۆمێنتەکاندا هاتووە((بەبۆنەی هاتنی لەشکری سور بۆ مهاباد،حزبی ئێمە بەیاننامەیەکی نوسی و دەست بەدەست بڵاوی کردەوەو ڕایگەیاند هەرکەس ئەم بەیاننامەیەی پێدەگات، لاپەڕەیەکی لەڕوو بنوسێتەوە، وبیدات بەکەسێکی تر، حزبی ئێمە لەوبڵاوکراوەیەدا لەشکری سوری بەناوی لەشکری ئازاد کەری نەتەوەی کورد ناساند،دوای هاتنی لەشکری سوری سۆڤێت بۆ ئێران دەرکەوت حزبی ئێمە لەناو حیزبەکانی دیکەدا حزبی هەرە پێشکەوتووی دژ بەفاشیست بووە)).[1]

حزبی ئازادی کوردستان مەسەلەی چەکداردن و ئامادەکردنی پێویستییەکانی بەرگریکردن لەکوردستانی کردۆتە یەکێك لەئامانجە سەرەکیییەکانی کەلەخاڵی٩ی مەرامنامەکەیدا چەسپاندوویەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئەم حزبە بۆئازادیی کوردستان ودژایەتیی دکتاتۆریی بڕوای بەخەباتی چەکدارییش هەبووە لەپاڵ خەباتی سیاسییدا، هەرئەمەش بوو کە وای لەحزبی ئازادی کرد لەجووڵانەوە چەکدارانەکەی هەرێمی باکووری کوردستانی ئێرانەوە بگلێت کەلەنێوان ساڵانی(١٩٤١ .١٩٤٢)دا دژی هەوڵەکانی حکومەتی ناوەندیی بۆ گێڕانەوەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بۆ ناوچەی ورمێ هەڵگیرسا، ئەوەی دواتر ئاماژەی بۆ دەکەین.

---

[1] – حامید گەوهەری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

سەبارەت بەئامانجە ئابووریی و کۆمەلأیەتییەکان، پێویستە بوترێت کە حزبی ئازادی کوردستان هەوڵی قوتکردنەوەی خەباتی چینایەتیی نەداوەو لەڕوانگەیەکی چینایەتییەوە سەیری مەسەلە ئابووریی و کۆمەلأیەتییەکانی نەکردووە، هەربۆیە باسی لەستەمی چینایەتیی نەکردووەو جووتیارانی بەگژ ئاغاو موڵکدارانی لەکوردستانی ئێراندا نەکردووە، بەڵکو بڕوای بەوە هەبووە کە گرفتەکان بەشێوازی دیموکراتیی و یاساییانە لەلایەن دەسەلأتێکی دیموکراتیی پێشکەوتووخوازانە لەکوردستانێکی ئازاددا چارەسەر بکات، هەر بۆیە لەمەرامنامەکەی حزبی ئازادیدا مەسەلەکانی: یەکخستن و پێکەوەگرێدانی هەوڵ و کۆششی تەواوی زەحمەتکێشان و جووتیاران و کرێکاران و موڵکداران لەپێناوی بەرهەمی کشتوکاڵیی و ماڵییات، لەنێوبردنی بێکاریی و هەژاریی، دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی وەرزێران و چاکردنی ئاستی گوزەرانیان، دامەزراندنی کۆمپانیا هەرەوەزییەکان و سەندیکا کرێکارییەکان، بەستنی پەیوەندیی بازرگانیی لەگەڵ دەوڵەتە ئازادەکاندا، بەرهەمهێنانی کانزاکان و چاکردنی ڕێگاکان و پێکەوە بەستنی هەرێمەکان لەڕێگای تۆڕێکی پەیوەندیی هاتووچۆوە، دامەزراندنی خوێندنگا وەرزێرییەکان، هێنانی کارگەو ماشێن و هەوڵدان بۆ میکانیزەکردنی کوردستان، پەرەپێدانی هۆشی کۆمەلأیەتیی هاولأتیان لەڕێگای کردنەوەی شانۆ و سینەماو بەرنامە پەروەردەییەکان،تێکڕای ئەوانە بەشێکن لەئامانجەکانی حزبی ئازادی کوردستان.

گرنگترین مەسەلە کە حزبی ئازادی کوردستان بوێرانە بۆ خۆی کردۆتە ئامانج و لەخاڵی٢٤دا شوێنی بۆ کردۆتەوە، دەڵێت کە یاساکانی ولأت لەسەرچاوە تەشریعیەکانی ئاینی ئیسلام بەهرەمەندبێت، واتە ئەو سەرچاوەیەی نەکردۆتە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی بۆ یاساکان، ئەو ئاینەی بەئاینی فەرمیی دەوڵەت نەناساندووە، جگەلەوەی هەرلەو خاڵەدا باس لەهاندانی داب و یاسای ئەو گروپ و میللەتە جیاوازانەی کوردستان دەکات کەئیسلام نین و ئازادیی بێقەیدو شەرتی بۆ تەواوی کاروبارەکانی ئاینیی و میللیەکانی پێبەخشیوون، ئەوەش بێگومان جگە لەبیری ئازادییخوازی بناغەدانەرانی حزبی ئازادی و دیدی واقیعبینانەیان بۆ ڕەوشی هەمەلایەنەی ئاینیی و مەزهەبیی و میللیی لە کوردستانی ئێراندا،سروشتێکی خۆرسك و مێژوویی جوولأنەوەی نەتەوایەتیی کوردە.

هەرحاڵ حزبی ئازادی کوردستان بەو بەرنامەیەوە سەرەتای قۆناغێکی نوێی دەستپێکردو تادەهات لەنێو خەڵکدا لایەنگرو ئەندامی زێدەتر دەبوون، شایەنی باسە هەژار موکریانی لەبیرەوەرییەکانیدا ویڕای ئەوەی خۆی بەئەندامی حزبی ئازادی لەقەڵەم دەدات، باس لەهەوڵەکانی عەزیزی زەندیو پەرەگرتنی ئەو حزبەش دەکاتو نوسیوویە ((زۆر کەسی تریش هاتنە ناوحزبەکەوە، عەزیزی زەند بۆ تەبلیغاتی حزب گەشتێکی کرد، شێخ محەمەدی خانەقا، خەلیفە مەلاعەلی زەنبیلیو زۆر ئاغای تری کردبووە دۆستی خۆیو بەڵێنی هاوکاری لیّ سەندبوون، هەتا سەقز هاتو گەڕایەوە،چووبووە تەورێز، زۆر ئەرمەنی تەورێزیشی کردبووە پەیڕەوانی خۆی.[1]

پەرەسەندنی نفوزی حزبی ئازادی کوردستان بەو خێراییە تاڕادەیەکی زۆر دڵی کاربەدەستانی حکومەتی ئێرانی داخورپاند، لەراستییدا، مەسەلەکە هێندە بەلای حکومەتی ئێرانەوە گرنگ بوو کە خودی شاهەنشاهیی سەخڵەت کردبوو، لەو بارەیەوە وەزیری جەنگی ئێران بۆ (عەلی سهیلی سەرۆکی وەزیران)ی نووسیوە ((هەواڵەکانی لەشکری چواری کوردستان ئەوە ڕادەگەیەنن، بەم دواییانە حزبی ئازادی کوردستان لەمەهاباد دامەزراوەو مەرامنامەی حزبی ناوبراو بەزمانەکانی کوردیی، ئەرمەنیی، ئاسوریی نووسراوە بەشێوەیەك لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجامدراوە، دامەزرێنەری ئەو حزبە (عەزیزوڵڵای زەندی)یە، هەروەها لەبەر ئەوەی مەسەلەکە بە ئەندازەیەك گرنگەو لەبنەڕەتدا لەشکر لەسەربازخانەی مەهابادیّ نییە دەگونجێت وردە وردە ئەم کارە بیری خەڵکی سادەو ساکاری ئەو ناوچەیە تێکبداتو گرفتێکی زۆر بۆ وڵات بخوڵقێنێت، هەواڵەکە عەرزی ئەعلاحەزرەتی شاهەنشاهیی همایۆنی کراوەو فەرمانی شاهانەش لەوبارەیەوە دەرچووە دەبێت پێش لەکاری ئەو کابرایە (واتە: عەزیز زەندی ـ ل) بگیرێت)).[2]

لەراستییدا ئەم ترسو دڵەڕاوکێیەی دەسەڵاتدارانی تاران لەخۆڕانەبوو، چونکە حزبی ئازادی کوردستان لە سۆنگەی بڕوای تەواوی بە خۆچەکدارکردنو ڕێکخستنی چینو

---

[1] – هەژار: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

[2] – بەدرخان: سەرچاوەی پێشوو،ژمارە(٣٨)،٢٠٠٣/١١/٢٢.

توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بە گژاچوونەوەی فاشییزمو دیکتاتۆریی و چەسپاندنی ئازادیی و مافی دیموکراتیی گەلان، هەوڵیداوە ئاشنایەتیی و دۆستایەتیی لەگەڵ گەورە پیاوانی کوردو ئەرمەندا هەبێتو بەقازانجی بەدیهێنانی ئامانجەکانی رێناییان بکات.

## را پەڕینی کوردەکانی ورمێو حزبی ئازادی کوردستان:

راپەڕینی چەکدارانەی کوردەکانی هەرێمی ورمێ(١٩٤١ ـ ١٩٤٢)لە باکووری کوردستانی ئێران وەك ئامارەی بۆکرا یەکێکە لەنۆبەرەو گرنگترین راپەڕینەکانی گەلی کورد لەئێران لەسالأنی جەنگی دووەمی جیهانییدا دژی دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەسەلأتی ناوەندیی هەڵگیرسا، ڕێبەرانی ئەو راپەڕینە بریتیبوون لەگەورەپیاوان و کەسانی وەك: عەمەرخانی شکاك،ڕەشید بەگی جیهانگیری،تەهاهەرکی،زیرۆ بەگی هەرکیبوون. هۆکاری راستەوخۆی راپەڕینەکەش بریتیبوو لە هەوڵەکانی حکومەتی ئێران بۆ گێڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهیی و پتەوکردنی دەزگاو پۆستەکانی ژاندارمو بەخشینەوەی چەك بەسەر عەجەمە شاپەرستەکانو چەککردنی کورد لەناوچەی ورمێو دەوروبەری. شایەنی باسە راپەڕینەکە لەماوەیەکی کەمدا بەخێرایی پەرەی گرتو کۆنترۆڵی ناوچەیەکی فراوانی کردو دەسەلأتی ناوەندیی لەناوچەکە دەرپەڕاند،نەك هەربووە جێگای مەترسیی و دڵەڕاوکێی کاربەدەستانی ئێران، بەتایبەتی(علی سهیلی)سەرەك وەزیران، بگرە سەرنجی زلهێزەکانی وەك ئینگلیزو ئەمەریکاو شورەویی و دەوڵەتە هەرێمییەکانی وەك تورکیای بۆخۆی ڕاکێشاو بووە جێگای گفتوگۆو مشتومڕیان.[1]

پێویستە بوترێت کوردە راپەڕیوەکانی ورمێ لەماوەیەکی کەمدا تەواوی شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری ورمێیان لەپۆستەکانی ژاندارم پاك کردەوەو شاری ورمێشیان بۆماوەیەکی باش گەمارۆدا،بەچەشنێك (ئەمیر ئیبراهیمی)فەرمانداری ئێرانی ئەوشارە

---

[1] – بۆ زیاتر: یاسین خالد حەسەن: ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ(١٩٤١-١٩٤٢)ز، (گۆڤارا زانکۆیا دهوك)،کانوینا ئێکی ٢٠٠٠،پەرپەندا٣،هژمار٢،ل١٦٧-١٨٧.

ناچاربوو لەگەڵ زۆرینەی پیاوانی حکومەت لەوشارە هەڵبێن،ئەوەش وای لەحکومەتی ئێران کرد لەلایەك ناچاربێت لەگەڵ راپەڕیوەکاندا دانوساندن بکاتو لەلایەکی تریشەوە دەستەودامانی ئینگلیزو ئەمەریکاو شورەوییەکان بێت تالەو سەرکوتکردنی راپەڕینەکەدا هاوکاری بکەن.بەپێی هەندێك سەرچاوەو بەڵگەی مێژوویی،حزبی ئازادی کوردستان پەیوەندی توندوتۆڵی بەراپەڕیوەکانەوە هەبووەو هەوڵیداوە لەسۆنگەی بڕوابوونی بەبەرەنگاربوونەوەی چەکداری دژی دیکتاتۆریو گەڕانەوەی دامو دەزگاکانیبۆکوردستان،دەرفەتی راپەڕینی کوردەکانی ورمێ بقۆزێتەوە تاتێکڕای هاوڵاتیانی ناوچەکە لەچوارچێوەی سیاسەتو ئامانجەکانی خۆیدا ئاڕاستە بکات،بەتایبەتی ڕێبەرانی ڕاستەقینەی راپەڕینەکە کەئەو سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرانە بوون کەپەیوەندی پتەویان بەجووڵانەوەی نەتەوەیی کوردو حزبی ئازادی کوردستانەوە هەبوو.

شایەنی باسە ئاڵای راپەڕیوەکان بریتیبووە لەدووخەنجەری ڕاستو چەپ،سێ ئەستێرە لەسەر تەختێکی سەوز،[1]لەشوعاری حزبی ئازادی کوردستانەوە وەرگیراوە کەلەمەرامنامەکەیدا چەسپاندویەتی،هەروەها ئەوداواکارییانەی ڕێبەرایەتیی ڕپەڕینەکەدا بەئامادەبوونی کۆنسڵی شورەویی لەکاتی گەمارۆدانی شاری ورمێدا لەدانوساندنەکەی گوندی(عەسکەراوا)ی نزیك ورمێ پێشکەش بەنوێنەرانی حکومەتی ئێران کران،ئەوەی باسی لەبەشدارییکردنی کورد لەبەڕێوەبەرایەتی،ئازای نەتەوەیی،کردنەوەی خوێندنگا بەزمانی کوردی،ئازادی گیراوە سیاسییەکان،گێڕانەوەی زەویە زەوتکراوەکان بۆسەرخاکی کوردستانو بۆدەستی خاوەنەکانیان،[2]ئەو داواکارییانەی کوردانەو سیاسیییانە فۆرمەڵە کراونو لەوە دوورە بەتەنیا بەرجەستەی خواستو بەرژەوەندیی چەند سەرۆك عەشیرەتێك بکات،بەڵکو لەئاسۆیەکی نەتەوەیی قوڵەوە سەری گرتووەو لەراستییدا بەشێکەلە ئامانجەکانی حزبی ئازادی کوردستان.

---

1 - البكاء ،س ث ، ل١١٥.

2 - برهان ياسين أبابكر:كوردستان في سياسة القوى العظمى١٩٤١-١٩٤٧، ترجمة:هوراس،دهوك،٢٠٠٢، ص٧٥-٧٦.

ئەوەی زیاتر ئەو گریمانە دەکاتە راستییەکی مێژوو یی ئەو زانیارییە نهێنیانەیە کە کونسولْخانەی بەریتانیا لەگەرمەی ڕووداوەکانی راپەڕینی ناوچەی ورمێدا واتە لەسەرەتای ساڵی١٩٤٢دا، لەلایەن کونسوی تورکیاوە بەدەستی گەیشتووە، تورکەکان لە سۆنگەی ئەوەوە کە زۆر بەترسەوە دەیانڕوانیە چالاکی سیاسیی و نەتەوەیی کوردەکانی ئێران و لەهەرکردەیەك دەسڵەمینەوە، بەوردی چاودێری ڕووداوەکانی ناوچەی ورمێیان دەکردو لە ڕێگەی سیخوڕەکانیانەوە زانیارییان لەسەر کۆدەکرەوەو بەریتانیی و ئەمریکاییەکانیان لێ ئاگاداردەکردەوە.

ئەو ڕاپۆرتەی کونسولْخانەی بەریتانیا باسی لەوەکردووە کە لەوکاتەدا حزبێك بەناوی (ئازادی) لەلایەن کوردو ئەرمەن و ئاسورییەکانەوە لە هەرێمەکەدا دامەزراوە، و چالاکیەکانی خۆی لە ناوچەی ورمێدا لەماوەی نێوان کۆتایی ساڵی١٩٤١وسەرەتای ساڵی١٩٤٢دا پەرەپێداوە، لەوەش زیاتر لەو ڕاپۆرتە نهێنییەدا هاتووە کە کاتێك کوردە راپەڕیوەکان گەمارۆی شاری (ورمێ)یان داوە،حزبی ئازادی بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا داوای ئەوەی لە لێپرسراوانی‌حکومەتی ئێران کردووە شاری ورمێ جێبهێڵن، ئەو بەیاننامەیەی کە ژمارەیەکی زۆریان لەناو شاری ورمێدا بەبازاڕو دیواری شوێنە گشتییەکاندا هەڵواسیبوو، ئەوە دەگەیەنێت کە حزبی ئازادی کوردستان بەناوی راپەڕیوەکانەوە ئاخاوتووەو لەنێو ورمێشدا لایەنگروئەندامی نهێنیی هەبووە.[1]

راستییەکی دیکە هەیە کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەویش ڕۆڵی حزبی ئازادی کوردستانە لە ڕاکێشانی نەتەوە غەیرە کوردەکانی ئێران بۆ ڕیزی تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و بەدژی دیکتاتۆری، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد حزبی ئازادی کوردستان لە مەرامنامەکەی خۆیدا برایەتی و دۆستایەتی کوردو ئەرمەن و ئاسورییەکانی کردۆتە ئامانج و پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە تەواوی مافە (ئایینی و نەتەوەیی و فەرهەنگیی وکەلتوریی) یەکانی ئەو نەتەوانە دەستەبەر بکرێن، ئەوەش کاردانەوەیەکی باشی هەبوو لەسەر دۆستایەتی کوردو ئەو نەتەوانەو لەسەنگەری دژ بە دەسەڵاتی

---

[1] From the British legation in Tehran to the Forcing office, Janq-1942, Fo, 371/31388, Persia1942, PRO.

وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە ،ل٧٦.

ناوەندیی سەرکوتکەردا کۆی کردبوونەوە، بەچەشنێك کە لە مێژووی ئەو ناوچەیەدا کە کێشەو ئاڵۆزی نەتەوەیی‌و مەزهەبی تێداهەبوو کەم وێنەبوو، دیارە ژمارەیەك لەو ئەرمەنی‌و ئاسورییانە ببونە ئەندامە حزبی ئازادی کوردستان‌و وەك (هەژار موکریانی)دەڵێت کەبەشێکی ئێشکچییەکانی عەزیز زەندی سەرۆکی حزبی ئازادی کوردستان، ئەرمەنیی بوون.[1]

شایەنی باسە دۆستایەتی کوردو ئەرمەن‌و ئاسورییەکانی ناوچەکە تادەهات پتەوتر دەبوو،کونسوڵی ئینگلیز سەبارەت بە ڕووداوەکانی ورمێ‌و ناوچەکە لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا باس لەپەلاماردانی چەکدارانەی خەڵکی هەرێمەکە دەکات دژی هێزەکانی ئێرانی‌و دەڵێت: ((هێزە چەکدارەکان زۆر تێکەڵبوون، بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوشت‌وکوشتاری مەزهەبی لە ڕەزائیە (ورمێ . ل)دا، کوردو ئازەری‌و موسوڵمان‌و ئەرمەن‌و ئاسوری شان بەشانی یەکتری دژی دوژمنی هاوبەش(حکومەتی ئێران . ل) دەجەنگان)) .[2]

### هەڵوەشانەوەی حزبی ئازادی کوردستان

ئاشکرایە تا ئێستا سەبارەت بە لەکارکەوتن‌و هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئازادی کوردستان لەلایەن مێژوونوسان‌و بایەخدارانەوە بەڵگەی مێژوویی چەسپاو نەخراوەتە بەرچاو، تەنیا ئەوەی هەیە بریتییە لەچەند دیدو بۆچونی جیاواز کەناکرێت وەك راستییەکی مێژوویی چەسپاو پشتیان پێ‌ببەسترێت، لەوانە ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ عەزیز زەندی سەرۆکی حزب‌و کراونەتە فاکتەری هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکخراوە کوردستانییە.

---

[1] – هەژار: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

[2] – وەرگیراوە لە:

یرواند ابراهامیان: إیران بین دو إنقلاب، ترجمە: کاظم فیروزمند ومحسن مدیرشانە چی،چاپ چهارم،نشر مرکز، ١٣٨٠ش،ص٢٦٦.

لەو ڕووەوە عەلائەدین سەجادی باس لەعەزیز زەندی دەکات‌و دەڵێت:((بەرە بەرە حکومەتی ئێران ڕایکێشا بۆلای خۆی‌و بەرزی کردەوە، لەئاخری کارا بەهۆی ئەوەوە گەلێ لیستی ئەم حزبە))کەوتە دەست حکومەتی ئێران‌و کەوتە گرتنی ئەندامانی ئەم حزبە. عەزیزیش بەتەواوی خۆی بووبە پیاوێکی پیاوانی ئێران))،[1] هەروەها هەژاریش بەهەندێك گومانەوە نووسیویە:((پاشان ڕاست یان درۆ گوتیان لەهەمان کاتدا پیاوی دەوڵەتی ئێران بوو(واتە عەزیز زەندی . ل)پارەی لێساندون کەنەهێڵێ بیری ئازادیخوازی پەرە بسێنێ.))[2]

لەراستییدا، ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ عەزیزی زەندی گوایە بۆتە پیاوی دەوڵەتی ئێران‌و خیانەتی لەحزب‌و بیری ئازادیخوازی کردووە،جگە لەقسەو قسەلۆك نە پشت بەهیچ بەڵگەو دکۆمێنتی ڕەسەنی مێژوویی دەبەستێت‌و نە لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەو ژیانی عەزیز زەندی‌دا یەکدەگرێتەوە، چونکە لەتێکڕای ئەوبەڵگەنامانەی کەلێرەو لەوێ لەو قۆناغەدا باسیان لەپیاوانی ڕژێمی ئێرانیی‌و داورەدەستەکانی لەکوردستانی ئێراندا کردووە ناوی عەزیزی زەندی نەبراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو پێشتر لەدکۆمێنتەکەی وەزارەتی جەنگی ئێران ئاماژەمان پێدا، وەزیری جەنگ لەشوباتی١٩٤٣دا، سەرۆك وەزیرانی لەچالاکییەکانی عەزیزی زەندی ئاگادارکردۆتەوەو کارەکانی بەهەڕەشە لەسەر ئاسایشی وڵات دادەنێت، وخودی شاهەنشایان لێ ئاگادارکردۆتەوەو ئەویش فەرمانی بەوەداوە کە ڕێگەی لێبگرن‌و دژایەتیی بکەن. شایەنی باسە هەرخودی ئەو دکۆمێنتە ڕای خراپیی حکومەتی ئێران لەسەر عەزیز زەندی بە ڕوونی دەردەخات‌و پێی‌وتووە ((کابرایەکی بێ‌سەروبەرو سەرلێشواو!!))[3] ئەوەش سوکایەتییەکە کەهەردەم لەفەرهەنگیی ڕژێمی شاهەنشاهییدا بۆکەسانی ئازادییخوازونەیارو نیشتمانپەروەر بەکاردەهێنرا.

جگە لەوەی نابێ لێرەدا ئەوە لەبیربکرێت، کە عەزیزی زەندی پاش هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئازادی کوردستان ودوورکەوتنەوەی لەناوچەکەو بەسەربردنی باقی ژیانی

[1] عەلائەدین سەجادی: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

[2] هەژار: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

[3] بەدرخان: سەرچاوەی پێشوو،ژمارە(٣٨)،٢٠٠٣/١١/٢٢.

**لەتەبریزو تاران، جگە لەدڵسۆزیی بۆ نەتەوەکەی کارێکی دیکەی لێ نەبینراوە، وێڕای ئەوەی وەك لەنوسینێکی کاك(عبیدالله ایوبیان)داهاتووە، لەهاوینی ساڵی ١٩٥٢و لەسەردەمی حکومەتە نیشتمانییەکەی دکتۆر مصدق دا،عەزیز زەندی لەگەڵ (ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا)ی ڕابەری شۆڕشی نەتەوەیی ئاگری لەکوردستانی باکوور(١٩٢٧ – ١٩٣٠)، کە ئەودەمە وەك پەنابەر لەتاران دەژیا، پێکەوە لەگەڵ (سەید عەبدوڵڵای گەیلانی) ڕێکخراوی نهێنییان بەناوی (کۆڕی بەرزی تایبەتمەند)دروستکردووە[1] تاکو مافەکانی گەلی کورد لەڕێگای پەیوەندییکردن بە وڵاتە زلهێزەکانەوە بەتایبەت (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)بهێننەدی، هەروەها لەشەستەکانداکە (جەلیلی گادانی) لەتاران چاوی بەعەزیز زەندی کەوتووەو دەربارەی نووسیویە:((زۆر کوردێکی بەهەست مابوو،گەلێك بۆکوردە بەش خوراوەکەی بەپەرۆش بوو)).[2]**

**شایەنی باسە هەندێکی دیکە بێبەڵگە هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئازادی کوردستان بۆ فاشییستبوونی عەزیز زەندی دەگێڕنەوە، (حوسێنی مەدەنی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((واپێدەچێت عەزیز زەندی پەیوەندی بەئەڵمانییەکانەوە بووبێ، کە لەسەرەتای شەڕەکەدا لەزۆربەی ناوچەکانی ئێراندا خاوەن نفووز بوون، بەدوای شکست و پاشەکشەی ئەڵمانییەکان لەئێران (حزبی ئازادیخوازی کورد)یش لەفڕەکەوتووە)).[3] دیدێکی بەم چەشنە دەگونجێت لێکدانەوەیەکی هەڵەبێت بۆ ڕووداوەکان، یاخود لەونازناوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە عەزیز زەندی پێ ناسراوە واتە عەزیز ئەڵمانی کەبەهۆی ڕووخسارو ڕێکپۆشی ناوبراو و ئاوارەبوونی چەند ساڵەی لەوڵاتی ئەڵەمانیا بووە، نەك بەهۆی لایەنگری لەفاشییزم، چونکە وەك لەمەرامنامەکەی حزبی ئازادی کوردستاندا دەرکەوتووە ئەو حزبەو سەرۆکەکەی بە یەکەمین ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژبە فاشییزم لەناوچەکەو بگرە لەسەرانسەریی ئێرانیشدا دادەنرێت.**

---

[1] – گۆڤاری(ئاوێنە)،ژمارە(٤)، خەزەڵوەری١٣٦٩، ل٢٤.

[2] – هۆشەنگ تۆفیق: سەرچاوەی پێشوو، ئاڵای ئازادی، ١٩٩٥/١٢/١٠. شایەنی باسە گادانی وەك تێکۆشەرێکی کورد سەردەمانێك لەتاران ژیاوەو نوسەرێکی ڕاستگۆو ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە

[3] – حوسێنی مەدەنی: کوردستان‌و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووهەم، خاکەلێوەی١٣٨٠ی هەتاوی،ل١٩٤.

لەراستییدا، ڕایەکی (کریس کۆچێرا) هەیە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئازادی کوردستان کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبدرێتو ئیستیکی لەسەربکرێت، کۆچێرا بەپشتبەستن بەڕاپۆرتێکی (ریدر پۆلارد) ی سەفیری بەریتانیا لە تاران کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی بەرزکردۆتەوە دەڵێت: ((دوو ڕووداو هەن کەهەڵوێستی بەپارێزی، روسەکان سەبارەت بەچالاکی نەتەوەیی کوردان لەم ساڵەدا١٩٤٢دا بەجوانی بەرجەستە دەکات، لەمانگی ١ی ١٩٤٢دا دەسەڵاتدارانی سۆڤییەت کۆمیتەی((حزبی ئازادیخواز)) کەکوردو ئاشوریی و ئەرمەنیان یەکدەخست دوای ئەوەی ئەندامانی ئەم حزبە بەگژ چەندرمەی ئێراندا چوون، روسەکان هەڵیانوەشاندنەوە))[1]

ئەم بۆچونەی کۆچێرا زیاتر لەبۆچوونەکانی دیکە گونجاو شیاوترەو دەتوانرێت بەفاکتەری سەرەکیی لەکارکەوتنی حزبی ئازادی کوردستان بدرێتە قەڵەم، چونکە وەك سەرچاوەو بەڵگە مێژووییەکان دەریدەخەن، سیاسەتی شورەویی لەباکووری ئێراندا بریتیبوو لەپاراستنی ئاسایشو ئارامیی ناوچەکە تاکو گرەنتی تێپەڕبوونی ئەو هاوکارییانەی بکات کەلەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە لەباشووری ئێرانەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لەشورەویی دەگوازرانەوەو هەڕەشەی فاشییزم لەسەرخۆی کەمبکاتەوە، هەربۆیە شورەویی دژی هەرجووڵانەوەو لایەنێك ڕادەوەستا کەئەو ئارامییە بشێوێنیٚو بەردەوام گومانی فاشییزم بوونیان دەخستەسەر،[2] دیارە سەرنجی بەرپرسانی دەوڵەتی شورەویی و هەڵوێستیان لەهەمبەر راپەڕینی کوردەکانی ورمیٚ ئەو مەسەلەیە زۆر بەڕوون نیشان دەدەن.

(مۆڵۆتۆف)ی وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتی شورەویی لەنامەیەکی خۆیدا کەبۆ (سمیر تۆڤ)ی باڵیۆزی شورەویی لەتاران ناردووە،لەسۆنگەی لێکدانەوەیەکی

---

[1] – تەلــــەگراف رۆژی ١٩٤٢/١/١٤ی ریــــدر پــــولاردی بــــەریتانیا لــــەتارانیٚ ، وەزارەتــــی کاروبــــاری دەرەوەی ئینگلیستان٣٧١٣١٣٨٨. وەرگیراوە لە:کریس کۆچیرا: کورد لەسەدەی نۆزدەوبیستدا ، وەرگێرانی: حەمە کەریم عارف، هەولێر،٢٠٠٣،ل٢٠٥.

[2] – بۆ زیاتر:برهان یاسین أبابکر: سەرچاوەی پێشوو،ل٧٠-٧١.

نازانستییانه بۆکێشەی کوردو خەباتی چەکدارانەی کوردەکانی ورمێ دژی دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتیناوەندیی، بەراشکاوی نووسیویە ((خەباتی کوردەکانی ئێران بۆ خودموختاریی و سەربەخۆیی بەپێی ناوەرۆکە کۆمەڵایەتییەکەی، دیفاعێکی کۆنەپەرستانەیە لەدەرەبەگی جیاوازیخوازی کورد دژبە سیاسەتی سەنترالیزم لەئێراندا...جیاوازیخوازی کوردان لەئێران هەمیشە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە بیانوویەك بۆسیاسەتی ئینگلیزو تورکان... سەرۆکە کوردەکان خەڵکی ئاسایی کورد گوێڕایەڵیان نین، زۆربەیان بەکرێگیراوی دەوڵەتە جۆربەجۆرەکانی ئیمپریالیستین و بگرە لەناویشیاندا ڕاسپاردەی دەوڵەتە فاشیستەکان کەم نین)).(١)

شایەنی باسە مۆڵۆتۆڤ ئەم بۆچوونە هەڵەیەی بۆ لێپرسراوە سیاسیی و سەربازییەکانی شورەویی لەئێران دووپاتکردۆتەوەو داوای لێکردوون هاوکاری تەواوی سوپای ئێرانی بکەن بۆ دژایەتیی هەر هەوڵێکی کورد بۆسەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان و دەزگاسەرکوتکەرەکانیان لەناوچەکە دابمەزرێتەوە، مەسەلەیەکی وافاکتەری سەرەکیی شکستی ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ دادەنرێت، ئەو ڕاپەڕینەی کە حزبی ئازادی کوردستان بەشدارو هاوکارو تاڕادەیەکیش زمانحاڵی بوو.

ئەو هەڵوێستە مەنفییەی شورەویی سەبارەت بەراپەڕینی چەکدارانەی کوردەکانی ورمێ و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان، وای لەهەندێك نووسەر کردووە بکەونە هەڵەوەو بەپشتبەستن بە سەرچاوە شورەوییەکان راپەڕینی ورمێ لەساڵی ١٩٤١ ـ ١٩٤٢دابەدەستی نازییەکان بزانن.(٢)

هەرحاڵ شکستی راپەڕینەکەی ورمێ بووەهۆی دروستبوونی بیروڕای جیاواز لەنێو حزبی ئازادی کوردستاندا کەکەوتبووە بەرفشارو پیلانی شورەوییەکان لەهەرێمی ورمێ و موکریانی کوردستانی ئێراندا، لێرەدا دووبەرەکیی لەنێو سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەدا دەرکەوت، عەزیز زەندی سەرۆك و چەند ئەندامێکی دیکە کەپاش

---

[1] – وەرگیراوە لە: حامید گەوهەری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠-١٠١.

[2] – عبـدالهادي كـريم سـلمان: إيـران في سـنوات الحـرب العالميـة الثانيـة، مركـز دراسـات الخلـيج العربي،البصرة،١٩٨٦،ص٨٥-٨٦.

رووداوەکانی ورمێ بڕوایەکیان بەپاڵپشتی و لافی ئازادییخوازیی شورەوییەکان نەمابوو، نوێنەری باڵی کەمینەبوون، کەلەو قۆناغەدا وازیان لەکاری سیاسیی هێناودانیشتن، باڵەکەی دی کەحوسێنی زێڕەنگەران ڕێبەرایەتیی دەکرد، پاش ماوەیەکی کەم لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی ڕۆشنبیرە لاوە ناسیۆنالیستەکانی شاری مەهابادا، ڕێکخراوێکی نوێیان لەسەر داروپەردووی حزبی هەڵوەشاوەی ئازادی کوردستان دامەزراند، کەناسیۆنالستترو مەزهەبیتر دوور لە راپەڕینی عەشیرەتە کوردییەکانو خەباتی چەکداریی بوو، ئەو ڕێکخراوەش (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان/ژێکاف)بوو.[(1)]

## دووەم: کۆمەڵەی ( ژ. ك )

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کە کورتکراوەکەی (ژ.ك)ەو زۆر جاریش تەنیا بەکۆمەڵە ناودەبرێت، لەبەرواری ٢٥ی مرداد/گەلاوێژی ١٣٢١ھ بەرامبەر ١٦ی ئابی ١٩٤٢ز لەلایەن ژمارەیەك لەرۆشنبیرانو کاسبکارانی شاری مەهاباد لە کوردستانی ئێران وەك ڕێکخراوێکی سیاسیی نەتەوەیی رووت دامەزرێنرا.[2] ناوی دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا هاوجووت نین،[3] بەڵام بەگشتییی ناوی تاقمی دوازدەکەسی دێت کە ئەمانەی خوارەوەن:

١ـ حوسێن فروهەر ـ کارمەند

٢ـ عەبدولرەحمان زەبیحی

---

[1] – بۆ زیاتر: حامید گەوهەری: سەرچاوەی پێشوو.

[2] دەربارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ك) مێژووی جیاوازو دوور لەیەك دانراوەو کەمێژوویی راستەقینە نین، بلوریانو رەحیمی قازیی ساڵی ١٩٣٨و رۆزفیلت ١٩٤٣و زۆربەی سەرچاوەکانی دی ٢٥ی گەلاوێژیان بە١٦ی ئەیلول داناوە کەلەراستیدا مانگی گەلاوێژ (تەمووز – اب) دەگرێتەوە، سەیر ئەوەیە خودی قاسملو کەلە (چل ساڵ خەباتدا) مێژووە راستەکەی نوسیووە لە شوێنێکی تردا ١٦ی سێبتمبەر / ئەیلولی بەهەڵە داناوە:
بلوریان، س.پ، ل١٨" احمد، دراسات فی تأریخ ایران..، ص٢٥٧" Roosvelt, op.cit,p13، ایغلتن، س.پ، ل٦٦، قاسملو، چا ساڵ خەبات، ل٢٨" Gassumlu, op.cit,p118.

[3] هەندێك سەرچاوە ناوی (عزیز زەندی، رەحمانی علوی، محەمەد ئەمین شەرەفی، محەمەد یاهو)شیان وەك ئەندامی دامەزرێنەر ناوبردووە. بڕوانە: ایغلتن، س.پ، ل٦٦" گادانی، س.پ، ل٢٠" بلوریان، س.پ، ل١٧–١٨.

**٣. قادری مودەریسی - کارمەند**

**٤ـ عەبدولرەحمانی ئیمامی ـ کارمەند**

**٥ـ نەجمەدینی تەوحیدی ـ کارمەند**

**٦ـ محەمەدی نانەوازادە.**

**٧ـ عەلی مەحموودی ـ مامۆستا**

**٨ـ محەمەد ئەسحابی - مامۆستا**

**٩ـ عەبدوڵڕەحمانی کەیانی ـ دوکاندار**

**١٠ـ سەدیقی حەیدەری ـ کارمەند**

**١١ـ قاسمی قادری ـ مامۆستا**

**١٢ـ مەلا عەبدوڵڵای داودی ناسراو بە مەلای حەجۆکی ـ بازرگان و رووناکبیر.[١]**

**ئامانجی یەکەمی کۆمەڵەی (ژ.ك)، بەدیهێنانی مافی خۆدموختاریی بوو بۆ گەلی کورد لەکوردستانی ئێران، مەسەلەی خەباتیشی بۆ رزگارکردنی سەرانسەری کوردستانی مەزن و یەکگرتنەوەی کوردستانی دابەشکراوو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی بۆ قۆناغێکی دواتر دانابوو.[٢] کۆمەڵە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشتی بەزانست و خوێندەواریی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی دەبەست لەجیاتی چەك و پەلامارو هێرش بردن، هەر بۆیە لەقۆناغی یەکەمی دامەزراندنیدا زۆر بەتوندیی هێرشی تەبلیغاتیی دەکردە سەر شێوازی کاری عەشیرەتی.[٣] بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی و رەوشی ئاینیی کوردستان کۆمەڵە بنەماکانی خۆی لەسەر چوار کۆڵەکە دامەزراندبوو کە (ئیسلامەتیی، کوردایەتیی، مەدەنییەت، صوڵح و ئاشتییخوازیی)یە، لەم رووەوە هاتووە: ((٧. بەبۆنەی موتەدەین بوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بەدینی ئیسلام کۆمەڵەی**

---

[1] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٢٨ .، ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل٥٩.

[2] گۆڤاری نیشتمان، ژمارە١، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ١٣٢٢ بەرامبەر جولای ١٩٤٣، ل٢٠١. وەرگیراوە لە: نەبەز، جەمال، گۆڤاری نیشتمان تەموزی ١٩٤٣–مایسی ١٩٤٤ زمان حاڵی کۆمەڵەی ژێ کاف و ئایدۆلۆژی هووردە بۆرجوای رۆشنبیری ناسیونالیست لەکوردستاندا، بنکەی چاپەمەنی و ئازاد، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥.

[3] لەدیاری کۆمەڵەی ژ.ك بۆ لاوەکانی کوردا هاتووە" عەشیرەتەکانمان کێ هەیە لەدەستیان وەرز نەبوبێ، باوەڕ بکەن کارەساتی وایان هێناوەتەدی، کەدونیای شارستانێتی لێیان بێزارە.. تەنیا ئەوانن بەرهەڵست بۆ پێشکەوتنی کورد" بڕوانە: حەسەنپوور،س.پ،ت،ل٩٢.

**کوردستان تەنیا دینی موقەدەسی ئیسلام بەفەرمیی دەناسیٚو بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلامو بەجیٚ گەیشتنی هەمو ریوشوێنێکی ئیسلامەتی تی دەکوشیو لەگەڵ مونافیقان بەربەرەکانییەکی بەشیدەت ئەکا.))** [1]

**کۆمەڵە مەسەلەی کاری دیموکراتیی وەك رێبازێکی گونجاو بۆ گەیشتن بەئازادیی و بەختەوەریی کۆمەڵگا دەبینیو دەرگای ئەندامبوون لەم رێکخراوەدا تەنیا لەبەردەم کەسانێك کرابووە کە لەدایكو باوکەوە کوردو کەسانی باشو پاكو بڕواپێکراو بوون، لەم رووەوە تەنها چاوپۆشیی لەئاسوورییەکان دەکرا، ئەویش بۆ پتەوی پەیوەندییەکانی هەردوولا لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە.** [2]

**ئەو کەسەی دەبووە ئەندامی کۆمەڵە دەبووایە سەرەتا خۆی بشۆردایەو لە روانگەی ئایینییەوە خۆی خاوێنکردبا، ئەوسا دەهاتە کن سیٚ ئەندامی (ژ.ك)و لەشوێنێکی نهێنیی و تایبەت سوێندی ئەندامەتیی بەقورئانو ئاڵای کوردستانو** [3] **و شمشێرو شەرەف خۆی دەخوارد کە:((.. لەم رووەوە بەدڵو گیان بۆ ئازادی کوردستان تیٚ دەکۆشمو تامردن قوسور ناکەم، هیچ بەرژەوەندییەك وەپێش بەرژەوەندی خزمەت بەوڵاتەکەم ناکەم، برای حیزبیم بەقەد خۆم خۆش دەوێت، هەتا مردن بەزمان، بەقەڵەم، بەئیشارەو بەهیچ جۆریٚ خەیانەت بەحیزب ناکەمو راستی لیٚ ناڵێمو ناوی نهێنی ئەندامان لای کەس نادرکێنم.))** [4] **لە رێخستنی ئەندامانیشدا کۆمەڵە پەیڕەوی شانەی بچوکی نهێنیی دەکرد کەژمارەی ئەندامەکانی لە ٧-٩ کەس بوون، هەریەکە لەمانە خاوەنی ناوو ژمارەی نهێنی خۆیان بوونو جگە لەیەکدیو سەرۆك شانە کەسێکی دیکەیان نەدەناسی. بۆنموونە: عەبدولقادر دەباغی بە ع. سیامك ٥٧، رەحمانی شەرەفکەندنی بە ع. هەژار ٢٠و مەنافی کەریمی بە م. ێریا ٢٧ دەناسران.** [5]

---

[1] **گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٦، رەشەممەی ١٣٢٢، ل١٦" صمدی، س.پ، ل١١٠.**

[2] **دەباغی، عبدالقادر، راپەرینی (کۆمەڵە)ی ژیٚ کاف، وەلاٚمێك بەنامیلکەی ژ–کاف چ بوو؟ ئینشاراتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب ش ، ب م ، ل١٠"** Rossevalt, op.cit,p136.

[3] **ئاڵای کوردستان کەژ.ك بۆ سوێندخواردن دای دەنا لەسیٚ رەنگی سور، سپیو سەوز پێکدەهات کەلەناوەراستیدا وێنەی خۆرێك دروست کرابوو کەپیتی (J.K)ی لاتینی لەبەشە سپییەکەیدا بوو، بڕوانە"صمدی، س.پ، ل١٠٩.**

[4] **هەژار، س پ، ل ٥٨.**

[5] **صمدی، س.پ، ل١١١، دەباغی، س.پ، ل١٠.**

شایەنی باسە، بەمەبەستی پەرەپێدانی چالاکییەکانی کۆمەڵەو پتەوکردنی ریزەکانی، نزیکەی ١٠٠ کەس لەئەندامانی ئەم رێکخراوە کە (میرحاج و مستەفا خۆشناو) کەدوو ئەفسەری کوردی نیشتمانپەروەری کوردستانی عێراقیان دەگەڵدا بوون لەکۆتایی نیسانی ١٩٤٣دا لەباغی (داودی) لەنزیك چیای (خوداپەرست)ی رۆژهەلاتی مەهاباد کۆبوونەوەیەکی فراوانیان ئەنجامدا کەلەشێوەی کۆنگرەدابوو، تیایدا پاش هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی گشتیی کوردستان و ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمەڵە چەند بڕیارێکی گرنگ وەرگیرا:

١- گۆڤارێك بەناوی (نیشتمان)ەوە چاپ بکرێت و وەك ئۆرگانی کۆمەڵە بیروراو دیدو هەڵوێستەکانی تیادا بڵاوبکرێتەوە.

٢- هەوڵدان بۆ پەیوەندی گرتن بەلێپرسراوانی شورەویی لەئێران بەمەبەستی بەدەستهێنانی هاوکاریی و پاڵپشتی دەرەکیی بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد.

٣- دانانی وشەی نهێنیی بەمەبەستی یەکتر ناسینی ئەندامەکانی کۆمەڵە کە بریتییبوو لە (خوداپەرست شتێکی چاکە).

٤- هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەو دابەشکردنی ئەرکەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە:

حوسێن فروهەر - لێپرسراوی کۆمیتە، قادری مودەریسی - بەرپرسی لیژنەی راوێژکاران، عەبدولرەحمانی زەبیحی - بەرپرسی چاپ و بڵاوکردنەوە، سەدیق حەیدەر فاروقی - راسپاردەو کارمەندی بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان، نەجمەدینی تەوحیدی - بەرپرسی مالی، محەمەدی یاهو- نووسەرو رێکخەری کاروبارەکانی کۆمیتە، عەبدولرەحمانی ئیمامی - پشکنەر، قاسمی قادری - ئەندامی لیژنەی راوێژکاران، محەمەدی ئەسحابی - ئەندامی لیژنەی راوێژکاران، رەحمانی کەیانی - راوێژکار، حامدی مازوچی - رێکخستن، محەمەدی سەلیمی کارمەند، عەلی مەحموودی - ئەندامی کۆمیتە، محەمەدی نانەوازادە - فەرماندەی هێز.[1]

---

[1] صمدی، هـ.س، ل١١٢، ایغلتن، س.پ، ل٧٠-٧١.، ملا عزت، س.پ، ل٦٦.

بەم جۆرە کۆمەڵە دەستیکرد بە پەرەپێدانی کاری ڕێکخراوەیی و لەماوەیەکی کەمدا جگە لە کۆمیتەی مەهاباد کە لەلایەن مەلای حەجۆکی‌یەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، کۆمیتەی لەزۆربەی شارو ناوچەکانی هەرێمی موکریان لەنەغەدە، سندوس و بۆکان دامەزراندو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نفوزی لەپەرەسەندندا بوو، بنکەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەچینە مام ناوەندییەکان و زەحمەتکێشانی شارو لادێ بوون وەك: کارمەندان، کاسبکاران، خوێندکاران، ڕووناکبیران، جووتیاران و ڕەش‌ورووتی کورد.[١] دیارە چوار دەستە کە: شێخ، مەلا، سەیدو ئاغایە مافی ئەندامەتیی (ژ.ك)یان هەبوو، بەڵام هەرگیز ئەو مافەیان پێ ڕەوا نەبینرابوو، بگەنە سەرکردایەتیی و پلەی ڕێبەرایەتیی. کۆمەڵە لەرووی تێڕوانین و دیدی سیاسییەوە ئەندامەکانی خۆیان بە تیۆرو تیزێکی سیاسیی - فەلسەفییەوە نەبەستبۆوەو بەڵکو هەروەك هێمن دەڵێت: ((..ئەندامانی کۆمەڵە لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری پێك هاتبوون و جیاوازی بیروڕای سیاسیی و فەلسەفی یان هەبوو.. بەڵام هەموو لەبەر شتێك ڕێکەوتبوون ئەویش ڕزگاری کوردستان بوو.))[٢]

(ع - ساسان) ناوێك لەگۆڤاری نیشتمان زمانحاڵی کۆمەڵەداو لەژێر وتارێکدا بەنێوی (کوردستان ماڵی کوردە) دەڵێت:((کورد بەهەموو هێزی خۆی ئەچریکێنێ ئەڵێ کوردستان ماڵی خۆمە بەکەسی نادەم، وڵاتی خۆم بۆ کەس بەجێ نایەڵم، لەکوردستان بووم لەکوردستان ژیاوم و ئەژیم و ئەبێ هەر لەکوردستان و لەرێگای کوردستانیشدا بمرم.))[٣]

بەپێچەوانەی ئەوەی کە أرفع ئاماژەی بۆ کردووە، گوایە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی تەواو خۆجێ بووەو پەیوەندیی بەحیزبی هیواو کوردەکانی عێراقەوە نەبووە،[٤] سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەو بڕوایەدابوون کە نابێت چالاکیی و ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکەیان لەناوچەی موکریان و مەهابادا قەتیس بێت، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە بایەخیان بەدامەزراندنی

---

[1] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٢٨ .، شریف، س.پ، ل٣٣.

[2] هێمن، س.پ، ل٢١.

[3] گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ١٥، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ١٣٢٢ بەرامبەر جولای ١٩٤٣، ل٢٢.

[4] ارفع، س پ ، ل ١٧٣.

پەیوەندیی پتەو لەگەڵ کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان، بەتایبەت، کوردستانی عێراق دەدا. بۆ ئەم مەبەستەش یەکێك لەئەندامە ناسراوەکانی خۆی کە (محەمەد ئەمین شەرەفی)یە رەوانەی کوردستانی عێراق‌و تورکیا کرد. ناوبراو کاتی سەردانەکەی بۆ کوردستانی عێراق، چووە کەرکوك‌و سلێمانی‌و چاوی بەئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبی هیوا[1] کەوت‌و باسی رێگرە سەرەکییەکانی بەردەم خەباتی نەتەوایەتیی کوردو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردووولا کرا.[2]

جگەلەوە، لەمەهاباد پێشوازیی لەنوێنەرەکانی پارچەکانی تری کوردستان وەك: ئیسماعیل حەقی شاوەیس‌و عوسمان دانیش لەسلێمانی، قەدری جەمیل پاشا لەحەلەب، قازیی مەلا وەهاب لەکوردستانی تورکیا کرا.[3] لقەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك)یش لەشارەکانی کەرکوك، هەولێر، شەقلاوە، سلێمانی، دامەزران، ئەم پەیوەندییە گەیشتە رادەیەك کەنوێنەرە نەتەوەخوازەکانی پارچە جیاوازەکانی کوردستان لەئابی ١٩٤٤و لەچیای (دالانپەر) کەدەکەوێتە سنووری ئێران – عێراق – تورکیا، کۆبوونەوەو پەیمانێکیان بەست بەناوی (پەیمانی سێ سنوور) کەتیایدا لەسەر دوازدە خاڵ رێکەوتبوون، گرنگترینیان ئەوەبوو کە جگە لەمانەوەی لقەکانی (ژ.ك) لەهەریەك لەم پارچانەدا،

---

[1] حیزبی هیوا لەساڵی ١٩٣٩ وەك رێکخراوێکی نهێنیی لەشاری سلێمانی دامەزرا بەسەرۆکایەتیی کەسایەتیی رووناکبیر (رەفیق حیلمی). ئەم حیزبە کەسروشتێکی نەتەوەیی نیشتمانیی هەبوو لەسالانی جەنگی دووەمی جیهانییدا پەرەی سەندو ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکاران، کارمەندان، ئەفسەران، کاسبکاران‌و بازرگانانی کورد لەدەوری کۆبوونەوە، ناوەندی حیزب لەشاری بەغدا دانراو لقی لەزۆربەی شارەکانی کوردستانی عێراق‌و تەنانەت دەرەوەش دامەزراند، لەبەر سروشتە نەتەوەییەکەی‌و هەڵوێستی ئاسایی لەحکومەتی بەریتانیا ئەم حیزبە لەلایەن کۆمۆنیستەکانی عێراقەوە دژایەتیی دەکرا تا لەساڵی ١٩٤٥ هەڵوەشایەوە، بڕوانە:

ملا عزت، س.پ، ل١١٤" ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل٧٢.

[2] صمدی، س.پ، ل١١٤" ایغلتن، س.پ، ل٧٣.

[3] ( Roosvelt,op.cit,p13, Borhanadin,op.cit,p146، ئاشکرایە کەدوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیوا لقێکی ژ.ك لەسلێمانی بەسەرۆکایەتیی کەسایەتی ناسراو ئیبراهیم ئەحمەد دامەزرا کەگرنگترین ئەندامەکانی: ئیسماعیل شاوەیس، فایەق بێکەس، سەدیق شاوەیس، حەمەعەلی مەدهۆش بون، بەلام غەفوری میرزا کەریم دەڵێت:" جەمالی حەمە سەعی‌و ناهیدەی شێخ سەلام خۆیان بەدامەزرێنەری لقی ژ.ك لەسلێمانی دەزانن" بڕوانە: ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل٧٣ .،میرزا کەریم، غەفوری، سەرەتاڵی لەکلافەی مێژووی پڕ هەڵبەزو دابەزی ژیانم، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٨٢، ل٨٩.

سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو بۆ هەموو کوردستان پێکبهێنرێت کەئاراستەی خەباتی نەتەوایەتیی کورد تاسەرکەوتن بکات. بەشداربوانی ئەم پەیمانە بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان وەك لای خوارەوەن:لەکوردستانی عێراق: شێخ عەبدوڵڵای زینۆ، ووردی، سەعیدی کانی مارانی، سەید عەزیز شەمزینی، حەمزە عەبدوڵڵا. لەکوردستانی ئێران: قاسمی قادری، رەحمانی ئیلخانی زادە. لەکوردستانی تورکیا: قازیی مەلا وەهاب. لەکوردستانی سوریا: قەدری جەمیل پاشا زادە.[١]

بڵاوبوونەوەی ناوبانگی کۆمەڵەو پەیوەندیی لەگەڵ کوردە نەتەوەخوازەکانی پارچەکانی تری کوردستان، بووە مایەی ترس و دڵەڕاوکێی حکومەتی عێراق، تورکیاو ئێران، حکومەتی بەریتانیاش کەهاتوچۆی کوردەکانی سنوور هەراسانی کردبوو. کەوتبووە ناردنی جاسووسەکانی بۆ ناوچەی موکریان تاکو لەسەر کۆمەڵەی (ژ.ك) زانیاری کۆبکەنەوەو بەوریاییەوە چاودێری چالاکییەکانی بکەن.[٢]، بەتایبەتیی لەو کاتەی کۆمەڵە نامەیەکی نهێنی بۆ (مەلا مستەفا) رابەری راپەڕینی ناوچەی بارزانی کوردستانی عێراقی (١٩٤٢ –١٩٤٥) ناردبوو، تیایدا هەوڵیاندابوو سروشتی راپەڕینەکەی بارزان بزانن تا ((تەئمینی یارمەتییەکی زۆر گەورە بۆ ئێوە (واتە مەلا مستەفا - ل) بکەین و حەرەکەتی موبارەکی ئێوە بکەینە حەرەکەتی میللی عمومی تاکو لەتاریخ دا ئەم فەخرە بۆ ئێوە تەسجیل بکرێ))[٣].

سەبارەت بەچالاکیی نهێنیی کۆمەڵەو هەڵوێستی حکومەتی ئێرانی، دەباغی نووسیویەتی: ((نهێنی کاری دیسپلینی توندوتیژی کۆمەڵە فەزایەکی وای خولقاندبوو کەخەڵك وایان دەزانی کۆمەڵە خاوەن چەند چاپخانە یا چەند هەزار ئەندامی چەکدارو فیداکارە.. ناووناوبانگی عەزەمەت و گەورەیی ژی - کاف شەخسی حەمەرەزاشاو دەوڵەتی تارانی توقاند، روکنیی دوی ستادی ئەرتەش و جاسوسانی دەربار لەهەموو

---

[١] سلوپی، زنار، في سبيل كردستان، مذكرات، ترجمة: د.علي، الطبعة الاولي، رابطة كاوه للثقافة الكردية، بيروت، لبنان، ١٩٨٧، ص٢١٣.

[٢] Borhanadin,op.cit,p147.

[٣] وەرگیراوە لە: مەدەنی، حوسێنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، بێ شوێن، خاکەلێوەی ١٣٨٠ی هەتاوی، ل٢١١.

**چەشنە بەرگ‌و لیباسێکدا دەهاتنە کوردستان تا کۆمەڵە کەشف بکەن بەڵام بەدەستی خاڵی دەگەڕانەوە.))**[١]

**لەراستییدا، حکومەتی ئێران تا درەنگانێکیش زانیارییەکی راست‌ودروستی سەبارەت بەکۆمەڵەو ئەندامەکانی چنگ نەکەوتبوو. لەناوەند زیاتر وەك رێکخراوێکی کۆمۆنیستی باسیان لێوەدەکرد، جا ئەمە لەبێ ئاگاییەوە بێت یاخود بەمەبەستی شێواندنی رووی کۆمەڵە لەبەردەم خەڵکی کوردستان‌و رای گشتیی ئێرانیدا،[٢] صدری قازیی نوێنەری مەهابادو موکریان لەخولی چواردەهەمی مەجلیسدا، لەیەکێك لەدانیشتەکانی مەجلیسدا لەپایزی ١٩٤٥دا ووتی: ((ئەوە چ درۆیەکی گەورەیە دەکرێت سەبارەت بەخەڵکی کوردستان، بۆ نموونە دەڵێن کورد ئەنجومەنێکی بۆ جیابوونەوە پێکهێناوە بەناوی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کورد. برایان (ك.ك.ك) مانای کۆمەڵەی کۆمۆنیستی ناگەیەنێت بەڵکو ئەوە یەکەم: کۆمەڵەی گەنجانی کوردەو دووەمیش ناوەندەکەی لەعێراقەو بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بەکوردەکانی ئێرانەوە نییە، ئەوانە چونکە جار جارە دێنە ئێران دوورنییە کاریگەرییشیان لەسەر عەشیرەتەکانی کوردی ئێران بەجێهێشتبێت.))** [٣]

**دەتوانرێت راکێشانی کەسایەتیی ناودارو رێز لێگیراوی وەك (قازیی محەمەد) بۆناو ریزەکانی کۆمەڵە بەوەرچەرخانێکی گرنگ‌و سوودبەخشی ئەم رێکخراوە لەقەڵەمبدرێت، دوای ئەوەی لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤دا داوای لێکرا بێتە ماڵی دڵشادی رەسوڵی‌و**

---

[1] **دەباغی، س.پ، ل٣٤-٣٥.**

[2] **ژگالینا دەڵێت عەبدولڕەحمانی زەبیحی کەئەندامێکی تودە بوو کۆمەڵەی دامەزراندووە، هەروەها اوبالانسیش کۆمەڵە بەرێکخراوێکی شێوە کۆمۆنیستی دەناسێت، بەڵام وەك دیارە زەبیحی ئەو دەم پەیوەندییەکی بەتودەوە نەبووە، لەگۆڤاری نیشتمانیشدا هاتووە: چەند کەسێك لەم بێ مێشکانە کەکتێبی دیاری‌و ژمارەی یەکەمی نیشتمانیان خوێندبووەوە لەلایەنگری‌و تەمایلی ئێمەیان بۆ لای حکومەتی سۆڤێتی دا دی بو گوت بویان ئارمانی کۆمەڵی ژ.ك بڵاوکردنەوەی مەسەلەك‌و باوەری کۆمۆنیزمە.. ئێمە کۆمۆنیست نین" بڕوانە: ژەگالینە، هەندێ رێبازی ئایدۆلۆژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەچەرخی تازەدا. وەرگێڕانی: رەشاد، پەیڤ، گۆڤارێکی وەرزی رۆشنبیر گشتییە، ساڵی یەکەم، ژمارە٣، کانونی ەکەمی ١٩٨٦، ل٩٢٩" اوبالانس، س.پ، ل٤٦" گۆڤاری نیشتمان، ژمارە٢، خەزەڵوەری ١٣٢٢، ل٨-٩.**

[3] **کوهستان، ١٥ ازرماه ١٣٢٤.**

سوێندی ئەندامەتی بخوا. قازیی محەمەد دوای سوێند خواردن بڕیاریدا چی لەدەست بێت بۆ خزمەتی کۆمەڵەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دریغیی نەکات، بەرامبەر بەوەش شەرەڤی ئەندامەتیی درایەو ناوی (بینایی) کرایە ناوی نهێنی[٢]

سەبارەت بەئەندام بوونی قازیی محەمەد لە (ژ.ك)دا هەندێك بیرورا هەن کەپێچەوانەی راستییە مێژووییەکانن، بۆ نمونە: (د. عەزیز شەمزینی) دەڵێت گوایە قازیی محەمەد چەند جارێك داوای کردووەی لەریزەکانی کۆمەڵە وەرگبیرێت‌و بۆ ئەم مەبەستە سەردانی کۆمیتەی ناوەندیی و سکرتێری کۆمەڵەی کردووە، بەڵام ئەوان بەوەرگرتنی رازیی نەبوون.[٣]، (صەلاحودینی موهتەدی)ش لەچاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت گوایە بەئەندامبوونی قازیی لە (ژ.ك)دا بەفشاری شورەویی بەمەبەستی تێکدانی رێکخراوی کۆمەڵە بووە.[٤] لەراستییدا بەڵگەیەکی مێژوویی بەرچاو نییە ئەم جۆرە بۆچوونانە بسەلمێنن.

هەژار کەیەکێك بوو لەئەندامە چالاکە سەرەتاییەکانی (ژ.ك) سەبارەت بەم مەسەلەیە دوای ئەوەی تاریفێکی زۆری قازیی محەمەدو ئاکاری بەرزی دەکات نووسیویە:" ئێمەش هەستمان دەکرد کە عەشایرو خەڵکی دیکەی سەرناس چەتونە هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل‌و شیاوی حورمەت گرتنە بێنە گەڵمان‌و هیچ کەسی پایەبەرز بەحوسێن (مەبەستی حوسێن فروهەرە کەدووساڵ بەرپرسی یەکەمی ژ.ك بوو -ل) رازی نەدەبوو.. ئەوسا داوامان لێکرد (واتە لەقازیی -ل) کەبێتە حیزبی قبوڵی کردو زۆر زوبڕیاردرا قازیی سەرۆکی کۆمەڵەبێ، ئیتر زۆر لەئاغاو پیاو ماقوڵان بچوکی قازییان پێ شەرم نەبوو هاتنە یاریمان‌و هاتنە ناو حیزبەوە.))[1]

نەبەزیش ئەم هەنگاوەی ئەندامانی (ژ.ك)ی بۆ راکێشانی قازیی بەمەبەستی خۆچەسپاندن لەقەڵەم دەدات،[2] بەتایبەتیی گەر بزانین قازیی چ لەبواری دەسەڵات‌و

---

[٢] صمدی، س. پ، ل١٣ .، گادانی، س.پ، ل٢٣ .، جلائی پور، قاضی محمد، ل٢٩.

[٣] شەمزینی، عەزیز، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی سێیەم، سلێمانی ١٩٩٨، ل٢٣١.

[٤] موهتەدی، صەلاحودین – دیدار، رۆژنامەی کوردستانی نوێ،ساڵی نۆیەم، چوارشەممە ٩ی ئابی ٢٠٠٠.

[1] هەژار،س .پ،ل٦٩.

[2] نەبەز، جمال، کوردستان‌و شۆرشەکەی، وەرگێڕانی: کوردۆ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥، ل١٢٧.

ئاستی ڕووناکبیرییدا، چ لەنێوانخۆشیی و ڕێزگرتنی لێپرسراوانی شورەویی بۆی لەناوچەکەدا کەسێکی تاقانە بووە. ئەمەش لە دوولایەنەوە بەقازانجی (ژ.ك) کەوتەوە. لەگەڵ ئەم ڕاستییانەشدا ئەگونجێ کەسانێك بووبن لەترسی کەسایەتیی خۆشەویست و نمونەیی قازیی و بەهۆی بەرچاوتەنگی خۆیان لەهاتنە ناوەوەی قازیی بۆ کۆمەڵە خۆشحاڵ نەبووبن، ئەوەش شتێکی ئاسایی و شەخسییە و ناچێتە قاڵبێکی گشتییەوە.

ئاشکرایە قازیی محەمەد وەك زمانحاڵی کۆمەڵە ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لەفراوانبوونی ڕیزەکان و دەسەڵاتی ئەم ڕێکخراوە نەتەوەییە، وتارەکانی لەمەڕ بیروڕای (ژ.ك)، هاندانی خەڵکی بۆ هاتنەڕیزەوە، کارئاسانی بۆ چالاکییە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانی، ئەمانە هەر زوو شوێنی خۆیان گرت بەجۆرێك زۆر لەسەرداران و پیاو ماقوڵانی کورد کەپێشتر بەچاوێکی گومانەوە سەیری کۆمەڵەیان دەکرد، ئەوانە پۆل پۆل ڕوویان لەم ڕێکخراوە دەکردو دەبوونە ئەندام. کەسانی وەك: ڕەشید بەگی هەرکی، عەمەر خانی شکاك، حاجی قادری حەریری نەغەدەیی، ئاغاکانی ئیلخانی زادەی ناوچەی بۆکان، سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی کوری شێخ عەبدولقادری شەمزینی و عەبدولڕەحمانی قادری مامش و زۆری تر لەو گەورە پیاوانەی کەنفوزی کۆمەڵایەتیی و سیاسییان لەناو کۆمەڵگای کوردەوارییدا هەبوو، بەڕادەیەکی وا کۆمەڵەو ئەندامە سەرەتاییەکانی چاوەڕوانیان نەدەکرد.[١]

کۆمەڵەی (ژ.ك) بەدرێژایی تەمەنی سێ ساڵەی خەباتی جگە لەکاری تەشکیلاتیی، زنجیرەیەك چالاکیی ڕۆشنبیریی و سیاسییشی ئەنجامدان کەکاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر کۆمەڵگای کوردەواریی لەڕووی بوژاندنەوەی هۆشی نەتەوەیی و سەرخستنی ئاستی ڕۆشنبیریی و سیاسیی خەڵك و ڕاکێشانیان بۆ کۆڕی تێکۆشان لەپێناوی ئازادیی و دیموکراسییدا. لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە کۆمەڵەی چەند چالاکییەکی ئەنجامدان کەلەمێژووی گەلی کوردی کوردستانی ئێراندا نمونەی نەبووە، وەکو:

١ـ هەر دوو مانگ دوای دامەزاندنی کۆمەڵە، واتە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٢دا، کۆمەڵە شیعرێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا بە ناوی( دیاری کۆمەڵەی ژ.ك بۆ لاوانی کورد) بڵاوکرایەوە ، ئەم نامیلکەیە لە لایەن زەبیحی یەوە لە

---

[1] صمدی، س.پ، ل١١٣-١١٤ .، ایغلتن، س.پ، ل٧٢ .، ملا عزت، س.پ، ل٧١.

**تەبریز لە چاپخانەی کلێسیا چاپکراو پێشکەش کرابوو بەگیانی ئەندامی ژمارە ١٣.م.س(محمد سەلیمی) کە بە نەخۆشی تیفۆ گیانی لە دەست دابوو. دوابەدوای ئەم دیارییە هەر لەم ساڵەدا ژمارەیەك نامیلکەی شیعری تر بە ناوی (دیاری مەلا محمد کۆیی) ، (گوڵبژێرێك لە دیوانی حاجی قادری کۆیی بلبلی نیشتمانیی کورد) و (دەستە گوڵێکی جوان و بۆنخۆش لە باغی نیشتمان پەروەری). ئەم نامیلکەیە شیعرییانە لە ورووژاندنی سۆزی نەتەوایەتیی و هۆشیارکردنەوەی خەڵکیدا بایەخی خۆی هەبوو بەجۆرێك کونبەکون بەدوایدا دەگەڕان و بەدەیەها بەرابەری نرخەکەی خۆی دەفرۆشرایەوە.[١]**

**٢- بڵاوکردنەوەی ٩ژمارە لە گۆڤاری (نیشتمان)لە نێوان تەموزی ١٩٤٣ تا مایسی ١٩٤٤ لە ٧ بەرگدا ، بەرگی ژمارەکان ئەم گۆڤارە بەدرشتیی ناوی نیشتمان ی لەسەر نووسراوە، زۆربەی ژمارەکانی وێنەی سەرداران و گەورەپیاوانی کورد، بە تایبەتی (سەلاحەدینی ئەیوبی) بە بەرگەکەوەیەتی، لەسەرەوەی هەر بەرگێکدا ڕۆژێك دروستکراوە کە دوو پیتی لاتینی (J.K) کە ژ.ك دەگەیەنێت لە ناوەندیایەتی و ئایەتی قورئانی بەدەوریدا بە لاریی نووسراوە، لە سەری سەرەوەش دروشمی (بژی سەرۆك و کورد و کوردستانی گەورە).**

**دەربارەی بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی نیشتمان، دەباغی دەڵێت ((زۆری پێنەچوو کتێبێکی بە ڕواڵەت بچوك دەرکەوت دەس بەدەس و ماڵ بە ماڵ و دێ بە دێ و شار بە شاری کوردستانی پێواو وڵاتی تامەزرۆی تێرا و ڕووناك کردەوە، کۆمەڵانی خەڵك بە خۆشیەوە بە شوێن میرزاو خوێندەوارێکی دادەگەران کە کوردی بزانێت... بە ئیحترامەوە دەستیان بۆ دەبرد و ماچیان دەکرد))[(١)].**

**گۆڤاری نیشتمان، کە گۆڤارێکی سیاسیی ، کۆمەڵایەتیی و ئەدەبیی مانگانە بوو، سەراپای وتار و هەڵبەست و بابەتەکانی بانگەواز بوون بۆ کوردایەتیی و برایەتیی و ڕزگارییخوازیی . ئەم گۆڤارە کاریگەرییەکی مەزنی کردە سەر جووڵاندنی هەستی**

---

[1] صمدی، ه.س، ل١١٥، ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل٧١-٧١.

[(١)] دەباغی، س.پ، ل٣٠.

نەتەوەیی وبزاڤی ڕۆشنبیریی پێشخست، بەجۆرێك دەستەیەكی باش نووسەران و شاعیرانی كوردی پێگەیاند و یەكەمین ئەزموونی ڕۆشنبیریی كوردەكانی ئێران بوو .

٣- لە خەزەڵوەری ١٣٢١ھ دا بەرامبەر بە كانوونی یەكەمی ١٩٤٢ ز، كۆمەڵە ڕۆژژمێرێكی بۆ ساڵی نویێ بڵاوكردەوە كە لە ١٢ پەڕە پێكهاتبووو، ئەم ڕۆژژمێرە هەمان ساڵ و مانگی هەتاویی كۆچیی ئێرانیەكان بوو، كە ناوی مانگەكانی وەرگێڕرابوون بۆ زمانی كوردیی بە پێی دیاردە سروشتییەكانی وەرزەكانی ساڵ لە كوردستاندا . ئەم ڕۆژژمێرە جگە لە پەیامی (ژ.ك) ، بۆ لاوان و خوێندەوارانی كورد دەربارەی شارستانییەت و تێكۆشان لە ڕێگای ئازادیی كوردستاندا، بە شیعری نەتەوایەتیی كوردیی و هەندێك مێژووی بۆنەو بیرەوەرییەكانی كۆمەڵە وەك ڕۆژی دامەزراندنی لە ٢٥ ی گەلاوێژ/ ١٦ی ئابدا ڕازێندرابۆوە. شایانی باسە، پێشوازیی گەرمی خەڵكیی لە بڵاوكردنەوەی ئەم ڕۆژژمێرە هانی كۆمەڵەی دا ساڵی داهاتووش ڕۆژژمێرێكی تر پێشكەش بە دایكی نیشتمان بكات [٢] .

٤- كۆمەڵە بە مەبەستی فێركردنی منداڵانی كورد بە نووسین و خوێندنەوەی زمانی زگماكیان و بڵاوكردنەوەی زمانی كوردیی هەستا بە دامەزراندنی دوو خوێندنگای شەوانە، یەكێكیان بە ناوی (گەلاوێژ) كە لە گەڕەكی قولەقەبرانی شاری مەهاباد و سەرەتا لە ماڵی حاجی ئەحمەدی گادانی بوو، دواتر بۆ ماڵی سەید عەبدوڵڵای تەها زادە گوێزرایەوە، لەلایەن مەلای حەجۆكی دەبرا بە ڕێوە. ئەوی دیش بە ناوی (ئازادی) لە گەڕەكی ئەرمەنیان لە نزیك ماڵی حەمەدی مەولودی دامەزرا[٣]، ئەم هەوڵەی كۆمەڵە دوای هەوڵەكەی عەبدڵرەزاق بەدرخان و سمكۆ لە ساڵی ١٩١٣دا ، دووەمین ئەزموونی فێركردنی منداڵانی كورد و ئاشنا بونیانە بە زمانی كوردیی كە خزمەتێكی گەورە بوو لەو كاتەدا.

٥- كۆمەڵەی ژ.ك بە پێشكەشكردنی شانۆگەری (دایكی نیشتمان) بۆ یەكەمجار بەردی بناغەی هونەری شانۆیی و شانۆی سیاسیی ــ نیشتمانیی لە كوردستانی ئێران داڕشت ئەو شانۆگەرییەی كە دوای مهاباد لە شاری شنۆش نمایش كراو تیایدا باس

---

[٢] ئەمین، حكومەتی كوردستان، ل ل ٦٩-٧١.

[٣] گادانی، س.پ، ل٢١.

لەچەوساندنەوەو داگیرکردنی کوردستان و دیلکردنی نەتەوەی کوردی دەکرد لەسەردەستی وڵاتەکانی ئێران ــ عیراق ـ تورکیا و سیاسەتی هەرێمیی و نێوەدەوڵەتیی دژی کورد ریسوا کرد، دواتر مژدەی ئازادیی و ڕزگاریی بە نیشتمان دەدا کە بە هاوکاریی هاوڕێی نوێی ڕووسیای شورەویی کۆت وبەندی دیلیی دەپسێنێت و ڕۆڵەکانی لە باوەش دەگرێت و ئاڵای کوردستان بەرزدەکاتەوە و دەسەڵاتی کوردیی دادەمەزرێنێت، ئەم شانۆگەرییە کاریگەرییەکی زۆری لە تەماشاکەرانی دەکرد، ئەوانەی ئازارەکانی خۆیان بۆ یەکەمجار بە نواندن دەدیت و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە چەپڵەیان بۆ ڕۆڵەکانی نیشتمان لێدەدا کاتێك دایکیان ڕزگار دەکرد. [1]

شایەنی باسە چالاکیەکانی کۆمەڵە تەنیا لە بواری تەشکیلاتیی و ڕۆشنبیریدا قەتیس نەما، بەڵکو هەڵوێست وەرگرتن لە ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتیی و ئێران بەگشتیی بوو بە ئەرکێکی پێویستی مێژوویی کۆمەڵە، هەربۆیە کۆمەڵە لە تەواوی خەباتی نهێنیی و ئاشکرای سێ ساڵەیدا، چەندچالاکیی و هەڵوێستێکی سیاسیی ئەنجام داون گرنگترینیان:ـ

أـ کۆمەڵە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە شاری مەهاباد چەند چالاکییەکی دژی ڕژێمی ئێران و دارودەستەکەی بەمەبەستی ترساندنیان ئەنجامداوە، بۆ نموونە هەژار باسی یەکێك لەو چالاکیانە دەکات کە چۆن حوسێن فروهەر بە دەمانچەوە هەڵی کوتاوەتە سەر کۆمەڵێك لە دەوڵەمەندان و دارودەستەی ڕژێم کە لە مزگەوتی سەید نیزامی مەهاباد کۆبونەتەوە بە مەبەستی دامەزراندنی حیزبێك دژی کۆمەڵە و ئامانجە نەتەوایەتییەکانی. ئاکامی پەلامارەکەش ئەرێیی بووە بە قەولی هەژار " ئەو هەموو دەوڵەمەندە قەڵەوانە وەك جندۆکەی بسمیللالێکراو هەرئەوەندەیان پێ کرا بوو لە پەنجەرەوە بازدەن و خۆ دەربازکەن پتر لە دووسەت کەوشی زۆر باش لەوێ بەجێ مابوو."[2]

ب ـ شاری نەغەدە کە ڕەوشێکی تایبەتی هەیە و لە مێژە کێشەی دەسەڵات وململانێ بۆ دەست بەسەراگرتنی کاروباری شار لە نێوان کورد و دەرەبەگەکانی قەرەپەپاخی عەجەمدا هەبوو، کوردەکانی شار کە بەناچاری پیشتر ملیان بۆ (قولیخان ) ی قەرەپەپاخ

---

[1] بلوریان، س.پ، ل ل٣٥-٤٤ .، ایغلتن، س.پ، ل٨٠-٨١.

[2] هەژار، س.پ، ل٦٨.

دانەواندبوو ئامادەنەبوون لە دوای ڕووداوەکانی خەرمانان، گەورەیی قولیخان قبوڵ بکەن، ئەو قولیخانە کە دەیویست بە هاوکاریی دەرەبەگە عەجەمەکانی تری وەك ( پاشا خانی ئاختەلەو و مەمەد تەقخانی حەسەنەلیان) نەك تەنیا نەغەدە ، بەڵکو لە سندوسیش دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت، هەربۆیە کۆمیتەی نەغەدەی کۆمەڵە بەمەبەستی چاوترساندنی عەجەمەکان بڕیاری نیشادانی هێزی دا ، بۆ ئەم مەبەستەش بانگی هەندێك لە عەشیرەتە کوردە چەکدارەکانی سەر بە کۆمەڵە و ژمارەیەك ئەندامی چەکداری خۆی کرد لە نەغەدە کۆببنەوە، لەم کۆبونەوەیەدا زیاتر لە لە ٥٥٠ سواری کورد بە چەکەوە و بەڕیز و نەزمێکی تایبەتیی کە دوو کەس بەناوی (مرادی ئایشە خالە و کەریم کاشان) ڕێبەرایەتییان دەکردن و حوسێنی فروهەر کە بە جلی سەربازییەوە لە سابلاغەوە گەیشتە نەغەدە وتارێکی پێشکەشی خۆپێشاندەران کرد و کۆبوونەوەکە بۆ خۆشبەختی بیٚ هیچ خوێنڕشتنێك کۆتاییهات، بەمشێوەیە کێشەی دەسەڵات لە سندوس بە قازانجی کورد کۆتاییهاتو کۆمیتەی کۆمەڵە لە نەغەدە هەموو کاروبارێکی لێپرسینەوەو بەڕێوەبردن و شکایەتی کەوتەدەست.[١]

ج ـ لە هەڵبژاردنەکانی خولی چواردەهەمی مەجلیسی ئێرانیی، بەهۆی پاڵپشتیی کۆمەڵەو هاندانی خەڵکی مەهابادو ناوچەکە، ئاغای صدرقازیی بەنوێنەری مەهاباد هەڵبژێردرا، هەروا دوای ئەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی و حکومەتی سەربازی لەشاری سنەو ئوستانی کوردستان بەپێچەوانەی راو دەنگەکانی خەڵك، کابرایەکی دەرەبەگی کۆنەپەرستیان بەناوی (ئاغای محیط)[٢] وەك نوێنەر سەپاندبوو بەسەر خەڵکەکەدا، کۆمەڵە دەنگی ناڕەزایی دژی دەسەڵاتدارانی تاران لیٚ بەرزکردەوەو بەدەرکردنی بەیانێك ئەم کارە نادیموکراتییانەی ریسواکرد.[٣]

د ـ دوای ئەوەی حکومەتی (محمد ساعید) داواکاری شورەویی بۆ بەدەیهێنانی ئیمتیازی نەوتی باکوور لەتشرینی یەکەمی ١٩٤٤دا رەتکردەوە، کۆمەڵەی (ژ.ك) وەك

---

[1] حیسامی، بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل ل ٨٧–٩٨.

[2] ئاغای محیط لەدانیشتنێکیدا رایگەیاند بوو" خەڵك دەنگی خۆیانم بدەنیٚ یانە بۆمن فەرق ناکات، چونکە دەستوور لەناوەندەوە دێتو بیانەویٚ نەیانەویٚ، دەبمە نوێنەریان !" بروانە: کوهستان، ٢ مهرماه ١٣٢٤.

[3] ژیگالینا، باری سیاسی، ل١٠٩.

هەموو ڕێکخراوە دیموکراتخواز بەیانێکی دەرکرد بەژمارە ٣١٢ لەخەزەڵوەری ١٣٢٣/تشرینی یەکەمی ١٩٤٤دا تیایدا هەڵوێستی خۆی بەمجۆرە دەبڕیووە: ((.. ئەم وەڵامەی کەلەلایەن حکومەتی ایران دراوەتەوە بەنوێنەری یەکێتی سووەت بەهیچ کلۆجێك لەگەڵ قازانجی نەتەوەکانی ایران بەراورد نەکراوە دیارە قازانجی نەتەوەی کوردیش لەم جوابەدا لەبەرچاو نەگیراوە، نەتەوەی کورد ناتوانێ لەسەر ئەم هەموو جەورو ستەمەی کەتائێستا لیەی کراوە ببینی کەداوخوازی حکومەتێکی وەك یەکێتی سووەتی کەهەمیشە لەپێناوی خۆشی ژیانی نەتەوە بچوکەکاتندا تیّ دەکۆشێ لەلایەن پیاوێکی نەفامی وەکو (ساعید) سەرەك وەزیرانی ایران رەدبکرێتەوەو ببێتە مایەی ئاژەوەو وڵاتێکی کە٣ ملیۆن کوردی تێدا دانیشتووە. کۆمەڵەی (ژ.ك) حکومەتی یەکێتی سووەت ئاگادار ئەکا ٩ ملیۆن نەتەوەی کورد بەتایبەتیی کوردەکانی ایران کەبریاری حکومەتی ایران دەربارەی نەدانی امتیازی نەوتی باکوور بیزارەو بەهیچ بارێك موافەقەتی ئەم بیرەی حکومەت ناکا)) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

هـ ـ دوای ئەوەی (ئاغای فهیمی) وەزیری راوێژکاری حکومەتو راپەێنەری بەشێکی ئەرکەکانی شاهەنشا بۆلێکۆڵینەوەی لەو راپۆرتەی لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٥ بەدەستی گەیشتبوو لەبارەی کوردستانەوەو تیایدا هاتبووە کە: ((کوردستان یەك پارچە بۆتە ئاگر.))[١] سەردانێکی ناوچە کوردنشینەکانی کرد، ناوبراو کاتێ گەیشتە مهاباد لەلایەن پیاوماقوڵانیو دانیشتووانی شارەوە پێشوازیی کرا، کۆمەڵەی (ژ.ك) ئەم دەرفەتەی قۆزتەوەو یاداشتێکی بەناوی دانیشتوانەوە پێشکەشی ئاغای فهیمی کرد کە مۆرو ئیمزای ژمارەیەکی زۆر خەڵکی پێوە بوو، تیادا داوای مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بەم شێوەیەی خوارەوە کرابوو:

١ـ پێویستە حکومەتی ئێران دان بەزمانی کوردییدا بنێتو وەك زمانی فەریمی بۆ ٣ ملیۆن کوردی ناوچە کوردنشینەکان.

٢ـ زمانی کوردیی بکرێتە زمانی فەرمیی خوێندنو بەڕێوەبردنو دادگاکانی کوردستان.

---

[1] کوهستان، ٧اسفند١٣٢٣.

٣- هەموو ئەو باج‌و دەرامەتانەی لەکوردستان کۆدەکرێتەوە پێویستە لەبنیاتنانی خوێندنگاو نەخۆشخانەو ئاوەدانکردنەوەی خودی کوردستاندا خەرج بکرێن.

٤- دەبێت کارمەندانی دەوڵەتی لەکوردستاندا کوردبن.

٥- پێویستە ئەم داواکارییانە لەمەجلیسدا باس بکرێن‌و بڕیاری باش بەرامبەریان وەربگیرێت.

٦- لەهەل‌ومەرجی ئێستادا ئەمانە داواکارییەکانمانن، بەڵام ئامانجی دواییمان خودموختارییە کەپشت بەماڤی یاسایی گەلی کورد دەبەستێت لەخۆ بەڕێوەبردندا، گفتوگۆ کردن لەم بارەیەوە پێویستە لەدوای جەنگ دەست پێبکات چونکە گومان لەوەدا نییە کە کورد خۆی بریاری چارەنووسی خۆی دەدات.

٧- گەر هاتوو کورد بڕیاری چارەنووسی خۆیدا، ئەوسا ئێران وەك هاوسێیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.[١]

شایەنی باسە ئەم داواکارییانەی کۆمەڵەو خەڵکی مەهاباد لەلایەن قازیی محەمەدەوە کە بانگهێشت کرابووە تاران، پشتگیری کراو ناوبراو لەچاوپێکەوتنی محەمەد ڕەزاشادا مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردی دووپاتکردەووە وتی: ((با شاهەنشا لەجیاتی ناردنی تۆپ‌و تانك دژی کورد بایەخ بەبارودۆخی نالەباری فەرهەنگیی‌و تەندروستیی‌و کوردستان بدات.))[٢] بەڵام ئاغای فهیمی کاتێك گەڕایەوە تاران‌و ئامادەبوو لەدانیشتنی مەجلیسدا یەکسەر باسی خراپەکاریی لێپرسراوە سەربازییە ئێرانییەکانی لەکوردستان کردو گوێڕایەڵی خەڵکی کوردی بۆ (اعلا حضرت شاهنشاهی) دووپاتکردەوە بێ ئەوەی باسێك لەو یادداشتەو داواکارییەکانی خەڵك بکات.[٣]

و - هێشتا قازیی محەمەدو هاوڕێیانی لەتاران نەگەڕابوونەوە، لەڕۆژی ٢٦ بهمن/ڕێبەندان ١٣٢٣ هـ بەرامبەر ١٥ شوباتی ١٩٤٥، نزیکەی هەزار کەس لەخەڵکی چەکدارو بێچەکی شاری مەهاباد لەمزگەوتی (هەباس ئاغا) بەڕابەرایەتی حوسێن

---

[1] حیسامی، کەریم، کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، چاپی دووەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٦، ل٥٩-٦٠" ئەمین، حکومەتی کورسدتان، ل٦٢-٦٣.

[2] صمدی، س.پ، ل١١٧" احمد، دراسات في تأريخ ایران..، ص٢٥٩.

[3] کوهستان، ٧اسفند ١٣٢٣.

**فروهەرو عەزیزخانی کرمانج کۆبوونەوە، دوای ئەوەی عەزیزخان رووی لەخەڵکەکە کردو وتارێکی دژی زوڵم‌و ستەمی رژێمی پەهلەویی‌و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەرامبەر گەلی کورد دا، داوای لێکردن چیدی سەر بۆ ئەو دەزگاو حکومەتە دانەنەوێنن‌و شاری مەهابادیان لێ پاك بکەنەوە. دوای ئەوە خەڵکەکە روویان کردە بەڕێوەبەرایەتیی شارەبانیی گەمارۆیاندا، بەکوشتنی (عەوڵلای مینەخاڵندی) کەلاوێکی مەهابادی بوو بەدەستی ژاندرمە ئێرانییەکان، خەڵکی هێرشیانکردە سەر شارەبانی‌و ٢ سەرپاسەوان‌و ٣ ژاندرمیان کوشت‌و ئەوانی تریش لەسەربانەکانەوە هەڵاتن.[١]**

**لەتەگرافێکدا کە(قەرەنی ئاغای مامش) دوژمنی سەرسەختی کۆمەڵە، سەبارەت بەم رووداوە لە١ی رەشەمێ/ ٢١ شوباتی ١٩٤٥ بۆ ناوەندیی ناردووە، باس لەعەزیز خانی کرمانج‌و پەیوەندیی بەحەمە رەشیدخانی بانەوە دەکات. دواتر دێتە سەرباسی پاڵەوانێتیی خۆی‌و هەندێك لەسەرۆك عەشیرەتی دەوڵەتخوازی تر کەچۆن بەرێکەوت لەمەهاباد بوون‌و رێگەیان لەخەڵکی گرتووە پەلاماری دەزگای فەرمانداریی‌و دەزگاکانی تری حکومەت بدەن، لەکۆتایی تەلەگرافەکەی قەرەنی ئاغا نووسیویەتی:**

**((بەراستیی رەوشی مەهابادو بەڕێوەبەری فەرمانداریی‌و تەواوی دەزگاکانی تری دەوڵەتیی زۆر ناهەموارە، ئەگەربێت‌و زوو دەوڵەت بەمەسەلەکەدا رانەگات ئەگەری قەومانی بەڵایەکی گەورە لەگۆڕێدایە.))[٢]**

**ز ـ کۆمەڵەی (ژ.ك) هەلوێستێکی کوردانەی لەهەمبەر راپەڕینی عەشیرەیەتەکانی ناوچەی هەورامان‌و مەریوان دژی پەلامارو تاوانەکانی لەشکری ٤ی کوردستان بەسەرکردایەتیی سەرتیپ هۆشمەند ئەفشار پێشاندا، ئەویش هاندانی خەڵکی شارەکان‌و ناردنی تەلەگراف بۆ رۆژنامەکانی ناوەندو دەسەڵاتدارانی ئێران‌و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتییان دژی کوشتارو ئاژەوەگێری‌و فەرماندە**

---

[1] **مێژووی رووداوی چەککردنی شارەوانی مەهاباد لەلایەن زۆر لەنووسەرانەوە بەهەڵە نوسراوە، بۆنموونە: بلوریان، ارفعو ایغلتن هەرسێك بەهاری ١٩٤٣ یان داناوە، قاسملو ١٩٤٤و گادانیش ٢٦ی سەرماوەرزی ١٣٢٤ واتە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥. بڕوانە: بلوریان، س.پ، ل٢٤" ارفع، س.پ، ل٧٤، ایغلتن، س.پ، ل٥٤، قاسملو، کوردستان‌و کورد، ل ٩٠" گادانی ، س.پ، ل٣٢.**

[2] **کوهستان، ٧اسفند ١٣٢٣.**

سەربازییەکانی کوردستان بوو، تەلەگرافی خەڵکی مەهاباد سەبارەت بەم راپەڕینە کەپێشتر باسکراوە نموونەیەکی ئەم هەلوێستەی کۆمەڵەی (ژ.ك)ە، ئەم هەڵوێستە وای لەهەندێك لێکۆڵەری وەك ژگالینا کردووە، کە(باڵی چەپی کۆمەڵەی (ژ.ك)، بەرابەریی راپەڕینەکەی هەورامانو مەریوان[1] بزانێت وەك لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کردووە.

ح - شایەنی باسە کۆمەڵەی (ژ.ك) بەتەنیا وەرچەرخانێکی چۆنایەتیی نەبوو لە جووڵانەوەی نەتەوایەتی کوردی کەهەنگاوێکی گەورەی لەبواری بوژانەوەی هۆشی کوردایەتییو سەرخستنی ئاستی رۆشنبیریی و راکێشانی جەماوەری شارەکان بۆ کۆڕی تێکۆشان لەپێناوی رزگاریی کوردستاندا هاویشت، بەڵکو لەڕووی کۆمەڵایەتییشەوە کاریگەریی خۆی هەبوو، وەك هێمن وتەنی: ((بێجگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسیی بوو کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیش بوو، زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە بڕوایان بەو سوێندە هەبوو کەخواردبوویانو دەستیان لەئاکاری دزێو هەڵگرتبوو، دزی، خراپە، نێوان ناخۆشی لەکزیدابووو دەتوانم بڵێم لەهیندێك جێگایان هەرنەما.))[2] هەژاریش ئەم راستییەی لەبیرەوەرییەکانیدا درکاندووە کەدەڵێت: ((.. خەڵکی لەسەرخەرمان نەدەنووستن کەدەیان زانی کەس دزیان لێ ناکا، کیژو لاو چەند شەوان پێکەوە شەو بەکێو دەبوون، بۆ رێواس یا بۆ پرێش کەس دڵ پیسی لەکەس نەدەکرد.)) [3]

سەبارەت بەهەڵوێستی کۆمەڵەی (ژ.ك) بەرامبەر زلهێزەکانو هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی دەرەکیی بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، دەتوانرێت بوترێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە رێکخراوێکی نەتەوەیی ئازادیخوازانەی رووت بوو هەڵوێستێکی دژە فاشییستانەی هەبوو، لەبەر ئەوەشی خۆی بەتیۆرێکی سیاسیی - فیکریی - فەلسەفیی دیاریکراو نەبەستبۆوە، هەر بۆیە ئامادەبوو هاوکاریی و یارمەتیی هەر جەمسەرێك لەدەوڵەتە هاوپەیمانەکان بێ جیاوازیی بۆ ئازادیی کوردستان وەرگرێت، پەیوەندی بەتینی کۆمەڵە لەگەڵ حیزبی هیوا کەشورەویی و لایەنگیرەکانیان لەناوچەکە بەپیاوی ئینگلیزیان دادەنان، نووسینەکانی گۆڤاری نیشتمان لەمەڕ ستایش کردنی

---

[1] ژیگالینا، باری سیاسی کوردەکانی ئێران، ل١١٠.

[2] هێمن، س.پ، ل٢٠.

[3] هەژار، س.پ، ل٧١.

حکومەتی بەریتانیاو نیشاندانی وەك ئالاّ هەڵگری ئازادیی و سەربەخۆیی پێگەیەنەری نەتەوە بچووکەکان، لەپاڵ ئەو وتارانەی باس لەشۆرشی ئۆکتۆبەرو لینین دەکەن، کە د. قاسملو بەنیشانەی کورتبینی ئایدۆلۆژیی رێبەرایەتیی کۆمەڵەیان دادەنێ،[1] ئەم راستییەی سەرەوە دەسەلمێنن. بەلاّم بەهۆی هەڵوێستی نەرێیی حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر کێشەی کورد بەگشتیی و بەرامبەر کوردەکانی ئێران و پەیوەندییان بەدەسەلاّتی ناوەندییەوە بەتایبەتیی، وەك پێشتر ئاماژەی بۆکراوە، بەریتانیا نەك هەر هیچ یارمەتییەکی پێشکەشی کۆمەڵەی (ژ.ك) نەکردووە، بەڵکو زۆر بەترسەوە چاوەدێریی چالاکییەکانی دەکردو بۆ ئەم مەبەستە جاسووسێکی زۆری رەوانەی موکریان کردبوو تا هەواڵەکان کۆبکەنەوەو حکومەتی ئێرانی لێ ئاگادار بکەنەوە.[2]

سەبارەت بەیەکێتی شورەوییش، بەڵگەیەکی مێژوویی بەدەستەوە نییە کە تاساڵی ١٩٤٣ پەوەندییەك لەنێوان کۆمەڵەو لێپرسراوانی شورەویی لەئێران هەبووبێت، شورەویی لەم قۆناغەدا کە سەرقاڵی پەلامارەکانی ئەڵەمانیای نازیی بوو، لەلایەکی دیەوە باوەشی بۆ حیزبی تودەی ئێران کردبۆوە، ئامادەی ئاوڕدانەوە لەرێکخراوێکی ناسیونالیستی کوردیی رووت نەبوو کە بۆ رزگاریی کوردستانی گەورە تێبکۆشێت. شورەویی هانی کردنەوەی لقێکی حیزبی تودەیان دەدا لەکوردستان کەپێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا.[3] تەنانەت کاتێك ژمارەیەك لەپیاو ماقولانی کوردو سەرۆك عەشیرەتەکانی موکریانیان بۆ جاری یەکەم و بەمەبەستی ئاشنابوون بانگکردە باکۆ، نەهانیاندان رێکخراوێکی سیاسیی کوردیی دامەزرێنن، نەبەڵێنی هاوکاریی کردنیان دانێ بۆ دامەزراندنی دەسەلاّتێکی کوردیی، چونکە جگە لەوەی سیاسەتی شورەویی هەروەك بەریتانیا خۆی لەدابینکردنی هێمنیی و ئاسایشی ناوچەکەو نەشلەژاندنی ئێران، تورکیاو عێراق دەبینییەوە، هەر لەبنەڕەتیشەوە شتێك بەناوی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی کوردو پێکهێنانی دەسەلاّتێکی کوردیی سەربەخۆ یا خۆجێ چ لەئێران یا لەدەرەوەیدا لەبەرنامەی شورەوییدا نەبووە. هەر بۆیە کاتێك کۆمەڵەی (ژ.ك) دامەزراو

---

[1] گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٣،٤ سەرماوەرزیو رێبەندانی ١٣٢٢-ل٨-٩ .، قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٣٠.

[2] حیسامی، لەبیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل١٠٥.

[3] هێمن، س.پ، ل٢٠

بەنهێنیی کەوتە ئەنجامدانی چالاکییەکانی، شورەویی ئامادەییەکی بۆ هاوکاریی و پشتگیریی چالاکیی و ئامانجەکانی پێشان نەدا، لەم رووەشەوە بەتینیی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەو حیزبی هیوا، هەروەها نەبوونی ئەندامێکی مارکسی دوو ئاتەشە لەڕێبەرایەتیی (ژ.ك)دا کەبتوانێت باڵێکی زاڵ لەم رێکخراوەدا دروستبکات و بەلای چەپدا وەریگێڕێت،[1] ئەوەندەی تر شورەویی لەپەیوەندییکردن بەکۆمەڵەوە ساردتر کرد، بەڵام ئەم دۆخە زۆری نەخایاند بەتایبەتیی کاتێك (ژ.ك) بووە هێزێکی راستەقینەو جەماوەرێکی لیَ کۆبووەوە.

هەژار دەڵێت: ((زۆر کەس لایان وایە کەحیزبی (ژ.ك) روسان دروستیان کردووە، کەخوا هەڵناگریَ راستی بۆنەچوون، کاتیَ کەحیزب بۆ هەوەڵجار لەسابلاغ دامەزرا، روس هیچ ئاگایان لیَ نەبو، دەمانویست کەبەفەرمیی بمانناسن و یارمەتیمان بکەن، بەڵام هەرچی کۆششمان کرد جوابیان نەداینەوە، لەئاخریدا کەدیتیان هێزو پێزێکمان پێکەوە ناوە، ئەوانیش لەشکری زۆریان لەوڵاتەکەدابو، نەیان دەویست وڵاتەکە ئەمین نەبیَ نەوەکا ئینگلیز بەهرەمان لێوەرگریَ، گوتیان حیزبەکەتان رەوایەو ئێمە مانعتان نابین و ئێوەش لەنوسراوەی خۆتاندا هەواڵەی ئێمە بکەن، کوێرە چیت دەویَ دوچاوی ساغ.))[2]

لەم رووەوە لەگەڵ ئەوەی بەڵگەیەك دەربارەی سەرەتای پەیوەندییگرتنی کۆمەڵەو شورەویی بەدەستەوە نییە، بەڵام دامەزراندنی (ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستان و شورەویی) لەکوردستان کەلەناوچەکانی تری ئێراندا بە(ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێران – شوروی) ناودەنرا جۆرە دانپێدانانێك بوو بە کوردو جووڵانەوەی نەتەوایەتییەکەیدا

---

[1] ایغلتن، س.پ، ل٧٩.

[2] هەژار، س.پ، ل٦٥. هاشمۆف سەرکونسوڵی رووس لە رەزائییە لەم بارەیەوە نووسیویەتی" من بە چاوی خۆم هەستم کردووە بە بوونی پارتی (ژ . ك) و زۆربەی خەڵك پارتی (ژ. ك) بە (کۆمەڵە) ناودەبەن. زۆربەی کوردەکان و پیاوە بەناوبانگەکانیان لایەنگری سۆڤێت دەکەن و بە هیوان لە خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی لە سۆڤێت یارمەتی وەربگرن. کومیتەی کوردی (ژ. ك) خەڵك دڵنیا دەکات کە لە ئیش و کارەکانی خۆیدا پەیوەندی دەکات لەگەڵ یەکیەتی سۆڤێت، بەڵام لە نێوان ئێمەو (ژ. ك) دا هیچ پەیوەندییەك نییەو پێویستە ئەوە بگوترێت کە پیاوە بەناوبانگەکانی کورد لە هەموو لایەکەوە هەوڵ دەدەن پەیوەنیمان پێوە بکەن، بەڵام کەس ناوی تەواوی سەرکردایەتی کومیتەی (ژ. ك) نادات و کەس باسی پەیوەنییەکانی ئەو پارتە ناکات لەگەڵ پارتەکانی تری ئێران و تورکیەو عیراق و سوریادا، ئەمەش پاڵ دەنیَ بە ئێمەوە کە دەبیَ زۆر ئاگادار بین." بڕوانە: د.ئەفراسیاو هەورامی، رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتیدا ١٩٤٥-١٩٤٧، پێشەکی و پێداچوونەوەو پەراوێزبۆنووسینی: د.یاسین سەردەشتی، سلێمانی ،٢٠٠٧،ل ٢٦-٢٧.

**لەلایەن شورەوییەوە. شورەویی لەماوەی سالآنی جەنگدا چاودێریی پەرەسەندنی چالاکییەکانی کۆمەڵەو زانیاریی لەسەرستراکتۆری کۆمەلآیەتیی - سیاسیی ئەم ڕێکخراوە کۆدەکردەوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییەش بکرێت کەکۆمەڵەی (ژ.ك) چ کاتێك ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەناوچەکەدا دژی بەرژەوەندییەکانی شورەویی نەجولآوەتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەك لەمەسەلەی ڕەتکردنەوەی ئیمتیازی نەوتی باکوور لەلایەن (ساعید)ەوە ئاماژەمان بۆکرد، جگە لەوەش زۆربوون ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە کەشورەوییان بەتاکە پشتو پەنای گەلی کورد دەزانیو تاریفی سیاسەتی (ئازادیخوازانەو دیموکراتخوازانە)ی شورەوییان دەدا بەگوێی خەڵکدا.[1]**

**لەلایەکی ترەوە بەنزیکبوونەوەی کۆتاییهاتنی جەنگو ڕەوینەوەی ترس لەفاشییزمو سەرکەوتنی بەرەی دیموکرات، پەرەسەندێکی مەزن بەسەر پەیوەندیی خودی زلهێزەکانو هەڵوێستیان بەرامبەر ئایندەی بەرژەوەندییەکانیان لەئێرانو پەرەسەندنی جووڵانەوەی دیموکراتخوازی سەرانسەرییو جووڵانەوەی نەتەوەیی دیموکراتخوازی گەلانی نەفارس هات، ململانێی زلهێزەکان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسییو ستراتیژییەکانیان لەئێراندا ڕۆژ بەرۆژ پەرەسەندووتر دەبوو کەدواتر قەیرانێکی ڕاستەقینەی لێکەوتەوە، ئەو قەیرانەی سەرەتایەکی ئاشکرابوو بۆ ئەو ململانێو کێشە درێژخایەنەی دوای کۆتاییهاتنی جەنگ بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا خۆی سەپاند کە بەجەنگی سارد دەناسرێت. (١).**

---

[1] بڕوانە: فەروخ، م، انقلابی گەورەی اوکتوبر، زنجیرە وتارێکە لەگۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٣،٢-٤، خەزەڵوەر، سەرماوەرز- ڕێبەندانی ١٣٢٢دا بلآوکراوتەوەە، جگە لەسەروتارەکانی ژمارە جیاجیاکانی گۆڤارەکە کەلێرەو لەوێ ستایشکردنێکی شورەوی بەئاشکرا تێدا دەبینرێت.

(١) مەبەست لەجەنگی سارد ئەو ململانێیە بوو کەلەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی لەنێوان دوو بلۆکی سەرمایەدارییو بەسەرۆکایەتیی ئەمەریکاو بلۆکی سۆشیالیزم بەسەرۆکایەتیی یەکێتیی شورەویی بەگەرمیی دەستیپێکرد ئامانجەکەی پاشەکشەو هەڵوەشاندنی یەکێك لەدوو بلۆکی بوو لەلایەن ئەوی دییەوە لەڕێگای شکاندنی ورە، پرۆپاگندەی درۆ، تێکدانی بەرەی ناوخۆو هاندانی ناکۆکییەکان، داخستنی بازاڕی دەرەوەو گەمارۆی ئابووریی نومایشو مانۆری سەربازیی، پێشبڕکێ لەبواری تەنکەلۆژیای سەربازییو جەنگی ئەستێرەکان، دەرخستنی دکۆمێنتە نهێنییەکانو پاشەکشە لەکۆنگرە نێودەوڵەتییەکانو زۆر شێوازی دی بەربەرەکانییو ڕووبەڕووبوونەوەو کەکۆتاییەکەی لەسەرەتای دوا دەیەی سەدەی بسیتەمدا بەسەرکەوتنی بلۆکی یەکەم کۆتایی هات، بڕوانە: عطية، احمد، القاموس السياسي، الطبعة الثالثة، دار النهضة، قاهرة، ١٩٩٨،ص٤٤٥.

لەم نێوەدا شورەویی لەهەمووان بێمنەتتر بوو چونکە نە لەئێرانداو نە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەرژەوەندییەکی وەدەستهاتووی نەبوو لەکیس بچێ، هەر بۆیە دەستی والاتر بوو، جابەهەر مەبەستێك بێت، تێكوپێکدانی حوکم لەئێران و دامەزراندنی حوکمێکی کۆمۆنیست لەسەرتاسەریی وڵات و دواتر کشان بەرەو باشووری ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. یا داپچڕینی ناوچەی دەوڵەمەندنی ئازەربایجانی ئێران و بەستنەوەی بەکۆماری ئازەربایجانی شورەویی کە زۆر خاڵی هاوبەش پێکەوەی دەبەستنەوە. یاخود پفدانی جووڵانەوەی دیموکراتخوازی سەرتاسەریی بەڕابەریی حیزبی تودە، بۆ فشارخستنە سەر دەوڵەتی ناوەندیی و ناچارکردنی بۆ ملدانەواندن و بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی شورەویی لەباکووری وڵات بێت کەگرنگیی و بایەخی ژیانیی بۆ شورەویی هەبوو لەگشت ڕوویەکەوە.[1]

لەبەر ئەوە هەر هێزێك لەئێراندا حیسابی تایبەتیی خۆی لای کاربەدەستانی شورەویی هەبوو، گەلی کوردو جووڵانەوەی نەتەوایەتییەکەی بەرابەریی کۆمەڵەی (ژ.ك) کەبەدرێژایی ساڵانی جەنگ هێزێکیان بۆ خۆیان پێکەوە نابوو لەناوچەی موکریانی سەر بە ئوستانی ئازەربایجانی خۆرئاوادا هەلومەرجێکیان بۆ هاتەپێش کە لەلایەن شورەوییەوە سوکە چاوێکیان لێبکرێت. هەربۆیە (سابیلیە) شکستی سیاسەتی شورەویی لە بەدەستهێنانی بەرەژوەندییەکانی لەئێران لەڕێگەی دپلۆماسییەوەو گەڕانەوەی شاندەکەی (کافترار زادە) بەدەستبەتاڵیی بۆ مۆسکۆ بە سەرەتای ئاوڕدانەوەی شورەویی و مامەڵەی سیاسیی لەگەڵ جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەئێران دادەنێت.[2]

کۆمەڵەی (ژ.ك) کە لەساڵانی جەنگدا ڕۆڵێکی لە بوژاندنەوەی بیری نەتەوایەتیی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای کوردەواریدا دیت و هاندەری سەرەکیی ڕاکێشانی جەماوەر بوو بۆ

---

Lawson, f,The Iranian crisi of 1945-1946 and the spiral model of International conflict, in International Journal of Middle East studies , no 21, p307., , Borhanadin,op.cit,p100.

[1] Fatemi,The U.S.S.R in Iran: the Background history of Russian and anglo – american conflict in Iran. Its effects on Iranian Nationlisim and the fall of the Shah, London,1980, p77/Entesser, op. Cit, p16.

[2] سابلییە، س.پ، ل٢٤٠.

کۆڕی تێکۆشان، لەبەرئەوەی یەکەمین ئەزمونی رێکخراوەیی سیاسیی کوردیی بوو لەکوردستانی ئێران بێ کەموکورتیی نەبوو لەهەموو روویەکەوە، جگە لەنەبوونی پەیڕەوپڕۆگرام و بەرنامەیەکی تێروتەسەل، دژبەیەکی لەستراتیژیی دوورو نزیکی دەکرا، بەتایبەتیی پێکەوەگرێدانی خەباتی خودموختارییخوازیی و سەربەخۆیخوازیی کە دوو ئامانج و رێبازی جیاوازن، دواتر وەك نەبەز دەڵێت لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە باوەڕیان بەهێزی لەبن نەهاتووی کۆمەڵگە نەمابوو، رەخنەگرتنیشیان لەستراکتۆری کۆمەڵگای کوردەواریی تەنیا رەخنەیەکی مۆراڵی بوو دوور بوو لەهەر چارەسەرێکی واقیعیی و زانستییانە بۆ کێشەی جووتیاران و مۆڵکایەتیی زەوی و زوڵمی ئاغاو دەرەبەگەکانی کورد.[١]

لەلایەکی ترەوە، راستە ئەندامەکانی (ژ.ك) لەکاتی سوێندخواردندا، خەنجەرێك یان شمشێرێکیان لەبەردەمدا بوو، راستیشە کە لەکۆبوونەوەکەی باغی داودیدا، محەمەدی نانەوازادە کرایە فەرماندەی هێزی کۆمەڵە، کەچی ئەم رێکخراوە نەیتوانی دەستەی چەکداری رێك و پێك لەلاوانی خاوەن بیروباوەڕ پێکبهێنێت کە بۆ دەستبەسەراگرتنی باڵی چەکداریی جووڵانەوەی کوردایەتیی و دوور لەدەسەڵات و رێکخستنی عەشیرەتیی و سەرۆك عەشیرەتەکان هەنگاو هەڵێنێت و رێبازێکی نوێ بۆ ربێبەرایەتیی پراکتیکیی جەماوەر بگرێتەبەر.[٢]

هەروەها، لەکاتێکدا کۆمەڵە رزگاریی و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورەی کردبووە ستراتیژ، لەڕووی پراکتیکەوە نەیتوانی هەنگاوی مەزن بهاوێژێت. تەنانەت پەیمانی سێ سنووریش بەمردوویی لەدایك بوو. لاوازیی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی لەکوردستانی تورکیا لەم قۆناغەدا، نەبوونی یەکگرتووییی ریزەکانی جووڵانەوەکە لەکوردستانی عێراق و دوورەدەستیی کۆمەڵە لەراپەڕینەکەی بارزان، چەسپاندنی حکومەتێکی سەربازیی ئێرانیی بەپاڵپشتی بەریتانیاو ئەمەریکا لەخودی

---

[1] نەبەز، کوردستان و شۆرشەکەی، ل١٢٧.

[2] د. عباس وەلی، دەسەڵاتدار یا سیاسی و ئیدیولۆجی یا بزاڤا نەتەوەییا کوردی لەئێرانێ ١٩٤٢-١٩٧٩، هاڤیبون – گۆڤارا کوردولوگیە، ژمارە ٤,١٩٩٨، ل٩٨-٩٩.

کوردستانی ئێران، کارێکی وای کرد کەچالاکییە راستەقینەکانی کۆمەڵە تەنیا لەهەرێمی موکریانو شاری مەهابادا چڕبێتەوە.

قاسملو، کەباس لەهەلومەرجی کۆتایی جەنگو تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) دەکاتو دەڵێت: ((بەڵام کۆمەڵەی (ژ.ك) کەلەلایەکەوە رێکخراوێکی ناسیونالیستو لەلایەکی دیکەوە داخراو و نهێنی بوو کەرووی لەکۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان نەدەکرد، وەڵامدەری وەزعی تازەی کوردستانی ئێران نەبوو، پەرەستاندنی بێ وێنەی جووڵانەوە لەکوردستانی ئێران کەدیارە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ جووڵانەوەی ئێران هەبوو کەبەشێوەیەکی نەدیتراو پەرەی گرتبوو نیازی بەرێکخراوێکی یەکگرتووو دیموکراتو ئاوەڵا بۆ کۆمەڵانی خەڵك لەگەڵ بەرنامەیەکی روونو رێكوپێك هەبوو.. کۆمەڵەی (ژ.ك) ئیدی ئەو رێکخراوە نەبوو کە بتوانێ جووڵانەوەی پەرەگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران رێبەری بکا.. جێگیربوونی ئازادییە دیموکراتییەکان لەئێرانو چوونە پێشی جووڵانەوەی گشتیی.. زەمینەی بۆ ئەوە ئامادەکرد کەحیزبێکی پێشەنگو وەڵامدەری رۆژگاری نوێ بۆ یەکەم جار لەمێژووی نەتەوەی کورددا بۆ وەدی هێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی پێك بێ، حیزبێکی ئەوتۆ هەم پێویستیەکی مێژوویی بوو هەم زەمینەی دامەزراندنی ئامادە ببوو.)) [1]

## سێیەم: حیزبی دیموکراتی کوردستان

لەبەرواری ١ی ابان/ خەزەڵوەری ١٣٢٤ ھ بەرامبەر ٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ لەشاری مەهابادو لەسەرداروپەردوی کۆمەڵەی (ژ.ك) بەبڵاوکراوەیەك دامەزراندنی (حیزبی دیموکراتی کوردستان/ لەمەودوا بە ح.د.ك ناوی دەبەین) راگەیەندو مەرامنامەی خۆی بڵاوکردەوە،بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

هەروەها رۆژێك دواتر، واتە لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا ح.د.ك بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستانو ئەندامانی رێبەرایەتیی کۆمەڵەی

---

[1] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٣١-٣٢.

(ژ.ك) لەمەهاباد، یەكەم كۆنگرەی خۆی بەست كەتیایدا جگە لەوەی قازیی محەمەد كرایە پێشەوای حیزب، ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندییش هەڵبژێردران و خواس و باس لەسەر مەرامنامەی حیزب كرا كەدواتر بڵاوكرایەوە. ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندیی بریتییبوون لە:حاجی بابەشێخ، محەمەد حسێن سەیفی قازیی، رەحمانی زەبیحی، مەناف كەریمی، سەید محەمەد طەزادە، عەبدوڵڕەحمانی ئیلخانیزادە، ئەحمەد ئیلاهی، خلیل خوسرەوی، كەریم ئەحمەدین، حاجی مستەفا داودی، محەمەد ئەمین موعینی، محمود وەلیزادە، محەمەد رەسوڵ دڵشاد، محەمەد ئەمین شەرەفی، سەید عەبدوڵڵای گەیلانیزادە، عەمەر خانی شكاك، زیرۆ بەگی هەركی و رەشید بەگی جیهانگیری.[1]

ئەگەر سەرنج لەبەرنامەو مەرامنامەكەی ح.د.ك لەبەر رۆشنای قۆناغە مێژووییەكەو هەلومەرجی ئەو كاتی جووڵانەوەی نەتەوەیی كورد لەكوردستانی ئێران بدرێت، دەتوانرێت بوترێت كە بەرنامەكە وەڵامدەری بەشێكی زۆری پێویستە سیاسیی و ئابووریی و كۆمەڵایەتیەكانی كۆمەڵگای كوردەواری بووەو لەگەڵ بەرنامەی پێشووی كۆمەڵەی ژ.ك دا نەك هەر جیاوازییەكی ئەوتۆی نییە، بەڵكو لەهەندێك رووەوە بەتایبەتیی دیاریكردنی هەڵوێست لەجووڵانەوەی دیموكراتیی سەرتاسەریی ئێران، مافی گەلانی ناوچەكەو بەدیهێنانی ئازادیی، رێزگرتنی كەمینەكان، ئەركە كۆمەڵایەتییەكان دیدێكی روونترو ئاشكراتری هەبوو.

هەربۆیە بێئەوەی پەرتبوون و دووبەرەكییەك لە رێبەرایەتیی (ژ.ك)دا دروستبێت لەدوارۆژەكانی تەمەنیدا، تەنانەت بێئەوەی هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەش رابگەیەندرێت[2] ح.د.ك لەسەر داروپەردووی كۆمەڵە دامەزرێنرا، تەنانەت رۆژی ٢٥ی گەلاوێژ/١٦ ئابیش كەرۆژی دامەزراندنی ژ.ك ە كرا بە رۆژی دامەزراندنی حیزبی نوێ، بەجۆرێك لەساڵی

---

[1] ئەمین, حكومەتی كوردستان,ل ٨٦.

[2] لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەیەكی مێژوویی نییە باس لە بە فەرمبی هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەی (ژ.ك) و پەرتبوونی كۆمەڵە لەئەنجامی ململانێی نێوخۆیی بكات, كەچی ژیگالینا بێ پشتبەستن بە سەرچاوەیەك باسی ڕۆڵی ئینگلیز لە تێكدانی ڕیزەكانی ژ.ك و ڕووبەڕووبونەوەی باڵی چەپ وڕاستی ئەم ڕێكخراوە دەكات سەبارەت بەوخاڵەی ئایا كورد دەبێت بە لە خەباتی نەتەوایەتییدا پشت بە ئینگلیز ببەستێت یا بە شورەویی , لەوانەیە ژیگالینا لەنێوان حیزبی هیواو كۆمەڵەی ژ.ك دا لێی تێكەڵ بووبێت. بڕوانە: ژیگالینا، باری سیاسی كوردەكانی ئێران، ل١٠٥-١٠٦.

داهاتوودا واته له ١٦ی ئابی ١٩٤٦ ح.د.ك بەبۆنەی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنییەوە جەژنی گێڕا، بەجۆرێك هەندێك پێیان وایە گۆڕینی کۆمەڵە بۆ حیزبی دیموکرات جگە لەناو گۆڕینەکە ماندووبوونێکی تری نەویستووە.[1]

لەگەڵ ئەو راستییەش، دامەزراندنی ح.د.ك بەرنامەکەی لەسەر داروپەردوی کۆمەڵەی ژ.ك، لەچەند روویەکەوە جێی مشتومڕو دەبڕینی بیروڕای جیاوازن، بۆ نموونە هەندێك پێیانوایە کە لابردنی دروشمی خەبات بۆ رزگاری کوردستانی مەزن و رازیبوون بەدامەزراندنی کوردستانێکی خودموختاری دیموکراتیك لەناو ئێرانێکی دیموکراتیکدا پاشەکشەیەکی نالەبارە لەبەرنامەی ژ.ك و ستراتیژیەتی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان.[2]

هەربۆیە ئەو دەمەش واتە کاتی گۆڕینی (ژ.ك) بۆ ح.د.ك کەسانێك هەبوون کەئەم پاشەکشەیەیان پێ خۆش نەبوو، بەڵام قبوڵیشیان بوو. هەژار موکریانی کە لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا پڕ بەدەنگی دەیشیڕاند: ((حیزبێکی ساز دەکەین دیموکراتمان دەوێت.. کێ راستەو قەولی ثابیتە بێجگە لەرووسەکان.))،[3] لەبیرەوەرییەکانیدا دەربارەی ئاشکراکردنی ناوی حیزبی دیموکرات و بەرنامەی خودموختاریی دەڵێت: ((.. زۆرمان ئەو خەبەرە لاگران هات بەڵام چارچی یە قبوڵ کرا.. هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی ناوی ژێ ـ کاف لەخۆم دابڕنم و ح.د.ك لەخۆم بدەم.))[4]

لەلایەکی ترەوە، هاتنەناوەوەی ژمارەیەك لەبازرگانەکان و سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان بۆ کۆمیتەی ناوەندیی و سەرکەوتنیان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و شوێنی بڕیاردەر لەحیزبی دیموکراتدا کە لە ژ.ك دا رێگەیان پێ نەدەدا، دەرگایەکی تری لەبەردەم رەخنەو دیارییکردنی کەموکورتییەکاندا کردۆتەوە. (مەلا قادری مودەریسی) دوای ٤٠ ساڵ لەدامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە کۆمەڵێ گلەیی هەڵڕشتووە، گوایە سەراپای مەسەلەکە پلانی شورەویی بووە دوای ئەوەی خەبات بۆ

---

[1] ئەمین حکومەتی کوردستانو ل٨٦– ٨٧ .،ایغلتن, س.پ,ل١١١.
[2] بلوریان ,س.پ,ل٥٨, موهتەدی,س.پ.
[3] گۆڤاری کوردستان , مەهاباد, ژمارە١, ١٥ دیسامبر١٩٤٥,ل١٢.
[4] هەژار,س.پ, ل ٧٢,٧٣.

سەرفرازیی کوردستانی گەورە وەلانراوەو بەدیهێنانی کوردستانێکی خودموختاری دیموکرات بەهاوکاریی شورەویی گیراوەتەبەر، ئەویش بەلابردنی کەسانی لێهاتوو و بەتوانای وەك جەنابی و دانانی کەسانی بێ لیاقەت و گوێ لەمست لەشوێنی.[1]

(تاڵەبانی) سەبارەت بەکاریگەریی نەرێیی گۆڕانی ژ. ك بۆ حیزبی دیموکرات دەڵێت: ((ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی کۆنەپەرستانەبوو لەجووڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردو هۆکاری لاوازبوونی بوو لەئامانج و ستراتیژی دوارۆژیدا، خۆسەپاندنی قازیی محەمەدو باڵی عەشیرەتگەریی بەسەر بزووتنەوەی کوردایەتییدا بەم شێوە نادیموکراتیانە سەرەتایەکی زۆرترسناك بوو بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لەپیادەکردنی حوکمی رەهاو دیکتاتۆرییەت لەبزووتنەوەکەدا.))[2]

(شەمزینی)یش لەلای خۆیەوە دوای ئەوە قازیی محەمەد بەڕیفۆرمستێکی ئایدیالیست و کابرایەکی دیموکراتیکی لیبرال دەناسێنێت و رەخنەی ئەوەی لێدەگرێ کە کۆمۆنیست نەبووە، دێتە سەر ئەم مەسەلەیەو هاتنە ناوەوەی ژمارەیەك لەبازرگانان و نوێنەری موڵکدارەکان بۆ کۆمیتەی ناوەندیی بەکەموکورتییەکی حیزبی دیموکرات دادەنێت. لەوەش زیاتر پێدادەگرێت و دەڵێت کە ئەم هەنگاوە لەلایەن یەکێك لەرێبەرانی کۆمەڵەوە کە رەحمانی زەبیحی‌یە دژایەتیی کراوە، بەڵام دوای بەگرتدانی زەبیحی مەسەلەکەی بۆ قازیی ئاسان بووەو پرۆسەی گۆڕینی (ژ.ك) بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتۆتەدی.[3]

رەخنەیەکی تری د. عەزیز، کە ژگالیناش بۆی دووپات کردۆتەوە، ئەوەیە کە بەرنامەی حیزب سەرپێیانە باسی ریفۆرمی کشتوکاڵیی کردووەو جووتیارانی بە هێزی سەرەکیی جووڵانەوەکە دانەناوەو زەحمەتکێشان و کرێکارانی بەچەند وشەیەك بەسەرکردۆتەوەو بەپێی هەڵوێستی ریشەیی و چینایەتیی ئەندامی وەرنەگرتووەو بەکورتی واتە حیزبی چینی پرۆلیتار نەبووە.[4]

---

[1] صمدی,سید محمد , ژێ _ کاف چ بوو ؟ , چی دەویست؟ , چی لێ بەسەرهات؟ مەهاباد, خەرمانانی ١٣٦٠,ل١٦.

[2] الطالباني, جلال, كردستان و الحركة القومية الكوردية, الطبعة الثانية, دار الطليعة بيروت,١٩٧١, ص ١٢٧.

[3] شەمزینی,س.پ,ل٢٣٧.

[4] ه.س, ل٢٣٧–٢٣٨" ژیگالینا , باری سیاسی کوردەکانی ئێران, ل١١٤.

ئاشکرایە سەبارەت بەوەلانانی دروشمی کوردستانی گەورەو جێگرتنەوەی بە پێکهێنانی کوردستانێکی خودموختاری دیموکراتیك لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکدا، هەنگاوێکی پراغماتیانەو تاکتیکیانە بووە، تاکو پاشەکشەیەك لەبیروباوەڕدا. ئەم راستییەش بەئاشکرا دەردەکەوێت ئەگەر سەیرێکی بەندی (٤)ی فەسڵی چوارەم بکەین کەنوسراوە:" لەقۆناغی ئێستادا" واتە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەدیهێنانی کوردستانێکی خودموختاری لەئێرانێکی دیموکراتیکدا بەستۆتەوە بەقۆناغێکی دیاریکراوو بەچارەسەرێکی هەتاهەتایی بۆ کێشەی کورد دانەناوە.

ئەمەش تێڕوانینێکی واقعبینانە بووە بۆمەسەلەی شوێن‌و هێزی جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو توانای بەدیهێنانی دەستکەوتی سیاسیی لەو قۆناغە مێژووییەدا کەلەوەزیاتری لەباردا نەبووە. ئێمە نامانەوێت لێرەدا ئەو فاکتەرە سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و جوگرافیی‌و سۆسیۆلۆژییە ناوەکییانەو هۆکاری هەرێمیی‌و نێودەوڵەتییە جۆربەجۆرانە بە دووروودرێژیی باسبکەین کە لەو کاتەداو تا ئێستاش لەمپەرن بەرامبەر پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتوو سەربەخۆ، ئەوەندەی هەیە دەڵێن کە لەساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی، جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لەکوردستانی عێراق چ لەرووی توانای رێکخراوەییە یاخود لەرووی توانای چەکداریی‌و ئەزموونی مێژووییەوە لەهەموو پارچەکانی تری کوردستان بەهێزترو لێوەشاوەتر بوو، ئینجا ئەوەی لێ بەسەرهات کەبەسەری هات، تەنانەت نەك هەر دانەمەزراندنی کوردستانی گەورە، بەڵکو نەیتوانی لەژێر تۆپ‌و تەیارەکانی ئینگلیزو سوپای عێراقی زەبەلاح‌و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی بەپێوەش خۆی راگرێت‌و جگە لەناوچەی موکریانی ئازاد پەناگەیەکی تری بۆ نەماوە.[١]

لەلایەکی دیەوە، ئەگەر ئەو یادداشتەو بەندەکانی کەلەلایەن (ژ.ك)ەوە دراوە بەئاغای فهیمی کاتی سەردانەکەی بۆ مهاباد وەك پێشتر ئاماژەمان بۆدا، سەد دەر سەد راست بێت، مانای ئەوەیە (ژ.ك)یش لەگەڵ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردەکانی ئێران بووە

---

[1] بۆ زیاتر : البارزاني, مسعود, البارزانی و الحرکة التحرریة الکردیة. ثورة بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥, کردستان . آب ١٩٨٦؛ Borhanadin ,OP.cit,chapter 6

لەسەر بنەمای مافی خودموختاریی لەناوخۆی ئێراندا لەو قۆناغە مێژووییەدا، بەتایبەتیی کاتێك دەبینین واژەی (کوردەکانی ئێران) لەو بەیانەی کە بەبۆنەی ناڕەزایەتی دژی نەبەخشینی ئیمتیازی نەوت لەلایەن حکومەتی (ساعید)ەوە بە شورەویی، بڵاوکراوەتەوە، بەئاشکرا دیارە. ئەمەش جۆرە سەردانەواندنێکە لەلایەن (ژ.ك) ەوە بۆ واقعی دابەشکردنی کوردستانی مەزن، لەبەر ئەوە دانانی ئامانجی بەدیهێنانی خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە پێچەوانەی خواستو ویستەکانی (ژ. ك) نییە، بەڵکو سەردانەواندنی رێبەرانو تێگەیشتووەکانی (ژ.ك)ە بۆ هەنگاونان لەگەڵ هەلو مەرجە مێژوییەکەو چۆنێتی مامەڵەی راستەقینە لەگەڵ فاکتەرە دژەکانو فاکتەرە هەموارەکانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد، بەو پێیەی سیاسەت هونەری وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەیە کەزەمینەی بۆ سازەو لەتوانادایە نەك ئەو هیواو ئاواتەی لەهێزو توانای جووڵانەوەکە بەدەرەو شوێنی بەدیهاتنی لەخەیاڵدایە. جا هەر چەندە پیرۆزیش بێت.

هەربۆیە، پێش دامەزراندنی حیزبی دیموکرات لەسەر بناخەی کۆمەڵە، بێئەوەی پەرتبوونێك رووبدا یاخود گروپێك لەئەندامانی کۆمەڵە، تەنانەت ئەوانەی لەکۆمیتەی ناوەندییشدا لابران، جیاببنەوەو وەلانانی دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ لەسەر ح.د.ك بەعەیبو عاربزانن، بەڵکو مەسەلەکەیان ئاسایی وەرگرت، وەك هێمن دەڵێن: ((دەستەیەك لەرووناکبیرانو ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ.ك) هاتنە سەر ئەو بڕوایە، کەجیێ بەجێکردنی بەرنامەی کۆمەڵە لەهەلومەرجی ئێستای جیهانو کوردستاندا ئیمکانی کەمە، بۆیە بەرنامەیەکی کورتو نوێ یان کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەو سەردەمیدا دەگونجا گەڵاڵە کردو.. رێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەر بناخەی رێکخراوی کۆمەڵەی (ژ.ك) دامەزرا))[1].

هەروەها پێویستە ئامارژە بۆ راستییەکی تریش لەم رووەوە بکەین، ئەویش ئەوەیە کە قازیی محەمەد بەقووڵیی بڕوای بەکێشەی نەتەوەیی گەلی کورد هەبوو، ئەگەر سەرنجێکی ئەو وتارە بدرێت کە قازیی بە بۆنەی دامەزراندنی گەورەترین

---

[1] هێمن,س.س.پ, ل٢١.

**دەستکەوتی حیزبی دیموکراتەوە کە (کۆماری کوردستان)ە وەك لەبەشی دووەمدا باسی لێوەدەکەین، دای بەگوێی هەزاران کەسدا لەمەیدانی چوارچرا، بەدرێژیی باسی چەوسانەوەی نەتەوەیی کوردو دابەشکردنی کوردستانو مێژووی خەباتو قارەمانێتی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی لەسەرانسەری کوردستاندا دەکات.[(٢)] خودی ارفع بەئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەم بڕوا پتەوییەی قازیی کردووە، کاتێك باسی سەردانەکەی قازییو هاوەڵانی ئەکات بۆ تاران لە١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٤دا. دوای ئەوەی ئەرفەع چاوی پێیان کەوتووەو باسی ئێرانییبوونی کوردو شانازییکردنی کوردی بەدابو نەریتی شاهەنشاهییەوە بۆ کردوونو قازیی محەمەد بایەخێکی ئەوتوی پێ نەداوە، هەروەك ئەرفەع باسی لێوە دەکا ((لەگەڵ هەموو ئەم درێژدادڕیو راوورێوییەی بۆم هێنایەوە تەماشام کرد کە قازیی محەمەد بیەك نییە بەم بایە بلەرزێت، بێگومان لەئایندەدا تەنگمان پێ هەڵدەچنێ.))[١]**

**سەبارەت بەو رەخنەیەش کەدامەزراندنی ح.د.ك لەسەر حیسابی وەلانانی ئەندامە چالاكو شارەزاکانی کۆمەڵەو سەپاندنی بازرگانانو دەرەبەگ هاتۆتە دی. سەرنجێکی کورت لەناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتو چارەنووسی وەلانراوەکان، دواتر سروشتی باڵەکانی یان خود راستر هێزەکانی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردو توانای کۆمەڵەی (ژ.ك) لەخۆگرتنی ئەو هێزانە، بۆمان دەردەخات کەمەسەلە بەو زەقییە نییە باسی لێوە دەکرێت.**

**رەحمانی زەبیحی، ئەحمەدی ئیلاهی، محەمەد ئەمین شەرەفی، محەمەد رەسولی دڵشاد، رەحمانی ئیلخانی زادە، ئەمانە کەئەندامە سەرەتاییەکانو کادرە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) بوونو لەناو کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی**

---

**(٢) بڕوانە: رۆژنامەی کوردستان, بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان, ژمارە١٠-١١, ١٥-١٧ رێبەندانی ١٣٢٤ بەرامبەر ٤-٦ی فیوریە١٩٤٦" ئەمین , حکومەتیکوردستان,ل ل١٠٦-١٠٨.**

**1 أرفع , س.پ,ل٧٦.**

دیموكراتدا هەڵبژێردرابوونەوە. مەلا قادری مودەریسی، محەمەدی نانەوازادە، محەمەد یاهو كەهەڵنەبژێردران بۆ كۆمیتەی ناوەندیی پشت گوێنەخران، بەڵكو ئەركی گرنگتر لەو ئەركەیان پێسپێردرا كەلە كۆمەڵەی (ژ.ك)دا لەسەر شانیان بوو. بۆ نمونە: قادری مودەریسی كرایە بەرپرسی چاپخانەی كوردستان كەگرنگترین دەزگای تەبلیغاتی سەردەمەكەی خۆی بوو. محەمەدی نانەوا زادە كرابە فەرماندەی هێزی مەركەزیو معاونی سیاسیی وەزیری جەنگ لەكۆماردا. محەمەدی یاهو كرا بەبەرپرسی كۆمیتەی ح . د. ك لەمەهابادو ..هتد،[1] ئەمەش وایكردووە كەهێمن بڵێت: ((.. تەنیا لەكادری رابەریدا ئاڵو گۆڕێك پێكهاتو پێشەوا قازیی موحەمەد.. بەپێشەوای حیزب هەڵبژێدراو سەرۆكی كۆمەڵەی پیاوێكی زۆر تێكۆشەرو ئازاو پاك بوو لەكادری رابەری نەما، ئەم ئاڵو گۆڕە هیچ كاری نەكردە سەر ئەو پیاوەو لەریزەكانی خوارەوەی حیزبدا درێژەی بەخەباتو كاری خۆی هەرداو رەنجێكی زۆری كێشا)).[2]

دەربارەی گیرانی رەحمانی زەبیحیو بەهەلزانینی قازیی محەمەد بۆ گۆڕینی ناوی (ژ.ك) بۆ حیزبی دیموكرات، هەروەك د. عەزیز ئاماژەی بۆ كردووە، بەڵگەیەكی مێژوویی بۆ سەلماندنی نییە، ئەوەی لەم بارەیەوە زانراوە، رەحمانی زەبیحی لەكاتی دامەزراندنی حیزبی دیموكراتی كوردستانو بەستنی كۆنگرەی یەكەمی لەمەهاباد بووە، وەك ئاشكرایە بەئەندامی كۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوە، دواتر بەنوێنەری قازیی محەمەدو وەك رازگری سەرەكیی پەیوەندییەكانی كوردو شورەویی لەگەڵ دووهەواڵی تردا كە دڵشادی رەسوڵی ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبو قاسمی قادرییە، بەرەو ورمێ كەوتۆتەڕێ، هەروەك سەرلشكر (احمد زنگنە) فەرماندەی هێزە ئێرانییەكانی رەزائییە لەژێر سەر دێڕی "چگونە اسناد ارتباط قاضی محمد باشووروی ها بدست امد/ چۆن

---

[1] دەباغی ,س.پ,ل٢٥-٢٦.

[2] هێمن,س.پ, ل٢١.

بەڵگەکانی پەیوەندی نێوان قازیی محمەمەدو شورەوییەکان دەست کەوتن)) باسی گیرانەکەی ئەوسیٚ هەڤاڵەی حیزبی کردووەو نووسیویەتی کەلەسەرەتای ابان/ خەزەڵوەری ١٣٢٤ هەواڵی نهێنی سەفەری ئەو تاقمە گەیشتۆتە تیپی رەزائییە.[1] هەربۆیە حیزبی دیموکرات کەلە١ی خەزەڵوەر راگەیەندراو لە٢ی خەزەڵوەردا کۆنگرەی خۆی بەستووە تا ٣ رۆژ بەردەوام بووە بەڵگەی ئەوە کە زەبیحی وهاوەڵانی دوای کۆنگرە ئەم سەفەرەیان بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی کورد وشورەویی وەك بەشێك لە ئەرکەکانی کۆنگرە و پێویستیەکانی قۆناغەکە ئەنجامدابێت، لەوەش گرنگتر خودی زەبیحی نە لە کۆڕێکدا و نەلە نووسینێکیدا باسی لە مەسەلەیەکی وا نەکردووە، هەروەها ئەندامە سەرەتاییەکانی ژ.ك و هاوەڵەکانی زەبیحی وەك ( هەژار و هێمن و دەباغی) کە باسی ژ.ك و حیزبی دیموکراتیان کردووە ئاماژەیان بە شتێکی وا نەکردووە.

لەلایەکی ترەوە، گەیشتنی هەندێك کەسانی وەك حاجی بابەشێخ و عەمەرخانی شکاك و سەید عەبدوڵلای ئەفەندی گەیلانی زادە بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزب تەنها بەهۆی موڵکو ماڵ و داراییەوە نەبووە، بەڵکو بە هۆی لێهاتوویی و دڵسۆزیی و بەناوبانگیی ئەو رۆڵە مەزنە بووە کە لە بواری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیان بوو، حاجی بابە شێخ (١٨٧٩ــ ١٩٥٩) زانایەکی ئایینی بەرزو خاوەنی چەند کتێبێك بوو لە ژمێریاری و زانستە ئاینییەکاندا، جگە لەوەی ڕۆڵی چاکسازێکی کۆمەڵایەتیی بینیوە، لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە عەشیرەتییەکاندا و لە دەورانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا ڕۆڵی لە ڕووبەڕووبونەوەی سوپای رووسی تزاریی بینیووە و دواتر بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی خێرخوازانی کورد،[2] عەمەر خانیش وەك پێشتر باسی لێکراوە لە بواری کوردایەتیی و دژایەتیی دەوڵەتی ناوەندیی ڕۆڵی مەزنی

---

[1] زنگنە,س.پ,ل٦١.

[2] بۆ زیاتر: کورد، س.پ، ل ل٥٢٢-٥٢٤.

هەبووە،ڕاپەرینی ناوچەی وورمێ ساڵی ١٩٤١ــ ١٩٤٢ دژی دەسەڵاتی ناوەندیی عەمەر خان رابەرایەتیی کردووە. سەید عەبدوڵڵاش لە بواری ئاینییو کۆمەڵایەتییو پێشینەی کوردایەتیی بنەماڵەیان شانی لەشانی قازیی محەمەد دەدا.[١] ئەم جۆرە کەسایەتییانە کەلەکۆمەڵگای کوردەوارییی جگە لەنفوزی کۆمەڵایەتییو ئابوورییان بەنیشتمانپەروەر دادەنرانو هیچ جووڵانەوەیەکی سیاسیی بێ لەئامێزگرتنی ئەم توێژە گرنگە ئیمکانی سەرکەوتنی نەبوو. ئەمانە کە کۆمەڵەی (ژ.ك) نەیتوانیبوو پێش چوونی قازیی محەمەد لەئامێزیان بگرێت، هۆکاری لاوازیی چالاکییەکانی (ژ.ك) بوون لەرووی پراکتیکەوە. جێکردنەوەشیان لەناو حیزبی دیموکراتی کوردستان هۆکاری بەهێزبوونو دەرکەوتنی بوو وەك حیزبێکی پۆپۆلیست. هەر بۆیە کەسانێك هەن پێیان وایە کە لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانییدا دووهێز لەسەرشانۆی کوردستانو جووڵانەوەی نەتەوەییدا هەبووە هێزێکی دەسەڵاتدارو چەکدارو خاوەن نفوزی کۆمەڵایەتییو ئابووریی، لەگەڵ هێزێکی فکریی ـ رێکخراوەیی دوور لەهێزی یەکەم، دامەزراندنی ح.د.ك هاوبەندییو پێکەوەگرێدانی هەردوو هێزەکەیە بەمەبەستی تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانو رەتکردنەوەی گەڕانەوەی شێوە ژیانی سەردەمی رەزاشاهیی بۆ کوردستان[٢]

ئاشکرایە ح.د.ك وەك حیزبێکی نەتەوەیی ریفۆرمیستی لیبراڵی جەماوەریی دامەزرا، حیزبی بەتەنیا چینێك یاخود توێژێکی تایبەتیی کۆمەڵگای کوردەوارییی نەبوو، بەڵکو حیزبی گەلو پشتیوانی زۆری لەجووتیارانو زەحمەتکێشی شارو وردەبورجواو موڵکداری ناونجییەکانو عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکانی بۆلای خۆی راکێشا. بڕوای بەگەشەکردنی پلەبەپلە هەبوو، نەك لەگۆڕانی چینێك لەبەرژەوەندی چینێکی تر، هەر بۆیە لەبەرنامەکەیدا شوێنێك بۆ دیکتاتۆریی

---

[1] ایغلتن,س.پ, ل٤٢.

[2] صابر, صفحات عن نضال الکورد, ل١١٠.، شریف,س.پ,ل٣٦-٣٧.

چینێك‌و بەکۆمۆنییکردنی موڵکایەتیی نییە، بەڵکو هەوڵی داوە بەلەبەرچاوگرتنی بافتی کۆمەڵگای کوردەواریی‌و لەرێگەی دانانی یاساوە بەرژەوەندیی هەر چینێك بپارێزێت، بەسەرکردنەوەی زەحمەتکێشانی شار بەچەند وشەیەك‌و دانەرشتنی بەرنامەکە بەپێی بەژرەوەندیی چینی برۆلیتاریا هۆکارەکەی بۆ نەبوونی چینێك دەگەرێتەوە بەناوی پرۆلیتاریا لەکوردستاندا [1]

سەبارەت بەناساندنی کەسایەتی قازیی محەمەدیش ، هەندێك لەوانەی قازیی محەمەدیان لەنزیکەوە ناسیووەو باسی نەرمونیانی‌و لەخۆبردوویی‌و قازییان کردووەو رەخنەی ئەوەیان لێگرتووە کەرای خۆی نەسەپاندووە، (عبدالله احمد پشدەری) یەکێکە لەوانەی کەلەباسی کەموکورتییەکانی قازیی محەمەددا نووسیویە: (( قازیی محمد زۆر توندنەبوو لەسەر رای خۆی وەکو ئەو سەرکردانەی بروایان بەخۆیان هەیەو هەتا زۆرجاران بەقسەی دەوروپشتەکانی خۆی رای خۆی ئەگۆری... هەمیشە سیاسەتی چاوپۆشی‌و رازیکردنی خەڵکی بەکار ئەهێنا.)) [2]

لەگەڵ هەموو ئەو راستییانەداو وەك قاسملوش ئاماژەی بۆ کردووە بەرنامەو مەرامنامەی ح.د.ك هەرچەندە وەڵامدەری بەشێکی زۆری پێویستە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئابوورییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی بووە، بەڵام بێ کەموکورتیش نییە. بەتایبەتیی لەبارەی دیارییەکردنی سنووری ناوچەی کوردستانی خودموختارو چۆنیەتی رێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی‌و روون نەکردنەوەی هەڵوێست لەدابەشکردنی دەسەڵات‌و شێوازی چەسپاندنی یاسا لەکوردستاندا، بەتایبەتیی کە قانونی ئیالەتی‌و ویلایەتی تارادەیەکی زۆر لەمەسەلەی خودموختاریی‌و بەرنامەکەی حیزبی دیموکرات لەخوارترە[(٣)].

---

[1] قاسملو, چل ساڵ خەبات ,ل٤٤ .، کوردستان وکورد, ل٨٩.

[2] قاسملو، چل ساڵخەبات ,ل٤٤.

[(٣)] قاسملو ، چل ساڵخەبات ,ل٤٤.

سەبارەت بەدیدی ئێرانییەکان، ارفع دوای ئەوەی بەندەکانی بڵاوکراوەکەی ح.د.ك بەهەڵە گواستۆتەوەو دەڵێت (هاشمۆف) کونسوڵی شورەویی لەورمێ بۆیانی نوسیووە، ئاماژە بەوە دەکات کە بەندەکانی بڵاوکراوەکە پێچەوانەی یاسای بنەرەتیی وڵاتن‌و بەدیهاتنی مانای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی تەواو سەربەخۆیە لەئێران. ئەرفەع دەڵێت ئەگەر هەر هەریمێکی ئێران دەسەڵاتێك دروستبکات‌و رێگا لەناردنی باج‌و دەرامەت بگرێت بێتە ناوەند، ئیتر چ رۆڵێك یان زەمینەیەك بۆمانەوەی دەوڵەتی ناوەندیی دەمێنێتەوە.[1] ئەو هەڵوێستەی ئەرفەع هەمان هەڵوێستی ئەوسای حکومەتی ناوەندیی ئێرانە کەهەر لەسەرەتاوە مەسەلەکەی بەجوداخوازیی داناو کەوتە پروپاگندەیەکی گەورە بۆ راکێشانی سەرنج‌و هاوکاریی دەوڵەتە هەرێمییەکانی عێراق‌و تورکیاو زلهێزەکانی وەك بەریتانیاو ئەمەریکا بەوەی کەئاژاوەگێڕیی‌و پیلانێکی گەورە لەئازەربایجان‌و کوردستاندا دژی یەکپارچەیی خاکی ئێران لەلایەن رووسیای شورەوییەوە بەدەستەوەیەو لەم رووەوە رۆژنامەکانی فەرمیی ئێران دەستیانکرد بەکوتینی تەپڵی ((هوس استقلال وجداشدنی کردستان/ ئارەزووی سەربەخۆیی‌و جیابوونەوەی کوردستان)).[2] ئەو پروپاگندانەی کەنەك بەتەنیا ئەو دەوڵەتانەی توقاندو لەگەڵ رژێمی پەهلەوییدا کردنیە هاوسەنگەر، بەڵکو کاریگەریی خراپیشی لەسەر رای گشتیی ئێران بەجێهێشت بەورووژاندنی سۆزی ئێرانچیێتیی‌و راکێشانی ئازادیخوازە ناسیونالیستە فارسەکان بە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارو رژێمی شاهەنشاهیی لەتاران.

لەراستییدا بەڵگەیەکی مێژوویی بەدەستەوە نییە سەبارەت بەوەی ح.د.ك بەفەرمانی شورەویی دامەزرابێت، یاخود ئامێرێکی دەستی شورەویی بێت بۆ بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیزم‌و پارچەکردنی ئێران. رایەکی وا کەجگە لەرای فەرمیی

---

[1] أرفع,س.پ,ل۸۰.

[2] بڕوانە: کوهستان, ٢٤ اردیبهشت ١٣٢٤.

حکومەتی ئێران‌و کارمەندە سیاسییە رۆژئاواییەکانی هاوپەیمانی دەوڵەتی شاهەنشاهیی کەبێ لەبەرچاوگرتن‌و بەخۆگێلکردن لەریشەی مێژوویی کێشەی کوردو پەرەسەندنی جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو لەراستییدا بۆ شێواندنی رووی راستەقینەی جووڵانەوەکە باسیان کردووە[1]و تائێستا لەلێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانەدا نەسەلمێنراوە، چونکە وەك لەبەرنامەو مەرامنامەی حیزبی دیموکراتدا دەردەکەوێت کەتەنها مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردو ژیانێکی دیموکراتی ئازادانە لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئێران‌و بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێرانیی کراونەتە ئامانج‌و شتێك دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی کۆمۆنیست لەبەرنامەکەدا بەرچاو ناکەوێت.

پێویستە بوترێت، کە لەمەسەلەی پەرەسەندنی دۆستایەتیی کوردو شورەوییدا دەبێت بەرژەوەندی هەردوولا لەبەرچاو بگیرێت نەك یەك لایەنە سەیری مەسەلەکە بکرێت کەکراوە، یەکێتیی شورەویی کە نە لەکاتی جەنگ‌و نە لەدوای جەنگیشدا بەرنامەو چالاکییەکی بۆ کوردستانی سەربەخۆی سۆشیالیست بەدەستەوە نەبووە[•]، ئەمەش راستییەکی مێژووییە، یەکێتیی شورەویی تەنیا لەپەراوێزی بەرژەوەندییەکانی لەئێران بەگشتیی‌و لەئازەربایجانی ئێران کەموکریان لەرووی

[1] أرفع,س.پ,ل٧٩أ"يغلتن , س.پ, ٩١" دهقان ,س.پ,ل٥٣٠.

[•] هاشمۆڤ سەرکنسوڵی شورەویی لە رەزائییە سەبارەت بە چاوپێکەوتنی لەگەڵ قازییدا دەڵێت:" قازیی موحەممەد هەموو کاتێك وتوێژەکانی بەرەو سەربەخۆیی کوردستان دەبردو باسی دواکەوتووی کوردانی دەکردو بەگوێرەی قسەکانی، هۆی داکەوتنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کاتێك لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێران‌و تورکیاوە چەوسێنراونەتەوەو ئێستا لە حاڵێکی نیوە برسیدا دەژین و لەم بارەوە سوپاسی سوپای سووری کرد کە بە هاتنی ئەوان بۆ ئێران، کوردەکان بەتەواوی گەیشتن بە سەربەخۆیی خۆیان و لە باری ئێستایان زۆر ڕازین و بۆ وێنە ئەم مەسەلانەی خوارەوەی باسکرد :

"هەموو گەلانی سەر زەوی هەوڵ ئەدەن هەرچی زووتر کۆتایی بە شەڕ بێت، بەڵام کوردەکان نیگەرانن بە کۆتایی هاتنی شەڕ، ترسی ئەوەیان هەیە کە دوای شەڕ هێزی هاوپەیمانان ئێران جێدێڵن‌و دەسەڵاتدارانی ئێران سەرلەنوێ دەست دەکەنەوە بە چەوساندنەوەو سووکایەتیکردن بە کورد، لەبەر ئەوەیە کورد ئێستا دژی هاتنی سوپای ئێرانە بۆ مەهاباد." بڕوانە: د.ئەفراسیاو هەورامی، س.پ ، ل٢٢-٢٣.

ئیدارییەوە بەشێکبووە لێی، بەتایبەتیی مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەکاندا کردووە.[1] دۆستایەتیی شورەویی لەگەڵ ح.د.ك، سەردانەواندنی شورەوییە بۆ هێزی پەرەسەندووی نەتەوایەتیی دیموکراتیی کورد لەناوچەی موکریان کە لەدایکبوونی بۆ سێ چارەکە سەدە پێشتر دەگەڕێتەوەو لەسالآنی جەنگدا سوودی لەهەلومەرجی گشتیی ئێران‌و ناوچەکە وەرگرت‌و بووە هێزێکی جەماوەریی راستەقینەی حیساب بۆ کراو کەخاوەنی ئامانج‌و رێبازی تایبەتیی خۆی بوو.

ئاشکرایە، ئەم سەردانەواندنەی شورەویی کاتێك بوو کە نە لقی حیزبی تودە لەکوردستاندا پێشوازیی لێکراو نە نەتەوەخوازانی کورد ئامادەییان هەبوو ببنە تودەیی، هەژار لەبیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە کە جارێکیان قازیی محەمەد لەتەورێز گەڕاوەتەوەو ئەندامانی (ژ.ك)ی کۆکردوونەتەوەو ئاگاداری کردوون کە ((قولی یوف (لێپرسراوی سیاسیی شورەویی لەتەبەرێز ـ ل) گوتویە ئێمە جگە لەتودە هیچ حیزبێك قبوڵ ناکەین، دەبێ خۆتان حەل کەن‌و ببنە تودە دەنا ناچارین بتان کوژین، ئێوە دەڵێن چی؟.. زۆر زوو جوابمان داوە کەئێمە بۆ خۆمان ئەم رێگەمان هەڵبژاردووە روس ئاگایان لێ نەبووە، ئێستاش هەر لەسەری دەڕۆین‌و چیان لەدەست دێ منەتیان نەبێ.))[2]

کاتێکیش رووداوەکان لەئازەربایجانی ئێران پەرەیانسەندو (فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) لە ٢٥ی ئابی ١٩٤٥ دامەزرێندراو کار بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی ئازەریی چەپ بەهاوکاریی شورەویی بە مەبەستی بەدیهێنانی یەکێ لەدوو ئامانج یان بەستنەوەی ئازەربایجانی ئێرانی بەئازەربایجانی شورەوییەوە یاخود ناچارکردنی ئێران بۆ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە جیاکانی شورەویی لەئێران، لەم کاتەدا ئالۆزەدا کە قازیی محەمەدو هاوەڵانی بانگکرانە باکو لە٢١ی خەرمانان/١٢ ئەیلولی ١٩٤٥ دا لەلایەن میرجەعفەر باقرۆف پێشوازییان

[1] Borhanadin , op.cit,pp154 – 158

[2] هەژار , س.پ, ل٧٢.

لێکرا،[1] باقرۆف بەئاشکرا پێی گوتن کە ئەوان بەرنامەیەکیان بۆ کوردستان پێ نییەو پێویستە کورد لەفرقەی دیموکراتی ئازەربایجان‌و بۆ خزمەتی دەسەڵاتی سۆسیالیستیی ئایندەیی ئازەربایجان تێبکۆشن، قازیی محەمەدو هەواڵانی کەبڕوای تەواویان بەمافی نەتەوەیی کوردو چەسپاندنی رژێمێکی دیموکراتیی هەبوو، دژی بۆچوونەکەی باقرۆف وەستان‌و ملیان نەدا.[2]

لەڕاستییدا، شاندەکەی قازیی بۆ چارەسەرێك دەگەڕان هەم نەچنە ژێر حوکمی ئازەرو تایبەتمەندێتی خۆیان لەدەستنەدەن، هەم بۆ بەدیهێناتنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەئێران لایەنگری شورەویی بەدەستبێن‌و سوود لەو هەلومەرجە هەرێمییە ببینن کە لەململانێی نێوان جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی‌و دەسەڵاتی ناوەندیی لەلایەك‌و تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئێران ـ شورەویی لەلایەکی دیەوە دروست بووە.

بێگومان هەڵوێستی نەرێیی حکومەتی ئێران بەرامبەر داواکارییەکانی گەلی کورد بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی‌و ئەو کوشت‌و کوشتارەی فەرماندە سەربازییەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهی لەباشوورو ناوەندیی کوردستان دەستیان پێکردبوو. هاندەرێکی گەورە بوو کەجووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردیی کە ئەوکات لە لایەن قازیی محەمەدو هاوەڵانییەوە رێبەرایەتیی دەکرا، هەروا بەئاسانیی‌و بێ سەلماندنی مافێك مل بۆ دەسەڵاتی ناوەندیی دانەنەوێنێت،

---

[1] بە پێی ئەو ڕاپۆرتە نهێنیەی بە دەست ستادی ئەرتەش گەیشتووە ئەوانەی کە لەگەڵ قازیی محمد چوونەتە باکۆ بریتیین لە: رشیدبەگ, قادر بەگ, قاسم بەگ ,حسین چنارە, عمر خان, سیدخان بەگ, ناصر بەگ, کامل بەگ٬ ئەمین بەگ و سەید نورەالدین. رۆژنامەی (اطلاعات) یش ناوی (قازیی محەمەد ,محەمەد حسین خان , سەیفی قازی , علی ایلخانی , حمزە ئاغای مامشو عبدالقدرجلدیان) یان ناوبردووە و بەکارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان تاوانباریان کردوون . شایەنی باسە قازیی و هاوەڵانی بە تەلەگرافێك بۆ مەجلیسی شورای میللی‌و رۆژنامەکانی ناوەند نکوڵییان لەوسەردانەکردووە .بڕوانە: کوهستان, ٣٠مهرماه ١٣٢٤, ٧ابان ١٣٢٤" اطلاعات, تهران , ٩ مهرماه ١٣٢٤.

[2] ایغلتن,س.پ, ل٨٨–٨٩.

**بەتایبەتیی پاشی ئەوەی شورەویی بۆ فشارخستنە سەر ئێران سوکە لایەنگرییەکی جووڵانەوەکەی کرد.[1]**

**هێزێکی جەنگاوەرو خاوەن ئەزموونی وەك بارزانییەکان و هاوەڵانیان لە٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ گەیشتنە ناوچەکە، هەر بۆیە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەرۆژی ٢٦ی سەرماوەرز/ ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ لە نەغەدە لە لایەن سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی (ژ.ك) ئاغای حوسێن فروهەر وتاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان خوێندرایەوە. لەشارۆچکەی بۆکانیش لە ٧ی بەفرانبار/٢٨ی کانوونی یەکەم ١٩٤٥ مەراسیمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ئەنجامدراو ئاڵای ئێران کە سونبلی دەسەڵاتی ناوەندیی بوو لەتەواوی شارو ناوچەکانی موکریاندا هێنرایەخوار.[2]**

**شایەنی باسە، وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی ئێران یادداشتێکی نارەزایەتیی پێشکەشی کونسوڵی شورەویی لەتاران کرد، تیایدا بەتوندیی رەخنەی لەڕێگرتنی هێزەکانی شورەویی لەناردنی سوپای ئێران گرتووە بۆ ئازەربایجان و هەلومەرجی نائاسایی کوردستانی خستۆتە بەرچاویان بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١ـ ژمارەیەك لەسەرۆکە کوردەکانی نیشتەجێ ئوستانی ٤ی مەهاباد بەپیلانی دەستەیەك کەنیازی خراپیان بەرامبەر یەکێتی خاکی ئێران لەسەردایە، کەوتوونەتە جرت‌وفرت‌و بەزۆر ڕێگا خەریکی خۆ چەککردن‌و خۆیان بۆ ئەنجامدانی کارێك ئامادە دەکەن.**

---

[1] وەك ستادی ئەرتەشی ئێران لە کاتی خۆیدا ئاشکرای کرد کە قازیی لەکاتی هاتنەوەی لە باکۆ دوو ماشینی چاپ و شەش تەن کاغەزی رۆژنامەی بۆ کوردستان هاوردووە ؟, أیغلتنیش باسی ١٢٠٠ تفەنگی برنۆدەکات کە دواتر ڕووسەکان ڕەوانەی مەهابادیان کردووە, بەهەر حاڵ پشتگیریی شورەویی بۆ جووڵانەوی نەتەوایەتییەکەی کورد زۆر سنووردار بووو بە هیچ جۆرێك نەگەیشتە رادەی ناردنی چەکی قورس‌و بەستنی پەیمان هاوبەش و بەڵێنێکی فەرمیی لێ سەوز نەبوو. بڕوانە کوهستان, ٣٠ مهرماه ١٣٢٤" ایغلتن,س.پ,ل١٠٧–١٠٨.

[2] ئەمین, حکومەتی کوردستان, ل ل٩٠,٨٠–٩٣.

**٢ـ ئەو سەرۆکە کوردانە بۆ ئەنجامدانی نیازەکانیانو نانەوەی ئاژاوە خەریکن لەرێگای چاپەمەنییەوە بیری کوردە رەوشت باشەکانیش خراپ دەکەن، بەمەبەستی پەرەپێدانی ئاژاوەش دەزگایەکی ماشینی چاپو کاغەزێکی زۆری رۆژنامەیان لەشورەویی وەرگرتووە.**

**٣ـ چەند کەسێك لەو سەرۆکە کوردانەی مەهابادو بەشی رۆژئاوای ئازەربایجان بێ هیچ ئاگادارییەکی دەوڵەتو بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانیان چوونەتە باکۆو گەڕاونەتەوە.**

**٤ـ مەلا مستەفای بارزانی، خۆیو هاوڕێیانی لەخاکی عێراق رایان کردووەو هاتوونەتە ئێرانو لە ناوچە کوردنشینەکاندا نیشتەجێ بوون، لەبەر ئەوەی چەکدارن، وادێتە پێش چاو لەگەڵ کەسانی ئاژاوەگێڕ ئاسایشو هێمنیی بەشی رۆژئاوای ئوستانی ٤و مەهاباد بشێوێنن.))** [1]

**هەر لەم ماوەیەدا بوو رادیۆی پاریس هەواڵێکی بڵاوکردەوە ئەمە دەقەکەیەتی: ((لەکوردستانی ئێراندا راپەڕینیکی گەورە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئەم ناوچەیەو جیاکردنەوەی لەئێران بەرپا بووەو تائێستا ئاشکرا نییە کە ئەم شۆڕشە بەرەو کوردستانی تورکیا درزە دەکات یا نەخێر، بەڵام تورکەکان هێزێکی زۆریان لەسەر سنوور مۆڵ داوەو لەحاڵەتی ئامادەییدان، بارودۆخ لەو ناوچانە زۆر دژوارە.))** [2]

---

[1] **وەرگیراوە لە: دهقان،س.پ، ل٧١٧-٧١٨.**

[2] **کوهستان،٢٨ ابان ١٣٢٤.**

# بەشی دووەم: کۆماری میللیی کوردستان ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦-١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦.

## باسی یەکەم: دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان‌و بەرچاوترین دەستکەوتەکانی

ئاشکرایە کەجووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەکۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە دی‌و پێی نایە قۆناغێکی گرنگ‌و مێژوویی نوێ وە، بەچەشنێك لەسەرئاستی جیهانیی‌و ئێرانیی‌و نێوخۆیی هەلومەرجی لەباری بۆ لواو زەمینەو دەرفەتێکی شیاو هاتەپێش کەبتوانێت دەسەڵاتی سیاسیی بگرێتەدەست‌و بەدامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان کە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا زیاتر بە کۆماری مەهاباد ناو دەبرێت[1] لاپەڕەیەکی پرشنگدارە لەمێژووی هاوچەرخی گەلی کورد بەگشتیی‌و لەمێژووی جووڵانەوەکە بەتایبەتیی تۆمار بکات.

لەرووی جیهانییەوە، کۆتاییهاتنی جەنگ ئاکامی گرنگ‌و هەمەلایەنەی لێکەوتەوە، سەرکەوتنی بەرەی دیموکراتیخوازیی‌و رووخاندنی رژێمە فاشییستە توتالێتیرەکانی وەك: ئەڵەمانیا، ئیتالیا‌و یابان، پاشەکشەی دەوڵەتە سەرمایەدارە کۆلۆنیالیستەکانی

---

[1] وێڕای ئەوەی ناوی (کۆماری میللی کوردستان) زیاتر لەبڵاوکراوەکان‌و دۆکیومێنتەکانی کۆماردا بەکار هێنراوە، چەند ناوێکی دیکە یوەك (دەوڵەتی جمهوری کوردستان)، (جمهوری خودموختاری کوردستان)و (کۆماری کوردی لەمەهاباد)و(حکومەتی کوردستان)، (کۆماری میللی مەهاباد)، (کۆماری کوردستان)لەدۆکیومێنتەکانی کۆمارو ئەو سەرچاوانەی کەلەسەر ئەم ئەزموونە مێژووییە ئاخاوتوون بەکارهێنراون، زۆربەی جاریش بۆ کورتکردنەوەی لەبەر ئەوەی شاری مەهاباد پایتەختی ئەم دەسەڵاتە کوردییە بوو، تەنیا بەزاراوەی (کۆماری مەهاباد) ئاماژەی بۆ دەکرێت.بڕوانە:

ملا عزت، محمود، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامەو دکۆمینت، بەرگی یەکەم، سوید، ١٩٩٢.،کۆماری میللی مەهاباد.، ایغلتن، س پ .، قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٥٤.، ئەمین،حکومەتی کوردستان.، Roosevelt,op.cit.

وەك فەرەنساو بەریتانیاو لاوازبوونیان بەرامبەر پەرەگرتنی خەباتی ئازادیخوازیی‌و نیشتمانیی گەلانی ژێردەستەو بەدەستهێنانی دەرفەتی بەدیهێنانی سەربەخۆیی سیاسیان، دەرکەوتنی یەکێتی شورەویی وەك زلهێزێکی بەتوانا خاوەن بەرژەوەندیی‌و ئایدۆلۆژییەتی تایبەتیی خۆی بەچەشنێك تادەهات کێشی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیی زیاتر دەبوو، بەهێزبوونی جووڵانەوە دیموکراتیی‌و سۆسیالیستەکان لەئەوروپاو ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ هەندێکیان تا دەسەڵاتی سیاسیی بگرنەدەست بەتایبەتیی لەرۆژهەڵاتی ئەوروپا، هەموو ئەمانە کاریگەریی خۆیان هەبوو لەسەر وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتیی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانی دابەشکراو لەپێش هەمووشیانەوە ئێران کەلەسۆنگەی گرنگی شوێنی ستراتیژیی‌و ئابووریی‌و هاوسێیەتی یەکێتی شورەوییەوە زیاتر ببووە جێی بایەخ‌و ململانێی زلهێزەکانی وەك ئەمەریکاو شورەویی‌و بەریتانیا.[1] ئەوەش ئاسەوارێکی زۆری لەسەر رووداوە سیاسییەکانی ناوخۆی ئەم وڵاتە هەبوو، بەجۆرێك ریزبەندییەکی لەنێوان هێزە راستڕەوەکان، بەدەسەڵاتی حوکمڕانیشەوە، لەگەڵ هێزە دیموکراتخوازەکانی سەرتاسەریی‌و جووڵانەوەی ئازادیخوازەکانی نەتەوە نەفارسەکانی ئێران پەیدابوو، کە هەریەکە لەم هێزانە لەدەوری یەکێك لەجەمسەرێکی ململانێکە گردبوونەوە[2]

لەراستییدا، رێکخراوە دیموکراتییە ئێرانییەکان لەم قۆناغەدا ببوونە هێزێکی حیساب بۆ کراوو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر رووداوە سیاسییەکان هەبوو، حیزبی تودەی ئێران، کە ئەو کاتە هێزە دیموکرات‌و چەپەکانی لەریزەکانی خۆیدا کۆکردبوونەوە، لەناو شارە پیشەسازییەکانی کرماشان، ئابادان، ئەسفەهان، ناوچەکانی گەیلان‌و مازندەران لەباکووری وڵاتدا رێکخراوی بەهێزی هەبوون، وەك پێشڕەویی

---

[1] بۆ زیاتر:
Kunihalm,B. the origin of the cold war in the neer Easti Greet power conflict md diplowacy in Iran., Turky,and Greece, princeten Univer Sity prees ,1980; Rubin, B.the Great powen in the Middle East,1941-1947; the Rood to the cold war, Frank cass,landon,1980.

[2] البکاء،س پ، ل١٩٤

ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکرات سەنگەری لەهێزە راستڕەوەکان‌و حکومەتی ئێران گرتبوو، هەنگاوی بۆ خولقاندنی کەش‌و هەوایەکی شۆڕشگێڕانە دەدا.

سەرکەوتنی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی ئازەر لە ئێران‌و کۆنترۆڵکردنی هەرێمی ئازەربایجانی رۆژهەڵات بەشاری تەبرێزی پایتەختیشەوە لەلایەن فیداییەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، خۆبەدەستەوەدانی هێزەکانی لەشکری شاهەنشاهیی بەفەرماندەیی (سەرتیپ درەخشانی)و داگیرکردنی تەواوی پۆست‌و دامودەزگاتکانی حکومەت لەلایەن هێزەکانی دیموکرات، دامەزراندنی (ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان)و راگەیاندنی حکومەتی میللی ئازەربایجان، لەو ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٥دا،[1] ئەوانە گشتی رووداوی هەژێنەربوون بۆ گەلی کوردو رابەرانی جووڵانەوەی نەتەوایەتییەکەی، کە لەلایەکەوە خۆیان بەهاوخەباتی ئازەرییەکان دژی دەسەڵاتی ناوەندیی دەزانی‌و لەلایەکی تریشەوە دەترسان لەلایەن ئەم دەسەڵاتە نوێیەوە قووت بدرێن، چونکە هەروەك لە پێشدا ئاماژەمان بۆ کردووە بەشێکی گەورەی باکووری کوردستانی ئێران بەئەنقەست لەلایەن رژێمی رەزاشاوە لەرووی ئیدارییەوە بەئازەربایجانەوە لکێنرابوو[2]

سەبارەت هەلومەرجی نێوخۆش، وەك دەزانرێت بۆ یەکەمجاربوو رێکخراوێکی سیاسیی وەك ح.د.ك رابەرایەتیی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بگرێتەدەست. بەجۆرێك بتوانێت تەواوی هێزو باڵە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیی لەئامێزبگرێت‌و تەواوی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی دوور لەقینەبەرایەتیی عەشیرەتیی‌و جودا لەکینەی مەزهەبیی‌و ناسیونالیستیی گۆشەگیرانە لەژێر ئاڵای خۆی‌و لەدەوری پرۆگرامێکی دیاریکراوو پێشکەوتووخوازانە کۆبکاتەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان زادەی خەبات‌و تێکۆشانی جەماوەری ستەمدیدەی

---

[1] اوری، س. پ، ل٢٧١ .، الجبراني امل عباس جبر، الاذربيجانيون ودورهم السياسي في ايران، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة المستنصرية،١٩٩٧،ص ص١٤٠-١٨٢.

[2] رۆژنامەی (داریا) لەیەکێك لەژمارەکانیدا نووسیویە:" ئەمڕۆ مەسەلەی کوردستان لەئێران خۆی سەپاندووە، دوای ئەوەی لەئازەربایجان حکومەتی دیموکرات بەرقەرار بوو کوردەکانیش لەپێناوی خودموختارییدا دەستیان بەچالاکیی کرد، ئەم جووڵانەوەیەی کوردەکان پەیوەستی تەواوی بە ئازەربایجانەوە هەیە، چونکە داوا لەوان کرابوو کەسەر بەحکومەتی تەبرێزبن، ئەوانیش پێیان وابوو گەر لەتاران دابپچڕێن چاکترە خودموختاریی بۆ خۆیان رابگەیەنن" بڕوانە: داریا، تهران، ٢٤ فروردوین ١٣٢٥

**کوردستانی ئێران بوو، ئەوانەی بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهان چ لەرووی خەباتی چەکدارییەوە، یاخود لەرێگای کاری رێکخراوەیی و سیاسییەوە دژی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی ئێران تێکۆشابوون و خۆیان تاقی کردبووەوە.**

**لەراستییدا، ح.د.ك لەکوردستانی ئێراندا بەتایبەتیی لە موکریان، خاوەن پایەو نفوزێکی بەهێز بوو، هەر بە ماوەیەکی کەم پاش دروستبوونی لەسەر داروپەردوی کۆمەڵەی (ژ.ك) شێلگیرانە کەوتبووە نواندنی چالاکی سیاسیی و رۆشنبیریی و خاوەن هێزێکی چەکداری رێکخراو بوو، سەرکەوتووانە سەرۆکاریی بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکەی دەکرد بەجۆرێك دەسەڵاتی ناوەندیی لەم رووەوە شوێنێکی بۆ نەمابۆوە. قازیی محەمەد رابەری حیزب رۆڵێکی یەکجار سەرەکیی و کاریگەریی هەبوو لەپێگەیشتنی هەلومەرجی نێوخۆدا، بەجۆرێك رۆڵی کاریزمای یاری دەکرد هەر بۆیە لەسایەی ح.د.ك دا بیری ئازادیخوازیی و گیانی کوردایەتیی لەو هەرێمەداو لەو قۆناغە مێژووییە نوێیەدا گەیشتبووە پۆپە. شایەنی باسە، گەیشتنی بارزانییەکان و هاوەڵانیان هێندەی تر مەسەلەکەی بەقازانجی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێراندا ئاراستەکرد [1].**

**ئەو راستییە مێژووییەی کە نابێت لەبیربکرێت ئەوەیە کەپێداگرتنی دەسەڵاتدارانی تاران و رژێمەکەی محەمەد رەزاشای پەهلەویی لەسەر هەمان سیاسەتی باوکی سەبارەت بە راوەدونان و سەرکوتکردنی ئازادییخوازانی ئێرانیی بەگشتیی و بەگدژاچوونەوەی داواکارییە رەواکانی نەتەوە نەفارسەکانی ئێران و لەپێش هەموویانەوە گەلی کورد بەتایبەتیی، رۆڵێکی سەرەکیی و فاکتەرێکی نەرێیی گەورە دەبینێت لەشێواندن و تەقینەوەی بارودۆخەکەی وڵات. لەم رووەوە هێشتا ئاگری جەنگی دووەمی جیهانیی بەتەواویی دانەمرکابوو کە حکومەتی ئێران هێرشی بەربڵاوی بۆ سەر ئازادییخوازان**

---

**[1] (راندل) لەم بارەیەوە وتوویەتی:" هاتنی مەلا مستەفاو هاورێکانی بۆ کوردستانی ئێران هەواڵێکی زۆر خۆش بوو بۆ کوردە نەتەوەخوازەکان و بەڕێوەبەرایەتییە ساواکەیان لەمەهاباد.. وەك دیارییەکی یەزدانیی بوو چونکە ئەم بەرێوەبەرایەتییە جگە لەلایەنگری خەڵکی مەهابادو هەندێ رۆڵەی عەشیرەتەکانی کورد لەکوردستانی ئێران، خاوەن سوپایەکی کارامە نەبوو لەرووی سەربازییەوە هەژار بوو..:" بڕوانە: راندل، جوناثان، امة في شقاق، دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة: فادي حمو، الطبعة الاولي، دار النهار، بيروت ـ لبنان، ١٩٩٧،ص ٢٢٦ .**

دەستپێکرد. لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٤٥دا دەسەڵاتی سەربازیی‌و حاڵەتی نائاسایی لەشارەکانی ئەسفەهان‌و تاران ڕاگەیەندراو فەرمانی داخستنی زیاتر لە ٤٠ ڕۆژنامەی ئازادییخوازی‌و ژمارەیەکی زۆری یانەو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان‌و هەڵوەشاندنەوەی سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکان درا، خەڵکانێکی ئازادییخواز لەشارەکان‌و ڕیزەکانی سوپادا دەستبەسەرکران‌و بۆ زیندانە تاریکەکان ڕاپێچکران. ژاندارم لەزۆربەی بۆنەو کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا بەگژ هاوڵاتیاندا دەچوونەوەو ڕووی ئاگری تفەنگەکانیان تێدەکردن[١]

خۆ لە باشوورو ناوەندیی کوردستانی ئێران، ئەو ناوچانەی حکومەتی تاران دەستی بەسەریاندا دەڕۆیی، وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بۆکرد، دەسەڵاتێکی سەربازیی بیرۆکراتیی ئێران دامەزرابوو کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگدا ڕۆژ بەدوای ڕۆژ فشاریان لەسەر خەڵکی شارەکان‌و عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان زیاتر دەبوو، بەجۆرێك بەچەشنی کۆلۆنییەك مامەڵەیان لەتەك ناوچەکەدا کرد، ئەوانە هەموو هەوڵێك‌و بایەخێکیان ئەوەبوو بنکەو بارەگا سەربازییەکان لەم ناوچانەدا بەهێزبکەن‌و سیخوڕەکانیان بڵاوبکەنەوە تا ڕێگا لەو شەپۆلە ئازادییخوازیی‌و نەتەوەییە بگرن کە لەهەرێمی موکریانی باکووریانەوە قوڵپی دەدا.

حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی ئێران چ لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهان چ دوای کۆتاییهاتنیشی گاڵتەیان بەمەسەلەی نەتەوایەتیی کورد دەهات‌و ئامادە نەبوون کەمترین ماف بۆ گەلی کورد لەئێران بسەلمێنن، کاتێك پێش تەواوبوونی جەنگ قازیی محەمەدو ژمارەیەك لەگەورەپیاوانی کورد چونە تاران‌و چاویان بەشاو دەسەڵاتدارانی ئێران کەوت‌و داوای چاکسازیی دۆخی شێواوی کوردستان‌و بایەخدان بەباری تەندروستیی‌و ڕۆشنبیریی گەلی کوردیان لێکردن، هەرگوێشیان لێ نەگرتن. وەك قازیی دواتر ئاشکرای کرد:" لەپێش دا کاربەدەستانی ئێران بێجگە لەوەی جوابیان نەداینەوە شوخیشیان بەداوای ئێمە کردو ناچار بوین حکومەتی میللیمان دامەزراندو هێزی خۆمان لەبەرامبەر ئەواندا تاقی کردەوە"[٢]

---

[1] البکاء، س.پ، ل١٩٦-١٩٧.

[2] ڕۆژنامەی کوردستان، ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥" ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل٢٣٨-٢٣٩.

لەلایەکی ترەوە، جگە لەو پەلامارو کوشتوبڕەی فەرمانڕەوایانی ئێرانییو فەرماندەکانی لەشکری شاهەنشاهیی لەکوردستان دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامیان دەدا، بێ لیاقەتیو گەندەڵیی دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لەکوردستانو دواکەوتوویی لەهەموو روویەکەوە جێگەی رەخنەو بێزاریی خەڵکی کوردستان بوو. ئەم حاڵەتە زیاتر خەڵکەکەی هاندەدا کە بیر لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆجێ بکەنەوە کەئەڵتەرناتیفی دامودەزگا گەندەڵەکانی حکومەت بێت، پاش ئەوەی گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە دەزگاکانی حکومەت بەئەنقەستو بۆ شێواندنی زیاتری بارودۆخەکەی کوردستان وا مامەڵە لەگەڵ ناوچەکەدا دەکەن. (احمد کمانگر) کە بۆخۆی کارمەندێکی حکومەتی ئێرانو وەکیلی پایەی ١ی دادگای شاری سنە بوو، لەئایاری ساڵی ١٩٤٥واتە ٧ مانگ پێش دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان لەمەهاباد، لەتەلەگرافێکیدا ئەوەی پێشنیاری دەوڵەت کردبوو کەمادامەکی دەزگاکانی حکومەت لەتواناییاندا نییە بەکارامەیی کاروبارەکانی ناوچەکە راپەڕێنن، چی دەبێت ئەگەر حکومەت (استقلال ناقص / واتە خودموختاریی) بەخەڵکی کوردستان بدات تا بۆخۆیان بەکاروباری خۆیاندا رابگەن"[1]

دروست مانگێك پێش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی لەلایەن ح.د.ك و دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان لەمەهاباد، هەفتەنامەی "کوهستان" لەچەند ژمارەیەکیدا، بەدرێژیی باسی شێواویی بارودۆخی ئابووریی کوردستانی کردووەو بەرپرسیارییەکەی خستۆتە ملی دەزگا گەندەڵو ناکارامەکانی حکومەت، ئەوانەی نە لەکوردستانو نە لەتاران ئامادەنین کارێك بۆ خەڵکی کورد راپەڕێننو وەڵامی داخوازییەکانیان بدەنەوە، بەتایبەتیی وەڵامنەدانەوەی توتنەوانەکانی مەهاباد لەتارانو بێبەشکردنیان لەهەموو حەقو دەسترەنجێکیان، کوهستان نووسیویە:" دوای ئەوەی خەڵکی لەتارانەوە بەدەستی خاڵی دەگەڕێنەوە مەهاباد، دێنە سەر ئەو باوەڕەی کە دەسەڵاتدارانی ناوەند مەهابادیان پشتگوێ خستووەو ئامادەنین لەڕێی یاساییەوە کارئاسانییەکیان بۆ بکەنو ناڕاستەوخۆ پێیان دەڵێن:" بابە ئێمە ناتوانین بڕیارتان بۆ بدەین بڕۆن خۆتان چۆنتان پێ خۆشە وابکەن، ئەو کاتەش خەڵکی وەپەی کاری خۆیان

---

[1] کوهستان، ٧ خرداد ١٣٢٤.

دەکەون‌و خودموختاری بەشێك لەکوردستان لەپاڵ ئازەربایجان دا رادەگەیەنرێت"[1] هەروەها لەژمارەیەکی دیدا نووسیویە:" ئایا ئەم پشتگوێ خستنەی دەوڵەت بۆ راپەراندنی کارەکانی خەڵکی کوردستان بەئەنقەست نییە؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە هەمان ئەزموونی ئازەربایجان لەکوردستاندا نەوپابێت"[2] هەر خودی قازیی محەمەد دواتر بەئاشکرا ئاماژەی بەم لایەنەدا کەوتی:" ئەگەر ئێمە ئەمرۆ پێدائەگرین لەسەر داوای ئوتونومییەکی جوزئی بۆ وڵاتەکەمان، گوناحی حکومەتی ناوەندییە کەهیچی نەکردووە بۆ باشکردنی وەزعی ئێمە، ئێمە بەراستی حەز دەکەین رێگەی پێشکەوتن بگرین، ئێمە حەز ناکەین لاسایی ئەمەریکاو رووسیا بکەینەوە بەڵام ئەوەش رەت دەکەینەوە کە وەك ئاژەڵی وڵاتانی شارستانی بژین. [3]

لەپاڵ رەتکردنەوەی دەسەڵاتدارانی تاران بۆ سەلماندنی کەمترین مافی نەتەوایەتیی کوردو بێ لیاقەتیی دەزگاکانی حکومەتی ناوەندیی لەدۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ دۆخە شێواوەکەی کوردستان‌و قەیرانە ئیدارییەکەی، تەوژمی بیری ئازادیخوازانەو بڕوا بەمافی گەلان بۆ بڕیاردانی چارەنووسیان‌و دیاریکردنی جۆری دەسەڵات‌و شێوازی بەڕێوەبردنیان، ئەو پرەنسیپانەی کەناوەرۆکی پەیمانی ئەتلانتیك، کەهاوپەیمانەکان بەدرێژایی جەنگ بەگوێی میلەتانی ژێردەست‌و چەوساوەیان دەدا، ئەو تەوژمە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ تا دەهات لەکوردستاندا پەرەی دەسەند، بەتایبەتیی لەهەرێمی موکریاندا کەخەڵکی ئامادە نەبوون دەستبەرداری ئەو ئازادییە بن کە بەدرێژایی ساڵانی جەنگ خەباتیان بۆ کردووەو لەدوای رووخانی رژێمی رەزاشا لەم ناوچەیەدا بەدەستیانهێناوە، ئامادەنەبوون بچنەوە بندەستی رژێمێك کە بەئاگروئاسن وەڵامی سادەترین داواکارییەکانیان بداتەوە. وەك دواتر رۆژنامەی (کوردستان) ئاماژەی بۆدا، "هیچ قوەت‌و قودرەتێك ناتوانێ لەدنیای دیموکراسی فیعلی دا ئێمە بێنێتەوە ژێر یوغی

---

1 ه.س، ٣ دیماه ١٣٢٤.
2 ه.س، ١٧ دیماه ١٣٢٤.
3 ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل ٢٣٤.

ئەسارەت و بەندەگی چون ئەو حەقە ئەورۆ ئێمە بەدەستمان هێناوە رۆحی و مەشنوری ئەتلانتیك و موعاهەداتی موتەفقینە".[1]

هەر پێش دامەزراندنی کۆمار بەماوەیەك یەکێك بەناوی (قصلانی حیوا) نامەیەکی دووردرێژی بۆ سەرنووسەری هەفتەنامەی کوهستان لەتاران ناردووەو گلەیی ئەوەی لێدەکات کە لەوتارێکیدا مەسەلەی کوردی تەنیا بەقەیرانە ئابورییەکەی کوردستانەوە بەستۆتەوە، ئاغای حیوا دەڵێت:" با دەسەڵاتدارانی تارانیٚ باش بزانن کەمەسەلەی کورد لەئێران برنج و قەندو چا نییە، بەڵکو خەباتە لەپێناوی ئازادیی و سەربەخۆییدا.. میللەتی کورد کەچەند ساڵە لەژێر ستەمو ئەشکەنجەدا دەناڵێنێت، ئەوڕۆ کەچرای ئازادیی و دیموکراتیی هەڵکراوەو سەراسەری جیهانی گرتۆتەوە، میللەتی بەشخوراوی کورد خوازیاری ئازادیی و سەربەخۆیی خۆیەتی".[2]

بەم شێوەیە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بەکۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی خۆی لەبەردەم دوڕیانێکی سەخت و دژواردا دیتەوە، یان پاشەکشەو خۆبەدەستەوەدان بیٚ بەرامبەر بەرژێمی سەرکوتکەری پەهلەویی و لایەنگرانی لەدەوڵەتە زلهێزەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا، هەروەها پشتکردنە خواست و دەستکەوتەکانی جەماوەری ئازادیخوازی کوردو خۆگێلکردن لەبزاڤی دیموکراتییخوازی سەرتاسەریی ئێرانی، یاخود هەنگاوهەڵهێنان بۆ پێشەوەو تێکۆشان لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی جووڵانەوەکەو سەنگەرگرتن لەدەسەڵاتی ناوەندیی و گۆڕینی بەشێکی کوردستانی ئێران بۆ قەڵایەکی ئازادییخوازیی و جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی ئێران. لەراستییدا، زەرورەتی مێژوویی جووڵانەوەکەو دڵسۆزیی و لەخۆبوردویی رابەرانی لەسەرویانەوە قازیی محەمەد وایلێکردن کە لەو سوێندەی پێشتر بەئاڵای کوردستان خواردبوویان پەشیمان نەبنەوە، هەربۆیە بەئازایەتییەوە رێگای دووەمیان هەڵبژاردو بڕیاریاندا بۆ ئازادیی گەلی کورد ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە کەهاتۆتە پێشیان، وەك قازیی وتەنی:"پیاوانێکی بەبیرو هۆش و بەشەرەف کەزۆر لەمێژبو

---

[1] رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٤/٣ی بەفرانباری ١٣٢٥ بەرامبەر ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٤٦" ئەمین، ه.س، ل٢٠٧

[2] کوهستان، شماره ٤١، ١٧ دی ماه، ١٣٢٤.

خوێناوی دڵی خۆیان دەخواردەوە بۆ زەلیلی ئەو میلەتە دوکەڵ لەدەروونیان دەهاتە دەری زور زو تەشخیصیان دا کەوەختی کارەو لەو فرصەتە دەبی بەهرە وەربگیریو ئەوەتە تەواو ئەو رۆژەیە کەپشتاو پشتمان چاوەڕوانی بون".[1]

ئەوە بوو لەپێش نیوەرۆی رۆژی ٢ی رێبەندانی ٢٢/١٣٢٤ کانوونی دووەمی ١٩٤٦[2]، لەمەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد، بەئامادەبوونی زۆربەی کادرەکانی ح.د.ك و جەماوەرێکی زۆری شارو نوێنەری ناوچەکانو عەشیرەتە کوردەکان هەر لەماکۆوە هەتا سەقزو سەردەشت کە پێشتر بانگهێشت کرابوون، ئاهەنگی مەراسیمی راگەیاندنی کۆماری میللیی کوردستان دەستپێکرد. دوای چڕینی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان"و هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی کورد کە لەسێ رەنگی :سوور، سپیو سەوز پێکهاتبوو کە لەناوەڕاستیدا نیوەرۆژێك کەدوو گوڵە گەنمی بەدەوردا هاتونە خوارو قەڵەمێکیش لەپشتەوەی چەقێنرابوو[3]، لەناو جۆشو خرۆش و چەپڵەو بەختەوەریی جەماوەردا، گەورە پیاوانی کوردو سەرانی ح.د.ك دەستیان بەوتار خوێندنەوە کرد.[4]

سەرەتا قازیی محەمەد رابەری حیزب وتارێکی مێژوویی گرنگی خوێندەوە کەتیایدا باسی لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژوویی نەتەوەیی کوردو حکومەتو دەسەڵاتە کوردییە دێرینەکانی کرد، ئینجا کەوتە شییکردنەوەی سروشتی حەقخوازانەی ئامانجە

---

[1] رۆژنامەی کوردستان، ژمارە١١، ١٧ی رێبەندانی ١٣٢٥،ئەمین ، حکومەتی کوردستان، ل١٠٧

[2] هەندێك سەرچاوە بەتایبەتیی بێگانەکان رۆژی راگەیاندنی کۆماریان لەمێژووی هەڵەدا نووسیوە، بۆ نموونە: ژیگالینا ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥و، اوری ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥و،١٩٤٦و، الصمد لە ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥و، مەنگوڕی لە ٢٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ یان بەمێژووی دامەزراندنی کۆمار داناوە.
ژیگالینا ، تولگائیڤانوڤا، کۆماری مەهاباد: کانوونی دووەمی ١٩٤٥ ــ تەشرینی یەکەمی ١٩٤٦، وەرگێڕانی لەرووسیەوە: سەیوان عەلی رەزا، گۆڤاری پەیف، ژمارە ٩، ساڵی ٣، کانونی دووەمی ١٩٨٩" اوری، س.پ، جلددوم، ل٢٨٧" الصمد، س.پ، ل ١١٣" مەنگوڕی، س.پ،ل٧٢.

[3] مەنگوڕی دوای ئەوەی هەندێك رەخنە لەلایەنی هونەرییەوە لەئاڵای کوردستانی ئازاد دەگرێت، دەڵێت:" دروشمەکانی بنی اومیەو خلفای راشدینو محمد . چ پەیوەدێکی بەسەر دروشمی ئازادیی کوردەوە هەیە"، لەهەمان کاتدا سلوپی دەڵێت:" کە ئەو ئاڵایەی لەمەهاباددا هەڵکرا هەمان ئاڵای (جمعیت تشکیلات اجتماعی) کوردی بوو کە لەساڵی ١٩١٩دا لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە"بڕوانەمەنگوڕی، س.پ، ل١١٦ .، سلوپی، س.پ، ل ٢٣٣.

[4] بلوریان، س.پ، ل٦٢-٦٣.

ئازادییخوازەکانی گەلی کوردو ئاکاری سەرکوتکەرانەی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بەتایبەتیی رژێمی رەزاشا پەهلەویی، دواتر باسی چۆنییەتی دامەزراندنی ح.د.ك کردو دەستکەوتە رۆشنبیریی و ئەو لایەنگرییە جەماوەرییەی کە لەماوەیەکی کەمی دوای دامەزراندنییەوە بەدەستیهێناوە خستەروو، ئینجا روویکردە خەڵکەکەو بەم چەند دێڕە گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمەکەی راگەیاند:" میلەتی کورد هەزاران سەدو بەرهەڵستی سەخت و سەهەندەی لەریدابو دەستەودایرەی دیکتاتۆریی بیّ وچان کارشکینی ئیمەیان دەکردو لەهیچ نامەردییەك رانەدەوەستان، ئیختیلافاتی عەشایر بو داخلیش ئیشکالاتیکی گەورە بو بو ئێمە، ئەمما ئەوانە هیچکامیان نەیان توانی پیش بەئێمە بگرن بەدلیکی بەهیز پایەداریمان کردو ئیدامەمان بەفەعالییەتی خۆمان دا تا ئازادیو ئیستقلالی نەتەوەی کوردمان بەدەست هینا..ئەورو لەنومایندەکانی تەواوی نەواحیو نوقاطی کوردستان بی ریعایەتی طە بەقات ئەعەم لەئاغاو رەعییەت و، گەورەو چوك، کۆبونەوەو یەکدل و یەکزمان هاواری دیموکراسی دەکەن و بەریی دیموکرات دا دەرون قودرەت و قوەتی دیموکرات نیشان دەدەن". [1]

لەراستییدا، ناوەرۆکی گشتیی وتارەکانی تری مەراسیمەکەی ٢٢ی کانونی دووەم، باسکردنی سەروەرییەکانی گەلی کوردو، هێرشکردنەسەر رژێمی رەزاشاو، ئاماژە بەخۆفرۆشەکانی کوردو، ستایشی قۆناغی ئازادیی و حیزبی دیموکرات بوو. وتاربێژەکان بەدروشمی (بژی کوردو کوردستانی گەورە)، (بژی حیزبی دیموکراتی کوردستان)و (بژی رەئیس جمهوری کوردستان جەنابی قاضی محمد) کۆتاییان بەوتارەکانیان دەهێنا، لەناو وتاردەرەکاندا دوو خانمی مامۆستایان تێدابوو بەناوی (یای ویلمەی صیادیان)و(یای خدیجەی حیدەری)، ئەم دووانە لە قسەکانیاندا باسی یەکسانی ژن و پیاوی کوردو پێویستیی گرێدانی خەباتی هەردوولا لەپێناوی پاراستنی کوردستان و ئەو ئەزموونە مێژووییەی هاتۆتە دی، هەروەها پشتگیری خۆیان و هەموو خوشکان و دایکانی نیشتمانیان بۆ کۆماری کوردستان راگەیاند[2].

---

[1] رۆژنامەی کوردستا، ژمارە١١، ١٧ی رێبەندانی ١٣٢٤ .، ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل.١٠٨

[2] رۆژنامەی کوردستا، ژمارە ١٣، ٢٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ بەرامبەر ١١ی شوباتی ١ .

دوای تەواوبوونی وتارەکان، لەهەلآی خوێندنەوەی سروودی خوێندکارانی کچ‌و کوڕی قوتابخانەکان‌و شیعرە ئاگرینەکانی هەردوو شاعیر میللیی (هەژارو هێمن)*دا، قازیی محەمەد سوێندی سەرۆکایەتیی بەئالآو نەخشەی کوردستان‌و قورئان خواردو وتی:" ئەمن بەخودا، بەکەلامی عەظیمی خودا، بەنیشتمان، بەشەرافەتی میللی کورد، بەئالآی موقەدەسی کوردستان، سوێند دەخوم کە تائاخر هەناسەی ژیانم‌و رژاندنی ئاخر تنوکی خوێنم بەگیان‌و بەمال لەریی راگرتنی سەربەخویی وبەرزکردنەوەی ئالآی کوردستاندا تی بکوشم‌و نیسبەت بەرەئیس جمهوری کوردستان‌و یەکیەتی کوردو ازەربایجان موطیع‌و وەفاداربم". [1]

بەمشێوەیە، پاش مەراسیمی راگەیاندنی کۆمارو سوێندخواردنی قازیی محەمەد، دەستە دەستە سەرانی خێڵەکان‌و خەڵکی شارو دێهاتەکان‌و تەواوی کۆمیتەکانی حیزبیی، بەمەبەستی پێشاندانی دڵسۆزییان بۆ کۆمارو گوێڕایەڵیی‌و دانپیانیان بۆ سەرۆکەکەی سەردانی بنکەی ح.د.ك یان کردو لەم رۆژەوە نازناوی (پێشەوای معظم)یان بەقازیی رەوابینی. [2]

لێرەدا پێویستە راستییەك بووترێت ئەویش ئەوەیە کە پرۆسەی کۆتایهێنانی دەسەڵاتی ناوەندیی‌و راگەیاندنی کۆمارو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمەکە لەلایەن ح.د.ك ەوە بێ خوێنڕشتن سەریگرت، چونکە لە مێژبوو لەناوچەکەدا هێزێکی وا نەمابوو بەرجەستەی دەسەڵاتی ناوەندیی بکات. سەبارەت بەپڕکردنەوەی بۆشاییە ئیدارییەکەو راپەراندن‌و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەرێمەکە، کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك چەند کۆبوونەوەیەکی سازداو لەئاکامدا بڕیاری پێکهێنانی حکومەتێکی دا لەژێر ناونیشانی ((هیئت رئیسەی میللی)) [3]، بەسەرۆکایەتیی حاجی بابە

---

[1] بلوریان، س.پ ، ل٦٣ .

[2] پشدەری، عبدالله احمد رسول، یادداشتەکانم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٢،ص٥٤.

[3] هەندێك سەرچاوە کە پشتیان راستەوخۆ بەایغلتن بەستووە لەکاتی لەناوبردنی وەزیرو پۆستەکانی حکومەتی کوردستاندا، عەبدولرەحمانی ئیلخانی زادە بەوەزیری کاروباری دەرەوە دادەنێن، ئەمەش پێدەچێت یان هەڵەیەك بێت لەلایەن ایغلتن کرابێت یان بەئەنقەست بۆ ئەوە دانرابێ کۆماری پێ پرۆسەیەکی جواداخوازیی تاوانبار بکرێت. لەراستییدا نەحکومەتی میللی ئازەربایجان‌و نەکۆماری میللیی کوردستانیان پۆستێکیان بەناوی وەزارەتی دەرەوە نەبوو، هەروەك چۆن لەپێشەوەری رایگەیاند کەلەترسی تاوانبارکردن بە جیاخوازیی، حکومەتەکەی وەزارەتی

**شێخ. ڕاگەیاندنی ئەم هەیئەتەو ناوی وەزیرەکانو پۆستەکانیان لە ١١ی شوباتی ١٩٤٦دا بڵاوکرایەوە بەم شێوەیە: محەمەد حوسێن سەیفی قازیی - وەزیری جەنگ، محەمەد ئەمین موعینی - وەزیری کاروباری نێوخۆ، محەمەد ئەیوبیان - وەزیری لەش ساغی، عەبدوڵڕەحمانی ئیلخانی زادە - وەزیری مشاور، سمایلی ئیلخانی زادە - وەزیری ڕێگاوبان، ئەحمەدی ئیلاهی - وەزیری ئابووری، کەریمی ئەحمەدین - وەزیری پۆستو تەلەگراف، مستەفای داودی - وەزیری بازرگانیی، مەنافی کەریمی - وەزیری فەرهەنگ، مەحموودی وەلی زادە - وەزیری کشتوکاڵ، سەدیقی حەیدەری - وەزیری تەبلیغات، خەلیلی خوسرەوی - وەزیری کارو مەلا حوسێنی مەجدی بە وەزیری داد دانرا بوون.[1]**

**وەك لەناوی وەزیرەکاندا دیارە نزیکەی تەواویان لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك هەڵبژێدرابوونو نوێنەری چینە باڵاکانو بنەماڵە ناسراوەکانی شاری مەهاباد، یاخود موڵکدارە گەورەکانی دەوروبەری بوون، چ نوێنەرێکی باکووری کوردستانو شارەکانی ماکۆو خویو ورمێ یاخود ناوچەکان سەقزو سەردەشتی تێدا نەدەبینرا. کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو ناوچانە وەك ڕەشید بەگ، عەمەر خانی شکاكو زیرۆبەگ زیاتر پێشەوا وەك ڕاوێژکار پرسوڕای پێدەکردن. شایەنی باسە، جگە لەوەزارەتەکان چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی تریش دامەزران لەوانە ئیدارەی دارایی کوردستان بەسەرۆکایەتیی و هەروەها ئیدارەی کوللی ئەوقافی کوردستان بەسەرۆکایەتی محەمەدی لاهیجانی .[2]**

---

دەرەوەیان فەرامۆشکردووە، سەرانی کۆمارمیللی کوردستانیش نەك هەر وەزیری دەرەوەیان دانەنا، بەڵکو تەواوی کابینەکانی وەزیرانیان ناونا (هیئت رئیسەی میللی)، بڕوانە: ایغلتن، س.پ، ١٣٠.، جلائی پور، قاضي محمد،ل٣٧.، عیسی، س.پ، ل٣٩٩.

[1] سەجادی، شۆڕشەکانی کورد، ل ٢٨١ـ٢٨٢" حمدی ، س.پ، ل١٧٠.، ایغلتن، س.پ، ل١٢٦ـ١٣١.، ملاعزت، کوماری میللی مەهاباد، ل١٠٢تا١٠٣.

[2] ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل١٣٩" صمدی، س.پ، ل١٧١

بەم چەشنە کۆماری میللیی کوردستان، وەك حکومەتێکی دیفاکتۆ دەسەڵاتی خۆی لە هەرێمی موکریاندا، هەر لەمیاندواوەوە تا نزیك سەقزو سەردەشت دامەزراند[1]، ئەو ناوچەیەی کە د.قاسملو بە ۳/۱ی و ژیگالینا بە ۱/٤ی خاکی کوردستانی ئێرانیان لەقەڵەمداوە[2]، ئاڵای کوردستان لەهەموو ئەو ناوچانەدا لەشوێنی ئاڵای ئێران هەڵکران. لەراستییدا، دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی بەمجۆرە بەدیهاتنی یەکەمین ئامانجەکانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بوو لەئێران و دەستکەوتێکی سیاسیی و نەتەوەیی مەزن بوو بۆ ح.د.ك کە جووڵانەوەکەی لە قاوغە تەسکەکەی دەرهێناو گواستییەوە بۆ پلەو قۆناغێکی نوێ، هەروەك باڤیج دەڵێت:" کوردستانی ئێرانی بەمۆرێکی تایبەت و قوڵ نیشانەکرد کەتائێستا ئەو نیشانەو تایبەتمەندیانەی مەهاباد خولقێنەری روخساری چەسپیووی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەم پارچەیەی کوردستانە"[3].

وێڕای ئەوەی تەمەنی کۆماری میللیی کوردستان زیاتر لە۱۱ مانگ یا وردتر بڵێین لە ۳۳۰ رۆژی تێپەڕی نەکردو هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە کۆمەڵێ گرفتی ئابووریی قورس و هەڕەشەی سیاسیی و سەربازیی سەخت یەخانگیر بوو، کەچی لەو ماوەکەمەدا توانی گەلێك کارو دەستکەوتی گرنگ بێنێتەدی کە زۆریان ئاواتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان بوون و بۆ یەکەمین جار لەژیانی نەتەوەی کورد لەئێران هاتنەدی. ئەوەش ئەگەر بۆ فاکتەرێك بگەڕێتەوە تەنیا ئەوەبوو کە سەرانی کۆمار بەوپەڕی دڵسۆزیی و ماندوونەناسییەوە هەڵدەسووران و کۆمەڵانی خەڵکیش بڕوایان بەقەوارە نەتەوەییەکەیان بوو ئامادەبوون لەپێناویدا بێ بەرامبەر خزمەت بکەن.

لەم رووەوە مەزنترین هەنگاو بریتییبوو لە بەفەرمیی راگەیاندنی زمانی کوردیی و بەکارهێنانی لەتەواوی خوێندنگاو دەزگا بەرێوەبەرایەتییەکانی حکومەتی کوردستاندا،

---

[1] اوری قەڵەمڕەوی حکومەتی کوردستان بە نزیکەی ٥٠ میل بە دەوروبەری شاری مەهاباددا لەقەڵەم دەدات، وەك ئاشکراشە ناوچەکانی ورمێ و ماکۆو خوی کەهەندێ سەرچاوە بەبەشێ لە کۆماریان داناون، تا دوا رۆژەکانی تەمەنی کۆماریش مەسەلەی دەسەلات بەسەریاندا لەنێوان حکومەتی ئازەربایجان و کۆماردا یەکالاً نەبۆوە.
اوری، س. پ، جلدوم، ل ۱۸۷.

[2] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٩٦" ژیگالینا، کۆماری مەهاباد، ل٩٤١

[3] باڤیج، رادوڤان، جووڵانەوەی رزگارییخوازیی کورد لەخەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتیی و سیاسیی، وەرگێڕ: محمود ملا عزت، بڵاوکراوەی دەزگای ناوەندیی و رۆشنبیر کۆمەڵە، چاپی دووەم، ب.ج،مارتی ١٩٨٦، ل٤٨

تەنانەت لەوتاری رۆژی هەینی مزگەوتەکانیشدا، ئەمەو بایەخدانێکی زۆر بەبوژاندنەوەی ئەدەب و مێژوو کەلتوورو رۆشنبیریی کوردیی. شایەنی باسە خودی پێشەوا لەم بوارەدا رۆڵێکی سەرەکیی دەگێڕا، ناوبراو بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەو دیدە هەڵەیەی کەنووسەرە فارسەکان لەسەر زمانی کوردیی بڵاویان دەکردەوە، گوایەو زمانی کوردیی زمانێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو دیالیکتێکی پاراوە لەزمانی فارسیی، هەستا بەبڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارێك لەژێر ناونیشانی (گنجینئە گرانبهای ادبیات کرد) بەزمانی فارسیی، تیایدا باسی هەوڵەکانی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی ئێران دەکات بۆ لاوازکردن و ریشەکێشکردنی زمان و ئەدەبی کوردیی، هەروەها چەند نموونەیەکی شیعری کوردیی شاعیرە ناودارەکانی وەك: مولوی، مصباح و شێخ رەزای دابەزاندووەو نموونەی هێناوەتەوە. دواتر بیروبۆچوونی ژمارەیەك رۆژهەڵاتناسی لەسەر سەربەخۆیی زمانی کوردیی هێناوەتەوە، لەوانە کوردناسی بەناوبانگ (ئۆسکارمان)، دواتر رای خۆی دەردەبرێت بەوەی زمانی کوردیی زمانێکی رەسەن و سەربەخۆیەو لەڕووی ناسکیی و دەوڵەمەندیی زاراوەو بابەتە فۆلکلۆرییەکانییەوە لەڕیزی زمانە زیندووەکانی جیهانیی دادەنێت.[1]

ئاسەواری خراپی چەند ساڵەی سیاسەتی پشتگوێخستن و لاوازکردن لەسەر دواکەوتوویی زمان و رۆشنبیریی کوردیی بەتەواویی لەلایەن سەرانی کۆمارەوە درکی پێدەکرا، هەربۆیە زوو کەوتنەخۆو چەند هەنگاوێکی خێرایان لەم رووەوەنا. هەر لەپەنا وەزارەتی فەرهەنگدا کۆمسیۆنێکیان بەناوی (هیئت فەرهەنگی)یەوە دامەزراند کە دڵشادی رەسوڵی و حوسێنی زێرەنگەران سەرۆکارییان دەکرد،[2] لەشاری سابلاغ ٨ خوێندنگای نوێی کوڕانەو کچانەیان دامەزراند، لەشارەکانی بۆکان، شنو، نەغەدە، دیسان خوێندنگای نوێ کرانەوە، لەشاری شنۆ بۆ یەکەمجار خوێندنگایەکی کچانە دامەزرا، بەتەنیا ژمارەی قوتابییەکانی شاری مەهاباد لەم قۆناغەدا گەیشتبووە ١٦٠٠ قوتابی، بریارێك لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگەوە بۆ گۆڕینی ناوی خوێندنگاکان و کردنیان

[1] کوهستان، ١٧ تیر-٣١ تیر ١٣٢٥

[2] ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل١٤٧.

بەکوردیی بڵاوکرایەوە، بۆ نموونە: ناوی ( مدرسە پهلوی) گۆڕدرا بۆ (مەکتەبی کرمانجی)،و بەمشێوەیە خوێندنگاکانی تر بەناوی (گەلاوێژ، پێشەوا، کوردستان) ناونران.[1]

لەلایەکی ترەوە حکومەتی کوردستان فەرمانی بەزۆر خوێندنی بۆ منداڵان دەرکرد. ئەو مندالانەی کە هەژارو بێنەوا بوون و لەسەر شەقامەکانی شار ئەسوورانەوە کۆکرانەوە، ئەمانە بەرۆژ لەمەکتەبی گەلاوێژ وانەیان پێ دەگوتنەوەو بەشەویش شوێن و رێگای پێویستیان بۆ دیاریکرابوو، بەمەبەستی هەڵگرتنی جیاوازیی رووخسارو پۆشتەکردنی قووتابیان فەرمانی یەکڕەنگکردنی جل وبەرگ لەقوتابخانەکاندا لەسەر بودجەی حکومەت پیادەکرا.[2] ژمارەیەکیش لەو خوێندکارانەی کەقۆناغی سەرەتایی یاخود ناوەندییان تەواو کردبوو کەنزیکەی (٦٠) کەسێك دەبوون بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن نێردرانە تەبریز یاخود باکۆ لەسەر حسابی حکومەت تا لەداهاتوودا وەك کادرێکی لێهاتوو سوودیان لێوەربگیرێت، لەوانە: غەنی بلوریان، رەحیمی قازیی، عەلی گەلاوێژ، سوڵتانی وەتەمیشی، سەید عزیز شەمزینی کە بەشێکیان دوای رووخاندنی کۆماریش نەگەڕانەوە.[3]

سەبارەت بەپرۆگرامی خوێندن، سەرەتا سوود لەو کتێبە کوردییانە وەرگیرابوو کە لەخوێندنگاکانی کوردستانی عێراقدا دەخوێندران و بۆ کۆمار رەوانە کرابوون، بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەو دانانی پرۆگرامی خوێندن بۆ سەراپای قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی کۆمسیۆنێك لەشارەزایانی زمانی کوردیی پێکهات لەوانە: هێمن، زەبیحی، هەژار، دڵشادی رەسوڵی، ئیبراهیمی نادری، کەلەلایەن پێشەواشەوە هاوکاریی دەکران، ئەم کۆمسیۆنە بەباشیی بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان تێدەکۆشان و چەند کتێبێکیان بۆ چاپکردن ئامادە کرد کەپێڕانەگەیشتن.[4]

---

[1] مەنگوڕی، س.پ، ل١٤٥-١٤٦

[2] گادانی س.پ، ل٥٠.

[3] بلوریان، س.پ، ل٦٦-٦٧.، پشدەری، س.پ، ل٧٢-٧٣.، اوری، س.پ، ل٢٨٦.

[4] هێمن، س.پ، ل٢٤.

شایەنی باسە، مامۆستایان لەخوێندنگاکانی کۆماردا جێگای ڕێزو بایەخێکی زۆر بوون‌و موچەیەکی باشیان بۆ بڕیبوونەوە کەمانگانە لە نێوان ١٠٠-٢٥٠ توماندا بوو، پارەیەکی وا کەبەپێی ئەو وەختە ئێکجار زۆر بوو، سالانە لەسەر حیسابی حکومەت جلکی تایبەتی‌و نوێیان دەدرایە کاروباری خوێندنگاکان زۆر بەوردیی لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگەوە چاوەدێری دەکرا کە بۆ ئەم مەبەستە چەند کەسێکی وەك: (عەلی خوسرەوی‌و رەحیمی لەشکری) کرابوونە پشکنەر ، لە کوردستانی عێراقەوە ژمارەیەکی زۆر مامۆستا چووبوونە مەهابادو لەخوێندنگاکانی کۆماردا وانەیان بەمندالانی کورد دەوتەوە، لەوانە:" عوسمان دانیش، محەمەد وردی، عەبدولقادر ئەحمەد، جەمیل بەهادین،شاعیر،جەعفەرشێخ حسێن بەرزنجی،عوسمان عەلی بەگ، محەمەد ئەحمەد بەرزنجی، فائق مەحمود، ئیسماعیل عارف، محەمەد عەزیز چەمچەماڵی، نوری پشدەری، ئەحمەد سەرزەلی، عومەر مەحمود،سالم حاجی عبدالله و شێخ عابد، کەریم زەندو قانعی شاعیر، کە زۆر ڕێز لێگیراوبوون.[١]

مەنگوڕی دەربارەی شێوازی خوێندن‌و هەڵسوکەوتی خوێندکاران‌و بایەخدانی پێشەوا بەخوێندنگاکانی کوردستان نووسیویە:" کچانی مدرەسی زور بەسفورو جلی ئالە فەرهەنگەو سەربەستی ئەژیان، جلی مدرەسی کچ‌و کوڕ لەسەر فۆرمێکی تازە بو بەجلی رەشوکی‌و ناوخۆیەتیەوە شاگردی کوڕو کچ لەمدرسە وەرنەئەگیران، کچ‌و کوڕ وەك یەك ئەچوونە ناو بەزمو ئاهەنگ‌و نومایشی مدەنی‌و سیاسییانەوە، هەروەکو کوڕ بەکچیش سەربەستی تەواو درابو، کچان دەوری خطبە و شیعر خوێندنەوەو نوسین‌و مقالات یان زور بەسەربەستی ئەگێڕا.. قازیی محمد.. زۆر بەخەیالاتی بەرزی خوێندنی کچانەوە سەرگەرم بوو.. هەتا لەرۆژی ٣٢٥/٤/١٠ ، ١ تموزی ١٩٤٦ مدیری گۆڤاری (خواندنیها) لەتاران چاوی بەقازیی محەمەد کەوتبوو لەبارەی خوندنەوە لێ پرسی بو قازیی محمد وەلامی دابووە، کەنیازمانە دەبوستانی سابلاغ بکەمە دەبیریستان‌و دانشکەدە".[٢]

---

[١] مەنگوڕی، س.پ، ل١٤٦ .، پشدەری، س.پ، ل٦٠.

[٢] مەنگوڕی، ه.س، ل١٤٥.

کردنەوەی قوتابخانەی شەوانە بۆ ئەو کەسانەی کەبەتەمەن گەورە بوون‌و دەیویست لەکاروانی خوێندەواریی دانەبڕێن‌و قەرەبووی ساڵانی لەدەستچوویان لەسایەی چەوسانەوەی فەرهەنگیی‌و ڕەزاشاهییدا بکەنەوە، کارێکی تری حکومەتی کوردستان بوو، لەراستییدا سەرەتای ئەم هەنگاوە پێش دامەزراندنی کۆمارو لەلایەن ح.د.ك ەوە ڕێگای بۆ خۆشکرا، هەروەك پێشەوا لەوتارەکەیدا لەرۆژی دامەزراندنی کۆماردا ئاماژەی بۆدا " مەدرەسەی شەوانەمان دایر کردو کتێب‌و بەزمانی کوردی تەرجەمە کران.. کوڕو کچ‌و پیاوی گەورە لەمەداریسی شەوانەو رۆژانە بەزمانی کوردی دەخوێنن لەجیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن‌و فێربونی زمانی فارسی بن لەمانگێك‌و دومانگ دا دەبنە خوێندەوارو هەمو شتێك دەخوێننەوەو دەنوسن.[1]

ئەو هەڵوێستەی حکومەتی کوردستان کەپێویستە لەم ڕووەوە بەرز بنرخێنرێت، دان پیانانە بەمافی رۆشنبیریی کەمینە ئاینیی‌و رەگەزیی‌و نەتەوەییەکانی وەك: (جوو، ئاسووریی‌و ئەرمەنەکان) کە لە کوردستاندا نیشتەجێبوون، ئەمانە مافی تەواوی خوێندن‌و نووسین‌و کردنەوەی قوتابخانە یان هەبوو بەزمانی خۆیان‌و لەتەواوی کاروبارە ئاینیی‌و بەرێوەبەرایەتییەکانیاندا سەربەخۆ بوون. جگە لەوە ڕێگەیان پێدرابوو گەر بیانەوێت لەگەڵ منداڵانی کوردداو لەقوتابخانە کوردییەکاندا بخوێنن بێ ئەوەی فەرق‌و جیاوازییەکیان لەگەڵ بکرێت، لەراستییدا کەم نەبوون ئەو کچە جوو ئەرمەنیانەی کەلەهەردوو قوتابخانەی (پەروانە)و (شەهناز)دا لەپاڵ کچە کوردەکاندا فێری خوێندن‌و زانیاری دەبوون [2]

لەلایەکی ترەوە، دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان لە کانونی دووەمی ١٩٤٦دا لەشاری مەهاباد بەکارێکی گرنگی سەرانی ح.د.ك دادەنرێت لەمێژووی رۆشنبیریی‌و سیاسیی کوردستانی ئێراندا. دەرکردنی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (کوردستان) لە٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥دا دەرچوو کەبڵاوکراوەیەکی سیاسیی، ئەدەبیی‌و گشتیی بووەو هەر ١٥ رۆژ جارێك چاپدەکراو تا رووخاندنی کۆمار (١٦) ژمارە لێدەرچوو، سەرنووسەرەکەی سید محمدی حمیدی بوو، جگە لەم گۆڤارە لەچاپدانی رۆژنامەی

[1] رۆژنامەی کوردستان، ژمارە١١، ١٧ی رێبەندانی ١٣٢٤.، ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل١٠٧.
[2] احمد، فاضل کریم، اتحاد بانوان کردستان، مترجم، امیروحدتی، مجلە اغازنو، شمارە ٧، تابستان ١٣٦٧ش.ل٥٩

(کوردستان) کەیەکەم ژمارەی لەمەهاباد لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ بڵاوکرایەوەو زمانحاڵی حیزبی دیموکرات بوو، رۆژ نارۆژێك چاپدەکرا خۆی لەخۆیدا ئەزمونێکی نوێ بوو لەژیانی سیاسیی و رۆشنبیریی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا، ئەم رۆژنامەیە تا رووخاندنی کۆمار ١١٤ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.[1]

دواتر لەچاپدانی گۆڤارەکانی (هاواری کورد) کەمانگانەیەکی سیاسیی بوو لەمەهاباد بڵاودەکرایەوە. (هاواری نیشتمان) بڵاوکەرەوەی بیری یەکیەتی لاوانی دیموکرات و یەکەم ژمارەی لە٢١ی مارسی ١٩٤٦دا بڵاوکرایەوە. (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) کەکرێکارانی چاپخانەی کوردستان لەمەهاباد بڵاویان دەکردەوە ئەمانە هەموویان رۆڵێکی تایبەتییان یاریکرد لەبەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی و پێگەیاندنی کۆمەڵێك نووسەری لاو کە بابەتی سیاسیی و ئەدەبیی و رۆشنبیریی بەپێزیان دەنووسی و لەو رۆژنامەو گۆڤارانەدا بۆیان بڵاو دەکرایەوە.[2]

وەك دەزانرێت شارە خنجیلانەکەی بۆکانیش لەتەوژمی گەشانەوەی رۆشنبیریی کوردیی لەم قۆناغەدا دەستوپێ سپی رانەوەستا، دوای ئەوەی چاپخانە کۆنەکەی کۆمەڵەی ژ.ك یان بردە ئەوێ، ژمارەیەك لەلاوانی رۆشنبیر بەتایبەتیی (حەسنی قزڵجی) هەوڵێکی زۆریاندا تا گۆڤاری (هەڵاڵە) یان هێنایەبوون، کە گۆڤارێکی سیاسیی و ئەدەبیی بوو، بەرهەمێکی زۆری شیعرو ئەدەبیاتی کوردیی تێدا بڵاو دەکرایەوە،[3] لەراستییدا رۆژنامەو گۆڤارەکانی حکومەتی کوردستان جگە لەبڵاوکردنەوەی رووداوە سیاسییەکانی وەخت، لەناوخۆی کوردستان و ئێران و دەرەوەدا، چەند بابەتی فیکریی و ئەدەبیی و مێژوویی بەنرخی تیادا بڵاودەکرایەوە وەك: سۆسیالیستی چییە، دیموکراسی چییە،

---

[1] لەم بارەیەوە قاسملو دەڵێت:" کە رۆژنامەی کوردستان لەماوەی کۆماردا (١١٣) ژمارەی لێ دەرچووە، محمود ملا عزت یش باس لە ١١٦ ژمارە دەکات: قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل ٧٢" ملا عزت، کۆماری میللی مەهاباد، ل١٣٩.

[2] لەو نووسەرانەی لەبڵاوکراوەکانی کۆماردا بەرهەمیان بڵاودەکردەوە (هێمن، حەسەنی قزلجی، دڵشاد رەسولی، رەسولی میکائیلی، هەژار، عەبدولقادر دەباغی، محەمەد شاپەسەندی، ئەنوەر دڵسۆز، محەمەد تۆفیق ووردی، قانعی شاعیر، کوبرای عەزیمی، شاسوڵتان خانمی فەتاح قازیی

[3] سەرنووسەری ئەم گۆڤارە حەسەنی قزڵجی بوو , هەژار و هێمنیش بەرهەمی شیعریان تیا بڵاودەکردەوە, تا ڕووخاندنی کۆمار چوار ژمارەی لێدەرچووە, ژمارە (٣)ی لە بانەمەڕی ١٣٢٥ مایسی ١٩٤٦ بڵاوکراوەتەوە. صمدی ,س.پ,ل٤٠٩.

**لەرۆژهەلاتی مەیانە چ خەبەرە، زبانو ادبیات کوردی، کردان از بدو تأریخ تاسالْ ۱۹۲۰و بەسەرهاتی ئارارات.. هتد.**

**دامەزراندنی ئێزگەی رادیۆی کوردستان لە ۳۰ ی نیسانی ١٩٤٦ لەشاری مەهاباد، لەلایەن دەزگای راگەیاندنی حکومەتی کوردستانەوە، هەروەها ئەو بەرنامەو هەوالانەی بلاوی دەکردنەوە رۆلی خۆیان بەباشی لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسیی و نەتەوەیی و کۆمەلایەتیی خەلکی ئاسایی شارەکەدا دەدیت. هەرچەندە، زۆربەی زۆری خەلك لەدەزگای رادیۆ بێبەش بوون، بەلام بەهۆی ئەو پێنج بلند گۆیەی کە لەوشوێنە جیاجیاو گونجاوەکانی شاردا هەلیانواسیبوو، زۆرینەی خەلکی بەئاسانیی دەیانتوانی گوێ لەبەرنامەکانی رادێرن، پێشەوا لەیەکەم ئاخاوتنیدا لەرادیۆی کوردستانەوە وتی:" لەهەمو شتێك چاتر بۆ ئێمە ئەوەیە کەبتوانین قسەی خۆمان بەگوێی دنیا بگەیەنینو تەصدیقی دەرفەرموون کەهەموشتیك وردە وردە تەرەقی پێدەدریٚ، دیسان ئەتوانین بەهۆی ئەم دەزگایەوە دەرسی ئەخلاق، فەلاحەتی، بەبرایانی خۆشەویست بلێینو لەئایندەش دا بەرنامەیەکی باش بو بەرنامەکەمان دیاری دەکەین."[1]**

**شایەنی باسە بۆ یەکەمین جار دامەزراندنی کتێبخانەی میلليی لەشاری مەهاباد لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە، هەروەها هێنانی سینەمای گەڕۆكو پەرەپێدانی شانۆو کۆبوونە شیعرییەکان لەکارە رۆشنبیرییە گرنگەکان دەژمێردرێن کە هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بەڕادەی جیاجیا کاریگەریی لەبەرزکردنەوەی هۆشی سیاسییو رۆشنبیریی کۆمەلانی خەلك هەبوو.[2]**

**پێویستە دان بەو راستییەدا بنرێت کە لەحکومەتی کوردستاندا، وەزارەتی جەنگ کە هەندێکجار بە وەزارەتی هێزی دیموکراتو جارجارەش بەوەزارەتی هێزی میللی کوردستان ئامازەی بۆکراوە بەیەکێك لەگرنگترین دەزگاکانی کۆمار دادەنرێت، ئەم دەزگایە وێڕای هەموو کەموکووڕییەکی کەهەیبوون سەبارەت بەنەبوونی کادری سەربازیی زانستییو کەمی چەكو تەقەمەنییو پێویستییە مادییەکانی تر، لەگەل ئەوەش توانی سوپایەکی میللیی دابمەزرێنێت کە بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانیش**

---

[1] گادانی س.پ, ل٤٥ .، رۆژنامەیکوردستان, ژمارە٤٤, ١٦ی بانەمەڕی ١٣٢٥.

[2] Borhanadin, op.cit.p.164.

**دەناسرا.[١] ئەم سوپایە تا دواساتەکانی تەمەنی کۆمار سەنگەری بەرگریی بەرنەداو ئازایانە بەرپەرچی هەوڵەکانی حکومەتی ئێران‌و لەشکری شاهەشناهیی دەدایەوە کەبەمەبەستی لەباربردنی ئەو دەسکەوتە مێژووییەی بۆ کورد بەدیهاتبوو، هێرشیان دەهێنا. هێزی دیموکرات کەباڵی چەکداری حیزبی دیموکراتی کوردستان بووو پێش راگەیاندنی کۆمار لە: لیزگە، قۆڵ، دەستە، چڵ، لك، پۆل، هێز..تاد دا رێکخرابوون، لەگەڵ چەکداری عەشیرەتە کوردە نیشتمانپەروەرەکان‌و لەژێر سایەی سەرکردەکانیاندا سوپای میللیی کوردستانیان پێکدەهێنا. حکومەتی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی**

---

[١] وشەی پێشمەرگە بۆ یەکەم جار لە کۆماردا داهێنراو بەکارهێنرا, "ئەنوەر دڵسۆز" لە ژمارە ٦٥ی رۆژنامەی "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٣ی ژوئیەی ١٩٤٦داو لە ژێر ناونیشانی"لەشکری کوردستان" دا باس لە دوو شێوازی دامەزراندنی لەشکر دەکات، یەکەمیان بۆ پەلامارو داگیرکردنی ولاتانی دیکە وەك لەشکری ولاتانی ئیستیعماریی، دووەمیشیان بۆ پارێزگاریی ولات‌و وەك سوپەرێکی میللیی. ناوبراو دەڵێت:"لەشکری میللیی لەو ولاتە دەبێ کە هەمیشە پارێزگاریی ئازادیی نێو ولاتی خۆی بکات یان ئازادیی ولاتی خۆی‌و حەقی خۆی داوا بکات. ئێمە کە ئەمەمان زانی بۆمان ئاسان دەبێ بزانین لەشکری کوردستان لە چ پایەیەکیدا دابنێین وە بەتایبەتی چۆنێتی حکومەتمان بزانین، حکومەتمان حکومەتێکی میللییەو لە میلەتەوە دەرچووە...بەرامبەر بە قانون حکومەتمان هەموو کەسێك یەك پایەیەو هیچ کەس تەفاوتی لەگەڵ هیچ کەسدا نیە لەبەرئەوە لەشکرمان لە ژێر سێبەرو رەهبەری ئەم حکومەتە دەبێ ببێتە لەشکرێکی میللی، هەروەها هەروەکو دەبینین لەشکرمان لە خودی میللەت دەرچووە، کارگەرو رەنجبەرو ئاغاو تجار هەموو بۆ ئامانجێك لە ژێر بەیداغی مقدس کورددا بە هەمو ئیتاعەتێك کار دەکەن‌و داوایێکی عادلانەو حقوق‌و ئازادی‌و سەربەستی میللەتی کورد دەکەن...لەشکری کوردستانی ئازاد کە عبارەتە لە ٥٠٠٠٠ پێشمەرگە بناغەی لەشکری کوردستانی گەورە بە هەڵگری بەیداغی ئازادیی، ئەم لەشکرە وەك زۆر لەشکرانی دنیا زەحمەت‌و سەرباری میللەتی خۆیان نین." بەم شێوەیە نووسەرەکەی "کوردستان" پێشمەرگە بە هێزێکی میللی ئازادیخواز لە سایەی رێبەرایەتیی حکومەتێکی میللی ئازاد لە قەڵەمدەدات، کە گیانفیدایی لە پێناو ئازادیی گەل‌و مافەکانی میللەتدا دەکات‌و داردەستی هیچ هێزو لایەنێکی لۆکاڵیی تایبەت نیە. ئەمەش زیاتر وەك هێزێکی خۆبەخشی پرۆفیشناڵ دەردەکەوێت کە لەسایەی حکومەتێکی وەك کۆمارەکەی مەهاباددا دامەزراوەو بۆچونێکی ریالیستانەیەو ئازادیی گەل‌و حکومەتێکی دادپەروەر دەکاتە مەرجی کاری پێشمەرگە، هەربۆیە لە تەواوی ساڵێکی تەمەنی کۆماری کوردستاندا پێشمەرگە نەك هەر سوپەری راستیینەی میللەت بوو، بەڵکو ئازاری بە تاکە مرۆڤێکی کورد نەگەیاند .

بۆشاییەك کەنەبوونی کادری سەربازیی کوردو دەرچوویی زانستە جەنگییەکانی زانستگا سەربازییەکانی ئێران پێکهێنابوو، هەر لەسەرەتاوە ناچار بوو پلەی سوپایی و پێشمەرگەیی بەسەر کادرە سیاسیی و ڕێکخراوەییەکانی خۆی و سەرۆك عەشیرەتەکاندا ببەخشێتەوە.[١]

دیارە ڕادەی دڵسۆزیی بۆ حکومەتی کوردستان و نفوزی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، ڕۆڵێکی گەورەی دەبینی لەوەرگرتنی پلەو نیشانەی سوپاییدا لەهێزی میللیی کوردستاندا، سەرۆك عەشرەتەکان بەئارەزوویەکی زۆرەوە لەپێناوی نیشانەو پلەی پێشمەرگایەتیدا لەدەوری هێزی میللی کۆببوونەوە، وەك مەنگوڕی دەڵێت:" ئەفسەریو دەرەجە هەڵگرتن ببو بەخولیا وە مۆدەیەکی زۆر سەیر.. ئەگەر ئەستێرەیەك بەگیان بکڕایە وە تەواو بوایە ئەیان کڕی.. روتبەو دەرەجە نرخێکی زۆر باڵاو خۆشەویستی هەبو لەناو عشـایرو شارەکـانا."[٢] محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازیی کە وەزیری جەنگ بوو پلەی جەنەراڵی هەڵگرت، جەعفەری کەریمی بەپلەی مایور کرا بەمعاونی حەربی وەزیرو، محەمەدی نانەوازادە بەپلەی پەدکلونیك کرا بەفەرماندەی هێزی مەرکەزی و دواتر بەمعاونی سیاسیی و وەزیرو، ئیبراهیم سەلاح کەپێیان دەوت ئیبراهیم خانی ساروقامیشە کرا بەسەرۆکی ستادی گشتیی و، محەمەد ئەمین شەرەفی بەپلەی مایور بەسەرۆکی گەنجینەی هێزو، عەزیز سەدیقی بەپلەی کاپیتان بە بازرەسی هێز[٣]

---

[١] لەگەڵ ئەو هەموو کەم وکورتییەش (مەلا بەختیار) تواناو ڕادەی کارایی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بە سەدان قات پتر لە توانای هێزی ئەو سەردارە کوردانە دەزانێت کە پێش کۆمار ڕاپەڕینی چەکدارییان بەرپا کردووە, بە پێچەوانەوەأرفع خۆڕاگرتنی هێزەکانی شکاك بەرامبەر بە سوپای ئێران باڵاتر هەڵدەسەنگێنێت تا توانای سەربازیی کۆمار کە بەلایەوە فشەڵ بووە. لەم نێوەنەشدا مەلا ڕاستی پێکاوەو ئەرفەع خۆی لێ دوورخستۆتەوە، چونکە ئەو سوپایەی کەئێران دواتر پێ هەڵکوتایە سەر کۆماری کوردستان ئەو سوپایە نەبووکە بۆ شەڕی سمکۆ چوو بوون، جگە لەوەی ستراتیژی سوپایی – سیاسیی سمکۆ دەستوەشێنەرانەتربوو تا کۆمار. لەگەڵ ئەوەش ئەو هێزی پێشمەرگەیەی ئەرفەع بەفشەڵی دەزانێت، ٦ مانگی ڕەبەقیش دوای چۆڵکردنی ئۆردووی سور لەئێران نەیتوانی زەفەر بەکۆمار بگەیەنێت و لەقوڵی کوردستانەوە زیاتر لە ٥ کم پێشرەوی بکات. بڕوانە: مەلا بەختیار، حیکمەت محەمەد کەریم، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، خەباتی شاخەکان یا ڕاپەڕینی شارەکان؟ چاپی یەکەم ، هەولێر،١٩٩٤، ل٢١٣.، ارفع، س.پ، ل٩٢.

[٢] مەنگوری،س.پ، ل١٥٠.

[٣] ئەمین، جکومەتی کوردستان ، ل١٧٢

**سوپای میللیی جگە لەهێزی سابلاغ کەژمارەیان نزیکەی (١٠٠٠) کەس دەبوون و لەلایەن خودی وەزیری جەنگەوە زیرۆبەگی هەرکی سەرۆکاریی دەکران، لەسێ لەشکری دیش پێکدەهات کەسەرۆکەکانیان پلەی جەنەراڵیان درابووێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١ـ لەشکری شکاك بەسەرۆکایەتیی عەمەرخان کەهێزەکانی عەشیرەتی شکاك و جەلالی و خێڵەکانی ناوچەی ماکۆی لەخۆ گرتبوو.**

**٢ـ لەشکری بانەیی بەسەرۆکایەتیی حەمەرەشید خانی بانە کەلەبانەییەکان و عەشیرەتەکانی فەیزوالله بەگی و جاف و سەرشیوییەکان پێکهاتبوو[1]**

**٣ـ هێزی بارزان بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا، ئەم هێزە کەژمارەیان زیاتر لە ١٠٠٠ کەس دەبوو، لەرووی دیسپلین و گیان و توانای جەنگاوەرییەوە لەتێکڕای هێزەکانی تری کۆمار کارامەتر بوون، چونکە بارزانییەکان خاوەنی ئەزموونێکی دووردرێژی جەنگ و شۆرش بوون دژی سوپای عێراق و بەریتانیا، جگە لەوە ئەم هێزە لەلایەن ژمارەیەك لەئەفسەرانی کوردی دەرچووی زانستگا سەربازییەکانی عێراق فەرماندەیی دەکران کەهەندێکیان خولی سەربازییان لەئەوروپاش دیتبوو، ئەمانە لەرووی بیروباوەڕیشەوە نەتەوەخوازو نیشتمانپەروەر بوون و دڵسۆزانە هەڵدەسووران، چونکە بەدیهاتنی کۆماریان بەدەستکەوتێکی نەتەوەیی گەورە دەژمارد، هەربۆیە پێشەوا بڕواو متمانەیەکی زۆری بەلێوەشاوەیی ئەو هێزە هەبوو[•]، ئەوەی زۆری نەخایاند چەند داستانێکی**

---

[1] حەمەرەشیدخانی بانە پێشتر لە٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥دا بەخۆی ٢٥٠ نەفەر لەخزم و ناسیاوەکانی لەپێنجوینەوە بەرەو ناوچەی موکریان رۆیشتن، بڕوانە: مەنگوڕی، س.پ، ل٢١٠.

[•] لەکاتێکدا کە "راندل" هاتنی بارزانییەکان بۆ مەهاباد بە :نێردەیەکی یەزدانیی" بەلای خەڵکی مەهابادەوە وەسفدەکات کە کۆمارەکەیان سوپایەکی کارامەی نەبووە، "جوەیدە" نیو سەدە لەمەوبەر باس لەوەدەکات کە سەرەتا سەرانی کۆمار بە هۆکاری لاوازیی ئابووریی و ئاڵۆزیی هەلومەرجەکە بە هاتنی بارزانییەکان قەڵس بووبێتن و ناحەزانە لێیان روانیبێتن، هەروەها باس لەوەدەکات کە شێخ ئەحمەد ئامادەنەبووە ئەو داوایەی قازیی محەمەد پەسەندبکات کە بارزانییەکان وەك هێزێکی سەرکوتکار بنێرێتە سەر خێڵە یاخییەکان. هەروەها "ئیبراهیم ئەحمەد"بەرپرسی لقی ژ.ك لە سلێمانی، لە چاوپێکەوتنێکیدا باس لەوە دەکات کە سەرەتا قازیی محەمەد وەك "سیخوڕی ئینگلیز" روانیوێتیە بارزانییەکان.بڕوانە: راندل، جوناثان، س پ، ل ٢٢٦ پرۆفیسۆر. دکتۆر. وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد. بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.د. یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل ٥٤٤–٥٤٥ .، حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، چاپی سێیەم، سلێمانی ٢٠٠٢، ل ٧٤.

**جەنگیی قارەمانانەی لەبەرەکانی جەنگدا تۆمار کرد.[١] شایەنی باسە سوپای میللیی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بەخێرایی پەرەیگرت، بەهەزاران کەس ئارەزوومەندانەو لەپێناوی پاراستنی کۆماردا چەکیان هەڵگرتو بوونە پێشمەرگە، هەر بۆیە شتێك نەبوو بەناوی سەربازگیریی بەزۆر، وەزارەتی هێزی دیموکراتی کوردستان چەند هەنگاوێکی خێرای هاویشت بەمەبەستی رێکخستنو دانانی رێو شوێنو مەشقپێکردنی هێزەکانیان هەندێك لەو هێزانە جلکی سەربازییو یەکڕەنگیان لەبەرکرد کە هەر کەسەو پلەی سەربازیی خۆشی لەسەردیاری کرابوو. بەپێی ئەو پلەیەش سەربازو ئەفسەرەکان موچەیان بۆ بڕابۆوە، ئەوانە کە لەبەرەکانی شەڕ بوون بە١٠ رۆژ جارێك ئازووقەو پێویستییە سەرەکییەکانی تریان بۆ دابین دەکراو دەیاندرایە.[٢]**

**سەبارەت بەژمارەی پێشمەرگەکانی سوپای میللیی، جیاوازیی لەسەرچاوە مێژووییەکاندا بەدی دەکرێت. وەزیری جەنگی کۆمار لەوتارێکیدا بەرامبەر هێزی ناوەندیی کوردستان ژمارەی پێشمەرگە کوردەکانی بە ٤٥هەزار قەبڵاند.[٣] کەچی ایگلتن لەباسی هێزەکانی کۆمارداو دوای ژماردنی پێشمەرگەکانی یەکە یەکەی عەشیرەتەکان، تێکڕای بە ١٢٧٥٠ کەس داناوە،[٤] شەمزینیش لەلای خۆیەوە بە ١٠-١١ هەزار پێشمەرگەی داناون جگە لەهێزە ئاسایشیەکانی شارەکان.[٥]**

**لەراستییدا، ئەم جیاوازییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرژمێرییەکی تەواوی هێزی پێشمەرگە لەوەختی کۆماردا نەکراوە، لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی پێشمەرگایەتیی کارێکی ئارەزوومەندانە بوو، هەر بۆ رۆژانە کۆمەڵێك دەهاتنە ریزەوەو چەند کەسێکیش**

---

[١] دهقان لەگەڵ ئەوەی کاتی گێڕانەوەی روداوەکان تاتوانێبیتی راستییە مێژووییەکانی شێواندووە، بەڵام بەمەبەستی پاساودان بۆ ئەو شکستە شەرمهێنەرەی دواتر سوپای ئێران لەسەر دەستی بارزانییەکان تووشی بوو، ئەو راستییەی درکاندووە کە دەڵێت:"بارزانییەکان شەڕکەرترینو ئازاترین تایەفەی ئەم سەر زەمینەن، توانای جووڵانەوەو بەرگەگرتنی باری ناهەموارو تیرئەندازیان کەموێنەبوو، لەم نێوەندەدا فەرمانی مەلا مستەفاو شێخ ئەحمەدی برایان بەسەرو گیان جێبەجێ دەکرد". دهقان،س.پ،ل٧٩٦.

[٢] مەنگوڕی، س.پ، ل ل ١١١-١١٢-١٢٨.

[٣] ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل١٧٤.

[٤] ایغلتن، س.پ، ل١٦٤-١٦٥

[٥] شەمزینی، س.پ، ل٢٤٠.

دەڕۆیشتن، بەتایبەتیی لەدوارۆژەکانی کۆماردا کە هەندێك گرفتی نێوان سەرۆك عەشیرەتەکانو ستراتیژیی سیاسیی - سوپایی بەرگرییخوازنەی کۆمار کەپێشمەرگەکانی لەحاڵەتێکی دەستبەتاڵیی‌و چاوەڕوانییدا هێشتەوەو مانەوەیان بەم جۆرە جاڕس‌و بێزاری دەکردن، ئەوانەی زۆربەیان جووتیار یاخود کاسبکار بوون‌و ماڵ ومنداڵیان بەجێهێشتبوو تەنیا بۆ خزمەت ئارەزوومەندانە هاتبوونە بەرە، هەر بۆیە کەی دەیانویست بێ ڕێگریەك بەرەو ماڵەوە دەگەڕانەوە.[1]

حکومەتی کوردستان هەروەها لەبواری پاراستنی هێمنیی شارەکان، ئاسایشی ژیانی هاولاتیان، دژایەتییکردنی دیاردەو ئاکارە دزێوە کۆمەلایەتییەکان‌و زەمینە ڕەخساندن بۆ چالاکییە کۆمەلایەتیی‌و دیموکراسییەکان چەند هەنگاوێکی گرنگی ناو کارامە هاتە دەست. لەماوەی یازدە مانگی تەمەنی کۆماردا وێڕای ئەوەی بەهەزاران کەس چەکدار بوون وەك بزانرێت تەنیا یەك کەس کوژرا.[2] وەزارەتی نێوخۆی کۆمار بڕیاریکی بەمەبەستی پاراستنی سیمای مەدەنییەتی شارەکان دەرکرد تیایدا سوورانەوەی بەچەکەوە لەشارەکاندا قەدەغەکرد. سزای بۆفیشەك تەقاندنی ئەنقەست دانا، جگە لەوانەی حکومەت خۆی داینابوون‌و پسولەی تایبەتیان پێ بوو، کەس ماف

[1] مەنگوڕی، س.پ، ل١٤٩.

[2] ایغلتن باس لەکوژرانی (غەفوری مەحمودیان) دەکات دوای دوو ڕۆژ لەراگەیاندنی کۆمار، واتە لە٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٤٦داو دەڵێت گوایە جاسووسی دووسەرە بووە لەنێوان رووس‌و حکومەتی ئێرانداو بەویستی (نماز عەلییۆف) ئەفسەری سیاسیی شورەویی کوژراوە، لەکاتێکدا بلوریان کوشتنی مەحمودیان لەدوا ڕۆژی تەمەنی کۆمەڵەی ژ.ك دا باس دەکات‌و بۆ ئەوەی دەگێڕێتەوە کەمەحمودیان‌و چەند کەسێك سەر بەر هاشمۆف ی ئەفسەری شورەوی لەورمێ بوون‌و ویستویانە بەپێچەوانەی نەتەوە پەرستەکانی کۆمەڵەی ژ.ك ەوە ڕێکخراوێکی چەپ سەر بەرێبازی سۆڤێتی لەکوردستاندا دروست کەن. دیارە بۆچونەکە ایغلتن راستترە، چونکە لەوتارەکەی محەمەد حوسێن نانەوازادەدا فەرمانەدەی هێزی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی راگەیاندنی کۆمار لەکاتێکدا ناوی ئەوانەی هێنا گومانی پەیوەندیی‌و جاسووسیان لەگەڵ تاراندا لەسەر بوو، ناوی غەفوری مەحمودیان یشی دەگەڵدا بوو. هەروەها پاش ١٢ ساڵ لە کوشتنی غەفور، لە بەیاننامەیەکی ح د ك دا لە بەرواری ٤ی ئابی ١٩٥٩دا هاتووە کە بەناوی حیزبی تودەوە جاسووسیی بۆ تاران ئەنجامداوەو پاش چەسپاندنی بەڵگەی جاسووسییەکەی لەلایەن خەڵکەوە کوژراوە.بڕوانە: ایغلتن، س.پ، ١٢٣ .، بلوریان، س.پ، ل٥٤-٥٥ .، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١١،١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤

چەکهەڵگرتنی لەشارەکاندا نەبوو.[1] دزیی و بەرتیلخۆریی کەدیاردەی سەرەکیی و ئاشکرای سەردەمی حوکمی و ڕەزاشاهیی بیرۆکراتیی بوو، بەتوندیی لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە دژایەتیی کراو سزای سەخت بۆ کەمترین دزیی و حاڵەتی بەریتلخواردن دەرچوو کە هەر لەبەخائین ناساندنی تاوانبار تا بەزندانییکردن و تیرەبارانکردن دەگەیشت.[•] لەلایەکی ترەوە، چەند کۆمسیۆنێکی دادوەریی بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەسکاڵانامەو بڕیاردان لەسزادانی تاوانبار پێکهات، یەکێك لەم کۆمسیۆنانە تایبەت بوو بەهێزی پێشمەرگەو سەیری تاوانەکانی سیخوڕیی، مەستیی و هەرزەیی پێشمەرگە، ڕێگری و تریاککێشانی دەکردو بڕیاری لەسەردەدان. کۆمسیۆنێکی تر کە لەسێ چوار مەلای شارەزا پێکدەهات لەمەسەلەکانی ژنوژنخوازیی و تەڵاق و بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکۆڵییەوە. مەسەلەکانی کێشەی موڵك و نێوان ناخۆشیش دەخرایە بەردەم کۆمسیۆنێکی چواردە نەفەریی کە خەڵکی بەساڵاچووو دنیادیدە بوون و خودی پێشەوا سەرپەرشتیی دەکردن.[2] ئەم کۆمسیۆنانە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دوا بڕیاری خۆیان دەداو بڕیارەکانیش بەوردیی جێبەجێکران. شایەنی باسە، لەڕووی هاندانی کۆمەڵانی خەڵکیی بۆ دوورکەوتنەوە لەئاکاری دزێوو دەستگرتن بە بەها سوودبەخشە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی و جووڵاندنی هەستی نەتەوەیی و گیانی گوێڕایەڵییان بۆ فەرمانەکانی حکومەتی کوردستان، مزگەوت و مەلا نیشتمانپەروەرەکان هەنگاوی باشیان هاویشت و بەباشیی ڕۆڵی خۆیان دەبینی.[3]

دوور لەژاندارم و ئەرتەشی شاهەنشاهیی، لەژێر سایەی حکومەتی کوردستاندا هاوڵاتیان بەیەکچاو سەیر دەکران، شتێك نەبوو بەناوی هاوڵاتی پلەیەك و پلەدوو،

---

[1] کوهستان، ٢٢ بهمن١٣٢٤.

[•] لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا "ئاغای محەمەد زەکەوی" حسابدارو تحویلداری دارایی بۆکان لەبەر دزینی ٦٩ تمەن، بە تۆمەتی خیانەت و غەفڵەت لەلایەن سەرۆکی ئیدارەی دارایی کوردستانەوە لەسەرکار دەرکراو لە ڕۆژنامەی کوردستانیشدا ناوی بڵاوکرایەوەو ریسواکرا، لەو ڕۆژنامەیەدا ڕاگەیەندرابوو کە سزای وەرگرتنی بەرتیل لە تمەنێکەوە بەرەوسەر بریتیە لە دەساڵ زیندانیی تا سزای کوشتن. قازیی محەمەد دەیگوت" دزی کردن لە پیسترین دەردی میلەتەو دەبێت لەو خووە پیسە خۆتان بپارێزن."بڕوانە: کوردستان، ٢١ خەرمانان، ١٣٤٥.

[2] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٧٧" مەنگوڕی، س.پ، ل١٤٣

[3] ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل١٤٥-١٤٦ .، Borhanedin,op.cit,p146.

کەمینەکان تێکڕای ئەو مافانەیان هەبوو کە کورد هەیبوو. لەسەر جیاوازیی بۆچوون و دیدی سیاسیی کەس نەدەگیراو تین و تاویان بۆ کەس نەدەهێنا. زندانێکی نهێنی یاخود ئاشکرا بەناوی زیندانی سیاسییەوە نەبوو. ئەمە لەکاتێکدا نەك تەنیا لەو ناوچانەی ژێر دەسەلاتی حکومەتی ئێران. بەلکو لەناوچەکانی ژێردەسەلاتی حکومەتی میللیی ئازەربایجانیشدا گرتن و کوشتن و ئەشکەنجە لەسەر جیاوازی بیروڕای سیاسیی، زۆر ئاسایی بوو. لەژێر دەسەلاتی حکومەتی کوردستاندا خەلکی تاڕادەیەکی زۆر لەژیانی سیاسیی و کۆمەلایەتیی و ئابوورییاندا ئازادبوون. هەربۆیە بزووتنەوەی جەماوەریی و دیموکراتیی رۆژ لەدوای رۆژ لەو ناوچانەی کۆمار دەستی پێدادەگەیشتن پەرەسەندووتر دەبوو، بەتایبەتیی لەنێوان لاواندا کەرێکخراوی خۆیان لەژێر ناوی (یەکێتی جەوانانی دیموکرات)دا دامەزراندو خاوەنی بلاوکراوەو هەلوێستی نیشتمانیی خۆیان بوون.

ئافرەتانی کورد لەو دەمەدا کەدواکەوتووترین توێژی ستەمدیدەی کۆمەلگای کوردستان بوون، بۆ یەکەمینجار لەمێژووی خۆیاندا بوونە خاوەنی رێکخراوی تایبەت بەخۆیان کەلەبەرواری ١٥ی ئازاری ١٩٤٦دا لەژێر ناوی (یەکێتی یایانی کوردستان)[1]، بەسەرۆکایەتیی (مینا خانم) هاوسەری پێشەوا دامەزرێنرا، بەمشێوەیە ئەوانیش حالەتی دوورەپەرێزییان شکاندو بەدامەزراندنی ئەم رێکخراوە تێکەلاوی تێکۆشانی سیاسیی و نەتەوەیی و بەرگرییکردن لەمافە گشتیی و تایبەتییەکانیان بوون. لەراستییدا ئەم رێکخراوە سەرەتا وەك دەزگایەکی خێرخوازانە کەوتەکار، خولی فێربوونی زمانی کوردیی بۆ ژنانی نەخوێندەوار، هەروەها رینوێنیکردنی ئافرەتانی کورد بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەلایەتییەکانیان لەهەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەم رێکخراوە بوون.

ئەندامە ناسراوەکانی یەکێتی یایانی کوردستان جگە لەمینا خانم بریتییبوون لە (عایشە خان، ئامینە خان، کلثوم خان، زیبا خان و عیسمەتی کچی پێشەوا کە کەمتەمەنترین ئەندامی بوو.[2] ئەوەی پێویستە لێرە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە

---

[1] یایا، زاراوەیەکە لەناوچەی مەهابادو دەوروبەری بەمانای خانم بەکاردەهێنرێت.

[2] احمد، اتحادیە بانوان کوردستان، ل ل ٦٠-٦١.

کارەکانی ئەم ڕێکخراوە تەنها لەبواری کارە خزمەتگوزارییەکان قەتیس نەما بەڵکو بۆ لایەنی سیاسیی و نەتەوەییش هەنگاوی نا. بەتایبەتیی کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕ، سازدانی چەندین کۆبوونەوەو خۆپێشاندان لەشەقامەکانی مەهابادو دروشمدان دژی دەسەڵاتدارانی ئێران و لایەنگریی لەکۆماری کوردستان، وتاردان و ڕەوانەکردنی نووسین بۆ ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی حکومەتی کوردستان، کۆبوونەوەی هەفتانە لەهۆڵی بنکەی حیزبی دیموکرات لەمەهابادو باسکردنی مەسەلە نەتەوەیی وسیاسییەکان. ئەمانە هەمووی وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەخەباتی ئافرەتانی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسیی و نەتەوەیی وکۆمەڵایەتییان. ئاشکرایە پێشەوا هاندەرێکی گەورەو پاڵپشتێکی دڵسۆزی ئەم خەباتە بوو، هەربۆیە کارئاسانییەکی زۆری بۆ یەکێتی یایان دەکردو بەشداریی چارەسەرکردنی گرفتەکانی دەکردن.[1]

لەرووی ئابوورییشەوە، وێڕای ئەو گەمارۆ ئابوورییە قورسەی کە بەمەبەستی لەباربردنی حکومەتی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەسەر هەرێمی موکریاندا سەپێنرابوو، وێڕای ئەو قەیرانە سەختە ئابوورییەی کە کۆمار هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە خۆی تێدا دیتەوە، لە ئەنجامی کەمیی دەرامەتی گەنجینە کەجگە لەباجی موڵك و خانوبەرەو ئابوونە حیزبیی و هەندێك موڵکی ئاغا خۆفرۆشە راکردووەکان و بڕێك هاوکاریی حکومەتی ئازەربایجان سەرچاوەیەکی دیکەی دەرامەتی نەبوو.[2] لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەزگاکانی حکومەتی کوردستان زۆر باشتر لەدەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندیی بەکاروباری ژیانی خەڵکەکەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا رادەگەیشت. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ کاردانەوەی ئاسایش و ئازادیی سیاسیی لەسەر ئابووریی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، هەر لەودەمەدا کەلەهێندێك بەشەکانی ئێران و تەنانەت لەناوەندو باشووری کوردستانیش

[1] راپۆرتی کۆمیتەی بەرێوەبەرایەتی گشتی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنفرانسی گشتی لە٢١و٢٢ بانەمەڕی ١٣٧٣ ل٢٧-٣٠.

[2] مەنگوڕی، س.پ، ل ل ١٠٨-١١٠.، پشدەری، س.پ، ل٥٧.

گرانیی و برسێتیی کەوتبووەو خەڵکی لەبرسان دەمردن.[1] ژیانی ئابووریی خەڵکیی لەسایەی حکومەتی کوردستاندا نەك هەر ئاساییانە بەڕێوەدەچوو بەڵکو لەزۆر رووەوە تادەهات بەرەو چاکتر هەنگاوی دەنا. بڕینی دەستی دەزگا مشەخۆرەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی و رزگاربوونی بازرگانان و موڵکدارەکانی کورد لەباجە سەخت و رووتێنەرەکانی حکومەتی ئێران، ئەم توێژەی کۆمەڵگای کوردەواریی ژیاندبۆوە، ئەمانە دامەزراندنی حکومەتی کوردستانیان جگە لەوەی بە دەستکەوتێکی نەتەوەیی و سیاسیی و دادەنا، بە بەدیهێنەرو زامنکەری دەستکەوتە ئابوورییەکانیشیان دەدایە قەڵەم کە بەرجەستەی راستەقینەی بەرژەوەندییەکانی دەکردن. هەربۆیە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمار ئامادەبوون دان بەشەرعییەتی حکومەتی کوردستاندا بنێن و دەستی هاوکاریی و پشتگیریی بۆ کارو هەنگاوەکانی درێژ بکەن.

(ئەحمەدی ئیلخانی زادە) کە موڵکدارێکی نیشتمانپەروەری کورد بوو، نموونەیەکی زەقی ئەو راستییەیە. ناوبراو هەر لەرۆژی راگەیاندنی کۆماردا رایگەیاند: ((ئێستاش لەحەمدی خوداوە لەسایەی ئازادی ئەملاك و داراییم زیاد بووە، ئەوا سێ دانگی دێی "عەیش اوا"ی موڵکی خۆم کەپێم وایە لەژیانی ماڵ و منداڵم زیادە، بەدەوڵەتی سەربەرزی کوردستانم پێشکەش کرد، چونکو لەپێش چاوم گەلێ چەتونە کەبرایانی خۆم بێ سەوادو ئەسبابی خوێندنیان نامورەتەب ببیت ومن لەعەیشی کامەرانیدابم)).[2]

حکومەتی کوردستان چەند هەوڵێکیدا کە کوردستان لەڕووی بازرگانیی و کشتوکاڵییەوە ببوژێنێتەوە. یەك لەوانە دامەزراندنی کۆمپانیاکی بازرگانیی بوو بە هاوکاریی بازرگانەکانی شاری مەهاباد لەژێر ناوی (شیرکەتی تەرەقی کوردستان)، هەروەها هانی بازرگانان دەدرا کە لەدەرەوە، بەتایبەتیی لەشارەکانی ئازەربایجانی شورەوییەوە کەل‌وپەل بهێنن و بەرهەمە تەکنیکییەکانی کوردستانی وەك توتن، خوری،

---

[1] ١٥٠ کەس لەخەڵکی شاری سنە تەلەگرافێکیان بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەتاران ناردووەو بەتوندیی دژی ئەو گرانیی و قاتوقڕییەی لەناوچەکەیان کەوتۆتەوە بێزاریی خۆیان دەربڕیووە، ئەمانە لەتەلەگرافەکەیاندا نووسیویانە، خەڵکی شار نەك میووە و گۆشتی بەگرانیش دەستناکەوێت، بەڵکو نان و سەوزەواتیشی لێ قاتیی بووە، بڕوانە: کوهستان، ١٤ اردیبهشت ١٣٢٥. وەرگیراوە لە: ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل١١٢.

[2] ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل١١٢

**کەتیرەیان پێ بفرۆشنەوە، لەلایەکی دییەوە حکومەتی کوردستان کریاری بۆ بڕی ئەو توتنە دۆزییەوە کەلەگەنجینەکاندا مابوونەوەو حکومەتی ئێرانی ئامادە نەبوو بیکڕێتەوە، ئەو کڕیارەش روسیای شورەویی بوو کەبەرامبەر بەو توتنە بڕی (٦) ملیۆن تومانی بەخشی بەگەنجینەی حکومەتی کوردستان،[١] پێشەوا لەوتارێکیدا بەرامبەر بازرگانانی کۆمپانیای تەرەقی کوردستان رایگەیاند:" یەگانە حەملەی دوژمنان حەملەی ئیقتصادییەو هەمیشە خەریك دەبن لەو رێگایەوە ئینقلاب دەخەنە نیو میلەتی مەسەلەن مەسئەلەی تووتن کەدەوڵەتی ئێران خەریك بو وەسائیلی نیفاق و دوبەرەکی لەنێو کوردان دا پێك بێنی لازمە کەئیمە رێگایەکی ئیقتصادی بو خومان بکەینەوە شیرکەتی تەرەقی دەبی تەوسیعەی پێ بدرێ و رەوابطی تجارەتی لەهەمو کوردستاندا بەرقەرار بکرێ. حکومەتی کوردستان ئیحتیاجاتی زۆرە دەبی وەضعی خوی وەکو دنیای ئەورۆ تەغیر بدا مەسەلەن فەرهەنگ، فەلاحەت، کارخانەجات کەدەبی دەتەوسیعەو تەرەقی ئەوانەدا سەعی و جیدیەت بکری".[٢] شایەنی باسە، هەروەك سەرچاوە مێژووییەکان لەم رووەوە ئاماژەیان بۆداوە لەسەردەمی حکومەتی کوردستاندا بۆ یەکەمین جار هەوڵی میکانیزمکردنی کشتوکاڵ و بەکارهێنانی ئامرازی بەرهەمهێنانی هاوچەرخ دراوە.[٣]**

**لێرەدا دەکرێت بوترێت کەئاشکراترین رەخنە لەبواری کۆمەڵایەتیی و ئابوورییدا لەحکومەتی کوردستان گیراوە ئەوەیە، کەجووتیارانی کورد بەشێکی ئەوتۆیان لەدەستکەوتەکانی کۆماردا وەبەر نەکەوتووەو مافە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانیان کەخۆی لەدابەشکردنی زەویوزاری ئاغاو موڵکدارەکان بەسەریاندا دەبینێتەوە، لەبەرچاونەگیراوە.[٤] بەپێچەوانەی حکومەتی میللیی ئازەربایجان کە هەر زوو جەنگێکی کۆمەڵایەتیی راگەیاندو دەستی بەڕاوەدونانی موڵکدارەکان و زەوی بەخشینەوە بەسەر**

---

[١] **قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٧٦" ایغلتن، س.پ، ل١٥٩ .،** Borhanadin,op.cit,p163.

[٢] **رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٣، ١٥ی رەشەمێی ١٣٢٤ بەرامبەر ٥ی مارسی ١٩٤٦ .**

[٣] **گادانی، س.پ، ل٥٢.**

[٤] **جلیل و اخرون، س.پ، ل٢٠٧.**

جووتیاراندا کرد،[1] لەراستییدا خۆبەدوورگرتنی سەرانی کۆمار لەریفۆرمی کۆمەڵایەتیی و هەڵپەکردن بۆ زەوتکردنی زەویوزاری موڵکدارەکان و بەخشینەوەیان بەو شێوە رادیکاڵەی لەئازەربایجان روویدا، کارێکی لەخۆڕاو بیّ وردبوونەوەوو هۆکار نەبوو. بۆ تێگەیشتن لەمەسەلەیەکی وا پێویستە سروشتی دیموکراتی لیبراڵانەی کۆماری کوردستان، بافتی دەزگابالاکانی حکومەت، ستراکتۆری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواریی خاوەن سروشتی رژێمی ئەرباب - رەعیەتی، هەروەها ئاستی هۆشی چینایەتیی جووتیارانی کورد کە وابەستەی تەواوی موڵکدارو سەرۆك عەشیرەتەکانیان بوون، ئەمانە تێکڕا کەپێشتر کەموزۆر ئاماژەیان بۆ کراوە، پێویستە لەکاتی بڕیاردان لەمەسەلەیەکی بەمجۆرە لەبەرچاو بگیرێن. هەروەها لێرەدا پێویستە حیسابێکی تایبەتیش بۆ تەمەنی کۆمارو گشت ئەو گیروگرفتە ئابووریی و سیاسییانە بکرێت کە لەبەردەم حکومەتی کوردستاندا قوتبوونەوەو رێگرێکی سەخت بوون لەهەڵهێنانی هەنگاوی گەورەتر لەوەی کە نرا لە بواری ئابووریی و کۆمەڵایەتییدا.

وەك دەزانرێت بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی و دوای جەنگیش، چینی ناوەند لەشارەکانی کوردستاندا تازە کەوتبوونە سەرپێ، رۆشنبیران و ئازادییخوازە نیشتیمانپەروەرە کوردە تازەپێگەیشتووەکان گەرچی بەقووڵیی بڕوایان بە زەرورەتی رابەرایەتیکردنی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی لەلایەن رێکخراوێکی سیاسیی و پێشکەوتووخوازەوە هەبوو، گەرچی بەکردەوە سەرەنجام ح.د.ك یان دامەزراندو جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کوردیان گرتە دەست، بەڵام لەرووی هێزی ئابووریی و چەکدارییەوە چینی ناوەندو رۆشنبیرانی کورد ئەوە نەبوون شان لەشانی سەرۆك عەشیرەتە ناسراوەکان و موڵکدارە گەورەکانی کورد بدەن و لەبەرامبەریاندا لاواز دەهاتنە بەر چاو ح.د.ك بەکردەوە نەیدەتوانی سەربەخۆ دوور لە پشتگیریی و سەرکەوتنی هێزە

---

([1]) ئاشکرایە حکومەتی میللیی ئازەربایجانیش جگە لە ٣/١ زەوییەکانی میریی و موڵکدارە گەورەکان نەیتوانی بەتەواو ئەم پرۆسەیە بگەیەنێتە ئەنجام.

عبدالرحمن، محمد کامل، الفلاح الایراني في العهد البهلوي ١٩٢٥-١٩٧٩، رسالة دکتوراة غیر منشورة، کلیة الاداب، جامعة بغداد، ١٩٩١،ص٧٨.

دیموکراتخوازەکانی تری سەرانسەری ئێران ، بەرامبەر نفوزو کاریگەریی شێوەی کۆنی بەرهەمهێنان‌و رژێمی دەرەبەگایەتیی ـ عەشیرەتیی‌و ئاکاری دادۆشەرانەی موڵکدارەکان بوەستێتەوەو بەیەك شێوەو ئاست پڕ بەخەباتی نەتەوایەتیی‌و چینایەتییدا بکات‌و دژی دەسەڵاتی ناوەندیی‌و رژێمی دەرەبەگایەتیی‌و ئاکاری عەشیرەتیی لەکوردستاندا بچێتە سەنگەرەوە.[1]

لەلایەکی ترەوە، محەمەد رەزاشا بەپێچەوانەی باوکییەوە سیاسەتی راکێشان‌و رازییکردنی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی گرتبۆبەرەو بە بەشێکی پێکهێنەرو تەواوکەری رژێمە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دەزانین کە لەتارانەوە رابەرایەتی دەکرا. هەربۆیە بەشێکی ئەم توێژە لەکوردستان بە گومانەوە هەڵس‌وکەوتیان دەکردو لەهەر هەنگاوو دەستکەوتێکی کۆمار دەسڵەمینەوە. پێشەوا قازیی محەمەدیش کە بۆخۆی دژی کاری عەشیرەتیی‌و هەڵسوکەوتی سەرەك عەشیرەتەکان بوو، بەڵام لەبەر بەردەوامبوونی ئەزمونەکەو دانەگیرساندنی ئاژەوەی ناوخۆ هەندێك مەسەلەی بۆ دواتر هەڵگرتبوو. هەرچی ئەو ئاغاو سەرۆك عەشیرەتانەشە دەیانزانی کە بەردەوامبوونی حکومەتی کوردستان‌و گەشەسەندنی کۆمەڵگای کوردەواریی‌و چەسپاندنی دیموکراسیی، زەنگی خەتەری لەناوچوونیانە، هەربۆیە ژێر بەژێر کەوتنە پەیوەندیکردن بەتارانەوە.[2]

هەروەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بە خراپیی باری تەندروستیی گشتیی ناوچەکانی کوردستانی ئێران کرد، هەرێمی موکریانیش لەبێ دکتۆریی‌و بێ دەرمانیی‌و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە کوشندەکانی وەك مەلاریاو تیفۆ، بەدوورنەبوو. هەربۆیە حکومەتی کوردستان ئەم مەسەلەیەی بە جیدیی وەرگرت‌و چەند هەنگاوێکی لەم رووەوەنا. پێشەوا لەوتارەکەیدا لەرۆژی راگەیاندنی کۆمار رایگەیاند:" لەزەمانی

---

([1]) مدنی، س.پ، ل٥٢.

([2])مەنگوڕی رەخنەی ئەوە لەپێشەوا دەگرێت کەبۆ لاوازکردنی سەرۆك عەشیرەتەکان کاری کردووەو دژی ئاغاکان‌و دەرەبەگی کورد جووڵاوەتەوە بەلاسایی کردنەوەی ئازەربایجان‌و دەڵێت:" قازیی محمد ئەگەر بۆی بکرایە بەزووترین کات ئاغاواتەکانی لەناو ئەبردن.. لەو باوەڕەدا بوم ئەگەر لەترسی روس‌و ملا مصطفی‌و حمە رەشیدخان نەبوایە هەر زو ئاغایەکان لەقازی محەمەد رائەپەرین‌و.. ئەنجومەنە ئەیالەتیەکەیان لەناو ئەبرد" بڕوانە: مەنگوڕی، س.پ، ل١٢٨-١٢٩.

دیکتاتۆریی دا کە هەمو عەواریزێیان لێ دەساندین کەمو زور وەسیلەی لەشساغیو موعالەجە" نە حەکیم نە دەرمان نە مەریضخانەی بویان ساز نەکردین ئێمە بو خۆمان مەریضخانەی زور باش بەو زوانە دایر دەکەینو لەشساغی ولاتمان تەئمین دەبی."[1]

ئەوەبوو بەڵێنەکەی پێشەوا هاتەدی کاتێك خەستەخانە کۆنەکەی مەهابادیان ئاوەدانکردەوەو ژمارەیەك برینپێچی کوڕو کچی کوردی عێراق کە بۆ خزمەتی کۆمار هاتبوونە مەهاباد، لەوێ کەوتنەکار، دەرمانێکی زۆریشیان لەئازەربایجانەوە هێنا. هەروەها ژمارەیەك لەو حەکیمە میللیانەی شارەزای حاڵەتی شکاویی ودەرچوونی جومگەکان بوون، هێنرابوونە خەستەخانەکەو شانبەشانی دکتۆرو برینپێچەکان خزمەتیان دەکرد، بەجۆرێکی وا کەنەك هەر چارەسەری نەخۆشیی خەڵکی ئاساییان دەکرد بەڵکو بەتیمارکردنی زامدارانی بەرەکانی جەنگیشدا رادەگەیشتن.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کوردو ئازەریش، دەتوانرێت بەستنی پەیمانی یەکێتیی وبێلایەنیی لەنێوان کۆماری میلليی کوردستانو حکومەتی میلليی ئازەربایجان کە لە٢٣ی نیسانی ١٩٤٦دا لەلایەن ژمارەیەك لە نوێنەرانی هەردوولاوە لەتەبرێز مۆرکرا،[2] بەدەستکەوتێکی سیاسیی مەزنو وەرچەرخانێکی ئەرێیی لەپەیوەندییەکانی هەردوولادا دابنرێت. وەك ئاشکرایە کە لەئەنجامی سیاسەتی چەندین ساڵەی (تفرقه بیندازو حکومت کن / پەرت کەو زاڵ بە)ی حکومەتەیەك لەدوایەکەکانی ئێران، دوژمنایەتیی و ناکۆکییەکی مێژوویی قووڵ لەنێوان هەردوو گەلی کوردو ئازەر دروست ببوو. لەهەمان کاتدا، بیرتەسکیی ناسیونالیستانەی بەشێکی زۆری سەرانی حکومەتی میلليی ئازەربایجان کە ئامادەنەبوون دان بەدەسەڵاتێکی سیاسیی کوردی جیاو سەربەخۆ لەدەسەڵاتەکەیاندا بنێن، زیاتر ساردوسڕیی خستبووە پەیوەندییەکانەوە. ئەمانە لەسۆنگەی ئەوەی کەهەرێمی موکریان لەرووی ئیدارییەوە بەشێکە لەئازەربایجان، پێیان وابوو کە گەلی کورد

---

([1])وەرگیراوە لە: ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل١٠٨.

([2]) نوێنەرانی کورد بریتییبوون لە (پێشەوا قازیی محەمەد، سەید عەبدوڵلای گەیلانی زادە، عەمەرخانی شەریفی، محەمەد حوسێن سەیفی قازی، رەشید بەگی جیهانگیر، زیرۆ بەگی هەرکی، قازی محەمەدی خضری))، نوێنەرانی ئازەریش بریتییبوون لە (جەعفەری پیشەوەر، میرزا علی شبستری، دکتۆر سلام الله جاوید، محەمەد بیریا)، بڕوانە: ایغلتن، س.پ، ل١٥٠.

دەبێت لەرێگای نوێنەری خۆیانەوە بۆ مەجلیسی میللی ئازەربایجانی گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ حکومەتی ئازەربایجان رابگەیەنن‌و بیر لەهەنگاوێکی سەربەخۆخوازانە نەکەنەوە.[١] هەربۆیە کاتێك پێشەوا بەپێچەوانەوەی خواستی سەرانی ئازەرەوە سەربەخۆیی کوردستانی بەدامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان لەئازەربایجان راگەیاند، دەسەڵاتدارانی تەبرێز بەسەپاندنی گەمارۆی ئابووریی‌و رێگرتن لەچوونی دانەوێڵە بۆ مەهاباد هەنگاوەکەی پێشەوایان پیرۆز کرد.[٢]

شایەنی باسە، بەدامەزراندنی حکومەتی میلیی کوردستان ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا توندتر بوون. دەسەلاتدارانی ئازەربایجان دژی ئەوە وەستان کە قەڵەمڕەوی حکومەتی کوردستان شارە کوردییەکانی (ماکو، خوی، سەلماس، ورمێ، میاندواو) بگرێتەوە بەو بیانووەی گوایە زۆرینەی دانیشتووانی ئەم شارانە ئازەرین.[٣] ئەو شارانەی کە کورد بە بەشێکی جیانەکراوەی خاکی کوردستانی دەزانی‌و بەهۆی سوارەکانی رەشید بەگی هەرکی‌و زیرۆ بەگەوە دەسەڵاتی ناوەندییان لێ وەدەرنرا.[٤]

لەلایەکی دیەوە، جیاوازی سروشتی هەردوو دەسەڵاتە ئازەریی‌و کوردییەکە هۆکارێکی تری گرژیی پەیوەندییەکان بوو. هەروەك دەزانرێت حکومەتی ئازەربایجان سروشتێکی میلیی چەپی رادیکاڵی هەبوو، لەکاتێکدا ئەوەی کوردستان نەتەوەییەکی دیموکرات‌و ئازادیخوازیی بوو. ئەمەش وایکردبوو کەبەشێکی زۆری موڵکدارە

---

(١) جەعفەر پیشەوەری سەرۆکی حکومەتی میلیی ئازەربایجان لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (روبرت رۆسۆ Robet Rossow) جێگری کونسوڵی ئەمەریکیی لەتەبرێز رایگەیاند، کەهێشتا کوردەکان لەو ئاستەدا نین حکومەتێکی خودموختاریی بۆ خۆیان پێکبهێنن، لەجیاتی ئەوە ئەنجومەنێکی میلیی سەربەخۆ پکبهێنن، حکومەتی ئازەربایجان پێنج کورسیان لەئەنجومەنی میلیی ئازەربایجان دەداتێ تا لەژێر سایەی دەسەڵاتی تەبرێزدا بن، هەروەها رایگەیاند کەدۆستایەتی حکومەتی ئازەربایجان بۆ کوردەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەحکومەتی تاران ئەم کەمینەیەی ئازەربایجان وەك فاکتەرێك دژی حکومەتی تەبرێز راست نەکاتەوە:
From Rossow to the secretary of state,Jan.2.1946. DSDF, 891.00/1-246,NA

(٢) الجبراني، س.پ، ل١٢٣

(٣)البكاء، س.پ،ل٢٢٠، ایغلتن، س.پ، ل١٤٨-١٤٩ .

(٤) سرهنگ زنگنە سەرکردەی هێزە ئێرانییەکان لەشاری ورمێ بریاریدا چەك فرێ نەدات‌و بەرگریی بکات دژی هێزە دیموکراتەکان، بۆیە دوای ئەوەی ماڵ‌و منداڵەکانی بردە کونسڵخانەی تورکیا لەورمێ، ئینجا کەوتە دامەزراندنی حکومەتێکی سەربازیی لەشاری ورمێ بەمەبەستی چاوترساندن چەند جارێك کوشتاری بەکۆمەڵی لە گوندە ئاسوریی‌و کوردەکانی دەوروبەری ورمێ کرد تا سوارەکانی رەشید بەگی هەرکی‌و زیرۆ بەگ لەگوندی باراندوزەوە پەلاماری شاریان داو دوای رۆژێك شەڕ لە١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ ورمێیان گرت‌و سەرهەنگ دەست بەسەرکرا. اذربایجان، ٧ دیماه ١٣٢٤ .، زنگنە، س.پ، ل٦٩-٧٤

ئازەرییەکانی ورمێ و دەوروبەری لەو کێشەیەدا پێیان خۆش بوو بەقازانجی کوردەکاندا بکەوێتەوە، چونکە ئەوانە لەسۆنگەی پاراستنی شوێن و پایەی چینایەتییان حەزیان بەکەوتنە ژێر دەسەڵاتێکی چەپڕەوی رادیکاڵ نەدەکرد، بۆیە زۆریان هانی سەرانی حکومەتی کوردستاندا پایتەختەکەیان لەمەهابادەوە بەرنە شاری ورمێ.[1] لەراستییدا، هەر ئەم هۆکارەش بوو پاڵی بەقەرەپەپاغەکانی نەغەدەوە نا ببنە پێشمەرگە لەسوپای میللیی کوردستاندا!

بەهەر حاڵ، پێشەواو سەرانی دیکەی ح.د.ك هەوڵێکی زۆریاندا کێشەکان لەرێگای گفتوگۆو دانیشتنەوە چارەسەر بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەر لەشوباتی ١٩٤٦ەوە تا کۆتایی ئازاری هەمان ساڵ، چەند جارێك سەردانی تەبرێزیان کرد بێئەوەی بگەنە ئاکامێك بەدەستبەتاڵیی دەگەڕانەوە، ناکۆکییەکان بەجۆرێك پەرەیان گرت چەند جارێك شەڕو پێکدادان لەنێوان فیدائییەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و پێشمەرگە کوردەکان لەدەوروبەری ورمێ قەومان. راپۆرتەکان لەمارسی ١٩٤٦دا هەواڵی ئەوەیان رادەگوێزا کەتەواوی دەوروبەری شاری ورمێ کەوتوونەتە دەست کوردەکان و لەناوچانە پێشمەرگەی کورد ئەوانەی ئارمی (کۆماری کوردستان)یان بەقۆڵیانەوە بەستووە، ئاسایش دەپارێزن.[2] لەراستییدا، ئەم پێکدادان و خۆ لەیەکتر گیڤکردنەوەیەی چەکدارەکانی هەردوولا لەبەرژەوەندیی هیچ کام لەحکومەتی ئازەربایجان و کوردستاندا نەبوو، بەتایبەتیی لەکاتێکدا سوپای شورەویی لەسەروبەندی جوڵکردنی ئێراندا بوون، ئەو سوپایەی تا لەشوێنەکانی خۆیدا جێگیر بوو، نەیدەهێشت ئەرتەشی شاهەنشاهیی لەتارانەوە بەرەو ئازەربایجان و موکریان بکشێت.[3]

---

[1] ایغلتن، س.پ، ل١٤٩" قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٩٢

[2] From the .British Embassy in teheran to the foreign office.2 nd Maroh 1946. Fo 371/52702,persia 1946,PRO.

[3] رووسیای شورەوی لەجێبەجێکردنی بەندی (٥)ی پەیمانی ئیتحادی ساڵی ١٩٤٢ سەبارەت بەدەرکردنی هێزەکانی لەئێران خۆی دواخست بەبیانوی ئەوەی سیاسەتی حکومەتی ئێرانی لەباکووری ئێران هەڕەشە لەئاسایشی شورەوی دەکات، ئەوەش بەپێی پەیماننامەی بەستراوی ساڵی ١٩٢١ی نێوان هەردوولا مافی هێشتنەوەی هێزەکانی لەئێران پێ دەدات، رێگرتنیشی لەچوونی هێزەکانی حکومەتی ئێرانی بۆناوچەی ئازەربایجان تەنها لەبەر ئەوەیە کەئاژاوەی زیاتر نەکەوێتەوە، ئەو شتەی شورەوی نایەوێت روویدات.

ئەوەبوو سەرانی هەردوو حکومەتی میللیی کوردستانو ئازەربایجان هاتنە سەر ئەو باوەرەی پێویستە ناکۆکییە سنووریی و زەمینیی و مەسەلە لاوەکییەکانی ناوخۆ وەلانێنو بیرێك لەئایندەی دەسەڵاتەکەیان بەرامبەر حکومەتی ئێران بکەنەوە. هەربۆیە بەگەرمیی کەوتنەخۆو لە نیسانی ساڵی ١٩٤٦دا، گفتوگۆو دانیشتنەکان دەستیانپێکردەوە. ئەم هەنگاوەی کوردو ئازەر لەلایەن شورەوییەوە پشتگیریی لێکرا، چونکە ئەوانیش بە قازانجی بەرژەوەندیی خۆیان نەدەزانی لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکانی ئەو دوولایەنە لەوە زیاتر گرژتر بیچێتو بەرامبەر ناوەند لاواز بن.

بەمجۆرە دانیشتنەکانی نێوان نوێنەرانی کوردو ئازەر لە ٢٣ی نیسانی ١٩٤٦دا پەیمانی یەکێتیی و برایەتیی لێکەوتەوە، کەلەلایەن هەردوولاوە بەدەستکەوتێکی گەورە دانرا. حکومەتی ئازەربایجان دەقی رێکەوتنامەکەی لەرۆژنامەی (اذربایجان) لە ٥ی مایسی ١٩٤٦ بڵاوکردەوە. حکومەتی میللیی کوردستانیش لەرۆژنامەی کوردستانو گۆڤاری هەڵاڵەدا هەمان کاری کرد. ئەو خاڵانەی کە بەپێی پەیمانەکە لەسەری رێکەوتبوون بریتییە:

١ـ لەو جێگایانەی بەپێویست دەزانرێ هەردوو حکومەتی میللیی نوێنەر دەگۆڕنەوە.

٢ـ لەئازەربایجاندا ئەو جێگایانەی کەدانیشتوانی کوردبن کاری ئیداراتی دەوڵەتی بەکوردان دەبێت، هەروەها لەکوردستانیش لەو جێگایانەی کەبەشی زۆری دانیشتووانی ئازەربایجانیی بن لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی میللیی ئازەربایجانەوە بەڕێوەببرێت.

٣ـ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابورییەکانی نێوان هەردوولا، کۆمسیۆنێکی هاوبەش دابمەزرێت کەبڕیارەکانی لەلایەن سەرانی هەردوو حکومەتەوە جێ بەجێ بکرێ.

٤ـ لەکاتی پێویستدا لەنێوان حکومەتی میللیی ئازەربایجانو کوردستان هاوکاریی سەربازیی دەکرێو ئەوەی پێویست بێت بۆ یارمەتیی یەکتری ئەنجام بدرێت.

٥ـ هەر کاتێك پێویست بێت لەگەڵ حکومەتی تاراندا وتووێژ بکرێت دەبێت بەپەسەندی هەردوو حکومەتی ئازەربایجانو کوردستان بێت.

---

کیرك، جورج، الشرق الاوسط في اعقاب الحرب العالمية الثانية، ترجمة سليم طه التكريتي، بغداد، ١٩٩٠، ص١٢٥.

**٦ـ حکومەتی میللیی ئازەربایجان سەبارەت بەو کوردانەی کەلەخاکی ئازەربایجاندا دەژین و تا ئەو ئەندازەیەی بتوانیٚ بۆ پێشکەوتنی زمان و فەرهەنگی میللییان هەوڵ دەدات.**

**هەروەها حکومەتی میللیی کوردیش بۆ ئەو ئازەربایجانیانەی کەلەخاکی کوردستاندا دەژین بۆ پێشکەوتنی زمان و پەرەپێدانی فەرهەنگی میللییان تا ئەو ئەندازەی بتوانێت تێدەکۆشێت.**

**٧ـ هەر کەسیٚ بۆ تێکدانی دۆستایەتیی مێژوویی نەتەوەی ئازەربایجان و کوردو لەنێوبردنی برایەتیی و دیموکراتیی میللیی وە یا لەکەدارکردنی ئەم یەکێتیە هەوڵ بدا، هەردوو بەیەك دەست و ئەو کەسانە بەسزای خۆیان دەگەیەنیٚ.[1]**

**لەراستییدا، حکومەتی کوردستان بە بەستنی ئەم پەیمانە، سەربەخۆیی و دانپێدانانی حکومەتی ئازەربایجانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، جگە لەوەی ناتەبایی و ناکۆکیی گۆڕا بە دۆستایەتیی و هاوسەنگەریی. لەبواری رووبەڕووبونەوەی دەسەڵاتی ناوەندییشدا، حکومەتی کوردستان هاوپەیمانێکی بۆ پەیدابوو کە لەلایەنی توانای ئابووریی و مادیی و پشتگیریی شورەوییەوە تاڕادەیەکی زۆر بەهرەمەند بوو. هەربۆیە سەرانی حکومەتی کوردستان زۆریان باوەڕ بەم پەیمانە هەبوو، دڵسۆزانەش بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی تێدەکۆشان. خۆ ئەگەر لایەنی بەرامبەریش بەهەمان شێوە بۆ چەسپاندنی ناوەرۆکی پەیمانەکە کاری بکردایە، دوورنەبوو چارەنووسی هەردوو دەسەڵاتەکەی کوردستان و ئازەربایجان جۆرێکی تر بووایە. هەرچۆنێك بێت بڵاوکردنەوەی ئەم پەیمانە حکومەتی ئێرانی توڕەکرد، چونکە دەیزانی کە تا چ رادەیەك ناوەرۆکی ئەم پەیمانە دژ بەنیازو خواستەکانێتی، هەربۆیە وای پیشاندەدا کە هەردوو دەسەڵاتەکەی ئازەربایجان و کوردستان بەبەستنی ئەم پەیمانە دروست وەك دوو حکومەتی سەربەخۆو دژ بەتاران رەفتاریان کردووە.[2]**

**لەلایەکی دیەوە، راگەیاندنی کۆماری میللیی کوردستان و ئەو کارو دەستکەوتانەی حکومەتی کوردستان ئەنجامیدان، کاریگەرییەکی زۆریان کردە سەر بەهێزبوونی شەپۆلی**

---

[1] هەڵاڵە، گۆڤار، ژمارە ٣،ساڵی یەکەم، بانەمەڕی ١٣٢٥،ل١-٧.

[2] ایغلتن، س.پ، ل١٥٢.

بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەتایبەتیی و لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی دیموکراتخوازانی ئێرانیی و ناوچەکە بەگشتیی.

لەڕووی پەرەسەندنی هۆشی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی لەناو گەلی کورد دا، کۆماری کوردستان ببووە نمونەیەکی سەرکەتووی ئەزموونی قەوارەیەکی کوردیی و قیبلەگای نەتەوەخوازانی کورد، ئەوانەی پەرۆشبوون دەسەڵاتی کۆمار بیانگرێتەوە یاخود هەمان ڕێباز بگرنەبەر. ڕاستە قەڵەمڕەوی کۆمار لەبەشێکی هەرێمی موکریاندا قەتیس ما، بەڵام کاریگەریی کارەکانی حکومەتی کوردستان لەسەر کوردەکانی ناوەندو باشووری کوردستانی ئێران، بگرە لەسەر کوردەکانی دانیشتووی تارانیش شوێنی دانا. لەوەش زیاتر، پارچەکانی تری کوردستانیش، بەتایبەتیی کوردستانی عێراق، لەسایەی ئەو شەپۆلە نەتەوەییەی لەمەهابادەوە سەرچاوەی گرتبوو، جۆش و خرۆشیان تێکەوتبوو.

(م.ش) ناوێك لە نامەیەکیدا کە لەهەفتەنامەی کوهستان دا بڵاویکردۆتەوە، لەژێر ناونیشانی (نالە گروس / ناڵەی گەروس) دوای ئەوەی بەدرێژیی باسی خراپیی بارودۆخی ناوچەی گەروس دەکات و ئۆباڵی ناهەمواریی بارودۆخەکە دەخاتە ملی دەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندیی، نووسیویە:" خەڵکێکی زۆر هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کەحەق دەسەندریێ و نادرێ، ئەوانیش وەك براکانیان لەئازەربایجان (مەبەستی هەرێمی موکریانە کەلەرووی ئیدارییەوە بەشێك بوو لەئازەربایجان - ل) پێویستە لەپێناوی ئازادیی و پساندنی زنجیری دیکتاتۆریی و ئەسارەتدا ڕاپەڕن، پێویستە تەختی ستەمکاران داڕمێنن و لێپرسراوەکانی دەوڵەتی بگرن و دادگایان بکەن، ئەوانیش پێویستە هەمان ئەزموونی براکانیان لەئازەربایجان بەرپا بکەن."[1]

ئەو کوردە ئازادیخوازانەی کە لەشارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئێراندا بەرگەی ئەو فشارو مامەڵە توندو سەرکوتکەرانەیەی دەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندییان نەدەگرت، پەنایان بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان دەبرد، بۆ نموونە تا مانگی حوزەیرانی ١٩٤٦دا بەتەنیا لەشاری سەقز زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس پەنایان بۆ ناوچەی موکریانی ئازاد بردبوو.[2]

---

[1] کوهستان، ١٢ فروردین، ١٣٢٥.

[2] هـ.س، ١٣ خرداد ١٣٢٥ .

کوهستان، لەژمارە ٤٩ و لەژێر سەردێڕی (توجه خاص بکردستان باید داشت / پێویستە ئاوڕێکی تایبەت لەکوردستان بدرێتەوە) نووسیویە:" ساڵێك لەمەوبەر چارەسەرکردنی کوردستان زۆر ئاسانتر بوو، دەوڵەتی وەخت دەیتوانی لە ڕێگای ئەنجامدانی چاکسازییەوە بەدەم خەڵکی مەهابادەوە بچێت. بەڵام بەداخەوە ئەو هەموو هاتوهاوارەی خەڵکی گوێی لێ خەوێندراو بێ وەڵام مانەوە، ئەوانیش ناچار بۆ بەڕێوەبردنی کاری خۆیان کەوتنە خۆو وەك دیارە بەهێزیش بوون بەجۆرێك دەوڵەتی ناوەندیی ئەمڕۆ لە باکووری کوردستاندا شوێنێکی بۆ نەماوەتەوە، هاتنی مەلا مستەفاو هاوەڵانی بەتەواوی چەك‌و پێویستییە جەنگییەکانیانەوە، گەیشتنی حەمەرەشید خان بۆ ناوچەکانی دەوروبەری سەقز، ئەمانە زیاتر مەهابادیان بەهێز کردووە. ئەگەر ڕۆژێکیش بێ سەقزو بانەش بکەونەبەر هێرشی مەهاباد، گومان لەوەدا نییە کە بەرگریی هێزەکانی دەوڵەتیی لەم ناوچەیەدا گرفتێکی گەورە دەبێت. ئەوەی رادیۆی لەندەن سەبارەت بەهەڕەشەی کوردەکانی مەهاباد لەسەر سنە باسی لێوەدەکات بەتەواویی قابیلی روودانە..ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان لەتەواوی ئەو ناوچانەی دەوڵەت دەستی پێیاندا رادەگات بێزارو نارازین، ئەو نارازییەی ئەگەر زوو فریای چارەسەرییەوە نەگەن ئاسەواری خراپ‌و مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، لەراستییدا دەوڵەت بەهەڕەشەو زیندان‌و بەهێزکردنی حکومەتی سەربازی لەم ناوچانەدا، ناتوانێت ئەو هەڕەشەیە برەوێنێتەوە، مانەوەی هەلومەرجە خراپەکەو نەبوونی هیچ هەنگاوێکی ریفۆرمستانە، مانەوەی پیاوانی بێزراوی رەزاشاهیی لەکوردستان، لەگەڵ گشت ئەو فریادو بێزارییەی لەلایەن خەڵکەوە بەتەلەگراف ئاراستەی ناوەند دەکرێت، هەموو ئەمانە خەڵکی گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی کەدەوڵەت بەتەنگ دەردو ئازارەکانیانەوە نایەن‌و ئاوڕێك لەسکاڵاکانیان ناداتەوە، بۆیە واچاکە بۆ خۆیان پەی حاڵی خۆیان کەون."[١]

لەراستییدا، هەر لەژێر کاریگەریی کۆماری میللیی کوردستان‌و دەستکەوتە دیموکراتییەکانیدا بوو کەچەند گەنجێکی کورد لەناوچەی گەروس لەحوزەیرانی ١٩٤٦دا رێکخراوێکیان بەنێوی (اتحادیە جوانانی بیجار/ یەکێتی لاوانی بێجار) دامەزراند بەسەرۆکایەتی گەنجی کورد (عبدالباقی رفیع)، ئەم یەکێتییە ئامانجی ریفۆرمی گشتیی‌و

---

[١] هـ.س، ١٢ فروردین ١٣٢٥.

بەگژداچوونەوەی دیاردە نالەبارەکانی دزیی‌و بەرتیلخۆریی‌و گەندەڵیی دەزگاکانی حکومەتی ئێران بوو لەناوچەکەیاندا.[1]

هەروەها کوردەکانی دانیشتووی تاران ڕێکخراوێکیان بە ناوی (ئەنجومەنی ئازادیخواهانی کوردستان) لە سەرەتای تەمموزی ١٩٤٦ دامەزراند، کە ئامانجیان پشتگیری داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ئێران و هەوڵدان و کارکردنە سەر ڕای گشتی ئێرانی و دەسەڵاتی ناوەندیی لە تاران بوو تاکو سیاسەتێکی گونجاو و نەرم بەرامبەر کورد و دەسەڵاتە سیاسییەکەی لە مەهاباد بگرنەبەر.[2]

هەر لەم قۆناغەدا بوو کە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران کەوتنە خۆو لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ دا ڕێکخراوێکیان بە ناوی (اتحاد دانشجویان کرد در دانشگاە تهران / یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی تاران) دامەزراند. ناسڕی موحسینی کە ئەندامێکی چالاکی ئەو یەکێتییە بوو ، لە وتارێکدا نووسیوویە :(( ئێمەش وەك خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران، شوێنی گرنگ و ئەرکی مەزنی خۆمان لە ناو کۆمەڵدا هەستپێکردووە و دەزانین کوردستانی لانەی ئازیزمان چەند دەردەدار و ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زێدەتر پێویستی پێمانە. ئێمە بەتەواویی درکمان بەوەکردوە کە بەداخەوە فەرهەنگمان، باری تەندروستییمان، کشتوکاڵمان، سەنعەتمان.. بەکورتیی هەموو شتێکمان خراپەو لەتەواوی شارەکانی تری ئێران دواکەوتووترە.. هەر بۆیە تا ئەو شوێنەی هەلومەرج‌و شوێن ڕێگەمان پێبدات، بگرە زیاتر لەوەش خەبات دەکەین بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتیی ودژی وێرانکاریی‌و خراپیی بارودۆخی وڵاتەکەمان رادەوەستین.. ئێمە لاوانێکی تێکۆشەرو خاوەن هەست کە پێشتر بەشێوەی جیاجیاو تاك چالاکیمان دەنواند، وا قۆڵمان لێ هەڵماڵیوە، یەکێتیی خوێندکارانی کوردمان دامەزراندووە هەوڵ دەدەین هاوکاریی‌و یارمەتیی خوێندکارانی کورد بکەین‌و هانیانبدەین بۆ پلەکانی خوێندنی باڵا بخوێنن. جگە لەوە تێدەکۆشین بۆ رۆشنکردنەوەی بیری خەڵکیی‌و بەدیهێنانی ریفۆرمێکی گشتیی."[3]

---

[1] ه.س، ١٠ تیر ١٣٢٥.

[2] ه.س، ٢٤ تیر ١٣٢٥.

[3] ه.س ٤ اذر ١٣٢٥ .

سەبارەت بە هەژاندنی هۆشی نەتەوەیی پارچەکانی تری کوردستانیش، بەشدارییکردنی بەشێکی زۆر لە کوردەکانی عێراق لە دەزگا سەربازیی و رۆشنبیریی و خزمەتگوزارییەکانی کۆماردا ئەو راستییە دەسەلمێنن، بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردە ئازادییخوازەکان کە بەسەرۆکایەتی مەلامستەفا هاتبوونە هەرێمی موکریان هەر زوو بوونە بڕبڕەی پشتی هێزی میللیی کوردستان و بەڕادەیەك بۆ حکومەتی کوردستان و بەرگریی لێکردنی و دڵسۆزبوون کە پێشەوا متمانەی تەواوی پێیان بوو، ئەرکی سەرپەرشتیی ناسکترین بەرەکانی جەنگی پێسپاردن کەبەرەی سەقز بوو.[1]

شایەنی باسە، جگە لەبارزانییەکان و هاوەڵانیان، زۆر بوون ئەوانەی لە کوردستانی عێراقەوە، بەمەبەستی خزمەت و بەرگریی لەکۆمار بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتن. ئەوەتا (عبدالله احمد پشدەری) لەیاداشتەکانیداو لەژێر ناونیشانی :" رۆیشتنم بۆناو کۆماری مەهاباد" نووسیویە :" لەساڵی ١٩٤٥دا کەوتمە ناو کوردایەتی ولە حیزبی هیوا وەرگیرام بەئەندام هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری کەوتە ناو مێشکمەوە باوەڕم هاتە سەر ئەوە کە ئەبێ لاوی کورد ئامادەبێت و لە کاتی پێویستدا گیانی خۆی بەخت کات بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و سەربەستی بۆ نیشتمانەکەی ئەوە بوو ئاڵای کوردستان لەساڵی ١٩٤٦دا بەرزکرایەوە بەناوی کۆماری مەهاباد لەکوردستانی ئێرانداو بڕیارمدا کەئەبێ خۆم بەشداریی ئەو خەباتە بکەم و بڕۆم بۆ بەرەی شەڕ."[2]جگەلەوەی کە ژمارەیەکی زۆریش لەمامۆستاو برینپێچ رۆژانە لەکوردستانی عێراقەوە سنووریان دەبەزاندو بۆ خزمەت دەچوونە مەهاباد، وەك پێشتر ئاماژەمان بەناوی هێندێکیان داوە.

لەراستییدا، ناوبانگی کۆمارو کارەکانی لەپارچەکانی تری کوردستان تا دەهات زیاتر دەبوو، غەفوری میرزا کەریم لەیاداشتەکانیدا نووسیویە:" رزگاربوونی کوردستانی ئێران لەدڵ و مێشکی ئێمەی قووتابی دا دەزرنگایەوە."[3] بەهادین نوریش لەیاداشتەکانیدا دەڵێت:"منیش وەك زۆربەی لاوەکانی سلێمانی لەدوورا ئاگاداری رووداوەکانی کۆماری

---

[1] بڕوانە:حەوێزی، عەقید بەکر عەبدولکەریم، گەشتێك بەکۆمارەکەی مەهابادان بیرەوەرییەکانم لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا ١٩٤٤-١٩٤٧، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، کوردستان – کۆیە، ٢٠٠٠، ل٦٩.

[2] پشدەری، س.پ، ل٣٩.

[3] میرزا کەریم، غەفور، س.پ، ل٤٢.

مەهاباد لەکوردستانی ئێران بووم، بابەتە نوێیەکانی ڕۆژنامەی کوردستانم دەخوێندەوە کە دەگەیشتە دەستمان، لەهەر ژمارەیەکیدا بەدوای هۆنراوەکانی هێمن‌و هەژاردا دەگەڕام، هەرچەندە ئەوکات من لەتەمەنێکی وادا نەبووم ڕووداوەکان بەتەواویی تێبگەم‌و شیان بکەمەوە، کەچی لەبیرم دێ زۆر بۆ کۆمارە ساواکە بەپەرۆش بووین‌و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەبوژاندنەوەی جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی لەکوردستانی عێراق هەبوو، بەتایبەتیی لەسەر شاری سلێمانی کە ئەو دەمە سەنتەری جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی بوو لەکوردستانی عێراق لەهەردوو ڕووی نیشتمانیی‌و نەتەوەییەوە."[1]

هەر لەم قۆناغەدا بوو کە جووڵانەوەی (هەقەکان) لە باشووری کوردستان لەسەردەستی (مامە ڕەزای کوڕی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) وەك جووڵانەوەیەکی سۆفیگەرایی ئازادیخوازانە و جوتیارانەی پێشکەوتووخوازانە، گەیشتبووە قۆناغێکی پێگەیشتووتر و لە لایەن حکومەتی پاشایەتیی ئینگلیزخوای عێراق و چینە کۆنەپەرستەکانەوە بە توندیی دژایەتیی دەکرا، مامە ڕەزا وەك ئەرکێکی نەتەوەیی ،دەستەیەکی لە هەقەکان بەمەبەستی پشتگیرییکردنی کۆماری کوردستان ناردە مەهاباد، ئەم دەستەیە لەلایەن (شێخ موحەمەد ئەمینی مەڵحە) کە برای شێخ سەعید و خزمی سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکوك بوو، ڕێبەرایەتیی دەکرا و تا نزیك بە ڕووخاندنی کۆمار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەگەڕانەوە.[2]

دەکرێت بوترێت کەبیرۆکەی کۆکردنەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق لەحیزبێکی یەکگرتوودا بەناوی (پارتی دیموکراتی کورد–عێراق ) کەلە١٦ی ئابی ١٩٤٦دا بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا ڕاگەیەندرا[•]، لەژێر کاریگەریی کۆماری میللیی

---

[1] نوري. بهاء الدين، مذكراتي، الطبعة الثانية، سليمانية، ١٩٩٢،ص٣٥-٣٦.

[2] مستەفا عەسکەری، ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی "هەقە"، محمدی مەلاکریم پیاچۆتەوە و دایڕشتووەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ کردووە ، بغداد ، ١٩٨٣ ، ل٣٤-٣٥.

[•] شایەنی باسە لەکاتێکدا "پشدەری" باس لەوەدەکات کە مەلامستەفا لەبەر بێباوەڕیی بە حیزبی دیموکرات هەمزە عەبدوڵڵای ناردۆتەوە بۆ عێراق تاکو "پارتی دیموکراتی کورد" دابمەزرێنێت‌و دواتر دەڵێت "حیزبی دیموکراتی ئێرانیش ئەم کارەی زۆر پێ باش بووو پێکهێنانی ئەم حیزبە تازەیان لەکوردستانی عێراقدا بە هێوایێکی دووا ڕۆژی خۆیان ئەزانی". " گەراس .ئار.ڤی. ستانسفیلد" بە پشتبەستن بە " کۆچێرا"، دەڵێت کە قازیی محەمەد دژی

کوردستاندا هاتەدی، دوای ئەوەی مەلامستەفاو هاوڕێکانی لەمەهاباد هەستیان بەزەرووڕەتی هەنگاوێکی بەم چەشنە کردو چەند جارێك نوێنەری خۆیان بۆ کوردستانی عێراق ناردەوەو تا جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەو پەرتەوازییە رزگاری ببێت‌و لەژێر رێبەرایەتیی حیزبێکی یەکگرتووی پێشکەوتووخوازدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان دەست بەتێکۆشان بکەن.[1] ئەمەش لەو دەمەدا بۆ خۆی وەرچەرخانێکی ئەرێیی بوو لەمێژووی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد دژی رژێمی پاشایەتیی هاشمیی‌و دەسەڵاتی ئیستعماری بەریتانیی لەعێراق، ئەو رژێم‌و دەسەڵاتەی بەتوندیی دژی کەمترین مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد وەستابوون‌و فشارێکی گەورەیان بۆ سەر جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی لەعێراق دەستپێکردبوو، ئەو جووڵانەوەیەی کە (حیزبی شیوعی عێراقی) سومبلێکی دیاری بوو، هەر بۆیە ئەو حیزبەش بەپێی تێگەیشتن‌و هەڵوێستی لەجووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی لەناوچەکە، لایەنگری لەکۆمارەکەی مەهاباد کرد. هەروەك کەریم زەند ئاماژەی پێداوە کەبەدەستی خۆی نامەی (فەهد)ی سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی بۆ پێشەوا بردووە، کەتیایدا دانپێدانان‌و لایەنگری حیزبی شیوعی بۆ ئەو ئەزموونە نەتەوەیی‌و دیموکراتییەی گەلی کورد راگەیاندووە.[2]

شایەنی باسە، پارتی دیموکراتی کورد– عێراق هەر ئەو دەمە لە بەیاننامەیەکیدا کە ئاراستەی کوردانی هەورامیی کردووە، بایەخی نەتەوەیی کۆمار بۆ گەلی کورد روون دەکاتەوە تێیدا هاتووە:" کوردەکانی ایران لەم رۆژەی کەوا هیزی کۆنەپەرستی ایرانیان لە نیشتمانە خۆشەویستەکەتان دەرکرد حکومەتیکی دیموکراسی لە ژێر سەرۆکی پیشەوا جنابی قاضی محمد دامەزراند.هەر ئەم حکومەتەیە کە بتوانی پاریزگاری حقوقی مال و مندالتان بکات.بویە بویتە نشانگای دسائسی حکومەتی کۆنەپەرستی ایران و عراق بو

---

رێکخراوێکی بەم چەشنەبوو لە عێراق، ئەو بە مەلامستەفای گوتبوو :" دەبێت تەنیا حیزبێك هەبێت، تۆش نابێت سەربەخۆ لەو حیزبە هەڵسوڕێیت." بڕوانە: پشدەری، س پ، ٧٨-٨٠ ،. گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفیلد، کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسیی‌و پشکووتنی دیموکراسیی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٥٦.

[1] حەوێزی، س.پ، ل٣٩-٤١ .، عبداللە، علی، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق . تابەستنی کۆنگرەی سێ یەمی، بێ شوێن، ایلولی ١٩٨٦.

[2] رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٩١، ٣١ی گەلاوێژی ١٣٧٩.

نـەمانی.چـونکە درکیکـە بەچـاوی اسـتعمار و کونەپەرسـتی لەمـەش زیـاتر خەنجەریکـە لـە پەراسـویان چـەقیوە.ئـەم حکومەتـەش جیگـەی ئومیـدی هـەموو کـوردیکی کوردسـتانی مەزنە.هیزی استعمار و کونەپەرست ناتوانن هیچ کاریکی دەربارە بکەن.بە تـەلییکی سـەخت ئەمینیتەوە بۆ سەربەستی کوردستان.و گشت گروگیفیکی لەشکری ایـران و داوی حکومـەتی عـراق جرتـەجرتی استعمار دەربارەی ئەم حکومەتە انجامی بی بەرە. جا برایانی هـەورامی پـارتی دیمـوکراتی کـوردی عـراق بانگتـان ئـەکات کـە ببنـە پـشتیەوانی حکومـەتی مللـی کوردستان چونکە هەر ئەمەیە کو بتوانی حقوقی لی ستاندراوتان بۆ وەرگریتەوە و تولەی ئەو ناخۆشیانەی کە پەهلەوی لە سالی ١٩٣٤ بەسەری هینان بوتان بسینی.هـەر ئـەم حکومەتەیـە حکومەتی دلسۆزی خۆتـان و خۆشیتان پـی ئەگەیـەنی و بـرا بەشـیتان فلـە نیـو بلاودەکاتـەوە هەر ئەمە حکومەتی مللەتی کورد.جا بە پروپاگندەی ئـەم آغا بـەکری گیراوەکانـەی حکومەتـە کونەپەرست کار و استعمار بە هەلە مەچن و هەل مەخەلـەتین چونکە ئەمانـە ئەیانـەویت تـاکو مردنتان هەر بە نوکەری و ژیر دەستی بمیننەوە هەمو شتیکیان لی پەشمە جگـە لـە پیکهـاتنی داخوازی خۆیان و دەست بەسەراگرتنی حقوقی ئیوە نەبیت و هەر لەم دواکەوتنەدا بمیننـەوە برسیتی و هەژاری بتان کروژیت.دوای ئەمـە ئـەکون کـە لەسـەر حسابی دەست بەسـەری ایـوە خۆیان بەخۆشـی رائـەبوێرن. ئـەی آغاکـانی هـەورامان پارتیمـان لـە داودانانـەوە بـۆ حکومـەتی مللی کوردستان ئاگادارتان دەکاتەوە هوشتان لەخۆ بیت نەکەن فریوی اسـتعمار و حکومـەتی کونەپەرستی عراق بخون.خیانەت لەگەل مللەتی هەورامان و حکومەتی کوردستان نەکەن"[١]

لەلایەکی دیەوە، دوای دامەزراندنی کۆمار بەماوەیەکی کەم، قەدری جەمیل پاشا بەنوێنەرایەتیی کوردە نیشتمانپەروەرەکانی سووریاو لەڕێگای سلێمانییەوە خۆی گەیاندە مەهابادو پیرۆزبایی هەموو کوردەکانی سووریاو تورکیای بەپێشەوا گەیاند. ناوبراو لەیاداشتەکانیدا نووسیویە:" ئێمەی نیشتمانپەروەرانی کوردی کە لەسووریا بووین، بەبیستنی هەواڵی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد گەلێ دڵخۆش بووین، لەسەر پێشنیازی منو رازیبوونی هەڤاڵانم، بڕیارماندا کە بەمەبەستی بەستنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ حکومەتی کۆمار، سەردانی مەهاباد بکەم."[٢]

---

[1] ئەم بەیاننامەیەم بە سوپاسەوە لە دەزگای ئەرشیفی نەتەوەییەوە لە سلێمانی دەستکەوت کە لەلایەن مامۆستا عبدالرقیب یوسفەوە پێیان درابوو.

[٢] سلوپی، س.پ، ل٢٣٧.

لەراستییدا، وێڕای ئەوەی کۆماری میللیی کوردستان حکومەتێکی (دیفاکتۆ) بوو، ئامانجی هەروەك زۆربەی جار دووپاتدەکرایەوە بەدیهێنانی کوردستانێکی خودموختار بوو لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا، کەچی هەر لەسەرەتاوە هەموو ناسیونالیستە ئازادییخوازەکانی کورد لەپارچەکانی دیکەی کوردستان هیوای سەرکەوتن‌و بەرادەوامییان بۆ دەخوازی.[1] ئەوەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە کێشەی نەتەوەیی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا پەیوەندیی بەتین‌و نەپساوی بەپارچەکانی دیکەوە هەیەو هەر سەرکەوتن‌و بەدیهاتنی بەشێك لەئامانجەکانی لەپارچەیەکدا، دەستکەوت‌و هاندەرە بۆ پارچەکانی دی.

لەمەڕ جووڵانەوەی دیموکراتی سەرتاسەرییش لەئێراندا، کۆماری میللیی کوردستان‌و هاوپەیمانەکەی لەئازەربایجان جێی ئومێدو شانازیی دیموکراتخوازانی ئێرانیی بوون، ئەوانەی چاوەڕوانی ئەوەبوون ئەو شەپۆلە لەکوردستان‌و ئازەربایجانەوە بەرەو ناوەند بڕوات‌و سەراپای وڵات بگرێتەوە، بەجۆرێك لەئازادییەکی سەرتاسەریی لەئێرانێکی دیموکراتدا بەرقەرار بێت. ئەو پێشوازییە گەرمەی لەئازادییخوازانی تاران لەوەفدی تێکەڵاوی کوردو ئازەر کردیان کەلە ٢٨ی نیسان بە مەبەستی وتوێژ سەردانی ناوەندییان کرد بەڵگەیەکی روونە.[2] پشتگیریی رۆژنامە ئازادییخوازەکانی تارانی وەك: فرمان، ایران ما، رهبر، رعد.. هتد، لەداخوازییە رەواکانی کوردو ئازەرو ریسواکردنی تاکتیکە فێڵاوییەکانی حکومەتی ئێران بەڵگەیەکی ترە.[3]

خۆ ئەگەر هەردوو وەزارەتەکەی محسن الصدر (حوزەیرانی ١٩٤٥ ـ تشرینی یەکەمی ١٩٤٥)و ابراهیم حکیمی (تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ ـ کانونی دووەمی ١٩٤٦) کەدوو کەسایەتیی کۆنەپەرست‌و دژ بەدیموکراتخوازان بوون، نەیانتوانی جگە لەماوەیەکی کەم

---

[1] شایەنی باسە کاتێك (نوری ئەحمەدی تەها) کەئەفەسەرێکی ئازادییخوازی کوردی عێراق بوو لە هێزی میللیی کوردستاندا، گەڕایەوە سلێمانی بەمەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی، کەسانێکی زۆر بەهاندەری هۆشی نەتەوەییان دەستی هاوکارییان بۆ درێژ کرد، یەك لەوانە خاتوو (درەخشانی شێخ جەلالی حەفیدە) کەملە لیرەکەی خۆی بەکۆمار بەخشی، بڕوانە: مەحمود، عەبدوڵڵا کەریم و مەلا عزت، بەختیار، ئەو ژنەی ملە لیرەکەی پێشکەش بەکۆماری مهاباد کرد، گۆڤاری رێبازی خوێندکاران، ژمارە ٣١، سلێمانی، شوباتی ١٩٩٩، ل٨٣.

[2] ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل٢١٧-٢١٨.

[3] البرزی، حسن، درباره جنبش ملی و دموکراتیك ٢١ ازار ١٣٢٤ خلق اذربایجان یا انقلاب اکتوبر ایران، از انتشارات شعبه تبلیغات حزب توده ایران، باکو ١٣٦٤، ص٣٠٦.

نەبێت لەسەر کورسی دەسەڵات بمێننەوە، ئەوە تەنیا لەژێر کاریگەریی ئەو شەپۆلە دیموکراتخوازییە بوو کەسەرچاوەکەی لەکوردستانو ئازەربایجانەوە هەڵدەقوڵا. هەربۆیە جۆرە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەنێو جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی ئێرانییو جووڵانەوەی میللی دیموکراتیك لەئازەربایجانو کوردستان هەبوو، وەك پێشەوا ئاماژەی بۆ ئەم راستییەدا کاتێك نوێنەری رۆژنامەی (رهبر) لەتاران چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردو لێی پرسی:" پرسیار: نەهضەتی دیموکراتیکی کوردستان تاچ ئەندازەیەك یارمەتی دیموکراسی ئایندەی ئێران دەدا؟ وەڵام: نەهضەتی ئێمە لەئازادیخوازانی تارانەوە ئیلهامی گیر کەوت.. قەڵەمی ئێوە لەتاران کاری سەد شمشێری ئێمەی لە منطقەی خومان کردو میلەتی ئێمە زوریان دڵ بە نەهضەتی ئازادیخوازانی ئێرانەوەیە، رۆژنامەی ئازادیخوازاکانی تاران بەئیشتیاوە دەخوێنینەوە."[١]

هەر لەبەرتیشکی ئەو راستییەی سەرەوەدا بوو کە ح.د.ك ئامادەبوو بەپراکتیك و بەمەبەستی سەرخستنی جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی ئێرانیی لە٢ی تشرینی ١٩٤٦دا لەگەڵ رێکخراوە دیموکراتخوازەکانی وەك حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان، حیزبی سۆسیالیست، حیزبی جەنگڵ (اجتماعیون)دا لەبەرەیەکی یەکگرتوودا تێکۆشانی هەبێت.[٢] دواتریش کە سەرۆك وەزیرانی نوێ (قوام السلطنە) لەبارەگای سەرەکیی حیزبی تودەوە لەتاران وەك تاکتیك رایگەیاند کەبەرەیەکی دیموکراتیی یەکگرتوو لەنێوان حیزبەکەی (حیزبی دیموکراتی ئێران)و حیزبی تودەو باقی رێکخراوە دیموکراتییەکانی تر بەمەبەستی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی پازدە پێکدەهێنێت، ح.د .ك وەك حیزبێکی دیموکراتیی بەتەلەگرافێك پیرۆزبایی لەو هەنگاوە کردو بەئەندامبوونی خۆی لەو بەرەیەدا راگەیاند، دوای ئەوەی ئاماژەی بەوەدا کەپێویستە هەڵوێست بەرامبەر رووداوەکانی کوردستان لەلایەن ئەو بەرەیەوە وەربگیرێت، چونکە وەك لە تەلەگرافەکەدا هاتبوو:" ئەوە شەش مانگە ئیرتیجاع بەتۆپو تانكو فرۆکە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان ئاگر باران دەکات."[٣]

---

[١] وەرگیراوە لە: ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل ٢٣٧-

[٢] کوهستان، ١٣ ابان ١٣٢٥.

[٣] ه.س ، ١٤ ازر ١٣٢٥.

## باسی دووەم: کۆماری میللیی کوردستان لەگێژەنگی هەڵوێستو سیاسەتی هەرێمیی و نێو دەوڵەتییدا

ئاشکرایە کە راگەیاندنی کۆماری میللیی کوردستان لەشاری مەهابادو دامەزراندنی دامودەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردیی لەلایەن سەرانی ح.د.ك ەوە، قۆزتنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییە بوو کە بۆجووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەئێران هاتبووەپێش و هەوڵێك بوو بۆ هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ کە ببێتە فاکتەری فشار لەسەر لێپرسراوانی ئێرانیی لەتاران، تاکو دان بەلانی کەمی مافە نەتەوایەتییەکان و ئینسانییەکانی گەلی کورد لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتییدا بنێن. بەواتایەکی دی، حکومەتە کوردییەکەی مەهاباد بانگەشەی سەربەخۆخوازیی و جیابوونەوەی کوردستانی لەئێران نەدەکردو بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و یەکگرتنەوەی کوردستانی دابەشکراو تێنەدەکۆشا، ستراتیژێکی بەم جۆرە نە لەبەرنامەی حیزبدا شوێنێکی هەبوو، نە لەپراکتیکیشدا هەوڵی بۆ دەدرا، چونکە رێبەرانی ح.د.ك وێڕای ئەوەی بەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆو یەکگرتوو خەون و ئاواتیان بوو، بەڵام باوەڕیشیان بەو راستییە هەبوو کەهەلومەرجی نێوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتیی ئەو قۆناغەی بەردەم جووڵانەوەی کوردایەتیی هەر ئەوەندەی تێدا لەباردا بووبێتەدی.[1]

هەربۆیە دەبینین کە پێشەوا قازیی لەزۆربەی وتارو چاوپێکەوتنەکانیشدا، رێزی خۆی و حکومەتەکەی بۆ یەکێتیی خاکی ئێران و یاسای بنەڕەتیی ئێران دووپاتکردۆتەوەو بانگەوازی بۆ لێپرسراوانی دەسەڵاتی ناوەندیی کردووە بۆ چەسپاندنی دیموکراسیی تێبکۆشن و واز لەکەڵەگایی و دیکتاتۆریی بێنن و چاوێك بە سیاسەتەکانیان بەرامبەر گەلی کورد لەئێراندا بخشێنینەوە، ئەو سیاسەتانەی لەرووی نەتەوەیی و ئینسانییەوە چ مافێکی بە کورد رەوا نەدیبوو. بەپراکتیکیش بۆ دادۆشینی ئابووریی کوردستان و تواندنەوەی گەلی کورد لە بۆتەی نەتەوەی زاڵدا تێدەکۆشا.

---

[1] أرفع ئەو نەخشەیەی کوردستانی مەزن کە لە ئۆفیسەکەی پێشەوا قازی محمد هەڵواسرابوو بە بەڵگەی سەربەخۆییخوازیی کۆمار دەهێنێتەوەو دەڵێت قازیی محمد خوازیاری ئەوەبوو ببێتە ڕابەری هەموو کوردەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست. أرفع ,س.پ, ل٨٦.

بەمجۆرە لەبەرتیشکی ئەو راستییەی سەرەوەدا دەتوانرێت بوترێت، کە ستراتیژی سیاسیی - سوپایی کۆماری میللیی کوردستان ستراتیژێکی رادیکاڵانەو هێرشبەرانە نەبوو، بەڵکو ئاشتیخوازانەو هێمنانەبووە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و چارەسەرکردنی گرفتەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییدا، بڕوای بەخەباتی سیاسیی و گفتوگۆ بوو نەك لەشکرکێشیی و توندوتیژیی، دامەزراندنی سوپای میللی کوردستانیش بۆ نمایش و پاراستنی دەستکەوتەکەو سەپاندنی بوو بەسەر هەردوو حکومەتی ئازەربایجان و تاراندا گەر رەتکرایەوە.

نوێنەری رۆژنامەی (وطن یولدا/ لەرێگای نیشتماندا) لەچاوپێکەوتنێکیدا پرسیاری لەپێشەوا کرد:

"پرسیار: لەتاران دەڵێن کوردان بەرەهبەری جەنابت جویٚ بوونەوەو ئیستقلالی کوردستانیان دەویٚ، ئایا راستە؟

وەڵام: نەخەیر راست نییە، لەبەر ئەوەی کەئێمە لەدەوڵەتی ئێران ئیجرای قانونی ئەساسیمان دەووێ دەمانەوی بەخودموختاری لەژێر بەیداغی ئێران دا بژین، وەخود موختاریشمان وەگیر کەوتوە."[1].

کاتێکیش پەیامنێری رۆژنامەی (مردم) دەربارەی چۆنێتیی پیادەکردنی ئەو خودموختارییەی کە پێشەوا دەیگوت چوار ساڵە لەکوردستاندا بەرقەرارە، پرسیاری کرد، پێشەوا بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

" کاتێکی ویستمان خودموختاری لەکوردستان بەعەمەلی پیادە بکەین هەڵبژاردنمان کرد، نوێنەرانی ناوچەکانی کوردستان هاتنە مەهاباد، هەیئەتێکیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی کوردستان و دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی هەڵبژارد، ئەم هەیئەتە بەناوی (هەیئەتی رئیسەی میللی) ناونرا"[2].

لەلایەکی دیەوە، گەر سەرنجی ناوەرۆکی بابەتەکانی رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی کۆمارو وتارەکانی پێشەواو سەرانی دی حکومەتی کوردستان بدرێت، جگە لەوەی پێداگرتن لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و باس لەخواستە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد لەئێران و

---

[1] شریف،س.پ، ل٣٨.

[2] مردم، تهران، ١١ بهمن ١٣٢٤.

لەقاودانی سیاسەتی دیکتاتۆریی و سەرکوتکەرانەی رەزاشا، چ هێرشێکی بۆ سەر دەوڵەتی ئێران و خودی شەخسی محەمەدرەزا شا تیادا نابینرێت. بانگەشەی راپەڕین دژی دەسەڵاتی ناوەندیی و سەرنگونکردنی رژێمی شاهەنشاهیی بەرچاوناکەوێ، بەڵکو دان بەدەسەڵاتی ناوەندییدا نراوەو داواشی لێکراوە کە ئەویش حیسابێك بۆ حکومەتی میللی کوردستان و ئامانجەکانی بکات. هەروەك پێشەوا لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەی (فرانس پریس) ئاماژەی بۆدا:" کورد رازی ئەبێ ئەگەر حکومەتی ناوەندیی بڕیار بدا قانونی دیموکراتی لەهەمو ئێراندا جێبەجێ بکری و، دان بنێ بەو قانونانەدا کەئێستا لەکوردستاندا سەبارەت بەخوێندنی کوردی و ئوتونومی بەرێوەبەرایەتی ناوچەیی و لەشکر کاریان پێ ئەکرێ"[1]

شایەنی باسە، رژێمی محەمەدرەزا شا و دەسەڵاتدارانی تاران کەبەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی بەئاگروئاسن وەڵامی ناڕەزایی و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و عەشیرەتە کوردەکانی کوردستانی ئێرانیان دابۆوەو جووڵانەوەکانیان لەبانەو، ورمێ و، هەورامان و مەریوان لەرێگای لەشکرکێشیی و کوشت وکوشتارەوە دامرکاندبوون، ئامادەییەکیان نەبوو دان بەشتێکدا بنێن بەناوی کێشەی نەتەوایەتی لەئێرانداو بەرنامەیەکیان بۆ دابینکردنی مافی نەتەوە نەفارسەکانی وڵات بەدەستەوە نەبوو. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کەچەسپاندنی رژێمێکی دیموکراتیی لەئێراندا کەتیایدا جۆرە یەکسانییەك لەنێوان نەتەوەکانی وڵاتدا بێنێتەدی بەتەواویی پێچەوانەی بنەماکانی دەوڵەتی شاهەنشاهییە کە لەسەر باڵادەستیی رەگەزیی فارس و ناوەندێتییەکی توندوتیژو پێشێلکردنی مافی نەتەوە نەفارسەکان بەناوی ئێرانییبوونەوە دامەزراو، هەر لەبەر تیشکی ئەم بۆچوونەش و لەسەرەتاوە چینی دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لەتاران هەڵوێستیان لەکۆماری میللیی کوردستان و داواکارییە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی وەرگرت، بەوەی هەڕەشەیەکی مەزنە لەسەر دەسەڵاتی ناوەندیی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵات و هەوڵێکە بۆ لەتوپەتکردنی خاکی (پیرۆزی) ئێران. جگە لەوەی سەراپای مەسەلەکەشیان بەدەستێوەردانی بێگانەو هەوڵی کۆمۆنیستخوازیی و

[1] وەرگیراوە لە:ئەمین , حکومەتی کوردستان, ل٢٣٣.

**سەربەخۆخوازیی دایەقەڵەمو سەرانی کۆماریشیان بە: یاغی، اشرار، وطن فرۆش، (رجالەهاو خائین) لەئاخاوتن‌و بڵاوکراوە رەسمییەکانی حکومەتدا نیوزەد دەکرد.[1] ئەم هەڵوێستە دژەی رژێمی محەمەدرەزا شا بەرامبەر کۆماری میللیی کوردستان لەلایەکەوە بۆ شێواندنی رووی راستییەکان‌و خۆدزینەوەبوو لەدانانی رێگاچارەیەکی ئاشتییانەی کێشەی کورد لەئێران، لەلایەکی دیشەوە بۆ راکێشانی سەرنجی حکومەتەکانی تورکیاو عێراق‌و سووریاو زلهێزەکانی وەك ئەمەریکاو بەریتانیاو وڵاتە سەرمایەدارەکانی دی رۆژئاوا بوو تا پشتگیریی حکومەتی ئێران بکەن‌و لەو قەیرانە سیاسییە قووڵەی تێیکەوتووە بەقازانجی دەسەڵاتی ناوەندیی دەستی هاوکاریی بۆ درێژ بکەن.**

**صدری قازیی نوێنەری مەهابادو ناوچەی موکریان لەیەکێك لەدانیشتنەکانی خولی چواردەی مەجلیسی شورای ئێرانییدا رایگەیاند:" شتێك نییە لەمەهاباد بەناوی جووڵانەوەیەکی سەربەخۆخوازیی.. ئەوانەی ئێوە بەیاخیی نێویان دەبەن چەند مانگێك بەر لەئێستا بەتەلەگرافێك ١٥٠ فرسەخیان بڕی‌و خۆیان گەیاندە تاران"[2]**

**لەئاخاوتنێکی تریدا صدر بەئەندامانی مەجلیسی وت:" خەڵکی کوردستان هیچ کاتێك بیریان لەجیابوونەوە نەکردۆتەوەو بەپێی عەقیدەو مەزهەبیان هەمیشە گوێڕایەڵی حاکمی وەختیان کردووە، ئەو کۆمەڵە کۆمۆنیستییەی لەکوردستاندا باسی لێوە دەکرێت چ راستییەکی بۆ نییە.. بەداخەوە کاتێك تۆمەت هەڵدەبەسترێت مەهاباد بەشی شێری بەردەکەوێت، کەچی وەختی دابەشکردنی بودجەی وڵات بۆ فەرهەنگ‌و تەندروستی ئەم شارە ناوی لەکولەکەی تەڕیشیدا نییە" [3].**

---

**[1] رۆژنامەی (جبهە) ی زمانحاڵی حیزبی ئێران لە وەڵامی بڵاوکراوە فەرمییەکانی حکومەتدا نووسیویە: (( ناڕەزایی لە سەراسەری ئەم مەملەکەتەدا حوکمفەرمایە , گوتمان تەنیا ترسی سەرەنێزەیە ڕێگرە لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران , ئەمڕۆ هێزێك لە ئازەر بایجان هەیەو خەڵکی بە پاڵپشتی ئەو هێزە ڕادەپەڕن , ئەگەر سبەی هێزێکیش لە کرمان پەیدا بێت , کرمانێکی برسیی‌و ڕووت , کرمانێکی بێچارە کە لە سەدا نەوەتی بە نانی شەو موحتاجن , ئەوا بێگومان لەوێش ڕاپەرین دەست پێدەکات . ئایا ئەگەر لە هەر چوار گۆشەی مەملەکەتدا ئاڵای ڕاپەرین هەڵکرێت , هێشتا حکومەت هەموویان بە یاخیی‌و موتەجاسر ناو دەبات)). جبهە, تهران, ٣٠ ێژرماه١٣٢٤.**

**[2] کوهستان , ٢٨ێبان ١٣٢٤.**

**[3] ه.س, ٥ ێژرماه ١٣٢٤.**

لەلایەکی ترەوە هاتنی بارزانییەکانو ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی کوردستانی عێراق بۆ ناوچەی موکریان، ببووە بنێشتەخۆشەی سەر زمانی رۆژنامە فەرمییەکانی حکومەتی ئێران، ئەوانەی لەنووسینەکانیاندا هەوڵی چەواشەکردنی رای گشتیی‌و ئاوەژووکردنەوەی راستییەکانیان دەداو پروپاگندەی ئەوەیان بڵاودەکردەوە گوایە بارزانییەکان تاقمێك چەکداری دزو رێگری بێ پرنسیپن‌و بەفیکی بێگانەو بەمەبەستی ئاژاوەگێڕیی‌و هەڕەشە لە سەروەریی دەوڵەتی شاهەنشاهیی سنوورریان بەزاندووەو بونەتە داشی دەستی یاخییانی مەهاباد." [1]

شایەنی باسە، ڕاگەیاندنی کۆماری میللیی کوردستان لە ساتێکدا بوو کە بۆشاییەکی حکومەتیی لە تاران پێکهاتبوو. چونکە وەك دەزانرێت (ابراهیم حکیمی) ی سەرۆك وەزیران لە بەرواری ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ دا دەستی لەکارکێشایەوە، شەش ڕۆژ دوای ئەو مێژووە، نوێنەرانی مەجلیسی شورا بەدەنگێك زیاتر (أحمد قوام سلطنه)[2]یان بە سەرۆك وەزیرانی نوێ هەڵبژارد.[3] قەوام کە سیاسەتکارێکی دنیادیتەو فێڵباز بوو، هەرچەند تێڕوانینێکی ئەرێییانەی لە ئاست کێشەی نەتەوایەتیی کورد و جووڵانەوەی

---

[1] شایەنی باسە (جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا) کەئەوسا لەتاران وەك پەناهێندەیەك دەژیا، بەرامبەر ئەم هێرش‌و پەلامارەی رۆژنامە فەرمییەکانی ناوەند بۆسەر بارزانییەکان خۆی پێ رانەگیراو بەوتارێك وەڵامی داونەتەوەو سروشتی ئازادییخوازیی‌و دژی ئیستعماری راپەرینی بارزانی بۆ رای گشتیی ئێرانیی روونکردۆتەوە، ئێمە پێشتر دەقی وتارەکەمان لەفارسییەوە کردۆتە کوردیی‌و بۆ یەکەمجار بڵاومان کردۆتەوە. بڕوانە:

کوردیار، قارەمانی شۆرشی ئاگرداغ بەوتاریك بارزانی وەك رابەرێکی نەتەوەیی‌و ئازادیخوازی کورد بەرای گشتی ئێرانی دەناسێنێت، گۆڤاری مەتین، ژمارە ٩٤،چریادوێ، ١٩٩٩، ل٣-٨.

[2] ئەحمەد قەوام ئەلسەلتەنە موڵکدارێکی گەیلانی گەورەو سیاسەتکارێکی کۆنە ساڵی سەردەمی قاجارییەکان بوو، لەبزاڤی مەشرووتە خوازیدا وەك ئازادیخوازێك بەشداری کردووەو بەخەتەخۆشەکەی داواکاریی مەشرووتەخواکانی دەنووسی، رێك پۆش‌و خۆش مەشرەب بوو، حەزی بەیاری پۆکەرو کۆڕی ئەدەبی دەکرد، لەساڵی ١٩١٠-١٩١١ وەزارەتی جەنگی گرتەدەست، لەساڵی ١٩١١ وەزیری ناوخۆو لەساڵی ١٩٢١-١٩٢٢دا بۆیەکەم جار بووە سەرۆك وەزیرانی ئێران، تا ساڵی ١٩٤٦ چەند جارێکی دی پۆستی سەرەك وەزیرانی گرتۆتە دەست، سەرچاوەکان بەگشتی لەسەر لێهاتووی‌و زیرەکی قەوام‌و پەیوەندی توندوتۆڵی خۆی‌و بنەماڵەکەی بەئینگلیزەکانەوە لەئێران یەکدەگرنەوە.

عاقلی , باقر, میرزا أحمد خان قوام السلطنة در دوران قاجایە و پهلوی, چاپ دوم , چاپخانە أحمدی,١٣٧٧, انتشارات جاویدان " نیا, جعفر مهدی , زندگی سیاسی قوام السلطنة, چاپ دوم , تهران , تابستان ١٣٦٦.

[3] اوری , س.پ, ل٢٩.

دیموکراتیی سەرتاسەریی ئێران نەبوو و لەم بوارەشدا لە سەرۆك وەزیرەکانی دی پێش خۆی نیازپاکتر نەبوو. بەڵام لەبەر تیشکی ئەو راستییە هەنگاوی دەنا کە ناکرێت لەو قۆناغەدا هێرشێکی سەرتاسەریی بکرێتە سەر جووڵانەوەی میللیی ئازەربایجان و کوردستان و دواتر ئازادییخوازانی ناوچەکانی تری ئێران. چونکە بەڕای قەوام بوونی هێزەکانی سوپای سوور لە باکووری وڵات ڕێگریی بەدیهاتنی هەنگاوێکی بەمجۆرەیە، هەربۆیە پیویستە یەکەم هەوڵ بۆ دەرکردنی هێزەکانی شورەویی لەئێران دەستپێبکرێت و سوپای سوور لە هەر رووبەڕووبونەیەکی ئایندەیی نێوان حکومەتی ئێران و هەردوو دەسەڵاتە ئازەریی و کوردییەکە بێلایەن بکرێت، دواتر قەوام لە ڕێگەی چەند تاکتیکێکی دیماگۆجییانەی زیرەکانە دەتوانێت یاری بەکارتەکانی ناوخۆو دەرەوە بکات و بنەماکانی هەردوو دەسەڵاتەکەی تەبرێزو مەهاباد کلۆر بکات و دوای بە ناوخۆییکردنی مەسەلەکە و دابڕینی لە فاکتەری نێودەوڵەتیی هەنگاوی دووەم بنێت و گورزی خۆی لێیان بوەشێنێت.

بەمشێوەیە، قەوام سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان وکێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران، بەرنامەیەکی جیاوازی لە حکومەتەکانی پێش خۆی لە هەگبەدا نەبوو، .ئەو لە کاتێکدا تۆڕێکی جاسووسیی فراوانی دامەزراند کە وردترین هەواڵەکانی کوردستان وئازەربایجان و ناوچە ئاڵۆزەکانی تری پێبگەیەنێت[1] لە کاتێکدا کە رۆژ لەدوای رۆژ لەشکری شاهەنشاهیی و بنکەکانی سوپای ئێران لە ناوچەکانی باشووری کوردستان بەهێزدەکران و سەنگەربەندییان دەکرد، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی سەربازیی و دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەت ڕۆژانە دەیەها کەسیان لەپیاوە ناودارەکانی کورد دەگرت و دوریان دەخستنەوەو عەشیرەتە کوردە دەوڵەتخواکانیان لەکۆمار هاندەدا.[2] لەم

---

[1] قەوام لە یاداشتەکانیدائاماژەی بە م تۆڕە جاسووسیانە داوەودەڵێت بە هۆی ئەم تۆڕەوە هەواڵەکانی خۆئامادە کردن بۆ ڕاپەرینمان لە هەمەدان، مازەندەران و مەلایەر زانی و زوو پێشگیریمان لێکردن, شایەنی باسە(حسین مکی) مێژوونوسی ئێرانیی، ئەندامێکی چالاکی ئەم تۆڕە جاسووسییانە بووەو بە هۆی ئەوەوە بوو راپەرینی مەلایەر پوچکرایەوە. بڕوانە: عاقلی ,س.پ,ل٤٤٢.

[2] لەشاری سنەو سەقز کەسانی وەك (رەشید دەباغی , شیخ الاسلامی, موحسین جەعفەر زادە, ئەحمەد عەبەڕەش) گیران. لە ناوچەی مەریوانیش جگە لە چەند کەسایەتیەکی ناودار محمد خانی کوڕی محمود خان کانی سانانیش گیراو دوورخرایەوە. کوهستان ,١٦ اردیبهشت ١٣٢٥ و ١٣ خرداد ١٣٢٥.

کاتەدا قەوام کەوتبووە وازییەکی سیاسیی و دبلۆماسیی بەهێز لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوەی ئێران. لەم وازییەشدا قەوام مەسەلەی کوردو کۆماری میللیی کوردستانی بەبەشێك لەو ئاژاوەیە تەماشادەکرد کەشورەویی لەئازەربایجانی ئێران بەرپای کردووە. هەربۆیە پێی وابوو کە پێویست ناکات ئاوڕێکی تایبەت لەکوردستان بدرێتەوە، چونکە بەدەرکردنی سوپای سوور لەئێران و چارەسەرکردنی مەسەلەی ئازەربایجان، مەسەلەی کوردستان بەشێوەیەکی ئوتۆماتیکیی کۆتاییدێت. بەمجۆرە قەوام ئەلسەلتەنە لەگەڵ ئەوەی خۆی بە روویەکی دیموکراتیخوازو دۆستی شورەویی دەدایە قەڵەم و بەرگێکی فریودەرانەی لەم رووەوە پۆشیووە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە کەوتە سازدانی زەمینەیەکی گونجاو لەرووی سیاسیی، دبلۆماسیی، سەربازیی و لەسەر ئاستی دەرەوەو ناوەوەی ئێران تا هەردوو دەسەڵاتە میللیەکەی تەبرێزو مەهاباد بهاڕێت.

لەبەرئەوە جێگای سەرسوورمان نییە، لەکاتێکدا رێبەرایەتیی کۆماری میللیی کوردستان بەمەبەستی نیازپاکی شاندێکیان لەکۆتایی کانونی دووەمی ١٩٤٦دا رەوانەی شاری سنە کرد تا لەگەڵ حاکمی ئێرانیی ئەو شارە بکەونە گفتوگۆو داخوازییەکانیان پێشکەشی حکومەتی ئێران بکەن. دەسەڵاتدارانی تاران هەڵوێستێکی فەرمیی و ئەرێییان لەدواکارییەکانی شاندەکە پێشان نەدا کە بریتیبوو لە دانپێدانان بە مەهاباد وەك ناوەندێکی کوردستانی باکوورو دامەزراندنی ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەرایەتیی لەکوردستان و بەکوردییکردنی زمانی فەرمیی ناوچەکەو رازیبوون بەخەرجکردنی بڕی ٣/٤ی داهاتی ناوچەکە بۆ ئاوەدانکرنەوەو چارەسەرکردنی گرفتە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە خۆی. [١] هەر لەم قۆناغەدا رق و کینەی محەمەدرەزا شا لەسەرانی کۆمارو دەستکەوتە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەیشتنە رادەیەك بڕی ١٠٠/٠٠٠ تومانی لەگەنجینەی شەخسیی خۆی بۆ لەناوبردنی ح.د.ك تەرخان کرد. [٤٢]

---

[1] د.ك.و, الوحدة الوثائقية, ملفات البلاط الملكي, الملف٤٩٥٣, الوثيقة ٤١و الوثيقة ٦٩, ص٧٧ و ١٢٤في ٦شباط ١٩٤٦" البكاء س,س.پ, ل٢٢٠.

[2] د.ك.و, الوحدة الوثائقية, ملفات البلاط الملكي, الملف٤٩٥٣,الوثيقة ١٧٧, كتاب المفوضية العراقية في طهران بتأريخ ٥تشرين الثاني ١٩٤٥, ص ٣٢٢.

جگە لەوەی هەوڵێکی زۆر درا نفوزی کۆمار بەرەو ناوچەکانی دی کوردستانی وەك سنەو کرماشان سەرەوژێر نەبێتەوەو لەناوچەی موکریاندا قەتیس بکرێت، تا لەژێر ئەو گەمارۆ ئابورییەی تاران بەسەر ناوچەکەدا سەپاندبووی، ئەو ئەزموونە بەڕێوەبەرایەتییە کوردییە رۆژ بەرۆژ لاوازتر بێت و هەلومەرجی رووخاندنی لەناوخۆدا بۆ بڕەخسێت.

لەراستییدا، فاکتەری ئاڵۆزی جیوسیاسیی کوردستانی ئێران رۆڵێکی یارمەتیدەرانەی دەدایە دەسەڵاتدارانی تاران تا پیلانەکانیان دژی کۆماری میللیی کوردستان بەئاسانیی جێبەجێبکەن و لەم بوارەشدا هاودەردیی و هاوکاریی هەردوو دەوڵەتی عێراق و تورکیا بۆ خۆیان مسۆگەربکەن، وەك دەزانرێت پروپاگەندەی خەستیی دەزگا راگەیاندنەکانی دوور لەڕاستی حکومەتی ئێران و هەندێك ئاژانسە بێگانەکان لەمەڕ هەوڵی سەربەخۆخوازیی کوردەکان و ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی کەسەرانسەری خاکی کوردستانی مەزن بگرێتەوە، بەهاوکاریی و پاڵپشتی رووسیای شورەویی، بەجارێك ترس ولەرزی لەدڵی چینە دەسەڵاتدارەکانی تورکیاو عێراق خستبوو. چونکە وەك ئاشکرایە تورکیا مەزنترین پارچەی کوردستانی لەخۆگرتووە کە زۆرترین ژمارەی کوردی تیادا دەژین و لەکەمترین ماف نەتەوەیی بێبەشن و لەبارودۆخێکی ناهەمواردا دەگوزەران، بگرە هەر بەکوردیش ناو نەدەبران.

لەعێراقیشدا، زۆرنەبوو رژێمی پاشایەتیی بەهەزار دەردەسەریی و بەهاوکاریی هێزە هەواییەکانی ئیستعماری بەریتانیی، توانیبووی راپەڕینی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) دامرکێنێت و راپەڕیوەکان بۆ ئەو دیو سنوور دەرپەڕێنێت، پەرەسەندنی رووداوەکانی موکریان و بەشدارییکردنی بارزانییەکان لەسوپای میللیی کوردستاندا ئەوەی دەکردە چاوەڕوانی رژێمی پاشایەتی لەعێراق کە بەپەرەگرتنی نفوزی کۆمار زۆر نابا مەلامستەفاو هاوڕێکانی دەگەڕێنەوە ناوچەی بارزان و ئەمجارە شورەوییش پاڵپشتیانەو لەجاران خراپتر ئاڵۆزیی بۆ سەراپای وڵات دەگەڕێتەوە. هەربۆیە ئەم مەسەلەیە بەدرێژایی تەمەنی کۆمارو تا پەنابردنی بارزانییەکان بۆ شورەویی، ببووە دێوەزمەو رژێمی پاشایەتیی هاشمیی هەراسان کردبوو. لێرەوە ئاسایی دێتەبەرچاو کە هەردوو دەوڵەتی عێراق و تورکیا بەوریایی و ترسەوە چاودێری رووداوەکانی کوردستانی ئێران و

کارەکانی کۆماری میللیی کوردستانیان دەکردو کەوتبوونە خۆ تا پلانی هاوبەش‌و گونجاو بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئاکامە (زیانبەخشەکانی) لەسەر ئاسایشی وڵاتەکەیان دابنێن، گەر هاتوو لەداهاتوودا مەسەلەکە لەسنووری کوردستانی ئێرانی تێپەڕاند.

(اسماعیل نامق) سەرۆکی ستادی گشتیی سوپای عێراق لەرۆژنامەی (الجهاد)دا سەبارەت بە بایەخدانی حکومەتی عێراق بە رووداوەکانی کوردستانی ئێران رایگەیاند:" زۆر بەوردیی هەلومەرجەکەمان خستۆتە ژێر چاودێرییەوە، مەلامستەفا بارزانی کەلەساڵی ١٩٤٥ دا راپەڕینی کوردەکانی عێراقی رابەرایەتیی دەکردو ئێستا لەئێرانەو لەناوچەی نفوزی شورەوییدایە، ئەو هەواڵانەی لەکوردستانەوە بەدەستمان گەیشتوون باس لەوەدەکەن کە بەم زوانە کوردەکانی عێراقیش رادەپەڕن، دەوڵەتی عێراق بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم خەتەرە بە هەموو جۆرێك خۆی ئامادە کردووە، بەتایبەتیی لەسەر سنوورەکانی ئێران - عیراق، تا لەکاتی قەومانی هەر رووداوێکی بەمجۆرەدا بۆ بەرەنگاریی دەستبەکاربێت.[١]

نوێنەری یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عێراقیش لەلایەن خۆیەوە ئەوەی راگەیاند، کە حکومەتی عێراق داوای تەسلیمکردنەوەی مەلامستەفای لەحکومەتی ئێران کردووە، بەڵام ئەوان وەڵامیان بەو جۆرە داوەتەوە کە مەلامستەفا لەناوچەی دەسەڵاتی شورەوییدا دەسووڕێتەوە، شورەوییش بونی مەلامستەفای لەئێران سەلماندووە، بەڵام ئەوەی رەتکردۆتەوە کە لەناوچەی نفوزی هێزەکانیدا بێت.[٢] رۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف/ the daily telegraph) سەبارەت بەئەگەری هەڵایسانی شۆرشی کوردەکانی عێراق نووسیویە:" کوردەکانی عێراق زۆر بەوردیی گرنگیی بەرووداوەکانی ئێران دەدەن، گومانی تێدا نییە کە هەڵایسانی جووڵانەوەیەکی کوردیی لەعێراقدا زادەی سەرکەوتنی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران دەبێت، ئەگەر شۆڕش لەکوردستانی

---

[1] الجهاد, العدد٥١, ٢٠ ئۆار ١٩٤٦.

[2] مهر ایران, تهران ٢٥ فروردین ١٣٢٥.

عێراق هەڵگیرسیٚ، ئەوا ئەو شۆڕشە هەڕەشە لەکارگەو چاڵە نەوتەکانی کەرکوك‌و بۆری نەوتی حەیفاو تەرابلس دەکات."[١]

ڕۆژنامەی (المصری) چاپی مسریش، لەلایەن خۆیەوە ئەم ترس‌و دڵەڕاوکێیەی عێراقی دووپاتکردۆتەوەو باسی لەوەکردووە کە حکومەتی عێراق ترسی ئەوەی هەیە جووڵانەوەی کوردەکانی ئێران ببێتە مایەی گەڕانەوەی مەلامستەفاو ڕاپەڕینی کوردەکانی عێراق، ئەو ڕاپەڕینەی کە بۆ دەوڵەتی عێراق زۆر زیانبەخش دەبێت، چونکە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ مانای لەدەستچوونی سەرزەمینێکی فراوان‌و چاوگە نەوتییەکانی باکووری وڵات دەگەیەنێت کە زۆر دەوڵەمەندن. هەروەها ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەهەڵویٚستی حکومەتی عێراق داوە کەزۆر بەتوندیی دژی کارێکی لەو چەشنە دەوەستێتەوە، بەوردیش چاودێری یەکێتی شورەویی ودەکات بۆ ئەوەی بزانێت کە تاکو چ ڕادەیەك شورەویی ئارەزووی گەیشتنی بەچاڵە نەوتەکانی کەنداوی لەکەللەدایە، چونکە مەسەلەیەکی وا چاوەڕوانکراوو ئەو دەمەش نە عێراق‌و نە بەریتانیای هاوپەیمانی، لەپیلانێکی وا بێدەنگ نابن."[٢]

بەمشێوەیە، لەکاتێکدا حکومەتی عێراق ٣/٢ی هێزەکانی کەلە ٤ لەشکری سەربازیی‌و ٧٠٠٠ پۆلیس پێکدەهات لەسەر سنووری کوردستانی عێراق - ئێران کۆکردبۆوە،[٣]لەهەمانکاتدا لەناوخۆی کوردستانی عێراقیشدا چەند تاکتیکێکی دیماگۆجیانەی گرتەبەرو کە گەلی کوردی پیٚ بخافڵێنیٚ. بۆنموونە لەکاتێکدا حکومەتی ئێران وەك بەشێك لەبەرنامەی گەمارۆ ئابورییەکەی بەسەر کۆماردا، خۆی لەکڕینی بەرهەمی توتنی ناوچەی موکریان دەبواردو نرخی کڕینی توتنیشی لەباشوورو ناوەند کوردستانی ئێران بەرێژەی ٢٥٪ کەمکردبۆوە، دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عێراقیی نرخی کڕینی توتنیان لەکوردستانی عێراق بەرزکردەوە. غەفوری میرزا کەریم لەیاداشتەکانیدا نووسیویە:" لەو کاتەدا ڕژێمی گەندەڵ‌و دواکەتووی عێراق بە فیتی ئینگلیز بۆئەوەی

---

[1] شەمزینی ،س.پ, ل٢٢٢.

[2] وەرگیراوە لە : کوهستان ، ٩ أردیبهشت,١٣٢٥.

[3] هـ.س, ٣٠ أردیبهشت, ١٣٢٥.

ئاغاو کوێخاو ناودارانو کوردپەروەران نەچنە ژێر ئالآی بەرزو پیرۆزی (کۆماری کوردستان) لەمەهابادو رازی بن بەوەی لەکوردستان بمێننەوەو پشتگیری لەکۆمارەکە نەکەن نرخی توتنیان بەرزکردەوە.. ریگەدرا توتن لەشارەزووورو گەرمیانیش بچێنن، هەرچەندە توتنەکەشیان باش نەبوو بەلآم رژێم هەر بەنرخی ئەوانی دی وەری دەگرت.. دوای ئەوەی کۆماری کوردستان روخێنرا، رژێم نرخی تووتنی هێناوە خوارەوەو فشاری خستە سەرو سیاسەتی پێشووی گۆڕی"[١]

لەلایەکی دیەوە، حکومەتی عێراق بەناوی دژایەتیی شیوعیەتەوە هانی هەندێك لەئاغاکانی کوردی عێراقی دەدا کەبچنە پاڵ سوپای ئێرانو لەدژی کۆماری میللی کوردستان چەك هەڵگرن، بەتایبەتیی لەناوچە سنوورییەکانی وەك پشدەر، بۆنمونە (حەسەن ئاغای بێزیلە)و (مامەندنی حاجی هەباس ئاغا)ی برای بابەکر ئاغا لەو ئاغایانە بوون کەدژی کۆمار چەکیان هەڵگرتبوو، هەروەها ئەم جۆرە کەسانە خەریکی جاسوسی کردنیش بوون بەسەر ئەو کوردە عێراقییە نیشتمانپەروەرانەی دەستی هاوکارییان بۆ کۆمار درێژ دەکرد[٢] گرتنو دوورخستنەوەی خێزانی ئەو کەسانە لەکوردستانی عێراقەوە دەچوونە مەهاباد، هەنگاوێکی دژانەی دیکەی حکومەتی عێراق بوو، بۆ نمونە دوای رۆیشتنی حەمەرەشید خانی قادرزادە لەپێنچوینەوە بۆ موکریانی ئازاد موتەسەڕیفی سلێمانی خێزانەکەی گرتو دووریخستەوە. [٣]

حکومەتی تورکیاش لەوە دەترسا جووڵانەوەی نەتەوەیی پەرەگرتووی کوردەکانی ئێران ئاکامی زیانبەخشی لەسەر ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا هەبێت، جگەلەوەی ئامادەباشییەکی لەو ناوچانە وەرگرتبوو کە لەمێژبوو دەسەلآتی سەربازییو حوکمی عورفی تێدا راگەیەندرابوو، هێزێکی سەربازی گەورەشی لەسەر سنووری کوردستانی تورکیا ـ ئێران مۆڵدابوو. هەروەها کونسوڵخانەی تورکیا لەورمێ رۆڵێکی پرۆپاگندەیی گەورەی یاری دەکردو هەواڵی درۆیان دەربارەی داکشانی سوپای سوور بۆ سنوورەکانی

---

[1] میرزا کەریم ,س.پ, ل ٢٨-٣٠.

[2] پشدەری ,س.پ, ل٤١.

[3] مەنگوڕی ,س.پ , ل ٢١٤-٢١٥.

توركیاو عێراق بڵاودەكردەوە تا  ڕای گشتیی حكومەتەكانی ناوچەكە دژی شورەویی و هەردوو كۆماری ئازەربایجان و كوردستان بە قازانجی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانیی بوروژێنن.[١] لەلایەكی تریشەوە حكومەتی توركیا بۆ ئەوەی ترسی خۆی لەرووداوەكانی كوردستانی ئێران بشارێتەوە هەوڵی ئاوەژووكردنەوەی راستییەكانیان دەدا. بۆنموونە (سراج اوغلو)ی سەرەك وەزیرانی توركیا سەبارەت بە چالاكیی نەتەوەیی كوردەكانی ئێران رایگەیاند:" شۆرشی ئەم دواییەی كوردەكانی ئێران جووڵانەوەیەكی مەزهەبییەو هیچ ئامانجێكی سیاسیی و نەتەوەیی نییە."[٢]

رۆژنامەی (جمهوریت)ی توركیش بەراشكاویی ئاماژەی بەوەدا كەسیاسەتی شورەویی لەئێراندا هەڕەشە لەعێراق و توركیا دەكات و دامەزراندنی حكومەتێكی كوردیی لایەنگری شورەویی خەتەرێكی گەورە لەسەر ئاسایشی هەردوو وڵات دروستدەكات. هەربۆیە پێویست بەوەدەكات عێراق و توركیا پەیوەندییەكانیان چەشنێكی واتوندوتۆڵ رێكبخەنەوە كە لەسەر ئاستی رووبەڕووەوەبوونەوەی هەر هەڕەشەیەكی لەناكاودا بێت."[٣]

لەراستییدا، حكومەتی توركیا كە بەمشێوەیەو بە رواڵەت خۆی لەراستییەكان گێل دەكرد، ژێربەژێر كەوتبووە پەیوەندییكردن بەحكومەتی عێراقەوە تا پلانی گونجاو و هاوبەش دژی پەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی كورد لەكوردستانی ئێران و ئاكامەكانی لەسەر كوردەكانی هەردوو وڵات دابڕێژن. بۆ ئەم مەبەستەش لە٢٨ی شوباتی ١٩٤٦دا (نوری سەعید)ی سەرەك وەزیرانی عێراقی سەردانی توركیای كردو گفتوگۆی نهێنیی لەم رووە دەستپێكرا. لەئاكامدا هەردوولا گەیشتنە رێكەوتننامەیەك لە ٩یمارسی ١٩٤٦دا، كە ناوەرۆكەكەی لەلایەن رۆژنامەی (دەیلی میل / the Daily mail) ەوە ئاشكرا كرا كەدەڵێت:" پێویستیی بەستنی ئەم پەیمانە بەو شێوەیە لەوەوە

[1] العاني , س.پ,ل٢٠١.
[2] كوهستان، ٢٦ فروردین ١٣٢٥.
[3] السبعاوي، عوني عبدالرحمن، العلاقات العراقية-التركية١٩٣٢-١٩٥٨، الموصل، ١٩٨٥، ص١٣٨.

هاتووه كه پاكتی سەعد ئاباد لەكاركەوتووەو دۆزی ناسیونالیستی كورد مەترسییەكی مەزنە لەسەر ئاسایش‌و ئاشتیی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا." [1].

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوراستییە بدرێت كە ئەو لێشاوە پرۆپاگندەییەو تۆمەتانەی كە لە لایەن دوژمنانی كۆماری میللیی كوردستانەوە بڵاودەكرانەوە بۆتەهۆی ئەوەی كە ژمارەیەكی زۆر لەوانەی لە نووسینەكانیاندا ئاماژەیان بەو ئەزمونە مێژووییەی گەلی كورد لە ئێران داوە بكەنەوە هەڵەی زەق و بێ وردبوونەوە هەواڵی ناڕاست و تۆمەتی دروستكراو لەجیاتی روداوە مێژووییە راستەقینەكان رابگوێزن وبڵاویان بكەنەوە .

(روح الله رمضانی ) لە یەك دوو شوێنی كتێبەكەیدا كە لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران نووسیویەتی، باس لە ح.د.ك دەكات وەك حیزبێكی كۆمۆنیست و بە بەشێك لە حیزبی تودەی ناو دەبات و سەرانی كوردیش بەیاخیی نێوزەد دەكات. [2] سابیلیەش لەیەكێك لە كتێبەكانیدا دامەزراندنی كۆماری میللیی كوردستان وحكومەتی ئازربایجان بەپیلانێكی ئاژاوەگێڕیی شورەویی لەقەڵەم دەدات و دەلێت گوایە میر جەعفەر باقرۆف داوای لەكوردەكان كردووە بەپالپشتیی سوپای سوور كوردستانێكی سەربەخۆ دابمەزرێنن. دواتر نووسەر چەند هەڵەیەكی تری كردووە، گوایە شورەوییەكان پەیمانی (هاوكارییان) لەگەل كۆماری میللیی كوردستان مۆركردووەو سوپای كورد تێكەڵ بەسوپای سوور بوون و هێزەكانی كۆماری بە یەكەی تانك‌و زریپۆش وتۆپی قورس‌و خومبارەی بازۆكا چەكداركردوون [3] .

گازیورسكی كە هەمان بۆچوونی سابیلیەی هەیە سەبارەت بە دامەزراندنی كۆمارو وەك پلانێكی ئاژاوەگێڕیی شورەویی بۆ دەستخستنی ئیمتیازی نەوتی باكووری ئێران دەخاتە بەرچاوو لەگۆشەیەكی كتێبەكەیدا نووسیویە:" هێزەكانی شۆرش (واتە هێزی پێشمەرگەی كوردستان - ل) بەپاڵپشتیی گوێلەمستانی غەیرە نیزامیی شورەویی كۆنتڕۆڵی هەوردوو كۆمارە خودموختارەكەیان دەپاراست" [4].

---

[1] وەرگیراوە لە قادر، جەبار، چەند بابەتێكی مێژووی كورد، چاپی یەكەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٧١.

[2] رمضاني، س.پ، ل ١١١،١١٣.

[3] سابلییە، س.پ، ل ٢٤١-٢٤٢.

[4] گازیورسكی، س.پ، ل٨٨.

هەرچی نووسراوی هەندێك نووسەرە ئەكادیمییە ئێرانییەكانە، ئەوانیش هەمان هەڵەی پیاوانی دەوڵەتی شاهەنشاهیی وەك (زنگەنە، دهقانو ارفع) یان دووبارە كردۆتەوەو فاكتەری شورەوییان كردۆتە فاكتەری یەكەمو كۆتایی مەسەلەی دامەزراندنی كۆماری میللیی كوردستان. بۆنموونە، (قوبادی ئێرانی) ئاماژەی بەوەداوە كە هەر راستەوخۆ دوای دامەزراندنی كۆماری میللیی كوردستان، یەكێتی شورەویی بەفەرمیی دانی پێداناوە.[1] (فاطمی)یش باسی لەوە كردووە گوایە شورەویی رۆڵێكی كاریگەریی لەهاندانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی كورد لەئێران دیتووەو سوپای سوور داوای لە سەرۆك عەشیرەتەكانی كوردستان كردووە كە هاوكاریی جووڵانەوەكە بكەن. لەوەش زیاتر، فاطمی پێی لێ داگرتووەو نووسیویە گوایە سوپای سوور ئابلۆقەی گوندە كوردنشینەكانیان داوەو ئەو سەرۆك عەشییەتانەیان چەك كردووە كە لەگەڵ كۆمار نەبوونو ژمارەیەكیان لیێ زیندانیی كردوون [2]

بەمشێوەیە دەتوانرێت بوترێت، كە ئەم نووسەرانەی ناومان بردنو چەندەهای دی وەك ئەوانە كە ناكرێت هەموویان لێرەدا ناو بێنین بێ لێكۆڵینەوەیەكی ورد لەپەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی كورد لەئێران، بێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی نێوخۆو رادەی بێزاریی خەڵكی كوردستان لەداموەدەزگا گەندەڵەكانی دەسەلاتی ناوەندیی، بێ خوێندنەوەی تێروانینی شورەویی‌و پەیوەندیی بەنەتەوەخوازانی كوردەوە، ئەو پەیوەندییەی كە اوری بە"نیوە گەرم ناوی دەبا"[3]

ئەمانە بڕیارێكی هەڵەیان سەبارەت بەزلكردنی رۆڵی شورەویی لەمەسەلەی دامەزراندنی كۆماردا داوەو چاویان لەراستییە مێژووییەكانی دی‌و فاكتەرە ناوخۆییەكانی مەسەلەكە نوقاندووە. هەروەك ئیگلتن ئاماژەی پێداوە، پەیوەندییەكانی كوردو شورەویی پەیوەندییەكی وابەستەیی نەبووە، بەڵكو بەویستی هەردوولاو بۆ بەرژەوەندی هەردوولا بووە. جگەلەوەی دامەزراندنی كۆماری میللیی كوردستان بۆ

[1] Irani,R,American Diplomacy: An option Analysis of the Azerbaian crisis 1945-1946, stratigic studies In stitute, U.S. Aremy war college, 1978,p22.
[2] Fatemi, oil diplomacy: powderkeg in Iran, Newyark, 1954, p.274- Borhonadin, op.cit,p178

[3] اوری، س.پ، ل٣٢.

زۆربەی لێپرسراوانی شورەویی لەئێران‌و ناوچەکە ڕووداوێکی کوتوپڕو جێی سەرسوورمان بووە[1]

لێرەدا وێڕای ئەوەی ناتوانرێت فاکتەری شورەویی وەك بەشێك لەفاکتەری دەرەکیی‌و هاندەر بۆ گەیشتنی هەلومەرجی دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان فەرامۆش بکرێت، بەڵام پێویستە دان بەو ڕاستییەشدا بنرێت کەبڕیاری دامەزراندنی کۆمار بڕیارێکی کوردانەی ڕووت بووەو بەرجەستەی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی تەواوی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی کردووە کە بەتەواویی لەمەسەلەی ئیمتیازی نەوت‌و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی شورەی لەئێران جیاوازە. وەك سەرچاوە مێژووییەکان دەریدەخەن کە پەیوەندیی نێوان سەرانی کوردو شورەویی لە بوارێکی تەسکدا بووەو چ دانێدانانێکی فەرمیی بۆ کۆماری میللیی کوردستان لەلایەن یەکێتیی شورەوییەوە بەرچاو ناکەوێت. سیاسەتی شورەویی بەرامبەر بەکوردو حکومەتی کوردستان لەمۆسکۆوە دەستنیشان نەدەکرا، بەڵکو لەلایەن سەرانی ئازەربایجانی شورەوییەوە هەڵدەسەنگێنراو لەپەراوێزی مەسەلەی جووڵانەوەی میللی چەپی ئازەربایجانیشەوە بڕیاری لەسەر دەدرا [2]

لەمەهابادو دەوروبەریشیدا نەسوپای سووری لێ بوو، نە تانك‌وتۆپ‌و چەکی قورسیش بەکورد درابوو، دەسەڵاتە کوردییە دامەزراوەکەش چ ڕەنگ‌و بۆی شیوعییەتی نەدەدا، بەڵکو وەك (گوتام) وتەنی " کۆمارێکی میللی بوو، ڕۆحی نەتەوەیی بەسەریدا زاڵ بوو، قازیی محەمەدیش مرۆڤێکی ناسیونالی ریفۆرمیست بوو، کەڵەگایی‌و خۆسەپاندنی نەدەزانی"[3] ئەمەش نەك بەقازانجی شورەویی نەبوو بەڵکو جێگەی مەترسی‌و دڵە ڕاوکێشیان بوو، چونکە لەوە دەسڵەمینەوە شەپۆلی نەتەوەیی کوردی لە مەهابادەوە بەرەو ناوچەکانی دی کوردستان پەل بهاوێت‌و ئاکامەی بەنەرێیی لەسەر ستراتیژی شورەویی لەئێران‌و ناوچەکەدا بکەوێتەوەوشورەویی بخاتە خانەی ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتەکانی ناوچەکەو زلهێزە خاوەن بەرژەوەندییەکانی وەك

[1] ایغلتن، س.پ، ل ١٣٩،١٢٣.

[2] Borhana din, op.cit,p 156.

[3] گوتام، س.پ، ل١١٦.

بەریتانیاو ئەمەریکا، هەر بۆیە شورەویی کەهەر لەسەرەتاوە ئامادەیی رووبەرووبونەوەیەکی ئەوتۆی لەباردا نەبوو قازانجی خۆی لەرێگرتن لەجووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەئێران و سەرکەوتنی یەکجارەکی دەدیتەوە [١]

دیارە وێڕای رەسەنایەتی جووڵانەوەی میللی و دیموکراتخوازی گەلی ئازەرو رەوایەتی ئامانجەکانی جووڵانەوەکەیان و پێشکەوتنخوازی دەستکەوتەکانی حکومەتی میللی ئازەربایجان کەخودی دیپلۆماتە بێگانەکانیش لەهەندێك بۆنەدا ئاماژەیان بۆ داوە.[٢] بەڵام لەگەڵ ئەوەش کاتێك بڕیاری لەسەر مەسەلەکان دەدرێت، پێویستە هەردوو دەسەڵاتەکەی تەبرێزو مەهاباد پێکەوە نەخرێنە تای تەرازوویەکەوە، خودی پێشەوا لەوەڵامی پرسیارێکی نوێنەری پەیامنێری ئاژانسی (فرانس پرێس)دا ئاماژەی بەم راستییە کردووە کەوتویە:"هەل و مەرجی کوردستان زۆر جیاوازە لەهی ئازەربایجان، وڵاتەکەی ئێمە هەرگیز لەلایەن هێزەکانی شۆڤێتەوە داگیرنەکراوەو، لەو کاتەوە رچا شا وازی لەشاهێتی هێناوە، نەژاندارم،و نەهیچ هێزێکی تری ئێران نەهاتونەتە ناو کوردستانەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لەو ساوە بەکردەوە سەربەخۆ ژیاوین، ئێمە هەرگیزچاوپۆشی ناکەین لەهیچ جۆرە دەستێوەردانێکی بێگانە لەهەر کوێوەبێ، کێشەی کوردستان بەتەواویی مەسەلەیەکی ناوخۆییەو ئەبێ لەنێوان کورد خۆی و حکومەتی ناوەندییدا لابەلا بکرێ.. ئێمە بەراستی حەز دەکەین رێگای پێشکەوتن بگرین." [٣] هەروەها پێشەوا لەوەڵامی پرسایرێکی (محمود هرمز)ی پەیامنێری رۆژنامەی (مردم) دا رایگەیاند (ئەوەچوارساڵە خودموختاری لەکوردستاندا بەرقەرارە." [٤]

لەراستییدا گردبوونەوەی موڵکدارو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی هەرێمی موکریان لەکۆماری و پێداگرتنی سەرانی ح.د.ك لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەئێران و رێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندییدا، هەروەها دوورکەوتنەوە

---

[1] Borhanedin, op.cit,p178

[2] کۆنسولی بەریتانیی لەئێران یەکێك بوو لەوانەی رووداوەکانی ئازەربایجانی تەنیا بەهاندانی رووس نەدەزانی، بەڵکو پێی وابوو کەساختەچێتیی و گەمژەیی دەسەڵاتدارانی تاران رۆڵی سەرەکیی لەهاندانی جووتیارە ئازەرییەکان هەیە کەجگە لەتاران دوای دەسەڵاتێکی خۆجێ بکەون. الجبرانی، س.پ، ل١٠٨.

[3] وەرگیراوە لە: ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل ٢٣٣-٢٣٤.

[4] مردم، ١١ دیماه ١٣٢٤٥.

لەهەر هەنگاوێکی رادیکاڵانە چ لەبەرنامەدا یاخود بەپراکتیك کەبۆنی شیوعیەتی لێوەبێت تێکڕای ئەو تۆمەتانە پوچەڵ دەکاتەوە کەکۆماری میللی کوردستان دەسکەلایەکی دەستی شورەویی بێت‌و بۆ بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیزم لەئێران‌و ناوچەکەدا دامەزرابێت.

لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیی‌و هەڵوێستی هێزە مەزنەکانی جیهانییش، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە لەدوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە وەك زلهێزێکی خاوەن توانای ئابووریی و سەربازیی لە سەر شانۆی نێودەوڵەتیی دەرکەوتبوو، بایەخێکی گەورەی بە ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئێران دەدا و لە نزیکەوە چاودێری دەکرد. دیارە شوێنی گرنگی جیوسیاسیی ئێران بەدرێژایی نزیکەی ٢٢٠٠کم لە باکوورەوە سنووری لەگەڵ یەکێتیی شورەوییدا هەیە ، هەروەها دەوڵەمەندیی ئێران بە سامانی نەوت و دواتر ڕوانینی بەسەر (تەنگەی هورمز) دا، کە شوێنی تێپەربوونی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتەکانی کەنداوە بۆ بازارەکانی دەرەوە، ئەمانەو زۆر هۆی تر کە ببونە فاکتەری زیادبوونی بایەخ‌و ستراتیژیی ئێران لە پلان‌و تێڕوانینە ئایندەییەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەراستی دوای جەنگ[1] سەبارەت بە کوردستانیش چ وەك بەشێك لە ئێران و چ وەك (أرنست بیڤن) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەیوت((کوردستان ناوچەیەکی نەوتییە، هەربۆیە جێی ململانێی زلهێزەکان دەبێت لە وانەش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.))[2]

لە ڕاستییدا، ناوەندە فەرمییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەموو جۆرە چالاکییەکی نەتەوەیی کوردیان لەئێراندا، بەکۆمارە ساواکەی مەهابادیشەوە، بەهەوڵی کۆمۆنیستانە لەقەڵەم دەدا کەشورەویی لەپشتییەوە راوەستاوە. دپلۆماتەکانی ئەمەریکا لەئێران ئەوەیان دەخستە بەرچاوی دەسەڵاتدارانی تاران کە بەرژەوەندیی ئێران لەوەدایە وەك حکومەتێکی کۆمۆنیست مامەڵە لەگەڵ کۆماری میلليی کوردستاندا بکەن‌و چالاکیی نەتەوەیی کورد بەنۆکەرایەتیی شورەویی نێوەزدبکەن. چونکە بەبڕوای ئەمەریکییەکان، کۆماری میلليی کوردستان هەروەك هاوپەیمانەکەی لەئازەربایجان بازیچەیەکی دەستی

[1] فردوست، س.پ، ل٥٣٠-٥٣١.

[2] کوهستان، شماره ٤٩، فروردین ١٣٢٥.

شورەوییەکانەو ئاکامیشیان بە پەیوەستبوون بەیەکێتیی شورەوییەوە کۆتاییدێت.[1] شایەنی باسە، لەم بوارەدا راپۆرتەکانی دپلۆماتە ئەمەریکییەکان لەئێرانی ئەوە دەخەنە روو کەحکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەترسێکی زۆرەوە روانیویەتە رووداوەکانی کوردستان‌و بەهەڕەشەیەکی گەورەی لەسەر بەرژەوەندییە سیاسیی‌و ئابووریی‌و ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لەئێران‌و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لەقەڵەمداوە. بەمجۆرە لەم قۆناغە مێژووییەوە فاکتەری کوردیی وەك فاکتەرێکی گرنگ لە ململانێی ئەمەریکیی ـ شورەویی لەلایەن دەزگا بایەخدارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە تەماشاکراوەو حیسابی وردیشی بۆ کراوە.

"رۆسۆ" کەجێگری کۆنسوڵی ئەمەریکیی بوو لەتەبریز، لەراپۆرتێکیدا وتویەتی کە ئەوەندە سەری لەخواست‌و ویستەکانی سەرانی کورد دەردەچێت، کۆماری میللیی کوردستان ناوکێکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ کەتەواوی کوردستانی ئێران‌و عێراق‌و تورکیاو سووریا دەگرێتەوە، ئەو ناوچەیەی تا ئەسکەندەرونەی سەر دەریای ناوەڕاست درێژدەبێتەوە. هەروەها رۆسۆ ئەوەی روونکردۆتەوە کە ئەم هەنگاوەی کورد لەخزمەتی یەکێتیی شورەوییدایە، چونکە بەپێی بۆچوونی رۆسۆ، ئەگەر ئازەربایجان پردێك بێت شورەویی پێدا بپەرێتەوە بۆ ئێران، ئەوا بێگومان خەونەکانی قازیی محەمەد لەپەلهاویشتن بۆ دەرەوەی کوردستانی ئێران خزمەتێکی گەورەتر پێشکەش بەشورەویی دەکات‌و رێگای پەرینەوەیان بۆ ناوچە نەوتییەکانی تورکیاو عێراق‌و کەنداو بۆ تەختدەکات.. هەربۆیە پێویستە بەدیهێنانی خەونەکانی یەکێتیی شورەویی لەناوچەکەو مەسەلەی چالاکیی نەتەوەیی کوردەکان لە یەك چوارچێوەدا سەیر بکرێن.[2]

هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٦دا دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەمەریکا، سەرقاڵی ئەوەبوون راستیی ئەو هەواڵانە بزانن کە باس لەهەوڵەکانی شورەویی دەکات بۆ هێنانەسەرکاری رژێمێکی دەسکەلا لەتورکیا. "جورج کینان" هەڵسوورێنەری کاروباری

---

[1] Borhanedin, op.cit,p179.
[2] From Rossow to the secretary of state, Jan.2,1946,DSDF, 891/.0011 246,NA.Borhanedin, op.cit,p167.

سەفارەتی ئەمەریکا لەمۆسکۆ وڵاتەکەی ئاگادارکردەوە کە پلانێکی دیاریکراوی شورەویی بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەو جۆرە بەرچاو ناکەوێت، تەنیا سەرچاوەیەك لەم نێوەدا بتوانێت هەڕەشە لەسەر تورکیا بکات، ئەو کوردە چەکدارە شورەوییخوازانەن کەلەسەر سنووری ئێران ـ تورکیا چالاکییان هەیە، هەروەها کینان ئەوەشی روونکردەوە کە بەڵگەیەکی وای بەدەستەوە نییە تێوەگلانی شورەویی لەکاروباری ناوخۆی عێراق بسەلمێنێتو جەخت لەسەر ئەو هەواڵانە بکات کەلەو ماوەیەی دواییدا دەربارەی هەوڵی شورەویی بۆ داگیرکردنی ویلایەتی موسل بڵاوبونەتەوە.[١]

شایەنی باسە، ئەو راپۆرتو هەواڵە نهێنییانەی دەگەیشتنە دەزگا بەرپرسەکانی ئەمەریکا، وایان لەحکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد کەهەڵسەنگاندنێکی ورد لەمەڕ شوێنی مەسەلەی کوردو کاریگەرێتیی لە رەهەندی هەرێمییو نێوەدەوڵەتیی قەیرانە ئێرانی دوای جەنگ بکات. (کۆمیتەی هەماهەنگی کەشتیگەلی جەنگی دەوڵەتیی/ State war-Nary Cordin ating commite) ئەمەریکیی، هەستا بەدەستنیشانکردنی ئەو ئەگەرانەی کە دەگونجێت لە ئایندەی چالاکییەکانی شورەویی لەئێراندا بێتەدی، کەیەکێك لەوانە بریتییبووو لە "دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی ئوتونومی دۆستی شورەویی کە ئەو زەویانە بگرێتەخۆ کەدەکەونە باکووری رۆژئاوای ئێرانو باکووری رۆژهەڵاتی عێراق". کۆمیتەی هەماهەنگی دوای ئەوەی لەراپۆرتەکەیدا جەختی لەسەر گرنگییو بایەخی ستراتیژیی ئێران بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەهەموو روویەکی بەرگرییو هێرشبردنەوە کردو رۆڵی ئێرانی وەك لەمپەرێك لەبەردەم بڵاوبوونەوەی نفوزی شورەوییو کۆمۆنیزم لەناوچەکەدا بەگرنگ دانا، باسیشی لەگرنگیی شوێنی جیۆسیاسیی کوردستان کرد وەك پردێك کە شورەویی بتوانێ پیایدا بپەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراستو رۆژهەڵاتی دەریای ناوەراست.[٢]

سەبارەت بەئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی دۆستی شورەوییش، کۆمیتەی هەماهەنگیی روونیکردەوە کە ئاکامی بەدیهاتنی کارێکی وا رێگرییەکی مەزنو هەڕەشەیەکی راستەقینەیە لەبەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئێستاو ئایندەی وڵاتە

---

[1] Borhanedin,op.cir,p181
[2] Ibid,p182

یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەرۆژهەلاتی نزیكو ناوەندیی دەکات، چونکە گەر دەولەتێکی وا دابمەزرێت، کە سەرچاوەکانی وزەی بەریتانیا کەخۆی لە بیرەنەوتەکانی کەرکوکدا دەبینێتەوە لەخۆ دەگرێت، ئاکامی مەسەلەیەکی واش شاراوە نییە، چونکە ئەو داهاتی نەوتەی ئێستا حکومەتی عێراق دەستی دەکەوێت، ئەوسا دەچێتە گیرفانی کوردەکانەوە، ئەوەش بۆ خۆی کارەساتێکی گەورە دەبێت بۆ حکومەتی عێراقو فاکتەری سەرەکیی رووخاندنی دەبێت. ئالەم کاتەشدا، ئەگەری هاتنەسەرکاری رژێمێك بۆ عێراق چاوەڕوانکراو دەبێت کە دۆستایەتیی شورەویی لەولاتە رۆژئاواییەکان پێ چاکتربێت. ئەگەر لێرەشدا ئەو راستییە لەبەرچاوبگرین کەزەوییەکانی عێراق بەرەو کەنداو درێژدەبێتەوەو بەسەر چاڵەنەوتەکانی ئابادانیشدا دەڕوانێت، ئەوساتە قەبارەی ئەو هەڕەشەیەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە چ مەترسییەکی راستەقینە لەسەر سەرچاوەکانی وزەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا دروست دەکات.[1]

پێویستە بوترێت کە بەسەرنجدان لەبۆچونەکانی حکومەتی ئەمەریکا سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کوردو شورەویی‌و هەڕەشەی جوولانەوەی نەتەوایەتی کورد لەسەر بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەمەریکا، تاڕادەیەکی زۆر زێدەرۆیی کراوەو مەسەلەکە زیاتر لەرادەی خۆی قەبەکراوە، چونکە هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆدا سەرانی کۆماری میللیی کوردستان کۆمۆنیست نەبوون، پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ حکومەتی شورەوییدا پەیوەندیەکی توندوتۆڵو هەڵقولاوی بیروباوەڕو پەیوەستی ئایدۆلۆژیی نەبوو. سەرانی کۆمار خوازیاری ئەوە نەبوون ببنە بەشێك لەیەکێتی شورەویی وبچنە ژێر رکێفی رژێمێکی کۆمۆنیستییەوە، بەڵکو پەیوەندیی کوردو شورەویی لەو راستییەوە سەرچاوەی دەگرت کەجگە لەیەکێتیی شورەویی زلهێزێکی دی نەبوو ئاوڕ لەنەتەوەخوازانی کورد بداتەوەو لایەك لەخواستە نەتەوەییەکانیان بکاتەوە، ئەگەر وەك بەرژەوەندیی خۆشیان بووبێت.

هەروەك تفرشیان ئاماژەی پێداوە: "لەهەلومەرجی ئەو سەردەمەی دوا جەنگی دووەمی جیهانییدا روسیای شورەویی وەك قەلای میللەتانی چەوساوەو تاکەزلهێزی

---

[1] Ibid, p183.

یارمەتییدەری بزاڤە رزگاریخوازەکانی گەلانی جیهانی سێیەم، دژی رژێمە کۆنەپەرستەکانی سەر بەرۆژئاوا بوو، هەر بۆیە ئاسایی بوو گەلی کوردیش سوود لەو هەلومەرجە جیهانییە وەربگرێت‌و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌و خواستە سیاسییەکانی سوود لەو هاوکێشەی جیهانییە ببینێت."[1] تەفرەشیان هەر لەم بارەیەوە وتەیەکی مەلا مستەفامان بۆ رادەگوێزێت لەمەڕ تێڕوانینی رابەرانی کورد بۆ هاوکێشە جیهانییەکە کە وتویەتی "ئەوە هەلومەرجی جیهانییە وا لە رووسەکان دەکەن یارمەتیمان بدەن، ئەوان ئێستا پێویستییان بەبوونی ئێمەیە لەم ناوچەیەدا، هەر بۆیە ئێمەش بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی خۆمان دەتوانین سوودیان لێوەربگرین."[2]

لەلایەکی ترەوە، حکومەتی ئەمەریکا ئاگاداری کێشەی نەتەوە نەفارسەکانی ناو ئێران‌و ململانێیان بوو لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییدا. "باکسچر" سەرۆکی بەشی تایبەت بەکاروباری رۆژهەڵات لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژەی بەسروشتی سیاسەتی دوژمنانەی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی ئێران کردووە بەرامبەر خەڵکی ئازەربایجان‌و کوردستان. هەروەها دپلۆماتێکی بەریتانیی دەسەڵاتی ناوەندیی لەتاران ئاگادارکردۆتەوە کە تێکچوونی پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ ئازەربایجان‌و کوردستاندا تەنیا لەئەنجامی سیاسەتی شورەوییەوە نییە، بەڵکو خراپیی پێشینەی مێژوویی پەیوەندییەکانی هەردوولا پێویستە حیسابی تایبەتی بۆ بکرێت کەخودی باکسچەر ئاماژەی بۆ بەشێکی ئەو مامەڵە خراپە کردووە کەدەسەڵاتی ناوەندیی دژی کوردو ئازەر ئەنجامیداون.[3]

هەروەها وێڕای ئەوەی رێبەرانی کۆماری میللیی کوردستان پەیوەندییەکان بەشورەوییەوە هەبوو، بەڵام لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانیان‌و پاراستنی ئەو دەستکەوتەی بەدیهاتبوو ئامادەیی ئەوەیان تێدابوو پەیوەندی بەهەر لایەکەوە بکەن کەدەستی هاوکارییان بۆ درێژ بکات، با ئەو لایەنەش بەریتانیا یاخود وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت. لە راپۆرتێکی کۆنسولی بەریتانی لە تەورێز کە بە

---

[1] تفرشیان، ابوالحسن، قیام افسران خراسان، چاپ اول، انتشارات اطلس، ب.ج، ١٣٦٧، ل١١٣.

[2] هـ. س، ل١١٣.

[3] Borhanedin,op.cit,p.176.

مێـژووی ٢٢ی ئۆکتۆبـەری ١٩٤٢ و لـەژێر ناونیـشانی"یادداشـتی دیـدارێك لـە مـەهاباد" هاتووە: "بە شێوەیەکی تەبیعی ,ئەوان لە پێشدا روویـان لـە بریتانیـای مـەزن کـرد وەکـوو (هێزێکی) کە زیاتر لە هەموو لایەنێکی دی وێدەچوو و لێی دەوەشایەوە کـە یارمـەتییان بکـا, لـە ٢٥ی سـپتامبەری سـاڵی١٩٤١دا , ئەفـسەرێکی بریتانیـایی ی یـەکی ئامریکـایی گەیشتنە مەهاباد, قازی محەمەد گەلاڵەیەکی لێڵی لە مەڕ کوردستانێکی یـەکگرتوو لـە گەڵ ئەفسەرە بەریتانیاییەکە هێنایە گۆڕێ, داوای لێکرد چۆن دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ بنکەی سەرکردایەتی عەسکەری بریتانیا بکا" [1].

هەروەها لەو راپۆرتەدا هاتووە" تا دوای ئەو کاتەی کوردەکان روویان لە بریتانیا کردو لەلایەن ئەوانەوە بەساردی وەرگیران و چ بەڵێنییەکیان نەدرایە, چ جۆرە لێدوانێکی سیاسی لە نێوان کوردەکانی مەهابادو رووسەکاندا لە گۆڕێدا نەبووە" [2]. هەروەها کاتێك پێشەوا لەکۆتایی نیسانی ١٩٤٦دا چاوی بە "دۆهەر"ی جێگری کۆنسوڵی ئەمەریکیی لەتەبرێز کەوت، هەوڵیدا ئاگاداری خوێندنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ رووداوەکانی ئێران بێت و هەڵوێستی راستەقینەی حکومەتی ئەمەریکا لەمەڕ کێشەی کورد بزانێت. شایەنی باسە، پێشەوا لەم چاوپێکەوتنەدا زۆر پەرۆشی زانینی ئەوەبوو کە تا چ رادەیەك ئەمەریکا چەسپاندنی دموکراسیی و هاتنەسەرکاری رژێمێکی دیموکراتخوازیی لەئێراندا مەبەستە.

دۆهەر لەوەڵامی پرسیارەکانی پێشەوادا رایگەیاند کەوڵاتەکەی نایەوێت دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دی وەردات، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەئەو ئاڵۆزییەی لەئێراندا هەیە کێشەیەکی نێوخۆییەو ئەمەریکا خۆی لە دەستخستنەناو ئەو مەسەلەیەوە دەپارێزێت.(1) دۆهەر دواتر ئاشکرای کرد کە پێشەوا لەچاوپێکەوتنەکەیدا پێشنیازی ئەوەی کردووە کە گەلی کورد پێشوازیی لەدەستخستنەناوەوەی حکومەتی

---

[1] – رۆژهـەلاتی کوردسـتان لـە بەڵگەنامـەکانی وەزارەتـی دەرەوەی بریتانیـادا, وەرگێـڕاوی کـوردی ١٣٠ بەڵگەنامە,وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەرسوڵتانی, بنکەی ژین ,سلێمانی , ٢٠٠٥، ل٢٥.

[2] – هـ س ، ل٢٦.

(1) Ibid,p.180.

ئەمەریکا لەمەسەلەکەدا دەکەن بەمەرجێك بەمەبەستی کۆتایهێنانی سیاسەتی داپلۆسینی حکومەتی ئێران بێت کە بەرامبەر نەتەوە نەفارسەکانی ئێران گرتویەتیەبەر.

هەروەك دۆهەر دەڵێت پێشەوا پێشنیازی بەستنی پەیوەندیی دۆستانەی لەنێوان کۆماری میللیی کوردستان و حکومەتی ئەمەریکادا لەبواری پیشەسازیی و کشتوکاڵیی و رۆشنبیرییدا کردووەو دووپاتیکردۆتەوە کە داواکارییەکانی کورد لەئێراندا تەنیا بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمییە لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا.(٢) شایەنی باسە، ئەم هەڵوێستە دۆستانەیەی پێشەوا لەلایەن حکومەتی ئەمەریکاوە وەڵامێکی ئەرێیی نەدرایەوە. ئەم چاوپێکەوتنەو چاوپێکەوتنەکانی دی لێپرساوانی ئەمەریکیی لەناوچەکە لەگەڵ سەرانی کۆماردا، دەرفەتێکی هەمواریان بۆ دپلۆماتە ئەمەریکییەکان پێکهێنا تا زانیاریی زۆرتر لەسەر سروشتی کۆمارو داخوازییەکانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەئێران کۆبکەنەوە. رۆزفێڵت ی یاریدەدەری وابەستەی سەربازی لەسەفارەتی ئەمەریکا لەکۆتایی ئەیلولی ١٩٤٦دا، سەردانی مەهابادی کردووەو چاوی بەپێشەوا قازیی کەوتووە. پێشەوا دوای ئەوەی ئامانجی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لەئێران بۆ روونکردۆتەوە، بەوەی خوازیارن لەژێر رژێمێکی دیموکراسیی فیدراڵیدا بژین کەوەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەر هەرێمەو دەسەڵاتێکی خۆجێی خۆی هەبێت، دواتر بەرۆزفێڵتی راگەیاند" گەر حکومەتی ئەمەریکا لەهەلومەرجێکدا نییە دەستی هاوکارییمان بۆ درێژ بکات، با لانیکەم دژایەتیی ئامانجەکەمان نەکات."[1]

وێڕای ئەو زانیارییانەش، حکومەتی ئەمەریکا بڕیاریدا لەژێر ناوی پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەریی و یەکێتیی خاکی ئێران دژی کۆماری میللیی کوردستان، پشتگیریی تەواوی حکومەتی ئێران بکات و سەراپای مەسەلەکە بە فراوانخوازی شورەویی و بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم لەناوچەکە بداتەقەڵەم. بەمشێوەیە، لەوکاتەوە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەئێران لەلایەن ئەمەریکاوە خرایە خانەی چەپخوازیی و مۆری دەسکەلای شورەویی لێدرا.

---

(٢) Ibid,p.180.

[1] ایغلتن، س.پ، ل١٩٠.

ئەگەر باس لەهەڵویستی حکومەتی بەریتانیاش بکرێت، ئەوا پێویستە هەڵویستی ئەم دەوڵەتە لەهەمبەر مەسەلەی کورد لەئێران و جووڵانەوە نەتەوەییەکەی هەر دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی ئەنگلۆ ـ شورەوییەوە لەئابی ١٩٤١ بێنینەوە یاد کەبریتییبوو لە پشتگیرییکردنی بێ ئەملاولای حکومەتی ناوەندیی و پێداگرتن لەسەر یەکێتیی خاکی ئێران و رێگرتن لەهەوڵەکانی شورەویی بۆ قۆزتنەوەی بارە ئاڵۆزەکەی ئێران لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیدا. جگەلەوە حکومەتی بەریتانیا کە بەرژەوەندییەکی ئابووریی و سیاسیی گەورەی لەئێران و عێراق و ناوچەکەدا هەبوو بەتوندیی دژی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەئێران رادەوەستاو بەمەترسییەکی راستەقینەی لەسەر بەرژەوەندییەکانی دادەنا. حکومەتی بەریتانیا لەرێگای کونسوڵخانەو دپلۆماتەکان و تورە جاسوسیەکانییەوە، زانیاریی وردیان لەسەر رووداوەکانی کوردستان و هەنگاوەکانی رێبەرانی کۆمار کۆدەکردەوەو حکومەتی ئێرانیان لێ ئاگادار دەکردەوەو ئامۆژگاریی و رێنمایی دەسەڵاتی ناوەندییان دەکرد. هەروەها بەریتانییەکان هەوڵیان دەدا لەناو عەشیرەتە ناودارەکانی ئێران و لێپرسراوانی مەدەنیی و سەربازیی حکومەتدا لایەنگرو دۆست و دەسەندە بۆخۆیان بدۆزنەوەو تا لەمەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی پلانەکانی شورەویی و رێگرتن لەجووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی ئێران سوودیان لێوەرگرن. لەراستییدا، سروشتی کۆمەڵگای ئێرانیی و رژێمی شاهەنشاهیی کەموڵکدارە گەورەو ئەفسەرە سوپاییە مشەخۆرە ئینگلیزخواکان نوێنەرایەتییان دەکرد، فاکتەری سەرکەوتنی هەوڵەکانی حکومەتی بەریتانیا بوو لەئێراندا. ئەم حاڵەتەش ترسێکی زۆری لەدڵی شورەوییەکاندا بەرامبەر بەئێرانی دوای جەنگ هێنابووە گۆڕێ. هەروەك رۆژنامەی (کیهان) دەڵێت:" رووسەکان لەوە دەترسن گەر هاتوو هێزەکانیان لەئێران بکشێنەوە نفوزی دەسەڵاتی حەریفی باشووریان (واتە بەریتانیا ـ ل) بەکڵاوو پۆشاکی ئێرانییەوە حکومەت بگرنەوەدەست و هەر وەك رابردوو بەرژەوەندییەکانیان لەئێراندا ژێر پێ بنرێت."[١]

[1] کیهان، ٢٧ تیرماه ١٣٢٤.

لەراستییدا، رۆڵە جاسوسییەکانی بەریتانیا لەسەر پیاوانی کۆمارو هەنگاوەکانیان ئەوەندە بەهێزبوو پێشەوای سەرسام کردبوو، بەجۆرێکی وا بڵێت:"زۆرم پیٚ سەیرە، زۆر باسی نهێنیی هەیە کەمخابەراتی ئینگلیزی دەزبەجیٚ دەیان زانیٚ." [١] بەمشێوەیە، رۆژانە لەناو ح.د.ك‌و دەزگاکانی دی کۆمارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا چەندەها راپۆرتی جۆراوجۆر بۆ دەزگا لێپرسراوەکانی بەریتانیا لەئێران بەرزدەکرانەوە. شایەنی باسە، قازیی محەمەد هەر پێش دامەزراندنی کۆماری میلليی کوردستان چەند نوێنەرێکی[٢] نارده لای کوسنوڵی بەریتانیی لەتەبرێز لەکۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٤٥دا تا ئامادەیی خۆی پێشانبدات بۆ بەستنی پەیوەندیی دۆستایەتیی لەنێوان حکومەتی بەریتانیاو کۆمارە کوردییەکەی نیاز وایە دابمەزرێنرێت.[٣]

ئەم دەستپێشخەرییەی قازیی لەلایەن دەزگا فەرمییەکانی حکومەتی بەریتانیاوە وەڵامی ئەرێییانەی نەدرایەوە، چونکە هەروەك ئاماژەی پێکراوە، بەریتانیا دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردیی بەهەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوچەکەو فاکتەری ئاڵۆزتر بوونی هەلومەرجی نێوخۆی ئێران دەدایەقەڵەم، هەربۆیە هەڵوێستی بەریتانیاش هەروەك ئەمەریکا هەڵوێستێکی دوژمنانەو بەقازانجی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانی کاری دەکرد. حکومەتی بەریتانیی، بەردەوام پروپاگندەی وای بڵاودەکردەوە کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد جووڵانەوەیەکی خێڵەکییەو بناغەیەکی گونجاوو بەهێزی بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی نەتەوەیی لەباردا نییە.[٤]

لەلایەکی ترەوە، مەسەلەی خۆدواخستنی یەکێتیی شورەویی لەبردنەدەرەوەی هێزەکانی لەئێران لەوکاتە دیاریکراوەی پێشتر هەمووڵایەك لەسەری رێکەوتبوون،

---

[1] هەژار، س.پ، ل٧٣.

[2] ایغلتن بەهەڵە ناوی عەبدولرەحمانی زەبیحی وەك یەکێك لەو دوو نوێنەرەی قازیی ناودەبا کەنێردراونەتە لای کونسوڵی بەریتانیی لەتەبرێز، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوە، زەبیحی دوای کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دیموکرات لەورمیٚ گیراو ئەو دەمە لەتارانیٚ زیندانی بوو، ایغلتن، س.پ، ل١١٧.

[3] العانی، س.پ، ل١٦٨.

[4] From the Amreican Embassy in londan to the Depart ment of state, May 14,1946,DSDF,891.0015-1446.NA.

پەژارەیەکی گەورەی بۆ بەریتانییەکان دروستکردبوو. چونکە ئەوان دۆخە ئاڵۆزەکەی ناو ئێرانو راپەڕینەکانی خۆراسانو مازندەرانو دامەزراندنی حکومەتی میللیی ئازەربایجانو کۆماری میللیی کوردستانیان لەو گۆشەیەوە تەماشادەکرد، حکومەتی بەریتانیا بەئومێدی هاوکارییکردنی رژێمی ئێرانو بێبەشکردنی شورەویی و لە کارتی گرفتە ناوخۆییەکانی ئێرانو ناچارکردنی لەبردنەدەرەوەی هێزەکانی سوپای سوور لەباکووری وڵات، هەر لەسەرەتاوە هەنگاوەێکی نا، ئەو هەنگاوەش بریتییبوو لە پێشنیازەکەی (بیڤن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کە لەدووەمین کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کە لەبەرواری ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ لە مۆسکۆ گیرا[1] پێشکەشی بەشداربووانی کرد. ئەم پێشنیازەی بیڤن باسی لەدامەزراندنی کۆمسیۆنێك دەکرد لە نوێنەرانی هەرسێ زلهێزەکە (رووسیا، ئەمەریکا، بەریتانیا) پێکبهێنرێت بۆ رێنماییکردنی حکومەتی ئێرانو هاندانی بۆ ئەنجامدانی چەند ریفۆرمێکی نێوخۆیی کە رەوشە ئاڵۆزەکەی ئێران ئاسایی بکاتەوە بەمەرجێك ئەم هەنگاوە ریفۆرمستانە لەژێر چاودێری کۆمسیۆنەکە بەرێوەبچێت.[2]

سەبارەت بەرێکخستنی پەیوەندیی هەرێمەکانی ئێران لەگەڵ ناوەندەدا، بیڤن رایگەیاند:" لەراستییدا، بەهیچ جۆرێك یاسای بنەڕەتیی لەئێراندا جێبەجێنەکراوە، بەپێی ئەم یاسایە کاروباری هەر پارێزگایەك دەبێت بەدەست خەڵکی پارێزگاکەوەبێت. دوایی هەموو پارێزگاکان لەسایەی بەڕێوەبەرایەتیی حکومەتی ناوندییدا کۆببنەوە، بەشێوەیەك ئێران وەك حکومەتێکی فیدراڵیی دەبێت."[3] ئەم دیدەی بیڤن لەبەندی ٤ی بەیاننامەی کۆمسیۆنەکە شوێنی بۆ کرابۆوە بریتییبوو لەئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی ویلایەتەکان بەپێی یاسای بنەرەتیی ئێرانیی. هەروەها لەدوا بەندیشدا

---

[1] "حیزبی رزگاری" لەکوردستانی عێراقەوە بیرەوەرییەکی ئاراستەی بەشداربووانی کۆنفرانسی مۆسکۆ کردووەو تیایدا پشتگیریی خۆی لەخەباتی برا کوردەکانیان لەکوردستانی ئێران دووپاتکردۆتەوەو سیاسەتی ئیستعماریی بەریتانیان لەعێراق بەرامبەر گەلی کورد ریسوا کردووە. بڕوانە: شەمزینی، س.پ، ل١٩٩-٢٠٠.

[2] دهقان، س.پ، ل٧١١-٧١٢.

[3] گذشته چراغ راه ایندست، ل٣٠٩.

کەبەندی ١١ بوو، کۆمسیۆن ئەرکی چاودێریی هەڵبژاردنەکانی خستبووە ئەستۆی خۆی.[١]

وەك دانپیانانو ڕێگای چارەسەری کۆمسیۆنە سیانییەکە بۆ کێشەی نەتەوە نەفارسەکانی ناو ئێران بەندی ٧ی پێشنیازەکانی کۆمسیۆن داوای بەکارهێنانی زمانی ئەو نەتەوانە دەکات بەشێوەیەکی ئازادو لەکاروباری فێرکرندا، شایەنی باسە زمانی کوردی)یش وەك زمانێکی سەربەخۆیی نەتەوەیی لەم بەندەدا لەپاڵ زمانی تورکیو عەرەبیدا باسی لێکراوە.[٢]

لەراستییدا روسیای شورووی کەسەرەتا رەزامەندی لەسەر دامەزراندنی کۆمسیۆنەکە راگەیاندبوو، بەهیوای زیاتر بەدیهێنانی دەستکەوت لەرێگای دانیشتنی تاك لایەنە لەگەڵ ئێراندا خۆی لەمەسلەکە دزییەوە، ئێرانیش کەلەلایەکەوە شوێنێکی لەکۆمسیۆنەکەدا نەبوو، لەلایەکی تریشەوە جێبەجێکردنی یازدە بەندە ریفۆرم ئاساکەی کۆمسیۆنەکەی بۆ قووت نەدەچوو، بەتایبەتیی دابەشکردنی دەسەڵاتو بەکارهێنانی زمانە نەتەوەییەکانی گەلانی نەفارس کەلەگەڵ بەرژەوەندی چینی دەسەلاتداردا دژ بەیەك وبوونو باری ناوخۆی ئێرانی دەخستە ژێر چاودێرییەکی نێودەوڵەتی کەتاران بۆ سەروەری ئێران بەنەنگی دەزانیو دژی مەسەلەکە وەستا.[٣] ئەمەریکاش پێشنیازەکەی بەریتانیای وەك هەنگاوێکی تەکتیکی بۆکردنە دەرەوەی سوپای سوور قبوڵ بوو، ترسی خۆشی لەوە نەئەشاردەوە کە ئەنجامدانی ئەو ریفۆرمانەی پێشنیار کراون نفوزی شورەویی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەئێراندا دەچەسپێنێن هەر بۆیە ئەمەریکاش لەمەسەلەکە سارد بووو پێی باشبوو ئێران لە رێگەی پێشکەشکردنی سکاڵانامە بۆ بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەختی خۆی تاقیبکاتەوە.[٤]

لەسەر ئاستی ناوخۆش حیزبی تودە بەتوندیی دژی کۆمسیۆنەکە وەستاو پێشنیارەکانی رەتکردەوە. حیزبی دیموکراتی ئازەربایجانو ح .د.ك یش بێدەنگییان

---

[1] ه.س ، ل٣١١.

[2] دهقان، س.پ، ٧١٢.

[3] اوری، س.پ، ل٢٨٨" الجبرانی، س.پ، ل١٣٠

[4] Borhanedin, op.cit,p190.

لێکردبوو. هێزە نیشتمانییە ئێرانچییەکانیش بەگشتیی لەپێشنیازەکانی کۆمسیۆنەکە دردۆنگ بوون. محمد مصدق کەئەندامێکی مەجلیسی خولی چواردە بوو، لەبەرامبەر مەجلیسدا هێرشێکی توندیی کردە سەر کۆمسیۆنەکەو حکومەتی حەکیمی، ئەو هێرشەی کەرۆڵی خۆی هەبوو لەبزواندنی ئەندامانی مەجلیس بەدژی مەسەلەکە.[١] ئەمانە تێکڕا هۆکاری شکستی پێشنیارەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوون کە ئەگەر بەتەواویی جێبەجێ بکرایە، پێدەچوو هێزە دیموکراتخوازەکانی ئێران‌و نەتەوە نەفارسەکان‌و تاڕادەیەك بەهرەیان لێ وەرگرتبایە.

بەهەرحاڵ، مەسەلەی دەرکردنی هێزەکانی شورەویی لەباکووری ئێران بووە گرفتی سەرەکیی‌و خولیای دەسەڵاتدارانی تاران‌و زلهێزەکانی وەك ئەمەریکاو بەریتانیاو تادەهات کاریگەریی لەسەر کۆڕو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان‌و ململانێی زلهێزەکان لەناوچەکەدا زیاتر دەبوو. فردوست ی هاوڕێی نزیکی محەمەدرەزا شاو بەرپرسی ئاسایشی دەربارو کۆشکی شاهەنشاهیی، لەیاداشتەکانیدا نووسیویە:" محەمەدرەزا بۆ دەرکردنی هێزەکانی شورەویی لەئێران پەیوەندیی بەئینگلیزو ئەمەریکاوە کردبوو، بەپێی ئەو قسانەی کە رۆژانە لە محەمەدرەزاشام دەبیست وادیار بوو ئەمەریکاییەکان پێشنیازی ئەوەیان بە محەمەدرەزا دابوو کە ئێران نوێنەری خۆی بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بنێرێت‌و سکاڵانامە سەبارەت بە پابەندنەبوونی رووسەکان بەچۆڵکردنی خاکی ئێران پێشکەش بکات."[٢]

پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکرێت کە هەردوو حکومەتی ئەمەریکاو بەریتانیا کەپێشتر لە رێگای پێشکەشکردنی بیرخەرەوەوە شورەوییان لەدەرکردنی سوپای سوور لەئێران ئاگادارکردبۆوە، بەگەرمیی پشتگیریی داواکارییەکانی حکومەتی ئێرانیان کرد کە لەرێگای (سید حسن تقی زادە) سەفیری ئێران لە لەندەن پێشکەشی یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرابوو لە١٥ی کانونی دووەمی ١٩٤٦دا، ئێران لە سکاڵانامەکەیدا شورەویی بەوە تاوانبار کردبوو کەهێزەکانی لەباکووری ئێراندا ناباتەدەرەوەو لەرێگای هاندانی ئازەرو کوردەکانەوە دەست

---

[1] گذشته چراغ راه ایندااست، ل ٣١٣-٣١٤.

[2] فردوست، س.پ، ل١٤٨.

لەکاروباری ناوخۆی ئێران وەردەداتو ئاژاوەی بۆدەنێتەوە. هەروەها سەبارەت بەدەستێوەردانی شورەویی لەکاروباری ناوچە کوردنشینەکان، تەقی زادە ئاماژەی بەسەردانی سێ رۆژەی کۆنسوڵی گشتیی شورەویی لەرەزائیەو یازدە ئەفسەری شورەویی دی کردووە بۆ شاری مەهاباد، ئامانجی ئەم سەردانە وەك تەقی زادە شیکردەوە هاندانی سەرۆکە کوردەکان بووە لەدژی حکومەتی ناوەندیی.[1]

شایەنی باسە "ئەندریە فیشنسکی" نوێنەری شورەویی لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مانەوەی سوپای سووری لەباکووری ئێران رەت نەکردەوە، بەڵام ئەوەشی راگەیاند کە جووڵانەوەی ئۆتۆنۆمییخوازی کوردو ئازەر، جووڵانەوەیەکی جەماوەرییەو پەیوەندیی بە بوونی سوپای سوورەوە لە ناوچەکەدا نییە. هەروەها حکومەتی تارانی بەوە تاوانبارکرد کەسیاسەتێکی دوژمنانەی بەرامبەر شورەویی گرتۆتەبەرو بەهۆی ئەو پروپاگندە و چالاکییانەی لەئێران دژ بەشورەویی ئەنجام دەدرێن، باکۆ لەژێر مەترسیی هەڕەشەی لایەنە دژەکانە[2]

ئاشکرایە تەقی زادە لە ٢٨ی کانونی دووەمی ١٩٤٦دا دووبارە سکاڵانامەی ئێرانی دژی شورەویی پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایش کردەوە. ئەنجومەنیش دوای تاووتوێکردنی مەسەلەکە، بڕیاری ئەوەی دا هەردوو لا لە ڕێگای دانیشتن و گفتوگۆوە دووبەدوو مەسەلەکە کۆتایی پێبهێنن، بێئەوەی مەسەلەکە لە کاروبارەکانی ئەنجومەندا دەربهێنرێت.[3]

هەر راستەوخۆ لە دوای هاتنەسەرکاری ئەحمەد قەوامو بەدەستەوەگرتنی کاروبارەکانی حکومەت، لە ١٨ی شوباتی ١٩٤٦دا بە نیازی گفتوگۆ سەرەك وەزیرانی نوێ بەرەو شورەویی فڕی. قەوام بۆ ماوەی سێ هەفتە لە رووسیا مایەوەو لە مۆسکۆ دووجار چاوی بە ستالین کەوتو چەند جارێك لەگەڵ مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی شورەوییدا کۆبۆوە. لەگەڵ ئەوەی ئەم سەفەرەی قەوام بۆ شورەویی ئاکامێکی دیاریکراوی لێ شین نەبوو، بەڵام هەردوولا زیاتر لە دیدو بۆچوونی یەکتر

[1] اوری، س.پ، ل٢٨٨–٢٨٩.

[2] Borhanedin,op.cit,p.198

[3] اوری، س. پ، ل٢٨٩

ئاگاداربوونەوە، حکومەتی شورەویی داوای خودموختاریی بۆ ئازەربایجان و مانەوەی بەشێکی هێزی سوپای سووری لە ئێران بۆ ماوەیەکی نادیاری  خستە بەردەم قەوام و پێشنیازی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نەوتی هاوبەشیان کردبوو کە سوود لە دەرهێنانی نەوتی باکووری ئێران وەربگرێت، وەفدی ئێرانیی هەوڵیدابوو نەچێتە ژێرباری ئەو داواکارییانە.[1]

قەوام پێش ئەوەی مۆسکۆ بەرەو تاران جێبهێڵێت، نامەیەکی نهێنیی بۆ ستالین جێهێڵابوو کە لەسەر دوو مەسەلە پێیداگرتبوو، یەکەمیان حکومەتی ئێران، ئازەربایجانی ئێرانیی بە بەشێکی دانەپچڕاوی خاکی ئێران دەزانێتو ئامادە نییە بەهیچ جۆرێك دەستبەرداری بێت، بەڵام سەبارەت بەرازییکردنی خەڵکەکەی و چارەسەرکردنی پەیوەندیی ئاڵۆزی لەگەڵ تاراندا، حکومەتی ئێران ئامادەیە لە ڕێگای پیادەکردنی زنجیرەیەك ریفۆرم بەپێی یاسای بنەرەتیی ئەم کێشەیە چارەسەربکات، مەسەلەی دووەمیش قەوام وادەو بەڵێنێکی زۆری  بە ستالین دابوو سەبارەت بە دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندیی دۆستانەی ئێران و شورەویی لە هەموو بوارەکاندا.[2]

هەشت ڕۆژ دوای ئەوەی سەرۆك وەزیرانی ئێران لە مۆسکۆ گەڕایەوە بۆ تاران، واتە لە ١٨ی ئازاری ١٩٤٦دا، جارێکی تر (حسین علا) سەفیری ئیران لە واشنگتۆن و نوێنەری ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەسەلەی ئێرانی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا ووروژاندەوە.[3] پشتگیرییکردنی ئەمەریکاو بەریتانیا لە ئێرانو تاوانبارکردنی شورەویی بە پێشێلکردنی پرنسیپەکانی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، کارییگەریەکی نەرێیی لە هەڵوێستی شورەویی کرد، هەربۆیە ئەگەری سازانی ئێران و شورەویی بە هۆی فشاری نێودەوڵەتیەوە  تا دەهات زیاتر زەمینەی بۆ دەخولقا کە بێگومان مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستانیش بەو کێشمە کێشمە دیپلۆماسیانەوە گرێدرابوو.

شایەنی باسە، ڕێبەرانی هەردوو دەسەڵاتەکەی تەبرێزو مهاباد بە دوودڵییەوە دەیانڕوانیە سەردانەکەی قەوام بۆ مۆسکۆ و فشاری نێودەوڵەتیی لە سەر شورەویی، لە

---

[1] کوهستان، ١١اسفند ١٣٢٤.

[2] عاقلی، س.پ، ل٣٨٣-٣٨٥.

[3] آوري، س.پ، ل٢٩١ .، العانی، س.پ، ل٢٠٥.

کاتێکدا لەتەبریز خۆپیشاندانی جەماوەریی ئەنجامدەدرا بۆ ورەبەرزکردنەوەو دروشمی (أولمك وار دونمك يوخدور/ مردن هەیە و پاشەکشە نییە) یان بەرزدەکردەوە[1] جۆرە بێدەنگییەك باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو. ڕێبەرانی کۆمار بێئەوەی دژە بەرنامەیەکیان هەبێت لە خانەی چاوەڕوانیدا بوون. وەك پێشەوا لە گفتوگۆیەکی دوو قۆڵی لە گەڵ عەقید بەکر ئاغای ئەفسەری هێزی کۆماردا درکاندوویەتی(( بابزانین خوا چی دەکات .... جاریٰ ووتویژ لە نێوان قەوامولسەڵتەنەو ڕووسەکان هەیە... بەڵام هیوادارم روسەکان بە بەڵێنی قەووام هەڵنخەڵەتێن))[2]

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە زیرەکیی و ڕۆڵی دیماگۆجیی قەوام بکرێت کە کەم کەس سەری لێدەردەکرد. وەك دیارە بە گەیشتنەوەی قەوام بۆ تاران، ناوەندە فەرمییەکانی ڕاگەیاندی ئێرانیی، کەوتنە دەهۆڵکوتین‌و بەبالای قەوامدا هەڵیاندەداو وەك دیموکراتخوازێکی رەسەن و ڕزگارکەرێکی میلليی باسیان دەکرد.[3] لە لایەکی دیشەوە قەوام هەستا بە دەستەبەرکردنی زۆربەی کەسایەتیە ناودارە ئینگلیزخوازەکانی وەك : حسن أرفع ، سید ضیاءالدین طباطبائی و علی دشتی... هتد[4] و ئازادیی کاری بۆ حیزبی تودە مسۆگەر کردبوو. جگە لەوەی لە زۆربەی ئاخاوتنەکانیشیدا بەڕێزەوە ناوی شورەویی دەهێنا و خۆی وەك دۆستێکی شورەویی پێشاندەدا. بەمجۆرە زەمینەی نزیکبوونەوەی ئێران‌و شورەویی تادەهات خۆشتردەبوو، ئەوەبوو لەکاتێکدا "سادچیکۆڤ" سەفیری مەزنی نوێی شورەویی گەیشتە تاران، وتووێژە پچڕاوەکەی مۆسکۆو تاران دەستیپێکردەوەو هەردوولا لە٤ ی نیسانی ١٩٤٦ دا لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

١ــ هێزەکانی سوپای سوور لە مێژووی ٢٤ی ئازاری ١٩٤٦ەوە و لەماوەی مانگ و نیوێکدا خاکی ئێران بەجێبهێڵن.

---

[1] الجبراني، س.پ، ل١٣٤.

[2] حەوێزی، س.پ، ل٨٨

[3] عاقلی، س.پ، ل٢٩٠.

[4] آوري، س.پ، ل٢٩٠

٢ـ ڕێکەوتننامەی دامەزراندی کۆمپانیای تێکەڵاوی نەوتی ئێرانیی و سۆڤێتیی و مەرجەکانی لە ٢٤ی ئادارەوە تا٧ مانگی دی بۆ مەجلیسی پازدەهەم بە مەبەستی بڕیاردان لەسەردان ئامادەبکرێت.
٣ـ سەبارەت بە ئازەربایجان لەبەرئەوەی مەسەلەیەکی نێوخۆییە، بەشێوەیەکی ئاشتییانەو ڕێگای پیادەکرنی ریفۆرم بە پێی ئەو یاسایانەی هەن‌و بە گیانێکی خێرخوازانەوە بەرامبەر خەڵکی ئازەربایجان لە نێوان دەوڵەت و خەڵکی ئازەربایجاندا چارەسەر بکرێت.[1]

لەڕاستییدا، مۆرکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە نێوان ئێران وشورەوییدا سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ قەوام ئەلسەلتەنە، چونکە لەلایەك چۆڵکردنی سوپای سوور لە باکووری وڵات مسۆگەرکردنی بە ئامانجی یەکەم و کلیلی چارەسەرکردنی سەرجەم قەیرانەکان دادەنا. لەلایەکی دیش فاکتەری دەرەکیی لە مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستان داماڵی و بێلایەنیی شورەویی چنگ خست بەوەی مەسەلەکە بەشێك لە کاروباری ناوخۆیی ئێران‌و چارەسەرکردنیشی خرایەژێر ڕەحمەتی دەسەڵاتی ناوەندییەوە. سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی هاوبەشی شورەویی و ئێرانیی[2] وەك ئاشکرایە دەسەڵاتدارانی شورەویی گرێنتیەکیان لەمبارەیەوە لەحکومەتی ئێران وەرنەگرتبوو، بەڵکو هەموو هیوایەکیان لەسەر بەڵێنەکانی قەوامی(ئازادیخواز و دۆستی شورەویی )و خولی پازدەهەمی مەجلیسی شورا هەڵچنیبوو کە ئایندەیەکی ڕوونی نەبوو. شایەنی باسە جگەلەوەی چالاکییە دیپلۆماسیەکانی ئێران و فشاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر شورەویی کارتێکی بەهێزیان بە قەوام دا بۆ دەرکردنی سوپای سوور لە باکووری وڵات، هێشتنەوەی ئەو دوو بڕیارەش کە پێشتر مەجلیسی

---

[1] گذشته چراغ راه ایندااست، ل٣٥٣ .، العانی، س.پ، ٢٠٦.

[2] هەر لە٤ی نیسانی ١٩٤٦دا قەوام لەنامەیەکیدا بۆ سادجیکۆف چۆنییەتی دامەزراندنی کۆمپانیا هاوبەشەکەی ڕاگەیاند کە بۆماوەی ٥٠ ساڵ سوود لەدەرهێنانی نەوتی باکور وەرگرێت‌و بەشەکان بەرێژەی ٥١ بۆ شورەوی‌و ٤٩ بۆ ئێران لە ٢٥ ساڵی یەکەمدا دابەشبکرێت‌و لە ٢٥ ساڵی دووەمیشدا هەردوولا یەکسان بن.
نیا، س.پ، ل٣٠٠-٣٠١ .، النداوی، عبدالمناف جاسم، اشكالات الانسحاب السوفيتی من ايران ايار ١٩٤٦، مجلة كلية المعلمين، العدد الخامس، السنه الثالثة، بغداد،حزيران ١٩٩٦، ص١٧.

شورای ئێرانیی سەبارەت بە : یەکەم: نەدانی هیچ ئیمتیازێکی نەوتی بە هیچ دەوڵەتێکی بێگانە لەلایەن حکومەتەوە تا تەواوی هێزە بێگانەکان لە خاکی ئێران نەکشێنەوە، دووەمیش قەدەغەکردنی هەڵبژاردنەکانی خوولی پازدەهەمی مەجلیس تا هەموو هێزە بێگانەکان لە ئێران نەچنەدەرەوە و دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ هەموو ئەو ناوچانە نەگێڕێتەوەکە ئاڵۆزیان تێدایە، پابەندبوونی قەوام بەم دوو بڕیارەوە کارتێکی بەهێزیان دایە تا لە بەڵێنەکانی بۆ شورەویی گرێنتیەك نەداو دواتریش بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەندانەی لە ڕێکەوتننامەکەدا پابەندی بوو واتە چارەسەری مەسەلەی ئازەربایجان و دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نەوتی هاوبەشی شورەویی – ئێرانیی، زەمینەیەکی هەڵسوورانی ئازادانەتری بۆ بڕەخسێت، ئەمەش لە ڕاستییدا بۆ زیرەکی قەوام و ڕاوێژکارەکانی دەگەڕایەوە. [1]

سەبارەت بە هەڵوێستی شورەویی، "ڤاسلیڤ" ڕەخنەی لە سیاسەتی ستالین گرتووە سەبارەت بەو قەیرانەی لە ئێراندا دروستیکردووە لە ئەنجامی دواخستنی کێشانەوەی هێزەکانی شورەویی لەئێرانو دواتر دەڵێت: (( ئەو کاتەی بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ڕەگەزیی و هەرێمیی لە ئێراندا هێزێکی ڕاستەقینەی بەوچەشنە نەبوو سەنگەر لە دەسەڵاتی ناوەندیی بگرێت، هەروەها یەکێتیی شورەویی کە دوای هەڵایسانی شەڕی ساردو بەخشینی ئۆلتیماتومی سەرۆك (ترومن) ی ئەمەریکیی بە ستالین ئامادەیی نەبوو بێ چەکی ئەتۆمییو لە پێناوی ئێراندا لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا بچێتە جەنگێکی ڕاستەقینەوە، هەر بۆیە ستالین بۆ پاراستنی ئاوی ڕووی ناچاربوو بێ هیچ گرێنتیەك لەگەڵ قەوام ئەلسەلتەنەدا باس لە ئیمتیازی نەوتی باکوور بکات و بڕیاری پاشەکشەی هێزەکانی لە ئێراندا بدات.)) [2]

---

[1] فردوست لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:" قەوام ئەلسەلتەنەیەك کە برای وثوق ئەلدەولەیە کە پەیمانی ١٩١٩ی لەگەڵ ئینگلیز مۆرکرد، قەوام ئەلسەلتەنەیەك کەلەهەواداران و بگرە نۆکەرەکانی دەستگا ئینگلیزییەکان بوو، ئایا دەتوانرێت وابیخەینە پێش چاومان کەبێویستو راوێژی ئینگلیزەکان سەردانی مۆسکۆی کردووەو دواتریش لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی رێکەوتننامەیەکی گرنگی وامۆر بکات؟!" فردوست، س.پ، ل١٥٠.

[2] ڤاسیلیڤ، الیکسی، روسیا في الشرقین الادني والاوسط، من الرسولیة الي البراغماتیة، ترجمة المرکز العربي للصحافة والنشر، مراجعة: د. حمدي عبدالحافظ، مکتبة مدبولي، القاهرە،ص ٣٧-٣٨.

(اوری)یش لە لای خۆیەوە دەڵێت: ((لە ڕاستییدا، کۆنترۆڵکردنی ڕۆژئاوای ئێران لە لایەن شورەوییەوە خەونێکی گەورەی ستراتیژیی ڕووسەکان بوو، هەرچەندە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی وا دەهاتەبەرچاو کە ئاژاوەی ئازەربایجان و کوردستان ئاکامەکەی بە دامەزراندنی دوو دەوڵەتی دەسکەلای شورەویی کۆتاییدێت، بەلاّم شورەوییەکان لە ڕاستییدا ئەم بەزمەیان نابۆوە تا سەرنجی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لە بارودۆخی ئەوروپای ڕۆژهەلاّت وەرگێڕن.))[1]

وەك بینرا نە لە گفتوگۆکانی ئێران و شورەویی لە مۆسکۆ و نە لە ڕێکەوتنامەکەی قەوام ـ سادجێکۆڤ دا باس لە کورد و کێشەکەی نەتەوایەتییەکەی لە ئێراندا نەکراوە و وەك ئاکامێکی لاوەکیی قەیرانەکەی ئازەربایجان تەماشاکراوە، حکومەتی شورەوییش کە چ پەیوەندییەکی فەرمیی لەگەڵ دوو دەسەلاّتە ئازەریی و کوردییەکەدا دانەمەزراندبوو، لە گشت بۆنەکانیشدا ئەوەی دووپات دەکردەوە کە مەسەلەی ئازەربایجان مەسەلەیەکی ناوخۆییە، دوای ئەوەی بەڵێنی ئیمتیازی نەوتی لە حکومەتی ئێران وەرگرت هیچ ئیلتیزامێکی وای نەبوو ڕێگربێت لە بەردەم کشانەوەی سوپای سوور لە باکووری ئێران کە بە جێبەجێکردنی تا ٩ی ئایاری ١٩٤٦ هێزێکی لە ناوچەکەدا نەماو هەمووی گێڕانەوە خاکی شورەویی.[2] ئەم هەنگاوەی شورەویی بۆ ڕێبەرانی کورد و ئازەر دڵخۆشکەر نەبوو، چونکە هەتا سوپای سوور لە ناوچەکەدا بوو حکومەتی ئێران نەیدەتوانی پەلاماری سەرتاسەریی ئازەربایجان و کوردستان بدات. بەمەش کارتێکی هێزیان لەدەستدا، بەتایبەت بۆ ئازەرییەکان کە لەگەڵ بوونی سوپای سوور لە ناوچەکەیاندا ڕاهاتبوونو هەماهەنگیی ناوخۆیی ئازەربایجان لە ئاستێکی پتەودا نەدەبینرا.

عبدالرزاق الحسنی لە بەرگی حەوتەمی کتێبی مێژووی وەزارەتەکانی عێراقدا باس لەوە دەکات کە پێشەوا بە بۆنەی کشانەوەی ئۆردوی سوور تەلەگرافێکی پیرۆزبایی بۆ قەوام ئەلسەلتەنە ناردووە ئەویش وەلاّمی داوەتەوەو سوپاسی کردووە.[3] لە ڕاستییدا، ئێمە

---

[1] اوری، س.پ، ل٢٨٧.

[2] ایغلتن، س.پ ، ل١٦٠.

[3] الحسني، عبدالرزاق، تأريخ الوزارات العراقية، الطبعة السابعة، الجزء السابع، بغداد ١٩٩٨، ص ١٧١.

باسی ئەو تەلەگرافە یاخود دەقەکەیمان لەبڵاوکراوە فەرمییەکانی ئەو کاتە نەدیتووە، بەڵام دەگونجێت قازی وەك هەڵوێستێکی فەرمیی و بۆ پێشاندانی نیازپاکیی ئەو کارەی کردبێ.

شایەنی باسە، بەو شێوەیەش ڕێبەرایەتیی کۆمار دوای بیستنی هەواڵی چۆڵکردنی سوپای سوور زیاتر کەوتنەخۆو ورەیان بەرنەدا، وەزارەتی جەنگی کۆمار داوای لە هێزی عەشایری کوردستان کرد، ڕووبکەنە ناوچە سنوورییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی لەناکاوی سوپای ئێران، بەتایبەت لەناوچەی سەقزەوە. پێشەوا لەبەرامبەر سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردو هێزەکانیاندا لە ٥ی ئایاری ١٩٤٦دا ڕایگەیاند:

" لەکاتێکی دا ئوردوی سوور لەنێومان دابو دوژمنانی ئێمە هەمیشە وایان بڵاودەکردەووە کەداواو تیدیعا کوردان هەموی بەهۆی سیاسەتێکی خارجییە، کەمەقصودیان ئوردوی سووربو، بەڵام ئەورۆ بەئاشکرای لەهەمو کەسێك معلوم بوە کەکورد ئازادی دەویٚ‌و دەست لەو مەرامە هەڵناگریٚ‌و وجودی ئەو عەشائیرانە لەورۆدا کە بەگیان‌و ماڵ ئامادەن ئاخرین دڵۆپی خوێنی خۆیان بۆ ئەو مەرامە برژێنن شاهیدێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی کورد ئازادی دەویٚ‌و دەستی لە هیچ هەڵناگریٚ‌و بۆ وەچنگ هێنانی ئازادی ئیعتمادی هەر بەخۆیە. ئەمن زۆر سوپاسی برا مەنگوڕەکان دەکەم هەر بەبیستنی ئەوەی کەزانیویانە ئۆردوی سوور وڵاتی تەخلیە کردەوەو رۆژی کارە، گەورەو چوکیان، بۆ پاراستنی وڵات ئامادەی خزمەت بون. برایانی مامەش.. هەروەها برایانی گەورەك‌و دیبۆکری‌و زەرازاو ئاغایانی قەرەپاپاق هەموی ئەورۆ وەك کورد لەمەیدانیٚ دا راوەستاون‌و چاوەنۆری فەرمانن.. برایانی خۆشەویستی بارزانی کەلەرێگای وەدەست خستنەوەی ئازادی کوردستانی مەزن وڵات‌و ماڵ‌و منداڵیان لەپێش چاو نییە هەمویان لەپێناوی ئەو مەگلەبە ناوە..جەنابی حەمە رەشید خان کەچەند وەختە لەو پێناوەدا ئیمتیحانی خۆی داوە، هەموی ئەوانە بەڵگەیەکی زۆر گەورەن کەجونبوشی ئازادیخواهی کوردستان بەهۆی سیاسەتی خاریجی نەبوە بەڵکو هێزێکە لەدڵی هەمو کوردێك دا مەوجودەو لەسایەی خودا ئەو هێزەش ئەوەندە بەقوەتە کەدەتوانیٚ دەستی ڤالم ببڕیٚ. بەڵام میلەتی کوردی زۆر خاوەن ئینصاف و روحمە دیسان لەسەر ئەو حاڵەشەوە کەهێزی زۆر کافیە بۆ ئەستاندنەوەی وڵاتی خۆمان‌و تۆڵە ستاندنەوەمان لەسەر ئەوانەشەوە ئەوا خەریکین کەوا بەرێگایەکی صولح‌و موسالەمەت حقوقی خۆمان وەرگرینەوە" [1]

---

[1] وەرگیراوە لە: ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل ٢٥٨-٢٥٩.

## باسی سێیەم: کۆماری میللی کوردستان لەنێوان بەرداشی گفتوگۆو شەڕ پێفرۆشتنەکانی لەشکری شاهەنشاهییدا

### یەکەم: کێشەی کوردستانو شوێنی لەپرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی ئازەربایجان لەلایەن حکومەتی قەوام ئەلسەڵتەنەدا

راستییەك پێشتر ئاماژەی پێدرا ئەوەیە کە بەمۆرکردنی رێکەوتنامەی ٤ی نیسانو دەستپێکردنی کشانەوەی سوپای سوور لەباکووری ئێران، قەوام ئەلسەڵتەنە بەشێکی بنچینەیی لەپلانەکانی سەبارەت بەقەیرانەکەی ئازەربایجان جێبەجێکرد. بەوەش سەرەك وەزیرانی ئێران قۆناغێکی نوێی هاتە بەردەم کەخۆی لەبادانەوە بۆ باری ناوخۆیی وڵاتو کێشەکە دەبینێتەوە. لەرێگای زنجیرەیەك تاکتیکی سیاسیی و سەربازیی دژبەیەك کە ئاکامەکەی جگەلە کلۆرکردنی بنەماکانی هەردوو دەسەڵاتە میللییەکەی تەبرێزو مەهابادو سڕکردنی جووڵانەوەی دیموکراتخوازانەی سەرتاسەریی ئێرانیی شتێکی دی لیٚ سەوز نەبوو. هەربۆیە دەتوانرێت بوترێت کە زەمینەڕەخساندن بۆ دووبارە گێڕانەوەی دەسەڵاتی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بۆ ناوچە ئازادکراوەکان ئامانجێکی سەرەکیی قەوام ئەلسەڵتەنە بوو لەسیاسەتی ناوخۆی ئێراندا.

وەك لەبەندی سێیەمی رێکەوتنەکەی قەوام سادجیکۆف داهاتووە، پێویستە حکومەتی ئێران مەسەلە ناوخۆییەکەی ئازەربایجان بەشێوەیەکی ئاشتییخوازانەو ریفۆرم، بەپێی یاسای بنەرەتیی و بەگیانێکی خێرخوازانەوە لەنێوان دەوڵەتو خەڵکی هەرێمەکەدا چارەسەربکات. ئەو بەندەی کە لەراستییدا ناوەرۆکێکی ئاڵۆزو شاراوەی هەیەو چارەسەرێکی دیاریکراوی نەداوە بەدەستەوە بۆ کۆتایهێنانی کێشەکە. ئەمەش زیاتر یارمەتی قەوامی دا تا چۆنی دەوێت ئاوا مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا بکاتو خواستێکی راستەقینەی بۆ رێکەوتن لەگەڵ رێبەرانی هەردوو گەلی ئازەرو کوردا نەبێت، بەتایبەتییش گەلی کوردو کۆمارە ساواکەی لەمەهاباد، کە لەبەندی ٣ی رێکەوتنەکەدا ئاماژەیەکی ئاشکرای پیٚ نەکرابوو، بەڵکو لەمەسەلەی ئازەربایجاندا لەقاڵبدرابوو.

شایەنی باسە، سەرۆك وەزیرانی ئێران لەسەرەتادا، چ وەك پابەندبوونێکی رواڵەتی بەو بەندەی رێکەوتنامەکەو چەواشەکردنی شورەویی و زەمینە خۆشکردن بۆ کشانەوەی سوپای سوور لە لایەکەوە، چ بەمەبەستی بەلاڕێبردنی شەپۆلی دیموکراتخوازانەی ئێرانیی و غافڵکردنی و دواتر لاوازکردنی بەجۆرێکی وا نەتوانێت ببێتە هێزێکی یەکگرتوو دژی چینە دەسەڵاتدارەکانی وڵات لەلایەکی دیەوە، ناچار بوو پێشانیبدا کەئامادەیە رووی (ئاشتیخوازانەو خێرخوازانە) خۆی بکاتە کێشەکەی ئازەربایجان. بۆ ئەم مەبەستەش لە٢ی نیسانی ١٩٤٦دا لەرێگای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی ٧ بەندییەوە دەروازەی گفتوگۆی لەبەردەم رابەرانی ئازەربایجاندا کردەوە. بەیاننامەکە کە لەپێشەکییەکەیدا ماف هاونیشتمانی ئازەربایجانی بەپێی یاسا دووپات و بڵاودەکاتەوە نووسیویە:" باوەشمان بۆ هاونیشتمانانی ئازیزی ئازەربایجانی کردۆتەوەو بۆ یەکگرتوویی و برایەتیی بانگیان دەکەین."[1]

شایەنی باسە ناوەرۆکی ٧ بەندی بەیاننامەکە بریتییە لە:"لێخۆشبوون لەبەشداربووانی رووداوەکانی ئازەربایجان، چاوپێداخشانەوەی باری ئاوەدانی و ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجان لەخولی مەجلیسی داهاتوودا، ماف هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئیالەتی بۆ سەرۆکی دەزگا خزمەتگوزارییەکانی هەرێمەکە، بەمەرجێ فرمانی دانانیان لەناوەندەوە بێت، سەبارەت بەمەسەلە گرنگەکانی وەك: دانانی پارێزگاری هەرێمەکە، دانانی فەرماندەی سوپا، دانانی فەرماندەی ژاندارم، ئەمانە هەموویان تەنیا لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دیارییدەکرێن و دادەنرێن، سەبارەت بە زمانی فەرمیی هەرێمەکە، بەندی ٣ زمانی فارسی وەك هەرێمەکانی دی ئێران بەزمانی فەرمیی دانابوو، ئەو دەرفەتەی بۆ منداڵانی ئازەریی هێشتبووەوە کە تا پۆلی پێنجی سەرەتایی بەزمانی ئازەریی بخوێنن، خۆ مەسەلەی داننان بەحیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و دەستکەوتەکانی حکومەتی میللیی لەتەبرێز، وەك دابەشکردنی زەوی زارو دامەزراندنی سوپاو ..هتد، هەر باسیشی لێوە نەکرابوو.[2]

---

[1] کوهستان، ١٩ اردیبهشت ١٣٢٥.

[2] البکاء، س.پ، ل٢٣٨ .، الجبرانی، س.پ، ل١٣٧.

ئەگەر سەبارەت بەکێشەی کوردو کۆماری میللیی کوردستان‌و دەستکەوتەکانیشی لەبەیاننامەکەدا بپرسین، ئەوە نە لەدوور نە لەنزیك تەنیا وشەیەك چییە لەوبارەیەوە نەنوسراوە. ئەوەش دەتوانرێت بەتاکتیکێکی قەوام لێکبدرێتەوە بۆئەوەی هەر لەسەرەتاوە دژەکانی ناچاربکات جیاجیا لەگەڵیدا بکەونە گفتوگۆ، بۆ ئەوەی رووبەرووی هەڵوێستێکی ئازەریی ـ کوردیی یەکگرتوو نەبێتەوەو بگرە گەر بۆشی بلوێ یەك لەوی تر هانبدات‌و درزەکەی نێوانیان گەورەتر بکات. ئەمە لەلایەك‌و لەلایەکی ترەوە رەهەندی دەموەردان لەمەسەلەی کوردستان لەلایەن قەوامەوە تەنیا مەهابادو دەوروبەری نەدەگرتەوە، بەڵکو بەجۆرێك بەرینتر دەبوو کەجگە لەسەراپای رۆژئاوای ئێران کاریگەریی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و دەوڵەتەکانی دراوسێی وەك تورکیاو عێراق بەجێدەهێشت. ئەوەش نەك تەنیا لەبەرژەوەندیی ئێراندا نەبوو، بەڵکو بەزیانی گەورەی ئەو دەوڵەتانەو زلهێزە بەرژوەندیدارەکانی وەك ئەمەریکاو بەریتانیا تەواو دەبوو. کارێکی وا کەهیچ کام لەم لایەنانە پێ‌ رازیی نەدەبوون‌و بەتوندیی دژی دەوەستانەوە.

ئەم هەڵوێستە خۆگێلکەرییەی حکومەتی ئێران لەمەڕ کێشەی نەتەوەیی کوردو کۆماری میللیی کوردستان، رێبەرانی کوردی تووشی نارەحەتیی‌و دڵەڕاوکێ‌ کردبوو. شایەنی باسە، دژبەیەکیی تاکتیکەکانی قەوام ئەو خوگێلکردنەی لەواقیعی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران لەلایەن سەرنووسەری هەفتەنامەی کوهستان بەراشکاویی ئاماژەی بۆ کراوە کە لەژێر ناونیشانی (در اغوش پرمهرو محبت خود کردستان راهم جای دهید/ لەباوەشی پڕسۆزو خۆشەویستیاندا شوێنێکیش بۆ کوردستان بکەنەوە) نووسیویە:" هەفتەی رابردوو دەوڵەت بەیاننامەیەکی سەبارەت بەئازەربایجان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام دیارییان نەکردووە ئایا مەبەست لەئازەربایجانی کوێیە. ئەگەر مەبەستی بەیاننامەکە ئازەربایجانی خۆرئاواش دەگرێتەوە، ئەوسا دەبێت مەسەلەی هاونیشتمانانی کوردستانیش بەپێی یاسا دانی پێدابنرێت، چونکە وەك ئاشکرایە شاری مەهاباد بەحکومەتە خودموختارەکەشییەوە، هەروەها شارەکانی سەقز، گەروس، بانەو سەردەشت کەئێستا لەژێر دەسەڵاتی ناوەندییدان، ئەوانیش لەرووی بەڕێوەبەرایەتییەوە بەشێکن لەئازەربایجانی خۆرئاواو دەبێت ناوەرۆکی بەیاننامەکە

بیانگرێتەوە. لەراستییدا بێدەنگیی دەوڵەت سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان نیگەرانییەکی گەورەی لەلای خەڵکی کورد دروستکردووە، بەهێزکردنو چڕبوونەوەی لەشکر لەباشووری کوردستانی شیمالیداو ئالەم وەختەدا کەدەوڵەت (باوەشی بۆ هاونیشتمانانی ئازیزی ئازەربایجانی کردۆتەوەو بۆ یەکگرتوویی و برایەتیی بانگیان دەکات) بەدوودڵیی و بەدبینییەوە لیٚ دەڕوانرێت. ئەمڕۆ چۆن دەوڵەت باوەشی ئاشتیخوازانەی بۆ ئازەربایجان کردۆتەوە، ئا بەوجۆرەش دەبێت باوەشی بۆ خەڵکی کوردستان بکاتەوە." [1]

بەهەر حاڵ رێبەرانی حکومەتی میللی ئازەربایجانو کۆماری میللی کوردستان کەهەر لەبنەڕەتەوە بڕوایان بەرێگاچارەی ئاشتییخوازانەی کێشەی نەتەوەیی میللەتەکانیان هەبوو، ئەوانیش کەوتنە خۆ تاسوود لەو دەرفەتە وەرگرنو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاراندا بچنە سەر مێزی گفتوگۆ، سەبارەت بەپێشەوا لەوتەیەکیدا بەبۆنەی گفتوگۆوە ئاشکرای کرد:" ئێمە گەلی کوردی هەژار هەرگیز شەڕمان نەویستووەو هەمیشە شەڕمان پیٚ فرۆشراوە لەلایەن داگیرکەرانەوەو ئێستەش کەوا حکومەتی تاران هاتۆتە سەر ئەو رایە کەوا داواو کێشەکەمان بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکات ئێمە نەك هەر رازینو بەڵکو سوپاسیشی لیٚ ئەکەین.. ئێمە لەگەڵ وەفدی (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان)دا ئەچینە تارانو داوای ئێمە هەر تەنیا خودموختارییە."[2] بەمچەشنە رابەرانی کۆمار کەخودموختارییان کردبووە ستراتیژو بنەمای داواکارییەکان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ تاراندا، لە٢٨ی نیسانی ١٩٤٦دا، بەتێکەڵاویی لەگەڵ سەرانی ئازەربایجاندا دەستەیەکیان پێکهێناو بەسەرۆکایەتیی جەعفەر پیشەوەری بەرەو تاران کەوتنەڕیٚ. [3]

لەراستییدا، خەڵکی کوردستان، بەتایبەت شاری مەهاباد، ئومێدێکی گەورەیان بەوە هەبوو کە وەفدەکە لەتارانەوە بەدەستکەوتی سیاسیی و نەتەوەییەوە بگەڕێنەوەو حکومەتی قەوام لەرێگای گفتوگۆوە چارەسەری کێشەکەیان بکاتو لەم رووەوە هەنگاوی

---

[1] کوهستان، ١٩ اردیبهشت ١٣٢٥.

[2] پشدەری، س.پ، ل٦٧-٦٨.

[3] قاسملو، چل ساڵ خەبات،ل ٩٣.

ئەریی هەڵنێت، هەربۆیە بەمەبەستی هاندانی حکومەت و پشتگیریکردنی وەفدەکە لەگەیشتنە ڕێکەوتنامەیەك و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیی بۆ ناکۆکییەکان، بازرگانان و سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەی مەهاباد، هەروەها کۆمیتەکان و مەکتەبی سیاسیی ح.د.ك تەلەگرافیان ئاراستەی لایەنەکانی گفتوگۆ دەکردو لەرۆژنامەکانی ناوەنددا بڵاودەکرایەوە.

لەم ڕووەوە زیاتر لە ٣٠ بازرگانی شاری مەهاباد لەتەلەگرافێکدا نووسیویانە" بۆ جەنابی ئاغای سەرۆك وەزیری قەوام ئەلسەلتەنە.. لەگەڵ تەواوی ڕێزو خۆشەویستییماندا، هەروەك نوێنەرانی پایەدارمان ئاگادارن کە ساڵەهایە بارودۆخی ژیانی میلەت و وڵات، هەروەها ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسییمان، لەژێر چنگی کارمەندانی کۆنەپەرست و خوێنمژدا بووە، میللەتی خانەدانی کورد پۆپەی ستەم و تاوانی دەرحەق کراوەو ڕەوشتی فایشیستانەی لەکوردستاندا برەوی بووە. هەربۆیە میللەتی ئازاو قارەمانی کورد بۆ پێشلنەکردنی تەواوی مافەکانی و بوونی میلیی هەزاران ساڵەی خۆی ڕێگای خەبات و ئازادیی گرتۆتە بەرو بەرابەری پیاوچاکانی خۆی توانیویەتی لەدونیای موتەمەدینی ئەورۆدا وڵاتی خۆی لەژێر چنگی ئەسارەت و فاشیستخوازەکان ڕزگار بکات و ئاسایشی پێویست لەخاکی کوردستاندا بچەسپێنێت و میللەت شارێگەی پێشکەوتن بگرێتەبەر، هەربۆیە چەسپاندنی ئاسایش و ئازادیی میللەتەکەمان بۆ هەتاهەتایە ئامانجێکی سەرەکییمانەو چاوەرێی ئەوەین لەم ڕووەوە هەستی پاکمان بریندار نەکرێت و بێئومێد نەکرێین، چونکە بەهەموو توانایەکمانەوە بۆ ئاشتیی تێدەکۆشین."[1]

کۆمیتەی شاری مەهابادی ح.د.ك یش تەلەگرافێکیان بەهەمان ناوەرۆك نوسیووە تیایدا دەڵێن:".. ئەمرۆ لەکوردستاندا هێمنیی و ئاسایشێك بەرقەرارە کەسەراپای مێژوو بەخۆیەوە نەدیووە. لێرە (واتە مەهاباد ـ ل) کارمەندان و دەزگا کوردییەکان، کوردستان بەرەو پێشکەوتن دەبەن و میللەت بۆ بەختەوەریی هەتاهەتایی ڕێنمایی دەکەن، هەربۆیە ئێمە کەئامانجی ڕاستەقینەمان تەنیا خۆشیی و پێشکەوتنی میللەتە داواکارین لێتان

---

[1] کوهستان، ٢٣ اردیبهشت ١٣٢٥.

ڕێگای ئازادییمان لێنەگرن‌و بۆ چەسپاندنی واقیعی کوردستان ڕێگای گونجاو بگرنەبەر.
وهاب بلوريان ، احمد الهی، مناف کریمی، حسین زرگری، سید محمد تەهازادە، محمود دولی زادە، صدیق حیدری، محمد یاهو."[1]

شایەنی باسە، دەستەی تێکەڵاوی نوێنەرایەتیی ئازەرو کورد، ماوەی پازدە ڕۆژ لەتاران گفتوگۆیان لەگەڵ لێپرسراوانی ئێرانییدا کرد بێئەوەی ئاکامێکی دیارییکراوی لێ بکەوێتەوە. هەربۆیە لەڕۆژی ١٣ی مایسی ١٩٤٦دا تارانیان بەجێهێشت‌و بەدەستی بەتاڵ بەرەو تەبرێز گەڕانەوە.[2] ڕۆژێك دواتر، واتە لە ١٤ی مایسدا، قەوام ئەلسەلتەنە لەوتەیەکیدا هەیئەتی ئازەربایجانی تاوانبارکرد بەوەی کە ئامادەنین پێشنیازەکانی دەوڵەتی ناوەندیی قبوڵ بکەن‌و شتی وایان داوا کردووە کەلەگەڵ یاسای بنەڕەتییدا ناگونجێ.[3] پیشەوەریش بەگەڕانەوەی بۆ تەبرێز هێرشێکی توندی کردە سەر لێپرسراوانی تاران‌و تاوانباریکردن بەوەی کە بەبیانووی یاسای بنەڕەتییەوە دەیانەوێت هەموو ئەو دەستکەوتانە زەوتکەن کەچەند وەختە لەئازەربایجاندا هاتووتەدی، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەحکومەتی تاران داوای خۆ بەدەستەوەدانی بێ قەیدوشەرت دەکات‌و ئامادەنییە گۆڕانکارییەك لەو ٧ بەندەدا بکات کەپێشتر بڵاویکردونەتەوە، وەك ئەوەی ئەو ٧ بەندە ئایەتی قورئان بن‌و لەئاسمان هاتبنە خوارەوە.[4]

ڕاستییەکەی قەوام ئەلسەلتەنە لەبەرنامەیدا نەبوو وا بەخێرایی‌و لەڕێگای گفتوگۆوە چارەسەری مەسەلەی ئازەربایجان بکات، بەڵکو دەیویست پیادەی گەمەی گفتوگۆیەکی ماراسۆنی بکات، بۆیە سەبارەت بەمانەوەی هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان‌و مەسەلەی دابەشکردنی زەوی زارەکانی میری بەسەر جوتیارانداو خواستەماڵییەکانی سەرانی ئازەر، هەڵوێستی نەرێیی پێشانداو ئەم مەسەلانەی کردنە گرێکوێرەی وتوێژەکانی نێوان هەردوولا.[5]

---

[1] ه.س.
[2] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٩٣-٩٤.
[3] کوهستان، ٢٣ اردیبهشت ١٣٢٥.
[4] البکاء، س.پ، ل٢٣٩-٢٤٠ .، الجبرانی، س.پ، ل١٣٩-١٤٠.
[5] اوری، س.پ، ل٢٩٤.

محەمەد سەیفی  قازیی وەزیری جەنگی کۆمارو نوێنەری کورد لەدانیشتنەکانی تاراندا، دوای ئەوەی لە ١٦ی مایسی ١٩٤٦ گەڕایەوە کوردستان، لەکۆبوونەوەیەکی گشتییدا هەڵوێستی خۆی لەسەر مەسەلەی گفتوگۆ روونکردەوە. سەیفی قازیی دوای ئەوەی باسی چۆنێتیی پێشوازییکردنی دیموکراتخوازانی تارانی لەوەفدەکەیان کرد کە هاتبوونە فرۆکەخانە، هەڵوێستی نەرێیی حکومەتی ئێرانی سەبارەت بەداواکارییەکانی وەفدەکە ریسواکردو بەتوندیی هێرشیکردە سەر لێپرسراوانی تاران‌و بەدزو کۆنەپەرست‌و پێشێلکەرانی راستیی‌و دادپەروەریی ناوی بردن.[١]

بەداخەوە تەواوی باس‌وخواسەکانی گفتوگۆی تاران ئاشکرا نەکران‌و هیچ سەرچاوەیەکی واشمان دەستنەکەوتووە ئەوە بخاتەروو تاچەند نوێنەرانی کورد سووربوون لەسەر مەسەلەی بەدیهێنانی خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران‌و لانیکەمی داواکارییەکانیان لەکوێدا وەستاوە. ئەوەندە هەیە کە پێشەوا لەهەمان کۆبوونەوە کە سەیفی ئامۆزای ئاخاوتووە، ئەویش دەربارەی گفتوگۆ قسەی کردووەو لەبەشێکی قسەکانیدا وتوویەتی :".. کورد هێندە لەبراکوژی‌و ئیختلاف خۆی دەپارێزی کورد دەئیرانیدا ئەکثەریەتی هەیە بەئەقەلیەتێکی ئازەربایجانی وەك ئەرمەنی‌و ئاسووری داندران دەنگی نەکرد."[٢]

لەراستییدا ئەم وتەیەی قازیی دەتوانرێت ئەوەندەی لێ هەڵبکێرێنرێت کەنوێنەرانی کورد دوای یەکخستنی تێکڕای ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیان نەکردووە کەلەیەك هەرێمی خودموختار کۆبکرێتەوەو یەك دەسەڵات‌و دام‌و دەزگای خۆ جێی هەبێت. بەڵکو بەویستەکەی ئازەرییەکان‌و تاران تەسلیم بوون کەنەیانویستووە ناوچەی مەهاباد لەئازەربایجان جیا بکرێتەوەو مەسلەی کوردستان شێوەیەکی سەربەخۆ وەربگرێت.

ئەوەش مانای ئەوەیە کەسەرانی کۆمار لەگفتوگۆکانیاندا تەنیا لەهەوڵی پاراستنی دەستکەوتەکەی مەهاباد دابوون‌و خۆیان لەداواکردنی ماف کوردەکانی ناوەندو باشوور بواردووە. لێکدانەوەش بۆ ئەم هەڵوێستە، سەدانەواندنی سەرانی کۆمارە بۆ ئەو واقیعەی

---

[1] کوردستان، رۆژنامە، ژمارە ٥٠، ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥.، ئەمین، حکومەتی کوەردستان، ص ٢١٧-٢٢١.، مەنگوڕی، س.پ، ل٨٥.

[2] رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٥٠، ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥.، ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل٢٢٥.

کوردستانی ئێران‌و جووڵانەوەی نەتەوەییەکەی تێدابووەو حیسابێکە بۆ فاکتەرەکانی هێزی جووڵانەوەکە. لەلایەکەوە بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی‌و دوای جەنگ ناوەندو باشووری کوردستان لەژێرنفوزی هێزەکانی ئینگلیزو حکومەتی ئێراندا بوو، کە بەنەرێیی کاریگەرییان لەسەر دەرکەووتنی هۆشی نەتەوەیی‌و پەرەگرتنی جووڵانەوەی نەتەوەیی هەبوو لەو ناوچانە، لەلایەکی دیەوە مەهابادو دەوروبەری لەڕووی ئیدارییەوە بەشێکی هەرێمی ئازەربایجان بوو، جگە لەوەی سەرانی کۆمار حکومەتی میللیی ئازەربایجانیان بەپاڵپشتێکی خۆیان‌و بەدەروازەیەکیان بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە دادەناو نەیاندەویست لەخۆیانیان بڕەنجێنن‌و ببنە ڕێگری سەرەکیی مەسەلەی ئازەربایجان لەگەڵ تاراندا. وێڕای ئەوەش، سەرانی کۆمار پێیان وابوو کەدانانن بە ماف بەشێکی کورد هەنگاوێکەوە بۆ دابینکردنی مافەکانی باقی تری رۆڵەکانی گەلی کورد لەهەرێمە کوردنشینەکانی دی کوردستانی ئێران.

شایەنی باسە، ئەم جۆرە رێبازەی رێبەرانی کۆمار گرتیانەبەر مەترسیی‌و گرفتی خۆشی هەبوو. بێدەنگیی لەئاستی بەکەمینەکردنی کورد لەئازەربایجاندا، بەمانای ئەوەدێت کەگەلی کورد لەهەرێمی موکریاندا جگە لەوەی دەکەوتە ژێر رەحمەتی دەسەڵاتی ناوەندییەوە، وەك کەمینەیەکیش لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئازەربایجاندا دەمایەوە، ئەوەش ئایندەیەکی روونی لیٚ بەدینەدەکرا. چ بەسەرکەوتنی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییخوازانەی ئازەربایجان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی‌و سەرپێدانەواندنی کورد بۆ دەسەڵاتەکەی تەبرێز، یاخود بەشکستخواردنی پرۆسەکەو گێڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهیی بۆ ناوچەکە، بەمجۆرە کورد لەهەردوو حاڵەتەکەدا وەك کەمینەیەك لەژێر دەسەڵاتی زۆرینەدا دەبوو.

قەوام ئەلسەلتەنە، کەلەلایەکەوە لەهەوڵی کات بەفیرۆداندا بوو، لەلایەکی تریشەوە هەوڵی ئەوەی دەدا رەوشێکی وا نەیەتە پێش شورەویی بەناوی پاراستنی ئاسایشی ئازەربایجان، یاخود کەمتەرخەمییکردنی حکومەتی ئێرانی لەچارەسەرکردنی ئاشتییخوازانەی مەسەلەی ئازەربایجاندا هێزەکانی بگێڕێتەوە ناوچەکەو پیلانەکانی هەڵوەشێنێتەوە. هەربۆیە دەرگای گفتوگۆی بەرووی ئازەربایجانییەکاندا دانەخست‌و بڕیاریدا پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك لەگەڵیاندا تێهەڵچێتەوە. بۆئەمەش پێی وابوو

پێویسته کەسایەتییەکی وا بنرێته تەبرێز کەجگە لەوەی لەلایەن ئازەرییەکانەوە ناسراوبێت، روویەکی شورەوییخوازانەشی هەبێتو لەسەر حیزبی تودە حیساب بکرێت[1]

ئەوەبوو لەرۆژی ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا، قەوام (مظفر فیروز) ی جێگری سیاسیی سەرەك وەزیرانی بەسەرۆکایەتی هەیئەتێکی سیاسیی ـ سوپایی نارده تەبرێز تا گرێکوێرەکانی رێکەوتن لەگەڵ سەرانی ئازەربایجاندا بکەنەوە. شایەنی باسە، ئەم هەیئەته دوای دوو رۆژ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی میللیی ئازەربایجاندا رێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد لە١٣ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا کە بەرێکەوتننامەی فەیروز ـ پیشەوەری ناودەبرێت، تێکڕای بەندەکانی ئەم رێکەوتننامەیە ١٥ بەند بوون ، تیایدا حکومەتی ئێرانی جۆرە پاشەکشەیەکی لەو ٧ بەندە کردبوو کەپێشتر لە٢٢ی نیساندا بە بەیاننامەیەك بڵاویکردبۆوە. لەراستییدا، رێکەوتننامەکەی فەیروز ـ پیشەوەری دانی بەبەشێکی باشی داواکارییە ئیداریی‌و رۆشنبیریی‌و نەتەوایەتیی‌و ئابورییەکانی ئازەرییەکاندا نابوو، جگەلەوەی حکومەتی ئێران دانی بەدەسەڵاتەکەی تەبرێزدا ناو حیسابی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوی ئەو هەرێمەی بۆ کرد. هەروەها تێگەیشتنی هاوبەش لەمەڕ مەسەلەکانی زەوی‌و زارە دابەشکراوەکان‌و دانانی کۆمسیۆنی تایبەت سەبارەت بەچارەنووسی هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان لەخاڵەکانی رێکەوتننامەکە بوون [2].

لێرەدا دەتوانرێت ئەوە بوترێت کەوێرای پاشەکشەی حکومەتی قەوام لەناوەرۆکی ئەو ٧ بەندەی پێشتر وەك بنچینەیەکی پرۆسەی چارەسەریی ئاشتییخوازانەی مەسەلەی ئازەربایجان بڵاویکردبۆوە، بەڵام لەزۆر رووی دیەوە رێککەوتنانەی ١٣ی حوزەیرانی بەسەرکەوتنێکی گەورە بۆ ناوەند لەقەڵەم دەدا، لەلایەکەوە بەناوخۆییکردنی مەسەلەکەو دڵنیا بوون لەوەی ئازەربایجان لەئێران جیا نابێتەوەو گەڕاوەتەوە باوەشی دەسەڵاتی

---

[1] اوری، س.پ، ل٢٩٤–٢٩٥.

[2] کوهستان، ٢٧ خرداد ١٣٢٥.، الجبرانی، س.پ، ل ١٤٠–١٤٢.

ناوەندیی، دوای ئەوەی بەبریارێکی رەسمی لەتارانەوە (دکتۆر سلام الله جاویدی)ی وەزیری ناوخۆی حکومەتەکەی پێشەوەری کرایە پارێزگاری هەرێمەکە.[١]

لەلایەکی دیکەشەوە مەسەلەی ریفۆرمی لەکەمترین بواردا قەتیسداو توانی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کوردو نەتەوە نەفارسەکانی دی ناو ئێران، هەروەها مەسەلەی دیموکراتیزەکردنی دەسەلاّتی سیاسیی و کۆمەڵگای ئێرانیی، هەموو ئەمانە لەو خواستە ریفۆرمخوازو خێرخوازانەیە جیابکاتەوە کەبەرامبەر مەسەلەیەکی ناوخۆیی وەك مەسەلەی ئازەربایجان گیرابووەبەر. جگەلەوەی جێبەجێکردنی و پراکتیزەکردنی ناوەرۆکی رێکەوتنامەکە پشتی بەویستو دڵسۆزیی حکومەتی ناوەندیی و دواتر هەڵوێست و بەرژەوەندیی شاهەنشاو فەرماندەکانی لەشکر دەبەستو خۆبەستنەوەیەکی تێدا نەبووە.

بەپێچەوانەی دیدی ئەو نووسەرو کۆڵەرانەی پێیانوایە رێکەوتننامەکەی فەیروز ـ پیشەوەری هەموو ئەو مافانەی بۆ کورد دەستەبەرکردووە کەلەلایەن دەوڵەتەوە بەئازەربایجانییەکان رەوەبینراوە،[٢] رێکەوتننامەکە کوردی هەنگاوێکی مەزن گەڕاندۆتە دواوە. چونکە جگەلەوەی کوردستانی موکریان لەرێکەوتنەکەدا کراوەتە بەشێك لەئازەربایجان، نە شەرعییەتێك بەدەسەلاّتە کوردییەکەی مەهاباد دراوەو نە ئەو مافانەش بۆ کورد سەلمێنراوە کەوەك ئازەرییەکان ئەنجومەنی هەرێمی خۆیان هەڵبژێرن و قەوارەی سیاسیی و بەڕێوەبەرایەتیی نەتەوەیی خۆیان هەبێت. بەواتایەکی دی، گەلی کورد لەرێکەوتننامەکەدا شەخسیەتی سیاسیی تایبەتی خۆی لەدەستداو نەك وەك گەل، بەڵکو وەك کەمینەیەکی رەگەزیی لەئازەربایجان وەك ئاسوورییەکان حیسابی بۆکراوە. ئەو کەمینانەی کەتێکڕا لەپاڵ کوردا ریزکراون و تەنیا مافێکیان لەبەندی ١٣ی رێکەوتننامەکەدا کەدەڵێت:" دەوڵەت رەزامەندیی خۆی دەردەبرێت کەکوردەکانی ئازەربایجان کەڵك لەشتە باشەکانی ئەم رێکەوتنە بکەن و بەپێی بەندی ٣ بلاّوکراوەکەی دەوڵەت تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەزمانی خۆیان بخوێنن. تێبینی: کەمینەکانی

---

[1] مەنگوری، س.پ، ل٨٩

[2] البکاء، س.پ، ل٢٤٣ .، سابلییە، س.پ، ل٢٤٦

ئازەربایجانیی وەك ئاسووریی‌و ئەرمەنی مافیان هەیە تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەزمانی خۆیان بخوێنن"[1]

بەم شێوە تەنیا مافێك كە بەئاشكرا لەرێكەوتنەكەدا بەكورد رەوابینرابوو، دانپێدانانە بەزمانی كوردیی‌و رێپێدانی منداڵانی كوردە تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەكوردیی بخوێنن. ئەو مافەی تەنیا كوردەكانی موكریانی دەگرتەوەو هەرێمە كوردنشینەكانی دی كوردستانی ئێرانی لێ بێبەریی بوون. خۆ كۆمارەكەی مەهابادو دامودەزگاكانی حكومەتی كوردستان‌و تێكڕای ئەو دەستكەوتە ئیداریی‌و رۆشنبیریی‌و ئابووریی‌و نەتەوایەتییانەی لەو ماوەیدا بەدەستهاتبوون، هەموویان لەلایەن رێكەوتننامەكەوە هێڵێكی راست‌و چەپی پێدا هێنرابوو، حیسابی نەبووی بۆدەكرا، چونكە هەروەك بەندی ١٠ی رێكەوتنامەكە ئاماژەی پێدابوو، مەودای دەسەڵاتە دانپیانراوەكەی تەبرێز ئوستانی ٤یشی دەگرتەوە، ئەو ئوستانەی كەجگە لەشاری ورمێ‌و ناوچە كوردییەكانی رۆژئاوای دەریاچەكە، مەهابادو دەوروبەریشی دەگرتەوە.[2] هەربۆیە دەتوانرێت بوترێت كەرازیبوون بەو بەندە لەلایەن سەرانی ئازەربایجانەوە جۆرە پاشەكشەیەك بوو لەرۆحی ئەو پەیمانە دۆستایەتییەی پێشتر لە ٢٣ی نسانی ١٩٤٦دا لەتەبرێز لەنێوان رێبەرانی كوردو ئازەردا مۆركرابوو.[3]

وەك هێندێك پێیان وایە ئەو پشتلێكردنەی رێبەرانی ئازەر لەكۆمارە میللییەكەی مەهاباد بۆ دووفاكتەر دەگێرێتەوە، یەكێكیان گەلی كورد بەسەر ٤ دەوڵەتی جیاوازی ئێران، عێراق، توركیاو سووریا دابەشكراون‌و مەسەلەكەیان دوراییەكی رۆژهەڵات ـ ناوەراستی هەبوو، كە بە پیشتیوانییكردنی ئێران، توركیاو عێراق‌و سوریای لە شورەویی دەورووژاند. مەسەلەیەكی وا كەپێچەوانەی سیاسەتی یەكێتیی سوڤێت بوو

---

[1] كوهستان، ٢٧ خرداد ١٣٢٥ .، گذشته..، ل ٣٦٩_٣٧٠.

[2] سیستانی، س.پ، ل٤١٧.

[3] پشدەری سەبارەت بەهەڵوێستی خەڵكی كوردستان لەهەمبەر ئەو پاشەكشەیەی سەرانی ئازەر نووسیویە:" خەڵكی كوردستان بەتەواوی تێگەیشتن‌و بۆیان دەركەوت كەوا ئەم دۆستانەی كۆماری مەهاباد كەتائێستە زۆر بەدڵسۆزی كورد خۆیان پێشاندابوو هیچ جۆرە ئیلتیزامێكی سیاسیان نیەو خەریكن چارەنوسی گەلی كورد بخەنە بازاڕی كرین‌و فرۆشتن لەپێناوی سوودی سیاسی خۆیاندا": پشدەری، س.پ، ل٦٣.

لەناوچەکە. دووەمیشیان گیانی لوتبەرزیی نەتەوەیی سەرانی ئازەربایجان کەخۆیان لەکورد بەگەورەترو پێشکەوتووترو، کوردیشیان لەخۆیان بەکەمترو دواکەوتووتر دادەنا.[1]

دیارە ئەم هەڵوێستە نالەبارەی سەرانی ئازەر جگە لەوەی خزمەتێکی گەورەی پلانەکانی قەوامی دەکرد، سەبارەت بەهەڵلوشینی هەردوو دەسەڵاتەکەی تەبرێزو مەهاباد، گومانی لەدڵی رێبەرانی کوردیشیدا دروستکرد سەبارەت بەدڵسۆزیی و بەتەنگەوە هاتنی هاوپەیمانە ئازەرییەکانیان و هانیدان بکەونە دوای گفتوگۆی تاکلایەنەو نابەرامبەر لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییدا. جگەلەوەی دەرفەتی لەبەردەم رێبەرانی کورد و ئازەر بۆ ئەنجامدانی دژەکاری هاوبەش بەرامبەر تاکتیکە دیماگۆجییەکانی قەوام ئەلسەلتەنە کەمکردەوە.

وێڕای ئەو کەموکوڕییە و زۆربەی کەموکورتییەکانی تر لەرێکەوتنامەکەی فەیروز - پیشەوەریدا، کەچی لەلایەن شورەویی وحیزبی تودەو رای گشتیی ئێرانییەوە بەخۆشییەوە پێشوازیی لێکرا. لێپرسراوانی شورەویی چاوەڕێی ئەوەبوون تازووتر مەسەلەی ئازەربایجان بەڕێگایەکی هێمنانە چارەسەر بکرێت و رێکەوتن لەنێوان سەرانی ئازەرو دەسەڵاتی ناوەندییدا مۆر بکرێت، زیاتر وادەی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی خولی پازدەی مەجلیسی شورای میللیی نزیك دەبێتەوەو بەڵێنەکانی قەوامیش سەبارەت بەدامەزراندنی کۆمپانیایەکی نەوتی هاوبەشی شورەویی - ئێرانیی خێراتر جێبەجێ دەکرێن. دیموکراتخوازانی ئێرانییش لەو باوەڕەدا بوون کە کۆتاییهاتنی مەسەلەی ئازەربایجان و دەستپێکردنی ریفۆرم لەم هەرێمەدا سەرەتایەکە بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی گشتیی لەلایەنی حکومەتی قەوام ئەلسەلتەنە سەبارەت بەدیموکراتیزەکردنی ئێران و ئەنجامدانی ریفۆرمی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لەسەرتاسەریی وڵات و بەهێزکردنی سەربەخۆیی سیاسیی و سەروەریی ئێران.[2]

---

[1] ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل٢٣١.

[2] کوهستان، ١٠تیر ١٣٢٥.، اوری، س.پ، ل٢٩٤.

لەراستییدا مانۆڕەکانی قەوام بەچاوپۆشین لەئازادیی کاری سیاسیی‌و ڕێخراوەیی حیزبی تودە بەجۆرێك کەپێشتر بەخۆیانەوە نەدیبوو، هەروەها دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی ئێران لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا بەمەبەستی راکێشانی دیموکراتخوازانی ئێرانی ناتودەیی‌و کلۆرکردنی بنەمای ڕێکخراوەیی هەردوو حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان‌و کوردستان‌و لیٚ تەکاندنەوەی ئەندامەکانیان، ئەو هەنگاوانە تێکڕا باوەڕی لای دیموکراتخوازانی ئێرانی دروست دەکردو رای گشتییان پیٚ چەواشە دەکرا[1]

لەم رووەوە ژمارەیەك لەرۆشنبیرانی کورد لەشاری سنە کە زیاتر لە ٩٠ کەس دەبوون، بێئەوەی نیازی راستەقینەی حکومەتی قەوام سەبارەت بەمەسەلەی دیموکراتیی و کێشەی نەتەوەیی کورد لە ڕێکەوتننامەکەی ١٣ی حوزەیراندا هەڵبهێنجن‌و ئەو گورزە درك پێبکەن کەرێکەوتننامەکە لەجووڵانەوەی نەتەوەیی کوردو ئەزموونەکەی مەهابادی سرەواندووە، تەلەگرافێکی دەستخۆشکەرانەیان بۆ سەرۆك وەزیرانی ئێران ناردووەو پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی لێدەکەن لەبواری چارەسەرکردنی ئاشتییخوازانەی مەسەلەی ئازەربایجان‌و کوردستانی شیمالیداو داوایان لێکردووە کە (خەڵکی بێبەش‌و ستەمدیدەی کوردستانی سنەش چاوەڕێن‌و هیوادارن هەروەکو براکانیان لەباکوور، لەناوەرۆکی ئەم ڕێکەوتننامەیەی کەبێگومان لەسەرەتای گۆڕانکارییەکی دیموکراتیی گەورەیە سوودوەرگرن‌و ماف کۆمەڵایەتیی خۆیان بەدەستبێنن"[2]

"جۆرج ئالن" سەفیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەتاران، بەدوودڵییەوە دەیڕوانیە ڕێکەوتننامەکەی فەیروز - پیشەوەری‌و لای وابوو کە قەوام زۆر لەشورەوییخوازییە رواڵەتییەکەیدا پێیداگرتووە، چونکە داننان بەحیزبی دیموکراتی ئازەربایجان‌و مانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتەکەی لەتەبریز بەلای ئالنەوە زیاتر ئازەربایجان لەئێران دووردەخاتەوەو بەلای شورەوییدا پاڵی دەنێت، وەك لەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ هەرێمەکە بگێڕێتەوەو دەستێوەردانی دەرەوەی لیٚ دورخاتەوە[3].

---

[1] تربتی، س.پ، ل ١٢١-١٢٦.

[2] کوهستان، ١٠ تیر ١٣٢٥.

[3] Borhanedin,op.cit,p.210.

بەهەرحاڵ، ساغنەبوونەوەی پێگەی کۆماری میللیی کوردستان‌و ئایندەی پەیوەندییەکانی کوردو دەسەڵاتی ناوەندیی لەرێکەوتننامەی فەیروز - پیشەوەریدا، هانی رێبەرانی کۆماریدا لەرۆژی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا رێگای تاران بگرنەبەرو سەربەخۆ لەگەڵ لێپرسراوانی ئێرانییدا بەمەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی ئەزموونەکەیان دانوستاندن بکەن.[1]

سەبارەت بەچوونی وەفدە کوردییەکە بۆ تاران کە بەسەرکردایەتیی پێشەوا قازیی محەمەد بوو، کوهستان هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (قازی محەمەد رابەری فیرقەی دیموکرات لەتاران) نووسیویە:" بەئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر لەفڕۆکەخانەی میهرئاباد فڕۆکەکەی ئاغای قازیی محەمەد بەئارامیی نیشتەوە، سەرانی کوردی دانیشتووی تاران پێشوازییەکی گەرمیان لەمیوانە ئازیزەکەیان کردو پێ بەپێ لەگەڵی هەنگاویان هەڵدەهێنا، ئاغای قازیی محەمەد تا ئەو کاتەی لەتاراندا دەمێنێتەوە بەمیوانی دەوڵەت حیسابەو شوێنی لەڤێلای ژمارە ٥ی میوانخانەی دەربەندە، یەکەمین چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتدا لەکەش‌و هەوایەکی خۆش‌و پڕ راستگۆییدا ئەنجامدرا. گفتوگۆی سەرەکیی لەم هەفتەیەدا دەستپێکردووەو ئومێد هەیە بەو نیازپاکییەی هەردوولا هەیانە مەسەلەی کوردستان بەشێوەیەکی رەزامەندبەخش‌و پێویست کۆتایی پێبهێنرێت."[2]

شایەنی باسە، وەفدە کوردییەکە بۆ ماوەی دووهەفتە لەتاران مانەوە، لەم ماوەیەدا پێشەوا دووجار چاوی بەسەرۆك وەزیران‌و چەند جارێکیش وتویژی لەگەڵ فەیروزی جێگری سیاسیی سەرەك وەزیرو سەرلەکشر رەزم ئارای سەرۆکی ستادی ئەرتەش‌و لێپرسراوانی دیکەی ئێرانیی کەوتووە. وتووێژەکان نهێنیی بوون‌و لەلایەن حکومەت‌و دەزگا فەرمییەکانی راگەیاندن‌و رۆژنامەکانەوە شتێکی ئەوتۆی لەسەر بڵاونەکراونەتەوە. بەڵام زۆربەی ئەوانەی ئاماژەیان بەم رووداوە داوە، بێ پشتبەستن بەسەرچاوەیەکی فەرمیی باس لەوەدەکەن کەدەوڵەتی ناوەندیی‌و شەخسی قەوام ئەوەیان پێشنیازی

---

[1] نەوشیروان، حکومەتی کوردستان، ل٢٣٣.

[2] کوهستان، ١٠ تیر ١٣٢٥.

**قازیی محەمەد کردووە کەپارێزگایەکی نوێ بەناوی پارێزگای کوردستانەوە دابمەزرێنرێت کەهەر لەسنووری شورەوییەوە تا ناوچەی کامیاران کە ناوەندە لەنێوان سنەو کرماشاندا بگرێتەخۆو قازیی محەمەدیش بەپارێزگار لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەفەرمیی بۆ ئەو پارێزگایە بناسرێت، مەرجی سەرەکیی دەوڵەتیش بۆ ئەنجامدانی ئەو پێشنیارە دەستهەڵگرتنی سەرانی کورد بووە لەدۆستایەتیی‌و هاوپەیمانێتیی ئازەربایجان.[1]**

**لەراستییدا، لەگەڵ ئەوەی وەك وتمان چ بەڵگەیەکی فەرمیی مێژوویی دەربارەی پێشکەشکردنی پێشنیارێکی بەو جۆرە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە بۆ وەفدە کوردییەکە بەدەستەوە نییە، ناشیەتە بەرچاو کەحکومەتی قەوام ویستبێتیان لەم چاوپێکەوتنانەدا چ دەستکەوتێکی سیاسیی بۆ سەرانی کورد بسەلمێنن، چ جای پێشکەشکردنی پێشنیازێکی وا کەلەگەڵ شێوازی بیرو رێبازی کارکردنی لێپرسراوانی ئێران‌و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت‌و پەیوەندییەکانی ئێران بەتورکیاو عێراقەوە بەهیچ جۆرێك یەکی نەدەگرتەوە. باهەڵوێستی نەرێیی بەریتانیاو حکومەتی ئەمەریکاش لەو لاوە بوەستێ کە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردو مافی کوردییان خستبووە خانەی پلانەکانی فراوانخوازیی شورەویی‌و لەهەر سەردانەوەندنێکی ناوەند بۆ رابەرانی کورد دەسڵەمینەوە.**

**لەلایەکی دیەوە، رۆزفیلت کەئەو دەم جێگری وابەستەی سوپایی بوو لەسەفارەتی ئەمەریکی لەتاران بەجۆرێکی تر رووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە کەتەواو پێچەوانەی ئەوەیە کەزۆربەی نووسەران لەمەڕ ئەم مەسەلەیە ڕایان گواستووە. رۆزفیلت نووسیویە:" قازیی محەمەد خۆی هەڵسا چووە تاران تا نارەزایی بەرامبەر ئەم رێکەوتنە (رێکەوتنەکەی فەیروز ـ پیشەوەری ـ ل) رابگەیەنێت، ئەو داوای کرد کەبکرێتە پارێزگار**

---

**[1] سەجادی، شۆڕشەکانی کورد.. ل٢٩٩-٣٠٠ .، ملاعزت، کۆماری میللی..، ل١٧٧.، قاسملو چل ساڵ خەبات، ل٩٥. شایەنی باسە ایغلتن دەڵێت گوایە قازیی حەزی بەم پێشنیارەی حکومەتی ئێران کردووە، بەڵام شورەوییەکان لێ نەگەڕاون پێی رازیی بێت‌و بەخیانەتیان لەئازەربایجانییەکان لەقەڵەم داوە، وەك ئەوەی بیەوێت کەبڵێت حکومەتی ئێرانی بەبەخشینی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد رازیی بووە، بەڵام خودی کوردو بەگوێ شلکردن بۆ بێگانە دژی ئەم خواستە دڵسۆزانەیەی ئێران وەستاونەتەوە!!. ایغلتن، س.پ، ل١٨٥-١٨٦.**

**بۆ پارێزگایەکی نویێ کەناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجانو ئەو ناوچە کوردییانەی تر بگرێتەوە کەهێشتا لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ئێراندان ـ ناوچەیەك لەسنووری رووسیاوە درێژ دەبێتەوە تا خاڵێکی نیوە رێگای کرماشانو سنە، ئەم هەرێمە نوێیە جۆرە خودموختارییەکی خۆی هەبێتو کارمەندو هێزی سوپایی لەخەڵکی ناوچەکە خۆی پێکبهێنرێت، سەرەك وەزیرانی فێڵبازی ئێران، لاریی لەمەسەلەیەکی وانەبوو، بەڵام بەمەرجێك قازیی رەزامەندیی دکتۆر جاوید، حاکمی دیموکراتی ئازەربایجان بەدەستبهێنیێ، دکتۆر جاوید بەتوڕەییەوە ئەم پێشنیارەی رەتکردەوەو جارێکی تر ناکۆکیی و گرژی لەنێوان کوردو دیموکراتەکانی ئازەربایجاندا سەری هەڵدایەوە."[1]**

**جگە لەو نوسینەی رۆزفێڵت، سەفیری عێراقی لەتاران کەئەو دەم بەوردیی چاودێریی وتووێژەکانی کوردو تارانی دەکردو پەیتاپەیتا زانیاریی وردیی بە راپۆرت دەگەیاندە وەزارەتی دەرەوەی عێراق، لەراپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوەدا کە (قازیی محەمەد لەوتوێژەکانیدا لەگەڵ قەوام ئەسەلتەنە داوای ئەوەی کردووە کەحکومەت چ مافێکی داوە بەئازەرەکان، با ئەو مافەش بۆ خەڵکی کوردستان بسەلمێنێت، بەڵام قەوام ئەو داواکارییەی نەسەلماندووە لەبەر دووهۆ:**

**١ـ چونکە خەڵکی کوردستانی باشوور لایەنگری دەوڵەتنو رووداوەکانی مەهاباد کاری لیێ نەکردوون.**

**٢ـ کوردستانی باکوور لەرووی ئیدارییەوە بەشێکە لەهەرێمی ئازەربایجان، جا ئەگەر حاکمی گشتیی هەرێمی ئازەربایجان بەوە رازیی دەبێت کەلەچوارچێوەی سنووری هەرێمەکەیدا جۆرە خودموختارییەك بداتە کوردەکان، ئەوسا دەتوانرێت قسەوباس لەسەر مەسەلەیەکی وا بکرێت."[2]**

**(پسیان) یش، پەیامنێری رۆژنامەی (اطلاعات)ی ئێرانی ساڵی ١٩٤٨ لە کتێبەکەیدا هەمان قسەی دووبارەکردۆتەوەو کەرۆزفیڵتو کونسوڵی عێراقی لەتەبرێز سەبارەت**

---

[1] Roosevelt, op.cit,p144.

[2] **د.ك.و، الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٤٩٩٣، الوثيقة ١٥٢، ص ١٩٣ كتاب المفوضية العراقية في طهران – سرىومستعجل للغاية– بتأريخ ٢٣ تموز ١٩٤٦. ،وەرگیراوە لە:البكاء.س پ،ل٢٤٣.**

بەمەسەلەکە کردوویانە[1] قسەیەکی وا کەلەرووی لۆجیکی مێژووییەوە زیاتر ڕێی تێدەچێتو لەگەڵ خواستی خودموختاریی ڕێبەرانی کوردو هەڵوێستی نەرێیی حکومەتی تاران لەو خواستەدا یەکدەگرێتەوە.

بەمشێوەیە دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لەتاران، جگەلەوەی خۆیان لەداواکارییەکانی وەفدە کوردییەکە دەبوارد، هەوڵیاندەدا وتووێژەکان بۆ گورزلێدانی کۆماری میللیی کوردستان لەرووی سیاسیی و سوپاییەوە بفۆزنەوە. قەوام ئەلسەلتەنە ئەو پێشنیارەی پێشکەشی قازیی کرد کە ح.د.ك هەڵبوەشێنێتەوەو خۆی هاوەڵانی ببنە ئەندامی حیزبی دیموکراتەکەی قەوام، بەو بیانووەی هەردوولا بۆ دیموکراتیی لەئێراندا تێدەکۆشن[2] لەلایەکی دیەوە سرلشکر رزم ئارا پێشنیاری کەمکردنەوەی هێزەکانی دیموکراتی کوردستانی لەجەبهە خستە بەردەم قازیی محەمەدو داوای لابردنی گەمارۆی هێزەکانی کۆماریان لەسەر شارەکانی سەقزو بانەو سەردەشت دەکرد.[3] بەمجۆرە دوای پازدە ڕۆژهێنانو بردنی قازیی و وەفدە کوردییەکە لەتاران، بێئەوەی کەمترین داواکارییەکانی وەفدەکە دانیپێدابنرێتو تەنیا بەیاننامەیەکیش لەمەڕ وتووێژەکان بڵاوبکرێتەوە، قەوام بەبیانووی نەخۆشییەوە خۆی لە دانیشتنەکان بواردو وەفدە کوردییەکەش بێ هیچ دەستکەوتێك تارانی بەجێهێشتو بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە بۆ کوردستانو بەئومێدی ئەوەی وەك قازیی وتەنی:" ئاغای قەوام السلطنە ... زوتر چابێتەوە تاموزاکەرە بەخێرو خۆشیو نەفعو قازانجی ئازادی دوایی بێت."[4]

لەراستییدا، هەرچەندە بەشی یەکەمی ئومێدەکەی قازیی سەبارەت بەچاکبوونەوەی ئاغای قەوام هاتەدی، بەڵام ئامادەییەکی دی لەلایەن تارانەوە بۆ موزاکەرە نیشان نەدرا، چونکە قەوام نەیدەویست مەسەلەکە بەقازانجی ئازادی دوایی بێتو سەراپا هەوڵە "ئاشتییخوازانەکەی" مانۆڕی چەواشەکەرانە بوون و بەمەبەستی کات بەسەربردن پیادە دەکران.

---

[1] پسیان، نجفقولی، مرگ بود بازگشت هم بود، شرکت سهامی، تهران، ازار ١٣٢٦، ص١٧٤.

[2] کوردستان، ژمارە ٥٠، ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥ .، ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل٢٣٩

[3] مەنگوڕی، س.پ، ل٨٩-٩٠

[4] وەرگیراوەلە: ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل٢٣٧.

## دووەم :کۆماری میللیی کوردستان و شەڕپێفرۆشتنەکانی لەشکری شاهەنشاهیی

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان لەسەر سێیەکی خاکی کوردستانی ئێران، دوور لەشەڕو خوێنڕشتن و لەشکرکێشیی هاتەئارا. حکومەتی ئێران بەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی وەك ئەنجامێکی داگیرکردنە هاوبەشەکەی هێزەکانی ئەنگلو ـ شورەویی بۆ ئێران لەئابی ١٩٤١دا، شوێنێکی سەربازیی لەهەرێمی موکریاندا بۆ نەمایەوە. هەربۆیە ئەوکاتەی رووداوەکانی هەرێمی ئازەربایجان و ناوچەی مەهاباد دژ بەتاران لەگەرمەیدا بوو، واتە ماوەی نێوان کانونی یەکەمی ١٩٤٥ ـ کانونی دووەمی ١٩٤٦، تاران نەیتوانی پەنا بۆ چارەسەری سەربازیی بەرێت و هێرشێکی بەرفراوان بکاتە سەر ناوچەکە، بەتایبەتیی کاتێك لەشکری سوور لەباکووری ئێراندا مابوونەوەو نەدەتوانرا تەواوی هێزە یەدەگە سەربازییەکان بۆ هەڵمەتێکی لەو جۆرە بخرێتەگەڕ. ئەوەی ئەنجامدرا ئەوە بوو لە باشوورو ناوەندی کوردستاندا، دەسەڵاتی سەربازیی چەسپێنراو بوو بۆ رێگرتن لەدزەکردنی رووداوەکانی مەهاباد بۆ ناوچەکانی سنەو کرماشان و ناوچە نەوتییەکانی باشوور. حکومەتی ئێران سەرتیپ ئەفشاری نارده ناوچەکەو دوای چەککردنی عەشیرەتە کوردەکان و سەرکوتکردنی راپەڕینەکانی هەورامان و مەریوان، بەشێکی زۆری هێزە سەربازییەکان بۆ سەربازخانەکانی سەقزو بانەو سەردەشت گوازرانەوە، ئەو ناوچانەی دواسنووری دەسەڵاتی ناوەندیی و ئەرتەش بوو لەکوردستانی ئێراندا. وەك لەبەشی یەکەمدا باسکرا.

شایەنی باسە، دوای دامەزراندنی کۆمارو پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یەکێك لەمەسەلە هەرە گرنگەکان لەبەردەم رێبەرانی کوردا قوتبووەوە، بریتییبوو لەوەی ئایا دەبێت بەشەکانی باشووری کوردستان رزگار بکرێت و تەواوی کوردستانی ئێران بخرێتە ژێر دەسەڵاتی کۆمارەوە، یاخود هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی تەنیا بەدیهاتنی دەسکەوتەکەیەو هەوڵبدرێت لەرێگای گفتوگۆو خەباتی سیاسییەوە

ناکۆکییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندییدا بەلادابخرێتو کوردەکانی ناوەندو باشوور لەو وەزعەی تیایدا دەژیان دەربهێنرێت.[١]

لەراستییدا، بەشێکی ئەو رابەرانە وەك حاجی بابەشێخ، حەمە رەشید خانی بانە، مەلا مستەفاو زۆربەی سەرۆك عەشیرەتەکانو ئەندامانی ح.د.ك پێیان باش بوو لەرێگای هێزەوە شارەکانی دی وەك سەقزو سنەو کرماشان ئازاد بکرێتو لەو قۆناغەدا سوود لەخۆئامادەنەکردنی ئەرتەش لەباشووری کوردستان وەربگیرێت، تەنانەت ژمارە ٣ی گۆڤاری هەلاڵەو ئەو رێبازەی کردبووە دێرێكو لەوتەیەکی (ئیمامی عەلی)دا کۆی کردبۆوەو لەبەرگی گۆڤارەکەیدابوو کەدەڵێت:" ملتیکی بۆ ئەستاندنی حقی خۆی تێنەکۆشیو هورژم نەباو هەر دەفکری خۆپاراستندا بی زەلیل دەبی."[٢]

لەم بارەیەوە زانینی هەڵوێستی پێشەوا گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە، چونکە بەپێی پلەی لێپرسراوی لەکۆمارداو وەك کارێزمایەك بیروڕاکانی لەمەڕ مەسەلەکان بڕیار دەربوون. پێشەوا لەلایەکەوە پێی وابوو کەپێویستە تادەکرێت وێنەیەکی ئاشتییخوازانە و پێشکەوتووخوازانە سەبارەت بەمەسەلەی کوردستانو رووداوەکانی مەهاباد پێشانی جیهانو رای گشتیی ئێرانیی بدرێتو ئەو وێنە هەڵەیە بسڕێتەوە کەدەسەڵاتدارانی ئێرانییو دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەمەڕ جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد بڵاویاندەکردەوە، گوایە کۆمەڵێك هەوڵی رێگرییو چەتەییو تاڵانچییەتیی لەلایەن سەرانی عەشریەتەکانو قاچاخچییەکانی سنوورەوە ئەنجامدەدرێن. لەلایەکی ترەوە پێشەوا بڕوای بەوە نەبوو هەوڵبدرێت بەپاڵپشتی بەڵێنەکانی هاوپەیمانەکانو پشتبەستن بەپەیمانی ئەتلانتیك، لەرێگای ئازەربایجانو سوود وەرگرتن لەململانێی شورەویی ئێران لەناوچەکە رێگەیەك ببینێتەوە بۆ سەپاندنی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد بەسەر چینی دەسەڵاتدارانی ئێراندا، هەربۆیە ئەم بۆچوونەش رێگای ئەوەی نەدەدا کارێکی وابکات راستەوخۆ هەڕەشە لەبەرژەوەندیی زلهێزەکان یان دەوڵەتەکانی دراوسێی ئێران لەناوچەکەدا بکات.[٣]

---

[1] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٩٧.

[2] گۆڤاری هەلاڵە، ساڵی یەکەم ژمارە ٣، ١٣٢٥.

[3] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەرێز جلیل گادانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ح.د.ك، کۆیە،٢٠٠٠/٧/٢.

ئەو بۆچوونەی پێشەوا بەڕوونیی لەنامەکەیدا دەردەکەوێت کەبۆ حەمەرەشید خانی بانە فەرماندەی گشتیی جەبهەی سەقز نێردراوە. پێشەوا وەك وەڵامێکی حەمەرەشیدخان سەبارەت بە ورووژمبردن و پەلاماری لەشکری شاهەنشاهیی لەناوچەکەو رزگارکردنی تەواوی کوردستانی ئێران، دەڵێت:" هەرکارێکی جوزئی ئەلئان دەبی لەگەڵ ئەوضاعی بەینەلمیلەلی تەطبیق بکری چە جای کاری مە کەکوللیە لەبەر ئەوەی ئەمە مەجبورین لەریی صولحەوە تا مومکین بی ناتوانین بەریی دی دا بروین.. دەنا ئەمن لەتو بەپەلە ترم."[١]

هەربۆیە وەك پێشتر وتراوە کە ستراتیژی سیاسیی - سوپایی کوردستان بەگرییکارانە بووە، پێشمەرگەکانی کوردستان لەو سنوورانەدا دانرابوون کەلەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە مەترسیی هەڕەشەی لێدەکرا وەك (تکاب، میاندواو، سەردەشت، بانەو سەقز) کەدوا سنووریان وەك بەرەیەکی سوپایی لەهەموو سنوورەکانی دی زیاتر جێگای مەترسیی بوو کەببێتە خاڵێکی پەلاماری ئەرتەشی شاهەشناهی بۆسەر ناوچە ئازادکراوەکان. لەبەرئەوە وەزارەتی جەنگی کۆمار هەر لەسەرەتاوە بایەخێکی تایبەتیی بەم سنوورە داو هێزەکانی پێشمەرگەی لیّ دامەزراند کەتاڕادەیەکی زۆر لەشارەکانەوە نزیك بوون. ئەو هێزانەی کەلەبارەی دیسپلین و چەك و تەقەمەنی و ئەزموونی جەنگەوە کەموکورتیی گەورەیان هەبوو. جگە لەبارزانییەکان کەجەنگاوەری خاوەن ئەزموون بوون و بەوردیی پابەندی لێپرسراوەکانیان بوون، هێزەکانی دی عەشایری بوون و زۆر لەفەرمانی سەربازییان نەدەپێچایەوە، خۆ بەشێکیشیان ئەوەندەی تاڵانیان بەلاوە مەبەست بوو، نیو ئەوەندە سەنگەرگرتنیان لەپەلاماری ئەرتەشەوە بەلاوە گرنگ نەبوو.[٢]

دیارە ناچاری نەبێت، دانانی هێزێکی بەو جۆرەو لەحاڵەتی بەرگرییدا کارێکی چەوتە، چونکە توانای پەلاماردەرانەی هێزی سروشت عەشیرەتی چەندەها جار لەتوانای بەرگرییکردنی زیاترە، لەکاتی بەرگرییدا ورەکان دادەبەزن، ناکۆکییەکان سەرهەڵدەدەن

---

[1] ملاعزت، محمود، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامەو دکۆمێنت، بەرگی یەکەم، سوید، ئازاری ١٩٩٢، نامەی ژمارە:١٣٢، مێژوو ١٣٢٥/٣/١٣، ل١٩٤.

[2] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٩٨ .، مەنگوڕی ، س.پ، ١٢٤-١٢٥.

بەجۆرێك دوژمنی زیرەك دەتوانێت بەئاسانیی دەرفەت بۆ مانۆرە سەربازییەکانی بقۆزێتەوە.

سەبارەت بەدەسەڵاتی ناوەندیی، قەوام ئەلسەلتەنە دوای هاتنە سەرکاری لەکۆتایی کانونی دووەمی ١٩٤٦دا پێویستیی بەماوەیەکی زۆر بوو تا بتوانێت بۆ لێدانی هەردوو دەسەڵاتەکەی تەبرێزو مەهاباد، سوود لەبەکارهێنانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بکات. قەوام کەماوەیەك سەرقاڵی مەسەلەی دەرکردنی هێزەکانی شورەویی بوو لەباکووری ئێران‌و ئەوەشی بەهاوکاریی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا بۆهاتەدی، هەر لەو رۆژەدا کە رێکەوتننامەی دەرکردنی سوپای سوورو چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی ئازەربایجان لەگەڵ سادچیکۆڤ سەفیری شورەویی لەتاران مۆرکرا، ئەو رۆژە واتە ٤ی نیسان هێزێکی زۆری رەوانەی باشووری کوردستان کراو لەسەربازگەکانی سنەو سەقزدا شوێنی بۆ کرایەوە. ئەوەش بەتەواویی نیازخراپی قەوام ئەلسەلتەنەی دەرخستووە کە بەرواڵەت بانگەشەی ئاشتییخوازیی‌و پەنابردنە بەر ریفۆرم‌و چارەسەرکردنی دیموکراتییانەی کێشەکانی دەکردو لەلایەکی دیشەوە خۆی بۆ وەشاندنی گورزی سەربازیی گورج دەکردوە.

لەراستییدا کەسانێك هەبوون کە لەکاتی خۆیدا ئەم دژەبەیەکییەی سیاسەتەکانی قەوامیان بەسەردا تێنەپەڕیوە. سەرنووسەری کوهستان لەژێر سەردێری "راجع بکردستان چەرویە اتخاذ خواهد شد/ سەبارەت بەکوردستان چ رێگایەك دەگیرێتە بەر" دوای ئەوەی باسی ئەو ئاخاوتنانە قەوام دەکات کەسەبارەت بەریفۆرم کردوویەتی‌و دواتر بەندی ٣ی رێکەوتننامەکەی قەوام - سادجیکۆف دەخاتە بەرچاو، ئینجا دەنووسێت:" بەهێزکردنی لەشکر لەناوچەی سەقزو سیخناخکردنی پادگانەکانی ئەو ناوچەیە بەچەك‌و تەقەمەنییەکی زۆر وا لە هەندێك دەکات چاوەڕێی هێرشێکی سەربازیی بن لەو قۆڵەوە، دەوڵەت کە لەسەر ئاستی دەرەوەی عاقڵانە هەوڵیداوە چارەسەری قەیرانەکە بکات، پێویستە لەسەر ئاستی ناوخۆش عاقڵانە رەفتار کات." [1]

[1] کوهستان، ١٩ فر وردین ١٣٢٥.

ئەم پێشبینییەی سەرنووسەری کوهستان لەدوای ٣ هەفتە بەتەواوەتیی هاتەدی. دروست رۆژێك دوای ئەوەی دەستەی نوێنەرایەتیی تێکەڵاوی ئازەرو کورد بەمەبەستی چارەسەرکردنی هێمنانەی کێشەکان لەگەڵ حکومەتەکەی قەوامدا بەرەو تاران کەوتنەرێ، ئەو حکومەتەی بەقەولی بەیاننامەکەی ٢٢ی نیسانی باوەشی بۆ هاونیشتمانانی ئازیزی ئازەربایجان کردبۆوە، لەو رۆژەدا واتە ٢٩ی نیسانی ١٩٤٦، ستونێکی سەربازیی ئێرانیی کە بریتیبوو لەهەنگی ٢٧ی ناوەند کەزیاتر لە ١٠٠٠ سەربازو ئەفسەر بوون، بەتۆپو رەشاشو نارنجۆکەوە، بەپشتیوانیی دوو فرۆکەی جەنگیی لە قوڵی سەقزەوە پەلامارێکی لەناکاویان کردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو گەیشتنە گوندی ئاڵتونی ژێروو، بەرەو گوندی قاراواو ناوچەی سەرا پێشڕەوییان کرد.[1]

هێزی لکی ٣ بارزان، بەسەرکردایەتیی عەقیدبەکر حەوێزی کەئەرکی پاراستنی ئەم ناوچەیەیان پێ سپێردرابوو، وێڕای ئەوەی ژمارەیان لە (٥٠) کەس تێپەڕی نەدەکردو جگە لەچەکی سووك لەچەکی قورس بێبەشبوون، کەچی دوای ئەوەی کەمێنێکیان بۆ هێزە ئێرانییەکە نایەوە، توانییان گورزێکی گەورەیان لێ بوەشێننو بێئەوەی کوژراو یا برینداریێك بدەن زیاتر لە ١٠٠ سەربازی ئێرانیان کوشتو ٤٢ کەسیان لێ بەدیلگرتن. ئەمەو جگە لەدەستکەوتێکی باش لەچەكو کەلوپەلی جەنگیی لەوانە: ١٦٠ تفەنگی بڕنەو، ٤ رەشاشی بڕنەو، تەلەفۆنێك، ئامێرێکی بێتەلو ژمارەیەکی زۆر فیشەكو خواردەمەنیی و چەند وڵاخێك.[2]

بەزینی هێزە ئێرانییەکەو کشانەوەیان بۆ شاری سەقز، دوای ئەوەی ئەو زیانە گەورەیە یان لێکەوت، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستانو ئابڕووچوونێکی مەزنیش بوو بۆ لەشکری شاهەنشاهیی بەجۆرێك لەتەواوی کوردستانو بگرە لەتارانیشدا دەنگیدایەوە. تەنانەت رادیۆی لەندەن بەزمانی فارسیی لەرۆژی ١١ی

---

[1] حەوێزی، س.پ، ل٤٦-٤٧ .، مەنگوڕی، س.پ، ل٢١٧-٢١٩.

[2] ایغلتن بەپشتبەستن بەراگەیاندنەکانی حکومەتی ئێرانی زیانەکانی هێزە ئێرانییە پەلاماردەرەکەی بە١٧ بریندارو، ٤٠ دیلو ٢١ کوژراو قەبڵاندووە. بڕوانە: ایغلتن، س.پ، ل١٥٧.

مایسی ١٩٤٦دا راپۆرتێکی لەسەر ئەم شکستەی لەشکری ئێرانیی لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە پێشکەشکرد. پێشمەرگەکان ورەیان چەند قات بەرز بۆوەو لەیەکەم تاقیکردنەوەیاندا سەرکەوتن. جگەلەوەی لەرووی سوپایشەوە زیاتر بەسەر جەبهەکەدا زاڵ بوونو نزیکەی لە١٠ گوندی ناوچەکەیان کەوتە بن دەست.[١]

حکومەتی قەوام کە بەرواڵەت لەو رۆژانەدا خەریکی وتوویژ بوو لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی کوردو ئازەر لەتاران، خۆی وەك کۆتری ئاشتیی پێشانداو هەوڵیدا خۆی بێئاگا پیشانبدات لەو پەلامارەی هەنگی ٢٧ کردۆیتیە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەقاراوا. بگرە سەرباری ئەوەش، هێزی پێشمەرگەی کورسدتانی بەوە تاوانبار دەکرد کەلەکاتێکدا سوپای ئێران بەنیازی (مانورو تمرین عملیات جنگی) ٨ کم لەسەقز هاتۆتە پێش، لەلایەن کوردەکانەوە غافڵگیرکراوە.[٢] وادیارە فەرماندەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی لەو ئێرانە پانوپۆڕەدا شوێنێکیان نەدیوەتەوە مانۆرو تەمرین بەسەربازەکانیان بکەن، لەبەردەم سەنگەرەکانی لکی ٣ی هێزی بارزاندا نەبێت !!

فەرماندە سەربازییە ئێرانییەکانی جەبهەی سەقزی وەك (سرتیپ همایونی)و (سرلشکر جهانبانی) بۆ ئەوەی ئۆباڵی ئەو شکستەی قاراوا لەئەستۆی خۆیان داماڵن، وایان بڵاودەکردەوە گوایە محەمەد ئاغای عباسی کەموڵکدارێکی کوردەو سەربەدەوڵەتە لەلایەن حەمەرەشید خانی بانەوە ماڵو منداڵەکەی لەگوندی سەرا دەرکراونو گوایە ناوبراو لەداخانداو بەنیازی تۆڵەسەندنەوە ستونێکی پێش خۆیداوەو پەلاماری گوندی سەرای داوە.[٣] ئەم لێکدانەوەیەی فەرماندەکانی لەشکری ٤ی کوردستان بۆ پەلاماری هەنگی ٢٧ی ناوەند بۆ سەر هێزی پێشمەرگە لەجەبهەی سەقز لێکدانەوەیەکی کرچو کاڵ بوو، چونکە هەمولایەك باشیان دەزانی ئەگەر خۆفرۆشێکی وەك محەمەد ئاغای عەباسی توانیبێشێتی ستونێکی سەربازی ئێرانیی پێش خۆی بدات، کەناتوانێت ئەوەبکات، ئەو

---

[1] داد، تهران، ٢٢ اردیبهشت ١٣٢٥.

[2] کوهستان، ٣٠ اردیبهشت ١٣٢٥.

[3] ه.س.

دەسەڵاتەی هەر نەبوو کەفڕۆکەی ئێرانیی لەحەوانیٚو فەرمانی بۆمبارانکردنی گوندو پۆستەکانی پێشمەرگەی کوردستانیان بەسەردا بسەپێنیٚ.

هەرچۆنێك بێت ئەم هێرشە بەشێك بوو لەتاکتیکێکی حکومەتی قەوامو بەئاگاداریی تاران ئەنجامدرا، ئامانجەکەشی لەرووی سەربازییەوە بریتییبوو لە:

١ـ نەزمگرتنی تواناو ئەندازەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەم بەرەیەدا کە بە بەرەیەکی سەرەکیی دادەنرێت بۆ پەلاماردانی ئایندەی لەشکری شاهەنشاهیی بۆ سەر ئازەربایجان.

٢ـ بەدیهێنانی شوێنێکی سەربازیی ستراتیژیی و دوورخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەرێگای سەقز ـ بانە ـ سەردەشت بۆ ئەوەی چەك و تەقەمەنیی و ئازوخە بگاتە پۆستەکانی لەشکر لەمێرەدیٚو بۆکان و سەردەشت تا بەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی ئایندەی پێشمەرگە خۆڕاگرتربن.

لەرووی سیاسییشەوە هەماهەنگبونی شەڕی قاراوا لەگەڵ بەردەوامبوونی گفتوگۆ لەنێوان حکومەت و نوێنەرانی کوردو ئازەردا خزمەتی دوو مەسەلەی دەکرد:

١ـ گەر سەرکەوتن بۆ هێرشەکە مسۆگەر کرا، ئەوا ئەرتەشی شاهەنشاهیی دەتوانێت هەلەکە بقۆزێتەوەو بەشێوەی (استثمار الفوز) بەرەو قووڵایی هەرێمی ئازەربایجانی رۆژئاوا بکشێت و بەئاسانیی مەهابادو موکریان داگیربکاتەوە.[1] ئەوەش لەرووی سیاسیی و سەربازییەوە دەبووە کارتێکی هێز بەدەست لێپرسراوانی تارانەوەو چییان بویستایە لەتاران بەسەر نوێنەرانی کوردو ئازەردا دەیانسەپاندو قەوامو لەبەردەم شورەوییەکانیشدا تووشی شەرمەزاریی نەدەبوو، چونکە مەسەلەی کوردو کۆماری کوردستان ناوێکی لەرێکەوتننامەی قەوام ـ سادجیکۆفدا نەهاتبوو.

---

[1] وادیارە حکومەتی عێراقیش ئاگادارییەکی لەم مەسەلەیە هەبوویێت بۆیە هەر ئەوکاتەی سوپای ئێرانی پەلامارەکەی دەستپێکرد، هێزەکانی سوپای عێراقیش لەسەر سنوری کوردستانی عێراق – ئێران ئامادەیی تەواوی خۆیان وەرگرت، وەك هەواڵنێری دەزگای (رۆیتر) لەم بارەیەوە رایگەیاند:" ئێستا کەوا هێدی هێدی بەفری چیاکانی کوردستان دەتوێنەوە، هەر بۆیە واچاوەریٚ دەکرێت رووداوی سەرنج راکێش لەو پارچەیەی کوردستان (کوردستانی عێراق) بقەومێت". کوهستان ،٣٠ اردیبهشت ١٣٢٥..

**٣ـ** گەر هاتوو هێرشەكە بەشكست كۆتاییهات، وەك لەواقیعدا روویدا، ئەو دەم حكومەتی ئێران دەتوانێت وەك فاكتەرێكی خۆبواردن لەرێكەوتن، لەگەڵ فاكتەرەكانی تردا سوودی لیٚ وەربگرێت بۆ درێژكردنەوەی مەسەلەی چارەسەری ئاشتییخوازانەی قەیرانەكەی ئازەربایجان بەكاری بهێنێت، بەوەش هەم حكومەتی ئێران بەتەواوەتیی لەشكانەوەی سوپای سوورو كۆتایهێنانی مەسەلەكە لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان دڵنیا دەبوو هەم شورەوییش دەكەوتە خانەی چاوەڕێییەوە سەبارەت بەبەڵێنەكانی قەوام لەمەڕ دامەزراندنی كۆمپانیایەكی نەوتی هاوبەشی شورەویی ـ ئێرانیو دەبووە فاكتەرێك تاشورەویی نفوزی خۆیان وەك فشارێك لەسەر ئازەرییەكان بەكار بێنن بۆ ئەوەی نەرمترین بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندیی لەهەر خولێكی دیكەی گفتوگۆدا.

به هەر حاڵ ، حكومەتی ئێران بە ناوی لێكۆڵینەوە لە شەڕەكەی قاراوا، لیژنەیەكی سەربازیی بە سەرۆكایەتیی سەرلەشكر شقاقی لە تارانەوە ڕەوانەی سەقز كرد. ناردنی ئەم لیژنەیە كە لە ٧ی مایسی ١٩٤٦ دا گەیشتنە سەقز ، جگەلەوەی بۆ چاوبەست بوو، بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگایەكیش بوو بۆ فریاكەوتنی پاسگا گەمارۆدراوەكانیان لە ناوچەكەو كردنەوەی جادەی سەقز ـــ بانە و بانە ـــ سەردەشت كە لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە گەمارۆدرابوو. هەروەها ئەم لیژنەیە دوای بە سەركردنەوەی سەربازگەكانی ناوچەكە راپۆرتێكی پێشكەشی وەزارەتی جەنگ كردو تیایدا بە وردیی هەلومەرجی سەربازیی ناوچەكەو چۆنێتیی بەهێزكردنی جەبهەی ئێرانیی وەك پێویستییەك بۆ هەر مانۆڕێكی سەربازیی ئایندەیی لە ناوچەكەدا خستەبەرچاو و پێشنیازەكانی خۆی لە سەر پێشكەشكردن.[١]

سەبارەت بەدیلەكانی سوپای ئێرانیش كەلەشەڕی قاراوادا گیران، ئەوانە تێكڕا گواسترانەوە بۆ مەهاباد. خەڵكی شار كە سەرمەستی هەواڵی ئەوسەركەوتنە بوونو خەریكی گێڕانی شاییو زەماوەند بوون، بەدیتنی ئەو دیلانە ئەوەندەی دی گیانی نەتەوایەتییان جۆشدراو ورەیان بەرز بۆوە. زۆر كەس چاوەڕێی ئەوە بوو كەئەم دیلانە بكرێنە زیندانی تایبەتو وەك بارمتەیەك دژی هەر مانۆڕێكی دەسەڵاتی ناوەندیی

---

[1] هـ.س، ٦ خرداد ١٣٢٥، ١٣ خرداد ١٣٢٥.

سوودیان لێوەربگیرێت. بەتایبەتیی کە ئەوانە لەکاتێکدا پەلاماریانداوە تیایدا کوردو حکومەت لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشتبوون. بەڵام ڕێبەرانی کۆمار جوامێرانە ڕەفتاریان لەگەڵ ئەو دیلانە کردو تێکڕا ئازادیان کردن و ڕەوانەی تارانیان کردنەوە.

پشدەری سەبارەت بەتێڕوانینی خەڵکی ئاسایی لەهەمبەر ئەو جوامێرییەی ڕێبەرانی کۆماری نووسیویە:" ئەمە کارێك بوو کەوا هەرگیز بەبیر خەڵکدا نەئەهات و ئەم هەڵوێستەی کۆماری مەهاباد بوو بەجێگای پرسیارو سەرسوورمان و ئەیان ووت بۆچی ئەم هەموو دیلانە کەلەشەڕ گیراون ئەنێردرێنە تاران بەبێ هیچ ڕێك کەوتنێك و یا ووتووێژێك."[1]

دیارە هەنگاوێکی وای ڕێبەرانی کۆمار بۆ ئەوە بووە تاسروشتی ئاشتییخوازانەی جووڵانەوەکەیان پێشانی رای گشتیی ئێرانیی بدەن و گورزێك لەو باڵە میلیتاریستەی حکومەت بوەشێنن کەدژی گفتوگۆ بوون و داوای بەکارهێنانی سوپایان دەکرد بۆ کۆتایهێنانی کێشەی کوردو ئازەر، ئەوانەی هەمیشە قەوام بەوە ڕەخنەی لێدەگرتن کەدژی گفتوگۆن و بەچارەسەری ئاشتییخوازانەی کێشەکە رازیی نین.

"خون دل" ناوێك لەوتارێکیدا لەژێر ناونیشانی (مهاباد باسربازان اسیر چەمیکند/ لەمەهاباد چۆن مامەڵە لەگەڵ سەربازە دیلەکاندا دەکەن) نووسیویە:" خەسرەو کەلەمەهاباد گیرابوو دواتر ئازادیان کردبوو، ئەوەی بۆ گێڕامەوە کەبەچاوی خۆی دیتبووی، خەسرەو وتی: کاتی خۆرئاوابوونی رۆژی ١٣٢٥/٢/٩ (١٩٤٦/٤/٢٩ - ل) بەئوتومبیلێك چەند سەربازێکی دیلیان هێنایە مەهاباد، خێرا فەرمانی شتنیان دراو ئەوانەی برینداربوون دەستبەجێ برینەکانیان تیمارکران و لەخەستەخانە حەساندیاننەوە، جلك و بەرگەکانیان شۆردراو هەر دیلە دەستێك بەرگی نوێشیان پێشکەشکردن. بۆسبەی دیلەکان برانە لای قازیی محەمەد، ئەویش بەڕوویەکی خۆشەوە دڵنەوایی کردن و وەك باوکێك ڕەفتاری لەگەڵکردن، قازیی دڵنیای کردنەوە کە بەچاکبوونەوەی هەڤاڵە بریندارەکانیان تێکڕا بە ئوتومبێل لەئازەربایجانەوە ڕەوانەی تاران دەکرێنەوە، دیلەکانی سوپا خواردنی تەواویان لەبەردەست دانراوەو ڕێگای

---

[1] پشدەری، س.پ، ل٦١.

هاتوچۆو خۆشتنو دەست بەئاوگەیاندیان لێناگیرێ، سەرباری ئەوەش رۆژانە ١٠ ریالیشیان دەدرێتێ."[١]

حکومەتی ئێران دوای ئەوەی راپۆرتی لیژنە سەربازییەکەی جەبهەی سەقزی گەیشتە دەست، بڕیاریدا خودی سرلشکر رزم ئارا سەرۆکی ستادی ئەرتەش بنرێتە ناوچەکە تا پلانی گونجاو بۆ رووبەڕووبوونەوەی دۆخە ئاڵۆزەکەدا بنێت. رەزم ئارا کە٣ی ئایاری ١٩٤٦دا گەیشتە سەقز، دوو مەسەلەی زۆری بەلاوە گرنگ بوو، یەکەمیان دەستپێداهێنانەوەی لەشکرو بەهێزکردنی ئەرتەشی شاهەنشاهیی لەو قۆڵەو گواستنەوەی بەشێکی هێزەکانی کرماشانو سنەو گەیاندنی بەپادگاکانی سەقز تاکو بتوانێت دژی هەر هێرشێکی چاوەڕواننەکراوی هێزی پێشمەرگەو عەشیرەتەکانی کورد بوەستێت کە لەجبهەکەدا مۆڵیان خواردبوو. دووەمیشیان چۆنێتیی گەیاندنی کۆمەکی جەنگییو خۆراکیی بۆ پاسگاکانی بانە، سەردەشتو مێرەدێ. چونکە ئەم پاسگایانە دوا بەدوای شەڕەکەی قاراوا، وەزعیان شڕ بوو، زیاتر لەژێر هەڕەشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوون.

شایەنی باسە، رەزم ئارا کەهێشتا پێویستی بەکات بوو بۆ رەخساندنی زەمینەی پەلامارێکی سەربازییو بەدیهێنانی شوێنێکی سەربازیی گونجاوتر، سەرەتا کەوتە خافڵاندنی لێپرسراوانی هێزی میلیی کوردستانو بەناوی گفتوگۆوە هاتەمەیدان، ئەوە بوو رۆژی ٢٦ی مایسی ١٩٤٦ سەرلەشکر شاری سەقز دیدەنیان لەگەڵ هەیئەتێکی سەربازیی کۆماری کوردستان کرد، بەسەرۆکایەتیی عزەت عەبدولعەزیزو کۆبوونەوەو وتووێژیان دەستپێکرد.[٢] شایەنی باسە، ژمارەیەك لێپرسراوی حکومەتی میلیی ئازەربایجان وەك: عەلی زادە، ئازەربادگانو ئاغای جەودەت ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. دوای ئەوەی لایەنی ئێرانیی لەم کۆبوونەوەیەدا دانی بە بەرپرسیارێتی خۆی نا، لەشەڕەکەی قاراوادا هەردوولا لەسەر ئەوە رێکەوتن کە بۆ پشتگیریی لەپێکدادان لەنێوان هێزەکانی کوردو حکومەتدا، پێویستە هێزی

---

[1] کوهستان، ٣٠ اریبهشت ١٣٢٥.

[2] ه.س، ٦ خرداد ١٣٢٥ .، سەجادی، شۆرشەکانی کورد، ل ٢٧٧-٢٧٨.

پێشمەرگەی کوردستان ٤ کم لەدەوری سەقزو هەروەها ٣کم لەجادەی نێوان بانەو سەقز بکشێتەوە، بۆ ئەوەی سوپای ئێران بتوانێت ئازوخە بۆ پادگاکانی بانەو مێرەدیٚو دیواندەرە رەوانە بکات. بەرامبەر بەوە لایەنی ئێرانیی پابەندی بەهێزنەکردنی ئەو پادگایانە بێت بەچەك‌و تەقەمەنیی. هەروەها فرۆکەکانی ئێرانیش بەسەر پۆستەکانی هێزی پێشمەرگەدا نافڕن‌و هێزە پیادەکانیشیان بەهەمان ماوەی هێزی پێشمەرگە لەشوێنی خۆیان دەکشێنەوە، هەروەها لایەنی ئێرانیی رازیی بوو ح.د.ك بۆ چاودێریی‌و جێبەجێکردنی ناوەرۆکی رێکەوتنەکە نوێنەری خۆیان لەشارەکانی سەقزو بانەو سەردەشت هەبێت[1]

ایگلتن جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەم رێکەوتننامەیە بە قازانجی لەشکری ئێران دادەنێت‌و پێی وایە رازیبوونی کوردەکان لە لەخۆباییبوونیانەوە سەرچاوەی وەگرتووە کە لەگەڵ فەیەکی بەرزی ئەرتەشی شاهەنشاهیدا دانیشتوون، هەروەها وەك ایگلتن دەڵێت سەرانی کورد نیازی ئەوەیان نەبووە هێزەکانیان لەناوچەکە بکشێننەوە دواوەو لەهەوڵی پەلاماری سنەو کرماشاندا بوون[2]

ارفع یش کەئەو کاتە لەلایەن قەوامەوە بۆچاوبەست دەستبەسەر کرابوو، پێی وایە کە کوردو حکومەتی ئێرانی هەردوولایان بۆ وەخت دەستخستن لەسەقز کۆبوونەتەوە، ئەرفەع دەڵێت:" دەوڵەتی ئێران دەیویست بەم رێکەوتنە هێزەکانی خۆی زیاتر قایم بکات‌و کات چنگ بخات. کوردەکانیش نیازیان بوو دوای گرتنی شارەکانی سەقزو بانەو سەردەشت بەرەو ئوستانی کوردستان هێرش بەرن"[3]

لەراستییدا، ایگلتن راست دەکات کەدەڵێت تەواوی مەرجەکانی رێکەوتننامەکە بەقازانجی ئێران بووە، ارفعیش سەبارەت بەنیازخراپیی حکومەتی ئێرانیی بۆ کات بەدەستهێنان‌و قایمکردنی پادگاکانی لەناوچەکە راست بۆ مەسەلەکە چووە، بەڵام

---

[1] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل١٠٠.

[2] ایغلتن، س.پ، ل١٦٦-١٦٧.

[3] ارفع، س.پ، ل٩١.

هەردووکیان لەوەدا بەهەڵەدا چوون کەهێزی پێشمەرگەی کوردستان نیازی پەلاماری سنەو کرماشانی هەبووبێت، چونکە بەپێی ستراتیژی سیاسیی ـ سوپایی رێبەرانی کۆمار مەسەلەی گفتوگۆو چارەسەرکردنی هێمنانەی ناکۆکییەکان ئامانجی سەرەکیی بوون‌و لەرووی سەربازییەوە ئەوەیان پێ سەرکەوتنێکی گەورە بووە کە ناوچە ئازادکراوەکان بپارێزن‌و لەشکری شاهەنشاهیی لەشوێنەکانیاندا بچەقێنن.

سەر لەشکررەزم ئارا کەدوای رێکەوتنە سەربازییەکەی ٢٦ی مایس هەر لەجەبهەی سەقز دایکوتا بوو بەپێچەوانەی گیانی رێکەوتننامەکەوە هەڵدەسوورا، بەهێزکردنی سەربازخانەی سەقز، هەوڵدان بۆ ناردنی چەك‌و تەقەمەنی بۆ پاسگا گەمارۆدراوەکان، ئەمانە هەمووی چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرا سەرۆکی ستادی ئەرتەش نیازی پەلامارێکی سەربازییانەی بەدەستەوە بێت. عەبدوڵرەحمانی زەبیحی کەدوای بەربوونی لەزیندانی تارانی‌و گەڕانەوەی بۆ کوردستان کرابووە پشکنەری سەربازی لەجەبهە، لەنامەیەکیدا کەلەبەرواری ١٤ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا گەیشتۆتە فەرماندەی جەبهە، ئاشکرای کردووە کە حکومەتی ئێرانی چوار ئوتومبیل پڕ سەربازی پیادەو نزیکەی ٣٠٠ سەربازی سوارەی هێناوەتە سەقزو لەدەوروبەری فرۆکەخانەی سەقز سەنگەری نوێیان لێداوەو وەسایلی تایبەتیان هێناوە تا ئاسانکاری بۆ جووڵانەوەی ئوتومبێلە سەربازییەکانیان لەقوڵی میرە دێ وە بکەن.[1]

لەراستییدا هەردوو رۆژ دوای کۆتایهێنانی خولی دووەمی گفتوگۆو مۆرکردنی رێکەوتنامەی فەیروز ـ پێشەوەری ، واتەلە ١٥ی حوزەرەیرانی ١٩٤٦دا شەرلەشکر رەزم ئارا فەرمانی بەلەشکری ٤ی کوردستاندا بەسەرکردایەتیی سەرتیپ همایۆنی کەلەسەقزەوە پەلاماری گردی (مامەشا) بدات لەچیای (ملقەرەنی)، ئەو گردەی چەند سەنگەرێکی لکی ١ی هێزی بارزان بەسەرۆکایەتی مستەفا خۆشناو دەنپاراست، هێزە ئێرانییەکە کەنزیکەی ٢٠٠٠ سەرباز دەبوو بەپاڵپشتی چەند تۆپ‌و تانك‌و تەیارەیەك، چەند پەلامارێکی توندی گردەکەیانداو لەگەڵ پێشمەرگەکاندا

[1] ملاعزت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەشی یەکەم، نامەی ژمارە: ١٧٣، مێژوو: ١٣٢٥/٣/٢٤، ل٢٤١.

رووبەرووبوونەوە، شەڕ هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارە بەردەوام بوو، فرۆکەو تۆپەکانی سوپای ئێرانی بەخەستی گردەکەیان تۆپباران کرد، لەئەنجامدا پێشمەرگەکان کەژمارەیان لە (٤٠) کەس تێپەڕی نەدەکرد، دوای بەخشینی دوازدە بریندار لەگردەکە پاشەکشەیان کردو لەسەنگەرەکانی پشتەوە خەتی بەرگرییان دامەزراندەوە. بەم شێوە هێزەکەی لەشکری ٤ دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کوژراو برینداری دا وشێنی خۆی لەسەر مامەشا گرت.[1]

ایگلتن سەبارەت بەئاکامی ئەم پەلامارەی لەشکری ئێرانی بۆ سەر گردی مامەشا نووسیویە:" وادیار بوو شەڕی مامەشا بۆ هەردوولا جێگەی خۆشحاڵیی بوو، سوپای ئێران بەوە خۆشحاڵ بوو کە وێرای سەنگەربەندیی و بوونی هێزێکی زۆری بارزانییە جەنگاوەرەکان، توانیویانە ئامانجەکەی خۆیان بهێننەدی. لەلایەکی تریشەوە کوردەکان زۆر لەوە گەورەتر بوون هەست بەشکست بکەن، چونکە رۆژێکی دووردورێژ بەهێزێکی چلو پێنج کەسییەوە شەڕیان لەگەڵ هێزێکی چەند قات لەخۆیان زیاتر کردو زیانێکی زۆریان پێگەیاندن بێ ئەوەی جگە لەکوژراوێك، قوربانییەك بدەن."[2]

شایەنی باسە پێشەوا قازیی کەلەو کاتەدا بەبۆنەی خولی دووەمی گفتوگۆی حکومەتو ئازەربایجان چوو بووە تەبرێز، بەبیستنی هەواڵی مامەشا شڵەژاو یەکسەر گەڕایەوە مەهابادو رۆژی ١٦ی حوزەیران چووە بارەگای سەرکردایەتیی جەبهەی سەقز لەگوندی سەرا. رەزم ئارا لەم کاتەدا دەیویست هەم هەلی سەرکەوتنەکەی مامەشاو هەم بوونی پێشەوا لەجەبهەی سەقز بقۆزێتەوەو راستەوخۆ لەگەڵ خودی پێشەوادا کۆبێتەوەو رێکەوتنێکی سوپایی سەبارەت بەناردنی کەلو پەلو ئازوخە بۆ

[1] حەوێزی، س.پ، ل٦١-٦٦، شایەنی باسە سەجادی لەم بارەیەوە نوسیویە:"کوشتاری هێزی ئێرانیش گەیشتبووە ئەندازەیەك کەحکومەت لە (سەقز) مەنعی گەررانی شەوی کردبوو، یەکێ لەو ئیشانە کەئەم مەنعەی بۆ کراوە هێنانەوەی کوژراوەکانی شەرری (مامەشا)یە بۆ ئەوە خەڵك نەیانبینێ و لەچاو پێکەوتنی کوشتارێکی وا زۆر ورە بەرنەدەن! وەکو ئەوانەی لەو شەررەدا بوبونو ئەیانگێرشایەوە لەکەم شوێن وارێ کەوتووە هێزی (ئێران) ئەوەندە کوشتار بدا بەدەستەوە". سەجادی، س.پ، ل٢٨٧.

[2] ایغلتن، س.پ، ل١٧٢-١٧٣.

پادگاکانی لەشکر لەسەردەشتو بانەو میرەدێ مسۆگەر بکات. ئەوە بوو دوای ئاگادارکردنەوەی پێشەوا هەردوولا لەگوندی سەرا کۆبوونەوەو پێشەوا ئامادەیی پێشاندا رێگا بەناردنی ئازوخە بۆ ئەو پاسگایانە بکاتەوە بێئەوەی هەوڵی بەهێزکردنیان بەچەكو تەقەمەنییو سەربازی نوێ لەلایەن لەشکروە بدرێت. هەروەها پێشەوا بۆ دڵنیابوون لەم مەسەلەیە، داوای لە ڕەزم ئارا کرد، ئەو کاروانە ئازوخانەی دەنێردرێن لەلایەن پێشمەرگەوە بپشکنرێن و نوێنەری پێشمەرگەیان لە گەڵدا بێت کاتی جووڵانەوەیان لە سەقزەوە، بە پێچەوانەشەوە ڕێگەنادرێت ،چ هێزێکی ئێرانیی بەو ناوەدا تێپەرێت.[1]

پاش ئەوەی ڕێکەوتنەکە لەلایەن هەردوو لاوە مۆرکرا ، وەزارەتی جەنگی کوردستان چەند پشکنەرێکی وەك عەبولرەحمانی زەبیحی و هەژار موکریانی بۆپشکنینی کاروانەکان دەستنیشان کردو لە شارەکانی وەك سەقز و بانە و سەردەشتدا نوێنەرانی وەك محەمەدی نانەوازادەو جافەری کەریمی چاودێریی بەڕێوەچوونی ڕێکەوتنەکەیان دەکرد.[2]

لەراستییدا، پێشەوا لە لایەن خۆیەوە بڕوایەکی پتەوی بەم ڕێکەوتنە هەبوو، بەوردییش چاودێریی جێبەجێکردنی دەکرد. پێی وابوو لایەنی بەرامبەریش بە هەمان شێوە پابەندی جێبەجێکردنێتی. هەربۆیە دوای ماوەیەك هێمنیی کە لە جەبهە بەرقەرار بوو، پێشەوا پێی وابوو جارێکی دی لەشکری شاهەنشاهیی بیر لە پەلاماردانی هەرێمەکە ناکاتەوە، ترسیشی لەوەبوو کە هێزە عەشیرەتییەکانی جەبهە سەربەخۆ کارێکی وا بکەن ببێتە مایەی ئاژاوە و پێشێلکردنی ڕێکەوتنەکە. لەبەرئەوە کاتێك لە تاران داوایان لە پێشەوا کرد بۆ هەڵگرتنی ئاڵۆزیی جەبهە هێزە

---

[1] سەجادی، شۆرشەکانی کورد..، ل٢٩٠-٢٩١" قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل١٠١-١٠٢

[2] هەژار، س.پ، ل٨٠-٨١، لەراستییدا نانەوازادە کەفەرماندەی هێزی مەرکەزییو جێگری وەزیری جەنگ بوو لەرۆژی ١٦ی تەمووزی ١٩٤٦دا بەپیلانێکی ستادی ئەرتەشو دوای خراپکردنی ئەو فرۆکەیەی دەیویست لەبانەوە پێی بچێتە سەقز، ترۆرکرا، ئەم ڕووداوە کاتی خۆشی لەلایەن هەندێك کەسەوە جێگای گومان بوو بەڕوداوێکی ئاسایی نەدەبینرا. حەوێزی، س.پ، ل ١٠٥،٥٤" صمدی، س.پ، ل١٨٤-١٨٥.

چەکدارەکانی کەمبکاتەوەو ئەوەیان خستە بەردەم کە چۆڵکردنی شارەکانی سەقز و بانە و سەردەشت لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە دوای چۆڵکردنی زنجان دەبێت لە لایەن هێزەکانی دیموکراتی ئازەربایجانەوە وەك لەگەڵ پیشەوەریدا قسەی لێکراوە، قازی بڕیاری دا هێزەکانی کۆمار لە جەبهە کەم بکاتەوە و داوای کرد هێزە عەشیرەتەکان بگەڕێنەوە سەر جێ و ماڵی خۆیان ، لەم ناوەدا تەنها ١٢٠٠ پێشمەرگەی برزانی مانەوە و پاراستنی سنوورەکانی کۆماریان لە باشوورەوە پێسپێردرا.[1]

مەنگوڕی ئەو لەشکرچۆڵکردنەی جەبهە بە هەڵەیەکی گەورەی قازیی محەمەد لە قەڵەم دەدات و بە فاکتەری سەرەکیی لەناوچوونی کۆماری دادەنێت. چونکە بە ڕای مەنگوڕی دەرفەتی بۆ حکومەتی ئێران ڕەخساندووە هێزە گەمارۆدراوەکانی ببوژێنێتەوەو سەربازگەی شارەکانی بەهێزتر بکات. جگەلەوەش ئەو بڕیارەی قازیی، هێزی میللیی کۆماری بەرەو هەڵوەشاندنەوە برد، چونکە دوای گەڕانەوەی چەکدارە عەشیرەتەکان بۆ ناوچەکانیان ئیدی ئامادە نەبوون جارێکی دی و هەر کاتێکی کە داوایان لێکرا بۆ جەبهە بگەڕێنەوە. لە لایەکی تریشەوە، ئەم سەنگەرچۆڵکردنە لە لایەن زۆربەی عەشیرەتەکانەوە وەك لاوازییەکی کۆماری کوردستان و زەنگی کۆتاییهاتنی لێکدرایەوە. ئەوەش هانیدان ڕووی خۆیان بەرەو دەسەڵاتی ناوەندیی وەرگێڕنەوە و ژێربەژێر پەیوەندییەکانیان لە گەڵی دابمەزرێننەوە، ئەو سەرکردانەشی لە گەڵ ئەو هەنگاوەدا نەبوون وازیان لە هەموو شتێك هێنا و هەندێکیشیان کوردستانی ئێرانیان بە جێ هێشت.[2]

1 مەنگوڕی، س.پ، ل٩١-٩١.

2 عەمەرخانی شکاك دوای ئەوەی گەرایەوە ناوچەکەی خۆی، لەرێگای جۆرج ئالن سەفیری ئەمەریکی لەئێرانەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تاراندا رێکخستنەوەو پشتی کردە کۆماری میللیی کوردستان. حەمەرەشید خانی بانەش دوای ئەوەی بەتۆمەتی جاسووسیو پەیوەندیی بە سرتیپ هەمایۆنییەوە تاوانبار کرا، هەموو شتێکی کۆکردەوەو ئاودیوی کوردستانی عێراق بووەوە، لەراستیدا مەسەلەی جاسووسی حەمەرەشیدخان جێگای گومانەو پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە. بڕوانە: حەوێزی، س.پ، ل٦٩-٧١" مەنگوڕی، س.پ، ل ١٦٧-١٨٤" .Borhanedin,op.cit,p188

هەرچۆنێك بێت نە لە ڕێکەوتننامەکەی نێوان پێشەواو سەرلەشکر ڕەزم ئارا، نە بڕیاری مەرەخەسکردنی چەکدارە عەشیرەتەکانی جەبهە لە لایەن پێشەواوە دۆخێکی ئاگربەستی تاسەریان لە جەبهەکە نەهێنایەدی. چونکە بەهۆی پێشێلکردنەکانی فەرماندە سەربازییە ئێرانییەکانی وەك (سرهەنگ پزیشکیان) و (سرهنگ ایرم) چەند جارێك پێکهەڵپرژان لە نێوان هەردوولا قەوما. لە دەوروبەری کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ دا، چەند پێشمەرگەیەك لە ڕێگای سەقز ــ بانە ڕێگایان بە چەند ئوتومبێلێکی بارهەڵگری ئێرانیی گرت، کە چەك و تەقەمەنیی بۆ پاسگاکان دەگواستەوە. لە ئەنجامدا دوای تەقوتۆقێکی کەم دەستیان بەسەر کاروانەکەدا گرتو ڕەوانەی مەهابادیان کردن. دەزگای ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی ناوەندیی و لەشکری ٤ ئەوەیان ڕەتکردەوە کە کاروانەکە چەكو تەقەمەنیی بارکردبێت، بەڵکو پەنجەی تاوانبارکردنیان بۆ کورد ڕادەکێشا، بەوەی چەند ئوتومبێلێکی سەربازییان فڕاندووەو ڕێکەوتنە سەربازیەکەیان پێشێلکردووە.[١]

ڕۆژنامەی أطلاعات لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ ڕاپۆرتێکی لە لەشکری ٤ی کوردستانەوە بەدەست گەیشتووەو لە ژێر ناونیشانی (حمله اشرار به کامیونهای أرتش/ پەلاماری شەڕخوازان بۆ سەر ئوتومبیلە بارهەڵگرەکانی سوپا) بڵاویکردۆتەوە کە " بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی لە لەشکری ٤ی کوردستانەوە بە دەستمان گەیشتوە ٨٠ نەفەر لە ئەشرار هێرشیان کردۆتە سەر ٤ئۆتۆمبیلی نەفەرهەڵگری سەربازیی کە لە ژێر فەرماندەی(ستوانی یەکەم سرباز وطن) دا بووە و پێکدادان لە نێوان هەردوولا ڕوویداوە ٨ نەفەر لە ئەشرارەکان کوژراون." [٢]

هەروەها لە ئێوارەی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٣٠تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ دا سەرهەنگ ئایروم بەخۆی چوار تانگو زرێپۆشێكو چەند ئوتومبیلێکی پڕ سەربازو سیخناخ لەچەكو تەمەنیی، نیازیان وابوو لەگوندی (مەکڵاوە)ی نێوان بانەو

[1] کوهستان، ١٣ ابان ١٣٢٥.

[2] اطلاعات، ١١ ابان ١٣٢٥.

سەردەشتەوە بەرەو پادگانەکانی دەوروبەری سەردەشت بکشێن. دوای ئەوەی چەند پێشمەرگەیەکی بارزانی دەستیان لێ رادەگرنو داوای وەستانیان لێ دەکەن، کەچی سەرهەنگ ئایروم فەرمانی تەقەکردن دەداتو بەمجۆرە شەری لەگوندەکەدا دەقەومێت کە چەند سەربازی ئێرانییو خەڵکی بێدیفاعی ئەو گوندەی تیادا کوژرا. لەئەنجامدا هێزەکە بەرەو شاری سەردەشت پاشەکشە دەکاتو تۆپخانەکانی ئەرتەش بەخەستیی کەوتنە تۆپباران کردنی گوندەکانی ناوچەکە.[١]

پێشەوا ئەم خروقاتەی سەرهەنگ ئایرومی بەتەلەگراف لەرۆژی ١٠ی اباراندا/ ١ی تشرینی دووەم ١٩٤٦دا بەقەوام ئەلسەلتەنە راگەیاند کەدەڵێت:" جەنابی ئەشرەف، ئاغای سەرۆك وەزیران.. پێریێ لەسەردەشت سەرهەنگ ئایروم بەتانكو تۆپ ژمارەیەکی زۆری سەربازەوە پەلاماری پۆستەکانی دیموکراتیان داوە، دوو رۆژە جەنگ بەردەوامە، ئەکلیف چییە؟. "[٢]

شایەنی باسە، رۆژنامە فەرمییەکانی حکومەتی ناوەندیی لەتاران ئەم رووداوەی سەردەشتیان قۆزتەوەو هێرشێکی پروپاگندەیی زۆریان دژی کوردو هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستپێکرد. لەوتارەکانیاندا کوردیان بە ئەشراری پەلاماردەر پێشاندەداو تاوانەکانی سەرهەنگ ئایرومیشیان بە پاڵەوانێتییو ئازایەتیی دەگێڕایەوە. رۆژنامە ی(کیهان)رۆژی شەممەی ١١ی ابان/ ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ لەژێر سەردێڕی"سرهنگ ایرم باشرار کردستان تلفات سنگین ساختە/ سەرهەنگ ئایروم زیانێکی گەورەی بەشەڕخوازانی کورد گەیاندووە" نووسیویەتی:" هەروەك پەیامنێرەکەمان لەکوردستان تەلەگرافی بۆ کردووین.. شەوی هەشتەمی ئابان (٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ ـ ل) ئەشراری کورد هێرشێکی لەناکاویان کردۆتە سەر سەردەشت کەخاڵێکی سەربازیی گرنگەو سەربازخانەیەکی مەزنی کوردستان لێیەو

[1] حەوێزی، س.پ، ل٨٤-٨٥.
[2] کوهستان، ١٣ ابان ١٣٢٥.

ئەکەوێتە دوڕیانی ڕێگای مەهاباد، بەڵام سەرهەنگ ئایروم بە زبردەستییەکی بێوێنە وەڵامی ئەم پەلامارەی ئەشراری داوەتەوەو تەفروتونای کردوون."[1]

بەپێچەوانەوە، ڕۆژنامە ئازادییخوازەکانی تاران ئۆباڵی ئەم پەلامارەیان خستۆتە ئەستۆی فەرماندەکانی لەشەکری شاهەنشاهیی و حکومەتی ناوەندییان بەوە تاوانبار کرد کە ئامادەنییە هەنگاوی جیدیی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان هەڵبنێت. ڕۆژنامەی (رهبر) لەژێر سەردێڕی (درباره حوادث اخیر کردستان / سەبارەت بەرووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان) نووسیویەتی:" هەروەك پێشتر هەواڵمان بەدەست گەیشتووە، سەرهەنگ پزشکیان فەرماندەی هێزە سەربازییەکەی سەردەشت خەریکی پەلاماردانی هێزەکانی دیموکرات بووەو لەسێهەمی ئاباندا (٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ ـ ل) بۆ ئەنجامدانی پیلانەکانی داوای لەسەرهەنگ ئایروم کردووە هێرش بکاتە سەر چەند پۆستێکی دیموکراتەکانی کوردستان. شایەنی باسە، قازیی محەمەد ڕابەری حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر هەمان ڕۆژ تەلەگرافی بۆ تاران ناردووەو سەرۆك وەزیران و لێپرسراوانی دیکەی حکومەتی لەو پەلامارەی سەرهەنگ ئایروم ئاگادار کردۆتەوە. بەڵام جێی داخە لەجیاتی فەرماندان بەوەستاندنی پەلامار، مەسەلەکە لەلایەن لێپسراوانەوە زۆر بەخۆێنساردییەوە وەرگیراوەو سەرهەنگی ناوبراو هێشتا دەستی لەپەلامار هەڵنەگرتووە. ناچار ئاغای قازیی محەمەد دووبارە لە ١٠هەمی ئاباندا (١ی تشرینی دووەم ـ ل) تەلەگرافی ناردۆتەوەو داوای چارەسەرکردنی ئەم بارە ئاڵۆزە دەکات. بەپێی هەواڵەکان پێپێکدادان هێشتا هەر بەردەوامە. دەگونجێ سەراپای مەسەلەکە پەیوەندیی بەجێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنامەیەوە بێت کەلەوماوەیەدا لەنێوان تاران و ئازەربایجاندا مۆرکراوە. چونکە دەنگۆ هەیە کەهەندێك لەفەرماندەکانی لەشکری شاهەنشاهیی بەو ڕێکەوتنە ڕازی نین."[2]

---

[1] کیهان، ١١ ابان ١٣٢٥.

[2] رهبر، ١٢ ابان ١٣٢٥.

ڕۆژنامەی "ایران ما" هەروەك ڕهبر فەرماندەكانی لەشكری ئێرانیان لە سەردەشت تاوانبار كردووەو ئاماژەی بەوە كردووە كەقازیی محەمەد دوو تەلەگراف ناردووە بۆ دەوڵەت بێئەوەی وەڵامێكی بدرێتەوە. لەكۆتایی هەواڵەكەیدا ایران ما نووسیویەتی:" وەختێك پیاو ئەم خروقاتانەی فەرماندەكانی سوپا لەم ناوچەیە دەبینێت ئەو قسەیەی دەكەوێتەوە بیر كە وەزیرێكی كابینەی پێشوو لەدانیشتنێكی ئەنجومەنی وەزیراندا كردبووی. كاتێك وتی:ئێوە ئەی پیاوەكانی لەشكر، ئامادەنین ئەوخانە هەوەسبازانەی باشوور تەمبیٚ بكەن و سنوورێك بۆ بەرەڵاییان دانێن، بەڵام گەر داوای پەلاماردانی ئازەربایجانتان لێبكرێت، خێرا بیٚ سیٚو دوو شمشێرەكانتان تیژ دەكەنەوەو تۆپ و شەستیرەكانتان دەخەنە كارو ئامادەن لەجیاتی قاچ لەسەر سەر بەڕیٚ كەون.. دەزانن بۆچی.. چونكە بەرژەوەندییەكانتان لەو لایەوە لەهەڕەشەدایە."[1]

بەهەر حاڵ، حكومەتی ناوەندیی یەكێك لەئەفسەرەكانی بەناوی (سرهنگ علی اصغر فیوضی) ناردە مەهاباد تا ئەو چەكو ئوتومبیلانە بگێڕێتەوە كەپێشمەرگەكان لەرێگای سەقز ـ بانەدا دەستیان بەسەردا گرتبوو.[2] هەروەها بڕیاردرا هەیئەتێك بۆ لێكۆڵینەوە لەرووداوەكەی سەردەشت بنێرێتە ناوچەكە. لەڕاستییدا نە حكومەتەكەی كوردستان ئامادەبوو هەروا بەئاسانیی ئەو چەكو ئوتومبیلانە بگێڕێتەوەو نە لیژنەش لەتارانەوە نێردرا بۆ لێكۆڵینەوە لەرووداوەكەی سەردەشت.[3] بەمجۆرە رێكەوتنەكەی ئاگربەسی نێوان پێشەوا ـ رەزم ئارا بەپراكتیك نەچەسپا، لەگەڵ ئەوەش جۆرە هێمنییەك باڵی كێشا بەسەر جەبهەدا، هێمنییەك كەدەتوانرێت ناوی هێمنی پێش گەردەلوولی لێبنرێت.

---

[1] ایران ما، ۱۲ ابان، ۱۳۲۵.
[2] كوهستان، ۲۷ ابان ۱۳۲۵ .، ایغلتن، ٥ ل۱۸۹.
[3] حەوێزی، س.پ، ل۸٥.

## باسی چوارەم: هەرەسی کۆماری میللی کوردستان و گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهیی

لەهاوینی ساڵی ١٩٤٦دا، ڕواڵەتی ڕووداوە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئێران وایان پێشاندەدا کە قەوام ئەلسەلتەنە سەرۆك وەزیرانی ئێران بێپەروا لەهەوڵی دیموکراتیزەکردنی وڵاتدایەو بەجۆرێکی وا بەلای هێزە دیموکراتخوازو چەپەکاندا ملدەنێت کەزۆر نابا گۆڕانێکی گەورە لە تەلاری سیاسیی و بنچینەکانی ڕژێمی دەسەلاتداریی ئێراندا بەرپا دەکات. بەتایبەتیی دوای ئەوەی لە٢ی ئابی ١٩٤٦دا ناوی سێ وەزیری تودەیی لەوەزارەتە نوێکەیدا ڕاگەیاندو دانینا بەرێکخراوە کرێکارییەکانی حزیبی تودە وەك سەندیکایەکی فەرمیی و نوێنەرێکی ڕاستەقینەی کرێکارانی ئێران. هەروەها لەئەیلولی هەمان ساڵدا، قەوام ئەلسەڵتەنە خواستی خۆی بۆ پێکهێنانی بەرەیەك لەحیزبە دیموکراتخوازەکانی ئێران بەمەبەستی بەشدارییکردن لەهەڵبژاردنەکانی خولی پازدەهەمی مەجلیسدا ڕاگەیاند، ئەو بەرەیەی کە چاوەڕواندەکرا جگە لەحیزبی دیموکراتی ئێران و حیزبی تودە، هەردوو حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و کوردستانیش لەخۆ بگرێت.[1]

لەلایەکی ترەوە قەوام بەتەفرەدانی حیزبی تودەو بەدەستەوەگرتنی جڵەوی شەپۆلی دیموکراتخوازی سەتاسەری ئێرانی زەمینەیەکی لەبارتری بۆ ڕەخسا تا بەئارەزووی خۆی مەسەلەی چارەسەرکردنی ئاشتییخوازانەی ئازەربایجان بێ گەیاندنە ئەنجامێکی دیاریکراو درێژ بکاتەوەو هەر ڕۆژەی بە بیانویەك خۆی لەجێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی ١٣ی حوزەیران ببوێرێت، لەکاتێکیشدا کە ویستی پشت لە تودە بکات و خۆی بۆ وەشاندنی گورزی کوشندە لەئازەربایجان و کوردستان ئامادە بکات. زیرەکانە ئەو هەلەی قۆزتەوەو کەراپەڕینی عەشریەتەکانی باشووری ئێران و هەرێمی فارس بۆیان ڕەخساند. ئەو عەشیرەتانەی کە بەپاڵپشتی ئینگلیزو بەئاگاداریی پێشینەی قەوام، کەوتنە ڕاوەدونان و پەلاماردانی ئەندام و بارەگاکانی حیزبی تودەو سەندیکا کرێکارییەکانی و

[1] اوری، س.پ، ل ٢٩٥ .، الجبرانی، س.پ،ل ١٤٧.

ئامادە نەبوون شوێنە داگیرکراوەکان چۆڵکەن‌و تا قەوام جەنەراڵ (فضل الله زاهدی) ناردە لایان‌و بێ‌ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ڕێکەوتننامەی لەگەڵدا مۆرکردن. ئەوەش بووە هۆی نارەزایی وەزیرە تودەییەکان‌و بایکۆتکردنیان بۆ دانیشتنەکانی ئەنجومەنی وەزیران کەبیانویەکی باشی دا بە قەوام تا کابینەکەی هەڵوەشێنێتەوەو لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦دا دەست لەکار بکێشێتەوە.[١] هەر بەفەرمانی شاهەنشا، قەوام ئەلسەلتەنە لە ١٩ی تشرینی یەکەمدا کابینەیەکی نوێی بێ‌ وەزیرە تودەییەکان ڕاگەیاندو موزەفەر فەیروزیشی کردە سەفیری ئێران لەمۆسکۆ. جگە لەوەی فەرمانی دەرکردنی لێپرسراوە تودەییەکانی شارەکانی تاران‌و ئەسفەهان‌و کرماشانیشی دەکرد، کارێکی وا کە هەرگیز تودەییەکان چاوەڕێیان نەدەکردو بەوەرچەرخانێکی لەناکاوی‌و نالەباری سیاسەتی قەوام ئەلسەلتەنەیان دایە قەڵەم.[٢]

ئەوەی جێگای سەرنجە، بەهاتنە سەرکاری وەزارەتی نوێ‌ کەزۆربەی ئەندامەکانی لەهەوادارانی ئینگلیزو ئەمەریکا بوون، ڕۆژنامەو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی ناوەندیی هێرشێکی ڕاگەیاندنی توندوتیژیان کردەسەر ئازەربایجان‌و کوردستان‌و داوای ئەوەیان دەکرد کەپێویستە هێزەکانی حکومەت بۆ کۆتایهێنانی مەسەلەکە دەخالەت بکەن. شایەنی باسە وێڕای ئەوەی محەمەد ڕەزاشا لە٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ەوە فەرمانی هەڵبژاردنەکانی خولی پازدەی مەجلیسی شورای دەرکردبوو، بەڵام قەوام بۆ زیاتر خۆ گورجکردنەوەو دڵنیابوون لە بەڕێوەچوونی پلانەکانی مەسەلەکەی دواخست‌و ڕایگەیاند لە٧ی کانونی یەکەم هەڵبژردنەکان دەستپێدەکات. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەلەبەر ئەوەی بارودۆخی وڵات نائارامە پێویست بەوە دەکات هێزەکانی دەوڵەت بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش‌و دابینکردنی ئازادیی هەڵبژاردن بچنە هەرێمەکانی ئێران.[٣]

[١] ئەم ڕاپەرینە لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٤٦دا لەلایەن عەشیرەتەکانی (قەشقایی)یەوە بەسەرکردایەتیی ناصرخان دەستی پێکردو لەلایەن زۆربەی عەشیرەتەکانی شیرازو باشووری ئێرانەوە پشتگیریی کرا. بڕوانە: البکاء، س.پ، ل٢٤٧.

[٢] اوری، س.پ،ل٢٩٨

[٣] هـ . س.

بەمچەشنە قەوام دەیویست بەناوی بارودۆخی نائارامەی وڵاتو ناردنی هێز بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان، دەسەڵاتی ناوەندییو لەشکری شاهەنشاهیی بگێڕێتەوە ئازەربایجانو کوردستان. ئەم هەنگاوەی راستەوخۆ لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پێشوازیی لێکرا کاتێك جۆرج ئالنی سەفیری ئەمەریکی لەتاران رایگەیاند" بڕیاری ناردنی هێزەکانی دەوڵەت بۆ هەموو بەشەکانی ئێران کەلەلایەن حکومەتەوە بەمەبەستی دابینکردنی ئازادییەکانی هەڵبژاردن دراوە، بڕیارێکی دروستو گونجاوە." [1]

لەراستییدا، رەوتی رووداوەکان ئەوەیان دەردەخست کەحکومەتی ئێران بڕیاری خۆی لەمەڕ پەلامارێکی سەربازیی بۆ سەر ئازەربایجانو کوردستان گەڵاڵە کردووەو لەهەوڵی جێبەجێکردنیایەتی. هەربۆیە رێبەرانی میللی کوردو ئازەر بەمەبەستی دانانی رێوشوێنێکی هاوبەش بۆ رێکخستنی هێزەکانی خۆیانو پارێزگارییکردنی سنوورەکانیان لەهەر هەڕەشەو پەلامارێکی لەو جۆرەی دەسەڵاتی ناوەندیی کۆبوونەوەو لەرۆژی ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦دا کۆمسیۆنێکیان بەناوی (کۆمسیۆنی دیفاعی موشتەرەك) پێکهێناو لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە رێکەوتن:

١- پێکهێنانی لەشکرێکی کوردیی - ئازەریی هاوبەش ناوەندەکەیان لەتەبرێز بێت.

٢- ناردنی هێزی سەربازیی ئازەربایجان بۆ بەهێزکردنی جەبهەی سەقز لەکوردستانو ناردنی هێزی سەربازیی کوردستان بۆ ئازەربایجان گەر پێویستی کرد.

٣- دانانی جەنەراڵ عەزیمی ئازەربایجانی بەسەرۆکی گشتیی هێزەکانی سەقزو سەردەشتو هەوشار.

٤- دانانی مەلا مستەفا بارزانی بەسەرۆکی گشتیی هێزەکانی کوردو ئازەر لەناوچەی سەقز.

٥- ناوچەی هەوشار لەژێر چاودێریی محەمەد حوسێن سەیفی قازییدا بێت.

٦- قازیی محەمەد فەرماندەی گشتیی هەرەبەرزی هێزەکانی کوردو ئازەر بێت لەکوردستان.

٧- پیشەوەری فەرماندەی گشتیی هەرە بەرزی هێزەکانی ئازەرو کورد لەئازەربایجان.

---

[1] الجبرانی، س.پ، ل١٥١.

**٨- ئازەربایجان دەستی یارمەتیی بۆ هێزەکانی کورد درێژ بکاتو هەریارمەتیەکی ویست بیداتیّ.[١]**

**هەروەها لێپرسراوانی سەربازیی کۆمار کەوتنە قایمکردنی جەبهە بەپشتبەستن بەپێشمەرگە بارزانییەکانو عەشیرەتەکانی گەورکو زەرزاو فیض الله بەگی،ئەوانەی بەدەنگ بانگەوازی پێشەواوە هاتنو شوێنی خۆیان لەجەبهەدا گرتەوەو بەرامبەر هێزەکانی ئێران لەسەقز، بانەو سەردەشت دامەزرانەوە[٢]**

**لەرۆژی ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ حکومەتی ئێرانی هێزێکی لەشکری ١ی ناوەندیی لەژێر سەرکردایەتیی (سەرهەنگ مرتضوی) ناردە شاری زنجانو بەبیانووی ئەوەی بەشێك نییە لەهەرێمی ئازەربایجان. ئەم هێزە بەهاتنە ناو شارەوە دەستی بەسەر دەزگاو شوێنە گرنگەکاندا گرتو کارمەندە دیموکراتە ئازەرییەکانی پێچایەوەو دایانن بەدادگا. کارێکی وا کەرابەرانی ئازەربایجانی وروژاندو کەوتنە هێرشی راگەیاندن بۆسەر قەوامو گرتنی زنجانیان بەو جۆرە بەپێچەوانەی رێکەوتنەکانو بەخیانەت لەقەڵەمدا. لەراستییدا گرتنی ئەم شارە ناوەندە رێگای نێوان تارانو تەبرێزە بنکەیەکی گونجاو نزیکی بۆ خڕبوونەوەی لەشکری شاهەنشاهیی پێکهێناو لەرووی مەعنەویشەوە چونکە بیّ شەڕ گیرابوو لەشکری هار کرد تا هەرچی زووترە تەواوی ئازەربایجان داگیربکاتەوە. بەرامبەر بەوەش ورەی فیداییە ئازەرییەکان بەتەواویی هاتە خوارەوەو گیانی بەر بەرەکانیان تا رادەیەکی زۆر لەدەستدا.[٣]**

**هەروەها لەهەمان رۆژدا کەشاری زنجان گیرا، قەوامو محەمەدرەزا شاو ژمارەیەك لەفەرماندە بەرزەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی، کۆبوونەوەیەکیان کردو تیایدا دوابڕیاریان سەبارەت بەهێرشکردنە سەر ئازەربایجانو کوردستان گەڵاڵەکردو بەمشێوەیەی خوارەوە پلانەکەیان داڕشت:**

---

[١] سەجادی، شۆرشەکانی کورد، ل٣٠٨-٣٠٩ .، ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل١٩٩-٢٠٠.

[٢] لەراستییدا زۆربەی ئەو عەشیرەتانەی پێشتر لەجەبهە بوون نەگەڕانەوە شوێنی خۆیان، وەك مەنگوڕی دەڵێت ئەمانە لە قازیی زویر ببوون چونکە دەرەجە سەربازییەکانی لەلایەن قازییەوە بەفەخری دانرابوون نەك بە فەرمیی. مەنگوڕی، س.پ، ل ل ٩٧-١٤٩.

[٣] الجبرانی، س.پ، ل١٥١ .، قاسملو چل ساڵ خەبات، ل ١٠٧-١٠٨.

١ـ لەرۆژهەلاتەوە ستونێك لەقوڵی زنجان ـ تەبرێزەوە پێشڕەویی بكاتو هەوڵی گرتنەوەی شارەكانی تەبرێز، مەراغە، رەزائییە، مەیانە بداتو پادگای سەربازی لەو شارانە دابمەزرێنێت.
٢ـ لەباكوورەوە ستونێك لەشاری رەشتەوە پێشڕەویی بكاتو بەرەو باكووری رۆژئاوا بكشێت تاكۆنترۆڵی بەندەری ئەستاربادی شاری ئەردەبێل بكاتو رێگە لەهەر هاوكارییەكی ئەو دیو مەرزو كشانەوەی هێزەكانی دیموكرات بۆ شورەویی بگرن لەكاتی بەزینیاندا.

٣ـ هێزەكانی سەردەشتو بۆكان لەرۆژئاواوە دەست بەپەلامار بكەنو هێزی پێشمەرگە سەرقاڵ كەن تا نەتوانن هیچ هاوكارییەكی ئازەرییەكان بكەن.
٤ـ ستونێكی لەشكری ٤ لەقوڵی نیكابو شاهیندزەوە پەلامار بدەن بەمەبەستی گرتنی رێگای نێوان كوردستانو ئازەربایجانو بۆ ئەوەی بارزانییەكان نەتوانن بەتەنگ هێزە ئازەرییەكانەوە بچن لەكاتی پێویستدا.[1]

ئەو هێزانە كەبۆ ئەنجامدانی هەڵمەتەكە دانرابوون بریتییبوون لە٢٢ گوردانی تەواو پیادە، چوار هەنگی شوارە، دوویەكە تۆپخانەی ٧٥ ملم چیایی، دوویەكە تۆپخانەی ١٠٥ ملم بڵند، یەكەیەكی دژە هەوایی، گروهانێك دۆشكە، چوار گروهان خومپارە، سێ گروهان زریپۆش، دوو گروهان ئەندازیاری بەهەموو پێویستیەكانییەوە، چوار گروهان تۆپی ٣٧ ملم.و گشت پێویستیەكانی بارکێشانو تەندرسوتیو فریاگوزاریو پێویستیەكانی تۆپخانەو پیادەو بەڕێوەبردنی یەكەكان. لەگەڵ چەكداری عەشیرەتە شاپەرستەكانی زولفەقاری، یەمینی، ئەفشار، ئەسلەحەداریاشو .. هتد، كە بۆیارمەتیدانی لەشكر بانگرابوون. هەروەها هێزەكانی لشكری ٤ی كوردستانو چەند ستونێكی ئێرانیی كەلەهەمەدانو كرماشانو ئیلامەوە بەهاوكاریی چەكدارە نۆكەرەكانی دیبوكری، مەنگوڕیو مامش لەقوڵی كوردستان كۆبببوونەوە. جگە لە هێزی هەوایی ئێرانیی كەئەوانیش لەحاڵەتی ئامادەیدا چاوەڕوانی فەرمان بوون.[2]

---

[1] كوهستان، ٢٥ اذر ١٣٢٥.

[2] دهقان، س.پ، ل٧٨٥.

پێویستە بوترێت کە حکومەتی ئێران لەوکاتەشدا کە لەسەروبەندی هێرشە سەرتاسەرییەکەیدا بوو بۆسەر کوردستانو ئازەربایجان هەر خەریکی چاوڕاوو تاکتیکی دیماگۆجییانە بوو. بۆنموونە، وەزارەتی کارو راگەیاندن بڵاویکردەوە کە لەرۆژی دووشەممەی ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦دا، بەرنامەی رادیۆیی بەزمانی کوردیی لەتارانەوە بڵاودەکرێتەوەو هەفتانە دووجار لەرۆژی دووشەممەو پێنج شەممەدا لەسەعات ٧:١٥ دەقیقەی سەر لەئێوارەدا بەرنامەکانی خۆی پێشکەشدەکات.[١]

لەلایەکی دیەوە، قەوام ئەڵسەلتەنە یەك لەدوای یەك تەلەگرافێ بۆ دکتۆر جاویدی پارێزگاری ئازەربایجان دەکردو داوای لێدەکرد رێگا بۆ (قوای تأمینیە/ هێزی دابینکەر) چۆڵ بکات تا چاودێریی هەڵبژاردنەکان بکەن. قەوام لەم رووەوە پێشەوا قازییشی لەبیر نەکردبوو، تەلەگرافێکی بۆ ناردبوو کەئەمە ناوەرۆکەکەیەتی:

"ئاغای قازیی محەمەد

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەپێویستە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان هێزی دابینکەری نێردراو لەناوەندەوە ئامادەبێت، هەروەها پێویستە هەڵبژاردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بەهاوکاریی راستەوخۆو پاڵپشتیی جەنابتان ئەنجامبدرێت، هەربۆیە پێویستە بۆمان دیاری بفەرموون کە لە خوی ـ شاپور ـ رەزائییە ـ مهاباد کەناوچەی کوردنشینن، بە چ شێوەیەك هاوکاریی هێزی دابینکەرتان پێ دەکرێت تا فەرمانی گونجاوتان لەم بارەیەوە بۆ دەربکەین. چاوەرێی هاوکاریی بێدرێغو پاڵپشتیی تایبەتیی جەنابتانم کەلەم ماوەیەدا تێبینیم کردووەو لەم ناوچەیەدا کە مەسەلەی کورد لەئارادایە بەتەواویی پشتگیرییتان بۆ پێشرەویی کارەکان بە پراکتیك بسەلمێنن.[٢]

هەروەك دیارە لەم تەلەگرافەدا سەرەك وەزیرانی ئێرانی جگە لەوەی ئامانجی ناردنی هێزی بەچاودێریکردنی هەڵبژاردن دیاریکردووە، دانی بەدوو راستیدا ناوە،یەکەمیان ئەوەیە کەناوچەکانی خوی، ماکو، شاپورو رەزائییە لەرووی نەتەوایەتییەوە ناوچەی کوردەوارین، دووەمیشیان مەسەلەی کورد لەو ناوچەیەدا هەیە، دانپیانانێکی وا

---

[١] کوهستان، ٤ اذر ١٣٢٥.

[2] اوری، س. پ، ل٢٩٩ .، کوهستان، ١١ ێژر ١٣٢٥.

کەدیاردەیەکی کەم وێنەیە لەلایەن دەسەڵاتدارێکی ئێرانی بەو پلەو پایەیەی قەوام ئەلسەلتەنەدا، بەڵام نەك لەبیروباوەڕەوە هەڵقوڵاوەو خواستێکی دڵسۆزانەی لەپشتەوەیە، بەڵکو هەنگاوێکی چەواشەکەرانەیەو بۆ شاردنەوەی نیازە راستەقینەکانی حکومەتی ئێرانی لەمەڕ ناردنی هێز بۆ ناوچەکە باسی لێکراوە.

هەرچۆنێك بێت، سەرانی ئازەر سەرەتا مەسەلەی چۆڵکردنی رێگایان بۆ لەشکری شاهەنشاهیی رەتکردەووەو قەوامیان ئاگادارکردەوە کەلەجیاتی هێز باچاودێرو لێپرسراوان بنێرێت بۆ دڵنیا بوون لەئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، لەشاری مەهابادیش رێبەرانی کۆماری میللی کوردستان شورایەکی جەنگیان لەبەرواری ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا دامەزراند کەلە١٠ کەس پێکاتبوو، بڕیاریشیاندا بەرگری لەناوچە ئازادکراوەکان دژی هەر پەلامارێکی لەناکاوی سوپای ئێرانی بکەن، بڕیاریشیاندا کە بۆ سبەینێ واتە ٦ی کانونی یەکەم کۆبوونەوەیەکی گشتیی لەمزگەوتی (هەباس ئاغا)ی شاری مەهاباددا ئەنجام بدەنو بیرورای کۆمەڵانی خەڵکیش سەبارەت بەمەسەلەکە وەربگیرێ.[1]

شایەنی باسە، لەرۆژی دوایدا پیاوماقوڵانی شارو زۆرینەی ئەندامانی ح.د.ك لەمزگەوتی هەباس ئاغا کۆبوونەوە، زۆرینەی سەرکردایەتیی حیزب بەپێشەواو صەدری قازیی براشییەوە لەگەڵ ئەوە بوون کەرێگا نەدرێت لەشکر بێتە مەهابادەوە. صەدری قازیی رووی کردە ئامادەبووانو وتی:" دەوڵەتی مەرکەزی توانای ئەوەی نییە لەدوو جەبهەی ئازەربایجانو کوردستاندا شەڕ بکات، من نیزیکەی ٣ سێ ساڵ لەتاران بووم، لە ورەی سەربازانو دەرەجەدارانو ئەفسەران ئاگادارم، دەوڵەت لەسەقزو سەردەشتو تکاو هێزێکی نییەو ئێمە بەیارمەتی فیداییە دیموکراتەکان بەچاکی دەتوانین هێزی دەوڵەتی مەرکەزی تەفروتونا بکەین، لەرابردوودا دەستەیەك لەعەشیرەت دەیانتوانی ماوەیەکی زۆر بەرامبەر هێزی دەوڵەتی رابوەستنو خۆراگرن، ئێستا ئێوە لەوان کەمتر نین، نابی بترسین."[2]

---

[1] الجبراني، س.پ، ل١٥٢" ايغلتن، س.پ، ل١٩٤

[2] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل١١٢. شایەنی باسە، سلوپی بەپێچەوانەوە باسی صدر دەکاتو دەڵێت" بەرای من قازیی محەمەد قوربانیی هەرزەیی براکەی بوو، لەکاتێکدا لەمەهاباد بووم بەگوێی خۆم لەقازیم بیستووە کەدەیگوت:

بەرامبەر بەم بۆچوونە، هێندێکی دی وەك( سەید محەمەدی ئیسحاقی)و (مەلا عەبدوڵلای مودەریسی)و (مەلا حوسێنی مەجدی) پێیان وابوو کە بڕیاری بەربەرەکانی بێسودەو کوردستان بەرامبەر پەلاماری لەشکر خۆی پێ ناگیرێت. هەربۆیە بۆ رێگەگرتن لەخوێنڕشتن‌و وێرانکاریی پێویستە رێگا بۆهاتنی لەشکر چۆڵبکرێت.[1]

لەراستییدا کۆبوونەوەکە بێ گەیشتنە ئەنجام‌و بڕیارێکی لێبڕاو بڵاوەی لێکراو رێبەرانی کۆمار چاوەڕێی دوای بڕیاری سەرانی ئازەربایجان‌و هەڵوێستی نێودەوڵەتیی بوون لەمەسەلەی پەلاماردانی ئازەربایجان لەلایەن لەشکری شاهەنشاهییەوە بێئەوەی ئەم چاوەڕوانییە لەورەی پێشمەرگەکانی جەبهە بهێنێتە خوار. ئەوانەی تا دواساتی بڕیاردان لەسەنگەرەکانی خۆیاندا بەرسنگی دوژمنیان گرتبوو.

لەلایەکی دیەوە، ستادی ئەرتەشی شاهەشناهیی کەستونێکی پێنجەمیان لەئازەربایجان کاری دەکرد، بەوردیی ئاگاداری خاڵە لاوازەکانی سوپای ئازەربایجان بوون. دەوڵەتیش کەپاڵپشتیی ئەمەریکای بۆ مەسەلەی پەلاماردان مسۆگەر کرد، ئیدی پێویستی بەچاوەرێکردن نەبوو. ئەوە بوو لەرۆژی ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا محەمەدرەزا شا بەفڕۆکە گەیشتە زنجان‌و دوای چاوپێکەوتنی فەرماندەکانی لەشکرو وتووێژ لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی هێرشەکە، وەك فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەرۆژی ٨ی کانونی یەکەمدا فەرمانی پەلاماردانی ئازەربایجان‌و کوردستانی دەرکرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەفسەران ـ دەرەجەدارانی سوپا

ئێوە ئەمرۆ کە لەکوردستان‌و زنجان‌و دەوروبەری گەیلاندا لەپێناوی ئازادیی وڵاتە بەرێزو خۆشەویستەکەتاندا کۆبوونەتەوەو گوێ بەفەمان چاوەرێی کارکردنن.. وامەبینن کە ئەم وڵاتە دووچاری هێرش‌و پەلاماردان نەبۆتەوە. سەرانسەری مێژووی پڕ ئیفتیخاری ئێمە باس دەکات لەچاوتێبرین‌و هێرشی بێگانە یاخود ئەوانەی بەفیتی

---

براکەم صەدر کەنوێنەر بووە لەتاران قەت بڕواناکا، وادەزانێ قەوام ئەلسەلتەنە پیاوێکی دیموکرایخوازەو پاڵپشتی مافەکانی گەلی کوردە، لەکاتێکدا قەوام ئینگلیزخوایەو یەکەمین دوژمنی کوردە".

[1] بلوریان، س.پ، ل٧٥

بێگانە دژی سەربەخۆیی وڵات هەڵدەسوورێن. بەڵام بڕوا ناکەم لەتەواوی مێژوودا هیچ کاتێك ڕووداوێکی شومی وا قەومابێت کە لە٢١ی سەرماوەرزی ١٣٢٤دا (١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ ڕۆژی ڕاپەڕینی ئازەربایجان - ل) ڕوویدا. کە لەئاکامدا کۆمەڵێك ئاژاوەگێڕی بێ وڵات ناوچەی گرنگو سەوزەواری ئازەربایجانیان واتە گیانی ئێرانیان لەوڵاتمان جیاکردەوە.. هەربۆیە پێویستە لەسەرمان بێ کات بەفیرۆردانو پێش ئەوەی ئەوانە پیلانە شومەکانیان لەو ناوچەیەدا بەتەواویی ئەنجامبدەن، دەستبەکاربینو ئەم ناوچە زێڕینە لەچنگی ئەهریمەنانی ئاژاوەگێڕ ڕزگار بکەین.. من هەمیشە چاودێریی کارەکانتانمو لەنزیکەوە چاودێریی ئازاییو نەبەردیتانم، دڵنیابن پیاوانی چەلەنگ وفیداکارتان جێگای لاوانەوەو نرخاندمان دەبێت."[١]

دوابەدوای ئەو فەرمانە، لەشکری شاهەنشاهیی دەستی بەپەلاماری خۆی کرد. ستونێك بە سەرکردایەتیی سەرتیپ هاشمی لە ١٠ی کانونی یەکەمدا پەلاماری (مەیانە)ی داو پاش ماوەیەکی کەم بەرگریی فیداییە دیموکراتەکانی شکاندو شارەکەی گرت. هێزێکی ئێرانیی دی بەسەرکردایەتیی سەرتیپ خرابی پەلاماری مەراغەی داو داگیری کرد. لەشکری شاهەنشاهیی بێئەوەی ماوە بدەنە سەرانی ئازەر هێزەکانیان ڕێکبخەنەوەو بەرەو تەبرێز پێشڕەوییان کرد. ئەوانەی کە لەنێوخۆیاندا ببوونە دووبەش" بەشێکیان بەسەرۆکایەتی جەعفەر پیشەوەری خۆیان پێچایەوەو بەرەو یەکێتیی شورەویی هەڵاتن، بەشەکەی تریشیان وەك دکتۆر جاویدو ئاغای عەلی شبستەری کەسەرۆکی ئەنجومەنی ئیلایەتی بوو پێشتر پەیوەندیان بەقەوامەوە هەبوو،[٢] ئەمانە لەرۆژی ١٢ی کانونی یەکەمدا تەلەگرافێ خۆبەدەستەوەدانیان ئاراستەی سەرەك وەزیرانی ئێران کردو ڕێگایان بۆ هاتنەناوەوەی لەشکر خۆشکرد. ئەو لەشکرەی

---

[١] پسیان، س.پ، ل٢٣٧

[٢] عاقلی دەڵێت کە قەوام دکتور جاویدو شەبستری بەپارە کڕیوە: عاقلی، س.پ، ل٤٨٦-٤٨٧ .

کەلەڕۆژی ١٣ی کانونی یەکەمدا،[1] بێئەوەی سەنگەریان لەدژ بگیرێت، هاتنە ناو شاری تەبرێزەوە. بەم شێوەیە دوای ساڵێك تەمەن حکومەتی میللی ئازەربایجان ڕووخا.[2]

لەراستییدا، ڕووخاندنی حکومەتی ئازەربایجانو گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهیی بۆ هەرێمەکە بەو ئاسانییە مەسەلەیەك بوو کەس چاوەڕێی نەدەکرد. (احسانی) کە ئەفسەرێکی ڕاکردووی تودەیی بووە ئەو کاتە لەجەبهەی کوردستان بوو، دەڵێت سەرانی ئازەر دروشمی (مەرگ هەیەو گەڕانەوە نییە) یان گۆڕیبوو بۆ "ڕاکردن هەیەو وەستانن نییە."[3]

سەبارەت بەهەڵوێستی شورەوییش لەمەڕ پەلامارەکەی سوپای ئێران، محەمەدرەزا شا دەڵێت: " ڕۆژێك سەفیری مەزنی شورەویی لەتاران داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردم، منیش ڕێم پێدا، دوای دانیشتن کەوتە گازندەیەکی زۆر سەبارەت بەناردنی هێز بۆ ئازەربایجانو بەدەنگێکی هەڕەشەکەرانەوە ڕەخنەی لەو کارە دەگرتو بەوەی ئاشتیی جیهانیی پێ دەکەوێتە مەترسییەوە. دواتر داوای لێکردم بەسیفەتی شاهەنشای ئێرانو سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکان کە ئەو هێزانەی نێردراون بیانگێڕمە دواوە، منیش وەڵامم دایەوە بەوەی کەمەسەلەکە تەواو پێچەوانەیە، ئەو بارەی کەتائێستا لەناوچەکەدا حوکمفرمابووە، ئاسایشی جیهانیی خستۆتەت مەترسییەوە، هەربۆیە داواکارییەکەیم ڕەتکردەوەو ئەودەمەش تەلەگرافێك لەلایەن پارێزگاری حکومەتی بێدەوامی ئازەربایجانەوە گەیشتبوو کە ئامادەیی خۆبەدەستەوەدانی بێ قەیدوشەرتی یاخیبووەکانی تێدا پێشاندابوو، ئەویشم خستە بەردەستی، ئینجا کونسوڵی مەزن کە چیدی نەیتوانی لەم بارەیە قسە بکات، بێدەنگەی لێکردو داوای مەرەخەسی لێکردم."[4]

ڕێبەرانی کۆماری میلیی کوردستان کەهێزێکی سەربازییان بۆ پاراستنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتو باکوور دانەنابوو، لەم ڕووەوە پشتیان بەحکومەتی ئازەربایجان

---

[1] البكاء والجبراني بەهەڵە بەرواری ٢٥ی کانونی یەکەمیان داناوە بۆ هاتنە ناوەی لەشکر بۆ شاری تەبرێز. البكاء، س.پ، ل٢٤٥ .، الجبراني ، س.پ، ل١٥٣.

[2] دهقان، س.پ، ل ٧٨٦-٧٩١" سیستانی، س.پ، جلدا، ل ٤٦

[3] احسانی، علی اصغر، خاطرات ما ازقیام افسران خراسانو حماسه خارك، چاپ اول، تهران، ١٣٨، ل١٩٠.

[4] اریامهر، شاهنشا محمد رضا، مأموریت برای وطنم، چاپ سوم، تهران، ١٣٥٠ش، ل ١٥٥-١٥٦.

بەستبوو، سەبارەت بەم ئاشبەتاڵە کتوپڕەی سەرانی ئازەر واقیان ورما. بەتایبەتیی دوای ئەوەی کەستادی ئەرتەش بێوەستان لەشکری ٣ی لە تەبرێزەوە بەرەو کوردستان نارد تا هاوکاریی لەگەڵ لەشکری ٤ی کوردستاندا بکات لەگرتنی شاری مەهابادا.[١] لەم کاتەدا ڕێبەرانی کۆمارو لەسەروشیانەوە پێشەوا قازیی لەبەردەم سێڕیانێکی سەخت و دژواردا بوون، یان بەرگریی و بەگژداچونەوەی پەلاماری لەشکری شاهەنشاهیی و هەڵگیرساندنی جەنگێکی سەرتاسەریی پشت بەخۆو بێ هاوکارییەکی هەرێمیی و لایەنگرییەکی نێودەوڵەتی، یاخود خۆبەدەستەوەدان بەلەشکرو رازایبوون بەو چارەنووسەی بەسەریان دێت کە لەزۆربەی کاتدا روناك نەدەبینرا، وەیان راکردن و خۆدەربازکردن و گرتنی هەمان ڕێبازی پیشەوەری و هاوڕێیانی و جێهێشتنی کۆمەڵانی خەڵك لەبەردەم دڕی لەشکرو گیانی تاڵانخوازیی عەشریەتە دژەکانداو دووبارەبوونەوەی هەمان قەسابخانە تراژیدییەکانی تەبرێزو شارەکانی دی ئازەربایجان لەمەهاباد.

لەواقیعدا خودی پێشەوا لەبەردەم ئەو سێڕیانەدا ڕێگای دووەمی لەگشت ڕێگاکانی دی لەلا عەمەلییترو چاکتر هاتەبەرچاو، هەربۆیە داوای لەخەڵکی کرد بۆ خۆپاراستن خۆیان لەگشت بەڵگەنامەو ئەو کەل وپەلانە رزگار کەن کەدەکرێت دواتر ببێتە بیانوی تاوانبارکردنیان و لەلایەن دەوڵەتەوەو پێشمەرگەکانی جەبهەشی لەهەواڵی بڕیاری خۆبەدەستەوەدان و بەرگرینەکردن ئاگادار کردەوە.[٢]

احسانی، لەبیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات کەبەبیستنی ئەم هەواڵە بەپەلە خۆیانگەیاندۆتەوە مەهابادو سەردانی پێشەوایان کردووە تا بۆ بەرگرییکردنی لەشکر هانی بدەن و، نووسیویەتی:" کەقازیی محەمەدمان بینی زۆر مات و کزو غەمبار هاتە پێش چاومان، لەکاتێکدا بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین و لەساڵۆنەکە دانیشاندین پێی وتین: دۆستانی زۆر بەرێزم، پیشەوەری هەڵهاتووەو میلەتی بێ سەرپەرشت جێهێڵاوە، تەواوی رابەرانی فیرقە ئێستاکە کە چونەتە شورەویی، ئەمڕۆ یا سبەی سوپای ناوەندیی دێتە مەهابادو ناوچەکە، مەعلوم نییە چ بەڵایەك بەسەری خەڵکی بێپەنا دێنن، من لەپاڵ

[١] د.ك.و الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٧٣٢، الوثيقة ١٣٨و الوثيقة ١٨١،ص ٣٨٠ء ٤٩٠ بتأريخ ٥ كانون الثاني ١٩٤٧.

[٢] پشدەری، س.پ،ت٩٤.

میلەتی خۆمدا دەمێنمەوە تا لەکوشتوبڕی کوێرانە بیانپارێزم، براکەشم سەیفی قازیی وەزیری جەنگی کوردستان لەگەڵ مندا دەمێنێتەوە. ئێمە ئەوەمان پێ باشترە لەپاڵ میلەتی خۆماندا بمرین نەك بەتەنیاو بێ یارو یاوەر بەجێیان بهێڵین، من پیشەوەریو غولام یەحیا نیم، پیشەوەری داوای لێکردم لەوڵاتەکەم هەڵبێم، نەخێر مومکین نییە، مەردایەتییو غیرەتمان ڕێگای ئەوەمان لێدەگرێت میللەتەمان بەرەڵاکەینو بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆمان هەڵبێین.. دۆستانم خۆزیا ڕابەرانی ئازەربایجانیش وەك ئێوە بیراین کردبایەوە، بەڵام ئەمێستاکەو لەو هەلومەرجەدا بەرگریی بەکارێکی عەمەلیی نازانم."[1]

کیانوری، سکرتێری پێشووی حیزبی تودەی ئێران لەوەڵامی بۆچوونێکی وادا گوایە کوردو ئازەر دەیانتوانی بێ پشتگیریی و تەنیا بەپشتبەستن بەتوانا خۆییەکانو لەبەرامبەر لەشکری شاهەنشاهییدا لەچیا سەختەکان شەڕی پارتیزانی دەستپێبکەن دەڵێت:"ئەگەر فیرقە بەرگریی کردبا ئاکامەکەی فرە خەتەرناکتر دەبوو، ئەمەریکا بەجۆرێك سنگی لێ دەرپەڕاندبوو بەرەیەکی لەدژی شورەویی دامەزراندبوو، گەمارۆی ئابووریی بەسەر شورەوییدا سەپێنرابوو، یەکێتی شورەویی لەڕوی ئابورییەوە لەناڵەبارترین هەلومەرجی مێژوویی خۆیدا بوو کە کۆمەکێکی پێ هەڵنەدەسووڕا، لەبارودۆخێکی بەم چەشنەو بێ پشتیوانیی شورەویی لەبەرامبەر فشاری ئەمەریکا ئیمکانی بەرگرییکردن نەدەبوو، گەر کراباش دروست هەلومەرجێکی وەك یۆنان دەهاتە پێش.. دیارە لەئێرانیشدا هەر هەمان مەسەلە دووبارە دەبۆوەو ئەمەریکاو بەریتانیا ئەوەندەیان هێز بەرژێمی شا دەدا تا لەئاکامدا هەموو بەرهەڵستییەك نابوت بکات."[2]

احسانی ئەم هەڵوێستەی پێشەوای لەزۆر جێگەی بیرەوەرییەکانیدا بەرزنرخاندووە، ئەو دەڵێت:" ئەو مرۆڤە مەزنو ئازایە (واتەپێشەوا ـ ل) کە دەبوایە ئەمسالی پێشەوەرییەکانو غولام یەحیاییەکان لەقوتابخانەی ئەودا وانەی قارەمانێتیو

[1] احسانی، ٢ ل١٨٥–١٨٦

[2] کیانوری، نورالدین، خاطرات نور الدین کیانوري، مؤسسة تحقیقاتء وانتشارات دیدگاه، تهران انتشارات اطلاعات، ١٣٧٢،ل١٣٠.

بزورگەواریی‌و مەردایەتیان خوێندبایە."[1] یاخود دەڵێت :"گەر پیشەوەری‌و تەواوی رابەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان تۆزقاڵێك پیاوەتیی‌و مەردایەتیی قازیی محەمەدیان هەبووایە، بەتەنیا ئیشارەتێك دەستیان لەبەرگریی بەرنەدەداو وەك قازیی سەنگەری مەردانەی خۆیان چۆڵنەدەکرد."[2]

سەبارەت بەهەڵوێستی مەلا مستەفا کە لەو کاتەدا بۆ سەرۆکاری پێشمەرگە لەدەرەوەی مەهاباد بوو، رۆژی ١٦ی کانونی یەکەم بەپەلە خۆی گەیاندەوە مەهابادو سەردانی پێشەوای کرد، عەقید بەکر ئاغای حەوێزی ئەم دوادیمانەیەی قازیی‌و مەلا مستەفا بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:" هەر لەبەر دەرگاکەی سەرجادەکە، مەلا مستەفا چووە پێش بەرێز پێشەواو فەرمووی: حەزرەتی پێشەوای فەرماندە، تکام ئەوەیە لەگەڵماندا لەمەهاباد دەربچین، ئەگەر بەتەنێ بمێنم حەوت ساڵ ئالأکەت لەسەر سەر هەڵدەگرم، مانەوەت لێرە مەترسی لەدوایە. حکومەتی ئێران لەسێدارەت دەدات، پێشەوا فەرمووی: مەلا مستەفا لەهەموو سەردەمێکدا سەلماندووتە کەتۆ دڵسۆزو کۆڵنەدەری نیشتمان پەروەرو خەباتگێڕی، مەردو وەفاداری، چاك دەزانم حکومەتی لەسێدارەم دەدات، بەڵام من لەخۆشیدا لەگەڵ خەڵکی مەهابادا بووم، ئەوا لەناخۆشیدا بەجێیان ناهێڵم. مردن‌و ژیانم لەگەڵ ئەواندایە، ئەگەر ئێستا بەجێیان بێڵم، عەشیرەتەکانی مەهاباد بەردبارانمان دەکەن، بەکوشتنی خۆم رازیم نەوەك مەهاباد بەوێرانی ببینم."[3]

هەر پێش ئەوەی سوپای ئێرانی لەمیاندو ئاوەوە بەرەو مەهاباد بکشێت، پێشەوا دەرگای جبەخانەکانی کۆماری بۆ بارزانییەکان کردەوەو چ چەکێکی تێدابوو خستیە بەردەستیان کە ایگلتن بە ٣٠٠٠ تفەنگی زۆر باش و ١٢٠ رەشاش‌و ژمارەیەکی زۆری نارنجۆك لەقەڵەمی دەدات. ئەم هەڵوێستەی پێشەوا کەلەلایەن وابەستەیی سەربازیی

---

[1] احسانی، س.پ، ل١٨٦

[2] هـ.س، ل ١٨٩.

[3] حەوێزی، س.پ، ل٩١-٩٢. هەروەها زرار سلێمان بەگ دەڵێت کە "حمد ئاغا مێرگەسوری" داوای لە قازیی کردووە لەگەڵ بارزانییەکاندا بەرەو سنوور بڕوات، قازیی لەوەڵامدا وتوویەتی:" ناتوانم سابلاغ بەجێبێڵم، لەبەرئەوەی بەڵێنم بە خەڵکی ئەو شارە داوە بەجێیان نەهێڵم‌و ناتوانم بەجێیان بێڵم...ئەگەر لە سابلاغیش دەربکەوم ناتوانم لەگەڵ ئێوە دەربکەوم لەوانەیە بەخۆشت بزانی؟!" بڕوانە: زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧دا، چاپخانەی رەهەند، هەولێر، ب س، ل ١٢٨-١٢٩.

بەریتانی لەتاران بەخیانەت درایە قەڵەمو لەدوایشدا دژی پێشەوا لەدادگایی کردنەکەیدا بەکار هێنرا.[1]

شایەنی باسە، ئەوانەی ئامادەی خۆ بەدەستەوەدان نەبوون جگە لەبارزانییەکانو کوردەکانی دی کوردستانی عێراق بریتییبوون لەرەشید بەگی هەرکی، تەها هەرکی، زیرۆ بەگی هەرکی، ئەو ئەفسەرانەی کە لەئازەربایجانەوە پێشتر بۆ بەهێزکردنی جەبهەی کوردستان نێردرابوون، هەروەها ژمارەیەك لەکادرەکانی حیزبیی وەك قازیی کاکە حەمەی بۆکان، رەحمانی زەبیحی، هێمن، هەژار، محەمەد شاپەسەندی، حەمەدی مەولودی، جگەلە ئاسوورییەکانی شاری رەزائیەوچەند کەسێکی دی سەر بەفرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ئەمانە هەندێکیان تاكوتەرا بەرەو سنووری عێراق تێیان تەقاندو هەندێکی دیکەشیان لەگەڵ بارزانییەکان کەوتنو بەرەو شنۆو نەغەدە پاشەکشەیان کرد.[2]

دوای ئەوەی پێشەوا سەرپەرشتیی دەرچوونی بارزانییەکانی لەشاری مەهاباد کرد، پەیوەندی بەسەرتیپ همایۆنی فەرماندەی لەشکری ٤ی کوردستانەوە کردو ئاگاداری کردەوە کە لەشکر دەتوانێت لەمیاندواوەوە بەرەو مەهاباد بجوولێت. ئینجا بۆ پێشگیری لەئەگەری خوێنرشتنو کاری تۆڵەسەندنەوە لەلایەن لەشکرەوە، خودی پێشەواو سەیفی قازیی ئامۆزایو حاجی بابەشێخو چەند کەسێکی دی بەرەو پیری سوپای ئێرانییەوە چوون. ئەو سوپایەی کەلەرۆژی ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ دوای زیاتر لەپێنج ساڵ گەڕاوە شاری مەهاباد.[3] بەوەش کۆتایی بەتەمەنی کورتی کۆماری میللیی کوردستان هات کەدووەمین حکومەتو دەسەڵاتی سیاسیی کوردییە لەنیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا.

---

[1] ایغلتن، س. پ، ل٢٠٠. ئەمە مانای ئەوەیە کە هەرچەندە پێشەوا بۆخۆی بەرگریی وەك رێگاچارەسەرێك نەبینیوە، بەڵام رێگەی لە خەڵکانی دیکە نەگرتووە بۆ بەرگریی سوود لە جبەخانەی کۆمار ببینن‌و ئەو چەکانەی تەسلیم بە دەوڵەت نەکردووە. ئەو چەکانەی کە پاشتر بارزانییەکان بۆ بەرگرییکردن لەخۆیان دژی سوپای ئێرانو خێڵە شاپەسەندەکان بەکاریانهێنان بۆ ئەوەی بەر شورەویی دەربازبن.

[2] ئەو ئەفسەرانە ژمارەیان (١٠)کەس بوو بریتییبوون لە: علی اصغر احسانی، ابو الحسن تفرشیان، محمود تیوای، جواد اتشیار، ریس دانا، مرتضي زربخت، حمید دباغ زادە، توکلی، نیکلامارکاریانو چنگیز: تفرشیان، س.پ، ل١٩٠ .، احسانی، س.پ، ل١٠٤.

[3] ایغلتن، س.پ،ل٢٠٠ .،رمضانی ،س.پ،ل١٤٧.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە راستە کۆماری میللیی کوردستان هەروەك حکومەتی میللیی ئازەربایجان بیٚ بەرگریی خۆیدا بەدەستەوە بەڵام:

أ ـ لەکاتی هێرشی لەشکری ئێرانیی بۆسەر شاری مەهاباد، شتێك نەبوو بەناوی ستونی پێنجی ئێرانیی هاوشێوەی تەبرێزو شارەکانی دی ئازەربایجان، کەچۆن لەکادرو ئەندامەکانی فیرقە راپەڕین، ئەوانیش ئاوها لەسەرانی ح.د.ك راپەڕنو پەلاماری بنکەو ماڵو بارەگاکانیان بدەنو دەست درێژیان بکەنەسەر. بەپێچەوانەوە پێشەواو سەرانی دی کۆمار، تاهاتنی لەشکریش، بیٚ هیچ خۆپاراستنێك لەناو شاردا دەسوڕانەوەو رێنمایی خەڵکیان دەکردو تەواو رێزلێگیراوبوون. ئەوەش بەڵگەی راستەقینەیە بۆئەوەی کەخەڵکی شارو ناوچەکە بەگشتیی لەکردەوەو ئاکاری دەسەڵاتدارێتیی رابەرەکانیان رازیبوونو بەگەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی و حکومی فەرماندەکانی لەشکری ئێرانیی داخدارو پەشێوبوون. هەر بۆیە وەك پشدەری نووسیویە:" شاری مەهاباد ئەوڕۆژە زۆر کەوتبو پەشێویٚو هەوری رەشی غەمو پەژارە بەتەواویی ئەم شارە جوانەی داپۆشیبوو، لەناو هەموو ناوماڵو خێزانێکدا گریانو شیوەن دەست پێکرابوو."[1]

ب ـ رێبەرانی کۆمارو لەسەروشیانەوە پێشەوا، لەگەڵ ئەوەی دەرفەتیان لەبەردەمدا بوو بۆ هەڵاتنو دەیانتوانی گیانی خۆیان رزگار بکەن، بەڵام ئەو کارەیان نەکردو بیٚ ترسو پەشیمانبوونەوە لەپاڵ میللەتەکەیاندا مانەوە. ئەوەش بەتەواویی ئەودرۆو هەڵبەستانەی پوچەڵ دەکردەوە کەدەسەڵاتدارانی تاران بەردەوام لەدەزگا راگەیاندنەکانیانەوە بەگوێی خەڵکی سادەوساکاریاندا دەدا، گوایە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد جووڵانەوەیەکی دروستکراوەو سەرانی کۆمار بەکرێگیراوی شورەویین!

لەراستییدا هەرەسهێنانی کۆماری میللیی کوردستان، زادەی کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆییو ئێرانییو نێودەوڵەتییە کە بەگشتییی دەتوانرێت لەم چەند خاڵەدا کۆبکرێنەوە:

یەکەم: لاوازی ئابووریی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتییو نزمی ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگای کوردەواریی، بەجۆرێك نەتوانێت زەمینەیەکی لەبارو پتەو بۆ سەرخستنی

[1] پشدەری، س.پ، ل٩١.

شۆڕشێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی دیموکراتیك بێنێتە کایەوە. ئەم فاکتەرەی کەدەکرێت لەهەمان کاتدا وەك (ئەنجام و هۆکارێك) چاولێبکرێت و بەسەرچاوەی گشت دەردە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئابووریی و رۆشنبیریی و کەموکورتییەکان تری تەلاری سیاسیی کۆمارو جووڵانەوەی نەتەوەییەکەی ئەو قۆناغە دابنرێت. هەربۆیە زۆربەی ئەو رەخنەو ناوخۆییانەی لەلایەن هەندێك نووسەرانەوە ئاراستەی کۆمار کراون وەك (نزمی ئاستی رۆشنبیریی هەندێك لێپرسراوان، بوونی خزم خزمێنە، دانانی کەسانی ناشایستەو نالایق لەشوێنی ناسك و لێپرساویدا، بێ ئیلتیزامی حیزبی، بەرەڵلایی و گیانی تالآنیی چەکدارە خێڵەکییەکان، خۆدزینەوە لەفەرمان، زاڵبوونی گیانی دەرەبەگایەتیی، سوودوەرگرتن لە دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسیی لای هەندێك لێپرسراو، نەپرسینەوە لەزوڵمی ئاغاکان)، ئەمانەو زۆرتر لەو کەم و کورتییانە کەدەتوانرێت وەك رەخنەی ناوخۆیی باسیان لێوەبکرێت،[١] لەسایەی ئەم فاکتەرەدا ریزدەکرێن و تائێستاش لەکۆڵ جووڵانەوەی نەتەوەییەکەی گەلی کورد لەهەر چوارپارچەی کوردستاندا نەبۆتەوە.

دووەم: هەروەك دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان لەئەنجامی خەباتێکی سیاسیی و چەکداریی درێژخایەن و پلەبەپلە نەهاتەدی و زیاتر وەك کاردانەوەیەکی خێرای هەلومەرجێکی نێوخۆیی و ئێرانیی و نێودەوڵەتیی نائاسایی هەڵتۆقی، رێبەرانیشی بەو ماوە کورتەی کە کۆماری تێدا ژیا، واتە کەمتر لەساڵێك، نەیانتوانی بناغەیەکی پتەوی مادیی و مەعنەویی دەسەڵاتەکەیان دارێژێن، بەچەشنێك بەسەر گرفتەکانیدا زاڵ بێت و بتوانێت بەرامبەر هەر لەرزەیەك خۆراگرێت.

سێیەم: جووڵانەوەی نەتەوەییەکەی گەلی کورد لەناوچەی موکریاندا قەتیسماو نەبووە جووڵانەوەیەکی رزگاریخوازیی سەرتاسەریی کەسەراپای کوردستانی ئێران بگرێتەوە. لەبەر چەند هۆکاری سیاسیی و سوپایی رابەرانی کۆمار نەیانتوانی ناوچەی ناوەندوە باشووری کوردستانی ئێران کەلەرووی مادیی و مرۆییەوە زۆر لەناوچەی موکریان دەوڵەمەندتر بوون بخەنە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیان. ئەوەش هەلێکی بۆ دەسەڵاتی ناوەندیی رەخساند نەك هەر لەپیادەکردنی گەمارۆی ئابووریی و رێگرتن

---

[١] شەمزینی، ه.س، ل٢٤٨– ٥٠ .، مەنگوڕی، س.پ، ل١٥١ .، حیسامی ، لەبیرەوەرییەکانم بەرگی یەکەم، ل ١١٥– ١١٦

لەپەرەسەندنی شەپۆلی نەتەوەیی گەلی کورد سەرکەوتووبێت، بەڵکو ئەو ناوچە رزگارانەکراوانەی کردە پشتی جەبهەو وەك بنکەیەك بۆ شەڕپێفرۆشتنەکاتنی ئەرتەش و دواتر پەلاماری لەشکری ئێرانیی بۆ لەناوبردنی کۆمار بەکاری هێنا.

"برزوی" لەم رووەوە باس لەهەڵوێستی نەرێیی موڵکدارە گەورەکان و پیاوە ئاینییەکانی ئوستانی سنە (فرج الله خان اصف سردار معظم وایت الله مردۆخی) دەکات بەرامبەر کۆماری میللیی کوردستان و بۆ ئەو فاکتەرەی دەگێڕێتەوە کەئەوانە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان کۆمارو شورەویی دڕدۆنگ بوون و لەسۆنگەی پاراستنی موڵك و ماڵ و مەوقعییەتی کۆمەڵایەتیی و ئاینییان، وەفادارییان بۆ رژێمی شاهەنشاهیی پێ چاکتر بووەو دژی ئەوەبوون هەرێمی سنەو عەشیرەتەکانی باشووری کوردستانی ئێران بچێتە ژێر سایەی حکومەتی میللیی کوردستانەوە.[1]

چوارەم: نەبوونی هاوکارییەکی راستەقینەو بەرنامەیەکی یەکگرتوو لەنێوان حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری میللیی کوردستانداو بوونی ناکۆکییەکی زۆر سارد لە پەیوەندییەکاندا کە هەر لەسەرەتاوە بووە هۆی کەموکوڕییەکی گەورەو دژ بە بەرژەوەندییەکانی هەردوولاو لەخزمەتی دەسەڵاتی ناوەندیی و مانۆرە سیاسیی و سەربازییەکانی قەوام ئەلسەلتەنەدا بوو. رێکەوتنەکەی ١٦ی تشرینی یەکەم و پێکهێنانی کۆمسیۆنی دیفاعی موشتەرەك کە رێبەرانی کۆمار ئومێدێکی زۆریان پێی هەبوو، لەژێر چاوزەقکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندییدا هاتەدی. ئەو ئومێدەش بەخۆبەدەستەوەدانی بەشێکی سەرانی ئازەربایجان و هەڵاتنی بەشەکەی تریان و چۆڵکردنی سەنگەر لەبەردەم لەشکری شاهەنشاهییدا بووە بڵقی سەرئاو. لەڕاستییدا رووخاندنی حکومەتی میللیی ئازەربایجان بەوشێوەیە گورزێکی گەورەبوو لە کۆماری کوردستان و فاکتەرێکی مەزنی خۆبەدەستەوەدانی بوو.

پێنجەم: جووڵانەوەی میللی دیموکراتیکی کوردستان و ئازەربایجان بەجۆرێك پەرەیان نەسەند کە لەگەڵ جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی ئێرانییدا ببنە هێزێکی تۆکمەو یەکگرتوو بۆ بەدیهێنانی ئێرانێکی دیموکرات و ئەنجامدانی

---

[1] برزویی، س.پ، ل ٢٧٥-٢٧٧.

وەرچەرخانێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی دیموکراتیی لەئێراندا دژی چینی دەسەڵاتدارو پارێزەرانی بچنە مەیدانی خەباتەوە. ئەو بەرەیەش کە ماوەیەکی کەم پێش پەلاماری سەتاسەریی لەشکر لەحیزبە ئازادییخوازەکانی ئێران دامەزرێنرا، نەیتوانی لەکاتی پێویستو بەپراکتیك هەنگاوێك لەبەرژەوەندیی کوردستانو ئازەربایجان بنێتو رێگا لەزاڵبونەوەی شەپۆلی دژ بەدیموکراتیی لەئێراندا بگرێت. ئەوەش ئەنجامی چەند فاکتەرێکی جیاجیاو ئاڵۆزە کەگرنگترینیان: لاوازیی زەمینەی مادیی و سیاسیی جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی و، هەڵوێستی هەلپەرستانەی حیزبی تودەو گیانی خۆبەزلزانی سەرانی ئازەرو، شێلگێریی قەوامو مانۆڕە سیاسییە دیماگۆجییەکانی و ناسیونالیستی تەنگەتیلەی رژێمی دەسەڵاتدارو زۆرینەی رۆشنبیرانی گەلی سەردەستی.

لێرەدا جێی خۆیەتی کەمیك زیاتر لە هەڵوێستی حیزبی تودە قسان بکەین کە ئەودەمە وەك تاکە هێزی دیموکراتخواز لەسەر شانۆی سیاسیی ئێران، بەتایبەت لەناوەند، خاوەن هێزو دەسەڵات بوو.

وەك بەڵگەو سەرچاوە مێژووییەکان دەریدەخەن، بە درێژایی ساڵەکانی پاش دامەزراندنی حیزبی تودەو جەنگی دووەمی جیهانیی، ئەو حیزبە لە حاست کێشەی نەتەوایەتیی لە ئێران بە گشتیی، و سەبارەت بە کێشەی کلێپەسەندووی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران، تەواو بێ هەڵوێست بووە. شایەنی باسە نە یەکەمین بەیاننامەی ڕاگەیاندنی حیزبی تودە، و نە مەرامنامەی کۆنفراسی یەکەمی ساڵی ١٩٤٢و نە ئەو بەرنامەیەی لە لایەن فراکسیۆنی تودەوە پێشکەش بە مەجلیسی چواردەهەم کرابوو، باسێکی لە سەر کێشەی نەتەوایەتیی و خواستەکانی هەرێمە غەیرە فارسەکانی ئێران تێدا نەبوو. لە ڕاستییدا، تودە بە چەسپاندنی (حفظ استقلال و تمامیت ایران/ پاراستنی سەربەخۆیی و یەکێتی خاکی ئێران) وەك ئامانجێکی پلەیەکی لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا و جێگیرنەکردنی بەندێك سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتیی[1] (٦٣)، جگە لەوەی چاوی لە ستەمێکی گەورەی دەورانی دیکتاتۆریی ڕەزاشا پۆشیبووو لەگەڵ

[1] گذشته، س پ، ل ١٥١، ٢٠١.

ناسیۆنالیستانی فارسدا خۆی لە سەنگەرێك نابوو، بەوەش خۆی لە ئاڵۆزترین و مەزنترین مەسەلەکانی ئێران دزیبووەوە.

پەرەگرتنی حیزبی تودەو دامەزراندنی بنکە و بارەگاکانی لە هەرێمە غەیرەفارسەکان و زۆربوونی ئەندام و لایەنگرانی، بە پراکتیك کێشەی نەتەوایەتیی کێشایە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە. ئەو کێشەیەی لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا لە ساڵی ١٩٤٤ زۆر بەزەقیی ڕووبەڕووی ڕێبەرایەتیی حیزب بووەوە، پاش ئەوەی ژمارەیەك لە نوێنەرە تودەییە غەیرە فارسەکان دەنگی ڕەخنەیان هەڵبڕی. شایەنی باسە، یەکێك لەو ٤٤ نوێنەرە ئازەرییانەی بەشداری کۆنگرە بوون، لە ڕێبەرایەتیی حیزبی تودە ڕاپەڕی و بە تورکیی ئازەریی ڕەخنەی توندی لەوەگرت کە بە گشتیی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە ئاوڕ لە خواست و نەهامەتییەکانی هەرێمە غەیرە فارسەکان ناداتەوە و گوێی خۆی لێ خەواندوون. نوێنەرێکی گەیلانیش ڕایگەیاند، کە حیزب بە مەبەستی ڕێکخستنی کرێکاران‌و وەرزێرانی ناوچەی گەیلانی ئازەریینشین و تورك زمان، چەند ڕۆشنبیرێکی فارسیان ناردۆتە ئەو ناوچەیە کە فریان بە زمانی ئازەرییەوە نییە و خەڵکی لێیان تێناگەن.[1]

هەروەها لە دوادانیشتنەکانی کۆنگرەی یەکەمدا، ئەو مەسەلەیە هاتبووە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە پێویستە حیزب حیسابێك بۆ تایبەتمەندێتی و داواکارییەکانی هەرێمە غەیرەفارسەکان بکات‌و بە خانەی فەرامۆشییان نەسپێرێت. بەڵام وەك سەرچاوەیەکی هەواڵ سەفارەتی بەریتانیای لە تاران ئاگادارکردۆتەوە، کۆنگرە لە دانیشتنە نهێنیەکانی خۆیدا، بە توندیی دژی هەر مەیلێکی جیاخوازانەی هەرێمەکان وەستاوەو قسەکردنی لە سەر هەر مەسەلەیەك ڕەتکردۆتەوە کە ببێتە هۆی لاوازکردنی یەکێتیی خاکی ئێران و کەلەبەر دروستکردن لە نێوان فارس‌و غەیرەفارسدا.[2] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تودەش وەك بورجوازی حاکم، قسەکردن و ئاوڕدانەوە لە خواستی نەتەوە غەیرە

---

[1] یرواند ابراهامیان: إیران بین دو إنقلاب، ترجمە: کاظم فیروزمند ومحسن مدیرشانە چی،چاپ چهارم،نشر مرکز،١٣٨٠ش،ص٣٥٨.

[2] British charged Affaires to the Foreign office,Memorandum the Tudeh Congress ,F.O 371\ persia \644\ 34 -40187.

فارسەکان بە هەڕەشە لە سەر یەکێتیی خاکی ئێران و جیاخوازایی و کەلەبەر دروستکردن لە نێوا فارس و غەیرەفارسدا دەداتە قەڵەم.

هەربۆیە لە مەرامنامەی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی تودەدا، هیچ ئیعتیبارێك بۆ کێشەی نەتەوایەتی و خواستی هەرێم و نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران دانەنرابوو، بەچەشنێك بەرنامەی حیزب تەنیا ئەسڵێکیشی لەو باریەوە لەخۆنەگرتبوو. ئەوەش کە سەبارەت بە "ئازادیی تەواوی کەمینەکان لە ڕووی ئاینیی و فەرهەنگییەوە" یاخود "یەکسانیی تەواوی کۆمەڵایەتیی لە نێوان هەموو ئەندامانی میللەتی ئێراندا بیٚ جیاوازیی ئاینیی و نەژادی تاکەکان"[1] قسەی لێکرابوو، مەبەست لێی کەمینە ئاینییەکانی وەك (جوو، زەردەشتیی، ئاسووریی...هتد) بوو، نەك نەتەوە غەیرە فارسەکانی وەك (کورد، ئازەر، بلوچ، عەرەب....هتد).

لە لایەکی ترەوە، حیزبی تودە کە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە خێرایی پەرەیدەسەند، لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە ناوچەکانی کوردستانی ئێرانیش نفوز و لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات و چالاکیی بنوێنیٚ، بەڵام ئەو هەوڵەی بە سەختی شکستیهێناو جگە لە شاری کرماشان[2] و شارۆچکەی بۆکان و میاندوئاو، نەیتوانی لە شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانی ئێراندا خۆنیشاندا. ئەوەش وێڕای بافتی کۆمەڵایەتیی و شێوازی ژیانی عەشیرەتیی کۆمەڵگای کوردەواریی، کە وەك پێویست چینی کرێکار و کارمەندە حکومییەکان و خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی تێدا نەبوون، لە بیٚ هەڵوێستیی حیزبی تودە سەبارەت بە کێشەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران بە گشتیی، و کێشەی کورد بە

---

[1] گذشتە، س پ، ل ١٥١.

[2] حیزبی تودە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا لقی خۆی لە شاری کرماشان کردەوە کە ناسراوترین ئەندامەکانی: محمد حسن خسروی، سید محمد کزازی، عبدالعظیم دزفولی، حسن سالمین, حسین جمشیدی، حشمت سبحانی،فاضل بحرالعلوم و حمید سالمی بوون، ولە لایەن ئاغای شهاب پورەوە ڕابەری دەکرا، دوای ئەویش محسن علوی سەرپەرشتی کۆمیتەی کرماشانی حیزبی تودەی گرتە ئەستۆ، شایەنی باسە ڕۆژنامەی (بێستون) کە لە لایەن ئاغای مهدی فرهپور هەر لە ساڵی ١٩٤٢ەوە لە کرماشان بە زمانی فارسی دەردەکرا، بووە ئۆرگانی لقی کرماشانی حیزبی تودە، ئەو ڕۆژنامەیەی کە تا ساڵی ١٩٤٩ بەردەوام بوو، بڕوانە:

محمد علی سلطانی، احزاب سیاسی و انجمن های سری در کرمانشاه، جلد دوم، تهران، ١٣٧٨، ل ٣٢٩- ٣٠٤.

تایبەتیی، سەرچاوەدەگرێت. جگەلەوەی کە تودەییەکان لە کوردستاندا بە کۆمۆنیست و بێگانەپەرەست دەناسران و زۆرینەی خەڵك لەو لایەنەوە لێیان بە گومان بوون.[1]

لەو بارەیەوە کونسوڵی بەریتانیی لە تەورێز، پاش ئەوەی گەشتێکی بە ناوچەی ئازەربایجانی خۆرئاوا و ناوچەی موکریاندا لە ساڵی ١٩٤٢دا کردووە، نووسیویە "خێڵەکانی کورد بە هاندانی سەرکردەکانیان بە توندی دژایەتیی حیزبی تودە دەکەن، بە جۆرێك ڕێگەیان نەداون تەنانەت بارەگاش لە ناوچەکانیاندا بکەنەوە."[2]

بێهەڵوێستیی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی کورد و جووڵانەوەی ئازادییخوازانەی کوردەکانی ئێران لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بگرە دوژمنایەتیشی لەگەڵ ڕێکخراوە نەتەوایەتیەکانی کوردستانی ئێراندا ڕاستییەکی مێژووییە. مەدەنی، سەبارەت بە هەڵوێستی تودە بەرامبەر بە (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد/ ژ.ك) کە وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردستانی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دا لە مەهاباد دامەزراوە، نووسیویە "حیزبی تودە لە موخالیفانی سەر سەختی کۆمەڵەی ژ.ك بوو، خۆی بڕوای بە فرە گەلی و مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران نەبوو، لەم بارەوە هیچ شتێکی لە بەرنامەکەیدا نەگونجاندبوو، بەردەوام لە لای سۆڤیەتیەکان بۆ ژ.ك ی تیَ دەچاند، زۆری هەوڵ دا لاوازی بکا و بی توێنێتەوە، حیزبی تودە وەکوو ڕێکخراوێکی سەرانسەری لە ئێراندا، حەقی بە ڕێکخراوێکی سەر بەخۆی کوردی لە کوردستان نەدەدا، ئەویش بە دروشمی سەربەخۆیی قیت بێتەوە و سەروەری خاکی ئێران تێك بدا."[3]

بە هەر حاڵ، تێکڕای هەوڵەکان بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی جەماوەری تودەیی بەرفراوان لە کوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا شکستیخوارد. کۆنگرەی یەکەمی حیزبیش بە باشیی بەرجەستەی ئەم ڕاستییە دەکات، چونکە لە کۆی ٦٨/ نوێنەری بەشدار،

---

[1] عمویی کە یەکێکە ل ئەفسەرە تودەییە ناسراوەکانی لەشکری ئێران، و خەڵکی کرماشانە، باس لەوە دەکات کە خەڵکی ئەودەمی کرماشان تودەیی بوونو کۆمۆنیستییو خوانەناسییان بە یەك شت دەزانی. بڕوانە: محمد علی عمویی، درد زمانە، انتشارات انزان، تهران، ١٣٧٧، ل ١٦.

[2] British Ambassador to the Foreing office, 25 September 1945 F.O. 371\ Persiq 1945\ 34 – 45 451.

[3] مەدەنی، س پ، رگی دووەم, بیّ شوێن،١٣٨٠، ل ٢٣٢– ٢٣٣.

کەمترینیان کە هەشت کەسە لە کوردستانەوە هاتبوون، واتە بە ڕێژەی ٤/٧٪ی بەشداربووان، بە چەشنێك بەشێکی ئەو هەشت کەسەش ئاسووریی و ئەرمەنیی بوون و سەرچاوەیەکمان لە بەردەستدا نییە باس لە بوونی کوردێك بکات لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا، جگە لەوەی لە تێکڕای ٢١ ئەندامی ڕێبەرایەتیی و کۆمسیۆنی ڕاوێژکاریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەکەم تاکە کوردێکیشی تێدا نەبوو.[١]

پێویستە بگوترێت کە لەو ئاخاوتنە سێ کاژێرییەی کە فریدونی کشاورز د.رادمنش لە بەرامبەر نوێنەرانی مەجلیسی چواردەهەم لە ٢٥و ٢٦ ئایاری ساڵی ١٩٤٥ دا وەك نوێنەری فراکسیۆنی تودە کردیان، جگەلە باشکردنی ڕێفۆرمی ئابووریی و تەندروستیی و مەسەلەکانی هەڵبژاردن و کێشەی وەزیران، شتێك بە ناوی کێشەی نەتەوایەتیی و ناڵەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی وڵات باسی لێنەکرا، لە کاتێکدا زۆرینەی ڕۆژنامەکانی ئێران ئەو دەمە قسەیان لە سەر ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستان دەکرد و پەلاماری لەشکری شاهەنشاهییان بۆ سەر ناوچەکانی مەریوان و هەورامان ڕیسوا دەکرد.[٢]

هەروەها ڕێبەرانی حیزبی تودە لە کۆنفرانسی دووەمی حیزبدا کە لە ١٩ـ ٢٢ی ئابی ١٩٤٥ لە تاران بەسترا، نەك هەر باسێکیان لە مافی نەتەوەیی و فەرهەنگیی گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا نەکرد، بەڵکوو بڕیارێکی عەنتیکەیان بە سەر کۆمیتەی هەرێمەکان و ناوچە غەیرە فارسەکانی حیزبدا سەپاند، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە کۆمیتەکان چەند پۆلێکی خوێندن بە زمانی فارسیی بۆ کرێکارە نەخوێندەوارە غەیرەفارسەکان بکاتەوە تا فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی فارسیی بن.[٣] !!.

لە ڕاستییدا، حیزبی تودە هەروەك لێپرسراوانی شورەویی و نوێنەری زلهێزەکان لە ئێران وخودی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ناوەندی لە تاران، تێکڕای جووڵانەوەی ئازادییخوازانی هەردوو گەلی کورد و ئازەریان بە مەسەلەی ئازەربایجان ناو دەبرد و زۆر کەم نەبێت بڵاوکراوەکانیان بە لای ڕووداوە گرنگەکانی کوردستان و دەسەڵاتە میللییەکەیدا نەدەچوون، بەڵکوو تودە زیاتر سەبارەت بە ڕووداوەکانی تەورێز و هەرێمی

[1] یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤.

[2] هـ س ، ل ٣٦١.

[3] رهبر، ٢٨- ٢١ مرداد ١٣٢٤.

ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات دەهاتە قسە و لە تەواوی ئۆرگان و بڵاوکراوە و وتاری ڕێبەرەکان و فراکسیۆنەکەیان لە مەجلیسی چواردەهەمدا هەوڵی دەدا خۆ لە هەموو داخوازیی و دەستکەوتێکی نەتەوەیی کورد و ئازەریی وەك: زمان، دەسەڵاتی نەتەوەیی لە شێوەی خودموختاری، هێزەکانی فیدایی و پێشمەرگە...هتد، بە دوور بگرێت، و زیاتر مەسەلە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان زەقکاتەوە.

کاتێکیش دووەمین کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە نێوان ١٦ـ ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا لە مۆسکۆ بەستراو مەسەلەی ئێران و چۆڵکردنی هێزەکانی هاوپەیمانەکان لەو وڵاتەدا بووە تەوەرەیەکی سەرەکیی گفتوگۆکان، (بیڤن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، بە مەبەستی دەرکردنی هێزەکانی سوور لە ئێران وڕێگرتن لە زیاتر ئاڵۆزبوونی هەلومەرجەکەی نێو خۆی ئەو وڵاتە و ڕۆیشتنی بە ئاقارێکی دژی ڕۆژئاوادا، پێشنیارێکی خستە بەردەم ئامادە بووانی کۆنفرانسەکە کە تێیدا باسی لە دامەزراندنی کۆمسیۆنێك دەکرد لە نوێنەرانی هەر سێ زلهێزەکە (شورەوی، بەریتانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) لە پێناوی ڕێنمایی کردنی حکوومەتی ئێران وهاندانی دەسەڵاتی ناوەندیی لە تاران بۆ ئەنجامدانی چەند ڕیفۆرمێکی نێوخۆیی تا ڕەوشە ئاڵۆزەکەی ئێران ئاسایی بکاتەوە، بەو مەرجەی ئەو هەنگاوە ڕیفۆرمیستانەیە لە ژێر چاوەدێری کۆمسیۆنەکەدا بەڕێوەبچێت، ئەو پێشنیارەی کە تێکڕای ئامادەبووان ڕەزامەندییان بەرامبەر دەربڕی.

هەروەها وەك هەواڵێك بۆ هێور کردنەوەی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران و ڕازیکردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان و لابردنی ستەمی فەرهەنگی لە سەریان، کۆمسیۆنی سێ لایەنە لە بەندی ٧ی بەیاننامەکەیدا پێی لە سەر ئەوە داگرتبوو کە پێویستە غەیرە فارسەکان بە تەواوی ئازاد بن لە بەرکارهێنانی زمانی میللییاندا، چ لە کاروباری خوێندن، یا خود لە هەر کاروبار و بوارێکی تردا، شایەنی باسە زمانی (کوردی)یش وەك زمانێکی سەربەخۆ لە پاڵ زمانەکانی دیکەی تورکی و عەرەبی دا لەو بەندەدا جێگیر کراوە

شایەنی باسە، هەر ئەوەندەی هەواڵی کۆمسیۆنەکە و پێشنیارەکانی لە لایەن ڕادیۆیB.B.C هوە لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا بڵاوکرایەوە و بەرگوێی خەڵکانی ئێرانی کەوت، حیزبی تودە هێرشێکی توندی دەستپێکرد و دژی کۆمسیۆنەکە و تەواوی

پێشنیارەکانی وەستا، ڕۆژنامەی (مردم)ی زمانحاڵی تودە لە وتارێکدا بە ناونیشانی (ما کمسیيونی سە جانبە/ ئێمە و کۆمسیۆنی سێ لایەنە) نووسیبووی: "ئێمە بێ پەردە و ئاشکرا دەڵێین کە لە هەر حاڵەتێکدا دامەزراندنی کۆمسیۆنێکی بەو چەشنە پێچەوانەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی میللەتی ئێرانە و مافی حاکمییەتی میللەتی ئێران زەوتدەکات و هەموو ئەو ڕەنج و ماندوو بوونەمان بە فیڕۆ دەدات کە میللەتی ستەمدیدەی ئێران لە پێناوی ئامانجی هاوبەشی سەرکەوتنی گەلانی هاوپەیماندا داویەتی.... ئێمە بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنین کە ڕازیبوون بە وەها کۆمسیۆنێك، میللەتی ئێران تاڕادەی کۆڵۆنییەك یان وڵاتێکی ماندێتی دێنێتەخوار و بۆ ئێمەش شکستێکی سەرتاسەریی دەبێت... ئێمە پڕ بەدەنگ هاوار دەکەین کە میللەتی ئێران ڕێگە بە هیچ دەوڵەتێکی بێگانە نادات بیخاتە ژێر ماندێتەوە یا خود لە جێگای ئەو بڕیار بدات."[1]

پاش ئەوەی جوڵانەوەی نەتەوایەتی هەر دوو گەلی کورد و ئازەر بە تەواوبوونی جەنگ پێی خستە قۆناغێکی نوێ وە، و لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٦ زەمینەی دامەزراندنی دەسەڵاتی نەتەوەیی ئەو دوو گەلە لە ئازەربایجان و موکریانی کوردستانی ئێراندا ڕەخسا، و مەسەلەی ئازەربایجان و خەباتی ئازادیخوازانی گەلی کورد بوونە هومێدی ئازادیخوازانی تەواوی ئێران و ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا توندوتیژ بوو، حیزبی تودە بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە لیینینییەی کە دەڵێت: "سۆسیالیستەکان پێویستە بوێرانە و بە ورەیەکی بەرزەوە پشتگیری جوڵانەوەی بورجوا دیموکراتیکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە وڵاتە (کۆڵۆنی و نیمچە کۆڵۆنییەکان)دا بکەن و لە حاست ڕاپەڕینی ئەوانە یا خود جەنگی پاراتیزانی ئەوانە دژی هێزە ئیمپریالیستە زۆرداەکان، هاوکاریی بکەن."[2] ئامادە نەبوو هیچ کاتێك بە پراکتیك بە قازانجی ئەو جووڵانەوەیە هەنگاوێك باوێژێ.

شایەنی باسە، ئازەرییە تودەییەکان کە لە نێو حیزبی تودەدا ژمارەیان زۆربوو، لە ڕێبەرایەتیشدا بوون‌و لە پاش فارسەکان پلە دوو بوون، بە هۆی ئەو بێ هەڵوێستییەی

---

[1] مردم، ١٨ دی ١٣٢٤.

[2] لینین، کلیات آثار، جلد ٢٢، چاپ مسکو، ص ١٦٤.

**حیزبەکەیان بڕیاریاندا ڕیزەکانی حیزب جێبهێڵن و بێ ئاگاداریی حیزب بچنە نێو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە، و بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان تێبکۆشن. مەسەلەیەکی واو پاشان دامەزراندنی حکومەتە نەتەوایەتییەکانی ئازەربایجان و کوردستان بۆ ڕێبەرە فارسەکانی حیزبی تودە خەمێکی گەورە و خورپەیەکی دڵتەزێن بوو.[1]**

**ڕێبەرە فارسە تارانییەکانی حیزبی تودەی وەك: خلیل ملکی، احسان طبری، کیانورین د.رادمنش ....هتد، زۆر لە خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و ئازەر دەسڵەمانەوە، و هێندەی لێپرسراوانی دەسەڵاتی ناوەندی لە دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فیداییەکانی ئازەربایجان، دەنگۆی یەکگرتنەوەی هەر دوو ئازەربایجانی ئێرانی و شورەوی، کۆماری دیموکراتی کوردستان و هاتنی بارزانییەکان و ئەگەری سەربەخۆیی...هتد بێزار و شپرزە بوون ، و لە پەیجوی ئەوەدا بوون جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی کوردستان و ئازەربایجان لە خواستە نەتەوایەتیی و سیاسییەکانیان دابڕن و بەرگێکی ئابووریی ــ کۆمەڵایەتیی ڕووتی لەبەرکەن. بۆ نموونە، ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی سەر بە حیزبی تودە زنجیرە وتاریان سەبارەت بە (مەسەلەی ئازەربایجان) بڵاو دەکردەوە و تیایاندا ئەوەیان دەورووژاند کە ئێران نابێ پەرت بکرێت و میللەتی ئێران یەك میللەتە و ناکرێت لە پاڵ زمانی فارسییدا کە زمانی فەرمیی تێکڕای میللەتی ئێرانە، زارێکی هەرێمیی قوتبکرێتەوە.[2]**

**لە چەند وتارێکی (رهبر)ی ئۆرگانی حیزبی تودە دا، کەسانی وەك: خلیل ملکی و انور خامە، بە خۆگێلکردن لە فاکتەری نەتەوەیی، هەوڵیاندا بوو ئەوە بسەلمێنێنن کە مەسەلەی ئازەربایجان زادەی سیاسەتی فشاری ئابووریی و گەندەڵیی چینی فەرمانڕەوای ئێرانەو ئازەربایجان لەگەڵ هەرێمە فارسنشینەکانی دیکەی ئێراندا جیاوازییەکیان نییە، چونکە خەڵکی ناوچە فارسنشینەکانیش وەك ئازەرییەکان فشاریان لەسەرە و لە سیاسەتی حکومەتی ناڕازین و کەس لە کەس چەوساوەتر نییە.[3]**

---

[1] **کیانوری،س پ ، ل ١٢٧-١٢٩.**

[2] **ایران مان ٢٠ ابان، ١٠ آذر ١٣٢٤.**

[3] **رهبر، ٣و ٦ اردیبهشت ١٣٢٥.**

هەروەها د.رادمنش لە دانیشتنێکی مەجلیسدا و لە گەرمەی ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا، هەوڵیدا لە قسەکانیدا ئەوە بسەلمێنێت، لە بەر ئەوەی حکوومەتی ناوەندی ڕێفۆرمی زەوی ئەنجامنەداوە، خۆی لە ڕێفۆرمی کۆمەڵایەتیی بەدوور گرتووە، یاسای کاری دانەڕشتووە، خەڵکی لە برسێتیی و گرانییدا جێهێشتووە، هەر بۆیە قەیرانی ئازەربایجان وا بە زەقیی دەرکەوتووە. ئەو دەیگوت "بیرکەنەوە، ئایا ئەم قەیرانە تەنیا تایبەتە بە ئازەربایجان؟!، چونکە دانیشتووانی باشووریش (مەبەستی هەرێمی فارسە ــ ل) لە ڕووی بێخۆراکیی و بێپۆشاکیی و نەبوونی پێویستییەکانی دیکەی ژیانەوە زێدەتر لە ناڕەحەتیدان، پێویستە حکوومەت بە خێرایی و بە ئاشتیی بەفریای چارەسەریی ئەو مەسەلەیەوە بێت، گەرنا سبەینێ ڕێکخراوێکی دیکە دادەمەزرێت و دەڵێت: بەڵێ قوربان، ئێمەش عەرەبین و عەرەبستانمان دەوێت، ئەوسا جەنابتان چ وڵامێکتان دەبێ؟"[1]

شایەنی باسە لەم قۆناغە ناسك و ئاڵۆزەی ئێران و لە گەرمەی پەرەگرتنی خواست و دەستکەوتە نەتەوایەتییەکانی گەلانی غەیرە فارس، بە تایبەتی کورد و ئازەر، بۆیەکەم جار لە مێژووی حیزبی تودەدا شتێك بە ناوی کێشەی نەتەوایەتی لە لایەن ڕێبەرێکی تودەی وەك (اردشیر اوانسیان)ەوە قسەی لە سەر دەکرێت، اوانسیان لە وتارێکدا چەمکی نەتەوەی بە شێوە ستالینیەکە پێناسە کردووە کە لە کۆمەڵە کەسانێك پێکدێن: زمان، فەرهەنگ، ئابووری و زەوی هاوبەشیان هەیە، بێ ئەوەی هیچ باسێك لەوە بکات کە ئایا لە ئێراندا فرەنەتەوەیی یا خود کێشەی نەتەوەیی هەیە یان نییە.[2] دیارە ئەوەش تەنیا بۆ سەلماندنی ئەو دیدە تودەییە بوو، کە لە بەر ئەوەی خەڵکانی وەك کورد، ئازەر، بلوچ و عەرەب ی ئێران لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا لە سەر زەوییەکی هاوبەش، بە هۆی ئابوورییەکی هاوبەشەوە پێکەوە نەبەستراونەتەوە و لەو لایەنەوە لە سەر خاکی ئێران و بە ناوەندەوە گرێدراون، ئیتر نابێت بە پێی پێناسەی ستالین بۆ نەتەوە، حیسابی نەتەوەیان بۆ بکرێت و بەوەش چ مافێکی نەتەوایەتییان پێ ڕەوا نابینرێت.

---

[1] د.رادمنش، صورت جلسات مذاکرات مجلس، مجلس چهاردهم، ٤ دی ١٣٢٥.

[2] رهبر، ٤ شهریور ١٣٢٥.

کاتێکیش قەوام ئەلسەڵتەنە سیاسەتکار زۆرزانی ئێرانی  لە ٤ی نیسانی ساڵی ١٩٤٦دا، توانی شورەوی بە کشانەوەی سوپای سوور لە باکووری ئێراندا قایل کات، و بکەوێتە ئەوەی مەسەلەی ئازەربایجان بە شێوەیەکی (ئاشتیخوازانە و خێر خوازانە) کۆتایی بهێنێ، وەك تاکیتك دەرگای دانوساندنێکی ماراسۆنینیانەی بە ڕووی سەرانی کورد و ئازەردا کردەوە، بەوەش مەسەلەکانی: هێشتنەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی و پەرەپێدانی ئیدارە نەتەوایەتییەکان، بە ڕەسمی ناساندنی زمانی نەتەوەیی و پەرەپێدانی دەستکەوتە فەرهەنگییەکان....هتد لە لایەن سەرانی کورد و ئازەرەوە وەك داواکاری پێشکەش لەو کاتەدا ئەندامانی فراکسیۆنی تودە لە مەجلیسی چواردەهەمدا بێ ئەوەی پشتگیری هیچ ماف و دەستکەوتێکی نەتەوەیی کورد بکەن، یان مەسەلەی زمانی کوردیی وەك مافێکی فەرهەنگیی، نەك لە تەواوی کوردستانی ئێراندا، بگرە بۆ خەڵکی مەهابادیش بە ڕەوا بزانن. ئەوانە هەڵوێستی ڕاستەقینەی حیزبی تودەیان ئاشکرا کرد، ئەوەی کە ڕازی دەبێت تەنیا زمانی ئازەریی لە سێ پۆلی سەرەتاییدا بخوێنرێت و هیچی تر.[١]

لە کاتێکدا وەك دەزانین قەدەغەکردنی خوێندنو نووسینی زمانی نەتەوە غەیرە فارسەکان لە ئێراندا بڕیارێکی شۆڤێنیستانەی ڕەزاشا پەهلەویی بوو. هەموو پشتگیرییەکی حیزبی تودە لە جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی کورد و داواکارییەکانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، یەك دوو چاوپێکەوتن بوو کە ڕۆژنامەکانی (رهبر) و (مردم) لەگەڵ پێشەوا قازی  لە تاران کردبوویان.[٢] تا خەڵکی ئێران دڵنیا بکەنەوە کە جووڵانەوەکەی کوردستان جووڵانەوەیەکی سەربەخۆخوازیی نیشتمانیی نییەو بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران زیانێکی نییە و لە بنەڕەتدا بەشێکە لە جووڵانەوە دیموکراتیی ئێرانیی دژی کۆنەپەرەستیی، مەسەلەیەکی وا کە بەشێکی ڕێبەرانی باڵی ڕاستی نێو حیزبی تودەی دڕدۆنگ کرد، ئەوانەی پاشتر حیزبیان لە سەر ئەو (هەڵە)یەی بەتوندیی سەرزەنش کرد.[٣]

---

[1] ایران ما، ٢٩ اسفند، ١٣٢٤.

[2] رهبر، ١٢ ابانماه ١٣٢٥ .، مردم، ١١ بهمن ١٣٢٤، ١١ دیماه ١٣٢٥.

[3] بڕوانە: احسان طبری، کژراهە. خاطراتی از تاریخ حزب توده، چاپ أول، امیر کبیر، تهران، ١٣٦٦، ص ٥٠.

له ڕاستییدا، حیزبی توده لەم قۆناغەدا، بەو هەموو هێز و توانا ڕێکخراوەیی وتەبلیغاتیی و نفوزە جەماورییەی کە هەیبوو، گەر هەڵوێستێکی ڕاستو موسبەتیان سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتیی لە ئێراندا هەبووایە و بڕیاری ڕاست و سەربەخۆیان لێبدایە، دەیانتوانی جووڵانەوە ئازادیخوازانەی نەتەوەیی ئازەر و کورد و شەپۆلی دیموکراتیخوازی لە ئێران و ناوچەکەدا بە جۆرێکی وا گرێبدەن کە خزمەتێکی مێژوویی بە تەواوی گەلانی ئێران و ناوچە بکەن و مەزنترین قەیران بۆ شاپەرەستەکان و بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم پێکبهێنن، بە چەشنێك نەتوانن ڕەوتی مێژوو لەو ناوچەیەدا بە قازانجی خۆیان و دەسەڵاتە بە کرێگیراوە زۆردارەکان ئاراستە بکەن.

کاتێکێش ئازەربایجانو کوردستان کەوتنەبەر پەلامار، حیزبی توده بێهەڵوێست مایەوەو هیچ پاڵپشتییەکی لەو دوو دەسەڵاتە نەکردو پاساوی دەهێنایەوەو کەوتە بیانوو داتاشین گوایە "هەر بەر گرییەك بکرابا، جەنگی نێوخۆیی لێدەکەوتەوە، ئەوەش دەرفەتی بە هێزە ئیمپریالیستەکان دەدا دەست وەردەنە کاروباری ولاتەکەمان....کشاندنی جەنگ و بەرگری بۆ سنورەکانی شورەویی، ئاسایشی پێگەی سوسیالیستی دەخستە مەترسییەوە..... چەك دانان و بەرگریینەکردن لە پێناو داکۆکی لە ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریادایە."[1] !!

بێهەڵوێستیی و بڕوبیانووی بەو شێوەیەی حیزبی توده دواتر لە لایەن کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کە لە تشرینی دووەمی ١٩٦٤دا بەسترا، بە توندی ڕەخنەی لێگیرا، بەیاننامەی کۆنگرە لە ژێر سەردێڕی (رابردووی ح. د.ك) لە کاتی جمهووری کوردستان دا گاڵتەی بە هەڵوێست و بیانووەکانی ئەودەمی حیزبی توده هاتووە گوایە ڕوخاندنی دەسەڵاتە نەتەوایەتییەکانی ئازەربایجان و کوردستان و پاشەکشەی شورەویی لە ئێران لە پێناوی سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی چین بووە!!، ئینجا بەیانەکە دەڵێت "لەو لاشەوە حیزبی تودەی ئێران ویستیان بەو دەلیلە پڕوپووچانە خۆحەشار دەن وەك کەوەکە سەریان لە بەفر گرتبوو لەشیان بە دەرەوە بوو، دەیانویست ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە لەو کاتەدا تەواوی هێزی ڕەش و

---

[1] گذشته، س پ، ل ٤٨١-٤٨٢.

بەدفەڕی شا ــ ئیمپریالیزم و دوژمنە سوێندخۆرەکان کلکیان لێك بەستبوو لە تارانەوە بە "دڵنیایی" ڕوویان کردە کوردستان."[١]

لەگرنگترین هۆکارەکانی دیکەی رووخاندنی کۆمار:

شەشەم: هەڵوێستی نەرێیی دەوڵەتە هەرێمییەکانی دەوروبەری وەك تورکیاو عێراق لەئاستی کۆماردا، کە چ وەك ئەزمونێکی دیموکراتیك، یاخود نەتەوەیی گەلی کورد، بە هەڕەشەیەکی مەزن‌و مەترسییەکی جیدییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی‌و یەکێتیی خاکی وڵاتەکەیان دادەنا. لەبەرئەوە وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە ئەم دوو دەوڵەتە هەر لەسەرەتاوەو بەچەندین رێگا کەوتنە دژایەتیی کۆماری میللیی کوردستان‌و هاوکاریی دوژمنەکەی. کاتێکیش کۆمار کەوتە بەر پەلاماری لەشکری شاهەنشاهیی دەستەبەجێ حکومەتی عێراق پێشنیازی دامەزراندنی فەرماندەیەکی سەربازیی یەکگرتووی لەسەر ئاستی ئێران ـ عێراق ـ تورکیا دژ بە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد کرد[٢] و هێزەکانی لەسەر سنوور چاوەڕێی چەککردن‌و گرتن‌و رادەستکردنەوەی هەر خەباتگێڕێکی ئێرانییان دەکرد پێ لەسنوور بترازێنێ.

حەوتەم: کۆماری میللیی کوردستان قوربانیی سیاسەتی نێودەوڵەتیی‌و ئاکامی یەکەمین پاشەکشەی شورەویی بوو بەرامبەر ئەمەریکا لەمەیدانی جەنگی سارددا. هەروەك مەلامستەفا بارزانی بەراشکاویی ئاماژەی بەم راستییەداوە:" ئەو سوپای ئێرانی نییە کوردی شکاندووە، بەڵکو وڵاتە یەکگرتووەکان‌و بەریتانیایە شکستیان بەشورەویی هێناوە."[٣]

شایەنی باسە، کیانوریش پاش زیاتر لە ٤٠ساڵ هەر هەمان بۆچوونی مەلامستەفای دووپاتکردۆتەوەو پاشەکشەی شورەویی لەبەرامبەر هەڕەشەکانی چەرچڵ‌و ترۆمان کە تاڕادەی ترساندنی شورەویی بە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیی گەیشتێ، بەفاکتەری سەرەکیی سەرکەوتنی دەسەڵاتی ناوەندیی لە گێڕانەوەی ئازەربایجان‌و رووخاندنی هەردوو حکومەتەکەی کوردو ئازەر لەقەڵەم دەدات. کیانوری دەڵێت:" مەسەلەی

---

[1] بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکرتی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندی، سەرماوەزی ١٣٤٣ .

[٢] کوهستان، ٥ اسفند ١٣٢٥.

[٣] ایغلتن، س.پ، ل١١٩.

رووخاندنی حکومەتی ئازەربایجان سەرکەوتنێکی سەربازیی نەبوو.. بەڵکو لەسەرەوەو لەنێوان شورەویی‌و ئەمەریکادا کۆتایی پێهاتبوو هەردوولا گەیشتبوونە ئەو بڕیارەی کەدەبێت ئازەربایجان چۆڵ بکرێ."[1]

ئەمەریکاو بەریتانیا کەجووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیان بەدژی بەرژەوەندییەکانیان‌و کۆمارەکەیان بەدەسەڵاتی شورەویی لەقەڵەم دەدا، هەر لەسەرەتاوە کەوتنە پشتگیریی رژێمی شاهەنشاهیی‌و دژایەتیی کۆماری کوردستان. ئەم دوو زلهێزە، بەتایبەتیی ئەمەریکا، رۆڵێکی ئێجگار گرنگیان یاری کرد لەپشتگیریی هەوڵە سیاسیی‌و دیپلۆماسییەکانی حکومەتی ئێران لەدەرکردنی سوپای سوور لەئێران. هەروەها ئەمەریکا بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگ لەهەوڵی بەهێزکردنەوەی ئێران بوو لەرووی ئابووریی‌و سەربازییەوە. هێرشی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بۆ سەر کوردستان‌و ئازەربایجان، بێ پاڵپشتیی ئەمەریکا سەرکەوتنی مەحاڵ بوو.

فردوست سەبارەت بەم راستییە نووسیویەتی:" لەراستییدا، چ مەسەلەی دەرکردنی سوپای سوور لەئێران‌و چ رووداوەکانی دوایی ئازەربایجان‌و کەوتنی حکومەتەکەی پیشەوەری، زیاتر محەمەدرەزایان بەرەو ئەمەریکا پاڵ دەنا. رۆژێکیان دوو بەدوو پێی وتم: بەڕاستیی ئەم ئەمەریکایە زلهێزێکی عەجیبەو تەنیا بەپشتبەستن بەوان ئازەربایجان لەچنگی شورەویی رزگاری بوو. بێگومان هەر رۆڵی ئەمەریکا بوو لەمەسەلەکەدا کەوای لەمحەمەد رەزا کرد لەساڵی ١٩٤٩دا کاتێك سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی کرد بەفەرمیی سوپاسی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا بکات."[2] ئەوەندە بەسە بۆ دیارییکردنی رۆڵی نەرێیی ئەمەریکا لەرووخاندنی کۆماری میللیی کوردستاندا، بڵێین: کاتێك لەشکری شاهەنشاهیی گەڕایەوە ئازەربایجان‌و کوردستان‌و دەسەڵاتی خۆی دامەزراندەوە، زۆربەی وەزیرەکان‌و ئەندامانی مەجلیس‌و کارمەندانی تری باڵای حکومەتی ئێران، سەردانی سەفارەتی ئەمەریکایان کرد لەتاران تا پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە گەورەیە لەخۆیان‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەن.[3]

---

[1] کیانوری، س.پ، ل١٢٩.

[2] فردوست، س.پ، ل١٤٩.

[3] Borhanedin,op.cit,p200

هەشتەم: هەندێك پێیان وایە کە کۆماری میللیی کوردستان، قوربانیی سیاسەتی هەلپەرستانەی شورەویی ستالین بوو. ئەو ستالینەی کە پشتی کردۆتە هەموو پرنسیپەکانی مارکسیزم - لینینیزمو ئایدۆلۆژیای شۆرشگێڕانە سەبارەت بەهاوکاریی خەباتی میللەتانی چەوساوە دژی ئیمپریالیزمو رژێمە داردەستە بۆرجوازەکانی و تەنیا لەهەلپەی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسییەکانی یەکێتیی شورەوییدا بووە لەسەر حسابی گەلانی چەوساوەو ئایدۆلۆژیا. ئەمانە پێیان وایە کە شورەویی کوردی بۆ راپەڕین دژی دەسەڵاتی ناوەندیی هانداوەو بەڵێنی پارەو چەکیان پێداون و دوایش بێ بەجێهێنانی هیچ یەك لەوادەو بەڵێنەکانیان پشتیان تێکردوون و بەو نەوتەی کەهەرگیز دەستیان نەگەیشتێ کوردیان فرۆشتووە. ئەم بۆچوونە جگە لەهەندێك نووسەری خۆماڵیی، زۆربەی نووسەرە رۆژئاواییەکان بەمەبەستی شکاندنی شورەویی و پێشاندانی وەك درۆزنێکی هەڵخەڵەتێنەر جەختیان لەسەر کردۆتەوە.[1]

مەلا بەختیار، وێڕای ئەوەی پەنجە بۆ سیاسەتی نەرێیی یەکێتیی شورەویی بەرامبەر بەکێشەی کوردو جووڵانەوەی نەتەوەییەکەی لەساڵانی نێوان هەردوو جەنگدا رادەکێشێ، کاتێك دێتە سەر لێکدانەوەی شوێنی مەسەلەی کوردستان و ئازربایجان لە سیاسەتی دەرەوەی ستالیندا دەڵێت:" ستالین لەسەر حیسابی کرێکاران و گەلان بەئارەزووی خۆی نەخشەی جیهانیی لەگەڵ سەرۆکی وڵاتە سەرمایەدارەکان دەکێشایەوە، تەنیا لەوشوێنانەی مەترسیان لەسیاسەتی ستالینیەت و سنووری قەڵەمرەوی شورەویی هەبوو ستالین پیێ دادەگرت و لەوشوێنانەی ئەو مەترسیانە لە ئارادانەبوون یان بیزانیبایە مەترسیشیان هەیە و ناتوانیێ رای خۆی بسەپێنی بۆ ئەوەی مەترسیەکانی تری لێ نەورووژێنن نەرم خۆی دەدابەدەستەوە، هەرکە پۆلۆنیاو ئەڵمانیای وەکو دەیویست بۆ مسۆگەرکرا، بەئاسانی دەستی لەئیتالیاو یۆنان نەمسا هەڵگرت، لەئێرانیشدا دوای سەرپێچی کردنێك کەبەلێنی نەوت دەرهێنانی لەلایەن (قوام السلطنە)

---

[1] طبری، س پ، ل٧٠ .، کۆچی، خالدخالد، السیاسە السوفیتیة تجاة القضیة الکردیة في المیزان، ستوکهۆڵم، ١٩٩٠، ص ٣٠-٣١ .، شریف، س.پ، ل٤٧-٤٨ .، سابیلیە، س.پ، ل٢٤٦.

**وە درایە ستالین دەستبەجی چ بەبیانوی  گوێگرتن لەئولتەماتیمی ئەمریکا لەشکری سووری کشاندەوەو پشتی کردە ئازربایجان و کۆمارە تاقانەکەی کوردستان." [1]**

**بەرامبەر ئەو بۆچوونانەی سەرەوە هەندێکی دی تەنیا پەنجە بۆ شورەویی رادەکێشن وەك یارمەتیدەرێکی دامەزراندنی کۆمارو خۆیان لەقەرەی فاکتەربوونی شورەویی لەرووخاندنی کۆماری کوردستاندا نەداوە.[2] هەندێکیکەش جگە لەداننان بەهەڵەی لێکدانەوە لەسیاسەتی ستالینییدا، بیانو بۆ ئەو هەڵوێستە لاوازو سەیرکەرانەیەی شوورەویی لەمەڕ سەرجەم مەسەلەی شالاوبردنەسەر ئازربایجان و کوردستان دەهێننەوە بەوەی شورەویی لەدوای شەڕ زیانێکی زۆری وەبەر کەوتووە، ئەمەریکای بەهێزو خاوەن چەکی ئەتۆمیی شەڕی پێفرۆشتووەو ئۆلێماتۆمی هەڕەشەی جەنگی سێهەمی جیهانیی کراوەتە سەرو جووڵانەوەکەی ئازەربایجان‌و کوردستان‌و سەرتاسەریی ئێران بۆ خۆیان قولاییەکی شۆرشگێڕییان نەبووە. شورەویی هەر ئەوەندە هاوکاریی کردووە کەلەتوانایدا بووەو لەوە زیاتری پێنەکراوە.[3] ئەمانە باسێك لەو هەڵوێستە ناکەن کە شورەویی لەنێوان وەدەستهێنانی نەوت‌و سەرکەوتنی جووڵانەوەی میللیی ئازەربایجان‌و کوردستان، یەکەمیانی بەلاوە گرنگترو پڕبایەختر بووە. بەواتایەکی دی هەڵوێستی ساردی شورەویی لەمەڕ مەسەلەکە لێکدانەوەی ناچاریی بۆ دەکەن تاکو بەرژەوەندییخوازیی‌و پشتکردنە ئایدۆلۆژیا.**

**بەهەر حاڵ، ناتوانرێت بەهیچ بیانویەك نکوڵیی لەوەبکرێت کەشورەویی لانیکەم لەو قۆناغەدا هەڵوێستێکی لێبڕاوی شۆرشگێڕانەیان بەرامبەر کێشەی نەتەوەیی کوردو کۆماری میلليی کوردستان نەبووەو سەرکەوتنیان بەلاوە گرنگ نەبووە[4]. ئەو هەڵوێستەی**

---

[1] مەلا بەختیار، س.پ، ل١٠١.

[2] شەمزینی، س.پ، .، جلیلی واخرون، س.پ .

[3] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٥٩ .، بلوریان، س.پ، ل٣٦٥.

[4] بەرپرسانی شورەویی لەڕووی ئایدیۆلۆژیی‌و چینایەتیشەوە دژی دەسەڵاتێکی خودموختاریی کوردیی بوون. لەم رووەوە لەڕاپۆرتێکی "مۆلۆتۆف"ی وەزیری دەرەوەی شورەوییدا هاتووە:" نابێ بڕوا بە سەرۆکە کۆنەپەرست و خۆفرۆشەکانی کورد بکرێ، دەبێ دان بەوەدا بنێن کە پشتیوانی کردن و یارمەتی دانی کوردەکان بۆ وەدیهێنانی خودموختاری و دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد دروست نییە، چونکە لە هەل و مەرجی ئێستای ئێران دا ئەوە داوایەکی بێ بناغە و دواکەوتوانەیە." وەرگیراوە لە: مەدەنی، س پ ، ل ٢٣٢.

کۆماری لە کۆمەکێکی دەرەکیی راستەقینە بێبەشکردو دواتریش بووە فاکتەرێکی ئاشکرای روخاندنی. بەڵام پێویستە لێرەدا ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کەناکرێت ئەم فاکتەرە بەفاکتەری یەکەمو کۆتایی دابنرێتو وەك زۆربەی نووسەرە رۆژئاواییەکەن هەوڵی بۆ دەدەن رۆڵی خراپیی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو بەریتانیا لەژێر پەردەی رێکەوتننامەی قەوام ـ سادچیکۆف دا دیزەبەدەرخۆنە بکرێت. سەبارەت بەنەبوونی کۆمەکێکی شورەویی راستەقینە بۆ هەردوو دەسەڵاتەکەی ئازەربایجانو کوردستان، تەفرەشیان نووسیویەتی" لەراستییدا کۆمەكو هاوکاریی دەرەوە پایەکانی ناوەوەی شۆڕش بەهێز دەکات بەڵام هەرگیز شۆڕش دروست ناکات." [1]

لەگەڵ ئەو فاکتەرە جۆراوجۆرانەی سەبارەت بەرووخاندنی کۆمار باسی لێوەکرا، هەندێك نووسەر لەژێر کاریگەریی جووڵانەوەی چەکداریی لەمێژینەی گەلی کوردا، لەو بڕوایەدان کە رێبەرانی کۆمار لەتوانایاندا بووە بەپیادەکردنی جەنگێکی جەبهەیی یاخود پارتیزانیی، دژی لەشکری شاهەنشاهیی بوەستنو سەرکەوتنیش بەدەستبهێنن. شەمزینی، لەم بارەیەوە نووسیویە" خۆ ئەگەر قازی محەمەدو محەمەد حسین خان خۆیان بەدەستەوە نەدایە، هەرگیز مەهاباد وابەئاسانی نەدەگیرا."[2]

لەراستییدا، نەگیرانی مەهاباد بەئاسانیی بەمانای بەردەوامبوونی کۆمارو سەرکەوتنی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لەبەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی لەو قۆناغەدا نییە، دیارە بڕیاری بەرگرییکردن هەروا سووكو سانا نەبوو. چونکە دوای کشانەوە سوپای سوورو رووخاندنی ئازەربایجانو تەریك مانەوەی کۆمار، بێ رووداني گۆڕانێکی دیموکراتییانەی رادیکاڵانە لەئێراندا، قازیی محەمەد نەیدەتوانی بەپشتبەستن بەو توانا سەربازییە لاوازەی هێزەکانی کۆمار، بڕیاری خەباتی چەکدارانە بداتو ئەزمونەکەی بەدژی خواستی دەوڵەتی شاهەنشاهیی و دەوڵەتە هەرێمییەکانی ناوچەکەو زلهێزەکانی وەك بەریتانیاو ئەمەریکا سەربخات.

---

[1] تفرشیان، س.پ، ل٩٨.

[2] شەمزینی، س.پ، ل٢٢٥.

هەر چۆنێك بێت، بەتێپەڕبوونی چوار ڕۆژ بەسەر گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهیی بۆ مەهاباد بەپێچەوانەی ئەو (تأمین جانی/گیانپارێزیی) یەی کە سرتیپ همایۆنی بە پێشەواو ڕێبەرانی دیکەی کۆماری دابوو، هەروەها بەپێچەوانەی ئەو لێخۆشبوونە گشتییەی شاهەنشا سەبارەت بە بەشداربووانی ڕووداوەکانی ئازەربایجان بڵاوی کردبۆوە، پێشەواو بەشێکی زۆری هاوەڵانی دەستبەسەرکران و لەشکر کەوتە گرتنی بەکۆمەڵی خەڵکیو ڕاپێچکردنیان بەرەو زیندانەکان. صەدری قازیی کە ئەو دەمە لەتاران بوو، ئەویشیان بەباڵبەستکراوی هێنایەوە مەهاباد.[1] دادگایەکی سەربازیی ڕواڵەتییان بەناوی (محکمە بدوی صحرای) بۆ سزادانی قازییەکان دامەزراند. ئەوتۆمەتانەی کەپێشەواو هاوەڵانی پێ تاوانبارکران بریتییبوون لە: "یاخیبوون لەدەوڵەت، سوکایەتییکردن بەلەشکر، کوشتنی ئەفسەرو سەربازانی ئێرانیی، گۆڕینی ڕەنگو ئارمی ئالای ئێران، پۆشینی بەرگی جەنەڕاڵیی، جاسووسی بۆ بێگانەو..هتد. لەکۆتاییدا حوکمی هەڵواسین بۆ هەر ٣ قازییەکە (پێشەواو محەمەد حوسین خان و صەدری قازیی) لەلایەن دادگاکەوە درا، ئەو حوکمەی دادگای پێداچوونەوەش کەلە ٢٨ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا گەیشتە مەهاباد، وەك خۆی هێشتییەوە."[2]

شایەنی باسە، پێشەوا ئازایانە لەدادگادا زۆربەی تاوانەکانی ڕەتکردەوەو بەرگرییەکی باشی لەخۆیی و هاوەلانی کرد، جگە لەوەی حکومەتی ئێرانی بەبەرپرسیاری سەرەکیی ڕووداوەکان تاوانبار کردو هەڵوێستی شۆڤێنستی فەرماندەکانی لەشکری شاهەنشاهیی بەرامبەر مەسەلەی کورد لەئێران ڕیسوا کرد، ئەو فەرماندانەی دوای ٨٠ ڕۆژ لەحوکمدانەکەو لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٣١ی ئازاری ١٩٤٧دا هەر لەو شوێنەی بانگی کۆماری لێدرا، واتە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، پێشەواو سەیفی قازیی و صەدریان لەدار دا. پێشەوا پێش جێبەجێکردنی فەرمانی هەڵواسینی، وەسێتنامەیەکی بۆ گەلی کورد نووسیوە کە داوای یەکێتیی و برایەتییان لێدەکات و ئامۆژگارییان دەکات کەئاگاداری دوژمنە فێڵبازەکەیان بن و ڕێگای ئازادیی و سەرفرازیی نەتەوەکەیان بگرنەبەر.[3]

فەرماندەکانی ئەرتەش و محەمەدرەزا شا، بە لەسێدارەدانی پێشەواو گەورەپیاوانی بنەماڵەی قازیی، ئاگری تۆڵەیان دانەمرکا. بەڵکو بۆ تەمێکردنی سەردارانی کوردو چاوترساندنی داواکارانی ماف نەتەوەیی کورد، ژمارەیەکی زۆری لەکاربەدەستانی کۆمارو

[1] Roosevelt,op.cit,p149

[2] صمدی، س.پ، ل ١٧٧-١٨٤.

[3] ملا عزت، محمود، قازی محمد لەڕووناکی مێژوودا، گۆڤاری نڤار، ژمارە ٢، هاوینی ١٩٩٨ز، ل٧٨

**کادرەکانی ح.د.ك و سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان لەشارەکانی مەهاباد، بۆکان، سەقز، لەسێدارەداو بەشێکی زۆریشی بەحوکمی درێژخایەن و دوورخستنەوە بۆ ناوچە دوورەکانی ئێران مەحکومکردن.[1] همایونی لەم بارەیەوە نووسیویە:" ئەمجارەیان نەك بەهۆی سوپای بێگانەوە، بەڵکو بەهۆی خودی هاوڵاتیانی ئێرانییەوە دەستدرێژیی کرایە سەر خەڵکی بێدیفاع و ئازادیخواز.[2] لەراستییدا سوپای ئێران بەهاتنەوەی بۆ ناوچەکە بەشێوەی سوپایەکی داگیرکەری قین لەدڵ مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ناوچەکەدا کرد. بەپێی هەندێك سەرچاوە زیانەکانی گەڕانەوەی سوپا لەکوردستان و ئازەربایجاندا بە ٢٠/٠٠٠ کوژراو ٢٥٠٠ حوکمی تیرەباران کردن ٨٠٠٠ حوکمی گران مەزەندە دەکرێت.[3]**

**دوای رووخاندنی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری میللیی کوردستان، تەنیا رێگرێك لەبەردەم چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندیی لەناوچەکەدا بارزانییەکان بوون، ئەوانەی کشابوونەوە بۆ شنۆو نەغەدەو چاوەڕێی توانەوەی بەفری چیاکان بوون تا هەر چۆنێك بێت بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. حکومەتی ئێران کە لە مانەوەی بارزانییەکان لەو ناوچانە بێزاربوو، سەرەتا ویستی لەڕێگای ئاشتییەوە هێمنیان بکاتەوەو ئەگەر بۆی بکرێت چەکیان بکات. هەربۆیە لە٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا حکومەتی ئێران مەلامستەفای بانگکردە تاران و ئەم پێشنیارانەی خستە بەردەم:**

**١- خۆی و تەواوی بارزانییەکان چەکەکانیان تەسلیم بکەن و ببنە هاوڵاتییەکی ئێرانیی و لەنزیك تاران یاخود هەمەدان نیشتەجێبن و بۆ خۆیان بەکشتوکاڵەوە خەریك بن.**
**٢- ئەوانەیان بمێننەوە کەلەلایەن حکومەتی عێراقەوە حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرچووە کە ژمارەیان نزیکەی ١١٠ کەسێکەو باقی دی بگەڕێنەوە بۆ عێراق.**
**٣- تەواوی بارزانییەکان تا١ی اسفند (١٩ شوباتی ١٩٤٧) خاکی ئێران بەجێبهێڵن.[4]**

---

[1] لەو کەسایەتییە ناسراوانەی لەسێداران : محەمەد نازمی، رەسوڵ نەغەدەیی، حەمید مازوچی، عەبدوڵڵای رۆشەنفکر، ئحمەد فاروقی، عەلی جوانمەردی، عەبدوڵڵا مەتین، ئەمین سەعدی، سەدیق ئەسعەدی، محەمەد دانیشوەر، عەلی فاتحی، حوسێن کانی نیز،ئەحمەد شەجیعی، رەسوڵ مەحمودی، محەمەد ئەمین فەیزوڵڵابەگی، عەلی خانی شێرزاد. بۆ زیاتر: شەهیدانی نەمری حیزب و گەل،بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان/ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، ب،ش،ب،م، ل٨-٩.

[2] Katauzian Homayaun, the political Economy of Moderen Iran. Despotisim and pseudo-Modernism,1926-1979,london,1981,p620.

[3] گذشتە...، ل٤٢٢

[4] احسانی ، س.پ، ل٤٧٩ .

دهقان سەبارەت بەهەڵوێستی مەلا مستەفا لەتاران نووسیویەتی:" مەلامستەفا لەتاران خۆی دەخلافاندو تەمای بوو بەفێڵ و خۆدزینەوە کات بەسەربەرێت تاکو بارزانییەکان دەگەنە بەرزاییەکانی دەشت بێڵو لەبەرامبەر مەرزی شورەوییدا جێگیر دەبن. لەم ماوەیەدا چەند پێکدادانێك روویدابوو، کەچی مەلامستەفا لەتاران بەدرۆی دەخستەوەو نکوڵیی لێدەکرد."[1] هەرچۆنێك بێت مەلامستەفا لەتاران بەڕواڵەت رەزامەندی لەسەر پێشنیازەکانی حکومەتی ئێران پێشانداو دوای چاوپێکەوتنی شاهەنشا بەبیانوی راوێژکردن لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برایدا رۆژی ٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٤٧ گەڕایەوە شنۆ، دوای راوێژکردن تەواوی پێشنیازەکانی حکومەتیان رەتکردەوەو لێپرسراوانی ئێرانیان ئاگادارکرد کە ئەوان خوازیاری گەڕانەوەن بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەڵام بەو ساردوسەرمایە جارێ ناتوانن خێزانەکانیان دەرباز بکەن، بۆیە هەر لەشوێنی خۆیان دەمێننەوە.[2]

حکومەتی ئێران کەئامادە نەبوو لەوەزیاتر چاوەڕێ بکات. هێزێکی زۆری لەناوچەکە کۆکردەوە کەپێکهاتبوو لە:

١ـ هێزێکی پیادەی لەشکری ١٢ی کرماشان بەرابەریی (سەرگورد کبیری).

٢ـ گوردانی ٢ی هەنگی ٣٢ی کرماشان بەفەرماندەیی (سەرهەنگ زرەپوش).

٣ـ کوردانێکی پیادەی لەشکری هەمەدان بەرابەریی (سەرهەنگ کلاشی).

٤ـ گوردانی سوارەی هەنگی لورستان بەسەرکردایەتیی (سەرهەنگ انصاری)

جگە لەژمارەیەك لەچەکدارەکانی عەشریەتی مەنگوڕو دیبوکریو قەرەپوپاخ کەلەژێر سەرکردایەتیی (سیتوانی یەکەم نەوبەهار)و (سەروان محسنی) دابوون.[3]

لەناوچەی ورمێش هێزەکانی (سەرهەنگ نیساری)و (سەرهەنگ فولادوەند) وردەوردە بەرەو ناوچە چیاییەکان دەکشانو دەیانویست دوای پاکردنەوەی ناوچەکە لەچەکدارەکانی زیرۆبەگو تەها هەرکی، فشار بخەنە سەر بارزانییەکانو پاڵیان پێوەنێن تا لەناوچەی مەرگەوەریان دەپەستاونو هەر لەوێ دوای گەمارۆدان ناچار بە تەسلیم بوونیان دەکەن.[4]

---

[1] دهقان س.پ، ل٤٧٩

[2] حەوێزی، س.پ، ل١٠٠-١٠١

[3] بلوریان،س.پ،ل٤٩.

[4] دهقان، س.پ، ل٧٩٤

سەرەتا هێزە ئێرانییەکانی ورمێ، بەسەرکردایەتیی سەر لەشکر زەنگەنەو سەرهەنگ فولادوەند، پەلاماری هێزەکانی رەشید بەگی هەرکییانداو دوای شکاندنی رەوانەی ورمێیان کرد، دواتر لەگەڵ زیرۆبەگەدا کەوتنە شەڕەوە، زیرۆبەگ لەچەند کەمینێکدا ژمارەیەکی زۆر سەربازی ئێرانیی کوشتو چەند جارێك هێرشەکانی دەشکاندەوە تا دوایی خۆی پێ نەگیراو لەسنوور ئاودیو بوو. خۆیو دوازدەکەس تەسلیمی هێزە سنوورییەکانی عێراق بوونو بۆ زیندان راپێچکران.[1]

لە١١ی ئازاری ١٩٤٧دا، هێزە ئێرانییەکان لەچەند لایەکەوە هێرشیان کردە سەر بارزانییەکان. لەشکری شاهەنشاهیی کەوای دانابوو لەماوەیەکی کەمدا تەواوی بارزانییەکان چەکدەکا، بەخەیاڵی سەرکەوتنێکی خێرا، بەرەو چیا سەختەکان ملی دەنا. بارزانییەکان کەشەڕی مانو نەمانیان دەکرد لەچەند پەلامارێکدا، زیانی گەورەیان بەلەشکر گەیاندو ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن. بەتایبەتیی لەشەڕی (نەلۆس)دا گوردانە پیادەکەی هەمەدان بەخۆیو سەرهەنگەکەیەوە تیاچوو. لەم شەڕەدا جگەلەوەی سەرهەنگ کلاشیو ژمارەیەکی زۆر ئەفسەرو سەرباز کوژرا، ٧ ئەفسەرو ١٧ گروهبانو ٣٠٠ سەربازیش بەدیلی کەوتنە دەست بارزانییەکان.[2] تفرشیان لەبیرەوەرییەکاندا باس لەوە دەکات کەیەکێك لەو ئەفەسەرانە بەگریانەوە دەیوت:" ئێمە بۆ ئەوەی کارێکمان هەبێتو نانێکمان دەستکەوێت بوینەتە ئەفسەر، بەدرێژایی ئەم زستانە لەخوداو ویستووە شەوێك بەئاسوودەیی لەناوماڵو مناڵەکانمدا رۆژ بکەمەوە، ئێمە چیمان لەشەڕو کوشتار داوە."[3]

لەراستییدا، پاشەکشەی رێکوپێکی بارزانییەکانو پێکهەڵپرژانەکانیان لەگەڵ لەشکری شەهەنشاهیدا، زیاتر لەمانگێکی خایاند. لەوماوەیەدا لەشکر زیاتر لە ٢٠ ئەفسەر، ٨٠ پلەدار، ١٢٠ سەربازی کوژرا. کار گەیشتە رادەیەك شاهەنشا فەرمانی بەهێزی هەوایی دابوو هێرشی توند بکەنە سەر ژنو منداڵە بارزانییەکان تا پیاوەکانیان توانای بەرگرییان لاواز بێتو لەوە زیاتر ئابڕووی لەشکر نەچێت.[4]

---

[1] هـ.س ،ل٧٩٧.

[2] تفرشیان، س.پ، ل١٣٧-١٣٨

[3] هـ.س، ل١٣٩

[4] قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل١٣١

گوندی (زێوەی) مەرگەوەڕ دوا وێستگای بارزانییەکان بوو لەکوردستانی ئێران، لەرۆژی ١٣ی نیسانی ١٩٤٧ لەچومی (گادەر) پەڕینەوەو چونە خاکی کوردستانی عێراقەوە. لەویٚ بوونە دوو تاقم، ئەوانەی توانای مانەوەی چیاو بەرگرییان نەبوو، لەگەڵ خێزانەکانیاندا بەرابەریی شێخ ئەحمەد خۆیان تەسلیمی هێزەکانی حکومەتی عێراق کردەوە. تاقمی دووەمیش بەرابەریی مەلا مستەفا، پاش ئەوەی ماوەیەك لەچیاکاندا مانەوە بڕیارێکی سەختیاندا، ئەویش رووکردنە خاکی شورەویی بوو.[1] وەك احسانی نووسیویە:" گاڵتە نییە، جێی باوەڕکردنیش نییە، لەسەرمای زستانێکدا کەپلەی گەرما لەژێر سفردا بێت، بەپێی پەتییو برینداریی و سکی برسیی، لەبەرامبەر جەلادەکانی شا راوەستان، برینی چیا سەختەکانی تورکیاو عێراقو ئێران، خۆگەیاندنە خاکی شورەویی بۆ پەنابەریی، بەڕاستیی دەتوانرێت ئەم پاشەکشە دلاوەرانەیە بەنێو ئەو چیا بەرزو بڵندانەدا بەپاشەکشەی ١٠٠٠ کیلۆمەترێکەی ماویستەکان بشوبهێنرێت"[2]

دوای دەربازبوونی بارزانییەکانو هاوەڵانیان بۆ یەکێتیی شورەوییو شکستهێنانی لەشکری شاهەنشاهیی لەبەدیهێنانی ئامانجەکانیداو ئەو زیانە زۆرەی پێی کەوتبوو، سەرلەشکر رەزم ئارا ناچار بوو بەو رۆژنامەنووسە ئێرانییانە بڵێت کە گاڵتەیان بەلەشکر ئەکردو تەشەریان لێدەدا:" ئەوانەی لەپشت مێزدا دادەنیشنو دیشلەمە هەڵدەلۆشن نازانن بارزانییەکان چ جانەورێکن، هەتا ئەمرۆ لەتەمەنی ئەرتەشی ئێرانیدا ئێمە قەت تووشی جەنگاوەری بەو جۆرە دلێر نەبووین"[3]

بەمجۆرە بەرووخاندنی کۆماری میلیی کوردستانو ڕێرۆشتنی بارزانییەکان بۆ یەکێتیی شورەویی، دەسەڵاتی ناوەندییو لەشکری شاهەنشاهیی گەڕایەوە دوا سنووری کوردستانی ئێرانو لاپەرە لەسەر پرشنگدارترین لاپەڕەی مێژووی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەئێران لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەڵدرایەوە.

---

[1] بۆڕەوتی ڕێڕەوەکە بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢).

[2] احسانی، س.پ، ل.٤٧٥. زرار سلێمان بەگ کە شایەتحاڵێکی ئەو رێرۆشتنەیە، لە بیرەوەرییەکانیدا "میرحاج"ی بە لێپرسراوی رێگانیشاندەر دادەنێتو ناوی کەسانێکی وەك "مامەند شێروانیو مستۆ میرۆزی" وەك قارەمانی ئەو رێرۆشتنە بردووە. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

[3] بلوریان،س.پ،ل٤٩.

# بەشی سێیەم:
# جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لەنێوان رووخاندنی کۆمارو چەسپاندنی دیکتاتۆریی محەمەدرەزا شا پەهلەویی لەئێران ١٩٤٧-١٩٧٠

## باسی یەکەم: کوردستانی ئێران لەنێوان ڕوخاندنی کۆمار و کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣دا.

### یەکەم: هەلومەرجی گشتیی ئێران و دەستپێکردنەوەی چالاکیی سیاسیی‌و نەتەوەیی لە کوردستان ١٩٤٧ ـ ١٩٥٠.

دەتوانرێت کشانەوەی سوپای سوور لە ئێران‌و ڕووخاندنی هەردوو حکومەتی میللیی ئازەربایجان و کوردستان، هەروەها گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بۆ ناوچەکەو نەخشی لەناکاوی محەمەدڕەزا شاو پشتیوانیی مەزنی ئەمەریکا لە مەسەلەکەدا، بە وەرچەرخانێکی ڕیشەیی‌و خەتەرناك لە سەراپای ئایندەی ئاڵوگۆڕە سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران دابنرێت کە زەمینەی گەڕانەوەی حوکمی دیکتاتۆریی بۆ وڵات‌و سەرلەنوێ پاشەکشەی مەزنی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلانی غەیرە فارسی ڕەخساندەوە. ئەو جووڵانەوەیەی بەدرێژایی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیی‌و دوای دامەزراندنی دوو دەسەڵاتە میللییەکەی ئازەربایجان و کوردستان، ئاهێکی پێداهاتبۆوەو چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا گۆڕانێکی ڕیشەیی بەرەو سەقامگیرکردنی دیموکراتیی‌و بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو گەلانە بەرقەرار بکات، بەچەشنێك ڕۆژانی رەشی ڕەزا شا بۆ هەتا هەتایە بیرچێتەوە.

فردوست، لەم بارەیەوە نووسیویەتی ((خودی محەمەدڕەزا گەڕانەوەی ئازەربایجانی بۆ ئێران بە سەرکەوتنێکی مەزن بۆ خۆی لەقەڵەم دەدا، ئەم رووداوە کاریگەرییەکی دەروونیی گەورەی لەسەر کردو گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ئاکاریدا خولقاند، ئەو لێرە بەدواوە ئیدی ئامادە نەبوو چیتر مل بۆ سەرەك وەزیران دانەوێنێت))[1]. شایەنی باسە ئەوەی زیاتر هاندەری گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕەهای شاهەنشاو زەمینەی بۆ قودرەتمەندی دەربارو ژێنراڵەکانی ئەرتەش خۆشدەکرد، ئەو گرنگییە ستراتیژیی و ئابووریی و سەربازییە بوو کە ئێران لە کێشمەکێشی جەنگی ساردو لە بەرژەوەندیی کەمپی سەرمایەداریی و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەدژی شورەویی لەو قۆناغە مێژووییە نوێیەی دوای جەنگی دووەمی جیهانیی لێی چاوەڕوان دەکرا. بەتایبەت لەکاتێکدا محەمەدڕەزا شا دەیویست بە پەیڕەوییکردن لە هەمان ڕێبازی پێشووی سیاسەتی دەرەوەی باوکی کە (سیاست موازنە منفی/ پشت بەستن بە هێزی سێیەم)ی پێدەگوترا، پایەکانی ناوخۆی دەسەڵاتی شاهەنشاهیی سەقامگیربکات و بەرامبەر مەترسیی کۆمۆنیزم لە باکوورو چاوتێبڕینی بەریتانیا لە باشوور خۆڕابگرێت. ئەویش بەخۆنزیکردنەوە لە ئەمەریکا، ئەو ئەمریکایەی دوابەدوای جەنگی دووەمی جیهانیی لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا شوێنی بەریتانیای گرتەوەو بەرژەوەندییەکی مەزنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێراندا هەبوو، کە لەم کاتەوە ببووە گۆڕەپانێکی گەرمی جەنگی ساردو پێشبڕکێو بەربەرەکانی لەنێوان هەردوو جەمسەرە دژبەیەکەکە.[2]

هەربۆیە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەم قۆناغەوە شێوازێکی نوێو توندوتۆڵی بەخۆوە گرت و بەدرێژایی ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥١ لەسەر سێ ئاستی جیاواز بەڕێوە دەچوو، کە خۆی لە هاوکاریی مادیی، یارمەتیی سەربازیو ناردنی لیژنەکانی ڕاوێژکاریی لە بوارە جۆربەجۆەکانی سەربازیو هونەرییو پسپۆڕیی ئابوورییدا دەبینێتەوە[3]. بەتایبەت، دوای ئەوەی (هاری ترومان / Hary Truman )ی

---

([1]) فردوست، س. پ.، ل ١٢٠.

([2]) جواد ، العلاقات الأمريكية – الأيرانية ١٩٦٨ . ١٩٨٨، ص١٤ _١٥.

([3]) علی، محمد جواد، العلاقات الأمريكية – الأيرانية ١٩٤٢ –١٩٨٧، في العلاقات الدولية لايران، الجزء الأول، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، ١٩٨٨، ص ١٨٥.

سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ڕێبازەکەی خۆی سەبارەت بە پشتگیرییکردنی مادییو ئابووریی ئەو وڵاتانەی لەژێر هەڕەشەی کۆمۆنیزمدان، لە بەرواری ١٢ی ئازاری ١٩٤٧دا، بڵاوکردەوە. ئەو ڕێبازەی کە ناوی (ڕێبازی ترومانی)[1] لێنرا. ئەوەش هانی هەردوو وڵاتی دا لە ٢٠ی حەزەیرانی ١٩٤٧دا ڕێکەوتننامەیەك ببەستن، تیایدا ئەمەریکا ئامادەیی خۆی دەربڕێت کە بڕی ٢٥ ملیۆن دۆلار بە قەرز بداتە ئێران بەمەبەستی کڕینی چەك و تەقەمەنیی و کەلوپەلی سەربازیی. جگە لەوەی هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٧ەوە، یەکەیەکی دەزگای جاسوسی سیا (CIA) لە تاران دامەزرا، تا هەموو چالاکییە نهێنییەکانی پێشووی وابەستەی سەربازیی سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران بگرێتە ئەستۆو بەهاوبەشیی لێپرسراوانی ئێرانیی، بەرنامەی جاسووسیی دابڕێژن بۆ چاودێرییکردنی چالاکییەکانی شورەوییو لایەنگرانی لە ئێرانو بەمەبەستی لاوازکردنی پایەکانی ڕێکخراوە سیاسییە چەپە ئێرانییەکان و ناسینی کادرو ئەندامە چالاکەکانیان تێبکۆشن.[2]

بەم جۆرە، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا تا دەهات گەرمتر دەبوو. محەمەدڕەزا شا لە تشرینی دووەمی ١٩٤٩دا، سەردانی ئەمەریکای کردو هەرلەوێ ڕایگەیاند ((ئێران هاوکاری لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکاندا لەبواری بەرگریی نیشتمانییو گەشەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی زۆر پێباشە.))[3] شایەنی باسە، ناوبراو لە سەردانەکەیدا داوای لە کاربەدەستە باڵاکانی وڵاتە یەکگرتوەکان کردبوو کە زیاتر دەستی هاوکاریی بۆ ئێران درێژبکەن و هەڵوێستی جیدیی بەرامبەر هەڕەشەی کۆمۆنیزم لە ئێران وەربگرن. لەراستییدا، ئەوەی لێرەدا ئێرانی لە پلانەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی میللیی ئەمەریکادا، سەبارەت بە هوروژمی کۆمۆنیزم بایەخدارتر دەکرد، بریتییبوو لە

---

(1) ڕێبازی ترومان، ئەو ڕێبازەیە کە حکومەتی ئەمەریکا بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم گرتیە بەر، ئەویش بە پێشکەشکردنی یارمەتیی ماڵییو ئابووریی بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە بەهۆی جەنگەوە زەرەرو زیانێکی زۆریان وێکەوتبوونو هەڕەشەی کۆمۆنیزمیان لەسەربوو، لەم ڕووەوە کۆنگرێسی ئەمەریکیی داوای سەرفکردنی (٤٠٠) ملیۆن دۆلاری کرد وەك هاوکارییەك پێشکەشی ئێرانو تورکیاو یونان بکرێتو لەڕووی سەربازییەوە پۆشتە بکرێنەوە. هـ. س، ل١٨٢.

(2) گازیورسکی، س. پ، ل ٩٧.

(3) جواد، العلاقات الأمريكية – الأيراينة مابين ١٩٦٨ – ١٩٨٨، ل١٧ – ١٨.

وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمیی لەلایەن یەکێتی سۆڤێتییەوەو هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆمۆنیستی بوو لە چین لە ساڵی ١٩٤٩دا.[1] ئەوەش هاندەرێکی گەورەبوو بۆ ترومانی سەرۆکی ئەمەریکا تا لە کۆتایی ئەو ساڵەدا سەردانێکی ئێران بکات و بەرنامەی (خاڵی چوار) ڕاگەیەنێت.[2]

هەروەها دواتر لە ئایاری ساڵی ١٩٥٠دا ئەمەریکا پەیمانی هاوکاریی و بەرگریی لەگەڵ ئێراندا مۆر کرد. ئەو پەیمانەی بە وەرچەرخانێکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا دادەنرێت، کە تیایدا ئەمەریکا جگە لەوەی ئامادەبوونی خۆی بۆ بەرگریی لە ئێران دژی هەر هەڕەشەو پەلامارێکی چاوەڕواننەکراوی شورەویی ڕاگەیاند، بڕیاری زیادکردنی بڕی ئەو هاوکاریی و یارمەتییانەشیدا کە پێشتر پێشکەشی ئێرانی دەکردن.[3] بەمچەشنە، ئێرانیش چووە ڕیزی وڵاتەکانی وەك (تورکیا، یۆنان و کۆریا) ئەو وڵاتانەی کە لە ململانێی و پێشبڕکێی جەنگی سارددا شوێنی بایەخدارو تایبەتیان بۆ ئەمەریکاو بلۆکی سەرمایەداریی هەبوو.

دروست پێچەوانەی هەوڵەکانی محەمەدڕەزا شا بۆ خۆخزاندنە باوەشی ئەمەریکاوە، پەیوەندییەکانی ئێران و شورەویی تادەهات ڕووی لە ساردیی دەکرد. بەتایبەت، دوای ئەوەی حکومەتی قەوام ئەلسەڵتەنە پشتیکردە بەڵێنەکەی سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نەوتی هاوبەشی ئێرانیی – شورەویی. ئەو بەڵێنەی کە لە تشرینی دووەمی ١٩٤٧دا بە هاندانی ئەمەریکاو بەزۆربەی دەنگەکان لەلایەن نوێنەرانی خولی پازدەی مەجلیسدا پوچەڵ کرایەوە.[4] ڕووداوێکی وا کە ناکۆکییەکانی نێوان شورەویی و

---

(1) گازیورسکی، س. پ، ل ١٠١.

(2) بەرنامەی خاڵی چوار، بەشێکە لەو ڕێبازەی ترومان کە ناوەرۆکەکەی پێشکەشکردنی هاوکاریی و دەستگیرۆیی دەوڵەتە هاوڕێکانە لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ ئەوەی لەڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە گەشە بکەن، بەمەرجێ ئەو هاوکارییە بە ڕێکەوتننامەیەك لەنێوان ئەمەریکاو ئەو دەوڵەتانەدا بسەلمێنرێت. بەپێی ئەم بەرنامەیە ئێران لەزۆر ڕووەوە لەلایەن ئەمەریکاوە هاوکاریی دەکرا، بەتایبەت وەرگرتنی بڕی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکیی وەك هاوکاریی ئابووریی. بڕوانە: علی، س. پ، ل ١٨٦.

(3) گازیورسکی، س. پ، ل ١٠٣.

(4) آوری، س. پ، جلد دووەم، ل ٣٠٣.

ئێرانی قوڵکردەوەو کاریگەرییی کردە سەر تێکچوونی خێرای پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت.

لەلایەکی ترەوە، کێشکردنی خێرای ئێران بۆ ناو بازنەی ململانێی جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاردانەویەکی راستەوخۆو خراپی لەسەر هەلومەرجی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی ناوخۆی وڵات جێدەهێڵا، بەجۆێك وەك وترا زەمینەیەکی لەباری بۆ زیندووکردنەوەی حوکمی دیکتاتۆریی و باڵادەستیی ئەفسەرانی ئەرتەش لەسەر شانۆی سیاسیی ئێران ڕەخساندەوە. حکومەتی قەوام ئەلسەڵتەنە، وێڕای ئەوەی لە دەرکردنی سوپای سوور لە باکووری ئێران و گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ ئازەربایجان و کوردستان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کەچی لە ئاستی گۆڕینی بارودۆخی دژواری ئابووریی وڵات و چارەسەرکردنی گەندەڵیی بەڕێوەبەرایەتیی و جڵەوگرتنی ناکۆکیی توندوتیژی هێزو باڵە سیاسییەکان شکستی خوارد. بەچەشنێکی وا تەنانەت نەیتوانی یەك دەستەیی ڕیزەکانی حیبەکەی خۆشی (حیزبی دیموکراتی ئێران) بپارێزێت. حاڵەتێکی وا کە ئاستەنگێکی گەورەی خستە بەردەم حکومەتەکەی قەوام و ناچاری کرد لە ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٤٧دا دەست لەکاربکێشێتەوە[١]

نالەباریی بارودۆخی ئابووریی وڵات لە بەهاری ساڵی ١٩٤٨دا بەرەو ئاقارێکی ترسناك دەڕۆیی. بڵاوبونەوەی بێکاریی و بەرزبوونەوەی نرخی شمەکە خۆراکییەکان، فاکتەری لاوازیی توانای کڕین و سەختیی بژێویی هاوڵاتییان بوو. بەچەشنێك کەوتنەوەی گرانیی و برسێتییەکی گەورەی لێ چاوەڕواندەکرا. بەتایبەت لەکاتێکدا نەهاتیی وەرزی کشتوکاڵیی ئەو ساڵەش، لە زۆربەی هەرێمەکانی ئێراندا ببووە سەرباری دژواری بارە ئابوورییەکە. بۆنموونە، لە هەرێمی کرماشاندا، لە ئەنجامی نەبارینی باران، لە هەردوو ساڵی ١٩٤٨ و ١٩٤٩دا برسێتییەکی ترسناك کەوتەوە.[٢] شایەنی باسە، حکومەتی ئێران جگە لە چەند هەنگاوێکی سەرپێی نەبێ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوورییەکەی وڵات، کارێکی دی لەدەست نەهات. چونکە جگەلەوەی توانایەکی مادیی ئەوتۆی لەبەردەستدا نەبوو، گەندەڵیی دارایی و دەسەڵاتیش ڕێگرێکی گەورەی لەبەردەم

---

(١) صفایی، ابراهیم، رهبران مشروطه، فرهنگ و هنر، تهران، ١٣٥٦ هـ، ص ٦٩٧ ـ ٦٩٨.

(٢) آوری، س. پ، ل٣٧٧.، البکاء، هـ. س، ل٢٦٥.

پێکدەهێنا. هەروەك نوێنەری ڕۆژنامەی (تایم / Time )لە تاران (ئینۆهۆبینگ Enoo Hobbing ) لە ٥ی شوباتی ١٩٥١دا نووسیویە ((دەزگای ڕاپەڕاندن بە کەسانی بەرتیلخۆر سیخناخە... هۆکارەکەشی بۆ ئەو گۆڕانە کتوپڕانە دەگەڕێتەوە... بنەماڵەی پاشایەتیش لە سەروی ئەم گەندەڵییەوەن))[1]، ئەوەش بارودۆخەکەی دەشێواندو زیاتر دیاردەکانی بازاڕی ڕەش، پەنمینی دراو، کەڵەکەبوونی شمەکە بێگانەکان لە بازاڕ، قاچاخچێتیی‌و سووسەلەمی زەق دەکردەوە. حاڵەتێکی وا تا دەهات ناڕەزایی خەڵکی دژی دەسەڵاتدارانی تاران‌و ڕژێمی شاهەنشاهیی پەرەپێدەداو دۆخەکەی بەرەو تەقینەوە ئاراستە دەکرد.[2]

محەمەدڕەزاشا لە چاوپێکەوتنێکیدا هەوڵیدا ئەوە بۆ سەفیری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە تاران ڕوون بکاتەوە کە ئاڵۆزی بارودۆخی ئابووریی وڵات‌و کەوتنەوەی برسێتیی‌و نەخۆشیی، هاندەری بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستین لە ئێرانداو ناکرێت ئاوڕی لێ نەدرێتەوە.[3] مەبەستی شا لەم ئاخاوتنەیدا، هاندانی زیاتری ئەمەریکا بوو تا هاوکارییە ئابووریی‌و سەربازییەکانی خۆی بۆ ئێران پەرەپێبدات و ڕێگا لە هەر دەرفەتێ بگرێت بۆ حیزبی تودەی ئێران بڕەخسێتەوە کە وەك هێزێکی جەماوەریی فراوان، سەرلەنوێ بێتەوە سەر شانۆی سیاسیی وڵات. ئەو حیزبەی کە دوای کشانەوەی سوپای سوور لە ئێران‌و ئەو پەرتبوونەی ساڵی ١٩٤٧ تووشی هات،[4] تاڕادەیەکی زۆر پاشەکشەی کردبوو، بێئەوەی توانای ڕێکخراوەیی‌و پاڵپشتیی شورەویی لەدەستبدات. بەجۆرێك هەر لە ساڵی ١٩٤٨ەوە دەرفەتی ئاڵۆزییە ئابورییەکەی وڵاتی قۆزتەوەو

---

(1) وەرگیراوە لە : البکاء، هـ. س، ل ٢٧٠.

(2) آوری، س. پ، ل ٣٣٧.

(3) البکاء، س. پ، ل ٢٦٥.

(4)لەو ساڵەدا دوو ئەندامی ڕێبەری حیزب بەناوی (خەلیلی مەلیکی‌و ئەنوەری خامەیی)ژمارەیەك ئەندامیان دوای خۆیان خست‌و دوای ئەوەی سیاسەتی هەلپەرستانەی شورەویی‌و بێ هەڵوێستی ڕێبەرایەتیی حیزبی تودەیان لەمەڕ جووڵانەوەکەی ساڵی ١٩٤٥ –١٩٤٦ دایە بەر نەشتەری ڕەخنە، جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی تودە ڕاگەیاند. قاسملو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێیەم، چاپی یەکەم، ب. ش، ١٩٩١/١٣٧٠، ل٩.

کەوتەوە ئەنجامدانی چالاکی سیاسیی و تەبلیغاتیی کە تادەهات زیاتر بەرەو ڕادیکاڵیەتی چەپ خۆی دەکوتا.[1]

سەبارەت بە کوردستانی ئێران و جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی لەم قۆناغە مێژووییەدا، ڕاستییەك هەیە ئەویش ئەوەیە، بەڕووخاندنی کۆماری میللیی کوردستان و گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی و سەرلەنوێ سەپاندنەوەی حوکمی فەرماندەکانی لەشکر لە ناوچەکەدا، جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد گورزێکی کەمەرشکێنی بەرکەوت و تووشی پاشەکشەیەکی مەزن هات. گرتن و لەسێدارەدانی سەرانی کۆمارو ح. د.ك، سەپاندنی حوکمی قورس بەسەر سەردەستەی نەتەوەخوازانی کوردو بەشداربووانی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤٦ لە کوردستان و دوورخستنەوەی بەشێکی زۆریان بۆ شارە دووردەستەکانی ئێرانی وەك شیرازو ئەسفەهان تاران و خۆراسان، هەڵوەشانەوەی تەواوی ڕێکخراوەیی و پەرتبوونی شانەکانی حیزب و ڕاُکردنی بەشێکی ئەندامانی بۆ کوردستانی عێراق، کۆنترۆڵکردنی سنوور لەلایەن لەشکر و دەزگا تایبەتمەندییەکانی حکومەتی ئێرانەوە، ئەمانە تێکڕا هەلومەرجی کوردستانیان گەڕاندەوە بۆ قۆناغی پێش دامەزراندنی کۆمارو بارودۆخێکی تەواو نائاساییان لە کوردستاندا خوڵقاند کە ڕەشبینیی و بێئومێدییەکەی گەورەی بەسەر خەڵکدا هێنابوو.

وەك زانرا پەلامارەکەی ئەرتەش بۆ سەر کوردستان بە پاڵپشتیی تەواوی ئەمەریکاو هەڵوێست وەرنەگرتنی شورەویی ئەنجامدرا. کارێکی بەو جۆرە کە بەجارێك لە ناوبانگ و خۆشەویستیی یەکێتیی شورەویی لەناو کورددا هێنایەخوراو ڕەواجێکی باشتری بۆ پرۆپاگندەی دەزگا جاسووسیەکانی ئەمەریکاو حکومەتی ئێران سەبارەت بە خیانەتی شورەویی لە کوردو کۆماری میللیی کوردستان دەدا. ئەوەش کارێکی دەرونیی گەورەی لە زۆربەی گەورەپیاوانی کوردی سەردەمی کۆمار کردو هانیدان بگەنە ئەو باوەڕەی کە لە هەلومەرجێکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی لەو چەشنەدا، ناتوانرێت دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانیان تێبکۆشن. هەربۆیە بەتەواویی وازیان لە مەسەلەکە هێناو سەرقاڵی دابینکردنی ژیانی ئاسایی خۆیان بوون.[2]

---

(1) رمضاني، س. پ، ل١٩٥.

(2) گادانی، ٥٠ساڵ خەبات، ل٦٣-٦٤ .، جواد، الحركة القومية الكوردية في ايران، ص٥٠.

لەلایەکی ترەوە، لەسێدارەدانی پێشەوا قازیی محەمەدو هاوڕێیانی، هەروەها ڕەفتاری توندوتیژو سەرکوتکەرانەی لەشکری داگیرکەری ئێرانیی و فەرماندەکانی ئەرتەش کە خۆی لەخۆیدا گیانی تۆڵەسەندنەوەیەکی پڕقینی دەسەڵاتدارانی تارانی دژی گەلی کوردو جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی پێشاندەدا، کاریگەریی لەناخی لاوانی کورد دەکردو دەیهەژاندن.[1] جگە لەوەی ئەو باوەڕەی لەلا دەچەسپاندن کە سوود لە هەر دەرفەتێکی لەبار وەربگرن بۆ دژایەتیکردنی ڕژێمی شاهەنشاهیی و خەبات بۆ هێنانەسەرکاری ڕژێمێکی دیموکراتیك کە تێڕاوانینێکی ئەرێیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی لە ئێران، بەتایبەتیی کێشەی کورد هەبێت.[2] هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆش هەنگاو دژی سیستمی گەندەڵی دەرەبەگایەتیی ئاغاو موڵکدارە خۆفرۆش و شاپەرستەکانی کورد بهاوێژێت. ئەوانەی تەنیا چینێك بوون بەرژەوەندییان لە رووخاندنی کۆمارو گەڕانەوەی لەشکرو دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ کوردستان بوژابووەوە. لاوانێك کە ڕۆژانی ئازادیی و پڕ لەخۆشیی قۆناغی چوار پێنج ساڵەی نەمانی دەسەڵاتی ناوەندیی ئەرتەشیان بەچاوی خۆیان دیبوو، بەتایبەت ڕۆژانی دەوری کۆماریان هیچ کات لەبیر نەکردبوو. هەربۆیە ئامادە نەبوون بەرامبەر سوکایەتییپێکردنی فەرماندەکانی ئەرتەش و پێشێلکردنی تەواوی مافە ئینسانیی و نەتەوایەتییەکانیان دەست بەئەژنۆ دابنیشن و دورەپەرێز لە ڕووداوەکان ڕاوەستن.[3]

لەم بارەیەوە هەندێك لە بەرپرسانی حکومەتی ئێران، درکیان بەو گیانی بەربەرەکانییە دەکرد کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە دژی ڕەفتارە ناشارستانییەکانی دەزگا کارگێڕییەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لە کوردستان بەدیدەکرا. بۆنموونە، دوای گەڕانەوەی لەشکر بۆ شاری مەهاباد دەزگا خزمەتگوزارییەکان و

---

([1]) گادانی کە ئەودەمە تەمەنی ١٣ ساڵان دەبوو لە چاوپێکەوتنێکدا ئاشکرای کرد ((بەراستیی بە لەسێدارەدانی پێشەواو هاوڕێیانی منی لاو لەو وەختەدا گورزێکی دەروونی گەورەم وێ کەوت، لەگەڵ ئەوەی قۆناغەکانی خوێندنم زیرەکانە بڕی بوو، ئەو ساڵەبۆ یەکەم جار لە خوێندن کەوتم و دەرنەچووم، بەڵام لەو بڕوایەدابووم کە ئەو ڕێگەیە درێژەی هەردەبێت)) چاوپێکەوتن، کۆیە، ٢/٧/٢٠٠٠.

([2]) هیلفکوت، لیونارد. م، استغلال النظام الایراني لمشاكل الأقليات القومية، في: دراسات ايرانية. مجموعة بحوث مختارة، ترجمة الدكتور عبدالجبار ناجي، شعبة الدراسات الفارسية، ١٩٨٣، ص٧٥.

([3]) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٦٤.

خوێندنگاکان بەجارێك پشتگوێخران. بەڕێوەبەرایەتیی دوخانیە، تەلاری وەزارەتی فەرهەنگیی سەردەمی كۆماری كردە گەنجینەی توتن. كارێكی وا كە بووە سەرچاوەی ناڕەزایەتیی خەڵكی شارەكەو هانی فەرمانداریی ئەودەمی شاری مەهابادی دا كە نامەیەك بۆ پارێزگاری ئازەربایجان بنووسێت كە تیایدا هاتووە: ((... هەروەك جەنابی موبارەكتان ئاگادارە موتەجاسرین (مەبەستی ڕابەرانی كۆمارە . ل) لەكاتی فەرمانڕەوایەتیاندا بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندنی خەڵكی، كۆمەڵێك كاری ڕیفۆرم و بنیاتنانیان لە شارەكانی ئازەربایجان و لەوانە مەهاباد ئەنجامداوە... دوای گەڕانەوەی هێزی دەوڵەتیی بۆ ناوچەكەو وەك سیاسەتی حكومەت پێویست دەكا ئەو كارانە بەردەوامبوون و بەشێكی زۆریشیان لەو شارانە تەواو كران، بەڵام لە مەهاباد بە پێچەوانەی ئەمەوە ڕەفتاركرا. بۆنموونە ساڵۆنی سینەمای ئەم شارە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دوخانیەوە داگیركراوەو كراوەتە ئەنباری توتن. چاپخانەكە بۆ تەبرێز ڕەوانەكراوە. ئەو شیشانەی بۆ دروستكردنی پردو ڕێكخستنی شەقامەكان ئامادەكرابوون لەلایەن دوخانیەوە بەو تراكتۆرانەی بەمەبەستی پەرەپێدانی كشتوكاڵ هێنرابوونە مەهاباد گواستراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی میاندواو. ئەم وەزعەو ئەم سیاسەتەی حكومەت كاریگەرییەكی نەرێیی لەسەر هەست و بیری خەڵكی تێگەیشتووی شارەكە بەجێهێشتووە، داگیركردنی ساڵۆنەكە بۆتە قسەی سەرزای خەڵكیی و جێگای فسكەفسكیان و بەكارێكی بێزراوی لەقەڵەم دەدەن.))[1]

ناڕەزایی خەڵكی شاری مەهاباد دژی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی و ڕەفتاری پڕقین و تۆڵەی فەرماندەكانی لەشكری شاهەنشاهیی لەو هەڵوێستەدا خۆدەنوێنێت كە لە هەمبەر هاتنی محەمەدڕەزا شا بۆ شارەكەیان نوانديان. ئەو هەڵوێستەی فرودوست لە بیرەوەرییەكانیدا بەمجۆرە دیگێڕێتەوە: ((ماوەیەك دوای گەڕانەوەی لەشكر محەمەدڕەزا سەفەرێكی بۆ هەردوو ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا كرد. كاتێك گەیشتە كوردستان لەلایەن چەند سەرۆك خێڵێكی كوردەوە پێشوازیی لێكرا كە بە شاهەنشا وەفادرا بوون. ئەوانە بە شایان ڕاگەیاند كە خەڵكی مەهاباد لە ئەنجامی لەسێدارەدانی قازیی محەمەدو

---

(1) صمدی، س. پ، ل٤٠٦-٤٠٧.

هاوڕێکانی ئامادەنین بێنە پێشوازی ئەو. ڕۆژێکیان ڕووی تێکردم و وتی سواری ئۆتۆمبێل بە، خۆشی لەگەڵمدا سەرکەوت و بێ شۆفێر سلفێکی لێداو پاش ماوەیەك خۆمانکرد بە شاری مەهاباد دا. ئێمە کە جلکی سەربازییمان لەبەردابوو لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین و چەند شەقام و کۆڵانێکی شارمان بە پیادە ڕێ کرد بێ ئەوەی کەسێك بە پیرمانەوە بێت، تەنانەت فەرمانداریش، وەك دیاربوو خەڵکی لەپشت پەردەی پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە لێیان دەڕوانین، ئێمە چوینە سەربازخانەی شار... دوایی هاتینە دەرەوە هەندێکی دی گەڕاین، نەخۆشخانەی شارمان بینی چۆڵ بوو. لە مەیدانێکی بەرینی شاردا بینیمان دارێکیان لە زەوی چەقاندبوو، محەمەد ڕەزا ڕووی تێکردم و وتی: دەبینی لە هاتندا دار نەبوو، بەڵام لە گەڕانەوەدا هەیە، ئێرە ئەو شوێنەیە کە قازی محەمەدی تێدا لەداردرا. دوای لێکۆڵینەوە ئاشکرا بوو کە چەند مەهابادییەك فرسەتیان هێناوەو ئەم کارەیان لە چەند چرکەیەکدا ئەنجامداوە، ئەمە هەموو پێشوازییەکەی خەڵکی مەهاباد بوو لە محەمەد ڕەزاشا!))(1)

هەروەها کاتێك لە پایزی ساڵی ١٩٤٧دا، بەبۆنەی ساڵڕۆژی گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهیی بۆ ئازەربایجان و کوردستان، دەسەڵاتدارانی ئێران لە شاری مەهاباد خۆپیشاندانێکیان بۆ لەشکرو چەکدارە عەشیرەتییەکان و ئاغا خۆفرۆشەکانی مامش و مەنگوڕو دیبوکری ئەنجامدا، خەڵکی شاریان بەزۆر کۆکردەوە تا پێشوازیی لە خۆپیشاندەران بکەن و چەپڵەیان بۆ لێبدەن. بەپێچەوانەی چاوەڕوانکراوی لێپرسراوان، خەڵکی مەهاباد کەوتنە هوهاکێشان و جنێودان بەخۆپیشاندەران و ڕژێمی شاهەنشاهیی و لە سەربانی ماڵەکان و لە کۆڵانەکانەوە کەوتنە بەردبارانکردنیان، حاڵەتێکی وا کە بووە تێکچوونی مەراسیمەکەو گیرانی ژمارەیەك لە لاوانی شاری مەهاباد، ئەمەش بە یەکەم بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان خەڵکی کوردستان و حکومەت دادەنرێت لەدوای ڕەوخاندنی کۆمارەوە.(2)

شایەنی باسە، پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی ئێران و شورەویی لەم سەروبەندەداو دامەزراندنی دەزگایەکی رادیۆیی لە ئازەربایجانی شورەویی کە پێی دەگوترا ((ڕادیۆی

---

(1) فردوست، س. پ،، ل١٥٣-١٥٤.

(2) حسامی، قافلة من شهداء كردستان ايران، ص٣١-٣٢.

سڕی)) لەلایەن شورەوییەوە، کە سەراپای بابەتەکانی هێرشکردنەسەر رژێمی شاهەنشاهیی و گەلێك جار باسکردنی ڕووداوەکانی شاری مەهابادو جاروباریش شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانی دەکرد. بەجۆرێك کاریگەرییی لەسەر وریاکردنەوەی خەڵکی کوردستان و هاندانیان دژی دەسەڵاتی ناوەندیی لە تاران جێدەهێڵا.(١)

لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا، کاری سیاسیی و ڕێکخراوەیی لە کوردستانی ئێراندا لەلایەن ژمارەیەك لاوانی خاوەن هەستو ئازادییخوازی کورد ژیایەوە، کە زۆربەیان خاوەنی ئەزمونی بەڕێوەبەرایەتیی کاری ڕێکخراوەیی و ئەنجامدانی چالاکیی نهێنیی و ژێرزەمینیی نەبوون و لەسەرەتادا جیا لەیەك و بە چەند ناوی جیاوازەوە کەوتنە چالاکیی و هاندانی خەڵکی دژ بە ڕژێم.

یەکەمین ڕێکخراوە سەرەتاییەکانی دوای ڕووخاندنی کۆمار لە کوردستانی ئێران دامەزرێنران (کۆمەڵەی لاوانی لادێ)یە، کە کەریمی حیسامی بەمجۆرە باس لە دامەزراندن و بیروباوەڕی دەکات: ((لە مانگی جۆزەردانی ١٣٢٦ (کۆتایی بەهاری ١٩٤٧ ز ـل) ڕۆژێك چومە نەغەدەو لەگەڵ چەند برادەرێك باسی تێکچونی کۆماری مەهابادو زوڵم و زۆری حکومەت و خەیانەتی دەرەبەگەکانی مامەش و دیبوکریمان هێناگۆڕێ و هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە بەنهێنیی ڕێکخراوێکی تازە سازبکەین و لەوێوە من چومە شنۆو لە گوندی نەلوس توشی یەکێك لە کوردەکانی ئەودیو بووم بەناوی (عبدالقادر) لەسەردەمی کۆمەڵەوە هاتبوە کوردستان لە کۆمەڵەدا ئەندام بوو پیاوێکی دڵسۆزو بۆ کورد سوتاو... بردمیەماڵەکەی خۆی و لە تاقە ژوورێکی کاول بوودا دەژیا... باسی وەزعمان هێنا گۆڕێ و گەیشتینە ئەو باوەڕە کە پێویستە لە پێش دا دژی ئاغاو دەرەبەگی کورد خەبات بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کۆمەڵێك لە لاوانی گوند دابمەزرێنین و تێیان بگەینین کە خەیانەتی دەرەبەگی کورد بۆتە هۆی روخانی کۆماری کوردستان، عبدالقادر... دژی ئەوەبوو کە بە نوسین بەیان و پرۆگرامێك بڵاوکەینەوە. جاری تەنیا ناسیارو باوەڕپێکراوەکان ببینین. هەرکەس بوو بە ئەندام تمەنێك بدا... لە نەغەدە لەگەڵ چەند

---

(١) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٦٥.

برادەر پێوەندیم گرت و لاوێکی تازە پێگەیشتوی گەنج مان بەناوی (کەریم پارسا) بە نوختەی پیوەندو نوسین و نامە گۆڕینەوە دیاری کرد. قاوەخانەی محەمەدی سۆفی ڕەسوو وەك بنکەی ڕێکخراو دیاری کرا... لەزستان دا کۆمەڵەی لاوانمان تۆزێك ڕێك و پێك کرد. لە دێهات کاك سەید عەلی حاجی کاکەمین خەڵکی ئالیاویّو حەمەدی خانمی لە ئارذیو میرزا قادری نەلوس و لە شاریش من (واتە حیسامی – ل) و محەمەدی سۆفی ڕەسوی قاوەچی وەك کۆمیتەیەك کۆبوینەوەو بڕیارمان دا ١٥ ڕۆژ جارێك لە نەغەدە کۆبینەوە.))[١]

بەمشێوەیە، بەپێی ئاخاوتنی حیسامی، دەردەکەوێت کە کۆمەڵەی لاوانی لادێ چ پەیڕەو و پرۆگرام و ڕێبازێکی نووسراوی نەبووەو زیاتر کۆبوونەوەی چەند لاوێك بووە لە دەوری بیروباوەڕی بەگدڕاچوونەوەی سیستمی دەرەبەگایەتیی لە کوردستان و دوور لە گشت دروشم و ئامانجێکی نەتەوایەتیی دامەزراوە.

هەروەها لە شاری مەهاباد، بۆ یەکەمجار ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیی بەناوی (کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان) لەلایەن ڕەحیمی سوڵتانیانەوە، کە گەنجێکی ڕوناکبیری شاری مەهاباد بوو دەمەزرێنرا. ئەم کۆمەڵەیە چالاکییە تەبلغاتییەکانی بەنهێنیی دژی رژێمی شاهەنشاهیی و سیستمی دەرەبەگایەتیی لە کوردستان ئەنجامدەداو بە (ك.ك.ك) ئاماژەی بۆ دەکرا، بەجۆرێك لەماوەیەکی کەمدا توانی کۆمەڵەی لاوانی لادێ لەخۆ بگرێت و ژمارەیەك لە کەسایەتییە خوێندەوارو ڕۆشنبیرەکانی شاری مەهابادی وەك (سەدیقی عەلائی، مستەفای ساوبلاغچی) لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆبکاتەوە.[٢]

لەم بارەیەوە، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ئازەربایجان لە وەڵامێکی سەرۆکایەتیی ستادی ئەرتەشی ئێراندا لە بەرواری ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧دا نووسیویە:"بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە جاسووسیانەی ئەنجامدراون... حیزبی کۆمەڵە دەستی کردۆتەوە بە ئەنجامدانی کۆبونەوەی نهێنیی و لەگەڵ عیراق، تبریزو تاراندا پەیوەندی دامەزراندووە. ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵە بریتیین لە حسێن داوەری کوڕی حاجی مستەفای داوەری کە

(١) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل ل١٤٠–١٥٣.

(٢) هـ. س، ل١٥٥.

لەلایەن دادگای سوپاوە فەرمانی گرتنی دراوەو ئێستا لە زیندانی تەبرێزدایە. هەروەها عەزیزی موشیری... عەبدولڕەحمانی زەبیحی... عەلی ڕێحانی.. و چەند کەسی ترن کە بۆ کڕینی دەمانچەو چەکی جۆراوجۆر بەهاوکاریی کوردەکانی هەردوو دیوی عێراق و ئێران هەڵدەسوڕێن.[1]

لەبەهاری ساڵی ١٩٤٨دا، لەناوچەی موکریان و لەلایەن کۆنە ئەندامێکی ح. د. ك ی هەڵوەشاو، بەناوی (مەلا ئەمجەد) ئاگادارییەکی دەسخەت بە زمانی کوردیی بڵاوکرایەوە کەی تیایدا نوسرابوو ((کۆماری دیموکرات نەڕوخاوە. حیزبی دیموکرات هەرماوە. گەلی کورد خەباتی خۆی درێژەپێدەدا. هەرکەس ئەم نوسراوە دەبینێ لەسەری فەرزو واجبە کە حەوت نوسخەی لەبەر بنووسێتەوەو بڵاوی بکاتەوەو بۆ حەوت کوردانی بخوێنێتەوە.))[2]

لەراستییدا، مەسەلەی ژیاندنەوەی ح.د.ك هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٨ەوە، خولیای چەند لاوێکی مەهابادیی بووو بڕیاری لەسەر درابوو. ئەم کۆمەڵە لاوە کەسێ دانەی دواییان لەو خوێندکارانە بوون کە لە سەردەمی کۆماردا بۆ باکۆ نێردرابوون و دوای ڕووخاندنی کۆمار گەڕابوونەوە کوردستان، بڕیاریاندا شانەکانی حیزبی دیموکرات زیندوو بکەنەوەو بیروڕاکانیان لە بڵاوکراوەیەکدا ڕابگەیەنن. بۆ ئەم مەبەستەش، نوێنەرێکیان ناردە تاران و پەیوەندییان بە (ئیحسان تەبەری) یەکێك لە دامەزرێنەران و ڕابەرانی حیزبی تودە دەکرد تا داوای هاوکارییان بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەك لێبکەن. ئەوەبوو تەبەری ئامۆژگارییکردبوون جارێ پەلەی دەرکردنی بڵاوکراوە نەکەن و هەوڵبدەن ڕێکخستنەکانی شارو لادێی حیزب ببوژێننەوە. ئەو بۆچونەی تەبەری کە لەلایەن لاوەکانەوە بەهەند نەگیراو بۆ بەدەستهێنانی هاوکاریی بڕیاریاندا نوێنەر ڕەوانەی کوردستانی عێراق بکەن تا لەوێ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردەوە بکەن و هەوڵبدەن هاوکارییان لێوەرگرن.[3]

---

([1]) چپ در ایران، به روایت اسناد ساواك، حزب دیموکرات کردستان، جلد اول، مرکز بررسی اسناد تأریخی، چاپ أول، تهران، ١٣٧٨، ریاست ستاد ارتش، شماره: ١٠٦٧٩، تأریخ: ١٣٢٦/٩/٣، ص٣.

([2]) حیسامی، لە بیرەوەرەییەکانم، بەرگی یەکەم، ل١٥٤.

([3]) بلوریان، س. پ، ل٧٨-٧٩.

لەسەر ئەم بڕیارە غەنی بلوریان و محەمەدی شاپەسەندی لە مەهابادەوە، وەك نوێنەر بەرەو كوردستانی عێراق بەڕێكەوتن‌و پاش ماوەیەك خۆیان گەیاندە ماڵەكەی شێخ لەتیفی بەرزنجیی لە گوندی سیتەكی شاربازێڕ. ئەو دەمە شێخ ئەندامی ئیفتیخاری سەركردایەتیی پارتی بوو، ماڵەكەشی لە سیتەك ببووە پەناگای زۆر لەو كوردە "ئێرانییانەی" كە دوای رووخاندنی كۆمارو لەترسی حكومەتی ئێران بە قاچاغیی هاتبوونە كوردستانی عێراق، لەوانە (حەسەنی قزڵجی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، هەژار)و چەندی تر لە ڕووە چالاكەكانی كوردایەتیی لە دەورانی كۆماردا.

سەرئەنجام بە هاوكاریی مادیی شێخ لەتیف و ماندووبوونی شاپەسەندیو قزڵجیو زەبیحی، چاپخانەیەكیان لەماڵی شێخ لەتیف لە سیتەك دامەزراندو یەكەم بڵاوكراوەی فەرمیی ئەم قۆناغەیان بەناوی ((ڕێگا)) لە خەزەڵوەری ١٣٢٧ (پاییزی ١٩٤٨) چاپكرد.[١] ڕێگا كە ناوی گۆڤاری دەخرێتە سەر، لە شەش لاپەڕەی بەڕۆنیۆ ڕاكێشراو پێكدێت كە بە دوو زمانی فارسیی‌و كوردیی بابەتی تێدا بڵاوكراوەتەوە. لەملاولای سەرەوەی گۆڤارەكەدا ئەم دوو دروشمەی خوارەوە نووسراون: ((پێشكەش بە گیانی پاكی شەهیدەكانی ڕێگای ئازادی... بژی ازادیو بژی ازادیخوا بمرێ استعمارو دیكتاتۆری))[٢]

سەبارەت بە هەڵبژارنی ناوی (ڕێگا)و ناونانی بە ئۆرگانی كۆمەڵەی ژیانی كورد بلوریان دەڵێت:"ناوی (ڕێگا)مان بۆ هەڵبژارد، هۆی ئەوەی كە ڕۆژنامەی كوردستانمان دەرنەكردو (ڕێگامان) بۆ ئەو قۆناغە هەڵبژاردو ناوی (ئۆرگانی كۆمەڵەی ژیانی كورد)مان لەسەردانا. ئەوەبوو كە دوژمن وریا نەبێتەوو دیسان دژی كۆنە دیموكراتەكان ڕانەپەڕێو خەڵك تووشی گیروگرفت نەكا. ڕامان ئەوەبوو كە پاش بەردەوام بونی خەبات ئینجا

---

(١) گادانی ئاماژەی بەوە داوە كە گۆڤاری ڕێگا بۆ ماوەیەك مانگانە دەرچووەو چەند ژمارەیەكی لێ بڵاوبۆتەوە، بەڵام وەك بلوریان باسی دەكات، ڕێگا تەنیا تاقە ژمارەیەكی لێ دەرچووە، چونكە شێخ لەتیف چیدی ئامادەنەبووە هاوكارییان بكات. بڕوانە: گادانی ٥٠ ساڵ خەبات، ل٦٤، بلوریان، هـ. س، ل٩٥.

(٢) لەڕاستییدا بلوریان شكڵ و دەقی تەواوی بابەتەكانی گۆڤارەكەی لە ئاڵەكۆكدا دابەزاندووە، بەوەش هەم لەناوچوون ڕزگاری كردووەو هەم ئەو گومانەشی نەهێشتووە كە لەلای هەندێك سەبارەت بە دەرچوونی ئەو تاقە ژمارەیەی (ڕێگا) هەبوو.

بگەڕێینەوە سەر کوردستان و ئەو چاپ بکەین و لەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کەڵك وەرگرین.))[1]

لەراستییدا، گۆڤاری ڕێگا لە سەرەتای زستانی ساڵی (١٩٤٨)دا، ژمارەیەکی زۆری لە ناوچەی مەهاباد لێ بڵاوکرایەوە. گەلی کوردو دەزگا جاسووسییەکانی حکومەتی ئێران لە دەستپێکردنەوەی چالاکیی سیاسیی لە کوردستانی ئێران ئاگادارکردەوە. ڕێگا لە وتارە فارسییەکەیدا کە بە خامەی حەسەنی قزڵجی نوسراوەو لەژێر ناوی نهێنیی (پێناو)دا بڵاوکراوەتەوە، باس لە ئامانجی بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەو شیکردنەوەی پایە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی نەتەوایەتیی لە زمان و ئاین و زێدو کەلتوورو مێژووی هاوبەشی گەلی کورد دەکات و دواتر ئامانجی گشتی دەستپێکردنەوەی چالاکیی سیاسیی لە کوردستانی ئێران ڕووندەکاتەوە.

لە وتارە فارسییەکەدا دەڵێت: ((گیانی میللیەت و هۆشی نەتەوایەتیی و بەرژەوەندیی کوردو کوردستانی ئێران، بەتایبەتی زەحمەتکێشان و زۆرینەی گەلی کورد هاندەرمان بووەتا لەپێناوی مافی سروشتیی گەلی کوردو گەیاندنی هاواری مەزڵومانەی ئەم میللەتە بەگوێی جیهانی مرۆڤایەتیی‌و شارستانییدا خەبات دژی دارودەستەی حکومەتی دیکتاتۆریی تاران و ئیستیعمارچییەکان‌و دەڵاڵ و نۆکەرانیان و بەکرێگراوانی دۆلار لە ئێران، بەتایبەت لە کوردستانی ئازیزدا بکەین و حیزبێك بەناوی (ژیانی کورد) دابمەزرێنین. هەر لەسەرەتای ڕۆژەکانی گەڕانەوەی هێزی دیکتاتۆری، کەم و زۆر چالاکیی ئەنجامدراوە. ئەمڕۆ کە چینی دەسەڵاتداری دەوڵەتی کۆنەپەرستی تاران دەیانەوێت هەنگاوی درێوتر بۆ نابودکردنمان بنێن، بۆنموونە وەك هەوڵدان بۆ کۆچاندنی گشتیی کوردەکانی ناوچەی موکریان، لێرەدا ئێمەش بە پێویستی دەزانین تێکۆشانی خۆمان توندتر دەستپێبکەینەوە. ئێمە بەناوی پشتیوانیی لە ویژدان‌و ڕاستیی‌و ئازادیی لەم خەباتە سەختەماندا داوای هاوکاریی‌و یارمەتیی لە حیزبە پێشکەوتووخوازو ئازادیخوازەکانی ئێران‌و هەروەها لە ڕێکخراوە پێشکەوتووخوازو ئازادیخوازەکانی کورد دەکەین لەهەر کوێیەك بن و دەمانەوێت بە پشتگیریی ئەوان

---

[1] بلوریان، هـ. س، ل٨٢.

خەباتمان بەتینتر بکەین... کورد تەنها ئارەزویەکی هەیە ئەویش بەدیهێنانی ئازادییە لەسەر بنچینەی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە... مافی سروشتیی خۆمان کە بریتییە لە دامەزراندنی حکومەتێکی خودموختاریی دیموکراتیی لە چوارچێوەی حکومەتێکی ناوەندیی دیموکراتیکدا هاوجووت لەگەڵ یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا داوا دەکەین و تا دواهەناسە لەڕێگای داواکاریی مافەکانماندا خەبات دەکەین و دڵنیاشین چونکە ڕاستییمان لە پشتە، سەرکەوتن هەر بۆ ئێمە دەبێت.))(١)

هەروەها گۆڤاری ڕێگا بابەتێکی کوردی لەژێر ناونیشانی (حربە دیکتاتۆری یا ارتش ایران)دا بڵاوکردبووەوە کە بە خامەی بلوریان و لەژێر ناوی (تیمور)دا نوسراوە. ئەم بابەتە باس لە مێژووی پڕتاوانی لەشکری شاهەنشاهیی ئێران دەکات کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە نەیتوانیوە دژی هێرش‌و پەلاماری بێگانە خۆڕابگرێت‌و سنووری وڵات بپارێزێت. کەچی هەمیشە بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی ئازادییخوازانی کوردو گەلانی دیکەی ئێران ئامادەو لەسەرپێ بووە. هەروەها ئەم بابەتە باسی ژمارەیەك لە فەرماندەکانی ئەرتەشی وەك: احمد قصاب، یزدان پناە، شابختی، هوشمند افشار، حسن ارفع، ضرابی، رزم اراو چەندی دی دەکات کە لە ڕێگای خزمەتکاری بێگانەو کوشتو بڕی خەڵکی بێ تاوانی ئێرانەوە پلەو پایەکانیان بەدەستهێناوە. جگەلەوە ئاماژە بە خواستە نەتەوەیی‌و دیموکراتییەکانی گەلی کورد لە ئێران کراوەو باس لە چۆنێتیی دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان و ڕۆڵی نەرێیی ئەرتەش لە ڕووخاندنی ئەو کۆمارەدا کراوە، دوای ئەوەی ئەمەریکا پشتگیریی تەواوی خۆی پێشانداو تاوانی گەورەی دەرهەق بە خەڵکی بێدیفاع و ئازادییخوازانی کوردو ئازەر ئەنجامدران.

لە وتارەکەدا هاتووە:" ارتش دەبی بەگویرەی قوانین و متراتیك بوی دانراوە ببزویتەوەو بەهیچ جۆرێ حقی دخالتی دە اموری دیکەی دەوڵەتدا نیە... بەڵام ارتشی بە اصطلاح لە میژینەی ایران کە اورو ((شاهنشاهیکی)) بە کلکەوە بەستراو بەپێچەوانەی هەمو ارتشیکی میلليی جیهان دەبزویتەوە بێجگە لەوەی وە ظیفەییکی کە لە ئەستویەتی ابدا بە جیی ناگەیینی لەتەواوی اموری داخلی دەوڵەتدا دەخالت دەکا... ارتشی ایستای

---

(١) هـ. س، ل ل٨٥-٩٠.

ایران جگه لەوەی بە قازانجی استعمارو اربابانی دولار بە فرمانی شای هەرزەو هیئتی حاکمە مرتجع و افسرانی خائن... دەبزونەوەو لەژێر سرپرستی مستشارانی امریکائیدا بە نوکی نیزە سەری میلەتی ایران بو امانجی استعماری انگلو امریك دادەنەوێنی. هەر ئەو شاو هیئتی حاکمەو سرانی ارتشی خائنن کە استقلالی سیاسیو اجتماعیو اقتصادیو شئوناتی میلەتی ایرانیان لە پیناوی مصالحی استعمار ناوە... هیزی هاشمی خائین لە ئازەربایجان و هی همایونی لە کوردستان و وحشیانە دەستیان بە کوشتوکوشتارو هەلاوەسین کرد... لە کوردستان ((پیشەوای کبیر مرحومی قاضی محمد))و چند نفر پیاوانی گەورەو ازادیخواز... فدای چند دولاریك کران کە شاو هیئتی حاکمەو سرانی ارتش لە امریکاو انگلیس وەریان گرتبوو... ئەو فجایعەی کە ارتشی شاهنشاهی لە ڕێگای دولاردا مرتکبی بو لەبیر هیچ ئازادیخوازێکی شرافتمند ایرانی کوردو ازربایجانی یا فارس ناچیتەوە... میللتی ازادیخوازی کورد هەمو ناڕیکیو کردەوەییکی خراپی دەوڵەتی ایران لە شای دیکتاتور کە عنوانی (فرماندهی کلی نیروی / فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان – ل)ی هەیە وە لە سرانی ارتش دەزانی چونکو ارتش و فەرماندەی کلی قوا مداخلەی نامشروع لە تەواوی اموری وزارتخانەکان اداراتی کشوەریدا دەکەن... وەك رژێمی فاشیستی ژاپونی میکادو لەگەڵ میلەتی ایران ڕەفتاردەکەن میللتیش لەگەڵ ئەم ڕژێمە فاشیستیە بەتەواوی هیزی خوی مبارزە دەکا تا اخرین اثاری پیسیان لەسەر صفحەی ایران پاك دەکاتەوە."[١]

سەبارەت بە هەلومەرجی ناهەمواری کوردستانی ئێران دوابەدوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ ناوچەی موکریان، گۆڤاری ڕێگا لەژێر ناونیشانی (دەنگ و باس)دا نووسیویە "لە مەهاباد شێرو خورشید لە طرف تیپەوە داگیرکراوە... لە سەرتاسەری کوردستان لە دیهات دکتورو دەرمان وجودی نییە. لە بۆکان. سقز. بانە. سردشت. شنو. نغدە وضعی معارف و روناکیو نظافتی شار گەلی خراپە. لەجیاتی هەمو اصلاحاتی تەشقەلەو پول ساندنی مأموران لە گۆڕێدایە."[٢]

(١) هـ. س، ل ل ٩٠–٩٣.

(٢) هـ. س، ل٩٣.

بەمجۆرە دەردەکەوێت کە زیندووکردنەوەی (ح.د.ك) لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٨دا، لەسەردەستی ئەندامانی کۆنی حیزبی دیموکرات بوون. ڕێبازەکەشیان هەمان ڕێبازی دەسەڵاتێکی خودموختاریی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتداو هەوڵدان بۆ وەلانانی ستەمی نەتەوایەتیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کە لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهیی و بەهۆی دەزگا بیرۆکراتییە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوەندو ئەرتەشەوە بەسەر گەلی کورددا سەپاوە.

ئەوەی هەیە کە ڕێبازی نوێخوازیی حیزب و وتارەکانی ڕێگا جۆرە ئاوازێکی چەپی تیا بەرگوێ دەکەوێت کە بۆ ڕۆڵی ئەرێیی ئەمەریکا لە ڕووخاندنی کۆمارو قۆناغە مێژووییە نوێکەی دوای جەنگ دووەمی جیهانیی و مەوقعییەتی هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە توندوتیژبوونی ململانێ و پێشبڕکێی نێوان هەردوو جەمسەرەکەی جەنگی سارددا دەگەڕێتەوە، بەجۆرێکی وا شاهەنشاو دەربار لوتکەی هەرەمێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی وایان پێکدەهێنا کە جەمسەرەکانی ئەرتەش و چینی کلاسیکی دەرەبەگ و بۆرجوای لاوازی کۆمپرادۆر بوون، نەیاندەتوانی بێ هاوکاریی و پشتگیریی زلهێزێکی بێگانەی وەك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەرامبەر ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی گەلانی ئێران و خەباتی سیاسیی بۆرجوای میلیی و ڕێکخراوە چەپەکان و بزوتنەوەی کرێکاریی و جووتیاران و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران خۆڕاگرێت. هەربۆیە شاهەنشاو دەربار، بەمەبەستی چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوخۆو بەهێزکردنی ئامرازی مانەوەیان کە ئەرتەشە، ئامادەبوون بە هەموو چەشنێك لەگەڵ ئەمەریکادا بچنە بازاڕی سازشەوە. ئەو ئەمەریکایەی بەناوی بەرگریی لە هورووژمی کۆمۆنیزم و لەپێناوی بەرژەوەندییە ستراتیژیی و ئابووریی و سەربازییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتوندیی دژی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی و نیشتمانیی دیموکراتیی گەلانی ئێران تێدەکۆشاو ببووە پاڵپشتێکی گەورەو پلە یەکی ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێرانیی و ڕێگای گەڕانەوەی شێوازی حوکمێکی دیکتاتۆریی میللیتاریست بۆ ئێران تەخت دەکرد.

شایەنی باسە، کوردستانی ئێران لەڕووی شوێنی جوگرافیای سەربازییەوە بایەخێکی گەورەی هەبوو بەشێوەیەك دەکرا پاش میللیتاریزەکردنی بکرێتە لەمپەرێکی

قایم لەبەردەم هەر هەڕەشەیەکی سەربازیی شورەویی چاوەڕوان نەکراو بۆ سەر یەکێك لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت (ئێران، تورکیا، عێراق)، ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندییەکی گەورەی ئەمەریکاو بلۆکی سەرمایەداریی تێدابوون و چاوەڕواندەکرا لە ئایندەدا ڕۆڵێکی گەورەتر لە جەنگی ساردا بەدژی یەکێتیی شورەویی بگێڕن. لەبەرئەوەیە ئەم بەشەی کوردستان شوێنی سەرنجی پسپۆڕانی سەربازی ئەمەریکا بوو.

فردوست کە لە تشرینی دووەمی ١٩٤٩دا یاوەری سەفەرەکەی شای ئێرانی کرد بۆ ئەمەریکا، لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە ڕۆژێك پێش ئەوەی بچنە تەلاری وەزارەتی بەرگریی بەمەبەستی گفتوگۆو دانانی پلانێکی بەرگریی هاوبەشی ئێرانیی – ئەمەریکیی دژی هەر ئەگەرێکی هێرشی شورەویی بۆ سەر ئێران، چوونەتە ماڵی جەنەراڵ (نیلسون برادلی Nilson Bradly) سەرۆکی ستادی گشتی سوپای ئەمەریکا، جەنەراڵ برادلی فردوستی راسپاردووە بە محەمەد ڕەزاشا بڵێت ((ئەمەریکا ئەوڕۆ ئەو داواکارییەی شای ئێرانی سەبارەت بە بەرگرییکردنی سەربازیی ئەمەریکا دژی هەر هێرشێکی لەناکاوی سوپای سوور بۆ سەر ئێران، پێهەڵناسوڕێت. چونکە ئەمێستا شورەویی لە چ کاتێکدا بخوازێت و چەند لەشکری بوێت دەتوانێ زۆر بەخێرایی و لەماوەیەکی کەمدا پەلاماری سەربازیی ئێرانی پێبدات، لەکاتێکدا ئەمەریکا دوای ١٥ – ٢٠ ڕۆژ ئنجا ئەگەر بتوانێت لانی زۆر دوو لەشکر لە بەندەرەکانی باشوور دابەزێنێت... هەربۆیە پێشنیاری ئێمە (ئەمەریکا – ل) ئەوەیە کە لەشکرەکانی سوپای ئێران لە باکووری وڵات بکشێننەوەو بیانگەێننە چیاکانی زاگرۆس (بڕبڕەی پشتی کوردستانی ئێران –ل)، پێویستە زۆرینەی سوپای ئێران لە زاگرۆس نیشتەجێ بکرێن و بەماوەی ٢٠٠ – ٤٠٠ کم بڵاوبکرێنەوە. بەم شێوەیە ئێران دەتوانێت بەرامبەر شورەویی شورەیەکی توندوتۆڵی بەرگریی دامەزرێنێت و بەرامبەر هەر هێرشێکی سەربازیی چاوەڕواننەکراوی سوپای سوور ئامادەبێت.))(١)

فردوست لەدرێژەی باسەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە کە محەمەدڕەزا شا پێشنیازەکەی جەنەراڵ برادلی سەرۆکی ستادی گشتیی ئەمەریکای پێ ماقووڵ بووەو هەرزوو

---

(١) فردوست، س. پ، ل١٦١–١٦٢.

فەرمانیداوە دەستبکرێت بە جێبەجێکردنی، هەربۆیە لەماوەیەکی کەمدا ٣/٤ی هێزەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی لە ڕۆژئاوایی ئێران و چیاکانی زاگرۆسدا نیشتەجێکران و تەنیا ١/٤ی ئەو هێزانە لە باکوورو ڕۆژهەڵات و باشووری ئێراندا هێڵرانەوە[1]. هەنگاوێکی وا کە بە میللیتاریزەکردنی کوردستان کۆتایهات.

لەسەر ئاستی ئێرانیش تا دەهات شوێنی محەمەدڕەزاشاو ئەرتەش لەسەر شانۆی سیاسیی ئێران دەچەسپا، بەتایبەت دوای دەست لەکارکێشانەوەی قەوام ئەلسەلتەنە، چونکە ئەو سەرەك وەزیرانەی کە لێرەبەدواوە دەهاتنە سەر کار وەك (ابراهیم حکیمی، عبدالحسین هژیر) پیاوی دەربار بوون و بە ئارەزووی شا بەو پلەوپایەیە شاد دەبوون. ئەمانە نەیاندەتوانی هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو کۆتایی بەو گەندەڵییە دارایی و کارگێڕیی و سیاسییە بێنن کە وەك دیاردەیەکی زەق هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی گرتبووەوە، جگەلەوەی قەیرانە ئابورییەکەی وڵات تا دەهات پەرەسەندووتر دەبوو، ئەوەش زیاتر کۆمەڵانی خەڵکی لە چینی دەسەڵاتدار تیژ دەکرد، لەهەمووی خراپتر محەمەدڕەزا شا لە تشرینی دووەمی ١٩٤٨دا سنووری دەسەڵاتی یاسایی بەزاندو بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ڕای ئەندامانی مەجلیس (محمد ساعید)ی نزیك بەخۆی کردە سەرەك وەزیران، کارێکی وا کە کاردانەوەیەکی توندوتیژی لەلایەن ناوەندە سیاسیی و پەرلەمانتارییەکانی ئێرانی لێکەوتەوەو بەدژی دەستورو یاسای بنەڕەتیی دەوڵەتیان لەقەڵەمداو پێیان وابوو کە شا ((ئێرانی بۆ سەردەمی ئیستیبدادی قاجاری گەڕاندۆتەوە.))[2]

ڕووداوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە محەمەدڕەزا شا بێ گوێدانە ئەو هەڵوێستو کاردانەوانە بیری لە گۆڕینی ژیانی دەستوریی و پەراوێزکردنی ڕۆڵی مەجلیسی شورا لە بڕیاردان لە کاروبارە سیاسییەکانی وڵات دەکردەوە. بۆ هێنانەدی ئەو خواستەش بەدوای دەرفەتێکی لەباردا دەگەڕا. ئەوەبوو کاتێك لە ٤ی شوباتی ١٩٤٩دا سەردانی

---

(١) هـ. س، ل١٦٣.

(٢) أحمد و مراد، س. پ، ل١٧٤.

زانكۆی تارانی كردو لەلایەن (ناسر فخرئارایی) سەر بە ڕێكخراوی (فدائیان اسلام)،[1] هەوڵی تیرۆركردنی درا. محەمەدڕەزا شا ئەو ڕووداوەی قۆستەوەو بۆ لێدانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەكانی كردە بیانو. ئەوەبوو ڕۆژنامە ئازادو سەربەخۆكانی وڵات داخران، حیزبی تودە هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا، هەنگاوی توندوتیژ دژی ئازادییخوازان نراو لەهەموو لایەكەوە دادگا سەربازییەكان بۆ دادگایی كردنی كەسانی نیشتمانپەروەرو ئازادیخواز دامەزرێنراوە.[2]

لەوەش زیاتر محەمەدڕەزا شا كەوتە گۆڕینی دەستوری وڵات بەجۆرێك دەسەڵاتێكی زیاتری لەوەی هەیەتی بۆ دابین بكاتو مافی ئەوەی بداتێ چ كاتێك خواستی مەجلیس هەڵبوەشێنێتەوە. هەروەها بە قازانجی خۆی بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی پیرانی دا. جگەلەوەی چەند دەستكەوتێكی دی بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی تاكڕەوی خۆی بەدیهێنا وەك دەركردنی بڕیاری زیادكردنی ژمارەی ئەرتەش و سەرخستنی مانگانەی ئەفرادەكانی، بەخشینی نازناوی (مەزن) بە ڕەزاشای دیكتاتۆرو گێڕانەوەی پاشماوەی تەرمەكەی بۆ ئێران، هەروەها تێكڕای ئەو زەویو زارو موڵكانەی كە پێشتر ڕەزاشای باوكی لە خەڵكی داگیر كردبوون و لەساڵی ١٩٤١دا گەڕابوونەوە دەستی دەوڵەت

---

([1]) فدائیانی ئیسلام، ڕێكخراوێكی ئاینیی توندڕەو بوو لەساڵی ١٩٤٦ لەلایەن خوێندكارێكی ئاینیی لاوەوە بەناوی (مجتبی نواب صفوی) دامەزرێنرا. ئەم ڕێكخراوە كە دامەزرێنەرەكەی كاریگەرییەكی زۆری دیدو بۆچوونەكانی (جمال الدین أفغانی) بەسەرەوە بوو، بەتوندیی دژی نفوزی ئینگلیزو ئەو عەلمانییەتەی ڕەزاشا بەردی بناغەكەی لە ئێران دانابوو تێدەكۆشان، هەربۆیە لەم قۆناغەدا بەسەرسەختترین گرووپی مەزهەبیی دەژمێردرێن. لەڕووی سیاسییەوە فیدائیانی ئیسلام ئەندێشەی دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیسلامییان لەسەردابوو، داوایان لە شا دەكرد كە پەیڕەوی حوكمی شەریعەتی ئیسلام بێت، هەروەها دابینكردنی مافی لێقەوامنو دەستكورتانو دابەشكردنی قازانجی زەوییە كشتوكاڵییەكانی دەوڵەتییو دابینكردنی لەشساغیی خەڵك لە بەرنامە كۆمەڵایەتییەكانیان بوو، ئەم ڕێكخراوە لەساڵی ١٩٥٥دا بەگرتنی ڕێبەران و لەسێدارەدانی دامەزرێنەرەكەی لە كانونی دووەمی ١٩٥٦دا كۆتاییهات. بڕوانە:

جمعی از نویسندگان، سلسله پهلویو نیروهای مذهبی به روایت تأریخ كمبریج، ترجمه عباس مخبر، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٢، ص٢٩٥.٢٩٧.

([2]) زبیحی، س. پ، ل٢٤٥.٢٥٠ .، گازیورسكی، س. پ، ل٩٠.

خرانەوە سەر بنەماڵەی پەهلەوی.[1] گشت ئەو بڕیارو دستوربەزاندنەی محەمەدڕەزا شا کەوای پێشاندەدا زۆر نابا دیکتاتۆریی باڵی ڕەشی خۆی بەسەر وڵاتدا دەکێشێتەوە.

ئەو هەڵمەتەی ڕژێمی شاهەنشاهیی دژی ئازادییخوازان کوردستانشیی گرتەوە. بگرە هەڵمەتەکە لە کوردستان شێوەی ڕەشبگیریی بەخۆوەگرت، بەچەشنێك کەسانی وا ڕاپێچی زیندانەکان کران هەر فریان بە سیاسەتەوە نەبوو. روکنی ٢ی ستادی ئەرتەش کە ئاگای لە جموجۆڵو چالاکیی زیندوکەرەوانی (ح.د.ك) بوو، لیستێکی بەناوی کۆنە ئەندامەکانی حیزب لە ناوچەی موکریان ئامادە کردبووو لە پەلاماردا حکومەت زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە ناوچەکانی مەهاباد، میاندواو، بۆکان ڕاپێچی بەردەم دادگا سەربازییەکان کران. لەراستییدا، نەبوونی ئەزموونی کاری ژێرزەمینیی تازەڕابەرانی حیزبو شێوازی ئەنجامدانی ڕەشبگیرییەکە بووە هۆی گرتنو زیندانییکردنی ژمارەیەکی زۆر لەو لاوانەی دووبارە قۆڵی خەبات و چالاکیی سیاسییو نەتەوەییان لێ هەڵمالیبوو، وەك غەنی بلوریان، عەزیزی یوسفی، قادری یوسفی، سەدیقی خاتەمی، جەعفەری کەریمی، سەید عەبدوڵڵای ئەیوبیانو چەندی تر. شایەنی باسە، دادگا بە گۆترە حوکمی گیراوەکانی دەداو زۆربەیان بە ٢ ساڵ تا ٤ ساڵ زندانی مەحکومکران.[2] "حەسەنی موفتی" یەکێك بوو لەو گیراوانەی کە لاوێکی ڕۆشنبیری شاری مەهاباد بوو، پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نەبوو، تەنیا لەبەرئەوەی کتێبەکەی (کورد و حەق)ی (رامبو)یان لە ماڵەکەیدا دیتەوە بە ٦ ساڵ زندانی مەحکومکرا.[3] لەراستییدا ئەو هەڵمەتەی دەزگا پۆلیسییەکانی حکومەتی ئێران لە کوردستان و گرتنی لاوە سیاسەتکارەکانی کورد و ئەندامانی حیزبی دیموکرات گورزێکی تری وەشاندە چالاکیی سیاسییو نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو بەجۆرێك پێش ئەوەی بکەوێتە سەرپێو بۆ بزوتنەوەیەکی جەماوەریی هەنگاوبنێت، بەتوندیی لێدراو هەڵسوڕاوانی ڕەوانەی کونجی زیندانەکانی تەبرێزو ورمێو تاران کران.

---

(١) آوری، س. پ، جلد دوم، ل ل٣٣٠-٣٣٣.

(٢) بلوریان، س. پ، ل٩٦-٩٨ .، گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٧٠.

(٣) بلوریان، هـ. س، ل٩٨.

## دووەم: کوردستانی ئێران لە دەورانی حاکمییەتی موسەدیق دا ١٩٥١ ـ ١٩٥٣

ئاشکرایە دوابەدوای شکستی هەوڵی تیرۆرکردنی محەمەدڕەزا شا لە زانکۆی تاران و سەپاندنی فەزایەکی سەرکوت و فشار لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە، بەداخستنی ڕۆژنامە ئازادو سەربەخۆکان، قەدەغەکردنی چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییەکان و گرتنی کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکانی دژ بە ڕژێمی شاهەنشاهیی، بەڕواڵەت واپێدەچوو کە دەربار سوورە لەسەر سەرەڕۆیی و بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی تەواوو چەسپاندنی دیکتاتۆریی لەسەرانسەریی ئێراندا تێدەکۆشێت. لەکاتێکدا ئەوەی لەم قۆناغەداو بۆ ماوەیەك بەرسینگی لە چەسپاندنی ڕەوتی سەرەڕۆیی دەربار گرت و هەلومەرجێکی تەواو پێچەوانەو چاوەڕواننەکراوی لەسەر شانۆی سیاسیی ئێران هێنایەکایەوە بریتییبوو لە مەسەلەی خۆماڵیکردنی نەوت و بوژانەوەی خێرای جووڵانەوەی نیشتمانیی دیموکراتیی سەرتاسەریی ئێرانیی بە ڕابەرایەتیی (بەرەی نیشتمانیی)و لەژێر سەرکردایەتیی کەسایەتیی سیاسەتکاری ئێرانیی ناسراو (دکتۆر محەمەد موسەدیق)دا.[1] ئەو بەرەیەی لەراستییدا نە ڕێکخراوێکی حیزبی بوو، نە پەیڕەوو پرۆگرامێکی نوسراوو لایەنگری چەکداری هەبوون. بەڵکو لە ژمارەیەك حیزب و گروپی جۆراوجۆرو خاوەن دیدو بۆچوونی جیاوازو تاڕادەیەکی زۆریش دژ بەیەك پێکهاتبوو. هەر لەوپەڕی ڕاستەوەی کە ایت الله کاشانی و ڕێکخراوی موسوڵمانانی موجاهیدو حیزبی پان ئێرانستە تا میانڕەوە

---

([1]) دکتۆر محمد موسەدیق ناسراو بە (مصدق السلطنة) (١٨٧٩–١٩٦٧) کوڕی میرزا هدایت ئاشتیانی خەزنەدرای دەرباری ناصرالدین شای قاجارە، لە بنەماڵەیەکی موڵکدارو دارا هاتۆتە دنیاوەو لەمێژووی ئێراندا بە پیاوێکی ڕاستگۆو دەست و داوێن پاك و ناسیونالیستێکی دروستکار ناسراوە. لەساڵی ١٩٠٦ەوە چۆتە مەیدانی سیاسەتو ساڵی ١٩١٤ لە سویسرا دکتۆرای لە زانستی یاسایی‌و رامیارییدا وەرگتووە، لە هەردوو قۆناغی قاجاریی‌و پەهلەوییدا پلەوپایەی سیاسیی دیتوەو بەتوندیی دژی دیکتاتۆریی ڕەزاشا وەستاوە، لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی ڕەزاشا هاتەوە سەر شانۆی سیاسیی‌و بووە سیمبوڵی ئەو بلۆکەی لە مەجلیسدا دژی ئیمتیازە نەوتییە نوێیەکان ڕاوەستان، تا لەگەڵ پەرەسەندنی ڕوداوەکانی دوای جەنگ و قوڵبوونەوەی کێشەی نێوان حکومەتەکانی ئێران‌و کۆمپانیای ئێرانیی–. ئینگلیزیدا بەخێرایی ڕووەو لوتکە کشاو بووە قارەمانی جووڵانەوەی خۆماڵییکردنی نەوتی ئێران و خەبات دژی دیکتاتۆریی‌و ئیمپریالیزمی بەریتانیی. بڕوانە:

کاتوزیان، همایون، مصدق و نبرد قدرت در ایران، ترجمە أحمد تدین، چاپ دوم، رسا، تهران، ١٣٧٢.

ناسیونالیستەکانی حیزبی ئێران‌و دواتر چەپەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی لەخۆگرتبوو.[1]

لەراستییدا، سەرەتای شکڵگرتنی بەرەی نیشتمانیی لەکاتێکدا بوو کە ژمارەیەك لە سیاسەتکاران و بازرگانان و خوێندکارانی زانکۆ لەیەکێك لە باخچەکانی کۆشکی شاهەنشاهییدا، لە بەرواری ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦دا، دژی فرتوفێڵ و دەستێوەردانی سوپاو یاریکردنیان بە سندوقەکانی هەڵبژاردنی خولی شازدەهەمی مەجلیس مانیان گرت. ئەوانە ٢٠ کەسیان لەنێو خۆیان هەڵبژارد کە بە رابەری دکتۆر موسەدیق چوونە لای شاو داوای ئەوەیان کرد هەڵبژاردنەکانی تاران دووبارە بکرێتەوە. دەربار کە توانیبووی لەزۆربەی هەرێم و پارێزگاکانی دی وڵاتدا بەگزیی دەرچوونی نوێنەرەکانی خۆی بۆ مەجلیس مسۆگەر بکات، نەرمیی بەرامبەر مانگرتووان نواندو داوای نوێنەرەکانی سەلماند.[2]

شایەنی باسە، تیرۆرکردنی (عبدالحسین هژیری) وەزیری دەربار کە سیمبوڵی گزییی هەڵبژاردنەکانی تاران بوو، لەلایەن ڕێکخراوی فیدائییانی ئیسلامەوە،[3] قەبارەی ڕاستەقینەی ناڕەزایەتیی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی دژی مەسەلەیەکی لەوجۆرە پێشاندەدا. هەربۆیە لە شوباتی ١٩٥٠دا، هەڵبژاردنەکانی تاران دووبارە کرانەوە کە ئاکامەکەی بە سەرکەوتنی ٨ نوێنەری بەرەی نیشتمانیی بۆ خولی شازدەهەمی مەجلیس کۆتاییهات.[4]

هەرلێرەدا دەبێ قامك بۆ ئەو راستییە درێژ بکرێت، کە وێڕای ئەوەی نوێنەرانی بەرەی نیشتمانیی لەبەرامبەر نوێنەرانی دەربارو موڵکدارە گەورەکانی ئەندامی مەجلیسدا بە ژمارە بەراورد نەدەکران، بەڵام هەرزوو بەرابەری موسەدیق بوونی خۆیان چەسپاندو هێزێکی ئەوتۆیان پێکهێنا کە لایەنگری تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای

---

(1) هـ. س، ل١٧١ ،، سابیلیە، س. پ، ل٢٥٣.

(2) البكاء، س. پ، ل٢٧٩.

(3) عبدالحسین هـژیر کـە هـەل لەسـاڵی ١٩٢٩وە دەسـتی بـە خزمـەتی دەوڵـەتی ئێـران کـردووەو چـەندەها پۆسـتی جیاوازی وەزارەتەکانی دارایی وەك پشکنەرو بەڕێوەبەری بانکی میللی وەرگرتووەو چەند جارێکیش بۆتە وەزیرو دواتر سەرۆك وەزیران و وەزیری دەربار لەبەرواری ٤ی تشرینی دووەمی١٩٤٩دا لە مزگەوتی (سپهسالار) لە تاران بەدەستی (حسین امامی اصفهانی) تیرۆرکرا. بڕوانە: صفایی، س. پ، ص١٩٧-٢١٩.

(4) البكاء، س. پ، ل٢٩٩.

ئێرانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. بەتایبەت چینی بۆرجوای نیشتمانیی پەرەگرتوو لە بازرگانان، دوکاندارو کاسبکارانی بازاڕ، ڕۆشنبیران، خوێندکاران، مامۆستایان و مامۆستایانی زانکۆ، پیاوانی ئاین و خوێندکاری خوێندنگا ئاینییەکان و توێژەکانی دی، جگەلە کرێکاران و وەرزێران و باقی دی چینە نەدارو زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگای ئێرانیی کە بارودۆخی دژواری ئابووریی‌و سیاسەتی سەرکوتی دەربارو ستەمی فەرماندەکانی ئەرتەش‌و دێوەزمەی دیکتاتۆریی شپرزەی کردبوون‌و بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی خۆیان لە داواکارییەکانی بەرەی نیشتمانیدا دەدیتەوە. ئەو داواکارییانەی کە سەرەتا خۆی لە ئازادیی سیاسیی، هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی سەربازیی، دابینکردنی ئازادیی ڕۆژنامەوانیی‌و بڵاوکردنەوە، ڕیفۆرم لە وەزعی نالەباری ئابووریی‌و لەشساغیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا دەبینییەوە.[1]

لەوەش بترازێ، بەرەی نیشتمانیی بە قۆزتنەوەی کێشەی توندوتیژیی نێوان حکومەتی ئێران‌و کۆمپانیای نەوتی ئێرانیی – ئینگلیزیی‌و بە بەرزکردنەوەی دروشمی خۆماڵییکردنی نەوت، ئەوەندەی تر جەماوەری لەخۆی خڕکردەوە بەجۆرێك تا دەهات ڕێگەی دەسەڵاتگرتنەدەستی زیاتر بۆ تەختبوو. لەراستییدا کۆمپانیای نەوتی ئێرانیی ـ ئینگلیزیی، کە هەر لەسەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەمەوە ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باشووری ئێرانی وەرگرتبوو، ئەو ئیمتیازەی لەساڵی ١٩٣٣دا بە ڕێکەوتنێك لەگەڵ (تەقی زادە)ی وەزیری دارایی ڕەزاشاوە ڕەسمییەتی پێدرا بوو. لەم قۆناغەدا ئامادەییەکی ئەوتۆی نەبوو گوێ لە داواکارییەکانی حکومەتی ئێران بگرێت سەبارەت بە چاوخشاندنەوە بەو قازانجە کەمەی کە لەلایەن کۆمپانیاکەوە دەدرایە ئێران. تەنانەت دوای گفتوگۆیەکی درێژخایەنیش کە لەنێوان هەردوولادا کراو زیاتر لە ساڵێکی خایاند، کۆمپانیاکە هەرئەوەندە ئامادەیی خۆی نیشاندا بەڕێژەی ٥٪ – ١٠٪ قازانجی حکومەتی ئێران بەرزبکاتەوەو شتێکیش لە نرخی ئەو نەوتەی کە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ دەدرا بە ئێران داشکێنێ. ئەو ئامادەییەی کە لە ١٧ی تەموزی ١٩٤٩دا وەك ڕێکەوتننامەیەکی

[1] آوری، س. پ، جلد دوم، ل٣٣٩.

پاشكۆ، كه به پاشكۆی (گس ـ گلشائیان)[1]یش دەناسرێت بۆ مۆركردن خرایه بەردەم مەجلیسی ئێرانیی.[2]

لەكاتێكدا دەوڵەتی بەریتانیا فشارێكی زۆری بۆ چەسپاندنی پاشكۆی (گس ـ گلشائیان) بەكاردەهێنا، زۆربەی چینی دەسەڵاتداری حكومەتی ئێران‌و خودی محەمەدڕەزا شاو نوێنەرانی دەربار لە مەجلیسدا ئامادەی قبوڵكردنی ڕێكەوتننامەیەكی بەو جۆرە بوون، ئەوە زیاتر نوێنەرانی بەرەی نیشتمانیی بوون بەڕابەریی موسەدیق كە بە توندی دژی ڕێكەوتنەكە وەستان و ڕەتیانكردەوە. لە هەلومەرجێكی وادا كە مەسەلەی نەوتی تێدابووە خاڵی كێشەو گفتوگۆی توندی نوێنەرانی مەجلیسی شازدە، شا لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٠دا داوای لە عەلی مەنسوری سەرۆك وەزیران كرد كە دەست لەكار بكێشێتەوەو لەشوێنی ئەو جەنەراڵ ڕەزم ئارای كردە سەرەك وەزیر، هەنگاوێكی وا كە لەلایەن بەریتانیاو وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاوە پشتگیریی لێكرا.[3]

ڕەزم ئارا بەمەبەستی پتەوكردنی مەوقعییەتی خۆی‌و ڕای گشتیی ئێرانیی‌و لاوازكردنی ئۆپۆزسیۆن، ڕایگەیاند كە حكومەتەكەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دەزگاكانی دەوڵەت تێدەكۆشێت‌و هەوڵی چاككردنی بارودۆخی ئابووریی، نەهێشتنی بێكاریی، سەربەخۆیی دەزگاكانی دادوەریی، ڕێكخستنی بودجەی وڵات‌و چەند ریفۆرمی دی لە بوارەكانی بەڕێوەبردن‌و ئابوورییدا دەدات. شایەنی باسە، لەم بوارەدا یەكێك لە گرنگترین مەسەلەكانی ڕەزم ئارا خستیە بەردەم مەجلیس، بریتییبوو لە مەسەلەی پیادەكردنی ئاڵوگۆڕ لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات بە ئەسپاردنی كارە گشتییەكان بە خەڵك لەڕێگای شارو شارۆچكەو گوندەكان[4]، بەرنامەیەكی وا كە ئەگەر پیادەكرابا

---

([1]) لەسەردەمی حكومەتی حەكیمی دا، ئێران داوای لە یەكێك لە بەڕێوەبەرانی كۆمپانیاكە كرد كە ناوی ( N.A GASS) بوو تا بێتە تاران و لەگەڵ (عباس قلی گلشائیانی)وەزیری دارایی ئێراندا بۆ چارەسەریی كێشەی نەوت بكەونە گفتوگۆ. ئەوەبوو ڕێكەوتننامەكە بەناوی هەردووكیانەوە ناونرا، بۆ بینینی دەقی ڕێكەتننامەكە بە زمانی فارسیی بڕوانە: هـ. پ، پەیوەستی ١٢، ل٧١-٧٦.

([2]) فاتح، مصطفی، پنجا سال أز نفت ایران، شركت سهام، تهران، ١٣٣٥، ص٣٨٥-٣٩١.

([3]) البكاء، س. پ، ل٣٠٩.

([4]) مدنی، جلال الدین، تأریخ سیاسی معاصر ایران، جلد أول، دفتر انتشارات اسلامی، قم، ١٣٦١، ص ص١٨٢-١٨٧.

دەگونجا تا ڕادەیەك گرفتی دەسەڵات و باری سەرشانی نەتەوە نەفارسەکانی ئێرانی سووك کردباو دەرفەتێکی لەباری بخاستایە بەردەمیان تا بەشداریی لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانیان بکەن و ستەمی فەرماندەکانی ئەرتەش و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمیان لەسەر کەمتربا. بەوەش لەو هەلومەرجە ناهەموارەی ئەودەمەی تیایدا دەژیان ئاهێکیان پێدا دەهاتەوە. ئەوەی ڕاستیی بێت، ڕەزم ئارا کاتێك بەرنامەکەی خۆی لە مەجلیسدا هێنایە گۆڕێ، لەلایەن نوێنەرانی بەرەی نیشتمانییەوە بەتوندیی ڕەخنەی لێگیراو هەریەك لە دکتۆر موسەدیق، ایت الله کاشانی و موزەفەری بەقایی بەدژی ڕەزم ئاراو بەرنامەکەی دەستیان بە قسان کرد.

موسەدیق هەر سەرەتای ئاخاوتنەکەی ڕاگەیاند ((ئەم گەڵاڵەیەی ئاغای ڕەزم ئارا پێشکەشی کردوە گەڵاڵەی لەتلەتکردنی ئێرانە.))[1] پاشان کاشانی بەتوندیی دابەزییە سەر بەرنامەکەو بە پلانی وڵاتە زلهێزەکانی لە قەڵەمدا کە ئامانجی دابەشکردنی ئێرانە. کاشانی لەدرێژەی قسەکانیدا وتی :((ئەم پلانە بۆ ئەوەیە ئێران بکەنە چەند وڵاتی خودموختارو پاشان دەوڵەتی سەربەخۆی تێدا دروستبکەن.))[2]

هەڵوێستی توندو قسەکانی موسەدیق، کاشانیو بەقایی لە مەجلیسدا، کە بووە فاکتەری سەرەکیی شکستی پرۆژەی ڕیفۆرمە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ڕەزم ئارا، بەرجەستەی گیانی ناسیونالیستیی تەنگەتیلەی گشت باڵە پێکهێنەرەکانی بەرەی نیشتمانیی دەکات بە (عەلمانییو ئایینیو چەپ)ەوە لەهەمبەر مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵات و پیادەکردنی دیموکراتی کارگێڕیی لە ئێراندا. جگە لەوەی کە دیدی هەڵەو بگرە شۆڤێنیستی رابەرانی بزوتنەوەی بۆرجوانیشتمانیی ئێرانییمان لەمەڕ مەسەلەی نەتەوایەتیی پشت گوێخراوو مافە ڕەواکانی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران بۆ ڕووندەکاتەوە. بەجۆرێك ئەوەندە بەرامبەر مەسەلەیەکی وا دڕدۆنگن، پێیان وایە یەکیەتییو یەکپارچەیی وڵاتی ئێران بە پێشێلکردنی مافی ڕەوای گەلانی غەیرەفارسی وڵات دەپارێزێت و ئەگەر بێت و لانیکەمی ئەو مافانەی دابینبکرێن، ئەوا یەکپارچەیی

---

(١) وەرگیراوە لە: ڕەزا محەمەد ئەمینی، دیاردەی شوراکان لە ئێراندا، گۆڤاری تیشك، ژمارە٥، ساڵی دووەم، ڕەزبەری ١٣٧٨، ل٨١.

(٢) هـ. س، ل٨١.

خاکی ئێران لە مەترسییدا دەبێت. دیدێکی شۆڤێنیستی وا کە لە گیانی خۆبەزلزانیی نەتەوەیی‌و سەپاندنی فارسسالاریی‌و فارسموختاریی بەسەر گەلانی دی ئێراندا هەڵدەقوڵێت‌و لەمێژووی هاوچەرخی ئێراندا بۆتە پەتایەکی سەختی دژە دیموکراتیی‌و بەبالأی زۆربەی هێزە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرە ئێرانییەکاندا بڕاوە، لەوپەڕی ڕاستەوە تا خۆبەچەپزان و شۆڕگێڕەکان، کە تێکڕا بە بیانوی یەکپارچەیی خاکی ئێران، خۆ لەباشکردن و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی لە ئێراندا دەبوێرن‌و لە پراکتیدا خزمەتێکی گەورە بە دیکتاتۆریی ڕەگەزپەرستیی‌و نابەرابەریی نەتەوەیی دەکەن لە ئێرانداو دەبنە ئاستەنگێکی راستەقینە لەبەردەم بەدیهێنانی دیموکراسیی‌و پەرەپێدانی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنیی لە وڵاتدا. چونکە بێ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی لە ئێران‌و سەلماندنی مافی ڕەوای گەلانی غەیرەفارس، بەدیهێنانی دیموکراسیی‌و چەسپاندنی ئیمکانی نیە و هەمیشە یەکپارچەی خاکی ئێران لە مەترسیدا دەبێت هەروەکو لە ڕابردوو و ئێستاش لە زۆری وڵاتی جیهاندا رویداوەو ڕودەدات.

لەراستییدا، هەر ئەم ئەم دیدە هەڵەیەی موسەدیق‌و رابەرانی دی بەرەی نیشتمانیی بوون کە دواتر بونە فاکتەری سەرەکییی لەبەردەم پێشکەشنەکردنی بەرنامەو چارەسەرێك بۆ کۆتایهێنانی ستەمی نەتەوایەتیی لە ئێراندا بەدرێژایی نزیکەی سێ ساڵی حاکمییەتی دکتۆر موسەدیق. مەسەلەیەکی وا کە کاریگەرییەکی نەرێیی لەسەر ئەو پرۆسەیە بەجێهێشت کە بەرەی نیشتمانیی بۆی هاتبووە سەرکار، واتە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ئێران و خەبات دژی ئیمپریالیزمی بەریتانیی. ئەو هەنگاوەی ئەگەر نرابا، بنەمای حاکمییەتی موسەدیقی زیاتر دەچەسپاندو زەمینەیەکی لەبارتری بۆ خڕبوونەوەی گەلانی نەفارس لە دەوری حکومەتی نیشتمانیی‌و بەرگرییکردن لە دەستکەوتەکانی دەڕەخساند.

بەهەرحاڵ، تیرۆرکردنی ڕەزم ئارا لەلایەن رێکخراوی فیدائیانی ئیسلامەوە لە ٧ی مارتی ١٩٥١دا، هیوای هەرجۆرە ڕێکەوتنێکی لەنێوان حکومەتی ئێران‌و کۆمپانیای

**نەوتی ئێرانیی – ئینگلیزیی لەباربرد.[1] پەرەسەندنی ناڕەزایەتیی و توڕەیی خەڵك دژی کۆمپانیای نەوت و لایەنگرییان لە موسەدیق و بەرەی نیشتمانیی، مەسەلەی خۆماڵیکردنی نەوتی بەسەر هەردوو مەجلیسی نوێنەران و سەنادا سەپاندو لە ٢٠ی ئازاری ١٩٥١ کرایە بڕیارێکی فەرمیی، ئەو بڕیارەی کە سەرەك وەزیرانێکی لێهاتووی گەرەك بوو جێبەجێی بکات. هەربۆیە (حسین علا) کە دوای تیرۆرکردنی ڕەزم ئارا، لەلایەن شاوە کرابووە سەرۆك وەزیران، هێشتا دوو مانگ بەسەر وەرگرتنی پۆستەکیەدا تێپەڕی، ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە. دوابەدوای بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی مەجلیس، ئەندامان پاش گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەویەکی زۆرو بە زۆرینەی ٧٩ دەنگ لە تێکڕای ٩١ نوێنەر بڕیاری هەڵبژاردنی دکتۆر موسەدیقیان بۆ پۆستی سەرەك وەزیران لە ٢٨ی نیسانی ١٩٥١دا ڕاگەیاند.[2]**

**دەتوانرێت هاتنە سەرکاری حکومەتی موسەدیق بە وەرچەرخانێکی گرنگ و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئێرانی هاوچەرخ دابنرێت. سەرکەوتنی بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتیك لەبەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسییداو بەو پاڵپشتییە جەماوەرییە فراوانەی پێی هاتەدی، نەك هەر موسەدیق و ڕابەرانی بەرەی نیشتمانیی هاندا کە بچنە کۆڕی ململانێیەکی ڕاستەقینەوە دژی ئیمپریالیزمی بەریتانیی و لەپێناو سەربەخۆیی ئابووریی و سیاسیی ئێراندا تێبکۆشن، بەڵکو هانیدان لەسەر ئاستی ناوخۆش هەنگاوی فراوان بهاوێژن و بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران و لاوازکردنی دەسەڵاتی دەربارو حاکمییەتی ئەرتەش و دژی دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ و موڵکدارە گەورەکان خەبات بکەن. هەربۆیە حکومەتی بەرەی نیشتمانیی جگە لە لێدانی دەسەڵاتی سیاسیی – ئابووریی حکومەتی بەریتانیا لە ئێران بە دەرکردنی بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت و دامەزراندنی کۆمپانیای نیشتمانیی ئێرانیی لە ١ی ئایاری ١٩٥١دا، دروشمی حکومەتێکی دەستوریی، ڕیفۆرمی زەوی، کەمکردنەوەی نابەرابەریی،**

---

**(1) ڕەزم ئارا لەلاین (خلیل طهماسبی)یەوە کوژرا، ئەو خەلیلەی کە زۆری پێ نەچوو بە بڕیارێکی فەرمیی کە شای ئێرانیش ناچار بە ئیمزاکردنی بوو. لەسەردەمی موسەدیق دا ئازاد کرا، بەڵام دوای کودەتای ١٩ی ئاب و لەساڵی ١٩٥٥دا گیرایەوەو لەگەڵ نواب صفوی تیرەباران کرا. بڕوانە: صفایی، س. پ، ل ل١٤٩–٢٥١.**

**(2) زبیح، سپهر، ایران در دوران دکتر مصدق، ترجمه محمد رضارفیعی مهرابادی، تهران، ١٣٦٣، ص٥٤–٥٦.**

دژایەتیی گەندەڵیی، لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکانی بلۆفلێدانی ماڵی دەوڵەت و خراپ سوود وەرگرتن لە دەسەڵات، چاککردنی سیستمی باج، یاسای چاککردنی ژیانی جووتیاران‌و کرێکاران، ریفۆرم لە بواری تەندروستیی، پتەوکردنی دەزگای دەرامەدی دەوڵەت‌و دەزگاکانی دادوەریی لە ئێراندا بەرزکردەوەو شێلگیرانە بۆ هێنانەدیان هەنگاوی دەنا.[1]

سەبارەت بە لاوازکردنی ڕۆڵی دەربارو ئەرتەشیش لەژیانی سیاسیی ئێراندا، حکومەتی موسەدیق لەداوی تەموزی ١٩٥٢ەوە چەند هەنگاوێکی ئازایانەی پیادەکرد، وەك کەمکردنەوەی بودجەی دەربار، دابەزاندنی بودجەی لەشکرو دەرکردنی ١٣٦ ئەفسەری دزو بەرتیلخۆر کە ١٥ یان پلەی ژێنراڵیان هەبوو، هەروەها لێخستنی محەمەد ڕەزاشا وەك (سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان)و داماڵینی ناوبراو لە تێکڕای ئەو دەسەڵاتە دەستوورییە ناشەرعییانەی کە لەدوای ١٩٤٩ەوە بەچنگی هێنابوو.[2] ئەو هەنگاوانەی کە زیاتر دەبووە هۆی گردبوونەوەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ڕێکخراوە نیشتمانییە دیموکراتخوازەکان لە دەوری حکومەتەکەی موسەدیق و ئەو پایە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەی لاواز دەکرد کە ئیمپریالیزمی ئینگلیزیی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئێراندا پشتی پێدەبەستن. حاڵەتێکی بەو چەشنە کە بە توندیی لەلایەن بەریتانیاو دواتر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دژایەتیی کراو هەرزوو بە زنجیرەیەك هەنگاوی وەك سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی، دانانی گەمارۆ لەسەر کڕینی نەوتی ئێران، هەڕەشەی سەربازیی، شکاتکردن لە شورای ئەمنییەت‌و دادگای لاهای، هەروەها پەیوەندییکردن بە هێزە بەرژەوەندیی لێدراوەکان‌و چینە وابەستەو پیاوەکانی لەناوخۆی ئێران وەڵامدرایەوەو بۆ پوچەڵکردنەوەی هەنگاوەکانی موسەدیق کەوتنە پیلانگێڕان.[3]

دەوڵەتی شورەوییش کە هەر لەبنەڕەتەوە لەگەڵ مەسەلەی خۆماڵیکردنی نەوتدا نەبوو. چونکە بە پیادەکردنی بڕیارێکی وا دەرفەتێکیان لە دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتی باکووردا بۆ نەدەمایەوە، لەم قۆناغەدا هەلپەرستانە جووڵانەوەو لە گشت لایەکەوە لە پەی ئەوەدابوون کە مەسەلەی بەرەنگاربونەوەی وەختی ئێران و بەریتانیا بۆ

---

([1]) هـ. س، بەشی ٤و٥.

([2]) أحمد و مراد، س. پ، ل١٨٢.

([3]) آوری،س. پ، ل ل٣٧٢-٣٨٢.

بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بقۆزنەوە کە خۆی لە لێدانی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی بەریتانیا لە باشووری ئێران‌و کەنداوی فارس دەبینییەوە، جگەلە پێشاندانی بزوتنەوەی کلێپەسەندووی نیشتمانیی ئێرانیی وەك شۆڕێکی ڕاستەقینەی دژی ئیمپریالیستیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و هەوڵدان بۆ پتەوکردنی هێزە کۆمۆنیستەکانی ئێران بەتایبەت حیزبی تودەو هاندانیان بۆ خۆکوتانە سەر شانۆی سیاسیی‌و بەرزکردنەوەی دروشمی کۆماری دیموکراتیکی گەلیی‌و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی گەر دەرفەتی گونجاو هاتەپێش. هەربۆیە وێڕای گرتنەبەری سیاسەتی بێ لایەنیی حکومەتەکەی موسەدیق سەبارەت بە ململانێی دوو جەمسەرەکەی جەنگی سارد، شورەویی ئامادەیی پێشان نەدا دەستی هاوکاریی بۆ موسەدیق درێژ بکات‌و ئاسەواری ئەو گەمارۆ ئابورییەی لەسەر کەمبکاتەوە، جا چ بە کڕینی نەوتی ئێرانیی‌و یارمەتیی ماڵیی، یاخود بە گێڕانەوەی ئەو بڕە زێڕە ئێرانییەی کە لە شورەویی بوو، لەراستییدا، شورەویی چاوەڕوانیی ئەوەی دەکرد کە زۆر نابا هاوکێشەی ململانێیەکە موسەدیق و بەرەی نیشتمانیی ناچار دەکات جگە لە یەکێتیی شورەویی پەناگەیەکی تریان نەمێنێ ڕووی تێبکەن.(1)

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەو فەزا ئازادەیە کە قۆناغی حوکمڕانییەتی موسەدیقی پێ جیادەکرێتەوە، بەجۆرێك تێکڕای ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران بەوپەڕی ئازادییەوە چالاکیی سیاسیی‌و ڕێکخراوەیی‌و ڕاگەیاندنی خۆیان ئەنجامدەدا. موسەدیق کە بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵك‌و ڕێکخراوو حیزبە سیاسییەکانی بەرەی نیشتمانیی هاتبووە سەرکار، دابینکردنی ئەو ئازادییەی بە فاکتەری سەرەکیی مانەوەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەقەڵەم دەدا. ئەوەندە هەیە کە هەرێمە دووردەستەکانی ئێران تاڕادەیەکی زۆر لەو فەزا ئازادە بێبەشبوون کە تارانی پایتەختی گرتبۆوە، چونکە فەرماندەکانی ئەرتەش و کارمەندە ئیدارییە شاپەرستەکانی دەوڵەتیی لەو هەرێمانە بە ئارەزووی خۆیان خەڵکیان لێ دەخوریی. لەراستییدا، کوردستانی ئێران یەکێك بوو لەو هەرێمانەی کە لەم قۆناغەدا هێشتا یاسای زەمانی جەنگی تێدا هەڵنەوەشێنرابووەوە.

---

(1) جمعی از نویسندگان، انقلاب اسلامیو چراییو چگونگی رخداد آن، چاپ أول، قم، ١٣٧٨، ص٦٥-٦٦.

حیزبی تودەی ئێران کە پێشتر لەلایەن شاوە وەك حیزبێکی نایاسایی ڕاگەیەندراو بەشێکی بەرچاوی رابەرو ئەندامەکانی لە زیندانەکاندا گیرابوون، لەسەردەمی حکومەتی ڕەزم ئارادا توانی ١١ نەفەر لە سەرکردە زیندانییەکانی بە هاوکاریی ڕێکخراوی نهێنیی خۆی لەناو پۆلیسی ئێراندا لە زیندان بێنێتەدەر.[١] هەروەها لەگەڵ هاتنەسەرکاری موسەدیق و پەرەسەندنی خەباتی دژی کۆلۆنیالیی، حیزبی تودە سودی لەو ئازادییە ڕەخساوە وەرگرت و ڕیزەکانی خۆی ڕێکخستەوەو لەم قۆناغەدا زیاتر ڕێنمایی لە ئۆردوگای سۆسیالیستیی و خەبات دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و چینە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆی کردبووە کرۆکی بەرنامەکانی. هەربۆیە زۆرینەی هەوڵەکانی خۆی بۆ بەهێزکردنی جووڵانەوەی کرێکاران و دامەزراندنی سەندیکا کرێکاریی و وەرزێرییەکان تەرخانکردبوو.[٢] سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی تودە لەمەڕ جووڵانەوەی نیشتمانیی دیموکراتیی و رژێمی سەڵتەنەتیی، نادیارو تەماوی بوو. یان ڕاستر بڵێین هەڵوێستێکی سەرلێشێواوانەبوو. چونکە ئەوان بێئەوەی ناسکیی قۆناغەکە لەبەرچاو بگرن و ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ئێراندا لەسایەی دەسەڵاتی بەرەی نیشتمانیدا ڕوویدابوو بەشێوەیەکی واقیعبینانە هەڵسەنگێنن، بێئەوەی حیسابێك بۆ ئەو پشتگیریە جەماوەرییە مەزنەی هەنگاوەکانی دیموکراتیزەکردنی ئێران و خەباتی دژی کۆلۆنیالیی موسەدیق بکەن. چاوی خۆیان لە ئاستی راستیی مەسەلەکاندا دەچوقاندو دژی بەرەی نیشتمانیی و حکومەتی موسەدیق تەبلیغاتیان دەکردو بە خەڵك چەواشەکەرو دەسکەلای دەستی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایان نێوزەد دەکرد.[٣]

لەراستییدا، هەر ئەو بۆچوونە چەوت و ناواقیعییە بوو کە حیزبی تودەی والێکرد تا دواساتی حوکمڕانییەتی موسەدیق بەدژیی بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتیی بجوڵێنەوەو وەك چۆن لێڕاهاتبوون فرسەتێکی گەورەو گرنگی دی بۆ چەسپاندنی

---

(١) ڕاکردووەکان بریتییبوون لە (دکتور بقراطی، مهندس علوی، کیانوری، شاندرمنی، دکتور جوادی، صمد حکیمی، خسرو روزبە، دکتور یزدی، نوشین، احمد قاسمی، قبادی) کە لەکاتی خۆیدا دەنگۆکە واکەوتبوو گوایە ڕەزم آرا بۆ راکێشانی سەرنجی شورەوی ئەم دەرفەتەی داونێ. بڕوانە: آوری، س. پ، ل٤٠٠.

(٢) هـ. س، ل٣٨٥-٣٨٦.

(٣) قاسملو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێیەم، ل٣٦-٣٧.

ڕژێمێکی دیموکراتیی لەکیس خۆیان و گەلانی ئێران بدەن و دەرفەتێکی گەورە بۆ چینە کۆنەپەرستەکان و دەربارو ئیمپریالیزم بڕەخسێننەوە کە گورزی کوشندە لە جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی ئێران بوەشێنن و ڕەوتی مێژوو بە خواست و قازانجی خۆیان ئاراستە بکەن.

بەپێی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیگەی لەنێوان جووڵانەوەی نەتەوەیی و دیموکراتی گەلی کوردستان و جووڵانەوەی دیموکراتخوازی سەرتاسەریی ئێرانییدا هەیە، بەجۆرێك هەر گۆڕانێکی سیاسیی لە ئێراندا ڕووبدا، ڕاستەوخۆ لەسەر کوردستانی ئێران کاریگەر دەبێ. یان بە شێوەیەکی وردتر هەرکاتێك لە ناوەند بزوتنەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی پاشەکشە بە ملهوریی و دیکتاتۆرییەت بکات و لە مەیدانی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی وڵاتدا هەنگاو هەڵبنێ، دەرفەتێکی لەبار بۆ ئازادییخوازانی کوردستان دەڕەخسێت تا بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتیی و دیموکراتییەکان تێبکۆشن، بەپێچەوانەشەوە چ کاتێك لە ناوەند دیکتاتۆریی باڵادەستبێت، ئەوەندە زیاتر دەزگا سەرکوتکەرە ئێرانییەکان فشارو مەودای ستەمیان بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرینتر کردووەو دەرفەتی هەڵسوڕانی ئازادییخوازانەیان لەبەردەم تەسك کردونەتەوە. ئەو دیکتاتۆرییەی لەم قۆناغەدا بۆ چەسپاندنی پایەکانی دەسەڵاتی هەمیشە ئامادەبووە بەدژی قازانجی گەلانی ئێران خۆبهاوێتە باوەشی دەوڵەتە بێگانەکان و ئیمپریالیزمی بەریتانیی و دواتر ئەمەریکاوە. هەربۆیە ئاسایی دێتە بەرچاو، کە لەگەڵ پەرەگرتنی بزوتنەوەی میللییکردنی نەوت و هەنگاوەکانی موسەدیق بۆ کزکردنی دەسەڵاتی دەربارو دیموکراتیزەکردنی ئێران. ئازادییخوازانی کوردستان دەست بە چالاکیی سیاسیی و دیموکراتیی خۆیان بکەنەوە بەجۆرێك زۆری نەخایاند کوردستانی ئێران بووە یەکێك لە شۆڕگێڕترین هەرێمەکانی وڵات. هەروەها نابێ ئەوە لەبیر بکرێت وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە کە کوردستان پریشکێکی کەمی لەو شەپۆلە دیموکراتییە سەرتاسەرییە بەرکەوت کە لە تاران پاشاکشەی بە دیکتاتۆریی کردبوو، چونکە کاربەدەستە ئیداریی و فەرماندە باڵاکانی ئەرتەش و دەزگا سەرکوتکەرە ناوخۆییەکان لە کوردستاندا تێکڕا لە کەسایەتییە شاپەرست و دیکتاتۆرییخوازەکان پێکدەهاتن، ئەوانەی بە توندیی دژی هەر چالاکییەکی ئازادییخوازانە هەڵوێستیان وەردەگرت و بۆ پاراستنی

ئایندەی پلەو پایەو بەرژەوەندییەکانیان لە ئەنجامدانی هەر تاوانێك دەستیان نەدەگێڕاوە.

بەهەرحاڵ، دوای تەواوبونی حوکمی هەندێك لەو سیاسەتکارە کوردانەی کە لەساڵی ۱۹٤۹دا وەبەر پەلامارەکەی ڕژێم کەوتبوون و گەڕانەوەی هەندێك لە دوورخراوەکانیان بۆ کوردستان لەپاش هاتنەسەرکاری حکومەتی موسەدیق، کۆمیتەی مەهابادی ح. د. ك لەلاین (ڕەحیم خەرازی، عەزیز حیسامی، غەنی بلوریان، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، کەریم وەیسی، ڕەحیم سوڵتانیان، عەزیز یوسفیو سەدیق خاتەمی)یەوە دامەزرێنرایەوەو کەوتە پەیوەندیکردن بە کۆمیتەکانی سەقز، سەردەشت، نەغەدەو ژمارەیکی دی لە کۆمیتەی گوندەکانی ناوچەی موکریان کە لە شاڵاوی ۱۹٤۹دا زیانیان پێ نەکەوتبوو. بەمچەشنە، سەرلەنوێ تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستپێکردەوەو بەشێوەیەکی نیوەنهێنیی و نیوەئاشکرا دەچووبەڕێوەو یەکەمین تاقیکردنەوەی خۆی ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بوو کە لە بۆنەی دەرچوونی بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتدا لە ۱ی ئایاری ۱۹٥۱داو لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ئەنجامدرا.[1]

یەکێك لەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە وەزعی کارمەندە کوردەکانی دەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەتی لە شاری مەهابادا لە بەرواری ۲۰ی ئابی ۱۹٥۱دا بۆ دەزگا جاسووسییەکانی حکومەت بەرزکراوەتەوە نووسیویە ((لە مەهاباد کارمەندە کوردەکانی دەزگاکانی دارایی، دوخانیە، دادوەری... کە پێشتر لە سەردەمی قازیی محەمەددا کاریان دەکردو تاکو ئێستاش لەشوێنی خۆیان ماون، ئەمانە تێکڕا خوازیاری سەربەخۆیی کوردستانن... ئەوەی سەرنج ڕاکێشە بارودۆخی فەرهەنگیی کوردستانە چونکە مامۆستاکانی خوێندنگاکانی مەهاباد، سەردەشت، بۆکان کە پێشتر لایەنگری قازیی محەمەد بوون، حاڵی حازر لەنێو خوێندکاراندا هەر خەریکی تەبلیغات و قسەکردنن. تەنانەت بە زمانی کوردیی لە پۆلدا وانەکانیان دەبێژن و بەگشتیی لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون بە زمانی فارسیی نەئاخافن، مەسەلەیکی وا بۆتە کەوتنەوەی قسەو قسەلۆکێکی زۆر لە شاری

---

(۱) بلوریان، س. پ، ل ل۱۰۷-۱۱۲.

**مەهاباددا‌و ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە لە ناوچەکە دوورنەخرێنەوە زیانێکی وا بە دەوڵەت دەکەوێت کە قەرەبوو ناکرێتەوە.))[1]**

**لەراستییدا، سەرەڕای لەباربونی هەلومەرجی کاری نەتەوایەتیی و پەرەسەندنی ئەندامانی (ح.د.ك)و ئامادەیی جەماوەر بۆ تێکۆشان و قوربانیدان، هەروەك بلوریان دەڵێت: ((دەتوانم بە راشکاوی بڵێم ئەوە خەڵکەکە بوو کە بە لایەنگری کردن لە حیزب بەو ئیمانە یارمەتی‌یان پێدەکردین، ئێمە تەنانەت بۆ هێنان و بردنی نامەو ڕۆژنامەش بۆ شارەکانی لەو خەڵکەمان کەڵك وەردەگرت و ئەوان بەپارەی خۆیان و بەنهێنی ئەو کارەیان بۆ دەکردین))،[2] کەچی ڕێبەرانی ئەم قۆناغەی حیزب نەیانتوانی ئەو دەرفەتە بۆ بەهێزکردنەوەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی لە کوردستان بقۆزنەوەو لەبەر فەزای دژی ئیمپریالیستیی‌و پەرەسەندنی جەماوەری بەرەی نشیتمانیی‌و موسەدیق لەلایەکەوەو، بەهۆی بێبڕوایی ڕێبەرانی حیزب بە تواناو لێهاتوویی خۆیان‌و بادانەوەی زیاد لە پێویستیان بەلای چەپگەرییدا لەلایەکی دییەوە، تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا پشتگوێخراو لەم قۆناغەدا حیزبی دیموکرات کە تاقە ڕێکخراوی سیاسیی رەسەن بوو لە کوردستانی ئێراندا تەنیا دروشمێکی نەتەوەییشی بەرزنەکردەوە.**

**بلوریان بەم جۆرە بیانو بۆ پشتگوێخستنی خەباتی نەتەوەیی دەهێنێتەوە: ((ئێمە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەساڵی ١٣٣٠ – ١٩٥١دا هەستمان کرد بۆ هەڵسوڕاندنی حیزب کاڵ و ساواین و پێویستمان بە یارمەتی هەیەو دەبێ گەشە بە زانیارییەکانی تیئوری‌مان بدەین، بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە، بەپێی نزیکایەتی پێشووی حیزب لەگەڵ (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) من ڕەحیمی سوڵتانیان و ڕەحیمی خەرازی دیاریکراین بەنێوی لیژنەی نوێنەرانی حیزبی دیموکرات بچین بۆ تەورێزو داوا لە ڕێبەرانی فیرقە بکەین لەباری تیئۆرییەوە یارمەتی‌مان پێ بکات.))[3] لەراستییدا فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە دوای ڕووخاندنی حکومەتی**

---

(1) چپ در ایران، شماره: ١٦٧٠، موضوع، وضعیت ادارات دولتی مهاباد، تأریخ: ٣٠/٥/٢٨ ص٨-٩.

(2) بلوریان، س. پ، ل١١١.

(3) هـ. س، ل١١٢.

**ئازەربایجان و ئەو ئاشبەتاڵە ئابڕووبەرانەیەی بەسەریهاتو ڕێبەرانی بەرەو شورەویی هەڵاتن، بنکەی جەماوەریی خۆی وا لەدەست دابوو کە هیچ کاتێك خۆی نەگرتەوە. زۆربەی کاتیش کوردستان لەڕووی ناڕەزایی جەماوەریی‌و ئامادەیی دژایەتیی دەسەڵاتی ناوەندییەوە لەپێش ئازەربایجانەوە بووە. لەبەرئەوە فیرقەی ئازەربایجان کە بۆ خۆی شتێکی ئەوتۆی نەبوو، هیچیشی بۆ ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و پێشخستنیان لەڕووی (تیئوری)یەوە پێنەکرا.**

**ڕێبەرانی (ح.د.ك) پاش نائومێدبوونیان لە فیرقە، ئینجا بەرەو حیزبی تودە کشان، ئەو حیزبی تودەیەی کە پێشتر ئامادەنەبوو دەستی هاوکارییان بۆ درێژبکات، ئەمجارەیان هەلی کاڵیی‌و بێبڕوایی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی قۆزتەوەو بۆ نفوز پەیداکردن لە کوردستانی ئێراندا کەوتەکار. لەراستییدا، سەرەتای پەیوەندییەکانی هەردوولا لەڕێگای "صارم الدینی صادق وەزیری" خەڵکی سنەو دانیشتووی تاران‌و وەکیلی پایەی یەکی دادوەریی‌و بەهۆی "سەدیقی ئەنجیری ئازەر" کارمەندی ئەوکاتی باڵای ئیدارەی فەرهەنگ لە تاران، ئەنجامدران تا دواتر لە بەهاری ١٩٥٣دا حیزبی تودە چوار کادری پلە دووی خۆی ناردە کوردستان بەناوی (عەبدولڕحمانی قاسملۆ[1]، بهنام، ئیحسانوڵڵا و**

---

**([1]) عەبدولڕەحمانی قاسملو کوڕی محەمەد ئاغای وسوقە ساڵی ١٩٣٠ لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو نیشتمانپەروەری کورد لە شاری ورمێ هاتۆتە دنیاوە، باوکی یەکێك بووە لەو گەورە پیاوە کوردانەی کە لە یەکەم وەفدی سەردانی باکۆدا پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەشدار بووە، قاسملو لەسەردەمی کۆماردا ئەندامی لاوانی دیموکراتی فیرقەی ئازەربایجان بووە، دوای ڕوخاندنی کۆمار چۆتە فەرەنساو لەساڵی ١٩٤٩دا سەردانی چیکسلۆڤاکیای کردووەو لیسانسی لە بەشی ئابووری لە براغ وەرگرتووە، ئەندامێکی چالاکی حیزبی تودە بووەو لە دەورانی حاکمییەتی موسەددەق دا هاتۆتەوە ئێران و بۆتە بەرپرسی یەکەمی پەیوەندیی حیزبی تودەو حیزبی دیموکراتی کوردستان کە دواتر فیرقەی ئازەربایجانیشی پێوەگرێدراو بەناوی کۆمیتەی (کاك) ناسرا، دوای کودەتای ١٩ی ئاب و لاچوونی موسەدیق گەڕاوەتەوە ئەورووپاو هەستی بە هەڵەکانی حیزبی تودە کردووەو پەیوەندی پتەوتری لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا بەست، قاسملو جگە لەوەی ساڵانی شەستەکانی بۆ خۆپێگەیاندنی‌زانستیی قۆزتەوەو بڕوانامەی دکتۆرای لە ئابووریی کوردستاندا بەدەست هێنا. پەیوەندییەکان و گەیشتنی هزریشی لەم ساڵانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد، بەتایبەتی پەیوەندیی بە سۆسیال دیموکراتەکان، ڕەخنەگرتنی لە دوگماتیزمی ڕژێمە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات. د. قاسملو لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا توانی بناغەیەکی ڕێکخراوەیی‌و ڕێبازێکی دیموکراتی پێشکەتووخوازانە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران فراهەم بکات و لەوکاتەوە کە ساڵی ١٩٧٣یە تا تیرۆرکردنی لەسەردەستی پیاوکوژەکانی ئیتلاعاتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لەساڵی ١٩٨٩دا وەك سکرتێری گشتیی‌و ڕابەرێکی کەم هاوتای حیزبی دیموکراتی کوردستان**

جەوهەری) بەمەبەستی بارهێنانی ڕێبەران و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبیری چەپی تودەیی‌و بنیاتنان‌و ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی شانەکان‌و کۆمیتەکانی حیزبی دیموکرات.[1]

سەبارەت بە چۆنایەتیی‌و ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حیزبی تودەو دیموکرات، بلوریان نووسیویە: "وەك دوو حیزبی پێشکەوتووخواز لەمەڕ دروشمە هاوبەشە سەرانسەرییەکانمان دژی ڕژێم هاوکاری بکەین."[2] ئەم وتەیەی بلوریان ئەوە دەگەیەنێت کە حیزبی تودەی ئێران حیزبی دیموکراتی وەك حیزبێکی نەتەوەیی کوردستانیی سەربەخۆ ناسیوەو تەنیا پەیوەندییەکە لە بورای دروشمە سەرانسیەرییەکان‌و هاوکاریی دژی ڕژێم خۆی بینیوەتەوە. وتەیەکی وا کە پێچەوانەی ڕاستیی ڕووداوەکان و سەرچاوە مێژووییە نووسراوەکانە.

عەبدولڕەحمانی قاسملو، کە لەم قۆناغەدا وەك تودەییەك ڕەسمییەتی بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حیزبی تودەو دیموکرات بەخشی‌و یەکەم نوێنەرانی ڕاستەوخۆی حیزبی تودە بوو لە کوردستان دەڵێت: "بەڕێوەبەری حیزبی تودە ئەوکاتە لەو بڕوایەدا بوو کە هەم لەباری تەشکیلاتی‌و هەم لەباری سیاسییەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات لە کوردستان دەبێ بەگشتی پەیڕەوی بەڕێوەبەری حیزبی تودە بن، لەراستییدا بەشێك بن لە تەشکیلاتی حیزبی تودە، بەڵام ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بپارێزن و هەر بەو ناوەش درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن کە بە کردەوەش هەروای لێ هات"[3]

ئەم قسەیەی قاسملو ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لە پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی تودەو دیموکراتدا، (ح.د.ك) لەڕووی سیاسیی‌و ڕێکخراوەییەوە هەموو سەربەخۆییەکی خۆی

---

سەرکەوتووانە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کوردی لە ئێران ڕابەرایەتیی کردووە. بڕوانە پێشەکییەکەی د. عزالدين مصطفى رسول لە: قاسملو، عبدالرحمن، أربعون عاما من الكفاح من أجل الحرية، ترجمة وتقديم وهوامش: الدكتور عزالدين مصطفى رسول، أربيل، ١٩٩١، ص٣-١٤.

([1]) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٨٣.

([2]) بلوریان، س. پ، ل١١١.

([3]) قاسملو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێیەم، ل١٧.

لەدەستداوەو بە پراکتیك بۆتە شاخەی حیزبی تودە لە کوردستان، بەڵام لەژێر ناوی ح. د. ك دا. دیارە حیزبی تودە دەمێك بوو درکی بەو ڕاستییە کردبوو کە لەبەر زۆر هۆ ناتوانێت لە کوردستاندا هەڵسوڕێت‌و بنکەی جەماوەریی پێکەوەنێت. لەبەرئەوە دەیویست لەم ڕووەوە سوود لەو ناوبانگ‌و پێشینە جەماوەرییەی کە پێشەوا قازیی محەمەد بۆ حیزبی دیموکراتی جێهێشتبوو، وەربگرێت و خۆبخزێنێتە ناو جەماوەری کوردستان. هەربۆیە لەکاتێکدا کۆمەڵێك ئەندامانی بێبڕواو کەمئەزمونی حیزبی دیموکرات پێشنیازی گۆڕینی ناوی حیزبەکەیاندا بە ڕێبەرانی تودە، ئەوان مەسەلەیەکی وایان ڕەتکردەوە.[1] نەك لەبەر خاتری کوردو چاوی کاڵی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات، بەڵکو لەبەرخاتری بەرژەوەندیی‌و تاکتیکە سیاسییەکانی خۆیان، چونکە حیزبی تودە بە نەمانی ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو ئەسپی تەڕوادەیەی لەکیس دەچوو کە بەهۆیەوە دەیتوانی سیاسەتەکانی خۆی لە کوردستاندا بڵاوبکاتەوە، ئەو سیاسەتانەی کە نەك هەر سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی لە ئێران و کێشەی کورد تەماویی‌و ناشۆڕگێڕانە بوو، بەڵکو سەبارەت بە مەسەلە ئێرانییەکانیش ترسنۆك و چەواشەکرانە بوو. چونکە لە دوو سەرچاوەی لێڵەوە هەڵدەقوڵا، یەکەمیان کورتبینیی تیۆری ئایدۆلۆژیی‌و عەقڵیەتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتیی حیزبایەتیی، دووەمیشیان بانگەشەو لایەنگریی کوێرانە لە بەرژەوەندیی‌و سیاسەتەکانی یەکێتیی شورەویی‌و بلۆکی سۆسیالیزم.

حیسامی، لەم بارەیەوە نموونەیەکی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت:"کاتێك قونسلخانەی ئینگلیز لە خوزستان بەستراو ئاڵای ئێران لە ساختومانی شیرکەتی نەوت هەڵکرا لە سەرانسەریی ئێران تیلگرافی پشتیوانی بۆ مصدق لێ دەدرا، منیش لە نەغەدە تیلگرافێکی پشتیوانی‌و پیرۆزباییم بۆ دکتۆر مصدق نارد... پاش ماوەیەك لە مەهاباد نامەیەکم بۆهات نوسرابوو برادەرانی سەرو(دیارە مەبەست حیزبی تودە بوو) لە تیلگرافی پیرۆزبایی تۆ ڕەخنەیان گرتوە، ئەوان دەڵێن: حسامی کەسێکی ناسراوە. تیلگرافی پشتیوانی ئەو دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵك حکومەتی مصدقیان پێ باش بێ"[2]

---

(1) هێمن، س. پ، ل٣١.

(2) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل١٨٦-١٨٧.

هەروەها سەبارەت بە تودەییبوونی ڕێبەرانی ح. د. ك و کاریگەریی نەرێیی لەسەر تێکۆشانی نەتەوەیی لەو قۆناغەدا حیسامی نووسیویە "ئێمە بەناوی حیزبی دیموکرات کارو تەبلیغاتمان دەکرد، بەڵام لە واقیع دا وەك بەشێك لە ڕێکخراوی حیزبی تودەی ئێران بووین. بەتایبەتی کادری بەڕێوەبەری خۆیان بە تودەیی دەزانی، برادەرانمان بە تاوانی تودەیی دەگیران... خەباتی نەتەوایەتیی، تەبلیغات بۆ مەسەلەی کورد یا وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتیی، هەرباس نەدەکرا، ئەساس و بناغەی تێکۆشانمان لەسەر خەباتی چینایەتیی دامەزرابوو. بەهیچ جۆر سەرەڕای ئەو هەموو ئیمکانەتە بیرێك لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی نەدەکراوە. ڕێبەرایەتیی حیزبی تودە باسی مەسەلەی نەتەاویەتییان جارێکیش نەهێنا گۆڕێ."[1] هەروەها لەشوێنێکی تردا جارێکی دی حیسامی ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووەو دەڵێت:" ڕاستە لەنێو خەڵك تێکۆشان بەناوی حیزبی دیموکرات بوو، بەڵام هیچ بەرنامەو سیاسەتێکی نەتەوایەتیی و کوردستانیمان نەبوو. دەستورات و ئەوامیری حیزبی تودە دەهاتن و بەگوێرەی ئەوان تێکۆشان بەڕێوەدەچوو.))[2]

سەعید کاوە (سەعیدی پیشنومان)، کە ئەوسا لاوێکی چواردەساڵە بوو، لە نەغەدە لەلای کەریمی حیسامی کاری ڕۆژنامەفرۆشیی دەکردو ڕۆژ نەبوو لەسەر فرۆشتنی ڕۆژنامەکانی حیزبی تودە وەك (بسوی ایندە، شهباز، چلنگر، نویدی ایندە و صبح امید) لەلایەن ژاندارمەوە ڕەپێ نەنرێ و تێهەڵدان نەخوا، لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "باشم لەبیرە، ئەو ئازادییەی کە بۆ خەڵکی ئێران ڕەخسابوو ئەگەر کورد توانی بای کەڵکی لێ وەربگرێ سەردەمێکی بێ وێنە بوو... ئەو دوو ساڵانە بە گورجی تێ پەڕین بێ ئەوەی لەو خەبات و بەربەرەکانییە دەستکەوتێکی بەرچاو وەدەست هاتبێ...لەبیرمە لە کۆبونەوەی کادرو مەسئولاندا کاتێ مەسەلەیەك دەهاتە پێش بیریحیزبی تودە بەسەر هەست و مێشکی کوردە سیاسییەکاندا زاڵ بوو، بە زاهیر ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، بەڵام مەسەلەی میللیی و ڕزگاربوونی کورد هەرباسیشی لێ نەدەکرا... تەنیا شتێکی کە زۆر بەرچاو بوو و بردبوویانە مێشکمانەوەو وەك ئازادی باسی دەکرا

---

([1]) هـ. س، ل١٦٤.

([2]) هـ،س، ل١٨٦.

ئازادی ئێران و هێنانه سەرکاری حکومەتی دیموکراتی بوو، کە ئەویش دروشمی حیزبی تودەی ئێران بوو بۆ دامەرزاندنی حکومەتی تودەیی.))[1]

لەراستییدا، لەبیرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی بەو شێوەیە لەلایەن ڕێبەرانی ئەو دەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوەو لایەنگریی کوێرانەو چوونەژێر کاریگەریی بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای حیزبی تودەوەو دانەنانی سنوورو ڕێوشوێنێك بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەتەنیا کاریگەرییەکی سنەرێیی لەسەر جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەو قۆناغەدا جێنەهێلا، بەڵکو وەك پەتایەکی درێژخایەن ئاسەواری خۆی لەسەر جووڵانەوەکەو خودی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەجێهێشت، بەجۆرێك هەر ناکۆکییو دووبەرەکییو پەرتبوونێکی دواتر لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتدا سەری هەڵداوە، ماکەکەی بۆ پەیوەندیی نابەرابەریی نێوان حیزبی تودەو حیزبی دیموکراتدا لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە کە تێیدا بەشێکی بەرچاوی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بە بیری شێواوی ئێرانچییو چەپگەریی دوور لە نەتەوایەتیی گۆشکران. جگەلەوەی حیزبی تودە بەدرێژایی تەمەنی خۆیو لەم ساتەوە هەروەك شاخەیەکی خۆی لە کوردستان مامەڵەی لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا کردووەو ئامادەنەبووە چ کاتێك دان بەسەربەخۆیی ح. د.ك بنێت. مەسەلەیەکی وا کە تا ڕادەیەکی زۆر بە زیانی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد و جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی لە ئێران ڕاوەستاوەو هەموو کاتێك بە قازانجی هێزە دژی گەلییو دیکتاتۆرەکاندا شکاوەتەوە.

هەرچۆنێك بێت، بەرزنەکردنەوەی دروشمی نەتەوایەتیی لەم قۆناغەوە حاکمییەتی موسەدیق دا ئەوە ناگەیەنێت کە جەماوەری کورد دوورەپەرێز وەستابێت لەو گۆڕانکارییانەی کە لە تاران ڕوویانداو جووڵانەوەی دیموکراتییو دژی ئیمپریالیستیی سەرتاسەرییبیان پێ بەهێزتر دەبوو. پێویستە بوترێت کە بێزاریی لە ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهەلەوییو ستەمو توندوتیژیی فەرماندەکانی ئەرتەش و دامودەزگا سەرکوتکەرو بەرتیلخۆرە شاپەرستەکانی ئێرانیی لە کوردستان هێندە بەتین بوو، جەماوەری گەلی کورد چاوپۆشییان لە هەڵوێستی نەرێیی حکومەتی بەرەی نیشتمانیی

---

(1) کاوە، سعید، ئاوڕێك لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، ب، ش، ١٩٩٦، ل١٩.

سەبارەت بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی غەیرەفارس دەکردو لە هەنگاوە دیموکراتییە سەرەتاییەکانی موسەدیق، بەتایبەتی لاوازکردنی دەربارو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەرتەش لە بەڕێوەبردنی وڵاتو لێدانی پایە سیاسییو کۆمەڵایەتییو ئابوورییەکانی ئیمپریالیزمی بەریتانیی لە ئێراندا، لایەنگرییەکی کەم هاوتای حکومەتی موسەدیق بوون. بەڕادەیەکی وا کە بەشێکی بەرچاوی ڕۆشنبیرانی کورد، ئەوانەی ئامادەنەبوون لەگەڵ حیزبی تودەدا کاربکەن، لەناو بەرەی نیشتمانییدا شوێنی تایبەتی خۆیان هەبوو.[1] بۆنموونە "دکتور کەریم سنجابی" کە کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری کوردی ناوداربوو، نەك هەر ئەندامێکی بەرزی بەرەی نیشتمانیی بوو، بەڵکو لە حکومەتەکەی مووسەدەقیشدا بەشدار بوو.[2]

ئەو ڕاستییەی لێرەدا پێویستە لەبیرنەکرێت ئەوەیە، کە کوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا بووە جێگای کارو هەڵسوڕانی لایەنگرانی بەرەی نیشتمانیی، دەربارو سەڵتەنەت تەڵەبەکان،هەروەها حیزبی تودە. هەریەکە لەمانە لە پەی ڕاکێشانی بەشێکی زیاتری چینو توێژەکانی گەلی کوردستان بوون تاکو بنکەی جەماوەرییان دژی نەیارەکانییان قایمتر بکەن. بۆنموونە لەشاری مەهاباد روکنی ٢ی تیپی مەهاباد کە لایەنگری دەربار بوون، بەمەبەستی دژایەتییکردنی نفوزی پەرەسەندووی حیزبی دیموکراتی کوردستانو جەماوەر لێ سڵەماندنەوەیان، حیزبێکی لە ژمارەیەك سەیدو کۆلکە مەلا بەناوی (حیزبی سادات) پێکهێنابوو، لایەنگرانی ئەم حیزبە هەر شەوەی لەماڵێکی سەربەخۆیان

---

([1]) گوتام بەم شێوەیەی خوارەوە مەسەلەکە شی دەکاتەوە ((کاتێك بەرەی نشیتمانییو حکومەتی موسەدیق لەسەرکار بوون ژمارەیەك لە سەرکردە ناودارەکانی کورد بوون، بەڵام ئەمانە ئێرانچیی بوونو کوردایەتییان نەدەکرد، لەڕاستییدا ئەوەش نموونەیە بۆ ئەوەی کە ڕۆشنبیرانی ئێرانچیی کورد دوای ڕووخاندنی مەهاباد (مەبەستی کۆمارە – ل) و چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندییو لەسێدارەدانی سەرکردەکانی شوێنی خۆیان گرت، چونکە ژمارەیەکی زۆری لاوانی کورد چونە زانکۆکانی ئێرانییو هزری ئێرانییان فراوانبوو)) گوتام، س. پ، ل١١٨.

([2]) دکتور کەریم سنجابی (١٩٠٤ – ١٩٨٦) کوردێکی کرماشانییەو خوێندنی سەرەتاییو ناوەندییو دواناوەندیی لە شارەکانی قەسری شیرین و و کرماشان و تاران تەواو کردووە. ساڵی ١٩٢٨ چۆتە فەرانسەو دکتۆرای لە زانستی مافدا لە پاریس وەرگرتووە، لایەنگرو ڕابەرێکی بەرەی نیشتمانیی بووەو لە حکومەتەکەی موسەدیقدا پۆستی وەزیری ڕۆشنبیریی وەرگرت، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە حکومەتە کاتییەکەی بازرگاندا پۆستی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرت و دواتر لەترسی خومەینی رایکردە دەرەوەو لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد.

کۆبوونەوەو دوای کەمێك زیکرو تەلیلە، دەستیان بە پیاهەڵدان بە شان‌و باڵای ئەعلیحەزرەتی شاهەنشاهییدا دەکردو دەکەوتنە جنێودان بە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات‌و بە کافر و کۆمۆنیسیان بە خەڵك دەناساندن.[1]

لەشاری سنەش جگە لە کۆمیتەی ح. د. ك کە (ڕەحمەتی شەریعەتی) لێپرسراوی بوو، کابرایەك بەناوی (شێخ معتصم حسامی) حیزبێکی هەرێمی ئێرانچیی دامەزراندبوو بەناوی (حزب سعادت ملی) ئەم حیزبە خۆی بە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی وردەبۆرجوای شارو وەرزێرانی گوند دادەناو تاڕادەیەك جەماوەری خۆی هەبوو،[2] هەروەها ئاغاو موڵکدراەکانی سنەش بۆ پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانیان لە دەوری یەك گردببوونەوەو لەم پێناوەدا (ئایەتوڵڵا مەردوخ)یشیان دەگەڵ کەتبوو، ئەمانە لەلایەن دەربارو لەشکرەوە کارئاسانییان بۆ دەکراو یارمەتیدەکران.[3]

هەروەها لەشاری بانە خەڵکی چەندجارێك بە لایەنگریی حکومەتی موسەدیق خۆپیشاندانیان سازداو بە تەلەگرافناردن و مۆرکردنی مەزبەتە پشتگیریی‌و لایەنگریی خۆیان لە هەنگاوەکانی دکتۆر موسەدیق سەبارەت بە خۆماڵیکردنی نەوت‌و کورتکردنەوەی دەستی شا لە خۆهەڵقورتانە کاروباری دەوڵەتدا ڕاگەیاند.[4]

ئەگەر بڕوانینە شاری کرماشان لەم قۆناغەدا، دەبینین هەروەك پێشوو بەهۆی زاڵ بوونی هەستی مەزهەبیی‌و گیانی ئێرانچێتییان‌و لاوازیی گیانی نەتەوایەتییان، چ جۆرە چالاکییەکی نەتەوەیی لەم هەرێمە گرنگەی کوردستانی ئێراندا بەدی ناکرێت. دەربارو بەرەی نیشتمانیی هەریەکەیان نفوزی خۆی لە ناوچەی کرماشاندا هەبوو، جگەلە حیزبی تودە کە تا ڕادەیەکی زۆر توانیبووی کرێکارانی کوردی ئەم مەڵبەندە لە ریزەکانی خۆیدا

---

([1]) بلوریان، س. پ، ل، ١١٨.

([2]) شێخ معتصم کە دووەمین کوڕی شێخ حسام الدین نەقشبەندییە لەبەرواری ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٥٣دا بەناوی خۆی‌و ٥٠٠ ئەندامی حیزب ٤٠٠٠٠ مریدی نەقشبەندی تەلەگرافێکی ئاراستەی دەوڵەتی موسەدیق کردو پشتگیریی‌و لایەنگریی خۆی بۆ دووپات کردەوە، دکتۆر موسەدیقیش بەگەرمیی سوپاسی کردو بە نامەیەکی ئاشکرا وەڵامی دایەوە. بڕوانە: چپ در ایران، شمارە: ٣٣١/٨٠٢٦، موضوع: اظهارات شیخ معتصم حسامی، تأریخ ٤٢/٢/٢٨، ص١١٨-١١٩.

([3]) مؤمنی، حمید، دربارە مبارزات کردستان، چاپ دوم، انتشارات شباهنگ، ب، ج، بهار ١٣٥٨ ص٤٦-٤٧.

([4]) توکلی، س. پ، ل٢٣٠.

ڕێك بخات و ڕاستەوخۆ ڕێنمایی دەکردن، بۆ ئەوەی ڕێگە بدات ح. د. ك سەرپەرشتی هیچ شانەو کۆمیتەیەکی کرماشان بکات(١).

بەمچەشنە، کوردستانی ئێران لەم قۆناغە مێژووییەدا ببووە ناوەندێکی کێشمەکێش‌و چالاکیی‌و ململانێی هێزە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی سەرشانۆی سیاسیی وڵات بەتایبەتیی دەربار، بەرەی نیشتمانیی‌و حیزبی تودە، کە هەریەکەیان بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و چینایەتییەکەی کوردستان، هەوڵی گردکردنەوەی خەڵك و ئاراستەکردنیان دەدا بەمەبەستی پیادەکردنی سیاسەت و ئامانجەکانیان و دژایەتییکردنی نەیارەکاینان. خەباتی ئازادیخوازانەی جەماوەریی لە کوردستان بەجۆرێکی وا پەرەی سەندبوو کە لەدوای ڕوخاندنی کۆماری میللیی کوردستانەوە شتی وای بەخۆوە نەدیتبوو، بەتایبەت لە ناوچەی موکریان کە خەڵکی لە ئەنجامدانی ڕێپێوان و خۆپێشاندانی جەماوەریی دژی ئیمپریالیزم و بەشداریی چالاکیان لە هەڵبژارنەکانی خولی حەڤدەهەمی مەجلیس‌و دەنگدانیان بە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان، کەمتەرخەمیان نەکرد.(٢) جگە لەوە خەریك بوو خەباتی چینایەتیش لە کوردستان سەری لە قاوغەکەی دەردەهێناو تێکەڵ بە خەباتی دیموکراتخوازنە دەکرا. هەربۆیە لە قۆناغی حوکمڕانییەتی موسەدیق دا چەند ڕووداوی گرنگ و پڕبایەخ لە کوردستاندا قەومان کە دەتوانرێت لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێت:

---

(١) بلوریان، س. پ، ل١٢٢.

(٢) حیزبی تودە صارم الدین صادق وەزیری کە کوردێکی سنەیی بووە وەك نوێنەری مەهاباد کاندید کردو داوای لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد ڕای بۆ کۆبکەنەوە. جگە لە صارم خان، محەمەدی موکری بە نوێنەری بەرەی نیشتمانی، و حەسەنی ئیمامی (ئیمام جومعە)ی تاران پیاوی دەربار خۆیان کاندیدا کرد، شایەنی باسە سەرەڕای ئەوەی ٨٥٪ی خەڵکی مەهاباد دەنگیان بە صارم خان دا کەچی دوای گزیی‌و دەستێوەردانی ئەرتەش سەری ئیمام جومعەیان لە سندوقی هەڵبژاردن دەرهێنا . بڕوانە: بلوریان، س. پ، ل١٢٧-١٣٦، گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٧٩-٨٠.

### أ- راپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان[1] :

پێبەپێی پەرەسەندنی خەباتی بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتیی لە ئێران دژ بە ئیمپریالیزمی بەریتانییو لایەنگرانی لە دەربارو چینی دەرەبەگ و موڵکدارە شاپەرستەکان، ناڕەزایەتیی جووتیارانی کوردستانیش دژی زوڵمو زۆری سیستمی دەرەبەگایەتیی پەرەیدەگرت و ناکۆکییە چینایەتییەکان زەقتر خۆی دەنواندو لە دەرفەتێك دەگەڕا تێیدا بتەقێتەوە. بەتایبەت لەکاتێکدا باری ئابووریی وڵات تا دەهات دژوارتر دەبوو، بەشێکی جووتیارانی کوردستانیش هێدی هێدی چاویان دەکراوەو لەژێر کاریگەریی پەرەسەندنو بڵاوبوونەوەی بیری چەپو چالاکییە تەبلیغاتییەکانی کۆمیتە جووتیارییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا تا دەهات هۆشی چینایەتییان فراوانتر دەبوو.[2]

لەلایەکی ترەوە، ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی دوابەدوای ڕووخاندنی کۆماری میللیی کوردستان بایەخێکی تایبەتی بە قوڵکردنەوەی سیستمی دەرەبەگایەتیی لە کوردستانو ڕاکێشانی ئاغاو موڵکدارە گەورەکانی کورد بەلای خۆیدا دەدا. ئەوانەی تا دەهات زیاتر لەڕووی سیاسییو ئابوورییو ڕیزبەندیی چینایەتییەوە بە دەربارەوە گرێدەدران، بەجۆرێك زۆرینەی ئاغاو دەرەبەگەکانی کورد گوێڕایەڵیی تەوواوی فەرمایشتەکانی شا بوون و لەڕێگای بەرتیلدان و پەیوەندیی گومانلێکراویان بە دەزگا

---

[1] شاری بۆکان کە ئەوسا شارۆچکەیەکی خنجیلانە بوو، یەکێکە لە شارە سەوزو پڕدارەکانی موکریانو چۆمی تەتەهو بەناویدا تێدەپەڕێت. تەتەهو وشەیەکی کوردیی ڕەسەنەو بەمانای (ئەو جوانە) دێت، شارەکە ٣٠ کلم دەکەوێتە باکوری شاری سەقزەوەو ٦٥ کم یش لە باشوری ڕۆژهەڵاتی مەهابادەوەیە، زستانی ساردو بەفراویو درێژەو هاوینی تاڕادەیەك گەرمە. بڕوانە: کورد، س. پ، ل ل٣٣٣-٣٧٦" افخمی، ابراهیم، تأریخ فرهنگ و ادب مکریان، بوکان، انتشارات محمد، چاپ رضائی سقز،١٣٦٤. هەروەها بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣).

[2] هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان، لە کوردستانی عێراقیش لەژێر کاریگەریی ڕێکخراوە جوتیارییەکانی شاخەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقدا زنجیرەیەك ڕاپەڕینی جووتیاران قەومان لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥١-١٩٥٣دا کە سەرەتا لە گوندەکانی ناوچەی سلێمانییەوە دەستیپێکرد وەك: بانیخێڵان، دەرەدوێن، کویرەك، هورین و شێخان، عەربەت و وارماوەو بەرەو دەشتی هەلێرو دزەیی کشا، بۆ زیاتر:
بانیخێڵانی، ئەحمەد، بیرەوەرییەکانم، سوید، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ل٦٩-١٠٤.

کارگێڕیی‌و سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتەوە دەسەڵاتی بێ لێپرسینەوەیان بەسەر جووتیاران و دانیشتووانی گوندەکانیاندا هەبوو، کە گەلێك جار زۆر خراپ بەکاریان دەهێنا.

گادانی لەم بارەیەوە نووسیویە "ئاخر لەگەلێك ناوچە جووتیاران نە تەنیا خاوەنی ماڵ و مووچەو ئاژەڵی خۆیان نەبوون بەڵکو دەسەڵاتی خاوو خێزانیشیان کەوتبووە ژێر دەستی ئەرباب! لە هیندێك شوێنی وەك شارۆچکەی بۆکان پێوەندی ئاغاو ڕەعییەت بە رادەیەك زاڵمانە بوو کە خەڵك خاوەنی مڵك و دووکان و حەوش و خانووی خۆشیان نەبوون."(1)

هەروەها حیسامی لەژێر سەردێڕی "جنایەتی دەرەبەگی مامش" نووسیویە"ڕۆژێك کابرایەکی فەقیری خەڵکی (کێلی بەلەبان) هات و دەپاڕاوە.

—چی‌یە چیت لێ قەوماوە؟

—جا چیم لێ بقەڵمن! . کاك سمایلی ئاغای کیلی بەزۆری دەست درێژی بۆ کچەکەم کردوەو لە خانی شکایەتمان کردوە. کاك سمایلیان بردە خانی بەڵام هەر ئەو ڕۆژە هاتەوە"(2)

ئەم نموونەیەو چەندی دی کە مشتێك بوون لە خەروارێکی ستەم و تاوانی سیستمی دەرەبەگایەتیی لە کوردستانی ئێرانداو بەردەوامبوونی تا دەهات جووتیاری کوردی لە ئاغاو دەرەبەگ تیژ دەکرد، ئەو جووتیارانەی لەبەر لاوازیی هۆشی چینایەتییان لەلایەك، و لەترسی زۆرداریی ئاغاو دەسەڵاتی بێ لێپرسینەوەو پایەی بەهێزی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و سەرخانی سیستمی دەرەبەگایەتیی لە کوردستان لەلایەکی ترەوە پێشتر نەیاندەوێرا بە ئاشکرا سەنگەر لە ئاغا بگرن و خەم و ناسۆرەکاینان لە دڵدا دەپەستاوت.

لەراستییدا بڵاوبونەوەی بیری چەپ لە کوردستان و سووربونی حکومەتی موسەدیق بۆ چاکردنی وەزعی دژواری جووتیاران‌و لاوزاکردنی پایەی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی چینی دەرەبەگ لە سەرتاسەری ئێراندا، دەرفەتێکی لەباری بۆ جووتیارانی کوردستان ڕەخساند تاکو بەگژ زۆردارە چینایەتییەکانیاندا بچنەوە. وەك ئاشکرایە مەجلیس لەبەرواری ١١ی

---

(1) گادانی، ٥٠ساڵ خەبات، ل٨١.

(2) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل١٨٧.

ئابی ١٩٥٢دا یاسای ٢٠٪ی دکتۆر موسەدیقی پەسەند کرد، بەگوێرەی ئەم یاسایە، دوای ئەوەی ئاغاو موڵکدار موڵکانەی خۆیان لە جووتیار وەردەگرت، دەبووایە بڕی ٢٠٪ی موڵکانە وەرگیراوەکەی بگەڕاندایەتەوە، ١٠٪ی لێ دەدرا بە جووتیارو ١٠٪ی تریشی بۆ کاری ئاوەدانیی گوندو دابینکردنی پێویستییەکانی خەرج دەکرا.[1]

دەرچوونی یاسای ٢٠٪ بوو بەهۆی دڵخۆشیی جووتیاران‌و زەحمەتکێشانی دێهاتی کوردستان‌و دەرەتانی ئەوەی بۆ پێکهێنان بەناوی جێبەجێکردنی ئەو یاسایەوە زیاتر دژی دەرەبەگ‌و موڵکدارەکان بجوڵێنەوە. ئەو دەرەبەگانەی کە بە پاڵپشتیی ئەرتەش‌و ژاندارم‌و بە هاندانی دەربار لە زۆر شوێن ئامادەنەبوون مل بۆ ئەو یاسایە دانەوێنن. لەلایەکی ترەوە، ژمارەیەك لە دەرەبەگەکانی ناوچەی بۆکان، زەویی‌و موڵکیان بە جووتیاران‌و خەڵکی شارۆچکەی بۆکان فرۆشتبوو، سەرەڕای ئەوە پارەکەشیان وەرگرتبوو، کەچی ئامادەنەبوون قەواڵەیان بدەنێ‌و موڵکەکانیان بەناوەوە بکەن، ئەو ناکۆکییە بووە هۆی ئەوەی جووتیارە کڕیارەکان لەژێر سەرکردایەتیی کابرایەکی بۆکانی بەناوی (حاجی قاسم) کۆببنەوەو بچنە سەر موڵکدارەکان بۆ وەرگرتنی قەواڵەکانیان، موڵکدارەرکان کە بە ژاندارم‌و ئەرتەش پشتئەستوور بوون‌و نەك هەر وەڵامی جووتیارەکانیان نەدایەوە بەڵکو هەڕەشەشیان لێکردبوون.[2]

ئەوەبوو دوای ئەوەی فەرماندەی تیپی مەهاباد (سرتیپ مظفر زنگنە) کە کوردێکی شاپەرستی کرماشان بوو، بەڵێنی هاوکاریی بە دەرەبەگەکاندا، هێرشی دەرەبەگەکان بۆ سەر جووتیاران بە بەشداریی ئەرتەش دەستپێکرد، فاکتەری راستەوخۆی پێکهەڵپرژان وا باس دەکرێت گوایە لە گوندی (گۆڵ)ی ناوچەی مەحاڵی (یەختەچی)، ئبراهیم ئاغای قارەمانی کە ئاغایەکی جاسووس‌و زۆرداربووە سوکایەتیی بە مەلای دێ کردووە، ئەوەش جووتیارانی گوندی وروژاندووەو پەلاماری ماڵە ئاغایان داوەو لە گوند دەریانپەڕاندوون.[3]

---

([1]) توانایان، حسن، دکتر مصدق و اقتصاد، سازمان انتشارات علوی، تهران ١٣٦٢، ص ص٢٠٣-٢١٧.

([2]) بلوریان، س. پ، ل١١٩-١٢٠.

([3])حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل٢٠٧.

**هەرچۆنێك بێت، پێكهەڵپرژانی نێوان جووتیاران‌و دەرەبەگی كورد لە زستانی ١٩٥٢دا ناوچەیەكی فراوانی لەنێوان بۆكان‌و مەهاباددا گرتەوەو گوندەكانی: مەلالەر، عەمبار، ناچیت، شاریكەند، ڕەحیم خان، ناوچەی فەیزوڵڵابەگی، شامات و چۆمی مەجیدخان بوونە مەڵبەندی ڕاپەڕین. جگە لەوەی جووتیارە زەویدارەكانی گوندی نەیرەوان، ئالوت، زرواوی خوراو بلەسەنی ناوچەی بانە، دژی ئاغاكانیان ڕاستبوونەوە، بەجۆرێك لە ناوەند دەگوترا "كوردستان بۆتە كۆمۆنیستی."[١]**

**شایەنی باسە، سەرەڕای ئەوەی جووتیارە كوردەكان جگە لە داس و شەن، چەكێكی تری ئەوتۆیان بۆ بەربەرەكانی ئاغاكان بەدەستەوە نەبوو، بەڵام لە سەرەتادا لە زۆر شوێن دەرەبەگەكانیان ڕاوناو ماڵەكانیان تالانكردن و چاڵە گەنمەكانیان دەرهێنان. دەرەبەگەكان وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد لە پایەیەكی ئابووریی‌و كۆمەڵایەتیی پتەو لە كوردستاندا بەرخودار بوون. لەلایەن ئەرتەشیشەوە چەكدارکران و بە پاڵپشتیی تانك‌و تۆپی لەشكری شاهەنشاهیی‌و لەژێر ڕێبەرایەتیی (قاسماغای ئیلخانی زادە) كەوتنە كوشتنی جووتیاران‌و سوتاندنی ماڵ و حاڵەكانیان.[٢] وەك حیسامی دەڵێت:"منداڵی بەرمەمكانەیان بە بێشكەوە خستبووە چۆمی تەتەهو، لە ناوچەی شامات خەڵكی بێشكەی منداڵی خنكاو تەرمی كوژراوەكانیان دەگرتەوە، لە هەمو ناوچە مەلاكانیان لە گوندی وەدەرناو وەرزێرە سەربزێوەكانیان دەردەكرد، دەرەبەگەكانی ناوچەی بۆكان و بەشی بەگزادە مەڕو گاڕانی تالانكراوی وەرزێرەكانیان دەنارد بۆ بازاڕی مەحمەدیار لە سندوس بیفرۆشن."[٣]**

**قاسملو، لەیەكێك لە نووسینەكانیدا بەپێچەوانەی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەكان ئاماژەی بەوە داوە كە ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆكان لەژێر ڕێبەرایەتیی ح. د. ك كوردستاندا ئەنجامدراوە.[٤] ڕاستییەكەی كۆمیتە وەرزێرییەكانی حیزب تاڕادەیەكی باش ڕۆڵیان لە جۆشدانی هۆشی چینایەتیی جووتیارانی كوردستاندا بینی، هەروەها دوای**

---

(١) هـ. س، ل٢٠٧ .، قاسملو، كوردستان و كورد، ل٢١٦ .، توكلی، س. پ، ل٢٣٦.

(٢) بلوریان، س. پ، ل١٢١ .، گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٨٢.

(٣) حیسامی، لە بیرەوەرییەكانم، بەرگی یەكەم، ل٢٠٨.

(٤) Ghassemolou , opcit, p122

شکستی جووڵانەوەکە، ح. د. ك ڕۆڵی لە یارمەتییدان و کۆمەککردن بە جووتیارە ڕاونراوەکان دیارو ئاشکرا بوو، بەڵام ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەکە ئەوە شتێك بوو لە تواناو دەسەڵات و بەرنامەی ڕێبەرایەتیی ئەودەمی حیزبدا نەبوو.

حیسامی لەم بارەیەوە نووسیویە:"بەداخەوە کۆمیتەی سەرکردەیی لە مەهابادو ڕێبەرانی حیزبی تودەش نەیانتوانی ڕاپەڕین بەهێزکەن و بۆ لای شۆڕێکی ڕاستەقینە پاڵی پێوەنێن، کۆمیتەی مەهاباد غەنی بلوریان و عەزیز یوسفی کردە مەعمور کە بگەنە ناوەندیی ڕاپەڕینو ڕێبەرایەتیی بکەن، بەڵام ئەوان لە میاندواوەوە دەچنە تەورێزو لەوێوە دەچنە کرماشان و لە تاران سەریان هێنادەر"[1] هێمنی شاعیریش دەڵێت "بەداخەوە حیزبی دیموکرتی کوردستان درەنگ جوڵایەوەو نەیتوانی ئەو ڕاپەڕینە ڕەسەنە بە چاکی بەڕێوەبەرێ."[2]

بلوریان لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەدات کە کۆمیتەی مەهاباد، ئەوو عەزیز یوسفییان تەکلیفکردووە کە بچنە بۆکان تا ڕێگە لە ڕاپەڕین و تەقینەوەی وەزعەکە بگرنو نەهێڵن پێکهەڵپرژان لەنێوان جووتیارانو دەرەبەگەکاندا دروستبێت. هەروەها بلوریان باس لەوە دەکات کە حاجی قاسمی سەرکردەی ڕاپەڕینی جووتیارانی بۆکان پەیوەندیی بە (جەبهەی میللیی/ بەرەی نیشتمانیی) یەوە هەبووەو لەلایەن ئەوانەوە دژی ئاغاو دەرەبەگەکان هاندراوە. بەپێی ئاخاوتنی بلوریان کۆمیتەی مەهابادی ح. د. ك لەگەڵ کۆتایهاتنی ئاشتییانەو یاساییانەی کێشەی نێوان جووتیارانو دەرەبەگەکان بووە نەك ڕاپەڕین و خوێنڕشتن.[3]

بەهەرحاڵ، حیزبی تودەی ئێرانو شاخەکەی لە کوردستان (حیزبی دیموکرات)، سەرکوتکردنی خوێناویی ڕاپەڕینی جووتیارانی بۆکانیان قۆزتەوە بۆ هێرشکردنە سەر حکومەتی موسەدیق، ئەوەتا دوای تێکشکانی جووڵانەوەکە کەریمی حیسامی کە ئەوکات لێپرسراوی کۆمیتەی وەرزێرانی حیزبی دیموکرات بوو لە ناوچەی نەغەدە، لە

---

(1) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل٢٠٧.

(2) هەروەها لەم ڕووەوە گلەیی لە حیزبی تودەش دەکات کە لەگەڵ ئەو هەموو توانو ئیمکاناتەی هەیانبووە چ یارمەتییەکیان بە جووتیارە ڕاپەڕیوو دواتر وەدەرنراوەکان نەکردووە، هێمن، س. پ، ل٣٩.

(3) بلوریان، س. پ، ل١٢١.

بازاڕی نەغەدەدا خەڵکی شار لەخۆی کۆدەکاتەوەو وتارێکی ئاگرینی دژی موسەدیق فەرمووە، کە دەڵێت:"برایانی بەڕێز زەحمەتکێشانی شارو گوند، وەك دەبینن حکومەتی دکتور مصدق لەهەموو شوێنی پشتیوانی لە دەرەبەگەکان دەکات، ئێستا بە پشتیوانی لەشکری مەهاباد بە تانك و تۆپەوە چوونە سەر وەرزیرانی ناوچەی بوکان و فەیزوڵلابەگی، ئەو زەحمەتکێشانەی داوای مافی ژیانیان دەکردو دەیانگوت با ئاغا چیدی نەمان چەوسێنێتەوە."(1)

هەروەها کۆمیتەی مەهابادی ح. د. ك، هانی خێزان و بنەماڵە دەرکراوەکانی جووتیارانی دابوو کە لە تەلەگرافخانەی مەهاباد مانبگرن و داوای بەردانی ئەو جووتیارە گیراوانە بکەن کە بەتاوانی سەربزێویی‌و بەشداریی ڕاپەڕینەکەی وەرزێرانی بۆکان گیرابوون. سەرئەنجام دوای کۆبوونەوەی نێوان لێپرسراوانی حکومەت‌و ئاغاکان، ئەو جووتیارانە بەردران، بەڵام هەرگیز ڕێ بە بنەماڵە جووتیارە گوندبەدەرەکان نەدرا بگەڕێنەوە سەر ماڵ‌وحاڵی خۆیان. دەرەبەگ و ئاغاکانی کوردستان بەجۆرێکی وا لەسەر ئەم مەسەلەیە هاودەنگ بوون کە ئاغایەك نەبوو ئەو بنەماڵە دەرکراوانە لای خۆی بە ڕەعییەت ڕاگرێت. هەربۆیە بەشێك لەوانە کوردستانی ئێرانیان بەجێهێشت‌و ڕوویان لەودیوی کوردستان کرد. بەشێکی تریشیان لە ئاواییەکی تازە دروستکراودا جێکرانەوە کە دەکەوتە نێوان مەهابادو نەغەدەو ناوی (داشخانە) بوو کە پێیان دەوت (ئاوایی سوور).(2) ئەو ئاغایانەش کە دەستیان بە خوێنی جووتیاران سوور بوو، دوای بەرتیلدان، بێ سزا لە لێپرسینەوە ڕزگاریان بوو. هێمن وتەنی "جارێکی تر بەچاوی خۆم تێشکانی ڕەسەن ترین ڕاپەڕینی گەلەکەم دی، ئەو ڕاپەڕینە لەناو زەحمەتکێش ترین چینەکانی خەڵکی کوردەواریی لەخۆوە هەڵقوڵی بوو یەك دوو کەس نەبێ نوێنەری هیچ چین و توێژێکی کوردستان تەنانەت ووردە بۆرژوازی‌شیان لەگەڵ نەبوو"(3)

لەراستییدا، هەرچەندە ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان بە شکست‌و ماڵوێرانیی جووتیارە ڕاپەڕیوەکان کۆتاییهات، بەڵام لەسەر هۆشی چینایەتیی جووتیاران بێکاریگەر

---

(1) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل201.

(2) بلوریان، س. پ، ل124.

(3) هێمن، س. پ ل39.

تێنەپەڕی. ڕاپەڕینەکە زیاتر ناکۆکییەکانو گەندەڵیی سیستمی ئەرباب – ڕەعییەتی زەقکردەوەو هاوکاریی ئەرتەشو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بەقازانجی ئاغاکان، دەرەبەگو ئاغای کوردی خستە بەرەی دژ بەکۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێشو پایە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەیانی تاڕادەیکی زۆر لەقاند. بەجۆرێك دەرەبەگو ئاغای کوردی لەبەرچاوی جووتیاران سووککرد. مەسەلەیەکی وا کە لە ئایندەدا زیاتر هانی جووتیارانی کوردیدا کە جیالە وابەستەیی دەرەبەگو سەرۆك عەشیرەتەکانیان، خۆبهاوێژنە کۆڕی تێکۆشانەوە.

## ب ـ پێشوازیی لە ڤیستڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهانو پێکدادانی خەڵكو ژاندارم لە شاری مەهاباد.

بەمەبەستی بەشدارییکردنی ڤیستڤاڵی لاوانی سەرتاسەریی ئێرانو پێشوازییکردن لە ڤیستڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهان، کە بڕیاربوو لە هاوینی ساڵی ١٩٥٣دا، لە بوخارستی پایتەختی ڕۆمانیای دیموکرات بگیرێتو لاوانی دیموکراتی کوردیش لەڕێگای حیزبی تودەوە بەشداریی تێدابکەن. ژمارەیەك لە لاوانو خوێندکارانی شاری مەهاباد لە بەرواری ١٥ی جۆزەردانی ١٣٣٢ك بەرامبەر ٦ی حوزەیرانی ١٩٥٣دا، لە باخی میکایل بە لێپرسراوێتی عەبدوڵڵا ئیسحاقی ئەندامی کۆمیتەی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەستیان بە ئاهەنگگێڕان کرد.[1] سەرۆکی تیپی مەهاباد سەرتیپ زەنگەنە بە بیستنی ئەو هەواڵە هێزێکی بە رابەریی (سەرگورد رادپور) بەمەبەستی بڵاوپێکردنی ئاهەنگگێڕان دەنێرێتە سەریان. هێزەکە بە گەیشتنی بۆ باخی میکایل پەلاماری ئاهەنگگێڕان دەداتو ڕەهێڵەی گوللەیان بەناودا دەکات. لە ئەنجامدا لاوێك بەناوی (حەسەنی ڕەمەزانی) دەکوژرێتو ژمارەیەکی دیکەشیان لێ بریندار دەکرێت و هێندێکیشیان لێ دەگیرێت.[2]

---

(1) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٨٤.

(2) بلوریان، س. پ، ل١٢٥.

لەم کاتەدا بەشێك لە لاوە بەشداربووەکانی ئاهەنگەکە لاشەکەی حەسەنی ڕەمەزانی دەدزنەوەو دەیخەنە سەرشانیانو لەگەڵ ژمارەیەك لە بریندارەکاندا دێنەوە ناو شاری مەهابادو دەست بە خۆپیشاندان دەکەن. ئەم ڕووداوە دەبێتە هۆی تێڕژاندنی خەڵکێکی زۆری شار بۆ سەر شەقامەکانو دەستدەکەن بە پەلاماردانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهییو دروشمی (موجازاتی قاتلین)یان بەرزکردەوە. شایەنی باسە ئەم خۆپیشاندانە لەژێر ڕێنمایی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەڕێوەچوو. هەروەها ژنانی شاری مەهاباد ڕۆڵێکی بەرچاویان تێدا بینی لەوانە (ئامینی کچی حەمەدی مەولودی) کە باوکی یەکێك لە قارەمانەکانی کۆماری میللیی کوردستان بوو.[1]

بلوریان بەمجۆرە لەسەر ڕۆڵی ژنانی شار لەم ڕاپەڕینەدا ئاخاوتووە:" ژنان کە لەم خۆپیشاندانەدا نەخشی بەرچاوو سەرەکییییان هەبوو، هێرشیان کردە سەر بنکەی سەرکردایەتی ((ستاد)) تیپی مەهاباد، ئێمە هەوڵماندا پێشی توندو تیژی ژنان بگرین، بەڵام نەمانتوانیو ئەوان دەستیان بەسەر بنکەی سەرکرادیەتی تیپی مەهابادا گرت. چونکە سەرۆکی دژبان دەستی هەبوو لە کوشتنی حەسەنی ڕەمەزانیدا، زاتی ئەوەی نەبوو سەرلەنوێ فەرمانی تەقە کردن لە خەڵك دووپات کاتەوە."[2]

لەراستییدا، دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم لە شاری مەهاباد بە توندیی بەگژ خۆپیشاندەراندا چوونەوەو تەقەیان بەسەردا کردن، جگە لەوەی نزیکەی ٦٠ – ٧٠ کەسیان لێگرتنو ڕەوانەی زیندانی شارەبانییان کردن. ح. د. ك، کە لەم قۆناغەدا تا دەهات پلەی جەماوەریی سەردەکەوت مانگرتنی گشتیی ڕاگەیاند. ژمارەیەکی زۆر لە ژنانو لاوانی شار شانبەشانی کەسوکارو خێزانی گیراوەکان ڕوویانکردە تەلەگرافخانەی شارو مانگرتنیان ڕاگەیاند. مانگرتووان کە داوای سزادانی بکوژانی حەسەنی ڕەمەزانیو بەردانی زیندانکراوەکانیان دەکرد یەك لەسەر یەك تەلەگرافیان بۆ ئەو مەبەستە ئاراستەی ناوەند دەکرد. هەواڵی مانگرتنی پێنج ڕۆژەی ژنانو لاوانی کوردستان لە شاری مەهاباد بەتوندیی لە ناوەند دەنگی دایەوە، لە ئاکامدا حکومەتو ئەرتەش کە دەسەڵاتداری سەرەکیی بوون لە مەهاباد ناچاربوون تێکڕای زیندانییەکان

---

([1]) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل٢٢٦.

([2]) بلوریان، س. پ ل١٣٧.

بۆ دادگاییکردن ئازاد بکەن. ئەوەی کە بۆ خۆی سەرکەوتنێکی گەورەی خەباتی ئازادیخوازانەو جەماوەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو لەم قۆناغە مێژووییەدا.[(١)]

شایەنی باسە، پاش ماوەیەك لە ئازادکردنی زیندانەکانو هێوربونەوەی وەزعەکە لە شاری مەهاباد، حیزبی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەك لاوانی کوردی بەناوی (خەلیلی سەدیقی، عیسمەتی سەلیمیو کەریمی حیسامی) نارده تاران بەمەبەستی بەشدارییکردن لە ڤیستڤاڵی سەرانسەریی لاوانی ئێران، دوای کۆتایهێنانی ئاهەنگەکانی ئەم ڤیستڤاڵە هەر لەوێڕا حیزبی توده (١٠٠) لاوی ئێرانی بەمەبەستی بەشدارییکردن لە ڤیستڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهان بۆ بوخارست بەڕێکردن کە لەو (١٠٠)ە تەنیا یەکێکیان کورد بوو، کە ئەویش "کەریمی حیسامی".[٢]

## جـ ـ دەنگدانی کوردستان دژی شاهەنشاو هەڵوەشانەوەی خولی هەڤدەهەمی مەجلیس

وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە، هەڵبژاردنەکانی خولی هەڤدەهەمی مەجلیسی شورای ئێرانیی، کە لە مانگی ئایاری ١٩٥٢دا ئەنجامدرا، بەئاشکرا لەلایەن لێپرسراوە ئێرانییەکانی سەر بە دەربارو فەرماندەکانی ئەرتەشەوە گزیی تێداکرا. بەجۆرێك زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسیان بۆ نوێنەرانی دەربارییو سەربەخۆیان مسۆگەرکرد. ئەو نوێنەرانەی بە هاندانی دەربار هەوڵیاندەدا لە مەجلیسدا گرفت بۆ دکتۆر موسەدیق دروست بکەنو ئەو هەنگاوانەی پوچەڵ بکەنەوە کە ناوبراو بەمەبەستی چەسپاندنی حکومەتی دەستوریيو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شاهەنشا دەیهاویشتن.[(٣)]

لەراستییدا، موسەدیق بەجۆرێکی وا کەوتبووە کار بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی شاهەنشا لەسەر شانۆی سیاسەتو بەڕێوەبەرایەتیی لە ئێراندا کە تاکو ئەو دەمە وڵات شتی وای بەخۆیەوە نەدیتبوو. توندترین بڕیاری لەم ڕووەوە، دەرکردنی دایکی شاهەنشاو خوشکە

---

(١) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٨٤،٨٥.

(٢) بۆ زیاتر: حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل٢٢٨،٢٣٤.

(٣) آوری، س. پ، جلد دوم، ل ٣٩٢.

پیلانگێڕەکەی (ئەشرەفی پەهلەوی)[1] بوو لە ئێران. کارێکی وا کە بە تەواویی شاو شاپەرستەکانی توڕەکرد. مووسەددەق کە پێشتر بەمەبەستی چارەسەرکردنی بارودۆخە ئاڵۆزەکەی وڵاتو جێبەجێکردنی خێرای بڕیارەکانی حکومەت بۆ ماوەی شەش مانگ دەسەڵاتی ڕەهای وەرگرتبوو، دەیویست ماوەیەکی تر ئەو دەسەڵاتە درێژبکاتەوە. ناوبراو کە مەجلیسی سەنای ئێرانی بە پراکتیك لەکارخستبوو، تا ڕادەیەکی زۆریش لە نوێنەرە شاپەرستەکانی مەجلیسی نوێنەران دڕدۆنگ بوو، هەربۆیە لەم قۆناغەدا دەرفەتی هاتنەسەر شانۆی حیزبی تودەی ئێرانی بەدژی ڕژێمی شاهەنشاهیی قۆزتەوەو مەسەلەی مانەوەو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی هەڤدەهەمی نوێنەرانی خستەدەنگدانی گشتی جەماوەرییەوە.[2]

هەربۆیە، لەسەرەتای مانگی ئابی ١٩٥٣دا، ڕیفراندومی جەماوەریی لە سەرانسەریی ئێراندا بەرپاکرا کە ڕۆژی ١٦ی ئاب ئاکامەکەی بڵاوکرایەوە، تیایدا بەگشتیی خەڵك دژی شاو بە لایەنگری دکتۆر موسەدیق دەنگیاندا. گەلی کورد لە کوردستان بۆ لایەنگریی لە موسەدیق بە پەرۆشەوە ڕوویان لە سندوقەکانی دەنگدان کرد. بەتەنیا لە شاری مەهاباد ٥٠٠٠ دەنگ دژی شا درا بەرامبەر ٢ دەنگی لایەنگریی هەبوو.[3] بلوریان لەم ڕووەوە نووسیویە "ئێمە لە داکۆکی کردن لە بۆچوونی دکتۆر مصدیق خەباتێکی نەپساوەی شێلگیرمان دەست پێکرد. گشت ئەندامان و لایەنگرانمان لەنێو خەڵکدا بڵاودەکردەوە تا ئەوان هان بدەن دژی شا ڕاوەستن و بچن بۆ بەر مزگەوتی هەباس ئاغاو دەنگی (بەڵێ) لە

---

([1]) ئەشرەفی پەهلەویی لەدایك و باوکەوە خوشکی محەمەد ڕەزاشایەو تابڵێی زۆرزان و فێڵبازوئاڵۆشاویی بووە، بەجۆرێك محەمەد ڕەزاشا تاڕادەیەکی زۆر گوێی لە پێشنیارەکانی گرتووەو لە کاروباری سیاسەتو بەڕێوەبردندا کێشی تایبەتی خۆی هەبووە، لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا ڕێگای مۆسکۆی گرتەبەرو چەند ڕۆژێك لەگەڵ ستالیندا دوو بەدوو مانەوە، ئەشرەف بە جەمسەرێکی گەورەی کودەتای ١٩ی ئاب و گێڕانەوەی براکەی بۆ ئێران دادەنرێت، لەو وەختە بەدواوە هەمیشە خۆی بە خاوەنی دەربارو پارێزەی بنەماڵەی شاهەنشاهی پەهلەوی زانیوەو لە گەورەو بچووکی بڕیارە سیاسییەکاندا بەشدار بووە، بۆ زیاتر لە جارێك شووی کردووەو جگە لە سەرەڕۆییە سێکسییەکانی، بازرگانێکی تریاك و قوماربازێکی گەورە بووە، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ لە وڵات هەڵات و ئێستا لە ئەمەریکایە. فردوست، س. پ، ل ل٢٢٧-٢٣٩.

([2]) آوری، س. پ، جلد دوم، ل٣٩٥.

([3]) قاسملو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێهەم، ل٦٩-٧٠.

سندووق هاوێژن... ریفراندوم لە شارەکانی نەغەدە، سەردەشت، سەقز، سنەو بانە بەشێوەی جۆراوجۆر بەڕێوەچوو، بەڵام لە هەموولایەك خەڵکی لەگەڵ ڕای دکتور مصدیق بوو."[1]

شایەنی باسە، ئاشکراکردنی ئاکامی ڕیفراندۆم هاوکات بوو لەگەڵ شکستی کودەتای یەکەمی دەربار و لەشکر و ڕاکردنی شای ئێران بۆ بەغداو لەوێوە بۆ ئیتالیا لە ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژ بەرامبەر ١٦ی ئابی ١٩٥٣ی زاینی. ئەو ڕۆژەی لە هەموو شارەکانی ئێراندا خەڵك ڕژانە سەر شەقامەکانو دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی دروشمیان داو داوای دامەزراندنی ڕژێمێکی کۆماری دیموکراتییان دەکرد. لە کوردستان ئەو ڕۆژە لەگەڵ ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ. ك) و ح. د. ك تێکەڵ بوو، هەربۆیە لە کوردستانی ئێران بەگشتیو لەشاری مەهاباد بەتایبەتی خۆپیشاندانو ئاهەنگی جەماوەریی پێك هات. چەندین وتار بەدژی شا دران، زۆر لەو کەسانەی کە تا ئەو وەختە بەنهێنی دژی شا کاریان دەکرد، یاخود ئەوانەی بە ڕواڵەت لایەنگری شا بوون لەو ڕۆژەدا بە ئاشکرا دژی شاو ڕژێمی شاهەنشاهیی دروشمیان دەدا.[2] هەر لەو ڕۆژەدا بوو کە لە شاری مەهاباد هێمنی شاعیر هەڵبەستە بەناوبانگەکەی ((بڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ))ی لە ئاهەنگێکی جەماوەریدا خوێندەوە کە نزیکەی ٤ – ٥ هەزار کەس لەگەڵیداو بەیەك دەنگ دەیان وتەوە.[3]

لەشاری بانە زیاتر لە ١٢٠ کەس لە بازرگانان و رۆشنبیرانو کاسبکاران کە ناودارترینیان (حاجی سەعید ئەمین نەژاد، حاجی محەمەد ئەمین وەیسیو حاجی محەمەد ئەمین بەختیاری) بوون، تەلەگرافێکی پیرۆزباییان بۆ دکتۆر موسەدیق نارد کە تیایدا خۆشحاڵیی خۆیان سەبارەت بە سەرکەوتنی ریفراندۆمو پوچەڵکردنەوەی کودەتاو هەڵاتنی شا لە ئێران ڕاگەیاندبوو. ئەو تەلەگرافەی کە دوای کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣و

---

(1) بلوریان، س. پ، ل١٢٥–١٢٦.

(2) هێمن، س. پ، ل٤٠.

(3) بلوریان، س. پ، ل١٣٧.

گەڕانەوەی شاهەنشا بۆ ئێران بووە بەڵای گەورەی سەرشانی ئیمزاکەرانیو تا ساڵی ١٩٥٦یش بەو بیانووە پیاوماقوڵانی شارەکەیان دەگرتو پەروەندەیان بۆ ساز دەکردن.[١]

لەراستییدا، ئەو لایەنگرییە جەماوەرییە لە هەنگاوەکانی موسەدیقو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی هەڤدە جگە لەوەی هەڕەشەیەکی خەتەرناك بوو لەسەر دەربارو ئایندەی ڕژێمی شاهەنشاهیی، زەنگی خەتەریشی بۆ ڕامالینی تەواوی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێراندا لێدا، ئەو دوو دەولەتەی کە بەتەواویی لە هەنگاوەکانی موسەدیقو پەرەسەندنی شەپۆلی جەماوەری دژ بە ڕژێمی شاهەنشاهییو ئیمپریالیزم بێزاربوون. بەتایبەت، ئەمەریکا کە بەهیچ جۆرێك ئامادە نەبوو ڕێگەبدات هەمان ئەزموونی میسر لە ئێراندا دووپات ببێتەوەو ڕژێمێکی نیشتمانییو دیموکراتیی لایەنگری شورەوییو دژبە ڕۆژئاواو کەمپی سەرمایەداریی بێتە سەرکار کە لە ڕاستییدا، ئاکامێکی خەتەرناکی لەسەر ڕەوتی ململانێی جەنگی سارد بە قازانجی کۆمۆنیزم لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا پێکدەهێنا.[٢] هەربۆیە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کە تا ئەو دەمە سیاسەتی نەفەسدرێژیی لەهەمبەر حکومەتی موسەدیق گرتبۆبەر، لێرە بەدواوە بە جیدیی بۆ ئاوەژووکردنەوەی مێژووی ئێران بە قازانجی خۆی کەوتەکار، بەتایبەت دوای ئەوەی زیرەکانە لاوازییە ناوخۆییەکانی حکومەتی موسەدیقو بادانەوەی پیاوانی وەك کاشانی بەلای دەربارو سەرلێشێواویی حیزبی تودەو هەڵوێستی نەرێیی شورەوییان لە جووڵانەوەکە[٣] بە باشیی قۆزتەوەو ئەرکی دانانو جێبەجێکردنی پلانی کودەتایەکی سەربازییان دژی موسەدیق خستە

---

([١]) توکلی، س. پ، ل٢٣١.

([٢]) ئاشکرایە لەم دواییەدا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ڕاشکاویی ئاماژەی بە ڕۆڵی ئیمپریالیزمی خۆیدا لەدژایەتییکردنی خواستە دیموکراتییەکانی گەلانی ئێران و دارشتنی پیلانی کودەتای ١٩ی ئابداو داوای لێبوردنی لە گەلانی ئێران کرد. بۆ زیاتر لەسەر ڕۆڵی ئەمەریکا لە کودەتاکەدا بڕوانە:

نجاتی، غلامرضا، جنبش ملی شدن صنعت نفت ایران، شرکت سهامی انتشار، تهران، ١٣٦٤، فصل دوم.

([٣]) (سابیلیە) ئەزمونی موسەدیق بە یەکەم قوربانی سیاسەتی مالینکۆفی دادەنێت کە لەدوای مردنی ستالین، شورەویی بەرامبەر ئەمەریکاو بلۆکی سەرمایەداریی گرتییەبەر، ئەو سیاسەتەی بە (انفراج و نمایش سلمی/ کرانەوەو بەئاشتیی پێکەوەژیان)ناودەبرێتو هاندەری گەورەی ئەمەریکا بوو تا بەویستی خۆی لە ئێران هەڵسوڕێت. بڕوانە: سابیلیە، س. پ، ل٢٥٨-٢٨٩.

ئەستۆی دەزگای جاسووسیی (CIA)، ئەو دەزگایەی کە بە هاوکاریی جاسووسە زۆرو زەوەندەکانی بەریتانیا لە ئێران‌و بە بەشداریی چەند ئەفسەرێکی شاپەرست‌و ژمارەیەك لە چەقۆکێشە شاپەرستەکان هەنگاوی نا. ئەوەبوو لەڕۆژی ١٩ی ئابی ١٩٥٣دا، بە سەرکردایەتیی (سەرلەشکر فەزڵوڵڵا زاهدی) کودەتایەکی سەرکەوتوو دژی حکومەتەکەی موسەدیق ئەنجامدراو شاهەنشا بۆ ئێران گەڕایەوە.[١] بەمجۆرە پەردە لەسەر قۆناغێکی پرشنگدار لە مێژووی بزوتنەوەی دیموکراتخوازیی ئێران‌و جووڵانەوەی ئازادییخوازانەی گەلی کوردستان دادرایەوەو دێوەزمەی دیکتاتۆریی جارێکی دی سەرسەنگی گەلانی ئازادیخوازی ئێرانی گرتەوە.

## باسی دووەم : کوردستانی ئێران لەدوای کودەتای ١٩ی ئاب تا پەلاماری یەکەمی ساواك ١٩٥٣ – ١٩٥٩

### یەکەم : سەرنجێك لە هەل و مەرجی گشتی ئێران پاش کودەتا

دەتوانرێت سەرکەوتنی کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣و ڕووخاندنی حکومەتی نیشتمانیی‌و قانونیی دکتۆر موسەدیق‌و گەڕانەوەی محەمەد ڕەزاشا بۆ ئێران بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئێران بەگشتیی‌و لەمێژووی جووڵانەوەی نەتەوەیی‌و ئازادییخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەتایبەتیی لە قەڵەم بدرێت. چونکە بە چەسپاندنی دەسەڵاتی حکومەتی کودەتا ڕەنجی چەندەها ساڵەی گەلانی ئێران لەپێناوی دامەزراندنی حکومەتێکی دەستوریی‌و دیموکرات‌و بەدیهێنانی سەربەخۆیی سیاسیی‌و ئابووریی ئێران‌و رزگاربوون لە دەسەڵات و نفوزی ئیستیعمار بەفیڕۆچوو. جگەلەوەی سەرکەوتنی کودەتا بەتەنیا رژێمی سەڵتەنەتیی محەمەدڕەزا شای لە ڕووخان نەپاراست، بەڵکو زەمینەی دامەزراندنی حوکمێکی دیکتاتۆرییی لە وڵاتدا بۆ شاهەنشا فەراهەمکرد، ئەو دیکتاتۆرییەی نزیکەی چارەکە سەدەیەك باڵی بەسەر گەلانی ئێراندا کێشاو گورزێکی گەورەی لە ئازادییە دیموکراتییەکان‌و پەرەسەندنی ژیانی دەستوریی‌و

---

([١]) فردوست، س. پ، ل١٧٧–١٨٤.

پارتایەتیی لە وڵاتدا وەشاند کە تانوکەش ئاسەوارە نەرێنییەکانی بەسەر جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی و بەسەر جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلانی نەفارس لە ئێراندا، بەتایبەتیی گەلی کورد نەسڕدراونەتەوەو بەسانایی هەستیان پێدەکرێت.

لەراستییدا، رژێمێك کە دوای کودەتا هاتەسەرکار لەپێناوی جێپێ قایمکردن و چەسپاندنی دەسەڵاتی ناڕەوای خۆیی و بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسیی و نەوتیی و سەربازییەکانی پارێزەرانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو دەوڵەتەکانی دی ئەوروپای ڕۆژئاوا، کەوتە پیادەکردنی چەند هەنگاوێکی خێرا لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوەی ئێران کە تادەهات زیاتر ئێرانی بە بازاڕی جیهانی سەرمایەداریی و ئەمەریکاوە گرێدەداو ئاسۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئۆتۆکرات و وابەستەو ڕۆژئاواگەرای لەو قۆناغە ناسك و دژوارەی جەنگی سارددا دەخستە بەرچاو. حاڵەتێکی وا کە تەنیا بەسوودی چینی فەرمانڕەواو بۆرژوای کۆمپرادۆرو تەکنۆکراتە شاپەرستەکان تەواودەبوو، جگە لەوەی زیانێکی مەزنیشی بە باقی چین و توێژەکانی دی گەلانی ئێران دەگەیاندو ئاستەنگی لەبەردەم گەشەسەندنی سروشتیی و پلەبەپلەی کۆمەڵگای ئێرانی پێکدەهێنا.

سوپەهبوود زاهدی کە دوای کودەتا لەلایەن شاوە بە سەرەك وەزیران دانرا، چارەسەرکردنی مەسەلەی نەوتی ئێرانی بە ئەرکی پلەیەکی خۆی دەزانی. لەم بوارەشدا ناوبراو پشتیکردە خواستەکانی گەلانی ئێران و دوای فەرامۆشکردنی بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت، پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا دەستپێکردەوەو پاش نزیکەی ساڵێك لە گفتوگۆ ڕێکوتننامەیەکی نەوتی لە ٥ی ئابی ١٩٥٤دا لەگەڵ کۆنسرسیۆم کە لە (٨) کۆمپانیای ئەمەریکیی و ئەوروپایی پێکدەهات، مۆرکرد. بەپێی ڕێکەوتننامەکە قازانجی فرۆشتنی نەوت بەڕێژەی پەنجا بەپەنجا لەنێوان هەردوولادا دابەشکرا، بێئەوەی حکومەتی ئێران چ ڕۆڵێکی لە دیاریکردنی نرخ و بڕی بەرهەمهێنانی نەوتەکەیدا هەبێت.[1]

---

(1) روحانی، فواد، تأريخ ملی شدن صنعت نفت ايران، جيبی، تهران، ١٢٥٣، فصل ٢٩ أز ص٤٢٨ به بعد.

لەلایەکی ترەوە، دوابەدوای سەرکەوتنی کودەتای ١٩ی ئاب، پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان ئێران‌و ئەمەریکا بە چەشنێکی خێراو سەرسوڕهێنەری وا پەرەیسەند کەشێوەی وابەستەییەکی تەواوی ئێرانی لە گشت لایەنەکانی سیاسیی، سەربازیی، ئابووریی‌و فەرهەنگییەوە بە دەوڵەتی زلهێزی ئەمەریکاوە پێشاندەدا. شایەنی باسە، لەم ڕووەوە چەندە پەیوەندییەکانی نێوان شورەویی‌و ئەمەریکا گرژتر دەبوون، ئەوەندە بایەخی شوێنی ستراتیژیی ئێران لە پلانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا مەزنتر دەبوو، چونکە هاوسێیەتی ئێران‌و شورەویی بەو سنوورە درێژەی پێکەوە هەیانبوو لەلایەکەوە، هەروەها ڕوانینی ئێران بەسەر بیرە نەوتە دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی کەنداو لەلایەکی دییەوە، بایەخی ئێرانیان لەلای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاتر دەکردو وەك دەوڵەتێکی لەمپەر (Buffer State)یان چاو لێ دەکرد.[1] ئەمانەو جگەلە دەوڵەمەندیی ئێران لەڕووی بەرهەمی نەوت‌و کانزاکانی تری ژێر زەوی کە شوێنی چاوتێبڕینی ئەمەریکا بوو، دوای بەستنی ڕێکەوتننامەی نەوتی کۆنسرسیۆم بەشێکی باشی لێ پچڕی بوو. هەربۆیە وەك فردۆست ئاماژەی بۆ کردووە "ئەمەریکاو ڕۆژئاوا بە دامەزراندنی رژێمێکی دیکتاتۆریی لەلایەن محەمەدڕەزا شاوە هەم ڕێگایان لە فراوانبوونی نفوزی شورەویی دەگرت‌و هەم نەوتی ئێرانیان بۆ خۆیان مسۆگەر دەکرد، هەم ئاسایشی شاڕێگەی نەوتی جیهانیی ڕۆژئاواشیان بۆ خۆیان دابیندەکرد."[2]

لێرەدا پێویستە نەخشی شای ئێرانمان لە توندوتۆڵ بوونی پەیوەندییەکانی ئێران‌و ئەمەریکادا لەبیرنەچێت، ئەو شایەی کە لەداوی کودەتاکەی ١٩ی ئابەوە ببووە ڕابەرو ئاراستەکەری سیاسەتی دەرەوەی ئێران‌و پێی وابوو وڵاتەکەی ناتوانێت بێ گرتنەبەری سیاسەتی ڕۆژئاواگەرایی‌و وابەستەبوون بە ئەمەریکاو بلۆکی سەرمایەدارییەوە ئاسایشی نەتەوەیی‌و ڕژێمی سەڵتەنەتیی بەرامبەر هەڕەشەکانی شورەویی‌و کۆمۆنیزم بپارێزێت‌و هەنگاوی گونجاو بۆ پەرەسەندن و گەشەکردن بهاوێژێت. هەربۆیە شای ئێران لەم قۆناغە مێژووییە بەدواوە هەوڵیدەدا لە گشت ڕوویەکەوە رژێمی سەڵتەنەتیی لە

---

(1) گازیورسکی، س. پ، ل ٦٥ .، أحمد و مراد، س. پ، ل١٩٢.

(2) فردوست، س. پ، ل٥٣٢.

ئێراندا بکاتە ڕژێمیکی وابەستەو گوێڕایەڵی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بنەمای سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی وڵاتەکەی لەسەر ئەو بنچینەیە دابڕێژێت[1].

گرنگترین هەنگاوی شای ئێران لە بواری سیاسەتی ڕۆژئاواگەرایی و وابەستەبوونی بە بلۆکی سەرمایەداریی و ئەمەریکاوە بریتییەلە پەیوەستبوونی بە پاکتی بەغدا لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٥دا، ئەو پاکتەی کە هاوپەیمانییەکی سیاسیی – سەربازیی – ئابووریی بوو لەنێوان (تورکیا، عێراق، ئێران، پاکستان و بەریتانیا)و لە بنەڕەتەوە بیرۆکەی (جان فاستر دالاس)ی وەزیری دەرەوەی حکومەتی ئەمەریکاو دوژمنی سەرسەختی کۆمۆنیزمو یەکێتی شورەویی بوو، ئامانجی پاکتی بەغدا گەمارۆدانی شورەویی و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆو پاراستنی ڕژێمە بەشداربووەکان بوو. شایەنی باسە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك ئەندامێکی چاودێر لە کۆمسیۆنەکانی ئابووریی و سەربازیی و ئاسایشدا، هەروەها لە (لیژنەی بەربەرەکانی چالاکی ڕووخێنەر)دا بەشداربوو. ئەو لیژنەیەی بۆ دژایەتییکردنی ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانو حیزبە چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدەسوڕا، کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کوردیشی دەرگرتەوە کە ئەو دەم حیسابی چەپی بۆ دەکرا.[2]

بەمشێوەیە، تادەهات پەیوەندییەکانی ئێرانو ئەمەریکا گەرمتر دەبوونو یارمەتیی ئابووریی و سەربازیی ئەمەریکا بۆ ئێران پەرەی دەگرت. چونکە ئەمەریکا دامەزراندنی

---

([1]) فریدنی، آذرمیدخت مشایغ، مسائل مرزی ایران و عراق تأثیر آن در مناسبات دو کشور، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ اول، چاپخانه سپهر، ١٣٦٩، ص٢٠٣ .، رمضانی، س. پ، ل٢٩٧.

([2]) لەسەرەتادا عێراق و تورکیا لە ٢٤ی شوباتی ١٩٥٥دا لە بەغداد ڕێکەتننامەیەکی دووقۆڵییان بەست، دواتر حکومەتی بەریتانیا لە ٥ی نیشانی ١٩٥٥دا بەو ڕێکەوتننامەیەوە پەیوەست بوو، ئنجا پاکستان لە ٢٣ی نیسانی هەمان ساڵدا هاتە ناو پاکتەوە. ئەندامبوونی ئێران تا پایزی ئەوساڵە دواکەوت، بەڵام کاتێك لەم ساڵەدا پەیمانێکی فرۆشتنی چەك لەنێوان چیکسلۆفاکیاو میسردا مۆرکرا، ئەم ڕووداوە بە هاتنە ناوەوەی نفوزی شورەویی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەقەڵەمدراو ئەمەریکا هانی ئێرانی دا ئەندامبوونی خۆی لە پاکتەکەدا ڕابگەیەنێت، ئەو ئەندامبوونەی بە فەرمیی لەلایەن شورەوییەوە دژایەتیی کرا، شایەنی باسە پاکتی بەغدا دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزو پاشەکشەی ڕژێمی قاسم لەساڵی ١٩٥٩دا ناوەکەی گۆڕدرا بە (پەیمانی سەنتۆ / CENTO) واتە (ڕێکخراوی پەیمانی ناوەندی / Central Treaty Organization) بڕوانە: پیتر آوری، س. پ، جلد سوم، ل ل٦٠-٦٣.

رژێمێکی شاهەنشاهیی دیکتاتۆریی میللیتاریستی لە ئێراندا بە قازانجی خۆیو بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی جیهانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەدایە قەڵەم.[1] هەربۆیە بەمەبەستی چەسپاندنی حکومەتی کودەتاو ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە ئابورییەکانی، حکومەتی ئەمەریکا لە ٣ی ئەیلولی ١٩٥٣دا بڕی ٢٣ ملیۆن دۆلاری وەك یارمەتی بە ئێران بەخشی، هەر دوو ڕۆژ دواتر بە فەرمانی ئایزەنهاوەری سەرۆکی ئەمەریکا بڕی ٤٥ ملیۆن دۆلاری تریش درایە ئێران. هەروەها لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٤ بڕی ٦ ملیۆن دۆلاری دیو ڕۆژێ دوای بەستنی ڕێکەوتننامە لەگەڵ کۆنسرسیۆم ئەمەریکا ڕایگەیاند کە ئامادەیە وەك هاوکاریی بڕی (١٢٧,٣٠٠) ملیۆن دۆلار وەك قەرز بداتە ئێران.[2] وەك هەندێ سەرچاوە ئاماژەیان پێکردووە کۆمەکەماڵییو ئابورییەکانی ئەمەریکا بۆ ئێرانی شاهەنشاهیی، تادەهات زیاتر دەبوو، بەجۆرێك لەناوەڕاستی شەستەکاندا خۆی دا لە ملیارێك دۆلار.[3]

لەلایەکی ترەوە، ئایزنهاوەری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ زیاتر دڵنیاکردنەوەی شای ئێران سەبارەت پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییو ئابوورییو فەرهەنگییەکانی نێوان هەردوو وڵات، لە ١٥ی ئابی ١٩٥٥دا، ڕێکەوتنێکی دووقۆڵیی لەگەڵ ئێراندا بەست، ئەو ئێرانەی کە سیازدەهەمین وڵات بوو حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەداوی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە ڕێکەوتنی بەوچەشنەی لەگەڵدا ببەستێ.[4] دوکترینی ئایزنهاوەر لەم بوارەدا بە دەستکەوتێکی گەلەك مەزن بۆ ئێران دادەنرێت، چونکە بەشێکی دوکترینەکە لەسەر بەرگرییو بەکارهێنانی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا دژی هەر هەڕەشەیەك کە لەلایەن کۆمۆنیزمی جیهانییەوە بکرێتە سەر وڵاتە دۆستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێدادەگرێت.[5] ئەو کۆمۆنیزمەی کە شای ئێران بە دوژمنی سەرسەختو پلەیەکی خۆی دادەنا. هەر لەم بوارەدا پێویستە ئاماژە بە مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ٥ی

---

([1]) گازیورسکی، س. پ، ل١٦٥.

([2]) علی، س. پ، ل١٩٧.

([3]) جمعی أز نوسندگان، أنقلابی اسلامیو چراییو چگونگی رخداد آن، ص١١١.

([4]) جواد، العلاقات الایرانیة – الأمریکیة مابین ١٩٦٨ ـ ١٩٨٨، ص٢٦.

([5]) رمضاني، س. پ، ل٣٠٠.

**ئاداری ١٩٥٩ی نێوان ئەمەریکاو ئێران بکرێت، ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە جگەلە بەردەوامبوونی هاوکارییە ئابووریی‌و سەربازییەکان، بۆ یەکەمین جار پابەندبوونی فەرمیی ئەمەریکا بۆ بەرگرییکردنی سەربازیی لە ئێران ڕادەگەیەنێت وەك بەشێك لە پرۆسەی پاراستنی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئەمەریکاوە.[1]**

**لەسەر ئاستی ناوخۆو بەمەبەستی پتەوکردنی پایەکانی رژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی محەمەدڕەزا شا هەستا بە نوێکردنەوەو دەستپێداهێنانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بەچەشنێك لەڕووی چەندایەتیی‌و چۆنایەتییەوە تاڕادەیەکی بەرچاو گەشەی سەند. ژمارەی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەساڵی ١٩٥٣دا ١٢٠,٠٠٠ کەس بوون تا ساڵی ١٩٦٣ گەیشتە ٢٠٠,٠٠٠ چەکدار، ئەم ژمارەیە بەجۆرێك ڕوو لە زیادبوون بوو، کە پێش ڕووخاندنی ڕژێمی شا، گەیشتە زیاتر لە نیو ملیۆن. شایەنی باسە ئەمەریکاو وڵاتانی دی ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی مەزنیان هەبوو لە نوێکردنەوەو بارهێنان‌و فرۆشتنی تازەترین چەکی زەمینی، دەریایی‌و هەوایی بە ئەرتەشی شاهەنشاهیی بەجۆرێك زۆری نەخایاند لەڕووی هێزی سەربازییەوە ئێرانیان گەیاندە پلەی یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و پێنجەمین پلە لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەو هێزە سەربازییانەی ئەرکی سەرەکییان پاراستنی ڕژێم‌و کۆنترۆڵی سیاسیی کۆمەڵگای ئێرانیی بوو، دوای ئەوەی لە شارەکاندا جێگیردەبوون‌و ساڵانە بەشێکی مەزنی بودجەی وڵاتیان هەڵدەلووشی کە بۆ خەڵکی ئاشکرا نەدەکرا.[2]**

**لەراستییدا، ڕژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی کە بە پاڵپشتی ئەمەریکاو پشتگیریی ژێنراڵە بێگانەپەرستەکانی ئەرتەش هاتبووە سەرکارو پێگەیەکی جەماوەریی نەبوو، بەمەبەستی مانەوەی خۆی‌و پاراستنی بەرژەوەندیی پارێزەرانی، پێویستیی بە نوێکردنەوەی دەزگا سەرکوتکەرەکان‌و دامەزراندنی دەزگای نوێتری سەرکوت‌و تۆقاندن**

---

**(1) ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ئەنجامی کاریگەریی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ی عێراق و کشانەوەی کۆماری عێراق بوو لە پاکتی بەغدا. ئەو پاکتەی کە دڵەڕاوکێیەکی مەزنی بۆ رژێمی شاهەنشاهی دروست کردبوو، چونکە پێی وابوو لە وشکانیی و دەریاوە لەلایەن کۆمۆنیزمەوە گەمارۆدراوە. بڕوانە: جواد، العلاقات الأيرانية – الأمريكية ٢٠٠٠ ص٢٧.**

**(2) جمعی أز نويسندگان، انقلاب اسلامی ...، ص١٠٣.**

هەبوو. لەم نێوەدا دەزگاکانی (دژبانی، شهربانی، گارد شاهنشاهی، ژاندارمری، بازرسی شاهنشاهی، دفتر ویژه اطلاعات، سازمان شاهنشاهی واحد اطلاعاتی نظامی، رکن ٢و چەندی دی، کە بۆ پاراستنی ئاسایشی رژێمو لێدانی نەیارانی بەتوانایەکی دارایی گەورەوە تێدەکۆشان.[١] هەرلێرەدا ناکرێت ئاماژە بە ترسناکترینو بەدناوترین دەزگای سەرکوتو تۆقاندن لە مێژووی رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوییدا نەکرێت کە ئەویش دەزگای (ساواك)ە، کە کورتکراوەی (سازمان اطلاعات وأمنیت کشور / رێکخراوی هەواڵ کۆکردنەوەو ئاسایشی دەوڵەت)ە، ئەو دەزگایەی بەهاوکاریی دەزگا جاسووسییەکانی ئەمەریکاو ئینگلیز و ئیسرائیل لەسەرەتای ساڵی (١٩٥٧)دا، دامەزرێنراو لەچەند بەشی جیاواز پێکهاتبوو، کە ئامانجی سەرەکییان کۆکردنەوەی هەواڵو ڕاوەدونانی حیزبو گروپو رێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانو دوژمنەکانی رژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی‌و شەخسی محەمەدڕەزا شا بوو. شایەنی باسە، ساواك وەك دەزگایەکی جاسووسیی، جگەلەوەی لە ئیمکانییاتێکی مادیی بەرفراوانی لەبەردەستدابوو، نوێترین ئامێرو شێوزای کۆنترۆڵو سەرکوتو ئەشکەنجەی لەخزمەتدابوو. دەزگای ساواك بەهەزاران کارمەندو جاسووسی هەبوون. لەناو ئەرتەش، لە دەزگا بەڕێوەبەرایەتیەکانی حکومەت، بازاڕ، ڕۆژنامەکان، لە ئوتێلەکان، لە پۆستو تەلەگراف، تەنانەت لەنێو گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەناو ئێرانو لەدەرەوەی ئێراندا وجودی هەبوو. کارمەندانی ئەم دەزگایە بەمەبەستی دەمکوتکردنی دوژمنانی رژێمی دیکتاتۆریی‌و سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن، لەهیچ تاوانێك نەدەپرینگانەوە.[٢]

تۆکمەکردنو نوێکردنەوەو ڕەنێوهێنانی ئەو دەزگا سەرکوتە جۆربەجۆرانە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆریی شاهەنشاهییەوە کارێکی سەرپێیی‌و لەخۆڕا نەبوو، بەڵکو لەسەر بەرنامەیەکی چڕوپڕ سەبارەت بە پیادەکردنی سەرکوتی سیاسیی لەلایەن ڕژێمەوە بەڕێوە دەچوو. ئەو سەرکوتەی کە بەدرێژایی تەمەنی رژێم ببووە دیاردەیەکی ئاشکراو مەترسیدارو شوێنێکی بۆ ئازادییە دیموکراتییەکانو دەربڕینی بیروبۆچوونی جیاواز نەهێشتبۆوە، شایەنی باسە، سەرکوتی سیاسیی‌و دەرپەڕاندنی ڕێکخراوو حیزبە چالاکە

---

([١]) هـ. س، ل١٠٣.

([٢]) فردوست، س. پ، ل٢٧٩-٤٧٣.

ئۆپۆزسیۆنەکانی سەرشانۆی سیاسیی ئێران وەك ڕێبازێك هەردوای سەرکەوتنی کودەتای ١٩ی ئاب گیرایەبەر، وەك ئاشکرایە دوای ڕووخاندنی حکومەتەکەی موسەدیق، دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم ڕەشبگیرییەکی بەرفراوانیان دەستپێکرد. هەر لە خودی دکتۆر موسەدیقەوە تا باقی دی لایەنگرەکانی بەرەی نیشتمانیی ڕاپێچی زندانەکان کران‌و لەلایەن دادگا سەربازییەکانەوە حوکمی جۆراوجۆریان بەسەردا سەپێنرا. دکتۆر حسین فاطمی کە نیشتمانپەروەرێکی لێهاتووو وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەی موسەدیق بوو، لەلایەن رژێمەوە تیرەباران کرا. خودی موسەدیق بە ٣ ساڵ زیندانیی مەحکومکراو تەنانەت دوای دەرچوونیشی لە زیندان‌و هەتا مردنی لەژێر چاودێریی ڕژێم و لە ماڵەکەی خۆیدا دەستەبەسەر بوو. حاڵەتێکی وا کە تا ڕادەیەکی زۆر پاشەکشەی بە تواناو مەوقعییەتی بەرەی نیشتمانیی لەسەر شانۆی سیاسی ئێران کردو لە پەراوێزی ژیانی سیاسیی دەرهاوێشت.[1]

شایەنی باسە، سیاسەتی سەرکوت‌و فشاری دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بەرامبەر گروپ‌و ڕێکخراوە چەپەکان تاڕادەیەك چەند بەرابەر بوو، بەتایبەتی حیزبی تودەی ئێران کە محەمەدڕەزا شا بە دوژمنی پلەیەکی ناوخۆو بە دەسکەلای شورەویی بۆ ژێرەوژوورکردنی رژێمی سەڵتەنەتیی لە ئێراندا دەدایە قەڵەم.[2] حیزبی تودە کە بەدرێژایی ساڵانی حکومەتی موسەدیق دژی بەرەی نیشتمانیی‌و خودی موسەدیق تەبلیغاتیان دەکرد، لە ڕۆژی کودەتای ١٩ی ئابدا، هیچ دژە کردەوەیەکیان بەرامبەر پیلانەکەی دەربار – ئەرتەش – دەزگای جاسووسیی "سیا" پێشان نەداو بگرە ئەندامانیشیان لەماڵ نەهاتنەدەر.[3] دواتر بڵاویانکردەوە گوایە حیزبی تودە لە ٣٠ی ئابدا بزوتنەوەیەکی سیاسیی‌و چەکداریی‌و ڕێکخراوەیی لەسەرانسەریی ئێراندا بە دژی کودەتا دەستپێدەکا، بەڵام نەك هەر کارێکی وا ئەنجام نەدرا، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەو کارپێنەکردنی بڕیارەکەش لەلایەن حیزبی تودەوە بە فەرمیی ڕانەگەیەندرایەوە. ئەوان بەرامبەر بەو دۆخە نامیلکەیەکیان لەژێر ناوی (دربارە ٢٨ی مرداد) بڵاوکردەوەو تیایدا

---

(1) آوری، س. پ، جلد ٣، ل٣٧٩-٤٧٣.

(2) رمضانی، س. پ، ل٢٩٧.

(3) آوري، س. پ، ل٤٩.

هەوڵیاندابوو لاوازیی هەڵوێستو وابەستەیی فیکریی‌و سەربەخۆیی نەبوونی بڕیاریان لە خەڵکی بشارنەوەو ئۆباڵی شکستی جووڵانەوەی دیموکراتیی‌و دژی ئیمپریالیزم لە ئێراندا لەئەستۆی خۆیان داماڵن‌و هەمووی بهاوێنە سەرشانی موسەدیق‌و بەرەی نیشتمانیی.[1]

ڕژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی کە لەڕێگەی دەزگا جاسووسییەکانی خۆی‌و بە هاوکاریی یەکەی (CIA) لە تاران ئاگادارییەکی وردیی لەسەر بەدەنەی حیزبی تودەو بەش‌و ڕێکخراوەکانی هەبوو، دوای زنجیرەیەك لە هەڵمەتی دەزگا سەرکوتکەرەکانی بۆ سەر سەندیکا کرێکاریی‌و ڕێکخراوە پیشەییەکانی لاوان‌و ئافرەتان‌و بنکەو بارەگا نهێنییەکانی حیزب‌و حەشارگەکانیان توانی ژمارەیەکی زۆر ڕێبەرو کادرو ئەندامەکانیان دەستگیرکران‌و ڕەوانەی زیندانەکانی ڕژێمیان بکات. توندترین گورز لەم بوارەدا کە لەلایەن ڕژێمەوە لە حیزبی تودە وەشێندرا، ئاشکراکردن‌و دەستگیرکردنی ڕێکخراوی سەربازیی حیزب بوو لەساڵی ١٩٥٥دا، ئەو گورزەی بەپراکتیك بووە ئیفلیجبوونی حیزبی تودەو تووشی شکستو پاشاکشەی کرد.

سەرباری ئەوەش ڕۆژانە کادرە پێشکەوتووە گیراوەکانی وەك دکتۆر بهرامی‌و دکتۆر یەزدی، ناوو وێنەیان لە ڕۆژنامە فەرمییەکانی ڕژێمدا بڵاودەکرایەوە کە پاکانەیان دەنووسی‌و پەشیمانیی خۆیان لە کارکردنیان لەگەڵ حیزبی تودە دەردەبڕی‌و داوای بەخشین‌و چاوپۆشینیان لە ئەعلاحەزرەت دەکرد. جگە لە ڕاکردن و هەڵاتنی ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ شورەویی‌و ئەورووپای ڕۆژهەڵات، ئەوانەی لە پەلامارو هەڵمەتەکانی ڕژێمدا بەردەست نەکەوتبوون، ئەمانە هەموو فاکتەری سەرەکیی پاشاکشەی حیزبی تودەو ڕەوینەوەی جەماوەرەکەی بوون، ئەو جەماوەرەی کە لە ئەنجامی لاوازیی هەڵوێستی حیزب‌و بێباوەڕی سەرکردەکانی تووشی ڕەشبینیی‌و نائومێدییەکی گەورە ببوون‌و زیاتر ڕوویان لە پاشماوەی بەرەی نیشتمانیی دەکرد کە بە (جبهە ملی دوم / بەرەی نیشتمانی دووەم) دەناسرێت.[2]

---

([1]) قاسملو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێیەم، ل٨٣-٨٤ .، جلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٩٣.

([2]) طبری، س. پ، بەشی شازدەهەم.

هەر لە بورای سەرکوت و ڕاوەدونانی بەرهەڵستکارانی ڕژێمدا، لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦دا، دوای شکستی هەوڵی تیرۆرکردنی "حسین علا"ی سەرەك وەزیرانی ئێران لەلایەن ڕێکخراوی فیدائیانی ئیسلامەوە، ڕابەری ئەم ڕێکخراوەو بەشێکی چالاکی ئەندامەکانی لەلایەن دەزگا پۆلیسییەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی گیران و لەسێدارەدران، بەوەش فەرمانڕەوا شاپەرست و ڕۆژئاواگەراکان لەدەست ئەم ڕێکخراوە کە تیرۆری وەك ڕێبازێك بۆ دژایەتییکردنی نەیارەکانی گرتبۆبەر رزگاریان بوو.(١)

بەمجۆرە محەمەدڕەزا شا بە پشتبەستن بە ساواك، ئەرتەش، دەرامەتی نەوت و گرتنەبەری سیاسەتی فشارو سەرکوت، دیکتاتۆریی بوژاندەوەو ڕژێمێکی ئوتوکراتیی میللتاریستی رۆژئاواگەرای دامەزراند کە تا ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی لە ئێران لە شوباتی ١٩٧٩دا، گۆڕانی بەسەردا نەهات. مەگەر بەرەو خراپتر نەبێت. هەروەك (طلوعی) نووسیویە "شا ڕاستەوخۆ کاروباری وڵاتی گرتەدەست. دەوڵەت لە ئاستی فەرمانەکانیدا ملکەچ بوو. خودی شا لە هەڵبژارنی پیاوانی دەوڵەت هەر لە وەزیرو سەفیرو پارێزگارەوە، تا یاریدەدەرانی وەزارەتخانەکان و سەرۆکی ڕێکخراوەکان و کۆمپانیاناکانی دەوڵەتی ڕاستەوخۆ دەخالەتی دەکرد، بەچەشنێك بۆ هەر پلەو پایەیەك لەوانە سێ کەسی باوەڕپێکراو لەلایەن ساواکەوە دیاریی دەکران و دوای نووسینی ژیاننامەیان بە شا دەناسێنران، ئەویش بە دڵی خۆی یەکێکی لێ هەڵدەبژاردن. لە هەندێك شوێنی وەك کونسوڵخانەکاندا شا ئەو کەسانەی بێ ئاگاداریی کاربەدەستانی حکومەت دادەمەزراند، پۆستە گرنگەکانی حکومەتی وەك وەزیری دەرەوە، ئابووریی، بەرگریی و ناوخۆ، ئەمانە هەموویان لەلایەن شاوە دیاریی دەکران و دادەنران، شایەنی باسە، سەرەك وەزیران مافی نەبوو دەست لە کاروباری دەرەوە، بەرگریی و سیاسەتی نەوتی دەوڵەت وەربدات و تێکڕا لەلایەن شاهەنشاوە ئاراستە دەکران."(٢)

لەلایەکی دییەوە زیندوکردنەوەی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی بەو تین و تواناو دسەڵاتەوە، گورزێکی گەورەی لە ڕۆڵی دەزگا دەستوریی و دادوەرییەکان سرەواندو ژیانی پارتایەتیی لە ئێراندا پێشێلکرد، محەمەدڕەزا شا جگەلەوەی حیسابێکی بۆ

---

(١) مدنی، تأریخ سیاسی معاصر ایران، جلد ١، ص٣٣٨-٣٣٩ .، آوری، س. پ، جلد ٣، ل٦٤-٦٤٥.

(٢) طلوعی، محمود، شاه در دادگاه تأریخ، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٤، ص١٧-١٨.

مەجلیسی شوراو دەزگای دادوەریی نەدەکرد. لەساڵی ١٩٥٧یشدا، دوو پارتی کارتۆنیی وابەستەی بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکانی و بەجێهێنانی فەرمایشتەکانی دامەزراندو دوو پیاوی خۆی بە ڕابەر بۆ دانان، یەکێکیان وەك پارتی دەسەڵات بەناوی (ملیون/نەتەوەخواهان) بە ڕابەریی (دکتۆر منوچهر اقبال)، ئەوی تریش وەك پارتی بەرهەڵستکار بەناوی (مردم/گەل)و بە ڕابەریی (اسدالله علم). ئەو دوو پارتەی لەنێوخەڵکی ئێراندا بە پارتی (بەڵێ قوربان)و پارتی (بە چاوان قوربان) دەناسران.(١)

لەراستییدا، دامەزراندنی رژێمێکی دیکتاتۆریی زەمینەی بۆ لایەنگران و سیاسەتکارە ئەڵقە لەگوێکانی شای ئێران ڕەخساند کە زۆربەی پۆستە گرنگەکانی دەوڵەت بگرنەدەست و بەناوی دڵسۆزیی بۆ شا دەستبکەن بە دزیی و گیرفانپڕکردن، گەندەڵیی بەڕێوەبەرایەتیی و ماڵیی تادەهات پەرەیدەگرت، بەجۆرێك لەگەڵ سەردەمی دیکتاتۆریی ڕەزاشادا بەراورد نەدەکرا. هەربۆیە فردوست لەم ڕووەوە نووسیویە "ڕەزاشا فەسادی زۆر بوو وەك داگیرکردنی موڵك‌وماڵی خەڵکیی، هەربۆیە کە لێخرا خەڵکی ئاهێکیان پیداهاتەوەو گۆڤەندیان کرد. بەڵام بە بەراوردکردن لەگەڵ کوڕەکەیدا دەبێت هەزار ڕەحمەتی بۆ بنێررێت"(٢)

دیارە لەگەڵ پەرەگرتنی دیکتاتۆرییەتدا ئازادییە دیموکراتییەکان ژێرپێ دەنرێن، هەربۆیە ئازادیی کۆڕوکۆبونەوەو خۆپێشاندان، ئازادیی بیروڕاو ڕۆژنامەگەریی، ئازادیی مانگرتن و دامەزراندنی سەندیکاکان و ڕێکخراوە پیشەییەکان، پێچرانەوەو لەنێودا هەڵگیران. هیچ کۆڕێك بێ ساواك نەدەگیرا، سەندیکاکان لەژێر سەرپەرشتیی و چاودێریی توندوتیژی دەزگاکانی حکومەتی شاهەنشاهییدا بوون. جگەلە ڕۆژنامە فەرمییەکان بڵاوکراوەی سەربەخۆو ئازاد دەرنەدەکران. ڕۆژنامە فەرمییەکانیش تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی کارەکان و بە شان و باڵا هەڵدانی شای دیکتاتۆردا دەیانچڕی. ئەو هەلومەرجەی بەشێکی فراوانی ڕۆشنبیرانی ئێرانی ناچار کرد لە وڵات هەڵبێن و ڕوو لە ئەوروپا بکەن. صادق

---

(١) مدنی، تأریخ سیاسی معاصر ایران، جلد ١، ص٣٣٤.

(٢) فردوست، س. پ، ل١٢٢.

هدایت، یەکێك بوو لەو ڕۆشنبیرە ئێرانییە هەست ناسکانەی کە لە پاریسیش ئەو وەزعە نالەبارەی ئێرانی بۆ قووت نەدەچوو، هەربۆیە لە داخانا پەنای بۆ خۆکوژیی برد.[1]

## دووەم : حکومەتی کودەتاو بارودۆخی سیاسیی کوردستانی ئێران

ئاشکرایە سەرکەوتنی کودەتای (١٩)ی ئابو ڕووخاندنی حکومەتی نیشتمانیی دکتۆر موسەدیقو هاتنەسەرکاری حکومەتی سەربازیی بەسەرکردایەتیی سوپەهبود زاهیدی بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستانی ئێران، ڕووداوێکی یەکجار تالو چاوەڕواننەکراوبوو. چونکە هەروەك زانرا، سەرەڕای هەلوێستی نەرێی موسەدیق لەمەڕ مەسەلەی نەتەوایەتیی لە ئێران، زۆرینەی چینو توێژەکانی کۆمەلگای کوردەواریی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی موسەدیقدا، چالاکانە بە قازانجی هەنگاوە دیموکراتییو دژە ئیمپریالیستییەکانی موسەدیقو بەدژی پیلانگێڕانی دەربارو لایەنگرانی لە کوردستان هەلویستیان گرت. هەر لەڕێگای خۆپیشاندان، کۆڕوکۆبونەوە، ئاهەنگ گێڕان، تەلەگراف ناردنو مەزبەتە مۆرکردنەوە، تا دەگاتە دەنگدانی گشتییو ئاشکرا دژی محەمەدڕەزا شاو دواتر راپەڕین دژی ئاغاو مولکدارە شاپەرستو پیلانگێڕەکانی کوردستان. شایەنی باسە وێڕای نفوزو دەسەلاتی فەرماندەکانی ئەرتەشو کارمەندە بەڕێوەبەرایەتییە شاپەرستەکان، نیمچە ئازادییەك لە کوردستاندا هەبوو. ئەو نیمچە ئازادییەی لە دواڕۆژەکانی حوکمی موسەدیقدا، بەتایبەتیی دوای ڕاکردنی شاهەنشا لە ئێران بۆ ئازادییەکی ڕاستەقینە گۆڕدراو کۆمەلانی خەلکی کوردستان بە جوانترین شێواز پێشوازییان لێکرد. وەك هێمن وتەنی "دوکان و بازاڕ داخران، خەلك رژانە ناو کوچەو خیابان، بوو بە هوراکێشان و چەپلەڕێزان و سەماو هەلپەڕین، ژن و پیاو. گەرەو بچووك لەو زەماوەندەدا بەشدار بوون... سێ ڕۆژان دەهۆل و زوڕناو تریقەی پێکەنین و ڕمبەی هەلپەڕین... نەبڕایەوە."[2]

---

(1) جمشیدی، اسماعیل، خودکشی صادق هدایت، مؤسسە ی مطبوعاتی عطائی، تهران، ١٣٥١.

(2) هێمن، س. پ، ل٤٠.

لەراستییدا، بە سەرکەوتنی کودەتاو دامەزراندنی حکومەتی زاهیدی ئەو شادیی‌و خۆشییەی کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستان پێچرایەوە. هێزە شاپەرستەکان بەتەواویی بوژانەوە. جارێکی دی فەزای سەرکوت‌و فشارو ڕاوەدونانی ئازادییخوازانی کورد سەپێنرایەوە. ئازادیی‌و ناوی ئازادیی لە گەرودا خنکێنران، ڕەشبگیریی دەستیپێکردەوە، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لایەنگری بەرەی نیشتمانیی بوون،[1] یاخود لە ئاهەنگ‌و کۆبونەوەکاندا دژی شاو رژێمی شاهەنشاهیی لە ئێران ئاخاوتبوون دەستگیرکران و فڕێدرانە بەردەم دادگا سەربازییەکان.

سەبارەت بە رابەران‌و کادرەکانی ح. د. ك، ئەوانەی کە وەك لقێکی حیزبی تودە لە کوردستان لە دەورانی فەرمانڕەوایەتیی موسەدیقدا کوێرانە پەیڕەوییان لە رێبەرایەتیی تودە کردو بۆ ئەوان هەڵدەسوڕان، ئەوانیش لەڕۆژی ئەنجامدانی کودەتا وەك تودەییەکان لە حاڵەتی تەماشاچییدا مانەوەو هیچ دژەکردەوەیەکیان لەخۆیان پێشان نەدا بەرامبەر کودەتاچییەکان. ئەوانەی لە تاقمی بچووکدا ڕژابوونە نێو شەقامی شارەکان‌و بە قازانجی شاو رژێمی شاهەنشاهیی دروشمیان دەدا. بەجۆرێك هەر لەیەکەم ڕۆژی کودەتادا، واتە ١٩ ئابی ١٩٥٣دا، لە تێکڕای شارەکانی کوردستان خۆیان سەپاندەوەو دەسەڵاتیان گرتەوە دەست.[2]

دوای چەسپاندنی حکومەتی کودەتا کە ئەرکی یەکەمی سەرکوتکردنی ئازادییخوازان‌و نەیارەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی بوو، ئەندامانی رێبەرایەتیی‌و کادرو ئەندامەکانی حیزبی دیموکرات پەرتەوازە بوون، ژمارەیەکیان بەرەو تاران هەڵاتن تا لەوێ وەك نەناسراو خۆبشارنەوە، بەشێکیشیان ڕایانکردە ناوچەی مەنگوڕایەتی‌و لە

---

(1) موحەمەدی موکری کە دواتر پاش ڕووخاندنی رژێمی شاهەنشاهیی‌و هاتنەسەکاری رژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران بووە یەکەمین سەفیری ئێران لە شورەویی، لە قۆناغی حاکمییەتی موسەدیقدا یەکێك بوو لە کاندیداکانی بەرەی نیشتمانیی بۆ ناوچەی مەهاباد لە هەڵبژاردنەکانی خولی هەڤدەهەمی مەجلیسی شورادا. دوای کودەتای ١٩ی ئاب لەلایەن حکومەتی زاهیدییەوە گیراو بەتوندیی بریندار کرابوو، موحەمەدی موکری ساڵی ١٩٥٢ لە کرماشان لەدایك بووە، ماوەیەکی زۆری لە ژیانی لە فەرەنسا بەسەر بردووە، هەرلەوێ دکتورای لە ئەدەبیاتی ئێرانییدا وەرگرتووەو چەند کتێب و بڵاوکراوەی جۆربەجۆری هەیە، لەدوای ڕووخاندنی شا گەڕاوە ئێران و هەڵوێستێکی زۆر خراپی بەرامبەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد پێشاندا. بڕوانە: کیهان، ١٥ فروردین ماه ١٣٥٨.

(2) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٩٣.

دێهاتەکاندا مانەوە، هەندێکیش لەماڵی خۆیاندا دەرنەدەچوون، یا پەنایان بردەی بەر کوردستانی عێراق.[1] شایەنی باسە، حکومەتی کودتا، سەرەتا بە جێ‌پێ قایمکردنی خۆی‌و لێدانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی وەك ئەندامانی بەرەی نیشتمانیی و حیزبی تودە لە تاران و شارە گەورەکاندا سەرقاڵبوو. هەربۆیە لەو دەمەدا بە باشیی دەستی بە کوردستاندا ڕانەدەگەیشت. بەو حاڵەتەش هێشتا ژمارەیەك لە هەڵسوڕاوەکانی حیزبی دیموکرات لە کوردستان کەوتنە بەردەست کودەتاچییەکان لەوانە: حوسێنی فروهەر، عەبدوڵڵای ئیسحاقی، لەگەڵ گوڵێ‌ی ڕێحان، کە یەکەم ئافرەتی کوردە لەو قۆناغەدا بە تاوانی سیاسیی گیراو ٣ مانگ زیندانیان بۆ بڕییەوە.[2]

لێرەدا جێی خۆیەتی بوترێت، کە یەکەمین ئاسەوارە لاوەکییە نەرێییەکانی تودەییبوونی حیزبی دیموکرات، دوای سەرکەوتنی کودەتای ١٩ی ئاب، بەئاشکرا لەسەر بەدەنەی حیزب ڕەنگیدایەوە. ئەو سەرگەردانیی‌و بێسەروبەرییە سیاسیی‌و ڕێکخراوەییەی لەو قۆناغە ناسکەدا حیزبی دیموکراتی پێوە گیرۆدەبوو، ئەو ناکۆکیی‌و دووبەرەکییەی لە ئەنجامی ڕەخنەگرتن لە هەڵوێستی چەواشەکەرانەو لاوازی حیزبی تودە تادەهات لەناو ڕێبەرایەتیی‌و کادرەکانی حیزبی دیموکراتدا قوڵ دەبۆوە. بەتایبەت دوای ئەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی تودە نامیلکەیەکیان بەناوی (درباره ٢٨ مرداد/ سەبارەت بە ١٩ی ئاب) بڵاوکردبۆوەو تیایدا هەوڵیاندابوو خۆیان لە هەموو بەرپرسیارییەك سەبارەت بە شکستی جووڵانەوەی نیشتمانیی‌و دیموکراتیی دژەئیمپریالیزمییەکەی ئێران بدزنەوە. لەم بارەیەوە ئۆباڵی تەواوی مەسەلەکە لەسەر شانی خۆیان داماڵن‌و بیهاوێنە سەر شانی بەرەی نیشتمانیی‌و موسەدیق.[3] ئەمانە تێکڕا زۆر بە خراپیی کاریگەرییان لەسەر بیروباوەڕی کادرەکان‌و ئەندامە ڕوناکبیرەکانی ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان کردو هانی بەشێکی زۆری خوێندکاران‌و لاوە ڕۆشنبیرە خوێنگەرمەکانی لایەنگرانی حیزبییدا کە سەبارەت بە حیزبی دیموکراتی

---

([1]) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل٢٣٦.

([2]) بلوریان، س. پ، ل١٨٣.

([3]) قاسملو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێیەم، ل٨٤،٨٣ .، حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل٢٣٨.

کوردستان ڕەشبین بن و ڕیزەکانی حیزب بەجێهێڵن‌و بەرەو لایەنگریی پاشماوەی بەرەی نیشتمانیی ملبنێن.[1]

لەوەش خراپتر بوژانەوەی دیکتاتۆریی پەهلەویی‌و پاشاکشەی بێ وەستانی شەپۆلی ئازادیخوازی‌و دیموکراسیی لە ئێران‌و کوردستاندا، بەجۆرێکی ئەوتۆ کاریکردە سەر ورەو بڕوای کادرەکانی حیزب لەم قۆناغەدا، کە بووە هۆی قەومانی زۆری ڕووداوی چاوەڕنەکراو. بۆنموونە، میرزا ڕەحیمی سوڵتانیان کە بەرپرسی یەکەمی کۆمیتەی مەهابادی حیزب‌و کادرێکی دڵسۆزو لێوەشاوە بوو، لەدوای کودەتا هەر دوو مانگ بەرگەی ژیانی دێهات‌و دووریی خێزانەکەی گرت‌و بەرامبەر بە ڕژێم چۆکی داداو بۆ هەتاهەتایە وازی لە حیزبایەتیی هێنا.[2] کەریمی وەیسی، کە ئەویش کادرێکی لێوەشاوەی حیزب بوو، هەر بەهەمان شێوە دوای بەردانی لە زیندان هەرگیز بەلای حیزبایەتیدا نەچۆوە.[3] خراپترین ڕووداو کە لەم ڕووەوە کاریگەرییەکی نەرێیی گەورەی کردەسەر ورەو گیانی تێکۆشانی ئەندامە حیزبییەکان‌و خەڵکی سادەو ساکاریش، خۆی لەو هەڵە مەزنە دەبینێتەوە کە (عەلی قازیی) تاقە کوڕی پێشەوا، کە بە "کوڕی ڕەش" دەناسرێت، ئەنجامیدا. وەك ئاشکرایە ناوبراو جگە لەوەی کوڕی پێشەوا قازیی محەمەد بوو، ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهابادی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بوو، لەدوای کودەتای ١٩ی ئاب هەستا ڕێگای تارانی گرتەبەرو بۆ گێڕانەوەی موڵك‌و ماڵە داگیرکراوەکانی بنەماڵەکەیان، تاکو دەرباری شاهەنشا نەوەستایەوە. لەوێڕا جگە لە دووپاتکردنەوەی گوێڕایەڵیی بۆ ئەعلاحەزرەت، دەستی محەمەدڕەزا شاشی ماچکردبوو، ئەو دیمەنەی کە ڕژێم بۆ پرۆپاگەندە لە بەرگی چەند گۆڤاری فەرمیی ئێرانیی دابوون و لە کوردستاندا بەخۆڕایی بڵاویان کردبۆوە.[4]

بەهەرحاڵ، دامەزراندنی فەرماندارییی سەربازیی لە تاران بە سەرپەرشتیی سەرتیپ تەیموور بەختیار، کە دواتر بووە ناوکی دەزگای ساواکی ئێران، لەدوای کودەتاوە

(1) گادانی، جەلیل، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، پ، ش، ٢٠٠٠، ل١٩.

(2) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل٢٥٥-٢٥٦.

(3) بلوریان، س. پ، ل١٨٣.

(4) گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل١٩.

کەوتبووە تەنگپێهەڵچنینی ئەندامەکانی بەرەی نیشتمانییو حیزبی تودەو فیدائیانی ئیسلامو هەر ڕۆژەی گروپێکی لێ ئاشکراو دەستگیر دەکردن، بەجۆرێکی وا کە حەشارگە نهێنییو ماڵە حیزبییەکانو تەنانەت قاوەخانە گشتییەکانیش دەکەوتنە بەر پەلاماری بەربڵاوی پۆلیسی ئێرانو ئاشکرا دەکران.[1] مەسەلەیەکی وا کە ببووە ئەوەی چیدی تارانی پایتەخت شوێنێکی ئەمینو گونجاو نەبێت بۆ کادرو رابەرە ڕاکردووەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

لەلایەکی ترەوە، تاچەند ساڵێك دوای کودەتاش هێشتا ساواك لە کوردستان لقو بارەگاکانی دانەمەزراندبوو، هەربۆیە شانەو کۆمیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دێهاتو ناوچەکانی سەردەشت، نەغەدە، لاجان، شنۆ، سندوس، بانە بەساغی مابوونەوەو نەکەوتبوونە بەر پەلامار، لەوەش زیاتر هەڵسوڕانی چەند ساڵەی دەورانی موسەدیقی کادرو کۆمیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچانەو پشتگیرییکردنیان لە خەباتی چینایەتیی جووتیاران دژی ئاغاو دەرەبەگە شاپەرستەکان بنکەیەکی جەماوەریی لە جووتیارانو ڕەشو ڕووتی لادێ بۆ حیزب پێکهاتبوو کە دەیانتوانی لەڕۆژی تەنگانەدا هاوکاریی بە کادرە ڕاکردووەکانی حیزب بکەنو لە ژاندرەمەکانی رژێمیان بشارنەوە.[2]

لەراستییدا، بوژانەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگەکانو ئاغاکانی ناوچەکە دوای کودەتاکەی ١٩ی ئابو چوونی بەکۆمەڵیان بۆ تاران بەمەبەستی بەخێرهێناوەی شاو خۆڵەپێشکردن ئەوەندەی دی هانی جووتیارانی دێهاتی دەدا تاکو وەك پاڵپشتییەك دژی دەرەبەگەکان کۆمەك بە حیزبی دیموکراتی کوردستانو بوژانەوەی لە ناوچەکانیاندا بکەن، تێکڕای ئەو فاکتەرانە کە بووە هۆی ئەوەی نەك کادرو ئەندامەکانی حیزبی لە تاران، بەڵکو تودە ڕاوەدونراوەکانیش ڕوو لە ناوچە دێهاتییەکانی کوردستانی ئێران بکەن، چونکە لەوێ دەیانتوانی هەم خۆیان لە دەزگا جاسووسییەکانی رژێم بشارنەوە، هەم دەرفەتیان دەبوو کاری سیاسییو ڕێکخراوەیی دەستپێبکەنەوە.[3]

---

([1]) آوری، س. پ، جلد ٣، ل٤٣-٤٦.

([2]) بلوریان، س. پ، ل١٣٨-١٣٩.

([3]) کاوە، س. پ، ل٢٠-٢١.

بەمشێوەیە، لە هەلومەرجێکی وادا کاری سیاسیی و ڕێکخراویی ح. د. ک لە شارو دێهاتەکانی کوردستانی ئێران دەستیپێکردەوە. شایەنی باسە، هەرچەندە کۆمیتەی (کاك) بەسەرپەرشتی عەبدولڕەحمان قاسملو کە ئەو دەم لە مەهاباد لە ماڵی پێشەوا خۆی حەشار دابوو، ڕێنمایی چالاکییە سیاسیی و ڕێکخراوەییەکانی حیزبی دیموکراتی دەکرد، بەڵام چونکە بە پراکتیك لە ڕێبەرایەتیی تودە داپچڕابوون جۆرە سەربەخۆییەکی کارکردن بۆ کارە ڕێکخراوەیی و سیاسییەکانی حیزبی دیموکرات داین ببوو. لاوازیی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتیش لەم قۆناغەدا سەربەخۆییەکەی گەیاندبووە ڕادەیەك کە زۆربەی کادرو بەرپرسەکانی شانەو کۆمیتەکان بەخواستی خۆیان هەڵدەسوڕان. دیارە کۆمیتە دێهاتییەکانی ناوچەی موکریان لەم رووەوە لە زۆربەی ناوچەکانی دی کوردستانی ئێران چالاکتربوو، لەو ناوچانە کادرەکانی (عەبدوڵڵای ئیسحاقی، هاشمی حەق تەڵەب، ئەسعەدی خودایاری، سولەیمانی موعینی، حەمەدەمینی راتیبی، مەلا عەلی، قاسمی سوڵتانیان)و چەندی دی، خەریکی کاری حیزبی بوون. لەشاری مەهابادیش جەلیل گادانی بەرپرسی کۆمیتەی مەهابادی گرتبووە ئەستۆو ڕێکخراوی ژنانی دیموکراتی بوژاندبۆوە کە لەو دەمەدا دەیانتوانی لە مەهاباددا چەند کاری حیزبی ڕاپەڕێنن بێ ئەوەی فەرماندەکانی ئەرتەش و ژاندارم گومانیان پێ بەرن.(1)

هەروەها لەدوای ڕووخاندنی کۆماری میللیی کوردستانەوە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٤ بۆ یەکەمجار دووبارە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاوکرایەوە، ئەویش دوای ئەوەی هەندێك ڕێبەرانی وەك: عەبدولڕەحمانی قاسملو، عەزیز یوسفی، غەنی بلوریان و سەدیق ئەنجیری ئازەر، لە تەبرێز بوون و داوایان لە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کردووە لەم ڕووەوە هاوکارییان بکەن و لەڕێگای چاپخانەی فیرقەوە ڕۆژنامەکەیان بۆ چاپ بکەن. هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەی کوردستان ٢٠٠٠ دانەی لێ بڵاودەکرایەوە کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا دابەشکران و ١٠٠ دانەشی ڕەوانەی کوردستانی عێراق دەکرا. شایەنی باسە، چاپکردنی ئەم ڕۆژنامەیە زۆری نەخایاند، چونکە لەدوای دەرکردنی

(1) گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل١٧.

ژمارە ٨ی کوردستان چاپخانەکەی فیرقە لەلایەن دەزگا جاسووسییەکانی رژێمی شاهەنشاهییەوە ئاشکرا کراو دەستی بەسەردا گیرا.(١)

بەداخەوە هیچ ژمارەیەکی ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەی کوردستانمان لەبەردەستدا نییە، لەڕووی هەڵسەنگاندنی ناوەرۆك‌و لایەنی فیکریی بابەتەکانییەوە بۆچوونەکانی حیزب‌و شێوازی بیرکردنەوەی ڕێبەرانی حیزب‌و ئاراستەی کارکردنیان بخەینە بەرچاو. بەڵام وەك دەردەکەوێت بابەتەکانی کە زیاتر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ناوخۆو دەرەوەی ئێران‌و کوردستان بوون، لەسەر بنەمای بیری دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم‌و رژێمی بۆرجوا- دەرەبەگی شاهەنشاهیی‌و کوتینی چینی دەرەبەگی کورد داڕێژرابوون.

حکومەتی کودەتا لەساڵی ١٩٥٤دا، لەڕێگای خزاندنی جاسووسەوە بۆ ناو دەزگا ڕێکخراوەییەکانی حیزبی تودە توانی چەند گورزێکی گەورە لەو حیزبە بوەشێنێ. بەتایبەت ئاشکراکردنی ڕێکخراوی سەربازیی ئەو حیزبەو گرتن‌و تیرەبارنکردنی بەشێکی بەرچاوی ئەفسەرە تودەییەکان. هەر لەم کاتەدا چەندی بۆ کرابا کادرەکانی حیزبی دیموکراتی دەخستە دواوەو دەستی لێ دەوەشاندن. شایەنی باسە، لە پایزی ئەو ساڵەدا بوو کە دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێم لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان گرت کە هەندێکیان کادرو ئەندامی حیزبی دیموکرات بوون وەك (عەزیز یوسفی، ئەسعەد خودایاری، یوسف ریزوانی، کەریم حیسامی، سەدیق خاتەمی‌و هاشم حوسێن زادە) و چەند کەسی تر، کە دوای دادگاکردنیان هەریەکەو چەند ساڵێکیان زیندانی بۆ بڕینەوە.(٢) لەراستییدا، نەبوونی ئەزموونی کاری نهێنیی‌و دەستنیشانکردنی ئەو کادرانە لەلایەن روکنی ٢ی سوپاوە، بەتایبەت ئەوانەی لە شارەکاندا دەژیان، زیاتر ئەرکی دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمیان بۆ گرتنی ئەندامەکانی حیزبیی هەموار دەکرد.

هەرچۆنێك بێت دەستپێکردنەوەی چالاکیی سیاسیی‌و ڕێکخراوەیی ح. د. ك لەم قۆناغەدا کەندو کۆسپی گەورەی لەڕێدا بوو. بەتایبەت ئەو سەرگەردانییەی کە لە ئەنجامی نەبوونی ڕێبازێکی ڕوون‌و تاکتیك‌و ستراتیژیك، هەروەها دانەنانی بەرنامەیەکی کاری دیاریکراو، گیروگرفتێکی ئاشکرای لەبەردەم چالاکیی کۆمیتەو ڕێکخراوەکانی

---

(١) بلوریان، س. پ، ل١٥٢-١٥٣.

(٢) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل٢٧٤-٢٧٥.

حیزبدا پێکهێنابوو. گێروگرفتێك كە دەبووایە تاوتوێ بکرێتو چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە. هەروەها مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتنو ساغکردنەوەی پەیوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە حیزبی تودەوە، ئەو مەسەلەیەی کە بۆ ماوەی چەند ساڵێكو لەدوای کودەتاوە شوێنی گفتوگۆو ناکۆکیی قوڵ بوو لەناو کادرو رێبەرایەتیی حیزبداو پێویستبوو بەلایەکدا بخرێت. بەجۆرێك یان پەیوەندییەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، یاخود بەتەواویی بپچڕێنرێت. حیزبی دیموکرات وەك پێشوو سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت. شایەنی باسە، ئەو بۆچونەی دواییان تادەهات زیاتر لەناو کادرو ئەندامەکانی حیزبدا پەرەی دەسەند. چونکە وەك وترا تێکشکاندنی حیزبی تودەو گرتنو پەشیمانبوونەوەی ڕێبەرو کادرەکانیو پاکانەکردنیان تا ڕادەیەکی زۆر لە متمانەی ئەو حیزبەی لەناو کۆمەڵگای ئێرانیدا دابەزاند. دیارە مەسەلەکە بۆ حیزبی دیموکرات جیا لەوە مەسەلەی پاراستنی ڕێکخراوەکانیشی بوو لە پەلاماردانی پۆلیسی ئێرانیی، ئەوانەی بەباشیی لە ڕێکخراوەکانی تودەدا هێلانەیان کردبوو.[1]

هەربۆیە، رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتەسەر ئەو باوەڕەی کۆبوونەوەیەك پێکبێت و تیایدا ئەو گرفت و ناکۆکییانە بخرێنە بەر باسو لێکۆڵینەوەو بڕیاری دیارییکراویان لەسەر بدرێت. جگەلەوە هەوڵی دانانی بەرنامەیەکی دیارییکراو بۆ کاری ڕێکخراوەکانی حیزبی بدرێتو لەو سەرگەردانییە ڕزگاریان بێت. کۆبوونەوەی ئەندامانی رێبەرایەتییو کادرە پێشکەوتووەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە مێژووی حیزب بە کۆنفرانسی یەکەم ناودەبرێت، لە کەش و هەوایەکی ئاڵۆزدا لە مایسی ساڵی (١٩٥٥)دا، لەناوچەی لاجانی مەهابادو لە ماڵی (سەید ڕەسوڵی دهقان) ناسراو بە سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، ئەنجامدرا. لەم کۆبوونەویەدا زیاتر لە ١٥ – ٢٠ کەس لە ڕێبەرانو کادرانی حیزب ئامادەبوون لەوانە: عەبدولڕەحمانی قاسملو، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، عەزیز یوسفی، ئەسعەد خودیاری، هاشم حەق تەڵەب، قاسم سوڵتانیان... هتد. شایەنی باسە، کۆبوونەوەکە چەند ڕۆژێکی خایاندو دوای ئەوەی مەسەلە

---

[1] گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل٢٣.

**سەرەکییەکان خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوەو هەرکەسەو دیدو بۆچوونی خۆی خستە ڕوو، بە دەرکردنی چەند بڕیارێك بڵاوەیان لێکرد کە بریتییەلە:**

**١-پچڕاندنی پەیوەندیی بە حیزبی تودەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی‌و سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.**

**٢-یەکخستنی کۆمیتەی شارەکانی مەهابادو سنەو بایەخدان بە دامەزراندنی ڕێکخستن لە باشووری کوردستانی ئێران و پەرەپێدانی.**

**٣-هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ڕێبەریی بۆ سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دابەشکردنی شوێن و ئەرکەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**أ-عەبدولڕەحمانی قاسملو بەرپرسی گشتیی‌و پەیوەندییەکانی نێوخۆو دەرەوە.**

**ب-غەنی بلوریان و ڕەحمەتی شەریعەتی بۆ سەرپەرشتییکردنی کاروبارەکانی حیزب لە سنەو دەوروبەری.**

**ج-عەزیز یوسفی سەرپەرشتیکاری کاروباری حیزب لە باکوورو ناوچەی ورمێ‌و بەرپرسی چاپەمەنی.**

**د- عەبدوڵلا ئیسحاقی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی مەهاباد و دەوروبەری.**

**هـ-دکتۆر عەلی مەولەوی وەك ڕاوێژکاری حیزب و بەڕێوەبەری کاروبارەکانی لە تاران.**

**٤-دامەزراندنی کۆمیتەیەکی حیزبی نوێ بەناوی (کۆمیتەی بلباس) بۆ سەرپەرشتییکردنی ناوچەکانی پیرانشارو مەنگوڕایەتی بەتێکڕاو بەشێك لە دێهاتەکانی دەوروبەری نەغەدەو مەهاباد[١].**

**سەبارەت بە گەلاڵەی پەسەندکراوی حیزب، کۆبوونەوەکە پێی لەسەر خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی‌و دامەرزاندنی ڕژێمێکی دیموکراتیی لە ئێراندا**

**[١] گادانی، ٥٠ساڵ خەبات، ل١٠٠. شایەنی باسە گادانی لەشوێنێکی تردا باس لەوە دەکات گوایە لەم کۆبونەوەیەدا بۆ یەکەمجار لەپاڵ ح. د، ك دا ووشەی (ئێران) زیاد کراوە، دیارە ئێمە کە چەند بەیاننامەیەکی حیزبمان لەبەردەستدایە کە دوای ١٠ - ١٢ ساڵ پاشی کۆنفرانسی یەکەم بڵاوکراونەتەوە، وەك بەیاننامەی کۆمیتەی ساخ کەرەوە لە حوزەیرانی ١٩٦٤، کۆنگرەی دوو لە تشرینی دووەمی ١٩٦٤ و هەروەها بەیاننامەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزب لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٨دا. ئەمانە تێکڕا ناوی حیزبیان بە (حیزبی دیموکراتی کوردستان) ناوبردووەو چ پاشگرێکی وشەی ئێرانیان پێوە نیە، بڕوانە: گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل١٢٣.**

داگرتووە بە لایەنگرییکردن لە بەرەی سۆسیالیستیی‌و تێکۆشان دژی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا. لەسەر ئاستی ناوخۆش، باس لە دژایەتیی چینی دەرەبەگ‌و پاڵپشتیی خەباتی وەرزێرانی کوردستان کراوە. سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران، پێدەچێ کۆنفرانس باسی لە چ مافێکی تایبەت لەشێوەی (لامەرکەزی، خودموختاریی، فیدرالیزم یا سەربەخۆیی) نەکردبێت[١]و ئامادەبووان لەسەر شتێك لە بەدیهێنانی ئەو مافانە بۆ گەلی کورد ساغ نەبوبێتنەوە، لەبەرئەوەی بیری تودەیی بەسەر زۆربەی ئەندامانی کۆنفرانسەکەدا زاڵبوو، زۆر دەگونجێ مەسەلەی نەتەوایەتیی بەردێکی لەسەر دانرابێت‌و چارەسەرکردنی بۆ دوای دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتیی شۆڕگێڕو گەلیی لە ئێراندا هەڵگیرابێت. کە ئەویش بۆ خۆی بیرێکی هەڵەی تودەییەو دوور لە بەرژەوەندیی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کوردو بەدیهێنانی ئامانجەکانێتی‌و دەیەوێت بەناوی جووڵانەوەی دیموکراتیی دژی ئیمپریالیستیی سەرتاسەرییەوە جووڵانەوەی نەتەوەی گەلی کورد بەخۆیەوە شەتەك بدات‌و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی‌و بۆ خزمەتی خۆی بەکاری بهێنێت.

بەمجۆرە، ئەمجارەش مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەلایەن ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتەوە کرا بە قوربانی بیری ئێرانچێتیی‌و چەپگەرایی. بەرنامەیەکی وا کە هەندێك لە ڕابەرە نەتەوەخوازەکانی حیزبی پێ قانیع نەبوون‌و بەتەواوی دڵساردی کردن. جگەلەوەی زەمینەی پەیدابوونی باڵە ناکۆك و دژبەرەکانی لەنێو حیزبی دیموکراتدا پێکهێنا کە لە دوو بۆچووندا خۆی دەبینییەوە، بۆچوونێکی تودەیی یان بە قەولی ئەوسا چەپ‌و پێشکەوتووخواز، هی دووەمیشیان ناسیونالیستی شۆڕشگێڕ. ئەوەش ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کاتێك کەریم حیسامی چاوی بە عەبدوڵڵای ئیسحاقی کەوتووە کە نوێنەری بۆچوونی دووەمەو لەمەڕ کۆنفرانس پرسیاری لێکردووە، لە وەڵامدا ناوبراو زۆر بە دڵساردییەوە وتوویەتی "شتێکمان بەناوی کۆنفرانس هەبووە بەڵام هیچ بەرنامەیەکمان دانەناوە"[٢]

---

(١) گادانی دەڵێت: هەوڵدراوە سەبارەت بە مەسەلەی میللیی سوود لە بەرنامە هەشت ماددەییەکەی حیزب وەربگیرێت لەکاتی کۆماری میللیی کوردستاندا کاری پێکراوە، بڕوانە: هـ. س، ل١٢٢.

(٢) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم ١٩٥٣– ١٩٦٥، بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٧، ل٢٧.

بەهەرحاڵ لەدوای کۆنفرانس و دابەشکردنی ئەرکەکان حیزبی دیموکرات سەربەخۆ لە حیزبی تودە ڕێکخراوەکانی بوژاندەوەو چەند شانەو کۆمیتەی نوێیی دامەزراندن، لەم ڕووەوە سەعید کاوە نووسیویەتی "تەشکیلاتی ئەمجارەیان لەسەر بناغەی میللیی دیموکراتیك پێکهاتبوو، ئیتر حیزبی تودەی ئێران وەك (حیزبی مادەر / پارتی دایك ) نەخشی پێشووی نەمابوو، هەرچەند بیرو مێشکی حیزبی تودە بەسەر شانەو کۆمیتەکاندا زاڵ بوو، بەڵام دەکرێ بڵێین لە پێشوو سەربەستر بوون و دەربەست لە ئیختیاری ئەواندا نەبوون کە ڕۆژنامەی ئەوان بفرۆشن و بەرپرس و ڕای ئەوان هەڵسوڕێن. تێکۆشانی کادرەکان بەوپەڕی ماندوویی و لەخۆبوردوویی دەچوەپێش، هەرچەند بیرومێشکی حیزبی تودە بەسەر شانەو کۆمیتەکاندا زاڵ بوو، بەڵام دەکرێ بڵێین لەپێشوو سەربەست تر بوون."[١]

پێویستە بوترێت کە دەستکورتیی و کەمدەرامەتی حیزبیش گرفتێکی کەم نەبوو. ئەو کارانەی ئەنجام دەدران لەسەر گیرفانی ئەندامانی حیزب و کۆکردنەوەی ئابونەو یارمەتیی بەڕێوەدەچوون، نەبوونی پاڵپشتییەکی دەرەکیی ستراتیژیی و باری ناهەمواری جیوبولتیکی کوردستانی ئێران فاکتەری نەرێیی بوون لەبەردەم هەر هەنگاوێکی جیدیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو دەمەدا، یاخود لە ئایندەدا بیری لێکردبایەوە. هەربۆیە کۆمیتەی ڕێبەرایەتیی حیزب لە پووشپەڕی ١٣٣٦ی هەتاویی بەرامبەر تەموزی ١٩٥٧، بڕیاریدا "کە بۆ وەرگرتنی نەزەری گشتی جیهانیی و هەروا ڕاکێشانی سەرنجی گەلانی ئازادیخواز ٢ کەس بنێردرێنە دەرەوە ئەوەبوو (ئەحمەد توفیق / ناوی نهێنیی عەبدوڵڵا ئیسحاقی–ل) بەنێوی مسئول وە ڕەحمانی قاسملو بەنێوی مشاویر ڕەوانەکران."[٢]

---

(١) کاوە، س. پ، ل٢٠.

(٢) بەیاننامەی کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٤٣.

## سێیەم : هێرشی لەشكری شاهەنشاهیی بۆ سەر جوانڕۆییەكان

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ كرا، حكومەتی كودەتا بە مۆركردنی ڕێكەوتننامەی كۆنسۆرسیۆم‌و گرتن‌و سەركوتكردنی نەیارانی رژێم لە تاران‌و شارە گەورەكان، زەمینەیەكی گونجاوی بۆ بنیاتنان‌و دامەزراندنی ڕژێمێكی دیكتاتۆریی سەركوتكەر لە ئێراندا ڕەخساند. ئەو رژێمەی دوابەدوای هاتنەسەركاری حكومەتی (حسین علا)و ڕاگەیاندنی ئێران بۆ چوونە ناو پاكتی بەغداوە، هەروەها دەستپێداهێنانەوەی ئەرتەش‌و نوێكردنەوەی هێزە چەكدارە سەركوتكەرەكان، ئەوەندەی تر پایەكانی دەسەڵاتی بەهێزتر دەبوون. بەجۆرێك بەو ئاراستەیە هانیدەدا دەسەڵاتە سەركوتكەرە توندوتیژەكەی لە ناوەندەوە بەمەبەستی كۆنترۆڵكردنی تەواوی ژیانی گەلانی ناو ئێران پەل بۆ دوورترین هەرێمەكانی وڵات بهاوێژێت. دیارە تەنیا لەبەر تیشكی ئەم ڕاستییەیە كە دەتوانرێت ئاكاری رژێمی دیكتاتۆریی شاهەنشاهیی شیبكرێتەوە، كاتێك لەكۆتایی ساڵی ١٩٥٥دا، پەلاماری سەربازیی بردە سەر ناوچەی سۆماو برادۆست لە باكووری ڕۆژئاوای كوردستانی ئێران‌و دواتر ئەرتەشی شاهەنشاهیی بۆ كۆمەڵكوژیی جوانڕۆییەكان سازو ئامادە كرد.[1]

ناوچەی جوانڕۆ، كە لەڕووی سروشتییەوە درێژبۆوەی مەڵبەندی هەورامانی كوردستانی ئێرانە، لەڕووی بەڕێوەبەرایەتییەوە بەشێكە لە ئوستانی كرماشان و٩٠كم لە باكووری خۆرئاوای شاری كرماشانەوە دوورە. ئەم ناوچەیە لە باكوورەوە بە پاوە، لە خۆرهەڵاتەوە بە سەنقور، لە خۆرئاواوە بە قەسری شیرین‌و لە باشوورەوە بە شائاوا كۆتایی دێت‌و ناوەندەكەی قەڵای جوانڕۆیە كە دەكەوێتە سەر ڕێگای كرماشان_ نەوسوود لە سێ بەشی ناوەندو باوەجانی‌و ڕەوانسەر پێكهاتووە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٤).

ناوچەی جوانڕۆ، دارای تۆبۆگرافییەكی هەمەڕەنگە، هەم لە دەشتی بەپیت‌و هەم لە چیای بەرزو لێڕەوار بەهرەمەندە، ناوچە دەشتاییەكەی درێژبۆوەی دەشتی كرماشانەو سەرچاوەیەكی باشی بەرهەمهێنانی گەنم، جۆ، نۆك، و دانەوێڵەیە. چیا سەختەكانیشی

---

(١) هـ. س.

بۆ ئاژەلداریی‌و باخەوانیی گەلێك لەبارەو دیمەنی دڵفڕێنی هەیە. چیا بەرزەکانی پوان، ساخ شکەن، تورگەدار، شاهۆو داڵەهوو دەکەونە ڕۆژهەڵات‌و باکووری ڕۆژئاوای قەڵای جوانڕۆوە. لەم ناوچەیەدا تایەفەی ڕۆستەم بەگی جوانڕۆیی نیشتەجێن کە موسوڵمانی سونین‌و لە چەند تیرەیەکی وەك : کوری، کۆکۆیی، ئیمامی، مەحموود باوەیسی‌و قەشەیی پێکهاتوون. ئەمانە بەدرێژایی مێژوو زۆر بەباشیی داب‌و نەریتی کوردەواریی‌و عەشیرەتییان پاراستووەو شێوە ژیانێکی داخراوو گۆشەگیریان هەبووە کە سەربەخۆیی ناوەخۆییان پاراستووەو سەریان بۆ دەسەڵاتی بێگانە دانەنەواندووە. ناوچەی جوانڕۆ لە شێوەی سێ گۆشەیەکدایە کە لەڕووی ستراتیژیی‌و سەربازییەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لەلایەکەوە هەرێمی سنە لە ناوچەی کرماشان جیادەکاتەوەو لەلایەکی دییەوە ناوەندە لەنێوان کوردستانی عێراق و کرماشاندا.[1]

وەك ئاشکرایە جوانڕۆییەکان مێژوویەکی پڕەورازو نشێوو پرشنگداریان لەدژایەتییکردنی رژێمە دیکتاتۆرو حکومەتە دژ بەگەلییە یەك لەدوایەکەکانی ئێراندا هەیەو هەمیشە بە قازانجی جووڵانەوەی ئازادیخوازانە لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا بەشدارییان کردووە، هەر لە ساڵانی بزاڤی مەشرووتەخوازیی ئێران (١٩٠٥ – ١٩١١) دابوو کە جوانڕۆییەکان بەسەرکردایەتیی (عبدالکریم بەگی وەکیل) ناسراو بە (سعید السلطنه) بەشێکی گەورەی ئەو هێزەیان پێکدەهێنا کە لەژێر ڕێبەرایەتیی سەرکردەی کوردی مەشرووتەخواز (یارمحمدخانی کرماشانی)دا پایزی ساڵی ١٩١١دا پەلاماری شاری کرماشانیاندا، ئەو پەلامارەی لەلایەن بەرەی ئیستیبدادیی‌و شاپەرستەکانەوە تێکشکێندراو بە کوشتنی یارمحمدخان و سعید السلطنه وژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەرە ئازاکانی جوانڕۆیی وەك: مستەفا بەگ، عینایت الله بەگ.. هتد کۆتاییهات.[2]

---

([1]) لێکۆڵەر لەساڵی ١٩٩١دا لەکاتی گەڕانەوەی لە کرماشانەوە بۆ پاوە سەردانی قەڵای جوانڕۆی کردووەو دوو شەوی لەناو چەند ماڵە کوردپەروەرو میوانپەرستی جوانڕۆییان بەسەر بردووە، بۆ زیاتر:
مورادی، عەزیز، مێژووی جافەکانی جوانڕۆ، سروە ـ گۆڤارێکی فەرهەنگی ئەدەبیی، ژمارە، ١٤٢، بانەمەڕی ١٣٧٧.
([2]) سلطانی، محمد علی، جغرافیای تأریخی‌و تأریخ مفصل کرمنشاهان، ایلات و طوائف کرمنشاهان. شامل أوضاع اقلیمی تأریخی سیاسی اجتماعی اقتصادی، چاپ أول، تهران، ١٣٧٢، ص٢٠٣.

دوای هاتنەسەرکاری ڕەزاشاو پیادەکردنی سیاسەتی سەرکوتکردن‌و چەککردنی عەشیرەتە کوردەکان، جوانڕۆییەکان چەندجارێك کەوتنەبەر پەلاماری لەشکری شاهەنشاهیی. لە پایزی ساڵی ١٩٣٠دا، هێزێکی ئێرانیی بە سەرکردایەتیی (سرهنگ محمودخان امین) گەمارۆی قەڵای جوانڕۆیان داو زۆر لە گەورەپیاوانی جوانڕۆییان وەك: عبدالرحمن بەگ، محمد بەگ، عەزیز بەگ، حەسەن بەگ، برزۆ بەگ.. هتد بەفێڵ دەستگیر کردو ڕەوانەی زیندانەکانی قەسری قەجەرو ئەسفەهانیان کردن. دیارە پرۆسەی چەککردنی عەشیرەتی جوانڕۆو سەرپێدانەواندنیان بۆ دەسەڵاتی ناوەندیی لە تاران تا جەنگی دووەمی جیهانیی‌و ڕووداوەکانی خەرمانان/ ئابی ١٩٤١ لە ئێران درێژەی کێشا. بەڵام لەوەبەدوا سەرانی جوانڕۆیی لە زیندان هاتنەدەرو خۆیان گەیاندەوە قەڵای جوانڕۆو سەرلەنوێ دوای خۆچەکدارکردنەوە، دەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندییان لە ناوچەکەیان دەرکردو وێڕای پەلامارە یەك لەدوایەکەکانی لەشکری شاهەنشاهیی تا ساڵی ١٩٥٦ سەربەخۆیی ناوەخۆیی خۆیان پاراست.[1]

لەساڵی ١٩٤٥دا، کاتێك هێزێکی ئێرانیی بەسەرکردایەتیی (سرهنگ بیگدلی) لە کرماشانەوە بەڕێگای ڕەوانسەردا، بە پاڵپشتی تۆپ‌و تانك‌و فڕۆکەو بەیارمەتی چەکدارەکانی عەشیرەتی لهۆنی، پەلاماری قەڵای جوانڕۆیاندا. جوانڕۆییەکان دلێرانە لێیان هاتنەدەست‌و هێزە ئێرانییەکەیان ناچار بە پاشەکشە کرد، هەروەها لەساڵی ١٩٤٦دا، هێزێکی ئێرانیی تر بە فەرماندەیی (سرتیپ شاهندە) لە کرماشانەوە هەڵیانکوتایە سەر جوانڕۆییەکان‌و داوای تەسلیمکردنەوەی چەکەکانیان لێکردن. لە وەڵامدا جوانڕۆییەکان پاش گواستنەوەی خێزانەکانیان بۆ ناوچە سەختەکانی: گەرمەزەناو، چالاوە، ناویل‌و دوانی خۆیان بۆ بەرگریی ئامادەکرد. ئەو هەڵوێستەی وای لە سرتیپ شاهندە کرد بڕیاری پەلاماردان نەدات‌و هێزەکەی بۆ ئۆردوگای کرماشان پاشەکشە پێ بکات[2].

شایەنی باسە، جوانڕۆییەکان لە سەردەمی کۆماری میللیی کوردستاندا پەیوەندییان بە پێشەوا قازیی محەمەدەوە هەبووەو چەند جارێك نوێنەری خۆیان ناردۆتە مەهاباد.

---

[1] هـ. س، ل ل٢٠٥-٢٠٨.

[2] هـ. س، ل٢١٠.

لەدوای هەرەسی کۆمارو گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بۆ ناوچەکە حکومەتی ئێرانیی هەوڵێکی زۆریدا عەشیرەتی جوانڕۆیی چەك بکاتو دەسەڵاتی خۆی لەم هەرێمەدا بچەسپێنێت. هەر بۆ ئەو مەبەستەش ستونێکی ئێرانیی هەرێمی کرماشان بە سەرکردایەتیی (سپهبود أحمدی) لە گوندی (دەوڵەتئاوا)ی شارۆچکەی ڕەوانسەر مۆڵیان خوارد. سپهبود أحمدی سەرەتا ویستی بێئەوەی هێزەکەی بخاتە مەترسییەوە جوانڕۆییەکان چەك بکات، بۆ ئەو مەبەستەش چەند کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەکەی هەڵبژارد وەك سەید تایەری هاشمی ئەدیبو شاعیری بەناوبانگ، مامۆستا مەلا مەجیدی وەڵەدبەگیو سەید عەباسی هاشمیو ڕەوانەی لای جوانڕۆییەکانی کردن بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنن کە چەکەکانیان تەسلیم بکەنو ڕێگا لەبەردەم هاتنی ئەرتەشو دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ ناوچەکە چۆڵ کەن.(1)

جوانڕۆییەکان بە گەیشتنی وەفدەکە کۆبونەوەیەکیان سازداو تیایدا تاوتوێی مەسەلەکەیان کردو بڕیاریاندا دژی هەر پێشڕەوییەکی لەشکرو دامەزراندنی دەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لە ناوچەکەیاندا بوەستن، هەربۆیە چەکدارەکانی خۆیان لە شوێنە ئاستەمو دارستانەکاندا بڵاوکردەوەو سەنگەربەندییان لە دەوری قەڵای جوانڕۆدا کرد، لەولاشەوە لەشکری ئێرانیی کە لەو بڕوایەدا بوو دەتوانێت بەرگریی جوانۆڕۆییەکان تێکبشکێنێتو بەزۆر ملیان پێدانەوێنێ. هەربۆیە لەکۆتایی تەموزی ١٩٤٧دا، هێزە ئێرانییەکان لەچەند لایەکەوە دەستیان بە پێشڕەویی کرد، جوانڕۆییەکان کە بە باشیی خۆیان بۆ بەرگریی لەو هێزە سازدابوو، توانیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەتوندیی بەگژ هێزە ئێرانییە پەلاماردەرەکەدا بچنەوەو چەند جارێك خستنیانە کەمینەوەو ژمارەیەکی زۆر سەربازو ئەفسەری ئێرانییان کوشت. حاڵەتێکی وا کە (سپهبود أحمدی) ناچارکرد فەرمانی کشانەوە بە هێزەکەی بداتو سەر بۆ خواستی جوانڕۆییەکان دانەوێنێ.(2)

---

(1) عبدالکریم، حسن صفحة مجهولة من کفاح الشعب الکوردي ضد المحتلین والأیام الأخیرة لجمهوریة کردستان في مهاباد، هزارمێرد . مجلة علمیة فصلیة تبحث عن آثار وتأریخ کردستان، السنة الرابعة، العدد ٣، ایلول ٢٠٠٠، ص١٨٢-١٨٣.

(2) هـ. س، ل ل١٨٣-١٨٦.

**دیاره جوانڕۆییەکان لە ئەنجامی ئەو پەلامارەی لەشکری شاهەنشاهییدا ژمارەیەك قوربانییاندا، لەوانە: نادر بەگی رۆستەمی، عبدالرحمن بەگی ئیناقی، محەمەدی شەمشیری‌و چەندی دی، هەروەها پیاوانی ئاینی کورد لە ناوچەکەدا بەتوندیی دەنگی ناڕەزایەتییان دژی ئەو پەلامارە بڵندکردو بانگی خەزایان بەدژی لەشکری شاهەنشاهیی راگەیاند، بەشێوەیەك مەسەلەکە خەریکبوو بۆ شەڕێکی مەزهەبیی وەرچەرخێت. ئەوەش بووە فاکتەرێکی ئەوەی فەرماندە ئێرانییەکان دەست لە پەلامارەکەیان هەڵگرن‌و هەوڵی راکێشانی سەرنجی سەرانی جوانڕۆیی بەلای دەوڵەتدا بدەن.[1]**

**هەروەها لەسەردەمی کابینەی رەزم ئارادا، هێزێکی ئێرانیی لەژێر فەرماندەیی (سرهنگ فولادوند) بەهاوکاریی چەند یەکەیەکی سەربازیی لە خورەمئاواو سنەوە گەیشتبوونە کرماشان بەمەبەستی گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ قەڵای جوانڕۆ لە ناوچەکەدا مۆڵیان خواردبوو. ئەم هێزە دوای ئامادەکاریی لەچەند قۆڵێکەوە دەستی بە پێشڕەویی کرد، هەروەك پەلامارەکانی دی پێش خۆی شکستی خواردو ناچار بە پاشەکشە کران، بەجۆرێك لەسەر ئاستی ئێران و دەرەوەش دەنگیدایەوە.**

**رۆژنامەی (باختر امروز) بە وەرگرتن لە (Newyork Times)ەوە نووسیویە "دکتۆر کامەران بەدرخان سەرۆکی ناوەندیی لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستان‌و مامۆستای دانیشگای میللیی زمان لە فەرەنسا کە کەسایەتییەکی کۆمۆنیست نییە، رووداوەکانی بەم جۆرە لێکداوەتەوە: فاکتەری دژایەتیکردنی جوانڕۆییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندییدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی ئێران خوازیارە نیوەی بەرهەم‌و دەسترەنجی جووتیارانی ناوچەکە بۆ خۆی زەوتکات، جگە لەوەی دەوڵەتی ئێران دەیەوێت ئەو یاسایە زیندوو بکاتەوە کە لەسەردەمی شای پێشوودا سەبارەت بە خێڵەکانی ناوچەکە پیادە دەکرا، ئەویش ئەوەیە زەوییە چێندراوەکانی ناوچەکانی جوانڕۆو شائاوا بە موڵکی تایبەتی شاهەنشاهیی حسێب بکرێن‌و جگە لە موڵکانەی دەوڵەتی پێویستە بەشێکی بەرهەم بدرێتە خودی شا، کارێکی وا کە بە توندیی لەلایەن جوانڕۆییەکانەوە رەتکراوەتەوەو ئەرکی جێبەجێکردنی بە لەشکری شاهەنشاهیی**

---

**[1] سلطانی، س. پ، ل٢١٠- ٢١١.**

**سپێردراوە، ئەو لەشکرەی کە جگە لەوەی چەند گەورە پیاوێکی جوانڕۆییان دەستگیر کردووە، چەند کەسی دیکەشیان تاڕادەی مردن ئازارداوە. هەربۆیە جوانڕۆییەکان لەپێناوی بەرگریی لەسەروماڵیان پەنایان بۆ چەك و بەرگریی بردووە، ئەوەتا لەڕۆژی ٤ی ئەیلولەوە (ساڵی ١٩٥٠ – ل) سوپای ئێرانیی بە تۆپ و فڕۆکەی جەنگییەوە کەوتۆتە پەلامارو جگە لە سووتاندن و وێرانکردنی ٤ شارۆچکە، ١٣ شارۆچکەی دیکەش تووشی زیانی گەورە هاتوون."[1]**

**جێگای سەرنجە جوانڕۆییەکان لە دەورانی حوکمڕانییەتی موسەدیقدا، بەگەرمیی پشتگیریی و لایەنگریی هەنگاوە دیموکراتخوازو دژەئیمپریالیستییەکانی موسەدیقیان دەکردو محەمەدبەگی وەکیلی جوانڕۆیی لەو کەسانە بوو کە لەگەڵ عەشیرەتەکەیدا بەتوندیی دژی کودەتایی ١٩ی ئابی ١٩٥٣ و رووخاندنی موسەدیق هەڵوێستیان گرت.[2]**

**لەراستییدا، جوانڕۆییەکان لەئەنجامی بەرگریی چەکدارانەیان دژی پەلامارەکانی ئەرتەش توانییان درێژە بە سەربەخۆیی نێوخۆییان بدەن، حکومەتی ئێرانیش وەك وترا تا سەرەتای ساڵی ١٩٥٦ دەرفەتێکی لەباری بۆ هەڵنەکەوتەوە هێزە سەربازییەکانی جارێکی دی بنێرێتەوە سەر قەڵای جوانڕۆ، شایەنی باسە ئازادیی جوانڕۆییەکان تاسەر نەبوو، چونکە بە زیندووکردنەوەی رژێمی دیکتاتۆریی پەهەلەویی و نوێکردنەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی و بەدیهێنانی پاڵپشتی هەرێمیی و جیهانیی ڕۆژئاوا لە هەموو ڕوویەکی سیاسیی و سەربازیی و دپلۆماسییەوە هەلومەرجی پەلامارو سەرکوتکردنی جوانڕۆییەکان بۆ حکومەتی ئێران لەباربوو. بەتایبەت لەکاتێکدا کە گرنگی ستراتیژیی و سوپایی ناوچەکەیان و ڕوانینی بەسەر بیرەنەوتەکانی کرماشاندا هانی ڕاوێژەکارە ئەمەریکییەکانی ناو سوپای ئێرانیان دەدا کە داوا لە بڕیاربەدەستەکانی رژێمی شاهەنشاهیی بکەن پەلە لە ئەنجامدانی مەسەلەیەکی وادا بکەن. بەو بیانووەی نەوەکا ناوچەکە ببێتە پێگەی کاری وێرانکاریی و لێدانی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لەلایەن دەزگا جاسووسییەکانی شورەوییەوە، ئەو بیانووەی کە زۆرجار ئەمەریکییەکان، رژێمی شاهەنشاهییان پێ دەترساند.**

---

(1) **باختر امروز، ٢٩ شهریورماه ١٣٢٩.**

(2) **سلطانی، س. پ، ل٢١٥– ٢١٦.**

فرودست كه لەم قۆناغەدا باسی گرنگیی پەیداكردنی مەسەلەی پاراستنی ئاسایشی چیا سنوورییەكانی كوردستان لەلای ئەمەریكییەكانو حكومەتی ئێرانییەوە دەكاتو سەبارەت بە چۆنێتیی میلیتاریزەكردنی ئەو ناوچانەی كوردستان كه لەڕووی سوپاییو ستراتیژییەوە گرنگن نووسیوە "ئەمەریكا زۆر بە گەرمیی بایەخ بە پاراستنی ئاسایشی ئەم چیایانە دەداو بە گەورەترین شورەی سروشتی دەزانن بەرامبەر ئەگەری پێشڕەوییكردنی هێزە سەربازییەكانی شورەویی بۆ ناوچەی خوزستان و كەنداو، ئەوان پێیان لەسەر ئەوەدادەگرت كه بە هەر نرخێك بێت دەبێ ئەم چیایانە بپارێزرێن، لەراستییدا بۆ ئەوەی نەوتەكەی خوزستان پارێزراوبێت."[١] بەمجۆرە لێرەدا دەردەكەوێت كه پەلاماردانی ئەمجارەی رژێمی شاهەنشاهیی بۆ سەرقەڵای جوانڕۆ تەنیا مەسەلەیەكی ئێرانیی ڕووت نەبووە. بەڵكو هاندانی ئەمەریكاو پاڵپشتی حكومەتی بەریتانییو ڕژێمی پاشایەتیی عێراقیشی لەگەڵدا بوو، ئەو ڕاستییەی كه لە ڕەوتی پەلامارەكەدا ڕوونترو ئاشكراتر دێتە پێش چاو.

بەهەرحاڵ حكومەتی ئێران هێزێكی گەورەی لەشكری ٤ی كرماشانی بە فەرماندەیی (شاهرخشاهی) و (سرهنگ بایندر) لە شارەكانی سنەو خوڕەم ئاوا كۆكردەوەو لە بەرەبەیانی ٤ی شوباتی ١٩٥٦ بە پاڵپشتیی ژمارەیەكی زۆر لە تۆپو تانكو فڕۆكەی جەنگی هێرشی خۆی بۆ سەرقەڵای جوانڕۆ دەستپێكرد، شایەنی باسە، جوانڕۆییەكان ئەمجارەیان نەیانتوانی لەبەرئەو هێزە زەبەلاحو پڕچەكە بۆ ماوەیەكی درێژ خۆڕاگرن، بەتایبەت لەكاتێكدا فڕۆكە جەنگییە ئێرانییەكانی گوندەكانی: ئوخان، نەول، سپی وەرو ڕەوانیان بۆردومان دەكردو جگە لە وێرانكردنی مزگەوتو خانوەكانیان، ژمارەیەكی زۆریان لە خەڵكی بێدیفاعی گوندەكان لە ژنو منداڵو پیاوی پیری جوانڕۆیی كوشت، حاڵەتێكی وا كه خەڵكەكەی ناچار كرد گوندەكانیان چۆڵبكەنو بەرەو دۆڵو چیا ئەستەمەكانی ناوچەكە مل بنێن.[٢]

لەلایەكی دییەوە، حكومەتی عێراقی لەسەردەمی (نوری سەعید)ی سەرەك وەزیراندا كه پێشتر لەگەڵ بەرپرسە ئێرانییەكاندا لەمەڕ پەلامارەكە گفتوگۆو ڕێكەوتنیان هەبوو،

---

([١]) فردوست، س. پ، ل٥٣٢.

([٢]) أحمد، دراسات في تأريخ ايران الحديث والمعاصر، ص٢٦٤" مؤمنی، س. پ، ل٦٢.

زوو بەپیری هەڵمەتە سەربازییەکە چوون و هێزێکی گەورەیان لەسەر سنوور کۆکردەوە تا ڕێگەی پاشاکشەو هەڵاتن لە جوانڕۆییەکان بگرن و نەهێڵن بەهیچ شێوەیەك سنوور ببەزێنن. (عومەر عەلی) موتەسەریفی ئەوسای شاری سلێمانی لەو دەمەدا خۆی گەیاندە شاری کرماشان تا لەگەڵ لێپرسراوە ئێرانییەکاندا لەمەڕ چۆنێتیی پەلامارەکەو دابینکردنی هەلومەرجی سەرکەوتنی سوپای ئێران قسان بکەن. هەر لەبواری ئەو هاوکارییانەی کە بەمەبەستی سەرکوتکردنی جوانڕۆییەکان لەنێوان هەردوو حکومەتی ئێران و عێراق ئەنجامدرا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بدرێت کە حکومەتی عێراق بەدرێژایی پەلامارەکە شاری هەڵەبجەی سنووری کوردستانی عێراقی کردبووە بنکەیەك بۆ حەوانەوەی فڕۆکە ئێرانییەکان. ئەو فڕۆکانەی کە لەوێڕا دەنیشتنەوەو دیسان بۆمب و تەقەمەنیی نوێیان هەڵدەگرت و هەڵدەفڕینەوە بۆ لێدانی جوانڕۆییەکان. لەوەش زیاتر لێپرسراوانی عێراقیی، لەسەر داوای (سرتیپ سرنا)ی وابەستەی سەربازیی ئێرانیی لە بەغداد سەردارانی جوانڕۆییان وەك محەمەدبەگی وەکیل و هاوڕێیانی گرت و بە فرۆکە ڕەاونەی کرماشانیان کردن و تەسلیم بە روکنی ٢ی سوپایان کردەوە، کارێکی وا کە پێچەوانەی مافی پەنابەرێتیی و نەریتە باوە دەوڵەتییەکانە.[١]

بەمجۆرە حکومەتی ئێران دوای بەکارهێنانی زەبرو زەنگێکی بێهاوتاو بەهاوکاریی و پشتگیریی ئەمەریکاو بەریتانیی و رژێمی پاشایەتیی لە عێراق، توانی بەرگریی و خۆڕاگریی جوانڕۆییەکان تێکبشکێنێت و قەڵای جوانڕۆ داگیربکات. ئەرتەشی شاهەنشاهیی پاش کوشتنی ١٠٠ کەس و بریندارکردنی ٣٠٠و بەدیلگرتنی ١٢٠٠ کەسی دی لە جۆانڕۆییەکان توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت.[٢]

شایەنی باسە، ئەو پەلامارە توندوتیژەی هێزە ئێرانییەکان بۆ سەر قەڵای جوانڕۆو ئەو کوشتارەی بەبەرچاوو بەلایەنگریی ئەندامانی پاکتی بەغدا لە خەڵکی بێدیفاعی ناوچەکە کرا، بووە جێگای قسەوباسی ڕۆژنامە ئازادەکانی جیهان. بۆنموونە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسیی ئاماژەی بەوەدا کە جوانڕۆییەکان دژی چوونە ناوەوەی ئێران بۆ پاکتی بەغدا ڕاپەڕیون و حکومەتی ئێران لەڕێگای بەکارهێنانی تۆپەوە سەرکوتی

---

(١) حسامی، قافلة من شهداء کردستان ایران، ص٤١ .، سلطانی، س. پ، ل٢١٩.

(٢) حسامی، هـ. س، ل٤١.

**کردوون.[1] هەروەها ژمارە چواری گۆڤاری (میژدووناردوناژیژن / ژیانی نێودەوڵەتی) رووسیی کە لە مۆسکۆ دەردەچوو لەساڵی ١٩٥٦دا، راپەڕینی جوانڕۆیی وەك جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لەپێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی ناساندووە.[2]**

**سەبارەت بە ڕۆژنامەو گۆڤارە فەرمییەکانی حکومەتی ئێران مەسەلەی داگیرکردنی جوانڕۆ وەك سەرکەوتنێکی سوپایی گەورە پرۆپاگەندەی بۆ دەکرا. لەم ڕووەوە گۆڤاری (اطلاعات هفتگی) لە ڕۆژی ١١ی شوباتی ١٩٥٦ نووسیویە ((دوای چواردە ساڵ دووبارە ناوچەیەکی گرنگ بۆ باوەشی ئێران گەڕایەوە، ئەو چەند ساڵە حکومەتی ئێران چەندەها جار سوپای خۆی ڕەوانەی ناوچەکە دەکردو شەڕی خوێناویی دەکرا، هێزی هەوایی ئێرانیی هەمیشە بۆ پاڵپشتی سوپا لە تارانەوە بەڕێدەکرا، کەچی ئاکامێکی نەدەبوو."[3] لەراستییدا، پێویستە بوترێت تێکشکاندنی جوانڕۆییەکانو داگیرکردنی ناوچەکەیان لەلایەن لەشکری شاهەنشاهییەوە هەلومەرجێکی لەباری بۆ حکومەتی ئێران هێنایەپێش تاکو لە سەرانسەریی کوردستانی ئێراندا دەسەڵاتی تەواوی خۆی بچەسپێنێتو گورزی کوشندەی خۆی لە نەیارانی بوەشێنێ.**

---

([1]) **أحمد، دراسات في تأريخ ايران...، ل٢٦٤.**

([2]) **حسامی، قافلة من شهداء،...، ص٤٢.**

([3]) **وەرگێراوە لە: هـ. س، ل٤٢– ٤٣.**

## چوارەم : بارودۆخی کوردستانی ئێران لەبەر ڕۆشنایی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەموز لە عێراقدا

ئاشکرایە کە قۆناغی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی، بە قۆناغی گەشەسەندنی جووڵانەوەی ڕزگارییخوازی نیشتمانییو نەتەوایەتیی گەلانی ئازادییخوازی جیهانی سێیەم دژی ئیستیعمارو ڕژێمە دەسەندەخۆرەکان لەقەڵەم دەدرێت. ئەو تەوژمە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بەڕادەیەکی وا بەهێز ببوو، کە هەلومەرجی سەربەخۆیی سیاسییو گەیشتنە دەسەڵاتی هێزە نیشتمانییەکانی لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فراهەمکرد. بەتایبەت لە میسر کە لەم ڕووەوە سەردەستەی وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە بوو، دوای ئەوەی لە ٢٣ی تەموزی ١٩٥٢دا، ژمارەیەك لە ئەفسەرە ئازادییخوازەکانی سوپا کودەتایەکی سەرکەوتووانەیان ئەنجامداو ڕژێمی پاشایەتییان لە میسر ڕووخاندو ڕژێمیکی کۆماریی نیشتمانییان دامەزراند. ئەو ڕژێمەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە، سیاسەتێکی وای گرتەبەر کە تادەهات لە ڕۆژئاوا دووردەکەوتەوەو پەیوەندیی بەتینیشی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتو وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستیی دامەزراند، حاڵەتێکی وا کە جگەلەوەی چەند جارێك پێکهەڵپڕژاندنی چەکداریی لەنێوان میسر لەلایەكو دەوڵەتانی ڕۆژئاواو ئیسرائیل لەلایەکی ترەوە لێکەوتەوە، زەمینەی دروستبوونی جەنگێکی ساردیشی لەنێوان میسر بەڕابەریی ئەفسەری ناسۆنالیستی عەرەب (جەمال عەبدولناسر) لەلایەكو دەوڵەتانی ڕۆژئاواگەرای ناوچەکە لەلایەکی ترەوە ڕەخساند، بەتایبەت وڵاتانی بەشدار لە پاکتی بەغداد، یەك لەوانەش ئێرانی شاهەنشاهیی.[1]

ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێران کە تادەهات زیاتر وەك ڕژێمێکی دەسەندەخۆری سەر بە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەیکاو ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا دەناسرا، هەر لەسەرەتاوە ڕێگای زۆری بۆ دژایەتییکردنی هەنگاوە نەتەوەییو نیشتمانییەکانی عەبدولناسر گرتەبەر. ئەو

---

(1) بۆ زیاتر:

عبدالرحمن، أسعد، الناصرية ثورة بيروقراطية أم بيروقراطية ثورة؟، منشورات جامعة الكويت، الكويت، ١٩٧٧.

**رژێمە بەڕادەیەکی سەیر بەرامبەر پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی عەرەبو هەژاندنی ئەو بیرە لەنێو گەلانی وڵاتە عەرەبییەکاندا دڕۆدۆنگ بوو، دیارە رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی کە بە پشتبەستن بە بیری نەتەوەیی شۆڤێنستیی فراوانخوازیی فارس، خوازیاری گێڕانەوەی شانازییە دێرینەکانی ئیمپراتۆریی ساسانیی بوو.[1] مەسەلەی هەژاندنی هەستی نەتەوەیی عەرەبی لە ئێراندا بە هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵات دادەنا، بەتایبەتی دوای ڕاگەیاندنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لەنێوان میسرو سوریا لە ئاداری ١٩٥٨ و پەرەگرتنی هێرشە تەبلیغاتییەکانی ئەو کۆمارە دژی ئێران، وەك داواکردنەوەی هەرێمی (عەرەبستان/خوزستان)ی ئێرانی پشتگیری کردنی (بەرەی رزگاریخوازی عەرەبستان) کە ئامانجی سەربەخۆییو رزگارکردنی هەرێمی عەرەبستان بوو لە دەسەڵاتی ئێرانی[2].**

**شایەنی باسە ناسرو هاودەنگەکانی بۆ زیاتر دژایەتییکردنی رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی لە ئێران جگەلە ورووژاندنی مەسەلەی عەرەبستان، کێشەی کوردیشیان لە ئێران قۆزتەوە، هەربۆیە کاتێك لە قاهیرەی پایتەختی میسر، پرۆگرامی ڕادیۆیی کوردیی لە حوزەیرانی ١٩٥٧دا، بەسەرپەرشتیی کوردێکی میسریی بەناوی (عومەر وەجدی)و بەشدارییکردنی دکتۆر یوسف مارف و هۆشیار بابان دستی بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی**

---

**(1) لەساڵی ١٩٥٦دا محەمەد ڕەزاشا ڕێگای بە نووسەرە بێگانەکاندا وشەی (پارس) لەجیاتی ئێران بەکاربهێنن، چونکە بەبڕوای ئەو دەوڵەتی ئێران هەر دەوڵەتی فارسەو چ جیاوازییەکیان لەنێواندا نییە، لەڕاستییدا ئەو بۆچوونەی شای ئێران لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئێران دەوڵەتێکی ناسیونالیستی فارسەو نەتەوە غەیرە فارسەکان جا چ ئارییایش بن وەك کوردو بلوجەکان تیایدا لەهەموو مافە نەتەوەیەتیو سیاسییو فەرهەنگییەکانیان بێ بەشبوون. بڕوانە: آوری، س. پ، جلد ٣، ل٧٧" آریامهر، س. پ، ل٥٢.**

**(2) بەرەی رزگارییخوازی عەرەبستان یەکەمین ڕێکخراوە سیاسییو نەتەوەییەکانی گەلی عەرەبە لە ئێران کە لەساڵی ١٩٥٦ بە سەرۆکایەتی (محی الدین حمیدان الناصر) دامەزرێنرا، ئەم ڕێکخراوە دروشمی (خەبات دژی ڕژێمی شاهەنشاهییو شۆفێنیزمی فارس)ی بەرزکردەوەو بۆ بەدیهێنانی ئەمانجە نەتەوەییەکانی گەلی عەرەب و سەربەخۆییو هاوچارەنووسییان خەباتی چەکدارییی ڕاگەیان، لەساڵی ١٩٦٤دا سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن دەزگا جاسووسییەکانی رژێمەوە گیران و لە سێدارەدران کە ناودارترینیان: محی الدین حمید الناصر، عیسی مذخور نصاری و دهراب شمیل ناصری بوون. بۆ زیاتر: الجعفری، ماهر اسماعیل و جمعة، ضیاء أحمد، الأحواز، مطابع الرسالة، الکویت، ب، ت، ص١٣٣-١٤١" حاتمی، حسن، فرەگەلی لە ئێراندا، گۆڤاری تیشك، ساڵی دووەم. ژمارە، ڕەزبەری ١٣٧٨، ل٤٨-٧١.**

کرد جگە لە گۆرانیی‌و شیعرو باسکردنی وەزعی کوردەکانی عێراق، باسی لە بەشخوراویی کوردەکانی ئێرانیش دەرکردو دژی رژێمی شاهەنشاهیی هانیدەدان. کارێکی وا کە تاڕادەیەکی زۆر هەستی نەتەوایەتیی گەلی کوردی لە کوردستانی ئێران دەجوولاند.[1]

حیسامی لەم بارەیەوە نووسیویە :"لەپێش شۆڕشی عێراقدا (مەبەستی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ – ل) ناوی جەمال عبدالناسر لە جیهاندا بلاوببۆوە، میلليی کردنی کەنالی سوئز، پەلاماری سێ قۆلی ئیسرائیل و ئینگلیزو فەرانسە بۆ سەر میسر، دیفاعی خەلکی میسر لە پۆرتی سەعید، خەلکی وەخەبەر هێنابوو، باسی ڕۆژانەی خەلك هەر شەڕی میسرو جەمال عبدالناسر بوو، ئولتیماتومی یەکێتی سۆڤێتی بە دەولەتانی پەلاماردان لە دلی خەلکدا هیواو هومێدی پێك هێنابوو، بێجگە لەوە لە قاهیرە رادیۆی کوردی کرابۆوە، خەلك بەتامەزرۆیی بەدزی گۆیان بۆ رادەگرت، خەبەرەکەیان بۆ یەکتر دەگێڕاوە."[2]

رژێمی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی لە ئێران کە تا ڕادەیەکی زۆر لەو هەنگاوانەی حکومەتەکەی ناسر پەست‌و بێزار بوو، بەتوندیی دەستیکرد بە دژەهێرشێکی ڕاگەیاندنی بەرفراوان‌و هەولێدەدا ڕاستییەکان لە ڕای گشتیی جیهانیی بشارێتەوەو ئێران وەك دەولەتێکی یەکگرتوو دوور لە کێشەی نەتەوایەتیی پێشانبدات. وەزیری دەرەوەی ئێران لە دانیشتنێکی خولی نۆزدەهەمی مەجلیسی شورای میلليی ئێرانییدا ڕایگەیاند "مەسەلەی کورد کە هێندێك جار دوژمن باسی دەکەن، لەبنەڕەتەوە لە ئێراندا لەگۆڕێدا نییە."[3]

هەروەها گۆڤاری (بامشاد)ی ئێرانی لە ڕۆژی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٨دا، سەبارەت بە باسکردنی مەسەلەی کورد لەلایەن میسرەوە نووسیویە: "وادیارە میسرییەکان بەشی کوردنشینی سوریایان قووت داوە... ئەگەر ئەوکاتەی قاهیرە سووریای قووت دەدا ئێمە

---

([1]) نەبەز جمال، ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێراندا، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆلم، ١٩٨٩، ل ل١٧٠، ١١.

([2]) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووەم، ل٣٧.

([3]) وەرگیراوە لە: قاسملو، کوردستان کورد، ل٢٩٦.

وەدەنگ هاتباین، ئێستا میسرییەکان نەیاندەتوانی باسی کوردستان بکەن."[1] ڕۆژنامەی (مهرایران) یش کە ئەودەم لە تاران دەردەچوو، هەوڵیداوە بەناوی ئێرانچێتییەوە مەسەلەکە بۆ خزمەتی بیری فراوانخوازانەی رژێمی شاهەنشاهیی بقۆزێتەوەو لە ١ی تەموزی ١٩٥٨دا نووسیویە: "ئەگەر پێویست بێ شتێك بەناوی جووڵانەوەی کورد دەستپێبکرێت، هەقی نەتەوایەتیی ئێرانە کە دەستی پێبکات، چونکە کورد لەهەر جێگایەك بێ ئێرانییەو خوێنی ئێرانیی لە دەمارەکانیدا دەجووڵێت... دیارە هەقی ئێرانە کە ببێتە پێشڕەوو ئەو کوردانەی لە وڵاتەکانی دیکەدا بڵاوبوونەوە لەژێر ئاڵای پیرۆزی خۆیدا کۆبکاتەوە."[2]

بەمجۆرە رژێمی دییکتاتۆریی پەهلەویی سەرەڕای ئەوەی نکۆڵیی لەبوونی نەتەوەیی گەلی کوردو کێشەیەك بەناوی کێشەی کورد لە ئێراندا دەکرد، خوازیاری ئەوەبوو بەناوی ئێرانییەتەوە ڕێگا لە پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتیی گەلی کورد بگرێت و خۆی بکاتە خاوەنی مەسەلەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان و وەك کارتێك بۆ ئامانجە فراوانخوازییەکانی سوودی لێوەربگرێت. لەراستییدا، بیانووی داتاشراوی کورد لە ڕەگەزەوە ئێرانییەو خوێنی ئێرانیی لە دەمارەکانیدا دەجولێ و هیچ کێشەیەکی نەتەوەیی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا نییە، تیۆرێکی شۆڤێنستانەی ڕووتەو لەلایەن چینە فەرمانڕەواکانی ئێرانەوە کراوەتە ئامرازێك بۆ شەرعییەتپێدانی داگیرکردنی کوردستان و تواندنەوەی کورد لەناو فارسداو سەرکوتکردنی هەر جووڵانەوەیەك بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد تێبکۆشێت، مەسەلەی ئێرانییبوونی کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش کە لەلایەن شۆڤێنیستە فارسەکانەوە زۆر پرۆپاگندەی بۆ دەکرێ مەبەست لێی، قووتدانی تەواوی کوردستانە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە هەوڵێکی فێڵبازانەیە بۆ جڵەوگرتنی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لەو پارچانەی کوردستان و بەکارهێنانی لە دژی حکومەتەکانی ناوچەکەو گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا.[3]

---

([1]) هـ. س، ل٢٩٦.

([2]) هـ. س، ل٢٩٦.

([3]) نەبەز دەربارەی ئەم سیاسەتە چەواشەکارانەیەی شۆڤێنیستە ئێرانییەکان نوسیوە ((ئەوەی کە کوردەکان ئێرانی ڕەسەنن جێی مشتومڕ نییە، ئەوەشی گەلی کورد لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا مەزنترین ئیمپراتۆرییەتیان لە

**هەربۆیە ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی لەم قۆناغەوە بەگەرمیی کەوتە یاریکردنێکی فێڵبازانەو گرتنەبەری چەند تاکتیکێکی جیاواز بەمەبەستی مژینی هەستی نەتەوەیی‌و ناڕەزایەتیی کوردەکانی ئێران لەلایەك‌و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە فراوانخوازییەکانی‌و فشار خستنە سەر وڵاتە داگیرکەرەکانی پارچەکانی دی کوردستان‌و پوچەڵکردنی ناوەرۆکی نەتەوەیی‌و پێشکەوتنخوازانەی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەودیو سنووری ئێران لەلایەکی ترەوە. دیارترین شێوازی ئەو تاکتیکانە سەرەتا پیادەکردنی چەند هەنگاوێکی ڕیاکارانە بوو سەبارەت بە بوارەکانی فەرهەنگیی گەلی کورد، هەروەها زیادکردنی فشارو سەرکوتی ئازادییخوازنی کوردستانی ئێران‌و لێدانی هەر حیزب‌و گروپ‌و کەسایەتییەك خەبات بۆ مافی نەتەوایەتیی کورد بکات. دواتر خۆنزیکردنەوە لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردەکانی عێراق‌و تورکیاو فرمێسکی درۆڕشتن بەناوی ئێرانییبوونی کوردەکانی ئەودیو سنوور.**

**لەم بارەیەوە، چاپکردنی ڕۆژنامەیەك لەژێر ناوی(کوردستان)و پەخشکردنی پرۆگرامی کوردیی لە ڕادیۆی کرماشانەوە لە بەرواری ٢ی ئایاری ١٩٥٨ەوە بەسەرپەرشتیی (هەمایونی کەمانگەر)و بەشدارییکردنی: قادری دادخوا، سەدیق بۆرەکەیی، محەمەد فاتح محەمەدی، شێخ ئەسعەد نەقشبەندی‌و شێخ ئەمین نەقشبەندی دەتوانرێت بەبەشێك لەو تاکتیکە نوێیەی ڕژێم دابنرێت. پاش ئەوەی تەواوی بابەتەکانی**

---

جیهاندا بەناوی ئیمپراتۆرییەتی میدیاوە دامەزراندووە ڕاستییەکە نکۆلی لێ ناکرێ، بەڵام پەیوەندی گەلانی وەك کورد و فارس و باقی دی گەلانی ئێرانی بە دەوڵەتی ئێرانەوە وەك پەیوەندی ئەڵەمان و فەرەنسییەکان و سویدییەکان بە ئەوروپاوە وایە، ئایا لە مرۆڤێکی نەمساوی قبوڵ دەکرێ کە داوا لەهەمووو ئەوروپییەکان بکات کە یەکبگرن و ببنە پارێزگایەك لە دەوڵەتی نەمسا هەر لەبەرئەوەی ئەوروپین، ئایا عەقڵ باوەڕ دەکا گەلێکی وەکو کورد کە ژمارەی نزیکەی (٤٠) ملیۆن دەبێت و لەسەر زەوییەك نیشتەجێیە کە هەر لە چیاکانی قەفقاسەوە بۆ سەر دەریای ناوەڕاست و لەوێوە تا کەنداو... درێژ دەبێتەوە، یەکبگرن بۆ ئەوەی ببنە پارێزگایەك لە ئێران؟ کەمێك عەقڵتان بێت و شەرم داتان بگرێت ئەی برا فارسەکان!" بڕوانە:

نبز، جمال، المستضعفون الکرد واخوانهم المسلمون، بمقدمة للبروفیسور الدکتور محمد صاح طابوری، منشورات کوردنامە، لندن، ١٩٩٧، ص١١٧.

ڕۆژنامەکەو بەرنامەکانی رادیۆ لەلایەن دەزگای ساواکەوە چاودێریی‌و دەسکەنەدەکران‌و لەسایەی بیری (کوردەکان رەسەنترین ئێرانین) بلاودەکرانەوە.[1]

پژمان ی ساواکیی لەیەکێك لەکتێبەکانیدا سەبارەت بەو هەنگاوەی حکومەت لەمەڕ دەرکردنی ڕۆژنامەو پەخشکردنی بەرنامەی رادیۆیی بە زمانی کوردی لەو قۆناغەدا دەڵێت: "مەسەلەیەکی سەرنجڕاکێش کە هێشتا نهێنییەو لەکاتی سەرۆکایەتیی سپهبود بەختیار قسەی لێکراو بەڕێوەبرا، بەدیهێنان‌و چاپکردنی ڕۆژنامەیەك بوو بە زمانی کوردی کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێراندا لە تاران بەهۆی ساواکەوە لەچاپ ئەدراو بلاوئەکرایەوە... لە تاران ڕۆژنامەیەك بەناوی (کوردستان) بە بەرپرسی‌و سەرپەرشتی خوالێخۆشبوو (بەدیع الزمان) کە کورد زمان و یەکێ لە زانایانی بەناوبانگی کوردستان و مامۆستای زانکۆی تاران بوو، هەروەها بە هاوکاری دڵسۆزانەی هەندێ لە نوسەرانی کورد بۆ وێنە خوالێخۆشبوو دکتۆر محەمەد سدیق مفتی زادەو بە پارەو پشتیوانی ساواك بلاودەکرایەوە، ئەم ڕۆژنامەیە بۆ ئەو ولاتانەی کوردی تێدابوو بەڕێ دەکرا... بۆ پشتگیری کردن لە چاوو ڕاو دنەدانی  حکومەت لەگەڵ کوردەکان پازدە دەقیقە بەرنامەی کوردی لە ڕادیۆی تاران بلاودەکراوەو کە دوایە بو بە سەعاتێك و لە شارەکانی مەهاباد و ڕەزایە (ورمێ)و سنەو مەشەدیش بەرنامەی کوردی رادیۆیی دەمەزرا."[2]

لەراستییدا، چاپکردنی ڕۆژنامەو بلاوکردنەوەی پرۆگرامی ڕادیۆیی بە زمانی کوردیی لەلایەن رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوییەوە ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە پەرەسەندنی وێژەو فەرهەنگیی کوردیدا نەدەدیت، چونکە لەبەرئەوەی ئازادیی بلاوکردنەوەو ڕاگەیاندن لە ئێراندا نەبوو، هەروەها مەبەست لە مەسەلەکە باری پرۆپاگندەیی بوو لەنێو کوردەکانی دەرەوەی ئێران‌و لەژێر سایەی بیرێکی شۆڤێنستانە ئاراستەدەکران. هەربۆیە شێواندن‌و تێکدانی وێژەو فەرهەنگیی کوردیی یەکێك بوو لە ئاکامەکانی ئەو تاکتیکە نوێیەی رژێم. هەژار موکریانی لەم ڕووەوە نووسیویە "شەوی دەست پێکردنی رادیۆ،

---

(1) چپ در ایران، شماره گزارش، ١٣٠٦٧/ ٢٠هـ ١١، موضوع: اظهارات همایون کمنگر مسئول برنامەهای کردی رادیو مرکز کرمانشا، تأریخ: ٣٧/٤/٢٢، ص١٦-١٧.

(2) پژمان، نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ ـ ی ئەلجەزایر، وەرگێر: ناسری ئیبراهیمی، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوید، ١٩٩٧، ل٤٢. بۆ بینینی رۆژنامەکە بڕوانە پەیوەستی ژمارە (٢).

گوێمان بەڕادیۆوە نوساندوە بزانین دەڵێ چی، ئایەتوڵلا مەردۆخ بە وتارێك کردیەوە، کە ئەگەر عەرەبیەکەت لێ بژاردبا فارسییەکی ڕوت دەمایەوە. دوسێ (کرگە)و (بوگەی) تێدابوو، لە قسەو گۆرانییەکانی تریش هەر کوردەو دەمی خوار دەکاتەوە تا وەك فارسی بچێ، بەداخەوە."[1]

سوپەهبود تەیمور بەختیار، بەڕێوەبەری دەزگای ساواکی ئێران‌و جێگری سەرەك وەزیران لە تەموزی ساڵی (١٩٥٨)دا، سەبارەت بە هەڵوێستی ئێران لەمەڕ کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان‌و هەڵوێستی گەلی کورد لە ئێران بەرامبەر ڕژێمی شاهەنشاهیی ڕایگەیاند، کە ئەگەر کوردەکانی سوریاو عێراق داوای یەکگرتن لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا بکەن، داواکارییەکەیان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە جێگای بایەخ دەبێت، هەروەها ڕایگەیاند کە کوردەکانی ئێران هەموویان لایەنگری بێئەملاولای شاهەنشای ئێرانن و ناسری سەرۆکی میسریشی ئاگادار کردەوە کە هیچ هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی نەدات، ئەو دەوڵەتەی کە بەپێی قسەی بەختیار وەك پردێك لەلایەن ناسرەوە بەکاردەهێنرێت بۆ بەستنەوەی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بە یەکێتی سۆڤێتەوە.[2]

شایەنی باسە، هێشتا فەرمانڕەوایانی ڕژێمی شاهەنشاهیی لە ئێران سەرقاڵی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی میسریی بوون، کاتێك ڕووداوێکی گرنگ‌و چاوەڕواننەکراو لە دەوڵەتی عێراقی دراوسێیان‌و ئەندامی سەرەکیی پاکتی بەغدا قەوما، ئەویش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بوو، دوای ئەوەی لەڕێگای کودەتایەکەوە بە ڕابەرایەتی زەعیم (عەبدولکەریم قاسم) ڕژێمی پاشایەتیی لە عێراقدا ڕووخێنراو بەشی زۆری بنەماڵەی پاشایەتیی‌و فەرمانڕەواو سیاسەتکارەکانی ئەو ڕژێمە لەسەرووی هەمویانەوە (نوری سەعید)ی سەرەك وەزیران لەناوبران. لەراستییدا، هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتیی دەسەندخۆری بەریتانیاو ڕۆژئاوا لە عێراق و لەجیاتی دامەزراندنی کۆمارێکی

(١) هەژار، س. پ، ل٢٧٧.

(٢) رمضانی، س. پ، ل٤٢٠.

نیشتمانیی گەلیی بەسەرکردایەتیی قاسم بە قۆناغێکی گرنگو جیاکەرەوە لەمێژووی عێراق دادەنرێت.[1]

شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ جیهانیی ڕۆژئاواو رژێمە وابەستەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چوونە دەرەوەی ڕژێمی نوێی کۆماری عێراقی لە پاکتی بەغدا ساڵی ١٩٥٩و ڕاگەیاندنی سیاسەتی بێلایەنی لەسەر ئاستی دەرەوەو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی شورەویی و هەندێك لە وڵاتە سۆشیالیستەکان نفوزو بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوای لە ناوچەکەدا توشی پاشەکشە کرد. جگە لەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆش، شۆڕش ئاسۆیەکی گەش و نوێی خستە بەردەم خەباتی هێزە نیشتمانیی و دیموکراتی و چەپە شۆڕگێڕەکان.[2]

لەلایەکی ترەوە، ڕێبەرانی شۆڕشی عێراق سەرەتا هەڵوێستێکی تاڕادەیەك ئەرێنییان سەبارەت بە کورد لە عێراق گرتەبەر. دەستوری کاتیی رژێمی کۆماریی لە بەندی ٣دا دان بە بوونی کورد لە عێراقدا دەنێت و عێراق بە موڵکی عەرەب و کورد ناودەبات، دابینکردنی چالاکیی سیاسیی و کاری ڕێکخراوەیی و پەرەسەندنی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستانی عێراق لەو قۆناغەدا بە دەستکەوتێکی کاتیی شۆڕشی ١٤ی تەموز لەقەڵەم دەدرێت، بەجۆرێك هەلومەرجێکی نوێ لەبەردەم دەستپێکردنی چالاکیی ئاشکرای پارتە سیاسییە جۆربەجۆرەکان پێکهێنا.[3]

لەم بوارەدا گەڕانەوەی مەلامستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، لە یەکێتی شورەوییەوە بۆ بەغدا، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر هەژاندنی بیری نەتەوایەتیی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەجێهێلا، بەتایبەت لە کوردستانی عێراق، کە تیایدا پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان قەڵەمبازێکی

---

(1) بۆ زیاتر: الزبیدي، محمد حسین، ثورة تموز ١٩٥٨ في العراق. اسبابها ومقدماتها ومسیرتها وتنظیمات الضباط الأحرار. دار للشؤون الثقافیة والنشر، بغداد، ١٩٨٣.

(2) هـ. س، ل ل٤٩٧-٥١٥.

(3) الطالباني، جلال، كردستان والحركة القومیة الكوردیة، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٧٠، ص١٧٥-١٨٣.

جەماوەریی بەخۆیەوە دیتو بووە پارتێکی پێشەنگی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا.[1]

لەراستییدا، هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراقو ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەدوایدا هاتن، بۆ ڕژێمی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی پەهلەویی لەچەند ڕوویەکەوە مایەی پەژارەو دەردەسەریی بوو. لەسەرێکەوە ڕووخاندنی رژێمی پاشایەتیی هاوپەیمانی ئێرانو ڕۆژئاوا لە عێراقو دەرچوونی ڕژێمی نوێ لە پاکتی بەغداو بوژانەوەی چالاکیی سیاسییو ڕێکخراوەیی پارتە سیاسییە دیموکراتخوازو نەتەوەییو چەپەکان، لەسەرێکی تریشەوە گەڕانەوەی مەلامستەفاو بارزانییەکانی شورەویی بۆ عێراقو پەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بەڕابەریی پارتیو ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستانی عێراقدا، کە دوو مەسەلەی سەرەکییی بوونو رژێمی شاهەنشاهیی لە ئێران بە هەڕەشەی خەتەرناكو كارەساتهێنەر بۆ خۆی لە قەڵەم دەدان. بەتایبەت لەو دەمەدا عێراق وەك پەناگای ئازادییخوازە ڕاوەدونراوەکانی ناوچەکە چاوی لێدەکراو پەرەسەندنی نفوزی حیزبی شیوعییو سەردانی ڕابەرانی حیزبی تودە بۆ عێراقو دامەزراندنی چەند بنکەیەکیان لەو وڵاتە، شای ئێرانی بەجۆرێك سەخڵەت کردبوو کە وای دەزانی زۆرنابا دەکەوێتە نێوان بەرداشی کۆمۆنیزمەوە لە باکوورو ڕۆژئاواو ناوەخۆی وڵاتدا.[2]

لەوەش زیاتر، سەردانەکانی مەلامستەفا بۆ ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عێراقو هێرشو پەلامارەکانی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی بۆ سەر رژێمی شاهەنشاهییو باسکردنی وەزعی نالەباری گەلی کورد لە ئێران دەبووە هەژاندنی هەستی نەتەوایەتیی لە کوردستانی ئێراندا* و سڵەماندنەوەی دەسەڵاتدارانی تاران، چونکە

---

([1]) غریب، أدموند، الحركة القومية الكوردية، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣، ل ل٣٧-٤٢.

([2]) رمضانی، س. پ، ل٣٠٢.

* شایەنی باسە، لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی عێراقو باشووری کوردستان ،ژمارەیەك لە قوتابیانی کورد لە شاری سنە ، بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی پیشەیی مەدەنییان بەناوی ( یەکێتی قوتابیانی ئایینی و مەدەنی کوردستان ) هێنایە گۆڕێ کە وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی سەربەخۆو لەپێناوی بە کوردییکردنی نووسین و خوێندن ، کردنەوەی خوێندنگای کوردیی، چاککردنی ژیان و گوزەرانی قوتابیان و کردنەوەی خوێندنگای ئایینیی کە حکومەت خەرجییەکەی بگرێتە ئەستۆو قوتابیە دەرچووەکانیشی بڕوانامەیان پێبدرێت و لە لایەن حکومەتەوە

کێشەی کورد کە لە ئێراندا ڕیشەیەکی قووڵی هەیە، بەهەژاندنی هەستی نەتەوایەتیی ئەگەری تێکۆشان‌و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێران هەموار دەبێت، مەسەلەیەکی وا کە ڕژێمی شاهەنشاهیی بە پارچەکردنی خاکی ئێرانی دەزانی، چونکە مەسەلەکە هەر بە کوردستان نەدەبڕاوە، بەرەو ئازەربایجانی دراوسێش کە زۆر نەبوو لە هەڕەشەی جیابوونەوە ڕزگاری ببوو دەپەڕییەوە، بەو جۆرە مەسەلەکە تەشەنەی دەکرد بەرەو عەرەبستان و بلوجستان و نەتەوە لە قاڵبدراوەکانی تری ئێران، حاڵەتێکی وا ئەو ئیمپراتۆرییەی هەڵدەوەشاند کە ڕەزاشا بە زەبری ئاگرو ئاسن سەری بە نەتەوە غەیرەفارسەکانی دەوروبەر بۆ بۆرجوای شۆڤێنیستی فارس لە ناوەندو تارانی پایتەختدا دانەواندبوو، ئەوەش بەلای ڕژێمی شاهەنشاهیی‌و چینی فەرمانڕەوای ئێرانییەوە وەك زەنگی مەرگ دەهاتە پێش چاو.

پژمان، سەبارەت بە سەردانی مەلامستەفای بارزانی بۆ مەڵبەندە جیاجیاکانی کوردستانی عێراق‌و کاریگەرییان لەسەر هەژاندنی هەستی نەتەوایەتیی کوردەکانی ئێران نووسیویە: "گەڕانەوەی مەلامستەفا بۆ عێراق‌و چوونی ئەو بۆ مەڵبەندی جیاجیای کوردستانی عێراق شوێنێکی زۆری کردە سەر بیروباوەڕی کوردەکانی ئێران"[(١)]

---

بە فەرمی دان بە بڕوانامەکانیاندا بنرێت و وەك دەرچووی خوێندنگا مەدەنییەکان دابمەزرێنرێن. دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە بریتیبوون لە: سەید عوبەیدوڵای حوسەینی ، مەلا محیالدین کێلانەیی ،سەید جەمیلی مەردۆخیی ،مەلا محمود سەجادی ، مەلا صالح خوسرەوی ،ئەسعەد مودەریسی ،فاتح شیخ الاسلامی ( چاوە ).ئەوانە سێکەسی یەکەمیان فەقێبوون لە مزگەوتی ( عەبدوڵابەگ ) لە گەڕەکی سەرتەپۆڵەی شاری سنە و مەلا صالح و مەلا مەحمودیش فەقێی مزگەوتی ( ئاغا زەمان )ی گەڕەکی جولەکانی شاری سنە بوون.دووانەکەی دوایشیان واتە ئەسعەد و فاتح خوێنکاری مەدەنی بوون لە خوێندنگای فەرمی هاوچەرخ. شایەنی باسە ئەم ڕێکخراوە نەگەییە ئەوەی بەرنامە و پەیڕەوێك بۆ خۆی دابنێت و کۆنگرەی بۆ ببەستێت و بەرپرسیارێتییەکانی خۆی دابەش بکات ،چونکە هەر زوو لە لایەن دەزگا ئەمنییەتەکانی ڕژێمی شاهەنشاهییەوە ئاشکرا کرا و پەلامار درا و کۆتایی بە تەمەنی هێنرا. شایەنی باسە ڕۆژنامەکانی ئەودەمی عێراق بەتایبەتیی "خەبات‌و ئازادی" هەواڵی پەلاماری ساواکیان بۆسەر ئەو ڕێکخراوە ڕاگواستووە‌و سیاسەتی حکومەتی ئێرانیان ڕیسوا کردووە. بۆ زیاتر:

د.یاسین سەردەشتی، (یەکێتی قوتابیانی ئاینیی و مەدەنی کوردستان ) یان هەوڵێکی مەدەنییانە‌و قوربانیی کاربەدەستە شۆفینیستەکانی ئێران، چیا، گۆڤارێکی مانگانەیە– کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە ٤، کانونی یەکەم، ٢٠٠٧، ل ٢٤.

(١) پژمان، نهێنییەکانی پەیمانی...، ل٣٨.

حیسامیش له بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:"پاش شۆڕشی عێراق خەڵك له چایخانەکان رادیۆیی بەغدادیان دەکردەوە، دەنگو باسی بەشی کوردی پێشوازی گەرمی لێدەکرا، مەعمورەکانی ساواك و ڕوکنی ٢ وەك سەگی هار بەنێو شار وەردەبوون و ڕادیۆکانیان بێ دەنگ دەکردو بیانویان بەخەڵك دەگرت، ئەو ڕۆژەی مامۆستا برایم ئەحمەد له ڕادیۆی بەغدا قسەی کرد نێو شاری مەهاباد وەك خۆپیشاندانی لێ هاتبوو."[1] هەروەها سەعید کاوە بەمجۆرە باس له کاریگەریی بوژانەوەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد له کوردستانی عێراق لەسەر بوژاندنەوەی تێکۆشانی سیاسی حیزبی دیموکرات له کوردستانی ئێراندا دەکات:"حیزبی دیموکرات ژیانێکی نوێی دەستپێکردبوو، خەڵك پتر بەرەو حیزب رادەکشانو گەرموگوڕتر له جاران خەریکی کارو تێکۆشان بوون، سازمانی ئەمنییەتو اطلاعاتیش له کوردستان لەپێشوو هەڵسوڕتر بوون، دەکرێ بڵێین هەست به هاتووچۆی جاسوس و سیخوڕو ڕایڵەی مەئمورەکانی دەوڵەتی دەکرا... سەردەمێکی سەیر بوو، دنیای غەرب ترسی لێ نیشتبوو، پێیان وابوو سبەو دوویەکی کۆمۆنیست باڵ بەسەر هەموو دنیاندا دەکێشێو شۆڕشیان بەسەردا دەکرێو بەهیچ شتێك ڕاناگەن."[2]

شایەنی باسە دەزگا جاسووسییەکانی رژێمی شاهەنشاهیی کە بە وردیی چاودێریی بارودۆخەکەی کوردستانی عێراقو چالاکیی پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکەیان دەکرد، بەردەوام ڕاپۆرتی تایبەتیان سەبارەت بە پەرەسەندنی نفوزی کۆمۆنیزمو کاریگەریی جووڵانەوەی کوردی عێراق لەسەر کوردەکانی ئێران دەگەیاندە لێپرسراوانی حکومەتی ئێران. بۆنموونە لەبەرواری ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨دا، لە لوبنانەوە ڕاپۆرتێك گەیشتۆتە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ساواكو تیایدا هاتووە :"سەرهەنگی خانەنشین (ج. ب ئەستیدبیکەر) کە ماڵی وی لە بەریتانیایەو ئەندامی یانەی هێزی دەریاییە ( Army Navy Club) و لە واقیعدا ئەندامێکی ئەنتەڵجێنس سێرڤایسە ( Intelligence Service/ دەزگایەکی جاسووسی بەریتانیایە – ل) دەڵێت کە بەم زووانە

---

(1) حیسامی، له بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووەم، ل٣٨.

(2) کاوە، س. پ، ل٣٠.

کۆمۆنیستەکان چالاکییەکی توند لە ئێراندا ئەنجامدەدەن، ئەو چالاکییەش لەلایەن قاسمەوەو بە بەکارهێنانی کوردەکان دەستپێدەکات."[1]

لەڕاپۆرتێکی تریشدا کە لەلایەن فەرماندەی هێزە زەمینییەکانی ئێرانەوە بۆ ساواک نێردراوە، نووسراوە " ١- بارزانییەکان کە لە ڕووسیاوە بۆ عێراق گەڕاونەتەوە هەر لە سیدەکانەوە تا برادۆست بەشێوەی چەکدار بڵاوبوونەتەوەو هەوڵێکی زۆر دەدەن تا پەیوەندیی لەگەڵ کوردەکانی (سەردەشت و مەهاباد) ببەستن.

٢-جوانڕۆییەکانی دانیشتووی عێراق لەلایەن ئەفسەرانی شورەوییەوە بەهێز دەکرێن و هاندەدرێن تا پەلاماری پۆستە سەربازییەکانی نەوسوودو پاوە بدەن."[2]

هەروەها لە ٢٦ی ئەیلولی ١٩٥٩دا، ڕاپۆرتێکی روکنی ٢ی ئیتلاعات، سەبارەت بەو کوردانەی دوای ڕووخاندنی کۆماری میللیی کوردستان ئاوارەی شورەویی بوون دەڵێت" "بەپێی ئەو هەواڵانەی بەدەستمان گەیشتوون کەسانێك کە لە ساڵانی ٤٥ و ٤٦دا لەلایەن قازیی محەمەدەوە بۆ فێربوونی کاری هونەریی و کۆمۆنیستیی نێردرابوونە دەوڵەتی شورەویی تائێستا بۆ ئێران نەگەڕاونەتەوە، دوای کودەتاکەی عێراق هاتوونەتە ئەو وڵاتەو زۆربەیان کاری جیاجیایان پێ سپێردراوەو هەندێکیشیان لەبەشی ڕاگەیاندنی کوردیی خەریکی کارو چالاکین. ئەوانە بەردەوام سەردانی ناوچەی مەهابادو ڕەزائیە دەکەن و لەناو عەشیرەتی شکاکدا تەراتێنیانە، ئەو نامانەی کە لەلایەن کەسانی ئاماژە بۆکراوەوە دەگاتە دەستی خزمو کەس‌وکارەکانیان لە کوردستانی ئێران، ڕاستیی ئەم هەواڵە دەسەلمێنن."[3]

شای ئێران لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (عەباس ئارام)ی باڵوێزی نوێی ئێران لە بەغدا وتی:"هەموو ڕۆژێ لە ڕۆژنامەو گۆڤارو جاروباریش بە تەشەر لە ڕادیۆی بەغداوە هێرشمان دەکەنە سەر، ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

---

(1) چپ در ایران، شماره گزارش: ٥٣٠١/ ٦ الف٢، موضوع: فعالیت کمونیستها، تأریخ: ٣٧/٨/٢٠، ص٢٥.

(2) چپ در ایران، شماره گزارش: ٨٠٧٥/١٩٤٤٥، موضوع: رابطه بارزانیها باکراد سردشت و مهاباد، تأریخ: ٣٨/٢١٤، ص٢٨.

(3) هـ.س، شماره گزارش: ١٢٦٣٤، موضوع، اخبار رسیده به نیروی زمینی، تأریخ: ٣٨/٧/٤، ص٢٩.

نە تەنیا هێرش بەڵکو سوکایەتیشمان پێدەکات، کارێکی وا کە هەرگیز پێمان قبوڵ ناکرێ."[1]

لەراستییدا، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەموزو هاتنە سەرکاری حکومەتی قاسم بەرەو تێکچوون و ئاڵۆزبوون دەڕۆیشت، هەربۆیە ڕژێمی شاهەنشاهیی بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشە نوێیانەی لەئەنجامی شۆڕشی عێراقەوە هاتبوونە سەر ڕێی و وەك ئەرکێك کە لەلایەن ڕۆژئاواوە پێی سپێردرابوو سەبارەت بە دژایەتییکردنی حکومەتە ڕادیکاڵەکەی قاسم، هەستا بە ئەنجامدانی چەند دژەکردەوەیەك لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی ئێران.

لەسەر ئاستی دەرەوە، ڕژێمی شاهەنشاهیی هەستا بەمۆرکردنی پەیمانی پەلامارنەدانی یەکتر لەگەڵ شورەوییدا لەسەرەتایساڵی ١٩٦٠. هەروەها توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و نزیکبوونەوەو وەرچەرخاندن بەلای شێخنشینەکانی کەنداودا. بەڵام لەتێکڕای ئەوانە گرنگتر بەستنی ڕێکەوتننامەی ٥ ئازاری ١٩٥٩ بوو لەگەڵ ئەمەریکا، کە تیایدا ئەمەریکا جگە لە بەخشینی هاوکاریی سەربازیی و ئابووریی، ئەرکی بەگژاچوونەوەی چەکداریی هەر هێزێکی خستە سەرشان کە ئاسایشی ئێران بشێوێنێ.[2]

لەسەر ئاستی ئێرانیش، محەمەدڕەزا لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨دا، بەئاشکرا ڕایگەیاند کە ڕێکەوتننامەی سنووریی ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ عێراق، لەلایەن ئێرانەوە بە نەبوو لەقەڵەم دەدرێت. دوابەدوای ئەوە هێرشێکی سیاسیی و دبلۆماسیی دژ بە عێراق دەستپێکردو هێزەکانی خۆی لە سنووری ئێران – عێراق کۆکردەوە، بەتایبەتیی لەڕۆخی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری شەتولعەرەب و خستنیە حاڵەتی ئامادەییەوە. کارێکی وا کە زۆری نەمابوو شەڕێکی هەرێمی لێ بکەوێتەوە.[3]

---

(1) پژمان، نهێنییەکانی پەیمانی...، ل٢٣.

(2) رمضانی، س. پ، ل٣٠٢-٣٠٣.

(3) الجميل، سيار، الخلافات الحدودية والأقليمية بين العرب والأيرانيين، في: العلاقات العربية – الأيرانية. الاتجاهات الراهنة وآفاق المستقبل، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٦، ص٤٧٠.

لەلایەکی ترەوە، رژێمی شاهەنشاهیی بەردەوام لەهەوڵدابوو بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو حکومەتی قاسم لە عێراق، ئەویش لەڕێگا دنەدانو لەخۆگرتنی ئەو کوردانەی لایەنگری ڕژێمی پاشایەتیی هاشمیی بوونو لەلایەن رژێمی نوێوە زیانیان پێ کەوتبوو. یاخود ئەو سەرۆك عەشیرەتو موڵکدارو شێخانەی کە لە هەنگاوە رادیکاڵەکانی قاسم، بەتایبەت ریفۆرمی زەوی بێزاربوونو دەسڵەمینەوەو خوازیاری ئاستەنگ دروستکردن بوون لەبەردەم ئەو هەنگاوەی حکومەتەکەی قاسمدا. لەم ڕووەوە دەتوانرێت پەیوەندییکردنی رژێمی شاهەنشاهیی ئێران بە خزمەکانی (سەعید قەزاز)ی وەزیری لەسێدارەدراوی حکومەتی پاشایەتیی عێراق،[1] هەروەها پەیوەندییگرتن لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفیدو شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان، لەگەڵ داڵدەدانی شێخەکانی تەوێڵەو بیارە لە ئێران،[2] تێکڕا بە هەوڵی تێکدانی پەیوەندییەکانی کوردو حکومەتی قاسم لەقەڵەم بدرێت. ئەو پەیوەندییانەی کە لە ساڵانی یەکەمی شۆڕشدا بەجۆرێکی وا پتەوبوو سەراسەری مێژووی دەوڵەتی عێراقی پێشتر شتی وای بەخۆوە نەبینیبوو.

غەفوری میرزا کەریم لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویە"لەبیرم دێ کە شای ئێران ویستی کەڵك لە کەسایەتی شێخ لەتیف وەرگرێت، بۆیە نوێنەری خۆی ناردە سەر سنووری پێنجوێن بۆ بینینی شێخ لەتیف تا هانی بدات بۆ هەڵگیرساندنی جووڵانەوەیەکی کورد دژ بە دەسەڵاتی جمهوریەت لە عێراق لەساڵی ١٩٥٩، ئەوەبوو تفەنگێکی تایبەتی بەدیاری پێشەکش بە شێخ لەتیف کرد"[3]

لەلایەکی ترەوە، دەسەڵاتدارانی تاران بەمەبەستی ئابلۆقەدانی هەر چالاکییەکی نەتەوایەتییو ڕێگرتن لە هەر بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی لە کوردستاندا، جگە لەلایەنی پرۆپاگەندەیی هەستان بە میللیتاریزەکردنی کوردستانی ئێرانو پێگەی

---

([1]) مجيد، كمال، النفط والأكراد. دراسة العلاقات العراقية ـ الأيرانية ـ الكويتية، الطبعة الأولى، لندن، ١٩٩٧، ص٤٤-٤٦.

([2]) بڕوانە: چپ در ايران، شمارە گزارش: ٣٨٤٩/ الف، موضوع: شيخ لطيف حفيد زادە و شيخ عبدالكريم كربچنە، تأريخ: ٤٠/٤/٢٧.

([3]) میرزا کەریم، س. پ، ل٩٤.

سەربازیی ناوچە سنوورییەکانی بە سەربازو تەقەمەنی پڕکرد. لەوەش زیاتر ژمارەیەك سەربازخانەی نوێو قایمی لەشارە سنوورییەکانی وەك خانێو جڵدیان بنیاتنا.[1] ئەو سەربازخانانەی کە لەلایەن ئەفسەرانی ئەمەریکاییەوە سەرپەرشتیی و چاودێریی دروستکردنیان دەکرا. هەروەها لەساڵی ١٩٥٨دا، دەزگای ساواك لە کوردستان بنکەو پێگەی داکوتاو تەنانەت لقی خۆی لە شارە سنوورییەکانی وەك سەردەشتیش کردەوە،[2] تا بەباشیی بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ لە هەردوو پارچەی کوردستانی ئێران و عێراق هەڵسوڕێت و گورزی خۆی لە دوژمنانی رژێمی شاهەنشاهیی بوەشێنێت کە زیاتر خۆی لە ڕێبەران و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دەدیتەوە.

راستییەك هەیە کە لێرەدا ناتوانرێت ئاماژەی بۆ نەکرێت، ئەویش ئەوەیە سەرەڕای هەژاندنی هەستی نەتەوایەتیی و زیادبوونی چەند بەرابەری ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێراندا وەك یەکێك لە ئاکامەکانی بوژانەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە عێراق، کەچی لەئەنجامی بوونی ناکۆکیی و ناکارامەیی ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە ئەو هەلە مەزنە لەدەستدراو نەتوانرا ئەو ئەندامانە هەم بەشێوەیەکی وا ڕێکبخرێن کە لە دەستی ڕژێم پارێزراوبن و هەم بۆ مەبەستی سەرپێ کەوتنەوەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران و فشارخستنە سەر ڕژێمی شاهەنشاهیی سوودیان لێ وەربگیرێت و بەرەو ئەو ڕێبازە ئاراستە بکرێن. هەربۆیە ئاکامی مەسەلەکە بەپێچەوانەوە کەوتەوەو دەرفەتێکی بۆ ڕژێم ڕەخساند تا پلان بۆ وەشاندنی گورزێکی گەورە لە کۆمیتەو ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات دابڕێژێت، کە ڕێکخراوەکانی حیزبی بەشێوەیەکی وا هەڵتەکاند هەتا ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەشناهی لە ئێران قەرەبوو نەکرێتەوە.

ناکۆکییەکانی ڕێبەرانی حیزب جگە لە مەسەلە شەخسییەکان و دەسەڵاتخوازیی کە لە ئەنجامی لاوازیی هۆشیاریی سیاسیی و ڕۆشنبیریی ئەندامانیدا هەمیشە ڕۆڵی مەزنی لە قوڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانی تردا هەبوو، خۆی لە دابەشبوونی ئەندامان و کادرەکانی حیزبدا بەسەر دوو باڵی جیاوازدا دەبینییەوە، باڵی چەپی تودەیی کە

---

(1) حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووەم، ل٣٩.

(2) پژمان، نهێنییەکانی پەیمانی..، ل٦٧.

عەبدولڕەحمانی قاسملو نوێنەری بوو، لەگەڵ باڵی نەتەوەیی شۆڕشگێڕانە کە عەبدوڵڵا ئیسحاقی نوێنەرو هەڵسوڕێنەری بوو. هۆکاری ڕاستەوخۆی تەقینەوەی ناکۆکییەکەش بریتییبوو لە پێشێلکردنی پرنسیپی حیزبیی‌و بڕیاری کۆنفرانس لەلایەن عەبدولڕەحمانی قاسملۆوە، کاتیك ناوبراو لەگەڵ کوڕە مامەکەیدا ناسراوە بە (سمایلی قاسملو) چونەتە لای لێپرسراوانی تودەو دواتر کەوتونەتە داوی ساواك‌و پاش ٤٨ سات دوای ئەوەی عەبدولڕەحمان قاسملو بۆ خۆدەربازکردن، بەڵێنی هاوکاریی بە ساواك دەدات بەردەدرێن.[١] هەروەها دوای ئەوەی لە تەموزی ١٩٥٧دا، حیزب عەبدوڵڵا ئیسحاقی‌و عەبدولڕەحمانی قاسملۆی بۆ بەدەستهێنانی هاوکاریی‌و پشتگیریی هێزە پێشکەوتووخوازەکانی جیهان ناردبووە چیکسلوڤاکیا، لەوێڕا ناکۆکییەکانی نێوان قاسملوو ئیسحاقی دەگاتە ڕادەی تەقینەوەو لێیان دەبێتە ناخۆشیی‌و پاش ١٣ مانگ بێ ئەوەی هیچ بەهیچ بکەن ئیسحاقی دەگەڕێتەوە بۆ کودستان‌و ڕادەگەیەنێت کە "ڕەحمانی قاسملو... بەفێڵ منی بردبووە ئوروپا کە بە حیزبی تودەم بفرۆشێ."[٢] لەراستییدا، ناکۆکی نێوان ئەو دوو باڵ‌و ئەو دوو کەسایەتییە، لەو ساتەوە تا دوای بەستنی کۆنگرەی سێهەمی حیزب‌و سەرنگونکردنی عەبدوڵڵای ئیسحاقی‌و کوشتنی لەلایەن دەزگای ئەمنی گشتیی بەعس لە عێراق، بەردەوامبوو. بەجۆرێك زیانێکی یەکجار مەزنی بەخودی حیزبی دیموکرات‌و جووڵانەوەی کوردایەتیی لە کوردستانی ئێران گەیاند.

لەلایەکی ترەوە، دوابەدوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق‌و ئاوەڵابوونی فەزای سیاسیی لە کوردستانی عێراقدا، بەشێکی ڕابەرو کادرەکانی حیزبی دیموکرات کۆڕی خەباتی ڕاستەقینەی خۆیان لە کوردستانی ئێران بەجێهێڵاو بێ بەرنامەو بەبەربڵاویی ڕوویان لەژیانی پەنابەرایەتی لە عێراق کردو لەوێ سەرقاڵی کێشەو ناکۆکیی ڕێکخراو پارتە سیاسییەکانی وەك پارتی‌و شیوعیی بوون‌و لەنێوان باڵی ڕاست‌و چەپی پارتیدا هەڵدەسوڕان. مەسەلەیەکی وا کە هەم بووەهۆی چۆڵکردنی سەنگەری ڕاستەقینەی خەبات‌و لاوازیی کاری حیزبایەتیی لە کوردستانی ئێراندا، هەم بووە هۆی زیادکردنی فاکتەرێکی تری دووبەرەکیی‌و ناکۆکیی، کە زۆر خراپ لەسەر

---

(١) گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل١٢٥.

(٢)حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووەم، ل٢٧.

**خودی حیزبی دیموکراتو پەیوەندیی بە باڵە جیاوازەکانی پارتو ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراق شوێنی دانا. لەو کادرانەی کە بەم شێوەیە ڕوویان کردە کوردستانی عێراق (قادر شەریف، مەلا باقی، عەزیزی فەلاحی، عەبدولڕەحمانی قاسملو، کەریمی حیسامی، هاشم حوسێن زادەو قاسم سوڵتانیان) و چەند دی، جگە لە عەبدوڵڵای ئیسحاقی کە هەتا ما لە کوردستانی عێراق بە (ئەحمەد تۆفیق)[1] ناسرا.**

**بەهەرحاڵ دەزگای ساواك بە دامەزراندنی لە کوردستان بە وردیی کەوتە شوێن پێ هەڵگرتنی کادرو هەڵسوڕاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو چەند جاسووسێکی خستبووە ناو ڕێکخستنەکانیانەوە، ئەو کادرو ئەندامانەی بۆ لەبەرچاوگرتنی پرنسیپی خەباتی نهێنییو بەبەرچاوی جاسووسەکانی ساواکەوە بێباکانە هەڵدەسووڕان. ئەوەی پاش ٣٦ ساڵ بلوریان بۆی پەشیمانە کە دەڵێت:"ئێمە هەمووومان خۆمان بۆ ڕژێم ئاشکرا کردو تەنانەت نەمانکرد کادیرەکانی سەروش بەنهێنی بهێڵینەوە، ئەگەر ئێمە کادرەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبە ئاشکرا نەباین، بێگومان نەدەگیراینو لەکاتی خۆیدا دەمانتوانی**

---

(١) ئەحمەد تۆفیق لە بنەڕەتدا ناوی عەبدوڵڵای کوڕی سەید حەمەدەمینی ئیسحاقیە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٣١ی شاری مەهابادو برای سەید محەمەدی ئیسحاقییە کە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.كو دواتر ئەفسەر بووە لە هێزی میللیی کۆماری کوردستاندا. ناوبراو ئەندامی "سازمانی جەوانان"و دواتر لاوانی دیموکرات بووەو لە دەورانی کۆماری کوردستاندا چاوی کراوەتەوەو کاریگەریی ئەو قۆناغەی بەسەرەوە بووە، پاشتر یەك لەوانە بووە کە پاش ڕووخاندنی کۆمار حیزبی دیموکراتیان زیندووکردۆتەوەو ئەندامی کۆمیتەی ڕێبەریی ئەو حیزبە بووە. لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەموزو گەڕانەوەی مەلامستەفا بارزانی، ناوبراو لە کوردستانی عێراق هەڵسوڕاوەو کەسایەتییەکی ناسراو بووە، دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول، خۆیو ژمارەیەك لە هاوڕێیانی بەناوی حیزبی دیموکراتەوە باوەشیان بەو شۆڕشەدا کردو لە زۆر رووی سیاسییو پێشمەرگایەتییو راگەیاندنو ڕێکخستنەوە پشتگیرییەکی گەورەی ئەو شۆڕشەیان کرد. حیزبی دیموکرات لەسایەی ڕێبەرایەتیی ئەحمەد تۆفیقدا لەبندەسەڵاتو هەژموونی حیزبی تودە هاتەدەرو ڕەوتێکی نەتەوەیی پێشمەرگانەی گرتەبەر. ئەحمەد تۆفیق بڕوای بە ڕزگارکردنی هەموو بەشەکانی کوردستانو سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی هەبوو، یەکەمین کەس بووە کاری بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی سەرتاسەریی کردووەو یەکەمین کەسیش بوو کە ڕۆژنامەنووسی بێگانە کە "دانا ئادەم شمیت" بوو هێنایە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان. ناویراو لە ساڵی ١٩٦٤و لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە تێکڕای دەنگ بە سکرتێری ئەو حیزبە هەڵبژێردراوەو لە ساڵی ١٩٧٣دا بە پیلانێك لەلایەن نازم گوزاری جەلادی بەعسییەکانەوە لە زیندانی "قەسر ئەلنهایە" لە عێراق لەژێر شکەنجەدا کوژراوە. بۆ زیاتر: د.یاسین سەردەشتی، ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق " عەبدوڵڵا ئیسحاقی " ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

حیزب ببوژێنینەوەو نەهێڵین هەرەس بە حیزب بێ، داخەکەم ئێمە لە چەن و چۆنی کاری نهێنی حیزبایەتی نەگەیشتین، هەمیشە خەریکی خۆزەق کردنەوەو خۆنواندن بووین و ئەوەش هۆی گیرانی لێپرسراوانی حیزب زۆر ئاسان کرد."[1]

وەك لە ڕاپۆرتەکانی ساواکدا ڕادیارە، ئەو دەزگایە سەرەڕای ئەوەی زانیارییەکی وردی لەمەڕ شوێن‌و جێگای کادرەکان‌و هەڵسوڕانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەبووە، کەچی لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەی پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی (١٤)ی تەموز نەیویستووە راستەوخۆ پەلامارێکی بەرینی شانەو کۆمیتەکانی حیزبی ناوبراو بدات. بەڵکو ساواك سەرەتا پێی باش بووە ئەگەر بکرێت ڕێبەرایەتیی حیزب‌و کادرە چالاکەکان بخرێنە دواوەو گورزەکە لە سەرەوە بوەشێنرێت،[2] بۆئەوەی چ دەرفەتێکی وا بۆ دژەکردەوەیەکی حیزبی دیموکرات نەهێڵرێتەوە. شایەنی باسە، لەم سەروبەندەدا جگە لە عەزیز یوسفی کە ئەندامێکی ڕێبەرایەتیی بوو و لەلایەن ساواکە لە پاسگای (باڵانیش)ی سەر ڕێگای ورمێ _ مەهاباددا گیرا، سمایلی قاسملوش لە ئازاری ١٩٥٩دا لە گوندی (نێزەروی) بانە بە ڕاپۆرتی حەمە خانی یونسی‌و لەلایەن (سروان شهبازی) فەرماندەی ژاندەرمەی بانە دەستگیر دەکرێت.[3]

لەراستییدا سمایل دوای گیرانە ٤٨ ساتییەکەی لەگەڵ عەبدولڕەحمانی ئامۆزای‌و لەسەر بەڵێنی ناوبراو خوێندنەکەی لە زانکۆی هونەری تاران وازلێهێناو خێزانی ئامۆزاکەی بەڕێگای سەقز – بانەدا بۆ گەیاندبووە سلێمانی لە کوردستانی عێراق، دوای ئەوەش لە کوردستانی ئێراندا بەناوی نهێنی (حوسێن) خەریکی تێکۆشانی سیاسیی بوو، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد عەبدولڕەحمانی قاسملو بەڵێنەکەی خۆی لە ناردنە دەرەوەی سمایل بۆ خوێندن لە ئەوروپا بێنێتەدی کە نەیهێنا، سمایل کە ماوەیەك بە سەرگەردانیی‌و چاوەڕێیی لەسەر سنوور دەمێنێتەوەو ماوەیەکیش لە عێراق ئاگاداری ناکۆکیی‌و کێشەی لەڕێکەوتن نەهاتووی عەبدولڕەحمانی ئامۆزای‌و ئەحمەد توفیق بوو، بەکارێکی حیزبی دێتەوە بۆ کوردستانی ئێران و دەکەوێتە داوەوە.

---

(1) غەنی بلوریان، س. پ، ل١٩٨.

(2) بڕوانە: چپ در ایران، ص١٨–٢٠.

(3) توکلی، س. پ، ل٢٣٧ .، گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل١٨١.

شایەنی باسە، سمایلی قاسملو لەو ماوەیەی کە لە کوردستانی ئێران وەکو حیزبییەك هەڵسوڕابوو، پەیوەندیی‌و شارەزاییەکی وردیی لەسەر تەواوی کۆمیتەکان و کاری ڕێکخراوەیی حیزبی دیموکرات هەبوو. دوای گیرانی بێ ئەوەی ئازارێکی بدەن هەموو زانیارییەکانی خۆی بۆ بەرپرسانی ساواك لە کوردستان درکاندبوو بەو خەیاڵەی کە بەو کارە تۆڵەی خۆی لە حیزب‌و قاسملوی ئامۆزای‌و ئەحمەد توفیق بکاتەوە کە درۆیان لەگەڵ کردەوەو بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنەی پێیان داوەو نەیانناردۆتە دەرەوە بۆ خوێندن.(١)

سەعید کاوە، لەبارەی گرتنی سمایلی قاسملووە نووسیویە:"سمایلی قاسملو کە بەهاریێ گیرابوو، نیزیك بە هەشت مانگ ساواك لەژێرەوە خەریکی لێکۆڵینەوە لەسەر جێگاو ڕێگای ئیعتراف لەسەرکراوەکان بوو، ساواك بە لەسەرخۆیی لە نووکەوە ئەو ئەندامانەی کە دەبوایە بیانگرێ، شوێن و جێگاو ڕێگایان شارەزا ببو، بەڕوونی دەیزانی لەکوێن و چۆن دەبێ بچن بیانگرن."(٢)

بەم چەشنە، دەزگای ساواك دوای ئەوەی لەهەموو ئامادەکارییەك بووەوە، لەشەوی ٢/٣ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩دا بەسەرپەرشتیی سەرهەنگ زیبایی، ئەمجەدی، ئەردەلانی‌و هەروەها مودەریسی، پەلامارێکی سەرتاسەریی‌و بەربلاوی کردە سەر کادرو ئەندامانی کۆمیتەو ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارەکانی سنە، بانە، سەقز، بۆکان، مەهاباد، سەردەشت، خانێ، ساین قەلا، نەغەدە، شنۆ، ورمێ‌و شاپورو پێش سەعات ٦ی بەیانی نزیکەی ١٣٠ _ ٢٥٠ کەسی لێ دەستگیرکردن. ڕاستییەکەی تەنیا ئەوانەی لە سەفەربوون یاخود بە ڕێکەوت لەماڵەوە نەبوون بەر ئەم هەڵمەتە بروسك ئاسایەی ساواك نەکەوتن‌و دەربازبوون، ئەوانەش ژمارەیان زۆر کەم بوون‌و دوای بیستنی مەسەلەکە یەکسەر ڕێگای دەربەدەرییان بەرەو کوردستانی عێراق گرتەبەر.(٣)

پژمان کە ئەودەم یەکێك بوو لە کارمەندە چالاکەکانی ساواك لە ناوچەکەدا، لەم بارەیەوە نووسیویە:"پێ‌بەپێی حیزبەکانی دیکەی دیموکرات لە وڵاتەکانی تر، تاکە تاکی ئەندامانی

---

(١) بلوریان، س. پ، ل١٩٥.

(٢) کاوە، س. پ، ل٢٩.

(٣) هـ. س، ل٢٩-٣٠ .، حیسامی، بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووەم، ل٨٥-٨٦.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخراوەی خۆیاندا ئاڵوگۆڕیان بەدی هێنابوو، و ڕۆژ بەڕۆژ ئەندامان و ئۆگرانی حیزبی زیادە دەبوون، جا لەبەر ئەمە بە ڕێکخراوەی ئاگاداری (جاسوسی) هەرێمەکانی ڕۆژئاوای وڵات دەستوری شێلگیر درابوو کە وشیاری تێکۆشانی نهێنی کوردەکان بن‌و بۆ بەدیهێنانی ترس‌و مەترسیی لە هەرێمداو هەروەها بۆ بەرگری‌و لەناوبردنی هەرچەشنە شوێنەوارێکی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات، ئیدارەی گشتی ئەمنییەتی ناوخۆ (ساواك) بە گرتن‌و بەندکردنی ژمارەیکی زۆر نزیکەی دوو سەد سێسەد کەس لە هەموو ناوچەکان دەست بەکاربوو، تۆمەتی ئەوانەش ئەندامەتی یا ئۆگرداری لە حیزبی ناقانونی تودە بوو، بەڵام لەراستییدا هۆی گرتنی ئەوان تێکۆشانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بوو."[1]

کادرو ئەندامە گیراوەکانی ح. د. ك پاش ئەوەی ماوەیەك لە زیندانەکان قسەری قەجەرو قزڵ قەڵاو لە بەندیخانەکانی تەبرێزدا خرانە ژێر پرسین‌و لێکۆڵینەوەو لەلایەن دەزگا شکەنجەدەرەکانی ساواکەوە تەوا شپرزە کران. هەر لە لێدان‌و سوتان‌و هەڵواسین تا فەلاقەو نینۆك دەرهێنان‌و لێدانی تەزوی کارەبا بەرامبەر گیراوەکان تاقیکرایەوە، دواتر دەستەدەستە ڕاکێشرانە بەردەمی دادگا سەربازییەکان‌و حوکمی توند بەسەریاندا سەپێنرا لەوانە ٧ کەس بە ئیعدام، ٥٤ کەس بە زیندانیی هەتاهەتایی، ٢٩ کەس بە پازدە ساڵ زیندانیی، ٢٣ کەس بە ١٠ ساڵ زیندانیی‌و باقی تریش بە ٥ ساڵ و ٣ ساڵ زیندانیی حوکمدران.[2]

هێرشی بەربڵاوی ساواك بۆ سەر کۆمیتەو شانەی ڕێکخستنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەو حیزبەی لە بناغەوە هەڵتەکاندو گورزێکی کەمەرشکێنی لێوەشاند، بەجۆرێك هەندێك لە ڕابەرانی حیزب ئەو ساڵەیان ناوناوە (ساڵی حیزب قڕان)[3]. لەلایەکی ترەوە، هێرشەکەو ئاکامەکانی ئەو شێوازە شکنجەدانە توندوتیژەی ساواك لە لێکۆڵینەوەدا دژی ئەندامان‌و کادرە گیراوەکانی حیزب پیادەی دەکرد، لە زۆربەی بڵاوکراوەکانی پارتە دیموکرات و پێشکەوتووخوازەکانی عێراق‌و ناوچەکە دەنگیدایەوەو ڕیسوا کرا.[4]

---

([1]) پژمان، نهێنی‌یەکانی پەیمانی...، ل١١٣.

([2]) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل١٢٤.

([3]) گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل١٢٤.

([4]) بڕوانە: چپ در ایران، شماره گزارش، ٣٠٣/٤ب٢، موضوع: انتشارات بیانیه حزب پارت دیمکرات، تأریخ: ٣٩/٤/١٥، ص٣٨.

## باسی سێیەم : سەرنجێك لە بارودۆخی گشتیی کوردستانی ئێران لەسایەی ڕژێمی دیکتاتۆریی محەمەدڕەزا شا پەهلەوییدا

**یەکەم:هەڵوێستی کوردەکانی ئێران لەهەمبەر پەرەسەندنی جووڵانەوەی ئازادییخوازانەی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا.**

ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە کە جگە لە دەستێوەردانی دەرەوەو پیلانی دەوڵەتە مەزنەکانی ڕۆژئاوا، مەسەلەی دواکەوتوویی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی، هەروەها لاوازیی ڕیشەی ژیانی دیموکراتیی و نەبوونی هۆشیاریی سیاسیی و زاڵبوونی عەقڵییەتی ئاینیی و خێڵەکیی و سەربازیی توندوتیژانەو نەبوونی ژێرخانێکی مادیی و کۆمەڵایەتیی شیاو لەنێو گەلانی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی جیهانی سێیەم بەگرنگترین هۆکارەکانی لادان و شکستی شۆڕشە نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتانە دەژمێردرێت، بەجۆرێك زۆر کەم بینراوە کە دوای هەڵگیرساندن و سەرکەوتنی شۆڕشی چەکدارانەی گەلێك لە گەلانی ئەو ناوچەیە، سیستەم و حکومەتێکی نیشتمانی ئەوتۆ بێتە سەرکار کە ئەرکە شۆڕگێڕانەکەی بێ پاشەکشە جێبەجێ بکات و ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ دابینبکات، حکومەتێك ڕێز بۆ مافە گشتیی و تایبەتییەکان دابنێت و لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنییدا سەرکەووتوانە هەنگاو بۆ پەرەپێدان لە بوارە جیاجیاکانی وڵاتدا بهاوێژێت.

دیارە دەوڵەتی عێراقیش کە هەر لەسەرەتاوە بە قازانجی ئیستعماری بەریتانیی و بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گەلانی وڵاتەکە لە دادووراوەو لەسەر بنەمای توندوتیژیی و ناوەندییەتی بەهێز دامەزراوە، لەو ڕووەوە لە وڵاتانی دیکەی جیهانی سێیەم بەدەر نییە، هەربۆیە دوو ساڵ بەسەر شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا تێنەپەڕی کە هێزە دیموکرات و ئازادییخوازەکان لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە دەستیان لێوەشێنراو حکومەتێکی دیکتاتۆریی سەربازیی لە عێراقدا بە سەرۆکایەتی قاسم دامەزرێنرا.

لەراستییدا، قاسم کە لەسەرەتاوە بەمەبەستی چەسپاندنی شوێنپێی خۆی ڕوویەکی خۆشی پێشانی ئازادییخوازانی کورد داو بەڵێنی بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی

کوردی پێدان، هەرزوو پشتیکردە بەڵێنەکانی و کەوتە بیانووگرتن بە دیموکراتخوازانی کورد، کارێکی وا کە گشت هەوڵێکی ئاشتییخوازانەی پوچەڵکردەوەو پەیوەندییەکانی نێوان کوردو قاسمی گەیاندە بنبەست. هەربۆیە رێبەرایەتیی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق کە ئەودەم خۆی لە مەلامستەفاو پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەبینییەوە، پەنایان بۆ خەباتی چەکداریی برد تاکو خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا بەشێوەی خودموختاریی بهێننەدیو دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی عەبدولکەریم قاسم بوەستنەوەو بەرسینگی سوپای عێراقی بگرن کە بە فەرمانی ناوبراو بۆ وێرانکردنی کوردستان هێرشێکی بەربلاوی دەستپێکردبوو.[1]

بەم چەشنە، لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١دا، شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کورد لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی خودموختاریی بۆ کوردستان دژی ڕژێمی قاسم لە بەغدا ڕاگەیەندرا. ئەو شۆڕشەی کە لەمێژووی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی رزگارییخوازی گەلی کورد دا بە درێژترین شۆڕشی چەکدارانە دەناسرێت، تیایدا گشت چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی بە جیاوازیی بیروڕاو دیدو بۆچوونە سیاسییەکانیانەوە بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، کۆبوونەوە. شۆڕشێك کە لەمێژووی کوردی نوێ‌و هاوچەرخدا بە شۆڕشی ئەیلول ناودەبرێت‌و وەرچەرخانێکی چۆنایەتیی بوو لە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورددا بەچەشنێك جووڵانەوەکەی لەڕووی سیاسیی‌و چەکداریی‌و ڕێکخراوەیی‌و ڕاگەیاندن‌و ئامادەکارییەوە، بگرە لەڕووی دیبلۆماسیشەوە گەیاندە قۆناغێکی پێگەیشتووتر لە شۆڕشەکانی پێش خۆی.[2]

شایەنی باسە، هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول کە جێگای ئومێدی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرو تێکڕای ئازادیخوازانی گەلانی ناوچەکە بوو، بەتەنیا کاریگەریی لەسەر کوردستانی عێراق بەجێنەهێشت، بەڵکو کارێکی گەورەی کردە سەر هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتیی لە پارچەکانی تری کوردستانی داگیرکراودا، بەتایبەتی کوردستانی ئێران کە هەر لەسەرەتاوە گەلی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا بەکردەوە هاوسۆزیی‌و

---

(1) Entessar, op. cit. pp62-63.

(2) بۆ زیاتر: جەلال، ئیبراهیم، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول. بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

هاوچارەنووسیی خۆیان لەگەڵ شۆڕشدا ڕاگەیاندو سەرکەوتنیان بە تاقە ڕێگای ڕزگاربوونی خۆیان دەزانی لە ستەمو چەوسانەوەی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی. هەربۆیە لە بواری خزمەتو بەشدارییکردنی شۆڕشدا بەهیچ جۆرێك درێغییان نەکرد، چ لەڕێگای بەشدارییکردنی چەکدارانەو ڕۆڵ بینین لە نەبەردەکانی پێشمەرگەدا، یاخود بەهۆی دابینکردنی پێویستییە مادییەکانی شۆڕش لە ئازوخەو خواردەمەنیی، بەتانی، پێڵاو، جل و بەرگ و داو دەرمان... هتد، ئەو پێویستییانەی کە لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشدا ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لە خۆڕاگرتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرامبەر پەلاماری دڕندانەی حکومەتی عێراقییو ئەو گەمارۆ ئابورییەی لە ناوەندەوە بەسەر کوردستاندا سەپێنرابوو، لەو ساتەدا کە شۆڕش دۆستێکی ستراتیژی وای نەبوو دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات ، جگە لەوەی دەوڵەتە هەرێمییەکانی ناوچەکەش بە قازانجی دوژمنانی شۆڕش خەریکی پیلانگێڕان بوون و سنوورەکانیان بەڕووی هێزی پێشمەرگەدا داخستبوو تا هیچ هاوکارییەکی دەرەوە نەگاتە کوردستانی عێراق.

ئیبراهیم جەلال، کە کادرێکی سیاسیی پارتیو پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول بووە، سەبارەت بە هاوکارییو پشتگیریی کوردەکانی ئێران بۆ شۆڕش نووسیویە:"لەگەڵ ئەو هەموو پاڵەپەستۆو ئابلۆقە توندەی ڕژێم لەسەر کوردستانو ئەو نەهاتە سروشتیەش، هێشتا کارێکی ئەوەندە سەختی نەکردە سەر ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان کە دوچاری کارەساتی سەختریان بکات، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە (قوڵایی ستراتیژی هەر پارچەیەکی کوردستان پارچەکانی تریەتی)و لێرەوە گرنگی (کوردستانییەتی) هەر حیزبو ڕێکخراوێك دەردەکەوێت کە تاچەند دەتوانێت بیپارێزێ. سنووری نێوان کوردستانی خوارو کوردستانی ڕۆژهەڵات درێژترین سنوورە، وە جگە لە پەیوەندی ڕەچەڵەکیو نەتەوەییو کلتوری، دانیشتووانی هەردوو پارچەکە بە چەندین پەیوەندی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە بەیەکەوە بەستراون کە هیچ یاسایەکی دەستکردو زۆرملێو هێزێك توانای لێکدابڕینی نییە، بەردەوام هەموو پێویستیەکی ژیان لەڕێگەی قاچاغەوە بەهۆی قاچاخچی هەردوولاوە دەگەیشت،و هێشتا

بەرهەمی کشتوکاڵی باشووریش دەیتوانی ٤٠ لە سەدی پێویستی خەڵکی دابین بکات."[١]

شایەنی باسە، دوای پەلامارە بەربڵاوەکەی ساواك بۆ سەر شانەو کۆمیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو گرتنی کادرو ئەندامەکانی ئەو حیزبە لە تشرینی دووەمی ١٩٥٩دا، ئەو ئەندامانەی کە نەگیرابوون ڕوویان لە کوردستانی عێراق کردبوو، بەشێکی زۆر لەم پەنابەرانە بەکردەوە لە سەنگەری پێشمەرگایەتیی شۆڕشدا تێدەکۆشان، بەشێکیان لای بارەگای بارزانیو هەندێکیشیان لای ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتییەوە نیشتەجێ بوون، مەسەلەیەکی وا کە ڕەنگدانەوەی یەکانگیری خەباتی گەلی کوردی لە هەردوو پارچەکەدا دەگەیاندو هاندەری بەردەوامبوونی هاوکاریو یارمەتییەکانی کوردانی ئێران بوو بۆ شۆڕش.[٢]

لەراستییدا، سەدای شۆڕش لەنێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی ئێراندا ئەوەندە بەتینو فراوانبوو تەنانەت ئەو سەرۆك عەشیرەتو موڵکدارە کوردانەش کە لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان پەیوەندییان بەڕژێمی شاهەنشاهییەوە هەبوو نەیاندەتوانی هەستی نەتەوایەتیی هەڵچوویان هەتاسەر بشارنەوەو لەئاستی ڕووداوەکاندا بێ هەڵوێست بمێننەوە.

أرفع لەم بارەیەوە دەڵێت:"لەساڵی ١٩٦١ەوە هەم کوردەکانی پارێزگای کوردستان (واتە سنە . ل) و هەمو کوردەکانی ئازەربایجان هاوبیرو هاوسۆزی مەلامستەفا بوون لەپێناوی وەدەستهێنانی خودموختاریدا، سەرۆك عەشیرەتەکانو کەسایەتییە کۆنەپارێزەکان بەڕواڵەت بێ لایەنیان لەئاستی ڕووداوەکاندا نیشاندەدا بۆ ئەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە بە خائینو دژ بە دەوڵەت لەقەڵەم نەدرێن، بەلام ئەوانیش بەنهێنی سۆزی خۆیان بۆ خەباتی کوردەکانی عێراق دەردەبڕی... هەروەها زۆرینەی چینی ناوەڕاست و کارمەندە کوردەکانیش بزوتنەوەی مەلامستەفاو کوردەکانی عێراقیان بە خەبات بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتیی دەزانیو بەدڵ لەگەڵی بوون... ئەوانە بە گەرمی گوێیان لە

---

([١]) هـ. س، ل١٢٢.

([٢]) هـ. س، ل١٩٨.

ڕادیۆی شۆڕش دەگرت و بەخۆشیەوە بەختەوەرییەکی بێ وێنەوە پێشوازییان لە چالاکی کوردە عێراقییەکان دژی دەوڵەت دەکردو سەرکەوتنیان لەیەکتر پیرۆزدەکرد"[(1)]

شایەنی باسە ڕاپۆرتێکی نهێنیی دەزگای ساواك کە لەڕۆژی ٢١ی تەموزی ١٩٦٣دا نووسراوە هەمان قسەی أرفع دەسەلمێنێت کە تیایدا هاتووە: "بەپێی ئەو هەواڵانەی لە ڕەزائییەوە بەدەستمان گەیشتوون، موڵکدارە کوردە ئێرانییەکان لەیەکەم ڕۆژی هێرشی حکومەتی عێراقییەوە بۆ سەر شۆڕشگێڕەکان بە ڕابەرایەتی مەلامستەفا بەڕواڵەت وا خۆپێشاندەدەن گوایە گوێ بە ڕووداوەکانی ئەودیو سنوور نادەن، کەچی ژێربەژێر خەریکی کۆڕو کۆبونەوەن و لە دانیشتنەکانیاندا پێشنیازی پێشکەشکردنی هاوکاریی بە بارزانیان دێننە گۆڕێ و خواس‌وباسی لەسەر دەکەن، ئەمانە ڕۆژانە پەیوەندیی بە مەلامستەفاوە دەکەن و هەوڵئەدەن ئاگاداریی هەواڵەکانی شۆڕش بن.[(2)]

لەراستییدا، ئەگەر بەوردیی دکۆمێنتەکانی ساواك سەبارەت بە کوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا بخوێنینەوە دەیەها ڕاپۆرتی جۆراوجۆرمان دەکەونە بەرچاو کە هەواڵی پشتگیریی کەسایەتییە ناودارە کوردە ئێرانییەکان بۆ شۆڕشی ئەیلول ڕادەگوێزن، بۆ نموونە لە راپۆرتێکدا باس لەوە دەکات کە خەڵکی مەهاباد و بۆکان ١٢ باری هێستریان لە بەتانی و جل و بەرگ و پێڵاو پێویستییەکانی دی بۆ پێشمەرگە ڕەوانەی کوردستانی عێراق کردووە.[(3)] لە ڕاپۆرتێکی تردا باس لە دوو کوردی ئێرانیی بەناوی میرزا قادرو سەید محەمەدی مەهابادی دەکات کە لەڕێگای گوندی سنووری (شێنێ)وە چونەتە قەڵادزێ و لەوێوە سەردانی مەلامستەفایان کردووەو ٦٠٠,٠٠٠ تومانی ئێرانییان پێشکەشکردووە.[(4)]هەروەها ئەنوەرخانی کوڕی حەمەڕەشید خانی بانە چۆتە ناو عەشیرەتەکانی تیلەکۆ فەیزوڵڵابەگی و نزیکەی ٤٠,٠٠٠ تومانی لە موڵکدارەکانی

---

([1]) أرفع، س. پ، ل١٠٣.

([2]) چپ در ایـران، شمـاره گـزارش: ١٦٦٠٢ . ٣٣١، موضـوع: کمـك بـشورشیان شمـال عـراق، تـأریخ: ٤٢/٤/٢٢، ص١٣٠.

([3]) هـ. س، شماره گزارش: ٨٧٩٢ . ٢، موضوع: کمك مردم ایران بشورشیان عراق، تأریخ: ٤١/٩/٢٨، ص٨٥.

([4]) هـ. س، شماره گزارش: ٣٠٢٢٤ . ٣٣١، موضوع: کمك مرزنشینان بشورشیان کرد، تأریخ: ٤١/١٠/٢٩، ص٩١.

**سەقزو بۆکان کۆکردۆتەوەو ڕەوانەی شۆڕشی کردوون.(١) حاجی عەبدوڵڵا قادری جلْدیان کە سەرۆك عەشیرەتێکی مەنگورییە بڕێکی زۆر پارەو گەنمی بەدیاریی بۆ مەلامستەفا ناردووە.(٢) شێخ عوسمانی نەقشبەندی لە گوندی (دووڕوو)ی هەورامان چەند مریدێکی خۆی ناردۆتە بازاڕی مەریوانو بەناوی تەکیەوە ٢٥٠٠ فەردە گەنمی کڕیەوەو لە سنوورەوە بۆ پێشمەرگەی ئاودیو کردوون.(٣) سەعید خانی حەبیبی کە خاوەنی گوندی ئێرانشاو چەند گوندێکی دی کوردستانی ئێرانە لە گیرفانی شەخسی خۆی ٣٠٠٠ دەستە جلی کوردی بۆ پێشمەرگەی شۆڕش دوریوەو بۆی ڕەوانە کردوون.(٤)**

**لەراستییدا، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەجۆرێك هاوسۆزی شۆڕش بوون هەواڵەکانی ڕۆژ بەڕۆژی بەرەکانی جەنگیان پێ دەگەیشتو بەو پەلامارە دڕندانەی سوپای عێراقیو زیانی خەڵکی بێدیفاعی کوردستانی عێراق دڵتەنگو خەفەتبار دەبوون و کاتی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەش خۆشحالْ دەبوون و دەگەشانەوە، لەم بارەیەوە دوو ڕاپۆرتی ساواکمان لەبەردەستە ناوەرۆکی هەردووکیان ئەو هاوسۆزییە دەگەیەنێت، لە ڕاپۆرتێکیاندا کە لە ٢١ی تەموزی ١٩٦٣دا، نووسراوە دەڵێت:" لەتەواوی مزگەوتو تەکیو گوندو بازاڕی ناوچەکانی کوردستاندا خەڵکی بەوێنەی پرسەی موحەڕڕەم (ڕۆژی عاشورا کە شیعەکانی ئێران بەبۆنەی یادی کوشتنی حوسێنی کوڕی عەلی شیوەن دەگێڕن – ل) لەئەنجامی تۆپبارانکردنی هاوخوێنەکانی خۆیان خەفەتبارنو لەهەموو لایەکەوەو بەهەموو شێوەیەك خەریکی کۆکردنەوەی پارەو گەنمو ئاردو شەکرنو بۆ عێراقی دەنێرن، لەم دواییەدا لەتەواوی ناوچەکانی ڕەزائیە، شاپور، ماکۆ، شنو، بانە، سەردەشت، مەریوان و کرماشان خەڵکی بە ئاشکرا پارە بۆ شۆڕش کۆدەکەنەوە.(٥) لەڕاپۆرتێکی تریشدا کە لە ٦ی ئابی ١٩٦٣ نووسراوە دەڵێت "٢– تەواوی موڵکدارەکانی**

---

(١) هـ. س، شماره گزارش: ٣٤٣١٠ . ٣٣١، موضوع: کمك مرزنشینان ایران بشورشیان عراق، تأریخ: ٤١/١٢/٢، ص٩٨.

(٢) هـ. س، شماره گزارش: ٤٦٣٢، موضوع: کمك به ملا مصطفی، تأریخ: ١٣٤١/٩/٧، ص٨٣.

(٣) هـ. س، شماره گزارش: ٦٤٤٠ ب٢، موضوع: خرید گندم وسیله شیخ عثمان نقشبندی، تأریخ: ٨///٤٢، ص١٩٠.

(٤) هـ. س، شماره گزارش: ٢٠٩ /٢ ، موضوع: مالکین منطقه ی مهاباد . بوکان . سقز ، تأریخ: ٤٢/٥/٣، ص١٣١.

(٥) هـ. س، شماره گزارش: ١٥٨٥٨ . ٣٣١، موضوع: تکایا ومساجد در کردستان، تأریخ: ٤٢/٤/١٨، ص١٢٨.

گوندەکانی کوردستان بەو پێشڕەوییەی ئەم دواییەی پێشمەرگەکان و سەرکەوتنیان گەلێك خۆشحاڵن و زۆرجار لە مزگەوت و تەکیەکاندا بە کۆمەڵ و دوعای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ دەکەن))[1].

شایەنی باسە دکۆمێنتەکانی ساواك ئەوە دەسەلمێنن کە تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا هەر لە سنووری شورەویی و شارەکانی خۆی و ماکۆو ڕەزائییەوە تا باشووری کرماشان و ناوجەرگەی عەشیرەتەکانی کەلهوڕ چاویان لەوە بڕیوە کە ئەوانیش لەگەڵ برا کوردەکانیان لە عێراق لەسایەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆدا بژین و لە ستەم چەوسانەوەی نەتەوایەتیی بۆ هەتا هەتایە رزگاریان بێت. عەشیرەتە کوردەکانی ئێران زۆرجار بەئاشکرا دەیاندا بەگوێی دەوڵەتدا، گەر حکومەتی ئێران لەوە زیاتر فشاریان بخاتە سەر ڕێگای کوردستانی عێراق دەگرنە بەرو دەبنە چەکداری شۆڕشی کوردستان.[2]

هەر لەم قۆناغەدا بوو کە بەشێکی گەورەی عەشیرەتی جوانڕۆیی چوونە ناوچەی شارەزووری کوردستانی عێراق و دواتر گەورەپیاوانی جوانڕۆیی وەك: حوسێن بەگی وەکیل، محەمەد بەگی وەکیل، سەعید بەگ، ئەحمەد بەگ و محەمەد صالح بەگی شمشێر بەخۆیان و چەکدارەکانیانەوە سەردانی مەلامستەفای بارزانیان کردو لە شۆڕشدا بوون بە پێشمەرگە. ئەوانەی بە ئازایەتییەکی کەم وێنەوە تا دواساڵەکانی شۆڕش نەبەردیی مەزنیان لە سەنگەری بەرگرییدا نواند.[3]

پێویستە بوترێت کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردە ڕۆشنبیرەکانی شاری مەهابادو سنەو کرماشان، هەروەها خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران و ژمارەیەك لە ئەفسەرە کوردەکانی سوپای ئێران لەم قۆناغەدا بە قازانجی شۆڕشی ئەیلول لە ئێراندا هەڵدەسووڕان، ئەوانە کۆبونەوەی نهێنییان ئەنجامدەداو کۆمیتەیەکیان بۆ پشتگیرییکردنی شۆڕش و کۆکردنەوەی یارمەتیی دامەزراندبوو. لەوەش زیاتر، ژمارەیەکیان وەك (دکتۆر هاشمی شیرازی، دکتۆر ئیختیار، دکتۆر فریدون معتمدی

---

(1) هـ. س، شماره گزارش: ٢/٢٠٩، موضوع: مالکین منطقه مهاباد ـ بوکان ـ سقز، تأریخ: ٤٢/٥/٣، ص١٣١.

(2) هـ. س، شماره گزارش: ______، موضوع: وضع فعلی کردستان، تأریخ: ٤١/١٠/١٢، ص٨٦.

(3) سلطانی، س. پ، ل٢٢٠.

وەزیری، دکتۆر کەریمی موشیری، غەفوری سەلیمی، مەهدی تالیبیو عەباسی چاپچی) و زۆری تر خۆیان بە ئەندامو لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەقەڵەم دەداو کارتی ئەو حیزبەیان هەڵگرتبوو.[1]

شایەنی باسە، حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرابەریی ئەحمەد تۆفیق رۆڵێکی بەرچاویان لە قۆناغە بەراییە هەرە سەختەی شۆڕشی ئەیلولدا بینیو لە زۆر رووەوە ئەرکی جۆراوجۆری شۆرشیان لە ئەستۆ گرتبوو. ئەو بڵاوکراوەیەی کە ئەحمەد تۆفیق بە ناوی "دیسان بارزانی" یەوە دەریدەکرد ببووەوە زمانحاڵی شۆڕشی باشووری کوردستان. هەژار موکریانی لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئەحمەد تۆفیق زۆر ماندو بو. زوربەی کاروباری چەك كڕینو دامەزراندنو پێ راگەیشتنی چەکدارانی لەمل بو. نەیدەکرا سەری خۆی بوخرێنێ... پێشمەرگەکانی بارزانیو هی تریش کە دەیان ناسی. زۆر لەبەر ئازایەتییەکەی خۆشیان دەویست."[2] هەروەها مسعود بارزانی سەبارەت بە رۆڵی ئەحمەد تۆفیق نووسیویە:" "لێرەدا کەمێك رادەوەستم تا سەبارەت بە هەڵوێستی سکرتێری حیزب ئەحمەد تۆفیقو ئازایەتیی وجوامێرییو دڵسۆزیی کەموێنەی بدوێم، لێرەدا ئاماژە بە هەڵوێستێکی قارەمانانەی نائاسایی ناوبراو دەکەم لە شەڕی شاخی پێرس لە ساڵی ١٩٦٣، بەپاڵپشتی گەواهی چەند قارەمانانی بەناوبانگیوەك شەهید عەزیز دۆڵەمەڕیوحاجك جەمی، ئەوانەی هەمیشە باسی هەڵوێستی پاڵەوانانەو لەخۆبووردوانەو دڵسۆزانەی ئەحمەد تۆفیقیان دەکرد، دەی چ گەواهییەك لەسەر هەڵوێستی پاڵەوانانە بەهێزترە لە گەواهی کەسانێك کە خۆیان بە پاڵەوانێتی ناوبانگیان دەرکردووە"[3]

---

(1) چپ در ایران، شمارە گزارش: ١٦١٤٧ س ت، موضوع: فعالیت اکراد در دانشگاه تهران (پارت دمکرات)، تأریخ: ٤١/٩/٢٨، ص٨٤.

2 هەژار ، س پ ، ل ٣٨٨.

3 البارزاني، مسعود، البارزانیءالحرکة التحررية الكردية. ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥، ص ٣٦١.

لەراپۆرتێکی ساواکدا هاتووە "لەنێو کۆمەڵێك کورددا مەلامستەفا وتویەتی ئەگەر چەند کەسێکی وەکو سەید عەبدوڵڵای ئیسحاقی و مەلاباقی مەهابادیم هەبوایە تا ئیستا توانیبووم سەربەخۆیی بۆ کوردستان بێنمە دی." [1]

لەڕاپۆرتێکی ساواکیدا کە لەبەرواری ١٥ی تەموزی ١٩٦٣دا لەلایەن (خۆشی) ناوێکەوە نوسراوە دەڵێت "ناوەرۆکی زۆربەی کۆڕو دانیشتنەکانی کوردەکانی ئێران، چ ئەوانەی لە تاران دادەنیشن یاخود ئەوانەی لە کوردستانن، بریتییەلە سەرکەوتنەکانی سوپای رزگارییخوازی کوردستان... ئەوانە دەڵێن بارزانییەکان بەڕابەری پاڵەوانی نەتەوەی کورد مەلامستەفا بارزانی بە شانازیییەوە نازناوی سوپای رزگاریخوزای کوردستانیان وەدەستهێناوەو ئەو سەرکەوتنانەی کە بەسەر دوژمندا بەدییانهێناوە جێگای شانازیییەکی گەورەیە بەجۆرێك سەرکەوتنێکی نوێی خستۆتە سەر سەرکەوتنەکانی پێشووی سەلاحەدینی ئەیوبی، هەروەها لەم ڕووەوە ژمارەیەك لە کوردەکانی سەردەشت و بانەو مەهاباد کە زۆرنیە لە کوردستانی عێراق گەڕاونەتەوە باس لەو کوردانەی تورکیاو ئێران دەکەن کە چونەتە ناو شۆڕش و لەگەڵ برا کوردەکانیاندا لە عێراق دلێرانە دژی حکومەتی بەغدا دەجەنگن، هەروەها ئەوانە باس لەوە دەکەن کە ڕاکردنی سەربازانی عێراقیی بۆ ناو شۆڕش بەجۆرێکی سەرسوڕهێنەر پەرەیسەندووە... ئاکارو ڕەوشتی دلێرانەی پێشمەرگە کوردە عێراقییەکان وەرەی پێشمەرگە کوردەکانی تورکیاو ئێرانی بەرز کردۆتەوەو بۆیان بونەتە قوتابخانەو وانەی ئازایەتیی لێوەردەگرن، لەراستییدا ئەم قسانە بەڕادەیەکی وا کاری کردۆتە سەر خەڵکی کە هەر لەم دواییەدا ژمارەیەك لاوی مەهابادی کە زیاتر لە (١٥٠) کەسن بۆ پێشمەرگایەتیی چونەتە کوردستانی عێراق، هەندێکیش هەن قسەی وا بڵاودەکەنەوە کە نابێ حکومەتی ئێرانیی بەهیچ شێوەیەك دژی هاوکاریی کوردەکانی ئێران بۆ شۆڕشی عێراق هەڵوێست وەربگرێت، بەپێچەوانە کارێکی وا دەبێتە هۆی ئەوەی سەراپای کوردستانی ئێران ببێتە

[1] چپ در ایران، شماره گزارش: ٢/٩٧٧، موضوع: پناهندگان اخیر عراقی در سردشت، تأریخ: ٤٣/٥/٢٦، ص ٢٤١.

ژیلەمۆ، چونکە خوێنی قازیی محەمەدو عەلی ئاغای جەوانمەردیو ئەحمەد خانی مەتین و گەیلانییەکان قوڵپ دەدەن و لە دەرفەتێك دەگەڕێن تیایدا بتەقنەوە."[1]

شایەنی باسە، حکومەتی عێراق بەهەموو هێزو توانایەکییەوە کە هەوڵی سەرپێدانەواندنی هەرچی زووتری شۆڕشی چەکدارانەی کوردستان دەدا، تاڕادەیەکی زۆر بەرامبەر ئەو کۆمەك‌و پشتگیرییەی کوردەکانی ئێران بۆ هێزی پێشمەرگە بێزار بوو، هەربۆیە باڵیۆزی عێراق لە تاران جگە لەوەی لە میوانداریيەکی باڵویێزانی وڵاتانی عەرەبیی لە تاران بەراشکاویی‌و بەداخێکی زۆرەوە ڕەخنەی لەوەگرت کە بەشی زۆری سوتەمەنیی‌و داودەرمان‌و خۆراك لە ناوچەکانی مەهابادو سەردەشتەوەو بەڕێگای (سۆنێ)ی سنوورییدا دەگاتە دەست یاخیبووەکانی کورد لە باکووری عێراق. هەر لەم بارەیەوە، باڵیۆزی عێراق لە تاران بیرخەرەوەیەکی ناڕەزایەتیی لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە تاران کرد.[2]

هەروەها لێپرسراوانی باڵای هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق بانگهێشتی وابەستەیی سەربازیی سەفارەتی ئێرانییان لە بەغدا کردوو لە چاوپێکەوتنەکەدا داوایان لێکردن کە دەسەڵاتدارانی ئێران ئاگادار بکەنەوە ڕێگا لەو کۆمەك‌و کەل‌وپەلە زۆرە بگرێ کە لەلایەن ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانەوە وەك هاوکاریی لە سنوورەوە دەرباز دەکرێت‌و دەگاتە دەستی یاخییبووەکان لە باکووری عێراق، جگە لەوەی باڵیۆزی مەزنی ئەمەریکا لە بەغدا دوای ئەوەی چاوی بە باڵیۆزی ئێرانی شاهەنشاهیی کەوت، گلەیی لێپرسراوانی عێراقی سەبارەت بە هاوکارییو پشتگیریی عەشیرەتەکانی کوردی ئێران بۆ شۆڕشگێڕە کوردەکانی عێراق دووبارە کردەوەو خوازیاری ئەوەبوو کە رژێمی

---

(1) چپ در ایران، شماره گزارش: ١٤٧٦ / د . قسم ٣١١، موضوع: گفتگو درباره شورشیان شمال عراق، تأریخ: ٤٢/٤/١٦، ص١٢٦.

(2) چپ در ایران، شماره گزارش: ١٢٩٤ / ٨٤٤، موضوع: کمك قاچاقچیان ایرانی بشورشیان عراقی، تأریخ: ٩ / ٩ / ٤٢، ص٢١١.

شاهەنشاهیی لەڕێگای هێزەکانی (شەهرەبانی، ساواك، ژاندارمەری، مەرزەبانیو ئەرتەش)ەوە زیاتر کۆنترۆڵی سنوورەکان بکات.[1]

لەراستییدا، رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی لە ئێران دوو بۆچوونی جیاوازو پێچەوانەی یەکتری بەرامبەر شۆڕشی چەکداری کوردستانی عێراقو سەراپا مەسەلەکە هەبوو، لەلایەکەوە لەئەنجامی تێکچوونی بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو عێراق دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و ڕووخاندنی رژێمی پاشایەتیی هاشمیی، رژێمی شاهەنشاهیی لە ئێران هەڵگیرساندنی شۆڕێکی چەکدارییو تێکشکاندنی سوپای عێراقو هێشتنەوەی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقی لە قەیرانێکی سیاسییو ئابوورییو داراییدا پێ باش بوو، بۆ ئەوەی ئەو حکومەتانە نەگەنە ئاستێکی سیاسییو سوپایی وا مل بەملانێ لەگەڵ ئێرانی شاهەنشاهییدا بکەن و لەدەسەلاتو نفوزی ئێران لە کەنداوو ناوچەکەدا کەمبکەنەوە. هەربۆیە بەدرێژایی سالانی تەمەنی شۆڕشی ئەیلول، رژێمی شاهەنشاهیی لەگەڵ ئەوەدابووە شەڕو شۆڕش لە کوردستانی عێراقدا بەردەوامبێتو لەسەر بنچینەی ئەو بەرژەوەندییەش مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەکاندا کردووە.[2]

لەلایەکی ترەوە رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی پەرەسەندنی جوولانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کوردو بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە کوردستانی عێراق بە هەڕەشەیەکی خەتەرناك لەسەر ئاسایشی نەتەوەییو یەکپارچەیی خاکی ئێران لەقەڵەم دەدا، چونکە پەڕینەوەی شۆڕش بۆ کوردستانی ئێرانو هەڵچوونی سۆزی نەتەوەیی ئەو پارچەیەی کوردستان زۆر گران لەسەر ئێرانو رژێمی شاهەنشاهیی ڕادەوەستا، رژێمی شاهەنشاهیی هەمیشە دڵەڕاوکێی ئەوەی بوو کە شۆڕش لەگەڵ یەکێك لە حکومەتەکانی عێراقدا بگاتە حاڵەتێکی ڕێکەوتنو ئاژاوە بکەوێتە کوردستانی ئێرانەوە، بەتایبەت دەزگای جاسووسیی ساواك بەوردیی چاودێریی جموجۆڵەکانی لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە ئێراندا دەکردو دەوڵەتی لێ ئاگادار دەکردنەوە. لەیەکێك لەو

(1) هـ. س، شماره گزارش:٥٣٥ / ٢٣٤، موضوع: اطلاعات واصله از مديريت كل اداره سوم، تأريخ: ١٣٤٢/٧/٨، ص١٦٩.

(2) جەلال، س. پ، ل١٧٠-١٧١.

ڕاپۆرتانەدا کە لە ٦ی ئابی ١٩٦٣دا، نووسراوە دەڵێت:"ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان چالاکیی کاریگەرو نهێنیی لە ناوچەکانی بۆکان، میاندئاو، مەهاباد، ڕەزائیە، شنۆو سەردەشت ئەنجام دەدەن، ئەو چالاکییانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەدەسێنێت بەچەشنێك ئەگەر بە وردیی چاودێریی نەکرێتو سنووری بۆ دانەنرێ لە ئایندەدا گران لەسەرمان رادەوەستێت."[1] هەربۆیە فردوست لە یاداشتەکانیدا دەڵێت:"گرنگترین مەسەلەکانی لەنێوان ساڵەکانی (١٩٦١ – ١٩٧٥)دا جێی بایەخدانی دەزگای ساواكو پەیوەندیی راستەوخۆی بە ئاسایشی نەتەوایەتیی ئێرانەوە هەبوو بریتیبوو لە شۆڕشی کوردەکانی عێراق بە ڕابەرایەتیی بارزانی دژی حکومەتی بەغدا. پەیوەندی گرنگی مەسەلەیەکی وا بە ئاسایشی ناوخۆی وڵاتەوە ئاشکرایەو پێویست بە ڕونکردنەوە ناکات."[2]

هەروەها لێرەدا نابێت ئەو راستییە لەبیر بکرێت کە کادرو ئەندامە هەڵاتووەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوانەی هاتبوونە کوردستانی عێراقو لە ناوچە جیاجیاکانی سلێمانی، سەنگەسەر، قەڵادزێ، کۆیە، ڕانیە، باڵەك، هێرۆ نیشتەجێ ببوون، جگەلەوەی سەرپەرشتیی کۆکردنەوەی ئەو هاوکارییو یارمەتییانەیان کرد کە لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ شۆڕش دەنێردرانو هەندێکجار لە سەنگەری پێشمەرگایەتیشدا دژی رژێمی بەغدا دەجەنگان، توانیبوویان ڕیزەکانی خۆیان لەم قۆناغەدا یەك بخەنەوەو لەسەر سنوورەکانەوە جارجار کادر بنێرنەوە کوردستانی ئێرانو پەیوەندیی بە ئەندامەکانی ناوەوە بکەنەوە. ئەحمەد تۆفیق کە یەکێك بوو لە ڕابەرەکانی حیزبی دیموکرات توانیبووی بە پاڵپشتیی بارزانی، ئەندامە پەرتەوازەکانی حیزب لە کوردستانی عێراق لەژێر لێپرسراوێتی خۆیدا کۆبکاتەوەو بەناوی ح. د. ك کاربکەن.[3]

شایەنی باسە ئەحمە د تۆفیق زۆرجار دەگەڕایەوە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ئێرانو خەڵکی گوندەکانی کۆدەکردەوەو قسەی بۆ دەکردنو هەڕەشەی لە ڕژێمی

---

(1) چپ در ایران، شماره گزارش: ٩/٢٣٩، موضوع: فعالیت عناصر حزب پارت در منطقه مهاباد، تأریخ: ٤٢/٥/١٥، ص١٣٤.

(2) فردوست، س. پ، ل٥٠٠.

(3) چپ در ایران، شماره گزارش: ٣٦٧٤٤ / ٣٣١، موضوع: عبدالله اسحاقی، تأریخ: ٤١/١٢/٢٣، ص١٠٤.

شاهەنشاهیی دەکرد. لەوەش زیاتر ئەحمەد بەجۆرێکی وا کەوتبووە ژێر کاریگەرییی شۆڕشی چەکدارانەی ئەیلول کە لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتدا کە لەسەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٦٤دا لە گوندی (سونێ) لە کوردستانی عێراق بەسترا، دروشمی خەباتی چەکدارانەی بۆ بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمیی لە کوردستانی ئێراندا بۆ یەکەمجار لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا بەرزکردەوە، کارێکی وا کە بەجارێك رژێمی شاهەنشاهیی تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو.[1]

هەربۆیە ئەو رژێمە دوای لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ڕەهەندەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق‌و لێکدانەوەی لایەنە ئەرێیی‌و نەرێییەکانی لەسەر بەرژەوەندیی دەوڵەتی شاهەنشاهیی‌و کێشەی کورد لە ئێراندا، چەند تاکتیکێکی سیاسیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەکە هەڵبژارد بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی نکۆڵییکردن لە بەخشینی هەر مافێکی نەتەوەیی‌و سیاسیی‌و بەڕێوەبەرایەتی گەلی کورد لە ئێران‌و هەوڵدان بۆ توانەوەیان لە بۆتەی نەتەوەی سەردەستی فارسدا بەبیانووی پێداگرتن لەسەر زاراوەی شۆڤێنستانەی (کوردەکان ئاری نەژادن)، بەرامبەر بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی پرۆپاگەندەیی ڕیاکارانەی وەك کردنەوەی چەند ئێزگەی رادیۆیی بەرنامەی کوردیی‌و نمایشکردنی هەفتەی جارێکی هەڵپەڕکێ‌و گۆرانی کوردیی لە تەلەفزیۆنی تارانەوە، جگەلە ئەنجامدانی هەندێك کاری ئاوەدانکردنەوە.[2] ئەو هەنگاوانەی کە زیاتر بۆ چەسپاندنی نفوزو دەسەڵاتی رژێمی شاهەنشاهیی بوو لە کوردستانی ئێران‌و بەرجەستەی خواستە

---

([1]) لە دەقی بەیاننامەی کۆنگرەدا هاتووە ((کۆنگرە بۆی ڕوون بۆوە کە پێش گرتنی خەباتی پارلمنتاریسم و هەل بەزدابەزی شەقامی بێجگە لەوەی خەڵکی ئێران زیاتر دووچاری سەرکوتی‌و مل کەچی‌و شل و شەکەتی‌و سەرشۆڕی بکا... سوود و کەڵکی نیە، کۆنگرە سەلماندی کە ڕێگای خەباتی راستەقینە. ڕێگای رزگاری نەتەوایەتیی. خەباتی چەکدارانەو شۆڕشگێڕانەیە دژی ئیستیعمارو چڵکاوخۆرانی (شاو حکومەتی تاران) و تەفروتوونا کردنی بناغەی هیئەتی حاکمەی ئێران... بەڵێ تەنیا ڕێگای خەباتی چەکارانەو شۆڕشگێڕانەی خوێناوییە کە لەسەر بیروڕاویژێکی نوێ‌و بینگی ژێرانە ئەتوانی تەنگ و چەڵەمەو چارەڕەشی حزبایەتی لەناو خەڵکی ئێران بنەڕەت بکا. یەکیتیەکی ئەوتو پتەو نیشتمانی بۆ رزگاری نەتەوەکانی ئێران تەنیا لەناو کورەی ئاگری شۆرشدا وەدی دیت)) بڕوانە:
بەیان نامەی ٢ هەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان، سەرماوەزری ١٣٤٣ (نوامبر ١٩٦٤).

([2]) قاسملو، کوردستان و کورد، ل٢٩٦.

نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردی لەم پارچەیەی کوردستاندا نەدەکرد. وەك پژمان دانی پێدادەنێ:" ئەو هەنگاوانە کە لەبەرامبەر خودموختاریدا کە ویستی هەموو خەڵکی کورد زمان بوو لەهەموو ناوچەکانو لەهەموو وڵاتەکانی شوێنی نیشتەجێی ئەوان مەسەلەیەکی دیکەبوو، چونکە خەڵکی کورد زمان بەگشتی لە دەسەڵات بەسەر وڵاتانی خۆیانو هەروەها بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان لەبواری ئیدارییەوە بەشدار نەدەکران، کەوابو هەر کارێکی دەکرا بە ڕواڵەت و مەسڵەحەتی بوو، بڕوایان بە بنچینەی ئەو نەبوو."[1]

٢-بەتوندیی داپڵۆسینی هەر ناڕەزایەتیەکی سیاسییو چالاکیی نەتەوەیی ئازادییخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو هەوڵدان بۆ زیاتر میلیتاریزەکردنی کوردستانو بەهێزکردنی چەندایەتییو چۆنایەتیی دەزگا سەرکەوتکەرەکانی رژێم لە گوندو ناوچە سنوورییەکان. جگەلە کڕینی بەشێکی سەرۆك عەشیرەتو کوێخاکان و چەکدارکردنیانو بڵاوکردنەوەی تۆڕێکی جاسووسیی بەرفراوان لە ناوچەکەدا کە بە وردیی چاودێری هەلومەرجەکە بکاتو بەردەوام هەواڵی هەر چالاکییەکی ئازادییخوازانەی کوردەکان بە دەزگا بەرپرسەکان ڕاگەیەنێت بۆ ئەوەی لەکاتی گونجاودا دەستیان لێبوەشێنرێت. لەراستییدا، پەلامارە بەربڵاوەکانی ساواك بۆ سەر ئازادییخوازانی کورد لە کوردستانی ئێران لەساڵەکانی ١٩٦٣، ١٩٦٥، ١٩٦٨ دا. هەروەها داپڵۆسینی خوێناویی جووڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ کوشتنی بەشی زۆری سەرکردەوە بەشداربووەکانی وەك لەکۆتایی ئەم بەشەدا باسی لێوە دەکەین نموونەیەکی زەقی ئەم تاکتیکەیە.

شایەنی باسە، شەخسی محەمەد ڕەزاشا لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٦٢دا، هاتە کوردستان تاکو بەچاوی خۆی ئەو ئامادەکارییە سەربازییە لەناوچەکەدا ببینێتو لەپرۆسەی ملیتاریزەکردنی کوردستان دڵنیابێت. هەربۆیە کاتێك هاتە شارۆچکەی خانێی سنوورییو سەردانی سەربازخانە تازەبنیاتنراوەکەی لەو شارۆچکەیەدا کرد، کۆبوونەوەیەکی بە ئەفسەرانی سەربازخانەکە کردو پێی وتن:"ئەمە یەکەمین جارە دێمە خانێی جەرگەی کوردستانی خۆڕاگرو خاڵەکانی مەرزو خاکی سەربڵندی ئێران، جێگای

---

[1] پژمان، نهێنییەکانی پەیماننامەی..      ، ل١٠٥.

دڵخۆشیی و بەختەوەرییە کە بۆ یەکەمینجار چاوم بەم ڕێکوپێکییە دەکەوێت و ئەو جۆرە یەکە سەربازییە سازو ئامادانە دەبینم، کە کەمتر خاڵ و شوێنی وا لە مەملەکەتدا هەیە بەو جۆرە تەیار کرابێت و لەهەموو ڕوویەکی سەربازیی و دیسپلین و دابینکردنی چەك و پێویستییەکانی جەنگەوە بێ کەموکورتیی بێت... ئاغایانی ئەفسەران زۆرباش دەزانن، ئەوانەیان کە لە تاران بوون و سەربازخانەکانی ئەوێیان دیتووە ئاگادارن کە لەڕووی پڕچەکیی و پەرداختییەوە، هەروەها سەبارەت بە ئاستی ژیانی سەربازو دەرەجەدارانیش لەبەرامبەر ئێوەدا کەمتر بایەخیان پێدراوە.[1]

٣-سەبارەت بەشۆڕشە چەکدارانە نەتەوایەتییەکەی کوردستانی عێراق، سەرەتا ڕژێمی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی هەڵوێستێکی دوژمنانەی بەرامبەر گرتەبەرو هەوڵیدا خۆ لە تورکیا نزیك بکاتەوە تا پێکەوە سەبارەت بە پەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد پیلانی هاوبەش دابڕێژن. هەر لەم بۆچوونەشەوە بوو کە لێپرسراوە ئێرانییەکان هەوڵیاندا سنووری ئێران – عێراق بەوردیی بخەنە ژێر چاودێرییەوەو دژی ناردنی هاوکاریی و یارمەتیی کوردەکانی ئێران بۆ شۆڕش بوەستن. ئەو هەڵوێستەی کە لەناو کوردەکانی ئێراندا بەخراپیی دەنگیدایەوە. لە ڕاپۆرتێکی نهێنیی ساواك کە لە ٣ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣دا نوسراوە:"ئەو هەولانەی کە لەم دواییەدا لەلایەن لێپرسراوانی حکومەتی شاهەنشاهییەوە سەبارەت بە قەدەغەکردنی ناردنی کەلوپەلی خۆراکیی و پێویستییەکانی پێشمەرگە لە ناوچە سنوورییەکاندا دراوە زۆر بە خراپیی لەناو کوردەکانی ئێراندا دەنگیداوەتەوە، ئەوانەی ئەم جۆرە هەڵوێستەی حکومەتی شاهەنشاهیی بەتوندیی ڕەتدەکەنەوە."[2]

هەربۆیە لەگەڵ بەردەوامبوونی هەڵوێستی جوامێرانەی کوردەکانی ئێران و پەرەسەندنی شۆڕشی چەکدارانەی کوردستانی عێراق و هاتنەسەرکاری ڕژێمی عەبدولسەلام عارف و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان کە ئێران لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بە دوژمنی سەرسەختی خۆی دادەنان، دەسەڵاتدارانی تاران ڕێگای تاکتیکێکی هەلپەرستانەو بەرژەوەندیخوازانەیان گرتەبەرو بۆ ڕاوکردن لەئاوی لێڵدا کەوتنەکار،

---

(1) وەرگیراوە لە: دهقان، س. پ، ل٨٨٥.

(2) چپ در ایران، شماره گزارش: ٧٢٣/٣٨٧١، موضوع: اکراد شورشی، تأریخ: ٢٤٢/٩/١٩، ص٢١٨.

ئەویش بەهەوڵدان بۆ خۆنزیکردنەوەو بەستنی پەیوەندیی درۆزنانە لەگەڵ شۆڕشداو هەوڵدان بۆ پراکتیزەکردنی تیۆری فیڵاویی "ناسیونالیزمی کورد لە سایەی ئێرانی شاهەنشاهییدا"، ئەو مەسەلەیەی کە لە زۆر ڕووەوە قازانج بە بەرژەوەندییەکانی رژێمی شاهەنشاهیی بگەیەنێت وەك:

أ-هێشتنەوەی دەوڵەتی عێراقی دراوسێ‌و حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی بەغدا لە قەیرانێکی سیاسیی‌و ئابووریی‌و دارایی‌و سوپایی بەردەوامدا، تا ناچاربن سەر بۆ باڵادەستیی رژێمی شاهەنشاهیی‌و خواستە فراوانخوازەکانی لە ناوچەکەو کەنداودا دانەوێنن‌و ئەو مەوقعییەتەی ئێران وەك ژاندارمێکی رۆژئاوا لە ناوچەکەدا بەدەستی هێنابوو تووشی لاوازبوون‌و ململانێ نەبێ، ئەو راستییەی محەمەد ڕەزاشا بە راشکاویی لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنوسی میسری بەناوبانگ (محمد حسنین هیکل)دا ڕایگەیاند کاتێك وتی: "ئێمە شۆڕشی کوردمان هەڵنەگیرساند، بەڵکو شتێك بوو هەبوو و، دەماندی، چەند ساڵێکیش بوو رژێمەکانی بەغدا هەڵوێستێکی دوژمنانەی ئاشکاریان لەبەرامبەر ئێمە دەنواند، خراپکارانیان دەناردە ئەم دیو سنوورو گەلێك بەیەکدادان ڕوویدا، شۆڕشی کورد هەلێکی ڕەخساند بۆ ئێمە، ئێمەش قۆزتمانەوە، ئایا ئێمە بەراستیی دەمانویست مەسەلەیەکی کوردی گەورە دروست بکەین؟ نەخێر! ئێمە خۆمان کەمایەتیەکی کوردیی گەورەمان هەیە."[1]

ب-هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی شۆڕشە چەکدارییەکەی کوردستانی عێراق‌و زەمینەڕەخساندن بۆ گورزلێوەشاندنی هەرکاتێك لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی نزیکبێتەوە. شایەنی باسە، ڕاستە لە سەرەتادا بەستنی پەیوەندیی نێوان شۆڕش‌و دەوڵەتی شاهەنشاهیی پەیوەندییەکی وابەستەیی ڕووت نەبووەو لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی هەردوولاو لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە وەك تاکتیك بۆ وەدەستهێنانی یارمەتیی‌و کردنەوەی دەرگایەك بۆ بەستنی پەیوەندیی بە دەرەوە دامەزراوە،[2] بەڵام

---

(1) وەرگیراوە لە: نەبەز، ئێستەو پاشەڕۆژی .. ، ل٢٠.

(2) جەرجیس فەتحوڵڵا لە چاوپێکەوتنێکی‌دا ئاماژەی بەوەداوە کە پەیوەندییەکانی نێوان شۆڕش و ئێرانی شاهەنشاهیی بەهیچ جۆرێك پەیوەندییەکی وابەستەیی شێوە ئاغاو کۆیلە نەبوو، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەشی ڕێکەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ و ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان شۆڕش‌و حکومەتی عێراق بەڵگە

لاوازیی هەلومەرجی جیوپۆلتیکی کوردستانو لاوازیی ژێرخانی مادیی شۆڕشو شێوەی ڕێکخستنی، هەروەها زەبەلاحیی ئیمکاناتی دەوڵەتی شاهەنشاهیی، ڕۆڵی سەرەکییی لەوەدا دەبینی کە زیاتر سەنگی قازانجی پەیوەندییەکە بەلای ئێراندا بشکێتەوە. وەك ئاشکرایە ڕژێمی شاهەنشاهیی ئەوەندە یارمەتیی بە شۆڕش دەکرد کە نە لەبەرامبەر پەلاماری دڕندانەی سوپای عێراقی چۆك دابداو نەسەرکەوتنی تەواویش بەدەستبێنێتو تەوای شارەکانی کوردستان ڕزگار بکاتو بگاتە دوائامانجی. پەیوەندییەکی نابەرابەری وا کە هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵەی ئازادییو ژیانەوەو یەکێتیی کورد (کاژیك) بە بەیانێك سەرکردایەتیی شۆڕشی لێ ئاگادار کردەوەو تیایدا پەردەی لەسەر هەلپەرستییو دووڕوویی ڕژێمی شاهەنشاهیی هەڵدایەوە.[1]

لەراستییدا، بەیاننامەکەی کاژیك بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول پێی لەسەر ئەو مەسەلەیە دادەگرت کە ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێرانیی داگیرکەری پارچەیەکی کوردستانەو هیچ بەرژەوەندییەکی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا نییەو ناتوانرێت وەك دۆستێکی ستراتیژیی پشتی پێ ببەسترێت. هەربۆیە بەیاننامەکە داوای لە سەرکردایەتیی شۆڕش کرد بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێراندا بکەنو بڕوا بە بەڵێنەکانی نەکەن.[2] ئەو ڕاستییەی کە لەکاتی بەستنی پەیماننامەی جەزائر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ دا لەنێوان ئێرانو عێراق بۆ هەموو لایەك ئاشکرابوو کە ڕژێمی شاهەنشاهیی لەپێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا تا چ رادەیەك ئامادەبووە پشت لە بەڵێنە سەرپێییەکانی خۆی بکاتو کەی ویستی لەپشتەوە خەنجەر لە کەمەری شۆڕش گیربکات.

---

دەهێنێتەوە کە سەد دەر سەد بەدژی قازانجی ئێران بوو، جرجیس دەڵێت ((لەسەرەتادا کاتێ پەیوەندی دروست بوو. تەنیا خۆی لە هەندێ شتی دیاریکراودا دەبینی، وەك ئەوەی برینداراکانیان بۆ تیمار دەکردین، نەخۆشەکانیان بۆ چارەسەر دەکردین، ئاڵوگۆڕی بازرگانیمان لەنێواندا هەبوو، پاشان پەیوەندییەکە پێش کەوت)) بڕوانە: عەزیز، حوسێن محەمەد، خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا. دەقی چاوپێکەوتن و دەمەتەقێیەك لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵڵای پارێزەردا، چاپی یەکەم، سوید، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل١٠٦-١٠٧.

(1) نەبەز، ئێستەو پاشەڕۆژی...، ل٩٧.

(2) هـ. س، ل٩٧.

ج-ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوی لەدوای خۆنزیك كردنەوە لە شۆڕش و تێوەگلانی لەڕووداوەكانی كوردستانی عێراقدا لەتەواوی شارو ناوچەكانی كوردستانداو تەنانەت لەنێوی هێزی پێشمەرگەو خودی ڕێكخستنەكانی ح. د. ك دا هەوڵێكی زۆری دابوو پەیوەندیی نائاسایی لەگەڵ هەندێك لە كەسایەتییە بەرپرسەكاندا دابمەزرێنێت و تۆڕێكی جاسووسسی ئاڵۆزو بەرفراوان لە سەرانسەری ناوچە سنوورییەكان پێكبهێنێت و هەوڵبدات چاودێریی كاروبارەكانی شۆڕش و پەیوەندیی و هەڵسووكەوتی سەركردەكانی بزانێت بۆ كلۆركردنی شۆڕش و ڕووتكردنەوەی لە ناوەرۆكە نەتەوەییە دیموكراتخوازانەو پێشكەتوخوازانەكەی دەستبەكار بێت.[1] لەوەش زیاتر، ڕژێمی شاهەنشاهیی كە لەڕێگای ساواكەوە زانیاریی وردیان لەسەر كوردە ئێرانییەكان و ژمارەو شوێن و ناوو هەڵسووكەوتی كادرو ئەندامەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی لە ناوچە ئازادكراوەكانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا هەبوو، هەوڵی دەدا كە فشاری سوپای عێراق لەسەر شۆڕش و پێویستییە مادییەكانی پێشمەرگە وەك مەسەلەیەك بقۆزێتەوەو لەبەرامبەر شۆڕشدا بیكاتە كارتێكی فشار دژی چالاكیی سیاسیی كوردە بەرهەڵستكارە ئێرانییەكان.[2] بۆئەوەی هەم هاوسۆزیی و پشتگیریی كوردەكانی ئێران بۆ شۆڕش نەهێڵێ و هەم شۆڕیش بكاتە لەمپەرێك لەنێوان كوردستانی ئێران و چالاكی كوردە ئێرانییە ئاوارەكان، مەسەلەیەكی وا كە تا ڕادەیەكی یەكجار زۆر بەقازانجی ئێران كەوتەوەو تێدا سەركەوتووبوو.

---

([1]) شایەنی باسە دەزگای جاسووسیی ساواك لە كوردستانی عێراقدا لەسەر هەموو پەتەكان یاری دەكرد، لێپرسراوەكانی ئەم دەزگایە وەك (سەرتیپ مەنسور پوور، سەرهەنگ عیسا پەژمان، سەرتیپ پاكرەوان، عەباسی بێ سیم)و چەندی دی لە ناوچەكەدا تەراتێنیان بووە بۆ زیاتر: پـژمان، نهێنیەكانی پەیمانی.. .، كوردیار، خوێندنەوەی ڕووداوە سیاسیەكانی عێراق و شۆڕشی كوردستان لە یادداشتەكانی فەرماندە حسین فردوست دا. گۆڤاری مەتین، خولاسیی. دهۆك ئاداری ١٩٩٨، ل ل٤-١٣.

([2]) هەژار لە چێشتی مجێوردا نووسیویە :"لەوەتا دەگەڵ ئێران نێوان خۆش ببو، حاڵی ئێمە ئێرانییەكان كەوتبوە خەتەرەوە، دەوڵەت (واتە ئێران . ل) داوای لە مەلامستەفا دەكرد ئێمەی تەسلیم كاتەوە، مەلا مستەفا حاشای دەكرد كە ئەوانە لای من نین، تەنانەت شەوێك چومە لای (حاجی ئۆمەران) بارزانی ببینم، لە كۆڵان توشم هات گوتی (زو بڕۆ ئێستا كێشەی تۆ بو، ئێرانی دەڵێن لای تۆیەو دوژمنی دەوڵەتی شاهەنشاهیە، ئەگەر تۆ دۆستمانی دەبێ بمان دەیەوە، من گوتومە لە كوێت دەژی) خولاسە وەك چاوێشەدار لێمان دەگەڕان."بڕوانە : هەژار، س. پ، ل٤٩٠

**دووەم: بارودۆخی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و رۆشنبیریی کوردستانی ئێران لەسایەی دیکتاتۆریی محەمەدڕەزا شا پەهلەوییدا.**

ئاشکرایە دوای ئەوەی لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦١دا، دیموکراتەکان توانیان دەسەڵاتی سیاسیی لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بگرنەدەست، کاربەدەستانی کۆشکی سپی سیاسەتێکی نوێیان لەهەمبەر رژێمە وابەستەکانیان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا سەپاند کە خۆی لەپیادەکردنی زنجیرەیەك ڕیفۆرمی سیاسیی – ئابووریی – کۆمەڵایەتیی دەبینییەوە بەمەبەستی رزگارکردنی ئەو رژێمانە لە بنبەستی سیاسیی‌و پێشگیرییکردن لە راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش لەو وڵاتانەدا. شایەنی باسە، ئەو سیاسەتە لەپێشدا لەهەندێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی وەك (بەرازیل، ئەرجەنتین و مەکسیك) پیادەکرا، دواتر پاش ئەوەی محەمەدڕەزا شا لە نیسانی ساڵی ١٩٦١دا سەردانی ئەمەریکای کرد، "جۆن کەنەدی" سەرۆکی ئەمەریکا جگەلەوەی مەسەلەی بەردەوامبوونی هاوکارییە ئابووریی‌و سەربازییەکانی ئەمەریکای بۆ ئێران دووپاتکردەوە، هەوڵیدا ئەو مەسەلەیەش لە شای ئێران بگەیەنێت کە پێویستە لە ئێرانیشدا زنجیرەیەك ڕیفۆرم لە بوارە جیاجیاکانی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییدا ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی رژێمی شاهەنشاهیی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی لە ئێراندا بۆ خۆی مسۆگەربکات‌و بتوانێت بەرامبەر هێرشە ڕاگەیاندنەکانی کۆمۆنیزمی جیهانیی خۆڕابگرێت.(١)

بەم چەشنە، ئێران هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٣وە بەرەو قۆناغێکی گرنگ‌و خەتەرناك هەنگاوی نا کە خۆی لەپیادەکردنی پرۆسەی پەرەپێدانێکی ئاڵۆز دەبینییەوە کە تیایدا دەوڵەت ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەریی لە گۆڕین‌و دیاریکردنی شێوازی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا بینی. ئەو پرۆسەیەی کە لە ئەدەبیاتی ئێرانی شاهەنشاهییدا بەناوی "شۆڕشی سپی یاخود شۆڕشی شاو گەل" ناودەبرێت‌و مەسەلەی ڕیفۆرمی زەوی سەرەکییترین بەشی پێکدەهێنێت. ئەو ڕیفۆرمەی کە لە سێ قۆناغی جیاوازو لە چەند بڕیارێکی دژبەیەکدا لە چەند هەرێمێکی ئێراندا بەڕێوەچوو، کە ئاکامەکەشی بە

---

(١) جواد، العلاقات الأمريكية ـ الأيرانية..، ص ص٣١-٣٥.

هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کۆنی پەیوەندییەکانی کشتوکاڵیی نێوان موڵکدارو جووتیار کۆتاییهات بێئەوەی سستمێکی تۆکمەو گونجاوی نوێ شوێنی بگرێتەوە.[1]

لەراستییدا، پیادەکردنی ڕیفۆرمی زەوی کە بەشێکی گەورەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی لە ئێراندا بۆ ماوەیەکی درێژ دەهۆڵیان بۆ دەکوتا، دوو مەبەستی سەرەکییی هەبوون:

یەکەم: مەبەستێکی سیاسیی – کۆمەڵایەتیی کە خۆی لەپەرتکردنی تواناو هێزی موڵکدارەکانی لادێو ڕاکێشانی سەرنجی جووتیارانو بنیاتنانی چینێکی ناوەندیی کۆمەڵایەتیی لە گوندەکاندا بۆ بەربەستکردنی ئەگەری ڕاپەڕینیکی جووتیارانە لە دێهاتەکانی ئێراندا دەدیتەوە.

دووەم: مەبەستێکی ئابووریی کە خۆی لە پەرەپێدانی کشتوکاڵیی بازرگانییو بەستنەوەی ئەم بەشە گرنگەی ئابووریی بە بازاڕی نیشتمانییەوە دەبینییەوە، ئەو بازاڕەی کە بەشێك بوو لە دەزگاکانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی نوێ لە ئێرانداو جێی بە سیستمی دەرەبەگایەتیی لەقکرد.

شایەنی باسە، لەم ڕووەوە پێویستە ئاماژە بە ڕاستییە بکرێت کە وێڕای ئەوەی محەمەد ڕەزاشا لە زۆربەی چاوپێکەوتنو کۆڕو کۆبوونەوەو وتارەکانیدا ئەو قسەیەی چەند بارەدەکردەوە، کە پرۆسەی کاپیتالیزەکردنو مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای ئێرانیی لەسەر بنچینەکانی شۆڕشی سپی، ئێران بەرەو (تمدن بزرگ/ شارستانییەتی مەزن) دەباتو دەیکاتە پێنجەمین هێزی سیاسییو ئابووریی لە جیهاندا. کەچی ئاکامەکانی هەوڵی چەند ساڵەی سەراپا ڕیفۆرمو شۆڕشە سپییەکە دروست پێچەوانەی بەڵێنو ڕاگەیاندنەکانی شا کەوتنەوەو قەیرانێکی ئابوورییو کۆمەڵایەتیی مەزنیان بۆ ئێران هێنایە گۆڕێ کە مەترسییدارترین دیاردەکانی: دابەزینی چاوەڕواننەکراوی بەرهەمی وەرزێریی، تێکچوونو وێرانبوونی گوندە کشتوکاڵییەکان، هورووژمی جووتیارانی بێ زەوی لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، هەڵتۆقینی خێرای شارەکانو لاوازیی ئاستی گوزەرانی دانیشتووان، کەوتنەوەی گرانیو برسییتو بێکاری، شڵەقاندنی چینە

---

(1) بۆ زیاتر: پور أفضل، حسن و نجفی، بهاءالدین، اصلاحات ارضی واحدهای دسته جمعی تولیدی کشاورزی، چاپ أول، انتشارات دانشگاهی شیراز، آبان ١٣٥١.

کۆمەڵایەتیەکان و بنیاتنانی ئابورییەکی لاوازی سەرمایەدار لەسەر دارو پەردوی پەیوەندییە نیمچە دەرەبەگییەکان کە نەئەوەبو پشت بە کشتوکاڵ ببەستێت، و نە بە ئابورییەکی پیشەسازی تۆکمە، ئاکامێکی سەختی وا کە جگە لەهێنانە کایەی توێژێکی سەرمایەداری مشەخۆرو وابەستە بە ڕژێم، و جگە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا بازرگانیەکانی بێگانەو کارگە چەك بەرهەمهێنرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا قازانجی بەرچاوی گەلانی ئێران و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی وڵاتی تێدا بەدی نەدەکرا[1].

فرودست کە مەسەلەی پیادەکردنی ڕیفۆرمی زەوی لەلایەن رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوییەوە بە سیاسەتێکی خەتەرناك لەسەر پایەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لەقەڵەم دەدات، لەم ڕووەوە نووسیویە ((ریفۆرمی زەوی زیانێکی ماددیی ئەوتۆی بە بەرژەوەندیی موڵکدارە گەورەکان نەگەیاند، ئەوانە لە زۆر ڕێگاوە توانیان موڵکەکانیان بپارێزن و لەدەستی خۆیاندا بیهێڵنەوە، لەڕاستید ریفۆرمی زەوی بووە هۆی پەیدابوونی دەستەیەك موڵکداری نوێ پاش ئەوەی زەوی (مەوات)یان بۆ خۆیان کڕییەوە، لەئەنجامی پیادەکردنی بەرنامەی ریفۆرمدا، جۆگاکان وشکیان کرد، گوندەکان بەجۆرێك دابەشکران ڕووی لە خراپی کرد، ڕەعیەت بە توانای کەم و زەوی بچوك نەیدەتوانی کاربکات و بەرهەم بهێنێت، جگە لەوەی ئەمانە لە پارێزگاری موڵکدارەکانیش بێ بەهرە بوون، شایەنی باسە لەگەڵ قووڵ بوونەوەی هەژاری لە گوندەکاندا پرۆژەی مەزنی دەوڵەتی لە شارەکانی بە دۆلاری نەوت دەستی پێکردو ئەوانەی بۆ خۆی ڕاکێشا، حاڵەتێکی وا بێگومان لە قازانجی ئەمەریکاییەکان کۆتایی هات، ئەوانەی ئێرانیان کردە بازاڕێکی گەرمی ساغکردنەوەی بەرهەمی گەنم بۆ خۆیان))[2].

پێویستە بوترێت مەسەلەی ڕاگەیاندنو چۆنێتیی پیادەکردنی ریفۆرمی زەویو بنچینەکانی تری شۆڕشی سپی وەك: یاسای ئازادیی هەڵبژاردنی ژنان، پێکهێنانی سوپای زانستو قەڵاچۆکردنی نەخوێندەورایی، میللییکردنی جەنگڵەکانی وڵاتو دامەزراندنی ئەنجومەنی هەرەوەزیی جووتیاران... هتد، زیاتر وەك مانۆڕێکی سیاسیی و

---

([1]) آوری، س. پ، ل١٦-١٧.

([2]) فردوست، س. پ، ل٤٨٥-٤٨٦.

پڕۆپاگندەی چاوبەستکەرانە بەڕێوەدەچوو زیاتر لەوەی هەوڵێکی دڵسۆزانەو جیدیی بێت بۆ گۆڕانێکی ڕیشەیی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان‌و بەدیهێنانی بەرابەریی کۆمەڵایەتیی.(1)

دکتۆر عەلی ئەمینی، سەرەك وەزیرانی ئێران کە ئەمەریکاییەکان بە باشترین هەڵبژاردە لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ کاتی قەیران‌و ناچاریی ناویان دەبردو لە ئێرانی ئەودەمەدا بە (پیاوی ئیسلاحاتی شۆڕشگێڕانە دەناسرا)، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ موڵکدارە گەورەکانی ئێران ڕایگەیاند:"من یەکێکم لە خۆتان... زۆر هەڵەیە ئێوە پێتان وابێ ئێمە زەوی‌تان لێ دەستێنین وە دەستی بەسەردا دەگرین، نیازێکی وا لەگۆڕێدا نییە، ئێمە ئێستا موتالای ئیسلاحاتێك دەکەین کە بە هاوکاری خاوەن موڵکەکان جێبەجێ بکرێ."(2)

لەلایەکی ترەوە، ئەو خاڵەش گرنگە کە بەرامبەر پرۆسەی ئاڵۆزی گۆڕینی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی لە ئێراندا، ڕژێمی شاهەنشاهیی هەنگاوێکی وای بۆ ڕیفۆرمی سیاسیی‌و ڕێزگرتن لە ئازادییە دیموکراتییەکان نەهاویشت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەتەواوی دەورانی ڕژێمی دیکتاتۆریی محەمەدڕەزا شادا شتێك نەبوو بەناوی ئازادیی سیاسیی، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی‌و چاپەمەنیی، ئازادیی هەڵبژاردن، دابەشکردنی دەسەڵات، محەمەدڕەزا شا هەردەم وەك شایەکی تاکڕەو تەواوی دەسەڵاتی وڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، دەزگاکانی دادوەریی، مەجلیس، حکومەت بێ ڕەزامەندیی شا چ کارێکیان پێ نەدەکرا، مەجلیس لە دەوری بیست و یەکەمییەوە بە لیستێك لەلایەن شاوە دادەنران. دامەزراندنی سیستمی تاکە حیزبیی‌و بنیاتنانی حیزبی (رستاخیز / رابوون) کە وەك حیزبی دەسەڵاتدار ئێرانییەکانی ناچار دەکرد پەنجەی بۆ مۆر بکەن، جگە لەوەی محەمەدڕەزا شا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەرتەش، ساواك و ژاندارم... هتد دەکردو پەنای بۆ توندترین شێوە دەبرد لە داپڵۆسینی ئازادییخوازان‌و نەیارانی ڕژێمەکەیدا. ئەمانە

---

(1) جمعی از نویسندگان، انقلاب اسلامی.. ، ص۱۱۷ .، آوری، س. پ، جلد ۳، ل۹.

(2) قاسملو، کوردستان و کورد، ل۲۱۹.

هەموو ئاستەنگێکی گەورەیان لەبەردەم هەوڵەکانی رژێمی‌شاهەنشاهیی دروستدەکرد لەبواری پەرەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی‌و سیاسیی کۆمەڵگای ئێرانییدا.[1]

سەبارەت بە کوردستانی ئێران، کە دەسەڵاتی سیاسیی‌و بەڕێوەبەرایەتیی تیایدا لەدەستی کارمەندانی بێگانەی شۆڤێنیست‌و ئەفسەرەکانی ئەرتەش‌و ژاندرام‌و ساواکدا بوو، گەلی کورد بەدرێژایی حوکمی رژێمی دیکتاتۆریی محەمەدڕەزا شا پەهلەویی لەژێر چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدا دەینالاندو لەتەواوی مافە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانی بێبەش بوو. ئەنجامدانی ریفۆرمێکی زەوی نیوەناچڵ‌و لەژێر سەرپەرشتیی سەرمایەداریی دەسەڵاتداری نەتەوەی حاکم‌و داگیرکەردا، راستەوخۆ کاریگەرییەکی فرە نەرێیی دەکردە سەر ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەوایی.

راستە پیادەکردنی ریفۆرمی زەوی لە کوردستان وەك پارچەکانی دیکەی ئێران بووە هۆی پاشەکشەی سیستمی ئەرباب – ڕەعییەتیی‌و ئاڵوگۆڕێکی لە ژیانی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای لادێدا پێکهێنا، حاڵەتێکی‌وا کە وەرزێرانی کوردی لە بەندو کۆتی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی زاڵمانەی دەرەبەگایەتیی دەرهێناو لەڕووی دەروونیی‌و شێوازی ژیانەوە پێیان نایە قۆناغێکی نوێوە، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕە هەرگیز نەیتوانی بەرابەریی‌و دادوەریی کۆمەڵایەتیی لەناو کۆمەڵگای گوندنشینی کوردستانی ئێراندا بێنێتەدی‌و باری گوزەرانی گوندنشینان بەرەو پێشەوە بەرێ‌و ژیانێکی ئاسوودە بۆ ئەو چینەی کۆمەڵگای کوردەواریی بهێنێتەدی کە لەم قۆناغەدا نزیکەی ٧٠٪ی دانیشتووانی کوردستانیان پێکدەهێنا.[2]

لەسایەی ئەو ڕیفۆرمە زەوییەی کە رژێمی شاهەنشاهیی لە کوردستانی ئێراندا ئەنجامیدا، تەنیا بەشێکی زۆر کەمی جووتیارانی کوردو زەحمەتکێشانی لادێ بەشێوەی نابەرابەر بەهرەیان لێوەرگرت‌و بوونە خاوەنی زەوی خۆیان، بەشەکەی تر کە زۆرینەی جووتیارە بێ‌زەوییەکانی گوندەکان بوون، بەتەواویی لە مافی زەوی وەرگرتن‌و بەشدارییکردنی لە کۆمپانیا کشتوکاڵییەکان‌و کۆمەڵە هەرەوەزییەکان‌و شورای گوندەکان بێبەشبوون، بەشێوەیەك ئیدی نەیاندەتوانی گوزەرانیان لە گوندو وەرزێریدا دابینبکەن و

---

([1]) جمعی از نویسندگان، انقلاب اسلامی.. ،ص١٠٧-١٠٨.

([2]) مدنی، تحلیلی فشرده أز..، ص٣١.

**ڕێگای شارەکانیان گرتەبەر. ئەو جووتیارانەشی کە زەویەکی بچووکیان لە ڕیفۆرمەکەدا پێ بڕاو بەهۆی لاوازیی توانای مادییانەوە نەیاندەتوانی تۆو پەین و ماشێنی کشتوکاڵ بۆ زەوییە بچووکەکانیان دابینبکەن، هەربۆیە ئەو بەرهەمەی بۆیان دەمایەوە بەشی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیانی نەدەکردو نەیاندەزانی چۆن قەرزی ساڵانەی زەویەکانییان بدەنەوە. حاڵەتێکی وا کە ناچاری دەکردن زەوییەکانیان بەنرخێکی ئاسایی بە موڵکدارەکانی پێشوویان بفرۆشنەوەو وەك کرێکارێکی کشتوکاڵیی لەسەر زەوییەکانی خۆیان کاربکەن، ئەو موڵکدارانە کە لەدوای ڕیفۆرمی کشتوکاڵییەوە هێزی ماڵییان چەند قات زیادی کردو بوونە بۆرجوای لادێ.[1]**

**شایەنی باسە، جووتیارە بێزەوییەکان کە شوێنێکی دیارییکراویان لە ریفۆرمی کشتوکاڵیدا نەبوو، بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان وەك کرێکاری کرێگرتە لە شارەکاندا ناچاربوون هێزی کاری خۆیان بفرۆشن، ئەوانە چونکە لە گشت توانایەکی رۆشنبیریی هونەرییەوە بێبەش بوون، جگەلە قوڕەکاریی، حەماڵیی، نانەوایی، خشتبڕین، کارێکی تریان چنگ نەدەکەوت، ئەوی هەندێك بەختی یاربوایە وەك کرێکاری رۆژانە لە دەزگا دەوڵەتییەکانی وەك ڕێگاوبان، ئاوو ئاوەڕۆ، بەستسازی، شارەوانیی، کارێکی دەدیتەوەو ژیانێکی نەمرەو نەژیی پێ دەگوزەران. لەراستییدا، بەشێکی گەورە لەوانەی بە حوکمی بچووکیی شارەکانی کوردستان و نەبوونی سەرمایەگوزاریی تیایاندا، کاریان دەستنەدەکەوت، بەناچاریی ڕێگای شارە گەورە فارسنشینەکانیان دەگرتەبەرو لە بازاڕی کاردا خۆیان دەبینییەوە. چونکە ناچارو ناشارەزاو بێنەوا بوون، گوێیان بە گرانیی کارو نرخی هەرزان و سەعاتی زۆری ئیشکردن نەدەداو بەهەموو مەرجێکی سەرکار رازیی دەبوون. لەم قۆناغەدا کوردستان سەرچاوەیەکی هێزی کاری بازاڕی کاری شارە گەورەکانی ئێران بوو. لەخۆڕا نەبوو کە کۆمپانیا گەورە سەرمایەدارییەکانی ناوەند سەرکارەکانیان ڕەوانەی شارو گوندەکانی کوردستان دەکرد تا هەرزانترین هێزی کار بۆ خۆیان دابین بکەن.[2]**

---

**(1) هـ. س، ل٣٢-٣٣.**

**(2) حسين زاده، رحمان، جنبش كارگرى در كردستان، تحولات سه دهه اخير، انتشارات كميتەى كردستان حزب كمونيست كارگرى ايران، ١٣٧٨، ص٥-٦.**

هەربۆیە کرێکاری کرێگرتەی کورد چ لە شارەکانی کوردستاندا یاخود لە دەرەوە ژیانێکی تاڵو کولەمەرگیان دەبردەسەر. لە کۆنترینو ناخۆشترین گەڕەکەکاندا نەبووایە شوێنیان نەدەبۆوە کە لە هەموو پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، وەك ئاوی پاكو کارەباو ئاوەڕۆ بێبەشبوون. زۆربەیان ئەو توانایەیان نەبوو تەنیا ژورێکیش بەکرێ بگرن. هەربۆیە لە پەراوێزی شارەکاندا دەواریان هەڵدەدا، ئەمانە نە دەیانتوانی منداڵیان بنێرنە خوێندنگاو نە لەکاتی نەخۆشییدا پارەی دکتۆرو دەرمانیان بۆ هەڵدەسوڕا.(1)

لەلایەکی ترەوە، چونکە سەرمایەداریی دەوڵەتیی بەدرێژایی تەمەنی داگیرکردنی کوردستان لەڕووی ئابورییەوە سیاسەتی داچۆڕینی هەرێمەکەو پشتگوێخستنی شارەکانی گرتۆتەبەرو لەپرۆسەی سەرمایەگوزاریی و دامەزراندنی ناوەندی پیشەسازیی و کردنەوەی کارگەو پەرەپێدانی دەزگا خزمەتگوزارییەکان بێبەشی کردوون. لەبەرئەوە نەیدەتوانی ئەو وروژمەی کۆچکەرانی لادێ لەخۆبگرێت. حاڵەتێکی وا کە شارەکانی تووشی قەیرانێکی چاوەڕواننەکراو کرد، گرنگترین دیاردە نالەبارەکانی بریتیبوون لە:هەڵتۆقینی بێبەرنامەی دانیشتووان، گرانیی و بەرزبوونەوەی کەلوپەلو پێداویستییەکانی ژیان، بێبەشبوونی بەشێکی گەورەی دانیشتووانی شار لە پێداویستییە خزمەتگوزارییەکان، کەوتنەوەی بێکاریی، دابەزینی نرخی بەها کۆمەڵایەتییەکانو پاشەکشەی ڕەوشتی شارستانیی... هتد. لەراستییدا، گەر سەرنجێك لە خشتەی ژمارە(1) بدرێت دەزانرێت تا چ رادەیەك شارەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی نائاسایی لەسەر حیسابی لادێ پەرەیان سەندووە.

هەروەها وێڕای ئەوەی رژێمی شاهەنشاهیی ساڵانە ملیارەها دۆلاری لە دەرامەتی نەوت چنگ دەکەوتو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی حکومەت شەوو ڕۆژ قەوانی ئازادیی ژنانو پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی کۆمەڵگای ئێرانیان بۆ کۆمەڵانی خەڵك لێدەدا، کەچی دەبینین لەم قۆناغەدا گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەدەست هەژاریی و بێدەرەتانییەکی سەخت دەینالاندو لەڕووی کۆمەڵایەتییو خوێندەوارییو تەندروستییەوە لەوپەڕی ناهەمواریدا ژیانی

---

(1) محمدی، مجید، مروری بر مبارزات کاگری در ١٢ ساله اخیر وضمیمه جنبش شورایی، انتشارات مرکزی کومەله، تیر ١٣٦٩، ص٢.

**خشتەی ژمارە ١: پەرەسەندنی ژمارەی دانیشتووانی چەند شارێکی کوردستانی ئێران**[١]

| ناوی شار | ١٩٥٦ | ١٩٦٦ | ١٩٧٦ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| مەهاباد | ٢٠٣٣٢ | ٢٨٦١٠ | ٤٢٠٠٠ | ٢٠٨ |
| سەقز | ١٢٧٢٥ | ١٧٨٣٤ | ٢٦٠٠٠ | ٢٠٤ |
| سنە | ٤٠٦٤١ | ٥٤٥٨٧ | ٧٦٠٠٠ | ١٨٧ |
| کرماشان | ١٢٥٤٣٩ | ١٨٧٩٣٠ | ٣٠٠٠٠٠ | ٢٣٩ |

**دەگوزەراند.[٢] بەجۆرێك کوردستانی ئێران لەسایەی دیکتاتۆریی شاهەنشاهییدا بەیەکێك لەدواکەوتووترین هەرێمەکانی وڵات دادەنرێت کە ئاستی ژیانی چ لە شار یا لە لادێ لەوپەڕی نزمیدابوو. بۆنموونە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٦ زیاتر زیاتر لە ٥٠٪ی خێزانی کورد کە ناوەندیی ژمارەی ئەندامانی لە ٥ – ٦ کەسە، لە تاقە ژوورێکدا ژیاون. هەروەها (٨٠٪)ی خانووەکانیان بە گڵ دروستکراوەو لە پێویستە خزمەتگوزارییەکان بێبەشن.[٣]**

**سەبارەت بە هەلومەرجی فێرکردن و خوێندەواریی، کوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا لە هەرێمە زۆر پاشکەوتووەکانی ئێران لەقەڵەم دەدرێت، وێڕای قەدەغەکردنی خوێندن و**

---

(١) وەرگیراوە لە: Ghassemlou, op. cit. p. 109.

(٢) دیارە هەر ئەو بارودۆخە دژوارەی کۆمەڵگای کوردەواری بووە کە بۆتە ئیلهامی شاعیری شۆڕشگێڕو هاوڕێی زەحمەتکێشانی گوند (مەلا ئەحمەدی شەڵماشی) ناسراو بە مەلا ئاوارە کە شیعری (هاواری توتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت) بە زمانێکی پاراو داڕێژێت کە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| (( توتنەوانێکی هەژارم | بێ خانو بێ زەوی‌و زارم |
| بێ پول و باغ و بزن و مەڕ | دورم لە خێر نزیك لە شەڕ |
| منداڵم ڕوت و برسیە | ژیانم پڕ لە مەترسی‌یە |
| قەرزارم و دەردەدارم | شەرمەندی خەڵکی دێ‌و شارم ... )) بروانە: |

مینایی، عەولا، مەلا ئاوارە، ب. م، ل٣٠.

(٣) Ghassemlou, op. cit. p. 113

نوسین بە زمانی کوردیی‌و سەپاندنی زمانی بێگانەی فارسیی بەسەر منداڵانی کورددا، زۆربەی شارو گوندەکانی کوردستان لە خوێندنگاو پێویستییەکانی خوێندن بێبەشبوون. لە خوێندنگای شارەکاندا ناوەندی ژمارە لە پۆلێکدا دەگەیشتە چل خوێندکار کە لە لادێکاندا رێژەکەی لەوەش زۆر بەرزترە. خوێندنگای واهەبووە کە نزیکەی ٢٥٠ – ٣٠٠ خوێندکاری تێدابووە بێئەوەی لە مامۆستایەیك زیاتریان هەبێت. سەرباری ئەو وەزعەش هێشتا رژێمی شاهەنشاهیی لەساڵی ١٩٦٥دا زیاتر لە ٢٠٠ مامۆستای کوردی لە شارو گوندەکانی کوردستانی ئێران بەبیانوی سیاسیی بۆ ناوچەکانی تری ئێران دوورخستەوە.[١]

شایەنی باسە، لەسایەی (تمدن بزرگ)دا دەیەها هەزار منداڵی شارو لادێکانی کوردستان لە دەرفەتی چوونە خوێندنگاو فێربوونی خوێندەواریی بێبەشبوون. بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٦٦ پتر لە ٨٠٪ ی کۆی دانیشتووانی کوردستانی ئێران‌و ٩٠٪ ی ژنانی کورد نەخوێندەوار بوون، رێژەی نەخوێندەواریی ژنانی لادێ لەم ساڵەدا نزیکەی ٩٩٪ بووە.[٢] ئەو حاڵەتەی تا چەند ساڵێکیش بەدوای رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆریی پەهلەوییدا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٧٦ ڕێژەی نەخوێندەوارانی پلەی سەرەتایی لە کوردستانی ئێران ٦,٢٪ ی لەسەر ئاستی سەرتاسەریی وڵات پێکهێناوە. ناوەندییەکان ٨٪ و ئامادەییەکان ٧,٢٪و ئامادەیی هونەری ٦٪ پێکدەهێنێت.

بە تێڕوانین لەم خشتەیەی خوارەوە کە ژمارەی دەرچووی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنگاکانی کوردستانی ئێران لەساڵی ١٩٧٦دا پێشاندەدات بۆمان دەردەکەوێت کە تا چ ڕادەیەك لەسایەی ڕژێمی دیکتاتۆریی محەمەدڕەزا شای پەهلەوییدا نەزانیی‌و دواکەوتوویی‌و نەخوێندەواریی باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوردەوارییدا کێشاوە.

---

(١) توکلی، س. پ، ل٢٣٨.

(٢) Ghassemlou, op. cit. p. 112

**خشتەی ژمارە ٢: ئاماری تەواوکەرانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لە گشت پارێزگاکانی کوردستانی ئێران ساڵی ١٩٧٦ .**[١]

| | دەرچووی سەرەتایی | خوێندکارانی دواناوەندیی | خوێندکارانی ئامادەیی | ئامادەیی هونەری |
|---|---|---|---|---|
| تەواوی ئێران | ٣٨١٣٠٠ | ١٢٨٣٦٦١ | ٧٠٥٠٠٠ | ١٥٠٥٠٩ |
| ئازەربایجانی خۆرئاوا | ١٥٣٠٠٠ | ٤٦٧٥٣ | ٢٣٠٠٠ | ٣٣١٣ |
| کوردستان | ٦٢٠٠٠ | ١٤٤٢٣ | ٦٠٠٠ | ١٧٢٩ |
| کرماشان | ١١٤٠٠٠ | ٣٧٧٤٩ | ٢٠٠٠٠ | ٣٧٣٧ |
| ئیلام | ٢٢٠٠٠ | ٤٤٨٩ | ٢٠٠٠ | ٣٥٧ |
| ڕێژەیسەدی لەسەر ئاستی وڵات | ٪٩,٢ | ٪٨ | ٪٧,٢٣ | ٪٦ |

**هەروەها لەڕووی تەندروسیتیشەوە، شارەکانی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەو دەزگاو پێداویستییە تەندروستییەکانی بێبەشبوون. لەکاتێکدا بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٦٦ هەر ٤٨٠٠ کەس لە ئێراندا پزیشکێکیان هەبوو، شوێن هەبوو لە کوردستاندا بە ٢٠,٠٠٠ کەسیش پزیشکێکیان وەبەرنەدەکەوت. خۆ ناوچە گوندنشینەکان لەڕووی نزمیی ئاستی تەندروستییەوە هەر باس ناکرێت، کە وێڕای سازگاریی و پاکژیی ئاووهەوای گوندەکان، رادەی مردنی منداڵان تا دەهات ڕوو لە زێدەبوون بوو، نەخۆشییەکانی مەلاریا، گرانەتا، ئاوڵە، سیل، ڕشانەوە، هەوکردنی سیەکان و تەراخوما... هتد لەو نەخۆشییە بڵاوانە بوو کە لەم قۆناغەدا ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکی هەژارو دەستکورتی شارو گوندەکانی کوردستان قڕ دەکرد.[٢] لاوازیی ئاستی تەندروستیی، بەدرێژایی تەمەنی ڕژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی دیاردەیەکی زەقی کۆمەڵگای کوردەواریی بوو، ئەوەتا بەپێی ئاماری ساڵی١٩٧٦ پزیشکانی**

(١) وەرگیراوە لە: مدنی، تحلیلی افشرده أز، ل٢٨.

2 Ghassemlou, op. cit. p. 112.

کوردستان تەنیا ٥٪ ی پزیشکانی تێکڕای وڵات پێکدەهێنن و بۆ هەر ٥٧٦٨ کەس، یەك پزیشکیان هەیەو بۆ هەر ٣٧٦٨٢ کەس، یەك پزیشکی ددان و بۆ هەر ١٣٧٨ کەسیش تەنیا یەك تەختە خەویان بۆ دابینکراوە. ئەم خشتەیەی خوارەوە کە ئاماری ساڵی ١٩٧٦ە بەڕوونیی باری ناهەمواری تەندروستیی شارو لادێکانی کوردستانی ئێرانمان لەسایەی دیکتاتۆریی شاهەنشاهییدا دەخاتە بەرچاو:

**لیستی ژمار ٣: ئاماری پزیشکانی ئێران و کوردستان ساڵی ١٩٧٦[1].**

| | دەرچووی پزیشکی | خوێندکارانی پزیشکی ددان | خوێندکارانی نەخۆشخانە | ئامادەیی تەختەخەو |
|---|---|---|---|---|
| تەواوی ئێران | ١٢٤٤٠ | ١٨٠٣ | ٥٠٣ | ٤٨٨٠٠ |
| ئازەربایجانی خۆرئاوا | ٢٥٢ | ٣٨ | ٢٠ | ١١٦٠ |
| کوردستان | ١٢١ | ١٣ | ٩ | ٤١٠ |
| کرماشان | ٢٠١ | ٣٨ | ١٢ | ٨٩٥ |
| ئیلام | ٢٧ | ٣ | ١ | ٥٠ |
| لە سەدا ٪ | ٪٤,٨ | ٪٥,١ | ٪٨,٣٥ | ٪٥ |

---

(1) وەرگیراوە لە: مدنی، تحلیلی افشردە أز، ل٢٩.

# باسی چوارەم : جووڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە کوردستانی ئێران

وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و بەدیهاتنی بارودۆخێکی ئازادو ئاوەڵا لەکوردستانی عێراق، پەناگایەکی لەباری بۆ ئازادیخوازانی کوردستانی ئێران ڕەخساند کە لە ترسی ڕاونانو گرتنو شکەنجەو زیندانو لە ژێر فشاری دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی ناچاربوون شارو گوندەکانی خۆیان جێبهێڵنو ڕێگای سنوورە دەستکردەکانی ڕۆژئاوا بگرنەبەر. بەتایبەت دوای شاڵاوی بەربڵاوی ساواك بۆ سەرشانەو کۆمیتەکانی ح.د.ك لە کۆتایی ساڵی١٩٥٩دا. جگەلەوەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکدارانەی کوردستانی عێراق لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١و هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتیی لە گشت پارچەکانی کوردستاندا، ئەوەندەی تر هانی کوردە ئازادییخوازە ئێرانیدا ڕوو لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕش بکەن، کە بەشێکی زۆر لەوانە ئامادە بوون وەك پێشمەرگە شانبەشانی براکانیان لە سەنگەرەکاندا دژی پەلامارەکانی سوپای داگیرکەری عێراق بەرگریی‌و خەبات بکەن. مەسەلەیەکی بەوجۆرە کە گیانی هاوبەستەگییو یەکبوونی نەتەوەیی گەلی کوردی پتەوتر دەکردو یەکپارچەیی خاکی کوردستانو کێشە نەتەوایەتییەکەی دەسەلماند. کە خۆی لەخۆیدا ڕەهەندێکی ئەرێیی ئەو قۆناغە بەراییەی شۆڕشی کوردستان بوو .

ئەگەر بمانەوێ لە لایەنی نەرێیی مەسەلەکەش بدوێن، بەتایبەتیی سەبارەت بە هەلومەرجی ئەودەمو ئایندەی جووڵانەوەی ئازادییخوازانەی کوردەکانی ئێران، ئەوا دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین کە پەنابەروی بە شێکی ڕێبەرایەتییو ئەندامەکانی ح.د.ك بۆکوردستانی عێراق چەند ئاکامێکی زەقو نالەباری لێکەوتەوە. یەکەمیان: هەڵکەنینی ناوەندی ڕێبەرایەتیی حیزبو گواستنەوەی بۆ ئەو پارچەیەی کوردستانو دوورکەوتنەوەی لە مەیدانی خەباتی ڕاستەقینەی خۆی، کە کۆمەڵێك گیروگرفتی ئێکجار گەورەی بۆ نایەوە، خراپترینیان بریتیبوولە دابڕانی ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکانی ئێران ولاوازیی پەیوەندیی بە تێکۆشەرانی ناوخۆی وڵاتەوە. مەسەلەیەکی وا کە لەو کاتەوە

تائێستا بۆته نەخۆشییەکی درێژخایەن و جەستەی حیزبی دیموکراتی شەکەت کردووەو کاریگەریی لەرادەبەر خراپی لە سەر تێکۆشانی ئەو حیزبە جێهێڵاوە.[1]

ئاکامی ناڵەباری دووەمیش، ئەوەبوو کە مەسەلەی خەبات و پێچەقاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشترو ڕاستەوخۆی حیزبی دیموکرات لە بەرامبەر ڕژێمی شاهەنشاهیدا، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە بواری یەکبوونی ڕیزەکانی حیزب و کزکردنی ناکۆکییەکانی نێو ڕێبەرایەتی و کادرەکانیدا هەبوو. ئەو ناکۆکییانەی کە دوای گواستنەوەی ناوەندی ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ کوردستانی عێراق و لە ژیانی ئاوارەییدا، زەمینەی قووڵبوونەوەو دواتر دەرەتانی تەقینەوەی بۆ ڕەخسا، بەجۆرێك جگە لەچەند دەستەیی وچەندبەرەکیی لێکەوتەوە کە تەنیا بەقازانجی دوژمنی داگیرکەرو بەزیانی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد لەکوردستانی ئێراندا کۆتاییهات. چەند بەرەیەکییەك کەبووە نەریتێکی نەخوازراو لە مێژووی حیزبی دیموکرات و جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بەجۆرێك شوێنەوارە نەرێییەکەی تائێستاش نەسڕاوەتەوە. وەك ڕوون وئاشکرایە لە کۆتای ساڵی ١٩٥٩و سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا، بەشێکی ڕێبەرایەتیی و ئەندامەکانی ح.د.ك کە نەکەوتبوونە بەر شاڵاوە بەربڵاوەکەی ساواك، لە عێراق گیرسابوونەوە. ئەوانە هەندێکیان لە بەغداد وهەندێکی تریشیان لە شارەکانی کوردستاندا دامەزرابوون ،بەتایبەت لە شاری سلێمانی کە ئاوارەیەکی زۆری کوردە ئێرانییەکانی لێ کۆببوونەوە، کە هەندێکیان لە ناو شاردا خانوویەکیان بۆ تەرخان کردبوون کە ناوی (کۆمۆن) یان پێدەوت، ژمارەیەکی تریشیان کە نزیکەی ٢٠٠ کەسێك دەبوون لە نێو خانووە حکومییەکانی سەرچناردا دەژیان و ژیانێکی خراپیان بەسەر دەبرد.[2] ئالەم وەختەدا ناسکەدا کە دەبوایە هەموو ئاوارەکان لە ژێر باڵی ڕێبەرایەتییەکی کارامەو یەکگرتوودا کۆببنەوە وڕیزەکانی حیزب بە چەشنێك ڕێکخرێتەوە کە لەئایندەیەکی نزیکدا ببنە هێزێکی بەرچاو خاوەن سەنگی

---

([1]) حسن زادە، عبداللە، نیوسەدە تیکۆشان: ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، گەلاوێژی ١٣٧٤ ی هەتاوی، ل ٢٥-٢٦ .

([2]) کاوە، س. پ، ل٤٥ .

تایبەتو ڕێزلێگیراو، کەچی بە پێچەوانەوە لە هەلومەرجێکی نالەباری بەو جۆرە، ئەو ناکۆکییانەی کە کۆنفراسی یەکەمی حیزب بەنیوەناچڵیی‌و بێ چارەسەرکردن بەڕێیکردبوون، توندتر لە جاران سەریان هەڵدایەوەو بە شێوەیەکی خراپ تەقینەوە.

لە لایەکی ترەوە، هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکدارانەی ١١ ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ لەکوردستانی‌عێراق‌و پەرەگرتنی شۆڕشەکە بەدوای هاتنە سەرکاری حیزبی بەعس بووە هەڵچوونی هۆشی نەتەوایەتیی کورد لەسەرانسەری کوردستانداو کاروانی پشتگیریی ویارمەتی مادیی کوردەکانی ئێران بۆ شۆڕش دەستیپێکرد.ش شایەنی باسە، ڕژێمی شاهەنشاهیی ئەندامەکانی تری پەیمانی سەنتۆ بۆ دژایەتییکردنی شۆڕش‌و توندکردنی گەمارۆی ئابووریی وسەربازیی لە سەر کوردستانی عێراق پێکەوە قۆڵیان لێ هەڵماڵیی، دەستەڵاتدارانی تاران بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هەستی هەڵچونی نەتەوایەتیی لە کوردستان و ڕێگرتن لەو هاوکاری‌و پشتگیرییەی لەلایەن کوردەکانی ئێرانەوە بۆ شۆڕش ڕەوانە دەکرا ن چەند هەنگاوێکی بە پەلەیان هەڵهێنا، یەکێك لەوانە پیادە کردنی شالاَویکی بەر بلاَوی ڕاونان‌و گرتن‌و زیندانی کردنی ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی شۆڕش وئەندامانی ح.د.ك بوو لەساڵی ١٩٦٣ دا،کەبەشێکی ئەوانە لە زیندانە کانی قەیسری قەجەر و قزڵ قەلاَ بۆ ماوەیەك ڕایگرن و شکەنجە دران.[1]

دیارەهەر لەم قۆناغەدا بوو کە ژمارەیەك لە کادرو ئەندامەکانی ح.د.ك بەرابەری ئەحمەدتۆفیق کۆمیتەیەکیان بەناوی (کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان) دامەزراندو بەمەبەستی گەیاندن‌و دابینکردنی پێویستییە مادییەکان بۆ شۆڕشی ئەیلول بەردەوام هاتووچۆی گوندو ناوچەکانی مەهاباد، بۆکان، سەقز، شنۆو لاجان یان دەکردو بەچەکەوە دەگەڕانەوە کوردستانی ئێران. شایەنی باسە، هەر لەم قۆناغەدابووکە ژمارەیەك لە لاوە ڕۆشنبیرو خوێنگەرمەکانی لایەنگرانی ح.د.ك لە کوردستانی ئێرانەوەو لەترسی پەلاماری ساواك هەڵهاتنە کوردستانی عێراق‌و بەوەش ئەوەندەی دی هەلومەرجی بوژانەوەی ح.د.ك ڕەخسایەوە. بەتایبەت لەم قۆناغەدا بەهۆی دەنگدانەوەی سەرکەوتنەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق‌و لە ئەنجامی پیادەکردنی

---

(٢) گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل١٢٥ –١٢٦ .

ڕیفۆرمی بێجێو ڕێی ڕژێمی شاهەنشاهیی و فشاری دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی لەکوردستانی ئێران هەستی نەتەوایەتیی و گیانی دژایەتیی دەسەڵاتی ناوەندیی لەنێو زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی لە ئێران قوڵپی دەدا. (١)

بۆنموونە، لەشاری سەقز بۆ یەکەمینجار راپەڕینیکی بەرفراوان دژی دامودەزگاکانی دەستەڵاتی ناوەندیی تەقییەوە کەزیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی شار بە دار وبەردەوە هێرشیان کردە سەر دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت و بنکەی پۆلیسی سەقز، ئەو راپەڕینەی کە سەرکوتکردنی لە توانای دەزگا داپڵۆسێنەرە نێوخۆییەکانی ڕژێم بەدەربوو، هەربۆیە لەلایەن فەرماندەی شارەوە بەپەلە لەشکر ئاگادار کرایەوە کە گەمارۆی سەقز بدەن بۆ تێکشکاندنی راپەڕیوەکان بکەونەخۆ ،ئەوە بوو دوای هاتنە ناوەوەی لەشکرو گرتن و کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە راپەڕیوەکان کۆتایی بە ڕاپەڕنەکە هات. (٢)

لە لایەکی ترەوە، ژمارەیەکیزۆر لە ئاغاواتی کوردستانی ئێران وەك دژە کردەوەیەك بەرامبەر پیادەکردنی ڕیفۆرمی زەوی، ناوچەکانی خۆیان جێهێڵابووو هاتبوونە کوردستانی عێراق و بۆئەوەی بەقەولی خۆیان ببنە (پێشمەرگە ) لە شۆڕشی ئەیلولدا. (٣) پێویستە بوترێت، کە ح.د.ك لە ئەنجامی بوونی ناکۆکی کادرەکاینیەوە نەیتوانی ئەو هەلومەرجەی کودستانی ئێران لەو دەمەدا بە باشیی بقۆزێتەوە، بگرە ناکۆکییەکان بەرەو تەقینەوەو سەنگەر لە یەکگرتنیش ڕۆیشتن ،لەم ڕووە دامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان )* لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ودواتر (کۆمیتەی ساخکرەوەی حیزبی دیموکراتی

---

(١) کاوە، س. پ، ل ٦٤ .

(٢) چپ در ایران،شمارە گزارش: ، موضوع: اطلاعات واصلە، تأریخ :٤٦/٦/١٠ ، ص ١٥٢ _١٥٣ .

(٣) کاوە ، س.پ، ل٧٩ .

* دامەزراندنی (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان)، لەکۆتایی پووشپەڕی ١٣٦٢ی هەتاوی/ ١٩٦٣ز، لەگوندی (پیرەکەپرە)ی ناوچەی بارزان، لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی رێبەرایەتیی و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوەوەك: محەمەدی ئیلخانی زادە، مەلا عومەری نگڵی، جەمیلی مەردۆخ و مەلا رەحمان ناسراو بە (ئاوارە)، بەرێبەبەرایەتیی سەلاحودینی موهتەدی، دەتوانرێت بە یەکەم هەوڵ دابنرێت بۆ دەستەبەندیی و خۆجیاکردنەوە لە حیزبی دیموکرات و رێبەرایەتیی ئەحمەد تۆفیق. هەرچەندە بەشێك لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە سەرتا هەوڵەکەیان وادەبینی کە کۆمەڵەکەیان بۆ بەهێزکردنی سەنگی باڵی نەتەوایەتیی حیزبی دیموکراتە

کوردستان) لە پایزی هەمان ساڵدا لە لایەن ژمارەیەکی کادرانی حیزبەوە بەرجەستەی ئەو چەند دەستەییە دەکەن‌و بەزیان بۆ حیزب‌و جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لەکوردستانی ئێران کۆتاییهات.[1] لەسەر ئاستی گشتییش، مەسەلەی دەرکەوتنی خەباتی چەکدارانەی گروپە چەپەکان لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمداو لایەنگریی لە تیۆری (جەنگی پارتیزانیی ) بە گرنگترین‌و نوێترین دیاردەی سەر ئاستی هێزە بەرهەڵستکارەکانی دژ بەڕژێمی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی لەئێران دادەنرێت. چونکە هەروەك ئاشکرایە شکستی جووڵانەوە سیاسییەکانی ساڵەکانی ١٩٤٥- ١٩٤٦، و١٩٥٣، هەروەها کۆتایهێنان بەو ئازادییە ڕواڵەتییە ڕێژەییەی کە تاڕادەیەك لە سەردەمی حکومەتی "دکتۆر عەلی ئەمینی"دا بەر قەراربوو، جگەلە شێلگیریی ڕژێم لە پیادەکردنی سیاسەتە وێرانکارییەکانی کە بە ڕیفۆرمی زەوی‌و شۆڕشی سپی ناوی دەبردن‌و داپڵۆسینی هەر ناڕەزاییەکی لەم رووەوە بێتە سەرڕێی، وەك لە خوێناگەوزاندنی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی کە لە زستان وبەهاری ساڵی ١٩٦٣دا، لە شارەکانی قوم وتاران بە هاندانی ئاخوندە بونیادگەراکان هەڵگیرسان. [2]

هەمووئەوانە، ئەو جۆرە بیروباوەڕەیان لە لای لاوان‌و خوێندکارە ڕۆشنبیرەکان پێکدەهێنا کە ئیدی لە ئێرانی شاهەنشاهییدا بوارێك بۆ خەباتی سیاسی ویاسایی و پەرلەمانتاری نەماوەتەوە. ئەوەی ئەم باوەڕەی زیاتر لە نێو لاوانی شۆڕشگێڕو ڕادیکاڵدا دەچەسپاند، سەرکەوتنەکانی ئەو قۆناغەی جووڵانەوە چەکدارییەکانی گەلانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی وەك (چین ، ڤێتنام ، کوبا ،جەزائر ) بوو بەسەر ڕژێمە نۆکەرو وابەستەکانی ڕۆژئاواو پەرەگرتنی خەباتی دژی ئیمپریالیستیی بوو کە

---

لەبەرامبەر باڵی چەپ‌و کۆمۆنیستدا کە بەهاتنی لاوە مارکسییە تازە گەیشتووەکانی‌وەك: حەمەدمینی سیراجی، سمایلی شەریفزادە، حوسێنی مەدەنی، سەعید کوێستانی. . هتد تادەهات لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا خورتتر دەبوو. کۆمەڵەی رزگاری لەو بارە ناهەموارەی تێیدا دروست بوو هەر ساڵێك مایەوەو پاشتر بیٚ هێنانەدی هیچ یەك لە ئامانجەکانی کۆتاییهات. بۆ بەرنامەی ئەم کۆمەڵەیە بڕوانە پاشکۆ.

(1) بۆزیاتر: سەردەشتی،یاسین ، خوێندنەوەیەکی مێژووی ڕووداوە نێو خۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و جولانەوە چەکدارەکەی ساڵانی ١٩٦٧_١٩٦٨ لە کوردستانی ئێران، پشکائێکی ، گۆڤاری مەتین، ژمارە ١١٣ ، حوزەیرانی ٢٠س٠١،ل ل ٩-١٥ .

(2) مدنی ،تأريخ سياسى معاصر ايران ، جلدوم ، دفتر انتشارات اسلامى ، قم، ١٣٦٢ ، ل١٢ .

کاریگەریی مەزنی لە سەر ڕۆشنبیرو لاوانو خوێندکارانی زانکۆی تاران دادەنا. دیارە مەسەلەی دەرکەوتنی ڕەوتی چەپی نویٚ لە نێو خوێندکارانو دواتر دامەزراندنی ڕێکخراوی "چریکە فیداییەکانی خەڵك" بەڕابەری (بێژەنی جژنی)،[1] هەروەها گروپە چەپەکانی دی وەك "موجاهیدینی خەڵك"،[2] و جیابوونەوەی ئەحمەدی قاسمیو دکتۆر غولام حسێنی فروتەن لەحیزبی تودە دوای پلنێۆمی یازدەهەمی حیزب لە ساڵی ١٩٦٤ و دامەزراندنی "سازمانی ئینقلابی /کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە"ودواتر ڕێکخراوی "تۆفان"، ئەمانە تێکڕا لە ژێر کاریگەریی بیری ماویزمو تیۆری جەنگی پارتیزانییو درێژخایەندا بوون. [3]

---

([1]) ئەم ڕێکخراوە لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو گروپ پێکهاتن، گروپی یەکەمیان ژمارەیەك لایەنگروو ئەندامی حیزبی تودە بوون کە پاش جیا بوونەوە لەو حیزبە بەڕابەری (بێژەنی جەژنی) لە ساڵی ١٩٦٣ دا مەوجودییەتی خۆیان ڕاگەیاند، گروپی دووەمیش کۆمەڵێك لاوی مارکسیست بوون بەڕابەری (مەسعودی ئەحمەد زادە)، ئەم ڕێکخراوە بە پەیرەوی کردن لە ئایدۆلۆژیایی مارکسیسم _ لێنینیسم و سەربەخۆلە بلۆکی جیهانیکۆمۆنیزم کەوتنە کار ، بیٚ ئەوەی ڕابەرایەتی یەکێتی شورەویان قبولٚ بێت، بەڵکو زیاتر پەیڕەوییان لە چین و ڕێبازی ماویزم دەکرد، گرنگترین کاری ئەم ڕێکخراوە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی پەلاماری چەکدارەکانی پاسگای (سیاهکل) ە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠ دا بە سەرپەرشتی (عەلی ئەکبەری سەفائی)، پاش ئەم چالاکییە و ناسینی ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە لە لایەن ساواکەوە ، ڕژێم پەلامارێکی توندی کردنەسەرو بەشێکی زۆری ڕێبەرایەتی و ئەندامەکانی کوشتن و باقی تریشی بۆزیندانەکان ڕاپێچ کردن . بڕوانە: مدنی، تاریخ سیاسی معاصر ایران، جلد اول، ص ١٤٥_١٤٧ .

([2]) ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٦٦ لە لایەن (محەمەد حەنیف نەژاد، عەلی ئەسغەربەدیع زادەگان، سەعدی موحسنی) کە خوێندنی زانکۆیان تەواو کردبوو دامەزرێنرا، ئەحمەدی ڕەزایی یەکێك لەو ئەندامانەی ڕێکخراوەکە بوو کە بۆیەکەم جار لایەنی ئایدۆلۆژی ڕێکخراوەی داڕشت و کتێبێکی بە ناوی (نهضت حسینی) دانا کەتێیدا ئامانجی ئیسلامی لە قاڵبی خەبات دژی سەرمایەداری و دژی ئیمپریالیستی دا داڕشت لە ڕاستیدا لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ڕێکخراوی موجاهدین تێکەڵەیەکی سەیربوو لەبیری چەپی ئیسلامی، ناسیونالیستی پەرگیر بە مارکسیستی مائویسی سواغ درابوو، موجاهدین بە پێی ئایەتی (( الذین جاهدوا هینا لنهدینهم سبلنا )) کەوتنە کار و ساڵی ١٩٦٩ پەنجا ئەندامیان لە سیٚبواری ئایدۆلۆژی _ سیاسی _چەکداری کاری دەکرد و کەوتنە خۆ ڕێکخستن و لە ساڵی ١٩٧٥ مەوجودییەتی خۆیان ڕاگەیاند، بەلاٚم پاش ماوەیەکی کەم و بیٚ ئەوەی فیشەکێك بتەقێنن تەواوی ئەندامانی ڕێبەرایتیەکەی لەلایەن ساواکەوە خرانە دواوە ، جگە لە (مەسعودی ڕەجەوی) هەموویان گوللە باران کران .بۆ زیاتر : حقجو، علی، تحلیلی بیطرفانة از: سازمان مجاهدین خلق ایران، انتشارات روج، مرکز پخشن ناصرخسرو، ب.ج، ب.ت.

([3]) کیانوری، س.پ، ل٤٧٠ .

ئەوڕاستییەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە لایەنگرییکردن لەخەباتی چەکداریی‌و جەنگی پارتیزانیی لەلایەن بەشێکی لاوانی مارکسیستی کوردەوە، پێشوازیەکی گەرمی لێکراو هەندێك لەو لاوە مارکسیستە خوێنگەرمانە لە باوەشی بزوتنەوەی ڕەوتی چەپی نوێی خوێندکارانی زانکۆی تاراندا پەروەردە ببوون‌و دوای ڕاوەدونانی دەزگا جاسووسیی‌و داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەنایان بۆ کوردستانی عێراق بردبوو. [١]

لەلایەکی ترەوە، پێشێلکردنی تەواوی مافە نەتەوەیی‌و سیاسیی‌و ئینسانییەکانی گەلی کورد لە ئێران لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوییەوەو هەنگاونانی ئەو ڕژێمە بۆ زیاتر میلیتاریزەکردنی کوردستان‌و گرتنەبەری سیاسەتی ڕاونان‌و گرتن‌و شکنجەو زیندانییکردنی ئازادییخوازانی کورد ڕەشبینییەکی گەورەی لە نێو چین‌و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردەواریی بەرامبەر دەسەڵاتدارانی تاران پێکهێنابوو. جگەلە هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتیی کوردەکانی ئێران وەك کاردانەوەیەکی سروشتیی شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، لەگەڵ هەموو ئەوەش، هێشتا ڕژێمی پەهلەویی هەر سووربوون لەسەر نکۆڵییکردن لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد وئامادەنەبوون سادەترین خواستی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا بسەلمێنێت، وەك محەمەدڕەزا شا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانییدا لەگەڵ پەیامنێری ئاژانسی (فرانس پرێس)دا لە٢٩ی شوباتی ١٩٦٤دا، دووپاتی کردەوە:"هیچ کێشەیەك لە ئێراندا بە ناوی کێشەی کوردەوە نییە، کوردەکانیش وەك ئێمە ئارین‌و لە ئەرتەش‌و مەجلیس‌و دەزگا بەڕیوەبەراتییەکانی تردا لەگەڵمان بەشدارن." [٢]

وەك ئاشکرایە لایەنگریی لە مەسەلەی خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانەو جەنگی پارتیزانیی یەکێك بوو لە گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەمی ح.د.ك و بە تاکە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی گەلی کورد لە قەڵەم درابوو.[٣] ئەو مەسەلەیەی زۆربەی کادرو

---

([١]) گرنگیی بزوتنەوەی خویندکاران لە کۆمەڵگای ئێراندا، گۆڤاری تیشك، ژمارە ٥ ، ساڵی دووەم ڕەزبەری ١٣٧٨، ل ١٥ .

([٢]) وەرگیراوە لە : حسامی، قافلة من شهداء کردستان ایران، ص ١٠٤ .

([٣]) کۆنگرەی دووەمی ح.د.ك لە ١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی (سونێ) ی ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق بەسترا . بڕوانە : سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی ...، ل ٢١.

ئەندامەکانی حیزبی خستبووە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەوانیش وەك براکوردەکانیان لە کوردستانی عێراق، دەتوانن لەئێراندا شۆڕشێکی چەکدارانە بەڕووی ڕژێمی شاهەنشاهییدا هەڵگیرسێنن‌و دوای دامەزراندنی پنت‌و ناوەندێکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستانی ئێران، دەتوانن هێدی هێدی هەنگاو بۆ ڕزگارکردنی کوردستان‌و سەرجەم هەرێمەکانی تری ئێران بنێن‌و سەر بە ڕژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی لە بەردەم ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورددا دانەوێنن.

شایەنی باسە، لەپاش کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چالاکیی ئەو حیزبە تادەهات لە کوردستانی ئێران پەرەیدەگرت، ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی تووشی دڵەراوکێ کردبووو هانیدا کە بۆ ڕێگرتن لەو چالاکییانە گورجانە بکەوێتە کار. شایەنی باسە، سیخوڕەکانی ساواك لەم قۆناغەدا بەلێشاو ڕاپۆرتیان بۆلێپرسراوان بەرزدەکردەوە کە باس لە پیلانی میسرو حکومەتی عێراق دەکات بۆ هەڵگیرساندنی جووڵانەوەیەکی چەکداریی لە کوردستانی ئێراندا. مەسەلەیەکی بەوجۆرە کە خودی محەمەدڕەزا شای خستبووە دڵەڕاوکێ. وەك پژمان ئاماژەی بۆداوە "ڕۆژێك سات نۆی شەو (پاکروان / بەرپرسی بەشێکی ساواکە _ل)تەلیفۆنی بۆکردم ،هەستام چومەلای ووتی :شا لە کاروباری باکووری عێراق ئەوەندە نیگەران نییە، بەڵام لە بزوتنەوەی ئێرانییەکانی هەڵاتوو بۆ ئەو دیو دەترسێ." (١)

دیارە پاش ئەوەی ئەحمەد تۆفیقی سکرتێری ئەو حیزبە لەلایەن مەلامستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلول بۆ "کانی ماسی"ی سەرسنووری تورکیا دوورخرایەوەو ماوەیەکی کەمیش پاش ئەوە "سەدیق ئەنجیری" لە بندەستی سەرکردایەتیی ئەو شۆڕشەدا شوێنەون کرا، سەرکردایەتیی ئەو حیزبە رووبەرووی فشارو قەیرانێکی جدیی لەسەر ئەو حیزبە بە جیدیی دەستیپێکرد.

سلێمانی موعینی، کە ڕێبەرێکی ناسراوی جووڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵی ١٩٦٧ە، لەنامەیەکیدا دەڵێت:"ئەوڕۆ تۆفانێکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەریی وڵاتەکەمانی (مەبەستی ئێرانە _ ل )داگرتووە کۆمەڵانی خەڵکی هاتوونەتە سەر ئەوەی

---

(١)چپ در ایران ، شمارة گزارش : ٤٨٩١٣ /٢٣٢، موضوع : اطلاعیە، تأریخ ٤٦/٣/١٨ ص ٩ .، پەیمانی، نهێنیەکانی پەیمانی، ل ٩٦-٩٧ .

که تەنیا ڕێگەی ڕزگار ودەست دانە چەك ووە شاخ کەوتنە، نەك هەر بۆ نەتەوەی ئێمە بەڵکو ڕێگەی ڕزگاری هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەستەو چەوساوەکانی هەر ڕێگەی ڕاپەڕینی کۆمەلانی زەحمەتکێشە واتە (( شەڕی پارتیزانی )) کە لە پێشا ئەبێ لە دێهاتەوە دەست پێ بکرێ وکۆمەڵانی هەراوی جوتێرە تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە."[1]

لەهەلومەرجێکی وادا، ژمارەیەك لە کادرە لاوە مارکسیستەکانی ح.د.ك لە ١٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٦دا، بڕیاری دامەزراندنی (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان)یاندا، بەمەبەستی چەسپاندنی بیری خەباتی چەکدارانەو جەنگی پارتیزانیی لەنێو ئەندامانی حیزبداو بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی چەکدارانە لە کوردستانی ئێرانو ئامادەکاری بۆ کارێکی لەو چەشنە، هەربۆیە لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بلاوکراوە یەکیش بۆ ئەومەبەستە چاپ بکەنو بۆ وەدەستهێنانی هاوکاریی ویارمەتیی، پەیوەندیی بە لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە بکەن.[2].

بەم چەشنە، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات تادەهات زیاتر پێی خۆی دەچەسپاندو بیری هەڵگیرساندنی خەباتی چەکدارانە لە کوردستانی ئێراندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەیدەگرتو فراوانتر دەبوو. پەیوەندییەکانیشیان بەهێزەکانی سەر شانۆی سیاسی ناوچەکە تادەهات زیاتر ڕوون دەبۆوە. هەر لە ساڵی ١٩٦٦ بەدواوە ئەم باسکەی حیزبی دیموکرات زۆر گەشەیانکردو ڕیکخستنێکی زۆر فراوانیان هەم لەناو ئاوارەکان لەخواروی کوردستانو هەم لەپەیوەندییان بە ناوەوەی ولات لەڕۆژهەلاتی کوردستان دروست کردەوەو کەوتنە پێکهێنانی دەستەی چەکداریی و جموجۆڵ لەسەر سنوورەکان لەدیوی ئێراندا.[3]

هەروەها بەشێك لەو کادرە ئێرانییانەی کە لە حیزبی تودە جیاببونەوەو بەناوی ڕێکخراوی (کمیتە انقلابیحزب تودە ) هەڵدەسوڕان بەگەرمیی پشتگیریان لەپەرەسەندنی

---

([1]) وەرگیراوە لە: حیسامی، لە بیرەوەییەکانم، بەرگی سێهەم، ستوکهۆڵم، ١٩٩١، ل ١٠٣.

([2]) کاوە،س.پ،ل.ل١٥٨ _ ١٦٠ .، چپ درایران، ژمارە گزارش:٦١٦٦،موضوع: تشکیل کمیتە حزبی ،تأریخ ١٤ /٤٥/٩، ص ٣٨٣ _٣٨٦ .

([3]) جەلال، س.پ، ل٢٢٩.

بیری جووڵانەوەی چەکدارانەو جەنگی پارتیزانی دەکردو بۆ ئەو مەبەستەش دواتر بڵاوکراوەکانیان بەناوی (بیروزباد راه محاصره شهرها از طریق دهات/ پیرۆزبێت رێگای گەمارۆدانی شارەکان لە دێهاتەکانەوە)چاپکرد. ئەوانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕگێڕی ح.د.ك دامەزراندبوو. [١]

لەڕاستییدا، ترس و دڵەڕاوکێی ڕژێمی ئێران و خودی محەمەدڕەزا شا لە هەڵگیرساندنی جووڵانەوەیەکی چەکداریی لە کوردستانی ئێران مەسەلەیەکی بێجێ و لەخۆڕا نەبووە، چونکە ئەو بارودۆخە دژوارەی لەو دەمەدا گەلی کوردو گەلانی تری ئێرانی تێدا دەژیا، ئەگەری تەقینەوەی ڕاپەڕینیکی بەوجۆرەی لە سەرانسەریی هەرێمەکانی وڵاتدا هەمواردەکرد. مەسەلەیەکی وا کە سەرئێشەیەکی گەورەی بۆ ڕژێمی شاهەنشاهیی بە دواوە بوو.

لێرەدا بۆئەوەی هەلومەرجەکەی ئەودەمی کوردستانی ئێران بزانین جێی خۆیەتی ڕاپۆرتێکی نهێنیی دەزگای ساواك بخەینە بەرچاو کە لە١٩ی ئاداری ساڵی ١٩٦٦دا نووسراوە، لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە:" بێ زێدەڕۆیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵایەکی گەورەو پڕجۆش و خرۆشی لەنێو چینە ڕۆشنبیر _خاوەن بڕوانامەکان _ خوێندەوارەکان _ زۆرینەی وەرزێران وبەشێکی موڵکدارە ناڕازییەکان وبنەماڵەی شێخەکان و مەلاو بازرگانە مەهابادییەکان پێکهێناوە، خەڵکی بە گشتیی خۆیان لە پەیوەندییگرتن بە کارمەندای دەوڵەتیی دەگێڕنەوە دوادەکەن هەر کەسەو شکاتەکانیان بەرنە لای نوێنەرانی حیزبی دیموکرات یا شانە حیزبییەکان، ئەوانەی کە لە زۆربەی

---

([١]) نەبەز ئێستە و پاشە ڕۆژی نەتەوەی کورد، ل ١٧٢-١٧٣. شایەنی باسە بەشێك لەو فارسە ماویزمانە دواتر لەلایەن جەلال تاڵەبانیەوە ئاسانکاریان بۆ کرا بەمەبەستی یارمەتی جووڵانەوەکەی سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموکرات، بێنە باشووری کوردستان. ئەوانە بریتیبوون لە: کورش لاشائی، علی صادقی، سیاوش پارسانژاد، عەتا کەشکوڵی، ئیسماعیل موئەیدزادە، خوسرەو سەفایی، موحسن خاتەمی و ئیرەج کەشکوڵی. ئەمانە فریای هیچ هاوکارییەکی ئەو جووڵانەوەیە نەکەوتن و بەشێك لەوانە بە هاوکاریی تاڵەبانی لە "بەکرەجۆ" کۆرسی راهێنیان کردەوە تا لاوانی کورد فێری بنەماکانی ماویزم و خەباتی شۆرشگێڕانە بکەن. بۆ زیاتر: حمید شوکت، نیگاهی از درون به جنبش چپ ایران، گفتوگو با ایرەج کشکولی، تهران ،چاپ اول، ١٣٨٠، ص ١١٧-١٣٠.

گوندەکاندا لە ٣ کەس پێکهاتوون. ئەو گەندەڵییەی کە لە تەواوی دەزگاکانی دەوڵەتی وەك دادوەری، فەرمانداری، کارمەندەکانی بەڕێوەبەرایەتی، بانکی کشتوکاڵی و ریفۆرمی زەوی بەدی دەکرێت نارەزایە تییەکی گەورەی لەنێو خەڵیدا پێکهێناوە... حیزبی دیموکرات ئەمێستا خوازیاری ئەوەیە کە لە فاکتەری ناکۆکیی و دوژمنایەتیی ئێران لەلایەك وعێراق و جیهانییی عەرەب لەلایەکی دییەوە .. بەهرە وەربگریٚ و بە هاوکاریی ناسر (مەبەستی جەمال عەبدولناسرِی سەرۆکی میسرە _ل )و عێراق ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانی لە کوردستانی ئێراندا پیادە بکات. ڕاستییەکەی زۆرینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە کوردستانی ئێراندا لە نارەزایەتییەکی تەواودا دەژین و دژی ئەو بارودۆخە زاڵەی ئێستا ئامادەی راپەڕینن ... لەناوچەی کوردستان و ئازەربایجانی خۆرئاوادا، زۆربەی توێژە خوێندەوارو ڕۆشنبیرەکان خاوەن هەستی ناسیونالیستین و لایەنگری ئازادیی و خودمختاریی و تەنانەت سەربەخۆیی کوردستانیشن بە پشتبەستن بە ئیرادەی خودی خەڵکی کوردستان . خێڵەکان، عەشیرەتەکان، شێخەکان پیاوانی ئاین لە ناوچەی کوردستان و ئازربایجانی خۆرئاوادا کەلە ئاکامی پیادەکردنی یاسای ریفۆرمی زەوی و فشاری هەندێك کاربەدەستی خائیندا ناڕازین و زۆربەیان بیری وێرانکاریی و خراپکارییان لە کەللەدایە. جووتیارو زەویدارە بچووکەکان وێڕای ئەوەی لە پیادەکردنی یاسای ڕیفۆرمی زەوی بەهرەمەندن، کەچی لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەڵدەسوڕێن و تەنانەت پیادەکردنی ڕیفۆرمی زەوی و ئەنجامدانی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو تەندروستییش نەیتوانیوە کاریگەریی لەسەر گیانی تێکدەرانەیان جێبهێڵێت، ئەوانە زۆربەیان بەسەری سولەیمانی موعینی سوێند دەخۆن...ئەوانە کوێرانە لە سۆنگەی هەستی نەتەوایەتیی وئازادیخوازنەیانەوە لایەنگریی لە حیزبی دیموکرات دەکەن، بەتایبەت لە ناوچەی مەهاباددا کە خەڵکی سەبارەت بەو دەمارگیرییەی لەمەڕ خۆشەویستی قازیی محەمەدو ئازادیی کوردستانەوە هەیانە لایەنگریی حیزبی ناوبراو دەکەن"[1]

(١) چپ در ایران ، صور تجلسه ، تأريخ :٤٢/١٢/٢٥، ص ٢٤٩– ٢٥٢ .

لەراستییدا، کادرو لایەنگرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ح.د.ك لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٧دا، بەتوندیی کەوتنە بانگەشەو خۆئامادەکردن بۆ هەڵگیرساندنی جووڵانەوەیەکی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران، ئەوانە دوای کۆبونەوەیەك سەرکردایەتییەکی ٢١ کەسیان پێکهێناو بڕیاریاندا گۆڤارێك بە نێوی (تیشك) ەوە بڵاوبکەنەوە تێدا بانگەشە بۆ جووڵانەوەکەیان بکەن. لەڕووی چەکداریشەوە نزیکەی ١٠٠ چەکدارێکیان هەبوو کە دەبووایە بە دوو قۆڵ بەرەو ناوچەی سەردەشتو خانێو مەهاباد بڕۆنو دەست بە کاری سیاسییو ڕێکخراوەیی بکەن لەگوندو ناوچەکانداو زەمینە بۆجووڵانەوەکەیان بخوڵقێنن.[1]

گەڕانەوەی دەستە چەکدارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات بۆ کوردستانی میلیتاریزەکراوی ئێرانو بڕیاردان لە جووڵانەوەی چەکدارانە، بێ ئامادەکارییەکی سیاسیی– ڕێکخراوەیی– چەکداریی تۆکمەو بێ پشتوپەناو دۆستێکی ستراتیژ، بێ ئاگاداریی پێویست لەسەر خاڵە لاوازەکانی دوژمن، تەنیا بەئومێدی گورزلێدانی دوژمن، ئاکامێکی خەتەرناکی لێکەوتەوەو گران لەسەر ڕێبەرانی جووڵانەوەکە کەوت.

دیارە کاتی خۆشی کەسانێك هەبوون لە ئەندامانی ح.د.ك کە لە مەسەلەی جووڵانەوەی چەکدارییان بەو تواناو لاوازیی و بێ پشتو پەناییەوە پێ ڕاست نەبوو. یەك لەوانە مەلا ئاوارە بوو کە لە نامەیەکیدا بۆ کادرێکی ناوخۆی کوردستانی ئێران نووسیویە:"وەك دەزانی ماوەیەکە مقۆمقۆی خەباتی چەکدارانەدا کەوتووە، خەباتی چەکدارانە بێ تەشکیلات، خەباتی چەکدارانە بێ چەكوتەقەمەنی، خەباتی چەکدارانە بێ پشتی جبهە، داوات لێدەکەم بە هەر جۆرە بۆت دەکرێ مەیەڵە ئەو فکرە پەرەبستێنێ و لەنێو خەڵکدا جێ بگرێ." [2]

لێرەداپێویستەئاماژە بۆئەو ڕاستییەش بکرێت، کە نۆکەرەکانی ساواك، چ لەناو کوردستانی ئێراندا، یاخود لە ناوچە سنوورییەکان، بگرە لەناو خودی ڕیزەکانی دەستە چەکدارەکانی ح.د.ك دا، کەوتبوونە کۆکردنەوەی وردو درشتی هەواڵەکانو بۆ دەزگا

---

([1]) جلال ،س.پ،ل ٢٣٢.

([2])وەرگیراوە : حسن زادە ،س. پ، ل ٤٦.

لێپرسراوەکانی ژاندارمەو لەشکری شاهەنشاهییان دەناردو هاوکاریی زۆریشیان دەکردن سەبارەت بە ڕووبەڕووبونەوەی هەر ئەگەرێك کە بەتەواویی چاوەڕوانکراو بوو. بە چاوخشاندنێك بە ڕاپۆرتە نهێنیەکانی ساواکدا، دەردەکەوێت کە ئەو دەزگایە چ زانیارریيەکی وردیان لە سەر جۆری کارکردنی حیزبی دیموکرات، ناکۆکیی ئەندامەکانی، دابەشبوونی پێشمەرگەکانی، پەیوەندییەکانی، لایەنگرانی لە ناو کوردستانی ئێران، شوێنی حەوانەوەو هاتوچۆیان ... هتد هەبوو. ئەوانەشی دەگیران یاخۆیان تەسلیم دەکردەوە، بەزۆرو شکنجە یان بەخۆشیی، هەموو زانیارییەکیان لێ وەردەگیراو دەخرایە خزمەتی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمەوە. بەکورتیی بۆ کارێکی سەخت وگرنگی بەو شێوە نهێنییەکی ئەوتۆ نەمابوو لەسەر دەستە چەکدارەکانی ح.د.ك ساواك پەی پێ نەبردبێ. مەسەلەیەکی وا کە باش بە فریای ڕژێمی شاهەنشاهیی کەوت و هەرزوو چەند هەنگاوێکی لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە هەڵهێنان بۆ ڕێگرتن لە تەنینەوەی هەرجووڵانەوەیەکی چەکداریی لە کوردستانی ئێران.

هەربۆیە بەدرێژایی تەمەنی هەژدە مانگی جووڵانەوە چەکدارییەکەی ساڵەکانی ۱۹٦۷_۱۹٦۸، وێڕای ئەوەی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕانی حیزبی دیموکرات لە خۆبووردوانە هەڵدەسوڕان و بەرەنگاری پەلامارەکانی ژاندارمەو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی دەبوونەوە، کەچی نەیانتوانی لەنێوخۆی کوردستانی ئێراندا ناوەندێکی شۆڕشگێڕانەو بارەگایەکی ئاشکرا لەسەر بستێك خاکی ئازادکراو دابمەزرێنن، بەڵکو دەستە چەکدارەکان لە ترسی هێرشی کوێتەرو فڕۆکەی جەنگی و پەلاماری لەشکرو ژاندارمەو نۆکەرانی ڕژێمدا کێوبەکێو وگوندبەگوند بێ بەرنامە لە بێسەروبەرییەکی تەواودا دەسوڕانەوە، هەلومەرجێکی وا کە تاڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندیی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمدا بوون، ئەو دەزگایانەی لە ڕێگای تۆڕە جاسووسییەکانیانەوە شوێنپێی دەستە چەکدارەکانیان دیارییدەکردو لە ناکاوێکدا بە هێزێکی زۆرەوە گەمارۆو پەلاماریان دەدان، مەسەلەیەکی وا کە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی پێکهەڵپڕژانە چەکداییەکانەوە تا سەرکوتکردنی جووڵانەوەکە، دەستە چەکدارەکانی لە شەڕی نابەرامبەرو لەناکاودا دەگلان و یەکە یەکە کادرو سەرکردەکانیان لە مەیدانی شەڕدا دەکوژران، یاخود دەگیران و دواتر تیرەباران دەکران.

لەم ڕووە یەکەمین دەستە چەکدارەکانی لەلایەن ژاندارمە ئێرانییەکانەوە پەلامار دران ، بریتیبوولەتاقمێکی پێنج نەفەری کە لە لایەن (نحۆشکاك )ەوە سەرکردایەتی دەکران ، ئەم دەستەیە دوای ئەنجامدانی چەند جەولەیەك لە ناوچەی سەلماس دا لە١٨ ی ئایاری ١٩٦٧ دا لە کاتی حەوانەوەلە لایەن هێزێکی سازو تەیاری ژاندارمەدا پەلاماردران ، لەئەنجامدا نحۆو هاوەڵانی پاش شەڕێکی دلێرانەو کوشتنی ٣ ژاندارم لەنێو بران هەروەها لە ١٣ ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ هێزەکانی ژاندارم توانیان لە گوندی (بە یرەم )ی ناوچەی میر قازی مەهاباد کادرێکی لێوە شاوەی حیزبی دیموکرات بەناوی (مەلا مەحموودی زەنگەنە )بکوژن و هاوڕێیەکیشی بریندار بکەن [1] .

شایەنی باسە، حکومەتی ئێران سەرەتا لەو بارودۆخەدا تادەهات پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیلو عەرەب گرژ دەبوونو بەرەو ئەوە دەچوو جەنگێکی گەورەی لێبکەوێتەوە، هێشتا لە سەر مەسەلەی پەلامارێکی سەرتاسەری بۆ سەر کوردستانی ئێران و سەپاندنی شەڕی ڕاستەقینە بە سەر دەستە چەکدارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ح.د.ك بڕیاری لێبڕاوی نەدابوو، ڕژێمی شاهەنشاهیی دەیویست لە هەلومەرجێکی وادا مەسەلەکە زۆر نەورووژێ، چونکە جەنگی عەرەبو ئیسرائیلیش لە دەمەدەمی دەستپێکردنیدا بوو. ئەو جەنگەی لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا، هەڵگیرساو لە مێژووی هاوچەرخدا بە (جەنگی شەش ڕۆژە) ناودەبرێت. [2]

ڕاستەوخۆ دوای سەرکەوتنی ئیسرائیل لە جەنگی شەش ڕۆژەدا، ڕژێمی شاهەنشاهیی کەوتە ئامادەکارییەکی تەواو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەلومەرجە خەتەرناکەکەی کوردستانی ئێران. بە خێرایی تەواوی هێزەکانی ئەرتەش، ژاندارمەریی، مەرزەبانیی، شەهرەبانیی وساواکی لە کوردستاندا سازداو لە حاڵەتی ئامادەییدا ڕایگرتن. کەلوپەلێکی جەنگیی زۆری لە ناوەندەوە بۆ سەربازخانەکانی کوردستان گواستەوە. نزیکەی ١٠_١٢ هەزار ژاندارمی بەسەرکردایەتیی (سوپەهبود اویسی) فەرماندەی گشتیی ژاندارمەریی ئێران لە تارانەوە ڕەوانەی سەربازخانەی جڵدیان کردو ملیۆنەها تومانی خستە بەردەست. هەروەها دەستکرا بە پێکهێنانی دەستەی پارتیزانی

---

([1])حسامی ، قافلة من شهداء کردستان ایران ،ل ٦٠ .

([2])مومنی، س، پ، ل ٥١ .

له چەکداری خۆماڵیی‌و نزیکەی ١٢٠٠ کەسێکی لێ بەکرێگرتن، ئەوانەی زۆربەیان خەڵکی کرماشان‌و لورستان بوون‌و جگەلە خواردن‌و مەسرەفی ڕۆژانەیان مانگانە ٣٠٠تومەنیشیان دەدرایە، هەندێکیش لەوانە پێشتر لە ڕیزەکانی ح.د.ك دا بوون‌و خۆیان ڕانەگرتبوو، گەڕابوونەوە ببوونە پیاوی دەوڵەت کە کەسانی وەك: هەڵمەت، احمدخانی کێوەڕو، ڕەحمانی شێلمجاڕان‌و محەمەدئەمین چیچوانە... هتد نموونەی ئەو بکرێگیراوانەبوون . شایەنی باسە، ڕژێمی شاهەنشاهیی گەمارۆیەکی سەربازی و ئابووری سەختی بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا هەر لە خانێ وە هەتا سنەو پاوەو نە وسود سەپاند، بێسڵەمینەوە لە هیچ هێزێکی ناو وخۆو دەرەوە و بە گرتنە بەری لە بارترین شێوازی شۆڕشی چەواشە پەلاماری بەر بڵاوی بۆ سەر دەستە چەکدارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ح.د.ك دەستپێکرد.(١)

لەنامەیەکی کادرێکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ح.د.ك بۆ "حیسامی" لە سەرەتای ساڵی١٩٦٨ هاتووە:"حکومەت کەوتۆتە توندو تیژییەوە. لە لایەك خەڵکی سوێن وتەڵاق ئەدا کەنان نەدەن بەپێشمەرگەکان‌و یارمەتیان نەدەن و لەلایەکیش بە شێوەی ئەمەریکای یابە هێلیکۆپتێر تەعقیبی برادەران دەکەن، لەهەرلاوە جاش دروست ئەکاو خۆقایم ئەکا، پۆستەکانیان لەسەر سنوور نەفەراتیان زۆر ئەکاو دەیەوێ هەر پاسگایەك هیلیکۆپتیرێکی لێ بێ، هێندی هەواڵ هەن کەوا دەرئەخەن حکومەت بەنیازە لە سەرە بەهاردا لە لایەك زمانی کوردی‌و لیباسی کوردی یاساخ بکاو زمانی فارسی لیباسی پەهلەویبخاتە کایەوە، لەلایەکی ترەوە دەست بکا بەگرتن‌و تەبعیدکردنی نیشتمان پەروەران.(٢)

شایەنی باسە، ئیسماعیلی شەریفزادە، کە رابەرێکی جووڵانەوەکە بوو لەم قۆناغەداهەوڵیدا سوود لەو پەیوەندییانە بۆ جووڵانەوەکە وەربگرێت کە لە ساڵانی خوێندنیدا لەتاران لەگەڵ ڕۆشنبیرو خوێندکارە ئێرانییە مارکسیست‌و لایەنگرەکانی ڕەوتی چەپی نوێدا دایمەزراندبوو. هەربۆیە چەند نامەیەکی بۆ هەندێك لەوانە وەك: بهروزی دهقانی‌و رەزا نابدل ناردبوو، تیایدا داوایلێکردبوون هاوکات لەگەڵ

---

(١)هـ. س، ل ٥٤: گادانی ، ٥٠ ساڵ خەبات ، ل ١٣٧ .

(٢)حیسامی،لەبیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم ، ل ١٠٣ _١٠٤ .

جووڵانەوەکەی کوردستاندا هەوڵبدەن دەست بە کاری چەکدارانە دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی لە تاراندا بکەن. ئەو داواکارییانەی شەریفزادە کە لەبەر زۆرهۆ وەڵامی ئەرێیی نەدرایەوە.[1]

هەرپاش ماوەیەکی کەم دوای ئەو پەیوەندییانە، واتە لە ١٨ ی‌ئایاری ١٩٦٨دا، کاتێك شەریفزادە لەگەڵ چەند چەکدارێکی پارتیزاندا لەناوچەی بانە دەسوڕانەوە، لە لایەن یەکێك لەچەکدارەکانی خۆیەوە بە ناوی (کوێخا شەریف)کە پێشتر وەك جاسووس لە لایەن ساواکەوە خزێنرابووە نێو ڕیزەکانی کۆمیتەی چەکدارە شۆڕشگێرەکانی ح.د.ك، بریندار دەکرێت. کوێخا شەریف دوای ئەنجامدانی ئەم کەتنەی، ڕادەکاتە لای ڕژێم وشوێنی دەستە چەکدارەکان بە ژاندارمەو جاشەکان پێشاندەدا، هەربۆیە هێزێکی ئێرانیی ٤٠٠ کەسیی هەڵدەکوتنە سەر شەریفزادەو هاوڕێیانی کە بۆ حەوانەوە خۆیان لە ئەشکەوتێکدا خزاندبوو. پاش شەڕو پێکدادانێکی شەش ساتیی، خودی شەریفزادەو سێ کەس لە هەڤاڵەکانی بەناوی: میرزا محەمەدی شادومانی، حوسێنی ڕەحمان رابی، عەلی عەبدوڵڵای لەلایەن ژاندارمەکانەوە دەکوژرێن.[2]

لە ڕاستیدا ڕووداوەکان وردە وردە دەریانخست کە قسەکەی مەلائاوارە کە پێشتر بۆ مەلاعەبدوڵڵای حەسەنزادەی نوسیبوو، لەمەڕ بێ چەکییو تەقەمەنییو پشتی جەبهە لە سەدا سەد ڕاست وەگەڕان. وڵاتی میسر کە پێشتر خەیاڵێکی ئەو تۆیان لەسەردابوو بە هۆی کوردە ئێرانییەکانەوە سەرئێشە بۆ ڕژێمی شاهەنشاهیی دروستبکەن، دوای تێکشکاندنیان لە جەنگی شەش ڕۆژە بە جۆرێك گرفتار بوون هەلومەرجەکەی خۆشیان پێهەڵنەدەسوڕا. هەربۆیە چاوەڕوان نەدەکرا هاوکارییەکیان بۆ جووڵانەوە چەکدارانەکەی کوردستانی ئێران لە دەست بێتەوە.[3]

ڕژێمی عێراقیش لەگەڵ ئەوەی هەڵگیرساندنی جووڵانەوەیەکی بەو شێوەیەی لە کوردستانی ئێراندا پێ ناخۆش نەبوو، بگرە پێشتر هەندێ بەڵێنی سەرزارەکیشی بە ڕابەرەکانی دابوو. بەڵام لەکاتی تەنگانەدا ئامادە نەبوون یارمەتییەکی ئەوتۆ بە

---

(1) مۆمنی،س.پ، ل ٥٤ .

(2) هـ. س، ل ٥٥-٥٦ .

(3) هـ. س. ل ٥٢ .

جووڵانەوەكە بكاتو خۆی لە مەسەلەكە دوور خستەوە. دیارە ئەو هەڵوێستەی حكومەتی عێراق لەو راستییەوە سەرچاوەی دەگرت كە عێراق لە تەنگەژەو قەیرانێكی سیاسیی، سەربازیی و ئابوورییدا دەژیاو لەو قۆناغەدا لە بەرژەوەندیدا نەبوو لەبەر خاتری كورد لەگەڵ ڕژێمی شاهەنشاهییدا راستەوخۆ ڕووبەڕوو بێتەوە، دەیویست لە ڕێگای گفتوگۆوە كێشەكانی لەگەڵ ئێراندا چارەسەر بكات. [1]

حیزبی تودەش كە ئەو دەمە ناوەندی ڕێبەرایەتییەكەیان لە شاری لایپزیكی ئەڵەمانیای خۆرهەلاّت بوو، سەرەتا خۆیان لە مەسەلەكە نەگەیاندو ئامادەنەبوون پەیوەندیی بە سەرانی جووڵانەوەكەوە بكەن. بەڵام دوای پەرەگرتنی ڕووداوەكانو هەڵپڕژانەكانی نێوان ژاندارمو دەستە چەكدارەكان، حیزبی تودە كەوتنەخۆو لەژێر فشاری كوردە تودەییەكان كەئەو دەم لە ئەوروپای ڕۆژهەلاّت بوون، ئامادەیی خۆیان بۆ وتوویژ پێشاندا، هەربۆیە "د.رادمنش" سكرتێری تودەو عەبدولڕەحمانی قاسملوو كەریمی حیسامی هاتنە بەغداو لەگەڵ نوێنەرانی كۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموكراتدا لە ٩ یشوباتی ١٩٦٨ دا كۆبوونەوە. حیزبی توودە لەم كۆبوونەوەیەدا جگە لەوەی دانیان بە ح.د.كو مافی چارەی خۆنووسینی گەلی كوردو پێكهێنانی دەوڵەتێكی گەلی فیداریتو لە ئێراندا نابوو، جووڵانەوە چەكدارییەكەشیان وەك جووڵانەوەیەكی دیموكراتی شۆڕشگێڕو وەك بەشێك لە جووڵانەوەی گەلانی ئێران دژی كۆنەپەرستیی و ستەمی ڕژێمی شاهەنشاهیی و ئیمپریالیزم ناساندبوو، هەروەها بەڵێنی ئەوەشیان بەنوێنەرانی جووڵانەوەكەدا بوو كە هاوكاریی مادیی و مەعنەویی و جووڵانەوەكە بكەنو كەلوپەلی پزیشكیی و ئامێری چاپ و چەكو تەقەمەنیشیان بۆ دابینبكەن. ئەو بەڵێنانەی كە هیچیان جێبەجێ نەكرانو بە تەواویی لەلایەن ڕییبەرایەتیی حیزبی تودەوە پشتگوێ خران. [2]

بەهەرحاڵ، دەستە چەكدارەكانی كۆمیتەی شۆڕشگێڕی ح.د.ك لە كوردستانی ئێران بێ بەدەستهێنانی هیچ هاوكاریی و بێ دۆستوپشتو پەنایەك كەوتبوونە نێو گەمارۆی هێزەكانی ڕژێمی شاهەنشاهیی، هەربۆیە لەنێوان بەرگرییكردن تامردن یان

---

([1])جەلال، س. پ، ل ٢٣٦ _٢٣٧ .

([2])حیسامی لە بیرەوەییەكانم ، بەرگی سێیەم، ل ل ٩٤ _ ١٠٠ .

خۆبەدەستەوەداندا ڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەبوو. لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٨دا هێزێکی ئێرانیی سازو تەیار لە ناوچەی گەورکایەتی مەهاباد لەنزیك گوندی (قالوی) پەلاماری دەستەیەکی چەکدارانەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیاندا کە لە ژێر رابەرایەتیی عەبدوڵڵای موعینی دابوون. دوای بەرگرییکردن و کوشتنی چەند ژاندارم و چەکداری بەکرێگیراو، موعینیی و هەڤاڵێکی بەناوی (مینە شەم) دەکوژێن و یەکێکی دیکەشیان بەناوی (حەسەن خورخورەیی) بریندار دەکرێت کە پاش بەدیلگرتنی بە بەرچاوی خەڵکێکی زۆرەوە بەناوی چەتەو ڕێگرەوە تیرەباران کرا. ئەو ناوو ناتۆرەی ڕژێمی شاهەنشاهیی بۆ شاردنەوەی نێوەڕۆکی ئازادییخوازانەی جووڵانەوەکەو بەمەبەستی چەواشەکردنی ڕای گشتیی ئێرانیی بڵاویدەکردنەوە.(١)

لە کاتێکدا هێزێکی ڕژێم لە ناوچەی بەندەنی زەرزیدانی شاڕێگەی شەقامی مەهاباد وسەردەشت بۆ پشکنینی ناوچەکە دەسوڕانەوە، دەستەیەکی چەکدارە پارتیزانەکانی لێیان راپەڕین و دوای پێکهەڵپڕژان فەرماندەی هێزەکەیان بەناوی (شفا مقدم) بریندار کراو چەند دیلێکیشیان لێگرتن کەپاش ماوەیەك ئازادکران و لە گەڕانەوەیاندا بەفەرمانی سبهپود اویسی تیرەباران کران(٢)

هەروەها کاتێك مەلا ئاوارە بە فەرماندەیی دەستەیەکی چەکدار لەناوچەی سەردەشت دا لەجەولەکردندا بوون، لە گوندی (دێوالان) بەهۆی خۆفرۆشەیەکەوە خرانە دواوەو جگە لەمەلا ئاوارە خۆی، چەند هەڤاڵێکی تریشی بەناوی (مەلا کەچەو ڕەحمان وەتمان چاوشین) لەلایەن ژاندارمەکانی ڕژێمی شاهەنشاهییەوە دەستگیرکران و پاش ماوەیەك ڕاگرتنیان لە سەربازخانەی جڵدیان لە ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ١٩٦٨ گوللەباران کران.

پێویستە بوترێت کە کادرو ئەندامەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات جگەلەوەی ئەزمونێکی جەنگی پارتیزانیان نەبووەو لە کۆڕی خەباتی چەکدارانەدا قاڵ نەببوونەوە، نەشیانتوانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو بۆ کارێکی گرنگی لەو جۆرەیان سازبکەن، لەم قۆناغەدا زۆربەی ئاغاو

---

(١)حیسامی، قافلة من شهداء.. ، ص٧١ .، گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٣٨.

(٢)بەیاننامەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەڕ چونیەتی وەزع و کارەساتە خوێناویەکانی لە دژی کرەوەی دیکتاتۆری شادا، خەزەڵوەری ١٣٤٧ / ئۆکتۆبەری ١٩٦٨ .

موڵکدارەکان‌و بنەماڵە ئاینییەکان لە سیاسەتی ریفۆرمی زەوی‌و شۆڕشی سپی بێزارو جاڕس بوون کە لەلایەن کۆمیتەی شۆڕشگێڕەوە هیچ ئاوڕێکیان لێ نەدرایەوە. جگەلەوەی ڕووی مارکسیستی جووڵانەوەکەو پێداگرتنیان لەسەر مافی وەرزێر ئەوەندەی تر ئەو چینەی باڵای کۆمەڵگای کوردەواریی لەجووڵانەوەکە دڕدۆنگ‌و دوورەپەرێز ڕاگرت. مەسەلەی کوردو کوردستان مافی نەتەوایەتیی زیاتر لە پەراوێزدا باسی لێدەکرا. ڕیفۆرمی زەوی ڕژێم‌و پاشەکشەی سیستمی دەرەبەگایەتیی ببووە هۆی خاوبوونەوەی کێشەی چینایەتیی جووتیارو دەرەبەگ‌و ئەو توندوتیژییەی دەورانی حکومەت موسەدیقی نەمابوو. ئەو توێژەشی وەك کرێکاری وەرزیی لە دەرەوەی شارەکانی کوردستان کاریان دەکرد یاخود لە شارەکانی کوردستاندا بوون، نە لە جووڵانەوەکە نزیکبوون، نە وەك چینێکش تانوپۆیان ئاشکراو تۆکمە ببوو تا ڕۆڵێکی کاریگەریان لە جووڵانەوەیەکی چارەنووسسازی بەو شێوەیەدا هەبێت.[١]

هەروەها لە ٢ی‌ئۆکتۆبەری ١٩٦٨دا، لە چیای حاجی کیمی نێوان ئاواییەکانی کوکەو چوار دیواری نزیك شاری مەهاباد، هێزێکی ئێرانیی کە زیاتر لە ١٠٠٠ کەس دەبوون بە پاڵپشتی شەش تانکۆ بەچەکی زۆرەوە پەلامارێکی لەناکاویان کردەسەر دەستەیەك لە چەکدارە شۆڕشگێڕەکان کە لە هەشت کەس پێکهاتبوون‌و لەلایەن (سەید فەتاحی نیزامی) یەوە فەرماندەیی دەکران. لە ئاکامی دوازدە سەعات شەڕو کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ڕژێم سەید فەتاح‌و تەواوی دەستە چەکدارەکە لە نێوبران.[٢]

بەمشێوەیە، جووڵانەوەکە پاش لەدەستدانی بەشێکی زۆری رابەرو فەرماندەو ئەندامەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕو کوژرانیان لە شەڕی نابەرامبەردا لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرە پۆشتەو پەرداختەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی، بەجۆرێك تێکشکا کە دەرفەتێکی مانەوەو خۆڕاگریی بۆنەمایەوەو هەربۆیە ئەوانەی گیانیان دەرباز کردبوو یان ناچار بوون خۆیان بە دەستەوە بدەن یاخود هەڵاتنەوە عێراق.[٣]

---

([١])مؤمنی،س. پ ،ل ٦٠_٦١ .

([٢]) بەیاننامەی چەکدارە شۆڕشگێڕە کانی ...، خەزە لوەڕی ١٣٤٧.

([٣])کاوە، س. پ، ١٧٨ .

لەلایەکی ترەوە، ڕژێمی شاهەنشاهیی کە بە تێکشکاندنی جووڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران دڕتربوو، بەپشتبەستن بەو لیستانەی پێشتر ساواك سەبارەت بە کەس‌وکارو لایەنگری بەشداربووانی جووڵانەوەکەو نەیارانی ڕژێم ئامادەی کردبوون، شاڵاوێکی بەرفراوانی بۆ گرتن‌و دادگاییکردنی ئەو کەسانە دەستپێکرا کە هەر لە کرماشان‌و ڕەوانسەرو هەورامانەوە تامەرگەوەڕو تەرەگەوەڕی گرتەوە. شاڵاوێکی وا کە پێشتر نموونەی کەم بووەو سەدان کەسی لە جووتیاران، خوێندکاران، کاسبکاران، مەلاو شێخەکان، ڕۆشنبیران‌و مامۆستای قوتابخانەکان راپێچی سەربازخانەی ناوەندیی جڵدیان کران‌و پاش دادگاییکردنێکی سەرپێییانە ژمارەیەکی بەرچاویان بە ئیعدام‌و باقی تریش بە زیندانی درێژخایەن مەحکوم کردن . شایەنی باسە، عەشیرەتی لهۆنی کە بەدرێژایی حکومی محەمەدڕەزا شا لە شادۆستەکان حیساب دەکران‌و لەزۆربەی رووداوەکانی ناوچەکەدا بە قازانجی ڕژێم دەجووڵانەوە، ئەوانیش بەتۆمەتی هاوکاریی‌و پەیوەندییکردن بە تەیمور بەختیاری ڕاکردو لە عێراق تاوانبار کران‌و بەشێکی گەورەی رابەرو ئەندامانی ئەم عەشیرەتەیان کوشت یاخود بۆ زیندانەکانی قزڵ قەڵاو باشووری ئێران ڕاپێچ کران. [١]

لەراستییدا بە تێکشکاندنی جووڵانەوە چەکدارانەکەیساڵی ١٩٦٧_١٩٦٨و پەلامارە بەربڵاوەکەی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی، گەلی کوردو جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی لە کوردستانی ئێران گورزێکی هێندە مەزنیان بەرکەوت کە تا ماوەیەك نەیتوانی شوێنی خۆی بگرێتەوە، وەك ئاماژەی بۆ کرا باشترین کادرو ئەندامانی حیزبی دیموکرات یا لە جووڵانەوە چەکدارانەکەدا سەریان تێداچوو، یان گیران‌و حوکمی درێژخایەنیان بە سەدا سەپێنرا، مەسەلەیەکی وا کە لە ڕیشەو بنج و بناوانەوە پەیوەییە ڕێکخراوەییەکانی ئەو حیزبەی لەشارو گوندەکانی کوردستاندا هەڵکێشاو جگەلە پەیوەندییەکی سۆزو بیروباوەڕ لەولایەنەو شتێکی ئەوتۆی نەهێشتەوە .

دیارە لێرەدا نابێت ئەو لایەنە ئەرێییەی جووڵانەوەکە لەبیربکرێت کە لەکاتێکدا ڕژێمی شاهەنشاهیی هەموو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی لەسەر شانۆی سیاسیی وڵات

---

(١) سلطانی، س.پ، ل ل ٩٢ _ ٩٤ .

وەدەرنابوو، تەواوی ڕێکخراو گروپەکانی دژبە رژێمی دەمکوت کردبوو، ئێرانی بە (جزیرە ثبات/دوورگەی ئارام)لەنێو بارودۆخی پڕ قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناو دەبرد، لە هەلومەرجێکی واداو لە چیا سەختەکانی کوردستانەوە لە لایەن دەستەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دیموکراتەوە ١٨ مانگ راپەڕین‌و پێکهەڵپرژاندنی چەکداریی بەردەوامبوو. ئەمەش بووە سەرمەشقی ئەو خۆڕاتەکاندن‌و جووڵانەوە چەکدارییانەی دواتری هێزە چەپە شۆڕشگێڕەکانی سەراسەریی ئێران وەك "چریکە فیدائییەکان‌و موجاهیدینی خەلق" دژی رژێمی شاهەنشاهیی لە شارەکانی ئێراندا. جگەلەو دەنگدانەوە مەزنەی کەلە ئەنجامی جووڵانەوەکەو دڕندایەتیی ڕژێمی شاهەنشاهییەوەو لەلایەن ڕێکخراوو ڕۆژنامە ئازادیخوازەکانی ناوچەکەو جیهان بەرپا کرا، بەگشتیی بە بەدناوبوونی ڕژێم‌و ئاگاداریی ئازادییخوازانی جیهان لەسەر بوونی جوڵانەیەکی ئازادییخوازی لە ئێران وکوردستان کۆتاییهات .

گۆڤاری (ئاشتی وسۆسیالیزم) ئۆرگانی تیۆریی حیزبە کۆمۆنیست‌و کرێکارانی دنیا، لە ژمارە یەکی ساڵی ١٩٦٩دا، نووسیبووی:" لافاوێکی تازەی ئیعدام‌و کوشت و بڕ و گرتنی دیموکراتەکانی ئێرانی کەوتۆتە ڕێ. تەنیا لەم چەند مانگی دواییدا دەها کوردی دیموکرات ئیعدام کراون، دەزگا ڕەسمیەکانی ئێران بە ئەنقەست خەبەری گرتن‌و ئیعدامەکانی بڵاوناکەنەوە. لەکوردستان دەیان کەس گوللە باران کراون‌و دەکرێن کە لە دوای دیموکراسی بۆ ئێران‌و لە ماف‌و مەسلەحەتی گەلی کورد دیفاع دەکەن‌و دژی ئیمپریالیزم تێدەکۆشن."[١]

ڕۆژنامەی ایل پارتێتیۆ چاپی ئیتالیا لە ژمارەی ٢٨ی ژوئینی ١٩٦٩دا، نووسیویە:"کوردستان ناوچەیەکی ئێران ساڵی ١٩٦٩ بەهۆی راپەڕینی وەرزێران ٢٢ کەسی لێ ئیعدام کرا سەرلەنوێ کەوتۆتە بەر پەلاماری فاشیستی ٥٠کەس لەزەحمەتکێش و ڕووناکبیرانی کورد بەتاوانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی گوللەباران کراون، پاش کوشتن تەرمی ئەوانیان لە مەیدانی شارەکان بە خڵك پێشان داوە. ئاشکرایە کە وەك هەمیشە

---

(١)وەرگیراوە لە : حیسامی ، لە بیرەوەییەکانم ، بەرگی سێیەم ، ل ١٦٨_١٦٩ .

کوشت‌و بڕو فشاری کۆنەپەرستەکان بێجگە لە پەرەگرتنی جووڵانەوەی رزگارییخوازی‌و نێزیك بوونەوەی ڕۆژی ئازادی نەتیجەیەکی تری نابێ."[1]

لێرەدا جێی خۆیەتی کە ئاماژە بە رۆڵی نەرێیی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق بکرێت دژی ئەو جووڵانەوەیەوە، ئەو سەرکردایەتییەی کە بەهۆی حاڵەتی نیمچە وابەستەیی بە رژێمی شاهەنشاهیی ئێرانەوەو هەروەها بە تۆمەتی بوونی پەیوەندیی ڕێبەرایەتیی ئەو جووڵانەوەیە بە باڵی "جەلالیی" نەیاری سەرسەختی مەلامستەفا بارزانی‌و هەروەها هەوڵی نیکبوونەوەیان بە حکومەتی عێراقەوە، وەك دوژمنێکی دڵڕەق بڕوانێتە ئەو جووڵانەوەیەو ڕێبەرانی، مەسەلەیەکی وا کە گەیشتە رادەیەکی ئەوتۆ ئەم سەرکردایەتییە چەندین کاری نەخوازراوی ئەوتۆ ئەنجامبدات کە زیانێکی گەورەیان بە ناوبانگی سەرۆکەکەی‌و هەروەها هاوبەستەگیی نەتەوەیی کورد گەیاند کە لە ئایندەدا کاریگەریی فرە خراپی لەسەر پەیوەندیی هێزە سیاسییەکانی باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان لێکەوتەوە.

خدر مەرەسەنە، لەم بارەیەوە دەڵێت:" بۆ یەکەم جار گرتن‌و تەحویلدانەوەی مەلا رەحیم وردی، مەشهور بە مەلا ئەحمەد، لە سنوری بانە بە رژێمی شا لەلایەن سەدیقە فەندی فەرماندەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، دواتریش شەهیدکردنی کاك سەدیقی ئەنجیری‌و تیرۆرکردنی قادر شەریف بە پلانی شاو ساواك، هەروەها گرتنی کادرو ئەندامانی حزب لەلایەن پارتیەوەو تەسلیم کردنەوەیان بە رژێمی ئێران. کە هەرگیز بە فکری هیچ یەك لە ئەندامانی حزبی دیموکراتدا نەدەهات کە رۆژێك پارتی ئاوا نامەسئولانە بکەوێتە ژێر تەئسیری سیاسەتی شاو ساواك کە هیچ کوردێك چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لە پارتی‌و بارزانی نەبوو."[2]

هەروەها یەکێتی قوتابیانی کوردستان سەر بە باڵی "جەلالیی" لە بەیاننامەیەکی خۆیدا لە بەرواری ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٨ لەژێر سەردێڕی "ئەی جەماوەری قوتابیانی کوردستان ئەی گەلی مەزنمان – پیلانگێڕییەکەی ریسوا بکەن. پیلانگێڕیی

---

(١) هـ. س، ل ١٧٠

2 خدر مەرەسەنە، ئاوێنەی راستییەکان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٧٨-٧٩.

کۆنەپەرستیی ئێرانیی و کۆنەپەرستیی کوردیی دژی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران" دەڵێت:

" ئەوە نزیکەی دوو ساڵە بارزانی هاوکاریی دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەکات لە راوەدونان هاوڵاتییە کوردەکان لە کوردستانی ئێران. تائێستا هەندێك لە ئەندامان و رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێران کردۆتەوە کە یەکێك لەوانە تێکۆشەر (سەدیق ئەنجیری)یە، ئەوانەی کە لەلایەن دەزگای ئەمن و ئیستیخباراتی ئێرانییەوە داواکراو بوون و لەکاتی خۆیدا پەنایان بۆ کوردستانی عێراق هێنابووو کاتێك بارزانی دژیان بایدایەوە چەند تاقمێکی زۆریان ناچاربوون بگەڕێنەوە کوردستانی ئێران، لەوێ پێکدادانی چەکدارییی لەنێوان ئەوان و هێزە ئێرانییەکاندا قەوماو تووشی هەڵمەتی هەماهەنگی هاوبەشی بارزانی و دەسەڵاتدارە ئێرانییە بەکرێگیراوەکان بوون، بارزانی ژمارەیەکی لە پیاوەکانی خۆی ناردووە تا لەو پەلامارەدا بەشداریی بکەن و بەو دواییەش یەکێك لە رێبەرایەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە خەباتگێڕ (فایەقە/ناوی نهێنیی سلێمانی موعینی یە–ل) لەلایەن بارزانییەوە قۆڵبەستکراوە، داخۆ بارزانی لە زیندانەکانی خۆیدا دەیهێڵێتەوە یان رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەکاتەوە، ئەگەر تائێستا لەژیاندا مابێت...هەموو کوردێکی دڵسۆز بە پەژارەیەکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەم کارو کردەوانەی بارزانی لەپێناو خزمەتکردنی کۆنەپەرستیی ئێرانییدا کە ئامانج لێی توندکردنی کۆتی چەوساندنەوە و ملکەچپێکردنی گەلەکەمانە. بارزانی کە دەسەڵاتی رەهای خۆی لە کوردستانی عێراق وەك فەرماندەی شۆڕش و رابەرو زمانحاڵی گەل و بڕیاردەرو یارییپێکەر بە چارەنووسی، بۆچی دەست لە کاروباری گەلی کورد لە ئێران وەردەدا؟ ئایا دەیەوێت وەك برا کوردەکانیان لەعێراق بیانخاتە ژێر سایەی سۆزی باوکانەی خۆیەوە یاخود ئەوانیش غەزبیان لێگیراوە؟ گەلی کوردمان لەعێراق و تەواوی پارت و رێکخراوە پێشکەوتووخوازەکان داواکراون ئەم پیلانگێڕییە دژی گەلەکەمان لە ئێران ریسوا بکەن"[1]

---

[1] بڕوانە: رێکخراوە دیموکراسیی و پیشەی یەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٥٨–١٩٦٨، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : شازین هێرش، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١٥٥–١٥٦.

# بەشی چوارەم

# کوردستانی ئێران لە دوادەیەی حوکمی رژێمی شاهەنشاهیی تا هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی

## باسی یەکەم: سەرنجێکی گشتی لەهەل‌ومەرجی کوردستانی ئێران وجووڵانەوەی نەتەوایەتییەکەی لەنێوان ساڵانی (١٩٦٩- ١٩٧٥) دا

لەراستییدا، جووڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٦٧-٦٨ ئەگەر لەلایەکەوە بێناوەرۆکبوونی ئەفسانەی دوورگەی ئارامی شای لانیکەم بۆ گەلانی ئێران‌و ئازادییخوازانی جیهان‌و ناوچەکە ڕوونتر کردەوەو ڕەوایی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان‌و کێشە نەتەوایەتییەکەی سەلماند. لەلایەکی ترەوە، وەك وترا بەتێکشکاندنی ئەو جووڵانەوەیە، گەلی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستان زەبرێکی توندیان بەرکەوت کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەئێرانی شاهەنشاهییدا تاماوەیەك هەلومەرجی سەرپێکەوتنەوەی بۆنەرەخسایەوەو نەیتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە سیاسەت‌و ئاسایشی ڕژێمە دڕەکەی محەمەدرەزا پەهلەویی دروستبکات، چونکە وەك وترا جگەلەوەی ژمارەیەکی زۆر لەرابەرو کاردرو ئەندامە پێشکەوتووو لێهاتووەکانی ح.د.ك لەشەڕەکاندا کوژران، بەشێکی زۆریش لەئەندام‌و لایەنگرانی حیزبیی کەوتنە بەرشاڵاوە بەربڵاوەکەی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێم لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٨و ڕەوانەی زیندانە تاریکەکان کران، کە ژمارەیەك لەوانە دواتر لەسێدارەدران‌و ژمارەیەکی تریشیان حوکمی درێژخایەنیان بەسەردا سەپێنرا. کارەساتێکی وا کە ح.د.ك و جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردی لەکوردستانی ئێراندا تووشی ئیفلیجییەکی کەموێنە کرد.

لەلایەکی ترەوە، دەبێت ئەو راستییە بوترێت کە هەر لەژێر کاریگەریی ئەو جووڵانەوە چەکدارییەی ساڵانی ٦٧-٦٨ی کوردستانی ئێراندابوو کە ڕێکخراوی چریکە

فیداییەکانی خەڵکی ئێران لەسەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠وە بڕیاری هەڵگیرسانی جەنگی پارتیزانیان دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی ڕاگەیاندو چەند گورزێکی توندیان لە دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێم وەشاند. ئەو جووڵانەوەیەی کە لەبەر زۆر هۆکاری جیاواز نەیتوانی ئامانجەکانی بهێنێتەدیو لەساڵی ١٩٧٣دا بەتوندی لەلایەن ڕژێمەوە سەرکوتکرا. دیارە تێکڕای ئەو ڕووداوانە دورگەی ئارامی ئێرانی شاهەنشاهییان بۆ ئارامیی پێش گەردەلوول گۆڕی.[١]

ئەگەر لەم قۆناغەدا ئاماژە بە ڕووداوێك بکرێت کە بەسەرکەوتنێکی مەزن لەمێژووی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەقەڵەم دەدرێتو ڕۆڵێکی مەزنی لە هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتیی لەسەرانسەریی کوردستانداهەبوو، ئەوا دەبێت باس لەمۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەنێوان حکومەتی عێراقو ڕێبەرایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق بکرێت، ئەو ڕێکەوتننامەیەی کەتیایدا حکومەتی عێراق بەفەرمیی دانی بەمافی نەتەوایەتیی گەلی کورددا لەشێوەی خودموختارییی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا نا. مەسەلەیەکی ئەوتۆ کەبووە هۆی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لەژیانی گەلی کوردستانی عێراقو کاریگەرییەکی ئاشکراشی لەسەر زیندووکردنەوەو ڕێکخستنەوەی ح.د.ك و ژیاندنەوەی هیواو ئومێدی کوردەکانی ئێران بەجێهێشت. هەروەك حسن زادە ئاماژەی پێدەدات کاتێك دەڵێت:"بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ١١یمارس شەپۆلێك لەخۆشحاڵیو جەژنو شادمانی نەك هەر لەکوردستان بەڵکو لەسەرانسەریی عێراقدا وەڕێخستو کۆمەڵانی گەلی کورد لەپارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا هێنایە سەرکەیفو شادی. بەڵام زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەهەمووان زۆرتر بەو خەبەرە خۆشحاڵ بوونو لەهەمووان زیاتر شایی یان لەدڵ دەگەڕا. بە بۆچوونی ئێمە بەبڵاوبوونەوەی ئەو بەیاننامەیە زنجیری دەستو پێمان کرابۆ وە لەمەولا دەمانتوانی بەئیشتیا بایبالی خۆمان بدەینو بڵێین ئێمەش شتێکین."[٢]

---

([١]) مدنی، تحلیلی فشردە أز... ل٥٨.، گوتام، س.پ ، ل٥٠٠

([٢]) حسن زادە ، س.پ، ل ٥٨.

دیاره ڕژێمی شاهەنشاهیی‌و خودی شەخسی محەمەدڕەزا شا تاڕادەیەکی زۆر لە ڕێکەتننامەی ١١ی ئازار نیگەران بوون‌و ترسێکی گەورەیان لەئاکامەکەی لێنیشت، چونکە لەلایەکەوە ڕێبەرایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق بەمۆرکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە جارێکی دی بەئاراستەی سەربەخۆی خۆی هەنگاوی ناو بەهایەکی ئەوتۆی بەئامانجە فراوانخوازییەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی نەدا. لەلایەکی دیکەشەوە بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەشێوەی خودموختاریی لەلایەن کوردەکانی عێراقەوە جارێکی دی هانی کوردستانی ئێرانی دەداو ئومێدی نەتەوەیی کوردەکانی ئەو پارچەیەی کوردستانی دەبوژاندەوە. ئاکامێکی وا کە محەمەدڕەزا شا بەسەرئێشەیەکی گەورەی بۆ خۆی‌و ڕژێمەکی لەئێراندا دادەنا. هەربۆیە وەك پژمان دەڵێت: "شا هەمیشە لەبارەی بەجێگەیاندنی پەیمان‌و بەڵێن‌و ئەنجامی بڕیارەکانی شورایی بەرزی شۆڕش (مەبەستی بەرزترین دەزگای بالای دەسەلاتی ڕژێمی عێراقە-ل)و هەروەها لەبابەت بەڕێوەبردنی خودموختاری کوردستان لەعێراق‌و پێشوازی‌کردنی خەڵکی کورد پرسیاری دەکرد... بیرو مێشکی شای ئێرانی بەخۆیەوە خەریك‌و تاڕادەیەکیش ئاڵۆزکردبوو."(١)

شایەنی باسە، ئەو ئازادییە بەرفراوانەی کە بۆماوەی چوارساڵ دوای ڕێکەوتننامەکەی ئازاری ساڵی حەفتا لەکوردستانی عێراقدا ڕەخسابوو، خزمەتێکی گەورەی بەکادرو ئەندامەکانی ح.د.ك کردو دەرفەتێکی باشی خستەپێش تا بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب‌و دانانی ڕێبازو پرۆگرامێکی دیارییکراو تێبکۆشن. ئاشکرایە دوای لەدەستچوونی بەشێکی زۆر کاردو ئەندامەکان وەك ئاکامێکی شکستی جووڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٦٧-٦٨، حیزبی دیموکرات لەهەلومەرجێکی زۆر نالەباردا خۆی گرتبۆوەو ئەندامەکانی بەپرش‌وبلاویی لەناوچە جیاجیاکانی عێراق دوور لەیەکتر گیرسابوونەوە.

وێڕای ئەوەی، ئەو تاقمەی بەناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لەسەنگەسەر بوون لە ١٧ی ئابی ١٩٦٩دا شتێکیان بەناوی کۆنفرانسی دووی حیزب

---

(١) پژمان ، نهێنی‌یەکانی پەیمانی...، ل ١٠٥.

**لەیەكێك لە گوندەكانی بناری قەندیل پێكهێنابوو، بەڵام لەبەر هەلومەرجە ئاڵۆزو ناجێگیرەكەی ئەو دەمی كوردستانی عێراق نەتوانرابوو. هەنگاوی ڕێكوپێك بهاوێژرێت. ئەو مەسەلەیەی كەدوای ئازاری ١٩٧٠ گۆڕانكارییەكی گەورەی بەسەرداهات، بەتایبەتیی دوای ئەوەی دكتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو كەریمی حسامی لەئەوروپا گەڕابوونەوە عێراق‌و ئامادەیی خۆیان بۆ هاوكاریی‌و زیندووكردنەوەی حیزب ڕاگەیاندبوو، بەجۆرێك هەلومەرجی یەكگرتنەوەو ڕێكخستنەوەی ح.د.ك پتر لە هەر وەختێكی دی زەمینەی بۆ ڕەخسا.[1]**

**شایەنی باسە، هێشتا هەلومەرجی بەستنی كۆنفراسی سێیەم بەتەواویی نەگەیبوو، كە لەلایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بڕیاری دەركردنی یەكەم ژمارەی خولی چوارەمی* ڕۆژنامەی "كوردستان" ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك لە كانونی ١٩٧١دا، بڵاوكرایەوە. دیارە دەركردنی ڕۆژنامەی كوردستان لەم قۆناغەدا هەوڵێكی پڕۆپاگەندەیی‌و ڕاگەیاندنی حیزبیی سەركەوتووانەبوو كە بەدوو زمانی كوردیی– فارسیی چاپدەكراو جێگای خۆشحاڵیی‌و ئومێدی ئەندامانی حیزبیی بوو. جگەلەوەی وردە وردە هەوڵی گەیاندن‌و بڵاوكردنەوەی لەنێوخۆی كوردستانی ئێراندا دەدراو بگرە**

---

[1] حسن زادە، س.پ، ل ل ٥٢، ٦٠.

* خولی سێیەمی ڕۆژنامەی "كوردستان" لە سلێمانی لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە چاپ‌و بڵاوكراوەتەوەو ٤ ژمارە زیاتری لێدەرچووە. لەسەرەوەی ڕۆژنامەكە بەگەورەیی نووسراوە (كوردستان)، لەژێری (ئۆرگانی حیزبی دیموكراتی كوردستان)، لەلای ڕاستی نووسراوە (بەرەی یەكگرتووی نیشتیمانی، نێوان حیزبەكانی شۆڕشی‌و نیشتیمانی بەرامبەر ئیمپریالیزم‌و داگیركەری ئاڵای خەباتمانە. ئازادی ئێران‌و پێكهێنانی كۆمەڵێكی نیشتیمانی‌و دیموكرات‌و دیاری كردنی لانی كەمی مافی نەتەوایەتی‌و بەرەی ئاشتی‌و ئاسایش لەجیهان). لەلای چەپی ڕۆژنامەكە نوسراوە: حاكمیەتی میللی‌و دیموكراتی ژیانی خۆش‌و بەختیاری نەتەوەی كورد ئامانج‌و دروشمی خەباتمانە. خەبات‌و سەركەوتنمان بوو قایم بوونی دۆستایەتی نێوان نەتەوەكانی ئازادیخوازو پشتگری بزوتنەوەی گەلانی وولاّت داگیركراو زیدی ئیمپریالیستی لەسەرانسەری جیهانە. دواتر لەژێر ناونیشانی ڕۆژنامەكەدا نوسراوە (بەروار– ١ی گەلاوێژی ١٣٣٩)ی لەژێریدا (بروار ٢٣ی ژوئیەی ١٩٦٠)، لەلای ڕاستی نوسراوە (ژمارە –١–) لەژێریدا (دەورەی سێهەم). لەلای چەپیشی (لەشار دانەی ٥ قڕان) لەژێری (لەلادێ دانەی ٣ قڕان). ئەم ڕاستییە مێژووییە بۆ یەكمجار لەلایەن ئێمەوە وتارێكی لەبارەوە نووسراوە. بڕوانە: د.یاسین سەردەشتی، لاپەڕەیەكی ون لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی سیاسیی كوردیی، مادێنە، نیومانگییەكی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە گرنگی بە كاروباری پێشمەرگە دێرینەكان دەدات، ژمارە ٤، ٢٩ی تەموزی ٢٠٠٦.

لەوەش زیاتر بەرهەمی نووسین و بلاوکردنەوەی لەنێوخۆی ولاتەوە پێدەگەیشت. دروشمی سەرەکیی حیزب کە لەدووبەش پێکهاتبوو، هەموو جارێك لەیەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپدەکرا، کەبەشی یەکەمی بریتییبوولە (بۆ ڕووخانی ڕژێمی کۆنەپەرستی پاشایەتی و بۆ ڕزگاری ئێران خەباتی خۆمان پەرەپێ بدەین). بەشی دووەمیش (بۆ پێکهێنانی حودمەختاری لە کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی‌دا تێبکۆشین). هەروەها (سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووانەی گەلانی ئێران) دروشمێکی تری ڕۆژنامەی کوردستان بوو.[1]

دوای جێبەجێکردنی ئامادەکاریی پێویست ح.د.ك لە ٢١ حوزەیرانی ١٩٧١دا، کۆنفراسی سێهەمی خۆی لەشاری کۆیەی سەر بەپارێزگای هەولێری کوردستانی عێراق بە بەشداریی ٣٢کەس لە ڕێبەرایەتیی و کادرە پێشکەوتووەکانی خۆی بەست. ئەو کۆنفراسەی لەمێژووی حیزبدا گرنگییەکی تایبەتیی خۆی هەیە، چونکە بەسەرەتای ئاڵوگۆڕێکی گەورە لەتەواوی بوارەکانی حیزبدا دەژمێردرێت. وەك ئاشکرایە، کۆنفرانس بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆو چەند ئەسڵی گرنگ و پێشکەوتووانەی لەناو حیزب دامەزراند، جگەلە دیارییکردنی ستراتیژو تاکتیکی حیزب و دەستنیشانکردنی دۆست و دوژمنەکانی ناوەوەو دەرەوەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کوردستانی ئێران و پێداگرتن لەسەر هاوکاریی وهاوخەباتی هێزە پێشکوتووخوازە ئێرانییەکان.

هەروەك نەریتی حیزبە پێشکەوتوخوازەکان، کۆنفرانس چەندین پەیامی بۆ ئۆرگان و ڕێکخراوو لایەنە جۆربەجۆرەکان بلاوکردوونەتەوەو دواتر بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسیی و ئوسوڵیی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووخوازەکانی کوردستان و ئێران و ناوچەکە هەنگاوی ناوەو ئەو پەیوەندییەشی ڕێك وپێکتر کردووە کە لە سەرەتای ساڵی حەفتاوە لەنێوان حکومەتی عێراق و ح.د.ك دا لەسەر بنەمای دژایەتیی ئیمپریالیزم و ڕژێمی شاهەنشاهیی پێکهاتبوو. هەروەها زیادکردنی ناوی (ئێران) بۆ ح.د.ك یەکێکە لەبڕیارەکانی ئەم کۆنفرانسە. لەبواری چاپەمەنیی و ڕێکخستنیشەوە هەوڵدراوە هەنگاوی سوودبەخش بهاوێژرێت، لەلایەك بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی

---

[1] گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٥٨.

خەڵكو بڵاوبوونەوەی بۆچوونو سیاسەتەكانی حیزب هەوڵدراوە ڕۆژنامەی كوردستان بەشێوەیەكی باشتر وپڕنێوەرۆكتر بڵاوبكرێتەوە. لەلایەكی ترەوە، بۆ پەروەردەكردنی ئەندامانی حیزبیی، بڕیاری چاپكردنی بڵاوكراوەیەكی نێوخۆیی بەناوی (تێكۆشەر)ەوە دراوە.[1]

بەرنامەی ح.د.ك پەسەندكراوی كۆنفرانسی سێیەم پاش ئەوەی باسی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی كورد لەكوردستانی ئێرانو هەلومەرجی مێژوویی‌و سیاسیی‌و جیهانیی لەو قۆناغەدا دەكات، هەوڵ دەدات مەسەلەكانی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ئیستعماریی كۆنو پەرەسەندنی خەباتی ئازادییخوازانی گەلانی ژێردەستە دژی ئیمپریالیزمی جیهانیی بەرابەریی ئەمەریكا شیبكاتەوەو دواتر دێتەسەر بارودۆخە سیاسیی‌و ئابووریی‌و كۆمەڵایەتییەكەی ئێرانو باس لەپاشەكشەی سیستەمی فیودالیی‌و كاریگەرییەتیی ڕیفۆرمی زەوی ڕژێمی شاهەنشاهیی لەسەر بەرینتركردنی بازاڕی سەرمایەداریی‌و پرۆسە سەرمایەگوزارییەكانی بێگانە بەقازانجی بۆرجوازیی كۆمپرادۆر لەئێراندا دەكات.

بەرنامەی كۆنفراسی سێیەم سەبارەت بەبارودۆخی سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی ئێرانی شاهەنشاهیی نووسیویە:"كۆنسرسێوم وەك بنكەی هەرەگەورەی ئابووری‌و سیاسی ئیمپریالیزم لەئێراندا ئیستاش نەك هەر ساڵی بەسەدان میلیۆن دۆلار سامانی نەوتی ئێران بەتاڵان دەبا بەڵكوو لەناو دەوڵەتی ئێراندا بۆ خۆی بۆتە دەوڵەتێكو لەخوارەوە هەتا سەرێ بەسەدان جیرەخۆری لەهەموو دەزگای دەوڵەتیدا هەیەو تەئسیر دەكاتە سەر دیاریكردنی سیاستی گشتی وڵات. لەسیاسەتی دەرەوەدا ڕژێمی ئێران پێڕەوی لە ئیمپریالیزمو بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریكا دەكا، بێجگە لەئەندامەتی پەیمانی سەنتۆ كەدەستبەندی‌یەكی عەسكەری‌و ئیمپریالیستی دژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئێران پەیمانی دووقۆڵی عەسكەریشی دەگەڵ دەوڵەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بەستووەو هەزاران موستەشاری ئەمەریكایی بەسەر لەشكرو پۆلیسو ژاندرمەی دازاڵن. لەئیرانی ئەوڕۆ دیكتاتۆری گەیشتۆتە ئەوپەڕی. شوێنەواری ئازادی‌و

---

[1] هـ. س، ل ل ١٦٠-١٦٤.

دیموكراتی نەماوە. حیزبە نیشتمانیو پێشكەوتووەكان، سەندیكاو ڕێكخراوە دیموكراتییەكانی سینفی هەموو بە غەیرەقانونی ڕاگەیەندراون، ئازادی بەیانو بڵاوكردنەوە نەماوە، مەجلیسی شوراو سەنا لەلایەن شاوە دیاری دەكرێن، دەسەڵاتی قانون دانانو دادخوازیو ئیجرائی هەموو بەدەست شاوەیە. دەزگا قشونو پۆلیسو سازمانی ئەمنیەت حاكمی گیانیو ماڵی خەڵكن ئێران بۆتە بەندیخانەی هەموو ئینسانێكی بەشەرەفو ئازادیخواز. بەم جۆرە ناتەباییەكی گەورە لەناو دەسەڵاتی سیاسیو وڵاتو گۆڕانی ئابووریو كۆمەڵایەتیی، لەناو شاو دەربارو جیرەخۆرانی لەلایەكەوە گەلانی ئێران لەلایەكی دیكەوە پێك هاتوە كەتاقە ڕێگای چارەسەركردنی بەرپاكردنی شۆڕشێكی قوڵی كۆمەڵایەتییە." [1]

لەمەر هەلومەرجی گشتیی كوردستانی ئێرانیش لەبەرنامەكەدا هاتووە:"٤- كوردستانی ئێران لەبارەی ئابووریو كۆمەڵایەتیەوە ناوچەیەكی دواكەوتوە لەناو وڵاتێكی دواكەتودا، لەراستییدا كوردستانی ئێران هەرچەند لەباری تەبیعیو سامانی ژێرر ئەرزیەوە دەوڵەمەندە، یەكێك لەپاش كەوتووترین ناوچەكانی ئێرانە. گۆڕانی ئابووریو كۆمەڵایەتیی لەكوردستانی ئێران تەناتەت وەك ناوچەكانی تری ئێرانیش نەبووە، وەزعی ئابووریو لەش ساخیو فەرهەنگیی زۆربەی دانیشتووانی كوردستانی ئیران زۆركەم گۆڕاوەو پایەی زۆرنزمە، زەحمەتكێشانی كوردستان لەهەژاریو كوێرەوەریدا دەژین دێیەكانی كوردستان لەیارمەتی پزیشكیو دەرمانو قوتابخانەو ئاوەدانی بەتەواوی بێ بەشن.كوردستانی ئێران ناوچەی هەر میلیتار ڕێزكراوی ئێرانە. قانوون لێرەدا هیچ مانایەكی نییە. مووچە خۆرانی لەشكریو بەتایبەتی ژاندرمری وسازمانی ئەمنیەت هەموو دەستەڵاتێكیان بەدەستەوەیە. زۆرداری نەتەوایەتیی هەموو كوردستانی ئێرانی گرتۆتەوە. ڕژێمی شا لەبەشی سێهەمی چەرخی بیستەمیش دا نایەوێ ئیعتراف بكا كەلە ئێران نەتەوەیەك بەناوی نەتەوەی كورد هەیە كەبەشێكە لەو نەتەوەیەی كەلە وڵاتەكانی دراوسێی ئێران لەسەر خاكی باب‌وباپیران دەژین، منداڵانی كورد دەبێ هەر لەمنداڵییەوە بەزمانی فارسی بخوێننو مەجبورن لەقوتابخانەدا

(1) بەرنامەی حیزبی دیموكراتی كوردستان (ئێران) پەسەندكراوی كۆنفرانسی سێهەمی حیزب, جۆزەردانی ١٣٥٠.

بەفارسی بدوێن. بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی بەزمانی کوردی قەدەخەیە، فەرهەنگیی نەتەوایەتیی گەلی کورد دەرەتانی پێشکەوتنی نی یە. مووچەخۆرانی بەرز زوربەیان کورد نین. کەمترین داخوازی نەتەوایەتیی بەتوندی سەرکوت دەکرێ. سیاسەتی بەفارس کردنی کوردەکان کەلە زەمانی ڕەزاشاوە دەست پێکرابوو ئێستاش هەر درێژەی هەیە. زۆرداری نەتەوایەتیی لەهەموو بەشێکی ژیانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتییدا لەکوردستانی ئێران بەرچاو دەکەوێ. کوردستان کراوە بە بەندیخانەی گەلی کورد."[1]

دەربارەی دیارکردنی دوژمنانی نەتەوەی کورد لەکوردستانی ئێرانو ستراتیژی ح د ك ا، بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنفرانس دەڵێت:" ٥- بەمجۆرە ئمپریالیزم و ڕژێمی شاو هاودەستەکانی لەکوردستان دوژمنی گەلی کوردو کۆسپی پێشکەوتنی وڵاتەکەمانن خەباتی گەلەکەمان دژی ئەوانەیە. حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە گەلانی ئێرانیش هەر لەو وەزعەدانو دوژمنانی گەلی کورد دوژمنانی گەلانی ئێرانن ... حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە ڕێگای ڕزگاری ئێران پێك هێنانی بەرەیەکی بەرینی یەکگرتووی دژی ئیمپریالیستیيە کە هەموو هێزە دیموکراتیو نیشتیمانیەکانو ڕێکخراوەکانی سیاسیو سینفی پێشکەوتوو لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش لەڕیزیخۆیدا کۆبکاتەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بڕوایەدایە کەبۆ ڕزگاری ئێرانێکی دیموکراتیدا حکومەتی خودمختاری کوردستان دابمەزرێ کە بتوانێ داخوازەکانی مێژووی گەلی کورد وەدی بێنێ.. حیزبی دیموکراتی کورستان لەو بڕوایەدایە کە بەخەباتی شێلگیر، ئیمکان هەیە ڕژێم مەجبوور بکرێ پاشەکشە بکا.. جالەبەر ئەوە حیزبی ئێمە هەر ئێستاش بۆ هێنانەدی هێندی داخوازیوەك ئازادی زیندانیانی سیاسی و بەفەرمیی ناساندنی زمانی کوردیو ...هتد خەبات دەکاو پێی وایە کە خەباتی ڕێكوپێك دەتوانێ ئەم داخوازانە بەسەر ڕژێمی شادا بسەپێنێ.

٦- بۆ گەیشتن بۆ ئامانجی ئەسڵی گەلی کورد کە بریتیيە لەپێکهێنانی حکوومەتی خودمختاری کوردستان لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی دا. حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکگرتنی هێزە دیموکراتیو نیشتمانیەکانی ئێران بەشەرتێکی ئەساسی

---

(1) ه.س.

دادەنیٚ، میٚژووی ٢٥ سالٚ جوولاٚنەوەی دیموکراتی لە ئیٚران بەچاکی دەری دەخا کە ئیمپریالیزمو ڕژیٚمی شا لەئیٚران لە نەبوونی یەکیٚتی هیٚزە شۆڕشگیٚرو پیٚشڕەوەکانی گەلانی ئیٚران ئەوپەڕی کەلٚکیان وەرگرتوە لە راستییدا ڕژیٚمی دژی نیشتمانی هەر بۆیە خۆی ڕاگرتوە کە ڕیٚکخراویٚکی یەکگرتووی شۆڕشگیٚڕ لەئیٚراندا پیٚك نەهاتوە کە بتوانیٚ خەباتی کۆمەلاٚنی خەلٚك بەڕیٚوەبەریٚ"[1] دواتر بەرنامەکە کە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی لە (٣٤) خالٚدا کۆکردۆتەوە کەتیایدا باس لە پەیوەندییە سیاسیی‌و ئابووریی‌و گشتییەکانی ناوچەی خودموختاریی کوردستان بەو حکومەتە دیموکراتییەوە دەکا کەوەك ئەلٚتەرناتیڤیٚکی ڕژیٚمی دیکتاتۆریی پەهلەویی خوازراوە.

شایانی باسە، ئەرکیٚکی فرەگرنگی دیکەی کۆنفراسی سیێیەم کەخستوویەتیە سەر شانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.ا سەرلەنویٚ زیندوکردنەوەو دامەزراندنەوەی ڕیکخستنەکانی حیزب‌و کۆمیتەکانیٚتی لەنیٚوخۆی کوردستانی ئیٚراندا. بۆئەو مەبەستەش کۆمسیۆنیٚك پیٚکهات کەئەندامەکانی: کەریمی حیسامی –بەرپرس، حەسەن رستگار، ڕەسولٚ پیٚشنماز، کەریم حەدادو قادر ویٚردی بوون. ئەو کۆمسیٚونە هەولٚیداوە هیٚدیی هیٚدیی چالاکیی سیاسیی‌و ڕیٚکخراوەیی لەناوچەکانی بانە، سەردەشت‌و مەهاباد دەستپیٚبکاتەوەو پەیوەندیی لەگەلٚ ئەندامانی حیزبییدا نویٚ بکەنەوە. لەراستییدا، هەر دوای دامەزراندنی ئەو کۆمسیٚونە بوو کە ژمایەك لەلاوانی سەردەشت‌و مەنگوڕایەتی کەبەشی زۆریان فەقیٚی حوجرەکان بوون نامەیان بۆ ڕیٚبەرایەتیی حیزب نووسی‌و داوای ئەندامەتیی‌و پەیوەندیکردنیان کرد، ئەو داوایانەی کەلەلایەن ئەو کۆمسیٚونەوە وەلاٚمی ئەریٚیی درانەوە.[2]

پیٚویستە بوتریٚت کە ئەو کۆمسیٚونەی حیزبی دیموکرات لەهەلومەرجیٚکی وادا کەوتە چالاکیی ڕیٚکخراوەیی لەنیٚو خۆی ولاٚت کەڕژیٚمی شاهەنشاهیی‌و دەزگا جاسووسیی‌و داپلٚۆسیٚنەرەکانی، لەسیٚبەری خۆیان سلٚیان دەکردەوە بەتوندترین شیٚوە لەکوردستانی میلیتاریزەکراودا بەگژ هەردەنگیٚکی ئازادییخوازانەدا دەچوونەوە، هەر لە٤ی کانونی دووەمی سالٚی ١٩٧٣دا بوو کەڕژیٚم لەشاری سنە پیٚنج لاوی ئازادییخوازی کوردی

---

[1] هـ.س.

[2] گادانی، ٥٠ سالٚ خەبات، ل ١٦٧.

بەناوی: علی فەیزوڵلاّ، ڕۆستەم دەستبەری، عیسا مەجیدی، سەید سادق هیدایەتی و لەتیف تۆفیقی گوللەباران کرد. هەروەها لەدووهەمین ڕۆژی نەورۆزی ڕێکەوتی پێنج شەممەی ٢٢یئازاری هەمان ساڵ لەکاتێکدا قادر وێردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك أ و ئەندامی کۆمسیۆنی ڕێکخراوەیی بەهاوەڵیی ئەندامێکی تری حیزبی بەنێوی محەمەد سدیق لەشاری بانەو لەماڵی عەزیز مستەفازادە برای خلیل شەوباش، خەریکی کاروتێکۆشان دەبن، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر ژاندرمو جاشی ڕژێمەوە دەوریان دەگیرێت و دوای پێکدادانو بەرگریی، قادرویێردی دەکوژرێتو هاوەڵەکەشی بریندارکرێت کەدواتر لەگەڵ خانەخوێکەیاندا دەگیرێنو پاش شکەنجەو وئازاردانێکی زۆر لەڕۆژی٢یتشرینی دووەمی ١٩٧٣دا لەسەربازخانەی سنە هەردووکیان گوللەباران دەکرێن.[١]

جگە لەوانە لە ڕۆژی ١٧ی نیسانی هەمان ساڵدا، ئەندامێکی تری ح.د.ك.١ بەنێوی (محەمەد ڕەمەزانی) لەگەڵ لاوێکی دیکەی ئازادیخوازی کورد بەناوی (حوسێن تۆفیقی) لەشاری سنە بەدەستی پیاوانی ڕژێم گوللەباران کران.[٢]

کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.ا لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە کوشتوبڕەی ڕژێمی شاهەنشاهیی، بەیاننامەیەکی لە ٢٦یئازاری ١٩٧٣دا بلاّوکردەوەو سەرەڕای ئەوەی قامکی بۆ تاوانەکانی ڕژێم درێژکردبوو، داواشی لە ڕێکخراو حیزبو هێزە پێشکەوتووخوازەکانی کوردستانو جیهانو ناوچەکە کردبوو سیاسەتی تاوانکاریی ڕژێمی شاهەنشاهیی دژی کوردو گەلانی دیکەی ئێران ڕیسوا بکەنو هاودەنگیی حیزبی دیموکرات بن. ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر لەو ڕێکخراوانە وەك: حزبی شیوعی عێراق، جەبهەی میلیی ئێران، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا، فینر بروگوای) نوێنەری مەجلسی لۆردەکان لە لەندەنو سەرۆکی ڕێکخراوی(Libration/ سەربەرستیی)، ستیوارت سکرتێری کۆمەڵەی مافی مەدەنیی ئێرلەندەی شیمالیی دەنگی خۆیان بلّند کردو دژی ئەو تاوانانەی ڕژێم هەڵوێستیان

---

([١])حسامی، قافلة من شهداء...، ل ل ١٠٤-١٠٦ .، کوردستان ژمارە ٥٤، رەشەمەی ١٣٥٧، مارس ١٩٧٩.

([٢]) کوردستان، ژمارە ٢٥، خاکەلێوەی ١٣٥٢ / ئاوریلی ١٩٧٣.

گرت. جگەلەوەی هەواڵی ئەوتاوانە لەڕۆژنامەی ناوچەیی و ئەوروپی بەناوبانگی وەك (لۆمۆند) بلاْوکرانەوە.[1]

لەراستییدا ح.د.ك.ا کەدوای یەکخستنەوەی ڕیزەکانی و دیارییکردنی ڕێبازی ئوسوڵیی خۆی لەم قۆناغەدا هەوڵی زیاتر بوژانەوەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی لە کوردستانی ئێراندا خستبووە پێش چاوی و دەبووایە هەرچی زیاتر بەقازانجی خۆی سوود لەو هەلومەرجە ئاوەڵایەی سەرەتای حەفتاکانی کوردستانی عێراق ببینێت تا لەبواری سیاسیی و ڕێکخراوەییەوە خۆی بچەسپێنی و شەرعیەت بەبریارو هەنگاوەکان بدات. هەربۆیە لەڕۆژی ٢٢ی ئەیلولی ١٩٧٣دا، لەیەکێك لەهۆڵەکانی شاری بەغداداو بەئامادەبوونی ٤٩کەس لەنوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حیزبی نێوخۆو دەرەوەی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی سێیەمی خۆی گرێدا. شایەنی باسە، کۆنگرە سەرەتا دوای خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی (ئەیڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان) لەلایەن بەتەمەنترین ئەندامەوە کەهێمنی شاعیر بوو، کرایەوەو ڕاپۆرتی کۆمیتەیناوەندیی و کۆمسیۆنی تەشکیلات خوێندرایەوەو بەتێکڕای دەنگ پەسەندکران. هەروەها بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب، پەسەندکراوی کۆنفرانسی سێیەم بەهێندێك دەسکارییەوە پەسەندکرانەوە، دروشمەکانی خەبات دژی ئیمپریالیزم، جودایی دین لەدەوڵەت و دەستنیشانکردنی سۆسیالیزم وەك ئامانجی دوارۆژ پێیان لەسەر داگیرایەوە. ستراتیژی حیزبیش بە (دیموکراسی بۆ ئێران وخودمختاری بۆ کوردستان) جێگیرکرا.[2]

شایەنە باسە، کۆنگرەی سێیەمی حیزب هەمان تاکتیکی کۆنگرەی دووی کە گرتنەبەری ڕێبازی خەباتی چەکدارانەیە بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردو ڕوخانی ڕژێمی شاهەنشاهیی دووپاتکردەوەو ئامارژەشی بەو راستییە کردبوو کە ئەو شێوازی خەباتە لەلایەن ڕژێمەوە بەسەر گەلی کورددا سەپێنراوەو حیزبی دیموکرات

---

([1]) بۆ دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: حسامی، قافله من شهداء..، ل ١٠٦-١٠٧.، جەلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٦٩.

([2]) حسن زادە ئامارژەی بەوەداوە کە دەستنیشانکردنی خەباتی چەکدارانە وەك شێوازی ئەسڵی خەبات یەکەمجار لەم کۆنگرەیەدا بووە، بەڵام وەك ئامارژەی پێدراوە مەسەلەیەکی وا لەکۆنگرەی دووەمی ساڵی ١٩٦٤دا لەسۆنێ بڕیاری لەسەر دراوەو کۆنگرەی سێ دووپاتی کردۆتەوە، بڕوانە: حسن زادە، س.پ ، ل ٨٣.

بەدڵخواز هەڵی نەبژرادووە. هەربۆیە حیزب ڕێگای ئاشتیی بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی ڕەتنەکردەوە. هەروەها کۆنگرەی سییەم بڕوای بەو ڕاستییەبوو کە بۆڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی پێویستە سەرجەم هێزە پێشکەوتووخوازو شۆڕشگێڕەکان یەکگرنو لەبەرەیەکدا هەماهەنگی بکەن. هەربۆیە کۆنگرە کۆمەڵێك دروشمی بۆ دانانی بناغەی بەرەیەکی ڕزگارییخواز پێشنیاز کردو رایگەیاند کەئامادەیە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئەلتەرناتیڤ لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە نیشتمانییو دیموکراتییەکان لەسەر ئەم بنەمایانەیخوارەوە وتووێژبکات:

١-لابردنی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەر بە ئیمپریالیزم.

٢-هێنانەسەرکاری حکومەتێکی دیموکراتییو نیشتمانیی کە بەئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی خوارەوە بکاتە بەرنامەی کاری خۆی.

٣-دانی مافی خودموختاریی بەنەتەوەکانی زۆر لێکراوی ئێران لەچوارچێوەی ئێراندا.

٤-دارشتنی سیاسەتێکی ئابووریی - نیشمانیی بۆ پاراستنی قازانجی خەڵكو پێشخستنی وڵاتو بەرزکردنەوەی پایەی ژیانی زەحمەتکێشان.

٥-بەئەنجامگەیاندنی ریفۆرمی زەوی لەسەرانسەری ئێران بەچەشنێك کە قازانجی جووتیارانی هەژارو نێوەنجی بپارێزیَ.

٦-دانانی هەشت سەعات کاری ڕۆژانەو دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتیی بۆ هەموو کرێکارانو زەحمەتکێشان.

٧-لەنێوبردنی نەخوێندەواری و بەرزکردنەوەی پایەی فەرهەنگییو زانستی گەلانی ئێران.

٨-هاتنەدەر لەپەیمانەکانی سەربازییو گرتنەبەری سیاسەتێکی سەربەخۆی دەرەوە.

٩-دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتان لەسەر ئەساسی ڕێزگرتنو ناسینی حاکمییەتی نەتەوایەتییو دەستتێوەرنەدان لەکاروباری ناوەوەی یەکترو پێکهێنانی پەیوەندیی دۆستانەو هاوکاریی لەگەڵ وڵاتانی دژی ئیمپریالیستیی و سۆسیالیستیی.

١٠- هاودەردیی و لایەنگریی هەموو جووڵانەوەکانی ڕزگارییخوازو پشتگیرییکردنی مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەستی خۆیان.[1]

لێرەدا پێویستە هەلومەرجەکەی کوردستانی ئێرانیشمان لەبەرچاوبێت کە لەم قۆناغەدا وەك هەر هەرێمێکی دیکەی ئێران کەمو زۆر لەئەنجامی پاشەکشەی سیستەمی فیوداڵیی‌و پەرەپێدانی سەرمایەداریی بیرۆکراسیی دەوڵەتی گۆڕانکاریی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی بەخۆیەوە دیتووە، بەتایبەتیی لەسەرەتای ساڵانی حەفتاوە کە ڕژێمی شاهەنشاهیی لەئەنجامی بەدەستهێنانی دەرامەتێکی مەزنی قازانجی نەوتەوە تادەهات پارەیەکی مۆڵتری چنگدەکەوت‌و خێراتر بەرەو بنیاتنانی پرۆسە پیشەسازییەکان هەنگاوی دەنا. دیارە لەکوردستانیش وردە وردە کرێکارو زەحمەتکێشانی کوردیش چاوو گوێیان دەکرایەوەو ئەوانیش بەئومێدی بەدییهێنانی بەرژەوەندیی چینایەتیی داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانیان وەجووڵە کەوتبوون. لەم قۆناغەدا دەیەها هەزار لەخەڵکی کوردستان کە پێشتر لەئەنجامی ریفۆرمی زەوییەوە گوندەکانیان جێهێڵابوو لەشارەکاندا گیرسابوونەوەو وەك کرێکاری کرێگرتە لەکارخانەو کورەی خشتبڕین‌و لەشوێنەکانی دیکەی بازاڕی کاردا ناچاربوون هێزی کاریان بەنرخێکی هەرزان بفرۆشن.[2] ئەمانە لەڕووی چەندایەتییەوە تادەهات ژمارەیان بەسەردەکەوت کە بەشێکیان بەچەشنی کرێکاری وەرزیی لەشارەکانی دەرەوەی کوردستاندا کاریان دەکردو دوای کۆتایی وەرزی کار بۆ شارەکانی کوردستان دەگەڕانەوە. بێ لەوەی لەخودی شارەکانی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر کرێکاری کورد لەکەرتە ئابوورییە جیاوازو دەزگا خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکاندا بەڕۆژانە کاریان دەکرد. بڕوانە ئەو ئامارەی ژێرەوە کە بۆساڵی ١٩٧٦دەگەڕێتەوە.

---

([1]) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٧٢.

([2]) علیزاده، ابراهیم، جمعبندی فعالیت تاکنونی کۆمەڵەو موقیعت فعلی‌و دورنمای اینده، از انتشارات مرکزی کومەلە، بهمن١٣٧٠، ص ٦-٧.

**لیستی ژمارەی ٤: ژمارەی دانیشتووانی دە ساڵ باڵاتری سێ هەرێمی کوردستانی ئێران‌و کرێکارانی کەرتەکانی بەرهەم**[1]

| هەرێم | ژمارەی دانیشتووان دەساڵ باڵاتر | ژمارەی کرێکاران | کشتووکاڵ | پیشەسازیی | دەزگای‌دەوڵەتیی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئازەربایجان خۆرئاوا | ٩٣٨٠٠٠ | ٣٨٦٠٠٠ | ٢٠٨٠٠٠ | ٨٧٠٠٠ | ٩٠٠٠٠ |
| کرماشان | ٦٩٥٠٠٠ | ٢٥٠٠٠٠ | ٩٧٠٠٠ | ٧٢٠٠٠ | ٨١٠٠٠ |
| کوردستان | ٥١٧٠٠٠ | ٢١٣٠٠٠ | ٩٢٠٠٠ | ٧٨٠٠٠ | ٤٤٠٠٠ |
| کۆ | ٢١٥٠٠٠٠ | ٨٤٩٠٠٠ | ٣٩٧٠٠٠ | ٢٣٧٠٠٠ | ٢١٥٠٠٠ |

هەربۆیە ژمارەی دانیشتووانی شارەکانی کوردستان لەبەرزبوونەوەیەکی بەردەوامدا بوو، کرێکارو زەحمەتکێشانی شارو گوندەکانی کوردستانی ئێران تادەهات هۆشی چینایەتییان گەشەی دەکردو بەرەو ئەوە دەڕۆشتن لەداهاتوویەکی نزیدا ببنە هێزێکی کۆمەڵایەتیی بەرچاو کە بۆ بەدیهێنانی مافە چینایەتیی‌و ئابوورییەکانیان هەنگاو بهاوێژن‌و لەپێناوی دابینکردنی ژیانێکی باشترو ئینسانانەتر تێبکۆشن. لەوەش زیاتر ئاشنابوونی کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی کورد لەکوردستانی ئێران بەبیری چەپ‌و سۆسیالیزم‌و گرتنەبەر شێوازی خەباتی وەك مانگرتن بۆ بەرگریی لەمافەکانیان دەتوانرێت بەدیاردەیەکی نوێ لەژیانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواریی دابنرێت. دیارە هەر لەبەر تیشکی ئەم راستییەدایە کەدەتوانرێت مانگرتنە کرێکارییەکانی کرێکارانی بەستی بۆکان، کۆمپانیای مام سەنگەر لەمەریوان‌و کرێکارانی ڕێگاوبانی بانە.. هتد لێکبدرێتەوە.[2] ئەو دیاردە نوێیەی کەزەمینەیەکی لەباری بۆ لەدایکبوونی ڕێکخراوی چەپی نوێ‌و سەربەخۆ لەکوردستانی ئێراندا ڕەخساند وەك ئەو

---

(1) مدرسی، کورش، کردستان و اینده مبارزه ان، بسوی سوسیالیزم، نشریه تئوریك حزب کمونیست ایران، دوره دوم، شماره پنجم، اسفندماه ١٣٦٨، ص١٣.

(2) حسین زادە، س.پ ، ل٨.

ڕێکخراوە مارکسییە سەربەخۆیەی لە٢٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩دا لەلایەن ژمارەیەك زەحمەتکێشانی کوردی سەر بەڕێبازی ماویزمی وەك (عەبدوڵا موهتەدی، حەمەحوسێن کەریمی و فوئاد مستەفا سوڵتانی) بناغەی داڕێژراو لەسەرەتای حەفتاکاندا لەکوردستان شکڵی گرت کە دواتر بە (کۆمەڵە) ناوی دەرکرد.[1]

هەر لەم قۆناغەداو لەلایەکی ترەوە ڕەوتی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق بەئاراستەیەکی وادا دەڕۆیی کەلەسەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەئێران کاریگەربوو. ئاشکرایە کە ڕژێمی بەعس پاش بەهێزکردنەوەی هێزەچەکدارەکانی، کەوتبووە بیانووگرتن بەڕێبەرایەتیی شۆڕشی کوردستان و هەر ڕۆژی پیلانێکی دەگێڕا. زۆرکەس پییان وابوو کەئەو چوارساڵەی وەك قۆناغێکی گواستنەوە بۆ پیادەکردنی ڕێکەوتننامەکەی ١١ی ئازار دیارییکراوە بەخۆشیی و چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان هەردوولا کۆتایی نایەت. ڕژێمی عێراق جگەلەوەی ئامادەییەکی ئەوتۆی بۆ پەسەندکردنی چارەسەرێکی مام ناوەندییانە سەبارەت بەشوێنی شارە کوردەکانی وەك: کەرکوك، خانەقین و شەنگار لەپرۆسەی بەرنامەی ئۆتۆنۆمیی پێشان نەدا، بەگەرمییش بۆ ئەوە هەڵدەسوڕا کەپارتی و سەرکردایەتیی شۆڕش لەتەواوی مەسەلەکە هەڵپەسێرێت.

لەم نێوەدا رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی دژی بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بوو. خوازیاری ئەوەبوو سەرلەنوێ شەڕوکوشتار لەنێوان کورد وحکومەتی عێراقدا هەڵبگیرسێتەوە تاکو بۆخۆی وەك دەڵێن لەئاوی لیخندا ڕاوبکات. هەربۆیە ئاکارێکی فێڵبازانەی گرتۆبەرو بەڵێن و پەیمانی زارەکیی بەسەرانی شۆڕش دەدا کە ئێران بەهەموو شێوەیەك ئامادەیە لەکاتی هەڵگیرساندنەوەی شەڕدا دژی ڕژێمی بەعس پشتگیرییان بکات. بەهەرحاڵ لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤دا، وەك چاوەڕواندەکرا ڕژێمی بەعس یەکلایەنە یاسایەکی نیوەناچڵی ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستانی عێراق ڕاگەیاندو

---

([1]) پێشڕەو، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کمونیستی ئێران (کۆمەلە)، دەورەی دووەهەم، ژمارە ٩٨-٩٧ رێبەندان و رەشەمەی ١٣٥٧.

لەهەمووقۆڵێکەوە خۆی بۆ هێرشێکی سەرتاسەریی بۆ سەر کوردستان ئامادەکرد. بەمشێوەیە زەمینەی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لەکوردستانی عێراقدا ڕەخسایەوە.[1]

لەراستییدا، ڕژێمی شاهەنشاهیی کە تا ئەوکاتە خۆی وەك دۆستێکی شۆڕشی کوردستانو دوژمنی دوژمنەکەی پێشاندەدا، پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ بۆ دەرفەتێك دەگەڕا ساتو سەودا لەسەر گەلی کوردو جووڵانەوەی نەتەوایەتییەکەی بکات. ئەوەبوو پاش ساڵێك لەبەرگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرامبەر فشارو هێرشە کاولکارییەکانی سوپای داگیرکەری عێراق، شای ئێرانو سەدام حوسێن جێگری سەرەك کۆماری عێراق لەکۆبونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئۆپیکدا کە لەپایتەختی دەوڵەتی ئەلجەزائیر بەسترا، چاویان بەیەکتری کەوتو بەناوبژیی (هەواریبومیدیان)ی سەرۆکی جەزائر ڕێکەوتنی هەردوو دەوڵەتی عێراقو ئیرانیان لە ٦یئازاری ١٩٧٥ دا ڕاگەیاند.[2]

ڕێکەتننامەی ئەلجەزائر جگە لەکۆتاییهێنان بە ناکۆکییە سنوورییەکان نێوان عێراقو ئێرانو سەلماندنی یەکێتیی خاکی هەردوو وڵات لەلایەن یەکترەوە پیلانێك بوو دژی شۆڕشی کوردستانو جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد. لەبەندی ٣ی ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە:"هەردوو وڵات پەیمان دەدەن ئاسایش بەدرێژایی سنوورەکانیان ڕابگرنو هەریەکەو بەجۆرێك کۆنترۆڵی مەرزی خۆی بکات ڕێگا لەهەر تەراتێنو هاتوچۆیەك بگیرێت کە شێوازی خراپەکارانەی گرتبیتە بەرو لەهەر کوێیەك بێت."[3] هەروەها کاتێك وەزیری دەرەوەی هەردوو وڵات لە ١٣یحوزەیرانی ١٩٧٥دا لەبەغداد بەئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی جەزائر کۆبوونەوە، پرۆتۆکۆڵێکیان بەناوی "پرۆتۆکۆڵی ئاسایشی سنوورەکانی نێوان عێراقو ئێران" مۆرکرد کەبەندەکانی بەئاشکرا دژی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد بوو. بەپێ بڕگەی یەکەمی ئەو پرۆتۆکۆڵە دەبوایە هەردوو دەوڵەتی عێراقو ئێران ئاگاداری یەکتری بکەنو زانیاریی سەبارەت بەو جموجۆڵو چالاکییە وێرانکارانەیە بگۆڕنەوە کە مەبەستیانە بۆ ئەنجامدانی خراپەکاریی و یاخیبوونو سەرپێچییکردن دەربازی یەکێك لەودوو وڵاتەبن. لەبڕگەی

---

(1) جەلال، س.پ ، ل ل ٣٦٥-٣٧٥.

(2) فتح الله، جرجيس، زيارة للماضي القريب، الطبعة الثانية، ستوكهولم، ١٩٩٨، ص ٢١٦.

(3) بۆ دەقی ڕێکەوتننامەکە بڕوانە: نەبەز، ئێستەو پاشاڕۆژی نەتەوەی کورد..، ل ل ١٧٨-١٨١.

دووەمیشدا هاتووە هەردوولای مۆرکەری پرۆتۆکۆڵەکە هەموو کارێك دژی چالاکیی ئەو کەسانە دەکەن کە لە بڕگەی یەکەمدا باسیان لێوەکراوەو یەکسەر لەبارەی ناسنامەی ئەو کەسانەوە هەواڵ بەیەکتری دەدەن. هەروەها هەردوولا ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی کەهەموو ڕێگایەك بگرنەبەر بۆ ڕێگەگرتن لەبەدیهێنانی خراپەکاریی و ئەوەی پێویست بێت دەیکەن دژی ئەوکەسانەی کە لەهەرێمی یەکێك لەهەردوو وڵاتی مۆرکەردا بەئامانجی خراپەکاریی لە هەرێمی ئەوی تریاندا کۆدەبنەوە.[1]

شایەنی باسە، ڕێکەوتننامەی ئەلجەزائر لەو کات و ساتەدا بەشتێکی چاوەڕواننەکراو لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتە پێش چاوو بووە گرنگترین فاکتەری هەرەسهێنانی شۆڕشی چواردەساڵەی کوردستانی عێراق. جگەلەوەی لەشوێنی خۆیدا ئەو ڕاستییە تاڵەی سەلماند کە هیچ کاتێك ڕژێمە داگیرکەرو سەرکوتکەرەکانی بەشێکی کوردستان، ناتوانن ببنە دۆستی ڕاستەقینەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە پارچەیەکی ترداو هەموو پەیوەندییەکانیان بەو جووڵانەوەیە تەنیا بەمەبەستی سات وسەودایە بەقازانجی بەدیهێنانی ئامانجی فراوانخوازیی و قایمکردنی بنەماکانی دەسەڵاتی ستەمکارانەیان. هەروەها نابێت ئەو ڕاستییەش لەبیربکرێت کەئەو هەنگاوەی ڕژێمی محەمەدڕەزا شای ئاریامیهر بەدژی شۆڕشی کوردستان و پشتکردنی تەواوی قسەو بەڵێنەکانی کەبەرێبەرانی شۆڕشی دابوون لای تێکڕای گەلی کوردو بگرە لەلای هەندێك لایەنی دەرەکیش بەخیانەت و کارێکی دوور لەهەموو ڕەوشتێکی ئوسوڵییانە لەقەڵەمدراو هێندەی تر ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ڕژێمەی لەبەردەم کوردو ئازادییخوازانی ناوچەکەدا دەرخست. هەربۆیە ح.د.ك لەو دەمەدا ئامادەیی خۆی دەربڕی گەر بێتوو بارزانی لەسۆنگەی ئەو خیانەتەی شای ئێران بە شۆڕشی کوردستان فەرمان بدات هێزەکانی بەمەبەستی هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکدارانە ڕوو لەئێران بکەن ئەوا ئەوانیش بەدەرکردنی بەیاننامەیەك پشتیوانی خۆیان لەو جووڵانەوەیە ڕادەگەیەنن و داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران دەکەن پێشوازیی لەو جووڵانەوەیە بکەن و خۆشی

---

(1) هـ. س، ل ١٨٠-١٨١.

بەتەواویی ئەندام‌وکادرەکانیەوە بەشداری تێدا دەکات. ئەو ئامادەییەی کەلەبەر بێباوەڕی شۆڕشی کوردستانی عێراق بەتوانای بنەڕەتیی خۆی پراکتیزە نەکرا.[1]

سەبارەت بەو هەڵوێستەی دوژمنانەی شای ئێران بەرامبەر کوردستانی عێراق‌و کاریگەریی لەسەر گیانی دژایەتیی کوردەکانی ئێران لەبەرامبەر ڕژێمی شاهەنشاهییدا، دکۆمێنتێکی سەفارتی ئەمەریکیی لە تاران نووسیویە:"بەشێکی گەورەی هۆکاری چالاکیی کوردەکان دژ بە ڕژێمی شاهەنشاهیی لەسالأنی پێش ڕووخاندنیدا ئەگونجیٚ هەمان هەست‌و خواست بێت کە لەسەرتاسەری ولأتدا هانی ئۆپۆزسیۆنی دەدا، گەرچی ئەگونجیٚ ئەو بێزارییەی کە لەئەنجامی کارە دژ بەکوردەکانی ڕژێمدا پەیدابوو ڕۆڵی لەبەهێزکردنی ئەو هەستەدا دیتبیٚ، بەشێك لەکوردەکان بەتایبەتیی ئەوانەی لەگەڵ شۆڕشی کوردستان دژی دەوڵەتی عێراق سەرنەکەوتن بەشێوەیەك لەدژی ئەو ڕێکەوتننامەیەی شا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لەساڵی ۱۹۷۵ هەڵوێستیان گرت‌و بەکارێکی ناڕەوایان دانا، ئەوانە دژی پەلاماری سەرکوتکەرانەی ئەرتەش کە بەدرێژایی سنوورەکانی ئێران و عێراق دژی کورد ئەنجام دەدرێت، ناڕازین." [2]

دیارە لەبەر تیشکی ئەو ڕاستییەی کە گواستنەوی ناوەندیی ڕێبەرایەتیی ح.د.ك.ا لەسەرەتای ساڵانی شەستەکانەوە بۆکوردستانی عێراق بەپراکتیك ئەو حیزبەی دەخستە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی عێراق‌و ئەوپارچەیەی کوردستاندا، هەربۆیە ڕێکەوتننامەی ئەلجەزائر ئاکامێکی نالەبارو خراپیشی لەسەر بوژانەوەی حیزبی دیموکرات‌و جووڵانەوەی نەتەوەیی لەکوردستانی ئێران بەدواوەبوو. لەکاتێکدا ئەو حیزبە لەسایەی چوارساڵی ئازادییدا (۱۹۷۰-۱۹۷٤) تادەهات دەبووژایەوە، ڕاستەوخۆ دوای بەستنی ڕێکەوتنامەکەی ئەلجەزائیر کەوتە ژێر فشارو بیانووی حکومەتی بەعسەوەو جگەلەوەی سنوورەکانیان بەڕوودا داخرا، ڕێگای پەیوەندییشیان بەنێوخۆی وڵاتەوە لیٚ بڕین. ئەو مەرجەشیان بۆ مانەوە لەعێراقدا لێکرایەوە بیانوو کەدەبێت دژبە شۆڕش‌و بارزانی‌و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی دژ بەڕژێمی بەعس بەیاننامە بلأوبکەنەوە

---

[1] حسن زاده ، س.پ، ل۹۸-۹۹.

[2] اسناد لانه جاسوسی، کردستان (۱)، شماره (۳۱)، نشر دانشجویان مسلمان پیرو خط امام، ب.ج، ب،ت، شماره سند: ۱، موضوع: نظري کلی برمسئله کردها، تأریخ: أوت ۱۹۷۹، ص ۵۳-۵٤.

بەپێچەوانەوە دەبێت بەدوای شوێنێکی دی غەیری عێراقدا بگەڕێن پەنای بۆبەرن، کارێکیوا کەهیچ کات حیزبی دیموکراتی ئامادەنەبوو بچێتە ژێری، لەبەر ئەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب سڕکردنی چالاکییەکانیان پێباشتر بوو لەوەی بەومەرجە هاوکاریو پشتگیری بەعس مسۆگەر بکەن[1].

لێرەدا جێی خۆیەتی بوترێت، حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای ئەو فشارەی ڕژێمی بەعسو سەرباری ئەو سیاسەتە داپڵۆسێنەرانەیەی کەڕژێمی شاهەنشاهیی دوای بەستنی ڕێکەوتنامەی ساڵی ١٩٧٥ لە لەکوردستانی ئێراندا چەند هێندەی کردبوو، ناوبەناو هەرهێندێك لەکادر ئەندامە لێهاتووەکانی وەك (ڕەسوڵی پێشنماز، سید ڕەسوڵی بابی گەورە، قادرلاجانیو جەلال میراوەیی) دەناردنەوە نێوخۆی وڵات، ئەوانەی هەوڵیاندەدا پەیوەندیی ڕێکخراوەیی لەگەڵ ئەندامەکانی نێوخۆ چەندی دەکرێ بمێنێتەوەو نەپچڕێت. ڕۆژنامەی کوردستان یش دوای ئەوەی چاپکردنی لەعێراق لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە قەدەغەکرا، توانرا لەئەورووپا هەلومەرجی بڵاوبوونەوەی بۆ بڕەخسێنرێت. لەراستییدا، ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتو ئەندامو بنەماڵەکانیان لەهەلومەرجێکی زۆر نالەبارو دژواردا لەعێراق ژیانیان دەگوزەراند، لەکاتێکدا ڕەوتی ڕووداوەکان لەئێران مژدەی تەقینەوەی شۆڕشێکی جەماوەرییان دژی ڕژێمی دکتاتۆریی پەهلەویی دەبەخشی.[2]

---

(١) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل١٨١.

(٢) ه.س ، ل ل ١٧٩، ١٨٥-١٨٦.

## باسی دووەم: گەلی کوردو ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی لەئێران

دەتوانرێت پەرەگرتنی ناڕەزایەتیی کۆمەلأنی خەڵکی ئێران دژی ستەمو زۆرداری ڕژێمی شاهەنشاهیی و تەقینەوەی ڕاپەڕینو بەردەوامبوونی خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی سەرتاسەری وڵات بەگرنگترین ڕووداوەکانی وەخت لەسەرەتای دوا چارەکی سەدەی بیستەمدا دابنرێتو بەگەشترین لاپەڕە لە خەباتی ئازادییخوازانەی گەلانی ئێران دژی ئیستبداد بدرێتە قەڵەم. ڕووداوێکی وا کە بەدرێژایی مێژووی سەدەی بیستەمی ئێران جگە لە بزاڤی مەشرووتەخوازیی (١٩٠٥-١٩١١)و قۆناغی حوکمڕانییەتی دکتۆر موسەدیق(١٩٥٢-١٩٥٣) هاوتایەکی دیکەی بەخۆوە نەدیوە، بگرە دواین ڕووداویان کە هێزی سەرەکیی لە ڕاپەڕینی درێژخایەنو قۆناغ بەقۆناغی جەماوەری شارەکانەوە وەردەگرتو بە ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی ٢٥٠٠ساڵەی ئێران کۆتاییهات، دەتوانرێت لە زۆر ڕووەوە لەڕووداوەکانی پێش خۆی بەرزتر بنرخێنرێت. ڕووداوێك کەیاسایەکی تری لەزانستی سیاسەتدا چەسپاند، ئەویش ئەوەیە کە هیچ ڕژێمێك چەندە بەهێزو بەتواناو دەوڵەمەند بێت، چەندە خاوەن لەشکرێکی زەبەلاحو دەزگای داپلۆسێنەری پەرداخت بێت ناتوانێت بێ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ڕاستەقینەی جەماوەرو چینو توێژەکانی گەل هەتاسەر پایەداربێت.

دیارە ڕووداوێکی بەو گرنگییو چاوەڕواننەکراوەییە[1] لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تاڕادەیەکی زۆر لەلایەن مێژوونوسانو بایەخدارانەوە لێکۆڵراوەتەوەو هەوڵدراوە فاکتەرە نێوخۆییو دەرەکییەکانی، فاکتەرە سیاسییو ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکانی، بگرە باری دەورنییو شەخسیی خودی محەمەدرەزا پەهلەوییش شیبکرێتەوەو بخرێنە بەرچاو. کە ئێمە لێرەدا بەپێوستی نازانین بەقووڵیی باس

(١) شایەنی باسە مامۆستا محمد تۆفیق ووردی پێش ٧ ساڵ لەرووخاندنی رژێم نوسیویە "کۆنەپەرستیی ئێرانیی خەریکە بەدەستی خۆی قەبری خۆی هەڵدەکەنێو بەم زووانە ئەوانە تورِ دەدرێنە زبڵدانی مێژوو بەو دەردە دەچن کەپێشتر شەهەنشاو ئیمبراتۆریەتە کۆنەپەرستەکانی دی گەیونێ" بڕوانە: ووردی، محمد تۆفیق، قافلة شهداء الأكراد والشعوب الايرانية، مطبعة اللواء، بغداد، ١٩٧٢، ص١٣.

لەتەواوی ئەو فاکتەرانە بکەین‌و بەوردیی لەبیروڕای ئەو نووسەرو بایەخدارانە بکۆڵینەوە، بەڵکو تەنها بۆ زانین‌و ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی مەسەلەکە، هەوڵدەدەین ئەو فاکتەرانە لەم خالآنەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:-

١- ئاشکرایە کەڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی ڕژێمێکی دیکتاتۆریی ناسیۆنالیستی تۆتالیتێر بوو، بەجۆرێك شوێنێکی بۆ ئازادییە سیاسیی‌و دیموکراتییەکان لەئێراندا نەهێشتبووەوە. محەمەدرەزا شا لەدوای کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٢وە، بەدرێژایی ٢٥ساڵ بەچاولێکەری باوکی وەك دیکتاتۆرێکی کەموێنەو بەپشتبەستن بەسوپایەکی پەرداختو هێزە جاسووسیی‌و سەرکوتکەرەکانی، کورسی دەسەلآتی بۆخۆی مسۆگەرکردبوو. جگەلە خۆی کەس مافی دەستێوەردانی کاروباری (شهرەبانی، ژاندارمەری، ساواك، ئەرتەش)ی نەبوو، بەئارەزووی خۆی‌و بیّ لێپرسینەوە، دەستی لەتەواوی کاروبارەکانی سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی وڵات وەردەداو خۆی بەسێبەری خودا دەزانی بە بێئەوەی لەبەر دەم هیچ کەس‌و یاسایەکدا بەرپرسیاربێت. لەئێرانی شاهەنشاهییدا دەرفەتێك بۆژیانی پلوراڵیی سیاسیی‌و فرەپارتییدا نەبوو. ئازادیی هەڵبژاردن‌و چاپەمەنیی نەدەبووایە قسەی لێبکرێت، ئەو یەك دوو حیزبە کارتۆنییەش کەبەناوی (مردم، ملیون، ایران نوین) دامەزرابوون، زۆری نەخایەند لەساڵی ١٩٧٥دا، شوێنیان بۆ سیستمی تاکەپارتیی بەناوی (حیزب ڕەستاخیز/ پارتی ڕابوون) چۆڵکرد، ئەو حیزبەی کە بەزۆر خەڵکیان ناچار دەکرد ببنە ئەندامی. هەربۆیە بەگوێرەی نووسینی ساواك لەماوەی چەند مانگێکدا ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ٢٠ ملیۆن کەس، کەچی دوای ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ساڵی ١٩٧٩ لەشەوو ڕۆژێکدا ئەندامێکی نەمایەوە.[1]

لەئێرانی شاهنشاهییدا، کەمترین ناڕەزایی بەتوندترین شێواز سەرکوتدەکرا. زیندانەکانی قەسری قەجەر، قزڵ قەلآ، فەلەك لئەفلاك، برازجان‌و عادلئاوای شیراز، بەهێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی وەك حیزبی توودە، جەبهەی میللیی، حیزبی دیموکراتی کوردستان، چریکە فیداییەکان، مجاهدین‌و گروپە چەپ‌و مارکسیستەکان سیخناخ بوون. بەپێی دانپێدانانی خودی شا، لە ساڵی١٩٧٠دا، ٣٠٠٠ گیراوی سیاسیی هەبووە،[2]

---

([1]) فردوست، س.پ، ل ٤٨٣- ٤٨٤.

([2]) گازیورسکی، س.پ ، ل٢٦٥.

لەکاتێکدا هێندێك سەرچاوە بە (٥٠-١٠٠) هەزاریان قەبلاندووە.[1] زیندانی سیاسیی جگەلەوەی لەمافی پارێزەرگرتن‌و رەخنەگرتن لە حوکمەکەی بێبەش بوو، خاوەنی هیچ مافیکی ئینسانیی نەبوو. بەنوێترین ئامێرو شێوازی شکەنجە ئازاردەدران. هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٧دا، زیاترلە ٤٠٠ کەس پاش دادگاییکردنێکی سەرپێیی سەربازیی گوللەبارانکراون. تیرۆرکردنی کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی دژ بەڕژێم لەناوەوەو دەرەوەی ئێران ئەرکێکی سەرەکیی ڕێخراوی ساواك بوو. لەم ڕووەوە لیژنەی نێودەوڵەتیی مافپەروەران لە جنێڤ لە ڕاپۆرتێکیدا ساڵی ١٩٧٦بڵاویکردەوە:"ژمارەیەك بەڵگە دەیسەلمێنن کەئێران شێوازی نابەجێی بۆ شکەنجەی لاشەیی‌و دەرونیی بەکاردێنێت."[2] هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی ئاشکرایکرد کەهیچ وڵاتێکی جیهان هێندەی ئێران پێشینەیەکی خراپی لەبواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا نییە.[3] هەربۆیە ئاسایی دێتە بەرچاو، کە دروشمەکانی: ئازادیی، دیموکراتیی‌و بەردانی گیراوە سیاسییەکان لەپێشەوەی ئەو دروشمانەدا بوو کە بەدرێژایی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن هەزاران کەسەوە بەرزدەکرایەوە.

٢-دەتوانرێت سیاسەتی نازانیستیانەی ئابووریی ڕژێمی شاهەنشاهیی‌و چۆنێتیی بەڕێوەچوونی ئەو سیاسەتە بە یەکێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی شۆڕش‌و ڕووخاندنی ئەوڕژێمە لەئێراندا بدرێتە قەڵەم. ئاساییە کە مەسەلەی ریفۆرمی زەوی‌و شۆڕشی سپی شا بۆماوەیەکی کورتخایەن ڕۆڵیان لەهێورکردنەوەو خاوکردنەوەی بارودۆخە گرژەکەی کۆمەڵگای ئێراندا دیت. داباریینی داهاتی نەوت لەسەرەتای ساڵەکانی حەفتاکاندا تاڕادەیەکی زۆر وەزعەکەی ڕاگرتبوو، بەڵام لەدوای نیوەی دووەمی ئەو دەیەیە، مەسەلەکە ڕەوتێکی تری گرتەبەر کە پەنمینی ئابووریی، کەوتنەوەی بێکاریی، وەستاندنی پرۆسە سەرمایەگوزارییەکان‌و بڵاوبوونەوەی گرانیی، نالەبارترین دیارە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران بوون. لەراستییدا، ڕیفۆرمی زەوی بەو شێوازەی لەئێراندا پیادەکرا گورزێکی گەورەی لەسامانی کشتوکاڵیی وەشاندو بەسەدان هەزار

---

(1) گوتام، س.پ ، ل٤٧٠.

(2) سابیلیە، س.پ، ل٥٥.

(3) گازیۆرسکی، س.پ ، ل ٣١.

جووتیار که ڕیفۆرم نەیدەگرتنەوە بەرەو شارەکان کۆچیان کرد. بەمشێوەیە هەم گوندەکان هێزی کاری خۆیان لەدەستدا کە ئاکامەکەی بە وێرانبوونی پرۆسە سەرەکییەکانی ئاودێریی و دابەزینی بەرهەمی کشتوکاڵیی کۆتاییهات، هەم شارەکانیش توانای لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتووانی نەبوو کە ڕووی تێدەکرد. هەربۆیە ئەو توێژەی کۆمەڵ لە دژوارترین هەلومەرجدا ژیانێکی کولەمەرگیان بەسەر دەبرد، ئەمەش وای لێکردن ئامادەبن لەپێناوی هەرگۆڕانێکدا بەگەرمی بێنە مەیدانەوە.[1]

لەلایەکی ترەوە، خەوبینینی ڕژێم بەگەیشتن بەشارستانییەتی مەزن و دامەزراندنی پرۆژەی سەرمایەگوزاریی فراوان و درێژخایەن، هەروەها لاساییکردنەوەی دەوڵەتە سەرمایەدارە مەزنەکان بە بەخشینی قەرزو بەشدارییکردن لە سەرمایەگوزاریی پرۆژەو کۆمپانیا مەزنە ناودارەکان، کەبەدوای دابەزینی نرخی نەوتدا قەیرانێکی دارایی گەورەیان بۆ ئێران دروستکردو زۆر بەخراپیی لەسەر ئابوورییە فشەڵەکەی ئێران ڕەنگیدایەوە.[2] لێرەدا ناکرێت باس لەودەستبلاّویی و پارە بەفیرۆدانەی شاهەنشاو خودی بنەماڵەی پەهلەویی و دەزگا بیرۆکراتییەکانی ڕژێم نەکرێت، کە بۆخۆی چەشنێك بوو لەتالانیی سامانی نیشتمانیی. وەك ئاشکرایە وێرای ئەوەی دەوڵەت بەفەرمیی بودجەی ٤٠ملیۆن دۆلاری بۆ خەرجیی ساڵانەی شا بڕیبۆوە، کەچی ناوبراو بێ هیچ لێپرسینەوەیەك مافی دەرهێنان و خەرجکردنی سامان و پارەو پولی دەوڵەتی هەبوو. خودی شا ڕاستەوخۆ چاودێریی دەرامەتی کۆمپانیای نەوتی ئێرانی دەکرد. (دەستگای پەهلەویی) کە بەڕەواڵەت وەك دەزگایەکی خێرخوازیی سەیردەکرا، ئامانجی جگە لەکۆکردنەوەی پارەو پول بۆ بنەماڵەی پەهلەویی شتێکی دیکە نەبوو، ئەودەزگایە خاوەنی دەیەها بانك و کۆمپانیاو ناوچەی گەشتوگوزار بوون لەئێرانداو ٣٢ ملیۆن دۆلار

---

([1]) بۆ زیاتر : کدی نیکی، ریشەهای انقلاب ایران، ترجمە عبدالرحیم گواهی، قلم، تهران، ١٣٦٩" کاظمی، فرهاد، اثار هجرة الفلاحین الایرانیین علی النظام السیاسي في ایران، في: دراسات ایرانیة. مجموعة بحوث مختارة، ترجمة الدکتور عبدالجبار ناجی وودیع میخائیل حنا، منشورات مرکز دراسات الخلیج العربي، جامعة البصرة، ١٩٨٣.

([2]) جراهام، روبرت، ایران: وهم السلطة. اجابة مبكرة لسؤال الساعة لماذا سقط الشاه و العرش، عرض: فیلیب جلاب، العربي –مجلة، العدد ٢٤٦، مایو ١٩٧٩، ص١٤٥.

پارەی مۆڵی هەبوو.[1] شایەنی باسە، هێندێك سەرچاوە سامانی شەخسیی محەمەدرەزا شایان لەدەرەوەی ئێراندا بە ٣٠ ملیار فرەنك مەزەندەکردووە کە بۆخۆی ژمارەیەکی خەیاڵیاییە. پسوڵەی پێداویستییەکانی دەربار لەکێشدا نەبوو، ئەو پارانەی کە لە بۆنەو یادەجیاوازەکاندا خەرجدەکران جێگای باوەڕنەبوون. بۆنموونە لە ساڵی ١٩٧٦دا، بەبۆنەی ئاهەنگی هاتنە سەرکورسی شاهێتیو لەساڵی ١٩٧١دا، بەیادی جەژنی ٢٥٠٠ساڵەی شاهەنشاهێتی لە ئێراندا نزیکەی ٣٠٠ملیۆن دۆلار خەرجکرا.[2]

شایەنیباسە ئەرتەشو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی گەورەترین بەشی سامانی نیشتمانییان لەئێراندا هەڵدەلوشی. ژمارەی گاردی ئیمپراتۆریی ١٥٠٠٠کەس بوو. ئەندامانی فەرمیی دەزگای تۆقێنەری ساواك ٦٠٠٠بوون. جگەلەو بەکرێگیراوانەی کە لەو شوێنە جۆربەجۆرەکانی دەرەوو ناوەوەی ئێراندا هەواڵیان کۆدەکردەوەو جاسووسیان بۆ ئەو دەزگایە دەکرد. ژمارەی نەفەراتی ئەرتەش کەلەساڵی ١٩٦دا ٢٠٠٠٠٠ کەس بوو، لەساڵی ١٩٧٧دا گەیشتە ٤١٠٠٠٠کەس. ئەرتەش لەدوای کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣وە ٣٠٪ بودجەی وڵاتی بە فەرمیی بۆ تەرخانکرابوو. ئەوئەرتەشەی تادەهات رادەی چەکدارکردنی بەنوێترینو پێشکەوتووترین جۆری چەك بەرزدەبووەوە.[3] بۆنموونە لەساڵی ١٩٦٦ لەپلەی ٢٤ هەمینی وڵاتانی چەککڕدا بوو کەچی لەساڵی ١٩٧٦دا گەیشتە پلەی هەشتەمین پاش ئەوەی بڕی ٣٦٠٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ ئەومەبەستە تەرخانکرد، هەندێك لەو چەکانە ئەوەندە نوێ بوون بەکارهێنانی بێ پسپۆڕی بیانیی ئیمکانی نەبوو. هەربۆیە تەنیا ژمارەی ئەو پسپۆڕە ئەمەریکاییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە لەئێراندابوون لەدوا ساڵەکانی حوکمی محەمەدڕەزا شادا خۆی دەدا لە ٥٠٠٠٠کەس، ئەوانەی لەباشترین مانگانەو شوێنی حەوانەوەو ڕابواردن بەهرەمەندبوون. لەلایەکی ترەوە، ڕژێمی شاهەنشاهیی کەوتبووە تاڵانکردنی نەوتی ئێران بەرامبەر پەرداختکردنی هێزە چەکدارەکانی، وەك ئەو ڕێکەوتنەوی کەلەساڵی ١٩٧٦ ڕژێم لەگەڵ کۆمپانیایەکی چەکی ئەمەریکییدا بەستی سەبارەت بە کڕینی ٣٠٠

(١) ه.س ، ل ١٤٩.

(٢) سابیلیە، س.پ ، ل ٦٢.

(٣) جراهام، س.پ ، ل١٤٨.

فرۆكەی جۆری (F.16)و ٤ وێرانكەری دەریایی بەرامبەر ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ئێرانیی.[1]

دابەشنەكردنی سامانی نیشتمانییو داهاتی نەتەوەیی بەشێوەیەكی دادپەروەرانە لەنێوان هەرێمەكانی وڵاتو چینو توێژەكانی كۆمەڵگای ئێرانییدا، یەكێك بوو لەو هەڵە ئابوورییە سەرەكییانەی ڕژێمی شاهەنشاهیی كەبەرەو ئەو چارەنووسەیان برد. لەئێرانی محەمەدڕەزا شادا بەشی زۆری هەرێمەكانی وڵات لەپرۆسەی سەرمایەگوزارییو گەشەپێدان بێبەش بوون. لەم بارەیە تارانی پایتەخت بەشی شێری پچڕیبوو، بەجۆرێك ٨٪ی دانیشتووانی وڵات، ٣/١ی هەموو كارمەندانی دەوڵەتی، ٦٠٪ی كۆی خوێندكارانی ئێران، ٥٠٪ كۆی نوژدارانی وڵاتی تیادا كۆبووە. بەشێكی زۆری چینو توێژەكانی كۆمەڵگاو هەرێمەكانی دیكەو وڵات سوودێكی وایان لەو پرۆسانە نەدەدیت. دانیشتووانی ئێران لەگوندەكاندا ژیانێكی كولەمەرگیان بەسەردەبرد كە ٩٠٪ی گوندەكانی ئێران لەڕوناكی كارەبا بێبەش بوون. ٣/٢ی دانیشتووانی وڵات بیٚ دكتۆرو دەرمان بوون. تەنانەت لەخودی تارانی پایتەخت دا ٤٢٪ خەڵكی شوێنی شیاویان بۆ ژیان نەبووو لەئاووكارەباو باقی دی پێویستیە خزمەتگوزارییەكان بێبەش بوون. گەندەڵیی ئیداریی، دزیی، بەرتیلخۆریی، هەژاریی، بڵاوبونەوەی سێكسفرۆشیی لە دیاردە بەربڵاوەكانی كۆمەڵگای ئێران بوو. لەئێرانی محەمەدڕەزادا كە بەپێی قسەی خۆی بەرەو شارستانیەتی مەزن دەڕۆیشت! كار گەیشتبووە رادەیەك كەسانی واهەبوو لەبەر برسێتیی پاشەرۆكی ئەسپو وڵاخیان دەقۆزتەوە تابزانن داخۆ دەنكە جۆی ساغی تێداماوە!!.[2]

٣- هەروەها دەتوانرێت سیاسەتی دژایەتیی ئاینیی لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهییو بەتەنیا وەرگرتنی لایەنە نەرێییەكانی فەرهەنگیی رۆژئاواو بەزۆر سەپاندنی بەسەر كۆمەڵگای ئێراندا بەفاكتەرێكی دیكەی سەرەكیی راپەڕینە جەماوەرییەكانو دواتر رووخاندنی ڕژێم لەقەڵەم بدرێت. شایەنی باسە، دەزگای ئاینییو باڵادەستیی رۆحانییە بونیادگەرا شیعەكان ڕیشەیەكی قوڵیان لەكۆمەڵگای ئێراندا هەیەو نەدەبوو محەمەدڕەزا

---

(1) هـ.س ، ل١٤٧ .، سابیلیە ، س.پ، ل ٥٩.

(2) گازیۆرسكی، س.پ ، ل٣٤٣.

شا راستەوخۆ دژیان بکەوێتە سەنگەرەوە. لەراستییدا سیاسەتی ئابووریی‌و کۆمەلآیەتیی‌و فەرهەنگیی شای ئێران بەتوندیی پایەی بەرژەوەندییەکانی ئەو تاقمەی لەرزاند. دەزگای ئاینیی کە لەئێراندا خودانی زەوی‌وزارێکی بەرفراوان بوو، بەپیادەکردنی ریفۆڕمی زەوی گورزێکی گەورەی بەرکەوت. دەستبەسەراگرتنی زەوییەکانی وەقف، دامەزراندنی ڕژێمێکی ناسیونالیستیی عەلمانیی کە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی هەڵپەساردنی پیاوانی ئاینیی لەدادگاو قوتابخانەکان‌و باقی دیکەی دەزگاکانی دەوڵەتییدا دەدا، زیندووکردنەوەی نەریێی ئیمپراتۆریی‌و سەپاندنی کەلتووری فارسیی بەسەر کەلتووری ئیسلامیی‌و شیعەگەرێتییدا، گۆڕینی ساڵنامەی کۆچیی بە شاهەنشاهیی، سوکایەتییکردن بەپیاوانی ئاین‌و بەتوندیی سەرکوتکردنی هەرناڕەزایەتییەکیان، هاندان‌و بڵاوکردنەوەی لایەنە نەرێییەکانی فەرهەنگیی ڕۆژئاوا لەنێو کۆمەڵگای ئێرانییدا وەك: هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی خێزان، بەدڕەوشتیی، نۆشینی خواردنەوە کهولییەکان، بەکارهێنانی حەشیشەو مەوادی موخەدیر، هاندانی ڕووتکردنەوەی ئافرەتان‌و ڕاکێشانیان بۆ کۆڕی بەزم‌و خۆشیی کاربەدەستانی ڕژێم، برەوپێدانی دانسی ڕۆژئاواو کردنەوەی باڕو شوێنی رابواردن‌و سێکسخانەکان، هاندانی بەڕەلآیی‌و تێکشکاندنی ڕۆحیەتی لاوان‌و دوورخستنەوەیان لەهەموو ڕەوشتێکی بنیاتنەرانە، تێکڕای ئەمانە کە لەگەڵ فەرهەنگ‌و بەها کۆمەلآیەتییەکانی کۆمەڵگای ئێرانییدا یەکیان نەدەگرتەوە، دەزگای ئاینیی زیاتر لەڕژێمی شا دردۆنگ کردو بەتوندیی بۆ دژایەتییکردنی هێنانیە مەیدان.(١)

شایەنی باسە، دەزگای ئاینیی‌و ڕۆحانییە بونیادگەران لەمزگەوت‌و خوێندنگا ئاینیی‌و حوسەنییەکان باشترین کەڵکیان وەرگرت، لەبالآدەستیی مەزهەبیی‌و کۆمەلآیەتیی‌و سەربەخۆیی ئابورییان سوودی گەورەیان بینی. (خومەینی)(٢) کەلەساڵی

---

(١) بۆ زیاتر: الگار، حامد، انقلاب اسلامي در ایران، ترجمة مرتضى اسعدي وحسن جیذری، قلم، تهران، ١٣٦٠

(٢) ناوی (روح الله)یەو کوڕی سید مصطفی موسوی‌یە لە ٢٤ی ئەیلولی ١٩٠٢ لەشارستانی (خمین) لەدایك بووەو پەروەردەی خوێندنگا ئاینییەکانی اراك‌و قومە، لەسەر دەستی ژمارەیەك لەڕۆحانییە شیعەکانی وەك محمد علی أدیب تهرانی، محمد تقی خوانساری، حائری یزدی زانستە مەزهەبییەکانی ڕەوانکردووە، تا رادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری ئەندێشە سیاسییەکانی ایت الله کاشانی دابووە، لەساڵی ١٩٦٣ وەك کارێکتەرێکی سیاسی دەرکەوت‌و

١٩٦٣دا بارودۆخەکەی لەکاتێکی نەگونجاودا تەقاندەوەو ئاشکرایکرد کە شا خیانەتی لەدەستورو قورئان کردوە. دوای لەئێران بەدەرکردنو نیشتەجێبوونی لەشاری نەجەفی عێراق پەیوەندیی بەلایەنگرانییەوە دامەزراندەوە، ئەوانەی کە دوور لەچاوی ساواكو دەزگا جاسووسییەکانی ڕژێم لەبنەوە خەریکی خۆئامادەکردن بوون، چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەباربوون. ئەوبوو دوای تەقاندنەوەی وەزعەکە لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر لەڕووی ئایدۆلۆژیو ڕێکخراوەییەوە هاتنەوە مەیدانو ڕۆڵێکی گرنگیان لەیەکخستنو بەردەوامبوونی ڕاپەڕینەکانو ئیفلیجکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتییدا بینی. لەم نێوەدا وتارو بلاۆکراوە ئاگرینەکانی خومەینی زۆر بەخێرایی لەمزگەوتەکانەوە بەگوێی خەڵك دەدران، بەتایبەتیی پاش ئەوەی ناوبراو لەعێراقیش دەرکراو چووە فەرنساو لەوێ توانی سوود لە هەلومەرجی لیبراڵیی ڕۆژئاوا وەربگرێتو بەشێوەیەکی ئازادانەتر دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی بانگەشە بکات.[1]

٤- فاکتەرێکی دیکەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانو ڕووخاندنی ڕژێم کە بەگشتیی بایەخدارانو لێکۆڵەرەوان لێی بێدەنگنو ڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێنەداوە بریتییەلە بارودۆخی ناهەموارو دژواری گەلانی غەیرەفارس لەئێراندا، ئەوانەی بەتوندترین شێوە لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە خرابوونە ژێر ستەمی نەتەوایەتیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتییو فەرهەنگییەوە هەرداواکارییەکی نەتەوەییو ئازادییخوازانەیان چەندە ساکاریش بێت، بەزەبری ئاگروئاسن سەرکوتدەکرا. وەك شاراوەنییە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو غەیرەفارسەکەی زیاتر لە نیوەی ڕێژەی دانیشتووانی پێکدێنێت ئەو نەتەوانە هەریەکەو لەڕووی زمان، فەرهەنگ، دابونەریتو شوێنی جوگرافییان لەوی دی

دژی ریفۆرمی زەویو یاسای مافی هەڵبژاردن بۆ ژنان هاتە مەیدان، هەر لەو ساڵەدا لەئێران دەرکراو زیاتر لە١٤ ساڵ لەشاری نەجەفی عێراق مایەوە، بەکابرایەکی وشكو دڵڕەقو توندڕەو دەناسرێتو پاش ڕۆیشتنی شا لەئێران، ناوبراو لەفەرەنساوە گەڕاوە تاران بۆ پراکیزەکردنی ئەندێشە سیاسییەکانی کەوتەکار، ئەو ئەندێشانەی بەکتێبی (کشف الأسرار) دەستی پێکردو بە(ولايت فقيه ياحكومت اسلامى) کۆتاییهات، کە نێوەرۆکەکەی بریتییە لەبەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسییو ئاینیی ئێران لەلایەن ڕۆحانییە توندڕەوەکانی شیعەوە بەڕابەرایەتیی بۆ ئەم لاولای خۆی، بۆ زیاتر: درايفوس، روبرت كارمن، رهينه خمينى، مطابع المخابرات الانكلوالامريكية، ترجمة وتقديم الدكتور على شمس الدين ناصر، أبو ظبي، ب.م.ت، ص ص ٧٣-٨٣ .

([1]) السبكى ، س.پ ، ل ل ١٩٠-٢١٩.

جیاوازە. پرۆسەی توانەوەی نەتەوە غەیرەفارسەکان بەزەبری ئاگروئاسن لەبۆتەی نەتەوەی زاڵی فارسدا لەڕاستیدا پرۆسەیەك بوو لەلایەن ڕەزاشاوە دەستپێکردو محەمەدڕەزای کوڕیشی دەیویست تەواوی بکات. هەموو کاتێك گەلانی نەفارس بەچاوی گومانەوە سەیری ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوییان دەکرد لەبچووکترین دەرفەت دەگەڕان بۆ بەپەرچدانەوەی سیاسەتی ناوەندگەرایی و بەفارسکردنیان. ڕژێم لەنێو ئەو نەتەوانەدا پایەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەوتۆی نەبوو. بەستنەوەی ئەو نەتەوانە بەناوەندەوە تەنیا لە ڕێگای هێزی سەربازیی‌و سیاسەتی سەرکوتەوە بەڕێوە دەچوو کە تاسەر ڕاگرتنی ئاستەم بوو. هەربۆیە کاتێك ناوەند لەڕووی سیاسیی و سوپاییەوە تووشی لاوازیی بهاتایە ئەو نەتەوانە سەریان بڵند دەکرد بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوایەتیەکانیان دەکەوتنە سەنگەری دژ بەرژێمەوە.

شایەنی باسە، محەمەدڕەزا هێشتا تازە هاتبووە سەرکار کەلەم ڕووەوە تووشی هەڕەشەیەکی توندهات. ئەو هەڕشەیەی کە خۆی لەدامەزراندنی حکومەتی ئازەربایجان‌و کۆماری میللیی کوردستان بینییەوە. لەوەش زیاتر، جووڵانەوەی ئازادیخوازیی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران بەدرێژایی دیکتاتۆریی ۲۵ساڵەی ڕژێمی پەهلەویی هەردەم وەك هێزێکی سەرەکیی جووڵانەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی بەدژی ڕژێم خۆی بینیوەتەوە. شای ئێران لەجیاتی ئەوەی بیرێك لەچارەسەرکردنی ئەم مەسەلە گرنگ‌و خەتەرناکە بکاتەوە، کەچی زیاتر لەباوکی قوڵی بۆ لێدانی خواستە نەتەوایەتییەکانی ئەو گەلانە لێ هەڵماڵیبوو. بەبیانووی شورەوییخوازیی‌و تەجزییەتەڵەبیی کەوتبووە سەروگوێلاکی ئەو نەتەوانەو بەزۆری زۆردارەکی دەیویست پێناسەی ئێرانییەتیان بەسەردا بسەپێنێ‌و بیانکاتە فارس. سیاسەتێکی هەڵەی وا کەزۆرجار گرفتی گەورەی بۆ دروستکردووەو جگە لەبەدناویی شتێکی دیکەی لێ بەقازانج نەبردووە. لەم بوارەدا دەتوانرێت ئاماژە بۆ گەلی کوردو هەرێمی کوردستانی ئێران بدرێت کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی تیایدا بەحوکمی زۆر فاکتەری جوگرافیی و مێژوویی و نەتەوەیی و مەزهەبیی و لەناوچەکانی دیکەی ئێران پەرسەندووتر بووەو بەدرێژایی حوکمی دیکتاتۆریی پەهلەویی وەك ناوچەیەکی شۆڕشگێڕو ئازادیخواز دژی ڕژێم دەناسرا. دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان، جووڵانەوەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ۱۹۵۳،

جووڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٦٧-٦٨و ئەو کوشت کوشتارو شاڵاوی گرتنە بەربلاٌوانەی ڕژێم ناو بەناو لەناوچەکەدا پێیی هەڵدەسا، هەموو ئەوانە بەڵگەی ڕاستەقینەن و لەنێو کۆڕو کۆمەڵی ئازادییخوازانی ناوچەکەو جیهاندا دەنگیان دەدایەوە. هەربۆیە گەلانی غەیرەفارس لەوەختی تەنگانەدا نەك هەر بەتەنگ محەمەدڕەزا شاوە نەهاتن، بەڵکو بەپەرۆشەوە بۆ رووخاندنی ڕژێمەکەی کەوتنەکار.

٥-ئەمەریکاییبوونی ڕژێمی محەمەدڕەزا شای پەهلەویی مەسەلەیەکی شاراوەنییەو خواس و باسێکی زۆری گەرەك نییە. ئاشکرایە ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیی ڕژێمی شاهەنشاهیی لە قەیرانێکی قووڵ دەرکێشاو هەرێمی ئازەربایجان و کوردستانی موکریانی لەسەر سینییەکی زێڕین خستەوە بەردەست. دواتریش لە ١٩ی ئابی ١٩٥٣ بەهیمەتی دەزگا جاسووسی سیا(C I A) محەمەدڕەزا بەکورسی پاشایەتیی شادبۆوە. ئەو دوومەسەلە چارەنوسسازە ئەوندە کاریگەرییان لەسەر شەخسی شاهەنشا هەبوو کەخۆی بەقەرزارباری ئەمەریکا دەزانی و پێی وابوو بێ ئەمەریکا ڕژێمی شاهەنشاهیی لەبەرامبەر شورەویی و پیلانەکانی نێوخۆدا خۆی ڕاناگیرێ. هەربۆیە لەسیاسەتی دەرەوەیدا بێ ئەملاولا خۆی هاویشتە باوەشی ئەمریکاوەو ئێرانی بەفەلەکی ڕۆژئاوا بەستەوە کەئەرکی سەرەکیی دژایەتییکردنی شورەویی و بلۆکی سۆسیالیستیی و دابینکردنی وزەبوو بۆ ڕۆژئاوا. لەم ڕووەوە ئێران بەتەواویی ببووە بنکەیەکی جاسووسیی دژی شوورەویی، ڕێکخراوە جاسووسییەکانی ئەمەریکاش دابینکەری ئاسایشی هەرێمی نێوخۆیی ئێران بوون.[1] کارگەیشتە رادەیەك لەدواسالاٌنی شەستەکانداو دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا ناوچەکەیان چۆڵکردو ئەمەریکا لەبەر تێوەگلانی لە ڤێتنام توانای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی نەبوو، ئێرانی شاهەنشاهیی هەڵبژێرا تا نەخشی (ژاندارمی ڕۆژئاوا لەکەنداو) بگێڕێت و لەم بارەیەوە محەمەدڕەزا شا زۆر بەشانازییەوە ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ. ناردنی لەشکری ئێران بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی(ظفار) لە عومان، هەڵوێستی ئێران لەمەسەلەی بەنگلادیش،

---

(1) گازیۆرسکی، س.پ ، ل ٣٤٨

خۆتێهەڵقورتان لەمەسەلەی شۆڕشی کورستانی عێراق، دامەزراندنی پەیوەندی پتەو لەگەڵ ئیسرائیل هەموو ئەوانە لەو نەخشە تایبەتەوە سەرچاوەیان دەگرت.[١]

هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بوترێت کە نێوانخۆشیی ڕژێمی محەمەدڕەزاو ڕۆژئاوا هەروا هەتا سەربەردەوام نەبوو. لەمەشدا هەڵەیەکی گەورەی شای ئێران ئەوەبوو کەوای دەبینی شوێنی جیۆپۆلیتیکی ئێران‌و مانەوەی ڕژێمێکی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی بەرابەرایەتیی خۆی لەو وڵاتەدا مەسەلەیەکی ئەوەندە گرنگ‌و چارەنووسسازە بۆ ڕۆژئاوا کەچاوی خۆیان لەهەموو مەسەلەیەك دەپۆشن‌و لەهیچ هەلومەرجێکدا دەرفەت نادەن ئەو هێزەی چەند ساڵە بەربەستێکی پتەوی لەبەردەم فراوانخوازیی شورەویی بەرەو ناوچەی کەنداوو بیرەنەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهێنانەوە بەئاسانیی لاوازبێت‌و درزی تێکەوێت، هەربۆیە شای ئێران لەدوا ساڵانی دەسەڵاتیدا چاوی لەوەبوو زیاتر لەوسنوورەی ڕێی پێدراوە هەنگاو هەڵهێنێت‌و تووشی بڵندپەروازییەکی سەیر ببوو.[٢]

ئەوەی ڕاستیی بێت، شای ئێران لەم ڕووەوە چەند کارێکی کرد کە بەئاسانیی بۆ ئەمەریکاو ڕۆژئاوا قووت نەدەچوو، وەك خۆنزیککردنەوە لە یەکێتیی شورەویی‌و کڕینی چەك لەو وڵاتەو باقی دیکەی وڵاتانی تری سۆشیالیستیی، دامەزرندنی پرۆسەی ناردنی گازی سروشتیی لەخاکی شورەوییە بۆ ئەورووپا، هەوڵی بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمیی، کۆتاییهێنان بەڕێکەوتننامەی کۆنسریۆم، بەرزکردنەوەی نرخی نەوت لەساڵی ١٩٧٣دا، داگیرکردنی سێ دوورگەکەی میرنیشینی ئیمارات (طنب الكبرى، طنب الصغرى، أبوموسى)، سوکایەتییکردن بە دیموکراسیی ڕۆژئاوایی... هتد، ئەو هەنگاوانەی کە دڕدۆنگی وڵاتانی ئەورووپیی‌و ئەمەریکایان بۆ ڕژێمەکەی محەمەدڕەزا شا هێنایەئارا.[٣] بەتایبەت دوای هاتنەسەرکاری حیزبی دیموکرات لەئەمەریکا بەڕابەریی (جیمی کارتەر) مەسەلەکە ڕەهەندێکی نوێی گرتەخۆ. کارتەر بەراشکاویی ڕایگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادە نییە چەك بەو وڵاتانە بفرۆشێ کە ڕژێمەکانیان مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن‌و ناوی ئێرانی لەپێشەوەی ئەوڵاتانەدا برد. ئەم ئاخاوتنەی

---

(١) فردوست، س.پ ، ل ٤٨٦ ،. گوتام ، س.پ ٤٨١

(٢) طلوعی ، س.پ ، ل ٨٦

(٣) ه.س.، ل ٣٠.

کارتەر تیشکی سەوزی بۆنەیارانی ڕژێمی  شاهەنشاهیی لەدەرەوەو ناوەوەی ئێران هەڵکرد کەبۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە وەخۆ کەون.[1]

لەم ڕووەوە، بەریتانیاو فەرەنساش دەستەپاچە ڕانەوەستان، ئەم دوو دەوڵەتە لەلای خۆیانەوە لەبلاۆکردنەوەی دەنگوباسی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێمو چاوپێکەوتن لەگەڵیانداو بلاۆکردنەوەی وتارو ڕێنماییەکانی خومەینی بۆ گەلانی ئێران کەمتەرخەمییان نەکرد. ئەمانە زۆر زوو پێش هاتنە سەرکاری خومەینی، ناوبراویان بەرابەریی شۆڕشی ئێرانو دەسەلاٚتداریی ئایندەی ئێران بەخەڵك ناساندو ناوەکەیان زەقکردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان، هەر لەرادیۆ وتەلەفیزۆنو ڕۆژنامەکانەوە دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی خستبووەگەڕ. هەربۆیە جێگای پرسیار نییە کە خودی محەمەدڕەزاو باقی دیکەی ئەندامانی بنەماڵەی پەهلەویی، ئەمەریکاو ڕۆژئاوا بەسەرچاوەی نەهامەتییو چارەنووسی ڕەشیان لەقەڵەم بدەن.[2] چونکە وەختێك ڕۆژئاواو ئەمەریکا لەئێراندا کەوتنەکار کەئیدی ئومێدێك بۆمانەوەی ڕژێمی شاهەنشاهییو دەسەلاٚتی محەمەدڕەزا نەمابوو، هەربۆیە دەبوایە لەو قۆناغەدا ڕۆژئاوا لە ئەلتەرناتیڤێك بگەڕێت کە بەهیچ جۆرێك لەخزمەتی سیاسەتو ستراتیژیی شورەویی لەئێرانو ناوچەکەدا نەبێت.

٦- باری دەروونیی شای ئێرانو هەڵە قەرەبوونەکراوەکانی، فاکتەرێکی دیکەی گرنگی ڕووخاندنی ڕژێمەکەی بوون، (ماروین زونیس) یەکێکە لەو نووسەرانەی بەدرێژایی ئەم فاکتەرەی لەیەکێك لەکتێبەکانیدا شیکردۆتەوە. زونیس پێی وایە محەمەدڕەزا سەرەتای ژیانی منداڵییو لاویی لەدۆخێکی ژنانەی نێو دەرباردا بەسەر بردووەو پاشان لەپاڵ باوکێکی توندوتیژو دیکتاتۆردا کەناری گرتووە، هەربۆیە کەسایەتیی شای ئێران بەکەسایەتییەکی ڕاڕاو بێ ورە لەقەڵەم دەدات کە بەدرێژایی حوکمی چەند ساڵەی بێ کەسانی ڕاوێژکارو لێهاتووی وەك (أسدالله علمو ئەشرەفی خوشکی)،و بێ پشتگیریی

---

([1]) سابیلیە ، س.پ، ل ١٣٠

([2]) بهلوی ، محمد رضا، مذكرات شاه ايران المخلوع، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، ١٩٨٠، ص ص ١٧٧-١٨٣ .، الحديثي، سعد عبداللطيف، الولايات المتحدة وعملية التغيير في ايران، معهد الدراسات القومية والاشتراكية، الجامعة المستنصرية، ١٩٨٣، ص٤.

تەواوی ئەمەریکا بڕیاری نەداوە، کە لەسەروبەندی شۆڕشی ئێرندا تەواوی ئەوانەی لەدەست دابوو. جگەلەوەی شای ئێران پێی وابوو کەهێزێکی نادیارو میتافیزیك پارێزەرێتی. دوای ئەوەی پزیشکەکان لەدوا ساڵەکانی حوکمڕانییەتیدا لەوە ئاگاداریان کردەوە کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی تۆرە لیمفاوییەکان بووە ئەوندەی تر ڕۆحیەتی تێکشکاو ورەی رووخا کەلەبەردەم گرفتەکانی وڵاتدا نەیدەتوانی بڕیاری لێبڕاوانە بدات.[1] لەهەڵە گەورەکان شای ئێران ئەوەبوو کەناوبراو پێی وابوو کە هەمووکەس لەئێراندا خۆشیان دەوێت‌و شوێنێکی گەورەی لەدڵی تەواوی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵدا هەیە، دوای ئەوەی بۆخۆی لەئاسمانەوە ژمارەی خۆپیشاندەرەکانی بینی کە دروشمی (مرگ برشا/ مردن بۆ شا)یان هەڵگرتبوو، ئنجا راستیی مەسەلەکەی بۆ دەرکەوت. شای ئێران ڕێگای نەدەدا بە درێژایی حوکمی خۆی لەشکری ئێرانی خاوەنی فەرماندەیەکی خۆشەویست‌و بەشەخسییەت بێت، شا لەترسی کودەتای ئەرتەش، دووبەرکییەکی گەورەی لەنێو بەشەکانیدا پێکهێنابوو، کە بەچوونە دەرەوەی خۆی لەئێران ئەو ئەرتەشە پەرداختەت هەنگاوکێکی بەقازانجی ناوبراو هەڵنەهێنا.[2]

بەمچەشنە، لەئەنجامی ئەو فاکتەرانەی باسکران‌و چەند فاکتەری جیاوازی تردا، زەمینەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران‌و ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی ڕەخسا. ئەو ڕژێمە بەچەشنێکی وا لەبەرچاوی دۆست‌و دوژمن سووك ببوو کە نەیدەتوانی بەپەنابردنە بەر چەند شێوازێکی جیاواز کۆسپ بخاتە بەردەم راپەڕینی بەردەوامی جەماوەری شارەکانی ئێران‌و چارەنووسێکی دی جگەلە ڕووخان بۆ خۆی بنەخشێنێت. لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا، کە راپەڕینی شارەکانی قوم‌و تەبرێزو تاران دەستیان پێکرد، ڕژێم بەتوندیی بەگژ راپەڕیوەکاندا چووەو ژمارەیەکی لێکوشتن. لەخوێناگەوزاندنی خۆپیشاندەرانی شاری تەورێز لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٨دا، کەزیاتر لە ٥٠٠ کوژراو ١٥٠٠ بریندار قوربانیی درا. سوتاندنی سینەمای (ڕێکس) لە ئابادان بەپیلانی ساواك کە نزیکەی ٤٠٠ کەسی تیاکرا بە خەڵوز، دەستوەشاندنی ئەرتەش لەخۆپێشاندەرانی مەیدانی ژاڵەی تاران لە رۆژی هەینی ریکەوتی ٨ی ئەیلولی ١٩٧٨و

(1) بۆ زیاتر: زونیس، ماروین، شکست شاهانه، ترجمه عباس مخبر، چاپ أول، تهران، ١٣٦١.

(2) طلوعی، س.پ ، ل ٥٠.

راگەیاندنی حکومەتی سەربازیی لەلایەن حکومەتی (شەریف امامی)یەوە لە تاران‌و زۆربەی شارە گەورەکان، نەك هەر نەیتوانی رێگا لەراپەڕینە جەماوەرییەکان بگرێت، بەڵکو زیاتر کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی توڕەکردو بۆرووخاندنی رژێم شێلگیری کردن. (1)

شایانی باسە، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لەوپەڕی راستەوە بۆئەوپەڕی چەپ، هەر لە ئاینییە توندرەوەکانی لایەنگری رژێمی تیۆکراتیی تادەگاتە لیبراڵەکان‌و لایەنگرانی جەبهەی میللیی‌و دواتر هەتا گروپە چەپ‌و مارکسیستە تودەیی‌و غەیرەتودەیی‌و مارکسیستە سەربەخۆکانی لایەنگری گۆڕینی دیکتاتۆریی شا بە دیکتاتوریی پرۆلیتاریا، هەموو ئەمانە لەسەنگەرێکدا دژی رژێمی محەمەدرەزا هاوخەبات بوون. لەراستییدا، تەواوی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران بۆ رووخاندنی سیستمی شاهەنشاهیی چاکیان لێ کردبوو بەلادا، رۆحانییە بونیادگەراکان، کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی شارەکان، چینی ناوەراست، مامۆستاو خویندکارو رۆشنبیران، تەنانەت بازرگانان‌و کاسبکارانی بازاڕیش ئەوانەی لە داخی دیاریکردنی نرخ‌و باجی قورسی سەپێنراوی رژێم لەتەنگانەترین وەختدا پشتیان لە شاهەنشا کرد. (2)

مانگرتنی کرێکارانی نەوت‌و کۆمپانیاو دەزگا دەوڵەتییەکان لە ئەیلولی ١٩٧٨دا، حکومەتی امامی بە تەواویی ئیفلیج کردبوو. محەمەدرەزا شا کاتێك زانی سیاسەتی توندوتیژیی بێ سوودە، ویستی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە پەنا بۆ رێگایەکی تر بەرێت. ئەو رێگایەی کەدەبوو زووتر بگیرایەتە بەر کەخۆی لەدانانی (غلام أزهاری ) بەسەرەك وەزیران‌و دەرکردنی فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی رەستاخیزو ئازادیی زیندانە سیاسییەکان‌و گێڕانەوەی ساڵنامەی کۆچیی‌و دژایەتیی گەندەڵیی‌و دوورخستنەوەی لێپرسراوە بەرتیلخۆرو پاشەڵپیسەکان بوو، ئەوهەنگاوانەی کەئاویان رژاندە سەر ئاشی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان‌و زیاتر جەماوەریان لەسەر بەدیهێنانی دروشمەکانی سوورترکرد. (3)

---

(1) جمعی از نویسندگان، انقلاب اسلامی‌و....، ل١٤٥ .، گوتام، س.پ، ل ل ٥٠٦-٥٠٩.

(2) گازیۆرسکی، س.پ ، ل ٣٥٣

(3) فردۆست ، س.پ، ل ٥٦٩

لەم ڕووەوە، وتارەکەی شاهەنشا لەکانونی یەکەمی ١٩٧٨داو ئەوئاخاوتتەی کەگوایە گوێی لە دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانە، شتێکی لە وەزعەکە نەگۆڕی. شای ئێران وەك دواچارە لەسەرەتای کانونی دووەمی ١٩٧٩دا، حکومەتی ازهاری لێخستو داوای لەشاپور بەختیار کرد حکومەت دابمەزرێنێت. شاپور کەسەرۆکی حیزبی ئێران بوو، یەکێکیش بوو لەلایەنگرانی پێشووی د. موسەددیق، بەهاتنە سەرکاری بەڵێنێکی زۆری بۆ خەڵکی ئێران هەڵڕشت، بەڵام چونکە لەلایەن شاو دانرابوو گوێی لێنەگیراو خەڵك لەخۆپێشاندنەکانیان دەستیان هەڵنەگرت.[١] محەمەدڕەزا کەبەتەواویی لەمانەوەی خۆی لەئێرانو پاراستنی تەختی تاوس بێهیوا بوو، لە١٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا، پاش هەڵڕشتنی چەند فرمێسکێك ئێرانی بەرەوە میسر بەجێهێشت. هەردوای دووهەفتە لەڕۆشتنی شا، خومەینی لەفەرنساوە گەڕایەوە تاران، بەگەڕانەوەی ناوبراو بۆ ئێران کەلەلایەن لایەنگرانییەوە نازناوی (ئیمام)یان بەسەردا دابڕی، ڕژێمی شاهەنشاهیی دوای هەلی مانەوەی خۆی لەکیسدا. ئەوە بوو پاش ماوەیەك شاپور بەختیاریش بەرەوە فەرنسا هەڵات. بەم شێوەیە قۆناغێکی دی لەمێژووی ئێراندا دەستیپێکرد.[٢]

سەبارەت بە کوردستانی ئێرانو هەڵوێستی گەلی کورد لەهەمبەر شۆڕشی گەلانی ئێرانو ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی، زۆرینەی سەرچاوە فەرمییە ئێرانییەکان لەسۆنگەی سیاسەتی خۆبەزلزانیيانەوە خۆیان لەمەسەلەکە کەڕ کردووەو ئەگەر جارجارێکیش ناچار بووبێتن راستییەك بدرکێنن ئەوا زۆر بەساکاریيیو لەپەراوێزەوە ئاماژەیان پێداوەو زیاتر لەباسکردنی بابەتێکی وادا هەوڵیانداوە خۆیان بکەنە خاوەنی مەسەلەکەو ڕۆڵی گەلانی غەیرەفارسو لایەنە غەیرە ئاینییەکان لە شۆڕشدا بسڕنەوە. هەروەك پێشتر باسی لێکرا سیاسەتی شۆفێنستانەی محەمەدڕەزا شا دژی گەلانی غەیرە فارس فاکتەرێکی سەرەکیی سەرنگونی ڕژێمەکەی بوو، گەلی کورد لە کاتێکدا کە دیکتاتۆریی لەگەرمەی تواناو دەسەڵاتیدا بوو ئامادەبوو بەگژ ڕژێمدا بچێتەوە و لەقوربانییدان باکی نەبوو، هەربۆیە ڕێی تێناچێ لە هەلومەرجێکی وادا، کە ڕژێم لەوپەری لاوازییدایەو کەوتۆتە تەنگانەوە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران

---

([١]) السبکی، س.پ ، ل ٣٣٠.

([٢]) هـ.س ، ل ٢٢٠-٢٢١.

بێهەڵوێست دەست لەسەر دەست پاڵی لێبدەنەوە. دیارە بۆزانینی هەڵوێستی ڕاستەقینەی گەلی کورد لەسەراپای مەسەلەکە پێویستە بەڵگەی زیندوو لەواقیعە مێژووییەکە بخرێتە بەرچاو.

ئاشکرایە گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بەدرێژایی تەمەنی حوکمڕانییەتی محەمەدڕەزا شا ڕۆڵی گرنگ‌و بەرچاویان لەدژایەتیکردنی سیاسەتی بەفارسکردن‌و دژەکوردانەی دەسەڵاتدارانی تاراندا بینیوە. ڕژێمی پەهلەویی هەمیشە کوردستانی ئێرانی بەناوچەیەکی پڕ هەڕەشەو پیلان لەسەرخۆی لەقەلەمداوەو هەوڵیداوە زۆرترین بەشی لەشکرەکانی ئێران لەو ناوچەیەدا کۆبکاتەوەو بەتوندترین شێوە ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد لەپێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیاندا سەرکوتبکات. ئازادییخوازانی کورد هەموو کاتێك لەمەترسیی ڕاونان‌و گرتن‌و شکەنجەی دەزگا جاسووسیی‌و داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمدا بوون. وەك سەعید کاوە وتەنی:"بەکوردی‌و بەکورتی لەئێرانی کاول وێران دا هەرکوردێکی دوو ڕۆژی سیاسەت کردبێ، تاماوە نابێ لەخۆی ئەمین بێ، هەموو سات‌و کاتێك بەدوایەوەن‌و هەڵی دەنێن کەبەهانێکی پێ‌بگرن‌و لەژوورێ‌ی کەن، نەوەکو خەڵك ڕوون بکاتەوە، هەموو کوردێك دەبێ هەموو کاتێك پەڵپ‌و بیانووی ڕژێمیان لەبەرچاو بێ‌و بەهانە نەدەن بەدەستەوە."[1]

گادانی کە ئەودەم کادرێکی پێشکەوتووی ح.د.ك.او ڕۆڵێکی بەرچاوی لەخۆپیشاندانەکانی گەلانی کورد دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی هەبووە، سەبارەت بەهەڵوێستی گەلی کورد لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا دەڵێت:"دیارە گەلی کورد بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی تاوانەکانی شا ببەخشێ‌و ئەو هەموو خراپەی لەدەورەی پاشایەتیی خۆیدا لەگەڵ گەلی کوردی کردبوو، لەبیر هیچ کوردێك نەدەچۆوە، بەتایبەت خاڵە بەرچاوەکانی وەك تێکدانی کۆمارە ساواکەی کوردستان‌و شەهیدکردنی پێشەوا قاضی محەمەدو ئەو هەموو پیاوە خەباتکارانەی ئەو سەردەمە، کودیتاکردن لەدکتۆر مصدق، گرتنە بەکۆمەڵەکانی ساڵەکانی ٤٢،٣٨(٥٩و٦٣ی زاینی-ل) کوشتاری بێڕەحمانەی شۆڕشگێرانی دیموکرات لەسال٤٦و٤٧(٦٧و٦٨ی‌زاینی – ل) و گرتن‌و

---

([1]) کاوە، س.پ ، ل ١٨٤.

دورخستنی ئەم خەڵکە نیشتمانپەروەرەو بیرکردنەوەی لەم هەموو جینایەتە سامناکەی دەرحەق بەکورد کردبووی، ئاگری نەفرەتی لەدەروونی هەموو کوردێکی دڵسۆز هەڵکردبوو، برینی خیانەتی شاو ئەمەریکا لەساڵی ٧٥داو بەستنی پەیمانی ئەلجەزائیریش سەبارەت بەوەزعی کوردستانی عێراق زۆر قوڵتر لەوەبوو وازوو سارێژبیو زور لەمێژبوو بەدڵ چاوەڕوانی هەلێکی گونجاوبوون."[1]

ئەگەر ئەو مەسەلەیە بکەینە گریمان کە شۆڕشی گەلانی ئێرانو ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی تەنیا بەرهەمی خەباتی ساڵی ١٩٧٨ی گەلانی ئێرانە کەوا نییە، ئەوا پێویستە بوترێت کەبەشدارییکردنی گەلی کورد لەو شۆرشە تاڕادەیەك دواکەوت، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە جگەلەوەی گەلی کورد بەشی زۆری هێزو وزەی دژ بەڕژێمی لەجووڵانەوەی چەکدارانەکەی دەساڵ بەر لەشۆرشی ساڵی ٧٨ بەخەرجدابوو، زۆرینەی سەرکردە سیاسییەکانیشی یا کوژران یاخود لەزیندانەکاندا تا ئەو دەمە ڕاگیرابوون. ئەوانەشی ئاوارەی عێراق بوون لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دوای ڕێکەوتنی ئەلجەزائر لەگەڵ ئێران دەستو پێیان بەسترابۆوەو کەوتبوونە ژێر فشاری دەرکردنەوە. لەلایەکی ترەوە کوردستانی ئێران بەجۆرێکی وا میللیتارێزە کرابوو کەلەشکرو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم دەیانتوانی بەئاسانیی هەر جووڵانەوەو خۆپێشاندانێکی جەماوەریی بەبیانووی تەجزیە تەڵەبییەوە خەڵتانی خوێن بکەنو لەڕیشەوە دەریکێشن، جگەلەوەی ئەودەمە لەکوردستانی ئێراندا وەك بەشەکانی دیکەی وڵات ڕێکخراوێکی سیاسییو تۆکمەی خاوەن تەشکیلاتی دژ بەڕژێم نەمابوو،ڕێبەرێکی ناسراو هاندەرو ڕێگا پێشاندەریش نەبوو.[2] ئەگەر لەهەرێمەکانی دیکەی ئێران ڕۆحانییە بونیادگەرانی شیعە دەیانتوانی سوود لەشانە نهێنییەکانیانو هەستی مەزهەبی شیعەگەرێتیی خەڵکی وەرگرنو وتارەکانی خومەینیان بەگوێدا بدەنو دژی ڕژێم بیانجوڵێنن، ئەوا لەکوردستانی سونییو ژێرستەمی نەتەوایەتییدا ئەو مەسەلەیە جۆرێکی دیکەبوو، بەڵام وێڕای ئەوەش کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران هەرزوو ئەو دواکەوتنەیان قەرەبوو

---

([1]) گادانی ، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٩٣-١٩٤.

([2]) کاوە، س.پ ل ١٨٦.

کردەوەو لەگەڵ گەڕانەوەی تەرمی ڕابەری نەتەوەییو ئازادیخوازی کورد "عەزیز یوسفی" تێکڕا هاتنەمەیدان.

ئاشکرایە یوسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.ا بوو، دوای ئەوەی نزیکەی ٢٥ساڵ زیندانی چێشتبووو لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا هێڵرابووەوە، تووشی چەندەها نەخۆشیی ببوو کەهیوای چاکبوونەوەی بۆنەکرا، هەربۆیە ڕژێم لەساڵی ١٩٧٧دا، لەزیندان ئازادی کرد، بەڵام وەك چاوەڕواندەکرا ناوبراو پاش ساڵێك بەوەستانی دڵو گورچیلەکانی لەتاران گیانی بەخشی. شایەنی باسە، بەشێکی ئەوکادرو ئەندامە کوردە حیزبییانەی کە لەتاران دوورخرابوونەوە، بڕیاری ئەوەیاندا کەتەرمەکەی یوسفی بگێڕنەوە کوردستانو بەشکۆو پێشوازی خەڵکەوە بینێژن. ئەوەبوو دوای بەڕێکخستنی تەرمەکە لەتاران لەلایەن ژمارەیەکی زۆر کوردو غەیرە کوردەوە، ئێوارەی ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی١٩٧٨ لەلایەن خەڵکێکی زۆر کەژمارەیان زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسێك دەبوون لەزۆربەی شارەکانی کوردستانەوە خۆیان گەیاندبووە مەهەباد، پێشوازییەکی گەرم لەتەرمەکەی یوسفی کرا.(١)

بەیانی ڕۆژی ٥ی حوزەیران تەرمەکە لەخانەقای نەهرییەوە بەرەو قەبرستانی گونبەزان بە ڕێوڕەسمێکی شکۆدارانە بەڕێکراو جەماوەرێکی زۆر کە وێنەی یوسفییان هەڵگرتبووەو بەگوڵ ڕازاندبوویانەوە لەپشتی تەرمەکەوە دەڕۆشتن. لەکاتی مەراسیمی ناشتندا، گادانی بەدرێژیی باسی ژیانو خەباتنامەی یوسفی بۆ ئامادەبووان کردو لەسەر زیندانو تاوانەکانی ڕژێمی شاهەنشاهییو ئیمپریالیزمی ئەمەریکا دوا، دواتر لەدرێژەی قسەکانیدا یوسفی بەشەهید ناساندو داوای لەمەلا شێخ عیزەدینی حوسەینی ئیمام جومعەی مەهاباد کرد بە کوردیی تەڵقینی بدات، ناوبراویش سەرەتابە دێڕە شیعری کوردی (پێی ناویٚ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەنوگرین نامرن ئەوانەوا لەدڵی میلەتا دەژین) ئەرکە ئاینیەکەی بەجێگەیاند، ئەو ڕۆژە بەوەندە کۆتایی هاتوخەڵکی گەڕانەوە مەهاباد و سیٚ ڕۆژ لەخانەقای نەهری پرسەیان گرت.

---

(١) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٩٤

**دوای کۆتییهاتنی پرسه وەك باوە دەبێ خەڵکی سەردانی گڵکۆی لەدەستچوویان بکەنەوە، لێرەدا مەسەلەکە بەجۆرێك ڕێکخرا کە بکرێتە دەستکەوتێکی سیاسیی. ئەوەبوو جەماوەرێکی یەکجار زۆر لەبەردەم خانەقای نەهرییەوە بەڕێزی ڕێكوپێك بەرەو سەرقەبران کەوتنە ڕێ، لەوێڕا دوای دانانی سەدان چەپکە گوڵ لەسەر مەزاری یوسفی، لەڕێگای ئەوبڵندگۆیانەی هێنرابوون جارێکی دی گادانی بۆخەڵکەکە دەستی بەقسان کردو توندتر لە پێشوو دابەزیە سەر ڕژێم، پاشی ئەو خوشکە حەوسەتی دەباغی، فەوزییەی جوانەمردی، مهندس سلێمان تیکانتە شیعرو وتاریان خوێندەوە، لەگەڕانەوەدا خەڵکی چوونە سەرگۆڕی ڕێبەرانی جووڵانەوەکەی ساڵانی ٦٧–٦٨، لەوێڕا عومەری قازیو مەلا محەمەدی نیزامی کە دوو کوردی ئازادییخوازبوون کەوتنە دروشمدانو مەسەلەکە بۆخۆپێشاندانی دژ بەڕژێمی شاهەنشاهیی وەرگەڕا. لاوان کەزۆرینەی جەماوەریان پێکدەهێنا بەدروشمدان بەرەو ناو شاری مەهاباد گەڕانەوەو تامەیدانی چوارچرا ڕۆیشتن، لەوێڕا لەلایەن ژاندارمەوە پێشیان لێگیراو بڵاوەیان پێکردن. بەمشێوەیە یەکەمین خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی کوردستانی ئێران دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی دەستیپێکرد.[1]**

**شایەنی باسە، لێپرسراوانی ڕژێم لەشاری مهاباد هەر ئەو ڕۆژە کەوتنە گرتنی ئەو کەسانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرا دروستکەری ڕووداوەکەبن. لەماوەیەکی کەمدا نزیکەی ٤٥کەسێك گیران، ئەوانەشی وەك گادانی گەڕابوونەوە تاران لەوێڕا بەدەستبەسەری هێنانیانەوە مەهاباد، ئەوانەی گیرابوون، بریتییبوون لە (جەلیل گادانی، سەعیدکاوە، سەید محەمەدی نیزامی، حەوسەتی دەباغی، قادرماوەرانی، عومەری قازی، قاسمی سوڵتانی...هتد) کەدوای دادگاییکردنیان سزای ئیعدامیان بۆهەندێکیان بڕیبووەوە، کەلەبەر بەردەوامبوونی ڕاپەڕینەکانو تێکچوونی زیاتری بارودۆخەکە پاش چەند مانگێك هەموویان ئازادکران، دوا تاقمیان ئەو(١٦) کەسەبوو کەلەزیندانی ورمێ ڕاگیرابوون، ڕۆژی ئازادکردنی ئەم تاقمە لەورمێ پێشوازییەکی گەرمییان لێکراو ئەو**

---

(١) گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل ٤٦

رووداوه بووه هاندەری ئەوەی لەو شارەش راپەڕین و خۆپیشاندان دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی دەستپێبکات، کە تا ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە کۆتایی نەهات.[1]

لەراستییدا، ئەو خۆپێشاندانەی شاری مەهاباد کەبەبۆنەی هاتنەوەی تەرمی یوسفی هەڵگیرسا، بووە سەرمەشقی خۆپێشاندانەکانی تری شارەکانی کوردستان و هێدی هێدی راپەڕینی جەماوەری داخ لەدڵی زۆربەی ناوچەو هەرێمەکانی کوردستانی ئێران دەستییپێکردو لەزۆرشوێن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم دەکەوتنە بەر پەلاماری خەڵك و تێکهەڵچوون دەقەوما. هەر لەخودی شاری مەهاباددا، خۆپیشاندانەکان درێژەیان خایاندو لەو نێوەدا چەندەهای وەك (جەمالی فەقێ یەعقوبی)بە دەستی ژاندارم خەڵتانی خوێن کران.[2]

شاری بانەش لەسەرەتای ئەیلولی ١٩٧٨دا نزیکەی هەمان رووداوی شاری مەهابادی لێ دووبارە بووەوە. دوای ئەوەی یەکێك لەکوڕەکانی (حاجیمستەفای شافعی) کە خەڵکی بانەیە، کەوتبووە ژێر تراکتۆرو مردبوو، لەڕێوڕەسمی ناشتنەکەیدا، شێخ جلالی حوسەینی دەستی بەهێرشکردنە سەر ڕژێمی بەعس لەعێراق و تاوانەکانی دژی گەلی کورد کرد کە دوای پەیماننامەی ئەلجەزائیر ئەنجامدرابوو. لاوانێك کە لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشداربوون، قسەکانیان لەدەمی شێخ جلال قۆزتبۆوەو جگە لە دروشم دان دژی بەعس، کەوتبوونە دروشمدان دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی و بانگی ئازادییان بەگوێی خەڵکەکەدادابوو. ئەو لاوانە لەگەڵ خەڵکەکەدا بەدروشمدان بەرەوشاری بانە گەڕابوونەوەو لەوێڕا لەلایەن ژاندرمەوە دەوریان گیرابووو ژمارەیەکی زۆریان لێگرتبوون.[3]

ئەو رووداوە بەتەواویی ترسی خەڵکی بانەی لەژاندرمەکانی ڕژێم شکاندو بەردەوام لە مزگەوتەکاندا کۆدەبوونەوەو وتاریان دژی شای ئێران دەخوێندەوە، لەڕۆژی یەك شەممەو دووشەممەی ڕێکەوتی ١و٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨دا، خۆپێشاندانێکی گەورە لەبانە سازکرا کە داواکارییەکانیان خۆی لەبەردانی گیراوە سیاسییەکان و

---

(1) گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، ل ١٩٥.

(2) هـ.س ، ل ١٩٥

(3) توکلی ، س.پ ، ل ٤٢٠-٤٤١.

دابینکردنی ئازادیی‌و لابردنی کاربەدەستە ناڵەبارەکانی ڕژێم دەدیتەو لەم خۆپێشاندانەدا دوو ساواکی کوژران وماڵەکانیان سوتێنرا، لەئاکامدا (عبدوڵڵای مەحموودی) فەرمانداری شارو(ئیرەجی اقدسی) بەڕێوەبەری دەزگای شێروخورشید دەستیان لەکارکێشایەوە.[1]

هەروەها لەڕۆژی ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا، خەڵکی بانە هێرشیان بردە سەر پادگانی شارەکەیان‌و دوای کوژرانی دووکەس بەنێوی (ئەحمەد خانی‌و ئەحمەدی ڕەحمانی خاتونی)و بریندابوونی چەندی تر، توانییان ژمارەیەك ژاندرمەی ڕژێم چەك بکەن. ڕۆژی دوایی بەئامادەبوونی هەزاران کەس کە لەشارەکانی دیکەی کوردستانی وەك: سەردەشت، سەقز، بۆکان و مەهاباد هاتبوون تەرمی ئەو دووکەسە لەگۆڕستانی بەناوبانگی سلەیمان بەگ بەخاك سپێردران. بەشداربوون‌و کۆبوونەوەی خەڵکی شارە جیاوازەکانی کوردستان لە ڕێورەسمی تەرمی ئەوانەی کە لەخۆپێشاندانەکانی دژ بەڕژێمدا دەکوژران لەم قۆناغەدا ببووە نەریتێکی باوی شارەکانی کوردستانی ئێران، شایەنی باسە، لەخۆپیشاندانەکانی شاری بانەدا هەر دەستەو دروشمی تایبەتی خۆی دەدا، بۆنموونە مارکسیستەکان دروشمی (داس‌و چەکوش دوژمنی سەرەنێزەیە، لەرزینی دوژمن لەبەر ئەم هێزەیە)، (هەرکارگەیە دەتوانیٚ نیزامێکی نویٚ دانیٚ) و (برادەری، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری)یان دەدا. کەسانی ئاینیی‌و نەتەوەیی وەك شێخ جلال‌و لایەنەگرانیشی دروشمی (الله اکبر شیعاری دینە ئازادی گەلان هەوێنی ژینە)، یان دەوتەوە. لەراستییدا، هێشتا شۆڕشی گەلانی ئێران بەتەواویی ڕژێمی نەڕووخاندبوو کە خەڵکی بانە تەواوی پەیکەرو وێنەکانی شاو باوکیان لەشارەکەیاندا بەپێوە نەهێشت.[2]

لەلایەکی ترەوە، دوای ئەوەی ڕژێمی شاهەنشاهیی لەژێر فشاری خۆپێشاندانە جەماوەرەییەکان‌و ڕێکخراوی نێو دەوڵەتییدا ناچاربوو دەرگای زیندانەکانی بکاتەوەو دەستەدەستە زیندانەسیاسییەکان ئازاد بکات، یەکێك لەو زیندانییانە کە بۆ ماوەی نزیك

---

([1]) هـ.س ، ل ٢٤١.

([2]) خالیدی موحسین، روانینێك بۆ کوردستان (بانە)، سروە – گۆڤار، ژمارە ١١٧، خاکەلێوەی ١٣٧٥، ص٥١، حسین زادە س.پ، ل١٢.

بە٢٠ساڵ ڕاگیرابوو (غەنی بلوریان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.ا بوو، کە لەکۆتایی ئەیلولی ١٩٧٨دا، لە زیندانی عادلئاوای شیراز ئازاد کرا. بلوریان پاش مانەوەی ماوەیەکی کورت لەتاران بەڕێو ڕەسمێکی کەموێنە گەڕایەوە شاری مهاباد. ئەو گەڕانەوەیەی کرایە خۆپێشاندانێکی سیاسیی‌و لە پاڵ دروشمی (مامە غەنی هاتەوە یاخوا بەخێربێتەوە)دا، دروشمی (نەمان بۆ دیکتاتۆریی)، (ئازادیی مافی گەلە)و (دیموکراسیی‌و برایی مایەیە بۆ ڕزگاریی) لەلایەن هەزاران کەسەوە دەوترایەوە.[١]

بلوریان سەبارەت بەو پێشوازیو خۆپێشاندانە نووسیویە:"لەچوارڕێی مەراغەوە کەنزیك بەدووسەد کیلۆمیترە بۆمەهاباد. هەزاران ئوتۆمبیل ڕەگەڵمان کەوتن. خەڵکێکی زۆر لەمەهابادو هەموو شارەکانی تری کوردستانەوە بەپێشوازی هاتبوون، پێشوازیکردنێکی ملیۆنی خەڵکی کوردستان لە ڕۆڵەیەکی خۆیان کە بەساڵانی درێژ بۆ ئازادیو ڕزگاری نەتەوەکەی هەڵسوڕابوو، دوومەبەستی روونی تێدا دەگونجا، کەدەکرێ بەمجۆرە گەلاڵەیان بکەم.

ا- سوپاس لەڕۆڵەی تێکۆشەری خۆیان کەساڵەها لەبنەماڵەکی جیاکرابۆوە و لەزیندانە خۆف هێنەرەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوییدا. ڕەنج‌و ئازارو ئەشکەنجە درابوو، وبۆ سەربڵندی نەتەوەکەی تەسلیمی ویستی حکومەتی دیکتاتۆر نەبوو .

ب- زەق کردنەوەی ئەو مەبەستە کە گەلی کورد هەمیشە ڕێزو حورمەتی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی لەبەرچاوەو لەبەرامبەر دیکتاتۆر و زۆرداراندا هەستی نیشتمانی‌و نەتەوایەتیی خۆی لەبیرناکات و پڕبەدڵ دژی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانە."[٢]

ئاشکرایە شاری سنەش وەك زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران لەراپەڕین‌و مانگرتن‌و خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی ڕۆڵی خۆی بەباشیی بینی. بەدوای زنجیرەیەك خۆپێشاندانی جەماوەریی خەڵکی ئەم شارە لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨دا، مانگرتنی سەرانسەریی لەسنەدا ڕاگەیەندرا کە کاری دامودەزگا دەوڵەتییەکانی بەتەواویی ئیفلیجکرد. هەروەها لەناوەڕاستی مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا، خۆپێشاندانێکی خەڵکی ئەم شارە

(١) گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل ل ١٨٩-١٩١.

بەتوندیی لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمەوە دەستی لێوەشێنرا. ئەوەبوو کاتێك لە١٩ی کانونی دووەمدا خوێندکارانی زانکۆ لەتاران مانیانگرتو بەیاننامەیەکیان ئاراستەی حکومەتی بەختیار کرد کە تیایدا ئاماژەیان بەو کوشتارەی شاری سنەدا کەژاندرم لەخەڵکی بێدیفاعی کردوە، لەبەیاننامە کەدا هاتبووکە:"بەختیار لەبێشەرمیو ئیهانەت بەحەیسییەتی میلەتی ئێران ڕووی نۆکر سیفەتە هاوتاکانی خۆی سپی کردۆتەوە."(١)

شایەنی باسە، هێشتا خومەینی لەفەرەنسا نەگەڕابۆوە ئێران کەلە ١٢یکانونی دووەمی ١٩٧٩دا، نامەیەکی ئاراستەی زانایانی ئاینییو خەڵکی کوردستان کرد تیایدا ڕایگەیاند:

"لەم وەختەدا کە نیشتمانەکەمان بەناسکترین قۆناغی مێژوویی خۆیدا تێدەپەڕێتو میللەتی موسوڵمانی ئێران لەگەڵ درەندەترین جەلادەکاندا.. ڕووبەڕووە پێویستە لەسەر تەواوی چینەکانی بەڕێزی وڵات کەبەیەك دروشم لەنیشتمانو ئیسلامی ئازیز بەرگریی بکەنو دەستی خائینانو تاوانباران ببڕنو بێئاگایی لەئەرکەکانیان دەبێتە سستیی ڕاپەڕینی ئیسلامییو خوانەکردە بەشکستی کۆتاییدێت. لەم ڕووەوە زۆر سوپاسی خەڵکی بەڕێزی ئەم ناوچەیە دەکەم کەوەزیفەی ئاینیی خۆیان بەرامبەر ئیسلامو موسوڵمانان بەباشترین شێوە بەڕێوە دەبەنو لەم سەرهەڵدانە مەزنەدا ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان هەیە، خودای بێهاوتا هاوکاریی خێرتان بێت."(٢)

هەروەها لەگەرمەی ڕێپێوانەکاندا بوو کە لەپایزی ساڵی ١٩٧٨دا، کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.ا، کۆبونەوەیەکی نائاسایی خۆی بەستو بڕیاریدا کۆمیتەیەك لەژێر ناوی (زاگرۆس)دا بنێرنەوە نێوخۆی وڵات. ئەم کۆمیتەیە لەهەشت ئەندامی ڕێبەرایەتییو کادری پێشکەوتوی حیزب پێکهاتبوو، لەماوە هەفتەیەکدا گەڕانەوە کوردستانی ئێرانو هەریەکەیان بۆ زیندووکردنەوی شانەو کۆمیتەکانی حیزبی لەشارەکانی تاران، مەهاباد، ورمێ، کرماشان، سنەو پیرانشاریان بۆخۆیان دابین کرد. لەراستییدا، کۆمیتەی زاگرۆس بەپەندوەرگرتن لەئەزموونەکانی پێشوو هەوڵیدەدا لەنهێنیی تەواودا هەڵسوڕێتو

(١) مدنی، تأریخ سیاسی معاصر ایران ، ل ٤٤٤

(٢) توکلی، س.پ، ل ٢٤٣-٢٤٤.

پەیوەندیی بەهەموو کەسەو نەدەکرد. هەربۆیە لەهەلومەرجێکی پرجۆش‌و خرۆشی راپەڕین‌و خۆپیێشاندانە جەماوەرییەکاندا، هەنگاوەکانی زۆر هێواشیی بەڕێوەدەچوو.[1]

خۆپێشاندانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران تا ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی درێژەی کێشا. لەزۆربەی شارەکان خەڵکی پەلاماری بارەگای دەزگا سەرکوتکەرەکان‌و پادگانە سەربازییەکانی ڕژێمیان دەداو چەکیان دەکرد. لەشاری سەردەشت لەڕۆژی ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا، جەماوەرێکی زۆر ڕژانە سەر شەقامەکانی شارو بەرەو پادگان هێرشیان برد، دوای کوژران‌و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر لەهێرشبەران، پادگانی سەردەشت چەك کراو تەواوی چەك‌و کەرەسە جەنگییەکان کەوتنە دەست جەماوەری ڕاپەڕیو.[2]

هەر لەم قۆناغەدا لەزۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێراندا شورا جەماوەرییەکان دامەزران کە ڕۆڵی گرنگیان بینی لەئاراستەکردنی جەماوەرو هاندانیان بۆ راپەڕین‌و پاراستنی دەستکەوتەکان. لەم رووەوە چەپەکان لە دەستەکانی دی هەڵسوڕتربوون. هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بوترێت، کە دامەزراندنی (جمعیت کردهای مقیم مرکز/ کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی پایتەخت) بەیەکێك لە گرنگترین کارو چالاکییەکانی ئەو دەمی ئازادییخوازانی کورد لە تاران دادەنرێت. ئەم کۆمەڵەیە لەسەرەتای مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا، لەکۆبوونەوەیەکدا لەهۆڵی فیردەوسی زانستگەی تاران دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاندو لەزۆربەی خۆپێشاندان‌و کۆڕوکۆبونەوەکانی دژ بەڕژێمی شاهەنشاهیی بانگ دەکران‌و ڕۆڵیان دەبینی.[3] یەکێك لەچالاکییە نەتەوەییەکانی ئەم کۆمەڵەیە لەتاران سازکردنی ئاهەنگێکی جەماوەریی بوو بەبۆنەی یادی (٢ی ڕێبەندانی/٢٢یکانونی دووەم) ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری میلیی کوردستان لە زانستگەی تاران. لەو ئاهەنگەدا سەرەڕای خوێندنەوەی چەند وتارو شیعرو گۆرانی نەتەوەیی، قوربانییەکانی گەلیکورد دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی بەبیر جەماوەر خرانەوەو هەزاران کەس بەهێنانی ناوی پێشەوا قازیی محەمەد چەپڵەیان لێدەدا. هەروەها چالاکییەکی دی کۆمەڵەی کوردەکانی

---

(1) حسن زادە، س.پ، ل ل ١٢٠-١٢٢.

(2) بانیخێڵانی، س،پ ، ل ٣٤٠-٣٤١

(3) گادانی ، ٥٠ساڵ خەبات، ل ل ١٩٦-١٩٩.

دانیشووی پایتەخت کە جەلیل گادانی بەرپرسی یەکەمی بوو، دەرکردنی ئۆرگانێك بوو بەناوی (تروسکە) کە چەند ژمارەی بەزمانی کوردیی و فارسیی لێ بڵاوکرایەوە.(١)

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیەکە هەر لەگەڵ هاتنەسەرکاری حکومەتی بەختیاردا، ناوبراو وتارێکی پێشکەشی گەلانی ئێران کردو تیایدا هێرشێکی توندی کردە سەر گەلی کوردو بەئاژاوەگێڕو تەجزیەتەڵەبی ناوزەد کردن. دیارە کاربەدەستانی ناوەند هەر کاتێك بیانەوێت ڕای گشتیی چەواشەکەن‌و خۆیان لەقەیرانەکانی ناوەند بدزنەوە، هەوڵدەدەن سەرنجی هێزەکان‌و خەڵکی بەرەو کوردستانی ئێران ڕابکێشن و ئەو تۆمەتە بکەنە ئامرازێك‌و بۆ چەواشەکردنی نەیارەکانیان قەوانی بەختیاریان لێدەدایەو وەك ئەو وتارەی لەلایەن (تیمسار قەرەنی)ەوە لەگۆڤاری (ایندگان)دا بلاّوکرایەوە.(٢) هەروەها ئەو پروپاگاندانەی کە لەدەزگا ڕاگەیاندنەکانی دیکەی دەوڵەتەوە بلاّودەکرایەوە گوایە خەڵکی کوردستان بەمەبەستی جیاوازخوازیی شورایەکیان بەناوی (شورای همبستگی کردستان) پێکهێناوە، ئەو تۆمەتانەی دەوڵەت کەلەلایەن شیخ جەلالی حوسەینیەوە و لەڕۆژنامەی(کیهان)دا وەلاّم درایەوە.

شایانی باسە، شێخ جەلال لەوەلاّمەکەیدا نووسیویە:"گریمان وا کوردەکان لەبەر جیاوازخوازێتیان گوللەباران دەکرێن، باشە ئەی تارانییەکان، ئەی تەبرێزییەکان، ئەی قەزوینییەکان، ئەمانە بەچ تاوانێك گوللەباران دەکرێن، لەکوردستانی ئێراندا هێزێك نییە کە بۆ جیاوازخوازیی تێبکۆشێت‌و ئەو قسەلۆکانە هەمووی درۆی ڕووت‌و شاخدارن‌و پلانێکن بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان کە هاوکات لەگەڵ هاونیشتمانیی خۆیداو بەمەبەستی ڕزگارکردنی ولاّت لەچنگی خوێن خۆرانی خەبات دەکات بەڕێوەدەچێت:"(٣)

لەراستییدا محەمەدڕەزا شا بەمەبەستی هێمنکردنەوەی بارودۆخەکەی کوردستانی ئێران، (سپهبود ورهرامی) ناردەشاری مەهاباد بۆ ئەوەی بەڵکو لە دۆستایەتیی‌و خۆشەویستیی پێشووی لەنێو خەڵکدا کەڵك وەرگرێ‌و کارێك بۆ شا بکات. بەلاّم لەلایەن

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، ٢٠٠٠/٧/٣.

(٢) هـ.س.

(٣) کیهان، تهران، ١٠ بهمن ١٣٥٧.

کەسێکەوە بەناوی (سەیدعومەر) پەلاماری کرایەسەر، ئەوە بوو پاسەوانەکانی (ورهرام) سەیدعومەریان دایەبەر ڕێژنەی گوللەو لەخوێنا گەوزاندیان. خەڵکی مەهاباد بۆناشتنی تەرمەکەی ناوبراو ریپێوانێکی گەورەیان سازداو بەشکۆوە بەخاکیان سپارد.[1]

لەسەرەتای مانگی شوباتی ١٩٧٩دا، خۆپێشاندانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و پەلاماردانی بارەگاکانی ساواك و کەلانتەری و شارەبانی و هێرشبردنە سەر زیندانەکانی ڕژێم توندتربوو. بەپێی ئەو لیستەی کە گۆڤاری (ایندگان) بلاّویکردۆتەوە، قوربانیی شارەکانی کوردستان لەنێوان دوو ڕۆژی ٧و٨ی شوباتی ١٩٧٩دا، بەمشێوەیەی خوارەوە بوو: لەشاری سنە کوژراوێك و ١٨ بریندار، مهاباد ١٤ کوژراو ٤٠ بریندار، ورمێ ٢ کوژراو ١٦ بریندار، نەغەدە ١٨ کوژراو ١٧بریندار، خورەم ئاوا ٢٣کوژراو ٤٠٠بریندار..هتد.[2]

هێشتا بەختیار لەئێراندا هەڵنەهاتبوو کە کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك.ا لەڕۆژی ٩ی شوباتی ١٩٧٩دا، پەیامێکی ئاراستەی خومەینی کردووە کە تێیدا هاتووە:"جووڵانەوەی بەرینی گەلانی ئێران ناکرێ تەنیا مڵکی دەستەیەکی دیارکراو بێ. تەواوی خەڵکی ئێران بەبیروباوەڕی جۆربەجۆرەوە لەو ڕێگایەدا زەحمەتیان کێشاو فیداکاریان کردووە. بۆ دروستکردنی ئێرانێکی نوێ و دیموکراتیش، پێویستە هاوپێوەندی و خەباتی هاوبەش هەردرێژەی هەبێ. دەبێ ئەوەتان لەبەر چاوبێ ناکرێ دەستکەوتەکانی شۆڕش تەنیا بخرێنە ژێر دەسەڵاتی دەستەیەك و بەبیانووی جۆربەجۆریش هێزەکانی دیکە بێبەش بکرێن، تاقیکردنەوەی زۆر وڵاتان و هەروها وڵاتی خۆشمان نیشانیداوە کەهەرجۆرە تەنگەبەرکردنێك لەبارەی ئازادی تێکۆشانی هێزەکان لەڕێبازی شۆڕش دا، بەهەر ناوێکەوە بێ، درەنگ یازوو دیکتاتۆرییەکی تەواو پێك دێنێ مەرجی سەرەکییی بۆ پێك هاتنی هەلومەرجێکی هێدی و دیموکراتی کەبتوانێ مزگێنی پاشە ڕۆژێکی باشتر بۆ خەڵکی ئێران بەتایبەتی کۆمەڵانی زەحمەت کێشی وڵات دەگەڵ خۆی بێنێ ئەوەیە کە دیموکراسی بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەبێ هیچ مەرجێك دابین بکرێ.

---

([1])گادانی ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٩٨.

([2]) ایندنگان، تهران، ١٧ اسفند ١٣٥٧.

هەروەها هیوادارین کەمەسەلەیەکی سەرەکییی لەشۆڕشی ئێراندا بەتەواوی لەبەرچاو بگیرێ. ئێمە لەو بڕوایەداین کە هیچ ڕژێمێك لەئێراندا ئەگەر نەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتیی چارەسەر بکا، کەبەیەکێك لەگیروگرفتە سەرەکییەکانی وڵاتی ئێمەیە، ناتوانێ ڕژێمێکی بەراستی نیشتمانیو دادگەرو دیموکراتی بێ، واقعییەت ئەوەیە کە گەلانی زۆرلێکراو لەوڵاتی ئێراندا زیاتر لەنیوەی دانیشتوان پێك دێنن. خوێندنو نوسین بەزمانی زکماکی، پاراستنو پەرەپێدانی فەرهەنگیی میللیی، وەلانانی چەوسانەوەی ئابووریو سیاسیو لەهەموو گرنگتر دیاریکردنی مافی چارەنووس بەدەستیخۆ، لەمافە سەرەتاییەکانی گەلانی ئێرانە، لابردنی ستەمی نەتەوایەتیی لەسەر گەلان پێچەوانەی پرۆپاگندەی ئەوانەیە کە دوژمنانی گەل ئیدعای دەکەن، مەسەلەیەکی وا هاندانی تەجزیە تەڵەبی نیە، بەپێچەوانەوە دابینکردنی یەکێتییەکی راستەقینەی ئەم گەلانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا زامنی یەکپارچەییو سەربەخۆیی وڵاتە، مەسەلەی نەتەوایەتیی لە ئێراندا وجوودی هەیەو بەهیچ جۆرێك خوگێل کردن لەمەسەلەیەکی وا لەگرنگییەکەی کەم ناکاتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر ڕێگا بۆ دوژمنانی سەربەخۆیو ئازادی ئێران خۆش دەکات کەبەقازانجی خۆیان سوودی لێببینن.

حەزرەتی ایت الله جەنابت لەیەك ساڵی دواییدا نیشانت داوە کە دەتوانی بەغیرەتو ئازایەتییەکی بێوێنەوە لەگەل مەسەلەکانی بەرەو ڕووبی. وەرە ئەم بتەش کەناوی تۆمەتی جیاوازی خوازیو یەکێکە لەپاشماوەکانی ڕژێمی شوومی پەهلەوی تێ بشکێنەو بەناوی مرۆڤایەتیو دادپەروەری دیفاع لەمافەکانی گەلانی زۆر لێکراوی ئێران بکە. دڵنیابە مێژوو هەرگیز ئەو خزمەتە پرشنگدارەی لەبیر ناچێ."[1]

---

[1] کوردستان، ژمارە ٥٤، رەشەمەی ١٣٥٧ – مارسی ١٩٧٩.

## باسی سێیەم: گەلی کوردو هاتنەسەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران.

### یەکەم: چەسپاندنی شۆڕش یان هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی تیۆکراتیی لەئێران:

ئاشکرایە گرنگترین ڕووخساری جیاکەرەوەی گشتیی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی دیکەی گەلان، ئەوەبوو کە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنو بەرێوەچوونیدا، تاکو پەرەگرتنو سەرکەوتنیشی، خودانی ئایدۆلۆژییەکی چەسپاوو دیاریکراو نەبوو. ڕاستە تێکڕای ئەو گروپە سیاسییو چینە کۆمەڵایەتییە خاوەن ئایدیا جیاوازو دژبەیەکە ئۆپۆزسیۆنانەی ڕژێمی شاهەنشاهیی کە هەر لەوپەڕی ڕاستی ئایینییەوە تا ئەوسەری مارکیسیتە کۆمۆنیستەکان هاوخەبات لەسەنگەری شۆڕشدا دروشمی (ئازادیی) و (مرگ بر شاه)یان بەرزکردبووەوە، بەڵام ڕێکەوتن لەسەر جۆری ڕژێمێکی ئەڵتەرناتیڤو بەرنامەیەك دوای مەرگی ڕژێمی پاشایەتیی جێبەجێ بکرێت، مەسەلەیەك بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران بەشێوەیەکی گشتیی لێی بێبەش بوو. لەم بارەیەوە جگە لەباڵی ئایینییو پەیڕەوانی خومەینی، زۆربەی ڕێکخراوو گروپە لیبراڵو نیشتمانییو دیموکراتەکان، هەروەها دەستەو تاقمە چەپە جۆربەجۆرەکانیش چاوەڕێی ئەوەبوون کەدوای سەرکەوتنی شۆڕش ڕێگایەك بۆ بەدیهێنانو پراکتیزەکردنی بۆچوونە سیاسییەکانیان ببیننەوە.[1]

ڕاستەییەك کەناتوانرێت لێرەدا نکۆڵیی لێبکرێت ئەوەیە کە دەزگای ئاینیی لە ئێرانو ڕۆحانییە بونیادگەرکان، لەئەنجامی چەند فاکتەری ئاینیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریيو سیاسییەوە ڕۆڵێکی زەقتریان لەدەستەو تاقمەکانی دیکەی بەشداربووانی شۆڕشی ئێراندا دیتو لەزۆر ڕووەوە لەوانی دیکە ڕێکخراوترو بەرچاوڕوونتربوون. لایەنگرانی جەبهەی میللییو حیزبی تودەی ئێران، هەروەها گروپەکانی وەك موجاهیدینو چریکە فیداییەکان، ئەوانە لە دوای کودەتای ١٩یئابی ١٩٥٣وە تا سەرەتای حەفتاکان لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە گورزی گەورەیان لێوەشێندرا. ئەوانە جگە لەوەی بەشی زۆری

---

([1]) طلوعی، س.ب، ل٧٤.

ئەندامانی ڕێبەرایەتیی و کادرە پێشکەوتووەکانیان لەدەستدابوو، لەڕووی ڕێکخراوەیشەوە تووشی لاوازییەکی وا هاتبوون ماوەیەکیان دەویست تێیدا بێنەوەسەرخۆ. بەپێچەوانەوە باڵی ئاینیی کە تاڕادەیەکی زۆر بەحوکمی ریشەی قوڵیان لەنێو کۆمەڵگای ئێرانیی و پارێزراوی خوێندنگا ئاینییەکان لەچاوی ساواکەوە، هەروەها ئەو توانا ئابوورییەی کە لەڕێگای زەکات و پێنجیەك و موڵکەکانی وەقفەوە دەهاتە دەستیان، تێکڕای ئەوانە هەلومەرجێکی گونجاوتری لەتاقمەکانی دیکە بۆ ڕەخساندبوون بەجۆرێك بتوانن کاتی پێویست جەماوەرێکی زۆرتر لەخۆیان کۆبکەنەوە. بەتایبەت ئەوانەی لەدوای ریفۆرمی زەوییەوە لەگوندەکانەوە بەرەو شارەکان کۆچیان کربوو، لەگەڕەکە ناخۆش و قەراغی شارەکاندا ژیانێکی سەختیان دەگوزەراندو جگە لەنەخوێندەواریی و لاوازیی ئاستی فەرهەنگییان، لەڕووی مەزهەبییشەوە بەتوندیی بە ئاخوندو بونیادگەرا ئاینییەکانەوە بەسترابوونەوەو لەژێر کاریگەرییتێیاندا بوون.[1]

هەر بۆیە دەتوانرێت بوترێت کە باڵی ئاینیی تەنیا گروپێکی شۆڕش بوو کە هەر لەسەرەتاوە بەرنامەو دروشمی تایبەتیی خۆیان هەبوو، لایەنگرانی لەپشتگیرییکردنی تەنیا ڕابەرێکیش بەرخورداربوون، ئەم باڵە لەزۆربەی ڕاپەڕین و خۆپێشاندانە جەماوەرییەکاندا هەزارەها کەسیان لەژێر دروشمی (استقلال، ازادی، حکومت اسلامی) ڕێبەرایەتیی دەکردوو بانگەوازو وتارەکانی خومەینییان لەبڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بڵاودەکردەوەو دەیانکردە هاندەری ڕاپەڕینی زیاترو بەردەوامبوونی خۆپێشاندانەکان. بەجۆرێکی وا ئاین ئەوەندە کاریگەرییی لەسەر چینە زەحمەتکێش و نەدارەکانی کۆمەڵگای ئێراندا هەبوو، کەزۆربەی مانگرتن و خۆپێشاندانە کرێکارییەکانیش بێئەوەی داخوازییە چینایەتیی و سینفییەکانییان بێننەگۆڕێ، پەیڕەوییان لەدروشم و ڕێنوێنییەکانی ئاخوندەکان دەکرد.[2]

خودی خومەینی، کە بە بەدەستهێنانی ئەو لایەنگرییە جەماوەرییە فراوانەو دوای زەقبوونەوەو تیشکخستنە سەری وەك ڕابەری شۆڕشی ئێران لەلایەن دەزگا ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکانی بیانیی و هەرێمییەوە، دروست لەم قۆناغەدا بەشێوەی کارێزمایەك خۆی

---

(1) درایفوس، س.پ ، ل٣٥.

(2) محمدی، س.پ ، ل٩.

سەپاند، هەربۆیە نازناوی (ئیمام) کە لەلایەن لایەنگرانییەوە بۆی داتاشرابوو، زۆری نەبرد لەسەر هەموو زاروزمانان دەگەڕا. ئەو نازناوەی کەپێشر هیچ موجتەهیدو ڕۆحانییەکی شیعە لەچەرخی نوێدا بیری لەهەڵگرتنی نەکردبۆوە. ئەوەبوو دوای دامەزراندنی حکومەتەکەی بەختیار لە کانونی دووەمی١٩٧٩داو ڕۆیشتنی شاهەنشا لە ئێران، خومەینی لەپاریسەوە خۆی گەیاندەوە تاران‌و دوای ئەو پێشوازییە میلۆنییەی لێی‌کرا، شێلگیرانە بۆ پراکتیزەکردنی ئەندێشەی سیاسیی خۆی لەئێراندا کەوتەکار. ئەو ئەندێشەیەی کە باڵی ئاینیی توندڕەو هەر لەسەرەتای خۆپێشاندانەکاندا بەدروشتمی (حکومەت اسلامی) تەعبیریان لێدەکرد.[1]

ئێمە لێرەدا نامانەوێت بە قووڵیی باس لەچۆنییەتی پەرەسەندنی ئەندێشەی سیاسیی خومەینی‌و لایەنە جیاوازە عەقیدیی‌و فەلسەفییەکانی بکەین، کەخۆی تێکەڵەیەکی سەیرو سەمەرەیە لەئەدەبیاتی سیاسیی مەزهەبی ئیمامیی‌و بۆچوونە توندڕەوەکانی خۆی لەسەر کۆمەڵگاو جیهان پێکهاتووەو لەڕێگای وتاری حەماسیی‌و بانگکردنی سۆزو عاتیفەدا دەیدا بەگوێی هەژارو بێنەوایانی شیعە ئێرانییەکاندا. ئەوەندە هەیە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە، کورتەیەك لە چۆنێتیی ئەو ئەلتەرناتیفە باسدەکەین کە خومەینی‌و لایەنگرانی بۆ ڕژێمی شاهەنشاهییان لەئێراندا بەڕەوا دەزانی‌و وایان پێشاندەدا کە بەپراکتیزەکردنی، سەراپای چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران دەکەونە خۆشییەکی هەتاهەتایی‌و دادپەروەرییەکی وا دێتەپێش بەجۆرێك چەوسانەوەیەك لە ئێراندا نامێنێت.

خومەینی لەبەر تیشکی ئەدەبیاتی سیاسیی ئیمامیی، ئەندێشە سیاسییەکانی خۆی بنیاتنابوو. ناوبراو پێی وابوو ئێدی پێویست ناکات ڕۆحانییەکانی شیعە لەبەرامبەر ڕژێمە ستەمکارەکاندا لەقۆناغی چاوەڕوانیی نەرێییدا بمێننەوەو تاگەڕانەوەی ئیمامی نادیار کە (مهدی المنتظر)ە خۆ لەدامەزراندنی دەوڵەت‌و بەدەستەوەگرتنی کاروباری سیاسیی‌و بەڕێوەبەرایەتیی‌و ئاینیی موسوڵمانان ببوێرن. ئەو پێیوابوو لەو قۆناغەدا مەرجەعێکی شیعە کە خودان زانست‌و دادپەروەریی‌و تەقوابێت، دەتوانێت لەجیاتی

---

[1] طلوعی، س.پ ، ل ٧٤

ئیمامی نادیارو بەوەکالەت حکومەتێکی ئیسلامیی پێکبهێنێت کە تێیدا تەواوی کاروبارەکانی سیاسیی، ئابووریی، کارگێڕیی... هتد. لەسەر بنەمای زانستە ئیسلامییەکانی شیعەی ئیمامیی ببات بەڕێوەو بۆچەسپاندنی دادپەروەریی و تێکوپێکدانی حکومەتە نائیسلامییەکان و دژایەتیی کافران هەنگاوبنێت.[1] ئەو حکومەتەی کە لە ئەندێشەی ناوبراودا تەنیا لەئێراندا قەتیس نەدەما، بەڵکو لەئەندەنوسیاوە تا دار البیضاء ی دەگرتەوەو بەجیهانی سەوز ناودەبرا کە لەدوو جیهانە کافرەکەی دی سووری شورەویی و ڕەشی ڕۆژئاوایی جیادەکرایەوە. هەربۆیە دروشمی (ئاودیوکردنی شۆڕش)و (ڕزگارکردنی لانەوازانی جیهان) دوو دروشم و مەسەلەی بنەڕەتیی خومەینیزمن بەجۆرێك وای لە هەندێك نوسەری وەك (احمد الافغانی) کردوە کە خومەینی بە گەورەترین بەلأو ئاژاوەگێری مێژوی نویٚ و هاوچەرخی جیهانی ئیسلام لەقەڵەم بدات.[2]

لەلایەکی دیکەوە، گرنگترین بنەمایەك کە شوێنێکی تایبەتی لە خومەینیزمدا هەبێت، بریتییەلە هەڵبەستنی بیرۆکەی (ولایەت فقیە /حوکمی زانای ئاینیی)، ئەو بیرۆکەیەی کەلەبۆچونێکی گشتیی میتافیزیکەیەوە هەڵدەقوڵێت و وادەبینێت کە ئەو زانایەی دەبێتە جێگری ئیمامی نادیار، پێویستە لە دەسەلأتێکی گشتیی و بەرفراوان بەخوداربێت، بەجۆرێك هەموو بونەوەرێکی جێگیرو بزووتی سەر گۆی زەوی سەری بۆ نەوی کەن و وەك موختارێکی خوداوەند تەواوی کاروباری موسڵمانان بیٚ لێپرسینەوە ببات بەڕێوە. ئەوەی کەبەناوی ئاسمانەوە ڕەفتاردەکات و سەرچاوەی تێکڕای دەسەلأتەکانە.[3] دیارە خومەینی خودی خۆی بەو زانایە دادەناو ئەو مەوقعیەتەی بەخۆ ڕەوادەبینی کە لەجێگای مەهدی و خودا دابنیشیٚ و ببێتە ڕابەری ڕەهای سەرجەم موسوڵمانانی جیهان. ئەو ڕابەرەی دواتر لەدەستوری کۆماری ئیسلامیدا جگە لەسەرپەرشتیی و دوابڕیار لەمەسەلەی ئاینییەکان، ئەم دەسەلأتانەی خوارەوەشی بێپرسینەوە هەبوون:

---

[1] السبکی، س.پ ل ل ٢٢٢-٢٢٤

[2] بڕوانە: خامەیار ، عباس، ایران و الاخوان المسلمین، دراسة في عوامل الالتقاء والافتراق، قدم لە: د. خالد زیادة، تعریب: عبدالأمیر الساعدي، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٧٧، ص٢١٤

[3] بۆ زیاتر: مغنیة، محمد جواد، الخمیني والدولة الاسلامیة، بیروت ١٩٧٩

١- دیارییکردنی تەواوی سیاسەتەکانی دەوڵەتو ئێران.
٢- چاودێرییکردنی بەڕێوەچوونی ئەو سیاسەتانە.
٣- فەرماندەیی گشتیی هێزەچەکدارەکان.
٤- ڕاگەیاندنی جەنگو ئاشتیو ئامادەکردنی هێز.
٥- دانانو لابردنو قبوڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی تەواوی کارمەندانی دەوڵەتیی هەر لەسەرۆکی کۆمارەو تا ئەندامانی پەرلەمانو فەرماندەی هێزەچەکدارەکان.
٦- چارەسەرکردنی کێشەو دوابڕیاردان لە گرفتەکانی سێ دەسەڵاتەکەی: ڕاپەڕاندن، یاسادانان، دادوەریی.
٧- متمانەدان بەسەرۆك کۆمار دوای هەڵبژاردنی.
٨- لابردنی سەرۆك کۆمار.
٩- دەستێوەردان لەکەمکردنەوەو هەڵگرتنی حوکمی زیندانییەکان.[1]

شایەنی باسە، لەبەرئەوەی خومەینی کەسایەتییەکی شیعەی توندڕەوبوو، لەدووسیفەتی دزێوو ناشارستانیی بەرخورداربوو، یەکەمیان بریتیبوو لە بەکافرکردن واتە (تکفیر)، ئەو سیفەتەی وای لێکردبوو لەگۆشەی عەمامەیەکەوە بڕوانێتە جیهانو دیاردە هاوچەرخەکانی دەوروبەرو چ شتێك لەگەڵ بۆچوونو دیدە مەزهەبییەکانیدا نەگونجێ بەتوندیی ڕەتیبکاتەوە. دووەمیشیان (خۆبەخاوەن زانیننی راستیی رەها) بوو، کەلەگەڵ سیفەتی یەکەمیاندا بەجۆرێك ئاوێتەدەبوو کەئاکارێکی فاشیستانەو ستەمکارانەی لەلای ناوبراو پێکدەهێنا. هەربۆیە خومەینی لەگەڵ گەیشتنە دەسەڵاتیدا هیچ حسابێکی بۆ ئەو ڕێکخراوو حیزبە ئێرانییانە نەکرد کە بەدرێژایی حوکمی ڕژێمی پەهلەویی خاوەنی خەباتو قوربانیی خۆیان بوونو لەسەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێراندا ڕۆڵیان بینی. لەوەش زیاتر، خومەینیو لایەنگرانی، هەرماوەیەکی کەم و لەڕووی تاکتیکەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەولایەنانەدا کردو پاش پێ چەسپاندن بەتۆمەتی (عدوالله و مفسد فی الارض) کەوتنە وێزەی ئەوانەی پەیڕەوی سەد دەرسەدی خومەنیزمیان نەدەکردو زۆر خراپتر لەشای رابردوو کەوتنە ڕاونانو شکەنجەدانو گوللەبارانکردنیان. هەربۆیە زۆر لە

---

[1] قانون أساسی جدید با اخرین اصلاحات، چاپ سوم. انتشارات گویا، ١٣٧٨، فصلی هەشتەم ص ص ٧٥-٧٧.

ئێرانییەکان پاش ماوەیەکی کەم لەرووخاندنی ڕژێمی پەهلەویی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی وتیان "هەزار ڕەحمەت لەبابی کفن دزی ئەوەڵی"[1]

لەلایەکی ترەوە، لەئەندێشەی خومەینی دا شتێك بەناوی چارەسەری مام ناوەندیی کێشەکان، پلورالیزم، فرەمینەبەریی و خەڵکسالاریی نەبوو. ناوبراو کە دەرچووی خوێندنگا ئاینییەکان و پەیڕەویشی لەقوتابخانەی جەبریی شیعەگەرێتیی دەکرد، بێئەوەی جیاوازیی زەمینەو زەمان لەبەرچاوبگرێت، پێی وابوو چارەسەرکردنی سەرجەم گرفتە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بەگێڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو دەبێت بۆ ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر، واتە سەردەمی سەرەتاکانی قۆناغی ئیسلامیی. هەربۆیە دیاردە هاوچەرخەکانی جیهانیی وەك: دیموکراتیی، سوسیالیزم، نیشتمانپەروەریی، لیبراڵیزم...هتد، لەلایەن خومەینییەوە بەدیاردەی بێزراو و دژبە ئیسلام لەقەڵەم دەدران.[2]

سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوەو نەتەوایەتییش، خومەینی بەهیچ جۆرێك ئەو مەسەلەیەی بەزادەی گەشەکردنی مێژوویی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی هاوچەرخ دانەدەناو ڕاستوڕاست بەپیلانی جیهانی ئەورروپاو فیتی ئیمپریالیزم بۆ لەناوبردنی ئیسلامو پەرتکردنی جیهانی ئیسلامیی لەقەڵەم دەدا. دیارە بۆچونێکی نازانستیی بەو جۆرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتیی، کۆسپێکی گەورەبوو لەبەردەم ناوبراودا کەبەشێوەیەکی واقعبینانە لەهەلومەرجی فرە نەتەوەیی ئێران تێبگاتو بیر لەشێوەیەکی هاوچەرخانە بۆ کۆتایهێنانی ستەمو چەوسانەوەی نەتەوەیی گەلانی غەیرەفارس بکاتەوە کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ لەسایەی ڕژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی دەیاننالاندو لەسەر دەستی بۆرجوای کۆمپرادۆری نەتەوەی سەردەستەوە بەتوندترین شێوە دەچەوسێندرانەوەو بۆ قازانجی ناوەند دادەدۆشران.

---

([1])العلوي، هادی، فصول من تأريخ الاسلام السياسي، الطبعة الاولى، مركز الأبحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، قبرص ١٩٩٥ ص ص٤٥٢-٤٥٥، ڕۆستەمی، هاشم دڵۆپێك لەدەریایەك، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩، ل١٤.

([2]) هويدي، فهمي، ترجمة عربية لبعض أحداث بلاد فارس، مجلة العربي، العدد ٢٤٦، مايو ايار ١٩٧٩، ص ٣٨-٣٩.

سەبارەت بەمانای زارەوەی کەمینە، خومەینی دیدێکی مەزهەبییانەی هەبوو کە دەیوت:"هەندێك جار زاراوەی کەمینە بەهەڵە بۆ خەڵکی وەك کورد، لوڕ، تورك، فارس، بلوچ، بەکاردەهێنرێت، ئەوانە نابێت ناوی کەمینەیان لێ بنرێت، چونکە زاراوەیەکی بەو چەشنە ئەوە دەگەیەنێت کەجیاوازیی لەنێو ئەو برایانەدا هەیە، لەکاتێکدا هەرگیز لەئیسلامدا شتی وا نییە، لەئیسلامدا جیاوازیی لەنێو موسوڵماناندا نییە کە بەچەند زمان و زاری جیاجیا لەیەکتر دەئاخفن، بۆنموونە جیاوازییەك لەنێوانی عەرەب و فارسدا نییە. دەبێ بزانین ئەو جۆرە گرفتانە لەو لایەنانەوە سەرچاوەدەگرن کەحەز بەیەکگرتنی وڵاتانی ئیسلام ناکەن، هەر ئەوانەن کێشەی نەتەوایەتییان خوڵقاندووە، ناوەکانی وەك عروبەو تورکایەتیی و لەو چەشنانە دژی ئیسلامن و لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا پێچەوانەن. ئەوەخۆی لەخۆیدا پیلانێکە بۆ تێکدانی ئیسلام و فەلسەفەی ئیسلامەتیی."[1]

بەمجۆرە، خومەینی لە(نۆڤل لۆشاتۆی)ی فەرەنساوە بەم عەقڵییەت و ئەندێشە سیاسیی و فەلسەفییانەوە بۆ ئێران گەڕایەوە. سەیرترین شت کە لەسەفەرەکەیدا لێی دەگێڕنەوە، ئەوەیە کاتێك ڕۆژنامەوانێك لەفڕۆکەکەیدا لێی پرسیبوو: ئیستا کەجەنابت پاش چەند ساڵ ئاوارەیی گەیشتوویتە ئاسمانی وڵاتەت چ هەستێکت هەیە؟ ناوبراو بەڕوویەکی گرژو یەك وشە وەڵامی دابۆوەو وتبووی "هیچ". [2] دیارە لێرەدا نابێت دان بەو ڕاستییەدا نەنرێت، ئەویش ئەوەیە کەوێڕای ئەو دۆگماو توندڕەوییەی لەئەندێشەی خومەینیدا دەبینرێت، ناوبراو لەدەربڕینی بیروبۆچونەکانی و مامەڵەکردن لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکەی ئێراندا بە وریاییەوە دەجووڵایەوەو تێکڕای کارتەکانی بەجارێك هەڵنەڕشت. ناوبراو سەرەتا بۆ هێمنکردنەوەی لایەنە لیبراڵ و نیشتمانییەکانی نێو شۆڕش، داوای لە (مهدیبازرگان)ی میانڕەو کرد وەزارەتی کاتی پێکبهێنێت. لەهەمان کاتدا خومەینی بۆ خۆی لەپاڵ دەسەڵاتی حکومەتدا، دەسەڵاتێکی جیاوازو بێ لێپرسینەوەی پێکهێنابوو، بەجۆرێك جگە لەناو نێورۆکێکی بۆ حکومەتەکەی بازرگان نەهێشتبووە. هەربۆیە لەم ڕووەوە زۆری پێنەچوو کە بازرگان هاواری لێهەستاو پاش

---

[1] Entessar, op. Cit, p. 30-31.

[2] حسن زادە، س.پ، ل١٢٥

**مانگێك لەدامەزراندنی حكومەتەكەی، كەوتە دەربڕینی بێزاریی و لەسۆنگەی ئەو جووت دەسەڵاتییەدا پێشبینی ئایندەیەكی ڕەشی بۆ ئێران كرد. بازرگان بەتەوسەوە ڕایگەیاند:" چەقۆیەكی بیٚ دەسكیان داوەتە دەستم، كەدەسكەكەی لەدەستی كەسانی دیكەدایە."[1]**

**لەراستییدا، بازرگان ئەو ئاخاوتنەی لەخۆڕا نەدەكرد، چونكە هەر پاش گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران و دامەزراندنی حكومەتی كاتیی، ناوبراو بەگەرمیی بۆ بەهێزكردنی دەزگای ئاینیی و باڵی شیعەگەریی توندڕەوو دەمكوتكردنی نەیارەكانی كەوتەكار. دوای ئەوەی ریفراندۆمێكی سەرتاسەریی كرا بۆ دەنگدان لەسەر كۆماری ئیسلامیی لە ٣١ی ئازاری١٩٧٩داو بەفەرمیی ڕژێمی پاشایەتیی لەئێراندا پێچرایەوە،[2] خومەینی بۆ كۆكردنەوەو ڕێنماییكردنی لایەنگرانی كەوتەخۆو داوای لەمەلا توندڕەوەكانی وەك:بەهەشتی، منتظری، باهنر، خامنئی و رەفسنجانی كرد كە بۆ دامەزراندنی حیزبێك بەناوی(حزب جمهوری اسلامی) بكەونەكار. هەروەها ئەنجومەنێكی بەنێوی ( شورای رهبری انقلاب/ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش) دامەزراندو ایت الله بهشتی كردە بەرپرسی یەكەمی تاكو بۆ چاودێرییكردنی كاروباری ئەرتەش و شوراو كۆمیتە ئیسلامییەكان و لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێكی تیۆكراسییدا تێبكۆشێت.[3]**

**هەروەها لەتاراندا (شوری مركز انقلاب/ئەنجومەنی ناوەندیی شۆڕش) دامەزرێنرا، كە ئەركی چاودێریی و بەڕێوەچوونی كاری كۆمیتە هەرێمییەكان بخاتە سەرشان. ئەو كۆمیتانەی كە لەپاڵ دەزگاكانی حكومەتی بازرگاندا دەستیان لەهەموو كاروبارێكی سیاسیی و بەڕێوەبەرایەتیی وئاسایشیی هەرێمەكانی وڵات وەردەدا. هاوكات لەگەڵ ئەو كۆمیتانەدا (دادگا انقلاب/ دادگای شۆڕش)یشیان بۆ سەرپەرشتیی دادگا هەرێمییەكان**

---

**[1] السبكی ، س.پ ، ل٢٤١.**

**[2] شایەنی باسە، باڵی مەزهەبیی رژێمی كۆماری ئیسلامیی لەگەڵ رژێمی شاهەنشاهیی رووخاودا خستبووە دەنگدانەوە، نەباس لەرژێمێكی دی بكرێ و نەخەڵكیش ئاگاداریی ئەوەبن رژێمی كۆماری ئیسلامیی بەری چ دارێكە، ئەو رژێمەی لەلایەن مێژوونووسانەوە بەرژێمێكی شاز دەناسرێت. بڕوانە: رۆژنامەی هاوكاری، ٢٠/٤/١٩٧٩" أبو مغلي، محمد وصفي، ایران. دراسة عامة، جامعة البصرة، قسم الدراسات الفارسیة ١٩٨٥**

**[3] السبكی ، س.پ ، ل ٢٣٩–٢٤٠.**

دامەزراندو کەلەلایەن پیاوانی ئاینی شیعەو لایەنگرانی خومەینیەوە سەرۆکایەتی دەکران‌و لەگشت لایەکەوە بۆ ڕاونان‌و گرتن‌و گوللەبارانکرادنی پیاوانی دوێنێ‌و نەیارەکانی ڕژێمی نوێ هەڵدەسووڕان.[1]

دادگاکانی شۆڕش بێ لەبەرچاوگرتنی یاسا مەدەنییەکان حوکمی مەزهەبییان بەسەر تاوانە کۆمەڵایەتیی‌و مەدەنییەکاندا دەدا. بەشێوەیەك لەگەڵ بەها شارستانییەکانی سەدەی بیستەمدا نەدەهاتنەوە. بۆنموونە، ئەوانەی بەتاوانی مەیخۆریی دەگیران بە بەرچاوی خەڵکەوە ڕووت دەکرانەوەو بەشوڵك لێدەدران. بەردەبارانکردنی ئەو خێزاندارانەی بەتاوانی سێکسکردن لە گەڵ نامەحرەمدا دەگیران دزێوترین جۆری ئەو سزایانەبوو دادگای شۆڕش جێبەجێی دەکردن. لەراستییدا، جێبەجێکردنی حوکمێکی بەو چەشنە خەڵکی ئاسایی دەکردە جەللادو کوشتنی بەکۆمەڵی مرۆڤێکی دەکردە فەرمانێکی پیرۆزو لەناخی ئینسانە بەشداربووەکاندا تۆوی خوێنڕێژییەکی کەموێنەی دەناشت. هەرلێرەدا بێجێ نییە باس لە (ئایەتوڵڵا خاڵخاڵی)، خوێنڕێژترین قازی شەرعی ئەم قۆناغە بکرێت. خاڵخاڵی بێئەوەی پلەوپایەیەکی فەرمیی لە دەوڵەت‌و حکومەتدا هەبێت، بەئارەزووی خۆی فەرمانی سەرپەڕاندنی خەڵکی دەدا.

لەم بارەیەوە دەگێڕنەوە لەخالخاڵییان پرسیوە: بۆچی حوکمی گوللەبانکردنی ژمایەکی زۆرت دەرکردووە بێئەوەی دەرفەتی بەرگریی لەخۆکردنیان پێ بدەی؟ ناوبراو لەوەلامدا وتویە:بڕوابکەن کاتێکی ئەوتۆم نەبووە گوێ لەبەرگرییەکانیان بگرم! بەلام هەرچۆنێك بێت ئەوانەی کوژراون ئەگەر گوناهبارن ئەوە سزای خۆیان وەرگرتووە! ئەگەریشنا ئەوا دەچنە بەهەشت چ لەوە باشتر دەبێت! لەم بارەیەوە خاڵخاڵی کە لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانییدا کەبەشی فارسی ڕادیۆی (B B C)ی بلاویکردەوە، لەوەلامی پرسیارێکدا کە بۆچی فەرمانی کوشتنی ئەو هەموو خەڵکە بێتاوانەی دەرکردووە، ڕایگەیاند:"کێ دەڵێت من فەرمانی کوشتنی ژمارەیەکی زۆرم دەرکردووە،

---

(1) س.پ ، ل ٢٤٠.

ڕاستییەکەی ئەوانەی من کوشتوومن هێندە زۆرنین، هەر١٠٠٠ کەسێك دەبن‌و بۆیە کوشتوومن چونکە دوژمنی خودابوون."[1]

هەوڵێکی دیکەی خومەینی لەپێناوی زەمینەخۆشکردن بۆ پراکتیزەکردنی ئەندێشە سیاسییەکانی‌و دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکی ئیسلامیی کەخۆی ڕابەری بێ ئەملاولای بێت، بریتیبوولە ناردنی ئیمام جومعەی شارە مەزنەکانی ئێران. ئەو ئیمام جومعانەی کە هەفتانە لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە ئەندێشەی سیاسیی خومەینیان دەدا بەگوێی خەڵکداو هەستی مەزهەبییان دەجووڵاندن.[2] هەرزوو ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەڕۆیشتن کە گەلانی ئێران لەشایەکی دیکتاتۆر ڕزگاریان بوو کەبەناوی سێبەری خوداوە حوکمی دەکرد، تووشی ئیمامێك بوون کە خۆی بەنوێنەری خودا دەزانێت. لەشایەك ڕزگاریان بوو کەلە گەرمەی حوکمی دیکتاتۆرییدا سڵی لە دەستێوەردانی قانونی ئەساسیی دەکرد، تووشی ئیمام هاتن کە هەر لەسەرەتاوە قانوونی ئەساسیی ڕەتکردەوەو قانونێکی نوێی بەویستو قازانجی خۆی داهێنا کە بەناوی  ولایەتی فەقیهەوە شەرعییەتی بەملهوڕیی‌و ستەمکارییەکەی دا. لەشایەك ڕزگاریان بوو کە بەناوی جوداخوازیی‌و شورەوییخوازیی‌و کۆمۆنیستبوونەوە نەیارەکانی خۆی ڕاوەدودەنان‌و لەزیندانی دەکردن، تووشی کابرایەك بوون کە جگە لەو تاوانانە، ناحەزەکانی خۆی بە دەیەها تۆمەتی وەك: مفسد فی الارض، عدوالله، عمال امپریالیزم، منافقها، صهیونیستیها...هتد نێوزەد دەکردن‌و سەری دەپەڕاندن. هەربۆیە واپێدەچوو شۆڕشی گەلانی ئێران وەك هەر شۆڕشێکی دیکەی جیهانی دواکەوتوو، جگەلە گۆڕینی دیکتاتۆرێك بە یەکێکی دی‌و جگەلە دووبارەبوونەوەی تراژیدیایەك شتێکی دیکەی لێ سەوز نەبێت.[3]

دیارە جگە لەکەسانی وەك (راشد الغنوشی) و(حسن الترابی) کە بۆخۆیان بەشێوەیەك لەشێوەکان هەڵگری هەمان ئایدیاو ئەندێشەی خومەینی‌و پراکتیزەکردنی خومەینیزم

---

(1) العمر، عبدالجبار، الخمینی بین الدین والدوله، دار الافاق العربیه، بغداد ١٩٨٤٠، ص١٧١، رادیۆی (BBC)، بەشی فارسی، ئێوارەی ١٤ی کانونی دووەمی ٢٠٠٠.

(2)السبکی، س. پ، ل٢٤٠.

(3) سابیلیە، س.پ ل١٤.

لەئێراندا بە سەرکەوتنێکی مەزن‌و بێوێنە لەمێژووی ئیسلامی سیاسیی رادیکاڵی هاوچەرخدا لەقەڵەم دەدەن کەڕێگاخۆشکەرو ئەزمونێکە بۆ زۆربەی بزاڤە ئیسلامییەکانی جیهانیی ئیسلامیی‌و ڕێنمایەکە تائەوانیش دژی ڕژێمە نائیسلامییەکانی سەر بەڕۆژئاواو بەپشتبەستن بەجەماوەر بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات تێبکۆشن.[1] کەم نەبوون ئەو رۆحانییە شیعەو کەسایەتییە ئیسلامییانەی جیهان، کە خومەینیزمیان رەتدەکردەوە، لەناو دەزگای ئاینیی ئێراندا ئایەتوڵڵاکانی وەك: (شریعتمداری، گلبایگانی، شهاب الدین مرعشی، محمد حسین خونصاری، سید عبدالله شیرازی)و زۆری دیکە لەگەڵ خومەینیزمدا نەبوون‌و تەنانەت بەلادان لە ڕێبازی شیعەگەرێتیی ئیمامیشیان دەدایە قەڵەم. ئەوانەی دوای خۆسەپاندنی خومەینی، جگە لەدانیشتن‌و کڕبوون، یاخود چونەدەرەوە لەئێران، ڕێگایەکی تریان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتییەکانیان نەدیتەوە. کارێکی وا کەدەتوانرێت بە لێدانی گورزێکی توند لە یەکبوونی دەزگای ئاینیی لەئێراندا بژمێردرێت.[2]

هەر لێرەدا خاڵێکی فرە گرنگ هەیە کەنابێت ئاماژەی بۆ نەکرێت ئەویش ئەوەیە باڵی ئاینیی توندڕەو کە بەحوکمی پێکهاتەی عەقلیی‌و دوگمایی بۆچوونەکانیانەوە تاڕادەیەکی زۆر لە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەت‌و بونیادنانی دەزگا جۆربەجۆرەکانی نەدەگەیشت‌و لەڕووی دابینکردنی کادری لێهاتوو کارامەوە تابڵێی هەژاربوون. خومەینی کە تاڕادەیەکی زۆر بێباکانە سەیری زۆربەشی دەزگا بەڕێوبەرایەتیی، خزمەتگوزاریی‌و مەدەنییەکانی دەکردو ڕێزێکی بۆ تەکنۆکراتەکانی سەردەمی پێشوو لەلا نەبوو، کەچی لەبواری ناسینی هێزە نەیارەکانی ڕژێمی نوێ‌و مەسەلەی ڕاودونان‌و سەرکوتکردنیان، نەك هەرناچار بوو ئاوڕ لە ئەزموونی چەندەها ساڵەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی بداتەوە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریش لەساواکییە ناسراوەکانی وەك (حسین فردوست) لەلایەن ئەو باڵەوە قبوڵکرانەوە.[3] ئەوانەی بۆ داپۆشینی تاوانەکانی

---

([1]) الغنوشی، راشدو الترابي، حسن، المعركة الاسلامية والتحديث، الطبعة الاولى، مكتبة دار الفكر الخرطوم، ۱۹۸۰، ص۳٥.

([2]) العمر ، س.پ ، ل١٥٤-١٥٥.

([3]) سابیلیە، س.پ ، ل١١٤

پێشوویان بەگەرمیی لەگەڵ ڕژێمی نوێدا کەوتنەکارو لەسەر داروپەردووی دەزگای جاسووسیی ساواك، دەزگایەکیان بەناوی (ساڤاما) دامەزراند. ئەو دەزگایەی هەر لەسەرەتادا لیستەکانی ناوی ئۆپۆزسیۆنە دیموکراتیی‌و چەپەکانی سەردەمی شاهەنشاهییان هێناوەئارا. ئەوانەی بەدۆستی خومەینیزم لەقەڵەم نەدەدران حیسابی دوژمنێکی سەرسەختیان بۆکرا. لەم بارەیەوە نموونەیەك ئەو راستییە دەسەلمێنێت ئەوەیە کەسانی ئازادیخوازو لێهاتووی وەك: سمایلی زولقەدەر، تەقی کەمەنیشی، ئەبوتراب باقرزادە، عەباس حەجەرەی و ڕەزا شەلتووکی‌و زۆری دیکە لەوانەی کەبەدرێژایی تەمەنی ڕژێمی شاهەنشاهیی لەسەنگەری دژ بەو ڕژێمەدا هەڵسورابوون‌و هیچ کامیان کەمتر لە بیست ساڵێك زیندانیان نەکێشاوە، ئەوانە کەدوای ڕووخاندنی شا لەزیندانەکان هاتنەدەر تێکڕا چەند ساڵێك حەوانەوەیان نەبوو کە لە لایەن ڕژێمی نوێوە گیانیان ستێندرا.[1]

## دووەم: بوژاندنەوەی ژیانی سیاسیی و ڕێکخراوەیی لەکوردستانی ئێران پاش ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەویی

وەك لەبەشەکانی پێشووی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سەلمێندراوە کە گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بەیەکێك لەسەرەکیترین نەتەوە غەیرەفارسەکانی وڵات دادەنرێت کە بەدرێژایی حوکمڕانیی بنەماڵەی پەهلەویی لەژێر ستەم‌و چەوسانەوەی نەتەوایەتیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی‌و فەرهەنگییدا بووەو لەسادەترین مافە سیاسیی‌و نەتەوەییەکانی بێبەش بووەو بەتوندترین شێوە کەمترین داواکاریی ئازادیخوازانەیان سەرکوتدەکرا. مەسەلەیەکی بەو جۆرە کە هاندەری سەرەکیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بوو کە لەزۆربەی وەختدا هەڵوێستێکی دژیان بەرامبەر ڕژێمی پەهلەویی هەبێت‌و بەهەڵگیرساندنی شۆڕشی گەلانی ئێران جارێکی دی ئەو هەڵوێست‌و نارەزایەتییەیان دووپاتکردەوەو بەگەرمیی بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە قۆڵیان لێهەڵماڵی. هەربۆیە ئاسایی دێتە پێش چاو کە لەکوردستانی ئێران خەڵکی بەخۆشییەکی بێوێنە

---

(1) بلوریان، س.پ، ل٢٥٨.

وزیاتر له هەرێمەکانی دیکەی وڵات پێشوازیی لەرووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی بکەن و لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانیان و لابردنی ستەمی هەمەلایەنەی چەندەها ساڵە پێ بنێنە مەیدان.

دیارە بەڕاگەیاندنی رووخاندنی دواحکومەتی ڕژێمی پاشایەتیی لە ئێران لە ٨ی‌شوباتی ١٩٧١دا، خەڵکی داخ لەدڵ بەهاندانی ژمارەیەك لە رێکخراوە چەپەکانی وەکو چریکە فیداییەکان و موجاهیدین لە سەرانسەری ئێراندا کەوتنە پەلاماری بنکەو بارەگاکانی حیزبی رەستاخیز، بەندیخانەی ئەوین و دەزگای پەهلەوی و دواتر هەڵیان کوتایە سەرسەربازخانە گەورەکانی تاران و شارەکانی دی و تاڵانیانکردن و، لە کوردستانی ئێرانیش کەساڵانێکی زۆر بوو خەڵکی بەدەستی ئەو دام و دەزگا سەرکوتکەرانەی ڕژێمی محەمەد ڕەزاشاوە زەلالەتیان بوو. دوای بیستنی ئەو هەواڵانە ئەوانیش وەخۆ کەوتن و بارەگاکانی وەك کەلانتەری، شارەوانی، ژاندارمری و دواتر پادگا سەربازییەکان بوونە نیشانەی پەلاماری کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدە.

کۆمەڵانی خەڵکی شاری مەهاباد لەڕۆژی ٩ی‌شوباتی ١٩٧٩دا، پەلاماریان بردە سەر بارەگاکانی کەڵانتەری و شارەوانیی و ژاندرمەریی و لە چەند ساتێکدا دەستیان بەسەرداگرتن و چەکەکانیان لەنێو خەڵکدا دابەشکردن. شایەنی باسە، هاوکات لەگەڵ پەلاماری بارەگای ژاندرمەریی مەهاباد، تانکەکانی تیپی زەرهی(شاپور) کەبۆ پارێزگاریی دەسەڵاتی پەهلەویی نێردرابوونە تیپی سێی مەهاباد بەفەرمانی (سرتیپ پزشکپور)ی فەرماندەی شاپەرستی پادگان پەلاماری خەڵکە ڕاپەڕیوەکەیانداو زیانی ٤٣ کوژراو برینداریان لێدان.[1] شایەنی باسە، سەربازخانەی مەهاباد کەلەسەردەمی محەمەدڕەزا شاداو لەچەقی ئەو شارەدا بەمەبەستی چاودێریی و کۆنترۆڵکردنی چالاکیی و هەڵسوکەوتەکانی خەڵکی مەهاباد بنیاتنرابوو، بەو فەرماندە شاپەرستەیەوە بووەو بارێکی گران لەسەرشانی جەماوەری ئازادیخوازی ئەو شارەو خەڵکێکی زۆر سەرگەرمیی پەلاماردان و بەچۆکداهێنانی بوون. کارێکی وا کە پێویستی بەنەخشەو ئامادەکاریی گونجاو بوو. چونکە سەربازخانەی مەهاباد بەیەکێك لە پەرداخترین

---

(1) هـ. س ، ل ل ٢٩١-٢٩٣

پادگانەکانی ئێران دەژمێردران‌و جگەلە هەزارەها پارچەچەکی سووك‌و ناوەنجیی، ١٨تانك‌و ٣٦تۆپی سەنگینیشی تێدابوو. هەربۆیە کۆمیتەی زاگرۆسی نهێنی ح.د.ك ا لەژێرەوە پەیوەندیی بەهەندێك ئەفسەری کوردی دیموکرات‌و ئازادییخوازی پادگانەکەوە وەك: سەرهەنگ ئیرەج قادری، حامید گەوهەری، سەروان ئەفشین‌و سەروان جاویدفەرەوە گرت‌و توانرا بەکەمترین وەخت‌و بێ بەخشینی قوربانیی ئەو پادگانەش رووتبکرێتەوە‌و لەلایەن هێزی جەماوەرەوە لەڕۆژی١٨ی شوباتی ١٩٧٩دا، دەستی بەسەردا بگیرێت.[1]

شایەنی باسە، هێشتا سەربازخانەی مەهاباد نەگیرابوو کە حکومەتی کاتیی بازرگان بەفەرمانی خومەینی لە ١٢یشوباتی١٩٧٩دا دامەزرێنرا، خومەینی کە پێش چەند ڕۆژێك لە وتارەکانیدا داوای لەسەربازان‌و دەرەجەدارانی ئەرتەش دەکرد سەربازخانەکانیان بەجێبێڵن‌و بەقسەی ئەفسەرە شاپەرستەکانیان نەکەن‌و بچنە ڕیزی میللەتەوە،[2] هەردوای ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەویی، ١٨٠ پلە بایدایەوەو داوای لەبازرگان کرد ڕایبگەیەنێت کەئەفسەرەکان لەشوێنی خۆیاندا بمێننەوەو هەر نزیکبوونەوەیەکی جەماوەریشی لەسەربازخانەکان بەتاوانێکی گەورە لەقەڵەم بدرێت. لەکوردستانی ئێران کە دەزگاکانی ڕژێمی پەهلەویی دوای سەرکەوتنی شۆڕش لێکترازابوون، بۆشاییەکی سیاسیی‌و بەڕێوەبەرایەتیی دەسەلاتی ناوەندیی پەیدابیوو، باڵی ئاینیی توندڕەو لەتاران غەمی ئەوەیان لا پەیدابوو کە ئەو بۆشاییە لەلایەن هێزی جەماوەرو غەیری خۆیانەو پڕبکرێتەوە، بەجۆرێکی وا ڕەوتی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران وەك هەرێمێکی دووردەست‌و خاوەن تایبەتمەند لەئایندەدا بەئاراستەیەکی دیکەدا بڕوات، ئاراستەیەك ببێتە ئاستەنگێکی بەردەمی خەون‌و ئاواتە پاوانخوازییەکانیان لەئێراندا. دیارە ئەو باڵە لەکوردستانی سونیی‌و ژێر ستەمی چەند ساڵەی نەتەوایەتییدا لەبەر زۆر فاکتەر نەیدەتوانی هەروا بەئاسانیی پایەیەکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی لەو هەرێمەدا هەبێت.

هێشتا ڕۆژێك بەسەر دامەزراندنی حکومەتی کاتییدا تێنەپەری بوو کە بازرگان چەند نوێنەرێکی خۆی لەتارانەوە ڕەوانەی کوردستان کرد کە بریتیبوون لە: داریوش فروهەر

---

(1) گادانی ، ٥٠ ساڵ خەبات ل ٢٠٢

(2) جمعی از نویسندگان، انقلاب ، اسلامی و.. ، ل١٤٤-١٤٥

وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتیی، د.محەمەد موکری، د. ئیسماعیل ئەردەڵانیو ئایەتوڵڵا نوری.(١) ئەم نوێنەرانە نە خاوەنی بڕیارێك بوونو نە بەرنامەیەکیشیان بۆ ئایندەی کوردستانو مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەسایەی دەسەلاتی نوێدا لەهەگبەدابوو. ئەمانە بۆ چاوبەست سەرەتا ڕایانگەیاند کە نایانەوێت لەگەڵ نوێنەری گروپە سیاسییەکانی کوردستان دابنیشن، بەڵکو تەنیا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕوناکبیرانو پیاوماقووڵانو کەسانی رۆحانی شاری مەهاباد هاتوون. تالەڕێگای ئەوانەوە داخوازیی خەڵکی کورد بزانن. لەراستییدا، وەك لە بەڵگەنامەکانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لەتاراندا دیارە، هاتنی نوێنەرانی حکومەتی کاتیی بەو پەلەیە بۆ مەهاباد تەنیا بەمەبەستی دیارییکردنی ئەو هێزە سیاسییو کۆمەڵایەتییانە بوو کە چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرا لەئایندەدا گرفت بۆ دەسەلاتی ناوەندییو ڕژێمی نوێ پێکبهێنن. بۆ ئەوەی سەرۆکی حکومەتی کاتییو خومەینی لەگەڕانەوەیاندا لەو زانیارییانە ئاگاداربکەنەوە.(٢)

پێویستە بوترێت بێدەسەلاتیی ئەو نوێنەرانەی حکومەتی کاتیی بەرامبەر بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی کورد بەڕادەیەك بوو کاتێك ژمارەیەك لە ئەفسەرە دیموکراتخوازە کوردەکانی پادگانی مەهاباد لەمزگەوتی (بازار)ی شار مانیان گرتبوو و داوای گواستنەوەی سەرتیپ پزیشکپوری شاپەرستو کوردکوژیان لەسەربازخانەی مەهاباد دەکرد، فروهەری وەزیر پێی ڕاگەیاندبوون کە گواستنەوەی ئەفسەرێك لەتوانای ئەواندا نییەو ئەوەبوو خەڵكو ئەفسەرەکان بۆ خۆیان بزوتنو سەربازخانەیان لەچەك داماڵییو سەرتیپ پزیشکپوریش بەبریندارى بۆ تاران بەڕێکرا بێئەوەی لەسەر تێکڕای تاوانەکانی چەند ساڵەی تووشی لێپرسینەوەیەك بێت.(٣)

دیارە مانەوەی سەربازخانەی مەهابادو سەرتیپە شاپەرستەکەی بۆ دەسەلاتدارانی نوێی ئێران مەسەلەیەکی گرنگ بوو، هەربۆیە کاتی پەلاماری خەڵکی بۆ سەربازخانەکە نوێنەرانی حکومەتی کاتیی بۆ خۆیان چووبوونە بەردەمی دەروازەی پادگان تا ڕێگا لەخەڵکی بگرن کارەکەیان راپەڕینن، ئەو خەڵکە داخ لەدڵەی ئامادە نەبوو ئاوڕ لەوەزیرو

---

(١) بلوریان ، س، پ ، ل٢٩٢

(٢) اسناد لانە جاسوسی، سند شمارە١٤ موضوع فعالیت ویژە کردها، تاریخ: ٦ مارس ٧٩ ص١٢٠.

(٣) بلوریان، س.ث ، ل٢٩٥ .

نوێنەرانی حکومەتی کاتیی بداتەوەو لەماوەی چەند ساتێکدا پادگانی پڕچەك‌و تفاقی چەند ساڵەیان کردە بەری دەست. پاش ئەنجامدانی ئەرکەکەشیان بۆ دەربڕینی خۆشیی دڵیان دەیەها هەزار فیشەکیان کرد بەئاسماندا.(1) دەزگای ڕاگەیاندنی حکومەتی کاتیی لەکاتێکدا پێش چەند ڕۆژێك پەلاماری گرتنی جەماوەریی پادگاکانی ناوەندو هەرێمەکانی دیکەی وڵاتیان بەکاری شۆڕشگێرانە لەقەڵەم دەدا، ئەوەکەی کە مەهابادیان بەکاری (اوباش‌و ضد انقلاب) نێوزەدکرد.(2)

هەرچۆنێك بێت بە رووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی‌و لێکهەڵوەشاندنی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی لەکوردستان هەلومەرجێکی نوێ‌و فەزایەکی ئازادو ئاوەڵا پێکهات. باڵی ئاینیی توندڕەو کە هێشتا لەناوەند جێپێی خۆی نەچەقاندبوو. لەکوردستانیشدا پایەکی سیاسیی-کۆمەڵایەتیی ئەوتۆی نەبوو. مەسەلەیەکی‌وا ئەوەندە هانی ئازادییخوازانی کوردی دا کەلە دەوری ناسنامەی کوردایەتیی کۆببنەوەو بۆ بەدەستەوەگرتنی کاروباری سیاسیی‌و بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمەکەیان تێبکۆشن. ئامانجێکی‌وا کەسەرلەنوێ ڕێگای بوژاندنەوەی تێکۆشانی سیاسیی‌و ڕێکخراوەیی حیزب‌و کەسایەتییە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی لەکوردستانی ئێراندا هەموارکرد، ئەو حیزب‌و لایەنە سیاسییانەی کە دەتوانرێت لەم قۆناغەداو بەمشێوەیەی خوارەوە ڕیزبکرێن:

**أ- ڕێکخراوە کوردستانییەکان: کە بریتیبوون لەدوو ڕێکخراو:**

یەکەم: ح.د.ك.ا : وەك زانراوە حیزبێکی نەتەوەیی، دیموکراتیکی پێشکەوتووخوازە لەم قۆناغەدا بەسەرەکییترین ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی ئێران دەژمێردرا، خاوەنی کۆماری میللیی کوردستانەو لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە دامەزراوە، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران حیزبێکی ناسراوەو هەڵگیرسێنەری جووڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨بوو، مێژوویەکی پڕخەبات‌و تێکۆشان‌و قوربانیی دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی هەبوو. دەیەها لە ڕێبەرانی‌و سەدەها ئەندامانی یا بەدەستی جەلادەکانی ڕژێمی پەهلەویی هەڵواسراوبوون، یان لەزیندانە تاریکەکاندا ڕاگیرابوون.

---

(1) بانیخێلانی ، س. پ ، ل ٣٥٠.

(2) حسن زادە، س.پ ، ل ١٣٦.

لەسەروبەندی خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی شۆڕشی ئێراندا کۆمیتەی زاگرۆس کە لەژمارەیەك ڕێبەرانو کادرە پێشکەوتووەکانی ئەم حیزبە پێکدەهاتن سەرەتا ٦کەس و دوایی ٨کەس و پاشتر١٢کەس گەڕانەوە کوردستانی ئێرانو بەنهێنیی بۆ بوژاندنەوەی ڕێکخراوو کۆمیتەکانی حیزبی کەوتنەکارو لەڕووداوەکانی شۆڕشی ئێرانیشدا بەدژی ڕژێمی پەهلەویی ڕۆڵیان بینی. شاری مەهاباد بەسەنتەری چالاکیی سیاسییو ڕێکخراوەیی ئەم حیزبە دادەنرێت. ح.د.ك.ا پاش رووخاندنی ڕژێمو چەککردنی پادگانی مهاباد، تەواوی ئەندامەکانی لەعێراقو ئەوروپا گەڕانەوەو لەڕۆژی ٢یئاداری ١٩٧٩داو پاش ٣٢ساڵ خەباتی نهێنیی لەستادیۆمی وەرزشی شاری مهابادا بەئامادەیی نزیکەی ٢٠٠هەزار کەسێك تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند. روداوێکی وا کە لەم قۆناغەدا گرنگیی تایبەتیی خۆی هەبوو چونکە لەدوای ساڵی ١٩٤٦و ڕاگەیاندنی کۆماری میللیی مەهاباد ئەو گەورەترین کۆبوونەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستانی بووکە لەشاری مەهاباد پێکهاتبوو.[١]

لەسەرەتای ئەو میتینگەدا، د.قاسملوی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات پەیامێکی خوێندەوە، پاشان مامۆستا شیخ عیزەدینی حوسەینی ئیمام جومعەی مەهاباد وتارێکی پێشکەشکرد، دواتر هێمنی شاعیری میللیی کورد پارچە شیعرێکی خوێندەوە وئینجا پەیامی پێشمەرگە تازەگەڕاوەکان بۆ کوردستانی ئێران، پەیامی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حیزب لەشارو ناوچە جۆربەجۆرەکانی وەك کرماشان، سنە، سەقز، مەریوان، پاوەو نەغەدەو زۆر جێگای تر، هەروەها پەیامی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانیی وەك یەکێتی دیموکراتی خەلکی ئێران، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، چریکە فیدائییەکان، ئازەربایجانیەکانی تەبرێز لەگەڵ چەند سرودو پارچە شیعرێك خوێندرانەوە، میتینگەکە بەخوێندنەوەی بڕیارنامەیەکی دوازدە مادەیی کۆتاییهات.[٢]

قاسملوی سکرتێری گشتیی لەپەیامەکەیدا جگەلەوەی بەدرێژایی باسی مێژووی خەباتی ح.د.ك.ا دژی ڕژێمی پەهلەویی کردو بەشداربوونی گەلی کوردی لەشۆڕشی

---

(١) اسناد لانه جاسوسی ، سند شماره: ١٤ ، ل١١٩.

(٢) کوردستان، ژمارە ٥٤، رەشەمەی ١٣٥٧ – مارسی ١٩٧٩

گەلانی ئێراندا دووپاتکردەوە، هەوڵیدا چەند خاڵێك لەسیاسەتی حیزب و هەلومەرجە نوێیەکەی ئێران و کوردستان بخاتەڕوو. ناوبراو لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند:"حیزبی ئێمە لەسەرەتاوە لەشۆڕشی سەرانسەریی ئێران دا بەڕابەرایەتی ئیمام خومەینی بەشداربوو و هەموو هێزو ئیمکانی خۆی لەپێناوی ئامانجی گشتی گەلانی ئێران، یانی ڕووخاندنی ڕژێمی نگریسی شاهەنشاهییدا نا، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بیرو ڕایەدایە کەلە کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستاندا ئیمکانی ئەوە هەیە کە یەکێتیەکی پتەو لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی گەلدا لە: کرێکاران، وەرزێران، رۆشنفکران، بازاڕیان و عەشیرەتە نیشتیمانپەروەرەکان بەرقەراربکرێت...حیزبی ئێمە هەموو ئەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە، کەلەکورستانی ئێران و تەواوی ئێران دا هەن. ئەوانەی دوژمنایەتیمان ناکەن بەدۆستی خۆی دەزانێت...حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕوایەکی قووڵی بەدیموکراسی لەسەرانسەریی ئێران و نێو خۆی کوردستانی ئێراندا هەیە، ئێمە لەقولآیی دڵمانەوە دەڵێین کە ژمارەیەکی زۆری خاڵی هاوبەش، وەك ئەوانەی لای خوارەوە دەتوانرێت وەك بنەمای هاوکاری ئێمەو تەواوی هێزە ولآت پارێزو پێشکەوتوخوازەکاندا دابنرێت:

١- چەسپاندنی ڕژێمێکی کۆماری دیموکرات لەئێراندا.

٢- دابینکردنی مافی خودموختاری تەواوی گەلانی ئێران لەچوارچێوەی ولآتی ئێراندا.

٣- دابینکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە نەتەوایەتییەکان بێجیاوازی.

٤- پەیڕەوکردن لەسیاسەتێکی ئابووری کەقازانجی خەڵکی تێدابێت و ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی زەحمەتکێشان بێت.

٥-چارەسەکردنی مەسەلەی زەوی بەقازانجی جووتیارانی هەژارو ناوەنجی حاڵ، زەوی موڵکی ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێت.

٦- دیاریکردنی سەعاتی کارکردنی هەفتەیی کرێکاران و مسۆگەرکردنی بیمەی گشتی بۆ تێکڕای کرێکاران و زەحمەت کێشان.

٧- ڕیشەکێشکردنی نەخوێندەواریو بەرزکردنەوەی پایەی فەرهەنگییو زانستی خەڵکیو بایەخدان بەپەرەپێدانی زمانی دایکی تێکڕای گەلانی ئێران.

٨- کۆتایهێنان بە نفوزی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم، بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و چوونەدەر لەپەیمانە سەربازییەکانو گرتنەبەری سیاسەتێکی بێلایەنانە لەسەر ئاستی دەرەوە.

٩-پشتیوانی لەجووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی تەواوی میلەتانی جیهانو بەرگری لەبنەمای مافی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسیاندا.

١٠-دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ تێکڕای وڵاتان لەسەر بنەمای پەیوەندی بەرامبەر و ناساندنی مافی حاکمییەتی میللییو دەستێوەرنەدان لەکاروباری نێوخۆی یەکتریو گرێدانی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی دژی ئیمپریالیستیو سۆسیالیستی"[1]

هەروەها قاسملو بەئامادەبووانی ڕاگەیاند:"ئەمڕۆ ئێران چۆتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە دەمانەوێت بڵێین کە نابێت دەوڵەتی شۆڕشگێری ناوەندیی هەوڵ بدات بەشێوەی جاران لەکوردستانو سەراسەری ئێراندا ژاندامریو شهربانی دووبارە زیندووبکاتەوە، کاروباری نێوخۆی کورستان پێویستە لەلایەن خودی خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوەببرێت هێزەکانی ڕاپەڕاندنی نێوخۆ پێویستە شورا شۆڕشگێرەکانی شارو دێ بێت، سەبارەت بەئەرتەشیش ئێمە لەو بڕوایەداین کەلەشکری شاهەنشاهیی پێویستە بەتەواوی هەڵوەشێنرێتو لەشوێنی وی سوپایەکی میللیی دابمەزرێت کە دۆستو برای گەل بنو تەنیا ئەرکیان پاراستنی سنوورەکان بێت، پێویستە لەئایندەدا هەرگیز ڕێگا بەوە نەدرێت کەئەرتەش مافی خەڵك پێشێل بکاتو بکرێتە کوتەکێکی دەستی دەوڵەت بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی گەل. کوردستانی ئێران پێویستە لەحاڵەتی ناوچەیەکی میلیتارێزەکراو بێتەدەرو پادگانەکان تەنیا بەمەبەستی بەرگری لەسەر سنوورەکان دابنرێت نەك لەچەقی شارەکاندا...شۆڕشی ئێران تائێستا هەنگاوی

---

(١) هـ.س.

گەورەی ناوە، بەلاّم ڕێگایەکی درێژترمان لەبەرەو بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنین پێویستمان بەیەکێتیو ئیتفاقە. پێویستە ڕێگانەدەین کە دوژمن کەلێنمان تێبکاتو دووبەرەکی لەنێوانماندا بنێتەوە، پێویستە ڕیگانەدەین هیچ حیزبێك هەڵکوتێتە سەر حیزبێکی کەو هیچ عەشیرەتێك پەلاماری عەشیرەتێکی کەبدات، پێویستە ڕێگا نەدەین کەهیچ ڕێکخراوو حیزبێکی سیاسی پێشەکەوتوخواز هێزی خۆی بۆ کوتانی ڕێکخراوێکی پێشکەوتوخوازی دیکە تەرخان بکات، پێویستە فێری دیموکراسی بینو لەسەری رابێین، کوردستانیش وەك باقی دیکەی هەرێمەکانی موڵکی پاوانکراوی هیچ حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسی دیاری کراو نیە، پێویستە هەموومان بیربۆچوونی سیاسی خۆمان ئازادانە بگەیێنینە خەڵکیو ئەوە خەڵکن کە دەتوانن ئازادانەڕێگاو ڕەوشی خۆیان هەڵبژێرن، پێویستە هەر تۆقاندنێکی فیکری لەبەین بچێتو نابێت هیچ کەس بەهۆی بیروبۆچوونی تایبەتییەوە بخرێتە ژێرفشار."[1]

بڕیارنامەی میتینگەکەش کە پەسەندکراوی ح.د.ك.ا لە ١٢مادە پێکهاتبوو، بریتییەلە:

١-ئێمە هاوپێوەندی خۆمان لەگەڵ شۆڕی سەرانسەریی ئێران بەرابەرایەتی ئیمام خومەینی رادەگەیەنینو هەروەك لەڕابردوودا هاوبەشیەکی بەرچاومان لەسەرکەوتنی شۆڕشی ئێران دابوو، لەداهاتووشدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشو دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتی لەئێراندا تێ دەکۆشین.

٢-بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی ژاراویو گێرەشێوێنی دەزگاکانی ئیمپریالیستی وکۆنەپەرستی لەبارەی جیاوازی خوازی گەلی کوردەوە، ئەوەی ویستو داخوازی ئێمەیە لەت لەت بوونی ئێران نیە، بەڵکو بەهێزکردنی بناغەکەیەتیو یەکپارچەیی هەموو گەلانی ئێران لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی یە.

٣-بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلیکوردو هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی دیموکراتی وگەلی کەنەك هەر بەقسە بەڵکو بەکردەوە بڕوای بەبرایەتیو یەکسانی گەلانی ئێران

---

[1] ه.س.

هەبێ، هەموو شوێنەوارێکی  زۆرداری نەتەوایەتیی بنەبڕبکرێ‌و لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی‌دا، گەلانی ئێران‌و یەکێك لەوان گەلی‌کوردبەمافی خودموختاری خۆیان بگەن.

٤-دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی لەئێران داو دانی خودموختاری بەگەلی کورد لەکوردستانی ئێران‌و بەگەلانی دیکەی ئێران نەك هەر نەخشەی خائینانەی دەزگاکانی ئیمپریالیستی‌و کۆنەپەرستی پووچەڵ دەکاتەوە بەڵکو شۆڕشی ئێران دەخاتەسەر ڕێبازێکی راست‌و پێشکەوتوانە، ئەو شۆڕشە قولتر دەکاو ولاّتی ئێمە دەکاتە قەلاّیەکی لەشکان نەهاتووی ئازادی‌و دیمۆکراسی لەڕۆژهەلاّتی نێوەراست دا.

٥-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەموو تاپۆکردنێك لەبارەی کەڵك وەرگرتن لەبارەی‌دەستکەوتەکانی شۆڕش چ لەرادەی کوردستان دا مەحکوم دەکا.

٦- بۆ بەرهەمداربوون‌و گەلی کردنی زیاتری شۆڕشی ئێران. دەبێ بەرەیەکی نیشتمانی و دیموکراتی لە حیزب‌و ڕێکخراوە نیشتمانی‌و پێشکەوتتخوازەکان پێك بێ‌و هەموو مێشکێك و هەموو باسێك لە ڕێگای دابین کردنی خۆشی‌و بەختەوەری خەڵکی ئێران دژی ئیمپریالیزم ودەست‌و پێوەندەکانی وەکارکەوێ.

٧-شۆڕشی ئێران بەرهەمی فیداکاری‌و گیانبازی هەموو گەلانی ئێران‌و بەروبووی ئەو شۆڕشە بۆ هەموو خەڵکی ئێرانە،کۆڕی دامەزرێنەران ئەبێ بەهاوبەشی نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلانی ئێران پێك بێ‌و قانوونی ئەساسی نوێ کە دابین کەری هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی کۆماری دیموکراتیك‌و دانی خودموختاری بەگەلانی ئێران‌و نەهێشتنی چەوسانەوەی کرێکاران، جووتیاران و زەحمەتکێشان شارو دێ دابنێ.

٨- ئەرتەشی دژی گەلی دەبێ لەکەسانی خۆفرۆش‌و کۆنە پەرست‌و وەفادار بە ڕژێمی پێشوو پاك بکرێتەوەو بەهۆی گۆڕێن‌و دەسکاری‌یەکی سەرەکیی بکرێ بێ ئەرتەشێکی گەلی، ئەرتەشێك کە ئەرکی تەنیا پاراستنی سنوورەکانی ولاّت بێ.

٩- دەبێ بەسترانەوەی سیاسی‌و نیزامی ئێران بەولاّتانی ئیمپریالیستی بەتایبەتی بەئیمپریالیزمی ئەمریکا بەتەواوی دوایی پێ بهێنرێ.

١٠-شۆڕشی ئێران نەك هەردەبێ بەچاوی ڕێزەوە بڕوانێتە مافی گەلانی ئێرانی، بەڵکو دەبێ لەدەرەوەی سنوورەکانیش بەتوندی لایەنگری جووڵانەوەی رزگارییخوازییە نیشتمانیەکان لەئاسیا،ئەفریقاو ئەمریکای لاتین دژی ئیمپریالیزمی جیهانیی بێ.

١١-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لایەنگری ئاشتیو دوستایەتی نێو گەلانەو دەست بەندیەکانی نیزامی - ئیمپریالیستی کە بۆ درێژەپێدانی چەوساندنەوەی نەتەوە ولاتەکان پێك هاتوون، مەحکوم دەکا.

١٢-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەکەڵك وەرگرتن لەبەرهەمی شۆڕشی خەڵك، لەمڕۆبەدواوە تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕادەگەیەنێ."[1]

بەمجۆرە، ح.د.ك.ا دوای ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای، شانەو کۆمیتەکانی لەزۆربەی ناوچەی مەڵبەندەکانی کوردستانی ئێراندا دامەزراندەوە. هەر لە تەرگەوەرو مەرگەوەرەوە تاسنەو پاوەو مەریوان، قارچك ئاسا هەڵتۆقیو ئەندامو لایەنگرانی لەهەزارەها کەس تێپەریکرد. باڵی چەکداریی حیزب کە بەپێشمەرگە ناودەبرا لەڕێگای چەکی بارەگاو پادگانە چەککراوکانی ڕژێمی شاهەنشاهییەوە چەکدارکران. لەڕووی سیاسیی و ئایدۆلۆژییشەوە ڕێبەرایەتیی حیزب چەند بۆچوونو دیدی جیاوازی تێدابوو هەر لەتودەیی مەشرەب تا ماویزمو هەتا سۆسیال دیموکراتو ناسیونالیستی توندڕەوی تێداهەبوون، بەڵام تێکڕا لەدەوری ئامانجی ئێرانێکی دیموکراتیی و کوردستانێکی خودموختارو سیاسەتێکی سۆسیالیستیی و دژی ئیمپریالیستیی کۆببوونەوە.

لێرەدا پێویستە راستییەك لەبەرچاو بگیرێت ئەویش ئەوەیە، چونکە حیزبی دیموکرات لەمێژووی خەباتی چەند ساڵەیدا بەدەستی ڕژێمی شاهەنشاهیی گورزی زۆری خواردبوو، تاڕادەیەکی زۆر لەکادری لێوشاوەی حیزبیی و سیاسیی و ڕێکخراوەیی بێبەش مابوو، لەم قۆناغەدا دەهات تازە سەرپێ کەوێتەوەو لێپرسراوییەکی گەورەی لەسەرشان بوو، هەربۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنای بردە بەرچەند ڕێکخراوێکی

---

[1] هـ.س

دۆستی عێراقییو کوردستانی عێراق. مەسەلەیەکی وا کە سروشتی ئازادییخوازانەو دیموکراتخوازانەی ح.د.ك.ا جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لەئێران سەلماندەوە.[1]

**دووەم: کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (سازکا)[2]:**

ئەم ڕێکخراوە بەکۆمەڵە ناوی دەرکرد، لەم قۆناغەدا دوای ح.د.ك.ا بەنفوزترین هێزی سیاسییو کۆمەڵایەتیی سەر شانۆی سیاسیی کوردستانی ئێران بوو. وەك پێشتر باسی لێوەکراوە سەرەتای شکڵگرتنی ئەم ڕێکخراوە وەك گروپێکی فیکرییو جەریانێکی چەپی رادیکاڵ بۆ ساڵی ١٩٦٩، لەلایەن ژمارەیەك لە کوردە مارکسیستەکانی وەك: فۆئاد مستەفا سوڵتانی، حەمە حوسێن کەریمی، عەبدوڵڵا موهتەدی دەگەڕێتەوەو دواتر کەسانی وەك دکتۆر جەعفەر شەفیعیو سەدیقی کەمانگەریش بوونە ئەندامی لێهاتووی کۆمەڵە. شایەنی باسە، دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە سەرەتا لەژێر کاریگەریی ڕەوتی چەپی نوێو جووڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٦٧-٦٨ی کوردستانی ئێراندا بوونو وەك زۆربەی مارکسیستە کوردەکانی سەردەمی خۆیان لە تێورو جیهانبینییەکانی ماوسیتۆنگ ئیلهامیان وەردەگرت.[3] ژمارەیەك لەوانە لەسەرەتای حەفتاکاندا لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە گیرانو بەشێکیشیان لە گوندەکانی کوردستاندا لەگەڵ وەرزێراندا بەنهێنیی ژیانیان دەگوزەراند. تاقمێکیشیان وەك ئیبراهیمی عەلیزادەو هاوڕێکانی، لەدوای هەلگیرساندنی شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٩ لەکوردستانی عێراق لە نێو ڕیزەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)[4] هەڵدەسوڕان. هەربۆیە کۆمەڵە، ڕۆژی

---

([1]) بانیخێڵانی، س.پ، ل ٣٥٢ .، رسول ، فاتح، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کوردمان، رووداو بەڵگەنامە، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، سوید ١٩٩١، ل٦٨.

([2]) سازکا لەناوە فارسیەکەوە هاتووە واتە (سازمان انقلابی وەحمەتکێشان کردستان ایران).

([3]) شۆڕش ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، دەورەی دووەم، ژمارە (٥)، ڕێبەندانو رەشەمەی ١٣٧٩ی هەتاوی فوریەو مارسی ٢٠٠١ی زاینی.

([4]) ئەم ڕێکخراوە لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥دا وەك بەرەیەکی نیشتمانی پێشکەوتوخواز بە بەیاننامەیەك بوونی خۆی راگەیاندو تانوکەش هێزێکی سیاسییو کۆمەڵایەتیی سەرەکیی سەر شانۆی کوردستانی عێراقەو سەرەتا لەتێورو تێزە جیهانییەکانی ماویزم ئیلهامی وەردەگرتو بڕوای بەخەباتی چەکدارانەی درێژخایەن هەبوو لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردو بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە وێرانکارییەکانی رژێمی بەعس

٢١ی جۆزەردانی ١٣٥٧هەتاویی کەدەکاتە ٢٢ی تەمموزی ١٩٧٨ بە ڕۆژی شەهیدی خۆی دەزانێت، ئەو ڕۆژەی کە(خانەی موعینی) برای سولێمانی موعینی لەنێو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانیو لەشەڕێکدا دژی ڕژێمی بەعس لەماوەتی شاربازێر گیانی لەدەستدا.[1]

بەهەرحاڵ، سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانو ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەوییو لەبەریەک هەڵوەشاندنی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی لەکوردستانی ئێران بەخاڵێکی وەرچەرخان لەژیانی کۆمەڵەدا دادەنرێت. چونکە لەڕێخراوێکی نهێنیی بچووکەوە گۆڕدرا بە هێزێکی جەماوەریی بەرفراوان کەلەڕووی ڕێکخراوەییو کۆمەڵایەتییەوە شوێنێکی دیارو بەرچاوی لەسەر شانۆی سیاسیی کوردستانی ئێراندا هەبوو. ئەم ڕێکخراوە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٧٥ی هەتاوی بەرامبەر ١٥ی شوباتی ١٩٧٩ی کردە ڕۆژی ڕاگەیاندنی فەرمیی خۆی. ئەو ڕۆژەی کەتێیدا ئەندامێکی ڕێبەرایەتیان کە (حەمەحوسێن کەریمی)ە لەشاری سەقزو لە ڕووداوی پەلاماردانی شارەوانی ئەو شارەدا کوژرا.[2]

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بەدرێژایی خەباتی نهێنییو پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانو ڕاگەیاندی فەرمیی خۆی، پەیڕەو وپرۆگرامێکی بڵاوکراوەو دیارییکراوی نەبوو، لەڕووی فیکرییو ئایدۆلۆژییەوە شتێکی نوسراوی نەبوو، تەنیا بڵاوکراوەیەکی بەناوی (شۆڕش) هەبوو، ئەویش لەماوەیەکی زۆردا دوو ژمارەی لێ چاپکرا، جگەلە خەبەرنامەیەکیش کەهەواڵی ڕووداوەکانی ڕۆژو سەرنجی کۆمەڵەی تێدا ڕووندەکرایەوە. کۆمەڵە لەم قۆناغە نوێیەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی لە کوردستانی ئێران، زیاتر وەك ڕێکخراوێکی چەپی کوردیی نەك سەرانسەریی دەناسراو وەك باڵی چەپی شۆڕشگێڕی جووڵانەوەکە حیسابی

---

لەکوردستانی عیراق، بەڵام لەپاش کۆنگرەی یەکەمی لەساڵی ١٩٩٢دا ڕێبازی سۆشیال دیموکراتی هەڵبژاردو ئەمینداری گشتی یەکێتی لەسەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا سیاسەتکاری کورد (جەلال تاڵەبانی)یە.

مدنی، حسین کردستان. بررسی وتحلیل نهضت های ازادیبخش ملی در کردستان، پ.ج اسفندماه ١٣٥٧ ، ص ١٢٠-١٢١.

(١) پێشڕەو، ژمارە ٧، پووشپەڕی ١٣٦٣- ژوئیەی ١٩٨٣، ل ٣٤-٣٦.

(٢) علیزادە، س.پ ، ل٧.

بۆدەکرا. چونکە لەڕووی فیکریی و عەمەلییەوە تێکۆشانی خۆی لەسەر دوو شێوازی خەبات بەڕێوەدەبرد یەکەمیان خەبات میللیی دیموکراتیك بۆ کۆتایهێنانی ستەمی نەتەوایەتیی سەر گەلی کوردو، دوومیشیان خەباتی چینایەتییە بۆ لابردنی هەرچەشنە ستەم و چەوسانەوەیەکی نێو خودی چینەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی و پێداگرتن لەسەرڕۆڵی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد لەبەدەستەوە گرتنی چارەنووسی سیاسی و کۆمەلایەتیی لەکۆمەڵگاکەیاندا.[1]

لەراستییدا گرێدانی ئەودوو شێوە خەباتەو جووت ڕوخساری کوردبوون و چەپ بوونی کۆمەڵە فاکتەرێکی سەرەکیی بوو تالەماوەیەکی کەمی خەباتی ئاشکرای ئەم ڕێکخراوەدا بەرادەیەکی خێرا جەماوەری پەرەدەسەندو نفوزی لەشارو گوندەکانی کوردستاندا بلاودەبوو، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان قەیرانی ئابووری ئێران لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی پەهلەوی زیاتر ڕوولەپەرەگرتن بوو ئەو قەیرانەی گرانی ی و بێکاری فرەی لەگەڵ خۆیداهێناو لەڕادەبەدەر بەربینی چینە زەحمەتکێشەکانی گرتبوو، هەروەها فەزای تەواوچەپی ئەو دەمەی شانۆی سیاسی ئێران کاریگەر خۆی لەسەر کوردستان و بەهێزبوون و خورت بوونی ڕێکخراوی کۆمەڵەدا هەبوو.

پێویستە بزانرێت کۆمەڵە لەو دەمەدا ڕێکخستنێکی سەرانسەریی یەکگرتووی لەتێکڕای شارو مەڵبەندەکانی کوردستان ئێراندا نەبوو، بەڵکو بەمەبەستی ئەوەی ئەندام و ڕێکخراوەکانیان لەئاشکرابوون بپارێزن، واتە لەڕووی خۆپارێزیی‌وە لەهەر شارێك بەناوێکی جیا لەوی دی هەڵدەسوڕان، ئەوان زیاتر بەناوی (اتحادیە/یەکێتیەکان)و (جمعیتها/کۆمەڵەکان) تێکۆشانی سیاسییان هەبوو. بۆنموونە: لەشار ورمێ بەناوی (کۆمەڵەی بەرگریی لەمافی گەلی کورد)، لەمەهاباد (کۆمەڵەی ڕێگای رزگاریی زەحمەتکێشان لەکوردستانی ئێران)، لە سنە (کۆمەڵەی بەرگریی لەئازادیی‌و شۆڕش) لە مەریوان (یەکێتیی جووتیارانی مەریوان) چالاکیی سیاسییان ئەنجامدەدا. دیارە ئەم یەکێتیی و کۆمەلانە هەرکاتێك هەڵوێستیان لەمەسەلەیەك وەربگرتایە، ئەوسا پێکەوە

---

([1]) شۆڕشی کوردستان و مافی دیاریکردنی چارەنووس، بلاوکراوەی لایەنگرانی حیزبی کرێکارانی سۆشیالیست لە کوردستان، ب.ش، ڕێبەندانی ١٣٦٤-١٩٨٦، ل٨٧.

لەیەك سەنگەرو بەیەك ئاراستە دەجوولاٌن‌و هەستدەکرا ئەودەمە ئەوانە پەیوەندیی توندنیان پێکەوە هەیەو لەلایەن ڕێبەرایەتییەکەوە ڕێنمایی دەکرێن.[1]

کۆمەڵە جگە لەپەیڕەوییکردن لەسیاسەتی هاندانی جووتیاران دژی موڵکداری کورد لەڕێگای یەکێتییە جووتیارییەکانەوە، هەوڵیدەدا حاڵەتی ئەو بێکاریی‌و گرانییەی کۆمەڵگاو باری دژواری کرێکارو زەحمەتکێشانی شارەکانی کوردستان بقۆزێتەوەو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیی‌و چینایەتییەکانی سوودیان لێوەرگرێت. هەربۆیە لەژێر چەند ناوی جیاوازەوە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەو چینەی کۆمەڵگای کوردەواریی دەداو لەژێر دروشمی دابینکردنی کار، بیمەی بێکاریی، قەرزی بێکاریی، زیادکردنی کرێ، بیمەی دەرمانیی، قەدەغەکردنی دەرکردن، هەشت سەعات کاری ڕۆژانە، پشووی هەفتانە بەکرێوە...هتد، دەیهێنانە مەیدان‌و لەڕێگای: مانگرتن‌و ڕێپێوانەکان، وەستاندنی کار، خۆپێشاندانی شەقامەکان، وتاربێژان‌و کۆڕوکۆبوونەوەکان داواکارییەکانیان دەدا بە گوێی دەسەلاٌتدارانی حکومەتی کاتیدا.[2] لەم ڕووەوە گرنگترین ئەو سەندیکاو ناوەندە کرێکارییەی کە لەم قۆناغەدا لەشارەکانی کوردستانی ئێراندا لەلایەن کۆمەڵەوە ڕێنمایی دەکران بریتییبوون لە: یەکێتیی وەرزیی‌و بێکاریی سنە، خانەی کرێکارانی سنە، ناوەندیی کرێکارانی بێکاری سەردەشت، یەکێتیی کرێکارانی نەغەدە، یەکێتیی کرێکارانی مەهاباد، خانەی کرێکارانی پیرانشار، سەندیکای نانەوایانی سەقز.[3]

هەروەها دامەزراندنی شورای شارەکان‌و گوندەکان‌و گەڕەکەکان شێوازێکی تری تێکۆشانی سیاسیی کۆمەڵەبوو، بەجۆرێك لەڕێگای ئەو شورایانەوە زۆربەی کاروباری سیاسیی‌و بەڕێوەبەرایەتیی‌و ئابووریی شارو ناوچەکانی کوردستانی دەبرد بەڕێوەو خۆی وەك هێزێکی جەماوەریی سوپەرشۆڕشگێر لە بەرامبەر هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانداو دەسەلاٌتی ناوەندییدا خۆی دەنواند. لەئاکارەکانی دیکەی کۆمەڵە ئەوەبوو بەتوندیی هانی چەکدارکردنی زەحمەتکێشانی شارەکانی کوردستانی دەداو دروشمی

---

([1]) ئـەمین، نەوشـیروان مـستەفا، پەنجـەکان یـەکتری دەشـکێنن. دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکـانی کوردسـتانی عـیراق ١٩٧٩-١٩٨٣، چاپی سێیەم، ب.ش، ١٩٩٨، ل٢٤.

([2]) نگاهی بەجنبش کارگری کردستان درسالهای ٥٨-٥٩، انتشارات مرکزی کومەلە – تیرماه ١٣٦٧، ص٤-٥.

([3]) بۆ زیاتر: حسین زادە، س. پ ، ل ل ١١-١٨.

(چەك بۆ كرێكاران)ی بڵند كردبوو. كۆمەڵە پێی وابوو كە ئاسایشی شارەكان پێویستە لەلایەن خودی خەڵكی شارەكانەوە بپارێزرێت و ڕێگەنەدرێت ڕژێمی نوێ، هێزی ژاندارمەو پۆلیس بنێرێتەوە شارەكانی كوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی بۆ ڕاهێنانی چەكداریی كردبۆوەو ڕێكخراوەكانی خۆی چەكداركردن. هەروەها سەبارەت بەمەسەلەی كۆمەڵایەتییەكانیش كۆمەڵە بانگەشەی بۆ نەهێشتنی زۆرداریی كۆمەڵایەتیی، هەڵاواردنی جنسیی، سیستمی باوكسالاریی، یەكسانیی ژنان و پیاوانی كورد...هتد دەكردن.[1] لەلایەكی ترەوە، كۆمەڵە بەپێچەوانەی زۆربەی گروپە چەپ و ماركسیستە سەرانسەرییەكانی ئێران كە بەتوندیی كەوتبوونە ژێر كاریگەریی شیعەگەرێتیی و دروشمەكانی دژی ئیمپریالیستیی و دادە كۆمەڵایەتییەكەی خومەینی و لایەنگرانی، ئەمان باڵی ئاینی توندڕەویان بە بەرهەمی شۆڕشی ئێران نەدەزانی، بەڵكو بە كۆنەپەرستیی مەزهەبیی و نوێنەری چینی بۆرجوایان ناساندن و بەهەرشێوەیەك لەدەستیان هاتبا دژایەتییان دەكردن. كۆمەڵە بانگەشەی بۆ هاتنەسەركاری ڕژێمێكی گەلی دیموكراتیكی شۆڕشگێر لەئێراندا دەكرد كە چینە زەحمەتكێشەكانی كۆمەڵگا تەواوی كاروبارە سیاسیی و ئابووریی و بەڕێوەبەرایەتییەكەی بگرنەدەست. كۆمەڵە حیزبی تودەی ئێرانی بە ڕیڤیژینست و پیاوی شورەویی نێو زەدەكردو شوورەویشی بە ڕژێمێكی سەرمایەداریی دەوڵەتیی و سۆسیال ئیمپریالیزم دەناساند. ڕژێمێك كە لەمێژە پشتی كردۆتە مافی كرێكاران و زەحمەتكێشان و دیموكراتیی شۆڕشگێڕانەو ماركسیزمی ژێر پێ ناوە.[2]

لەنێو كوردستانی ئێرانیشدا كۆمەڵە وەك ڕەقیبێك بەرامبەر ح.د.ك.ا خۆی دەنواندو تۆمەتی كۆنەپەرستیی وسازشكاریی لەو حیزبە دەدا كە نایەوێت هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێكی ڕادیكالانەو بنەڕەتییانە لەبارودۆخی كوردستاندا ڕووبدات و دەیەوێت بەسەوداو سازشكاریی لەگەڵ بۆرجوای كۆنەپەرستی مەزهەبیی، ئامانجەكانی گەلی كورد دابشكێنی و لەقەوارەیان بخاو لق و پۆپیان لێ هەڵپاچێ. هەربۆیە كۆمەڵە، ح.د.ك.ا ی بە

---

([1]) شۆڕش، دەورەی دوەم ، ژمارە (٥).

([2]) كردستان، امبریالیزم و گروهها وابسته، نشر: دفتر سیاسی سپا پاسداران انقلاب اسلامی چاپ سوم، ب.ج، بهمن ماه ١٣٥٩، ص ٨٠-٨١.

ڕێبەرایەتییەکی کلاسیکیی و نوێنەری چینی بورجوا – دەرەبەگی کورد دەدایە قەڵەم کە ناتوانێت بەرجەستەی خواستی چینە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگا بکات.[1]

شایەنی باسە، هەر ڕاستەوخۆ دوای میتینگەکەی مەهابادو ڕاگەیاندنی ئاشکرای ح.د.ک.ا لە٣ی شوباتی ١٩٧٩دا، بەیاننامەیەك بەناونیشانی"پیلانێکی دی دژی گەلی کورد، چ کەسانێك جیاوازی خوازن" لە شارەکانی کوردستانی ئێران بڵاوکرایەوە، بەیاننامەکە وێڕای ئەوەی ناوی لایەنێکی بەسەرەوە نییە، بەڵام بەتوندیی هێرشی کردۆتە سەر ح.د.ک.ا و نووسیویە:"گەلی کورد لەتێشکان و هەڵەکانی رابردوی خۆی دەرسی وەرگرتووەو تازە حازر نیە وەدوای ئەو کۆنەپەرستانە کەویٚ کەکوردستانیان کردۆتە پاوانی خۆیان و پێڕەویان ایٚبکا، دەستەیەکی کەچەند ساڵە لەخەباتی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان دوور بووەو تەنیا لەکاتی کەڵك وەرگرتندا قوت بۆتەوە، ئەویش تەنیا لەبەیان نامەو ڕۆژنامەدا، هەر بۆیە ناتوانیٚ ڕێنوێنی خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵك بیٚ، شۆڕشگێرانی گەلی کورد بڕیاریان داوە ڕێگای مەلائاوارەو شەریف زادە درێژە پیٚبدەن."[2]

دوای بڵاوبوونەوەی ئەوبەیاننامەیە، کۆمیتەی سەقزی ح.د.ک.ا دژە بەیاننامەیەکی لەژێر ناونیشانی:"تێکۆشەرانی شەرمێون دەڵێن چی؟"دا بڵاوکردەوە کە تێیدا پاش ئەوەی بەدرێژایی باسی لە مێژووی خەبات و تێکۆشان و قوربانییەکانی حیزبی دیموکرات کردووە، ئاماژەی بەو خاڵەش داوە کە ڕژێمی شاهەنشاهیی تادوێنیٚ حزبی دیموکراتیان بە کۆمۆنیست و چەپڕەو نێوزەد دەکردو ئەندامەکانیان بەو تۆمەتانە هەڵدەواسین، ئەمڕۆ تێکۆشەرانی شەڕمێون کەنەیانوێراوە نێوی خۆیان لە سەر بەیاننامەکە دابنێن حیزبی دیموکرات بەڕاستڕەو کۆنەپەرست لەقەڵەم دەدەن!! هەروەها بەیاننامەکەی کۆمیتەی سەقز باسی ئیمکان و پێویستیی تەبایی چینەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی لەپێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکاندا کردبوو. دژی ئەوەش وەستابووەوە کە لەهەلومەرجێکی ناسکی ئەودەمی کوردستانی ئێراندا بانگەشە بۆ

---

(1) پێشڕەو، ژمارە ١٣٥، نەوۆزی ١٣٦٤، ل٢٠١، حەسەنپور، س.پ ل ل ٦١-٦٤

(2) پیلانێکی دیکە دژی گەلی کورد چ کەسانێك جیاوازیخوازان، ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ هەتاوی.

جەنگی چینایەتیی بکرێت.[1] بەمجۆرە دەتوانرێت دەرکردنی ئەو بەیاننامەیەو وەڵامدانەوەکەی کۆمیتەی سەقزی ح.د.ك.ا بەسەرەتایەك بۆ هەڵگیرسانی جەنگێکی سارد لەنێوان هەردوو ڕێکخراوە کوردستانییەکەی کوردستانی ئێران، واتە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە لەقەڵەم بدرێت، ئەو جەنگەی ساڵێکی نەخایاند شوێنی بۆ جەنگێکی گەرم بەجێهێلاّ. ئەو جەنگەی بۆماوەی دەساڵی ڕەبەق بەردەوام بوو، زیانێکی گەورەی بەجووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەئێران و بزاڤی دیموکراتخوازی سەرانسەریی گەیاند و قازانجێکی مەزنی بەدوژمن بەخشیی.

## ب- کەسایەتییە ئاینییە سیاسییە سەربەخۆکانی کوردستانی ئێران:

ئاشکرایە لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەڕێوەچوونی خۆپیێشاندانە جەماوەرییەکانی کوردستانی ئێران بەدژی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی، ژمارەیەك کەسایەتیی ئاینیی کورد ڕۆڵی بەرچاویان لە ڕووداوەکاندا دیت و لەزۆر شوێن ڕێنمایی و ڕێبەرایەتیی خەڵکیان کرد بۆ ڕووخاندنی حوکمی محەمەدڕەزا شا هانیان دەدان و ڕووخسارێکی سیاسییانەشیان بۆخۆیان مسۆگەر کرد. ڕاستییەکەی بەسەرکەوتنی شۆڕش و بانگەشەی دامەزراندنی دەسەلاّتێکی ئیسلامیی، مەوقعییەتی ئاینیی و سیاسیی ئەوانە زیاتر چەسپاو ڕۆڵی سەرەکییتریان لەڕووداوەکاندا دیت و هەڵوێستی دیارییکراویی خۆیان لەهەمبەر مەسەلەکان خستەڕوو گرنگترینیان بریتیبوون لە:

**مامۆستا شێخ عزەدینی حوسەینی:** ئیمام جومعەی شاری مەهاباد، کەسایەتییەکی ئاینیی– نەتەوەیی کوردی سونییە، مامۆستای زمانی عەرەبی بووە لەمزگەوتی(سوری) مەهاباد و فێرگەی تایبەتی ئاینیی وانەی زانستە ئیسلامییەکانی دەوتەوە. شێخ عیزەدین کە نزیکەی ٦٠ساڵێکی تەمەن دەبوو، کەسایەتییەکی ئازادییخواز دەناسراو لەدەورانی حاکمییەتی موسەدیق لایەنگری حکومەتەکەی ناوبراو بووە. پەیوەندیی بەجووڵانەوەی

---

[1] بەیاننامەی ڕێکخراوی سەقزی حیزبی دیموکراتی کوردستان، (تێکۆشەرانی شەرمێون دەڵێن چی؟)، ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی.

نەتەوەیی هەبووە لەکوردستانی ئێران‌و ساڵی ١٩٦٤ پەیوندیی بەڕیزەکانی حیزبی دیموکراتەوە کردووە، چەند جارێك کەوتۆتە بەر هەڕەشەی دەزگای جاسووسیی ساواك، ساڵی ١٩٦٨ لەشالاٌوە بەربلاٌوەکەی ئەو دەزگایەدا بۆ سەر ئازادییخوازانی کورد گیراوەو پاش ماوەیەك ڕاگرتنی لە سەربازخانەی جلدیان ئازادکراوە. هەر لەساڵی ١٩٦١ە وە بووەتە ئیمام جومعەی مەهابادو جگەلە مەسەلە فقهییەکان، ئاماژەی بەهەندێك بابەتی فەلسەفیی و کۆمەلاٌیەتیی دەداو لەمەڕ دژایەتیی خورافاتی ئاینیی و کۆنەپەرستیی قسەی بۆ خەڵکی دەکرد. هەربۆیە ناوبراو لەنێو ڕوناکبیران‌و مەلاو فەقێ لاوەکاندا ڕێزدارو کەسایەتییەکی خۆشەویستبوو. رووخساری سیاسیی-جەماوەریی شێخ عزەدین لەو دەمەیدا دەرکەوت کە ناوبراو لەڕێ‌و رسمی ناشتنی تەرمەکەی یوسفی دا لەمەهاباد بەئاشکراو بەکوردیی تەلقینیداو پاشان تێکەڵ بەخۆپیێشاندانەکان بوو، لەدامەزراندن‌و بەڕێوەبردنی شورای مەهابادیشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو.(١)

هەر لێرەدا پێوستە ئەو هەلومەرجە لەبەرچاوبگرین کەلەم قۆناغەدا ڕۆڵێکی مەزنی لەدەرکەوتنی کەسایەتیی مەزهەبیی-سیاسیی شێخدا بینی. ئەویش ئەوەیە کەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران‌و رووخاندنی ڕژێمی پەهلەویی و خورتبوونی توندی باڵی ئاینیی توندڕەویی شیعە لەناوەند، ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاراستەیەك دەڕۆیی ئەوەی پێشاندەدا زۆر نابات لەناوەند دیکتاتۆرییەکی شیعەگەریی بەسەر گەلانی ئێراندا دەسەپینرێت. لەکوردستانی ئێراندا بەتایبەتی لەهەرێمی موکریان‌و مەهابادی پایتەختیدا کۆمەلاٌنی خەڵك کورد لەبەرامبەر شەپۆلی شیعەگەریی سیاسییدا پێویستیان بەڕابەرێك هەبوو کەهەم بەرجەستەی سونییگەرایەتییەکان بکات‌و هەم کەسایەتییەکی ئازادییخواز بێت‌و بەرجەستەی خواستە نەتەوایەتییەکانیان بکات. جگە لەوەی ح.د.ك.أ لەم قۆناغەدا بەهەموو توانایەکییەوە هەوڵیدەدا شێخ عیزەدین وەك ڕەقیبێکی خومەینی و کەسایەتییەکی نەتەوەیی و جەماوەریی بناسێنێت‌و لەم ڕێگایەوە سەرنجی توێژی ئیماندارانی سونیی کورد بۆ کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران ڕابکێشێت. هەربۆیە وێڕای ئەوەی شێخیش لەم قۆناغەدا خۆی وەك کەسایەتییەکی سەربەخۆ لە

(١) اسناد لانه جاسوسی، سند شماره: ١، ص٨٩-٩٠

ح.د.ك.ا دەخستە بەرچاو، كەچی نفوزو جەماوەریی بەڕادەیەكی خێرا پەرەیگرت، بەجۆرێك وەك رابەرێكی ئاینیی سونیی– نەتەوەیی گەلیی لەكوردستانی ئێراندا زەق بووەوە.[1]

شایەنی باسە، شێخ عیزەدینی حوسەینی بەپێچەوانەی زۆربەی پیاوانی مەزهەبیی شیعەو پەیڕەوانی خومەینی، كەسایەتییەكی هێمنو نەرمو لەسەرخۆبوو، بڕوای بەیەكێتیی و برایەتیی و پێكەوەژیانی ئاشتیی سەرجەم گەلانی ئێران هەبوو، ئێرانێك كە مافە نەتەوەییەكانی هەر گەلێكی تێدا دابینبكرێتو بەشێوازێكی دادپەروەرانە بەڕێوەببرێن. هەر بۆیە شێخ خودموختاریی پێ مافێكی ڕەوای گەلی كوردو گەلانی دیكەی غەیرەفارسی ئێران بوو. لەلایەكی ترەوە شێخ بانگەشەی بۆ دامەزراندنی ڕژێمێكی دیموكراتیی لەئێراندا دەكرد كەتێیدا ئاین نەبێتە كۆسپ لەبەردەم پێشكەوتنی كۆمەڵدا. بەواتایەكی دی، شێخ كۆمارێكی دیموكراتیی سێكیولاری بۆ ئێرانی داهاتوو دەویست، نەك دەسەڵاتێكی تیوكراتیی. ناوبراو بڕوای بە ئازادیی ئاینو بیروڕا دەربڕین هەبوو. بانگەشەی بۆ چەسپاندنی عەدالەتێكی كۆمەڵایەتییكردو لەم ڕووەو لەسەر بەها رۆحیی و ئەخلاقییەكانی ئیسلام پێی دادەگرتو دەتوانرێت بوترێت كەلەرووی دیدو بۆچوونەوە تاڕادەیەكی زۆر لەگەڵ (ئایەتوڵڵا تاڵەقانی)دا یەكیان دەگرتەوە. ئەو بۆچوونانەی كەبە(چەپی ئیسلامیی)، دەناسرێتو لەئێراندا پەیڕەویی لێدەكرێت.[2]

شێخ عیزەدین بەمەبەستی كۆكردنەوەی جەماوەر لە دەوری دیدو بۆچوونە سیاسیی و كۆمەڵایەتییەكانی، دەفتەرێكی بەناوی خۆیەوە دامەزراندبوو، كەسێك بەناوی (فاتحی شێخولئیسلامی) سكرتێری ئەو دەفتەرە بوو كەناوەندەكەی لەمەهابادو لقی لەشارەكانی دیكەی كوردستانی ئێرانیشدا هەبوو. بۆنموونە، لە شاری بانە لەلایەن شێخ جەلال حوسەینی برا بچووكییەوە كاروباری دەفتەرەكەی ڕادەپەڕێنرا. شیخ عیزەدین لە٤ی ئازاری ١٩٧٩دا، لەئاخاوتنێكیدا ڕایگەیاند كە لەوبڕوایەدایە ئەگەر دەوڵەتی ئێران ئەو خودموختارییە بداتە كورد كەداوای دەكات بەوە ئێران یەكگرتووترو بەهێزتر دەبێتو دوژمنانی میللەت چیدی ناتوانن بەناوی گەلی كوردەوە ئاژاوە بنێنەوە. هەروەها

---

(1) Entessar , op, Cit, pp32-33

(2) ژەگالینە، هەندێ ڕێبازی ئایدیۆلۆژی بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد، ل ل ٢١٧–٣٢٠.

گومانی خۆی پێشاندا لەوەی کە دەوڵەتی ناوەندیی خوازیارە ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد لەئێراندا بدۆزێتەوەو ئاماژەی بەوەدا کە کەسانێك هەن بەدەوری خومەینییەوە نایەڵن ناوبراو بەتەواویی لەراستیی ڕووداوەکانی کوردستان بگات. لەوەش زیاتر، باسی لەوەکرد کە ئەگەر دەوڵەتو حکومەتی کاتیی بازرگان، زوو بەفریای خواستەکانی گەلی کوردەوە نەکەون، دووچاری گرفتو سەرئێشەیەکی زۆر دێن.[١]

هەروەها لەدیدارێکدا کەلە ناوەڕاستی مایسی ساڵی ١٩٧٩دا، لەنێوان شێخ عیزەدینو خومەینیدا پێکهات. شیخ داوای لەخومەینی کرد پشتگیریی خواستی خودموختاریی گەلی کورد لەئێراندا بکاتو هەوڵبدات لە قانونی ئەساسیی نوێدا ئەو خواستە بچەسپێنێت، بێئەوەی بەرژەوەندیی شیعە لەسەرحسابی سوننە یان بەپێچەوانەوە بسەپێنرێت. لەبەرامبەردا خومەینی زۆر بەساردیی وەڵامی داواکارییەکانی شێخی دابووەوەو بێئەوەی هیچیان بسەلمێنێت پێی وتبوو ئەوەی من داوات لێدەکەم ئاسایشی کوردستانە، شێخیش لەوەڵامدا وتبووی: ئەوەی منیش لەتۆم گەرەکە خودمختاریی کوردستانە."[٢] بەمشێوەیە، چاوپێکەوتنەکەیان کۆتاییهات بێئەوەی ئەو دوو رابەرە جارێکی دی هەلی یەکتربینیان بۆ بڕەخسێتەوە. بەڵام کاریگەریی هەردوولایان لەسەر ڕووداوەکان بە دووئاراستەی پێچەوانە تادەهات زیاتر دەبوو.

پێویستە بوترێت، کە وێڕای تەبلیغاتی توندوتیژی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا دژی ئاینو کاریگەرێتی نەرێیی لەسەر خەباتی چینە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگا، کەچی ئەم ڕێکخراوە توانییان خۆیان لەشێخ نزیك بکەنەوەو ئەویش بۆ هاوکاریی و لایەنگریی لەکۆمەڵەو سیاسەتەکانی ئامادەبوو، بەجۆرێك هەماهەنگیی هەردوولا بووەهۆی پەرەپێدانی زیاتری نفوزوجەماوەریی کۆمەڵە لەشاروگوندەکانی کوردستانی ئێراندا. جگەلە شێخ، کەسایەتیی ئاینیی دیکەی کورد هەبوون کەلایەنگریی‌و بانگەشەیان بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد

---

(١) اسناد لانه جاسوسی، سند شماره: ١٤، ل ١٢١.

(٢)Nader Entessar, op. Cit p33

له ئێراندا دەکردو دژی دامەزراندی دیکتاتۆریی مەزهەبیی بوون، بەڵام هیچ کامیان وەك عیزەدین نەیانتوانی ببنە ڕابەڕێکی سیاسیی جەماوریی.[1]

**عەللامە ئەحمەدی موفتی زادە:** موفتی زادە کەسایەتییەکی مەزهەبیی سیاسیی کوردیی سونیی شارەزابوو، لایەنگرانی زۆری لەشارەکانی: سنە، کرماشان، سەقز، بۆکان لەدەوری خۆی کۆکردبۆوە، بەتایبەت لەشاری سنە بەهێزترین کەسایەتیی ڕێزدارو گۆێلێگیراو سەرسەخترین دوژمنی هێزە چەپەکانی وەك کۆمەڵەو چریکە فیداییەکان بوو. لەسەردەمی ڕژێمی پەهلەوییدا وەك کەسایەتییەکی ئایینی دەناسرا کە زیاتر هەوڵەکانی لەدەوری دژایەتییکردنی خورافاتی مەزهەبیی و خزمەت بەفەرهەنگیی کوردیی دەسووڕا، هەروەك پێشتریش ئاماژەی بۆکراوە مفتی زادە یەکێك بوو لەدەستەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەی (کوردستان)، ئەو ڕۆژنامەیەی کەلەساڵی ١٩٥٩دا، ڕژێمی شاهەنشاهیی وەك مل بەملانێیەك‌و کارێکی پرۆپاگندەیی لەبەرامبەر حکومەتی عبداولکریم قاسمدا بلاویدەکردەوە. موفتی زادە لەساڵی ١٩٧٣دا، بۆ بانگەشەکردنی بیروڕای ئیسلامیی چەند خوێندنگایەکی لەشاری سنە بەنێوی (مەکتەبی قورئان) دامەزراندو لاوانی تێدا پەروەردە دەکردن. لەکاتی بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێراندا ناوبراو پەیوەندیی بە ئایەتوڵڵا **منتظری**و مهدی بازرگانەوە هەبووە.[2]

شایەنی باسە، مفتی زادە لەسەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕش‌و دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەویی، لەشاری سنەدا ناوەندێکی دەسەلاتی پێکهێنابوو، چەند لاوی کوردی ئیسلامیی لەخۆی کۆکردبۆوەو بەناوی مەکتەبی قۆرئانەوە هەڵدەسوڕا. لەڕووی بیروڕای سیاسییەوە ناوبراو وەك کەسایەتییەکی ئاینیی سیاسیی قودرەتتەڵەب دەبینراو پێی وابوو کە پیاوانی ئاین پێوستە خەڵکی فێری پرنسیپەکانی سەرەکیی و سەرەتاییەکانی سەردەمی پەیامبەری ئیسلام بکەن. ئەو ئیسلامەی کەلەسەر دەستی حکومەتە ستەمکارە کافرەکانەوە فرێدراوەتە ناو چوارچێوەی مزگەوت‌و خانەقاکانەوە. هەربۆیە پێویستە

---

([1]) ئەو کەسایەتییانە وەك (شیخ الاسلام سنندجي وایت الله حیدري) بڕوانە: ژەگالینە، هەندێ ڕێبازی.... ، ل٣٢٢.
([2]) حاتمی، س.پ، بەشی شەشەم، گۆڤاری تیشك ژمارە ٧٥، خەزەڵوەری ١٣٧٩، ل٩٨.

بەبڕوای ئەو، ئیسلامی ڕاستەقینە بێتەوەسەرکارو هەموو دەسەڵاتێکی سیاسیی‌و بەڕێوبەرایەتیی کۆمەڵگا بەپێی یاسای خوداوەند بەڕێوەبچێت.[1]

مفتی زادە بەتوندی هانی چەکدارکردنی مەلاو فەقی ئاینییەکانی دەداو دەیوت: "شەرمە بۆ ئەومەلایانەی شمشێری تیژی سەردەمی پێغەمبەریان گۆڕیوە بەشمشێرێکی تەختەو لەڕۆژانی جمعەدا دەچنە شوێنی پەیامبەرو قسە بۆخەڵکی دەکەن، ناوبراو دیموکراتیی ڕۆژئاوای لەبەرامبەر شورای ئیسلامییدا پێ بێبەهاو پڕکەموکورتیی بوو، لەکاتێکدا لەدووەمیاندا هەموو چین‌و توێژێکی کۆمەڵگای موسوڵمانان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵ لەدیاریکردنی دەسەڵات‌و چارەنووسیاندا دەگێڕن، دیموکراتیی ڕۆژئاوا لەدەستی پارتە دەوڵەمەندەکان‌و چینەکانی باڵای هەرەمی کۆمەڵگادا قەتیس دەمێنێت، هەربۆیە ماددە لەڕۆژئاوا دەسەڵات مسۆگەردەکات‌و دەنگی کەمینە حیسابێکی بۆناکرێت کەخاوەنی بۆچوون‌و دیدی خۆیانن.[2] مفتی زادە بڕوای بەدامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامییانە هەبوو کە یەکسانییەکی تەواو لەنێوان مەزهەب‌و نەتەوەو چینەکاندا دابین بکات، ئەوەی کە ناوبراو بە(جامعەی بی طبقە توحید اسلامی/ گۆمەڵگای بێ چینی یەکگرتووی ئیسلامیی) و (مساوات اسلامی/یەکسانیی ئیسلامیی) ئاماژەی پێدەدا. سەبارەت بەچارەسەری کێشەی نەتەوەکانیش، مفتی زادە باسی لەیەکسانیی نەتەوایەتیی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیسلامییدا دەکرد، واتە فیدراڵیی ئیسلامیی، کەهیچ نەتەوەیەك نەتوانێت ئەودی بخاتە ژێرباری ستەم.[3]

بیرو بۆچوونەکانی مفتی زادە وێڕای ناکۆکیی‌و ناتەبابوونیشی لەگەڵ خومەینیزمدا، لەم قوناغەدا ئاوی بە ئاشی باڵی ئاینی شیعەگەرییدا دەکرد، هەربۆیە لەلایەن خومەینی‌و لایەنگرانییەوە بۆماوەیەك ئەم ڕەوت‌و کەسایەتییە لاوێنرایەوەو هەوڵدەدرا بەدژی گروپە سێکیولارو چەپەکانی کوردستان هانبدرێت پشتگیریی لێبکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا مفتی‌زادە لە ١٨ی نیسانی ١٩٧٩دا، کۆبونەوەیەکی بەژمارەیەك زۆر لەکەسایەتییە ئاینیی‌و ئیمام جومعەکانی شارەکانی کوردستان وەك:

---

([1]) ه.س ، ل٩٨.

([2]) بڕوانە: مفتی زادە، أحمد، فلسفە محراب‌و مطلبی دربارە شوری، انتشارات نور، تابستان ١٣٥٩، ص ص٤-١٣.

([3]) مفتی زادە أحمد، دربارە کردستان، چاپ رودکی، انتشارات نور، تابستان ١٣٥٩، ص١٥٧-١٥٨.

عیزەدینی حسەینی، حوسێنی عەلا، ابوبکر شفیعی، سەید عوسمان خالیدی، سەیدعلی زاهیدی، حەکیم خەسرەوی کرماشانی، مەلاخدر عباسی، مەلا سالح رەحیمی، جلال شافیعی و عەبدولڕەحمان تاهیری...هتد، لەشاری سەقز کردوو لەسەر مافی ئیسلامیی، نەتەوایەتیی، فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتیی و شێوەی هەڵسوکەوتی هاوبەش لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییدا بەیاننامەییەکیان مۆکردو پێشکەشی حکومەتی کاتییان کرد.[1]

هەروەها مفتی زادە لەئازاری ١٩٧٩دا، نامەیەکی لەڕۆژنامەیەکی تارانییدا بلاّوکردبووەوە و پێویستیی دابینکردنی مافی گەلانی ئێرانی لەدەسەڵاتدارانی نوێ لەسەر ئەم بنچینانە داواکردبوو:

١- یەکسانیی مافی نەتەوایەتیی، فەرهەنگیی، سیاسیی و کۆمەڵایەتیی سەرجەم نەتەوەکانی ئێران.

٢- یەکسانیی سیاسیی و یاسایی شیعەو سوننە لەئێراندا.

٣- یەکسانیی مافی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی بۆ تێکڕای خەڵك.[2]

دەبێت بزانرێت کەلەگەڵ پەرەگرتنی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران و دوای دامەزراندنی بناغەی ڕژێمی نوێو قووڵبوونەوەی خواستەکانی گەلی کورد بۆ دیموکراتیی و خودموختاریی، ئەحمەدی موفتی زادەو ژمارەیەك لەئیسلامخوازان و نەتەوەخوازانی کوردستانی ئێران کۆنفرانسێکیان لەشاری سنە پێکهێناو بە گەڵاڵەیەکی ١٥بەندیی داوای خودموختاریی ئیسلامییانەیان بۆ گەلی کورد داواکردبوو. بەهەرحاڵ وێڕای ئەوەی مفتی زادە بڕوایەکی پتەوی بەدۆزینەوەی چارەسەریی مام ناوەندییانە بۆ ئەو گرفت و کێشە سیاسیی و ئایدۆلۆژییانە هەبوو کەلە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕژێمی نوێدا تووشی دەهات، لەگەڵ ئەوەش مانگی هەنگوینیی لەگەڵ خومەینیی و لایەنگرانیدا زۆری نەخایاند. چونکە پاش پێ چەسپاندنی خومەینی و لایەنگرانی لەبەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران، مفتی زادەو لایەنگرانیان ڕاپێچی زیندان

(1) هـ.س ، ل ١٩٥.

(2) هـ.س ، ل١٨٨.

کردو ناوبراو پاش ماوەی زیاتر لەدە ساڵ لەنێو بەندیخانەی کۆماری ئیسلامیدا گیانی سپارد. [1]

## جـ - ڕێکخراوە ئێرانیەسەرانسەرییەکان لە کوردستان:

ئاشکرایە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران‌و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی فەزایەکی سیاسیی ئەوتۆ لە ئێراندا پێکهاتبوو کە ئەو حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییانە لە قۆناغی دیکتاتۆریی پەهلەوییدا قەدەغەکرابوون‌و سەرکردەکانیان یان گیرابوون یا ناچار بەخەباتی ئاوارەیی کرابوون. ئەوانە جارێکی دیکە گەڕانەوەو هاتنەمەیدان‌و ڕێکخراوەکانیان دامەزراندەوەو چالاکیی سیاسییان دەستپێکردەوە. هەروەها لەپاڵ ئەو حیزب‌و تاقمانەدا زۆر ڕێکخراوو گروپی سیاسیی‌و سینفی نوێی سەرانسەریی‌و هەرێمیی دامەزران‌و هەریەکەیان بەرنامەو ئامانجی خۆیان ڕاگەیاندو بۆ بەدیهێنانی کەوتنەخۆ. لەم نێوەدا باڵی ئاینیی توندڕەوو لایەنگرانی خومەینی، هەرزوو لەناوەند دەسەڵاتی سیاسیی‌و بەڕێوەبەرایەتییان بەچەند شێوازی جیاواز گرتەدەست‌و ڕێگەیان بەهەڵسوڕانی ئازادانەی لایەنە سێکیولارو چەپەکان نەدەدا، لەم ڕووەوە دامەزراندنی کۆمیتەو شورا ئیسلامییەکان، هەروەها باڵی چەکداری حیزبی جمهوری

---

[1] غەریب، شێخ عومەر، بیروبۆچوون‌و هەڵەکان راستکردنەوەیان مەرجە، لە: ئالآی ئیسلام.. یان ئالآی بەکرێگیراویی‌و چڵکاوخۆری؟ وەلآمێك بەدرۆو دەڵەسەکانی گۆڤاری (ئالآی ئیسلام)، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە: س. چوار، لەبلاوکراوەکانی کوردنامە، لندن، ١٩٩٨، ل ٥٧-٥٨. شایەنی باسە، راشد الغنوشی لە چاوپێکەوتنێکیدا باس لەوە دەکات کە چۆن لە سەرەتای نەوەتەکاندا کە چۆتە ئێران‌و سەردانی خامەنئی کردووە، داوای لێکردووە چاوی بە ئەحمەدی موفتی زادە بکەوێت، پاش رەزامەندیی خامەنئی، لەتاران چاوی بە موفتی زادە کەوتووە کە لە بارێکی تەندروستی ناهەمواردا بووەو لە ماڵێکی بچووکدا دەستبەسەر بووە. راشد الغنوشی دەڵێت کە موفتی زادە چەند بەیتێك شیعری بۆ خوێندمەوە کە بەرجەستەی باری نالەباری خۆی دەکردو لەتوانامدا نەبووە خۆم رابگرم‌و دەستم بە گریان کردووە، ئنجا دەڵێت لە بەرپرسی پاسەوانەکانم پرسیوە بۆچی وا لێرەداو لە بارەدا ئەم پیاوەتان راگرتووە؟ لەوەڵامدا وتویانە کە بۆئەوەی لەلایەن دوژمنەکانییەوە پەناکوژ نەکرێت‌و لەبەر سەلامەتیی ئەو لێرە دامانناوە!! الغنوشی دەڵێت ئەگەر ئەم بیانووە راست بێت، دەبێت لەجیاتی موفتی زادە، رەفسەنجانیتان لێرە راگرتبایە چونکە ئەو ئێستا لە هەموو کەس زیاتر لە ئێراندا باڵادەستترو دوژمندارترە!!. دیمانەیەکی بلاونەکراوە لەگەڵ راشد الغنوشی، سازدانی بەرزانی مەلا تەها، ٢٠١٠.

ئیسلامیی لەزۆر شارو هەرێمەکانی ناوەند کۆسپیان لەڕێگای ئەوهێزو ڕێکخراوەو گروپانە پێکدەهێنا.

لەکوردستانی ئێراندا، بەپێچەوانەی ناوەندەوە، باڵی شیعەگەریی توندڕەو پایەیەکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییان نەبوو. ئەو بۆشاییەش کە لەئەنجامی لێکهەڵوەشاندنی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندیی پاش ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەویی هاتبووەئارا لەلایەن حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکان‌و شورا جەماوەرییەکانەوە پڕکرابوونەوە. حاڵەتێکی وا کە تاڕادەیەکی زۆر سەرنجی ئەو دەستەو تاقمە سیاسییە ئێرانییە سەرانسەرییانەیان ڕاکێشا کەلەژێر فشاری لایەنگرانی خومەینی دابوون. بەتایبەت ئەوانەی لەڕووی سیاسیی‌و ڕێکخراوەییەوە لاوازبوون‌و پایەیەکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییان وەك هەندێك لەڕێکخراوەکانی دی چەشنی حیزبی تودە، مجاهیدینی خەلق‌و لایەنگرانی جەبهەی میللییدا نەبوو، لەلایەن خومەینی‌وە وەبەر تاکتیکی چاوپۆشیی نەکەوتبوون، ئەوانە جگە لەکوردستانی ئێران شوێنێکی باشتریان نەدیتەو کە هەم تێیدا ئازادانە بنکەو بارەگای خۆیان بکەنەوەو چالاکیی سیاسیی خۆیان ئەنجامبدەن‌و هەم بۆدروستکردنی پایەیەکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی تێبکۆشن تا لەئایندەدا بەرەو هەرێمەکانی ناوەند برەوی پێ بدەن‌و ئەوانیش وەك هێزێك بوونی خۆیان بسەلمێنن. دیارە ئەو فەزا ئازادو ئاوالأیەی کەئەو دەمە لەکوردستان ئێراندا هەبوو، هاندەرێکی مەزن بوو بۆ سەرەوژێربوونی ئەو دەستەو تاقمانە کەگرنگترینیان بریتییبوون لە:

١- **سازمانی چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران( سچفخا )**: وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا ئەم ڕێکخراوە لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو گروپی مارکسیستی بەرابەرایەتیی بیژەنی جەزنی‌و مەسعود ئەحمەدزادەو لەبەر تیشکی تیۆرو جیهانبینییەکانی ماوسیتۆنگ لەناوەراستی شەستەکاندا دامەزرێنرا. گرنگترین ئەندامەکانی : حەسەنی زیا زەریفی، عەباس سوورکی، عەزیز سەرمەدی، سەعید مەشعوفی‌و محمد چووبانزادە بوون. سەرەتا چریکەکان بڕوایان بە خەباتی پارتیزانی دەشت‌و کێوەکان هەبوو، دواتر بۆ شێوازی تەقاندنەوەی دۆخی شارەکان بایاندایەوەو لە سەرەتای حەفتاکاندا لەسەر دەستی ساواك‌و ژاندارمی ڕژێمی شاهنشاهیی گورزێکی توندیان بەرکەوت. بەجۆرێك بەشێکی

زۆری ئەندامو ڕێبەرەکانی کوژران یا بەزیندانکردنی درێژ مەحکومکران. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، یەکەمین ڕێکخراوە سەرانسەرییەکان بوو کە ژمارەیەکی لەئەندامەکانی ڕەوانەی کوردستان کردو شاخەی کوردستانیان بەسەرپەرشتی کەسێك بەنێوی (محەمەد ئەمین شێرخانی) دامەزراند.[١]

شایەنی باسە، چریکەکان هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستیان لە هەوڵە پاوانخوازییەکانی باڵی ئاینیی توندڕەو لە ئێراندا وەرگرتو بڵاوەکراوەیەکیان بەنێوی (کار)ە وەبڵاوکردەوە، کە تێیدا بانگەشەیان بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتیی شۆڕشگێڕ لەئێراندا دەکرد. چریکەکان پەیوندییەکی پتەوو دۆستانەیان بەکۆمەڵەوە هەبوو، جگە لەوەی لەگەڵ ح.د.ك.أ و حیزبی تودەدا نێوانیان سارد بوو. ئەوانە لەزۆربەی شارەکانی ناوەندو باشووری کوردستانی ئێراندا لەپاڵ کۆمەڵەدا ئەندامیان لەشوراکاندا هەبوو. هەروەها بنکەی تایبەتی پزیشکیی، هونەریی، فەرهەنگیی و کتێبخانەیان لە شارو گوندەکانی دەوروبەریدا کردبۆوە.[٢] چریکە فیدائییەکان سەرەتا هەڵوێستێکی ئەرێییان لەمەڕ خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردو داواکارییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی نوێ پێشانداو لەگەڵ چارەسەکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد بوون لەئێراندا. هەربۆیە رایان دەگەیاند کە "لەم هەلومەرجەدا هەر جۆرە لێکدانو پێکهەلپرژانێکی چەکدارانەو گرتنەبەری ڕێگای چەکداریی بەزیانی خەڵکی ئێران کۆتایی دێتو تەنیا بە قازانجی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو دەسەندەخۆرانی نێوخۆیە."[٣] هەروەها لەزۆربەی کاتدا دژی پرۆپاگندەکانی دەزگای تەلەفزیۆنو ڕادیۆی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی هەڵوێستیان دەگرتو وەڵامیان دەدانەوە.

دوای گەرمبوونی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێرانو قووڵبوونەوەی دوژمنایەتیی لەنێو گەلی کوردو ڕژێمی نوێدا، چریکەکان داوایان لە ئەندامو لایەنگرانی خۆیان دەکرد خۆ لەئەفسەرو دەرەجەدارانی ئەرتەش نزیك بکەنەوەو دۆستایەتییان لەگەڵدا ببەستنو لەهەر شوێنێك بۆیان کرا قسەو گفتوگۆ سەبارەت بەڕوونکردنەوەی ماهییەتی ڕژێمی

---

(١) کردستان. امپریالیزمو گروهای وابسته ١، ل ٥٢–٥٢.

(٢) ه.س ، ل ل ٥٥–٥٨.

(٣) ه.س ، ل٥٤.

کۆماری ئیسلامیی لەگەڵدابکەن، جگە لەوە کۆنترۆڵکردنی خەتی تەلەفۆنی شارەکانو ناسینی پیاوانی ڕژێمی نوێ ئەرکێکی دیکەی چریکە فیدائییەکان بوو.[1]

بەهەرحاڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی ئاینده سەلماندیان کەئەو هەڵوێستەی چریکەکان بەرامبەر خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد زیاتر مەسەلەیەکی تاکتیکیی بوو تا لەبیروباوەڕەوە هەڵقوڵابێت. ئەو هەڵوێستەی تاڕادەیەك هۆکاری ئەوەبوو وەك ڕێکخراوێکی سەرانسەریی لەکوردستانی ئێراندا خاوەن نفوزی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بن. بەڵام زۆری نەخایاند کاتێك خوێندکارە لایەنگرەکانی خومەینی لە٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا، هێرشیانکردە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکاو لەئێران داگیریانکرد، چریکە فیدائیەکانیش وەك زۆربەی گروپە چەپەکانی ناوەند لەڕووی ئیحساساتی دژی ئیمپریالیستیەوە مەسەلەکەیان لێکدایەوەو چەپڵەیان بۆ ئەو کارەی ئیمام لێداو پشتگیریان کرد. لەوەش زیاتر، ئەوانیش وەك چەپە سەرانسەرییەکانی دیکەی ئێران چوونە خەتی ئیمامەوەو دژایەتییکردنیان لەو قۆناغەدا بەقازانجی ئیمپریالیزمی جیهانیی و ئەمەریکا دایە قەڵەم. ئەو هەڵوێستە چەوتە کە زیاتر باڵی ئاینیی توندڕەوی دڕترکردو دوای پێ چەسپاندنی، گیانی پاوانخوازیی جۆشتردا، بەجۆرێك، هەریەك دووساڵی بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕکرد کەخومەینی کەوتە وێزەی گروپە چەپەکانی ئێرانو لەوانەش چریکە فیدائییەکان. ئەوانەی کاتی لێیان قەوما، جگە لەچیاکانی کوردستان پەناگەیەکی دیکەیان شك نەدەبر، بەڵام بێئەوەی بایەخێکی ئەوتۆیان لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا بمێنێ.[2]

٢- **ڕێکخراوی پەیکار**: ڕێکخراوێکی مارکسیستی – لینینستی بوو، خۆی بەحیزبی چینی کرێکار دادەنا. سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٧، کاتێك تاقمێك لەزیندانەکانی ڕژێمی پەهلەوییدا جیابوونەوەوەی خۆیان لەڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق ڕاگەیاندو ئەو ناوەیان کەمانای "جەنگاوەر" دەبەخشێت بۆخۆیان هەڵبژارد. دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی،

---

([1]) هـ. س ، ل٥٨.

([2]) شۆڕشی کوردستانو مافی دیاریکردنی چارەنووس، ل ٦٨-٦٩.

تاقمێکی پەیکار هاتنە کوردستانو دیارترین ئەندامەکانیان: حوسێن ڕۆحانی، تەیمور حوسێنانی، جەعفەر ئیلخانیزادەو ناسرِ خوسەرەوی بوون.[١]

ڕێکخراوی پەیکار لەڕووی فیکریی و کردارییەوە تاڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵە نزیک بوونو هەماهەنگییان لەگەڵ دەکردن. ئەندامانی پەیکاریش وەك چریکەکان حیزبی تودەیان بە ریڤیژینیستو حیزبێکی پاسیفیستی دەدایە قەڵەمو شورەوییان بەسۆسیال ئیمپریالیست نێودەبرد. ئەوانیش لەگەڵ ئەوەی مەسەلەی نەتەوایەتیی گەلی کوردیان پێ مەسەلەیەکی بنەڕەتیی نەبوو، بەڵام وەك تاکتیك پەیڕەوییان لە دیدە نەتەوایەتییەکانی کۆمەڵە دەکرد، پەیکار لەپێناوی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا لایەنگرییان لەخەباتی چەکداریی لەپاڵ خەباتی سیاسییدا دەکرد، بەڵام لەکوردستاندا بەحوکمی نامۆییان بەواقیع و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی و توندڕەویی ئایدلۆژییانەوە نفوزو جەماوەرییەکی ئەوتۆیان وەدی نەهێنا، بەتایبەتی لەگوندەکاندا. هەربۆیە جگە لەچەند بارەگایەکی شارەکانی وەك: سنەو پاوەو کامیاران، بنکەو جێپێیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان نەبوو، سەرباری ئەوەش لەڕووی مادیی و چەکداریشەوە لاوازترین ڕێکخراوی ئێرانیی بوون لەکوردستان.[٢]

٣-**حیزبی تودەی ئێران:** ئاشکرایە حیزبی تودە کە لەسالآنی جەنگی دووەمی جیهانیی و تا رووخاندنی حکومەتی نیشتمانیی دکتۆر مەسەددیق، مەزنترینو جەماوەرییترین حیزبی بەرهەڵستکاری سەرشانۆی سیاسیی ئێران بوو. بەڵام لەئەنجامی ئەو گورزە توندانەی لەلایەن دەزگا جاسووسیی و سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی پەهلەوییەوە تێی سرەوێندرا، هەروەها لەسۆنگەی هەڵە مەزنەکانی و هەڵوێستی ناشۆڕشگێڕانەی لەزۆربەی رووداوە سەرەکییەکانی ئێران، ئەم حیزبە نفوزو پایەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لەناو گەلانی ئێراندا بۆنەمایەوە. سەرکردە راکردووەکانی تودە کە زۆربەیان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بوون، پاش سەرکەوتنی شۆڕش، گەڕانەوە بۆ ئێرانو سەرلەنوێ چالاکیی سیاسیی و ڕێکخراوەییان دەستپێکردەوە.

---

(١) کردستان، امپریالیزمو گروهای وابسته ١، ل ١٠٤-١٠٥.

(٢) ه.س ، ل ١٠٧-١٠٨.

شایەنی باسە، ئەم حیزبە هەروەك لێی ڕاهاتبوو، لەبازنەی سیاسەتی شورەوییدا خولی دەخواردو هەڵوێستی لەبەر تیشکی بەرژەوەندیی بلۆکی سۆسیالیستییدا لەمەسەلەکان وەردەگرت. هەربۆیە جارێکی تریش سەبارەت بە دیارییکردنی ماهییەتی ڕژێمی نویٚ کەوتنە هەڵەوە. نورەدین کیانوری کە زۆر نەبوو ببوە سکرتێری حیزبی تودە کابرایەکی تابڵیٚی شورەوییخوازو هەلپەرست بوو. ناوبراو لەو بڕوایەدابوو کە خومەینیو لایەنگرانی، بەرهەمی راستەقینەی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ڕژێمی نویٚ لەڕووی چینایەتییەوە بەرجەستەی بەرژەوەندییەکانی چینی بۆرجوازی مەزنی ئێرانو موڵکدارە گەورەکانی وابەستەی ئیمپریالیزم ناکات، بەڵکو وەك ڕاڤەی دەکرد، ئەو ڕژێمە نوێنەری چینو توێژە جۆربەجۆرەکانی دیکەی کومەڵگان، بەو دەلیلەی دروشمی دژی ئەمەریکاو ئیمپریالیزمی هەڵبڕیوەو دەستی بەسەرماڵو موڵکی پیاوانی ڕژێمی پەهلەوییدا گرتووەو بانگەوازیش بۆ ڕزگارکردنی لانەوازانی جیهان دەکات.[1]

هەربۆیە، بەلای کیانورییەوە خومەینیو لایەنگرانی، نوێنەری کرێکاران، جووتیاران، وردە بۆجوای شار، سەرمایەداری بچووكو مامناوەندیی بوونو کارە توندڕەوەکانیانی بەئاکاری شۆڕشگێڕانەو دژی ئیمپریالیستانە دەدایە قەڵەم کە لەبەرژەوەندیی چینە زەحمەتکێشەکانی ئێراندایە. بەجۆرێك دەیوت:"زۆرئاساییە ئەگەر کۆمەڵێك ئاینیی بنو مارکسیی-لینینیی نەبن، بەڵام لەهەمان کاتداو بە پراکتیك لەخزمەت چینە زەحمەتکێشەکانو بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا بن."[2]

بلوریان سەبارەت بەم هەڵوێستە چەوتەی حیزبی تودە نووسیویە"حیزبی تودە لەبەر دوو هۆی سەرەکیی پێشوازیی لەحکومەتی خومەینی کردو ببووە بڵندگۆی خومەینیو وشەی ئیمامی زیاتر بۆ زەق کردەوە، یەکەم دەیویست سەرنجی خومەینی بۆلای خۆی ڕاکێشیٚو لەم ڕێگایەوە درێژە بە خەباتی سیاسی بدات، دووهەم لای وابوو خومەینی بەتوندی دژی ئیمپریالیستو بەتایبەتی دژی ئەمەریکایەو لەڕێگای دژایەتی ناوبراو لەگەڵ ئەمەریکا، ئابووری ئێران بەرەو ڕێگای گەشەکردنی غەیرە سەرمایەداری دەباتو

---

(1) کیانوری، نورالدین، پرسشو پاسخ دربارەء مشی سیاسی حزب توده ایران (٢)، چاپ أول شرکت سهای، تهران، ١٣٥٨، ص ٢٤-٢٥.

(2) ه.س، ل ٢٧.

وای دانابوو که خومەینی لەئاکامدا هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنیٚ، جگە لەوەی بکەوێتە نێو کەناڵی وڵاتە سۆسیالیستەکانەوەو تەنانەت ئەگەرناوی ئیسلامیشیان بەخۆوە هەڵاوەسیٚ."[1] هەر بۆیە حیزبی تودە لەم قۆناغەدا دروشمی "تثبیت، تعمیق، گسترش انقلاب/ چەسپاندن، قووڵکردنەوەو فراوانکردنی شۆڕش" یان دووپاتدەکردەوەو بەتاکتیکی ئەو قۆناغەیان هەڵبژاردبوو.

سەبارەت بەکێشەی نەتەوەیی گەلی کورد لەئێراندا، حیزبی تودە بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەڵویستێکی لێبراو شۆڕشگێڕانەی بەرامبەر مەسەلەی فرەگەلی ئێران‌و ستەمی سەرشانی نەتەوە غەیرە فارسەکانی وڵات، بەتایبەتی گەلی کورد، پیشان نەداوە. هەوڵیداوە هەمووکات سەراپا مەسەلەکی بەڕووە دزێوەکانی سیستمی سەرمایەداریی‌و نفوزی ئیمپریالیزم لەئێراندا ببەستێتەوەو داوای لەو نەتەوانە دەکرد کە چاوەڕیٚ بن تا لەئێراندا سۆسیالیزم دیتە سەرکارو نفوزی ئەمەریکا قەلاچۆدەکرێت. ئەو چاوەڕوانییەی دیارنەبوو کەی دێتەدی. حیزبی تودە چونکە لە هەلومەرجی ستالینییەتدا لەدایك ببوو، بەپێچەوانەی لینینزم بڕوای بەمافی دیارکردنی چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران نەبوو. بگرە مەسەلەیەکی واشی بە تەجزیەتەڵەبی‌و پەرتکردنی خاکی ئێران لەقەڵەمدەدا. هەربۆیە ئەم حیزبە لەلایەن زۆرینەی ئازادییخوازان‌و نەتەوەخوازانی گەلی کوردەوە بەچاوێکی گومانا وییەوە سەیردەکراو پێگەیەکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی لە کوردستانی ئێراندا نەبوو.

بەهادین نوری کۆنە سکرتێری حیزبی شیوعیی عێراقیی، لەبیرەوەرییەکانیدا بەمجۆرە باس لەمەسەلەکە دەکات:"شاری مهاباد بۆ یەکەم جار لەدوای ڕوخاندنی کۆمارە ساواکەیەوە لەساڵی ١٩٤٦دا تامی ئازادی ڕاستەقینەی دەچێژت‌و دەسەڵاتی ناوەندیی تێدانەبوو، ڕێکخراوی سیاسی دەسەڵاتدار بریتیبوولە حیزبی دیموکراتی کوردی (کوردستانی ئێران راسترە – ل) بەڕابەری عەبدولرەحمن قاسملۆ ... وێڕای ئەوەی ژمارەیەك لاوی مارکسیست هەبوون کەچی حیزبی تودە بچوکترین‌و لاوازترین ڕێکخراوەکانی کوردستان بوو، هۆکاری لاوازی‌و نەبوونی ڕێکخراوێکی تودەیی بەم

---

(1) بلوریان، س.پ، ل ٢٨٨.

چەشنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێبەرایەتیی حیزبی تودە هەر لەکۆنەوە تا ئەو دەمەش(مەبەستی ساڵی ١٩٧٩ – ل) ئەوەی ڕەت دەکردەوە کەڕێکخراوێکی تودەیی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت و گرەوی لەسەر گۆڕینی حیزبی دیموکرات بۆ شاخەیەکی حیزبی تودە لەکوردستان دەکرد، ئەو بۆچوونە پڕوپووچەی کە حیزبی تودە پێی لەسەر داگرت و چ پەیوەندییەکی نە بەمارکسیزم و نە بەدیموکراتییەت و نە بەهیچ لۆجیکێکی سیاسییەوە هەبوو، بەڵکو بەرجەستەی خواستێکی خۆبەزلزانانەو شۆڤێنستانەی فارسی دەکرد کەدەیویست بەسەر هەموو ژیانی سیاسی و کوردستانی ئێراندا زاڵ بێت"[(١)]

لەڕاستییدا، کیانوری لەبەرامبەر خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا هەڵوێستێکی هەروەك تەیمور بەختیاری ساواکی هەبوو. بەجۆرێك نەك هەرئامادەنەبوو دان بەمەسەلەیەك بەنێوی کێشەی کورد لە ئێراندا بنێت، بەڵکو لەکاتی دەربەدەریی و ئاوارەیی ئەوروپای ڕۆژهەلاّتی حیزبی تودەدا، لەکاتێکدا کەدەنگۆی جوولاّنەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٦٧–٦٨ی کوردستانی ئێران گەیشتبووە گوێچکەی دنیا، ئەو حیزبە ئامادەنەبوو حیزبی دیموکرات بەحیزبێکی سەربەخۆی گەلی کورد بناسێت و جگەلە شاخەیەکی تودە لەکوردستانی ئێران شتێکی دیکەی پیٚ ڕەوا نەدەدیت. ئینجا دوای گەرانەوەیان بۆ ئێران وحەوانەوەیان لەخەتی ئیمامدا چاوەڕێی مەسەلەیەکی وایان لێنەدەکرا.

سەبارەت بەراستییەکی وا، بانیخێلاّنی نووسیویە"لەو کاتەدا حیزبی تودە لەهەندیٚ شارەکانی ئێراندا خەریکی ڕێکخراو دروست کردن بوون، بەلاّم لەکوردستاندا شتێکی ئەوتۆیان نەبوو، چونکە ئەوان سەرمایەگوزارییان لەسەر حیزبی دیموکرات دەکردو حیزبی دیموکراتیان بەلقی حیزبی تودە دەزانی، بەبیٚ ئەوەی هیچ رایەکی حیزبی دیموکراتیان وەرگرتبێت، تەنیا پشتیان بەوەدەبەست گوایە پاش تێکچوونی کۆماری مهاباد بەچەند ساڵێك ڕێکەوتنێکی لەو چەشنە لەنێوان حیزبی تودەو ژمارەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتدا بووە کە حیزبی دیموکرات بەبەشێك لە تودە بزانرێت، یان بەحیزبێکی نزیك لەو یان چەشنێکی لەو بابەتە، بەلاّم لەو وەختەوە تا

---

(١) نوری، س.پ، ل ٣٤٩.

**شۆڕشی ئێران چەندجار سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات گۆڕاوە ئالوگۆڕ بەسەر ئەم حیزبەدا هاتو حیزبی دیموکرات بەهەق حیزبێکی نیشتمان پەروەرو ڕزگاریخوازو نەتەوەیی بوو، کەچی حیزبی تودە وای دەزانی هێشا مەلیك ماوە، دەیانگوت حیزبی دیموکرات بیەوێ ونەیەوێ هەر لقێکە لە حیزبی تودە، قاسملۆو چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی نەبێ خەڵکەکەی تریان هی ئێمەن.[1]**

**دیارە حیزبی تودە لەخۆڕا پێی لەسەر مەسەلەیەکی بەو شێوەیە دانەدەگرت، چونکە لەژێرەوە پەیوەندییان بەغەنی بلوریانو چەند ئەندامێکی ڕێبەرایەتیی ح.د.ك.ا وەك حەمەدەمین سیراجی یەوە هەبوو بەمەبەستی بنکۆڵینی ئەوحیزبەو کردنەوەی بەنێو حیزبی تودەدا. بۆئەوەی ح.د.ك ا وەك تودەو هاسەنگەرەکانی بچێتە ڕیزەوە لەسەر هێڵی ئیمامو بۆ ئامانجەکانی تودە نەك گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا هەڵسوڕێت. لەم بارەیەوە هەرچەندە بلوریان هەوڵدەدات لەبیرەوەرییەکانیدا بەرگریی لەخۆی بکاتو خۆی بێئاگا لەپەیوەندییکردن بەحیزبی تودەوە تا دوای گۆنگرەی چواری حیزبی دیموکرات لەساڵی ١٩٨٠دا پێشانبدات،[2] بەڵام بەڵگە مێژووییەکانو خودی بیرەوەرییەکانی بلوریانیش ئەوە دەسلمێنن کە ئەو پەیوەندییە بۆ ڕۆژانێکی زۆر پێش کۆنگرەی چوار دەگەڕێتەوە.**

**ئاشکرایە کە بلوریان ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژ لەزیندانەکانی ڕژێمدا ڕاگیرابوو. لەسەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێراندا ئازادکراو چونکە بەیەکێك لە زیندووکەرەوانو رابەرانی ح.د.ك.أ دادەنرا لەلایەن جەماوەری مەهابادو کوردستانەوە پێشوازییەکی مێژوویی لێکرا. ناوبراو کە لەسەردەمی کۆماردا وەك خوێندکارێك نێردرابووە باکۆ، دوای گەڕانەوەیو گیرانی لەگەڵ ئەفسەرە تودەییەکاندا لەزیندان زیاتر کەوتبووە ژێر کاریگەریی فیکری تودەیی و شورەوییخوازیی و خەباتی دژی ئیمپریالیستیی. لەدوای بەربوونی، ڕیبەرایەتیی ح.د.ك.ا گیرانەکەی زیندانیان بۆ لەبەرچاو گرتو بێئەوەی هەلومەرجە نوێیەکەی ئێرانو جیاوازیی زەمینەو زەمان لەبەرچاوبگرن، یەکسەر کردیانەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسییش. مەسەلەیەکی وا کە هەر**

---

**([1]) بانیخێلانی، س.پ ، ل ٣٤٣–٣٤٤.**

**([2]) بلوریان ، س.پ، ل ٣١٤–٣١٥.**

ئەو دەم بەلای هەندێ نەتەوەخوازی کوردەوە شتێکی سەرسوڕهێنەربووە. بۆنمونە هەژاری شاعیر لەم بارەیەوە گازندەی لەقاسملو کردووەو پێی وتووە:"من بەلامەوە سەیرە ...غەنی بلوریان کە ٢٤ساڵ لەسەر تودەگیراوەو تازە بەرەڵداکراوە لەخۆتان کۆکردۆتەوە؟!"[١]

هەروەها باینخێلانی کە لەسەروبەندی ڕووخاندنی ڕژێمی شاداو پێش ڕاگەیاندنی فەرمیی ح.د.ك.أ لە ٢ی ئازاری ١٩٧٩دا، سەردانی مەهابادی کردوەو لەبارەی بلوریانەوە دەڵێت:"دوای چەند ڕۆژێك برادەرێکی حیزبی دیموکرات هات بەدوامداو بردمی بۆ ماڵێك، لەوێ مام غەنی بلوریانو مەلا عەبدوڵلای حەیاکییم بینی ... ئەو دەمە مام غەنی چەند خۆی بەئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەزانی، بەهەمان ئەندازەش خۆی بەئەندامی حیزبی تودەی ئێران دەزانی."[٢] هەر بەپێی قسەی جەلال تاڵەبانی، دەوڵەتی ئێران لەسەرەتای تشرینی یەکەمی١٩٧٩دا، ئاگاداریی پەیوندیی حیزبی تودەو تاقمێکی نێوحیزبی دیموکرات بووەو زانیویانە کەلەئایندەدا بەفیتی حیزبی تودە ئەو تاقمە لە ح.د.ك.أ جیادەبنەوە و بۆ پارتی دایك دەگەڕێنەوە.[٣]

شایەنی باسە قاسملۆی سکرتێری ح.د.ك.ا زۆر بەپەرۆشبوو لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکی پتە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی سەربەخۆیی یەکترو ئامانجە هاوبەشەکان لەگەڵ حیزبی تودەدا دابمەزرێنێ. بەبڕوای ناوبراو پەیوەندیی باش لەگەڵ تودەدا، بەمانای مسۆگەرکردنی پەیوەندییو لایەنگریی یەکێتیی شورەویی بوو. بەلاّم حیزبی تودە تاکە مەرجێکیان بۆ هاوکاریی و پەیوەندییەکی لەو جۆرە لابردنی قاسملوو دانانی غەنی بلوریان لەپۆستی سکرتێری گشتیی حیزب بوو. ئەو مەرجەی بەنامەیەکی ڕێبەرایەتیی حیزبی تودەو لەلایەن (علی گەلاوێژی) بەرپرسی کاروباریان لەکوردستان بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.أ خوێندرایەوە. کارێکی وا کەزۆربەی ئامادەبووان

---

([١]) هەژار، س.پ ، ل ٥٧٣.

([٢]) بانیخێلانی، س.پ، ل ٣٤٣-٣٤٤ .

([٣]) رسول، س.پ ، ل ٢٤٢.

دژی وەستان‌و بەدەستتێوەردان‌و مەسەلەیەکی دوور لەئسوولّ و ڕەوشتی حیزبایەتیی حیزبی تودەیان دانا.[1]

لێرەدا پێویستە سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی تودە لەئاست مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بوترێت، لەکاتێکدا ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران زیاتر بەرەو ئاڵۆزبوون دەڕۆیشتن، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زیاتر پێیان لەسەرمافی خودموختاریی بەرامبەر ڕژێمی ناوەندیی دادەگرت، لەهەلومەرجێکی وادا بۆ دژایەتیکردنی خودموختاریی، حیزبی تودە دروشمێکی دیکەی بەناوی " خودگردانی" یەوە وەك چارەسەرێکی کێشەی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران بەرزکردەوە. ئەو دروشمەی کە جگەلەوەی لەفەرهەنگی سیاسیی ئێرانییدا زاراوەیەکی نوێ‌و نەبینراو بوو، بە بەراوردکردن لەگەڵ یاسای (ایالات‌و ولایات)ی قانونی ئەساسیی دەورانی شاهەنشاهییشدا کەمترو لەخوارتر بوو. لەخودگەردانیەکەی حیزبی تودەدا، کەدواتر دەوڵەتی کاتی قۆزتییەوەو جارجار باسی لێوەدەکرد، کاروبارەکانی: سنوورەکان، سیاسەتی دەرەوە، بازرگانیی‌و گومرگ، بەرنامەڕێژیی ئابووریی سەرانسەریی، تەنزیمی مالییات، پۆست‌و تێلگراف، ڕێگاکانی ئاسن‌و هەوایی‌و دەریایی، سەنعەتی قورس‌و نەوت‌و گاز، ئەمانە تێکڕا لەدەستی دەسەڵاتی ناوەندییدا دەبن. کاربەدەستانی ئیدارەکانی ناوچەی خودگەردان، کارمەندانی دادگاکان، سەرۆکی شارەبانیی‌و ژاندارمەریی. ڕادیۆو تەلەفیزۆن‌و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەوانەش هەر لەلایەن دەوڵەت‌و ناوەندەوە دادەنرێن. ئەوەی بۆ ناوچەی خودگەران دەمێنێتەوە، بریتییەلە :کاروبارەکانی محەللی، مارەو تەلاق‌و شەرع‌و داب‌و فەرمیی ئاینیی، هەروەها مافی بەکارهێنانی زمانی نەتەوایەتیی بەوانەیەك لەپاڵی زمانی فارسییدا لەخوێندنگاکان، ئەو مافانەی کە لانیکەمی خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردستانی ئێرانی وەدی نەدەهێنا. هەربۆیە خەڵکی بیرۆکەی خودگەردانیان ناونا "سەرگەردانی"[2]

---

([1]) گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل ١٩٧.

([2]) بۆ زیاتر: حسن زادە، س.پ ، ل ل ١٩٣-١٩٧.

## سێیەم: هەڵوێستی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لەهەمبەر مافی خودموختاریی گەلی کورد لەئێران

ئاشکرایە وێڕای ئەوەی لەئەندێشەی ئیمامدا شتێك بەناوی کێشەی نەتەوە غەیرەفارەسەکان لە ئێرانو چارەسەرێکی ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی هاوچەرخانەو دادپەروەرانەدا نەبوو. کەچی ناوبراو کاتێ نەگەڕابۆوە وڵاتو لەدەرەوە بوو، وەك هەنگاوێکی تەکتیکیی سەرنجی ئەو نەتەوانەو مسۆگەرکردنی بەشدارییان لە شۆڕشی ئێرانو دژایەتیی ڕژێمی پەهلەوییدا، لەوتارو نامەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئاماژەی بە ڕۆڵی ئەو گەلانەو گرنگی بەشدارییانی لەسەرکەوتنی شۆڕشەکەدا دەکرد. شایەنی باسە، خومەینی بۆ دڵنیاکردنەوەی گەلی کوردو ڕەواندنەوەی ئەو ترسەی کە سەبارەت بە ڕۆڵی رۆحانییە بونیادگەرا شیعە مەزەبەکان لەراپەڕینەکانو ئایندەی دەسەڵاتی ئێراندا هەیانبوو، لەنامەکەی ١٢ی کانونی دەوەومی ١٩٧٩دا، ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی کرد، ڕووی دەمی کردبووە مەلاکانی کوردستانو وتبوی: "لەم لایەنەوە جووتیارانو وەرزێرانی بەڕێز بیربێنینەوە کە بەپرۆپاگندەی بێبنچینە هەڵنەخەڵەتێن، ئیسلام و حکومەتی ئیسلامی ڕێزێکی زۆر زیادی بۆ ئێوەی بەڕێز هەیەو لەگەڵ ئێوەدا بەباشترین شێواز رەفتار دەکات."[(1)]

لەم ڕووەوە ح.د.ك.أ کە هەر لەبنەڕەتەوە بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا هاتۆتەئارا، هەر لەسەرەتاوە لەفیکری ئەوەدابوو خۆی بگەیەنێتە خومەینیو هەرچۆنێك بێت لەوبارەیەوە سەرنجی بۆ مەسەلەکە ڕابکێشێ تا لەئایندەدا ناچارنەبێت ڕێگایەکی سەخت لەوپێناوەدا بگرێتەبەر. هەربۆیە هێشتا خومەینی لەنەجەف دەرنەکرابوو کە ڕێبەرایەتیی ح.د.ك.ا دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی خۆی بەناوی (محەمەدئەمین سیراجیو عبدوڵڵا حەسەن زادە) ناردە لای ناوبراوو داوای چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرد. خومەینی بۆ ئەوەی خۆی لەهەر گفتو بەڵێنێك سەبارەت بە بەدیهێنانی خواستی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێراندا بەدووربگرێت،

---

(١) توکلی ، س.پ ، ل ٢٤٣-٢٤٤.

ئامادەیی خۆی بۆ دیتنی ئەو نوێنەرانە پێشان نەدابوو، بەڵکو کابرایەکی بەنێوی (محمود دعائی) ناردبووە لایان تا بەتەنیا گوێیان بۆ ڕادێریٚ بێئەوەی وەڵامێکیان لەوبارەیەوە بداتەوە.[1]

هەروەها هێشتا خومەینی لە(نۆڤل لوشاتوی)ی فەرەنسا نیشتەجێبوو، کە قاسملوی سکرتێری ح.د.ك.أ بەمەبەستی هێنانەگۆڕیی مەسەلەی کوردو وەرگرتنی گفتێك لەو بارەیەوە سەردانی کرد، بێئەوەی بەرهەمێکی هەبێت.[2] دوای دامەزراندنی حکومەتی کاتیی بازرگان، کاتێك نوێنەرانی ڕژێمی نویٚ بەسەرپەرشتیی داریوش فروهەر هاتنە مەهاباد، حیزبی دیموکراتو نوێنەری چەند هێزێکی سیاسیی دیکەی کوردستانی ئێران بەیاننامەیەکی ٨ی بەندییان پێشکەشکردن کە ٧بەندی یەکەمیان لەسەر خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بوو. بەڵام وەك وترا چونکە دەستەی نوێنەرایەتیی حکومەتی کاتیی لەبەرامبەر شورای ڕەهبەریی و خومەینیدا دەسەڵاتێکیان نەبوو، نەهیچ گفتێکیان داو نە تاکە بەندێکی ئەو بەیاننامەیەشیان پیٚ جێبەجێکرا.

لەوەش زیاتر، ڕێبەرانی ح.د.ك.أ بۆ حاڵییکردنی خومەینیو دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیی کێشەی کورد لەئێران، بڕیاری سەردانی شاری (قوم) یاندا تا ڕاستەوخۆ چاویان بەئیمام بکەوێتو خواستەکانی گەلی کوردی بخەنە بەردەست. ئەوەبوو لەباتی جارێك دووجاریش نوێنەرانی حیزبی دیموکرات بەرابەری د.قاسملو لەئادارو مایسی ١٩٧٩دا، چوونە لای خومەینی. لەسەردانی یەکەمدا کەلە ٢٩ی ئاداردا ئەنجامدرا، نوێنەران بریتیبوون لە: قاسملو، بلوریان، ئەمیری قازی، جەلیل گادانی، محەمەد ئەمین سیراجی، سنار مامدی، نەبی قادری، دکتۆر صادق شەرەفکەندی. لەسەرەتای سەردانەکەدا قاسملوی سکرێتر باسی لەو ستەمو چەوساندنەوەیە کردبوو کە بۆ چەندەها ساڵە لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوییەوە لەگەڵ کورد لە ئێراندا کراوەو دواتر ئاماژەی بۆخواستە نەتەوایەتییەکانی کورد بەشێوەی خودموختاریی لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکدا دابوو. هەریەك لەئەندامانی نوێنەرایەتییش بەدەوری خۆیان بۆ دڵنیاکردنەوەی خومەینی لەمەسەلەکە قسەیان کردبوو ئەو ئاخاوتنەی(ئایەتوڵڵا

---

(1) حسن زادە، س.پ، ل ١٣٠-١٣١.

(2) ه.س. ل ١٣١.

تالقانی)یان وەبیر ناوبراو هێنابۆوە کە لەسنە بەخەڵکی وتبوو:" کەمافی دیارییکردنی چارەنووس مافێکی بێ ئەملاولای خۆتانە" خومەینی لەوەڵامی نوێنەراندا وتبوی: "همە باید مسلم باشند، وحدت کلمە بالاتر از همە چیزاست/ پێویستە هەمووان موسوڵمان بن و یەك هەڵوێستیی لەهەموو شتێك مەزنترە" دواتر بەناوی ماندووبوونو پێویستی حەسانەوە خۆی لەو چاوپێکەوتنە دزیبووەوە.[1]

دیارە مەبەستی خومەینی لەو وەڵامەدا دووشت بوو، یەکەمیان ڕەتکردنەوەی مافی خودموختاریی وەك خواستێکی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، دووەمیش ناڕاستەوخۆ ئاماژەدان بەوە کە ح.د.ك.أ دەبێت بە بەرنامەکەی خومەینی بۆ دیاریکردنی ڕژێمی ئایندەی ئێران ڕازیی بن و چ ڕێگەیەکی دیکەی ئاشتییخوازانەیان لەبەردەمدا نییە. مەسەلەیەکی وا کە بۆ ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان قووت نەدرا. هەربۆیە ڕۆژێك دوای ئەو چاوپێکەوتنە تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستانو گەلی کورد بۆیکۆتی ئەو ڕیفراندۆمەیان کرد کە حکومەتی کاتیی بۆ دیاریکردنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی وەك سیستمی دەسەڵاتی ئایندەیی ئێران لە ٣١ی ئازاری ١٩٧٩دا ئەنجامدرا.[2] لەڕاستییدا، مەسەلەی خودمختاریی کە لانیکەمی مافی چارەنووسی گەلانەو بەپراکتیزەکردنیشی لەئێراندا هێشتا بەتەواویی دەسەڵاتی زاڵی نەتەوەی سەردەستی فارس بەسەر نەتەوە غەیرەفارسەکاندا کۆتایی پێنایەتو لەڕووی دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسییو بەڕێوەبەرایەتییو ئابووریشەوە دادپەروەرییەکی ڕاستەقینە ناخوڵقێنێ، ئەوەندە ئەمسەرو ئەوسەری نەدەویست گەر خومەینی لەبنەڕەتەوە بڕوای بەمافی نەتەوەییی کوردو گەلانی دیکەی غەیرەفارس ببووایە. ڕەتکردنەوەی خومەینی بۆ مافی خودموختاریی گەلی کورد لە تۆتالیتێربوونی ئیمامو دژایەتییکردنی لەگەڵ دیموکراسییو فرەلایەنییو خەڵکسالاریدا لەئێران یەکدەگرێتەوەو لەئەندێشەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تیۆکراتیی شیعەگەریی بەڕابەریی ڕەهای فەقیهەوە هەڵدەقولا کە هەندێك لە بنەماکانی لەگەڵ ڕژێمی رابردووی شاهەنشاهییدا هەندە جیاوازییان نەبوو. وەك باڵادەستیی نەتەوەی فارس لە ناوەندا بەسەر نەتەوە

---

([1]) گادانی ، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل ٥٠–٥١.

([2]) ه.س ، ل ٥٠.

غەیرەفارسەکانی دەوروبەر. دارِشتنی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بەدژایەتیی مافی نەتەوە غەیرەفارسەکان. پێداگرتنی لەسەر یەکێتی خاکی ئێران‌و ئەو زێدەرِۆییانەی لەسەردەمی شاهەنشاهیی ڕوویاندابوو، وەك مەسەلەی ٣ دورگەکەی ئیمارات، سەکوتکردنی هەرخواستێکی نەتەوەیی‌و ئازادییخوازانە بەتوندترین شێوەو تارِادەی دەرکردنی فەرمانی خەزاو حەلاڵکردنی سەروماڵیان. بەردەوامبوونی بەفارسکردنی ناوی شارو گوندکانی کوردستان بۆنموونە ناوی کرماشان بۆ باختران، کەناوی دووەمیان فارسییەو ئەمەش بەرجەستەی گیانی شۆڤێننستی ڕژێمی کۆماریی ئیسلامیی دەکات.[1]

پەیرِەوانی بیری خومەینیزیم، ساڵی ١٩٨٠دا، لەکتێبێکیاندا کە لەسەر کوردستان بلاّویانکردۆتەوە بەهەمان شێوەی ڕژێمی پەهلەویی پێناسەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردیان کردووەو بەخواستی چینی دەرەبەگیان لەقەڵەمداوە. مەهاباد کەناوەندێکی بیری نەتەوایەتیی‌و جووڵانەوەی رزگارییخوازی گەلی کوردە لە ئێران لەلایەن ڕژێمی نوێوە هەروەك ڕژێمی کۆن بەناوەندیی ئاژاوەو پیلانگێران لەسەر دەسەلاّتی ناوەندیی نادەبرێت. خواستی گەلی کورد بۆ خودموختاریی‌و سەرجەم مافە دیموکراتییەکانی، بەپیلانی رۆژئاواو ئەودیو سنوور لەقەڵەم دەدرێت.[2] لەو کتێبەدا لەژێر سەردێری "نەتەوایەتیی کورد" دا هاتووە:"نەتەوایەتیی، هەمان دیاری جاسووسان‌و ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوایە لەولاّتانی ئیسلامییدا کەلە نیوەی دووەمی سەدەی رابردووەوە لە ئەورووپاوە ئاودیوی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستیان کرد. هەوڵە بەرفراوانەکانی جاسووسە ئیگلیزەکان ... لەبلاّوکردنەوەی بیری نەتەوایەتیی لەنێو عەرەب، ئێرانییەکان، تورك‌و کورددا نەتەنیا بووە هۆی شکستی تەواوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی، بەڵکو میکرۆبێکی وای لەناوچەکەدا چاند کە تا سەدساڵێکی تریش هۆکاری جەنگ‌و خوێنرِێژیی بەردەوامی ناوچەکە دەبێت ... شۆڕشی ئیسلامیی گورزێکی توندبوو لە جووڵانەوەی نەتەوایەتییەکانی ناوچەکە وەشێنرا، نوێکردنەوەی مەسەلەی نەتەوایەتیی دژی

---

(1) نەبەز، ئێستەو پاشەرۆژی....، ل ٤٠-٤١ .، غەریب، س.پ، ل٤٠.

(2) کردستان، امپریالیزم و گروهای وابسته١، ل ل ٣-٩.

**ئیسلامیی تەنیا بەشێکی هەوڵو پیلانی بێهودەی دوژمنانە بۆ ڕێگرتن لەپەرەسەندنی ڕۆژ بەڕۆژی شۆڕشی ئیسلامیی."[1]**

**دیارە بیرو ئاخاوتنێکی کرچو کاڵو نازانستیی بەم چەشنە، شتێکی نوێو نامۆ نییە بە ڕۆشنبیرانی ئێرانییو ئازادیبخوازانی کورد. چونکە (احمد کسوری) چەندەها ساڵ بەری ئەوان لە کتێبی ( تاریخ هیجده ساله اذربایجان)دا مەسەلەی دەرکەوتنی هۆشی نەتەوایەتیی لەنێو گەلانی غەیرەفارسی ئێراندا بەو جۆرە عەقڵییەتەوە لێکداوەتەوە. ئەو کسروییەی لەلایەن ئیسلامییە بنئاژووە شیعەکانەوە بەکافرو زەندیق ناودەبراو هەر لەلایەن ئەوانیشەوە لەسەر ئەندێشە توندڕەوە ناسیۆنالیستیەکانییەوە تیرۆرکرا.[2]**

**هەروەها پەیڕەوانی خومەینیزم لە کتێبەکەیاندا سەبارەت بەبەرنامەی ح.د.ك.أ و ئامانجە سیاسییو نەتەوەییو کۆمەڵایەتییەکانی هەمان دیدو بۆچوونی (حسن ارفع)ی ئینگلیزخواو کۆنە سەرۆکی ستادی ئەرتەشی شاهەنشاهیی دەجوونەوە. ئەوانە سەبارەت بەوەی کەشارەکانی کوردستان لەهەرێمێکی خودموختاردا کۆبکرێتەوەو دەسەڵاتی خودموختار بتوانێت سوود لە سامانە نەتەوایەتییەکانی کوردستان ببینێتو ناوچەی خودموختار بێتە پەناگەیەك بۆ ئەو ئازادیبخوازە کوردانەی لەژێر فشاری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا پەنای بۆ دەبەن، دەڵێن کەبەخشینی خودموختاریی بەکوردان دەبێتە هاندەری نەتەوە غەیرەفارسەکانی دیکەی ئیران کە پێ لەسەر هەمان ماف دابگرنو بەوەش یەکێتیی خاکی ئێران دەکەوێتە بەر مەترسیی هەڵوەشاندنەوە، مافی سوودوەرگرتنی دەسەڵاتی خودمختاریش لەسامانی نەتەوەیی کوردستان دەوڵەتی ناوەندیی لەتێکڕای ئەوپارەو پولە بێبەش دەکات کە لەکوردستان دەستی دەکەوێت.[3]**

**سەبارەت بەبەخشینی مافی پەنابەریش بەکوردی ئازادیبخوازی هەڵاتوو، بەڕای پەیڕەوانی خومەینیزم دەبێتە نزیکبوونەوەی کوردەکانی پارچەکانی کوردستان ویتەوبوونی گیانی نەتەوایەتییان و زەمینە بۆ دەوڵەتی کوردستانی مەزن دەڕەخسێنێت کەئێرانی پێ دەکەوێتە مەترسیی لەناوچوونەوە. هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتێکی**

---

**([1]) هـ.س ، ل ١٠-١١.**

**([2]) کسروی، س.پ ، ل٨٣٠.**

**([3]) کردستان، امپریالیزمو گروهای وابسته١، ل ٣٠-٣١.**

دیموکراتیی و جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت لە ئێراندا کە ئامانجێکی گرنگی حیزبی دیموکراتە، بەمانای شکستی شۆڕشی ئیسلامیی و تەسلیمبوونە بەخواستی کۆڵۆنیالیی کە لەسەدەی نۆزدەمەوە دروشمی دیموکراتییان بۆ تێکدانی جیهانی ئیسلام بەرزکردۆتەوە. پەیڕەوییکردن لەسیاسەتێکی ئابوورییانەی زانیستیانە کەباری ژیانی زەحمەتکێشان و چاکردنی وەزعی هەژاران لەبەرچاوبگرێت دژی بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامیی و فەرموودەی ئیمام خومەینیە کە دەیوت:" خەڵك بۆئەوە شۆڕشی کردووە کە ئیسلام حوکم کات نەك شووتی هەرزان بێت. !!"[1]

لەلایەکی دیکەوە (مستەفا چەمران) کە شیعەیەکی توندڕەوی مریدی خومەینی بوو، دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی کرابووە وەزیری بەرگریی و راوێژکاری سەرۆك وەزیران. ناوبراو لەچاوپێکەوتنێکی دا بەتوندیی هێرشی کردە سەر مافی ئۆتۆنۆمیی و خواستەکانی ح.د.ك.أ و رایگەیاند:"ئەگەر ئەوانە دەیانەوێت لەژێر پەردەی دروشمی خەیاڵاویانەو سەرلێشێواوانەدا مەبەستە راستەقینەکانی خۆیان بشارنەوە، ئەو مەبەستانەی کە دەیانەوێت ئیسلام و شۆڕشی پێ لەکەدار بکەن و خزمەتی بەرژەوەندیی هێزە بێگانەکانی پێبکەن... ئەوا ئێمە هەتا کۆتایی لەگەڵیان دەجەنگین."[2]

بانیخیلانی لەباسی سەردانێکی ژمارەیەك لەهێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق و کوردستانی عێراق دا لەساڵی ١٩٧٩بۆ لای (ابو شریف)ی لێپرسراوی یەکەمی ئەو دەمی سوپای پاسداران بەمەبەستی چارەسەکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لەئێران دەڵێت:" ابوشریف زۆر بێ شەرمانە هاتە قسەکردن و گوتی: ئێمە لەشەر ناترسین .. ئێمە ئیسلامین و لەئیسلامدا فەرقی نێوان کوردو فارس و تورك نییە، ئێمە دەڵێین(نون) ئەوان دەڵێن (نان)، ئەوان دەڵێن (بڕۆ) ئێمە دەڵین (برو) وکۆمەڵێك نموونەی ووشە نزیکی و زمان نزیکی هێنایەوە، پاشان گوتی ئەگەر بەئیسلام و جمهوری ئیسلامی رازین ئەوا باشە ئەگەرنا.. هەموویان دەردەکەین و لەوڵات وەدەریان دەنێین، خۆمان زەوی وزارەکانیان دەچێنین و کشتوکاڵیان تیادەکەین."[3]

---

([1]) ه.س ، ل ٢٨-٢٩، اطلاعات. تهران، ١٦ مهر ١٣٥٨.

([2]) Entessar, op. Cit. P34

([3]) بانیخێلانی، س.پ ، ل ٢٧٢-٢٧٣.

بەمجۆرە باڵی داڵی کۆماری ئیسلامیی کە دواتر خۆیان بەسەر دەسەڵاتدا سەپاند، بەشێکیان لەسۆنگەی ئیسلامییبوونو دۆگمایی فیکرییانەوەو بەشێکی تریان لەسۆنگەی بیری ناسیونالیستیی شاهەنشاهییانەی تەنگەتیلەیانەوە ئامادەنەبوون نە دان بەمافی خودمختاریی گەلی کوردو نە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێرانو سازان لەگەڵ هێزە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بدۆزنەوە، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژانیش بیر لە گفتۆگۆو دانیشتن کرابێتەوە ئەوە جگە لە خافڵاندن شتێکی دیکە نەبووە، وەك خومەینی پێش مردنی ئاشکرای کردوو وتی "من هەرسەرەتا پێم وتن (مەبەستی هێزی ئەرتەشو پاسدارەکانی ئیسلامییە — ل) جارێ ئابڵوقەیان بدەنو دواتر لەگەڵیاندا دابینیشن."[١]

لەراستییدا، دەسەڵاتدارانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لەئێران هەر لەسەرەتاوە ترسێکی زۆریان بەرامبەر هەلومەرجی نوێو ئاوەڵاکەی کوردستانی ئێران لێنیشتو بەهەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیان لەسەر بەرنامە ئایندەییە سیاسییو ئایدۆلۆژییەکانیان دادەنا. ئەوان واتە باڵی مەزهەبیی توندڕەو، کە لەناوەند خۆیان بەسەر هێزە سیاسییەکانو موقەدەراتی خەڵکدا سەپاندبوو، لەڕێگای ئەنجومەنی ڕێبەرایەتیی شۆڕشو شورا ئیسلامییەکانو کۆمیتەکانو پاسدارانی خومەینییەوە کاروبارەکانی کۆمەڵگایان گرتبۆدەستو دامودەزگاکانی حکومەتی بازرگانیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە ترسێکی ئەوتۆیان لەحیزبەکانی وەك تودەو لایەنگرانی جەبهەی میللییو موجاهیدینیش نەبوو، کەهەم کۆکردنەوەیان لەسەر هێڵی ئیمامو هەم دەرکردنو داپڵۆسینیان کارێکی هێند سەخت نەبوو. ئەوەی هەڕەشەی جیدی لەخەونەکانی باڵی ئاینییو لایەنگرانی خومەینی دەکرد بریتیبوولە هەلومەرجەکەی کوردستانی ئێران، چونکە:

١- لە کوردستانی ئێراندا دوای رووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهییو گەڕانەوەی ح.د.ك.او ڕاگەیاندنی کۆمەڵە هۆشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی خێرا پەرەی دەگرتو جووڵانەوەی نەتەوەیی دەهات دووبارە بکەوێتەوە سەرپێ، ڕووتکردنەوەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی

---

(١) گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل ١٩٧.

ڕژێمو پادگانی مەهابادو بڵاوبوونەوەی چەکێکی زۆر بەنێو کۆمەڵانی خەڵکداو پەرەگرتنی باڵی چەکدارانەی حیزبە کوردستانییەکان، بەتایبەتی حیزبی دیموکرات کە بەپێشمەرگە ناودەبرێت، هەموو ئەوانە سالآنی جەنگی دووەمی جیهانیی دەخستەوە بیری سەرانی باڵی ئاینیی و دەترسان جارێکی دیکە دەسەڵاتێکی دیکەی کوردیی لەدایك بێتەوەو مێژوو خۆی لەزەمانێکی دیکەدا دووبارە بکاتەوە. ئەو زەمانەی کەتێیدا نەتەوە غەیرەفارسەکانی دیکەی ئێرانیش بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئازادییخوازەکانیان لە ئەحوازو تورکمەن سەحراو بلوجستان کەوتبوونە خۆو وەزعی نێو دەوڵەتیش بەتایبەت هەڵوێستی ڕۆژئاوا دەقاودەق وەك سالآنی جەنگی دووەمی جیهانیی بەپشتگیرییکردن لەدەسەڵآتی ناوەندیی خۆی نەدەنواند.

٢- جێپێ نەچەسپاندنی کۆمیتەو شوراو پاسدارە ئیسلامییەکان لە کوردستانی ئێراندا سەرەتا فەزایەکی ئازادو ئاوەڵای ئەوتۆی پێکهێنابوو کەژمارەیەکی زۆر دەستەو تاقمی جیاواز ئازادانە کاری سیاسیی و تەشکیلاتی خۆیان دەکردو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێکخراوە ئێرانییە چەپەکان و دیموکراتەکان لایەنگرو ئەندامەکانی خۆیان ڕەوانەی کوردستان دەکردو هەوڵی بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵآیەتییان دەدا، باڵی ئاینیی کە داینابوو لەئایندەدا دەسەڵآتی سیاسیی وڵات بۆ خۆی قۆرغبکات و دەستکەوتەکانی شۆڕش پاوان بکات، لەوە دەترسا کوردستان ببێتە سەنگەری ئازادیی و دیموکراتیی و خەونی دامەزراندنی حکومەتێکی تیۆکراتیی شیعەگەرێتییان لێ تێکبدات.

٣-خومەینی و لایەنگرانی کە خوازیاربوون لەسایەی دروشمی(ئاودیوکردنی شۆڕش)و ڕووخاندنی حکومەتە نائیسلامیە سەر بە ئیمپریالیستەکان، ئیمپراتۆریەتێکی شیعەگەریی لە ناوچەکەدا دەبمەزرێنن و لەڕێگای هاندانی حیزبە مەزهەبییەکانی ناوچەکەوە، بەتایبەتی لەعێراق و کەنداو کەوتبوونەکار. مەسەلەی پاککردنەوەی بەرەی ناوخۆو کپکردنەوەی ئەو کێشانەیان لە ئێراندا بەکارێکی گرنگ دەزانی کە دەگونجا دەوڵەتە هاوسێیەکانی وەکوعێراق لەئایندەدا وەك کارتێکی فشار سوودی لێ وەربگرن، لەم نێوەشدا کێشەی پەرەگرتووی نەتەوەیی گەلی کورد لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران وەك هەرە مەسەلەی گرنگ و پلەیەك لەبەردەم باڵی ئاینییدا خۆی دەبینییەوە. چارەسەرەکەشی ئەوەبوو ڕێگەنەدرێت ئەو بۆشاییەی لەئاکامی ڕووخاندنی

ڕژێمی  پەهلەویی و لێکهەڵوەشاندنی دامو دەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لەکوردستانی ئێران دروستبووە لەلایەن هێزە نەتەوەیی و دیموکراتو چەپەکانی هەرێمەکەدا پڕبکرێتەوەو پێویستبوو زوو بەزوو شوراو کۆمیتەو پاسدارانی ئیسلامیی ڕەوانەی کوردستان بکرێن تا هەم دەسەڵاتی ناوخۆ بگرنەدەستو هەم سنوورە ئاوەڵاکانیش کۆنترۆڵ بکەن و هەمیش خەڵکی کورد لەسەر پرنسیپەکانی خومەینیزم رابێن.

هەربۆیە باڵی ئاینیی توندڕەو، سەرەتا لەپەی ئەوەدابوون هێدی هێدی خۆ لەکوردستانی ئێران بخزێنن و لەڕێگای نانەوەی ئاژاوەی نێوان شیعەو سووننە، کوردو ئازەر، جووتیارو دەرەبەگ، ڕێگا لە بەرەوپێشچوونی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەکوردستاندا بگرن و ئەوەش بخەنە بەرچاوی رای گشتیی ئێرانی کە لەو هەرێمەی وڵاتدا، پیلانێکی گەورە بە دژی ئیمامو شۆڕشی ئیسلامیی بەڕێوەدەچێت، تا لەلایەکەوە زیاتر هێزە دیموکراتیی و نیشتمانییەکان و خەڵکی ئێران چەواشەبکەن و لەدەوری ئیمامیان کۆبکەنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە شەرعییەتی لەشکرکێشیی بۆ سەر گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بدەنە خۆو مەسەلەیەکی وا هەم بۆ پاوانکردنی دەسەڵات لە ناوەندو هەم بۆ جێگیرکردنی کۆمیتەو شوراو پاسدارە ئیسلامییەکان لەو هەرێمە گرنگە بقۆزنەوە، ئاشکراترینی ئەو پیلانانەش بریتییبوو لە:

***پیلانی سنە یا نەورۆزی خوێناویی:*** دەتوانرێت هەڵگیرساندنی شەری سنە کە لەدوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٨یئاداری ١٩٧٩دا، لەنێوان هێزە سەرکوتکەرەکانی لایەنگریی خومەینی و کۆمەڵانی خەڵکی ئەو شارەدا روویدا، بە یەکەمین پیلانی باڵی ئاینیی توندڕەو دژی خەڵکی کوردستان و بەیەکەمین پێکدادان و تێکهەڵچوونی چەکدارانەی راستەوخۆی نێوان کوردو ڕژێمی نوێ لەقەڵەم بدرێت.

لەراستییدا، باڵی ئاینیی توندڕەو هەرزوو لەو بارودۆخە ئازادو ئاوەڵایە بێزاربوون کە لەشاری سنەی ناوەندی ئۆستانی کوردستان بۆ ڕێکخراوو هێزە جۆربەجۆرە خۆجیی و ئێرانییەکان پێکهاتبوو. هەرچەندە ئەحمەدی موفتی زادە وەك کەسایەتییەکی مەزهەبیی ولایەنگرێکی ڕژێمی نویێ لەوشارەدا قسەی تاڕادەیەکی زۆر باش دەڕۆیشت، بەڵام ئەو باڵە لەبەر سوننییبوونی ناوبراوو لاوازیی سەنگی لەبەرامبەر هێزە چەپەکانی وەك کۆمەڵەو چریکەکاندا، بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەداو دەیانویست لەڕێگای ئاخوندە

چەكدارە شیعەكانەوە لەشاری سنەشدا وەك شارەكانی ناوەند دەسەڵاتی كۆمیتە ئیسلامییەكان بسەپێننو ڕۆڵی كۆمەڵەو چریكەكان لەشوراكانو بەڕێوەبەریی شاردا كەم بكەنەوەو وردە وردە لەشانۆیان دوورخەنەوەو نفوزی كۆمەڵایەتییان لاوازبكەن.

لەم بارەیەوە باڵی مەزهەبیی بۆ جێبەجێكردنی پیلانەكەی پشتی بەدوو هێزدەبەست، یەكەمیان پاشماوەی ئەرتەشی شاهەنشاهییو ئەو ئەفسەرو دەرەجەدارە شۆفێنیستە كۆنە شاپەرستانەی وەك (سرهنگ صدری)و (تیمسارقرنی)بوو، كەلەپاش رووخاندنی ڕژێمیش لەنێو پادگانی سنەدا مابوونەوەو لەبەر پڕچەكییو دڕییان خەڵكی شار نەیانتوانیبوو خۆیانی لێبدەن. بەتایبەت ئەگەر زانیمان ئەوی دووەمیان كە(تیمسار قرنی) یەكێك بوو لەو ئەفسەرە شاپەرستانەی كە لە كودەتاكەی ساڵی ١٩٥٣دژی موسەددیق ڕۆڵی ئاشكرای بینیبوو. دووەمیان كەسانی وەك(ئایەتوڵڵا صفدری)و پیاوەكانی بوو، ئەوانەی لەتارانەوە نێردرابوونە شاری سنە تا لەوێ بەناوی (شورای انقلاب)ەوە دەسەڵاتی شارەكە بگرنەدەستو خۆیان بەسەر خەڵكەكەدا بسەپێنن. شایەنی باسە صفدری و پیاوەكانی لەچەند بەشێكی شاردا بنەكەیان كردبووەوەو جگەلە چەكداربوونی خۆیان، لەپادگانو ژاندرمەیشەوە هێزیان وەردەگرت.[1]

هێشتا ماوەیەكی زۆر بەسەر جێگیربوونی شورای ئینقلاب لەشاری سنەدا تێنەپەڕیبوو كە خەڵكی سنەو ڕێكخراوەكانی وەك كۆمەڵەو چریكەكانی هەستیان بەبارگرانییەكی مەزن كرد، تەنانەت ئەحمەدی موفتی زادەش جێگیربوونی صفدری وپیاوەكانی لەسنە پێخۆش نەبوو. چونكە خۆی وەك تاكە دەسەڵاتدارو بڕواپێكراوی ڕژێمی نوێ لەسنەو دەروروبەریدا دەهاتە بەرچاوو لەم قۆناغەدا زۆری مەبەست بوو هاوسەنگیی خۆی لەنێوان شواری ئیقلابیی لەلایەكو كۆمەڵەو چریكەكان لەلایەكی دییەوە رابگرێت. هەربۆیە ڕۆژی ١٧ی ئاداری ١٩٧٩، موفتی زادە لایەنگرانی خۆی ناردبووە دەركی بارەگای صفدریو داوایان لێكردبوو چەكیان بداتێ، ئەویش نەك هەر داواكارییەكەیانی نەسەلماندبوو، بەڵكو فەرمانی تەقەكردنیشی لێكردبوونو چەند

---

([1]) محمدی، س.پ، ل ١٥، بلوریان ، س.پ ، ل ٢٩٦.

کەسێکیشی لێ کوشتبوون، مەسەلەیەکی وا کە بووە پشکۆی هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگێکی چوار ڕۆژە لەو شارەدا.(١)

شایەنی باسە، دوای بیستنی تەقەو بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو پێکهەڵپژانەی نێوان لایەنگرانی موفتی زادەو پیاوەکانی صفدری، کۆمەڵەو چریەکەکان مەسەلەکەیان قۆزتەوەو بەمەبەستی چەکدارکردنی خەڵکی شارو دەرکردنی شورای ئینقلابیو چەککردنی پادگاکانی شار، بانگەشەی راپەڕینیان کردبوو. خەڵکی سنەش بێ وەستان بەدەم بانگەشەکایانەوە چووبوونو دوکانو بازاڕیان داخست بوو. بەمجۆرە پەلاماردانی دەزگاکانی شارەبانی، ژاندارمەریو چەکداماڵینی پیاوانی ڕژێم لەوشارەدا دەستیپێکردوو دەزگای ڕادیۆو تەلەفیزیۆنیشی شاریش کۆنترۆڵ کرا.(٢)

بۆ ڕۆژی دوایی، واتە ١٩ی ئادار کۆمەڵانی خەڵکی چەکداری شار بەسەرپەرشتیی کۆمەڵەو چریکەکان پەلامار دەبەنە سەر پادگانی سنەو تەقەو پێکدادان لەنێوان هەردوولادا بەخەستیی دەستپێدەکات. پەلاماردەران لەگەڵ ئەوەی بەچەکی سووك چەکداربوون، بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانە بۆ گرتنی پادگان تێدەکۆشان، ئەو پادگانەی کە لەهەموو ڕوویەکەوە چ لەڕووی چەكو کەلوپەلی جەنگییەوە، چ لەڕووی پرنسیپ و کارزانییەوە باڵادەستبوون. هەربۆیە لەبەرامبەر ئەو پەلامارەدا بەتوندیی کەوتنە بەرگرییو بەرپەچدانەوەی خەڵکی شار. شایەنی باسە، خومەینی لەهەمان ڕۆژی پەلاماردانی پادگانی سنەدا، خەڵکی شاری ئاگادارکردەوە کە دروستکەری شەڕەکە کەسانێکن نایانەوێت لەنێوان موسوڵماناندا ئاشتیی بەرقەراربێت. لەلایەکی ترەوە، ئاشکرایکرد کە هەرکەسێك پەلاماری ئەرتەش، پۆلیس، ژاندارم بدات کەناوبراو ناوی(پاسدارانی بەرژەوەندیی پارێزو سەربەخۆیی خەڵکی موسوڵمان)ی لێنان، نەك هەر موسولمان نییە بەڵکو پیاوی بێگانەشە. ئەو برگەیەی دواییان کە زیاتر ئەفسەرانی پادگانی سنەی دڕترکردو هانیدان گوێڕایەڵی خۆیان بۆ ڕژێمی نوێو خومەینی

---

(١) بلوریان، هـ.س ، ل٢٩٧.

(٢) هـ.س ، ل ٢٩٧.

ڕابگەیەنن، بەتایبەت دوای ئەوەی پادگانی سنە لە هەموولایەکەو بەهێلیکۆپتەر چەك و تەقەمەنبی و پێویستبی دەگەیشتیٚ.[1]

پادگانی مەهاباد لەئێوارەی ڕۆژی ١٩ی ئادارو بەدرێژایی ڕۆژی دوایی بەهەر چەکێکی لەبەردەستیدابوو، بە تۆپ، دۆشکە، خومپارە، تەنانەت هێلیکۆپتەریش، بەشەستیرو رۆکێت لەزەوی‌و ئاسمانەوە کەوتنە کوتینی خەڵکی شارو گەڕەکەکانی دەرووبەری پادگان‌و زیانێکی مادیی زۆریان لەخەڵکی سنەدا کەخۆی لەنزیکەی ٥٠٠کوژراو بریندارەدا. شەڕو پێکدادانەکان بۆماوەی ٣ڕۆژ بەردەوامبوو،[2] دەوڵەت پاش بیستنی ئەوکوشتوکوشتارەی پادگان، چەند نوێنەرێکی وەك: ئایەتوڵڵا تاڵەقانی، بەهەشتی ڕەفسنجانی، بەنی سەدری ناردبووە سنە، تا بەقەولی خۆیان وەزعەکە هێوربکەنەوە. تاڵەقانی کە کەسایەتییەکی ئاینیی ئازادییخوازو ڕێزلێگیرابوو، بەپێچەوانەی خومەینی کەڕۆژێك زیندانی نەکێشاوە، لەسەردەمی ڕژێمی شاهەنشاهییدا بۆ سالأنێکی دوورو درێژ بەهۆی بەرگرییکردنی لەئازادیی‌و مافی هاوڵاتیان لە ئێراندا لەزینداندا راگیرابوو. ناوبراو لای خەڵکی کوردستانیش ڕێزی تایبەتی هەبوو، چونکو دیدی ئەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران‌و دەسەلاٚتی ئاینەدیی ولاٚت دیدێکی واقیعبینانە بوو. تاڵەقانی خەڵکی سنەی لەمەیدانی (ئیقبالی) شاردا کۆکردبۆوەو پێی ڕاگەیاندبوون کە خەڵکی شار دەتوانن لەڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادەوە شورایەك دابنێن، ئەو شورایە بەنوێنەرایەتی خەڵکەکە کاروباری شار ئەنجامبداتو ئەرکەکانی ئۆستاندار، فەرماندار، بەلەدیەو هێزی ئاسایش‌و کاروباری فەرهەنگیی‌و کۆمەلاٚیەتیی لەئەستۆ بگریٚ.[3]

دیارە ئەم قسەیەی تاڵەقانی کەپایەیەکی ئاینیی گەورەی لەئێراندا هەبوو، بەلای خەڵکی شارەوە مژدەیەکی خۆش بوو کەڕەنگە تاکە ئاکامی ئەرێی جەنگی ٤ ڕۆژەی شاری سنەو قوربانییەکانی بێت. ئەوە یەکەمین جار بوو نوێنەرێکی دەوڵەت‌و

---

([1]) اسناد لانه جاسوسی، سند شماره: ١٥، موضوع: قيام كردها در سنندج، تأريخ: ٢٠ مارس ٧٩ ، ص ١٢٣- ١٢٤.

([2]) حسن زاده، س.پ ، ل ١٤٠.

([3]) بلوريان ، س.پ ، ل ٢٩٧.

کەسایەتییەکی ئێرانی بەوپایەی تاڵەقانی لەکۆبونەوەیەکی ئاشکرا بە راشکاویی دان بەلانیکەمی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی غەیرە فارسەکانی وەك کورددا بنێت. شایەنی باسە، دوای دانیشتنی نوێنەرانی دەوڵەت لەگەڵ ژمارەیەك لەکەسایەتییە کوردە ناسراوەکانی وەکو: شێخ عیزەدین حوسەینی، ئەحمەد موفتی زادەو سەدیق کەمانگەر، ئەو مژدەیەی تاڵقانییان بەڕەزامەندیی هەردوولا کردبووە سێ خاڵو بەرامبەر تەسلیمکردنەوەی چەکەکانو بەشدارییکردنی کورد لە ڕیفراندۆمو دەنگدان بەقازانجی کۆماری ئیسلامیی پێشکەشی دەوڵەتی کاتییان کرد.[1] بەڵام تا ئەوڕۆژەی ریفراندۆم کرا واتە ٣١ی ئاداری ١٩٧٩، نە دەوڵەتی کاتیی شتێکی لەسەر مافی نەتەوایەتیی کوردو زمانی کوردیی وبەڕێوەبەرایەتییەکی خۆجێیی کوردیی بلأوکردەوەوە کەناوەڕۆکی ئەو سێ خاڵە بوو لەئاکامی شەڕی سنە هەردوولا لەسەری ڕێکەوتبوون، نە خومەینیش لە قوم قسەکانی تاڵەقانی لەسنە بۆ نوێنەرانی ح.د.ك.ا سەلماندبوو کاتێ سەردانیان کرد. هەربۆیە کۆمەڵانی خەڵك کوردو سەرجەمی هێزە سیاسییەکان کوردستانی ئێران بەگشتیی بۆیکۆتی ڕیفراندۆمەکەیان کردو کۆماری ئیسلامییان ڕەتکردەوە.

بەهەر حاڵ، شەڕی سنە جەوهەری راستەقینەی ڕێبەرانی ڕژێمی نوێو دیدو بۆچوونەکانی باڵی مەزهەبیی سەبارەت بە جووڵانەوەی ئازادییخوازانەی گەلی کورد وخواستە نەتەوایەتییەکانیان لە ئێران ئاشکرا کرد، چونکە ئەوەی ڕژێمی محەمەدڕەزا شا لەچەند ساڵێکدا دژی خەڵکی ئازادییخوازی کورد ئەنجامیدا، ڕژێمی نوێ لەچەند رۆژێکداو لەویش توندتر جێبەجێیان کرد. لەلایەکی دیکەوە شەڕی سنە بووە هۆی کەمکردنەوەی نفوزو دەسەڵاتی موفتی زادە لەو شارەدا بەرامبەر پەرەگرتنی جەماوەریی کۆمەڵەو چریکە فیداییەکان. ئەوانەی لەسەر مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی چەسپاندنی نفوزی ڕژێمی نوێ لەشارەکەدا چالاکتربوون، مەسەلەیەکی وا کەخواستێکی ڕاستەقینەی جەماوەر بوو.[2]

---

(1) Entessar, op. Cit p 35.

(2) اسناد لانەی جاسوسی، سند شمارە: ١٧، موضوع: شۆڕش کردها در سنندج، تاریخ: ٢٢ مارسی ٧٩، ص ١٢٨-١٢٩.

**پیلانی نەغەدەو نوێ بوونەوەی دوژمنایەتی کوردو عەجەم:**

ئاشکرایە دوای بۆیکۆتی گەلی کورد بۆ دەنگدان بە کۆماری ئیسلامیی و ڕاگەیاندنی ئەو ڕژێمە لە ١ی نیسانی ١٩٧٩دا، باڵی ئاینیی توندڕەو هەوڵیدەدا لەڕێگایەکی دیکەوە گورز لە پەرەگرتنی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بوەشێنێت و شەڕی مەزهەبیی و ئاژاوەی نێوان دوو گەلی کوردو ئازەر زیندوو بکاتەوە، بەتایبەتیی لەم قۆناغەدا کە هۆشی نەتەوەیی کوردو نفوزی ح.د.ك.ا تادەهات پەرەیدەگرت. هەربۆیە پیلانی نەغەدە لەلایەن کاربەدەستان و پیاوانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی وەك(مەلا حەسەنی) ئیمام جومعەی شاری ورمێ و (سرهنگ زەهیر نژاد) فەرماندەی لەشکری ٦٤ی ورمێ وە جێبەجێ کرا.

وەك پێشتریش باسی لێوەکراوە، نەغەدە شارێکی کوردییەو دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای مەهابادەوە، ئەم شارە لەقۆناغەکانی حاکمییەتی سەفەویی، ئەفشاریی و قاجارییەکانەوە وەك شارە کوردییەکانی دیکەی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ، تووشی بەئازەرییکردن بووە، بەجۆرێك کوردەکان تاڕادەی کەمینەیان لێهاتوە. ئەو ئازەرانەی کە لەلایەن کوردەوە بەعەجەم ناودەبرێن لەزۆربەی شارە کوردە بەئازەرییکراوەکاندا خاوەن دەسەڵات و پایەی ئابووریی و پلەی بەڕێوەبەرایەتیی بوون. چونکە هەم لەڕووی ڕەگەزەوە، هەم لەڕووی مەزهەبەوە، سەر بەچینی دەسەڵاتدارو حوکمڕانەکانی ئێران بوون. دیارە لەهەر کێشەیەکیشیاندا لەگەڵ کوردە نیشتەنیی و کۆچەرەکاندا، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پشتگیریی دەکران و زۆردارییەکانیان بێ لێپرسینەوە بوو. کوردیش بۆ بەرگریی لە خۆی و خاکەکەی، چەندی بۆ کرابێت هەوڵیداوە دژی پەرەسەندنی نفوزی سیاسیی و کارگێڕیی و ئابووریی و نەتەوەیی عەجەم خۆڕاگرێت و بوونی خۆی لەو ناوچانەدا بسەلمێنێت. ئەو کێشەو ململانێ مێژووییەی کە لەباکووری ڕۆئاوای ئێراندا بەکێشەی کوردوعەجەم دەناسرێت و هەمیشە لەخزمەتی فەرمانڕەوا ستەمکارەکانی ئێران و دژی بەرژەوەندیی هەردوو گەلی کوردو ئازەر بووە.

لەشاری نەغەدە، عەشیرەتی قەرەپەپاخی عەجەم، دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو. لەسەردەمی کۆمەڵەی (ژ.ك)دا، کوردەکان لەڕێگای خۆپێشاندانێکی سیاسیی و چەکدارانەوە خۆیان سەلماندو چونکە ناوچەکە ئەو دەم لەژێر نفوزی هێزەکانی

شورەوییدا بوو، ئەو خۆپێشاندانە بێ هیچ پێکدادانو خوێنڕشتنێك کۆتاییهات. لەکۆماری میللیی کوردستانیشدا قەرەپەپاخەکان لەترسی توندڕەویی فیرەقەی دیموکراتی ئازەربایجانو حکومەتەکەی پیشەوەری، هاتبوونە ناو سوپای میللیی کوردستانو ببوونە پێشمەرگە. دوای رووخاندنی کۆمار، محەمەدڕەزا هەمان سیاسەتی کلاسیکییانەی لەناکۆکیینانەوە لەنێوان کوردو عەجەمدا گرتبووەبەر. بەڵام چونکە ناوبراو ناسیونالیستی تەنگەتیلەی فارسی کردبووە ئایدۆلۆژییای ڕژێمەکەی، لەجێشدا پێی لەسەر مەزهەبو شیعەگەرێتی دانەدەگرت، هەربۆیە بەدرێژایی دیکتاتۆریی محەمەدڕەزا جگە لەچەند رووداوێکی شەخسییو لاوەکیی، ناکۆکییەکان نەگەیشتە رادەی جەنگی گشتیی.

لەگەڵ دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییو خورتبوونی باڵی ئاینیی توندڕەو لەناوچە شیعەنشینەکاندا، هەستی مەزهەبیش لەنێو عەجەمەکانی نەغەدە هەڵچوو. بەرامبەر بەوان کوردەکانیش زیاتر پیان لەسەر پێناسەی کوردبوونو سوننییبوونی خۆیان دادەگرتو بەمەش جۆرە دڕدۆنگییەك لەنێوان هەردوولادا زیندوو بووەوە. ح.د.ك.ا کە لە ٢ی‌ئازاری ١٩٧٩دا، بەفەرمیی لەشاری مەهاباد بوونی خۆی ڕاگەیاند، دەیویست هەروەك زەمانی کۆمەڵەی ژ.ك بەخۆپێشاندانێکی سیاسیی-چەکداریی لەشاری نەغەدەش بوونی خۆی بەفەرمیی ڕابگەیەنێت. بۆ ئەوەی دوای ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب باس لەبرایەتییو هاوخەباتی کوردو عەجەم بکاتو گرنگیی پاراستنی ئەو برایەتییەیان لەو قۆناغە نوێیەدا بۆشیبکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش داوای لەکۆمیتەی نەغەدە کرد کە ئەو دەمە "ڕەحمانی حاجی ئەحمەدی" بەرپرسیاری بوو، تا ئامادەکاریی بۆ کارێکی لەو جۆرە جێبەجێبکەن. کۆمیتەی نەغەدەش ڕێبەرایەتیی حیزبی بەراپۆرتێك ئاگادارکردەوە کە ستادیۆمی وەرزشی نەغەدە کە دەکەوێتە گەڕەکی عەجەمان لەگشت شوێنێکی دیکە بۆ ئەو مەبەستە گونجاوترە. ڕۆژی ٢٠ی نیسانی بۆ خۆپێشاندانەکەو بەفەرمیی ناساندنی حیزب لەو شارە راگەیاندو خەڵکێکی زۆریشی بەو بۆنەیەوە بانگهێشت کرد.[1]

---

(1) کاوە، س.پ ، ل ١٩٢-١٩٣.

لەراستییدا، دەبێت بوترێت کە ح.د.ك.ا زۆر ساکارانە مەسەلەکەی وەرگرتبوو. لەو هەلومەرجەدا کەهەستی مەزهەبیی عەجەم پەرەی گرتبوو، کەسانی وەك مەلاحەسەنی و سەرهەنگ زەهیر نژاد بەنهێنیی چەکیان بەسەر لایەنگرانی خۆیان و مەزهەبییە توندڕەوەکانی عەجەم دەبەخشییەوە. سازدانی خۆپێشاندانێکی کوردانەو چەکدارانە لەناوەندیی گەڕەکی عەجەماندا، چاوەڕێی ئەوەی لێنەکرا بەخۆشیی و بیٚ گیروگرفت وەك زەمانی کۆمەڵەی (ژ – ك) تەواوبێت. هەربۆیە ڕۆژی٢٠ینیسانی ١٩٧٩، مەراسیمی ئاشکراکردنی حیزبی دیموکرات لەو شارەدا گۆڕدرا بۆ جەنگێکی نەخوازراوی نێوان خەڵکی ئازەریی شیعەو کوردی سوننە.، کاتێك د.قاسملو خەریکبوو بەخێرهاتنی میوانەکان بکات و یەکەمین ڕستەی خۆی بدات بەگوێی ئامادەبوواندا، چەکدارەکانی مەلاحەسەنی، ئەوانەی لەنێوماڵەکانی دەوروبەری ستادیۆمی وەرزشی نەغەدە خۆیان حەشاردابوو، دەستڕێژیان لەئاهەنگەکە کردوو ئاگری جەنگەکەیان هەڵگیرساند.[1]

لەجەنگی چوار ڕۆژەی کوردو عەجەمی شاریےنەغەدەدا، بەسەدان کەس لەهەردوولا کوژران و برینداربوون، بەتایبەتی کوردەکان، چونکە هەم کەمینەبوون، هەم غافڵگیرکران. جگەلەوەی دەوڵەت هێزێکی بۆ پاڵپشتیی عەجەم لە ورمیٚ ڕەوانەی نەغەدە کردبوو بەفەرماندەی سەرهەنگ زەهیر نژاد. ئەو هێزە بەپاڵپشتیی تۆپ و تانك و هیلیکۆپتەرەوە، لەزەوییو ئاسمانەوە قەلاچۆی کوردی دەستپێکردبوو، ئەو کوردانەی جگە لەهەلاتن و چۆڵکردنی شارەکە چارەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەمایەوە. لەم ڕووەوە سەعید کاوە نووسویە"دوای ئەوەی کە نەغەدەمان بەجێهێشت، شڕەخۆری عەجەم بە نێو شار وەربووون و زۆر ناپیاوانە هەر کەس لەشاریٚ دا مابوو قەتڵ و عامیان کردبوون، تەنانەت روحمیان بەمنداڵی بیٚ دەسەلات و بێدیفاعیش نەکردبوو، خەڵکی نەغەدە کەلەجێگای خۆیان هەڵکەندرابوون ماڵیان بەجیٚ هێشت بوو ڕوویان لەلاجان و شاری سابلاخ کرد."[2]

ڕژێمی کۆمار ئیسلامیی هەوڵیدا وا لەخەڵکەکە بگەیەنیٚ کە ح.د.ك.ا بۆ پەلاماردانی عەجەمی نەغەدە پێشتر خۆی ئامادەکردووەو ئۆباڵی ئەو جەنگە بخاتە ئەستۆی کورد.

---

([1]) رسول، س.پ ، ل ٥٨-٥٩.

([2]) کاوە، س.پ، ل ١٩٩.

سەعید کاوە، بەو پروپاگەندانەی ڕژێم بەو جۆرە وەڵامدەداتەوە:"مەگەر حیزب ئەو خەڵکەی داوەت نەکردببوو ؟ لەسەر داوای حیزب ئەو خەڵکە لەنەغەدە کۆنەبوبۆوە؟ ئەگەر مەبەستی حیزب کوشتاری نەغەدەبایە، بۆ بەئاشکرایی و ڕۆژی ڕوناك ئەو کارەی دەکرد، نەدەکرا بێ دەنگ بەسەریان داداو هەرچی ویستبای کردبای‌و زەرەریش وەکوردەکان نەکەوتبایە."[1]

هەرچۆنێك بێت دوای چۆڵکردنی نەغەدە لەلایەن هەزاران ماڵە کوردەوە، لیژنەیەك بەناوی (هیئت حسن نیت/ لیژنەی نیازپاکیی) لەکوردو ئازەکان‌و کاربەدەستانی دەوڵەتیی بەمەبەستی جیاکردنەوەی هێزەکان‌و ئاساییکردنەوەی دۆخەکە پێکهات. حیزبی دیموکرات کەدەنگی سەرهەنگ زەهیر نژادیان لەشەپۆلی (F.M)ە وەرگرتبوو کە فەرمان بەهێلێکۆپتەرە ئێرانییەکان دەدات تەقە لەکوردەکان بکەن‌و ئەو دەنگەیان لەسەر کاسێت تۆمارکردبوو، تەسلیمی لیژنەکەیانکردو داوایانکرد زەهیر نژاد بەتاوانی کوشتنی کوردی بێدیفاع سزابدرێت، بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەت نەك هەر ئەو مەسەلەیان بێ بایەخ وەرگرت، بەڵکو لەکاتی کۆبوونەوەکانی لیژنەکەدا هاوسەفەرێکی نوێنەرە کوردەکانی لیژنەی نیازپاکیی بەناوی (عوسمانی کەریمی) فڕێندراو پاش ماوەیەك لاشەکەیان لەچۆمی گادەردا دیتەوە.[2]

بەمجۆرە، بەپراکتیزەکردنی پیلانی نەغەدە، دوژمنایەتیی نێوان دووگەلی بێ مافی غەیرە فارسی کوردو عەجەم بەتوندترین شێواز زیندوبووەوە، بەجورێك جگە لەئاژاوەگێڕانی ڕژێمی نوێ‌و باڵی ئاینیی توندڕەو هیچ کام لەم دوو گەلە جگە لەزیان سوودێکیان لێ نەبینی.

---

([1]) هـ.س ، ل ١٩٦.

([2]) بلوريان ، س.پ ، ل ٣٠٤–٣٠٥ " حسن زاده، س.پ، ل ١٥٠.

### ج – هاندانی ئاغاو موڵکدارەکانی کوردی تێکدانی یەکێتی ڕیزەکانی گەل:

هەڵگیرسێنەرانی شەڕی نەغەدە، دوای ئەوەی دوژمنایەتیی کوردو عەجەمیان نوێکردەوەو لەولایەنەوە پیلانەکەیان شوێنی خۆیگرت، ئینجا بۆ خۆشکردنی ئاژاوە لەنێوخۆی گەلی کوردو تێکدانی ڕیزەکانی کەوتنەکار. لەکاتێکدا خومەینیو لایەنگرانی بەتوندیی دژی چەکداربوونی ڕێکخراوو حیزبە سیاسییەکانی کوردستانو کۆمەڵانی خەڵکی ئازادییخواز بوون. هەر لەوکاتەدا کۆمیتە ئیسلامییەکانی شاری ورمێو نەغەدە کەوتبوونە چەکدارکردنی ژمارەیەك لەئاغاو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەی شنۆو خانەی وەك: شێخ تەهای گەسکەك، علیباپیر ئاغای مەنگوڕ، برایم نەوزەریو حەسەن ئاغای شکاكو دەستیان بەپشتیاندا دەهێناو خوازیاری ئەوەبوون لەسایەی کۆماری ئیسلامییدا ڕێو ڕەسمیی دەرەبەگایەتیی ببوژێننەوە.[1]

شایەنی باسە، لەپاش رووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی، ژمارەیەك گرفتی کۆمەڵایەتیی لەئێرانو کوردستاندا دەرکەوتن کە ئاکامێکی ڕاستەوخۆی سیاسەتی ئابوورییو کۆمەڵایەتییە تێکدەرانەکەی محەمەدڕەزا شا بوو، بەتایبەتیی زیندووبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان موڵکدارو جووتیارو مەسەلەی زەوی، کە هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە کوردستانی ئێرانیشدا زەقبووەوە. وەك دەزانرێت لەسایەی ریفۆرمی زەوی کەپێشتر لە دەورانی حوکمی محەمەدڕەزادا لە کوردستان بە نیوەناچڵیی جێبەجێ دەکرا، تێکڕای جووتیارانی کورد بەشێوەیەکی دادپەروەرانە زەویان بەرنەکەوت. چونکە بەشێکی زۆر لەموڵکدارو ئاغاکان لەڕێگای بەرتیلدانو پەیوەندیی شەخسیانەوە، بەشێکی باشی زەوییەکانیان بۆ خۆیان هێشتەوەو لەدابەشکردنیان پاراستن. دوای سەرکەوتنی شۆڕش، جووتیاران چاویان لەوە بوو ئەم ستەمەی دەورانی ڕژێمی پەهلەوییان بۆ قەرەبووبکرێتەوەو زەوی موڵکدارەکان بەسەریاندا بەجۆرێکی دادپەروەرانە دابەشبکرێتەوە. هەرچی ئاغاکانیشە خۆیان بەستەملێکراو دەزانیو پێیان وابوو ریفۆرمی زەوی کارێکی زاڵمانەی ڕژێمی رابردوو بووەو لەسایەی ڕژێمی نوێدا

---

(1) رسول، س.پ ، ل ٩١، عبدالرحمن، سامي، البديل الثوري في الحركة التحررية القومية، التقرير السياسي للمؤتمر التأسيسي لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، ب.م، ٢٦-٣٠ تموز ١٩٨١، ص ٣٤-٣٥.

موڵکە زەوتکراوەکانیان بۆ بگەڕێتەوەو پێویستە جووتیارانیش موڵکانەو هەقی لەوەڕگای چەندساڵەی رابردوویان بۆ ببژێرن.[1]

ناکرێت لێرەدا خۆ لەو راستییە ببوێرین کە جووتیارەکانیش لەژێر کاریگەریی ئەو فەزا چەپەی ئەودەمی کوردستان ئێرانداو بەهاندان و پشتگیریی هێندێك هێزی چەپی وەك کۆمەڵە، بەتوندیی دژی ئاغاو سەرەك عەشیرەتەکان دەبزووتن و دەیانویست لەکورترین ماوەدا ئاسەواری ئاغایەتیی و عەشیرەتیی لەکوردستان بن بڕکەن. ح.د.ك.ا لەم نێوەدا پێی وابوو کەپاراستنی ریزەکانی گەل لەو قۆناغە ناسکەدا ئامانجی سەرەکییەو ساخکردنەوەی کێشەی زەوی پێویستە لەڕێگای یاساییەوە ئەنجامبدرێت و چاوەڕێ بکرێت تا دەوڵەت قانونی نوێ لەو بارەیەوە پەسەند دەکات. هەروەها ئاغاو سەرەك عەشیرەتەکانیشی ئاگادارکردەوە کە ئەو چەکانەی لەکۆمیتە ئیسلامییەکانیان وەرگرتووە یان تەسلیمی حیزبی بکەن، یا بیگەڕێننەوە. چیدی جووتیارانیش بۆموڵکانەی کۆن و هەقی لەوەرگا نەخەنە ژێر فشار. دوای ئەم هۆشیارکردنەوەیەی حیزبی دیموکرات، هێندێك لەو ئاغایانەی چەکیان وەرگرتبوو وەك شێخ تەهای گەسگەك چەکەکانیان بۆ کۆمیتەکان گەڕاندەوە.[2]

ئاغایانی مەنگوڕ کە سەدان پارچە چەکی برنۆیان لە ژاندرمەری ورمێ وەرگرتبوو، ئامادەنەبوون وەڵامی ئەو داواکارییەی حیزب بدەنەوەو لەدوولاوە خۆیان بە مەغدور دەزانی. یەك لەکاتی چەکداماڵینی پادگانی مەهاباد، چەکیان وەدەست نەکەوتبوو، دوو بەرگریی حیزبی دیموکرات لە جووتیارەکان و ڕێگەنەدان بەئاغاکان تا موڵکانەی رابردوویان لێوەرگرن. هەربۆیە ئاشکرا کەوتبوونە دژایەتیی ح.د.ك.ا و ناوچەی مەنگوڕایەتیان بەڕووی چالاکییە سیاسیی و ڕێکخراوەییەکانی ئەو حیزبەدا داخست و چەکدارییان لەسەر ڕێگاوبانەکان دامەزراندبوو.

پێویستە بوترێت کە کەسانی وەك مەلاحەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ و سەرهەنگ زەهیر نژاد ڕۆڵێکی سەرەکییان لەهاندان و هەڵوێستی توندڕەوانەی ئاغا مەنگوڕەکاندا هەبوو، چونکە ئەوان جگە لەداخستنی ناوچەی مەنگوڕایەتی بەڕووی ح.د.ك.ا دا،

---

([1]) حسن زادە، س.پ ، ل ١٥٢-١٥٣، گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو ، ل ١٩٥.

([2]) بلوریان، س.پ ، ل ٣٠٦.

دەشیانویست لە ئایندەدا ئەوناوچە گرنگ‌و ستراتیژییەی مەنگوڕایەتی بکەنە لەمپەر لە نێوان مەهابادو سنووری عێراق– ئێراندا. مەسەلەیەکی وا کە لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە بە گرنگ وەرگیرا. هەربۆیە دوای ئەوەی چ ڕێگەیەکی هێمنانەی لەبەردەمدا نەمایەوە، پەلامارێکی چەکدارانەی کردە سەر ئاغاکانی مەنگوڕو چەکەکانی لێداماڵین‌و ڕێگای کەڵەگایی‌و دەستدرێژیی کردنەسەر جووتیارەکانی لێگرتن. لەهەمان کاتیشدا وێڕای ئەو سەرکەوتنە، ڕێگەنەدرا سوکایەتیی بەو ئاغایانە بکرێت‌و غەنی بلوریانی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، سەردانی مەنگوڕەکانی کردو دڵنەوایی کردن. بەڵام ڕژاندنی خوێن بووە هۆی ئەوەی لەئایندەدا ئاغاکانی مەنگوڕ بیری تەسکی تۆڵەسەندنەوەیان بەسەر ئاکاری کوردانەو مێژووی پڕ سەروەرییاندا زاڵ بێت‌و لەگەڵ تێکهەڵچوونی کوردو ڕژێمی نوێ بەدژی گەلی کوردو ح.د.ك.ا، وەك بەکرێگیراوی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی بجەنگن.(1)

**د- پیلانی مەریوان:** مەریوان شارێکی خنجیلانەیەو سەر بەئوستانی کوردستانە، لە خۆراوای شاری سنەوە ١٢٦کم دوورە، تێکڕای ڕووبەرەکەی ٣٨٢٨کم یەو ١٢٧٣م لەڕۆخی دەریاوە بڵندە، دانیشتووانی ئەم شارە بە پێی ئاماری فەرمیی ساڵی ١٩٧٩ بریتیە لە ١٢٠٤٥١ کەس کە ١٢٦١٠کەسیان لەشارو باقی دیکەیان کە ١٠٨٤١ کەس دەکات لەگوند نیشتەجێ بوون. مەریوان ناوچەیەکی کوێستانەو زنجیرە چیاکانی چلچەمەو پشتی شەهیدان پیایدا تێدەپەڕن کە بەناونگترین کێوەکانی: پیرالیاس، هەرەس ماڵ، کەنۆڵانەو بەرزترین لوتکەکانی: سوڵتان ئۆغزلۆ، شاخەڕەش‌و سێ کوچکەن. دەریاچەی زرێواری بەناوبانگ کە (٣٢،٠٠٠٠٠٥)م٢ ئاو تێدایە، دەکەوێتە سێ کیلۆمەتری خۆرئاوای شاری مەریوانەوە، بەناوبانگترین چۆمەکانی: گردەلان، گوڵچیدەر، چاویکان‌و کانی بان.(2)

---

(1) ه.س ، ل ٣٠٨.

(2) کورد، س.پ، ل ل ٩٢١–٩٢٨.

دوای ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهیی، مەسەلەی زەوی لەناوچەی کشتوکاڵیی مەریوانیشدا یەکێك بوو لەمەسەلە گرنکەکانی وەخت، کۆمەڵە کەلەم ناوچەدا نفوزێکی بەرفراوانی هەبوو، لەڕێگای یەکێتیی وەرزێرانی مەریوانەوە ڕۆڵێکی گەورەی لەکۆکردنەوەو تیژکردنی جووتیارە بیٚ زەوییەکانی مەریوان دژی موڵکدارو دەرەبەگەکانی ناوچەکەدا گێرا، شایەنی باسە لەسەروبەندی تیژبوونی ئەم ناکۆکییانەدا کۆمیتە ئیسلامییەکانی مەریوان بۆ قۆزتنەوەی مەسەلەکە کەوتنە کار و هەروەك ناوچەی شنۆ و نەغەدە کەوتنە ڕاکێشانی ئەو ئاغاو دەرەبەگانەی لەلایەن جووتیارانەوە هەڕەشەی دابەشکردنی زەوییەکانیان لێدەکرا. ڕاستییەکەی خودی خومەینی بەباشیی ئاگای لەکێشەی جووتیارو ئاغاکانی کوردستانی ئێران هەبوو، چونکە لە ١٣ی تەموزی ١٩٧٩، وەفدێکی جووتیارانی کورد سەردانی قوم یان کردو چاویان بەخومەینی کەوت‌و مەسەلەکانیان بە بۆچوونی خۆیان بۆ شیکردەوە، لەگەڵ ئەوەش دەسەلآتدارانی ڕژێمی نویٚ جگە لەچەکدارکردنی دەرەبەگ وموڵکدارەکان، هەوڵیاندا لەڕێگای هێنانی پاسدارانی ئیسلامیی بۆ شاری مەریوان زیاتر دەسەلآتی خۆیان بسەپێنن‌و ئازادیی کۆمەڵەو چریکەکان بەرتەسك بکەنەوە. ئەم ڕەوشەی دەسەلآتدارانی ئێران کەبووە هۆی توڕەبوونی خەڵکی شارو پەلاماری کۆمیتەی ئیسلامیی شاری مەریوانیانداو دەریانکردن.[1]

پاسدارانی ئیسلامیی کە لەبنەڕەتەوە بۆ سەپاندنی دەسەلآتی کۆمیتە ئیسلامییەکان هاتبوونە ناوچەکە بەتوندیی بەگژ خەڵکی مەریواندا چوونەوەو تەواوی شەقام‌و کۆڵانەکانی شاریان کۆنترۆڵکردو جگەلەوەی هانی دەرەبەگەکانیاندا پەلاماری جووتیارەکان بدەن، بۆخۆشیان کەوتنە ڕاونان‌و گرتنی لاوانی کورد. ئەم ڕەفتارەی پاسداران بووە زیاتر توڕەبوونی خەڵکی شاری مەریوان‌و بڕیاریاندا بەگشتیی وەك ناڕەزاییەك شارەکەیان چۆڵ بکەن. کۆمەڵە لەڕێگای ڕێکخراوەکانییەوە داوای لە جەماوەری شارەکانی کوردستان کرد پشتی ئەو ئیعترازە گشتییەی خەڵکی مەریوان بگرن.[2] ئەوە بوو لەدوا ڕۆژەکانی تەموزی ١٩٧٩دا، کۆمەلآنی خەڵکی شاری سنە

---

([1]) گادانی ، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل ٥٥–٥٦.

([2]) مدرسی ، س.پ ، ل ٢٠.

ڕێپێوانێکی گشتییان سازداو کەسایەتیی هێزە سیاسییەکانی وەك کۆمەڵەو حیزبی دیموکراتو یەکێتیی ژنانی سنە پێشیانکەوتن. خۆپێشاندەران بەتوندیی دژی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی و پاڵپشتی دەرەبەگەکان و ئاژاوەگێڕیی پاسداران هەڵوێستیان گرت و ئەو پرۆپاگاندانەی رادیۆو تەلەفیزیۆنی ئێرانیان بەدرۆخستەوە کە سەبارەت بەرووداوی مەریوان بڵاویان دەکردەوەو بەهاندانی ئەمەریکاو ئیمپریالیزمیان دەزانی. هەروا خۆپێشاندەران داوای بەردانی گیراوەکانی مەریوان و کێشانەوەی هێزی پاسدارانیان لە کوردستان دەکرد.[1]

هەرچەندە رووداوی مەریوان بەتەواویی ناڕەزایەتیی خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستانی بەدژی سیاسەتی باڵی ئاینیی توندڕەو ئاژاوەگێڕانی ڕژێمی نوێ پێشاندا، کەچی هەنگاوێکی ئەرێییانە لەلایەن حکومەت و خومەینیەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخە ئالۆزەی کوردستان هەڵنەگیرا. لەڕاستییدا، خومەینی سەرەتا پەنجەی تاوانباریی بۆ یەکێتی شورەویی ڕادەکێشاو کاتێك لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٧٩دا، چاوی بە(فینۆکرادۆڤ)ی باڵیۆزی شورەویی لەتاران کەوت، هۆشیاری کردەوە کە شورەویی هەوڵی ئاژاوەنانەوە لەکوردستانی ئێراندا نەدات. ئەوەبوو کاتێك فینۆکرادۆڤ هەر پەیوەندییەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی دەوڵەتەکەی بەرووداوەکانی کوردستان رەتکردەوەو دڵسۆزیی شورەویی بۆ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دووپاتکردەوە. خومەینی بەجۆرێکی زۆر ناشرین وەڵامی داوەو پێی وت:"هەندێك جار درۆزن نازانێت ئەوەی بەرامبەری دەزانێ درۆ دەکات، هەندێك جاریش درۆزن دەزانێت کە بەرامبەری بەدرۆزنی دەزانێت بڕوای پێ ناکات، ئەوەی جەنابی سەفیر دەفەرمووێ لەجۆری دووەمە".[2]

دیارە تاوانبارکردنی شورەویی لەلایەن خومەیینیەوە وەك ئاژاوەگێڕ لەکوردستانی ئێراندا یان لەڕووی بێئاگایی ناوبراوەوە بوو، یا بۆ تاوانبارکردنی کورد بە کۆمۆنیستیی و پەردەپۆشکردنی پیلانەکانی ڕژێمی نوێ بوو لەوهەرێمەدا. چونکە وەك دیارە یەکێتیی شورەویی یەکەمین دەوڵەت بوو لە شوباتی ١٩٧٩، دانی بە حکومەتی کاتی بازرگاندا ناو دواتر (لئونید بریجنێف) پێشەوای کۆمسیۆنی گشتیی شورای باڵای یەکێتیی شورەویی

---

(1) اطلاعات ، ٢٨ تێرماه ١٣٥٨.

(2) روبنشتين، الفين ، الاتحاد السوفيتي وايران خميني، في: دراسات ايرانية، ص ١٦.

پشتگیری وڵاتەکەی بۆ شۆڕشی ئێران دووپاتکردەوەو لەنامەیەکیدا بۆ خومەینی، پیرۆزبایی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی لێکردو شۆڕشەکەی بەشۆڕشی خەڵکی ئازادییخوازی ئێران دژی شای دیکتاتۆرو ئیمپریالیستی جیهانیی ناوبرد. هەروەها بریجنێف ئێرانی لەوە دڵنیاکردەوە کە یەکێتیی شورەویی بەگەرمیی لایەنگریی سەربەخۆیی و یەکێتیی خاکی ئێرانەو خوازیارە بەزووترین کات پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوو وڵات لەگشت بوارەکانی ئابووریی، بازرگانیی، فەرهەنگیی بەرقەراربێت.[1]

لەڕاستییدا، شورەویی لەزۆر ڕووەوە رووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی و سیاسەتی دەرەوەی ڕژێمی نوێی بە قازانج بوو. هاتنەدەرەوەی ئێران لەپەیمانی سەنتۆ، داخستنی پێگە جاسووسییەکانی ئەمەریکا لەباشووری شاری مەشهەدی ئێران، کۆتاییهێنان بەڕۆڵی ئێران وەك ژاندارمی ڕۆژئاوا لەکەنداوو ناوچەکە، بڕینی پەیوەندیی ئێران بە ئیسرائیل و ئەفەریقای باشوور، لەباوەشگرتنی رێکخراوی رزگارییخوازی فەلەستین و دژایەتییکردنی سیاسەتی ئەمەریکاو ئیسرائیل لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەموو ئەوانە لەبەرژەوەندیی تەواوی شورەوییدا بوون. هەربۆیە لەم قۆناغەدا شورەویی خوازیاری ئەوەبوو جگە لە هێشتنەوەی پەیوندیی ئابووریی و بازرگانییەکانی لەگەڵ ئێراندا، سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بەهەمان شێواز بەرەو پێشەوە بڕوات و لەنێوخۆدا رووداو ئاژاوەیەکی وا نەقەومێت کۆسپ بۆ ڕژێمی نوێ بێنێتە پێش، هەر لەم ڕووەوە دەتوانرێت لایەنگریی حیزبی تودە لە خومەینی و هاوسەنگەریی ئەم قۆناغەیان لەگەڵ باڵی ئاینییدا لێکبدرێتەوە.[2]

هەروەها دکتۆر محەمەد موکری یەکەمین باڵیۆزی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لە رووسیا، لەچاوپێکەوتینێکدا لە ١٩ی حوزەیرانی١٩٧٩، لەتاران ڕایگەیاند کە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و شورەویی زۆرباشەو لەو دواییەدا چاوی بە(گرۆمیکۆ)ی وەزیری دەرەوەی شورەویی کەوتووە. ناوبراو واتە گرۆمیکۆ، بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران گەلێك خۆشحاڵە و بەسەرهەڵدانێکی جیهانیی داوەتە قەڵەم. موکری جگە لەوەی ڕایگەیاند کە شورەویی لە دوورونزیکەوە پەیوەندییان بە رووداوەکانی ئەو دواییەی کوردستانەوە

(1) بامداد ، تهران، ٧ خردادماه ١٣٥٨.

(2) روبنشتین، س.پ ، ل ل ٧–١٠.

نییە. ئەوەشی دووپاتکردەوەوە، تاقمە چەپگەراکانی کوردستان بەدرۆ ناوی ئازادییخوازییان بەخۆدا هەڵواسیوەو لەبنەڕەتدا پیاوی ئەمەریکاو ئیسرائیلن‌و لەلایەن مۆسادو ساواکەوە پشتگیریی دەکرێن‌و بەهیچ جۆرێك ناکرێت بە دۆستی شورەویی دابنرێن.(١)

تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کە بەدرێژایی مێژووی هاتنەناوەوەیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردو هێزە سیاسییەکانی کوردستانیان بەچەپ‌و سەر بەشوورەویی‌و هەوڵی کۆمۆنیستیی ناوزەد کردووە، لەم قۆناغەدا دڵنیابوون کە شورەویی دەستێکی لەو رووداوانەی کوردستانی ئێراندا نییە. سەفارەتی ئەمەریکا لەتاران لە ڕاپۆرتێکی زۆر نهێنیی خۆیدا نوسیوە:"لەکاتێکدا لە رابردوودا شورەوییەکان جارجارە هاوکاریی کوردەکانیان کردووە، بەڵام حاڵی حازر بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی مەسەلەیەکی وا لەگۆڕێدا نییە."(٢)

بەهەرحاڵ هێشتا رووداوی مەریوان هێور نەببۆوە کە پیلانێکی دی لەشاری پاوە خوڵقێنرا. ئەو پیلانەی بەدوایدا فەرمانی لەشکرکێشیی خومەینی بۆ سەر کوردستانی ئێران راگەیاندرا. ئەو لەشکرکێشییەی کەبووە فاکتەری هەڵگیرساندنی شەڕێکی سەرانسەریی لەکوردستاندا کە بە(شەڕی سێ مانگە) ناودەبرێت.

---

(١) جمهوری اسلامی، تهران، ١٩ خردادماه ١٣٥٨.

(٢) اسناد لانه جاسوسی، سند شماره: ٢٠، موضوع: کردهاو مسکو، تأریخ: ١٤ می ١٩٧٩، ص ١٣٥-١٣٦.

## باســـی چوارەم: لەشکرکێشیی ڕژێمی کۆمــاری ئیســـلامیی بۆ سەر کوردستانی ئێران و هەڵگیرساندنی شەڕی سێ مانگە

وەك پێشتر ئامانژەی بۆکرا، پاش ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەویی و لێکترازاندنی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لە کوردستانی ئێران، هەلومەرجێکی ئازادو ئاوەڵا پێکهات و ئەو بۆشاییەی کە دروستببوو وردە وردە لەلایەن ڕێکخراوو هێزە سیاسییە خۆجێییەکانەوە بەرەو پڕبوونەوە دەچوو، بەجۆرێك هەریەك لەوانە ئازادانە بانگەشەیان بۆ دیدو بەرنامەکانیان دەکردو چالاکیی سیاسیی و ڕێکخراوەیی خۆیان ئەنجامدەدا. جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کوردیش پاش سڕبوونێکی چەندەها ساڵە، لەم قۆناغە نوێیەدا بوژایەوەو ح.د.ك.ا کە لەم نێوەدا بەدروشمی "دیموکراتیی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان" چالاکانە هاتبووە مەیدان، بەشێوەیەکی خێرا پەرەی دەگرت و هۆشی نەتەوەیی جگە لەهەرێمی موکریان لەناوچەکانی ناوەندو باشووری کوردستانیش بەخێرایی گەشەی دەکرد. بەکورتیی لەکوردستانی ئێراندا فرەلایەنیی و ئازادییە دیموکراتییەکان بوژانەوەو کۆمەڵانی خەڵك ئومێدێکی گەشیان بەئایندە هەبوو.

لەبەرامبەر ئەو ڕەوتەدا، باڵی ئاینیی توندڕەو شێلگیرانە پاش ڕاگەیاندنی فەرمیی کۆماری ئیسلامیی لەناوەندو شارە مەزنەکاندا بۆ پاوانکردنی دەستکەوتەکانی شۆڕش کەوتبوونەخۆو لایەنگرە چەکدارەکانی حیزبی جەمهوریی ئیسلامیی و کۆمیتەو پاسدارەکانی خومەینی، لەزۆربەی ئەو شارانەدا بەکردار دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتبوو. هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران ئەوانەی بەقەولی ڕێبەرانی باڵی ئاینیی بەشداریی و ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لەشۆڕشی ئیسلامیدا نەبوو، هەلی بەدەستەوەگرتن و بەشداریی دەسەڵاتیان زۆر کەم بوو.

شایەنی باسە، دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی، باڵی ئاینیی خوازیاری ئەوە بوو دەستوری ڕژێمی نوێ بەشێوەیەك بێت لەسەدا سەد بۆچوونەکانی ئەوان لەمەڕ سیاسەت و دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتیی لەئێراندا بسەلمێنێت و بیرۆکەی ویلایەتی فەقیە بکاتە کوچکەیەکی بنەڕەتیی قانونی ئەساسیی. هەربۆیە بەپێچەوانەی وڵاتانی دی و

هەروەك باوە، خومەینی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێت ڕەشنووسی قانونی ئەساسیی لەلایەن کۆمسیۆنێکی پازدە کەسییەوە ئامادە بکرێت کە هەشت کەسیان لە ڕۆحانییە بونیادگەرەکانی شیعەمەزەب پێکبێن‌و دواتر بخرێتە بەردەم مەجلیسێك بەناوی (مجلس خیبرگان/ ئەنجومەنی شارەزایان) تا گفتوگۆو بڕیاریان لەسەر بدرێت. ئەو مەجلیسەی کە دەبێت ئەندامەکانی بەهەڵبژاردنێکی سەرتاسەریی ئوستانەکانی ئێران دابمەزرێت‌و لەمزگەوتەکاندا دەنگیان بۆ بدرێت.(١)

لەتارانی پایتەختدا، ژمارەیەك لەو ڕێکخراوانەی بۆ مافەکانی گەلانی غەیرەفارس لەئێراندا تێدەکۆشان بەمەبەستی لەبەر چاوگرتنی داواکاریەکانیان لەقانونی ئەساسییدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێمی نوێوە هەستان بەبەستنی کۆنفرانسێك لەزانستگەی تاران بەناوی (کنفرانس همبستگی خلقهای ایران/ کۆنفرانسی هاوکاریی گەلانی ئێران) کە تێیدا لەژێر دروشمی (ویستی خەڵکی ئێران لەقانونی ئەساسیی)دا بۆ ماوەی ٨ ڕۆژ هەر لە ١٩ی حوزەیرانەوە تا ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٧٩ بەردەوامبوو. شایەنی باسە، گرنگترین ئەو دەستەو ڕێکخراوانەی لەکۆنفرانسەکەدا بەشداربوون بریتییبوون لە: جەبهەی دیموکراتیك میللیی ئێران، کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی پایتەخت، ستادی ناوەندیی شوراکانی تورکمان سەحرا، سازمانی دیموکراتیکی گەلی بلوجستان، خانەی بلوچ، تاقمی لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی ئازربایجان، سازمانی چریکە فیدائییەکان... هتد، لەم کۆنفرانسەدا زۆر وتاری پڕ نێوەڕۆك لەسەر پێویستی دابینکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان‌و مافی مرۆڤ لەئێرانداو لەبەر چاوگرتنی مافی گەلانی غەیرەفارس لەو وڵاتەدا پێشکەش کرا.(٢)

هەروەها دوای کۆنفرانسەو بە پشتگیریی کەسایەتیی ڕۆشنبیرو ناسراوی ئێرانی (د. هیدایەتوڵڵا مەتین دەفتەری) ناوەندێك بەناوی (کانون دیموکراتیکی خلقهای ایران/ ناوەندیی دیموکراتیی گەلانی ئێران) لەتاران دامەزرێنرا بەمەبەستی وەدوکەوتنی مافی گەلانی غەیرەفارس‌و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئازادییە دیموکراتییەکان لەئێراندا. ئەم

---

(١) السبکی، س.پ ، ل ٢٤٣-٢٤٤.

(٢) گادانی ، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ٢٠٦.

ناوەندە پاش بەستنی یەکەم کۆبوونەوەیان لەتاران بڕیاریاندا کۆبوونەوەی ئایندەیان لەرۆژی ٩ی ئەیلولی ١٩٧٩ لەشاری مەهاباد ببەستن.[١]

حکومەتی کاتیی مەهدی بازرگان، رۆژی ٣ی ئابی ١٩٧٩ی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگان کە ٧٥ کەس بوون، لەسەرانسەریی وڵاتدا راگەیاند. هەڵبژاردن بەشێوەی پارێزگاکان دەچوون بەرێوە. ح.د.ك.ا کە لەئازەربایجانی خۆرئاوا دوو ئەندامی خۆی (د. قاسملوو بلوریان)ی کاندید کردبوو، وێڕای ئەو دەستێوەردانە زۆرەی باڵی ئاینیی و خۆهەڵقورتاندنیان لەدژایەتییکردنی کاندیدە کوردەکان، کەچی لەئوستانی ئازربایجانی خۆرئاوا، د. قاسملو بە ١١٣٧٧٣ دەنگ بۆ مەجلیسی خیبرەگان هەڵبژێردرا.[٢] لەڕاستییدا، ئەو هەڵبژاردنە ئەزموونێکی باش بوو بۆ تاقیکاری لەنێو جەماوەردا. چونکە حیزبی دیموکرات وێڕای پیلانەکانی باڵی ئاینیی تادەهات زیاتر لەخەباتی سیاسیی ئاشکرا سوودی دەبینیو جەماوەری بەرینتر دەبوو. مەسەلەیەکی وا کە بەجارێك بۆ ئەو باڵە جێگای داخو پەژارە بوو. هەربۆیە لەسەر نانەوەی ئاژاوەو پیلانگێڕان بەردوام بوون.

شایەنی باسە، کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.ا کە کەمو زۆر ئاگاداریی ئەو ئاژاوەگێڕییەی باڵی ئاینیی بوون لەرۆژی ٦ی ئابی ١٩٧٩دا، نامەیەکی ئاواڵەیان ئاراستەی خومەینی کرد، کە تێیدا ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردیان وەبیر هێنابۆوەو دووپاتیان کردبۆوە کە گەلی کورد هاوڵاتی وەفاداریی ئێرانن و ئاشتییخوازن و هیچ کاتێ بۆ لەتکردنی خاکی ئێران کار ناکەن. نامەکە داوای لەخومەینی کردبوو کە زەمینە بۆ یەکتربینیی راستەوخۆ بڕەخسێنێ تا لەنزیکەوە قسە لەسەر خواستەکانی گەلی کورد بکرێت و پەردە لەسەر ئەو هەواڵە ناڕاستانە هەڵبماڵرێت کە لەلایەن هەندێك لەرۆژنامە فەرمییەکانی تارانەوە لەسەر کوردستان بڵاو دەکرێنەوە.[٣]

لەلایەکی ترەوە، سەرکردایەتیی ئەرتەشی ئێران کە زیاتر لە جەنەڕاڵە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی فارس پێکدەهاتن و دوای رووخاندنی رژێمی شاهنشاهیی پێیان وابوو

---

([١]) هـ.س ، ل ٢٠٦.

([٢]) حسن زادە، س.پ ، ل ١٥٩.

([٣]) Entessar . op, cit, pp 36-37.

دەبێت هەرچی زووترە بوونی خۆیان لەهەرێمە کوردنشینەکاندا بسەلمێننەوەو رێگای لەبەرفراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسییو چەکداریی رێکخراوە سیاسییەکانی وەك کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات بگرن، بەتایبەت لەم قۆناغەدا کە هەر لەئازەبایجانی خۆرئاواوە تاکو سنەو کرماشان لەژێر نفوزی ئەو دوو رێکخراوەدا بوون. شاری مەهابادیش کە پادگانی تێدا چەك کرابوو، بێئەوەی هیچ کۆنترۆلێکی ناوەندیی لەسەر بێت ببوە ناوەندییکی ئازادانە کاری سیاسییو رێکخراوەیی گشتیی حیزبو گروپە ئێرانییە سەراسەرییەکان.

سەرکردایەتیی ئەرتەش بۆ گەڕاندنەوەی هێزە سەربازییەکان بۆ شاری مەهاباد دەستەیەك سەربازی حەوت کەسییان بەسەرپەرشتیی (سەرهەنگ سیستانی) ناردە مەهاباد. دوای چاوپێکەوتن، د. قاسملو پێی راگەیاندبوون کە خەڵکی داخ لەدڵی مەهاباد پێشتر سەربازخانەکەیان چەك کردووەو تازە رێگا نادەن ئۆردووی سەرباز بەچەکەوە لەچەقی شاردا دابمەزرێنەوەو گەر خوازیاری کارێکی لەوجۆرەن با لەدەرەوەی شار سەبازخانە دابمەزرێت. ئەو پێشنیازەی ناوبراو کە لەلایەن دەستەی ئەفسەرانەوە رەتکرایەوە بەو بیانووەی گەر سەربازخانەی مەهاباد بەچەكو سەرباز وەك پێشوو سیخناخ نەکرێتەوە ئەوا زەبر لەئابووریی ئەرتەش دەکەوێت.[1]

لەڕاستییدا، بەدرێژایی حەوت مانگی رووخاندنی رژێمی شاهەنشاهییو دامەزراندنی رژێمی کۆماری ئیسلامیی، لەگەڵ تێکڕای ئەو دانیشتنو چاوپێکەوتنو پەیام ناردنانەدا، نە خودی خومەینیو نە حکومەتی مەهدی بازرگان، سەبارەت بە مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد نیازپاکییەکیان پێشان نەدا.

بەهەرحاڵ رووداوەکان پێشانیاندا کە خومەینیو لایەنگرانی لەجیاتی دیموکراتیی بۆ ئێرانو خودموختاریی بۆ کوردستان، دیکتاتۆریی بۆ ئێرانو لەشکرکێشیان بۆ کوردستان پێ بەجێ بوو. هەربۆیە پێش هەر هەنگاوێك لە کوردستاندا چاوی سووریان پێشانی هێزە دیموکراتو چەپەکانی ناوەند پێشانداو لەوبارەیەوە گادانی کە لەتارانێ بووە بەچاوی خۆی رووداوەکانی دیتووەو نووسیوە:" لەرۆژەکانی ٢٢، ٢٣ی گەلاوێژدا/

---

([1]) بلوریان ، س.پ ، ل ٣٠٩-٣١٠.

١٣، ١٤ی ئابی ١٩٧٩-ل) هێزی ڕەش‌و کۆنەپەرست ڕژانە شەقامەکانی تاران بەتایبەت لەشەقامی شاهرضای جاران‌و ئازادی دوایە، هەرچی کتێبخانە بوو بەستیان، هەموو خوانچەی کتێب‌و رۆژنامە فرۆشیان ئاور تێبەردا، دەفتەری حیزبەکانی توودەو چریکیان داگیرکرد، هێرشیان کردە سەر موجاهیدەکانیش... پاسدارەکانی بەڕواڵەت شۆڕش دەرگای زانستەگەیان گاڵەداو جەوێکی ناسالم‌و کۆنەپەرستانە بەسەر تاراندا زاڵ بوو."[1]

سەبارەت بە کوردستانی ئێرانیش هێشتا خومەینی بڕیاری ئاشکرای پەلاماردانی دەرنەکردبوو، کە ڕێبەرایەتی ح.د.ك.ا بەنهێنیی لەلایەن (ڕەزا شەڵتوکی) ئەندامێکی کوردی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە ئاگادار کرایەوە کە ئەرتەشی ئێران نیازی پەلاماردانی شاری مەهابادی هەیە. هەروەها د. قاسملو لە کەناڵێکی دیکەوە ئاگادار بوو کە کەسانی وەك (ئیبراهیم یەزدی) وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی لەبنەوە خەریکی هاندانی خومەینین بۆ هێرشکردنە سەر کوردستانی ئێران.[2]

بەهەر حاڵ تەقینەوەی بارودۆخی شاری پاوە، سەرەتای ئەو لەشکرکێشییەی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر کوردستان بوو، وەك دەزانرێت لەو شارە سنوورییەدا کۆنە ناکۆکییەك لەنێوان خەڵکی شارو بەشێکی جافەکاندا هەبوو، ئەو ناکۆکییەی بەدەستێوەردانی ناڕاستەوخۆ حکومەتی عێراق‌و بەپیلانی ئاژاوەگێڕانی باڵی ئاینیی شەڕێکی خوێناویی لێکەوتەوە. پاسدارانی ئیسلامیی کە خوازیاری ئەوەبوون هەلومەرجە ئاڵۆزەکە بەقازانجی چەسپاندنی دەسەلاتیان لەپاوەدا بقۆزنەوە، بەگەرمیی خۆیان تیکەڵاوی ڕووداوەکە کردو ژمارەیەکیان لەخەڵکی شارەکە کوشت. هەربۆیە لەرۆژی ٨ی ئابی ١٩٧٩دا، خەڵکی شار تێکڕا دژی پاسدارانی ئیسلامیی ڕاپەڕین‌و شەڕو کوشتار تا هەفتەیەك درێژەی خایاند، مستەفا چەمرانی وەزیری بەرگریی لەرۆژی ١٧ی ئابدا، بەهێزێکی پەرداختەوە بەرەو پاوە کەوتەڕێ، خەڵکی ئەو شارە کە بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەگوندی (قۆری قەلای) نزیك پاوە مانیان گرتبوو، لەلایەن چەمرانەوە هێرشێکی توندیان کرایە سەرو ژمارەیەکیان لێکوژرا.[3]

---

([1]) گادانی ، ٥٠ ساڵ خەبات ، ل ٢٠٦-٢٠٧.

([2]) بلوریان، س.پ ، ل٣١٦ .، رسول ، س.پ ، ل١٢٣.

([3]) گادانی ، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ٢٠٧.

خومەینی کە تا ئەو دەمە هیچ ڕێپێدراوییەکی یاسایی نەبوو، بەناوی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامییەوە، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراوو دوور لەهەموو بەرپرسیارێتییەك لەڕۆژی ١٩ی ئابی ١٩٧٩دا، فەرمانیدا بەزەوی‌و دەریاو ئاسماندا هێرشبکرێتە سەر کوردستان‌و دژی شۆڕش لەناو بەرن. خومەینی لەبەشێکی فەرمانەکەیدا دەڵێت:" لەهەموو لایەکی ئێرانەوە تاقمە جیاوازەکانی ئەرتەش‌و پاسداران‌و خەڵکی بەشەرەف داوایان کردووەکە من فەرمان بدەم بەرەو پاوە بڕۆن‌و ئاژاوەکە کۆتایی پێبهێنن، من سوپاسیان دەکەم‌و ئاگاداری دەوڵەت‌و سوپاو ژاندارم دەکەم ئەگەر بەتۆپ‌و هێزی ئامادەوە تا بیست‌و چوار ساتی تر بەرەو پاوە نەڕۆن هەموویان بە بەرپرسیار دەزانم. من بەناونیشانی سەرکردەی گشتیی هێزەکان فەرمان بەسەرۆکی ستادی ئەرتەش‌و ژاندارم دەدەم بێ چاوەڕوانیی فەرمانی ترو بێ کات بەفیڕۆدان، بەهەموو هێزێکیانەوە بەرەو پاوە بجوڵێن... من ئەگەر تا بیست‌و چوار ساتی تر کاری موسبەت ئەنجام نەدرێت سەرانی ئەرتەش‌و ژاندارم بە بەرپرسیار دەزانم‌و السلام."[١] بەمجۆرە خومەینی بەدەرکردنی فەرمانی پەلاماردان هەم خۆی وەك سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران سەپاندو ئاگری یەکەمین شەڕو لەشکرکێشیی سەرتاسەریی بۆ سەر کورستانی ئێران هەڵگیرساند.

شایەنی باسە، دوای ئەو فەرمانەی خومەینی هێزەکانی لەشکری (٨)ی پیادەو (٦٤)ی زەرهی ئەرتەشی ئێران، لەگەڵ ژاندارم‌و پاسدارێکی زۆر بە پاڵپشتیی تۆپ، تانك، هێلیکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگیی، پەلامارێکی سەرتاسەرییان بۆ سەر کوردستانی ئێران دەستپێکرد. سەرەتا دوای داگیرکردنی پاوە بەرەو نەوسوود کشان‌و دواتر لە٢٣ ئابی ١٩٧٩دا، پەلاماری شاری سەقزیان داو پاش شەڕێکی قورس‌و پێکدادان لەگەڵ خەڵك‌و چەکدارەکانی کۆمەڵەو ح.د.ك.ا و کوشتنی ٣٨ کەس لەسوپاو ٩٠ کەس لەخەڵکی شار، سەقزیش کەوتە بەردەستی هێزەکانی ئێران.[٢]

هەروەها لەیەکەمین ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی ڕێکەوتی ٢٤ی ئابی ١٩٧٩دا، بەفەرمانی ئەرتەش‌و پشتگیریی پاسداران، لایەنگرانی ئەحمەدی موفتی زادە لە سنە هەڵیانکوتایە

---

(١) بڕوانە دەقە فارسیەکەی: ئەمین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل ١٢٥.

(٢) هاوکاری، ١٩٧٩/٨/٢٨.

سەر بارەگاکانی ح.د.ك.ا و كۆمەڵەو شەڕیان هەڵگیرساند، كە بەهاتنەناوەوەی هێزە ئێرانییەكان بۆ شاری سنە كۆتایی هات.(١)

پێویستە بوترێت كە حیزبو رێكخراوە سیاسییەكانی كوردستانی ئێران ئامادەباشییەكی ئەوتۆیان تێدانەبوو بتوانن لەشارەكاندا رووبەڕووی پەلاماری ئەرتەشو ژاندارمو پاسدارانی ئێرانیی بوەستن. بەهێزترینی ئەو رێكخراوانە ح.د.ك.ا بوو هێشتا چوار مانگ بەسەر خەباتی ئاشكرایدا تێپەڕی نەكردبوو لەمەیدانی رێكخراوەیی، حیزبیی، پارتیزانییەوە كادری لێهاتووو بەئەزموونی ئەوتۆی نەبوون بەرەنگاری ئەركێكی وا گران ببنەوە. جگەلەوەی رێكخراوەكانی كوردستان هەر لەبنەڕەتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەكدارانەی ئەرتەش بەرنامەیەكیان نەبوو. ئەوان كە سەرقاڵی خەباتی سیاسیی و جەماوەریی بوون، بیریان لەدابینكردنی چەكو كادری لێوەشاوەی پارتیزانو ئازووقەو خواردەمەنیی و بنكەی پارێزراوی سەر سنوورەكان نەكردبووەوە. بگرە لەم رووەوە نەخشەیەكی پاشەكشەی رێكو پێكیشیان نەبوو.(٢)

ناكۆكیی و دووبەرەكیی هێزەكانی سەرشانۆی سیاسیی كوردستانی ئێرانیش لەلایەكی ترەوە بوەستێ، كە كۆسپی گەورەی رێگای پێكهاتنی بەرەیەكی سیاسیی-چەكداریی یەكگرتوو بوو دژی هاتنەناوەوەی سوپای ئێرانی بۆ شارەكانو پاراستنی ئەو فەزا ئازادەی لەدوای رووخاندنی رژێمی پەهلەوییەوە لەكوردستان وەدی هاتبوو. بەجۆرێك سەعید كاوە لەم رووەوە دەڵێت:"ململانەی پارتو رێكخراوە سیاسییەكان لەگەڵ یەكتر، بازاڕی گەرمی ئەو كاتەی پێك دێنا، رێكخراوە بەنێو سیاسییەكان لەبەر ململانەو رقو كینە لەگەڵ یەك ئاگایان لەرژێم بڕابوو، تەنانەت مەسەلەی كوردو ئازادیو بەرنامەڕێژی دوارۆژی خۆشیان لەبیر چووبۆوە... چ لەبارەی نفوزو تەشكیلاتەوە حیزبی دیموكرات لەكوردستان لەهەموو پارتو گروپەكانی تر بەهێزتر بوو، ئەوانی تر سەرەڕای ئەوەی زۆر لاوازو بێئەزموون، خۆیان لەحیزبی دیموكرات بەكەمتر نەدەزانیو تەنانەت بەربەرەكانیو كارشكێنیشیان دەكرد... ئەو گروپانەی كە لەكوردستان بوون (مەبەستی چریكو پەیكارە-ل) مەسەلەی كوردیان وەبەرچاو نەدەگرتو لەبیری چارەنووسی كورددا

---

(١) اسناد لانه جاسوسی، سند شماره: ٢٦، موچوع: ناارامی در سنندج، تأريخ: ٢٧ أروت ١٩٧٩، ص١٦٣.

(٢) گادانی ٥٠ ساڵ خەبات ، ل ٢١٦ ،. رسول، س.پ ، ل ١٣٢.

نەبوون... کۆمەڵەش نائاگاهانە بۆ ئەوەی پێی بڵێین هێزەو چەپ و کۆمەنیستە! بەپەیڕەوی لەو گروپانە هەڵدەسووڕاو بەدژایەتی کردن لەخەڵك حیزبی دیموکراتی کوردستان زەق دەبۆوە خۆی دەنواند."[١]

دیارە ح.د.ك.ا وای دانابوو لەڕێگای خەباتی یاسایی و جەماوەرییەوە بەکاربەدەستانی رژێمی نوێی بسەلمێنێت ئاوڕ لە داخوازییە نەتەوەایەتییەکانی گەلی کورد بدەنەوە. وەك بانیخێڵانی دەڵێت:"ئەوکاتە حیزبی دیموکرات هەموو هەوڵ و کۆششێکی ئەوەبوو کێشەی کورد لە دیوی ئێراندا لەڕێگەی گفتوگۆو ئاشتیانە چاربکرێ، گەلێك جار لە شەهید قاسملۆ و مام غەنی و برادەرانی تری دیموکراتمان دەبیست دەیانگووت، ئەوەی دەوڵەتی عێراق بە کوردستانی ئەودیوی داوەو ئێوە پێی رازی نین، ئێمە لەوە کەمترمان قبووڵە بەمەرجێك ئاشتییانەو بەبێ شەڕ پێی بگەین، بەڵام ویلایەتی فەقێ و خوێنڕێژان بەناوی ئیسلامەوە جگە لە شەڕ هیچ چارو ڕێگایەکی تریان بۆ کوردستانی پێ نەبوو."[٢]

شایەنی باسە، هەر لەهەمان رۆژی دەرکردنی فەرمانەکەی خومەینی دا، واتە ١٩ی ئابی ١٩٧٩، کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.ا نامەیەکی سەر ئاوەڵەی ئاراستەی کۆڕو کۆمەڵە ئازادییخوازو مرۆڤدۆستەکانی جیهان کرد، کە تێیدا پاش ئەوەی باس لە خەباتی گەلی کورد لەپێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی لە ئێران هاتبوو، هەروەها ئومێدی ڕێگا چارەی ئاشتییانەیان بۆ کێشەی کورد لەو وڵاتەدا پێشاندابوو، لە نامەکەدا هاتووە: "دەوڵەتی کاتی بەبەهانەی کاتی بوونی خۆی هەنگاوێکی جیدی هەڵ نەگرت و ڕێبەری شۆڕش بەڵێنی دا بۆ هێنانەژێر سێبەری گیوگرفتی بنەڕەتی و خافلاندنی بیروڕای گشتی ئێران، بە مەسەلەکانی لاوەکی پیلانێکی زۆر پێك هات، لە سنە، نەغەدە، تورکمەن سەحرا (گنبد کاوس)، خوررەم شار، مەریوان و جێگاکانی تر هێندێك پیلان بەڕێوەچوو کە بوو بەهۆی کوژرانی هەزاران کەس لە خەڵکی گەلانی زەجردیتووی کوردو تورکمەن و عەرەب و بلووچ. ڕێبەری شۆڕش و دەوڵەت بۆ قایمکردنی جێگای خۆیان وردە وردە ئازادییە دیموکراتییەکانیان بەرتەسك کردو دەستیانکرد بە سەرکوتی گەلانی ئێران. لە خوزستان خەڵکێکی کە بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوای خۆیان ڕاستببوونەوە،

---

([١]) کاوە، س.پ، ل ٢٠٣-٢٠٥.

([٢]) بانیخێڵانی، س.پ، ل٣٥٢.

تیربارانکران. تورکمەنەکانیان سەرکوت کردو ئێستا هەر ئەو نەقشانە بەهێزێکی هەرچی زیاترو بە پڕچەککردنی هەموو هێزەکانی ئەرتەش‌و ژاندامەری‌و پاسداران لە کوردستان بەڕێوەدەبەن، ئێستا لە کوردستاندا شەڕێکی تەواو عەیار بە کەڵك وەگرتن لەهێزی ئاسمانی مودێرن، هێزی زەوی تانك‌و تۆپخانە دەستی پێکردووە، خولاسەی کەلام دیموکراسی جارێکی دیکەش لەئێران سەرکوت کرا، راگەیەنە گشتی‌یەکان بەتوندی سانسور لەسەریان بەڕێوە دەچێ، قەڵەمەکان شکاون، یاسای بنەڕەتی داسەپاو هیچ کام لە مافەکانی گەلی وەخۆنەگرتووە، سازمانە دیموکراتی‌یەکان کەوتونەتە بەر پەلاماری تاقمە دەمار گرژەکان‌و ڕووناکبیران‌و پیاوان‌و شێرەژنان کەوتوونەتە ژێر جەربەزەو ئازارەوە... ئیمام خومەینی فەرمانی شکاندنی قەڵەم‌و سووتانی کتێبەکان‌و چاپەمەنی‌یە دیموکراتی‌یەکان لەڕێگای راگەیەنە گشتی‌یەکان هەموو رۆژێ دووپات دەکاتەوەو وردە وردە دیکتاتۆری ڕەشی مەزهەبی بەشێوەی سەدەکانی ناوەندیی لە ئێران بلاودەبێتەوە. لە حاڵی حازردا بەرنامەی دەوڵەوت و رێبەرایەتی ئیمام خومەینی بۆ کوردستان کە بە سەنگەری ئازادی‌و دیموکراسی ئێران ناوی دەرکردوە، سەرکووتی هەموو هێزە سیاسییەکان‌و دووپات کردنەوەی بەرنامەکانی محمد رەزا شاو بابیەتی بە توندوتیژی‌یەکی زیاترەوە، ئیمام لەراستییدا بەرامبەر بە هەموو میلەتی کورد جیهادی راگەیاندوە. هاواری دەمارگرژەکانی شیعە بۆ قەتڵ‌و عامی گەلی کورد لە رادیۆو تلوزیونەوە بەرزە، خراپترین بوختان بۆ رێبەرانی مەزهەبی‌و سیاسی ئێمە بەڕەوا دەزانی. ڕوونە ئەو چارەنوسە هی تەواوی گەلانی غەیرەفارسی ئێرانە کە بەهۆی ناسیونالیزمی بەرچاو تەنگانەی قەومی سەردەستی فارس، ئەوجار لە دەربیجەی دەمارگرژی مەزهەبییەوە بەڕێوە دەچێ... لە ئیمام دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی کوردستان لەپێشەوەی شەیتان و کافرەکاندایە... ئێمە هەمیشە گوتوومانە بۆ جاری ئاخر دووپاتی دەکەینەوە کە ئامانجی ئێمە لەتکردنی ئێران نی‌یە، ئێمە ئێرانین‌و ماف‌و دەسەڵاتی خۆمان لەچوارچێوەی ئێرانێکی یەکپارچەو دیموکراتی‌دا دەوێ، تۆمەتی جیاوازی خوازی‌و

بوختانی کافربوون، ئامرازی کۆنەپەرستی ڕەشو مەزهەبیەیە کە بۆ حەشاردانی ڕاستییەکان بەکاردەهێنرێ."[1]

هەر لەم ماوەیەدا ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئاینیی ناسراو لە کوردستانی ئێراندا کە ژمارەیان (١٨) کەس بوو، بروسکەیەکیان بۆ خومەینی نارد. تکای لێدەکەن چارەیەك بۆ هەلومەرجە ئاڵۆزەکە بدۆزێتەوەو ناوبراویان ئاگادار کردبووەوە کە میللەتی کوردیش خواناسو موسوڵمانو داوای مافی نەتەوایەتیی خۆیان دەکەن. هێرشکردنە سەریانو کوشتنو بڕینو وێرانکردنی لادێو ناوچەکانیان کارێکی یەکجار ناڕەوایەو خوای مەزن قبوڵی ناکات. خومەینی لە وەڵامی ئەو بروسکەیەدا وتارێکی توندوتیژو پڕهەڕەشەی لە رادیۆی تارانەوە بڵاوکردەوەو تۆمەتی خوانەناسیو لادان لە ئیسلامی خستە پاڵ ئەو مامۆستا ئاینییە کوردانەو جارێکی دی لە لەشکرو پاسدارانی ئیسلامیی داوا کردەوە کە خێرا ئاژاوەی کوردستان سەرکوتکەن،[2] گەرنا ئەوا ناچارە خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دینییە بگاتە کوردستان. هەروەها خومەینی، ح.د.ك.ا ی نایاساییو هەڵوەشاوە ڕاگەیاندو دکتۆر قاسملوو شێخ عزەدین حوسەینی بە تۆمەتی(مفسد فی الأرض) تاوانبار کردن.[3]

شایەنی باسە، خومەینی بۆ داگیرکردنەوەی شارەکانی کوردستان بە زۆرترین ژێنڕاڵو ئەفسەرەکانی ئەرتەشو ژاندارمەری ناردبوون لەوانە: چەمران ـ وەزیری بەرگریی، تیمسار شاکر سەرۆکی ستادی هاوبەش، ژێنڕاڵ فەلاحیانی فەرماندەی ئەرتەش، ژەنەراڵ دانشوەری فەرماندەی ژاندامەری ئازەربایجان، ابو شریف- فەرماندەی پاسدارانو ژەێنڕاڵ فروخ فەرماندەی هێزی زەمینی، ئەمانە پاش نەخشەی گرتنەوەی شارەکان پلانیان بۆ کێشانی شەڕ بۆ ناوچە جیاکانیش دارشتبوو. ئەوەبوو سەرەتا هێز ئێرانییەکان لە شارەکانی پاوە، سنەو سەقزدا جێگای خۆیان گرتو ئنجا لە دوو قۆڵەوە بۆ پەلاماردانی شاری مەهاباد کەوتنە خۆ.

---

([1]) وەرگیراوە لە: گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ل ٢٠٩-٢١١.

([2]) رسول، س.پ، ل ١٣٥.

([3]) Entessar, op. Cit, p. 34.

کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.ا کە پێشتر بڕیاری ڕێگریان لە هاتنەناوەی هێزە ئێرانییەکان بۆ شاری مەهاباد دابوو، گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە بەرەنگاریی ئەرتەش بەو شێوەیە زیانێکی مەزن بە شارەکە دەگەیەنێت. هەربۆیە لەبەر پاراستنی شارەکەو سەر لێ تێك نەچوونی خەڵکەکەی ئەو بڕیارەیان گۆڕی بە چۆڵکردنی شارو هەر لە ٢٧ی ئابی ١٩٧٩وە، سەرکرادیەتیی حیزب رووی لە سنوورەکان کرد. ئەو پێشمەرگانەش کە لە ئەمیر ئاوای قوڵی میاندووئاو مەهابادو لە کوزەکەریزی قوڵی مەهاباد ورمێدا بەرگرییان دەکرد پاش جمانی سوپای ئێران ڕێگاکانیان چۆڵکردو بەرەو ناوچە چیاییەکانی سنوور پاشەکشەیان کرد.[1]

پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکرێت کە ئەو پاشەکشەیەی حیزبی دیموکراتو هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران لەشارەکانەوە بۆ سنوورەکانی رۆژئاوا پاشەکشەیەکی هەڕەمەکبی بوو. لەبەر بێ نەخشەیی تا بڵێی ناڕێكوپێكو بێسەروبەر بوو. ئەو حاڵەتەی سەر لێشێواوییەکی گەورەی هێنایە گۆڕێو زۆر بەخراپیی کاریگەریی لەسەر ورەی خەڵکەکە کردو وای لێکردن ئەوانیش لەترسان شارەکانیان جێبێڵنو نەك هەر روو لەگوندە سنوورییەکان بکەن، بەڵکو لەسنووریشیان تێپەڕاندو تەنانەت هێندێك بنەماڵە لەبەغدای پایتەختی عیراق گیرسانەوە. هەربۆیە هێزە ئێرانییەکان تا یەکەمین هەفتەی مانگی ئەیلول شارەکانی کوردستانیان یەك لەدوای یەك بەئاسانیی گرتەوە. شاری مەهاباد لە٣ی ئەیلولی ١٩٧٩، خانە لە٥ی ئەیلول، سەردەشتیش لە٦ی ئەیلول داگیرکرانەوە.[2]

فاتح رەسوڵ کە بۆخۆی لەنێوجەرگەی رووداوەکاندا بووە، بەم جۆرە باس لەچۆڵکردنی خەڵکەکەی شاری سەردەشت دەکات:"رادیۆی تارانو وڵاتانی تر بڵاویان کردەوە کە هێزی ئەرتەشو پاسدارانی ئیسلامی شاری بانەو مەهابادیان داگیرکردەوە، شەوەکەی لەگەڵ د. قاسملو گەڕاینەوە سەردەشت، دیمەنێکی ئەوتۆ کەوتە بەرچاومان لەیادم دەرناچێت، ئەم شارە جوانکیلە دانشتووەکانی چۆڵیان کردبوو، ئاگرو دووکەڵ بەری ئاسمانی داگرتبوو زۆربەی دەستگاکانی دەوڵەت تێكو پێك درابوون، گەورەو بچووك

---

(1) گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل١٦٢.

(2) اسناد لانه جاسوسی، سند شماره: ٣٦، موضوع: وضعیت کردستان، تأریخ: ٩ سپتامبر ١٩٧٩، ص١٨٦.

کەل‌وپەل‌و پرێسکەیان بەکۆڵەوە بوو، نە ئۆتۆمبێلێ نە تراکتۆر، هەتا ئاژەڵی یەک سمیش بەسانایی وەدەست نەدەکەوت، قیژەو گریان‌و هاواری ژن‌و منداڵی پیرو پەککەوتووان دونیای پڕ کردبوو وەکو دەڵێن لەرۆژی حەشری دەکرد، مرۆڤ هەر گوێی لەوە دەبوو، ئەها پاسدار نزیك بوونەوە ئەوە سبەی بەیانی دەگەن، لەم رووداوە تراژیدیانە ئەم پرسیارە دەهاتە پێش ئایا دەبێ لەژێر ئاڵای ئیسلامدا ئەم تاوانە گەورانە ئەنجام بدرێن؟" [1]

پێویستە بوترێت، کە هێزەکانی ئەرتەش‌و ژاندارم لەهەر کوێیەك سووکە بەرگرییەکیان بەرامبەر کرابایە بەتوندیی دەکەوتنە رەشەکوژیی خەڵکی بێدفاع‌و دەیەهایان گوللە باران کرد. لە٢٩ی ئابی ١٩٧٩دا، ئەو هێزانە بەتوندیی تۆپبارانی گوندەکانی گردی یاقوبیانیان کردو ژمارەیەکی زۆریان لەخەڵکەکەی کوشت‌و بریندار کرد.[2] لەرێکەوتی ٢ی ئەیلولیشدا هێزەکانی پاسداران بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان پەلاماری گوندی (دووئاو)ی ناوچەی نەغەدەیان داو پاش کوشتن‌و بریندارکردنی ژمارەیەك لەخەڵکی ئەو گوندەو ئاگرتێبەردانی خەلەو خەرمان‌و خانووەکانیان، بەرەو گوندی (قارنێ)ی سەر رێگای نەغەدە- خانێ کشان‌و دەستیان بەکوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی ئەو گوندە کردو لەئاکامدا ٦٨ کەسیان لێ گوللەبارانکردن کە یەکێکیان مەلای گوندی (مامۆستا مەلا مەحموود) بوو.[3] هەروەها لە١٦ی تشرینیی یەکەمی ١٩٧٩دا، هێزە ئاسمانییە ئێرانییەکان گوندی (نەستان)ی نزیك سەردەشتیان کاول‌و وێرانکردو ژملرەیەکی زۆریان لەخەڵکەکەی قەلاچۆکرد.[4]

دکتۆر محەمەد موکری باڵیۆزی ئێران لەشورەویی، بەمەبەستی داپۆشینی ئەو تاوانانەی ئەرتەش‌و پاسدارانی ئیسلامیی کەووتبووە پرۆپاگەندەکردن‌و لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند:"برادەرانی ئەرتەش‌و پاسداران هەرگیز وەك سوپایەکی زاڵ رەفتاریان نەکردووە، بەڵکو ر ەفتاری ئەوان رەفتاری سوپایەك بوو

---

([1]) رسول، س.پ، ل ١٣٦.

([2]) حیسامی، لەبیرەوەرییەکانم،بەرگی شەشەم، چاپخانەی سارا، ستوکهۆڵم، ١٩٩٣، ل ١٥٨.

([3]) بۆ بینینی لیستی ناوی کوژراوەکان بڕوانە: گادانی ٥٠ ساڵ خەبات، ل ٣٥١-٣٥٢.

([4]) هاوکاری، ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩.

که بۆ پشتگیریی براو هەژارەکانی کورد  وەخۆ کەوتووەو بۆ پێشگرتن لەخوێنرێژیی و خراپەکاریی نێردراوە... لەوەش تێپەڕێت ئەرتەش و پاسدران تەنیا بەچەکەکانیان چەکدار نەبوون، بەڵکو دەیەها لۆری ئازووقە، میوە، جل و بەرگ و پێویستییەکانی دیکەی ژیانیان بۆ ئەو کەسانە بردووە کەچەند مانگێکە لەژێر ستەمی دیموکراتەکاندا بوون."[1]

شایەنی باسە خومەینی بۆ زیاتر چاوترساندنی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی، دوای گرتنەوەی شارەکان ئایەتوڵڵا خالخاڵی وەك سەرۆکی دادگای سەرپێیی ئینقلاب رەوانەی کوردستان کرد. ناوبرا کە لەئێراندا بەکەسایەتیەکی دڵ رەق و ئازاردەرو بەدناو ناسرابوو، لەماوەیەکی کەمدا چەند شاری کوردستان گەڕاو لەهەر شارێکدا بێ لێپرسینەوە پۆلێك لاوی کوردی لەنێو کوچەو شەقامەکان تیرەباران کرد. ناوبراو رۆژی ٢٦ی ئابی ١٩٧٩ لەشاری مەریوان ٩ لاوی کوردی گوللەباران کرد، هەروەها لە٥ی ئەیلولدا چووە شاری سەقزو فەرمانی گوللەبارانکردنی ٤ لاوی ئەو شارەشی دەرکرد کە تەمەنی یەکێکیان ١٢ ساڵان بوو. لە٩ی تشرینی یەکەمدا خاڵخاڵی چووە شاری مەهابادو لەوێش پۆلێك لاوی بێتاوانی گوللەبارانکرد، کە تاوانی یەکێکیان تەنیا پێکەنین بوو، پێکەنین بەگەڵ و شیپاڵی خاڵخاڵی، چونکە ناوبراو مرۆڤێکی خڕکەلانە بوو، لەگەڵ جبەو عەمامەکشیدا تاقم و تفەنگی لەخۆی دەبەست و شکڵی زۆر کۆمێدییانە دەهاتەبەرچاو. دیارە ئەو رەشەکوژییەی پاسداران و گوللەبارانکردنی ئاشکراو بێلێپرسینەوەی لاوانی کورد لەلایەن خاڵخاڵییەوە سەرچاوەی بایەخی رۆژنامەو دەزگا راگەیاندنەکانی ناوچەکەو جیهان بوو، خاڵخاڵی تاوانەکانی خۆی هەرگیز نەدەشاردەوە، ناوبراو لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی (تاران تایمز)دا رایگەیاند: "بەپێچەوانەی ئەو هەواڵە جیهانییانەی باس لەوە دەکەن کە من ٩٠ کەسم لەکوردستان گوللەبارانکردووە، لەڕاستییدا تا ئێستا ئەوەی من کوشتومن تەنیا ٥٣ کەسن!!"[2]

کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.ا کە ئەو دەمە لەگوندی (ئاشی پشتشکاوێ)ی سنووری نێوان گوندی گۆڕەشیری ئێران و گوندی شێنێی عیراقدا گیرسابوونەوە، لە١٠ی ئەیلولی ١٩٧٩دا، بەیاننامەیەکی لەسەر ئەو کوشت و بڕەی پاسداران و  خاڵخاڵی لەکوردستانی

---

(1) شاهید تهران، ٥ مهرماه ١٣٥٨.

(2) اسناد لانه جاسوسی، سند شماره: ٣٦، ص١٨٧.

ئێراندا بڵاوکردەوەو داوای لەگشت رێکخراوە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستەکانی جیهان کردبوو هەڵوێست وەربگرن، لەبەیاننامەکەدا هاتووە:"لەدوای ئەوەی خومەینی جەنگی رەشەکوژی دژی گەلی کورد راگەیاندووە، ئەو رژێمە کۆمەڵێك تاوانی گەورەی لەناوچەکەدا ئەنجام داوە کە هەزار بەردی بەپشتی محەمەدرەزادا داوە، لەدوای تۆپ باران کردنی شارو گوندەکانی کوردستان‌و کوشتنی خەڵکی بێدیفاع لەناوچەکەدا، کۆمەڵێك لاوانی بێتاوان بەفەرمانی خاڵخاڵی لەشارەکانی کرماشان، پاوە، مەریوان، سنەو سەقز، گوللە باران کراون، کارێکی وا بۆتە هۆی ناڕەزایی گشتی خەڵکی ئێران‌و رای گشتی جیهانیی.... ئێستاش رژێمی خومەینی هەڵساوە بەئەنجامدانی تاوانێکی گەورە لەگوندی (قارنێ)ی نزیك نەغەدەوە ٤٦ کەسی دانیشتووانی ئەم گوندە لەسەر دەستی پیاوانی خومەینی ئەوانەی بەپاسدارانی شۆڕش دەناسرێن کوژراون، لەنێو ئەوانەدا ٤ ژن‌و ٧ منداڵ سەریان بڕاوە... ئەم رەفتارانە بەئاشکرا ئەوە نیشان دەدات کە مەبەستی خومەینی لەم لەشکرکێشییە بۆ سەر کوردستان قەتڵ‌و عامی تەواوی گەلی کوردە."[1]

لەراستییدا، ئەو لەشکرکێشییەی لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کرایە سەر گەلی کوردو ئەو رەشەکوژییەی پاسداران‌و گوللەبارانکردنی لاوی کورد لەلایەن خاڵخاڵییەوە هەزوو لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆست‌و کەسایەتییە ئازادییخوازەکانەوە ریسوا کران. لەدانیشتنێکی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە٧ی ئایلولی ١٩٧٩دا، ئەو کۆمسیۆنە بەنامەیەك ئاگاداری دەسەڵاتدارانی رژێمی کۆماری ئیسلامیی کردەوە، فرە دڵگرانی خۆی سەبارەت بەو رەشەکوژیی‌و گوللەبارانکرنەی دادگا سەرپێیە ئیسلامییەکانی لەکوردستان دەربڕیی‌و داواکار بوو بەپەلە ئەو کارە دژی مرۆڤانەیە بوەستێنرێت.[2]

هەروەها محەمەد رەشید شکیبای فەرماندارى ئوستانی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیدا بەتوندیی هێرشی کردە سەر خاڵخاڵی‌و ئاشکرای کرد کە هیچ شتێك ئەوەندی حوکمی گوللەبارانکردنەکانی خاڵخاڵی‌و شێوازی جێبەجێکردنەکەی شۆڕشی

---

([1]) لەدەقە عەرەبییەکەی وەرگێراوە، بڕوانە: رسول، س.پ ، ل ١٥١–١٥٢.

([2]) اسناد لانە جاسوسی، سند شمارە: ٣٤، موضوع: سی‌و دومین جلسە، کمیسیون فرعی سازمان ملل بر سر مسئلە تبعیض، تلگراف بەدولت ایران، تأریخ: ٧ سپتامبر ١٩٧٩، ص ١٨٤.

بەدناو نەکردووە. ئەو کارانەی بوونەتە هۆی ناڕەزایی گشتی خەڵك‌و قووڵبوونەوەی قەیرانی کوردستان. هەروەها فەرمانداری ئوستانی کوردستان، دژی هەڵسوکەوتی پاسدارانی ئیسلامیی قسەی کردو رایگەیاند کە فرۆکەوانە مەدەنییەکان لەبەر رەفتاری نالەباری پاسداران ئامادەنین لەفرۆکەخانەی سنە بنیشنەوە.(1)

ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری، پیاوی ئاینیی شیعەی بەناوبانگی ئێران، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدا بوو کێشەی کورد لەئێراندا لەرێگای گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت. هەربۆیە لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیدا لە٣٠ی ئابی ١٩٧٩، دووبارە هەڵوێستی خۆی دژی لەشکرکێشیی‌و پەلاماردانی هێزە ئێرانییەکان بۆ سەر کوردستان راگەیاند.(2) هەروەها لەدانیشتنێکی تەلەفزیۆنییدا یەکێك لەرۆشنبیرە ئێرانییەکانی بەناوی (اغا اسلام کازمیە) بەتوندیی رەخنەی لەسیاسەتی دەوڵەتی ئێران گرت‌و رایگەیاند کە ئەو پرۆپاگندانەی سەبارەت بە پیلانگێڕانی ئەمریکاو ئیمپریالیزم لەکوردستاندا بڵاودەکرێتەوە لەبنەڕەتەوە بێبناغەیە. هەروەها ئاغای کازمیە بەراشکاویی رایگەیاند کە سیاسەتی لەشکرکێشیی‌و کوشت‌و کوشتار سیاسەتێکی شکستخواردووەو ناتوانێت کۆتایی بەکێشەکەی کوردستانی ئێران بهێنێت.(3)

دکۆمێنتە نهێنییەکانی سەفارەتی ئەمریکا لەتاران ئەوە ئاشکرادەکەن کە هاوکات لەگەڵ لەشکرکێشیی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر کوردستان، خەڵکی ئازەربایجان هەماهەنگیان لەگەڵ گەلی کوردو خواستە نەتەوایەتییەکانی پێشان داوەو دژی سیاسەتی قوم بوون بەرامبەر ح.د.ك.ا، هەروەها ئازەرییەکانی تەبرێز ئامادەنەبوون لەو رێپێوانانەدا بەشداربن کە رژێم بۆ تەرمی پاسدارە کوژراوەکانی کوردستان رێکیدەخست‌و دەیویست بەو کارەی گیانی مەزهەبیی ئازەرییە شیعەکان بەدژی کورد بورووژێنێت. لەوەش زیاتر ئازەرییەکانی تەبرێزو دەوروبەری ئەو رەفتارانەی حیزبی دیموکراتیان بەرزنرخاند کە

---

(1) هاوکاری، ١٩٧٩/٩/١٧.

(2) اسناد لانە جاسوسی، سند شمارە: ٣٢، موضوع: موضع گیری تبریز نسبت بە نارامیها کردها، تأریخ: ٤ سپتامبر ١٩٧٩، ص١٨١".

(3) کیهان، تهران، ٥ مهرماه ١٣٥٨.

لەكاتی بەدیلگرتنی پاسدارەكاندا، ئەوانەی ئازەریی و لایەنگری شەریعەتمەداریی بوون بێ سێ و دوو رەوانەی ماڵی خۆیان دەكرانەوە.[1]

لەئەوروپاش یەكێتیی خوێندكارانی كورد پاش كۆبوونەوەی ئەندامەكانی لەبەرلینی رۆژئاوا، خۆپیشاندانێكی گەورەیان دژی لەشكركێشیی هێزەكانی كۆماری ئیسلامیی بۆ سەر كوردستانی ئێران سازداو سیاسەتی كوشت و بڕی گەلی كوردیان لەلایەن پاسداران و دادگا سەرپێییەكانی خاڵخاڵییەوە ریسوا كرد.[2]

وێڕای ئەوەی خومەینی و رێبەرانی رژێمی نوێ، ئامادەنەبوون كەدان بەو راستییەدا بنێن كە كێشەی كورد لەئێران كێشەیەكی نێوخۆییەو دروشمی دیموكراتیی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ كوردستان دروشمێكە هەڵقوڵاوی خواستەكانی جەماوەری كوردە، ئەوان كێشەی كوردیان بەمەسەلەیەكی دەرەكیی و بەپیلانی دەستی وڵاتانی بێگانەو دژی شۆڕش لەقەڵەمدەداو هەر رۆژەی ناوێكیان لێدەنا. لەسەرەتای لەشكركێشیی هێزەكانی كۆماری ئیسلامیی بۆ سەر كوردستان، خومەینی لەنوێژی جومعەدا، شوورەویی بەهاندەری گەلی كورد لەئێران تاوانبار كردو دەیوت:" دەیانەوێت لەكوردستاندا حوكمی كۆمۆنیستی بەرپاكەن"[3]، دواتر هەر خودی د.موكری و خاڵخاڵی بەپێچەوانەی خومەینییەوە رایانگەیاند كە"شورەویی بەهیچ جۆرێك دەستی لەرووداوەكانی كوردستاندا نییەو ئەو چەكە رووسیانەی پێشمەرگە كوردەكان لەبەرەنگارییدا بەكاری دەهێنن، غەنیمەتی شەڕی ساڵی ١٩٦٧ میسرو ئیسرائیلەو لەرێگای (تل أبیب)ەوە مۆساد دەیگەیەنێتە كوردستان!!"[4]

د.موكری لەگفتوگۆیەكیدا لەگەڵ رۆژنامەی "بامداد" ئەوەی راگەیاند كە ح.د.ك.ا پەیوەندیی لەگەڵ بەرەی نیشتمانیی خۆزستان و گروپە چەپەكانی گنبدو بلوچستان بەرقەرار كردووەو بەپشتگیریی ئەمریكاو سەهیۆنیزم و حكومەتی عێراق كەوتونەتە دژایەتیی شۆڕشی ئیسلامیی لەئێران، موكری جەلال تاڵەبانی ئەمینداری گشتیی

---

([1]) اسناد لانه جاسوسی، سند شماره: ٣٢، ص ١٨٠.

([2]) ه.س، سند شماره: ٢٩، موضوع: دانشجویان كرد در برلین غربی، تأریخ: ٣١ اب ١٩٧٩، ص ١٧١-١٧٢ .

([3]) ه.س، سند شماره: ٣٠، موضوع: موقعیت كردها، تأریخ: ٢ سپتامبر ١٩٧٩، ص١٧٥.

([4]) اطلاعات، ١٣ شهر یورماه ١٣٥٨.

یەکێتی نیشتمانی کوردستانو د. مەحموود عوسمان رابەری حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی بەوە تاوانبارکرد کە ٢٠٠٠ پێشمەرگەیان خستۆتە خزمەتی د. قاسملوو بەهەموو شێوەیەك هەوڵی ئاژاوەنانەوە لەئێراندا دەدەن.[١]

لێرەدا راستییەك هەیە کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش هەڵوێستی هەلپەرستانەی حیزبی تودەی ئێرانە لەمەڕ رووداوەکانی کوردستانی ئێران. حیزبی تودە کە لەرێگای ئەندامە کوردەکانییەوە وەك: عەلی گەلاوێژ، حەسەنی قزڵجیو رەزا شەلتوکی یەوە بەباشیی ئاگاداری کێشەی کورد بوون لەئێرانداو تاوانەکانی پاسدارانو خاڵخاڵییان بەچاوی خۆیان دەدیت، تەنانەت ژمارەیەك لەئەندامەکانیان لەکوردستان راشیان کردبو بۆ سەر سنوورو لەبارەگای حیزبی شیوعیی عێراقیدا دەژیان، کەچی بەدرێژایی شەڕی سێ مانگە هەڵوێستێکیان بەرامبەر ئەو هەموو تاوانانەی رژێمی کۆماری ئیسلامیی لەکوردستان پێشان نەدا. بەڵکو لەوەش خراپتر، هەمان وتەی لایەنگرانی خومەینیان دووبارە دەکردەوە، گوایە ئەمریکاو ئیسرائیل لەپشت رووداوەکانی کوردستانەوەن. لەم بارەیەوە رۆژنامەی (مردم) ئۆرگانی حیزبی تودە لەژێر ناونیشانی "اتحاد شوری در حوادث کردستان دخالت ندارد/ یەکێتیی شورەویی دەستیان لە رووداوەکانی کوردستاندا نییە"دا نووسیوە:"حجت الاسلام حسین عمادی، نوێنەری دەفتەری راگەیاندنی ئیمام خومەینی، لەگفتوگۆیەکیدا بۆ رۆژنامەنوسانو نوێنەرانی ئاژانسە جۆربەجۆرەکان لەکەراچی رایگەیاند کە ئەمریکاو ئیسرائیل جوڵێنەری راستەقینەی ئاژاوەی کوردستانن نەك شورەویی، ئەوە ئەمەریکایە ئەو قسەو قسەلۆکانە بڵاو دەکاتەوە گوایە شورەویی ئەو ئاژاوەیەی ناوەتەوە."[٢]

لە ڕاستیدا حیزبی تودە دەیویست وا پێشانبدات کە بەشێکی زۆری هێزو ڕێکخراوە سیاسیی وکۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی ئێران، داردەستی ئەمەریکاو زایۆنیزمو ئەڵقە لە گوێی ڕژێمی بەعسی عێراقنو لەو هەرێمەشەوە پیلانێك بۆ لە نێوبردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران جێبەجێ دەکرێت، ئەو هێزانەی حیزبی تودە هەروەك خومەینی بە (دژی شۆڕش) ناوی دەهێنانو گوایە مەسەلەی ستەمی نەتەوایەتیی خەڵکی

---

(١) بامداد، ٢٠ شهریورماه ١٣٥٨.

(٢) مردم، ١٠ مهرماه ١٣٥٨.

کوردستانیان بۆ پیلانگێڕان و ئاژاوەنانەوە دژی شۆڕش قۆزتۆتەوە. هەربۆیە ڕێبەرایەتیی شۆڕشی ئیسلامیی پێویستە بە حیکمەتی خۆیان جیاوازیی لە نێوان خەڵك و ئەو جۆرە هێزانەدا بکەن و هەوڵی ئەوەبدەن خەڵك بە دژی (دژی شۆڕش) ڕاپەڕێنن. خەڵکی کوردیش پێویستە ناسکیی قۆناغەکەو ئەرکی گرنگی دژە ئیمپریالیزمیی شۆڕشی ئیسلامیی لە بەر چاو بگرن و لەو پێناوەدا قەناعەت بە بەدیهاتنی لانیکەمی مافەکانیان بکەن و خۆیان لە مەسەلەی پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی برا پاسدارەکاندا بپارێزن و بۆ سەرکەوتنی شۆڕش بە ڕابەری "ئیمامی ئومەت" بچنە سەنگەرەوە!!

"مردم"ی ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی تودە کە لەو قۆناغەدا بە کوردیی دەستی بە بڵاوکردنەوە کردبوو، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی "براکوژی لە کوردستان..." نووسیویە: "وەکوو دەزانین حیزبی تودەی ئێران هەوەڵین ڕێکخراوەیەکی سیاسی بوو، کە نادروست بوونی ڕێگای چارەسەرکردنی نیزامی هێناگۆڕێ و تێکۆشا کە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەمان لەو کارەساتە خوێناویەی کە بە دەستی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و کۆنەپەرەستی لە کوردستان هەڵگیرساوە، یارمەتی ڕابەرایەتی شۆڕش و دەوڵەتی کاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بدات، ئەوا جارێکی دیکەیش بە گیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و پەیوەندییەوە لەگەڵ شۆڕشی ئێران و پتەوکردن و بەقەوەت کردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرنجی بەرپرسیارەکانی وڵات بۆ لای ئەم مەسەلەیە ڕادەکێشین.... ئێمە دەزانین کە هێزەکانی ئیمپریالیستی و سەهیۆنیستی و پاشماوەی ڕژێمی ڕووخاوی پەهلەوی کارەساتی کوردستان دنە دەدەن و ئاگرەکەی خۆش دەکەن."[1]

هەروەها لە وەڵامێکی ڕۆژنامەی (اطلاعات) دا کە باسی لەوە کردووە گوایە بۆچی لە کوردستان کەڵەپیاوێك نایەتە مەیدان کە تا ڕادەیەك شعورو لێزانینی هەبێ و ڕێگاچارەیەکی عاقڵانەی وا پێشکەش بکات کێشەکە بڕێنێتەوە؟ حیزبی تودە بێئەوەی نفوزێکی لە کوردستانی ئێراندا هەبێت، هەوڵدەدات خۆی وەك کوێخاو دەمڕاستی گەلی کورد پێشانبدات و لە ڕێگای (مردم)ەوە دەڵێت: "پێویستە بڵێین، بۆ جێ بە جێ کردنی

[1] مردم، ژمارە١، خەزەڵوەری ١٣٥٨ بەرامبەر ٢٣ی ئوکتوبەری ١٩٧٩.

ئەم کارە خێرە نەك تەنیا (کەڵە پیاوێك)ی داخواز، بەڵکوو هێزێکی سیاسی داخوازی خاوەن نفووز و بایەخداری وەکوو حیزبی تودەی ئێران هەیە"[1]

شایەنی باسە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران لە بڵاوکراوەیەکیدا بە ناونیشانی "کوردستان چ ڕادەبرێ‌و مەسەلەی کوردستان چۆن شایەنی چارەکردنە"، پاش ئەوەی تێکڕای ناتەواوییەکان‌و ئاڵۆزیی هەلومەرجەکەی ئێران‌و کوردستانی خستۆتە ملی "ئاغای موهەندیس بازرگانی بورژوا- لیبراڵ"ی سەرۆکی حکومەتی کاتیی‌و ئۆباڵی تاوانەکانی کوردستانی لە ئەستۆی ڕابەری شورای ئینقیلاب‌و باڵی مەزهەبیی توندڕەو داماڵیوە، ئینجا هاتۆتە سەر ڕیزبەندکردنی هێزە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییە ڕەسەنەکانی کوردستانی ئێران‌و لە ژێر سەردێڕی (٢ ـ دژی شۆڕش)دا دەڵێت:

"ئەمڕۆ کوردستان بۆتە گرنگترین سەنگەری هەڵسوڕانی ئاشکرای دژی شۆڕشی ئێران، ئەم دژی شۆڕشە پێکهاتووە لە دەستەو تاقمەکانی سیاسیی‌و (مەزهەبی)و قەومیی‌و عەشیرەتی، وە هەروەها دەستەو تاقمەکانی ڕێکخراوی سەر بەحکوومەتی بەعسی عێراق.... ڕێکخراوی چەپ نوێنی کۆمەڵە، ڕێکخراوی ڕزگاری، دارودەستەی سەرهەنگ عەلیار و هاوکارەکانی بە ناوی. ئارا)، تاقمە کۆنەپەرەستەکانی سەر بە شێخ عوسمان‌و شێخ جەلالی حوسەینی لەم ڕیزەدان.... ئەم دژی شۆڕشە کە لە لایەن هەموو ئیمپریالیستەکانەوەن بە سەرکردەیی ئەمەریکا، ئیسرائیل، میسرو حکوومەتی بەعسی عێراق بە هەموو چەشنێ پشتیوانی لێدەکرێ، توانیویەتی لەم مانگەنەی دوایی دا جێگای خۆی لە ناوچەکانی سەر سنووری ئێران قایم کات.... مەعلوماتی بڕوا پێ کراو نیشان دەدات کە ئەشرەفی پەهلەوی، ئووەیسی، بەختیار، پالیزبان‌و ئەردەشێری زاهیدی بە کۆمەکی حکوومەتی بەعسی عێراق، چەند جار هاتوونەتە کوردستان‌و بە چالاکی لە هاوروژاندن و ڕێکخستنی دژی شۆڕش دا هاوبەشی دەکەن."[2]

---

[1] هـ.س

[2] مردم، ژمارە ٢١، ١٨ی جوزردانی ١٣٥٩

سەبارەت بە کۆمەڵەش کە وەك ڕێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی لەو قۆناغەدا لە کوردستانی ئێران تێدەکۆشا، بڵاوکراوەکەی حیزبی تودە گوتوویە: "سەرنج دانی بەخشی کاولکاری کۆمەڵە، لەم لایەشەوە گرنگە، کە ئەم ڕێکخراوەیە بە هەڵکردنی ئالأی کۆمۆنیزم (دیارە کۆمۆنیزمی ئەمەریکایی) هەوڵی داوە یەکێ لە پایە گرنگەکانی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە دژی ئێران..... بەجێ بگەیەنێت، بەم مانایەی کە لە هەر ڕێگەیەکەوی دەلوێ، ئاگری کێشەو ناکۆکی نێوان هێزەکانی لایەنگری ئیمام خومەینیو هێزە شۆڕشگێڕەکانی لایەنگری ڕاستەقینەی سوسیالیزمی عیلمیو تێکۆشەرە ڕەسەنەکانی خەباتی دژی ئیمپریالیستی ئێران هەڵگیرسێنێت، کۆمەڵە لە درۆ بە حیسابێکی دیاری لە (کۆمۆنیزم) دەدوی وە لە تەنشت شای لیکەوتوو، بەختیار، ئەمەریکاو ئیسرائیلەوە لە دژی شۆڕشی ئێران شەڕ دەکا، بۆئەوەی موسوڵمانانی تێکۆشەری دژی ئیمپریالیزم لە حاست کۆمۆنیزمی ڕاستەقینەو ڕەسەن بەدبین بکات."[1]

لە بارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە دەڵێت: "گرنگترین تایبەتی ئەم حیزبە، ناهاوچەشنی ئەوە لە هەڵوێست گرتنی سیاسیدا... دوو دەستە لەو کەسانەی کە لەگەڵ شۆڕشی ئێران دوژمنایەتی دەکەن، خۆیان تێ خزاندووەو لە کاتی زۆر ناسكو بەهەستدا سیاسەتی حیزب دەخەنە ژێر تەئسیری دیاریکەرەوە، ئەم دوو دەستەیە بریتین لە:

أ - نەتەوەپەرەستەکانی بەرچاو تەنگی کورد: کە بە لای ئەوانەی خەباتی دژی ئیمپریالیستی تەواوی خەڵکەکانی ئێران لە کردەوەدا بە تەواوەتی یان بە لانی زۆرەوە لە دەستوورو بەرنامەی ڕۆژدا خراوەتە لاوە....

ب ـ کەسانی سەر بە ئیمپریالیزمو کوردە کۆنەپەرەستەکانی ئێرانو بەعسی عێراق، هەوڵ دەدەن بە کەڵك وەرگرتن لە دروشمەکانی بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕیو میللی خەڵك خەڵەتێن، کارێکی وا بکەن هەر جۆرە تێکۆشانێك بۆ چارەکردنی هێمنانەی مەسەلەی کوردستانو دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی دژی ئیمپریالیستیو دژی کۆنەپەرەستی لە کوردستان سەرنەگری"[2]

---

[1] هـ.س .

[2] هـ.س.

سەیرتر ئەوەیە (کیانوری) سکرتێری حیزب پاش دەساڵ زیندانیکردنو ئەو هەموو ڕیسوایی‌و ئازارو مەینەتییەی لە لایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەریدا هێنرا، ئینجا لە بیرەوەرییەکانیدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو ڕێکخراوی کۆمەڵ' بە (خەمیری سوور) لە کەمبۆدیاو (کۆنترا) لە نیکاراگوا دەشوبهێنێتو دەڵێت لەو شوێنانەی حکوومەتی میللی‌و دژ بەئیمپریالیزم دێنەسەرکار، هێزە کۆنەپەرەستەکانی وابەستە بە ئیمپریالیزم بۆ خراپەکاریی و ئاژاوەگێڕیی و ڕێگرتن لە هەر بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەو نوێخوازیی لەو وڵاتانەدا هانی جووڵانەوە چەکدارانە تێکدەرەکان بە دژی حکوومەتە شۆڕشگێڕو نیشمانییە دژ بەئیمپریالیستەکان دەدەن، کیانوری دەڵێت "لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە تا ئێستا (واتە ساڵی ١٩٩٢ ـ ل) ئیمپریالیزم لە وڵاتەکەماندا بە سوودوەرگرتنی لە جۆرە (کۆنترا)یە، بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانەی بە دژی کۆماری ئیسلامیی خولقاندووەو دەیبینین، واتە مەبەست لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی، حیزبی دیموکراتی کوردستان، تاقمی کۆمەڵە.... کە لە دەرەوەی مەرزەکانی وڵاتو لە ژێرسایەی دەوڵەتی عێراقداو لە خاکی ئەو وڵاتەدا شوێنیان بۆ کراوەتەوەو لەوێوە بە ئۆپەراسیۆنی تێکدەرانەو هێندێك کاری تیرۆریستی هەڵدەسن"[1]

دیارە ئەم هەڵوێستە چەوتو دوژمنانەیەی حیزبی تودە لەجووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران سەرچاوەی دوو فاکتەری سەرەکیی بوون، یەکەمیان گیانی زاڵی ناسیۆنالیستیی تەنگەتیلەی فارس بەسەر کیانوری سکرتێرو ئەندامە فارسەکانی ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە، دواتر هەڵسوڕانیان بەویستو لەبەرژەوەندیی یەکێتیی شورەویی کە لەو قۆناغەدا بەتوندیی لایەنگری ئیمامو یەکێتیی خاکی ئێرانو پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی ئەو وڵاتە بوو. بەمجۆرە جارێکی تریش حیزبی تودە ئەو دەرفەتەیان لەناو برد کەجووڵانەوەی ئازادیخوازی نەتەوە غەیرە فارسەکانی وڵات لەگەڵ جووڵانەوەی دیموکراتخوازی سەرانسەریی ئێراندا لەیەك سەنگەردا بەدژی دیکتاتۆریی‌و پاوانخوازیی

---

[1] کیانوری، س. پ، ل. ٤٦٣.

کۆ بکەنەوەو زەمینەیان بۆ باڵی ئایینی توندڕەو ڕەخساند هەم لەناوەند جێ پێی خۆی قایم کاتو هەم بێ سڵەمینەوە لەهیچ ناڕەزایەتییەك، پەلاماری خۆی بۆ کورستان درێژە پێبدات. هەربۆیە جارێکی دیکەش کوردستانی ئێران خۆی لەبەردەم لەشکرکێشیی دەسەڵاتی ناوەندییدا بەتەنێ بینییەوە.

سەبارەت بەهەڵوێستی زلهێزێکی وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەمەڕ ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران، ئەم دەوڵەتە لەم قۆناغەدا زۆر بەوردیی چاودێریی ڕووداوەکانی دەکردو دەشیزانی کە شورەویی دەستی لەو ڕووداوانەدا نییە، هەرچەندە خومەینیو ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی جێنشینی ژاندارمی ڕۆژئاوابوونو سیاسەتێکی بەڕواڵەت پێچەوانەی ڕژێمی رابردوویان بەرامبەر ئەمریکا هەبوو، بەجۆرێك تا ڕادەیەکی زۆر زیانی مادییو مەعنەویی بەو وڵاتە گەیاندبوو، کەچی نابینرێت واشنگتۆن هەڵوێستێکی ئەرێییانە بەرامبەر جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد پێشانبدات، یان لانیکەم هەڵوێستێك دژ بەتاوانەکانی پاسدارانو خاڵخاڵی لەکوردستان بخاتەروو، ئەوەش بۆچەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە:

١- بەدیهێنانی خودموختاریی بۆ گەلی کورد لەئێراندا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی دەکردە سەر وروژاندنی کوردەکانی دەوڵەتە هاوسێکانی ئێرانی وەك تورکیاو عێراق، ئەو دوو دەوڵەتەی پەیوەندییەکی دۆستانەو بنەڕەتییان لەگەڵ ئەمریکاو ڕۆژئاوادا هەبوو، بەتایبەتی تورکیا. هەربۆیە لایەنگریی ئەمریکا لەکێشەی کورد لە پارچەیەکی کوردستاندا بەمانای جۆشدانی جووڵانەوەی نەتەوەیی پارچەکانی دیکەی کوردستان بوو، ئەوەش ئەبووە شێواندنی ئاسایشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو بەقازانجی ستراتیژیی ئەمریکا لەوناوچەیەدا نەبوو.

٢- ئەمریکا بەرامبەر ڕێکخراوو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بەدگومان بوو، ح.د.ك.ا ی بەچەپو نزیك لەتودەو دۆستی وڵاتانی سۆسیالیستیی دەناسی. گروپەکانی دیکەش وەك کۆمەڵەو ئینجا چریکەکان بەئاشکرا بانگی کۆمۆنیستییان دەداو ئەمریکا خۆی لەهەموو پەیوەندییگرتنێك بەو هێزانەوە بەدوور دەگرت.

٣- ئەمەریکا یەکێتیی خاکی ئێران‌و پاراستنی هێمنیی‌و ئاسایشی ئەو هەرێمەی بەقازانجی بەرژەوەندییەکانی لەناوچەکەدا دەدایە قەڵەم‌و پێی وابوو هەر تێکچوونێکی باری نێوخۆی ئێران بە قازانجی هێزە چەپەکان‌و شورەویی کۆتاییدێت. هەربۆیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ٢٤ی‌ئابی ١٩٧٤دا، ڕایگەیاند کە کێشەی کورد لە ئێراندا کێشەیەکی نێوخۆییەو ئەمەریکا پەیوەندییەکی پێوە نییە.(١)

٤- ئەمەریکا خوازیاری ئەوەبوو لە ئێراندا هەلومەرجێکی لەباری وا بخولقێت کە لایەنگرانی بازرگان‌و باڵی مەدەنیی پێی خۆیان لەدەسەڵاتدا بچەسپێنن تا بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان لە ئێراندا پارێزراوبێت‌و ڕژێمێکی تیوکراتیی‌و دژ بەئەمەریکا نەیەتە سەرکار. هەربۆیە خۆیان لەهەر مەسەلەیەك دووردەخستەوە لەوە زیاتر ناوی ئەمەریکا لە ئێراندا بەدناوبکات‌و بەرامبەر هێرش‌و پەلاماری ڕۆژنامەکانی سەربە باڵی ئاینیی وەك (جمهوری اسلامی) زۆر دڵگران بوون.(٢)

ئەگەر باس لەهەڵوێستی تورکیاش بکرێت، ئەوە دەبێت یەکسەر ترسی دەوڵەتێکی وەك تورکیامان لەهەمبەر پەرەگرتنی هەرجووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا لەبەر چاوبێت‌و بزانین تورکیا زیاتر لەدەوڵەتەکان دیکەی داگیرکەرانی کوردستان هەموو کاتێك دوژمنانە بەرامبەر سەربەرزکردنەوەی کوردەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان جووڵاوەتەوە. هەربۆیە چاوەڕێی ئەوەی لێنەدەکرا کە لەم قۆناغەشدا بەقازانجی گەلی کورد لەئێراندا هەڵوێستێکی هەبێت. شایانی باسە، بڵاوکراوە فەرمییەکانی تورکیا بۆ هاندانی ئەمەریکا ئەو هەواڵەیان بڵاودەکردەوە گوایە یەکێتیی شورەویی لەپشت ڕووداوەکانی کوردستانی ئێرانەوەیە هەروەها باڵوێزی تورکیا لەئەمەریکا بەپەلە خۆی گەیاندبووە لێپرسراوە باڵاکانی کۆشکی سپی تاکو هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەمەریکا لەسەرجەم ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران بزانن. پاش ئەوەی باڵیۆز لەنەبوونی دەستی شورەویی‌و ڕێزی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ یەکێتیی خاکی ئێران دڵنیاکرابوو، بەخۆشییەوە دەسەڵاتدارانی ئەنقەرەی لەمەسەلەکان ئاگادار

---

(١) اسناد لانه جاسوسی، سند شماره: ٢٧، موضوع: نگرانی ترکیه در مورد سیاست امریکا در رابطه باکردهای ایران، تأریخ: ٢٨ اوت ١٩٧٩، ص١٦٦-١٦٧.

(٢) هـ.س ، سند شماره: ٤٥، موضوع: مشکل کردها، تأریخ: ٢٢ اکتوبر ١٩٧٩، ص ٢١٣.

کردبووەوە.[1] ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بەوردیی هەلومەرجەکەی ئێرانیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە، ئامادەنەبوون سنوور بۆ ئەو کوردە هەڵتووانە بکەنەوە کە لەترسی کوشتو کوشتاری پاسداران ماڵەکانیان جێهێشتبوو ڕێگای سنوورەکانیان گرتبوەبەر.[2]

عێراقیش هەروەك تورکیا تاڕادەیەکی زۆر لەڕەوتی ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران‌و بوژانەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا نیگەران بوو. ئاشکرایە پاش بەستنی ڕێکەوتننامەی الجزائیر لەساڵی ١٩٧٥دا، عێراق‌و ئێران هاریکارییەکی تەواویان لەمەڕ چاودێریی سنوورەکان‌و سەرکوتی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردو هێزە ئازادییخوازەکانی کوردستان دەکرد. عێراق جگەلە میلیتاریزەکردنی کوردستان‌و چۆڵکردنی گوندە سنووریەکانی خۆی، سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە ستراتیژییەکانیشی دەستپێکردبوو, ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی هاوکارو هاتنە سەرکاری خومەینی‌و لایەنگرانی کەلەزۆر ڕووەوە لەعێراق دڕدۆنگ بوو، مژدەبەخشی ئایندەیەکی هێمن نەبوو بۆ دەوڵەتی عێراق.[3]

شایەنی باسە، ڕژێمی بەعسی حاکم لەعێراقدا، سەرەڕای دڵنیابوون لەوەی کە خومەینی وەك محەمەد ڕەزاشا ئامادەنییە لانیکەم لەو وەختەدا دەستبخاتە نێودەستیەوەو هەماهەنگیی لەگەڵدا بکات، ترسی لەدروشمی (ئاودیوکردنی شۆڕش)ی باڵی ئاینیی شیعە لێنیشتبوو. چونکە شیعەکانی باشووری عێراق کە بەدرێژایی ساڵەهایە لەژێر ستەم‌و چەوسانەوەی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقدان، کەبەرجەستەی بەرژەوەندییەکانی عەرەبی سوننەیان دەکرد، لەم قۆناغەدا بەشادییەوە پێشوازیان لەهاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌و ڕژێمێکی مەزهەبی کرد لەئێراندا، ئەو ڕووداوەی بووە هۆی هوروژاندنی شیعەکانی باشووری عێراق و دژی ڕژێمی بەعس هانی دان، دیارە خومەینی کە بۆماوەی زیاتر لە ١٥ساڵ لەنەجەف دەژیا لایەنگرو هەواداری زۆربوون، ناوبراو پاش گەڕانەوەشی بۆئێران و دەسەڵات بەدەستەوە گرتنی ئامادەبوو لەژێردروشمی ڕزگارکردنی لانەوازانی جیهان، هەرجووڵانەوەیەکی شیعەگەری لەعێراقدا

---

(1) هـ.س ، سند شماره: ٢٧، ص ١٦٥-١٦٦.

(2) هـ.س ، سند شماره: ٣٩، موضوع: موقعیت کردها، تأریخ : ١٧ سپتمبر ١٩٧٩، ص ١٩٦.

(3) هـ.س، سند شماره: ١، ص ٢٩٨-٢٩٩.

لەباوەش گریێتو بەهەموو شێوەیەك پشتگیری بکات. هەربۆیە حکومەتی عێراقیش بۆ پاراستنی خۆیو فشارخستنە سەر بەرامبەرەکەی هەمان ڕێچکەی گرتەبەرو باوەشی بۆ نەیارەکانی ڕژێمی نوێ ئاوەڵاکرد، بەتایبەتی دارودەستەکانی ڕژێمیشاهەنشاهیی.

سەبارەت بەهەڵوێستی عێراق لەڕووداوەکانی کوردستانی ئیران، شاراوەنییە کە ح.د.ك.ا لەسەرەتای ساڵی حەفتاداو لەکاتی ئاوارەییو ڕێبەرایەتییاندا پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ حیزبی بەعسی حاکم لەعێراقدا لەسەر بنەمای دژایەتییکردنی ڕژێمی شاهەنشاهییو ئیمپریالیزم دامەزراندبوو، ئەو پەیوەندییەی زۆری نەخایاند ساردیی تێکەوت لەئاکامی ڕێکەوتننامەی ئەلجەزائیرو بادانەوەی ڕژێمی بەعس بەلای ڕۆژئاواو ئەمەریکادا. شایەنی باسە، ساردیی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا گەیشتە ڕادەیەك کە دەوڵەتی عێراق جگەلەوەی پێی لەسەر دەرکردنی ڕێبەرانی ح.د.ك.ا لەعێراق دادەگرت، بەشێکی زۆری بنەماڵەکانیشی بۆ باشووری عێراق ڕاگواستبوون. هەربۆیە بەهەڵگیرساندنی شۆرشی گەلان ئێران بەشێکی زۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بەخێرایی گەڕانەوە ئێرانو لەو بڕوایەدا نەبوون لەژێر فشاری عێراق ڕزگاریان بوو.

سەبارەت بەهێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران، ئەوانەی نوێ بوونو پێشتر ژیانی ئاوارەیی عێراقیان نەبوو بەنیسیب، وەك کۆمەڵەو شێخ عیزەدین، نەك هەر لەدوورو نزیك پەیوەندییان بەحکومەتی عێراقەوە نەبوو، بەڵکو بەمەبەستی بەدەستهێنانی جەماوەرییەکی زیاترو ململانێی حیزبیی، سەرزەنشی پەیوەندییە سادەو کۆنەکەی کاتی ئاوارەیی ح.د.ك.ا یان لەگەڵ بەعسدا دەکرد وزوو زوو وەك تاوانێك بەڕووی ئەو حیزبەیاندا دەدا.(١)

پاش ئەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییو خومەینی لەئێراندا هاتنە سەرکارو هەموو مافێکی نەتەوایەتیی کوردیان لە ڕێگای ئاشتییو چارەسەری سیاسییانەوە ڕەتکردەوەو فەرمانی لەشکرکێشیی بۆسەر کوردستانی ئێران دراو سیاسەتی کوشتوبڕی گەلی کورد گیرایەبەر، خەڵکێکی زۆری شاروگوندەکانی کوردستان ئاوارەی سنوورەکانی ئێران–عێراق بوونو حیزبی دیموکراتو هێزەکانی دی دەبوایە بەزووترین کات ژیانیان دابین

---

(١) بڕوانە: بلوریان، س.پ ، ل ٢٩٨-٢٩٩.

بکەن، د.قاسملوی سکرتێری ح.د.ك.ا بۆ ئەو مەبەستە پەنای بۆ هێزە بەرهەڵستکارە عێراقییو کوردییەکانی دژبە ڕژێمی بەعس برد تا لەبەرەنگاربوونەوەی لەشکرکێشیی ئەرتەشو پاسدارانی ئیسلامیی بۆسەر کوردستان یارمەتیی بدەن، ئەو هێزانە وێڕای یارمەتییدانی ح.د.ك.ا و قوربانییدان لەشەڕەکاندا نەیانتوانی لەبەر لاوازیی مادییو کەمیی چەكو ئازووقەیان هاوکارییەکی بەردەوام بۆ جووڵانەوەکەی کوردستانی ئێران فەراهەم بکەن.

شێخ عیزەدینیش کە پێشتر سووکە پەیوەندییەکەی ح.د.ك.ا وحکومەتی عێراقی بەقەباحەت دەزانی، پاش ئەو کوشتوکوشتارەی پاسداران لەخەڵکی کورد، رایگەیاندبوو نەك هەر لەعێراق بەڵکو پێویستە دەستی هاوکاریی بۆ تورکیەو ناتۆش درێژبکرێت!![1] بەم جۆرە لەشکرکێشییەکەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییو کوشتو کوشتاری خەڵکی کورد زەمینەی نوێکردنەوەی پەیوەندییە کۆنەکانو بەستنی پەیوەندیی نوێتری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی لەگەڵ حکومەتی عێراق رەخساندەوە. بەتایبەتیی ئەگەر زانیمان چۆن ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان هەوڵدەدەن لەکاتی ناکۆکییو دژایەتیی یەکتریدا سوود لەکارتی کێشەی کورد بۆ فشارخستنە سەر بەرامبەرەکەیان بەکاربێنن، هێزە سیاسییەکانی کوردیش لەکاتی فشاری دەوڵەتی داگیرکەرو ناچارییدا هەوڵیانداوە بۆخۆپارێزییو بەردەوامیی جووڵانەوەکەیان، سوود لەناکۆکیی ئەو ڕژێمانە ببین، بێئەوەی سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان لەدەستبدەن، مەسەلەیەکی وا کە بە مەترسییدارترین تاکتیکی ئەو هێزە سیاسییانە دادەنرێتو حیسابێکی وردی لەکاتی پراکتیزەکردندا پێویستە.

سەبارەت بەم قۆناغەی کوردستانی ئێران پێویستە بزانرێت کە پەیوەنییکردن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەلایەن هێزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیەی کوردستاندا سەپێنراوی واقیعی سەختی جیۆپۆلتیکیی کوردستانو دڕندایەتیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەو جگەلە دابینکردنی پشتی جەبهەیەکی پارێزراو دۆزینەوەی کەلێنێك بۆ پەیوەندییگرتن بە جیهانی ئازادو بینینەوەی پەناگایەك بۆخەڵکی راونراوی بێدیفاع، بەهیچ جۆرێك

---

[1] هـ.س ، ل ٣١٧.

ناچێتە قاڵبی بەکرێگیراوییەوە. پێویستە بزانرێت کەخودی خومەینی نزیکەی ١٥ساڵ لەسایەی حکومەتی عێراق‌و حیزبی بەعسدا ژیانی دەگوزەران‌و بیرۆکەی ویلایەتی فەقیە لەو سایەیەدا تروکا. جگە لەوەی نزیکەی ساڵێکیش لەفەرەنسای ئازادو ناوەندیی ماسۆنییەتی جیهانییدا رێبەرایەتیی نەهزەتی ئیسلامیی دەکرد. لەلایەکی ترەوە، پەیوەندیی نوێکردنەوەی جووڵانەوەی کوردی ئێران لەگەڵ حکومەتی عێراق بەرەزامەندیی حیزب‌و رێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی‌و کوردستانیی دژی بەعس ئەنجامدرا. ئەوانەی بەرگریی کوردەکانی ئێرانیان بەجەنگێکی دژی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم لەقەڵەمداو ئامادەیی تەواویان بۆ هاوکاریی و تێدابەشداریکرنی دەبڕی.[1]

لەلایەکی ترەوە، حکومەتی عێراق ئەوەندەی بایەخی بەپەیوەندیی بەستن لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییە سەرانسەرییەکان دەدا، بە پلەیەکی زۆر کەمتر لەوانە مامەڵەی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی ئێران دەکرد. هەربۆیە هاوکاریی‌و پشتگیریی لەجووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەئێران ئەوەندە نەبوو لەلایەن ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە جێگای ڕەزامەندی بێت وەك د. قاسملو ڕایگەیاند:"پەیوەندیمان لەگەڵ بەعسی عێراق ساردە، هەڵوێست‌و ڕەفتاریان بەرامبەر ئەو خێزانانەی رایانکردووە ناو خاکی کوردستانی عێراق خراپە، خەریکن ئەوانە بۆ ناوەڕاست‌و خوارووی عێراق دووریان بخەنەوە، گشت ئەو خێزانانەی گەیشتوونەتە قەڵادزێ‌و چۆمان میری عێراق بڕیاری هەیە بۆمەرکەزی قەزای دوکان‌و ناحیەی دیانا بیانگوێزێتەوە، داوامان لەخێزانەکان کردیە نەچن، سەیرئەوەیە ڕێگاشیان نادەن بگەڕێنەوە کوردستانی ئێران، دەمێکە جیهازی ئێستگەی رادیۆمان کڕیوە، ماوە نادەن بەخاکی عێراقدا تێپەڕی کەین، هەر ڕۆژەی بەشێوەیەك وەرامسان دەدەنەوە ٠٠٠ ئەمەیە یارمەتی بەعسی عێراق بۆ ئێمە."[2]

ڕاستییەکی دی ئەوەیە، لەکاتێکدا ڕژێمی ئیسلامیی بۆ خۆی لەژێرەوە خەریکی پەیوەندییگرتن بوو لەگەڵ هێزە ئاینیی‌و سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی‌و کوردستانی عێراق‌و دژی ڕژێمی بەعس هاوکاریی دەکردن، ئەو سووکە پەیوەندییەی

---

([1]) رسول، س.پ، ل ١٤٥-١٤٦.

([2]) ه.س، ل ٢٣٤-٢٣٥.

کوردی ئێران‌و حکومەتی عێراقی بەعەیب‌و عارێکی گەورە دادەناو زەقی دەکردەوە، بەجۆرێك وای دەخستە بەرچاوی رای گشتیی گوایە عێراق‌و ئیسرائیل بزوێنەری ڕووداوەکانی کوردستان‌و مەسەلەکە جگەلە دەستێوەردانی دەرەوە، شتێکی دیکەنییە. نکۆڵییکردن لەراستیی کێشەی کورد لەئێراندا، بەئامانجی شەرعییەتدان بەو ڕەشەکوژییە بوو کە لەلایەن سوپای پاسداران‌و ئەرتەشەوە لەکوردستان پیادەکرا.

بەهەرحاڵ لەدوای داگیرکردنەوەی شارەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن هێزەکانی ئەرتەش‌و سوپای پاسدارانەوە، ژێنڕاڵە ئێرانییەکان نەخشەکێشانی شەڕیان بۆ ناوچە شاخاویی‌و سنوورییەکان داڕشت‌و کەوتنە پێشڕەویی، ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیش هەریەکەیان لەناوچەیەکدا گیرسابوونەوە، حیزبی دیموکرات لەناوچە سنوورییەکانی سەردەشت‌و کۆمەڵە لەسنوورەکانی ڕۆژئاوای سنەو چریکە فیدائییەکانیش کە ١٠٠ چەکدارێکیان دەبوو، لەناوچە سنوورییەکانی مەریوان بوون.[1] بنارەکانی چیای سورکێوو قەندیل و گوندەکانی بنوخەلەف‌و ئاشی پشتشکاوێ، پەناگای سەرانی لایەنە سیاسییەکان بوو، ئەوانەی پاش ماوەیەك پشوودان ڕیزەکانی خۆیان یەکخستەوەو جگە لەدامەزراندنەوەی کۆمیتە تەشکیلاتییەکانیان، هێزو مەفرەزەی چەکدارییان بۆ بەرگریی‌و گرتنەبەری جەنگی پارتیزانیی دروستکردن. دەتوانین لەم نێوەدا باس لە هەوڵەکانی ح.د.ك.ا بکرێت کە پاش کۆبوونەوەیەکی چوارقۆڵیی لەڕۆژی ٤ی‌ئەیلولی ١٩٧٩دا لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی، حیزبی شیوعی عێراقی‌و حیزبی سۆشیالیست، بەرنامەیەکی گونجاویان بۆ پشتگیریی پەلاماریی

[1] لەدکۆمێنتێکی سەفارەتی ئەمریکادا لەئێران هاتووە(( ١-وێرای پاشەکشەی جەنگاوەرانی کوردو ئەو زیانە گیانی‌و ماڵییە زۆرانەی لەتێکڕای خەڵکی کورد کەوتوون وەك ئاکامێکی پەلاماری ٢٨ی مرداد (١٩ی ئاب-ل) کەچی ورەو بڕوای خەڵکی‌و جەنگاوە پارتیزانە کوردەکان لەئێراندا بەرزو قایمن‌و کوردەکان ئومێدێکی گەشیان بەئایندە هەیەو لەو بڕوایەدا لەبەدیهێنانی خودموختاریی سەرکەوتوو دەبن، خەڵکی کورد عەبدولرەحمان قاسملو سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و شێخ عیزەدین حوسەینی رابەری مەزهەبیی کورد سەبارەت بەو زەرەرو زیانە بەرپرسیار نازانن‌و ئەو دوو کەسایەتییە ڕێزێکی زۆریان لەنێو خەڵکیدا لێدەگیرێت)).. اسناد لانە جاسوسی، کردستان (٢)، شمارە (٣٢)، سند شمارە: ٨، موضوع: وضع جنبش کردها در ایران، تأریخ: اواخر سبتامبر ١٩٧٩، ص ١٦٨.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی و لە قاودانی سیاسەتی ڕەشەکوژیی پاسداران بەرامبەر گەلی کورد لە نێوخۆو ئەورووپادا ئامادەکرد.[1]

هەروەها سەرلەنوێ کارو ئەرکەکان لەنێو ئەندامانی ڕێبەرایەتییدا دابەشکرانەوە، د.قاسملۆ پەیوەندییەکان و کاری پێشمەرگەی بەئەستۆگرت، جەلیل گادانی بووە لێپرسراوی بەشی ڕێکخستن، عەزیز ماملێ بووە بەرپرسی ڕاگەیاندن، جگەلە دامەزراندنی کۆمیتەیەکی نوێی عەسکەریی کە دووئەندامی کۆنی کۆمیتەی ناوەندیی لێ دورخرانەوەو دووئەندامی دیکە لەشوێنیان داندران. کەریم حیسامی لەگەڵ ئەوەی بەرپرسی کاری تەشکیلاتی کۆمیتەی مەهاباد بوو، دانرا بەئەڵقەی پەیوەندیی نێوان هێزی پێشمەرگەو کۆمیتەی ناوەندیی و هێزەکان بەم جۆرەی خوارەوە دابەش کران:

ا- هێزی پێشەوا لەمەهاباد بەسەرکردەیی سەرگورد عەباسی.
ب- هێزی شەهید موعینی لەخانەو لاجان بەسەرکردەیی سەید رەسوڵ بابی گەورە.
ج- هێزی شەهید ئاوارە لەسەردەشت بەسەرکردەیی مەلاحەسەن شیوەسەڵی.
د- هێزی سەقزو بۆکان بەسەرکردەیی فاروق کەیخوسرەوی.
هـ- هێزی شاهۆ وشەریفزادە لەهەورامان و مەریوان.
و- هێزی ئەربابا لەناوچەی بانە.[2]

سەبارەت بەدەستوەشاندنی مەفرەزەکانی پێشمەرگە لەهێزی پاسداران، لەڕۆژەکانی ٦،٨،٩،١٢ی ئەیلولی ١٩٧٩دا، پێشمەرگەکانی ح.د.ك.ا لەناوچەکانی بۆکان، بانە، سەردەشت و ڕێگای مەهاباد-خانەدا پەلاماری ئەرتەش و سوپای پاسدارانیان داو ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن و دەستەکەوتیشییان هەبوو.[3] هەروەها لەڕۆژی ١٥ی ئەیلولدا لەسەردەشت و سەلماس بۆسە بۆ هێزە ئێرانییەکان نرایەوە، ژمارەیەکیان لێ کوژرا.[4]

---

(١) رسول، س.پ، ل ١٤٦-١٤٨.
(٢) هـ.س، ل ١٥٧ .، گادانی ٥٠ ساڵ خەبات، ل ٢١٦-٢١٧.
(٣) رسول، هـ.س، ل ١٥١.
(٤) اسناد لانە جاسوسی، کردستان (١)، سند شمارە: ٣٩، ص١٩٥.

شایەن باسە، مەفرەزەکانی پێشمەرگە کە لەو شەڕانەدا توانای خۆیان تاقیکردبووەوەو دەستکەوتیشیان هەبوو، لەسەراپای مانگی تشرینی یەکەمدا، دژەپەلاماریان دەستپێکردو لەقۆناغی بەرگریی هاتنەدەر. دانانەوەی بۆسە بۆ هێزەکانی پاسداران، هێرشی لەناکاو بۆ سەر پایگاو بنکە سەربازییەکان‌و دانانی مین لەسەر ڕێگای کاروانە سەربازییەکان، تاڕادەیەکی زۆر زیانی بەهێزە ئێرانییەکان گەیاند. هەر لە یەکەم ڕۆژی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩دا، لەکاتێکدا ئوتۆمبیلێکی پڕ لە پاسدار بەرەو شاری پاوە دەڕۆیشت، کەوتەبە ئاگری هێزی پێشمەرگەو لەئاکامدا ئوتۆمبێلەکە سوتێنراو ٤ پاسداریشی تێدا کوژراو باقی دیکەش بەدیل گیران.[١]

قورسترین گورزی هێزی پێشمەرگە لەسوپای پاسداران ئەو بۆسەیە بوو کەلە ڕۆژی ٧ی‌تشرینی یەکەمدا بۆ ستونێکی (گاردی جاویدان) یان نایەوە. ئەو ستونەی کە بێئاگا لەشاری سەردەشتەوە بەرەو بانە دەهاتن، لەدوای پەلامارێکی لەناکاو نزیکەی٨٠ پاسداریان لێکوژراو زیاتر لە ٥٠ کەسیشیان لێ بەدیلگیراو بەدەیان ماشێنی نەفەر هەڵگریشیان سوتێنرا.[٢] ڕۆژنامەی "جمهوری ئیسلامی" ئۆرگانی باڵی مەزهەبیی توندڕەو وێنەی تەرمێکی سوتاوی لەو پاسدارانە چاپکردبوو کە لەژێریدا بەخەتی درشت نوسیبووی (حقوق بشر بسبك امریکایی/ مافی مرۆڤ بەشێوازی ئەمەریکایی) ئەویش بۆ ئەوەی ڕاگشتیی ئێرانیی دژی کوردو جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی بورووژێنێت.[٣]

ئەوەی لەم قۆناغەدا تەکانێکی گەورەی بەزەبر وەشاندنی هێزی پێشمەرگە لەپاسدارە ئیسلامییەکان‌و ئەرتەشی‌و کۆماری ئیسلامییدا، ڕاپەڕینی جەماوەری شارەکانی کوردستان بوو ئەوانەی لە : مەهاباد، سنەو مەریواندا، پەلاماری بنکەو بارەگاکانی پاسداران‌و ژاندرمەیان دەدا. هەروەها دەستەی چەکداریی نهێنیی لەشارەکاندا دامەزرابوو، ئەوانە شەوانە هەڵیان دەکوتایە سەر دامودەزگاکانی ڕژێمی نوێ‌و کارمەندو

---

(١) هاوکاری، ١٩٧٩/١٠/١.

(٢) هـ.س ، ١٩٧٩/١٠/١٥، گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ٢١٨

(٣) اسناد لانه جاسوسی، کردستان (١)، سند شماره: ٤٢، موضوع: مشکلات کردها، تأریخ: ١٠ اکتوبر ١٩٧٩، ص ٢٠٥.

دەسەلاٚتدارەکانیان دەفڕاند، بەپێی بەڵگەنامەیەکی سەفارەتی ئەمەریکا لەتاران، ژمارەی ئەوانەی کرابوونە بارمتە بریتیبوون لە ٨٠–١٥٠کەس.[1]

لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا، هەزارەها کەس لەخەڵکی شاری مەهاباد ڕژانە سەر شەقامەکانی شارو خۆپێشاندانیان دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی کردو دروشمی کشانەوەی سوپای پاسدارانیان لەشارەکانی کوردستان هەڵبڕیبوو. ئەو خۆپێشاندانانەی ببووە کاری ڕۆژانەی جەماوەری شارەکانو بۆ پەلامارێکی سەرتاسەریی بۆ سەر بنکەو بارەگای دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم وەرچەرخا. ئەو پەلامارەی لە ڕۆژی٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩دا، لەشاری مەهاباد بووە شەڕی ماڵ بەماڵو کولاٚن بەکۆلاٚن، لەنێوان خەڵکی شارو هێزە ئێرانییەکانداو جگە لە کوژرانی ٧٧کەس لەهەردوولا تانکێکیش لەنێوەڕاستی شاردا ئاگری تێبەردرا، ئەو شەڕەی کە تا ڕۆژی ١٨ی مانگ بەردەوامبوو، دواتر لەگەڵ هاتنە ناوەوەی هێزی پێشمەرگەی دیموکرات بۆ شاری مەهاباد گەیشتە پۆپەو تێکڕای بارەگاکانی کەلانتەری، ژاندارم، پاسداران کەوتنەبەر دەستی هێزی جەماوەری ڕاپەڕیوو پێشمەرگەو دوای سوتاندنی سێ تانکی تر لەناو شاری مەهاباد هەموو هێزەکانی ڕژێم ناچاربوون خۆ لەپادگانی شار بهاوێژنو مەهاباد کەوتەوە دەست پێشمەرگەو جەماوەرە ئازادیخوازەکەی.[2]

لەشاری سنەش، کۆمەلاٚنی خەڵك لەڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمدا، ڕژانە سەر شەقامەکانو بەنارنجۆك هێرشیانکردە سەر بارەگای پاسدارانی ئیسلامیی، شکیبای ئوستانداری سنە بۆ ڕۆژنامەکانی تارانی ڕاگەیاند کە مانگرتنی گشتیی لەشاری سنەدا بەردەوامەو هەلومەرجەکە ئەوەندە ئاڵۆزە کە پۆلیسو ژاندارمی دەوڵەتیی ناوێرن بەرەو ڕووی خەڵکەکە ببنەوە. بەپێی هەواڵنامەی سیاسیی هەفتەیی سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران، لەکاتێکدا هێزەکانی حکومەتی کاتیی ئێران بەشارەکاندا هاتوچۆدەکەن، دەکەونە بەر ڕێژنەی گوللەو چەند ڕووداوی جیاجیا لەناوچە کوردنیشینەکاندا ڕوویانداوە کە تێیدا پاسدارانی شۆڕش ئامانجی پەلاماری کوردەکان بوون. دوا هەواڵی پێکدادان

---

([1]) هـ.س ، سند شماره: ٣٩، ص ١٩٦.

([2]) هـ.س ، سند شماره: ٤٥، ص ٢١٠.

لەمەریوانو بانەوەیە کەخوێندنگاکان لەسەرانسەریی ناوچەکەدا داخراوەو کاروکاسپیی خەڵکی لەبەر خۆپێشاندانەکانو ئەو رووداوانە پێچراونەتەوە.[1]

ڕۆژنامەی (هاوکاری) چاپی بەغداش نووسیویە:"بەدرێژای هەفتەی رابردوو ئاژانسەکانی دەنگوباسی هەندەران، پەیامنێری رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی جیهان پەیتاپەیتا هەواڵی دۆخی ئاڵۆزی شێواو ئێران بەگشتی وکوردستانی ئیران بەتایبەتی بلاّویانکردۆتەوە، بەپێی ئەم هەوالآنە کە هەندێکیان پەیامنێرەکانیان بەچاوی خۆیان رووداوەکانیان دیوە، زۆربەی شارەکانی کوردەواریی (ئازەربایجانی‌خۆرئاوا، سنە، کرماشانو ناوچەکانی دەوروپشتیان)و شاری ئەهواز لەخۆزستان بەڕۆژ تەقینەوەی نارنجۆكو بەشەو شەڕی دەستەویەخەیان تێداکراوەو هێرش براوەتە سەر پاسگاو مەڵبەندو بارەگاکانی پاسەوانی خومەینی کەناوی پاسەوانانی شۆڕشیان لەخۆیان ناوە.[2] هەروەها لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا، کاتێك هێزێکی ئێرانی بەرەوشاری مەهاباد دەهات لە دەروازەی شاردا کەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگەکانی ح.د.ك.ا (دوای کوشتنی ژمارەیەکی زۆری پاسداران، دوو تانك سوتێنراو تانکێکیش کەوتە دەست پێشمەرگەکانی دیموکرات.[3] هەر لەم ماوەیەدا لەسەر ڕێگای سەردەشت– بانە هێزێکی ئێرانیی کەوتە بۆسەیەکی پێشمەرگەوە لەئەنجامدا سەرهەنگێکی ئێرانیی تێدا کوژراو ١٢ سەربازیش بریندارو ٥٣کەسیان لێ بەدیلگیرا.[4]

راستییەکەی، ئەو شەڕەی بەفەرمانی خومەینی لەدوای ناوەڕاستی مانگی ئابدا بەسەر گەلی کوردا سەپاو لەسەرەتای ئەیلولدا بەداگیرکردنەوەی شارەکانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئەرتەشو پاسدارانی خومەینیەوە دەستیپێکرد، بەدژە پەلاماری هێزی پێشمەرگەو راپەڕینی جەماوەری شارەکانو گورزوەشاندنی توندیان لەهێزەکانی کۆماری ئیسلامیی لەکۆتایی نزیك بووەوە. هەروەك بەڵگەنامە مێژووییەکانی دەریدەخەن لەکۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا، زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران کەوتبوونە

---

([1]) هـ.س ، سند شماره: ٤٧، موضوع: گزارش سیاسی هفتگی، تأریخ: ٢٨ اکتوبر ١٩٧٩، ص٢١٧.

([2]) هاوکاری، ١٩٧٩/١٠/٢٩.

([3]) کەریمی حیسامی، لەبیرەوەرییەکانم، بەرگی شەشەم، ل ٢٢٤.

([4]) رسول، س.پ ، ل٢٧٢.

دەست هێزی پێشمەرگەو خەڵکی ڕاپەڕیو. شاری مەهاباد، بۆکان‌و سەردەشت بنکەو بارەگای ئاشکرای ح.د.ك .ا یان تێدا دامەزرابۆوە. لەمەریوان‌و سنەدا، پاسدارانی ئیسلامیی بەتەواویی سەریان لێتێکچووبوو، بەمجۆرە نەخشەی ژێنراڵەکانی ئێرانیی بەکشاندنی شەڕ بۆ ناوچە چیایی‌و سنوورییەکانی تووشی شکستێکی راستەقینە هات.

لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ بەردەوامبوونی راپەڕینی جەماوەری شارەکانی کوردستان‌و گورزوەشاندنی هێزی پێشمەرگە لەهێزەکانی کۆماری ئیسلامیی لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٩، گرفت‌و کێشەکانی دیکەی ئێران تادەهات زیاتر زەق دەبۆوە، چ لە نێو گەلانی غەیرەفارسی وەك بلووچ، تورکمان‌و عەرەب کە بەوردیی چاودێریی رووداوەکانی کوردستانیان دەکردو بە پەرۆشەوە دەیانڕوانییە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە. هەربۆیە ئەوانیش جارجارە بەچاولێکەریی کوردستان پەلاماری بارەگاکانی پاسدارانیان دەدا، یاخود لەنێو باڵە جیاوازەکانی ڕژێمی نوێدا، ئەوانەی تادەهات ناکۆکییەکانیان لەسەر مەسەلە سەرکییەکانی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ئێران زەقتر دەبۆوە. مەهدی بازرگانی سەرۆك حکومەتی کاتیی ئێران، ئەنجومەنی ڕێبەرایەتیی شۆڕشی سەر بە خومەینی بەوە تاوانبارکرد کە دەست لەهەموو کاروبارێکی وڵات وەردەداو لەوبارەیەوە شوێنێکی بۆ دامودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت نەهێشتۆتەوە. بەشێوەیەکی وا لەماوەی مانگدا یازدە وەزیر دەستیان لەکار کێشاوەتەوە، وەزیرێکیان (حسن اسلامی) وەزیری پۆست‌وتەلەگراف بوو، کە لەنامەی وازهێنانەکەی بۆ خومەینی هۆکاری وازهێنانەکەی بەوە ڕوونکردبووەوە کە حکومەت نەخشەیەکی دیارییکراوی کارکردنی نییە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی دژواری ئێران.(١)

قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووریی وڵات‌و شکستی لەشکرکێشییەکانی کوردستان دوومەسەلەی سەرەکیی بوون کە زیاتر کاریگەرییان لە تیژبوونی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو باڵی مەزهەبیی توندڕەو باڵی مەیانڕەوی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی دەکرد. خومەینی بۆ زیاتر قورسکردنی سەنگی خۆی لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمدا

---

(١) هاوکاری ، ١٢ تشرینی یەکەمی ١٩٧٩.

کێشەی بارمتە ئەمەریکاییەکانی دروستکردو خۆی وەك رابەرێکی دوژمنی سەرسەختی ئەمەریکا خستەبەرچاو. لەڕاستییدا، دروستکردنی ئەو کێشەیە لەو دەمە ناسکەدا، زیاتر بۆ تەختکردنی ڕێگای مەسەلەی پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و دوورخستنەوەی باڵی مەدەنیی ڕژێم بوو.[1] جگەلەوەی ڕەخساندنی زەمینە بۆدەنگدان بەقانونی ئەساسیی نویٰ کە بەرواری ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٧٩ی بۆ دابینکرابوو، ئەو قانوونە ئەساسییەی جگە لە سەپاندنی ولایەتی فەقیە، ئێرانی دەکردە دەوڵەتێکی تیۆکراتیی مەزهەبیی کە شیعەی ئیمامیی ئایدلۆژیی فەرمیی بوو. جگەلە کەمینە ئاینییەکانی وەك جو، مەسیحی، زەردەشتیی، تایبەتمەندیی بۆ نەتەوە غەیرەفارسەکانو کەمینە نەتەوەکان دانەنرابوو، هیچ حیسابێکیش بۆ سوونێتیی کوردو بلووچ نەکرابوو.[2]

شایەنی باسە باڵی مەدەنیی میانەڕەوی ڕژێم بەناچارکردنی مەهدی بازرگانو دەست لەکارکێشانەوەی لەحکومەت ڕۆژی ١١ی تشرینی دوومی ١٩٧٩دا، مەیدانی بۆ خومەینی و باڵی ئاینیی توندڕەو چۆڵکرد، ئەو باڵەی لە ١٧ی تشرینی دووەمدا، ڕایگەیاند کە تا ئەو کاتەی سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت لەڕێگای ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە کاروباری موسوڵمانانی ئێران بەڕێوەدەبەن. هەروەها لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا، مەجلیسی خیبرەگانی لە تاوتوێکردنی قانونی ئەساسیی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لێبۆوەو ڕۆژی دەنگدانیان بۆ دیارییکرد.[3]

سەبارەت بەمەسەلەی کوردستان، دوای شکستی لەشکرکێشی هێزەکانی ئەرتەشو پاسداران بۆسەرگەلی کوردو خورتبوونی سیاسیی و چەکدارییی ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران، بەتایبەت ح.د.ك.ا، خومەینیی و لایەنگرانی هاتنەسەر ئەو باوەڕەی کە بۆ جێپێیٰ چەسپاندنی خۆیانو دەرچوون لەو فشارو گرفتە زۆرەی لەناوەند بەهۆی سیاسەتی توندڕەویانەوە تووشی هاتبوون، پێویستیان بەئاشتییەکی ڕواڵەتییە لەکوردستان تا لەهەلومەرجێکی ترداو بەو شێوەیەی لەبەرنامەیاندایە مەسەلەکە کۆتایی پێبهێنن. بەتایبەتیی لەم قۆناغەدا هەواڵێکی وا هەبوو کە ژێنڕاڵ ئەحمەد مەدەنی

---

(1) السبکی، س.پ ن ل ٢٤٥–٢٤٦.

(2) ئەسڵی ١٢، ١٣ لەقانون اساسی ایران، ص ٢٦–٢٧.

(3) هاوکاری ، ١٢ تشرینی یەکەمی ١٩٧٩.

فەرماندەی هێزی دەریایی بەپاڵپشتیی ژمارەیەك لەئەفسەرانی سوپا نیازی بەرپاکردنی کودەتایەکی سەربازییان هەیە.[1]

هەربۆیە خومەینی بێئەوەی چ بڕوایەکی بەمافی تایبەت بە نەتەوە غەیرەفارسەکانو ڕەوایەتیی کێشەی کورد لە ئێراندا هەبێت، بڕیاریدا هەمان تاکتیك بگرێتەبەر کە پێشتر حکومەتی کاتیی دەستیپێکردبوو. تاکتیکی ڕاگەیاندنی گفتوگۆو خافلاَندنی کورد بێئەوەی خۆ بەهیچ بڕیارو گفتێکی تایبەت ببەستنەوە. لەم بارەیەشەوە خومەینی داوای لەداریوش فروهەری وەزیری کارو هونەری ئێرانی کرد، لێژنەیەك بە ناوی "هیئت حسن نیت/ لیژنەی نیازپاکیی" بەسەرۆکایەتی خۆی پێکبهێنێتو بەرەو کوردستان ملبنێت. شایەنی باسە فروهەر پێش ئەوە چەند جارێك لەلایەن بازرگانەوە نێردرابووە کوردستان، جیا بەجیا چاوی بەرابەرایەتیی کوردو نوێنەری ڕێکخراوە سیاسییەکان کەوتبوو، بێئەوەی ئاکامێکی دیارییکراوی هەبێت.[2]

هەروەها لە ١٧ تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا، دروست سێمانگ بەسەر فەتواکەی خومەینی بۆ پەلاماردانی کوردستان تێپەر ببوو، کەلەلایەن ناوبراوەوە پەیامێك ئاراستەی گەلی کورد کرا کەئەمە وەرگێڕاوی دەقەکەیە:

"بەناو خودای مەزنو دلۆڤان

سلاَو لەخوشکانو برایانی کورد کەبە وەفاداری خۆیان بۆ ئیسلامو کۆماری ئیسلامیی ڕێگەیان لەپیلانی خائینەکانی ولاَت گرت، هەوڵەکان بەجۆرێك بوون کە چاوەڕوان لەبرایانو خوشکانی کورد دەکرا کە هیچ کاتێك خۆ لەئیسلامو ئێران جیاناکەنەوەو ئەوەشی بەدخواهان دەیاندەنەپاڵ شتێکی جگەلە لە پیلانو ئاژاوەگێڕیی

---

([1])هـ.س ، ١٩ تشرینی یەکەمی ١٩٧٩.

([2])شایەنی باسە داریوش فروهەر بۆ ئاژاوەنانەوەو دووبەرەکیی دروستکردن لەنێو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا بەتەنیا پەیوەندیی بەشێخ عیزەدینەوە کردبوو تا بەیاننامەیەك بۆ وەستاندنی شەڕ بلاَو بکاتەوە، لەوەلاَمدا شێخ بەمجۆرە وەلامی دابۆوە: ((میللەتی کورد شەڕی نەویستووەو نایەوێت هەردەم ئامادەیە بگاتە ئاکامێکی پڕ سوود لەگەڵ ڕژێمی ئێران، بەرژەوەندی نەتەوەی کوردو هەموو گەلەکانی ئێران لەئاشتیو برایەتی دایە،.. ئەم کارە بەمن ناکرێت، ئەمە کاری حیزبی دیموکراتە... بەمجۆرە کارانەی ئێوە داوای دەکەن هەڵناسمو نەمکردووەو نایکەم)). رسول، س.پ ، ل ٢٣٦-٢٣٧.

نییە، ئیستا کەمن ئەوەی پێویستە لەئێوەی خوشکان‌و برایانی کوردو هەموو برایان داواکاری دەکەم:

ئیستا لەم دۆخەناسکەدا میلەتەکەمان لەگەڵ تالأنچییان بەسەرۆکایەتیی ئەمریکا رووبەڕوو بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆی‌و گێڕانەوەی سامانی دزراو لەلایەن محەمەدڕەزای پەهلەوی‌و دادگاییکردنی ئەم تاوانبارە راپەڕیون‌و هەموو توێژەکانی کۆمەڵ لەم مەسەلە ژیانییەدا هاودەنگن، برایان‌و خوشکانی کورد لەهەر کوێ بن پێویستە بەتەواوەتی ڕێگا لە هەر دووبەرەکییەك بگیرێ کە بەدخواهان دروستی دەکەن.

ئەمەو هەموو میللەت لەو ستەمانەی کە بەدرێژایی حوکمی ئیستبدادیی‌و بەپێچەوانەوەی ئیسلامەوە لەئێوەی برایانی کوردکراوە ئاگادارە، بەلأم پێویستە بزانن کە بەتەنیا هەر ئێوە لەژێر چەوسانەوەدا نەبوون، بەڵکو هەموو برایانی ئێوە: تورك، لوڕ، بلووچ، فارس‌و تورکمەن لەگەڵ ئێوە هاوبەش بوون، ئەوانیش بێبەش بوون لەوەی ئێوە لێی بێبەشبوون، ئەگەر تەماشایەکی گەڕەکە هەژارو چادرنشینەکانی تاران بکەن دەبینن ئەوانە لە هەموو کەس بێبەشترن، ئەوەش دەزانم کەئەوەی ئێوە لەحکومەتی کاتیی چاوەڕوانتان کردووە نەهاتۆتە دی، بەلأم پێویستە بزانن کەبرایانتان دووبارە لەوەدا لەگەڵتان‌و حکومەتی کاتیی بەتەواویی توانایەوە خەریکە، بەلأم گرفتەکان هێندە زۆرن‌و چاکسازیی پێویستیی بە کات هەیە.

لە لیژنەی هەڵبژێردراو داواکارم کە بەدانوساندنی خۆی بەتەواوی نیازپاکییەوە درێژەبدات، لەگەڵ کەسایەتیی ئاینیی‌و سیاسیی‌و میللیی‌و تەواوی توێژەکان پەیوەندیی بگرن، تا خواستەکانی ئەوان کە هی ئێمەشن بەرقەرار بێت‌و ئێوەی برایانی کورد لەگەڵ برایانی دیکەی خۆتان بەخۆشیی‌و شادمانی بژین‌و دەستی بێگانە بۆهەمیشە لەولأتمان ببڕێت.

ئیسلامی مەزن هەموو دووبەرەکیی‌و چەوساندنەوەیەکی ریسوا کردووەو بەهیچ گرووپێك تایبەتمەندیی نەداوە، چاکەو پابەندبوون بە ئیسلامەوە تەنیا کەرامەتی ئینسانەکانە، لەپەنای ئیسلام‌و کۆماری ئیسلامییەوە مافی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆو هەرێمی‌و لابردنی هەر جۆرە ستەمێکی فەرهەنگیی‌و ئابووریی‌و سیاسیی پەیوەست بەتەواوی توێژەکانی میللەتە لەوانەش برایانی کورد، کە دەوڵەتی کۆماری

ئیسلامیی پابەندبوونی خۆی بەدابینکردنی ئەمانە بەزووترین کات دەکاتو یاساو ریٚو شویٚنی پیٚویست لەم بارەیەوە بەزووترین کات ئەنووسریٚت، ئەگەر خودا حەز بکات.

لەکۆتاییدا دووبارە دیدی عولەمای ئەعلامو مەشایەخە گەورەکانو رۆشنبیرانو هەموو برادەرانی ئازیز لەسەرانسەری ئیٚران رادەکیٚشن بۆ ئەم بارودۆخە ناسکەو سەنگەربەندیی دوژمنانی وڵاتو ئیسلامو بەرامبەر میللەتی ئازیزو هەوڵی بیٚوچانیان بۆ سەرکوتکردنی رابوونی ئیسلامیی و میللەتی پایەبڵند، ئایا لەم کاتەدا داواکاری ئاسانی ئەم خزمەتکارە کەچەند رۆژیٚکی کەمی ژیانی ماوەو بەسەری دەبات بەجیٚ نییە؟

خوشکانو برایانی هاونیشتمانیی لەسەرانسەریی وڵات، من دەستی خۆمتان بۆ دریٚژ دەکەم، لەئیٚوە داواکارم کە بۆخاتری خوداو ئیسلامو وڵاتی پەککەوتەتان هەموو هیٚزو توانایەکتان بۆ رزگاریی وڵاتەکەتان بخەنەگەڕ، چەکی گەرمو ساردتان واتە قەڵەمو بڵاوکراوەو تفەنگتان لەیەکتری وەرگیٚڕنو ئاراستەی دوژمنی مرۆڤایەتیی بکەن کە لەسەروو هەموویانەوە ئەمریکایە، خودایا من وەزیفەی خۆم کە ئامۆژگاریی میللەتە بەپیٚی توانای لاوازی خۆم ئاراستەی خەڵك کرد، تۆیە ئەی خودای مەزن بەتوانای خۆت دڵی میللەتمان پیٚکەوە گریٚبدە، هەر تۆ نزیكو وەڵامدەری، سڵاوی گەرمی من بۆ میللەتی ئازیزو برایانی کوردو رەحمەتی خودا لەهەمووان." (١)

لەراستییدا، پەیامەکەی خومەینی بەشیٚوەیەکی وا هۆنرابووەوە، جگەلەوەی هیچ چارەسەریٚکی سیاسییانەی بۆ کیٚشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەکوردستانی ئیٚراندا تیٚدا نەبوو، کۆمەڵیٚك هەڵەو چاوبەستی گەورەو ئاشکرای تیٚدابوون کە زۆر لە راستییەوە دوور بوون، بەسەرنجیٚکی ورد لەپەیامەکە دەتوانریٚت بوتریٚت:

١- خومەینی لەسەرەتای پەیامەکەیدا باس لەوەفاداری گەلی کورد بۆ کۆماری ئیسلامیی دەکات، لەکاتیٚکدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئیٚران بەرِیٚنمایی ریٚکخراوو کەسایەتییە سیاسیی و ئایینیەکانی خۆی، تیٚکڕا بۆیکۆتی ئەو ریفراندۆمەیان کرد کە بۆهاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئەنجامدرا. بەواتایەکی تر گەلی کورد لەئیٚران بەتیٚکڕا کۆماری ئیسلامییان رەتکردەوە.

---

(١) بۆ دەقە فارسییەکەی بڕوانە: ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکیٚنن ، ل ل ١٣١-١٣٣.

٢- خومەینی بەجۆرێك لەپەیامەکەیدا باسی لە مەسەلەکان کردووە وەك ئەوەی ئاگای لەخواستە دیموکراتیی‌و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەئێراندا نەبووبێت. لەکاتێکدا چەندەها جار ڕێکخراوو کەسایەتییە سیاسیی‌و ئاینییەکاتی کورد پێش ١٩ی ئابی ١٩٧٩، ڕۆژی فەتواکەی خومەینی سەردانی قومیان کردووەو داخوازییەکانی گەلی کوردیان پێ ڕاگەیاندووە. جگەلەوەی چەند جارێك بە پەیام‌و نامە لەپیلانی ئاژاوەگێڕانیان ئاگادار کردۆتەوە. ئەوانەی لایەنگریی خودی خومەینی بوون لەکوردستانی ئێراندا، بێ‌ئەوەی ناوبراو هەڵوێستێکی ئەرێییانە بنوێنێ.

٣-خومەینی بەبیانووی دژایەتیی ئەمریکاوە دەیویست جەماوەری کورد بەگژ ئەو ڕێکخراوو کەسایەتییانەدا بکات کە هەڵقوڵاوی خواستە نەتەوەییەکانی خۆین‌و بەرگریی لەمافەکانی دەکەن‌و لەبەرامبەر ڕەشەکوژیی خەڵکی کوردستاندا هەڵوێستیان وەرگرتووە. لەکاتێکدا جەماوەری کورد ئەوەندە سادەو ساکار نەیدەڕوانی‌و دۆست‌و دوژمنی خۆی دەناسین. خۆپیێشاندانەکانی مەهاباد، بۆکان، سنەو مەریوان‌و شارەکانی دیکەی کوردستان دژی ئەرتەش‌و پاسدارانی خومەینی ئەنجامدران، ئەوەیان دەسەلماند کە خواستی جەماور، بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی لەچوارچێوەی خودموختاریی‌و دەرکردنی هێزی داگیرکەر بوو لەکوردستانی ئێران.

٤-خومەینی جگەلەوەی لەپەیامەکەیدا دان بە ڕێکخراوە سیاسیی‌و نەتەوەییەکانی کوردستانی ئێران وەك نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کورددا نانێت، ناڕاستەوخۆ بەپیلانگێڕو ئاژاوەگێڕیان ناودەبا.

٥- لەخاڵی دووەمدا خومەینی نکۆڵیی لەو ستەمە نەتەوایەتییە دەکات کە بەدرێژایی مێژووی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی بەرامبەر گەلی کورد لەئێراندا کراوەو وا پێشاندەدات کە کوردێك‌و فارسێك لەئێراندا وەك یەك لەلایەن ڕژێمی ڕابردووەوە چەوسێنراونەتەوە. ئەمەش بۆخۆی چەواشەکارییەکی ئاشکرایە، لەکاتێك کورد سەرباری شێوازەکانی دیکەی ستەمی کۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی، ستەمی نەتەوایەتییشی لەسەر بووەو وەك کوردێك نکۆڵیی لێکراوەو لەتەواوی مافە نەتەوایەتییەکانی بێبەش بووە، زمان‌و مێژووو کەلتووریی قەدەغە کراوەو شێوێنراوە، هەوڵی تواندنەوەی دراوەو لەسەر کوردبوون‌و کوردایەتیی گیراوەو شکەنجە دراوەو گوللەبارانکراوە، ستەمێکی هەمەلایەنەی

بەو جۆرە کە لەسایەی ولایەتی فەقیهدا ستەمێکی تریشی هاتە سەربار کە ستەمی مەزهەبیی بوو.

٦-خومەینی جگەلەوەی خۆی لەتەواوی پیلان‌و ڕەشەکوژییەکانی دژ بەگەلی کورد لەئێران دەپەڕاندەوە، هەوڵیداوە ئۆباڵی هەڵگیرساندنی شەڕی سێ مانگە لەکوردستانی ئێران بخاتە سەرشانی نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلی کوردو حکومەتی کاتیشی بەکەمتەرخەم لەقەڵەمداوە. لەکاتێکدا لەپاڵ حکومەتی کاتیی‌و دامودەزگاکانیدا، شوراو کۆمیتە ئیسلامییەکان‌و پاسداران هەڵسوڕێنەری دەسەڵات‌و سیاسەتی زۆربەی شارو هەرێمەکانی ئێران بوون. شەڕی سێ مانگەش ئاکامی ڕەتکردنەوەی مافی خودموختاریی کوردو سەپاندنی پاسداران بوو بەسەر شارو ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا، دواتر خومەینی بێئەوەی شتێك بداتە گەلی کورد، داوای کات‌و هێمنییان لێدەکات.

٧- لەخاڵی سێیەمی پەیامەکەدا، خومەینی خواستی کەسایەتییە سیاسیی‌و مەزهەبیی‌و نەتەوایەتییەکانی کوردستان بەخواستی خۆی دادەنێت، لەکاتێکدا ئەوانە لەگەڵ مافی خودموختاریی کوردستانی ئێران بوون، خومەینی دژی خودموختاریی‌و بەپیلانی ڕۆژئاوای دژی ئیسلام دادەنا، لەکاتێکدا ئەوان لەگەڵ دیموکراتیی‌و مافی یەکسانیی ئاینیی دابوون، خومەینی لەئەندێشەی دەوڵەتێکی شیعەگەرێتی دابوو کە خۆی لەسایەی عەبای بەپیرۆزکراوی نوێنەرایەتیی مەهدی مونتەزەردا دەکردە تاقە بڕیاردەرو سیستمێکی تیۆکراتیی دەسەڵاتسەپێنی نادیموکراتی دەسەپاند کە نموونەی وەك خاڵخاڵیی‌و تاوانی وەك کۆمەڵکوژیی"قارنێ"ی بەرهەمدەهێنا.

٨-لەخاڵی چوارەمدا خومەینی بەبیانووی یەکسانیی ئیسلامییەوە هیچ تایبەتمەندییەکی نەتەوایەتیی بەگەلی کورد ڕەوا نەدیوەو داوای کردووە کە ئیسلام دەستەبەری تەواوی مافە فەرهەنگیی‌و ئابووریی‌و سیاسییەکانی گەلانە بەکوردیشەوەو لەدەوڵەتی ئیسلامدا جیاوازی نەتەوەیی نییە، بۆچوونێکی وا کە مێژوو پێچەوانەکەی سەلماندوە. چونکە نەتەوایەتیی زادەی ڕەوتێکی مێژوویی هاوچەرخەو لە قۆناغی هاتنی ئاینی ئیسلامدا شتێك بەناوی "کێشەی نەتەوایەتیی"ەوە نەبووەو دەبوو لەدەرەوەی عەقڵییەتی مەزهەبیی‌و چەقبەستوودا بەدوای چارەسەردا بگەڕێن کە خومەینی لەباریدا نەبوو.

٩-خومەینی هەوڵیداوە لەخاڵی پێنجەمدا وەك وتاربێژێکی مەزهەبیی سۆزو عاتیفەی خەڵکی سادەو ساکار بجووڵێنێ‌و داوای لێکردوون لەگەڵیدا بچنە سەنگەری دوژمنانی ئیسلامو رێگای پاوانکردنی دەسەلاَتی بۆ تەخت کەن.

دیارە لەگەڵ گشت ئەو ناراستییی‌و دژ بەیەکییەی لەپەیامەکەی خومەینیدا بەدیدەکرا، خەڵکی ئێران‌و گەلی کوردو تێکڕای ئاشتییخوازان چاوەڕێی ئەوەیان لەناوبراو نەدەکرد کە بەئاشکرا پەنجە بۆ ستەملێکراوی‌و بێمافیی گەلی کوردو پێویستیی ئاشتیی‌و ئارامیی بۆ کوردستان رابکێشێ‌و داوای لابردنی ستەمی ئابووریی‌و فەهەنگیی‌و سیاسیی لەسەر خەڵك‌و کورد بکات، مەسەلەیەکی وا کە لەلایەن زۆربەی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگاوە پێشوازیی لێکراو لەزۆربەی شارو گوندەکانی کوردستانی ئێران زەماوەندی بۆ کرا.(١)

رێبەرایەتیی رێکخراوو حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانیش واتە: ح.د.ك.ا، کۆمەڵە، چریکەکان‌و شێخ عیزەدین، پاش بیستنی ئەو پەیامە وردە وردە بەرەو شارەکان گەڕانەوەو بەئاشکرا تێکۆشانی سیاسیی خۆیان دەستپێکردەوە، لەرۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا، ح.د.ك.ا لەشاری مەهاباد کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی سازکردو د. قاسملوی سکرتێری حیزب لە وتارێکیدا رایگەیاند (ما بەپیام امام لبیك میگویم/ ئێمە بە بەڵێ وەلاَمی پەیامەکەی ئیمام دەدەینەوە)، ئەو هێزانە هەوڵیاندا دەستەیەکی نوێنەرایەتیی لەژێر نێوی (دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد) پێکبهێنن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لە ح.د.ك.ا : د. قاسملو، بلوریان، کەریم حیسامی، عەبدوڵلا حەسەن زادە، ئەحمەد قازی، عەزیز مامڵێ.

٢- کۆمەڵە: یوسف ئەردەلاَنی، ئیبراهیم عەلیزادە، عەبدوڵلا موهتەدی‌و دکتۆ جەعفەر شەفیعی.

٣- چریکە فیدائییەکان: بهرۆز سلێمانی، محەمەد ئەمین شێرخانی‌و ئەنوەر سوڵتانی.

٤- شێخ عیزەدین‌و دوو ئەندامی دەفتەرەکەی.(٢)

نوێنەرانی رژێمی کۆماری ئیسلامیش لەسێ وەزیر پێکدەهاتن کە: داریوش فەرهەر، هاشم سەباغیان، عیزەتوڵلا سەحابی بوون، شایەنی باسە بڕیاربوو رۆژی ١٢ی کانونی یەکەمی

---

(١) رسول، س.پ، ل ٢٩٩.

(٢) بلوریان، س.پ، ل٣٢٥-٣٢٦.

١٩٧٩ یەکەمین دانیشتنی نێوان هەردوو دەستەکە ئەنجامبدرێت، دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کە دایان نابوو شێخ عیزەدین ببێتە سەرۆكو د.قاسملو وتەبێژ بێت. بەهاوکاریی یاسازانی ناسراوی کورد صارم الدین صادق وەزیری گەلاڵەیەکیان بۆ خودموختاریی ئامادەکرد کە لە٢٦ مادە پێکهاتووە وەك پەیوەستی ژمارە(٣)دا هاتووە.

بەم چەشنە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد داواکارییە نەتەوایەتییەکانیان گەڵاڵە کردو بە پەرۆشەوە خۆیان بۆ گفتوگۆو دانوساندن لەگەڵ نوێنەرانی رژێمی کۆماری ئیسلامییدا ئامادەکرد، بەڵام ئایا خومەینیو رژێمەکەی ئامادەبوون دان بەمافی خودموختاریی گەلی کوردو ژیانی دیموکراتییدا لەئێراندا بنێن؟ ئایا چەندیان لەو بەڵێنو گفتانە هێنایەدی کە سەبارەت بەکۆتاییهێنانی چەوساندنەوەی سیاسییو ئابووریی و فەرهەنگیی گەلانی ئێران باسیان لێوەکرد؟ قەیرانە ئابورییە خەتەرناکەکەی ئێران تا چ رادەیەك بەردەوامبوو؟ خومەینی تاکەی گروپو رێکخراوەکانی وەك تودە[1]، موجاهدینو چریکەکانی لەدەرەوەی خۆی راگرت؟ ناکۆکییە سیاسییو ئایدیۆلۆژییو سنوورییەکانی ئێرانو هاوسێکانی بەتایبەتیی عیراق تاکوێ پەرەیان گرت؟ گەلی کوردو جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی لەئێران بەرەو کوێ ملیان دەنا؟ گشت ئەو پرسیارو رەهەندە مێژووییانەی کە لەدوای کۆتایی ساڵی ١٩٧٩وە ئاسۆی وەڵامدانەوەیان بەدەرکەوتو قۆناغێکی تر لەمێژووی ئێرانو گەلی کورد لە ناوچەکەدا پێکدەهێننو پێویستیان بەلێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیە.

---

[1] حیزبی تودە وێڕای ئەوەی وتارەکەی خومەینی ناونا "پەیامی مێژوویی"، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی گفتوگۆ لە نێوان کوردو دەوڵەتدا هەیە، هێرشێکی تەبلیغاتی توندی دژی هێندێك لە هێزە کوردییەکان دەست پێکرد بوو، و داوای لە حکومەت دەکرد سەرکوتیان کات، لەوە ڕووەوە (مردم) نووسیویە: "بیروڕای حیزبی تودە لە بەیان نامەکان و وتارەکان.... بە ڕاشکاوی دیارە، نەتیجە وەرگرتنمان لە نرخاندنەکانمان ئەوەیە کە هێزە نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە لە کوردستان دەبێ زۆر بە خێرایی و زۆر بە ڕۆشنی بەرەی کاری سیاسی خۆیان لە بەرەی هیزەکانی سەر بە ئیمپریالیزم، دژی شۆڕش و بەعسی عێراق، لە کۆمەڵ[2]، شێخ جەلال (باری شێخ عزالدین ــ ل)، ڕزگاری، شێخ عوسمان و هی دیکە جیا بکەنەوە، وە بکەونە سەر ڕێگەی نەهێشتنی ئەم دوژمنانەی شۆڕشی ئێران...ئێمە جارێکی دیکە تەئکید دەکەین و بە ڕاشکاوی دەڵێین کە سەرکوت کردنی دژی شۆڕش لە کوردستان، دژی شۆڕشی سەر بە بەعسی عێراق، پاشماوەکانی ڕژێم و بەردەستەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو سەهیونیزم کارێکی پیویست و فەوری یە" بڕوانە: مردم، ژمارە ٢١، جوزردانی ١٣٥٩

# دەرئەنجام

کوردستانی ئێران دووهەمین پارچەی مەزنی خاکی کوردستانی دابەشکراوە، کە جگە لە هەرێمی خوزستان تێکڕای ئەو زەوییانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئێرانەوەو لە چوار ئوستانی ئازەربایجانی خۆرئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام پێکدێت کە لە ڕووی ئابووریی‌و نەوتیی‌و شوێنی جیۆسەربازییەوە بۆ ئێران بایەخێکی گەورەی هەیە .

وێڕای ئەوەی گەلی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا بەدرێژایی مێژوو تووشی پەلاماری بێگانەو داگیرکەران بۆتەوە، بەڵام توانیویەتی تا ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم، سەربەخۆیی نێوخۆیی خۆی بپارێزێت‌و لە ڕێگای میرنشین‌و دەسەڵاتە سیاسییە کوردی‌وە خۆجێکانی وەك: برادۆست، موکریان، ئەردەڵان‌و لوڕستانەوە کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت. ئەو میرنشینانەی دوای ئەنجامدانی پرۆسە داگیرکاریی‌و لەشکرکێشییەکانی شاکانی بنەماڵەی قاجار بۆسەر کوردستان یەك بەدوای یەکدا ڕووخێنران. بەوەش قۆناغێکی دی لە مێژووی ئەو پارچەیەی کوردستاندا دەستپێدەکات کە حوکمی ڕاستەوخۆی بێگانەیەو تێیدا گەلی کورد دوور لە خواست‌و ئیرادەی خۆی، بە ناوەندی دەوڵەتی فارسەوە گرێدرا. ئەو دەوڵەتەی وەك کۆڵۆنییەك مامەڵی لەگەڵ کوردو خاکەکەیدا کردوەو بەتوندترین شێوە هەر ناڕەزایەتییەکی ئازادییخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی سەرکوتکردووە. پرۆسەیەکی داگیرکاریی بەوچەشنە کە بووە ئاستەنگێکی کۆنکرێتیی لە بەردەم پێشکەوتن‌و گەشەکردنی زمان‌و فەرهەنگ‌و توانا مادیی‌و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی و بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕۆیی کە تاکی کورد بکاتە دیلێکی بەردەوامی بێئیرادە کە نەتوانێت بڕیارێکی لە دیارییکردنی چارەنووسی خۆیدا هەبێت. لێرەشەوە مێژووی ئەو کێشەیە دەستپێدەکات کە ئەوڕۆ لەئێران‌و ناوچەکە بە کێشەی کورد دەناسرێت. ئەو مێژووەی کە بەتەنیا ڕووداوی داگیرکردنی کوردستان‌و ڕاونان‌و گرتن‌و ئەشکنجەدانی ئازادییخوازانی کورد لە خۆناگرێت، بەڵکو بەرجەستەی قۆناغەکانی ئەو جووڵانەوەیەش دەکات کە هەڵقوڵاوی هەناوی کۆمەڵگای کوردەوارییەو بۆکۆتاییهێنان بەو ستەمە مێژوییەو حاڵەتی

داگیرکاریی کوردستان و گێڕانەوەی  ئازادیی بڕیارپدان‌و ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلی کورد تێدەکۆشێت کە بێ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوویی سەربەخۆ یان چەند دەوڵەتێکی کوردیی ناگاتە دوا مەنزڵ.

شایانی باسە، جووڵانەوەی ڕزگارییخوازی نەتەوایەتیی کورد لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا ڕووبەڕووی هەلومەرجیکی دژوار هات. ئەو قۆناغە مێژووییەی پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی کە تێیدا جوگرافیای سیاسیی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە قازانجی زلهێزە هاوپەیمانەکانی سەرکەووتوو لە جەنگدا داڕیژرایەوەو دەوڵەتە ناسیوناڵەکانی وەك تورکیا، عێراق و سوریا لە ناوچەکەدا هاتنەئارا. بەوەش ستەمێکی مێژویی دیکە لە کورد کراو جارێکی تر خاکی کوردستان دابەشکرایەوەو هەر یەك لەو دەوڵەتانە بەشێکی خاکەکەیان بە خۆیانەوە لکاندو سنووورە نوێیەکان لەلایەن کۆمەڵگای نێودەڵەتییەوە دانیپێدانرا .

لەلایەکی ترەوە، پاش ئەوەی ڕەزا پەهلەویی لە ساڵی ١٩٢٥دا، دوا شای بنەماڵەی قاجاری لێخست‌و تاجی شاهەنشاهییەتی لەسەرنا، بە گەرمیی کەوتە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئێرانی فرەنەتەوە بۆدەوڵەتێکی ناسیۆناڵ کە تێیدا بەناوی ئێرانییەتەوە، نەتەوە نەفارسەکانی وڵات لە بۆتەی نەتەوەی سەردەستی فارسدا بتوێنێتەوە. جگەلەوەی بە زەبری ئاگرو ئاسن هەموو ئەو جووڵانەوە چەکدارانە ئازادییخوازانەی گەلی کوردی خامۆشکرد کە دژی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوایەتیی ڕەزاشاو بەفارسکردنی خاکی کوردستانی ئێران لە نێوان ساڵەکانی هەردوو جەنگی جیهانییدا هەڵگیرسان. ئەو جووڵانەوانەی کە بەدەر لە ڕێکخراوێکی سیاسیی‌و لەلایەن سەرانی کوردو سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکانەوە ڕێبەرایەتیی دەکران‌و نەیانتوانی لەبەر چەند فاکتەری هەمەلایەنەی نێوخۆیی‌و دەرەکیی ئامانجەکانیان بێننەدی. بەوەش کوردستانی ئێران بە درێژایی حوکمی دیکتاتۆریی ڕەزا پەهلەویی لە حاڵەتێکی توندتری داگیرکراویی‌و میلیتاریزەکراویدا، لە سایەی دامودەزگا بیرۆکراتییە بەڕێوەبەرایەتیی‌و سەربازییەکانی دەسەڵاتی ناوەندییدا مایەوە. لە سەر ئاستی دەرەوەش مۆرکردنی پەیمانی سەعدئاباد لە ساڵی ١٩٣٧دا، لەلایەن ڕژێمی پەهلەوییەوە ڕەزاشای سەبارەت بە ڕیشەکێشکردنی ئاییندەیی کێشەی کورد لە ئێران‌و ناوچەکەدا خاترجەم دەکرد بێئەوەی ئەو ڕاستییە

بزانێت کە ڕووداوە ئایندەییەکانی جیهان‌و ناوچەکە چ خورپەو چارەنووسێکیان بۆ داناوە .

لەم ڕووەوە هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانیی‌و هاتنەناوەوەی سوپای سوورو هێزەکانی ئینگلیز بۆ ناو خاکی ئێران لە ئابی ١٩٤١دا، سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی لەناکاوو گەورەبوو لە ئێراندا. هەڵوەشاندنەوەی لەشکری شاهەنشاهیی‌و لێخرانی ڕەزاشاو دوورخستنەوەی لە وڵات‌و بوژانەوەی ژیانی پارتایەتیی‌و ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی‌و شەپۆلی بیری دیموکراتیی‌و دژایەتیی فاشیزم لە ناوەند کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕووداوەکانی قۆناغە مێژووییەکە بەجێهێڵا کە بەڕوونیی لەسەر کوردستانی ئێران جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی ڕەنگیدایەوە. لە ڕاستییدا ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە بیستنی هەواڵی هاتنەناوەوەی سوپای هاوپەیمانەکان هەڵیانکوتایە سەر بنکەو پادگاکانی لەشکری شاهەنشاهیی‌و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم‌و چەکەکانیان لێ داماڵین. ژمارەیەکی زۆر لە کوردە ئازادیخوازە زیندانییکراوەکان، سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرە دوورخراوەکان گەڕانەوە شارو ناوچەکانی خۆیان‌و لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندیی لە کوردستانی ئێران بۆشاییەکی بەڕێوەبەرایەتیی-سەربازیی تێدا دروست کردبوو کە زەمینەی بۆ بوژانەوەی گیانی نەتەوایەتیی‌و گەڕانەوەی نفوزو دەسەڵاتی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و چەکداریی سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد ڕەخساندەوە، بەتایبەت ئەگەر بزانین ئەو سەرۆك عەشیرەتانە لە ئەنجامی سیاسەتی ناوەندگەرایی توندوتیژی ڕەزاشاوە، ڕقێکی گەورەیان لەپاشماوەکانی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لەلا دروستببوو. هەروەها هەلومەرجی دابەشکردنی ئێران بۆ چەند ناوچەیەکی نفوزو سیاسەتی پراگماتییانەی شورەویی لە ئارەزووکردنی بەرقەراریی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ سەردارو گەورەپیاوانی کورددا، زیاتر بارودۆخەکەی بۆ هەڵسوڕاندنی ئازادانە تری ئەو سەردارانە هەموار دەکرد .

هەرلێرەدا پێویستە بوترێت کە بەردەوامبوونی محەمەدڕەزا شا پەهلەویی لەسەر هەمان ڕێبازی باوکی‌و پێداگرتن لەسەر هەمان شێوازی داپڵۆسینی ئازادییخوازانی کوردو ئاوڕنەدانەوە لە سادەترین مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەو قۆناغەدا کە کوردستانی ئێرانی تێیدا بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگ‌و سیاسەتە هەڵەکانی دەسەڵاتی

ناوەندیی لەتاران بە قەیرانێکی سەختی ئابووریی و بارودۆخێکی دژواردا تێدەپەڕی. بارودۆخێك نەهامەتییەکانی گەلی کوردی لەو پارچەیەی کوردستاندا چەند بەرامبەر کردو دژی پاشماوەکانی دامودەزگاکانی دەسەلاتی ناوەندیی ڕاپەڕاندن. دیارە ڕاپەڕینە چەکدارەکانی کوردەکانی بانەو هەرێمی ورمیٰ لە سەرەتای حوکمی محەمەدڕەزا پەهلەویی و ڕاپەڕینی عەشیرەتەکانی هەورامان و مەریوان لەسەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگدا، ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەسەلمێنن. ئەو ڕاپەڕینانەی مۆرکی نەتەوایەتییان پێوە دیارەو لەلایەن لەشکری شاهەنشاهییەوە کە دووبارە ڕێکخرایەوەو بەپاڵپشتیی هێزە بێگانەکان لە ئێران بە توندترین شێوە سەرکوتکران .

لەلایەکی ترەوە، پەرەگرتنی چینی مامناوەندیی شارەکان و توێژی ڕۆشنبیرانی ئازادییخوازی کورد لە کوردستانی ئێران بەتایبەت لە هەرێمی موکریان و شاری مەهابادی ناوەندیدا کە هەلومەرجێکی تایبەت و لەباری بۆ ڕەخسابوو، زەمینەی بۆ کاری سیاسیی و ڕیکخراوەیی و دروستبوونی کۆمەڵەو پارتە سیاسییە نەتەوایەتییەکانی وەك : حیزبی ئازادی کورد، کۆمەڵەی ژ–ك و حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو پارچەیەی کوردستاندا هەموار کرد. مەسەلەیەکی وا کە بە وەرچەرخانێکی گرنگ و مێژوویی لە جووڵانەوەی رزگارییخوازی نەتەوەیی کورددا دادەنرێت، تێدا ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەکە کەوتە دەست ئەو چین و توێژە کۆمەلایەتییە نوێیانەو ئامانجەکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر فۆرمەڵە کران. بەتایبەتی پاش دامەزراندنی حیزبی دیموکرات (ح.د.ك) بەڕابەریی قازیی محەمەد کەوەك حیزبێکی ڕەسەنی کوردیی دیموکراتخواز توانی باڵە جیاوازەکانی جووڵانەوەی کوردایەتیی (چەکداریی و سیاسیی) لەخۆبگرێت و بەرجەستەی خواستە نەتەوایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی لە ئێراندا بکات و زۆرینەی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاراستەیان بکات لەم ڕووەوە دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان لە کانونی دوەمی ١٩٤٦دا، کە پایتەختەکەی شاری مەهاباد بوو بەمەزنترین دەستکەوتی ح.د.ك و وەرچەرخانێکی گەورەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دادەنرێت. ئەو جووڵانەوەیەی ڕێبەرەکانی هەلومەرجەکەی نێوخۆی کوردستان و ململانێی زلهێزەکانیان لە ئێران قۆستەوەو کۆماریان کردە دیفاکتۆیەك بۆ ئەو بۆشاییە

سیاسیی و سەربازیی و کارگێڕییەی لە ناوچەکەیاندا هاتبووە کایەوە. کۆمارێك  کە بە دووەمین ئەزموونی حوکمڕانییەتی  کوردیی لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دادەنرێت و لەماوەیەکی کەمی دەسەڵات و هەلومەرجە قەیراناوییەکەیدا دەسکەوتی مەزنی لە بوارە جیاجیاکانی سیاسیی، نەتەوەیی، ڕۆشنبیریی، فەرهەنگیی و بەڕێوەبەرایەتییدا بەدەستهێنان کە پێشتر کوردستان و ئێران و جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی بەخۆیەوە نەبینیووە. ئەزموونێکی دەسەڵاتی کوردیی بەو شێوەیە کە ئەو پارچەیەی کوردستانی بە مۆرێکی قووڵ نیشانە کردو ناوەرۆکی دیموکراتخوازانەو پێشکەوتنخوازانەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی سەلماندەوە.

لەڕاستیدا، جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بە دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان شەقاوێکی مەزن چووە پێش و ئەو دەستکەوتانەی هاتنەدی نەك بەتەنیا شوێنی دڵەڕاوکێی چینی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئێران بوو، بەڵکو دەوڵەتە هەرێمییە داگیرکەرەکانی پارچەکانی تری کوردستانی وەك تورکیاو عێراق و دواتر زلهێزە بەرژەوەندیدارەکانی وەك ئەمریکاو بەریتانیای لەناوچەکە سڵەماندەوە. ئەوانەی لە زۆر ڕێگاوە کەوتنە دژایەتیی ئەو کۆمارە ساوایەو بە توندیی پشتگیریی حکومەتی ئێران و لەشکری شاهەنشاهییان دەکرد تا دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ ناوچەی موکریانی ئازاد بگێڕنەوەو ئەو ئەزموونە مێژووییەی نەتەوەی کورد لەباربەرن. دیارە حکومەتی ئێران بە سەرۆکایەتی قەوام ئەلسەڵتەنە سەرەتا بە گەمەیەکی دیپلۆماسیی توانی سوپای سوور لە ئێران وەدەرنێت و پاشتریش لە ڕێگای بانگەشەی دانیشتن و گفتوگۆی چەواشەکارانە توانی هەلومەرجی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ ئازەربایجان و کوردستان هەموار بکات. مەسەلەیەکی وا کەلە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا، بە پەلامارێکی سەرتاسەریی لەشکری شاهەنشاهیی و بەپاڵپشتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا ئەنجامدراو ئاکامەکەی بەڕووخاندنی کۆماری میللیی کوردستان و لە سێدارەدانی ڕێبەرانی ح.د.ك کۆتاییهات کە پاشەکشەیەکی مەزنی جووڵانەوەی ڕزگارییخوازیی نەتەوایەتیی کوردیی بەدوادا هات.

ئاشکرایە جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران وەك چۆن بەشێکی دانەپچڕاوە لە جووڵانەوەی ڕزگارییخوازیی نیشتمانیی کوردستان، تا ئەندازەیەکی زۆریش لە سۆنگەی

بەستنەوەی ئەو پارچەیەی کوردستان بەتارانەوە پەیوەندییەکی پتەو وئۆرگانییشی بە جووڵانەوەی دیموکراتخوازیی نیشتمانیی ئێرانیشەوە هەیە. هەربۆیە ئازادییخوازانی کورد لە ئێران، بەدرێژایی مێژووی ئەو جووڵانەوەیە پاڵپشتێکی دڵسۆزیی خەباتی دیموکراتخوازانەی سەرانسەریی بوونو دژی کەڵەگایی‌و دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی تێکۆشاون. بەشداریی ڕاستەقینەی زۆربەی چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی لە بزافی مەشرووتەخوازی ئێرانییداو گۆڕینی کوردستانی ئێران بۆ قەڵایەکی سەختی ئەو بزافە گەواهی بۆ ئەو راستییە دەدەن. ئەو راستییەی کە جارێکی دی لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردووداو لە کاتی پەرەگرتی خەباتی دژی دیکتاتۆریی‌و بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم لە ئێرانو دوای ڕابوونی خەبات بۆ خۆماڵییکردنی نەوتی ئێرانو هەوڵەکانی حکومەتی موسەددیق بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتێکی یاسایی‌و دیموکراتیی، خۆی سەلماندەوە. چونکە وەك ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریخست گەلی کورد لە ئێران لایەنگرێکی دڵسۆزیی حکومەت‌و هەنگاوەکانی دکتۆر موسەددیق بۆ سەربەخۆیی سیاسیی‌و ئابووریی ئێران بوون، بەشدارییکردنی زۆرینەی گەلی کورد لە هەڵبژاردنەکان بە قازانجی موسەددیق، خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی شارەکانی کوردستانی ئێران دژی شاهەنشاو دەربارو لایەنگرانی لە وڵاتە سەرمایەدارەکانی وەك بەریتانیاو ئەمەریکا، بەستنی کۆڕوکۆبونەوە سیاسییەکانو بوژانەوەی خەباتی سەرشەقامی دیموکراتخوازانە، تێکڕا بەشداریی‌و دڵسۆزیی گەلی کورد لە جووڵانەوەی دیموکراتخوازیی نیشتمانیی ئێرانییدا دەسەلمێنن. جگەلەوە کە پەرەگرتنی هۆشو خەباتی چینایەتیی لە کوردستانی ئێرانو ڕاپەڕینە جووتیارییەکانی ناوچەی بۆکانو گوندەکانی موکریان دژی ستەمو چەوسانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتیی لەم قۆناغە مێژووییەدا راستەوخۆ ئاوی بە ئاشی خەباتی دژی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی‌و ئیمپریالیزم لە ئێراندا دەکرد، ئەو خەباتەی لەبەر زۆر کەموکورتیی نێوخۆیی‌و بە پیلانێکی دەزگا جاسووسییەکانی بەریتانیاو ئەمەریکا لەلایەن سوپەهبود زاهیدییەوە تێکشکێندراو بە کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣و ڕووخاندنی حکومەتەکەی موسەددیق و گەڕانەوەی محەمەدڕەزا شا بۆ ئێران پاشەکشەی پێکرا.

بەسەرکەوتنی کودەتای ١٩ی ئاب، قۆناغێکی دی لە مێژووی ئێراندا دەستپێدەکات کە گرنگترین ئاکامەکانی بریتین لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییانە لەلایەن محەمەدڕەزا شاو خۆبەستنەوە بە بازاری جیهانیی سەرمایەداریی‌و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمەریکاوە. جگەلە چەند بەرابەرکردنی فشارو سەرکوت‌و داپڵۆسینی هێزە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانیەکان‌و راوەدونان‌و گرتن‌و شکەنجەدانی ئازادییخوازان لە لایەن دەزگای جاسووسیی ساواکەوە. ئاشکرایە حکومەتی ئێران هەروەك پێشو نکوڵییان لە کێشەیەك بە ناوی کێشەی کورد لە ئێراندا دەکردو لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە سیاسەتی داپڵۆسینی ئازادییخوازانی کوردیان گرتبووەبەر. لەسەرئاستی دەرەوە وەدەستهێنانی پشتگیریی ئەمریکا بۆ بەهێزکردنی پایەکانی دیکتاتۆریی‌و هاوکاریی دوولایەنە بۆ بنکۆڵکردنی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بەناوی ڕێگریی لە کۆمۆنیزم‌و مۆرکردنی پاکتی بەغداد لە ساڵی ١٩٥٥ لەلایەن ئێران‌و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە ناراستەوخۆ دژی ئەو جووڵانەوەیەی گەلی کورد پێویستە باسیان لێبکرێت. سەبارەت بەباری نێوخۆش ح.د.ك کە پاش کودەتای ١٩ی ئاب جیابوونەوەی خۆی لە حیزبی تودەی ئێران راگەیاندو چالاکییە نەتەوەییەکانی دەستپێکردبووەوە پاش ماوەیەك لەلایەن دەزگا ساواکەوە پەلامارێکی سەرتاسەریی کرایەسەرو زۆربەی کادرە پێشکەوتووو ئەندامەکانی رەوانەی زیندانەکانی قەسری قەجەرو قزڵ قەڵاو شیرزا کران‌و پاش شکنجەو دادگایی سەرپێی حوکمی درێژخایەنیان بە سەردا سەپاندن. ئەوانەشی کە بەر ئەم پەلامارە نەکەوتن نیانتوانی لە ئێراندا بمێننەوەو بە ناچاریی پەنایان بۆ کوردستانی عێراق برد.

ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتیی لە عێراق وەك ئاکامێکی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و دواتر هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ لە کوردستانی عێراق دژی دیکاتۆریی قاسم‌و لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر هەڵچوونی هۆشی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران هەبوو. ئەوانەی هەر لەسەرەتاوە بە چەك‌و بە دابینکردنی پێویستییە مادییەکانی وەك ئازوقەو پارەو جل‌و بەرگ، بە گەرمیی بەشداری شۆڕشیان کرد بەو هیوایەی سەرکەوتنی جووڵانەوە نەتەوەییەکەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا ببێتە هۆی ڕەخساندنی هەلومەرجی ڕزگاربوونی ئەوانیش لە ستەم‌و چەوسانەوەی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی‌و بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان. ئەو ڕژێمەی کەتەوژمی فشارو داپڵۆسینی لەسەر ئازادییخوازانی کوردی ئێران توندتر کردو جگەلە چەند هەنگاوێکی ڕیاکارانە چەند تاکتیکێکی دژ بەیەکی سەبارەت بە کێشەی کورد لەو دوو پارچەیەی کوردستاندا گرتەبەرو لە ژێر دروشمی ( ناسیۆنالیزمی کوردیی لە

سایەی پەرچەمی شاهەنشاهیی )دا  بۆ ماسیگرتن لە ئاوی لێڵو بەدەستەوەگرتنی جڵەو چارەنووسی شۆڕشەکەی کوردستانی عێراق کەوتەخۆ .

بەردەوامبوونی ڕژێمی پەهلەویی لە نکوڵییکردن لە کێشەی نەتەوایەتیی کورد لە ئێرانداو پێداگرتنی دەسەڵاتدارانی تاران لەسەر سیاسەتی سەرکوتو تۆقاندن، ئەوەندەی تر بارودۆخی کوردستانی ئێرانی شپرزەو ناڕەزایەتییەکی زۆری لەنێو زۆربەی چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی پێکهێنابوو. ڕۆشنبیران، کاسبکاران، خوێندکاران زەحمەتکێشانی شارو لادێ، تەنانەت ئاغاو موڵکدارەکانیش کە پێشتر خۆیان بەلایەنگری ڕژێم دادەنا، ئەوانیش لە سۆنگەی سیاسەتی ڕیفۆرمیی زەوی ڕژێمی شاهەنشاهییو هەنگاوەکانی بۆ بەهێزکردنی سەرمایەداریی دەوڵەتی لەسەر حیسابی موڵکدارو ڕژێمی دەرەبەگایەتیی لەو ڕژێمە دڕدۆنگ بوونو ئامادە نەبوون هاوکاری بکەن.

لە هەلومەرجێکی واداو لەگەڵ پەرەگرتنی ڕەوتی چەپی نێو ڕێبازی خەباتی پارتیزانی دژی ڕژێمە وابەستەکانی سەر بە ئیمپریالیزم لە ئێراندا، بەشێکی لاوە مارکسیستەکانی نێو ح.د.ك، کۆمیتەیەکیان لە ژێر ناونیشانی (کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان) پێکهێنا. ئەوانەی بۆ هەڵگیرساندنی جووڵانەوەیەکی چەکدارانەو بۆ گورزوەشاندن لە دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی لە بەهاری ساڵی ١٩٦٧دا، گەڕانەوە کوردستانی ئێران. ئەو جووڵانەوەیەی لە زۆر ڕووی نێوخۆییو دەرەکییەوە هەلومەرجی سەرکەوتنی بۆ نەڕەخساو پاش هەژدە مانگ بەرگرییو پێکهەڵپژان، لەلایەن لەشکری شاهەنشاهیی هێزی ژاندارمیی ئێرانەوە تێکشکێندراو زۆرینەی رابەرو پێشمەرگەکانی لەنێو بران. بەوەش جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران گورزێکی دیکەی گەورەی لێ وەشێندرا کە تووشی ئیفلیجییەکی کاتی کرد .

سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەیی کە لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە دژی گەلی کورد پیادە دەکرا لەسەر بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردەواریی لە ئێران بە زەقیی ڕەنگیدابووەوە. کوردستانی ئێران شوێنێکی ئەوتۆی لە پرۆسە سەرمایەگوزارییەکانی ڕژێمدا نەبوو. ئەو هەنگاوانەشی لە بوارێکی تەسکدا لەو بارەیەوە دەنران وەك چاککردنی ڕێگاوبانو هەڵبەستی بەستو بنیاتنانی قەڵاکان، تێکڕا لە چوارچێوەی سیاسەتی میلتاریزەکردنو داچۆڕینی ئابووریی کوردستانی ئێران دەسوڕانو ئامانجیان لاوازکردنی بنەماکانی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردو گۆڕینی هەرێمەکە بۆ بازاڕێکی داخراوی چینی

بۆرجوای کۆمپرادۆرو توێژە مشەخۆرەکانی سەر بەدەسەڵاتی ناوەندیی بوو. لەگەڵ ئەوەش لە ساڵەکانی شەستەکان‌و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ستراکتۆری کۆمەڵگای کوردەواریی، گۆڕانکاریی بەسەرداهات کە گرنگترین ڕووخسارەکانی پاشەکشەی رژێمی دەرەبەگایەتیی‌و زیادبونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکان لە ئەنجامی پەرەگرتنی کۆچی جووتیارە بێ زەوییەکانی لادێ‌و هەروەها دروستبوونی ناوکی چینی کرێکاری کورد بوو لە شارەکاندا. ئەوانەی لەگەڵ زەحمەتکێشانی گوندەکاندا زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردەوارییان پێکدەهێناو جگەلە چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی، لە نەداریی‌و برسێتیی‌و بێزاریی‌و بارودۆخێکی فرە سەختدا ژیانیان دەگوزەران.

ڕژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی لەگەڵ ئەو هێزو توانا مادییەی لەبەردەستیدا بوو، وێڕای لەشکرێکی زۆرو پڕچەک‌و دڕی دەزگا سەرکوتکەرەکانی، نەیتوانی هەتاسەر ڕێگا لەتەقینەوەی ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران‌و سەرنگونبوونی خۆی بگرێت، چونکە ژمارەیەك فاکتەری ئابووریی‌و سیاسیی‌و فەرهەنگیی‌و ... هتد بوونە هۆی بەرپابوونی شۆڕشێکی جەماوەریی لە ساڵی ١٩٧٨دا، کە بە ڕماڵینی ئەو ڕژێمە کۆتاییهات. وەك لێکۆڵینەوەکە سەلماندی، گەلی کورد لە ئێران بە مەبەستی ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی‌و ڕووخاندنی سیستمی دیکتاتۆریی، بەشدارییەکی ئاشکرایان لەو شۆڕشەدا کردو لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی ئێراندا، راپەڕینی جەماوەریی بەردەوام دژی دامودەزگاکانی حکومەتی شاهەنشاهیی ئەنجامدران‌و لەو ڕووەوە قوربانیی زۆریاندا .

راستەوخۆ دوای ڕاکردنی شا لە ئێران‌و ڕووخاندنی حکومەتەکەی بەختیار لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا، هەلومەرجێکی تایبەت لە کوردستانی ئێراندا هاتەئاراو جارێکی دی زەمینەی بوژانەوەی کاری ڕێکخراوە سیاسییەکان‌و ناسنامەی نەتەوەیی کورد ڕەخسایەوە. ڕێبەرانی ح.د.ك.ا گەڕانەوە کوردستانی ئێران‌و پاش ماوەیەکی کەم لە راگەیاندنی ئاشکرا، ژمارەی ئەندامو لایەنگرەکانی زۆر بە خێرایی زیادیان کردو قارچك ئاسا هەڵتۆقی. ئەو حیزبە کە دروشمی ( دیموکراتی بۆ ئێران‌و خودموختاریی بۆ کوردستان )ی کردبووە ستراتیژو ڕێنمایی جەماوەری کوردی دەکرد. هەروەها( کۆمەڵەی شۆڕشگێرو زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ) وەك ڕێکخراوێکی چەپی کوردیی وەك باڵێکی ڕادیکاڵی شۆڕشگێری جووڵانەوەی کوردایەتیی لەم قۆناغە مێژووییەدا هاتەئارا، جگە لە دەرکەوتنی کەسایەتیی ئاینیی وەك (شێخ عیزەدین حوسەینی) کە تێکرا ڕۆڵی کاریگەریان لە


هەستانەوەسەرپێی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا بینی. ئەو جووڵانەوەیەی ببوە جێگای دڵەڕاوکێی باڵی ئاینیی توندڕەو بەسەرۆکایەتی خومەینی، چونکە ئەو باڵە کە پاش سەرکەوتنی شۆڕش بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتێکی شیعەگەریی لە ناوچەکەدا تێدەکۆشاو چ بڕوایەکی بە فرەمینبەریی و خەڵکسالاریی و مافی گەلە نەفارسەکانی ناو ئێران نەبوو، لە کوردستانی سوننیی و ژێر ستەمی نەتەوایەتیشدا، پێگەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان نەبوو. هەربۆیە بۆ ڕێگرتن لە پەرەگرتنی نفوزو جەماوەریی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی وەك ح.د.ك .ا و کۆمەڵەو بۆ هەموارکردنی زەمینەی پەلاماردانی سەرتاسەریی بۆسەر کوردستانی ئێران کەوتنە ئاژاوەنانەوەو پیلانگێڕان‌و سەرەتا بە پیلانی سنە، سازدانی جەنگی کوردوعەجەم لە نەغەدە، هەڵگیرساندنی شەڕی مەنگوڕەکان‌و پاڵپشتی دەرەبەگەکانی مەریوان دژی جووتیاران، زەمینەیان خۆشکردو دواتر بەفەتواکەی خومەینی لە ١٩ی ئابی ١٩٧٩دا، دژی خەڵکی پاوە دەستیان پێکرد.

سەپاندنی شەڕی سێ مانگە لەلایەن خومەینی‌و دەسەڵاتدارانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر گەلی کوردو هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی ئێراندا، چەند ئامانجێکی پاوانخوازانەو چەواشەکارانەی لەسەر ئاستی کوردستان‌و ئێران بە دواوە بوو. باڵی ئاینیی توندڕەو کە هەر لە بنەڕەتەوە بڕوایەکی بە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتیی کورد لە ئێراندا نەبوو، مافی خودموختاریی بەهەڕەشەیەك بۆ یەکێتیی خاکی ئێران‌و پارچەکردنی ئەو وڵاتە دەزانی‌و دەیویست بەو پەلامارەی هەم لە کوردستاندا دوای دەرپەڕاندن‌و داپڵۆسینی هێزە سیاسییە کوردییەکان جێگەیەك بۆ خۆی پاوانکات‌و هەم ڕای گشتیی ئێرانی‌و هێزە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییەکان بەوە چەواشە بکات کە ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم لە کوردستانەوە پیلان بۆ شۆڕشی ئێران ڕێکدەخەن. بەوەش چاوپۆشیی لە ڕەفتارە نادیموکراتییەکانی پاسدارو کۆمیتەو دادگا ئیسلامییەکان بپۆشن‌و بگرە دواشیان بکەون.

لەڕاستیدا، هەرچەندە شەڕی سێ‌مانگە بە پاشەکشەی هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی وەك ح.د.ك.ا و کۆمەڵەو داگیرکردنەوەی شارەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن ئەرتەش‌و پاسدارانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە دەستیپێکرد، بەڵام بە سرەواندنی گورزی گەورە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بۆ هێزە پەلاماردەرەکانی پاسداران‌و ئەرتەش‌و بە

خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێرانو شاڵاویان بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی رژێمی نوێ لە کۆتایی نزیکبووەوە، ئەو ڕووداوانەی شکستیان بە ئامانجە مەیدانییەکانی لەشکرکێشیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر کوردستانی ئێرانیان هێناو خومەینییان ناچارکرد وەك تاکتیکێك، پەیامێك بۆ گفتوگۆو شەڕراگرتن بڵاوبکاتەوە. ئەو پەیامەی وێڕای پڕ کەموکورتییەکانی، لەلایەن گەلی کوردو هێزە سیاسییە نەتەوەییەکانیەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکراو بەمەبەستی گفتوگۆو چارەسەریی ئاشتییانەی کێشەکە، دەستەیەکیان بە نێوی (دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد)پێکهێنا کە بۆ بەدەستهێنانی مافی خودموختاریی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ نوێنەرانی رژێمی نوێ بکەونە دانوستاندن. ئەو خواستەی کە رێبەرایەتیی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی کورد زیاتر لە نیو سەدەیە (خودموختاریی )بۆ کردۆتە ستراتیژ. لە کاتێکدا زۆر گەلی دی هەن بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆییش هێندەی کورد لە ئێران قوربانیان نەداوە. رژێمی کۆماری ئیسلامیش، بەبڕوای ئێمە کە لە سۆنگەی بیرو باوەڕی توندڕەویی شیعەگەرێتیی و داڕێژراو لەسەر بنەمای ( ولایت فەقیە)ی دژ بە دیموکراسیی، چ ئامادەییەکی بۆ وەڵامدانەوەیەکی ئەرێیی و راستەقینەی لانیکەمی خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا نییەو تادێت زیاتر چنگی خوێناویی خۆی لە گەروی کۆمەڵانی ئازادییخوازی خەڵکی ئێران گیرتر دەکاتو هیچ دەرفەتێکیشی بۆ ریفۆرمی جدیی لەبەردەمدا نییەو وەك هەموو سیستمە دیکتاتۆرو ستمکارە ملهوڕەکانی پێش خۆی جگە لە رووخاندن، چارەنووسێکی دیکەی نابێت..

# نەخشەکان




نەخشەی (١): هەرێمە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێران

سەرچاوە: مسعود گلزاری، کرمانشاهان، کردستان، مجلد اول سلسله انتشارات انجمن آثار ملی




نەخشەی ٣: سنووری دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان،
شوێنی شەڕەکانی پێشمەرگە و ئەرتەش، ڕێگای چوونی بارزانییان بۆ سۆڤیەت
سەرچاوە:ویلیام ایگلتن،جمهوری مهاباد،١٩٤٦،ل٢٦٧




نەخشەی (٢): شارستانی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری.
سەرچاوە: ابراهیم افخمی، تأریخ فرهنگ و ادب موکریان، بوکان، ١٣٦٤.



نەخشەی ژمارە (٤) : ژینگەی عەشیرەتی جافی جوانڕۆ

سەرچاوە. سلطانی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣٠٢

١ / ٧٠٠٠٠٠

# پاشکۆ

**پاشکۆی ژماره (١):**

**نامەی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا بۆ سەفیری ڕوسیا لە لەندەن**

**بۆ ئێران**

**لە وەزارەتی دەرەوە بۆ تاران/ ٢١ی کانونی دووەم ١٩٤٢**

((١-ڕاپۆرتەکان هەواڵی ڕاپەڕینی کورد و ئەرمەن و ئاسوورییەکان لە شاری ڕەزائییە ڕادەگوێزن، ئەوانە هەستاون بە پێکهێنانی لیژنەیەك بە ئامانجی دەرکردنی هەموو کاربەدەستانی حکومەتی ئێرانی و دامەزراندنی حکومەتێکی خۆجێی سەربەخۆ لە شوێنی، هەروەها ئەو ڕاپۆرتانە باسی تێکچوونی ئاسایش و تڕۆکردنی ژمارەیەك لێپرسراوان دەکەن لەو شارەدا، ئەوەش بۆتە هۆی ڕاکردنی حاکمی ئێرانی و کاربەدەستان و نزیکەی ٤٠٠ کەس لە خەڵکی شار.

٢-بێگومان حکومەتی شورەوی لەوەدا هاوبیرمانە کە پێویستە ئاسایش و هێمنی هەموو مەڵبەندەکانی ئێران پارێزراو بێت، ئەگەر هێمنی و یاسا بەرقەرار نەبێت ئەوە حکومەتی ئێمە (واتە بەریتانیا- ل) ڕاستەوخۆ کاردەکات بۆ گەڕاندنەوەی ڕژێم، بەوەش ژمارەیەکی زۆری هێزەکانمان بەم مەسەلەیەوە سەرقاڵ دەبێت، لە کاتێکدا زۆر پێویستمان بە بەکارهێنانیانە لە شوێنەکانی دی.

٣-سەرباری ئەوەش، پەرەسەندنی بێ یاسای و ئاژاوە و بێتوانایی حکومەتی ئێران بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی و چەسپاندنی ئارامی، کاریگەری لە ئاسایشی هێڵەکانی پەیوەندی و هاتوچۆ دەکات، ئەو هێڵانەی تەنیا لە ڕێگایانەوە دەتوانرێت یارمەتی سەربازی پیایدا ڕەوانەی شورەوی بکرێت.

٤-حکومەتی پایەبڵندمان پێی وایە کە ئەو ڕاپۆرتانە پێویستە لەبەرچاو بیگرێت کە بەردەوام لە تەوریز و ڕەزائییە دەگەنە حکومەتی تورکیا لەمەڕ پشێوییەکانی سەر سنووری وڵات، بە پشت بەستن بە قسەی ستالین کە لە چاوپێکەوتنەکانی مۆسکۆدا باسی لە هاندانی حکومەتی تورکی دەکرد کە وەك قەڵایەکی قایم دژی ئەڵەمانیا شوێنی

خۆی بپارێزێت، من (واته وەزیر– ل) ئاماژە بە قسەی (سێر ئیچ ناتشبول هجسن) دەکەم کە دەڵێت حاڵی حازر ڕەوشی ئاڵۆزی کوردستانی ئێران ڕێگری سەرەکی باشبوونی پەیوەندییەکانی شورەوی و تورکیایە، بە هۆی شوێنی جوگرافییەوە تورکیا گرنگییەکی زۆر بە پاراستنی هێمنی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەدات، هەر بۆیە باشتر وایە تەمی ترس و پەژارەی تورکیا لەم بارەیەوە بڕەوێندرێتەوە، بە پێچەوانەشەوە کاردەکاتە سەر سیاسەت و هەڵوێستی تورك بەرامبەر جەنگ و ورەی بەرامبەر هەر هێرشێکی ئەڵمانی دەڕووخێنێت.

٥–حکومەتی پایەبڵندمان وا بە پێویست دەزانێت کە پاراستنی ئاسایش و هێمنی ناوخۆی هەموو بەشەکانی وڵات ئەرکی حکومەتی ئێرانە، هەروەها حکومەتی ئێران ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە کە حکومەتی شورەوی ڕێگا نادات ئێران هێزەکانی خۆی بنێرێتە ئەو ناوچانەی کە ڕووسیان لێیە بە مەبەستی بەهێزکردنی ژاندارم، لە کاتێکدا فەرمان دراوە (واتە ڕووسەکان– ل) بە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە تەورێز و ڕەزائییە قەبارەی هێزەکانی ژاندارم بۆ نیوە کەم بکرێتەوە.

٦–ئەگەر مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت پێشنیار دەکەم، حکومەتی شورەوی ڕێگا بدات حکومەتی ئێرانی دەسەڵاتی خۆی بگەڕێنێتەوە و زۆرترین ژمارە لە هێزەکانی ژاندارم بنێرێتەوە ئازەربەیجان و کوردستان، هەروەها لە ڕێگەی سوپاشەوە پاڵپشتی ئەم هێزانە بکرێت، واش باشترە کە حکومەتی شورەوی فەرمان بۆ کارمەندانی خۆی لەو ناوچانەدا دەربکات تا یارمەتی تەواوی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بدەن بۆئەوەی هێمنی و ئاسایشی بۆ مەڵبەندەکە بگێڕنەوە)).

## پاشکۆی ژمارە( ٢ ):بەیاننامەی کۆمەڵەی ژ.ک سەبارەت بە جیاوگی نەوت بە شورەویی

ژیی کورد و کوردستانی گەورە !

J.K

# بەناوی یەزدانی گەورە و بەرز

### بەیان نامەی ژمارە ٣١٢ ڕۆژی دووەمی خەزەڵوەری ١٣٢٣

ئەم ڕۆژانەدا وا دیارە ڕۆژنامەکانی ئێران بڵاویان کردەوە کە حکومەتی یەکیەتی سۆڤیەت [illegible]

[illegible]

کۆمەڵەی ژ.ک حکومەتی یەکیەتی سۆڤیەت [illegible]

[illegible]

آ . ل . ج . خەبەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ.ک

**پاشکۆی ژماره (٣)**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بەیان نامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**هاونیشتمانان - برایان**

**ئاگری شەڕی جیهانگیر کەبەهۆی دوژمنانی ئازادیو لەژێر پێ نەرانی دیموکراسی هەڵگیرسابوو، بەباسکی بەهێزی سەربازانی ئازای هاوپەیمانی گەورەی ئێمە کوژایەوە. دنیای دیموکراسی سەرکەوتو دنیای فاشستی کەهەوڵی دەدا گەلانو نەتەوەکانی جیهان لەژێر دەستی چەند نەفەر مڵهوریو سەرەرۆدا یەخسیر بکا بەشێوەیەکی قەتعی تێك شکاو لێك بڵاو بوو هەروەها کەچاوەروان دەکرا بۆ ئازادی گەلانو نەتەوەکانی جیهان ڕێگا خۆش کرا. ئەمرۆ گەلانی دنیا لەگەورەو چووك دەیانهەوێ لەو ڕێگایەوە کەبەرەو ئازادی خۆش کراوە کەکەڵك وەرگرنو لەو بەڵێنی یانەی کەبەهۆی مەنشووری مێژووی ئاتلانتیکەوە دراوە سوود ببینن و هەڵسوراندنی کاروباری خۆیان بەدەستەوە بگرنو چارەنووسی خۆیان بەمەیلو ویستی خۆیان دیاری بکەن.**

**ئێمەی کورد کە لەئێران دەژین ساڵەها بەڵکو چەندین سەد ساڵە کەلەپێناوی مافو دەسەڵاتی نەتەوەییو مەحەلی خەباتمان کردووە قوربانی مان داوە. بەداخەوە کاربەدەستانی سەرەرۆی ئێران بەهیچ جۆرێك حازر نەبوون قسەی حسێبی ئێمە قبووڵ بکەنو تەنانەت نەیانهێشتووە ئێمە لەو مافە کەڵك وەربگرین کەقانوونی ئەساسی بۆ ئەیالەتەکانو ویلایەتەکانی ئێران دای ناوەو بەردەوام وەڵامی ئێمە گوللەو بۆمبو تۆپو زیندانو تەبعیدو یەخسیری بوە، بەتایبەتی لەسەردەمی بیست ساڵەی ڕەزاخاندا تەنانەت لەلەبەرکردنی جلو بەرگیشدا ئازاد نەبووین، بەزۆری سەرەنێزەو بەهۆی ئەفسەرانی دزو خائینو تاڵانکەرەوە هەموو داراییو ژیانی ئێمەیان تەفرو توونا کردووەو چاویان لەناموسو شەرەفی ئێمەوە بووەو بۆ لەنێو بردنو خاشەبڕکردنی ئەسڵی ئێمە لەهیچ نزمیو درندەیی یەك خۆیان نەپاراستووە، ئاخر ئێمەش ئینسانین، ئێمەش مێژوو، زمانو شوێنەواری خۆمان هەیە کەلامان خۆشەویستن.**

**بۆچی دەبێ مافی ئێمە لەژێر پێ بنرێ؟ بۆچی ناتوانین لەنێو ماڵی خۆماندا ئازادیو موختاربین؟ بۆچی بۆچی ڕێگا نادرێ منداڵانی خۆمان بەزمانی کوردی پەروەردە بکەین؟ بۆچی نایەڵن کوردستان ویلایەتێکی خودموختار بێو لەلایەن ئەنجومەنی ویلایەتەوە ئیدارە بکرێ کەقانوونی ئەساسی دیاری کردووە؟**

هاونیشتمانانی بەرێز دەبێ بزانن حەق نادرێ، حەق وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەلی خۆمان خەبات بکەین، ئەم خەباتە یەکیەتی و یەك رەنگی پێویستە، رێکخراو پێشەنگی پێویستە، بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوەو دەستی بەکار کردووە. ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست، دەبێ چاو گوێی خۆتان بکەنەوەو لەدەوری حیزبی نەتەوەیی خۆتان کۆببنەوەو لەپێناوی وەرگرتنی مافی رەوای نەتەوەیی خۆتاندا فیداکاری بکەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان رێبەرو رێ نوێنی ئێوەیە. تەنیا لەژێر ئاڵای ئەوە کەنەتەوەی کورد لەمەترسی تەفرو توونا بوون رزگار دەبێ و هەبوون و ناموس و شەرەفی نەتەوەیی خۆی دەپارێزێ و دەتوانێ لەنێو سنووری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاری نەتەوەیی خۆی وەدەست بێنێ.

هاونیشتمانان، ئێمە بێجگە لەمافی رەواو ئینسانی خۆمان هیچمان ناوێ. دروشمەکانمی ئێمە لەبەندەکانی خوارەوەدا خولاسە کراون، بیان خوێننەوەو هەموو گەلی کورد، فەرفەردیان تێ بگەیەنین ئەوە دروشمەکانی ئێمەن..

١- نەتەوەی کورد لەنێوخۆی ئێران دا بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری مەحەلی خۆی سەربەخۆو ئازاد بێ و لەسنووری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاری خۆی وەدەست بێنێ.

٢- مافی خوێندنی بەزمانی زکماکی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردی بەرێوە بچێ.

٣- لەسەر بناغەی قانوونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بەزوویی هەڵبژێردرێ و بەهەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی رابگاو چاودێریان بەسەردا بکا.

٤- کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بێ قسە لەخەڵکی ناوچەکەبن.

٥- دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لەنێوان لادێیی و خاوەن مڵك دا رێکەوتنێك پێك بهێنرێ و دوا رۆژی هەردوولا دابین بکرێ.

٦ـ حیزبی دیموکراتی کوردستان تێ دەکۆشێ لەخەباتدا بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتییەکانی تر کەلەئازەربایجان دەژین، ئاسۆریەکان و ئەرمەنیەکان و هی دیکە، یەکیەتی و برایەتیەکی تەواو پێك بهێنێ.

٧ـ حیزبی دیموکراتی کوردستان بەئامانجی بەرەوپێش بردنی کشت و کاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەش ساخی و باشتر کردنی ژیانی ئابووری و مەعنەوی و گەلی کورد دەست دەکا بەسوود وەرگرتن لەسامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان و لەم رێگایەدا تێ دەکۆشێ.

٨- ئێمه دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشانی بەئازادیان بدرێتێ بۆ بەختەوەری و پێش خستنی نیشتمانی خۆیان))

دەقی مەرامنامەکەی حیزبی دیموکراتیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

" فەسڵی یەکەم

١- ناوی حیزب: حیزبی دیموکراتی کوردستانە

٢- حیزب لەسەر ئەم بناغانە دامەزراوە: حەقیقەت، عەدالەت، تەمەندوون.

هەموو نیزامنامەو قانوونەکانی حیزب پاش پەسەندکرانی لەلایەن کۆنگرەوە جێ بەجێ ئەکرێن.

٣- قەڵەم و گوڵەگەنم و بۆ عەلامەتی حیزب قبوول کراوە.

فەسڵی دووهەم

٤- لەقۆناغی ئێستادا گەورەترین ئامانجی حیزب بریتی‌یە لەوەی کەلەنێو سنوورەکانی دەوڵەتی ئێراندا، پارێزگاری مافەکانی کورد بکاو بۆ جێگیرکردنی، رێگەی خودموختاری هەڵبـژێرێ لەهەموو ئەو ئەیالاتو ویلایاتانەدا کەبەدرێژایی مێژوو کوردیان تێدا ژیاوەو زەحمەتی کێشاوە هەروەها لەکوردستان ئەبێ لەسەر بنچینەی دیموکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵك رەچاو بکرێ. ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازی میللی و قەومی ومەزهەبی، بۆ هەڵبـژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شورای میللی مافی وەکو یەکیان هەبێ.

٥- ئامانجی حیزب بریتی‌یە لەپەرەپێدانی دیموکراسی، لەسەر ئەو بنچینەیە تێ ئەکۆشێ بۆ خۆشی مرۆڤایەتی.

٦- حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکیەکی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی نییە، بەلام ئەیەوێ بەرێگای هێمنانە تێ بکۆشێ بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگو لەش ساغی و کشتو کاڵی گەلی کورد کەلەئەنجامی دەسەڵاتی چەوسێنەراندا بەدواکەوتوویی ماوەتەوە، بۆ ئەمەش داوای مافی خودموختاریی میللی‌یە.

فەسڵی سێهەم

٧- هەموو مالیاتو عەواریچ بەشێوەی چهروری کۆ ئەکرێتەوەو. لەسەر بنچینەی بوودجە رێك ئەخرێو دابەش ئەکرێ.

٨- یەکەمین هەنگاوی حکومەتی میللی ئەوەیە دەس ئەکا بەئاواکردنەوەی وڵاتو پەرەپێدانی رێکخراوی ئابووری و سیاسی، لەبەر ئەوە ناتوانێ زیاتر لە ٣٠٪ی مالیاتی کۆکراوە بەحکومەتی مەرکەزی بدات.

٩ـ ئەبێ هەموو مەئمورانی کیشوەری و سیاسی و دائیرەکانی کشت و کاڵ کورد بن، حکومەتی میللی هەر کاتێ بەپێویستی زانی راوێژکارانی بێگانە بانگ ئەکا، هەموو کارەکانی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی و دادگوستەری ئەبێ بەزمانی کوردی بنووسرێن و بەرێوەببرێن.

١٠ـ حیزب تێ ئەکۆشێ بۆ گەشەپێدانی کشت و کاڵ و ماشین بکری و، هەول ئەدا ئەو بەروبوومەی جوتیاران بەرهەمی ئەهێنن بەباشی بفروشری.

١١ـ حیزب تی ئەکوشی بۆ ئاوەدانی و پاراستنی لەش ساغی دیهات و، بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی لەریی هاتووچوودایە لەدێیەکەوە بۆ دێیەکی تر.

١٢ـ حیزب بەبێ جیاوازی نەتەوایەتی و قەمی و مەزهەبی حیمایەت لەژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و لەش ساغی هەموو زەحمەتکێشان ئەکا کەلەکوردستان ئەژین.

١٣ـ بەمەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانیەتی لەنێو خەڵکی کوردستاندا، خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی ئەکرێتە ئیجباری و، لەهەموو قووتابخانەکان دا ئەبێ بەزمانی کوردی دەرس بخوینری.

١٤ـ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانین و ژیان و شارستانیەتی خەڵك، ژمارەیەکی زۆر ناوەندی زانستی کتێبخانە، قەرائەتخانە، کلوب، تیئاترو مەیدانی وەرزش دائەمەزرێنی.

١٥ـ هەموو مەئمورانی کوردی کەلە ئەیالات و ویلایاتی تردا لەئیدارەو ئەرتەش دا کار ئەکەن، ئەبی بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

١٦ـ حکومەتی میللی بەلەبەرچاو گرتنی قازانجەکانی خۆی پێوەندی فەرهەنگی و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی تر، لەپلەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکیەتیی سۆڤیەتی، دائەمەزرینی.

١٧ـ حکومەتی ناوچەی کوردستان لەهەموو کۆنفرانسە جیهانیەکاندا کە بۆژیانی مرۆڤایەتی ئەبەسترین، بەپێی ژمارەی خۆی داوای بەشدار بوون ئەکات.

١٨ـ حوکوومەتی خودموختاری کوردستان ئەبێ دەسەڵاتی هەبێ مەئیمتیازی دەرهێنانی کانە دەرهێنراوو دەرنەهێنراوەکانی کوردستان بدات بەهەر کەس کەبیەوێ.

فەسڵی چوارەم

١٩ـ حکوومەتی میللی بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی خەڵکی کوردستان بەرێگای هەرزان و رەحەت بەتوندی دژی سەلەم و گرانفرۆشی و محتکران رائەوەستێ.

٢٠ـــ حكوومـــەتی میللـــی پـــەرە بـــەئابووری کوردســـتان ئـــەدا، لەهـــەموو شـــارەکان دا کارگەدائەمەزرێنی، ئەبێ دەستی گڵاوی ئیستعمار لەسامانی سروشتیو ئێمە ببڕێ ئەبێ خۆمان سوود لەم سامانە وەربگرینو لەهەمان کاتدا سوود بەمرۆڤایەتیش بگەیەنین.

٢١ـ ئـەبێ لەهـەموو کاروبـاری سیاسـیو ئـابووریو کۆمەڵایەتیـدا ژنـان وەکـو پیـاوان مـافی وەك یەکیان هەبێ.

٢٢ـ ئـەبێ مـافی کەمـە نەتەوەییـەکانی کەلەکوردسـتان ئـەژین، وەکـوو ئازەربایجـانی، ئەرمـەنی ئاسووری بەتەواوی دابین بکرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ سەرماوەرز ١٣٢٤.

سەرچاوە: گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ل ٣٦–٣٩ .

## پاشکۆی ژمارە (٤): وێنەیەکی ژمارە یەکی خولی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان



کوردستان

آمانجی ایمە

ژنرالیسموس ستالین

(بەبونەی شصت و شەشەمین سالی لەدایک بونی)

گفتوگوی جنابی قاضی محمد

پاشکۆی ژمارە( ٥ ): وێنەیەکی ڕۆژنامەی کوردستان کە لەلایەن ڕژێمەوە چاپدەکرا.



وتەی شاهەنشا لەجێژنی پیرۆزی معراجدا

کوردستان

## پاشكۆی ژماره( ٦ ): پرۆگرامی "حیزبی رزگاری كوردستان

"بەناوی خوا

مادەی یەكەم

ناوی حیزب (كۆمەڵەی رزگاری كوردستان)ە

مادەی دووەم

ئەم كۆمەڵە پێكهاتووە لەوكەسانەی كە لەڕەگەزی كوردن وەیا دانیشتووی كوردستانن‌و باوەڕیان بەپڕۆگرامی ئەم كۆمەڵەیە هەیە.

مادەی سێیەم

كۆمەڵەی رزگاری كوردستان باوەڕی هەیە كەكورد یەك نەتەوەیەو لەنیشتیمانێكی لێك دانەپچڕاودا ئەژی كەكوردستانەو (ئیعتیراف ناكا) بەم سنوورانەی كەبێگانە دایناوە.

مادەی چوارەم

كۆمەڵە خەبات دەكات بۆ بەدەست هێنانی مافی ئازادی‌و سەربەخۆیی گەلی كورد لەكوردستاندا.

مادەی پێنجەم

خەباتی ئێمە خەباتێكی (نەتەوەیی گشتی‌و قەومی‌و جەماهیرییە) شۆڕشگێڕانەیە لەسەر بناغەی باوەڕی كوردایەتییەوە بەڕێگای دیموكراتیدا ئەڕوات.

مادەی شەشەم

كۆمەڵە بەهەموو توانایەكەوە تێدەكۆشێ بۆ كۆكردنەوەو رێكخستنی هەموو چینەكانی گەلی كورد لەناو رێكخراوەیەكی سیاسی‌و (ناسیۆنالیستی) بۆ پێشڕەوی ئەو خەباتە كەمادەی پێنج رای ئەگەیەنێ.

مادەی حەوتەم

كۆمەڵە پشتیوانی ئەكا لەهەر ئیمتیازێكی نەتەوەیی‌و كۆمەڵایەتی كەهەر بەشێك لەبەشەكانی گەلی كورد لەناو سنووری ئێستادا بەدەستی دێنێ وەدەعوەتی ئەو حكومەتانە دەكا كەدەسەڵاتیان هەیە بەسەر كوردستان بۆ ئەوەی رێگایەكی هێمنی‌و

ئاشتی خوازانە ددان بێنێ بەومافانەدا.

**مادەی هەشتەم**

ئەم کۆمەڵە لەزروف و شرایتی ئەمڕۆی میللەتی کورددا بەگوێرەی ناوچەکان و دەستووری پرۆگرام بۆ ئەم مەبەستانە تێدەکۆشێت:

١-زیندوو کردنەوەی زمانی کوردی کەزمانی نەتەوەیی گەلی کوردە لەکوردستاندا.

٢-دامەزراندنی فێرگەو قوتابخانەی کوردی.

٣-پەرەپێدانی ئەدەب و زانیاری نەتەوایەتی لەڕێگای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤارو هەموو شوێنەوارێکی نووسەرانی کۆن و نوێی گەلی کورد.

٤-رێزگرتن و رواجپێدانی تەقالیدی نەتەوایەتی و پاراستنی سوننەتی میللی لەجل وبەرگی کوردییەوە هەتا جەژن و بیرەوەری نەتەوایەتییەکان.

٥-بەشدارکردنی جوتیار لەئاوو زەوی پێویست و پاراستنیان لەهەر چەشنە زوڵم وزۆرێك لەگەڵ بۆلەی عادیلانە بۆ خاوەن زەوییەکانی پێشوو.

٦-بەشدارکردنی کرێکاران لەمافی قانونی و عادیلانەی کار لەگەڵ مافی پێکەوەنانی سەندیکا (نەقابە) و مافی شەریك بوون لەمەجلیسی بەڕێوەبەری کاردا.

٧-بەربەست کردنی زوڵم وزۆر لەناو هەموو چینەکانی گەلی کورددا و بەشدار کردنی هەر فەردێك لەمافە ئینسانییەکانی.

٨-لابردنی ئەو دووبەرەکی و براکوژییە کەداگیرکەرانی کوردستان خستوویانەتە بەینی عەشیرەتەکان و هەموو چینەکانی گەلی کورد بۆ بەربەرەکانی کردنی بیروڕای نەتەوایەتی و دامەزراندنی بناغەی بەهێزی برایەتی لەناو هەموو ئەفرادی گەلی کورددا.

٩-تێکۆشان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەهۆی کارگەو کێشانی رێگاو پەرەپێدانی پیشەسازی و زیادکردنی دەرهاتی نەتەوایەتی (عەوائیدی ملی).

**مادەی نۆیەم**

کۆمەڵە بۆ ژیانی ئابووری گەلی کورد و دامەزراندنی بناغەیەکی ئیقتیصادی بەهێزو پێشکەوتوانە بۆ کوردستان کەڵك وەردەگرێ لەتەجاروبی عیلمی و عەمەلی میللەتانی تازە پێگەیشتوو لەم بارەوە بەهەڵسەنگاندنیان لەگەڵ زروف و واقعیاتی کوردستاندا.

**مادەی دەیەم**

کۆمەڵـــەی رزگـــاری کوردســـتان ددان ئـــەنێت بـــەموجودیتی هـــەموو کەماتیـــە نەتەوایەتییـەکان کـە لەکوردسـتاندا ئـەژین بەمـەرجێك باوەڕیـان بـەرزگاری کوردسـتان هەبێ و بۆ ئەم مەبەستە خەبات دەکەن.

مادەی یانزەیەم

کۆمەڵە ددان ئەنێ بەمافی وەك یەکی ژن و پیاودا.

مادەی دوانزەیەم

ك.ر.ك ئامـادەی برایـەتی و هاوکـاری لەگـەڵ ئـەو رێکخـراوە کوردیانـەدا کەهـەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتین.

مادەی سیانزەیەم

کۆمەڵە سیاسەتی دەرەوەی بێ لایەنییەو دۆستی ئەوهێزانەیە کەیارمەتی مەسەلەی کورد بدەن. هـەروەها باوەڕێکی پتەویشی هەیە بەمەنشووری نەتـەوە یـەکگرتووەکان و ئیعلامییـەی جیهـانی حقـوقی بەشـەرو میساقی کـۆنگرەی بانـدونك و ئامـادەی پشتیوانی خەباتی گەلانی جیهانییە بۆ رزگاری و ئازادیان بەپێی توانا و چاوەڕوانی دۆستایەتی و یارمەتییە بۆ رزگاری و ئازادی گەلی کورد لەلایەن هەموو گەلانی جیهانەوە.

مادەی چواردەیەم

ك.ر.ك باوەڕی هەیە کەکورد لقێکی سەربەخۆیە لەڕەگەزی ئاریا و ئامادەی گرتنی پەیوەندی دۆستایەتی و برایەتییە لەگەڵ لقەکانی تر.

مادەی پانزیەم

کۆمەڵە ئاینی پاکی ئیسلام بەمەزهەبی رەسمی کوردستان ئەناسی و رێزو ئیحترامی هەموو ئاینەکانی تر ئەگرێت کەدانیشتوانی کوردستان باوەڕیان پێ هەیە.

دەسگای دامەزرێنەری کۆمەڵەی رزگاری کوردستان.

**سەرچاوە:** کەریم حسامی، لەبیرەوەرییەکانم، بەرگی چوارەم، ستوکهولم، ١٩٩٠، ل٦١-٦٣.

## پاشکۆی ژماره (٧): گەلاڵەی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد

مادەی (١) کوردستانی ئێران سەر زەوینێکە لەچوارچێوەی جوگرافیایی ئێراندا کە لەباری مێژووییەوە شوێنی دانیشتنی هۆزەکانی کورد بووەو ئێستاش زۆربەی دانیشتووانی لەنەتەوەی کورد پێك هاتوون. ئەم سە رزەوینە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئوستانەکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجان رۆژئاوا دەگرێتەوە.

مادەی (٢) کوردستانی ئێران بەشێك لەولاتی کۆمار ی ئیسلامیی ئێرانە کە پەیوەندی قووڵی مێژوویی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی هاو پێوەندیی نەتەوەی کورد دانیشتووی ویی لەگەڵ نەتەوەکانی دانیشتووی ئێراندا پتەوکرد.

مادەی (٣) دەسەلاتی نەتەوەی کورد بەسەر سەرزەوینی کوردستانی ئێراندا بەشێوەی خودموختاری لەچوارچێوەی یەکێتی سیاسی، ئابوری و تەواوەتی خاکی ولاتی ئێراندا بەکار دەبرێ.

مادەی (٤)دەوڵەتی ناوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دابینکردنی یەکێتی سیاسی و تەواوەتی خاکی ولات دەسەلاتی پەیوەندی دار بەم مەسەلانەی خوارەوە لەسەر زەوینی خودموختاری کوردستاندا بەڕێوە دەبا:

أ/ کاروباری پێوەندیدار بەدیفاع لەسنوورەکان، سەربەخۆیی و تەواوەتی خاکی ئێران لەبەرامبەر دەستدرێژیی بێگانەکاندا کە بەهۆی هەرسێك هێزی زەوینی و هەوایی و دەریایی سوپاوە بەڕێوە دەچێ و بەهۆی ئۆرگانەکانی حکومەتی ناوەندیەوە سەرپەرشتی دەکرێ.

ب/ کاروباری پێوەندار بەسیاسەت و پێوەندی دەرەوەو هەروەها پێوەندی لەگەڵ کونسولگەری‌یەکانی دەوڵەتانی دەرەوە کە لەسەر زەوینی کوردستانی ئێران جێگیرن، لەسەلاحییەتی دەوڵەتی ناوەندی دایە.

ج/ بازرگـانی دەرەوەو گومرگـەکانو ئـەو سیاسـەتە گـشتییانە کـە پێوەنـدیان بـەم مەسـەلانەوە هەیـە، بـەهۆی ئۆرگانـەکانی دەوڵـەتی ناوەندییـەوە بـەڕێوە دەبـرێنو سەرپەرشتی دەکرێن.

د/ بەرنامە دانانی درێژخایەنی ئابوری، کە پێویستی بەدەسمایەی زۆرو زەوەند هەیە، رێکخستنو بەڕێوەبردنی سیستمی دراویو ئەرزییو وڵات لەسەڵاحیەتی ئۆۆرگانەکانی دەوڵەتی مەرکەزی دادەبێ.

روونکردنـەوەی (١) لـەبارەی کاروبـاری دیفـاعی دەبـێ هەمیـشە ئـەم ئەسـڵە لەبـەر چـا وبگیرێ کە پادگانـەکانو دامو دەزگا نیزامییـەکان دەبـێ هەمیـشە لەسـنوورەکانو دوور لەشارەکان بن، بەجۆرێك کە بەبیانووی پێداویستییە نیزامییـەکانو شتی لـەو بابەتـە هـیچ کارێك نـەکرێ کە بکێشێتە دەست تێوەردان لـەکاروباری نێوخۆیی سـەر زەوینـی خودموختاری کوردستاندا.

روونکردنـــەوەی (٢) ســـەرباز وەزیفـــەکانی دانیـــشتووی ســـەرزەوینی خودموختـــاری کوردستانی ئێران دەبێ لەپێگە نیزامییـەکانو سـەربازخانەکانی کوردستاندا خزمـەتیان پێبکرێ.

روونکردنـــەوەی (٣) لـــەو ئیـــدارە ناوچـــەییانەدا کـــە پێوەنـــدییان بـــەبازرگانیی دەرەوەو گومرگـەکانو بەرنامـە دانـانی درێژخایـەنی ئـابووریو بـەڕێوەبردنی سیـستمی دراوی لەسـەر زەوینـی خودموختاریکوردسـتاندا هەیـە، دەبـێ لەکارمەنـدی خـۆ وڵاتـی کـەڵك وەرگیرێ.

مادەی (٥) جگە لەو شتانەی لە مادەی (٤)دا باس کراون، بەکاربردنی دەسەڵات لەهـەموو کاروبـارێکی سـەرزەوینی خودموختـاری کوردسـتانی ئێرانـدا بـێ هـیچ هـەولاواردانێك لەسەڵاحیەتی ئۆرگانەکانی خودموختاری دادەبێ.

مادەی (٦) ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی دەسەڵاتداریی نەتـەوەی کورد لەسەرزەوینی خودموختـاری کوردسـتانی ئێراندایە، ئەم ئەنجومەنـە هـەر دوو ساڵ لـــەرێگای هەڵبـــژاردنێکی ئـــازاد، راســـتەوخۆ، نهێنـــیو گـــشتی هـــەموو دانیـــشتوانی کوردستانی ئێرانەوە هەڵدەبژێرێو پێکدێ.

روونکردنەوەی (١) هەر پەنجا هەزار کەس  لەدانیشتوانی سەرزەوینی کوردستانی ئێران نوێنەرێك بۆ ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان هەڵدەبژێرن.
مادەی (٧) ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان هەموو ڕێ‌و شوێنیچکی پێوەندی دار بەپێڕەوی نێوخۆی‌و خۆی‌و هەروەها بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارو دێ وەدادەنێ‌و پەسەند دەکا.
مادەی (٨) ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستان بەر لەبەر چاوگرتنی قانوونە گشتی‌یەکانی وڵات هەموو قانوون‌و ڕێ‌و شوێنێکی بەکار براو لەدەزگاکانی خودموختاری‌داو هەروەها بوودجەی تایبەتی سەرزەوینی خودموختاری کرودستان پەسەند دەکا.
مادەی (٩) ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستان حکومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی‌و ئینتیزامی سەرزەوینی خودموختاری کوردستان هەڵ دەبژێرێ.
مادەی (١٠) حکومەتی خودموختاری کوردستان لەبەرامبەر ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستاندا بەرپرسیارێتی هاوبەشی دەبێ، وهەر کام ئەندامانی حکومەتی خودموختاریش بەتەنیا بەرامبەر بەئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستان بەرپرس دەبن.
مادەی (١١) ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستان ماف‌و  ئەرکی سەرشانیانە کە هەل‌و مەرجی تێکۆشانی ئازادو دیموکراتی ژیانی کۆمەڵایەتی لەبوارەکانی ئازادی حیزبەکان‌و کۆبوونەوەکان‌و چاپەمەنی‌و بیرو ڕا دەربڕین‌و قەڵەم‌و بیرو باوەڕو مەزهەب‌و ئەنجومەنە دیموکراتیەکان‌و هەقی مانگرتن لەهەموو سەرزەوینە کوردستاندا پێك بێنێ‌و بەوردی چاودێری بەڕێوەچوونی ڕێ‌و شوێنەکانی لەلایەن هێزی ئیجرایی‌یەوە بکا.
مادەی (١٢) بوودجەی کوردستانی خودموختاری  بەهۆی حکومەتی خودموختاری کوردستانەوە ڕێك دەخرێ‌و  بەئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان پێشنیار دەکرێ‌و پاش پەسەند کران بەڕێوەدەبرێ.
مادەی (١٣) سەرچاوەکانی دابینکردنی بوودجەی کوردستانی خودموختاری بریتین لە:
أ/ مالیات‌و باج‌و داهاتە ناوچەییەکانی دیکە.

ب/ بەشێك لەبوودجەی گشتیی وڵات کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەدرێ بەحکومەتی خودخومتاریی کوردستان.
مادەی (١٤) بەرنامەدانان بۆ هەڵدانو پێگەیشتنی ئابووری لەسەرزەوینی کوردستاندا بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو دوا کەوتووییە کە بەهۆی زۆرداریی نەتەوایەتیەوە دروست بووە، واتە پێکهێنانی پیشەسازی نەتەوایەتی، پەرەپێدانی کشتوکاڵو ئاژەڵداری، پێشخستنی کاروباری ئاوەدانکردنەوەو خۆشگوزەرانیو خزمەتە گشتیەکان بەجۆرێك کە ژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی گەلی کورد گۆڕانی بەسەر دابێ، جگە لەو شتانەی کە لەبەندی (د)ی مادەی (٤)دا باسکرا، بەشێك لەئەرکەکانی حکومەتی خودخومتاریی کوردستانە.
روونکردنەوەی مادەی (١٤) پاش دەرکردنی بوودجەی کاروباری دەوڵەتی ناوەندی لەداهاتە گشتیەکان بوودجەی پەرەپێدانی ئابووریو کۆمەلایەتیو فەرهەنگی بەپێی رادەی حەشیمەت لەنێو ناوچە جۆربەجۆرەکانی ولاتدا دابەش دەکرێ، پێوانەی دابەشکردنی ئەم بوودجەیە بەجۆرێك دەبێ کە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو پاش کەوتوویيە ئابووریيە کە بەهۆی زۆرداریی نەتەوایەتییەوە دروست بووە، بەشی دانیشتوانی ئەم ناوچانەو یەك لەوان کوردستانی خودخومتار بەپێی پلە پاشکەوتووییەکەیان زیاتر لەداهاتی نێوەنجی سەرانسەری ولات بێ.
مادەی (١٥) زمانی کوردی لەهەموو ئیدارەکانی سەرزەوینی خودخومتاریی کوردستان چ ئیدارەکانی ئۆرگانە خودموختارەکانو چ ئیدارەکانی دیکە زمانێکی رەسمییە، لەگەڵ دووپاتکردنەوەی ئەو خاڵە کە زمانی فارسی هەر وەك جاران زمانی رەسمی سەرانسەری ئێران بەکوردستانیشەوە.
مادەی (١٦) لەسەرزەوینی خودموختاری کرودستانی ئێراندا فێکردن لەهەموو پلەکاندا بەسەرەتاییو نێوەنجیو بەرزەوە بەزمانی کوردی دەبێ، بەلام خوێندنی زمانی فارسیش پاش تەواوبوونی ساڵی چوارەمی سەرەتایی لەهەموو قوتابخانەکانی سەرزەوینی کوردستانی ئێراندا بەزۆری (اجباری) دەبێ.
روونکردنەوەی (١) کەمایەتییە نەتەوەییەکان لەسەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا هەقیان هەیە فەرهەنگو دابو نەریتی خۆیان بپارێزنو برەو پێبدەنو لەقوتابخانەکاندا بەزمانی زگماکی دەرس بخوێنن.

مادەی (١٧) پێکهێنانی دام‌و دەزگاو ناوەندەکانی فێرکردن‌و فەرهەنگ‌و بەرنامە دانان بۆ تێکۆشانی ئەو دام‌و دەزگاو ناوەندانە لەسەر زەوینی خودخومتاری کوردستانی ئێراندا لەهەموو پلەکانی سەرەتایی‌و نێوەنجی‌و بەرزدا بەشێك لە دەسەڵاتەکانی خودخومتاری کوردستانی ئێرانە.

روونکردنەوەی (١) ناوەندی رادیۆو تەلەفزیۆنی سەرزەوینی خودخومتاری کوردستان لەژێر چاودێری حکومەتی خودخومتاری کوردستانی ئێراندا بەڕێوەدەبرێ.
مادەی (١٨) پاراستنی ئەمنیەتی نێوخۆو کاروباری نەزم راگرتن لەسەر زەوینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا لەشارو دێ بەهۆی هێزەکانی پێشمەرگەوە کە بەرەسمی لەلای حکومەتی خودموختاری کوردستان دادەمەزرێن، دابین دەکرێ.
مادەی (١٩) بەرپرسانی نەزم‌و پاراستنی شارو دێ لەسەر زەوینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا راستەوخۆ لەلایەن حکومەتی خودموختاری کوردستانەوە دیاری دەکرێن‌و بەرامبەر بەو بەرپرس دەبن.
مادەی (٢٠) هەموو ساڵێ ژمارەیەك خوێندکار لەلایەن حکومەتی خودموختاری کوردستانی ئێرانەوە بۆ دابینکردنی پێداویستی هێزە دیفاعی‌یەکانی سەرزەوینی خودموختار بۆ خوێندن دەنێرێتە قوتابخانە نیزامی‌یەکان. رێکخراوە پەیوەندی دارەکانی حکومەتی ناوەندی لەسەریانە هەموو پێداویستی‌یەکانی فێرکردن‌و پەروەردەی ئەو خوێندکارانە پێك بێنن‌و پێداویستی‌یەکانی چەکدارکردنی هێزە ئینتزامی‌یەکانی نێوخۆی کوردستان بەشێوەیەکی ماقووڵ‌و گونجاو دابین بکەن.
مادەی (٢١) دەسەڵاتی قەزایی لەسەرزەوینی خودموختاری کوردستاندا جیا لەهێزەکانی دیکە بەهۆی دادگای سەربەخۆوە بەکار دەبرێ.
مادەی (٢٢) دادگاکانی سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران لەمەسەلە عورفی‌یەکاندا بەپێی قانوونە عورفی‌یەکانی سەرانسەری ولات‌و ئەو قانوونانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستانی خودموختارەوە پەسەند کراون‌و لەچوارچێوەی سەلاحیەتەکانی ئەو ئەنجومەنانەدا دانراون‌و لەگەڵ ئەسڵە پەیڕەوی کراوە حقوقی‌یەکان‌و بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ‌و پەیماننامەی جیهانی حقوقی مەدەنی

**ڕێك دەكەون. حوكم دەدەن‌و لەو مەسەلانەشدا كە پێوەندیان بە (أحوال شخصیە)وە هەیە بەپێی قانوونە مەزهەبی‌یەكانی هەردوولای كێشەكە دەجوڵێنەوە.**

**مادەی (٢٣) لقێكی دیوانی بەرزی وڵات لەسەرزەوینی خودموختاری كوردستانی ئێراندا جێگیر دەبێ‌و داوای پێ‌ڕاگەیشتنەوە لەحوكمی دادگاكانی سەرزەوینی خودموختاری ئێران لەم لقەدا لێی دەكۆڵرێتەوە.**

**ڕوونكردنەوە: دادپرسین لەدادگاكانی سەرزەوینی خودموختاری ئێراندا بەهەردوو زمانی كوردی‌و فارسی جێبەجێ دەكرێ.**

**مادەی (٢٤) بۆ بەهێزكردنی یەكێتی گەلانی ئێران جگە لەوە كە دانیشتوانی سەرزەوینی كوردستان وەك بەشەكانی دیكەی ئێران نوێنەرانی خۆیان دەنێرنە ئەنجومەنی نیشتمانی، ژمارەیەكی دیاریكراو كە لەگەڵ حەشیمەتی كوردستان ڕێك كەوێ لەئۆرگانەكانی حكومەتی ناوەندی‌داو لەكۆڕی وەزیران‌و وەزارەتخانەكان بەشداربن.**

**مادەی (٢٥) بۆ دەستەبەركردنی بنەڕەتەكانی خودموختاری‌و پاراستنی مافەكانی هەموو گەلانی ئێران (شورای بەرزی گەلانی ئێران) لەناوەندی وڵات پێك دێ‌و هەركام لەگەلانی ئێران سێ نوێنەر دەنێرنە (شورای بەرزی گەلانی ئێران).**

**ڕوونكردنەوە: سێ كەس نوێنەری سەرزەوینی خودموختاری ئێران لەلایەن ئەنجومەنی نەتەوایەتی كوردستانەوە دەست نیشان دەكرێت.**

**مادەی (٢٦) هەموو قانوونەكانی پەسەندكراو لەئەنجومەنی نیشتمانی ئێراندا ئەگەر پێوەندیان بەپێوەندی‌و مافەكانی ئێرانەوە هەبێ، دەبی لە (شورای بەرزی گەلانی ئێران)دا بێنە گۆڕێ‌و پەسەند بكرێن.**

**دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی كورد**
**١٣٥٨/١٠/٤**

**سەرچاوە: حسن زادە، نیو سەدە تێكۆشان،**

# بیبلیۆگرافیا

## یەکەم - بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان :


A- PUBILIC RECORD OFFICE (PRO) LONDON
FO 371 Series (Diploatic Correspondence), 1941-1946
Fo 371 / 21244، persia 1941.

Fo 371/31388، persia ،1942 .

Fo 371/ 52702 ، persia 1946.

B- NATIONAL ARCHIVES (NA) ،WASHINGTON ،D.C

Department of states' Decemal File (DSDF)

Record groop 59 ،1941-1946


## ج- بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراق :


١- دائرة السجلاة العامة ، القسم الثانی ، وزارة الطیران ، أکس / أ م ٤٥٨٣ .

٢- المركز الوطني للوثائق ،٧٤٥ – المفوضیة العراقیة فی طهران ، الملفة ة /١/٥/٢ .

٣- دار الکتب والوثائق ، الوحدة الوثائقیة ، ملفات البلاط الملکی ، الملفة ٤٩٥٣ ، ٤٩٩٣ .


## دووەم- بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان :


١- محمود ملا عزت ، دەوڵەتی جمهوری کوردستان ، نامەو دکۆمێنت ، بەرگی یەکەم ، سوید ، ١٩٩٢ .

٢- اسناد لانە جاسوسی ، کردستان (١) ، شمارە (٣١) " کردستان (٢)، شمارە (٣٢) ، دانشجویان مسلمان پیروخط امام ، ب.ج ، ب،ت.

٣- چپ در ایران . بەروایت اسناد ساواک . حزب دموکرات کردستان ، جلد أول ، مرکز بررسی اسناد تأریخی ، چاپ أول ، تهران ، ١٣٧٨ .

## سێیەم - بەڵگەو ئۆرگانە حیزبییەکانی کوردستانی ئێران :

أ- بەڵگەکان :

١- بەیاننامەی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژ.ك، ژمارە ٣١٢ ، رۆژی دوویەمی خەزەڵوەری ١٣٢٣ .

٢- بەیاننامەی کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ،٢٧ی جۆزەردانی ١٣٤٣ .

٣-بەیاننامەی ٢هەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ،سەرماوەرزی ١٣٤٣ (نوامبری ١٩٦٤ ).

٤-بەیاننامەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمەڕ چۆنێتی وەزع و کارەساتە خوێناویەکانی لەدژی کردەوەی دیکتاتۆری شادا ، خەزەڵوەری ١٣٤٧/ ئۆکتۆبەری ١٩٦٨ .

٥-بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران )پەسەندکراوی کۆنفرانسی سێهەمی حیزب ،جۆزەردانی ١٣٥٠ .

٦-پیلانێکی تر دژی گەلی کورد.چ کەسانێك جیاوازی خوازن ، ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی .

٧-بەیاننامەی رێکخراوی سەقزی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، تێکۆشەرانی شەرمێون دەڵێن چی ؟، ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ ی هەتاوی .

٨-ڕاپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنفرانسی گشتی لە ٢١ و٢٢ی بانەمەڕی ١٣٧٣ .

٩- رێکخراوە دیموکراسیی و پیشەی یەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویيدا ١٩٥٨-١٩٦٨، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی : شازین هێرش، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

## ب- ئۆرگانەکان :

١-نیشتمان ، گۆڤارێکی ئەدەبی ،خوێندەواری ،کۆمەڵایەتیی و مانگی کوردییە ،بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ك .

٢-کوردستان ، گوارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتیی سیاسی‌یە ، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردوستان ، مهاباد ، چاپخانەی کوردستان .

٣- هەڵاڵە -گۆڤار ، ژمارە ٣ ،بانە مەڕی ١٣٢٥.

٤- كوردستان – رۆژنامە ، بلاوكراوەی بیری حیزبی دیموكراتی كوردستان ، خولی یەكەم ، مهاباد چاپخانەی –كوردستان "خولی سێهەم –ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك .ا.

٥- پێشرەو، ئۆرگانی سازمانی كوردستانی حیزبی كومونیستی ئێران (كۆمەڵە) ، دەورەی دووهەم.

٦- شۆڕش ، ئۆرگانی ناوەندیی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران ، دەورەی دووهەم .

## چوارەم : نامەی زانكۆیی بلاونەكراوە :

١- امل عباس جبر الجبراني ، الآذربايجانيون و دورهم السياسيي في ايران، رسالة ماجستير ، كلية التربية، جامعة المستنصرية ، تشرين الاول ١٩٩٧ .

٢- خالد موسى جواد ، العلاقات الامريكية الايرانية ، (١٩٦٨–١٩٨٨) ، رسالة ماجستير ، كلية العلوم السياسيية ، جامعة بغداد ، آذار ١٩٩٠ .

٣- سروة اسعد صابر ، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل (١٩١٤–١٩٢٦) ، دراسة تأريخية وثائقية ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الآداب ،جامعة صلاح الدين ، ١٩٩٩ .

٤- سميرة عبدالرزاق عبدالله العاني ، العلاقات الايرانية البريطانية (١٩٣٩–١٩٥١) ، رسالة دكتوراه غير منشورة ، كلية الآداب ،جامعة بغداد ، ١٩٩٧ .

٥- طاهر خلف البكاء ، التطورات الداخلية في ايران (١٩٤١–١٩٥١) رسالة دكتوراه ، كلية الآداب ،جامعة بغداد ، ١٩٩٠ .

٦- فائزة عباس محمد ، جذور الفكر القومي في ايران ، رسالة ماجستير،كلية العلوم السياسيية ، جامعة بغداد ، ١٩٩٥ .

٧- نصيف جاسم الاحبابي ، العلاقات بين ايران و المانيا النازيية ١٩٣٣–١٩٤٥ ، رسالة ماجستير ، كليةالآداب ، جامعة بغداد ، ١٩٨٩ .

٨- محمد كامل عبدالرحمن ، الفلاح الايرانى في العهد البهلوي ١٩٢٥–١٩٧٩ ،رسالة دكتوراه ، كليةالآداب ، جامعة بغداد ، ١٩٩١ .

٩- ياسين خالد حسن ، كردستان الشرقية ، دراسة في الحركة التحررية القومية بين الحربين العالميتين (١٩١٨–١٩٣٩) ، رسالة ماجستير ، كليةالآداب ، جامعة صلاح الدين ، تموز ١٩٩٥.

## پێنجەم - فەرهەنگەکان:

١- أحمد عطية ، القاموس السياسى ،الطبعة الثالثة . دار النهضة ، القاهرة ،١٩٩٨.

٢-جيوفر روبرت واليستر ادوارد ، القاموس الحديث للتحليل السياسى ، ترجمة سمير عبدالرحيم الضلبى ، الطبعة الاولى ، لبنان،بيروت ، الدار العربية للموسوعات ، ١٩٩٩.

٣-حسن عميد، فرهنگ عميد ، جلد دوم ، انتشارات أمير كبير . تهران ١٣٧٧ش.

## شەشەم -كتێبەكان :

## أ- بەزمانی کوردیی :

١-ئالآكۆم ، ڕۆهات ، خوێبوون و شۆڕشی ئاگری .وەرگێڕانی : شوكر مستەفا چاپی یەكەم ،هەولێر، ٢٠٠٠.

٢-ئەحمەد باذیخێلآنی، بیرەوەرییەكانم ،سوید ستوكهوڵم. ١٩٧٧.

٣-ئیبراهیم جلال ، خوارووی كوردستان وشۆڕشی ئەیلول . بنیاتنان وهەڵتەكاندن ١٩٦١-١٩٧٥ ، چاپی سێهەم ،سلێمانی ، ١٩٩٩.

٤-مەلا بەختیار (حیكمت محمد كریم ) ، شۆڕشی كوردستان وگۆڕانكارییەكانی سەردەم ، خەباتی شاخەكان یا راپەڕینی شارەكان ؟ چاپی سێیەم ، هەولێر ،١٩٩٤ .

٥-عقید بكر عبدولكەریم حەوێزی ، گەشتێك بەكۆمارەكەی مەهابادا ، بیرەوەرییەكانم لە ڕۆژهەلآتی كوردستاندا ١٩٤٤-١٩٤٧ ،بەشی یەكەم ، چاپی یەكەم ، كوردستان ، كۆیە ، ٢٠٠٠ .

٦-دكتور جەبار قادر ، چەن بابەتێكی مێژووی كورد ، چاپی یەكەم ، سلێمانی ،١٩٩٩.

٧-جلال الدين شافعي كورد ، جوغرافیای تأریخی كوردستان ،چاپی یەكەم ، ئینتشاراتی ن و القلم ، چاپخانەی بهرام ، تاران ١٣٧٨ ی هەتاوی .

٨- جلیلی جلیل ، راپەڕینی كوردەكانی سالّی ١٨٨٠، وەرگێڕانی د. كاوس قەفتان ، بەغداد ، ١٩٨٧.

٩-جەلیل گادانی ، بانەبّتە درۆی پاش مردو ، ب.ش ،٢٠٠٠.

١٠-جەلیل گادانی ،٥٠ سالّ خەبات . كورتە مێژوویەكی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران ، بەرگی یەكەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی كوردستان ،ب،م.

١١-جەمال نەبەز ، ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی كورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێراندا ، لە بلاّوكراوەكانی ئەكادیمییای كوردی بۆ زانست و هونەر ، ستوكهوڵم ،١٩٨٩.

١٢- جــەمال نەبــەز، بــیری نەتــەوەیی کــوردی نــەبیری (قەومیــەت)ی ڕۆژهــەلاتی و نــەبیری (ناسـیۆنالیزم )یڕۆژئاوایییـە ، بلاوکـراوەی خوێنکـارانی سۆسیالیـستی کـورد لـە ئـەوروپا ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ، سوید ١٩٨٤ .
١٣-جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی ، وەرگێرانی کۆردۆ ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ، ستۆکهۆلم ، ١٩٨٥ .
١٤-جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتمان تەموزی ١٩٤٣-مایسی ١٩٤٤. زمان حالی کۆمەلەی ژێ کاف و ئایدۆلۆژی هوردە بۆرجوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ،ستوکهولم،١٩٨٥.
١٥- جواد مـلاو شـێخ عومـەر غـەریب و جـانکورد ، ئـالأی ئیسلام ..یـا ئـالأی بـەکرێگیراوی و چـلکاوخۆری ؟ وەلامێـك بـە درۆو دەلەسـەکانی گۆڤـاری ( ئـالأی ئیـسلام ) ، وەرگێرانـی لـە عەرەبییەوە : س.چوار ، لە بلاوکراوەکانی کوردنامە ، لندەن ،١٩٩٨.
١٦- حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، چاپی سێیەم، سلێمانی ٢٠٠٢
١٦-حوسێن محمد عەزیز ، خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا .دەقی چاوپێکەتن و دەمەتەقێیەك لەگەڵ جەرجیس فەتحوللای پارێزەردا ، چاپی یەکەم ، سوید ، ستوکهولم ، ١٩٩٧.
١٧-حوسێنی مەدەنی ، کوردستان و ستراتیژی دەولەتان ، بەرگی دووەم ، ب.ش ، خاکەلێوەی ١٣٨٠ی هەتاوی .
١٨- خدر مەرەسەنە، ئاوێنەی ڕاستییەکان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٩- رادۆڤـان بـاڤیج ، جووڵانـەوەی رزگاریخوازانـەی کـورد لـە خەباتێکـدا بۆسـەربەخۆیی نەتەوایەتیی و سیاسی ، وەرگێر : محمود ملا عزت ، بلاوکراوەی دەزگای ناوەندیی و ڕۆشنبیری کۆمەلە ، چاپی ،دووەم ،مارتی ١٩٨٦.
٢٠- زرار سـلێمان بـەگ دەرگەلـەیی، بیرەوەریـەکانم لـە سـالانی ١٩٤٣-١٩٧٧دا، چـاپخانەی رەهەند، هەولێر، بێ س.
٢١- سـەعید کـاوە ، ئاوڕێـك لەبەسـەرهاتی خـۆم و ڕووداوەکـانی نێـو حیزبـی دیمـوکراتی کوردستانی ئێران ، چاپی یەکەم ، ب.ش ، ١٩٩٦.
٢٢- شەهیدانی نەمری حیزب و گەل ، بلاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان / ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر .ب.ش ، ب.م.

٢٣- شۆڕشی کوردستان و مافی دیاریکردنی چارەنووس ، بڵاوکراوەی لایەنگرانی حیزبی کرێکارانی سۆشیالیست لە کوردستان ، ب.ش ، ڕێبەندانی ١٩٨٦/١٣٦٤.
٢٤- صالح محمد أمین ، کورد وعەجەم .مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران ،چاپی یەکەم ، ١٩٩٢ .
٢٥- دکتور عبدالرحمن قاسملو ،چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی ، کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، ١٩٨٨.
٢٦- دکتور عبدالرحمن قاسملو ، کوردستان و کورد ، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی وئابووری ، وەرگێڕانی : عبدالله حسن زادە ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا ، ١٩٧٣ز.
٢٧- عبدالقادر دەباغی ، ڕاپەڕینی (کۆمەڵە)ی ژێ کاف ، وەلامێك بەنامیلکەی ژ- کاف چ بوو ؟ ، ئینتشارات وتەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، ب.م.
٢٨-ملا عبدالکریم المدرس ، یادی مەردان ، بەرگی دووەم ، بغداد ،١٩٨٣.
٢٩- عبدالله أحمد رسول پشدەری ، یاداشتەکانم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٩٢ .
٣٠- عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان ، ئاوڕێك لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوە کۆمسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، گەلاوێژی ١٣٧٤ی هەتاوی .
٣١- دکتور عەبدوڵلاَ غەفور ،جوگرافیای کوردستان ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ٢٠٠٠.
٣٢- عەولاَی مینایی ، مەلا ئاوارە ، ب.ش ، ب.م.
٣٣- دکتۆر عەزیز شەمزینی ، جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان ، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد ، چاپی سێیەم ،سلێمانی ، ١٩٩٨.
٣٤-عەلائەددین سەجادی ، شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق ، بەغدا، ١٩٥٩.
٣٥-عەلائەددین سەجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغداد ، ١٩٧٢.
٣٦- علی عبدالله ، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان -عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی ، ب.ش، ایلول ١٩٨٦.
٣٧- عیسی پژمان ، نهێنیەکانی پەیمانی ١٩٧٥ ی ئەلجەزائیر ، وەرگێڕانی : ناسری ئیبراهیمی ، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ ، سوید ، ١٩٩٧.
٣٨- غەفوری میرزا کەریم ، سەرەتاڵێ لە کلاَفەی مێژووی پڕ هەڵبەز ودابەزی ژیانم . چاپی یەکەم ، سلێمانی ،١٩٩٨.

٣٩- غەنی بلوریان ، ئاڵەکۆك . بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم ، ستوکهۆڵم ، ١٩٩٧.
٤٠- فاتح رسول ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان . ڕووداو و بەڵگەنامە ، چاپی یەکەم ، بەرگی یەکەم ، سوید ، ١٩٩١.
٤١- کامەران ئەحمەد محمەد ئەمین ، کوردستان لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتی و ناوچەییدا(١٨٩٠-١٩٣٢) ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠.
٤٢- کەریمی حیسامی ، لە بیرەوەرییەکانم ، بەرگی یەکەم ، سوید ، ١٩٨٦ .
٤٣- کەریمی حیسامی ، لە بیرەوەرییەکانم ، بەرگی دووەم ، سوید ، ١٩٨٧ .
٤٤- کەریمی حیسامی ، لە بیرەوەرییەکانم ، بەرگی سێیەم ، سوید ، ١٩٨٨ .
٤٥- کەریمی حیسامی ، لە بیرەوەرییەکانم ، بەرگی شەشەم ، سوید ، ١٩٩٢ .
٤٦- کەریمی حیسامی ، کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری ، چاپی دووەم ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ، سوید ١٩٨٥ .
٤٨- کەریم زەند ، کورتەی جوگرافیای کوردستان ، چاپخانەی ئەزمەڕ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ .
٤٩- کریس کۆچێرا ، مێژووی ورد لەسەدەی ٢٠-١٩ دا . وەرگێڕانی : محمد ریانی ، چاپی هەوەڵ ، چاپخانەی کارون ، تاران ، بەهاری ١٣٦٩ی هەتاوی .
٥٠- گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفیلد، کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسیی و پشکووتنی دیموکراسیی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠١٠.
٥١-دکتور گوینتەر دێشنەر ، کورد : گەلی لەخشتە براوی غەدر لێکراو ، وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە بۆ عەرەبی : عبدالسلام بەرواری ، گۆڕینی بۆ کوردی : حمە کەریم عارف ، هەولێر ، ١٩٩٩ .
٥٢- لازاریف م.س ، کێشەی کورد (١٨٧٦-١٩١٧) ، وەرگێرانی : دکتۆر کاوس قەفتان ، بەشی دووەم ، بەغدا ، ١٩٨٩.
٥٣- میرزا محمد أمین مەنگوری ، بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ەوە هەتا ١٩٥٨ ، بەشی یەکەم ، چاپی دووەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠.
٥٤- سید محمد صمدی ، ژێ - کاف چ بوو ؟ چی دەوویست ؟ چی لێبەسەرهات ؟ ، مەهاباد ، خەرمانانی ١٣٦٠.
٥٥- محمود أحمد محمد ، مێژوی هۆزی بلباس لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی ، ١٩٨٩.

٥٦- محمو ملا عزت ، كۆماری میللیی مەهاباد . لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیيە ، بەشی یەکەم ، چاپخانە شەهید ابراهیم عەزۆ ، ١٩٨٤ .
٥٧- نەوشیروان مستەفا ئەمین ، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن . دیویناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩ -١٩٨٣ ، چاپی سێیەم ،ب.ش ، ١٩٩٨.
٥٨- نەوشیروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤-سەرماوەرزی ١٣٢٥. کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ١٩٩٣ .
٥٩- هاشم ڕۆستەمی ، دلۆپێك لە دەریایەك . چاپی یەکەم ، هەولێر ١٩٩٩ .
٦٠-هەژار (عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی )، چێشتی مجێور ، ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی چاپ : خانی شەرەفکەندی ، چاپی یەکەم ، پاریس . ١٩٩٧ .
٦٢- هێمن ، تاریك وڕوون ، گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی هێمن ، لەبلاٌوکراوەکانی بنکەی پێشەوا ژمارە ٥.
٦٣- پرۆفیسۆر. دکتۆر. وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد. بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.د. یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠٠٨،
٦٤- یاسین خالد سەردەشتی ، گەلی کورد و بزافی مەشروتە خوازی لە ئێران (١٩٠٥-١٩١١)ز، پێداچوونەوەو پێشکەشکردنی : دکتور دلێر اسماعیل شاوەیس ، کوردستان ، ١٩٩٩ .
٦٥- د.یاسین سەردەشتی، ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق " عەبدوڵلا ئیسحاقی " ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

## ب-بەزمانی فارسیی :

١- دکتر آزدمیدخت مشایخ فریدنی ، مسائل مرزی ایران و عراق تأثیر آن در مناسبات دو کشور ، مؤسسه انتشارات امیر کبیر ، چاپ أول ، چاپخانه سپهر ، ١٣٦٩.
٢- أبراهیم أفخمی ، تاریخ فرهنگ و ادب مکریان ، بوکان ، انتشارات محمدی ، چاپ رضائی ، سقز ، ١٣٦٤.
٣- أبراهیم أفخمی ، قیام ملا خلیل ورد فرمان رضا خان ، چاپ أول ، انتشارات محمدی ، تابستان ١٣٦٨ش.
٤- ابراهیم صفایی ، رهبران مشروطه ، فرهنگ وهنر ، تهران ، ١٣٥٦.
٥- ابراهیم علیزاده ، جمعبندی فعالیت تاکنونی کومەله و موقعیت فعلی و دورنمای آینده ، أز انتشارات کومەله ، بهمن ماه ١٣٧٠ .
٦- أبو الحسن تفرشیان ، قیام أفسران خراسان ، چاپ أول ، انتشارات أطلس ، ١٣٦٧.

٧- أحسان طبری ، ، کژراهه ، چاپ اول ، انتشارات أمیر کبیر ، تهران ، ١٣٦٦.
٨- سر لشکر أحمد زنگنه ، خاطرات در مأموریت من در آذر بایجان أز شهر یور ١٣٢٠ تادی ماه ١٣٢٥ ، چاپ دوم ، انتشارات شرق ، 2535 شاهنشاهی .
٩- أحمد کسروی ، تأریخ هیجده ساله آذر بایجان ، چاپ هشتم ، انتشارات أمیر کبیر ، تهران ، ١٣٦٣ ش.
١٠- أحمد مفتی زاده ، درباره کردستان ، چاپ رودکی ، انتشارات نور ، تابستان ١٣٥٩ .
١١- أحمد مفتی زاده ، فلسفه محراب ومطلبی درباره شوری ، انتشارات نور ، تابستان ١٣٥٩.
١٢- أدگار أوبالانس ، جنبش کردها ، ترجمه : اسماعیل فتاح قاضی ، مؤسسه اتشارات نگاه، تهران ١٣٧٧.
١٣- اسماعیل جمشید ، خودکش صادق هیدایت ، مؤسسه مطبوعاتی عطائی ، تهران ، ١٣٥١.
١٤- ایرج افشار سیستانی ، نگاهی به آزر بایجان غربی ، جلد أول ودوم ، چاپ أول تهران ، ١٣٦٩ش.
١٥- ایوانوف م.س ، انقلاب مشروطه ایران ، ترجمه : کاظم انصاری ، انتاشارات بابك تهران ، ١٣٥٤ش.
١٦- دکتر باقر عاقلی ، میرزا أحمد خان قوام السلطنة در دوران قاجاریه وپهلوی ،چاپ دوم ، چاپخانه أحمدی ، انتشارات جاویدان ،١٣٧٧ .
١٧- بیکس .ن ، ملاحظات در بارة روابط شوروی و کردها ، ترجمة : خ . خبات ، انتشارات مرکزی (حدکا) ، ١٣٦٢ ش.
١٨- پناهی سمنان ، کریمخان زند . نیکوترین زمامدار ایران ، نشرندا ، چاپ نوبر تهران ، ١٣٧٥ش.
١٩- پیتر آوری ، تأریخ معاصر ایران ، ترجمه : محمد رفیعی مهر آبادی ، جلد أول ودوم وسوم ، چاپ چهارم ، انتشارات عطائی ، تهران ، ١٣٧٧ش.
٢٠- جعفر مهدی نیاه زندگی سیاسی قوام السلطنة ، چاپ دوم ، تهران ، تاستان ١٣٦٦ .
٢١- دکتر سید جلال الدین مدنی ، تأریخ سیاسی معاصر ایران ، جلد أول ، دفتر انتشارات اسلامی ، قم ١٣٦١ .
٢٢- دکتر سید جلال الدین مدنی ، تأریخ سیاسی معاصر ایران ، جلد دوم ، قم ١٣٦٢.
٢٣- جمعی أز نوسیندگان ، أنقلاب اسلامی وچرایی و چگونگی رخداد آن ، چاپ أول ، قم ١٣٧٨.

٢٤–جمعى أز نوسيندگان ، سلسله پهلوى و نيروهاى مذهبى به روايت تأريخ كمبريج ، ترجمه عباس مخبر ، چاپ دوم ، تهران ،١٣٧٢.
٢٥–حامد الگار ، انقلاب اسلامى در ايران ، ترجمه : مرتضى أسعدى و حسن چيزرى ، قلم ، تهران ، ١٣٦٠.
٢٦– حسن أرفع ، كردها . يك بررسى تأريخى سياسى ، ترجمه ازمتن انگليزى ، لندن ، ١٩٦٦ .
٢٧–حسن البرزى ، درباره جنبش ملى ديمكراتيك ٢١ آذر ١٣٢٤ خلق آذر بايجان ايران ، أز أنتشارات شعبه تبليغات حزب توده ايران ، باكو ، ١٣٦٤.
٢٨–حسن پور أفضل ومهندس بهاءالدين نجفى ، اصلاحات ارضى واحدهاى دسته جمعى توليد كشاورزى ، چاپ أول ، انتشارات دانشگاهى شيراز ، آبان ١٣٥١.
٢٩– دكتر حسن توانايان ، دكتر مصدق واقتصاد ، سازمان انتشارات علوى ، تهران ، ١٣٦٢ .
٣٠–ارتشبد حسين فردوست ، ظهور وسقوط سلطنت پهلوى ، جلد أول چاپ دوم ، تهران ، ١٣٧٠ش.
٣١– حسين كوهى كرمانى ، أز شهر يور ١٣٢٠ تافاجعة آذربايجان وزنجان ، جلد دوم ، تهران .
٣٢– حسين مدنى ، بررسى وتحليل تهضت هاى آزاديبخش ملى در كردستان ، ب.ج. أسفند ١٣٥٧.
٣٣–حسين مدنى ، تحليل فشرده أز ديناميزم وشيوهاى مبارزانى در كردستان ايران ، ب.ج ، آذر ماه ١٣٦٩ش.
٣٤– حميد أحمدى ، قوميت قوميت گرايى در أيران ، نشرنى ، تهران ١٣٧٨ش.
٣٥– حميد رضا جلالى پور ، قاضى محمد . كردستان در سالها ١٣٢٠تا١٣٢٤، چاپ أول. تهران ، ١٣٦٩.
٣٦–حميد رضا جلالى پور ، كردستان . علل تداوم بحران آن پس أز انقلاب اسلامى ، دفتر مطالعات سياسى و بين المللى ، چاپ أول ، تهران ،١٣٧٢ش.
٣٧– حميد مؤمنى (فدايى شهيد ) ، درباره مبارزات كردستان ، انتشارات شباهنگ ، ب.ج ، بهار ١٣٥٨.
٣٨– شيخ رئوف ضيايى ، ياداشتهاى أز كردستان . خاطرات شيخ رئوف ضيايى ، به كوشش :عمر فارقى ، ب.ج.ب.ت.
٣٩–رحمان حسين زاده ، جنبش كارگرى در كردستان . تحولات سه‌دهه اخير ، انتشارات كميته كردستان حزب كمونيست كارگرى ايران ،١٣٧٨.

٤٠- سپهر زبيحی ، ايران در دوران دکتر مصدق ، ترجمه : محمد رضا رفيعی مهر آبادی ، تهران ١٣٦٣.
٤١- سپهر زبيحی ، تأريخ جنبش کمونيستی در ايران ، ترجمه : محمد رضا رفيعی مهر آبادی ، تهران ١٣٥٩ .
٤٢-ميرزاشكرالله سنندجي ، تحفه ناصری ، مقابله وتصحيح أز : د.حشمت الله طبيبی ، چاپ أول ، انتشارات أمير كبير ، تهران ، ١٣٦٦ش.
٤٣- علی أصغر احسانی . خاطرات ما أز قيام افسران خراسان و حماسه خارك .چاپ أول ، تهران ،١٣٧٨.
٤٤-علی حقجو ، تحليلی بيطرفانه از : سازمان مجاهدين خلق ايران ، انتشارات روج ، مركز پخش ناصر خسرو ، ب.ع ، ب.ت.
٤٥-علی دهقان ، سرزمين زردشت . رضائيه . أوضاع طبيعی سياسی اقتصادی فرهنگی اجتماعی تأريخی ، چاپ أول ، انتشارات ابن سينا ،ب.ج.ب.ت.
٤٦- عيسی پژمان ، كردها وكردستان ، جلد دوم ، انتشارات ژن ، پاريس ، شهر يورماه ١٣٣١ش.
٤٧-دكتر غلامرضا نجاتی ، جنبش ملی شدن صنعت نفت ايران ، شركت سهامی ، تهران ،١٣٦٤.
٤٨-فواد روحانی ، تأريخ ملی شدن صنعت نفت ايران ،جيبی ، تهران ، ١٣٥٦.
٤٩- قانون اساسی جديد با آخرين اصلاحات ، چاپ سوم ، انتشارات گويا ، ١٣٧٨ .
٥٠-كردستان .امپرياليزم وگروههای وابسته ١ ، دفتر سياسی سپاه پاسداران انقلاب أسلامی ، چاپ سوم ، ب.ج ، بهمن ماه ١٣٥٩.
٥١-گزشته چراخ راه آيندست ، تأريخ ايران در فاصله دو كودتا ، نشر :جامی ، چاپ دوم ، چاپخانه گلشن ، تابستان ١٣٦٢ش.
٥٢-مارگ ج گازيورسكی ، سياست خارجی أمريكا وشاه . بنای دولت دست نيشانده در ايران ، ترجمه : فريدون فاطمی ، چاپ أول ، سعدی ، نشر مركز ، تهران ،١٣٧١.
٥٣-ماروين زونيس ، شكست شاهانه ، ترجمه : عباس مخبر ، چاپ اول ، تهران ١٣٦١.
٥٤-مجيد محمدی ، مرور بر مبارزات كارگری در ١٢ساله اخير و ضميمه جنبش شورايی ، انتشارات مركزی كومه‌له .تير ١٣٦٩.

٥٥–مجتبى برزويى ، أوضاع سياسى كردستان از سال ١٢٥٨ تا١٣٢٥ هـ.ش، چاپ أول ، نشر فكر نو ، تهران ، ١٣٧٨.

٥٦–محمد جواد پور ، مجموعه اطلاعات درباره ايران و ايرانيان ، چاپ أول ، انتشارات شرق ، تهران ، اسفندماه ١٣٦٢ش.

٥٧– محمد رئوف توكلى ، كردستان . جغرافيا و تأريخ بانه ، چاپ دوم ، ب.ج ، ١٣٦٣ش.

٥٨– شاهنشا محمد رضا آريا مهر ، مأموريت براى وطنم ، چاپ سوم تهران ، ١٣٥٠ش.

٥٩– سيد محمدى صمدى ، نگاهى به تأريخ مهاباد ، انتشارات رهر و مهاباد، چاپ ميلاد ، چاپ أول ، ١٣٧٧ش.

٦٠–محمد على سلطانى ، جغرافياى تأريخى و تأريخ مفصل كرمنشاهان . ايلات و طوائف كرمنشاهان شامل أوضاع أقليمى تاريخى سياسى اجتماعى اقتصادى ، چاپ أول ، تهران ، ١٣٧٢.

٦١–محمود تربتى سنجابى ، قربانيان باور واحزاب سياسى ايران ، چاپ اول ، انتشارات آسيا چاپخانه علمى . تهران ، ١٣٧٥ش.

٦٢–محمود طلوعى ، شاه در دادگا تأريخ ، چاپ دوم ، تهران ، ١٣٧٤.

٦٣– مصطفى فاتح ، پنجا سال از نفت ايران، شركت سهامى ، تهران ، ١٣٧٤.

٦٤–دكتر ميلسپو ، مأموريت أمريكائىها در ايران ، ترجمه : حسين أبو ترابيان ، انتشارات پيام ، تهران ، ١٣٧٢ش.

٦٥–نجفقولى پسيان ، مرگ بود باز گشت هم بود ، شركت سهامى ،تهران ،آذر ١٣٢٦.

٦٦–نگاهى به جنبش كارگرى كردستان درسالهاى ٥٨–٥٩ ، انتشارات مركزى كومله، تيرماه ١٣٦٧.

٦٧–نورالدين كيانورى ،پرسش و پاسخ درباره مشى سياسى حزب تودهٔ ايران (٢) ، چاپ أول شركت سهامى ، تهران ، ١٣٥٨.

٦٨– نورالدين كيانورى ، خاطرات نورالدين كيانورى ، موسسه تحقيقات وانتشارات ديدگاه . تهران ، انتشارات اطلاعات ، ١٣٧٢ .

٦٩–نيكى كدى ، ريشههاى انقلاب ايران ، ترجمه : عبدالرحيم گواهى . قلم تهران ، ١٣٦٩ .

٧٠– همايون كاتوز يان ، مصدق ونبرت قدرت در ايران ، ترجمه : احمد تدين ، چاپ دوم ، راسا، تهران ، ١٣٧٢ .

## ج- بەزمانی عەرەبیی :

١- د. آمال السبكى ، تأريخ ايران اسياسى بين ثورتين (١٩٠٦-١٩٧٩)، سلسلة عالم المعرفة ٢٥٠، الكويت ١٩٩٩.
٢- د.ابراهيم خليل أحمد و د.خليل على مراد ، ايران وتركيا . دراسه فى تأريخ الحديث والمعاصر ، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى ، جامعه الموصل ، ١٩٩٢.
٣- أدموند غريب ، الحركة القومية الكردية ، دار النهار للنشر ، بيروت ، ١٩٧٣.
٤- أدور سابليه ، ايران مستودع البارود ، ترجمة عبدالمنعم حسنين ، القاهرة ، ١٩٥٨ .
٥- أسعد عبدالرحمن ، الناصرية . ثورة بيروقراطية أم بيروقراطية الثورة ؟، منشورات جامعة الكويت ، الكويت ، ١٩٧٧.
٦- أعضاء اللجنة الأستشارية فى وزارة الخارجية ، دراسة حول أمريكا والغرب والقضية الكردية فى العراق وتركيا وايران ، ب.م،ب.ت.
٧- اليكس ڤاسيليڤ ، روسيا فى الشرقين الأدنى والأوسط : من الرسولية الى البراغماتية ، ترجمة : المركز العربى للصحافة والنشر ، مراجعة :د. حمدى عبدالحافظ ، مكتبة مدبولى ، ١٩٩١.
٨-بهاء الدين نورى ، مذكراتى ، الطبعة الثانية ، سليمانية ، ١٩٩٢.
٩-جرجيس فتح الله ، زيارة للماضى القريب ، الطبعة الثانية ، ستوكهولم ، ١٩٩٨.
١٠-جلال الطالبانى ، كردستان والحركة القومية الكردية ، الطبعة الثانية ، دار الطليعة ، بيروت ،١٩٧١.
١١-د.جليل جليل ، نهضة الأكراد الثقافية والقومية ، ترجمة : بافى نازى و د.ولاتو ، دار الكاتب ، ب.م، ب.ت.
١٢-جليل جليلى وآخرون ، الحركة الكردية فى العصر الحديث ، ترجمة : عبدى حاجى ، الطبعة الأولى ، دار الرازى ، بيروت ، ١٩٩٢.
١٣-جورج كيرك ، الشرق الأوسط فى أعقاب الحرب العالمية الثانية ، ترجمة : سليم طه التكريتى ، بغداد ، ١٩٩٠.
١٤-جوناثان راندل ، أمة فى شقاق . دروب كردستان كما سلكتها ، ترجمة : فادى حمو ، الطبعة الأولى ، بيروت ، لبنان ، ١٩٩٧.
١٥-د.جمال نبز ، المستضعفون الكرد وأخوانهم المسلمون ، بمقدمة للبروفيسور الدكتور محمد صالح گابورى . منشورات كوردنامه ، لندن ، ١٩٩٧.

١٦-د.حامد محمود عيسى ، المشكلة الكوردية فى الشرق الأوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١ ، كلية التربية ، بور سعيد ، جامعة قناة السويس ، مكتبة مدبولى ، ١٩٩٢.
١٧-خالد خالد كۆچى ، السياسة السوڤيتيه تجاه القضية الكردية فى الميزان ، ستوكهولم ، ١٩٩٠.
١٨- دراسات ايرانية : مجموعة بحوث مختارة ، ترجمة الدكتور عبدالجبار ناجى و وديع ميخائيل حنا ، منشورات مركز دراسات الخليج العربى ، جامعة البصرة ١٩٨٣.
١٩-دونالد ولبر ، ايران ماضيها وحاضرها ، ترجمة عبدالمنعم حسنين ، القاهرة ،١٩٥٨.
٢٠-راشدالغنوشى وحسن الترابى ، الحركة الأسلامية والتحديث ، الطبعة الأولى ، مكتبة دار الفكر ، الخرطوم ، ١٩٨٠.
٢١-روبرت كارمن درايفوس ، رهينة خمينى . مطابخ المخابرات الأنگلو امريكية ، ترجمة وتقديم : الدكتور على شمس الدين ناصر ، ب.م،ب.ت.
٢٢-روح الله رمضانى ، سياسة ايران الخارجية (١٩٤١-١٩٧٣). دراسة فى السياسة الخارجية للدول السائرة نحو التحديث ، ترجمة :على حسين الفياض وعبدالمجيد حميد جودى ، منشورات مركز دراسات الخليج العربى ، شعبة الدراسات الفارسية ، ١٩٨٤.
٢٣-د. رياض الصمد ، العلاقات الدولية فى القرن العشرين ، الطبعة الأولى . الجزء الثانى ، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع ، بيروت ، ١٩٨٣.
٢٤-ريتشارد دبليو گوتام ، القومية فى ايران ، ترجمة : فاضل الخفاجى ، مراجعة : الدكتور على محمد المياح . بغداد ، ١٩٧٨.
٢٥-زنار سلوپى ، فى سبيل كردستان . مذكرات ، ترجمة د. على ، الطبعة الأولى ، رابطة كاوه للثقافة الكردية ، بيروت .لبنان ، ١٩٨٧.
٢٦-سامى عبدالرحمن ، البديل الثورى فى الحركة التحررية القومية . التقرير السياسى للمؤتمر التأسيسى لحزب الشعب الديموقراطيى الكردستانى ، ب.م،٢٦-٣٠تموز ١٩٨١.
٢٧-د.سعد ناجى جواد ، الحركة القومية الكردية فى ايران ، جامعة بغداد ، كلية العلوم السياسيية ، مركز دراسات العالم الثالث ، بغداد.
٢٨-سعيد عبداللطيف الحديثى ، الولايات المتحدة وعملية التغير فى ايران ، معهد الدراسات القومية والأشتراكية ، الجامعة المستنصرية ، ١٩٨٣.
٢٩-عباس خامه يار ، ايران والأخوان المسلمين . دراسة فى عوامل الألتقاء والأفتراق ، قدم له : د. خالد زيادة ، تعريب : عبدالأمير الساعدى ، الطبعة الأولى ، بيروت ، ١٩٧٧.

٣٠-عبدالجبار العمر ، الخمينى بين الدين والدولة ، دار الآفاق العربية، بغداد ،١٩٨٤ .
٣١-د.عبدالحمن قاسملو ، أربعون عاماً من الكفاح من أجل الحرية ، ترجمة وتقديم وهوامش : الدكتور عزالدين مصطفى رسول ، اربيل ١٩٩١.
٣٢-د.عبدالرزاق الحسنى ، تأريخ الوزارات العراقية ، الطبعة السابعة ، الجزء السابع ، بغداد ١٩٩٨ .
٣٣-عبدالهادى كريم سلمان ، ايران فى سنوات الحرب العالمية الثانية ، مركز دراسات الخليج العربى ،البصرة ١٩٧٩ .
٣٤-عونى عبدالرحمن السبعاوى ، العلاقات العراقية -التركية ١٩٣٢-١٩٥٨ ، الموصل ١٩٨٥.
٣٥-العلاقات الدولية لأيران . الجزء الأول ، جامعة بغداد ، كلية العلوم السياسيية ، ١٩٨٨ .
٣٦-العلاقات العربية - الأيرانية . الأتجاهات الراهنة وآفاق المستقبل ، مركز دراسات الوحدة العربية ، الطبعة الأولى ، بيروت ، ١٩٩٦ .
٣٧-فريدون هويدا ، سقوط الشاه محمد رضا البهلوى ، منشورات مركز دراسات الخليج العربى، البصرة ، ١٩٧٩.
٣٨-كريم حسامى ، قافلة من شهداء كردستان ايران . ترجمة : نزار محمود ، ب.م ، ١٩٧٣.
٣٩-كريم زند ، كردستان المجزأة ، بحث غميس .
٤٠-كمال مجيد ، النفط والأكراد . دراسة العلاقات العراقية -الأيرانية -الكويتية ، الطبعة الأولى ، لندن ، ١٩٩٧.
٤١-د.كمال مظهر أحمد ، دراسات فى تأريخ ايران الحديث والمعاصر ، بغداد ، ١٩٨٥.
٤٢- د.كمال مظهر أحمد ، كردستان فى سنوات الحرب العالمية الأولى ، ترجمة محمد الملاعبدالكريم ، بغداد الطبعة الثانية ، ١٩٨٤.
٤٣-گوتفردموللر، فى الشرق الملتهب . مهمة خطرة فى كردستان١٩٤٣، ترجمة المهندس يونس عبدالعزيز ، دهوك ، ١٩٩٥.
٤٤-ن.أ .خالفين ، الصراع على كردستان . المسألة الكردية فى العلاقات الدولية خلال القرن التاسع عشر ، ترجمة : الدكتور احد عثمان أبو بكر ، بغداد ، ١٩٦٩.
٤٥-د. وليد حمدى ، الكرد وكردستان فى الوثائق البريطانية . دراسة تأريخية وثائقية لندن ، ١٩٩٠.
٤٦-وليام ايغلتن ، جمهورية مهاباد . جمهورية ١٩٤٦ الكردية ، ترجمة : جرجيس فتح الله ، الطبعة الثانية ، اربيل ، ١٩٩٩.

٤٧–هادى العلوى ، فصول من تأريخ الأسلام السياسى ، الطبعة الأولى ، مركز الأبحاث والدراسات الأتراكية فى العالم العربى ، قبرص ، ١٩٩٥.
٤٨–ماهر اسماعيل الجعفرى وضياء أحمد جمعة ، الأحواز ، مطابع الرسالة الكويت ، ب.ت.
٤٩–محمد توفيق وردى ، الأكراد الفيليون فى التأريخ ، القسم الأول ، مطبعة اللواء ، ب.ت.
٥٠–محمد توفيق وردى ، قافلة الشهداء والشعوب الأيرانية ، مطبعة اللواء ، بغداد ، ١٩٧٢.
٥١–محمد جواد مغنية ، الخمينى بين الدين والدولة ، دار الآفاق العربية ، بغداد ، ١٩٨٤.
٥٢–محمد حسن الزبيدى ، ثورة ١٤تموز ١٩٥٨فى العراق . أسبابها ومقدماتها ومسيرتها وتنظيمات الظبات الأحرار ، دار الشؤ ن الثقافية والنشر ، بغداد ، ١٩٨٣.
٥٣–محمد رضا بهلوى ، مذكرات شاه ايران المخلوع ، مركز دراسات الخليج العربى ، جامعة البصرة ،١٩٨٠.
٥٤–المس بيل ، فصول فى تأريخ العراق القريب ، ترجمة : د.جعفرالخياط ، بغداد ،١٩٧١.
٥٥–محمد عبدالغنى السعودى ، ايران . دراسة فى جذور الصراع . بغداد . ب.ت.
٥٦–د. محمد وصفى أبو مغلى ، ايران . دراسة عامة ، جامعة البصرة ، قسم الدراسات الفارسية ، ١٩٨٥.
٥٧–مسعود البارزانى ، البارزانى والحركة التحررية الكردية . ثورة بارزان ١٩٤٣–١٩٤٥، كردستان ، آب ١٩٨٦.

## د-بەزمانی ئینگلیزیی :

1–Borhanedin A.yassin ، vision or Reality? The kurds in the policy of the greet power ، Lund University press ، Sweden ، 1995.
2- Churchill ،w، The second wold war : The Grand Alliance vol III ، Boston : tbughton Mifflim Company ،1950 .
3-Entesar ، N ، Kurdish Ethnonationalism ، Boulder ، London، Lynne Rienner publisher ، 1992
4-Fatemi ، F ، The U.S.S.R in Iran : The Back ground history of Russian and Anglo - American conflict in Iran and its Effection of Iranian Nationalism ، and the Fall of the shah ، London ، 1980.
5-Fatemi ، N، oil Diplomacy : powderkeg in Iran ، Newyork ، 1954 .

6-Irani ، R، American Diplomacy : An option Analysis of Azerbaigan Crisis 1945-1946 ، stratigic studies institute U.S Army war College، 1976.

7-Katuzian ، H ، The political economy of Moderen Iran ، despotism and pseudo - Modernism ،Newyork ، 1961.

8-Kendal and the other ، people withowt A country : The Kurds and Krdistan ، Translated by : Mechael

9-Kuniholm ،B .The origin of the cold war in the Near East : Great power conflict and Diplomacy in Iran ، Turky and Greece ، princeton : Universiy press ، 1980.

10-Rubin ،B، The Great power in the Middle East 1941-1947 : The Road to the cold war ، Frank Coss ، London ، 1980.

## حەوتەم -گۆڤارو ڕۆژنامەکان :

### أ- گۆڤارەکان :

### یەکەم - بەزمانی کوردی :

**١-ئەمیری حەسەنپور ، سێ کوچکەو سێڕێبازی کوردایەتیی ، مامۆستای کورد ، ژمارە٨ ، زستانی ١٩٨٩-١٩٩٠.**

**٢-ئولگا ئیڤانوڤا ژیگالینا ، باری سیاسی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٥ ، وەرگێرانی :کامەران قادر شۆڕش ، ڕووناکبیری . گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی‌یە ، ژمارە٤ ، ستوکهوڵم ، مارتی ١٩٩٢ .**

**٣-ئولگا ئیڤانوڤا ژیگالینا ، کۆماری مەهاباد : کانونی دووەمی ١٩٤٥- تەشرینی یەکەمی ١٩٤٦، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە : سەیوان عەلی ڕەزا ، پەیڤ - گۆڤارێکی وەرزی ڕۆشنبیری گشتی‌یە ، ژمارە ٩ ، ساڵی سێیەم ، کانوونی دووەمی ١٩٨٩.**

**٤-ژەگالینە ، هەندێ ڕێبازی ئایدۆلۆژی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد لە چەرخی تازەدا ، وەرگێڕانی : ڕەشاد ، پەیڤ ، ساڵی یەکەم ، ژمارە ٣ ، کانونی یەکەمی ١٩٨٦.**

**٥-حسن حاتەمی ، فرە گەلی لە ئێران ، بەشی دووەم وشەشەم ، تیشك -گۆڤارێکی سیاسی ئابووری مێژوویی گشتی‌یە ، ژمارە ٥ی ڕەزبەری ١٣٧٨ و ژمارە ٧ی خەزەڵوەڕی١٣٧٩ .**

**٦-د. عباس وەلی ، دەسەلاتداریا سیاسی و ئیدیولوجی یا بزاڤا نەتەوییا کوردی ل ئیرانی ١٩٤٢-١٩٧٩ ، هاڤیبون -گۆڤارا کوردو لوگییە ، ژمارە ٤، ١٩٩٨.**

٧-د. عبدالستار طاهر شريف ، كۆمەڵەو ڕێكخراو و حیزبەكان لە كوردستانی ئێراندا لە نیو سەدەدا ١٩٠٨-١٩٥٨ ، ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١٢٢ ، حوزەیرانی ١٩٨٩.
٨-عبدالله كریم محمود و بەختیار ملا عزت ، ئەو ژنەی ملە لیرەكەی پێشكەش بە كۆماری مەهاباد كرد ، ڕێبازی خوێندكاران -گۆڤارێكی ڕووناكبیری گشتی خوێندارانە ، ژمارە ٣١ ، سلێمانی ، شوباتی ١٩٩٩.
٩=عەزیز مورادی ، مێژووی جافەكانی جوانڕۆ ، سروە - گۆڤارێكی فەرهەنگیی ئەدەبی‌یە ، ژمارە ١٤٢، بانەمەڕی ١٣٧٧.
١٠-كریم زەند ، كۆمەڵەی برایەتی، ژین ، ژمارە ٨٥ ، ١٤ئەیلولی ١٩٧٢.
١١-كوردیار ، خوێندنەوەكی ڕووداوە سیاسییەكانی عێراق و شۆڕشی كوردستان لەیاداشتەكانی فەرماندە حسێن فردوست دا ، مەتین -گۆڤارێكی سیاسی ڕۆشنبیری‌یە ، ژمارە ٧٤ ، ئاداری ١٩٩٨.
١٢-كوردیار ، قارەمانی شۆڕشی ئاگری داخ بە وتارێك بارزانی وەك ڕابەرێكی نەتەوەیی و ئازادیخوازی كورد بەڕای گشتی ئێرانی دەناسێنێت ، مەتین ، ژمارە ٩٤ ، چریادۆی ، ١٩٩٩.
١٣-محمد رەزا ئەمینی ، دیاردەی شوراكان لە ئێراندا ، تیشك ، ژمارە ٥ ، ساڵی دووەم ، ڕەزبەری ١٣٧٨.
١٤-محمود ملا عزت ، قازی محمد لە ڕووناكی مێژوودا ، نڤار - گۆڤارێكی ڕووناكبیری گشتی‌یە ، ژمارە ٢، هاوینی ١٩٩٨.
١٥-موحسین خالیدی ، ڕوانینێك بۆ كوردستان (بانە ) ، سروە ، ژمارە ١١٧، خاكە لێوەی ١٣٧٥.
١٦-یاسین سەردەشتی ، خوێندنەوەیەكی مێژویی ڕووداوە نێوخۆیی‌یەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستان و جووڵانەوە چەكدارانەكەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە كوردستانی ئێران ، پشكا ئێكی ، مەتین ، ژمارە ١١٣ ، حوزەیرانی ٢٠٠١.
١٧-یاسین سەردەشتی ، كێشەی كورد و بێ هودەیی دیپلۆماسیەتی ئێرانی لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانییدا ، ڕێبازی خوێندكاران ، ژمارە ٣٣، سلێمانی ، ٢٠٠٠.
١٨- د.یاسین سەردەشتی، (یەكێتی قوتابیانی ئاینیی و مەدەنی كوردستان ) یان هەوڵێكی مەدەنییانە و قوربانیی كاربەدەستە شۆفینیستەكانی ئێران، چیا، گۆڤارێكی مانگانەیە- كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان دەریدەكات، ژمارە ٤، كانونی یەكەم، ٢٠٠٧.

١٩- د.یاسین سەردەشتی، لاپەڕەیەکی ون لە مێژووی رۆژنامەگەریی سیاسیی کوردیی، مادێنە، نیومانگییەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە گرنگی بە کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان دەدات، ژمارە ٤، ٢٩ی تەموزی ٢٠٠٦.

## دووەم - بەزمانی فارسیی :

١-دانیاڵ متی ، رویداد های أورمیه و کردستان شمالی -دیسامبر ١٩١٧ تاژو ئیه ١٩١٨ در أرشیوهای نظامی فرانسه ، مطالعات کردی ، مرکز تحقیقات انستیوت کرد ، پاریس ، بهار ١٣٧٩.

٢-عبدالعزیز مولودی ، تحلیلی برجنبش سیاسی - اجتماعی کردهای ایران در قرن بیستم ، زریبار فرهنگی ادبی اجتماعی ، سال چهارم ، شماره ٨-٩، بهار ١٣٧٩.

٣-فاضل کریم أحمد ، أتحاد بانوان کردستان، مترجم : أمیروحدتی ، آغازنو ، شماره ٧، تابستان ١٣٧٦.

٤-کورش مدرسی ، کردستان و آینده مبارزه‌آن ، سوی سوسیالیزم : نشریه تئوریك حزب کمونیست اران ، دور دوم ، شماره پنجم ، اسفندماه ١٣٦٨.

## سێیەم -بەزمانی عەرەبی

١-حسن عبدالكريم ، صفحة مجهولة من كفاح الشعب الكوردى ضد المحتلين والأيام الأخيرة لجمهورية كردستان فى مهاباد ، هزار ميرد - مجلة علمية فصلية تبحث عن آثار وتأريخ كردستان ، السنة الرابعة ،العد ٣ ، ايلول ٢٠٠٠.

٢-روبرت جراهام ، ايران : وهم السلطة . اجابة مبكرة لسؤال الساعة . لماذا سقط الشاه والعرش ، عرض :فيليب ، جلاب ، العربى ، العدد ٢٤٦، مايو ١٩٧٩.

٣-عبدالمناف جاسم النداوى ، اشكالات الأنسحاب السوڤيتى من ايران آيار ١٩٤٦ ، كلية المعلمين ، السنة الثالثة ، العدد ٥ ، حزيران ١٩٩٦ .

٤-د. فوزية صابر ، صفحات عن النضال الكورد فى ايران ، متين ، العدد٨٦، آذار ١٩٩٩.

٥-فهمى هويدى ، ترجمة عربية لبعض احداث بلاد فارس ، العربى ، العدد ٢٤٦

٦-محمدصالح زيبارى ، ميثاق سعدى آباد ١٩٣٧ واثره على الكورد ، متين ، العدد ١٠٢، تموز ٢٠٠٠.

٧-ياسين سردشتى ، سردار رشيد ... ذلك الثائر العنيد من شرق كوردستان ، متين ، العد ٨١، تشرين الأول ١٩٩٨.

## چوارەم - به زمانی ئینگلیزیی :

١- Lawson ، F ،The Iranian crisis of 1945-1946 and the spiral Model of international conflict ، in : International Journal of Middle East studies ، No 29 ، 1989 .

## ب- ڕۆژنامەكان :

## یەكەم -بەزمانی كوردی :

١- ئالآی ئازادی ، ئۆرگانی حیزبی زەحمەتكێشانی كوردستان ، كوردستانی عێراق.

٢- هاوكاری ، هەفتەنامەیەكی سیاسی گشتیی‌یە ، بەغداد .

٣- كوردستانی نوێ ، ڕۆژنامەیەكی سیاسی‌یە یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەری‌دەكات . كوردستانی عێراق .

## دووەم - بە زمانی فارسی :

١-اطلاعات . ٢-ایران ما. ٣-باختر . ٤-جبهه . ٥-جمهوری اسلامی .

٦-داد

٧-داریا. ٨-رهبر . ٩-شاهد . ١٠-فریاد . ١١-كوهستان . ١٢-كیهان

١٣-مردم . ١٤-میهر ایران .

## سێیەم - بە زمانی عەرەبی :

١-الجهاد ، قاهرة .

## هەشتەم -چاوپێكەوتنەكان :

١- جەلیل گادانی ساڵی ١٩٣٤ لە شاری مەهاباد لەدایك بووە ، لە ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندی بەڕیزەكانی ح.د.ك وە كردوە و تێكۆشانی سیاسی دەستپێكردووە ، تێكڕا نزیكەی ١٦ ساڵی لە زیندانەكانی رژێمی شاهەنشاهییدا بردۆتە سەر و لەناو حیزبدا ئەركی جۆراو جۆر و گرنگی پێ سپێردراوە ، ئێستاش ئەندامێكی رێبەرایەتیی ئەو حیزبەیە و لە تێكۆشانی سیاسییدا بەردەوامە ، كۆیە ، ٣ی تەموزی ٢٠٠٠.

## کورتەیەك لە ژیان و کارە زانستییەکانی سەردەشتیی:

-دکتۆر یاسین سەردەشتی کوڕی حاجی خالیدی مەلا حەسەنی مەلامارفە و نەوەی ( ابن الحاج ) ی ئالانی سەردەشتییە ، لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە شاری سلێمانی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و تەواوی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و دوا ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە .

-لە ساڵی ١٩٩٣ بەشی مێژووی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی بە پلەی یەکەم لە سەر ئاستی کۆلێج تەواو کردووە.

-لە ساڵی ١٩٩٥ لە هەمان بەش و کۆلێج بەسەرپەرشتی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ماستەری لە مێژووی نوێی کورد دا بە پلەی ( زۆر باش ) وەرگرتووە .

-لە ساڵی ٢٠٠٢ هەر لە هەمان بەش و کۆلێج و دیسانەوە بە بەسەرپەرشتی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی نوێی کورد دا بە پلەی ( زۆرباش ) وەرگرتووە.

-لەساڵی ١٩٩٦-٢٠٠٢ مامۆستا بووە لە بەشی مێژووی کۆلێجی ئادابی زانکۆی دهۆك و بڕیاردەری زانستی بەشەکە بووە .

-ساڵی ٢٠٠٢ گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ سەرۆکی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بووە و ئێستاش هەر وەك مامۆستایەکی ئەو بەشە بە پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە خزمەت بەردەوامە .

**ئەو کتێبێبانەی کە سەردەشتیی نووسیونیو تا ئێستا چاپ و بڵاوکراونەتەوە :**

١-تحقيق تأريخي حول اغتيال الزعيم الآثوري ( بنيامين مارشمعون ) من خلال النصوص التأريخية ، دهوك ، ١٩٩٩.

٢- گەلی کورد و بزافی مەشروتە خوازی لە ئێران (١٩٠٥-١٩١١)ز, پێداچوونەوەو پێشکەشکردنی : دکتور دلێر اسماعیل شاوەیس , کوردستان , ١٩٩٩ .

٣- کورتەمێژوویەکی نێربازی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا ، سلێمانی ، ٢٠٠١ .

٤- خوێندنەوەیەکی مێژوویی جولانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران لە سالانی ١٩٦٧-١٩٦٨، سلێمانی ، ئامادەکردنی بەلگەنامە: شازین هێرش ، ٢٠٠٢ .
٥- کوردستانی ئێران. لێکۆلینەوەیەکی مێژووی لە جولانەوی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩)، سلێمانی، دەزگای سەردەم ، ٢٠٠٣.
٦- هەلوێستی حیزبی تودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەئێران (١٩٤١-١٩٨٣)، بنکەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٥.
٧- ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق " عەبدوللا ئیسحاقی " ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .
٨- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .
٩- فەرهەنگی ئارین، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٠ – پەندنامە ، سلێمانی، ٢٠١٠.

## ئەو بەرهەمانەی وەرگێڕاون:

١- کورد عەرەب بەریتانییەکان . بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ رووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٩ ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: یاسین سەردەشتیی ،سلێمانی ، ٢٠٠٧.
٢- پرۆفیسۆر. دکتۆر. وەدیع جوەیدە، جولانەوەی نەتەوەیی کورد. بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.د. یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣-ئیریك جەی. زورچەر، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٤- مێژووی هاوچەرخی ئێران، سلێمانی ، ٢٠١٠ ، لەگەل بەرزانی مەلا تەها.
٥- گەراس ئار. ڤی. ستانسفیلد، کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسیی و پشکووتنی دیموکراسیی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠١٠.

## ئەو کتێبانەی پێشەکیی بۆ نووسیوون و پێداچوٚتەوە :

١-جان جاك رۆسۆ، پەیمانی کۆمەڵایەتیی ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محمد صابر، پێشکەش کردن :د.یاسین سەردەشتی ،چاپی یەکەم ،سلێمانی، ٢٠٠٥ .

٢-د.ئەفراسیاو هەورامی، رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتیدا١٩٤٥/١٩٤٧، پێشەکی وپێداچوونەوەوپەراوێز بۆ نووسینی:د.یاسین سەردەشتی ، سلێمانی ، بنکەی ژین ، ٢٠٠٧ .

٣- سیروان حەمە سەعید حەمە خورشید، پەیوەندییەکانی ئاسورییەکان و بەریتانیا ١٩١٨-١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیکی مێژوویی-سیاسییە، سەرپەرشتیی کردن و پێشەکیی بۆ نووسینی: دکتۆر یاسین سەردەشتیی، کەرکوك، ٢٠٠٩.

٤-شەریف عەلی"هەژاری"، موجاهیدینی خەلق و هەڵوێستی بەرانبەر بە نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا(١٩٦٤-١٩٩٤)، سەرپەرشتییکردن و پێشکەشکردنی: پ.ی.د یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٥- عیزەدین ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، پێداچوونەوەی:پرۆفیسۆری یاریدەدەر.دکتۆر یاسین سەردەشتیی، تائێستا حەوت بەرگی بڵاوکراوەتەوە.

٦- پوختەیەکی گرنگ لە مێژووی هیرۆدۆت، و: زانەر محەممەد، پێشکەشکردن و پێداچوونەوە: د.یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠١٠.